# کا چوو، ما دانی!

**کۆمەڵە وتاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی**

**کوردی - فارسی**

**ئەنوەر سوڵتانی**

**بەرگی یەکەم**

چاپی ڕۆشنگەری

ناوی کتێب: کا چوو، ما دانی! بەرگی یەکەم

نووسەر: ئەنوەر سوڵتانی

دیزاینی کتێب:  مەسعوود ڕەواندووست

دیزاینی بەرگ: چیمەن ئیلخانیزادە

دەزگای چاپ: ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا

چاپی یەکەم،  ٢٠٢٢

بۆ خۆشەویستانم نەسرین، ئالان و جوان

# پێرست


سەرەتا ........................................ ٩

**مێژوویی ........................................ ١٥**

خۆیبون ........................................ ١٧

سەدەمین ساڵوەگەڕی کۆچاندنی ٧٠٠ هەزار کورد بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا ........................................ ٣٣

پەیوەندییە سیاسییەکانی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان ........................................ ٣٩

چۆن دەستی کورد چەند جار بە زاغی عوسمانیدا چوو- کولاندنەوەی چەند برین ........................................ ٥٣

حزبایەتی و "چەپایەتی" لە کوردستان ........................................ ٦٥

کتێبی "سازمانی ئینقیلابی" و کوردستان، ئامادە کردن و وەرگێڕانی حەسەن قازی ........................................ ٨١

گفتوگۆ لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی سەبارەت بە هێندێك لایەنی مێژووی سیاسی لە کوردستانی ئێران ........................................ ٨٥

هاوپرسەکی لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی مێژووناس و نووسەر لە سەر هێندێك لایەنی ئەزموونی کۆماری کوردستان ........................................ ٩٧

پێشەکی بۆ بیرەوەرییەکانی نەمر"ڕەئوف مەلا حەسەن" ........................................ ١١٩

با نەهێڵین بەڵگەنامەکانی ئەنفالو هەڵەبجە بکەونەوە دەست ئەنفالچیانو هاوبیرانیان ........................................ ١٣١

کورد و "خەلاتی لێنین" لە یەکیەتی سۆڤیەتی ........................................ ١٤١

'دادگای خەڵك بۆ پێراگەیشتن بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران' ........................................ ١٤٧

**کۆمەلایەتی / فەرهەنگی ........................................ ١٥٧**

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ........................................ ١٥٩

ئایا بە ڕاستی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە سێ وڵات و چوار شار چاپ کراوە؟ ........................................ ١٦٥

ئایا "کوێر ئۆغڵی" کورد بووە؟ ........................................ ١٨٥

سەرەتا بۆ کتێبی چوار کەسایەتی بە ڕەچەڵەك کورد......... ١٩٩
مستەفا بەگی کوردی و میرزا حوسەینعەلی نووری (بهاءالله)......... ٢٠٩
موفتی پێنجوینی پێشڕەوی 'نوێ کردنەوە'* لە کۆمەڵگای کوردستان......... ٢٢٥
چۆن مەلایەکی دوازدە عیلم بوو بە نەتەوەییەکی دڵسۆز و کومۆنیستێکی خاوەن بڕوا......... ٢٥١
ئەمیری حەسەنپوور- کەسایەتییەکی 'پۆلی هیستۆر'......... ٢٥٧
مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەك سەبارەت بە ڕاپەڕینێکی مێژوویی......... ٢٦٥
وەفایەك بۆ کاك جەلیلی خۆشەویست......... ٢٨١
دنیای تەماوی و خەماویی حەسەن زیرەك......... ٢٨٥
کۆڕی یادی نەمر حەسەن زیرەك لە تاران......... ٢٨٧
کریستۆفر هیچنز ناودارترین دژبەری ئایین کۆچی دوایی کرد......... ٢٩١
مەرگی ناسری......... ٢٩٥
بەیتی کۆبانێ......... ٣٠٣
حەشدی شەعبی و تێلابەدەستانی وەرەزیل!......... ٣٠٩
گیانەڵڵای مۆسیقای کوردی......... ٣١٥
ئیجباری لە کوردستان و گۆرانییەکی نەمر محەممەدی ماملێ......... ٣٢١
فستیڤاڵی ئەمساڵی "ناتینگ هیل گەیت"ی لەندەن......... ٣٢٧
**بابەتی تەرجومەکراو......... ٣٣١**
**مێژوویی/سیاسی/کۆمەڵایەتی......... ٣٣٣**
جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ......... ٣٣٥
تراجیدیای کوردان......... ٣٤٥
کوردستان لە ئێراندا......... ٣٧٣
کورد و لوڕ، لە یەك بنەچەکن......... ٤١٥
بینەرێکی سەردەمی ئینتیدابی بریتانیا لە عیراق......... ٤١٩
کارەکتەری کوردان لەبەر ڕووناکایی مەتەڵ و پەندی پێشینیانی خۆیان......... ٤٢٣
فیرقەی ئەهلی حەق (علی اللهی)......... ٤٣٧
کتێبی پیرۆزی ئێزدیان......... ٤٥٣

خانەقا و پەروەردە ..................... ٤٥٧
نیکیتا خرۆشۆف و ئەو دەورەی لە کێشەی دژی ستالینی و لەناو بردنی سۆسیالیزمدا بینی ..................... ٤٦٣
کوشتنە ناموسییەکان و یاسا لە پاکستان..................... ٤٩٧

## سەرەتا

ئەم کۆمەڵە وتارە ویدەچی دوایین بەرهەمی نووسراوی من بێت کە وەك کتێب بڵاو دەکرێتەوە. بیرۆکەی چاپکردنی دەگەڕێتەوە بۆ برای بەڕێزم د. کامران ئەمین ئاوە کە پێشنیاری کرد لایکەم ئەو بەشەی وتارە بەربڵاوەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتی ئینترنێتی خۆم کە لەبەردەستدا ماون، گردوکۆبکەم و بە شێوازی کتێب بڵاویان بکەمەوە. مەنتیقی پشت کارەکە ئەوە بوو بەشێکیان لە ناوخۆ و بەشێکی دیکەیان لە دەرەوەی وڵات و هەرکام لە گۆڤارێك و ماڵپەڕێکدا بڵاوبوونەتەوە و لەباری ناوەرۆکیشەوە لێك جیاوازن، جا ئەو تووی هەرێزە مەگەر هەر خۆم کۆی بکەمەوە دەنا دوای من وەك ڕەنجی زۆرکەسیتری پێش من، بەبا دەچێت و دەفەوتێن. وا بە هیممەتی ئەو و یارمەتی خۆم توانیومانە ئەم چەند وتارانە لە فەوتان ڕزگار بکەین و لێرەدا بیانخەینە بەرچاو.

من لە ماوەی ژیانم لە ئێران، هەندێك کاری نووسینم هەبوو کە بە ناوی خوازراوەوە لە چاپەمەنییە فارسییەکاندا بڵاو دەبوونەوە، بۆ نموونە، گۆڤاری 'خوشە'ی سەردەمی سەرنووسەریی ئەحمەدی شاملو (ساڵانی دەوروبەری ١٣٤٧ (١٩٦٨) یان گۆڤاری 'موسیقی'، ساڵێك دواتر، هەروەها لە ماوەی خوێندکاری لە زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگەی تارانیش بابەتێکم سەبارەت بە ژیان و شیعری لاهووتی کرماشانی نووسی، کە دەرەتانی بڵاوکردنەوەی نەبوو. هەوڵێکیشم دا بۆ ئەوەی بابەتێك سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە گۆڤاری زانکۆی ئەدەبیاتدا بڵاو بکەمەوە، بەڵام دوای ماوەیەك دوکتۆر باستانی پاریزی سەرنووسەری گۆڤارەکە، وتارەکەمی بەسەردا دامەوە و گوتی بۆ بڵاوکردنەوە نابێت، شانێکیشی لەقاند کە یانی لە دەسەڵاتی مندا نییە، ڕاستی دەکرد لەو ساڵانەی ڕژیمی پەهلەویدا کوردی نووسین لە فرۆشتنی تریاك زۆر قاچاختر بوو. لە سەردەمی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)شدا چەند بابەتی فارسیم بە ناوی خوازراوەوە بڵاو کردەوە.

بە ماوەی چەند هەفتە دوای هاتنە دەرەوەی ساڵی ١٩٨٦ و جێگیر بوونم لە لەندەنیش، کەوتمە هاتوچۆی "کتێبخانەی بریتانیا" و "سواس" و دۆزینەوەی دەستنووسی کۆنی کوردی و یادداشت لەبەر هەڵگرتنیان، دواتر سەردانی کتێبخانەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد و کەمبریج و

مەکۆی ئاسیایی پادشاهی و "پابلیك ڕیکۆرد ئۆفیس"ی لە لەندەنیشم کرد. ئەو هاتوچۆ و پشکنینانە بۆ دۆزینەوەی بەڵگە و کتێب و دەستنووسی کوردی یا سەبارەت بەکورد، چەند کتێب و دەیان وتاری لێ بەرهەمهات کە درەنگتر لە چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات (وەك ڕەهەند، ڕووناکبیری، دەروازە، یەکگرتن، پەیڤ، ڕابوون، هەتاو، هەنگاو، هیوا، ژینی نوێ، چرا[1] ڕۆژ، پەیام، مەڵبەند و...)، و بنکەی چاپەمەنی و سایتە ئینترنێتییەکانی باشووری کوردستان (ئاکادیمی، ژین، ڕامان، ئاوێنە، هاوڵاتی، شارپرێس، کوردستانی نوێ، واتە و...) و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش (ئاوێنە، سروە، مەهاباد)دا بڵاو بوونەوە.

بۆ چاپکردنی بابەتەکان، بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی و مەترسییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵك و خۆم، کەڵکم لە ١٠-١٥ ناوی خوازراو وەرگرت (وەك قادر، مەلا قادر، حەبیب، ئالان سوڵتانی، جوان بۆکانی، ئەنوەر میرزا عەبدوڵلا، محەمەد ئەنوەری، عەلی مەحموودزادە، س. ڕ، و زۆرێکیتر، کە لەبیرم نەماون) بەڵام هەندیك جار لەژێر ئەو ناوانەشدا دەناسرامەوە و بۆ نموونە بابەتێکم سەبارەت بە حەیدەربابای شەهریار لە پێرستی ژمارەیەکی گۆڤاری سروە چاپی ورمێدا هاتبوو، بەڵام بابەتەکە خۆی دیار نەبوو و تەنیا ١٠-١٢ دێڕی کۆتاییەکەی کە کەوتبووە لاپەڕەکانی ئاخیری گۆڤارەکە، وەك خۆی مابوون! جا ئەو کوردە هەژارانەی بەرپرسی گۆڤارەکە دەبێ چ ڕەنجێکیان کێشا بێت بە دەست "ڕەحیم مەشایی" سەلکەکەرەوە کە ئەودەم چاودێری یەکەمی گۆڤارەکە بوو و درەنگتر کرایە ڕاوێژکاری ئەحمەدی نەژادی سەرەك کۆمار. لەوێدا ناسناوی ئەنوەری میرزا عەبدوڵلام بۆخۆم هەڵبژاردبوو بەڵام شەیتان و شۆڤار پێیان زانی!

لە سەردەمی ژیانمدا لە بۆکانیش، بە حوکمی ئەوەی کاکم (عومەر سوڵتانی-وەفا) ساڵانێکی زۆر ڕۆژنامە فرۆش و کتێبفرۆش بوو، لە ناو کتێب و ڕۆژنامەدا گەورەبووم و هۆگرییەکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی کتێب هەبوو و ئەو هۆگرییە لەگەڵمدا هاتە تاران و تەورێز و دوای کۆچکردن بۆ ئورووپاش، لێرە لەکۆڵم نەبووەوە بە شێوەیەك کە لە ماوەیەکی دە پازدەساڵەدا ئەرکی ڕانانی کتێبی کوردی و سەبارەت بە کوردم بۆ چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات و تەلەفیزیۆنی ڕۆژ تی ڤی لە بڕوکسڵ و چەند ماڵپەڕی ئینترنێتی (ڕۆژهەڵات-بۆکان و هەڵوێست) بەڕێوە برد و ماوەی دوو ساڵێکیش خەریکی هەر ئەو ئەرکە بووم بۆ دەنگی

---

[1] Enwer Sultani, “Chend belgeyen Wezareta Kar u Bare Derve ya Britanyaye li ser Kurden”, Chira Kovara Komeleya Nviskaren Kurd li Swede, saL 3 Hejmar 9, Bihar 1997, Ruper 3-18

کوردیی ڕادیۆ ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی کاك هۆمەر دزەییدا؛ شریت و ڤیدیۆی بەشێك لەو بەرنامانە لای خۆم ماون. بە تەنیشت ئەوانەوە وتار و وتوویژی سەر ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە کوردییەکان و کۆڕ و کۆمەڵی فەرهەنگی و ئەدەبی لە لەندەنیش بەشێك لە کارەکانم بوون.

بابەتەکانی ئەم کتێبە بەشێك لەو هەوڵ و خەباتەن؛ ناوەرۆکیان هەمەچەشنەیە و مێژوویی و فەرهەنگی و ئەدەبین و هەر بەو شێوەیەش دابەشکراون. بەشێکیانم خۆم نووسیوە و بەشێکی دیکەیانم لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. هەروەها بەشێکیان پێشتر لێرەولەوێ چاپکراون و هەندێکیشیان پێش ئەم کتێبە دەرفەتی بڵاوبوونەوەیان نەبووە.

مێژووی بەشێك لەوتارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠ ساڵ و زیاتر پێش ئێستا و دەستەیەکیان هی ئەم دواییانەن. هەربۆیەش لە نێویاندا واهەیە جیاوازیی بۆچوون و تەنانەت ڕێنووسیش بەرچاو بکەوێت، گەرچی هەوڵدراوە ڕێك وپێك و هاوشێوە بکرێن، بەڵام بە دڵنیایی مۆرکی هەڵوێست و باوەڕی سیاسیی نووسەریان لەسەردەمی نووسراندا پێوە دیارە. نەمویستووە کڵاو بنێمە سەر خوێنەر و نەهێڵم بزانێ کە بیر وبۆچوونی منیش وەك زۆر کەسی دیکە بە درێژایی تەمەن، ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە و تەنانەت ڕەنگیشی گۆڕیوە. ئەو گۆڕانکارییانە بە دڵی کێ دەبن یان نابن، کێشەی من نییە!

دەزانم سەدان وتاری دیکە، بۆ نموونە ڕانانی کتێبم لێرەولەوێ هەن کە دەقی تایپکراویان بەدەستمەوە نین و نە کات و نە تاقەتی ئەوەشم هەیە سەرلەنوێ تایپیان بکەمەوە. بۆ نموونە، خەمی هەندێك لێکۆڵینەوەی خۆم دەخۆم کە ١٥ ساڵێك پێش ئێستا لەسەر چاپەمەنیی دەورەیی کوردی لە کتێبخانەکانی لەندەن بەڕێوەم برد و لە گۆڤاری هیوا چاپی ئەنستیتۆ کوردی پاریسدا بڵاوکرایەوە[٢] یاخود ئەو بابەتەی سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی "کتێبی سەوز"ی ئێران دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی نووسیم و گۆڤاری پەیڤی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن بڵاوی کردەوە[٣] بەڵام ئێستا دەقی تایپکراویانم نییە بتوانم لەم کتێبەدا شوێنیان بۆ بکەمەوە. هەندێك وتاریشم بە ئینگلیزی هەن کە لە کۆڕ و کۆمەڵی جیاجیادا خوێنراونەتەوە و بڵاویش بوونەتەوە، لەوانە، بۆ کۆنفەرانسی یادی چوارسەدەمین ساڵی نووسرانی شەرەفنامەی بدلیسی لە

---

٢ ئەنوەر سوڵتانی، "ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە کتێبخانەکانی شاری لەندەن"، هیوا- گۆڤارێکی ڕووناکبیریی گشتییە، ئەنستیتووی کورد لە پاریس دەریدەکات، ژمارە ٨ هاوینی ١٩٩٢، لل ٢٧ تا ٥١

٣ ئەنوەر سوڵتانی، "کتێبی سەوز وەك سەرچاوەیەك بۆ مێژووی کورد"، پەیڤ گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزیی گشتییە، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، لەندەن، ژمارە ١٥، فیبریوەری ١٩٩٢، لل. ١٤٢٩ - ١٤٤٩

لەندەن و بەرلین کە لە گۆڤاری ئینگلیزیی Kurdish Studies چاپی ئەمریکادا بڵاو بووەوە و بەداخەوە دەقەکەیم لەبەردەستا نەماوە.[٤]

هەرچۆنێك بێت، "کا" خەریکە با دەیبات و ئەوی ماوەتەوە هەندێ "دان" و دەنکن کە بەشێکیان لێرەدا هاتوون. چاك یا خراپ، ئەوانە بەشێك لە بەرهەمی تەمەنی کەسێکی نەعاملاوی ڕانەهاتووی کوردە کە لە بۆکانەوە گەیشتۆتە کۆمەڵگایەکی ئوروپایی و هاندەری بۆ پشکنینی کتێبخانان و نووسین و تەرجەمەی بابەتی سەبارەت بە فەرهەنگی گەلەکەی خۆی، دڵسۆزیی خەڵك و هەستێکی بێگەردی نەتەوایەتی بووە.

دیارە من بەشێکی تەمەنی خۆم و کات و ساتی ژیانی بنەماڵەیی خۆمم بۆ ئەو نووسینانە تەرخان کردووە، بەڵام لەولاشەوە پێزانیی و پشتیوانیی خەڵکم بە نسیب بووە؛ ئەوە لە هەموو خەڵاتێك بۆ من گرنگترە، بۆ نموونە، ئەو شانازییەم پێدراوە کە دەقی بە کرمانجیکراوی کتێبی "٣٥ دەستنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهان"م بۆتە پاشکۆی یەکەمین چاپی شەرەفنامە بە زاراوەی کرمانجی[٥]. ئەوە بۆمن گەلێك بەنرخە و لەسەریشم زیادە.

بەڵام با ئەو ڕاستییەش بدرکێنم کە ئەگەر ئەودەمەی وا گەیشتمە ئێرە، بیرکردنەوەی ئەمڕۆم بوایە، لەجیاتی ڕابردوو، زیاتر لەگەڵ دوارۆژ خەریك دەبووم و واهەیە لەو بوارەدا سوودی زیاترم بۆ وڵاتەکەم و خەڵکەکەی ببوایە، بەڵام ئیتر درەنگە و ئەوی ڕابرد، ڕابردووە، تەمەن و توانای منیش تەشریفیان لە کورتییان داوە!

لە کۆتایی کتێبەکەدا لیستەی بەشێك لەو وتارانەش دەهێنم کە لە ماوەی ئەو ٣٥ ساڵەدا نووسیومن و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە، ئەگەر دەرەتانم ببوایە واهەبوو ئەوانیش گردوکۆ بکەم و وەك بەرگی سێ و چوار و پێنجی ئەم کتێبە بڵاویان بکەمەوە، بەڵام ئارەزوو درێژ و تەمەن کورتە، وا وازم لێهێنان و بە ناوهێنانێکیان قەناعەتم کرد!

بە کورتی، ئەوەی خوارەوە ئەو خەرمانە بەبا کراوەیە کە دوای شەن کردنی تەمەن بۆم ماوەتەوە. وەك دەبینرێت ڕێکەوتی نووسرانی بابەتەکان گەلێك لێك جیاوازن و واهەیە بەشێکیان بە ٣٠ ساڵیش لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا مەودای زەمەنیی هەبێت. لەو ماوانەدا زەمان و بارودۆخ گۆڕاوە و منیش گۆڕان بەسەر بیر وبۆچوونمدا هاتووە، هەربۆیەش ناوەرۆکی بابەتەکان

[4] Anwar Soltani, “The Sherefname of Bitlisi, Manuscript Copies, Translations and Appendixes”, The International Journal of Kurdish Studies, The Kurdish Library, Vol. 20, Nos 1& 2, 2006, PP. 208 - 214

[5] Sherefxane Bedlisi, @Sherefname- Tarixa Kurdistane ya Kevn, mWegera Kurmanji Ziya Auci, Apec 1998, Rupera525 = 546. ISBN: 91-89014-29-4

هەمەچەشنەن لە سیاسییەوە بۆ کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری. ئاشکرایە وەك هەموو نووسەرێك، ئەگەر هۆکاری کات و شوێن لەئارادا نەبوایەن، زۆرشت جیاواز دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە، بەڵام کێ توانیویەتی لەو جیهانە پڕ گۆڕان و پێشکەوتەدا ئەو ماوە دوورودرێژە نەگۆڕ بمێنێتەوە و ئەگەریش نەگۆڕ مایەوە، هزر وبیری نەگنخێ و بەزیندوویی نەمرێت!

لەم دەرفەتە کەڵك وەردەگرم بۆ ئەوەی سپاسی زۆری بەڕێوەبەرانی هەموو ئەو چاپەمەنییە دەورەیی، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن و ماڵپەڕە کوردییانە بکەم کە بابەتی کاڵ و کوڵیوی منیان بڵاو کردۆتەوە. لەژوور هەموویانەوە دوو ماڵپەڕی "ڕۆژهەڵات-بۆکان" و "هەڵوێست"ن. قەرزداری سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی هەردوو ماڵپەڕەکە بە تایبەت برایان نادر فەتحی، برایم فەرشی و خەلیل غەزەڵیم. هەروەها سپاسی برای بەڕێزم کاك عەتا موفتی دەکەم کە بۆ ماوەی چەند دەیە لە پشت بڵاوبوونەوەی زۆرێك چاپەمەنیی دەورەیی کوردی لە لەندەن بووە بێ ئەوەی ناوی خۆی ڕابگەیەنێت، زۆرێك لە وتاری نووسراوی منیش لەو چاپەمەنییانەدا بڵاوکراونەتەوە کە ئەو سەرنووسەری بێدەنگیان بووە. هەروەها سپاسی زۆری دوکتۆر کامران ئەمین ئاوە دەکەم کە بابەتەکانی ئەم کتێبە و چەند کتێبی دیکەی منی گردوکۆ و ئامادە کرد. سپاسی تایبەتیشم بۆ گەلی دەخوێنەرانە -بە ڕەخنەگر و هاندەرەوە. ماڵی هەموولایەکیان ئاوابێت!

ئەنوەر سوڵتانی
کۆتایی بەهاری ٢٠٢٢
لەندەن

مێژوویی

# خۆیبون

## جڤاتا ولاتێ کوردا
## نظامنامە عمومی و پیمان ملی

ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، بە حیسابی ئەمڕۆیی "ئەساسنامە"ی پێکهاتنی ڕێکخراوەی "خۆیبوون"ە هاوڕێ لەگەڵ دەقی "پەیمانی نەتەوایەتی" کە ئەویش بڕیاری یەکەمین کۆنگرەی نوێنەرانی کوردی ناوچە جیاجیاکانی باکووری کوردستانە وا بۆ یەکەم جار بە ئامانجی پێکهێنانی خۆیبوون کۆبوونەوە.

خۆیبوون، وەك یەکەمین حزبی سیاسیی کورد،[٦] *"لە پێنجەمی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٢٧ ی زایینی لە ماڵی "واهان پاپازیان" لە شاری بێحەمدوونی لوبنان بە بەشداری نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی دامەزراوە... بە زەننی یەقین ئەرمەنییەکان یارمەتیان کردووە بۆ ساز بوونی خۆیبوون."*[٧]

دامەزرێنەری خۆیبوون ئیحسان نووری پاشا (١٨٩٢-١٩٧٦) و چەند کەسی دیکە لە ناوداران و سەرەك هۆزەکانی کوردی دیاربەکر و وان و شوێنەکانی دیکەی باکووری کوردستان، وەك قەدری جەمیل پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، مەمدووح سەلیم، میر جەلادەت بەدرخان و دوکتۆر کامران بەدرخان بوون.[٨]

دەقی "نیزامنامە و پەیمانی میللی"ی خۆیبوون پێشتر لە سەرچاوە کوردییەکاندا بلاو بۆتەوە و بابەتی زۆریش بە تایبەت لەسەر نیزامنامەکە نووسراوە. بۆ نموونە، مامۆستا حەسەنی قازی لە وەڵامی داخوازیی مندا سێ ڤیدیۆی بۆ ناردم کە لە ئارشیڤی تەلەفیزیۆنی سترك تی فیدا

---

[٦] دیارە "جەمعییەتی تەرەقی و تەعاونی کورد" کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەموڵ دامەزراوە، "حزب"ی سیاسی نەبووە.

[٧] سەرچاوەی زانیاری، ئیمەیلێکی مامۆستا حەسەنی قازی.

[٨] بۆ ناوی ئەندامانی کۆنگرەی یەکەمی خۆیبوون، من کەڵکم لەم ماڵپەڕە وەرگرتووە:
https://kurdarshiv.wordpress.com/2013/08/03/%D8%A6%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%D8%A7%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%AF%D8%A7%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D8%B2%D8%B1%DB%8E%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DB%8C-%D8%A8%D8%B2%D8%A7%DA%A4%DB%8C-%D8%AE%DB%86%DB%8C/

پارێزراون و بریتین لە دوو بەرنامەی کوردستان تی ڤی سەبارەت بەمێژووی خۆیبوون و ڤیدیۆیەکی دیکەی هاوشێوە. بەڵام هۆکاری ئەوەی من لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە ئەوەیە ئەم دەقە تایبەتە، بەڵگەنامەیەکی دەستی یەکەم و سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوی مێژووییە و دەکرێ ببێتە سەرچاوە بۆ هەرچەشنە لێکۆڵینەوەیەکی دوارۆژ سەبارەت بە خۆیبوون و ئامانج و بەرنامەکانی.

دەقەکە بە زمانی تورکی و بە پیتی عەرەبی/ سوریانی نووسراوە؛ دەزانین لەو سەردەمە تایبەتەی ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و کۆنگرەی ئاشتی پاریس و پەیمانی سیڤەر و لۆزاندا، لایەنگرانی حکوومەتی لاوازی عوسمانی لە ئەستەمووڵ هێشتا لەسەر پێودانە کۆنەکان دەڕۆیشتن، کە یەکیان نووسین بوو بەو پیتە عەرەبی/ سوریانییە و بەشێك لە کوردانیش پشتگیرییان دەکردن. لە کاتێکدا حوکمی تورکە لاوەکان بە ڕێبەرایەتی مستەفا کەماڵ پاشا (ئەتاتورك) (١٩٣٨-١٨٨١) لە ئانقەرە و ناوچە ڕۆژهەڵاتییەکانی خاکی عوسمانی دەسەڵاتی سەندبوو و توانیبووی سوپای یۆنانی و ئیتالی و بە شوێن ئەواندا هێزی فەرەنسی و ئینگلیزی لەو خاکە کەمەی عوسمانی کە بە دەست سوڵتان عەبدولمەجیدی دووهەمەوە مابوو، دوور بخاتەوە و لە ساڵی ١٩٢٣دا حکوومەتی تورکیای نوێ لەسەر وێرانەکانی عوسمانی دابمەزرێنێت.

یەك لە هەنگاوە سیاسی- فەرهەنگییەکانی حکوومەتی تازەی تورکیا گۆڕینی خەت و ڕێنووسی کۆنباو بوو بۆ سەر شێوازی نوێی لاتینی. ئەم کارە ماوەیەکی زۆری پێچوو تا بە تەواوەتی جێگیر بێت و وەك دەبینین، تەنانەت پێنج ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری تورکیاش هێشتا ئەلف و بێی کۆن هەر لە ناو خەڵکدا برەوی ماوە و نموونەکەشی نووسرانی ئەو بەڵگەنامە مێژووییەیە بە ئەلف و بێی کۆن. گەرچی دەکرێ ئەم کارە وەك دەم خوار کردنەوەیەك لە لایەن دامەزرێنەرانی خۆیبوونەوە بۆ حکوومەتی تورکە لاوەکان سەیر بکرێت کە ئامادە نەبوو هیچ بەڵێنێکی پێشووی خۆی بە کورد بەرێتە سەرێ و لە ئەنجامدا، شۆڕشی "ئاگری" (ئارارات) ی پەسندکراوی جڤاتی خۆیبوون، لە ساڵانی نێوان ١٩٢٧ و ١٩٣٠ دا، دژ بە هەمان ئەو حکوومەتە تازە دامەزراوەی تورکیا سەری هەڵدا.

ئەوەی لە "نیزامنامە"کە دەردەکەوێت ئەوەیە لە ڕۆژی ٥ ی تشرینی یەکەم [ئۆکتۆبر]ی ساڵی ١٩٢٧ دا "قۆنغرە" [کۆنگرە]ی یەکەمی کوردان پێك دێت و بەگوێرەی قەراری کۆنگرەکە "جەمعییەتێك بە ناوی 'خۆیبوون' دادەمەزرێت. مەقسەد یان ئامانجی جەمعییەتەکە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەبێت لە تورکیا". دەگوترێت شۆڕشی ئارارات بە پەسند و هاندانی خۆیبوون دەستی پێکردووە. دیارە لە سەر ڕۆژ و مانگی دەسپێکی شۆڕشەکە قسە

هەیە و ئەگەری ئەوەش هەیە کە دەسپێکی شۆڕشەکە پێش ڕۆژی ٥ ی ئوکتۆبری ١٩٢٧ بوویێت. لە حاڵەتی وادا، خۆیبوون دەبێ ڕەزامەندیی لەسەر درێژەی شۆڕشەکە دەربڕیبێت.

چەند سەرنجێك سەبارەت بە لاپەڕەی یەکەمی بەڵگەنامەکە و ئەو مۆرەی وا بە سەریەوە دراوە:

١. "جڤات"، کۆبەند، و ڕێکخراوەیە و دەکرێ وەك حزبیش واتا بکرێتەوە.

٢. "جڤاتا وڵاتێ کوردا"، کۆبەندی وڵاتی کورد کە کوردستان بێت.

٣. "سرنیوك" یان "سەرنێوك" دەبێ بە واتای سەرکردایەتی (بۆچوونی کاك حەسەنی قازی) یان بە حیسابی دەقی نووسراوەی سەر مۆرەکە، بە واتای کومیتەی ناوەندیی حزبەکە بێت.

٤. لە سەر مۆرەکە ئەم وشە و پیتانە نووسراون:

خویبون - ج. و. ك. سرنیوك"

پاشان ئەم وشە و پیتە فەرەنسییانەش هاتوون:

XOYBOUN - L. N. K. - COMITE CENTRAL"

- سێ پیتی "ج. و. ك" دەبێ کورت کراوەی "جڤاتا وڵاتێ کوردا" بن؛

- سرنیوك [سەر نێوك]،وەك پێشتر گوتم، دەبێ سەرکردایەتی یان کۆمیتەی ناوەندی خۆیبوون بێت؛

- دەقە فەرەنسییەکەش هەمان ئەو سێ بابەتەی لەخۆی گرتووە کە لە کوردییەکەدا بوون:

- سەرەتا ناوی خۆیبوون بە فەرەنسی نووسراوە

- ئینجا سێ پیتی L. N. K. هاتوون کە دەبێ کەم و زۆر، کورتکراوەی ئەم سێ وشە فەرەنسییە بن: League Nationale du Kurdistan (بۆچوونی کاك خانی هەژار).

- لە کۆتاییشدا Comite Central نووسراوە، کە کومیتەی ناوەندیی [خۆیبوون]ە.

- ساڵی چاپ و بڵاوبوونەوەی نیزامنامە و پەیمانەکە، ١٩٢٨ ە و ئەو ڕێکەوتە بەسەر لاپەڕە یەکەمی بەڵگەنامەکەوە دەبینرێت. بەڵام لە بەندی یەکەمی نیزامنامەکەدا گوتراوە کۆنگرەکە لە ڕۆژی ٥ ی مانگی ئوکتۆبری ٢٠١٧ دا بەستراوە. دیارە ئەوە دوو ڕێکەوتە دەکرێ لەیەکتر جاواز بوویێتن

لەبەر ئەوەی کۆنگرە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٧دا نیزامنامەکەی پەسند کردووە و تا ئەو دەقە پەسندکراوە بچێتە چاپخانە و بڵاو ببێتەوە، دوو سێ مانگێکی خایاندووە ، لە ئەنجامدا چاپەکەی لە ساڵی ١٩٢٨ دا بەڕێوە چووە.

٥. وێنەی هەڵۆی ناو مۆرەکە لە لۆگۆی ڕێکخراوەکەدا جێی خۆی داوە بە قەڵەم. ئەو لۆگۆیە لەسەر هەندێك چاپەمەنیی خۆیبوون، بۆ نموونە *"کورد خۆیبون جمعیتی نشریاتی عدد ١، تورکیادە کوردلرین قتل عامی"* چاپی ١٩٢٨ لە *"المطبعة العربیة بمصر"*، بە زمانی تورکی دەبینرێت.[٩]

سەرنج: سێ دێری لای سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ئەم بەڵگەنامەیە لە ڕاستیدا یادداشتی منە، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کاتێ کۆپیم لە بەڵگە نامەکە هەڵگرتووە بۆ زانیاریی خۆم، بە قەڵەمی سوور لە سەر بەڵگەنامەکە نووسیومە. یادداشتەکەی من تایبەتمەندیی گشتیی بەڵگەنامەکە دەردەخات و بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

*"بەشێك لە فایلی ژمارە AIR.23/415 ی Public Record Office ی لەندەن، پەیوەندیدار بە ڕاپۆرتەکانی هێزی هەوایی بریتانیا لە کوردستان، ساڵی ١٩٢٨."*[١٠]

وەك لە یادداشتەکەشدا گوتراوە، بەڵگەنامەکە بەشێکە لە فایلی پەیوەندیدار بە هێزی هەوایی بریتانیا لە باشووری کوردستان کە لە ناو بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٩٢٨ ی وەزارەتی دەرەوەیبریتانیادا تۆمار کراوە و دەریدەخات کە لە هەمان ساڵی نووسینەکەیدا کەوتۆتە دەستی بەرپرسانی سوپایی بریتانیا، ئەوەش بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمەی ناوچەکە شتێکی سەمەرە نەبووە لەبەر ئەوەی لە هەموو ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٧) و ساڵانی دوای ئەو، تا دامەزرانی حکوومەتی نوێی تورکیاش، شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لە نێوان هەردوو سوپای بریتانیا و عوسمانی و ئینجا حکوومەتی تورکە لاوەکاندا هەبوو و بەشێکی گرنگ لە مێژووی کوردستانیش لەو پەیوەندییەدا ڕەقەم لێدراوە کە سەرۆك و بەرپرسانی کورد فریوی دروشمی درۆیینی دەسەڵاتدارانی عوسمانییان خوارد کە بە ناوی ئیسلامیەتییەوە خەڵکی کوردیان ڕادەکێشایە بەرەی شەڕێکی گڵاوی ئیستیعماری و گیانی زۆر ڕۆڵەی نیشتمانی ئێمەیان لە شەڕێکدا بەخت کرد کە نە پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو نە بە ئیسلامەوە.

---

[٩] سەیری سەرەتای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=4JUT6rPlfzI&t=9s
من دووری نازانم ئەگەر مۆر و لۆگۆکەی خۆیبوون بووبێتنە هەوێنی دروست کردنی نیشانەی سەر ئاڵای کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ لە مەهابادیش.

[١٠] ناوی ئەو سەنتەرە ئێستا بۆتە: National Archives واتە ئارشیڤی نەتەوایەتی و شوێنەکەی لە 'کیوو گاردن'ی ڕۆژئاوای لەندەنە.

تەنانەت دواتر، کاتێ تورکە لاوەکانیش سەریان هەڵدا و کەوتنە شەڕ لەگەڵ هێزە ئوروپاییەکانەوە، باوەکوو ڕێبەرایەتییەکەیان لائیك و بێ باوەڕی ئایینی بوو، بەڵام لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ سەرانی کورد دا، بە ئامانجی ڕاکێش کردنی هۆزە کوردەکان بۆ بەرەی شەڕ، کەڵکیان لە هەمان چەکی ئیسلامیەت وەردەگرت و بەو ناوە خۆڵیان لە چاوی کورد دەکرد. ژمارەی کووژراوان و ڕادەی ماڵوێرانیی و قات و قڕیی ئەو شەڕە نگریسە و پاشانیش پێکدادانی سوپای ئینگلیز و تورکیا لە کوردستان، بە وردی دیاری نەکراوە بەڵام بۆ تێگەیشتن لەوەی کورد لەو ماوە دوور و درێژەدا چی بە سەر هات، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین لە زۆر شوێنی کوردستان خەڵکی هێشتا زیندووی نیوەگیان هەبوون کە گیا وگژ، یان گۆشتی مردوو بژیویان بووە.

یادی نەمر ئیحسان نووری و دامەزرێنەرانی جڤاتا خۆیبوون بەخێر بێت! سپاسی زۆری بەڕێزان حەسەنی قازی و خانی هەژار و نادر فەتحی دەکەم کە یارمەتی ئامادە کردنی ئەم بابەتەیان دا.

ئەوە دەقی هەموو لاپەڕەکانی "بیزامنامەی عموومی و پەیمانی میللی خۆیبوون":

٢٠١٨/١/٢



بەشێک لە فایلی ژمارە: AIR. 23/415 ی PUBLIC RECORD OFFICE ی لەندەن، پەیوەندیدار بە راپۆرتەکانی هێزی هەوایی بریتانیا لە کوردستان، ساڵی ١٩٢٨

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- AIR 23/415
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



خویبون

جڤاتا ولاتێ کوردا

نظامنامهٔ عمومی

وپیمان ملّی

سرنیوەك

١٩٢٨



لاپەرە ٢ ی بەڵگە

٢

مقصد

١ — ١٩٢٧ سنه‌ی تشرین اولنک بشنجی کونی انعقاد ایدن برنجی کورد قونغره‌سنک قراریله و (خویبون) نامیله ملی بر کورد جمعیتی تشکل ایله‌مشدر .

٢ — جمعیتک مقصدی : تورکیه بویوندریغی آلتنده بولنان کوردستان و کوردلری تخلیصی و حدود طبیعیه و ملیه‌سی داخلنده بر کوردستان دولت مستقله‌سنک تشکیلیدر .

٣ — بو غایه‌یه وصول ایچون جمعیت بالعموم کوردلری [illegible] و منافع متقابله اساسی دائره‌سنده هر درلو عناصر ایله مناسباته کیریشه‌جکدر .

شرائط دخول

٤ — کورد پیمان ملیسنی و اشبو نظامنامه احکامنی قبول و صداقتله عامل وطنی تعهد ایدن هر کورد (خویبون) جمعیتنه داخل اوله بیلیر . هر فرد جمعیته [illegible] دخولنده بر دخولیه ویره‌جکدر و [illegible] بولنه‌جقدر .

٥ — جمعیته داخل اولاجق هر فرد بر وجدانی یمینله ضد جمعیت [illegible] تشکیلات اجزاسنه [illegible] جمعیت [illegible] ارکان [illegible] امضا ایده‌جکلر [illegible] بالعموم اشخاص و هیئتلر [illegible] حکم [illegible] اعتراف عیناً و حرفیاً ایفا ایده‌جکلر .

٤

شمدی یه قدر منسوب بولوندیغم جمعیتلردن و شخصی اجتهادلرمدن تماماً فراغت ایله مقصد ملتمزك استحصالی اوغورنده متحداً (خویبون) جمعیتنك اجتهاداتنی طاشیه جغمه ؛

المده بولونان و بولونه جق اولان بوتون وسائطی و تشکیلاتی بو جمعیتك امرینه آماده بولوندیره جغمه و بو جمعیتك امر و موافقتی اولمدقجه هیچ بر حکومتله نه جمعیت نامنه، نه ده شخصاً هیچ بر تشبثده بولونمایه جغمه ؛

جمعیتك اعضاسی اولمق اعتباریله عموماً و بکا ویریله جك وظیفه‌لر اعتباریله خصوصاً واقف اوله جغم اسراری افشا ایتمیه جکمه و بو اسرارك افشاسی و جمعیتك اوامرینه هر نه صورتله اولورسه اولسون عدم انقیادم حالنده حقمده ترتیب ایدیله جك هر درلو مجازاته راضی اوله جغمه و امر اولندیغی حالده اشبو جزایی شخصم اوزرنده بالذات اجرا ایده جکمه

شرف و ناموسم اوزرینه یمین ایدرم، والله بالله

## تشکیلات

٦ — جمعیتك تشکیلاتی مرکز عمومی، منطقه، شعبه و مرخصلقلره منقسمدر. متعدد شعبات بالاجتماع بر منطقه تشکیل ایدرلر. هر منطقه یه باغلی بولونمایان شعبات دوغریدن دوغری یه مرکزه مربوطدر.

٧ — منطقه‌لر بر هیئت واسطه‌سیله اداره اولونور. هیئت اعضاسی منطقه نك نظراً انتخاب ایدر. هر منطقه [illegible]

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- AIR 23/415
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION
1 2 3 4 5 6
1 2

تحت ریاستنده اولوب منطقه سنی مرکزجه نصب وتعیین اولونور.

٨ — شعبه‌لر شعبه هیئتلری معرفتیله اداره اولونور. شعبه هیئت اعضاسی مقداری هر شعبه‌یه نظراً تبدل ایدر. شعبه‌سی منطقه‌جه تعیین وکیفیت تعیین مرکزجه تصدیق اولونور.

٩ — منطقه وشعبه هیئتلری میاننده‌ن برکاتب، بر محاسبه‌جی بر وزنه‌دار و بر ده بروپاغاندا مأموری انتخاب اولونور. بو اشبو ذوات عهده‌لرینه محول وظائفی تعلیمات مخصوصه‌سنه توفیقاً اجرا ایدرلر.

١٠ — مرخصلر جمعیت عمومیه‌نک الغا ایده تشکیلات عضولریدر. مرکز عمومی کوره‌جکی لزوم اوزرینه داخلده و ممالک اجنبیه‌ده مرخصلقلر احداث و هر مرخصلقه بولوندیغی موقعه نظراً تعلیمات مخصوصه ویریلیر.

---

## تشکیلات عسکریه و جبهه‌لر

١١ — عسکری تشکیلات و جبهه ایشلری عسکری قوماندانلک امری آلتنده بولونور. قوماندان مرکز عمومیجه انتخاب اولونور. اعضای حربیه‌سنی یالکز انتخاب وکیفیت انتخابی مرکز عمومیلرینه تقدیم ایدر.

١٢ — حرکات عمومیه‌نک وقتی، طرز اجراسی حقنده‌کی عمومی عسکری پلان قوماندان و ارکان حربیه‌سی طرفندن ترتیب و مرکز عمومیجه تصدیق اولونور.

١٣ — موضعی حرکتلر و جبهه فعالیتلری مرکز عمومی طرفندن اعطا اولونه‌جق اساسات داخلنده هیئت عسکریه‌جه ترتیب و اجرا ایدیلیر.

١٤ — عمومی حرکت زماننده مرکز عمومی اعضاسندن و یا عسکری انجمندن بر ذاتی ارکان حربیه نزدنده قومیسر صفتیله بولونورلر.

١٥ — هیئت عسکریه حال حاضر و استقبال حقنده‌کی

٦

بلانلر ترتیب ایله مرکز عمومینک تصویبینه عرض ایده جکلردر .

١٦ — عسکری قوماندان هر درلو حرکات و استخباراتی کورنجه کورنجه مرکز عمومی یه ابلاغ ایله مکلفدر .

---

## پروپاغاندا

١٧ — پروپاغاندا هر شکل و صورتده اجرا اولونور .
جمعیته داخل هر فرد دخولی تاریخندن اعتبارا کورد استقلالی لهنه و تورک مظالم و جنایاتی جهان مدنیته ابلاغ ایتمک اوزره پروپاغانده یاپمقله مکلفدر .

١٨ — پروپاغاندا شفاهی و تحریری اوله رق اجرا اولنور .
شفاهی پروپاغاندا : تورک مظالمی و کورد استقلالی حقنده نشر اولونه جق قصیده و شرقیلر خصوصی ([illegible]) مغنیلر واسطه سیله مملکتک هر طرفنده تعمیم اولونور . حال حاضرده و تاریخا [illegible] ایتمش تورک مظالمندن ملهم اوله رق ترتیب ایدیله جک کوزل حکایه لر سیاح درویشلر و سائر کیمسه لر معرفتیله شفهی صورتیله کوردستانک هر طرفنه نشر ایدیلیر .
تحریری پروپاغاندا : اختلالجویانه نشریات ، کورد قهرمانلری ، ماضی و حال حاضر تورک مظالمی مصور لوحه ، البوملر ، کوچک رسائل آثار نشری ایله اجرا اولونور .
پروپاغاندا [illegible] غرامofون ، سینما [illegible] هر درلو وسائطدن استفاده ایدیله جکدر .



٧

١٩ — جمعيتك، مركز عمومى امرنده اولمه وكوردجه، توركجه
وايجابنده فرانسزجه انتشار ايتمك اوزره بر اورغانى بولونه جقدر.

انضباط ومجازات

٢٠ — تشكيلاته داخل هر فرد ايتديكى يمين وعهدله جمعيتك [illegible]
ديرلوا امرينه انقياد وعكسنده ترتيب اولونه جق مجازاته بلا مقاومت
مطاوعته مكلفدر.

٢١ — تشكيلات داخلنده تماميله بر ضبط وربط عسكرى حاكمدر
هر فرد مافوقندن آله جغى امرى بلا اعتراض اجرا و انجاق [illegible]
اولديغى امرى جمعيت نظامنامه سنه مخالف بولنديغى تقديرده [illegible]
مراتبه رعايتله اعتراضاتنى مافوق مقامه عرض ايده جكدر.

٢٢ — جمعيت، نظامنامهٔ مخصوص احكامنه توفيقاً [illegible]
تجزيه يه صلاحيتداردر.

مركز عمومى

٢٣ — مركز عمومى جمعيت تشكيلاتنك الك بيوك هيئت
وقوهيدر. مركز عمومى عمومى قونغره ده [illegible] تشكل ومقدار اعضادن
مركب اولمق اوزره تشكل ايدر. مركز عمومى بالجمله تشكيلاتك
آمريكانه [illegible]. مركز اشبو تشكيلاتك لزومنه كوره تعديل
وتحليل وتقسيمه مركزى تبديل ووظيفه دار افرادى نصب وعزله صلاحيتداردر.

٢٤ — مركز عمومى عمومى قونغره لرده اتخاذ اولنان مقرراتى [illegible]

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- AIR 23/415
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION


٢٥ — جمعیتك
٢٦ — مرکز عمومی
قونغره
٢٧ — قونغره سنه ده بر دفعه مرکز عمومی طرفندن
٢٨ — مرکز عمومی قونغره حضورنده
مواد شتّى
٢٩ — اشبو نظامنامه
٣٠ — ایلکی قونغره
PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- AIR 23/415
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

٩

٢٩ — توركيا استيلاسى آلتنده بولونان كوردستانده يابيله جق
تشكيلاتن آيريجه نظر دقته آلنه رق بو خصوصده ايجاب حاله
كوره احكام وضع اولونه جقدر .

---

مركز عمومى قونغره دن الهام اولنديغى صلاحيته بناءً
كورد پيمان مليسنى و بعض قونغره مقرراتنى بروجه زير
نشر ايلر :

## پيمان ملى

كورد ملتنك صلاحيتدار مثللرندن مركب و اوتوز
اوچ اعضاوى حاوى برنجى كورد قونغره سى ( كورد
پيمان مليسنى بر وجه آتى اعلان ايدر :

١ — كورد ملتى عصرلردنبرى صاحبى اولديغى
وطن اجداده مشتمل حدود طبيعيه داخلنده ملى
سياسى اقتصادى منافعنى تأمين ايده جك صورتده
مستقل بر حكومت تأسيسنى قطعياً تحت قراره آلمشدر .


کورد ملتی بو مقصده معطوف مساعیسنه
[illegible]
قونغره قراری صورتی
[illegible]
کوردستان استقلالنی [illegible]
Reference: AIR 23/415
PUBLIC RECORD OFFICE
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION
1 2 3 4 5 6


PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- AIR 23/415
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

# سەدەمینساڵوەگەڕی کۆچاندنی ٧٠٠ هەزار کورد بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا

ساڵی ٢٠١٥ سەدەمین ساڵوەگەڕی دوو کارەساتی مرۆڤیی کۆتاییەکانی تەمەنی پڕ ناسۆری حکوومەتی عوسمانییە، کە لە سەردەمی حوکمی تورکە گەنجەکان و دەسەڵاتی کەمال ئەتاتورکدا بە توند و تیژییەکی زیاترەوە درێژەی کێشا.

ئەو دوو کارەساتە، سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکان لە ڕۆژهەڵاتی خاکی عوسمانی بەسەر دوو گەلی ئەرمەنی و کوردی هێنا و تێیدا بە گوێرەی سەرچاوەکان هەردوو گەلی کورد و ئەرمەنی قەتڵی عام کران و بەشێکی بەرچاویان لە خاك و زێدی خۆیان هەڵکەنران و بە زۆرەملی لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕاگوێزرانە ناوچەکانی دوورەدەستی ڕۆژئاوای وڵاتەکە.

سیاسەتی پاکتاوی نەژادی تورکان لە ڕواڵەتدا، بە ناوی ئیسلامەوە بەڕێوە دەبرا، هەر بۆیەش خەڵکانی ساویلکەی فریوخواردووی زۆر بە دەوری حکوومەت و سیاسەتەکەیەوە کۆ بوونەوە وبە داخەوە لەناو کوردیشدا کەم نەبوون ئەو کەسانەی وا متمانەیان بە قسەکانیان کرد و لەو کوشتار و تاوانانەدا بوونە دارەدەستیان. دیارە سیاسەتی تورکان، کەم تا زۆر، هیچ پەیوەندێکی بە ئایینەوە نەبوو و ئامانجی سەرەکی، پەرەپێدان و گەورەکردنەوەی 'خاکی ڕەگەزی تورك' بوو بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئازەربایجاندا یەك بگرێت و پاشان بە تورکستانی مێژوویی واتە ناوچەکانی ئاسیای ناوەندییەوە بلکێت. بۆ تێگەیشتنی چەمکەکە، هەر ئەوەندە بەسە چاوێك لە ناوەرۆکی سروودی نەتەوایەتی تورکیا بکەین:

*"ئێمە تورکین، کەوایە ئێمە شانازی دەکەین*
*مێژووی ئێمە لە دروستبوونی گەردوونەوە*
*لەگەڵ تورکایەتی لە ناو دڵماندا لێ دەدا*
*ئێمە هیچ پێویستمان بە خۆشەویستێکی تر نییە*
*ئاڵا لە بەر دەم، سەرنێزە لە دەست، خوداوەند لە ناو دڵمان*
*ئێمە دەمانەوێ ببینە سەرداری جیهان*

*ئەوە نیشتمانی تورکە کە پەرستگای ئێمەیە*
*ئەوە تووڕانی بەرز و درەخشانیشە."* [١١]

دوو کارەساتەکە، ماوەیەك درەنگتر، کارەساتێکی سێهەمیان بەشوێندا هات ئەویش کوشت و بڕ و دەربەدەر کردنی ئاسۆرییەکان بوو لە خاك و زێدی چەند هەزارساڵەیان و ئاوارەبوونیان لە پانتایی ئەم جیهانەدا، بە شێوەیەك کە چیتر خاك و وولاتیان لە سەر ڕووپەڕی جوغرافیا بە دەستەوە نەما و وەك تووی هەرێز هەرکام کەوتنە شوێنێکی ئوروپا و ئەمریکا. کورتە زانیارییەك لە سەر کارەساتەکان:

## ١. کوشتار و ڕاگواستنی ئەرمەنییەکان

لە ساڵانی سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕەگەزپەرستییەکی بێ خەوش دەرحەق بە میللەتێکی بێ پەنا کرا. *"فەرمانی ڕاگوێزرانی ئەرمەنییەکان لە ١٩١٥/٤/٢٤ دا دەرچو و وەها دڕندانە بەڕێوە برا کە لە ماوەی پێنج مانگی دوای دەرچوونی فەرمان تا مانگی ٩ ، گەیشتە ئەنجام و تاقە کەسێکی ئەرمەنی لە ناوچە دەست نیشانکراوەکان نەما."* [١٢] *"کۆچبەر کردنی سێ لەسەر چواری دوو ملیۆن ئەرمەنی لە ١٩١٤ دا و کوشتار و بەدەرکردنی یەك ملیۆن لەوانە [لە ١٩١٥ دا]، بەشێك بوون لە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕژاو و وورد لەپێناو لەناوبردنی توخمی ئەرمەنی کە لە ژیانی تورکدا نەدەتوانەوە..."* [١٣] بەداخەوە بەشێك لە ئێمەی کوردیش بەتایبەت سەرك خێڵ و دەرەبەگەکانمان هاوکاریی حکوومەتی عوسمانییان کرد و بەناوی داکۆکی لە ئایینی ئیسلامەوە یان بۆ داگیر کردنی زەوی وزار و دەست ڕاگەیشتن بە سەر ئەو کچ و ژنانەی ئەرمەنییاندا کە موسوڵمان بووبوون، پەڵەیەکی ڕەشیان بە مێژووی گەلەکەمانەوە نا. *"حاکمی تورك، کوردی وەك نوێنەر و نۆکەری بەکرێگیراوی خۆی دژی ئەرمەنی بەکار دەهێنا..."* [١٤]

---

[11] . F. Ustel, Turk Ocaklari. Imparatorkuktan Ulus-Devlete Turk Milliyetciligi (1912 - 1937), Istanbul, Iletifiim, 1997, P.111

وەرگیراو لە: بۆزئەرسەلان، حەمید؛ "مێژووی تورکیای هاوچەرخ"، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی دووهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠١٢، ل. ٣٢. هێڵەکە من کێشاومە. ا. س.

[١٢] . بۆزئەرسەلان، حەمید؛ هەمان، ل. ٤٠

[١٣] . بەدرخان، شازادە سوڕەیا؛ "کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا"، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە ئەحمەدی قازی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠، ل. ٤٦

[١٤] . هەمان سەرچاوە، ل. ٤٤

## ٢. کوشتار و ڕاگواستنی کوردان

هاوکات لەگەڵ ڕاگواستنی ئەرمەنییان و سەرەڕای هاوکاری کردنی بەشێك لە کورد لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی، بەرنامەیەکی هاوشێوە بۆ ڕاگواستنی کوردانیش بەڕێوە برا، کە ئەمیان لە سەرچاوەکاندا کەمتر باسی لێوە کراوە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە شێوازی بەڕێوەبردنەکەی هیچ کەمتر و کەم ئازارتر لەوەی ئەرمەنییەکان نەبوو، تەنانەت نەوەی نوێی کورد خۆی، کەمتر لێی ئاگادارە.

*"تورکە گەنجەکان توانییان خەلیفە سوڵتان ڕەشادی پێنجەم مەجبوور بکەن فەرمانێك ئیمزا بکا کە ئیجازەی دەدا کوردەکان لە زێد و نیشتمانی باووباپیریان هەڵکەنن و لە نێو تورکاندا لە ئەنادۆڵیی ڕۆژئاوا نیشتەجێیان بکەن بەو مەرجەی کە ڕێژەی کورد لە نێو تورکدا سەدا دە بێت.... ئیتر کورد ناچار دەبێ بە تورکی قسە بکات و نەوەی دووەمی کورد بە تەواوی دەترکێندرێ و دەتوێتەوە.... بەڵگەنووسراوەکانی سەرۆکایەتی گشتیی کاروباری ڕاگواستن لە ئەستەموڵ ئەو ڕاستییە پیشان دەدەن کە لە ساڵی ١٩١٥ دا تورکانی گەنج ٧٠٠ هەزار کوردیان لە کوردستانەوە بۆ ئەناتۆلی ڕۆژئاوا ڕاگواستووە.... کچ، ژن، منداڵی ساوا و کەم تەمەن و تازەلاو بە هەزاران کرانە کۆیلە و غولام..."* [١٥]

## ٣. کوشتار و ڕاگواستنی ئاسۆرییەکان

لە بواری جێ بەجێکردنی ئەو سیاسەتە ڕەگەزییەدا، کەم و زۆر چوار یا پێنج ساڵ دوای ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێنە، ئەمجار تورك گەڕیان لە ئاسۆرییەکان ئالاند و سەرەتا ڕاستەوخۆ لێیاندان و ئاوقای دیوی ئێرانیان کردن، ئینجا بە هاوکاریی حکوومەتی ئێران، لە ڕێگەی سمایل ئاغای سمکۆ و کوشتنی مارشیمۆنی ڕێبەریانەوە گورزێکی کوشەندەی وایان لێدان کە نەك هەر لە تورکیا بەڵکوو لە ئازەربایجانی ئێرانیش نەیانتوانی بگیرسێنەوە و بە کۆچێکی دوور و درێژ و پڕ ڕەنج و ئازار، تەنیا لە خاکی عیراقدا خۆیان گرتەوە!

لە ڕاستیدا دوای ئەو لێدانە، ئیتر ئاسۆرییەکان خاکیان بۆ نەما، نەوەی ئێستای ئاسۆری لە ئەمریکا و ئورووپا بلاوەیان کردووە و ئەو تاك وتەرایەش وا لە باشووری کوردستان ماونەتەوە، تەنیا لە مێژووی ڕابردوو و خەیاڵ پلاوی ئیمپراتۆریەتی کۆنی

---

[١٥] . هەمان سەرچاوە، ل. ٤٧

نەتەوەکەیاندا دەژین و لە سەر ئەرزی واقیع بێ شوێن و مەکانن. ئەوە کارەساتێکی گەورەی مرۆڤییە و پەڵەیەکی دیکەیە بە سەر سەدەی پڕ کارەساتی بیستەمەوە.

**ئەوە مێژوو بوو، با بێینە سەر ئێستا:**

ئاگام لە ئاسۆرییەکان نییە، بەڵام دەزانم یەك دوو ساڵە ئەرمەنییەکان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن لە سەدەمین ساڵوەگەڕێ ئەو جینایەتەدا چ لە ناوخۆی ئەرمەنستان و چ لە دەرەوە بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێ وڕەسمی شایان بۆ وەبیرهێنانەوە و مەحکووم کردنی کارەساتەکە بەڕێوە ببەن و گەلان و دەوڵەتانی جیهانی لێ ئاگادا بکەنەوە.

**کورد چی؟**

ئێمەی کورد لە ٥٠٠ ەمین ساڵوەگەڕی شەڕی چاڵدیران و یەکەم دابەش بوونی خاکەکەماندا هیچمان نەکرد و بە پێچەوانە، ڕاست لە مانگی ٨ ی ساڵوەگەڕی دابەشبوونەکەدا، سیاسەتی چەپەڵی عوسمانی، ئەمجار لە بەرگی حکوومەتی تورکیای نوێدا، شەڕی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی بە سەردا سەپاندین کە تا ئەمڕۆش ئاوقای ملمانە و سەدان شەهیدی خستۆتە سەر دەستمان.

بەڵام ئەگەر لەو قۆناغەدا نەمانتوانی هیچ بکەین، لایکەم دەبێ ساڵی ٢٠١٥ لە سەدەمین ساڵوەگەڕی کوشتار و ڕاگوێزرانی باووباپیرانمان لە ڕۆژهەڵاتی عاسمانییەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵی، کارێك بکەین مەسەلەکە بێ هەست وخوست تێپەڕ نەبێت و بکەوێتە بەر چاوی خۆیی و بێگانە. با هەوڵ بدەین گەلانی جیهان و لایکەم دۆستانی کورد لە سەرانسەری دونیا گوێ بیست و ئاگاداری ئەو هەموو بەڵا و کارەساتە بین کە لە سەر دەستی عوسمانیان و تورکە گەنجەکان تووشی باوباپیرانمان هات و حکوومەتی تورك کە ئەودەم خوێنی سەید ڕەزا و شێخ سەعید و قارەمانانی کۆچگیری و ئاراراتی ڕشت، ئێستاش لە پشت تاقمی چەتەی دەوڵەتی ئیسلامی خۆی مات داوە و ئەو مرۆڤکوژانە لە خاکی خۆیەوە بەردەداتە گیانی کچان و کوڕانمان لە کۆبانێ و شەنگال و بەشەکانی دیکەی کوردستان.

با لەو ساڵوەگەڕەدا، هاودەنگ و هاوڕا، یادی قوربانییانی ئەو ڕاگواستنە جینایەتکارانەیە زیندوو ڕابگرین و بانگی ئازادیخوازیی خۆمان بگەیێنینە گوێی جیهان. با کەڵك لەو هەموو تەلە فیزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردییە و تۆڕی مێدیایی فەیسبووك و تویتر وەربگرین کە ئەمڕۆ لەبەر دەستی کورددان و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەنگی خواست و ئارەزووومان بۆ سەربەستی و ئازادی و دیموکراسی بە گوێی گەلانی دیکە و هەروەها نەوەی

نوێی گەلی خۆماندا بدەین کە بەشێکی بەرچاویان ئاگاداری ڕووداوە مێژووییە پڕ کارەساتەکانی باو وباپیرانیان نین. با دەست لە سەر دەست دانەنێین و کاری بۆ بکەین!

٢٠١٤/١٢/١

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان ئەم وتارەی لە ڕۆژی نووسرانیدا بڵاوکردەوە

# پەیوەندییە سیاسییەکانی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان

## لە ئاوێتەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیادا

*"ئەم وتارە، لە سەر داوای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، بۆ کۆنفەرانسێك نووسرا کە بڕیار بوو دوو ساڵێك پێش ئێستا سەبارەت بە سمایل ئاغای سمکۆ، لە هەولێر بەڕێوە بچێت بەڵام دواتر بڕیارەکە هەڵوەشایەوە و کۆنفەرانس بەرێوە نەچوو. من ئەودەم بۆ نووسینی وتارەکە ماوەی چەند هەفتە سەردانی "ناشناڵ ئارکایڤ" ی بریتانیام کرد لە لەندەن و بە هەندێك بەڵگەنامەی پەیوەندیداردا چوومەوە. دیارە ژمارەی ئەو بەڵگەنامانەی وا بابەتی سەبارەت بە سمکۆ و ئێران و عیراقی سەردەمی ئەویان تێدا بێت گەلێك زۆرن و کارەکەی من تەنیا لەبەر ڕووناکایی هەڵبژاردەیەکیان بەڕێوە براوە. هەڵبژاردەکەی من زیاتر ساڵی ١٩٢٢ دەگرێتەوە کە تێیدا باس لە مەسەلەی "پەیوەندیگرتنی بریتانیا لەگەڵ سمکۆ" زیاتر دەکرێت و ئەوە خاڵی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی من بوو. ئەوانیتر بەگشتی هەواڵی هەڵس وکەوتی سمکۆن و هات وچۆکردنی بۆ عیراق و تورکیا. من وێنەی ژمارەیەکی زیاتر لە بەڵگەنامەکانم هەڵگرتووە کە دەکرێ لە دواڕۆژدا بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەڵکیان لێ وەربگیرێت." ٢٠١٧/١٢/٦*

سمایل ئاغای شکاك ناسراو بە سمکۆ (١٨٨٧ – ١٩٣٠)، لە سەردەم و بارودۆخێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی – سیاسی کوردستان و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ژیا و کووژرا- سەردەمێك کە مۆرکی ئەم دیاردانەی بەسەرەوە بوو:

- چنراوی کۆمەڵایەتی شوێنی ژیانی سمکۆ، عەشیرەیی و بە کێشەی نێوان هۆزەکان و بێ هەڵوێستیی و گەلێك جاریش هاوکاری و تەنانەت دارەدەستیی حکوومەتی ناوەندی لە لایەن هەندێکیان و سەربزێوی لە حاندی دەوڵەت لەلایەن هەندێکی دیکەیانەوە، پێناسە دەکرا؛
- شوێنایەتی ژیانی هۆزی شکاك، سێ کوچکەی دراوسێیەتی تورکیا و ڕووسیا و لە ڕێگەی عیراقی تازە بنیات نراویشەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو؛

- لە ناوخۆی ئێرانیشدا، سمکۆ و هۆزەکەی لە دراوسێیەتی تورکی ئازەربایجانی و ئاسۆری و ئەرمەنی و جوولەکەی ئازەربایجاندا دەژیان؛

- سەرمایەداری لە کۆمەڵگای ئێرانی دوای شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٦)دا خەریکی گەشەکردن بوو.

- قۆناغی ئابووری- کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا هەر فیئۆداڵی مابووەوە.

- شۆڕشی مەشرووتە خوازیی ئێران سەرکەوتبوو - شۆڕشێك کە کۆتایی بە دەسەڵاتی بێ سنووری قاجارەکان و پشتیوانە ڕووسەکانیان هێنا و بەشوێنیدا حکوومەتی پەهلەوی بە پشتیوانی ئینگلیزییەکان لە ئێران دامەزرا؛

- دوو ساڵ دواتر، شۆڕشی مەشڕووتە لە وڵاتی عوسمانیش سەرکەوت؛

- جەوهەرئاغای برای سمکۆ ساڵێك پێش سەرکەوتنی مەشرووتەی ئێران واتە لە ١٩٠٥ دا، لە کاتی خزمەت کردنی حکوومەتی ئێراندا، بەدەستی ئەوان لە تەورێز کووژرا؛

- لە ١٩٠٧ واتە ساڵێك دوای مەشڕووتەی ئیران، ڕووسیای تزاری و حکوومەتی ئینگلیز وڵاتەکەیان کرد بە سێ بەشەوە: باکوور بۆ رووسیا، باشوور بۆ ئینگلیز و تەنیا بەشی ناوەڕاست بە پێتەختی تارانەوە، وەك ئێرانی سەربەخۆ مایەوە؛ ناوچەی ژیانی سمکۆ و هۆزەکەی وەك بەشێك لە باکووری ئێران کەوتە بەشی ڕووسیاوە؛

- ٩ ساڵ دوای مەشڕووتەی ئێران، شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤دا، ڕوویدا؛

- لە ١٩١٥ دا، دوو دەسەڵاتە ئیستیعمارییەکەی ڕووس و ئینگلیز ئێرانە بە سێ بەشکراوەکەی خۆیانیان کرد بە تاقە دوو بەشەوە و هەرکام نیوەی خاکی وڵاتەکەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئیتر نیشانەیەك لە ئێرانی سەربەخۆ نەما- ناوچەی ژیانی سمکۆ و هۆزەکەشی وەك پێشتر، بەشێك لە باکووری ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیای پێك دەهێنا؛

- لە ماوەی هەر ئەو شەڕی جیهانییەدا شۆڕشی ئوکتۆبری ١٩١٧ ی ڕووسیا کۆتایی بە دەسەڵاتی تزارەکان هێنا و بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران و عوسمانی کە سیاسەتی ئیستیعماریی ڕووس داگیری کردبوو، درانەوە بە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە

و نەقشەی دابەشکرانی ئێران لە نێوان ڕووسیا و ئینگلیزدا هەڵوەشایەوە، ناوچەی ژیانی سمکۆش بووەوە بە هی ئێران؛

- ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٩ دا پەیمانێکی دۆستایەتی ئێران و بریتانیایان لەگەڵ وثوق الدوله ی سەرەك وەزیرانی ئێران مۆر کردبوو کە زۆرێك لە نیشتمانپەروەرانی ئێرانی دژی دەوەستان، ئاشکرایە دوای ئەو پەیمانە ئامادە نەدەبوون لەگەڵ نەیارێکی حکوومەتی ئێراندا دۆستایەتی و هاوکاری بکەن. نوێنەری بریتانیا بۆ ئیمزای ئەو پەیمانە، سر پرسی کاکس بوو کە دواتر بوو بە مەندووبی سامی لە عیراق؛

- لە ساڵی ١٩٢١دا حکوومەتێك بە ناوی حکوومەتیی عیراق دامەزرا و کەوتە بەر ئینتیدابی ئینگلیز و پاشانیش لە ژێر چاوەدێری ئەواندا بوو بە ولاتێکی سەربەخۆ؛

- لە ساڵی ١٩٢٢ دا پەیمانێکی دۆستی لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئێران مۆر کرا و دوابەدوای ئەو پەیمانە، ئەوانیش نەیانویست یارمەتی سەرەك هۆزی گەلێکی بچووك بدەن کە لە ڕوانگەی نێوان هەر ئەو ساڵانەدا بوو کە لە ئێران و عیراق نەوت دۆزرایەوە و ئینگلیزەکان پەیمانی هەڵێنجان و کڕینی نەوتیان لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی هەردوو ولاتەکە بەست؛ لەو کاتە بەدواوە نەوت بوو بە فاکتەرێکی گرنگی نەك هەر ئابووری، بەڵکوو سیاسیش لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی ئینگلیز لە ناوچەکەدا.

سمکۆی لاوی باوك و براکووژراو بە دەستی ئێرانییەکان لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا دەژیا. لە کەسایەتی ئەودا، چەشنە خولیایەکی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و دەرهاتنی گەلەکەی لەژێر چەپۆکی ئێران لەگەڵ ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی کەس وکارە بە ناحەق کووژراوەکەی خۆیدا ئاوێتە ببوو. ئامانج و ڕۆح و فیکری خەباتی نەتەوایەتی ٤٠ ساڵ پێشتری شیخ عوبەیدیللای نەهری، بەتایبەت لە فەزای ناوچەکانی سنووریی ئێران و عوسمانی و لە ناو بنەماڵە و عەشیرەتەکەی ئەودا مابووەوە؛ سمکۆ بە خزمایەتیش دەگەیشتەوە شیخ عەبدولقادر و سەید تەها (کوڕ و کوڕەزای شێخ عوبەیدیللای نەهری).

کۆدیتای ١٩٢٠ ی سەید زیائەددینی تەباتەبایی و ڕەزاخانی میرپەنج، کۆتایی بە دەسەڵاتی قاجاری لایەنگری ڕووس لە ئێران هێنا و دوای ماوەیەك ڕەزاخان بوو بە یەکەم دەسەڵاتداری ئێران و دوای چوار ساڵیش، بە پادشای ئێران. یەك لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتێك کە ڕەزاشا پەیڕەوی دەکرد، بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و لێدانی سەرەك هۆزەکان و بەگژ یەکدا کردنیان بوو. ژمارەیەکی زۆری سەرەك هۆزە کورد و لوڕەکان لە زیندانی ڕەزاشادا مابوونەوە

و ئەوانەش وا نەگیرابوون، هەر لە دوارۆژی خۆیان دڵنیا نەبوون. سوپای تازە دامەزراوی ئێران لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای ئێران حاکم و دەسەڵاتداری سەرەکی بوون و ژیانی مەدەنیی شار وگوندەکانیان پێشێلی حوکمی توندوتیژ و سەرەڕۆیانەی خۆیان کردبوو. ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان وەك زمانی زگماك و جل وبەرگی نەتەوایەتی لە کورد و نەتەوەکانی تر یاساخ کرابوون.

لە ساڵانی سەرەتای حکوومەتی ڕەزاشادا، ئێران چەند ڕاپەڕین و شۆڕشی لە ناوچە دوورەدەستەکانی چوار گۆشەی ئێرانی بەخۆیەوە بینی:

- بزووتنەوە و ڕاپەڕینی کوچك خان و جەنگەڵییەکان بە یارمەتی خاڵۆقوربانی کورد لە گێلان؛
- سەرهەڵدانی شێخ خەزعەل لە باشوور؛
- ڕاپەڕینی محەممەد تەقی خانی پەسیان لە خۆراسان؛
- ڕاپەڕینی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی و ژاندرمەکان لە تەورێز؛
- ڕاپەڕینی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان لە ڕوانسەر و کوردستان؛
- ڕاپەڕینی سمکۆ لە ئازەربایجان و کوردستان؛ و
- ڕاپەڕینی مەحموودخانی دزڵی و مەحموودخانی کانی سانان لە مەریوان و هەورامان.

ئەو ڕاپەڕینانە، کەم وزۆر، هاوکات بەڵام لێك دابڕاو و بێ ئاگا لەیەکتر و هەندێك جار دژ بە یەکیش بوون و هیچکام هەوڵی پێکەوە لکان و یارمەتیدانی ئەویتریان نەدا و لە ئەنجامدا ڕەزاشا و سوپای ئێران، توانییان بە هاسانی و یەکە یەکە تێکیان بشکێنن و نەیانهێڵن. جێگەی سەرنجە سەرکردەی شەش لەو حەوت ڕاپەڕینانە کورد بوون: سمکۆ، سەردار ڕەشید، مەحموودخانی دزڵی، مەحموودخانی کانی سانان و لاهووتی کورد بوون، 'پەسیان'یش بە گوێرەی هەواڵی مامۆستا محەممەد عەلی سوڵتانی، کورد بوو هەر دەرەبەگی کوردی قوچانیش کوشتیان؛ هێزی سوپایی بزووتنەوەی جەنگەڵیش لە هەرسینییە کوردەکانی کرماشان بە ڕێبەرایەتی خاڵۆ قوربان و خاڵۆ مراد پێك هاتبوو!

ڕاپەڕینی سمکۆ ئاڵقەیەك یەك لەو زنجیرە ڕاپەڕینانە بوو. بەڵام سمکۆ نەیتوانی عەتفی خەڵك و هاوکاریی ڕاپەڕیوەکانی دیکەی ئێران بەرەو خۆی ڕابکێشێت و ئەوە کەمایەسییەکی گەورەی ڕاپەڕینەکەی بوو. تێك گیرانی لەگەڵ ئاسۆرییەکان و هەندێك جاریش ئەرمەنییەکان، هەروەها شەڕ وپێکدادانی لەگەڵ ئازەربایجانییە خۆجێییەکان دوو لەو ناتەواوییە بەرچاوانە

بوون کە ڕاپەڕینەکەی ئەویان پێ دیاری دەکرا. بەڵگەنامەیەکی ڕۆژی ١٩٢٦/١٠/١٦ ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا دەڵێت:

*"سمکۆ ئەوەندە جێگەی ڕق و کینە و ترسی خەڵکی ئازەربایجانە، کە حکوومەت دەتوانێ حیساب لەسەر هاوکاری کردنی دانیشتووانی غەیرەکوردی ئازەربایجان و تەنانەت هەندێك لە کوردەکانی ئەوێ [بۆ لێدانی سمکۆ] بکات."*[١٦]

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی کوردی، کوردانی هەندێك ناوچەی وەك مەهاباد و سەقزیش ناڕەزایی زۆریان لە دەسەڵاتداریی خۆی و مەئمووره خۆجێییەکانی واتە هەندێك سەرەك هۆزی موکریان بوو[١٧]. گرتنی شاری مەهاباد بۆ سمکۆ بە هاسان چووە سەر، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە دژایەتییان نەکرد و تەنیا ژاندرمەکانی مەلیکزادە بوون لە بەرانبەریدا وەستانئەوانیش تووشی ئەو کوشتارە گەورەیە هاتن؛ بەڵام سەرەڕای پێشوازی کردنی خەڵك، شارەکە لە لایەن سوارە و سوپای سمکۆوە تاڵان کرا و بە گوێرەی ڕاپۆرتی میسیۆنەرە ئورووپاییەکانی 'میسیۆنەریی کوردستان' لە مەهاباد، ئەوانیش وەك خەڵکی شارەکە کەوتنە بەر تاڵان وبڕۆ و کەسێکیشیان بە دەست سوارەی عەشیرەتی شکاکەوە لێ کووژرا[١٨]. نەك هەر سەرچاوە ئێرانییەکان، بۆ نموونە دوو کتێبی ئەحمەدی کەسرەوی[١٩]، بەڵکوو هەندێك سەرچاوەی کوردی وەك بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژاریش[٢٠] ڕاستی ئەو تاڵان و ڕووتاندنەوانە دەردەخەن. تەنانەت بنەماڵەیەکی خەباتکاری وەك قازییەکان لەگەڵ سمکۆدا تووشی کێشە هاتن و دەگوترێت نەمر میرزا ئەبولحەسەنی سەیفولقوزاتی قازی لە لایەن دەسەڵاتداریی سمکۆوە لە ورمێ دەست بەسەر کرابێت.

واهەیە بتوانین پاساوی ئەو دڵڕەقی و دەستدرێژی و دوور لە یاسابوونی سوپای سمکۆ بەو قسەیە بدەینەوە کە دەگوترێت هەموو هێزێکی عەشیرەتی لە هەموو شوێنێکی دیکەی جیهانیش هەمان ئەو کردەوانەیان بووە کە ئەوان بوویان. بەڵام بۆ نموونە ئاسۆرییەکان، کە دوای کووژرانی مارِ شەمعوون لە زێد و خاکی خۆیان هەڵکەنران و هەرگیز وڵاتی لەدەستچوویان دەست نەکەوتەوە، ئەو پاساوانە قەبووڵ ناکەن، ئازەربایجانییەکانیش بە هەمان شێوە.

*****

[16] E6217/95/34

[١٧] . مصطفی تیمورزاده، "وحشت در سقز- نگاهی به تحولات کردستان در فاصله جنگ اول جهانی تا اعاده اقتدار دولت مرکزی ١٢٩٢ تا ١٣٠٢ شمسی"، نشر شیرازه، تهران ١٣٨٠، صص ٩٤ تا ١١٤

[18] Hassan Ghazi, "Kurdistan Missionary", Kurdistanica.com

[١٩] تاریخ مشروطه و تاریخ هیجده ساله آذربایجان

[٢٠] عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار)، "چێشتی مجێور"، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧، ل. ١٣

با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان.

سمکۆ بڕوایەکی قورس و قایمی بە خەڵك و هێزی ناوخۆیی کورد نەبوو و پێش گەلەکەی خۆی و دراوسێکانی، واتە ئازەربایجانی و ئاسۆری و ئەرمەنی، پشتی بە هێزی دەرەوەیی وەك تورکیا و بریتانیا و ڕووسیا (دواتر یەکیەتی سۆڤیەتی) بەستبوو. نزیك بوونەوە لە تورکیا و هاوکاری کردنی ئەوان لە لێدانی ئاسۆرییەکان و کوشتنی مارِ شەمعون نیشانەیەکی بەرچاوی ئەو پشت بەستن و هاوکاری کردنەی بێگانانە. هەوڵی زۆری سمکۆ لە پێناو پەیوەندی کردن و وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزیش کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بێت، هەمان ئەو ڕاستییە دەردەخات.

لە بەراورد لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشووی کورد، سمکۆ زیاترین بایەخی بە پەیوەندییە سیاسییە لاوەکییەکانی خۆی داوە هەر لە تورکیاوە تا بریتانیا و ڕووسیا تەنانەت ئێرانیش وەك چۆن دوای سەرهەڵدان و شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی و ناسناوی "سەردار نوسرەت" لە حکوومەتی ئێران وەردەگرێت و تەنانەت ڕەزاشا لە "چاری" دەچێتە چاوپێکەوتنی. بەشێك لە هۆکارەکانی ئەو عەتفە واهەیە بارودۆخی ئێران و کوردستان بووبێت لە پەیوەندی شەڕی یەکەمی جیهانی و وەربوونی سوپای ڕووس و عوسمانی بە ناوچەکەدا و پێکهاتنی عیراق و حزووری ئینگلیزەکان لەوێ و هەروەها دامەزرانی دەسەڵاتێکی کوردی لە سلێمانی (شێخ مەحموودی بەرزنجی) و تێکگیرانی تورك و ئینگلیزییەکان لە ناوچەکە.

ئەوەی ئینگلیزەکان بگرێتەوە، سمکۆ لە ماوەیەکی دوورودرێژی دوای ١٩١٨ تا کووژرانی ناجوانمێرانەی لە ساڵی ١٩٣٠ دا، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نامە نووسین بۆ کاربەدەستانی بریتانیا لە عیراق و هەروەها بەهۆی کەسانی وەك سەید تەهای شەمزینی و بابەکرئاغای پشدەرەوە پەیامی دۆستی و هاوکاری بۆ ئینگلیزەکان نارد بەڵام ئەو هەوڵانە هیچیان لێ شین نەبوو و یەك دوو دیداریشی لەگەڵ مەئموورانی دەرەجە چوار وپێنجی حکوومەتی بریتانیا لە عیراق جگە لە ساردوسڕی و دوورکەوتنەوەی زیاتر، هیچی لێ نەکەوتەوە.

هۆکاری سارد وسڕیی ئینگلیزەکان لە بەرانبەر سمکۆ و بزووتنەوەکەی واهەیە لەم خاڵانەدا پۆلین بکرێت:

١. ئینگلیزەکان هێشتا کێشەیان لەگەڵ شێخ مەحموودی بەرزنجی یەکلایی نەببووەوە و نەیاندەویست کێشەیەکی تازەتر و واهەیە گەورەتر لە کوردستان بنرێتەوە؛

٢. ئینگلیزەکان بە تایبەت ئاگاداری پەیوەندەکانی سمکۆ لەگەڵ تورکان بوون و باوەڕی ئەوەیان پێی نەبوو لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا دارەدەست یان تەنانەت هاوکارێکی باش بێت بۆیان؛

٣. دوابەدوای شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران و هاتنە سەر حوکمی ڕەزاشا، دەسەڵاتی بریتانیا لە ئێران پەرەی سەندبوو و نەیاندەویست ئەو پەیوەندە باشە بۆ خاتری کورد تێك بدەن و ئێرانێك کە بە هی خۆیانیان دەزانی و ئاڵقەیەك بوو لە زنجیرەی حوکم و دەسەڵاتیان هەر لە چینەوە تا هیندستان و ئێران و عیراق و میسر، لاواز بکەن یا پارچەپارچەی بکەن بەتایبەت دوای پەیمان بەستنی ساڵی ١٩١٩ یان لەگەڵ وثوق الدوله، کەسیان بیری لەوەش نەدەکردەوە پشتی ئێران بۆ کورد، یان ئاسۆری و ئەرمەنی نیشتەجێی قوژبنێکی دوورەدەستی ئێران، بەتاڵ بکەن.

٤. ١٥-٢٠ ساڵێك بوو دیاردەیەکی تازە لە پەیوەندە نێونەتەوەییەکاندا هاتبووە ئاراوە ئەویش دیاردەی نەوت بوو. نەوتی ناوچەکە سەرەتا فەڕەنسییەکان کەشفیان کردبوو بەڵام دەسەڵاتی بەربڵاوی سیاسی و سپایی ئینگلیز لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە دەستی ئەوانی سەندبوو و لەو بڕگە تایبەتەدا ئینگلیزەکان خاوەن و دەست ڕۆیشتووی ئێران و عیراق و چاڵە نەوتەکانیان بوون کە لە ڕێگەی هەندێك پەیمانەوە لەگەڵ عیراق و ئێران، هەڵێنجان و هەناردە کردنی 'ئاڵتوونی ڕەش'یان بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو؛

٥. بازاڕی کەل وپەلی هاوردەی هەردوو وڵاتەکە لە دەست خۆیاندا بوو و نەیاندەویست لە شوێنێکی ستراتیجیکی وەك ئازەربایجان و کوردستان کە دەروازەی گرنگی رۆژئاوای ئێران بوون، بەندوبەستێك دروست بکرێت و هەناردەی شتومەکی بازرگانی و خزمەتگوزاریی بۆ ناوخۆی ئێران تووشی گرفت بێت؛

٦. هەر لەو پەیوەندییەدا دەبێ ئاماژە بە دیاردەیەکی دیکە بکرێت: ناوچە دوورەدەستە سەر سنوورەکانی ئێرانی فێئۆداڵی، لە لایەن سەرەك هۆز و فیئۆداڵە گەورەکانەوە بەڕێوەدەبران. خواستی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی ناوەندیی تازە دامەزراوی سەردەمی ڕەزاشا خواستێکی قانوونمەندی چینایەتی ئەو فێئۆداڵ و سەرەك هۆزانە بوو، کە لە لایەن دەسەڵاتداریەتی ڕەزاشاوە دژایەتی دەکرا- ڕەزاشایەك کە خەونی دروستکردنی حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێزی دەبینی و لەگەڵ دەرەبەگ و موجتەهیدانی ئایینی واتە دوو قوتبی دەسەڵاتی نەریتیی سەردەمی فێئۆداڵی لە چوارگۆشەی ئێراندا کەوتبووە شەڕ و بەربەرەکانییەوە. هەربۆیەش

زوربەی ئەو سەرەك عەشیرانە، یا دەبوایە گوێڕایەڵی حکوومەت بن یان ساڵانێکی دوورودرێژ لە زینداندا بخەون، یان دەست بدەنە چەك و شەڕەجەنگی حکوومەتی ناوەندی بکەن. هەر ئەوەندەش کە کارەکە دەیکێشایە شەڕی چەکدارانە، حکوومەتی ڕەزاشا بە مستی پۆلایین وەڵامی دەدانەوە و لە ڕێگەی ناردنی سوپای چەوسێنەری تێرنەخۆری بەرتیل وەرگر و تاڵانکەرەوە و بە یارمەتی سەرەك هۆزانی وەفادار بەخۆیەوە، بێ بەزەییانە لە ڕاپەڕیوەکانی دەدا و سەرکوتی دەکردن. سمکۆ نە یەکەمین و نە دوامین سەرەك هۆزی ڕاپەڕیوی سەردەمی ڕەزاشا بوو و چارەنووسیشی لەوانیتر جیاواز نەبوو.

گەرچی کەسایەتی سمکۆ خۆی و نەبوونی پێگەی بەرینی کۆمەڵایەتی و دڵڕەقی نواندن لەگەڵ خۆیی و بێگانەش واهەیە بەشێك بووبێتن لە هۆکاری ئەو پارێز و دوورییەی ئینگلیزەکان، بەڵام بێگومان تەنیا بەشێکی بچووکی مەسەلەکە بوون لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵ کەسانی وەك ڕەزاشادا پەیوەندی نزیکیان هەبوو کە لە دڵڕەقی و توندوتیژیدا گرەوی لەهەمووان بردبووەوە. هۆکاری سەرەکی ئەو دووری کردنانە بریتی بوو لە بەرژەوەندییە سیاسی – ئابوورییەکانی بریتانیا لە ئێران و عیراقی تازە دامەزراو لە لایەك و شەڕ و تێکگیرانیان لەگەڵ تورکیا لە سەر سنوورەکانی سێ وڵاتی تورکیا و ئێران و عیراق لە لایەکیتر.

لەبیرمان نەچێت کە پەیمانی سایکس-پیکۆ (١٩١٦) تازە مۆرکرابوو و هەر ئەویش دەرفەتێکی گەلێك باشتر لە فەڕانسەی بۆ دەستوەردان لە ناوچەکە بە ئینگلیزەکان دابوو. ئەوان وەك فەڕانسییەکان لایەنگری ئیستیعماری ڕاستەوخۆ نەبوون و دەسەڵاتیان دەدایە گوێ لەمستە خۆجێ ییەکانی خۆیان وەك ڕەزاشا و فەیسەڵی عیراق و وڵاتەکانیان لە ڕێگەی ئەوانەوە بەڕێوەدەبرد.

ئەو چەند فاکتەرە سەرەکییە و هەندێ هۆکاری کەمتر گرنگی وەك سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکە، یەکدەست و هاودەنگ نەبوونی کوردی ڕۆژهەڵات و نەبوونی پرۆگرام و بەرنامەیەکی ڕۆژین کراوی سیاسی، کە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەدا یەك بگرێتەوە، بە سەریەکەوە بووبوونە جامی جیهان نمای سیاسەتی بریتانیا بۆ دوورەپەرێزی لە سمکۆ و لەوەدا هەموو وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی موستەعمەرات، باڵوێزخانەکانی بریتانیا لە تاران و ئانقەرە و بەغدا، هاودەنگ بوون. مەئموورانی ناوچەیی و حاکمانی سیاسی و سپایی بریتانیا لە هەندێك شار و شاروچکەی باشووری کوردستان وەك سلێمانی و ڕەواندزیش کەم و زۆر لەگەڵ ئەو ڕوانگە گشتییەدا هاوهەنگاو بوون و ئەگەر هەندێك بەرژەوەندیی کاتی و بڕگەیی بووبێتە هۆی ئەوەی ڕاسپێرراوی وەك سەیدتەهای شەمزینی و بابەکرئاغای پشدەر

داواکاریی سمکۆیان بە بەغدا ڕاگەیاندبێت و پرسی سەڵاح بوون یان نەبوونی چاوپێکەوتنی ئەویان لەگەڵ دامەزراندبێتن، هیچکامیان جیددی نەبوون یاخود، کاتی و بە گوێرەی پێداویستییە کاتییەکانی ڕۆژ بوون، لە هەموو حاڵەتێکیشدا ڕووبەڕووی دژایەتی نواندنی بەغدا و لەندەن دەبوونەوە. ئەوە کورتەی باس وخواسێکە کە ماوەی زیاد لە ١٢ ساڵ درێژەی کێشا و تا کووژرانی سمکۆ لە ١٩٣٠ دا هیچ بەروبوویەکی بۆ خۆی و بزووتنەوەکەی و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کورد بەگشتی، نەبوو. ئەوانەی خوارەوە هەندێك بەڵگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە ناشناڵ ئارکایڤ یان ئارشیوی نەتەوایەتی "مەملەکەتە یەکگرتووەکانی بریتانیا"ن کە وەك دەبینین ئەو ڕوانگەیەی سەرەوەمان بە ڕوونی دەسەلمێنن و ئەگەر هەڵوێستەیەکی دژ یان جیا لەو هاتبێتە ئاراوە، تاکە کەسی، کاتی و خۆجێ یی بووە:

١. وێدەچێت لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا مەسەلەی کلدانییەکان گرنگ بووبێتەوە و بەوە تۆمەتبار کرابێتن کە ڕووسیا و بریتانیایان لە پشتە و دەیانەوێت ئازەربایجان داگیر بکەن و بکەونە شەڕەجەنگی کوردەوە، هەر بۆیەش تورکیا وئێران کەوتبوونە پەلەقاژە و لە ئەنجامدا سمکۆ و مارِ شەمعوونیان بەگژ یەکتردا کرد و ئەو ڕووداوە ناخۆشەی کووژرانی مارِ شەمعوون لە ساڵی ١٩١٩ دا ڕووی دا.

تەنیا یەك لە دەیان فایلی ناشناڵ ئارکایڤ کە سەبارەت بە وڵاتی تورکیای ساڵی ١٩١٩،[21] زیاد لە ٥٠ بەڵگەنامەی سەبارەت بە کلدانی و ئاسۆرییەکانی تێدا پارێزراوە. یەك لە بابەتەکان نامەی مانگی یەك و دووی ئەوسالەی "شۆڕای نەتەوایەتی کلدانی و ئاشۆری" یە، کە ئاڕاستەی سەرەك کۆماری فەڕەنسا و للۆید جۆرج سەرەك وەزیرانی بریتانیا کراون. کلدانییە کاتۆلیکەکان نامەیان تەنیا بۆ سەرەك کۆماری فڕەنسا ناردووە بەڵام یەعقووبییەکان بۆ مەلیکەی بریتانیا و شۆڕای ناوبراویش بۆ هەر چوار حکوومەتی بریتانیا، فڕەنسا، ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەتی. لە نامەیاندا بۆ للۆید جۆرج داوایان کردووە ئیجازە بە نوێنەرەکانیان بدرێت لەگەڵ مەندووبی سامی و نوێنەری سیاسی بەریتانیا لە سووریادا وتووێژ بکەن. بەڵگەیەکی دیکەی هەر ئەو فایلە لە لایەن نوێنەرانی کلدانی لە شاری تفلیسی گورجستانەوە بە هەمان ناوەرۆکەوە نێرراوە و بەڵگەنامەیەکی چەندلاپەڕەییش هەیە کە بریتییە لە کۆپی

[21]. File 4302/44

توێژینەوەیەکی دووورودرێژی ٨ ی نوامبری ساڵی ١٩١٨ ی باسیل نیکی تین جێگری کۆنسوولی ڕووسیا لە ورمێ سەبارەت بە کلدانییەکانی دەوروبەری ورمێ.[٢٢]

٢. بریتانییەکان بە گشتی خوازیاری هێمنایەتی ناوچەکە و دژ بە ئاڵۆزی و ئاژاوەی ناو ئێران و عیراق بوون. ئەوان تەنیا لەبەر ئەو تاقە هۆکارەش بوویێت هاوکاریی یان پشتگیریی کورد و ئەرمەن و ئاسۆری، یان کلدانییەکانیان نەدەکرد و تەنانەت لە بشێوی و ئاڵۆزیی دوای کووژرانی مارِ شەمعوونیشدا بە هانای ئاسۆرییەکانەوە نەچوون. ئەوەی خوارەوە نموونەیەك لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە کوردە: ڕاپۆرتی ڕۆژی ٧ ی مانگی ٩ ی ١٩٢١ ی مەندووبی سامی لە بەغدا:

"پێشنیار دەکەم هاوکاریی ڕەسمی سەرەك هۆزە کوردەکان لەوپەڕی سنوورەکانی خۆمان [واتە عیراق] نەکەین بەڵام ئەگەر پێویستی کرد، لە دەرفەتی وەدیهاتنی خواستەکانیان کەڵك وەربگرین بۆئەوەی سەلامەتی سنوورەکانی عیراق زامن بکەین. ناکرێ ئەوە نەزانین کە واهەیە کێشەی ئەوان لەگەڵ حاکمانی ئێستایاندا بتەقێتەوە بەڵام من بە دڵنیاییی خۆ لە لایەنگیرییان دەگرم. کارەکەی ئێمە تەنانەت بە هەر شێوەیەکی وریایانەش بەڕێوە ببرێت، بەوە تۆمەتبار دەکرێین کە هاوکاریمان کردوون."[٢٣]

٣. بەڵگەنامەی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٢ ی مەندووبی سامی لە بەغداوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن:

*"سمکۆ پەیامێکی گەلێك دۆستانەی ناردووە و داوای چاوپێکەوتنی لێمان کردووە. ئەستەم و لە بەر ناسیۆنالیستە کوردەکان مەترسیدار دەبێت ئەگەر پێشنیارەکە بدەینە دواوە. ئایا [باڵوێزخانەی بریتانیا لە] تاران پێی سەلاح نییە بە هیچ شێوەیەك قسەی لەگەڵدا بکەین؟"*

وەڵامی سرپرسی لۆرەین، باڵوێزی بریتانیا لە تاران (١٩٢٢/١١/٣):

*"بە بێ هیچ گومانێك دەبێ وای پیشان بدەین کە هیچ پەیوەندێکمان لەگەڵیدا نییە، دەنا ئێران لای وا دەبێت کە هەر لە سەرەتاوە ئێمە هانمان داوە."*[٢٤]

٤. بەڵگەنامەی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٣ ی سر پرسی کۆکس مەندووبی سامی بۆ لەندەن:

---

22. Ibid
23. File 3997/34
24. E1256/1076/34

*"سمکۆ بە هاتنێکی چاوەڕوان نەکراو و بە ئامانجی چاوپێکەوتنی ئێمە، گەیشتۆتە گوندێکی نزیك هەولێر و دەیەوێت مۆڵەت بدرێت بێت بۆ هەولێر. چ هەڵس وکەوتێکی لەگەڵدا بکرێت باشە؟"* ٢٥

وەڵامی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٧ ی لەندەن:

*"باڵوێزمان لە بەغدا هیچ هانی سمکۆ نەدات باشە."* ٢٦

٥. بەڵگەنامەی ١٩٢٢/١١/٨ ڕاپۆرتی سر پرسی لۆرەین بۆ لەندەن:

*"شکانی سمکۆ لە لایەن سوپای ئێران لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاوە شتێکی بەسوودە؛... دەنا ڕێگای بازرگانی و هەناردە کردنی کەل وپەی بریتانی بۆ ناوخۆی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە؛... واهەیە ڕاپەڕینەکە بەرەو باشوورتر [ی ئێران] بکشێت و بگاتە عیراقیش؛... دەرەتان دەداتە دراوسێکان، ماسی لە لیخاو بگرن."* 27

٦. سر پرسی لۆرەین، ١٩٢٢/١١/٩بۆ ئەتاشەی سەربازیی بریتانیا کە هەواڵی شەڕی مانگی ئۆکوستی ١٩٢٢ی حکوومەتی ئێران دژ بە سمکۆی بۆ ناردووە:

*"بەهۆی ناسك بوونی پرسی کوردەوە، هیچ هەنگاوێکی ئەرێ یی (ئیجابی) بەرەو سمکۆ هەڵمەهێنینەوە."* ٢٨

٧. تێلگەرافی سر پرسی لۆرەین لە تارانەوە بۆ وەزارەتی موستەعمەرات:

*"حکوومەتی ئێران بە ئاشکرا داوای لە کەمالیستەکان کردووە سمکۆ بگرن. هەروەها شکاتیان هەیە لە شێخ مەحموود، کە لە بانە خەریکی پڕوپاگەندەی دژ بە ئێرانە لە ناو کورداندا. چۆن دەبێ مۆڵەت بدەین سمکۆ کەڵك لە میزۆپۆتامیا وەربگرێت بۆ پڕوپاگەندەی دژ بە ئێران لە ناو کورداندا و هانیان بدات بۆ ڕاپەڕین؟ <u>من چەند جار بە دەولەتی ئێرانم ڕاگەیاندووە کە ئێمە هیچ بەرژەوەندییەکمان لە هاندانی سمکۆدا نییە</u>. ئێستا ئەگەر بێت و لێی نزیك ببینەوە منیش بە درۆ دەکەومەوە. هیچ جێی پرسیار نییە کە لەبەر حەساسیەتی مەسەلەی کورد [نابێ] بە کردەوە دژ بە سمکۆش هەنگاو هەڵێنینەوە."* ٢٩

نامەی 'کۆلۆنیال ئۆفیس' واتە ئیدارەی موستەعمەرات لە لەندەن بۆ بەغدا:

*"شتێکی نەگونجاوە هیچ چەشنە پەیوەندییەکمان بە سمکۆوە هەبێت."* ٣٠

---

25 . Ibid
26 . Ibid
27 . E12242/1076/34
28 . E12343/1076/34
29 . E12399/1076/34
30 . Ibid

٨. له بەڵگەی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/١٣دا، سەرەك وەزیرانی ئێران داوای له حکوومەتی بریتانیا کردووە:

*"ئەگەر سمکۆ هاتە عیراق بیگرن و بیدەنەوە دەست ئێمە."* [٣١]

بۆچوونی ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/١ ی باڵوێزخانەی بریتانیا لە بەغدا سەبارەت بەو داواکارییە:

*"سمکۆ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نییە؛ ئەگەر بێتە ئێرە و ببێتە پەنابەری سیاسی لە لامان، پەیمانێك لە نێوان عیراق و ئێراندا نییە کە بەگوێرەی ئەو بدرێتەوە بە ئێران. بەڵام باهەر نەیەتە ناوچەکەمان."* [٣٢]

٩. ئەتاشەی سوپایی ئینگلیز هەواڵی تێکشکانی سمکۆ و چوونی بۆ تورکیای ناردووە بۆ لەندەن و گوتوویەتی ئەفسەرێکی ئێرانی چۆتە تورکیا بۆئەوەی داوای ئەوە بکات ڕادەستی ئێرانی بکەنەوە.[٣٣] لە نامەیەکی دیکەشدا نووسیویانە کۆپی نامەیەکی ١٩٢٢/١٢/٥ ی "شەیبانی" ناو، ئەفسەری فەرماندەی سوپا لە سابلاغ بۆ سمکۆمان گەیشتۆتە دەست. لەو نامەیەدا نووسراوە:

*"ئەمیر لەشکر جەنەڕاڵی فەرماندەی لەشکری غەرب ئیجازەی پێداوم پێتی ڕابگەیێنم کە ئەو لێبووردنە گشتییەی وا لەم دواییەدا لە لایەن وەزیری جەنگەوە ڕاگەیێنرا، تۆش دەگرێتەوە."*

١٠. بەڵگەنامەی ڕۆژی ١٩٩٣/١/٢ ی مەندووبی سامی بۆ وەزارەتی موستەعمەرات لە وەڵامی تێلگەرافی ئەواندا:

*"یاریدەدانی ئێمە بە سەید تەها گەورە کراوەتەوە و ڕاست ڕانەگوێزراوە. من تەنیا وەك ناوەندێك بۆ پشتگیریی کێشەکانی باکووری عیراق و کوردستان کەڵك لە سەید تەها وەردەگرم بۆئەوەی لەبەرانبەر هێرشی تورك لە ناو عیراقدا ڕاوەستن. فەرمانی جیددی پێدراوە هیچ کارێك لە پەیوەندیی کوردانی ئێراندا نەکات؛ بەرگری لە سمکۆش دەکرێت بۆ ئەو کارە. سمکۆ پێش ئەوەی لێبووردنی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە پێ بدرێت داوای لە من کردبوو لە لایەن ئەووەوە نێوبژیگەری بکەم. ئێستا ئەو ئازادیی تەواوی هەیە بگەڕێتەوە ئێران."* [٣٤]

---

31 . E12542/1076/34
32 . E13446/1076/34
33 . E8869/6/34
34 . E229/7/34

١١. بەڵگەنامەی ١٩٢٤/٤/٥، باس لە وتوویژی ئەتاشەی سوپایی بریتانیا لەگەڵ ڕەزاشا دەکات:

*"ڕەزاشا گوتی شێخ مەحموود پیاوێکی مەترسیدارە و لەناوبردنی بۆ هەردوو وڵاتی ئێران و بریتانیا جێی بایەخە. گوتم ژن و منداڵی هاتوونەتە مەریوان و واهەیە خۆیشی بێتە ئەوێ. گوتی هەوڵ دەدەم مەسەلەکە ڕوون بکەمەوە. گوتم هەواڵی سمکۆت هەیە لە کوێیە؟ گوتی لەگەڵ تورکان لەوتوویژداین، سمکۆ لەوێیە بەڵام وانییە تورک بیگرن و ڕادەستی ئێمەی بکەنەوە."* [٣٥]

١٢. چەند بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٣٠ باسی کووژرانی سمکۆ بە دەست ئێرانییەکان دەکەن و دەڵێن دەمگۆی ئەوەش هەیە کە چەند سەرەك هۆزی کوردی عیراقیش لەو عەمەلیاتەدا کووژرابێتن و منداڵەکانیشی لە عیراق نیشتەجێ بووبێتن.[٣٦]

**ئەنجام**

سمکۆ پەروەردەی هەل ومەرجێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی-عەشیرەتی لە جوغرافیایەکی تایبەتمەندی نێوان ئێران، عوسمانی و عیراقی تازەدامەزراودا. ئەو وڵاتانە تەنیا بە ڕواڵەت سەربەخۆ بوون و حاکم و بەڕێوەبەری بەکردەوەی هەموو ناوچەکە، زلهێزە ئیستعمارییەکان بە تایبەت ئینگلیز بوو. نەریتی پەیوەندیگرتنی ڕێبەرانی شۆڕشی نەتەوەیی کورد لەگەڵ زلهێزەکان بە ئامانجی کەڵك لێوەرگرتنیان لە پێناو ئامانجی سەربەخۆیی کورد دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی (١٨٨٠) و تەنانەت پێش ئەویش. سمکۆش، وەك گەلێك سیاسەتمەداری تورك و عەرەب و ئێرانی، لە ناو ئەو نەریتەدا دەژیا و سیاسەتی دەکرد. لە ناو دەیان سەرەك وەزیرانی ئێرانی سەردەمی پەهلەوییەکاندا تەنیا یەك دوو کەس نەبێت هەرهەموویان ئەنگلۆفیل (واتە لایەنگری سیاسەتی ئینگلیز) بوون و سیاسەتی ئەوانیان لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەیاندا دەدیت، ئەو یەکدووکەسەش کە وا نەبوون، یا ئاڵمانۆفیل (لایەنگری ئاڵمان) بوون یان ڕووسۆفیل (لایەنگری ڕووس). سمکۆ لە ڕاستیدا هیچکام لەوانە نەبوو بەڵام هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندی بە ڕووس و ئینگلیزییەکانەوە بگرێت بەڵام بەرژەوەندییەکان ئەوان لە ئێراندا لەوە زیاتر بوو کە سمکۆ لەخۆ بگرن و پەیوەندییان لەگەڵ ئێرانییەکان بپچڕێت، بەتایبەت ئینگلیزەکان لە عیراقیشدا حاکمی سەرەکی

---

[35] . E2886/26/34

[36] . E4210/4196/34, E4208/195/34, E4877/E5093/34 & E5576/4196/34

بوون و کەم تا زۆر نەیاندەخواست کوردستانی باشوور لە کێشەی سمکۆ و کوردی ئێرانەوە بتلێت.

بێ هیوایی لە ئینگلیزەکان سمکۆی دەگەڕاندەوە سەر ئەوەی پشتگیریی تورکەکان مسۆگەر بکات – حکوومەتێك کە یەکەم دوژمنی کەیانیٔ کوردی بوو و نەیدەویست لە کوولەکەی تەریشدا ناوی دەسەڵاتدارییەکی کورد ببیسێت! هەربۆیەش ئەگەر جاروبارە دەراوێکیان بۆ خۆش دەکرد یا چەکێکیان دەدایە، تەنیا لە پێناو ئەوەدا بوو ماری دوژمنانی خۆیان بە دەستی ئەو بگرن، وەك گرتشیان و بە کوشتنی ماڕ شەمعوون، هەر هەموو گەلی ئاسۆرییان پێ لە خاك و ئاوی ئابا ئەجدادییان هەڵکەند و کردیاننە کۆچبەری بێ ئاو و خاك، کە دوای ئەو ڕووداوە و شەڕی ئاسۆری و موسوڵمان لە ورمێ، ئیتر لە هەموو ئیمپراتۆریەتی مێژوویی ئاشوور، تاقە یەك بستە خاکیان بەدەستەوە نەماوە؛ بەداخەوە سمکۆ و سپای کورد بوونە کەرەسەیەك بۆ جێبەجێبوونی ئەو سیاسەتە گڵاوەی تورکیا. ئەوە تەنیا بەشێکی بچووك بوو لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتی تازەدامەزراوی تورکیای دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، سیاسەتێك کە ئەنجامێکی دیکەی جینۆسایدی گەلی ئەرمەن بوو و ڕاگواستن و کوشتاری کوردانیش بەشێکی دیکەی سیاسەتەکەیان پێکدەهێنا و تا ئێستاش هەر وەهایە.

*سمکۆ کاتێ* لەوانیش بێ هیوا دەبوو، ڕووی دەکردەوە ئێران و بە ئەمنیەتی هۆزەکەی و پلە وپایەیەکی حکوومی بۆ خۆی ڕازی دەبوو، بەڵام ئێرانییەکان لە جیاتی سمکۆیەکی سەربزێوی خاوەن دەسەڵات، تەنیا ئارەزووی دیتنی جەنازەی ئەویان دەکرد- ئارەزوویەك کە لە ساڵی ١٩٣٠دا بەشێوەیەکی ناجوانمێرانە هێنایانە دی!

*ئەم بابەتە، یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٢١ دا لەسەر دوو ماڵپەڕی خەندان و ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکرایەوە.*

# چۆن دەستی کورد چەند جار بە زاغی عوسمانیدا چوو- کولاندنەوەی چەند برین

**بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبی بەنرخی دوکتۆر سەباحی غاڵب**

*د.سەباحی غاڵب، "مێژووی کورد و کوردستان – دۆزی کورد لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی پەیمانی سیڤەر ١٩١٨-١٩٢٠، توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی"، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم و دووەم، ناشر: نووسەر،*

*چاپی هەولێر ٢٠٢٢* *ISBN: 978-3-932574-43-6*

کورد بەدرێژایی چەندین سەدە لە لایەن داگیرکەرانی خاکەکەی واتە ئێران و عوسمانی (بە دەسەڵاتداریەتی تورکیاوە) هەڵخەڵەتاوە و تووشی زیانی گەورە هاتووە، بەڵام دوای ماوەیەك سەرلەنوێ دەستی خستۆتە ناوهەمان کونەماری پێشوو، پێوەیدراوە و هەمیسان جارێکیترا! ئەو بەیتی بلەیە بەداخەوە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، بێ ئەوەی گەلەکەمان بە هۆکاری برینەکانی خۆی بزانێت و وانەیەك لەڕابردوو فێربێت. سەمەرە ئەوەیە لە زورێك ئەو حاڵەتانەدا داگیرکەرانی خاك، کوردیان کردۆتە کەواسووری بەر لەشکر، بەگژی ناحەزانیاندا کردوون و خۆیان وەك بەرزەکی بانان، لەولاوە قیت ڕاوەستاون، بێ ئەوەی چاوی قووچاوی کورد بیانبینێت! دەزانم یادی ڕووداوەکان و ڕێزی کەسایەتییەکانیان لای خەڵك زۆرە و منیش وەك یەك لە ئەندامانی کۆمەڵگا خۆشەویستی و ڕیزم بۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕاستەقینەی مێژوویی باوەکوو تاڵیش بێت چ دەکرێ؟ پێداهەڵگوتن و شانازی کردن بە خەباتی سەدە وساڵانی رابردووی کورد، کارێکە بە هەزاران جار کراوە و دەشبێ بکرێت بەڵام شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی شکست هێنانیش ئەرکێکە دەبێ پسپۆڕان بەڕێوەی بەرن و ئەگەر بەڕێوەی نەبەن خەیانەتیان پێکردووین. ئەوانەی خوارەوە چەند بڕگەیەکن لە لایەنی نەرێنی چەند ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کورد لە ڕابردووی دوور و نزیکدا کە گەیشتۆتە ئەنجامی

شکستێکی نەخوازراو و شیکاریی هۆکارەکانی ئەو شکستانە بەرگر نییە لە ڕێز گرتنی بەشداربووان و تەنانەت ڕێبەرەکانیشیان لە لایەن کوردەوە:

- شەڕی خان ئەحمەدخانی برادۆست و خانی لەپ زێڕینی قەڵای دمدم لەگەڵ سوپای شاعەبباسی سەفەوی (١٥٧١-١٦٢٩) نموونەیەکی بەرچاوی ئەو بێ سیاسەتییەی کورد بوو. چ عەقڵێك باوەڕدەکات خانێك کە لەپی زێڕینی بە فەرمانی هەمان شاعەبباس بۆ چێکراوە، بە خەونەپلاوی یارمەتیدانی سوڵتانی عوسمانی[٣٧]، لە پانتایی بەرتەنگی قەڵایەکی نێوان شنۆ و ورمێوە بچێتە شەڕەجەنگێکی نابەرانبەر لەگەڵ "پێنسەت هەزار بەیداخ سوور"[٣٨] و پیاوە مرۆڤخۆرەکانی شای سەفەوی کە هەموو هۆز و عەشیرەتە فارس و تورك و کوردەکانی ئێرانیان خستبووە شوێن خۆیان و هێنابوویاننە سەر قەڵاکە. شەڕێکی ئەوتۆ تەنیا بە سوپای وڵاتێکی وەك عوسمانی دەکرا نەك بە خانێکی کورد کە تەنانەت نەیتوانی ئاوی خواردنەوەی دانیشتووانی قەڵاکەی خۆی لە ژەهراوی سیخوڕەکانی سوپای شا بپارێزێت و لە ئەنجامدا، "دمدمی بەردی دەلان" بوو بە "مەسکەنی خەرتەڵان"، ئەوەش کە بۆ کورد مایەوە تەنیا خوێنی ڕژاوی پیاوان، تەرمی ژنانی ڕووسووری خۆکوژ، شیعرێکی ئەحمەدی خانی و بەیتێکی فۆلکلۆری بوو.[٣٩]
- شێخ عوبەیدیللای نەهری، شێخێکی جێگەی ڕێزی خەڵك لە شەمزینانی باکووری کوردستان (بەشێك لە خاکی داگیرکەرانی عوسمانی) و خاوەن مڵك وماڵێکی زەبەلاح، بە چ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەك کەوتە خەیاڵی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ لە ئێران- ئەویش نەك هەر لە موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لەشکرەکەی بە سەرکردەیی شێخ عەبدولقادری کوڕی و ئەندامیەتی خێڵانێك کە سەرۆکی

---

[٣٧] *"خدر بەگ وەسەر کەوتییە / ڕەقەمی دا سوڵتانییە / سوڵتان سەلیم لێی نۆڕییە/... وەعدە بە سێ جومعەی دییە / دێم لە هیمدادی خانییە"*، بەشێك لە بەیتی دمدم.

[٣٨] *"لەشکریان دان لە تابوورە/ پێنسەت هەزار بەیداخ سوورە"*. بەشێك لە بەیتی دمدم

[٣٩] *"ئەی دمدمی بەردی دەلان، جێگەی خان و خان عەودەڵان، ئێستە بووی بە مەسکەنی خەرتەڵان"*، بەشێك لە بەیتی دمدم

بەشێکیان لە ژێرەوە دەستیان لەگەڵ ئێرانییەکان تێکەڵ کردبوو، چووە ناو عەجەمستان، بەرەو شاری تەورێزی 'وەلیعەهد نشین' ئاژوا و بە حیسابی ئەوەی دایکی زڕبرایەکی ناسرەدینشای قاجار (١٨٣١- ١٨٩٦)، کورد بوو، ویستی شا لە سەر تەختی دەسەڵات لابەرێت و ئەو کوڕە بێدەسەڵاتە (عەباس میرزای مولك ئارا)، کە تازە دوای ٢٧ ساڵ ژیان لە مەنفای ئەستەموڵ و بەغدا گەڕابووەوە خزمەت شا، بکاتە جێگرەوەی باوکی واتە ناڕاستەوخۆ حوکمی ئێران بکات. بەڵام هەر لەیەکەمین هەنگاوەکانیدا لە شاری بناوی ئازەربایجان تووشی شکان هات و سوپا شل و شەویێقەکەی دەم لەسەرپشت گەڕایەوە دواوە و تا ناو خاکی عوسمانی بەند نەبوو، دانیشتووانی گوندە کوردنشینەکانی دەوروبەری میاندواو و بەشێك لە موکریان لەلایەن سوپای ئێران و تورکانی داغ لەدڵی خۆجێ ییەوە تووشی کۆمەڵکوژییەك هاتن کە نموونەی کەمتر بینرابوو، سەدان گوند تاڵانکران و سووتێنران، سەدان کەس کووژران و هەزاران کەس بە پەنابەری چوونە خاکی عوسمانی و بێ ئەوەی لەوێ ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە گەڕانەوە ئێران. کێ نەخشەی ئەو بزووتنەوە بێ بەرنامە و بێ وردبوونەوەیەی داڕشتبووجگە لە داگیرکەری عوسمانی کە دەیویست ماری ئێران بە دەست دوژمنەکەی خۆی (شێخ عوبەیدیللا) بگرێ!

- سمایل ئاغای سمکۆ، کە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی لە مێشکدا بوو، لەجیاتی هاوکاری کردن و هاوپشتیی ئازەری و ئەرمەنی و ئاسۆرییە جیلۆکانی ناوچەی ورمێ و یەکخستنیان دژ بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئاواتی سەربەخۆیی، بە کام عەقڵییەتەوە مارشیمۆن، ڕێبەری سیاسی- ئایینی ئاسۆرییەکانی لە گوندەکەی خۆیدا کوشت، لەکاتێکدا کە بۆ وتووێژی سیاسی و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ کورد لە گوندی چەهریق ببووە میوانی سمکۆ! ئەو کارە دوور لە ئەخلاق و سیاسەتە تەنیا بە فیتی عوسمانییەکان و بەڵێنی بەتاڵی ئێرانییەکان بەڕێوەچوو. عوسمانییەکانیش وەك تورکیای ئەمڕۆ کورد و ئاسۆری و ئەرمەنییان بە میوانی نەخوازراو و ملۆزمی سەر ڕێگای یەکیەتی خاکی تورك و ئازەربایجانی دەزانی و بە هەموو تواناوە هەوڵی پاکتاوکردن و کۆچاندنی

هەرسێ گەلەکەیان دەدا بۆ ئەوەی خاکی تورکیا و ئازەربایجان بەیەکەوە بلکێنن و ئیمپراتۆریەتی تورکی لێ پێك بهێنن، هەرئەوەندەش کە مارشیمۆن کووژرا ، عەلی ئیحسان پاشای تورك کەوتە گیانی جیلۆ واتە ئاسۆرییە شاخاوییەکان و لە سەڵماسی دەرپەڕاندن. لەولاوە، ئێرانییەکانیش کە بە هاسان نەیاندەتوانی هێزی سوپایی جیلۆ تێك بشکێنن، بە هەندێك بەڵێنی بێ بنەما سمکۆیان بەگژ مارشیمۆن و ئاسۆرییەکاندا کرد و خۆیان لەپشت کورد شاردەوە. هەردو دەوڵەت ئاواتی چەپەڵی خۆیان لەمەڕ پاکتاوکردنی ئاسۆرییەکان بە دەستی سمکۆ وەدی هێنا و گەلی هەژاری ئاسۆری دوای کووژرانی مارشیمۆن و پاکتاوی ڕەگەزیی و ڕاونانی عوسمانییەکان، چیتر شوێنی خۆیان نەگرتەوە و تا ئەمڕۆ بستێك خاکیان بەدەستەوە نەماوە.

- پێش دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە گیان و سامان یاریدەی سوپای عوسمانی و لەڕێگای ئەوانەوە سیاسەتی پاوانخوازیی ئاڵمانییەکانیان دا. بۆ نموونە، تەنیا نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت سەرۆکی لقێك لە حزبی داتاشراوی 'اتحاد اسلام' لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کە بە هاندانی عوسمانییەکان و بە ئامانجی یارمەتی گەیاندن بە لەشکری چڵێسی ئەوان، لە ئێران دامەزرابوو، لە زستانی ساڵی ١٩٠٤دا لە گوندی جەمیانی نێوان بۆکان و سەقزەوە بە ٣ کاروان باری ٢٥٣ وڵاخ شتوومەکی باربووی عوسمانییەکان کرد[٤٠]، هەر ئەو دەمارگیرییە ئایینییەی حاجی بابەشێخ لە نەمر قازی فەتاحی قازیشدا هەبوو کە هاوڕێ لەگەڵ کوڕەکانی خۆی و خەڵکی شاری مەهاباد بۆ پشتگیریکردن لە عوسمانییەکان چووە شەڕەجەنگی سوپای ڕووس و بە گولـلەی ئەوانیش گیانی بەخت کرد.[٤١] هەندێك بەرەوباشوورتر، لە سنە و کرماشانیش ئەو دەمارگیرییە ئایینییە کوردی خستە بەرەی عوسمانی و ئاڵمانیاوە و ئەنجامەکەی شەڕوگەری ئەوان بوو لەگەڵ سوپای ئینگلیز و بۆمباردمانی ناوچەی سەنجاوی لە لایەن فڕۆکەکانی بەریتانیا و هەڵاتنی

[٤٠] ڕەحمان محەمەدیان، "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"، انتشاراتی کۆڵەپشتی، تاران، ٢٠٠؟؟؟، بەرگی یەکەم، لل. ١٦٣ - ١٧٣

[٤١] خلیل فتاحی قازی، "تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری"، ناشر: قادر فتاحی قاضی، تبریز١٣٧٨ [١٩٩٩]، ص ٦٥

سەردار موقتەدیری سەنجاوی بۆ خاکی عوسمانی. ئێمە واهەیە ئاگاداری یارمەتیی فریوخواردووانی دیکەی داگیرکەری عوسمانی نەبین، بەڵام دەزانین کاتێ کە سوپای هەر ئەو عوسمانییانە گەیشتە موکریان، لەیەکەم هەنگاودا حەمەحوسێن خانی سەردار موکری، سەیفوڵڵاخانی ئەردەڵان حاکمی سەقز، حەمەخانی بانە و شێخ بابای غەوساباتیان ئیعدام کرد، ئینجا وەربوونە سەر ماڵ و سامانی ئەوان بە خەڵکی شاری مەهابادەوە. ئەوە برایەتی ئایینی کورد بوو لەگەڵ عوسمانییە ئیسلامەکان؛ دەسکەوتەکانیشی لەو بێ سیاسەتی و نەناسینی بارودۆخە، قوربانیکردنی هەزاران ڕۆڵەی کورد و ئیفلاسی ئابووریی ناوچەکە و هەڵخلاندنی ڕووسەکان بوو بۆ کوشتارە دڵتەزێنەکەی ساڵ ١٩١٦ لە مەهاباد.

- کاری کورد لەگەڵ عوسمانییەکان بە گۆڕانی سیستەمی خەلافەت کۆتایی نەهات و هاوکاریی کورد لەگەڵ تورکەلاوەکان و بنیاتنانی کۆماری تورکیاش نەبووە هۆکار بۆ گۆڕانی بارودۆخ و تورکیای سەرهەڵداو لە گێژەڵووکەی شەڕی یەکەمی جیهانی بە ئیعدامی شێخ سەعیدی پیران و ٤٧ هاوبیرەکەی لە ساڵی ١٩٢٥ و تێکشکاندنی خەباتی مافخوازانەی خۆیبوون و ئیحسان نووری پاشا لە ئاراراتی ساڵی ١٩٣٠ کۆتایی نەهات و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی عەفرین لە ڕۆژئاوای ساڵی ٢٠١٨ و لەشکرکێشانی ئەمساڵی ئەردوغان بۆ سەر باشووری کوردستان و پلانە چەپەڵەکانی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بۆ ساڵی دادێ، تەنیا چەند نموونەی ئەو سیاسەتەن کە بەداخەوە کورد چاوی لێ دەقووچێنێت و لەبەرانبەر درۆنەکانی تورکیا لە بادینان و شنگال و کەلار دەنگی دەرنایەت.

ئەوانە چەند ئاماژەیەك بوون بە چۆنیەتی پەیوەندی سیاسیی کورد لەگەڵ عوسمانییەکانی پێشوو و تورکیای ئەمڕۆ، بە بیانووی دەرچوونی کتێبی ڕچەشکێنی دوکتۆر سەباحی غاڵب و ورووژاندنی باسێك سەبارەت بە دۆخی کورد و تورك و ئینگلیزەکان لە سەردەمی حوکماتی یەکەمی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە ساڵانی ١٩١٩ و ٢٠ ی باشووری کوردستان. دوو بەرگی ئێستای کتێبی کاك سەباح تەرخانی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی ڕووداوەکانی کوردستان کراوە لە ساڵانی نێوان ١٩١٨ و ٢٠ دا. بەڵام بە حیسابی ناوی کتێبەکە (مێژووی

کورد و کوردستان)، خوێنەر دەتوانی هیوا بخوازێت کە ئەو دوو بەرگە سەرەتای هەوڵی نووسەر بن لەپێناو ئامادەکردنیی مێژوویەکی ڕەخنەگرانەی کورد و کوردستان کە تێیدا قۆناغەکانی دیکەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بخرێتە ژێر نەشتەری ڕەخنەگرانە و بوێرانە، هەر بەو شێوەیەی وا لەم دوو بەرگەدا دەبینرێت.

من کە بەختی ئەوەم بووە کتێبەکە پێش بڵاوبوونەوەی بخوێنمەوە، لەم چەند دێڕەدا نامەوێ بە هەموو بەشێکی کتێبەکەدا بچمەوە بەڵکوو دەمەوێ لە سەر یەکدوو خاڵی گرنگ بوەستم. یەکیان تاقیکردنەوەی تاڵی پەیوەندییەکانی شێخی بەردەقارەمان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی و تورکەلاوەکانی ئەو ساڵانە و دووهەمیان ڕژدیی سەرۆکانی کورد و نەگونجاوییانە لەگەڵ یەکتر لە بڕگەی گەلێك هەستیاری کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەتوپەت بوونی خاکی عوسمانی، کە چەندەها دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەبی لێکەوتەوە بەڵام کورد بە کاڵەی دڕاوەوە لە ڕێگەدا مایەوە.

بەشێکی بەرچاوی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و خوڵق وخوو و ڕۆحیاتی شێخ مەحموودی بەرزنجی و ڕاوێژکاران و خەڵکانی دەوروبەری، هەروەها پەیوەندەکانی لەگەڵ تورکیا و بریتانیا و شێوازی حوکمدارییەکەی. لەوبوارەدا کەڵك لە زۆر بەڵگەنامەی فەرمیی بریتانیا، یادداشتی ئەفسەرانی سیاسیی ئەوان لە بەغدا و سلێمانی وەك ویلسن، مێجەر نۆئێل، مێجەر سۆن، تۆینبی و میس بێل، هەروەها نووسینەکانی ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی وەرگیراوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری هەواڵ و بۆچوونی مێژوونووسانی کورد وەك مامۆستایان ئەمین زەکی بەگ، دوکتۆر کەماڵ مەزهەر، محەمەد ڕەسووڵ هاوار، دوکتۆرعبدالرحمان قاسملوو و.... کراوە- ئەویش بەشێوەیەك کە تا ئێستا لەناو مێژوونووسانی کورددا کەمتر بینراوە. نووسەر، کە تا مۆخی ئێسقان کوردە و بەخەمی بندەستبوونی گەلەکەیەوە دەناڵێنێ، چاو لەهەڵەی هیچ کورد و غەیرەکوردێك ناپۆشێت و وەك دڵسۆزێکی گەل و نیشتمان چەوتییەکانی هەرکامیان بە بەڵگە ڕاست دەکاتەوە.

دوکتۆر سەباح سەبارەت بە کەسایەتی و ڕۆحیاتی شێخ مەحموود لە زمان ڕەفیق حیلمییەوە دەنووسێ: "شێخ مەحموود تەریقەت و خزمایەتی بۆ فەرمانڕەوایی بەکار دەهێنا. بە هێڵێکی تەریبی دەروێش، کەسوکار و خەڵکی بوودەڵە لە پەنا شێخدا کەڵکی زۆریآن بینی و حوکمدارییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ڕام و دەستەمۆ کرد...لەو سەردەمەدا هەندێ لە زابتە

کوردەکان هاتبوونە سلێمانی و هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و ئەیانویست دەس لە ناو دەس تێبکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەڵام ڕێکەوتنی تاقمی دەوروپشتی حوکمدار و ئەمانەی تر نەدەگونجا... شێخ لە توانایدا نەبوو بەربەستەکانی [ی نێوان دەروێشی چاوبرسی و دوای تالان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایری تفەنگ لەشان لەگەڵ زابت و مونەووەر] نەهێڵێ." و وەك هۆکاری ئەو چەوتی و ناتەواوییەی کارەکانی شێخیش، دەنووسێ: "دیارە ئەوە دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی بنەمای فیکری، نەبوونی ئازایەتی و پیشەوایەتی، هەروەها شارەزا نەبوونی کارگێڕی و نەبوونی سیاسەتی ناوخۆیی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی لای شێخ مەحموود. بە مانایەکی دی، ئەستەم بوو شێخ لە چوارچێوەی سەردەمی کۆن بێتە دەرەوەو و هەست بە بایەخی قۆناغی تازە و فەرمانڕەوایەتی خۆی و نەتەوەی کورد بکا." (ل. ٣٦٥ و٦)

ناتەواویی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی تەنیا لە پەیوەندییەکانی حوکمدار لەگەڵ خەڵکی شار وناوچەکە خۆی نەنواند بەڵکوو لە شێوازی حوکمداری و ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی ئینتدابی بریتانیاشدا بەرچاو کەوت: "کاتێ شێخ مەحموود کرایە حوکمدار و نوێنەری بریتانیا بۆ فەرمانڕەوایەتیی کوردستان لە سلێمانی، بەرنامەی بریتانیا بۆ حوکمدار و خەڵك چەند خاڵێکی زۆر گرنگ بوون: یەکەمیان بۆ هێنانەژێرباری خەڵك دەبوایە حوکمدار دادپەروەر بی، ژیریتی و خزمەت بەکار بێنێ نەك زۆر و ستەم؛ دووەمیان پاراستنی تەرازووی پەیوەندیی سەرۆك خێلەکان و ڕەعیەتەکانیان بەهەند وەربگرێ بەشێوەیەك کە کەسایەتیی تاکی خێڵ و دەرەوەی خێڵ هاوسەنگ بن و ئەگەر حوکمدار و سەرۆك خێڵ ئەو سنوورەیان ببەزاندایە، بریتانیا هەقدار بوو لێیان بپرسێتەوە؛ سێیەم بەرژەوەندیی بژێوی و کار و بازرگانیی خەڵك لەلایەن حکوومەتەوە پارێزراو بوو و گەلێك هەل ومەرجی دیکە، لەوانە سیستەمی کارگێڕی، سەربازی، دارایی و ئابووری هەروەها ماف و ئەرکی دیکەی هاووڵاتییان و فەرمانبەران بە گرینگ وەرگیرابوون. بەڵام بە ماوەیەکی کورت دوای دانانی شێخ مەحموود بە حوکمدار، باری فەرمانڕووەوایەتی نەك هەر کاریگەرییەکی چاکی نەکردە سەر خەڵك، بەپێچەوانەوە هێندەی دیکە شیرازەی پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان تێکچوون و بۆشاییەکی گەورە کەوتە نێوان حوکمدار و خەڵکەوە."(هەمان شوێن)

شێخ هەل ومەرجی سیاسیی ناوچە و جیهانی نەناسی و نەیزانی چۆن لەگەڵ تورك و ئینگلیزەکاندا بجووڵێتەوە- ئەو ئینگلیزەی وا ئەوی کردبووە حوکمداری کوردستان و خێڵ و شارنشینانی ناوچەکەی هێنابووە ژێر حوکماتی! بەپێچەوانە، "تا بۆی کرا بەوپەڕی هێزی بیرۆکەیی و جەستەیی خۆی، بۆ داکۆکیکردن لە دەولەتی عوسمانیی و کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەققی، لەگەل تورکدا هاوجووت و هاومەبەست و هاوکار بوو." (ل. ٣٧١)... لەگەڵ هەموو ئەو پەیوەندییە ناجۆر و سووکایەتییەش وا تورك بە شێخ مەحموودی کردبوو [گرتن و بردنی بۆ کەرکووك و سەپاندنی فەرمانی خنکاندن بەسەریدا]، بە دڵدانەوەیەکی عەلیی ئیحسان پاشا کە فەرمان دەدا ٥ هەزار لیرەی ئاڵتوون و هەرچی کەرەسەی چەك و تەقەمەنیش پێویستی بێت بیدرێتی بۆ ئەوەی ناوچە سلێمانی لە هێزەکانی ئینگلیز بپارێزێ." (٣٧٧)، بۆ بەرژەوەندیی تورك، ڕووی سیاسەتەکەی لە ئینگلیز وەردەگێڕێت، ئەفسەرە سیاسی و کارگێڕییەکانیان دەگرێت و ماوەیەك دواتردەچێتە شەڕە جەنگی سوپاکەیان.

نووسەر لە چەند لاپەرەی دوای ٣٩٢ دا سەبارەت بە دامەزرانی حوکمدارێتی یەکەمی کوردستان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە هەندێك هۆکاری مێژوویی، چوغرافیایی و کۆمەلایەتی بۆ بەربلاوی و یەکنەگرتوویی و دابڕانی ناوچەکانی کوردستان لەیەکدی دەست نیشان دەکات و دەڵێ "...وەختێکیش لە دوای جەنگی یەکەم بیرۆکە و نەخشەیەك بۆ دامەزرانی حکوومەتی کوردستان هەبوو، کارەکان بە دامەزراوەیی و بە ڕێکی بەرێوە نەچوون و لەوەدا کورد پشکی هەرە سەرەکیی بۆ نەگەیشتن بە چارەسەرکردنی دۆزەکەی خۆی بەرکەوتووە." (٣٩٤). ئەو، مێجەر نۆئێل بە ئەفسەرێکی بریتانی دەناسێنێ کە "دامەزرێنەری قەوارەی حکوومەتی کوردستان" بە حوکمدارێتی شێخ مەحموود بوو و...."پێیوابوو ئامانجی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان بۆ کەڵك وەرگرتن لە قۆناغەکە و زیاتر فراوان کردنی سنووری حکوومەتی کوردستان لە سلێمانییەوە گەیشتۆتە کەنارەکانی گۆلی وان." (٤٠٨). وەك سەلمێنەری بۆچوونەکەی خۆیشی، ئەم دێڕانە لە ڕاپۆرتی بەرێوەبەرایەتی تیپی سلێمانی بۆ ساڵی ١٩١٩وە کە نۆئێل بۆ بەغدای ناردووە، ڕادەگوێزێت: "زمانی کوردی دەبێتە زمانی ڕەسمیی حکوومەت، بۆ قانوون دانان کەڵك لە داب و نەریت و مامەڵەی ڕۆژانەی کۆمەڵگە دەبینرێ. دەبێ سیستەمی کۆکردنەوەی داهات و باج لەگەڵ پێداویستییەکانی خەڵکدا یەك بێتەوە... ولاتەکە خاوەنی بودجەی ناوچەیی خۆی دەبێ و ئەو باجەی کۆدەکرێتەوە بۆ کارگێڕی و پێشکەوتنی ولاتەکە

بەکاردێتەوە." (٣٩٦) هەروەها دەڵێ ویڵسنی مەندووبی سامی لە سلێمانی لەگەڵ ٦٠ کەس لە نوێنەرانی خەڵك کۆدەبێتەوە و بە دوور ودرێژی باسی بارودۆخی سیاسیی خوارووی کوردستان و نەخشەی سەربەخۆیی کوردیان بۆدەکا و دەڵێ "شێخ مەحموود بەناوی حکوومەتی بریتانیاوە فەرمانڕەوایی ناوچەکان [ی نێوان زێی گەورە تا ڕووباری سیروان (جگە لە کوردەکانی ئێران)] دەکا. مەرجیشە شێخ ئیتاعەتی فەرمانەکانی بریتانیا بکا. تا ئەو ئامادەی دۆستایەتی بێ ئێمەش هاوکاری و پشتیوانیی دەکەین." (٤١٠ و ١١).

بەوشێوەیە نووسەر هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە حکوومەتی بریتانیا و دامودەزگای ئینتداب لە بەغدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کورد سەرۆکێك و بەڕێوەبەرێکی جێگەی متمانەی هەبێت کە بتوانن کوردستانی پێ بسپێرن وەك لە حیجاز و سووریا و عیراقیش وایان کرد، بەڵام "جۆری کەسایەتی و تێگەیشتنی شێخ مەحموود هی ئەوە نەبوو لەگەڵ قانوون و کارگێڕیدا بگونجێ و هەڵبکا." (٤٥٢) و لە زمان میس بێڵەوە دەگێڕێتەوە کە "ناحەزیی کەسایەتی و سەردارانی کورد بەرامبەر بە یەکدی، کارەسات و بەڵای کورد بوو. ئەوان پێویستیان بە "فەیسەڵی کورد" بوو، یەکێك کە بتوانێ قورسایی و ناوەرۆکێك بۆ بزووتنەوەی کورد دابمەزرێنێ." بەداخەوە شێخ مەحموود کەسی ئەو کارە نەبوو و لە زمان ڕەفیق حیلمییەوە دەڵێ: "نوئێل هەوڵی ئەدا کە چەوتییەك کرا ڕاستی بکاتەوە، مەبەسی بیانوو گرتن نەبوو بەڵکوو ئەیویست شێخ مەحموود پێبگەیەنێت و بۆ حوکمداری بە ڕاستی دواڕۆژ ئامادەی بکا. زەمان بەدڵی نوئێل بچوایە بەڕێوە، شکم لەوەدا نییە کە بناغەی "کوردستانی گەوورە"ی دائەمەزراند." (٤٥٣)...ئینجا خۆی لێی زیاد دەکات و دەنووسێ "ڕەنگە لە مێژووودا نەبووبێ بەبێ لێهاتوویی و بێ هاوکاریکردنی [سەردارێك]، دەوڵەتێکی زلهێز هاتبێ دەوڵەتێك بۆ ئەو گەلە دروست بکا کە سەردارەکە دەوڵەتی نەوێ! لەو دەرفەت[ی ئەو ساڵانەدا] زەمینە خۆشکرابوو بۆ بەرقەراریی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام وەك دەبینرێ کاربەدەستی کورد کە شێخ مەحموود بوو نەیتوانی بیپارێزێ." (٤٧٣).

نووسەر لەسەر ئەو بۆچوون و هێڵە فیکرییەی خۆی دەڕوات و هەڵە وپەڵەی دەسەڵاتدارییەکی شێخ مەحموود و ئاژاوەگێڕیی تایەر ئەفەندیی تورکخواز- کە بووبووە ڕاوێژکاری سەرەکیی شێخ، دەخاتە ڕوو تا دەگاتە شەڕ و شکستی دەربەندی بازیان کە بوو بەهۆی بریندار بوون و

بەدیل گیرانی شێخ و هاتنی سوپای ئینگلیز بۆ ناوشاری سلێمانی، بەم ڕستەیەش ناوەڕۆکی سەرەکیی هەڵسەنگاندنەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ: "ئەو شەڕە نابەرامبەرە، کە ئەنجامی سەرگەرمی و عینادی شێخ مەحموود بوو، نەك هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ کورد تێدا نەبوو بەڵکوو لەگۆڕنانی هەموو خۆزگە و ئاواتەکانی کوردیش بوو." (ل. ٤٨٠) هێڵی ژێر دێڕەکان من کێشاومن (ئەنوەر)

دیارە، وەك لێکەوتەیەکی دەستبەسەرکرانی ئەفسەرانی ئینگلیزی لە سلێمانی و شەڕی دەربەندی بازیان، لە شێوازی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هەندێ گۆڕانکاری هاتە کایەوە، کە یەکیان هێنانی هێزی سوپایی و گەڕاندەوەی مێجەر سۆن بوو وەك ئەفسەری سیاسی و جێگرەوەی مێجەر نۆئێل لە سلێمانی. سۆن لەباری خولق و خووەوە لە نۆئێلی هێدی و هێمن گەلێك جیاوازبوو، بەڵام، هەر توندوتیژییەکی تاکەکەسیی خۆی هەبوو، هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئینتدابی بریتانیای بەڕێوە دەبرد و لێی لانەدان. "سۆن چەندە ڕقی لە عەرەب بوو، لەوەزیاتر کوردی خۆش دەویست. بە هەموو توانایەکی سیاسی، کارگێڕی و سەربازیی خۆیەوە مەبەستی بوو خزمەت بە کورد بکا..." لە دوو بەڵگەنامەی بریتانیاشەوە ئەم دێڕانە ڕادەگوێزێت: "سۆن سلێمانیی کاولکراوی دەستی تورکەکانی بنیاد نایەوە، چەندان جادە و پردی دروست کرد و دروستکردەوە... بودجەیەکی گەورە و تایبەتی بۆ پەروەردە تەرخانکرد، قوتابخانە دروستکرانەوە... گرنگییەکی بەرچاوی بە کشتوکاڵ دەدا، بۆ گشت بەش و دەزگاکانی حکوومەت فەرمانبەرانی کوردی دامەزراند، لەبەرکردنی بەرگی کوردی کردە نەریتێکی خەڵکی، کارێکی کرد کە سلێمانی و دەوروبەری ببنە وێنەیەکی تەواوی کوردێتی و کوردستانی" (لل. ٤٩٩ و ٥٠٠)

****

بەرگی دووەمی کتێبەکە تەرخانی هەڵسەنگاندنی ژیان و کار و چالاکیی بەشێك لە ڕێبەرانی سیاسیی کورد کراوە کە لەو سەروبەندە واتە ساڵانی نێوان ١٩١٨ تا ٢٠ و مەودای حوکماتی شێخ مەحمووددا، لە باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و پێگە و دەسەڵاتێکیان بووە و ڕژدی و ناکۆکی و دژایەتی و دوژمنایەتییان لەگەڵ یەکتر و کارتێکەریی ناتەواوییەکانی ئەوان لەسەر بۆچوون و بڕیاری دەوڵەتانی زلهێز و چۆنیەتی نووسرانی پەیماننامە ناونەتەوەییەکان دەخاتە ڕوو. ئەو کەسانەی وا لاپەڕەیەکی بەرچاوی کتێبەکەیان بۆ تەرخان

کراوە، شەریف پاشای خەندان، سەید تەهای شەمزینی، شێخ عەبدولقادری شەمزینی و سمایل ئاغای شکاك (سمکۆ)ن کە دەڵێ پەیوەندیگرتنیان بە هێزەکانی ناوچە و دەرەوە لەپێناو دەسەڵات سەندن بۆ کورد و سەرجەم کوردستان نەبوو، بەلکوو بۆ ئەوەبوو هەرکام لەقوژبنێك و شار و ناوچەیەك دەسەڵاتیان پێ بسپێردرێ و سەرۆکایەتی خەڵکێك بکەن، ئەویش لەو قۆناغە ناسکەدا کە لە ناوچەکەدا خەریکە وڵاتانی سەربەخۆ یەك بەدوای یەك سەرهەڵدەدەن؛ بەڵام گەلی کوردی پارچە پارچە بووی ژێر دەستی ئەو ڕێبەرە بێ سیاسەت و لێنەهاتووانە، دەبوایە هەرکام سڵەوات لەدیداری یەکیان لێبدەن و ئاواتی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بە خەون ببینن. نووسەر دەڵێ ناتەواویی، لێنەهاتوویی و ناکۆکیی نێوان سەردارەکوردەکان گەیشتبووە ڕادەیدك کە شەریف پاشا بە "پیاوە قۆزە خۆش ڕابوێرەکەی پاریس" ناوی لێدەبرێت، شێخ عەبدولقادر و شێخ تەهای شەمزینی (مام و برازا) بە دژایەتیکردنی یەکتر دەست دەدەنە چەك و کاتێ کە فەرمانبەری کۆنسولخانەیەکی بریتانیا لە ئێرانیش هەواڵی شەڕی دەربەندی بازیان و بەدیل گیرانی شێخ مەحموود بە سمکۆ ڕادەگەیەنێ، لە جوابدا دەڵێ "باشترا!" ئایا مامۆستا هێمن حەقی نەبوو بڵێ "پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان"؟

هەرچۆنێك بێت، بڵاوبوونەوەی کتێبی دوکتۆر سەباحی غاڵب ڕووداوێکی گرنگی فەرهەنگی و ڕچەشکێنییەکی گەورەیە بۆ نووسینی مێژوورییەکی ڕەخنەگرانەی کوردستان بەدەست کورد، لە دوارۆژێکدا کە هیوادارم زۆر درەنگ نەبێت.

٢٠٢٢/٠٦/٢٤

# حزبایەتی و "چەپایەتی" لە کوردستان

## یادداشتێك لەسەر نامەی دوکتۆرای د. سمایلی بازیار

پێش هەڵبەسترانی پردی پێوەندی سیاسی لە نێوان وڵاتانی ئوروپا و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا، ئەم بەشەی جیهان نەك هەر هەواڵی حزبی سیاسی و حزبایەتیکردن بە تەعبیری ئەمڕۆیی نەبیستبوو، بەڵکوو هەندێك دەستەواژەی وەك پارلمانتاریزم، دیموکراسی و تەنانەت چەمکی وەك 'ئازادی' ش لە ناو ئەدەبیاتی خەڵکەکەیدا نەبوو چ بگات بە خەبات لە ڕێگای مسۆگەر کردنیان.[٤٢] ئوروپاییەکان لە پێناو بەفەرمی ناسینی مافەکانی کۆمەڵانی خەڵك و بەربەست دانان بۆ دەسەڵاتی بێ سنووری شاهان، گەلێك پێش بنیاتنانی یەکەم حزبە سیاسییەکانیان، خەباتیان کردبوو و دەسکەوتیشیان هەبوو. پەیمانی 'ماگناکارتا' (بەیاننامەی مەزنی ئازادی)[٤٣] ڕۆژی ٦/١٥ /١٢١٥ ی زایینی لە نێوان شا 'جۆن' و نەجیبزادەکانی ئینگلستان مۆر کرابوو، کە بە گوێرەی ئەو، بۆ یەکەم جار لە جیهان، سنوورێك بۆ دەسەڵاتی شا دانرا. سەمەرە نییە ئەگەر بگوترێ ئەوەی ئوروپای لە تاریکایی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار کرد و گەیاندیە ئاستی ئەمڕۆ، نە شۆڕشی پیشەسازیی نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە، بەڵکوو ماگناکارتای سەرەتای سەدەی سێزدەهەم بوو[٤٤].

درەنگتر، شۆڕشی مەزنی فەرانسە (١٧٨٩ تا ٩٩) بە دروشمی لائیسیتەوە کە شکۆی سەدان سەدەیی ئایینی بردە ژێر پرسیار، هەروەها شۆڕشی ئوکتۆبری ١٩١٧ ی ڕووسیا، کە سیستەمێکی ئابووریی لە وڵاتێکی ئوروپایی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵتەکاند، وردە وردە جمووجۆڵی سیاسیی و حزبایەتییان لە ناو ڕووناکبیرانی ناوچەکەی ئێمەشدا بەرهەم هێنا.

---

[٤٢] ئەگەریش وشەی ئازادی بوونی هەبوو لە پێوەندی گەردن ئازایی دووکەسیی ڕۆژانی جەژندا بوو بێ ئەوەی بارێکی سیاسی هەبێت. کێ لە شیعری بیرمەندانی وەك سەعدی و حافزی شیرازی، یان مەلای جزیری و شاعیران و خاوەن بیرانی کۆنی کورددا ڕووبەڕووی ئەو چەمکە بۆتەوە؟

[43] Magna Carta Libertatum, Great Charter of Liberties

[٤٤] ئەم تەعبیرەم لە وتارێکی دوکتۆر عەباسی وەلی وەرگرتووە.

ئەگەر حزبی سیاسی لە ئوروپا دیاردەیەکی سەدەی شازدە و حەڤدەهەم بوویێت، کە بوو،[٤٥] یەکەم حزبە سیاسییەکانی ناوچەی ئێمە گەلێك درەنگتر بە ئامانجی پێش خستنی کۆمەڵگا و گەیشتن بە ڕادەی وڵاتانی پێشکەوتوو، لە لایەن هەندێك ڕووناکبیری پێشکەوتنخوازەوە لە ژێر کارتێکەری و بە چاولێکەریی ئوروپاییەکان دامەزران؛ باوەکوو ئەشرافییەتی فیئۆداڵی و دیسپۆتیزمی ڕیشە داکوتاوی ڕۆژهەڵاتی بەرگر بوون لە سەرهەڵدانی بیری نوێ کە هاوڕێ لەگەڵ چەکەرە کردنی بنەماکانی سەرمایەداری دەهاتە ناوچەکەوە و ئەو ئیستیبدادە هەمەگیرە دەرەتانی بە دامەزرانی حزب و هەڵسووڕانی سیاسی لە لایەن ئاپۆرەی خەڵك و ڕووناکبیرانی لایەنگری ئەوانەوە نەدەدا. لە ئەنجامدا، یەکەمین حزبە سیاسییەکانی گەلانی ناوچە، کەمتر لە سەر خاکی خۆیان و زیاتر لە دیاسپۆرا دامەزران.[٤٦]

لە کوردستانی داگیرکراوی دابەشبووی دواکەوتووی ئابووری، بارودۆخەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. "کۆمەڵەی هاریکاری و پێشکەوتنی کورد" (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) کە بە چەند ناوی جیاواز وەك "کلووپی کورد" و "هێڤی" و "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد" و "فەلسەفە"ش ناسراوە، لە سەر نموونەی "جەمعیەتی یەکیەتی و پێشکەوت" (اتحاد وترقی جمعیتی) عوسمانی لە ١٩٠٨/٩/١٩ دا لە ئەستەمول دامەزرا.[٤٧]

---

[٤٥] . دەگوترێ حزبی موحافیز (The Whigs) ی بریتانیا، کە وەك یەك لە یەکەمین حزبە سیاسییەکانی ئوروپا دەناسرێت، لە ساڵی ١٦٧٨دا دامەزرابێت.

[٤٦] حزبی ناسراو بە "الحزب الوطنی الحر" سەید جەمالەدین ئەسەدئابادی ئەفغان لە دەیەی ١٨٧٠ دا لە میسر دامەزرا ؛ دوای چەند ڕێکخراوی خوێندکارانی ئەرمەنی لە مۆسکۆ، حزبی داشناکسیۆنی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٨٨٩دا لە تفلیسی گورجستان دامەزرا. حزبی "اجتماعیون عامیون" یا سۆسیاڵ دیموکراتی ئێران لە ساڵی ١٩٠٤ دا لە باکۆی خاکی ئەودەمی ڕووسیا و حزبی "اتحاد و ترقی" عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩٠٦ دا لە پاریس دامەزران.

[٤٧] عەبدوڵلا جەودەت و ئیسماعیل حەقی بابان لە دامەزرێنەرانی و بۆ ماوەیەك سەید عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی بچووکی شێخ عوبەیدیللای نەهری سەرۆك و پیرەمێردی سلێمانی خاوەنی گۆڤار(غەزتە)کەی بوون. بڕوانە ئەم سێ سەرچاوەیە:

- ماڵمیسانژ، "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی"، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی ، پێداچوونەوەی سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١١ تا ١٥.
- http://www.historyofkurd.com/2017/01/06/%d8%a6%db%8c%d8%b3%d9%85%d8%a7%d8%b9%db%8c%d9%84-%d8%ad%db%95%d9%82%db%8c-%d8%a8%d8%a7%d8%a8%d8%a7%d9%86-%da%95%d9%88%d9%88%d9%86%d8%a7%da%a9%d8%a8%db%8c%d8%b1%db%8e%da%a9%db%8c-%d9%87%db%95%da%b5/
- https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%95%DB%86%DA%98%D9%86%D8%A7%D9%85%DB%95%DB%8C_%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF_%D8%AA%DB%95%D8%B9%D8%A7%D9%88%D9%86_%D9%88_%D8%AA%D8%B1%D9%82%DB%8C_%D8%BA%D8%B2%DB%95%D8%AA%DB%95%D8%B3%DB%8C

"خۆیبوون"، وەك یەکەمین حزبی سیاسیی کورد،[٤٨] ساڵی **١٩٢٧** بە پشتگیری و هاندانی حزبی داشناکسیۆنی ئەرمەنی لە هاوینەهەواریکی "شاری بیحەمدوونی لوبنان" و لە ماڵی یەك لە ڕیبەرانی ئەو حزبە بە ناوی "واهان مسروب پاپازیان" بە بەشداریی نوینەرانی کوردی ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی بنەمای دانرا.[٤٩] <u>بە گوێرەی ئەو ڕیکەوتە، ئیمەی کورد ئیستا لە ساڵی **٢٠٢٠** دا، **٩٣** ساڵە حزبی سیاسیمان هەیە.</u>

حزبی هیوا کۆپییەکی خۆیبوون بوو و لە **١٩٣٨** دا لە سلیمانی دامەزرا. سەرۆکی هیوا، ڕەفیق حیلمی، لە پەروەردەی عوسمانیدا دەرسی خویندبوو.[٥٠]

---

[٤٨] لە سالانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی (١٨ -١٩١٤) و لە ماوەی شەڕەکەدا بۆ پشتگیری کردنی سپای تورکان دژ بە بریتانیا و ڕووس و فرانسا، جەمعییەت یان کۆمەڵەی "ئیتیحادی ئیسلام" لە لایەن حاجی بابەشێخی سەیادەتەوە (دواتر "سەرەك وەزیرانی کۆماری کوردستان") لە گوندی "جەمیان"ی نێوان بۆکان و سەقز دامەزرا کە تەمەنێکی درێژی نەبوو. باوەکوو ئەستەمە بتوانرێت وەك 'حزبێکی کوردی" سەیری 'ئیتیحادی ئیسلام"ەکەی حاجی بابە شێخ بکرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت کۆمەڵەیەك بوو بە ئامانجی سیاسی- ئایینییەوە. تورکیای سەرهەڵداو لە خۆڵەمێشی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، سەرەڕای ئەوەی لە ناوخۆی وڵاتدا سیاسەتێکی لائیسیتەی پەیڕەو دەکرد، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی و لە ناو دراوسێ کورد و عەرەب و ئێرانییەکانیدا لافی ئیسلامییەتی لێدەدا و پشتی ڕێکخراوەیەکی گرتبوو کە ناوی "اتحاد اسلام" بوو و لە تاران و شوێنەکانیتری ئێران لایەنگری هەبوون. حاجی بابەشێخی سەیادەت لقی ئەو کۆمەڵەیەی سەرۆکایەتی دەکرد و بە گوێرەی بەڵگەی بەردەست، یارمەتییەکی زۆری دارایی و پێداویستی دیکەی بۆ سپای ئیسلام (تورکەکان) کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی باشتر بتوانن بە هاوپشتیی ئاڵمانیەکانیان کە دەیانگوت ویلهێڵمی ئیمڕاتۆریان موسوڵمان بووە و ڕۆژانە جارێك قورئان خەتم دەکات، دژ بە 'کافران' ی ڕووس و بریتانی و فڕنسی بجەنگن و ئیسلام سەر بخەن. بڕوانە: ڕەحمان محەمەدیان، "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا'، بەرگی یەکەم، پەخشانگای کۆڵەپشتی، تاران ١٣٨٩ **[٢٠١٠]**، لاپەڕە ١٨٦ تا ١٧٣.

[٤٩] بڕوانە ئەم سێ سەرچاوەیە:

- دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، "کوردستان وکورد- لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری"، وەرگێڕ: عبدالله حسن زادە ، شوێن؟ ١٩٧٣، لاپەڕە ٦٢.
- https://kurdarshiv.wordpress.com/2013/08/03/%D8%A6%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF%D8%A7%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C%D8%AF%D8%A7%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D8%B2%D8%B1%DB%8E%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DB%8C-%D8%A8%D8%B2%D8%A7%DA%A4%DB%8C%D8%AE%DB%86%DB%8C
- https://paknehaad.blogspot.co.uk/2012/05/blog-post_5249.html

[٥٠] بوونی دوو کۆمەڵەی بچووکی 'دارکەر" و "برایەتی" ش وەك بنەمای حزبی هیوا، نابێ کەو حیساباتەدا لەبەرچاو نەگیرێن.

حزبی "ئازادیی کوردستان" لە مانگی جوونی ١٩٣٨ لە لایەن چەند ڕووناکبیری موکریانییەوە بە سەرۆکایەتی عەزیز زەندی لە مەهاباد دامەزرا. زەندی لە ڕێگەی تورکیاوە سەردانی ئاڵمانیای کردبوو و هەر بەوبۆنەیەوە بە "عەزیز ئاڵمانی" ناودەبرا. زەندی دەبێ لەو سەفەرەی دەرووەی ئێراندا، لە ئەستەموڵ ناسیاویی لەگەڵ جەمعییەتی یەکیەتی و پێشکەوتی کورد پەیدا کردبێت و لە گەڕانەوەی مەهاباد دا حزبی ئازادیی بە یارمەتی هەندێك هەڵسووڕاوی سیاسی لە سەر نموونەی ئەو جەمعییەتە و بە ئەگەرێکیش، لە سەر نموونەی حزبی هیوای تازەدامەزراو بنیات نابێت. ساڵی دامەزرانی حزبی هیوا لە سلێمانی و حزبی ئازادیی کوردستان لە مەهاباد هەر یەکە.

کۆمەڵەی ژێکاف وەك درێژە، یان جێگرەوەی حزبی ئازادیی کوردستان، هاوشێوەی "هیوا" و واهەیە لەپەیوەندی ئەویشدا، لە مەهاباد دامەزرا. ساڵی بە فەرمی دامەزرانی ژێکاف ١٩٤٢ی زایینییە باوەکوو هەندێك جار مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨.[٥١] ژێکاف ئاویتەیەك بوو لە نەریتە سیاسییەکانی هەردوك کۆمەڵگای باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوای گەڕانەوەی جاری دووهەمی[٥٢] کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی موکریان بۆ باکۆی سۆڤیەتی، بە ڕێبەرایەتی (دواتر "پێشەوا") قازی محەمەد، لەسەر پێشنیاری سۆڤیەتییەکان (لە زمانی باقرۆف سەرەك کۆماری ئەودەمی کۆماری سۆڤیەتی ئازەربایجانەوە)، لە ساڵی ١٩٤٦دا لە مەهاباد دامەزرا و شوێنی ژێکافی گرتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق (ئێستا 'باشووری کوردستان') وەك کۆپییەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵێك دوای ئەو، لە ١٩٤٧دا بوونی پەیدا کرد.

پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا (ئێستا 'ڕۆژئاوا') دە ساڵێك دواتر، لە ساڵی ١٩٥٧دا لە سەر نموونەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دامەزرا.

ئەندامانی ناسراو بە "دەفتەری سیاسی" ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، لە ١٩٦٦دا لە ئەنجامی نێوان ناخۆشیی لەگەڵ مستەفا بارزانی[٥٣]، ڕیزی خۆیان لە شۆڕشی ئەیلوول

---

[٥١] . ئەوە واهەیە بگەڕێتەوە سەر مێژووی حزبی ئازادیی کوردستان کە هەندێك کەس چاوپۆشی لە بوونی دەکەن و مێژووەکەی دەخەنە سەر مێژووی ژێکاف.

[٥٢] سەفەری یەکەمی کەسایەتییە کوردەکانی ناوچەی موکریان لە ساڵی ١٩٤٢ دا بوو. سەفەری دووهەمی ڕێبەرانی کورد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد، لە ٥ ی پووشپەڕ (تیر)ی ١٣٢٥ دا بووە کە ئەگەر هەڵە نەکەم دەکاتە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٤٦/٦/٢٦.

[٥٣] و" واهەیە" بە دنەدانی دەزگای سیخوریی ئێران (ساواك).

جیاکردەوە. یەکیەتی نیشتمانیی دواتریش لە لایەن هەمان ئەندام و لایەنگرانی دەفتەری سیاسییەوە، بە "کۆپیکردنی نیمچە بەرەیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی"[٥٤] لە ساڵی ١٩٧٥ دامەزرا.

"کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی ساڵی ١٩٦٨ (و 'کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان'ی دوای ساڵی١٩٧٩) هاوڕێ لەگەڵ "بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان" و "خەتی گشتی"، هەرسێکیان لە لایەن کەسی یەکەم و دووهەمی یەکیەتی نیشتمانییەوە دامەزران و لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەگوترا یەکیەتی نیشتمانی، پێکهاتەیەك لەو سێ ڕێکخراوە سیاسییە بوو.[٥٥]

دوو بەردی بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، کە بوونی لە ساڵی ١٩٨٠ دا ڕاگەیەنرا، بیر و بۆچوونی گرووپی ئێرانیی 'سەهەند' و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی باشووری کوردستان بوو.[٥٦]

چریکی فیدائی خەلقی ئێران و موجاهیدینی خەلقی ئێران، باڵی شۆڕشگێری حزبی توودە و باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شوێنکەوتووی بزووتنەوە چریکییەکانی فەلەستین و ئەمریکای لاتین بوون کە ئەوانیش لە کانیاوی لێڵی مائۆئیزمی دەیەی شەست ئاویان دەخواردەوە. ئەو لاوانە خۆیان لە ئاوێنەی چێ گیڤارا دەدیت و دەیانویست شۆڕش بە بێ تیئۆریی شۆڕشگێڕانە سەر بخەن و وەك مۆتۆڕێکی بچووك، قەتاری کۆمەڵانی گەڵ بەشوێن خۆیاندا ڕکێش بکەن- فانتێزیایەك کە تێیدا گەلێك پارامیتر و یەك لەوان کاردانەوەکانی سیستەمی سەرمایەداری، نەگیرابوونە بەرچاو.

موجاهیدەکان بە گوێڕایەڵیی یەك تاکی ڕێبەری حزب، ئێستا نزیکەی چل ساڵە لە عیراق و ئاڵبانیای ئەوپەڕی سنوورەکانی ئێرانەوە بە خەیاڵ خەریکن شۆڕشی گەلانی ئێران ڕێبەرایەتی بکەن. وەرچەرخانی سیاسەتی فیدائیانی خەلق (ئەکسەرییەت) لە کوردستانیش، بەگوێرەی فەرمانێك بوو کە لە تارانەوە هاتبوو و لە ئەنجامدا بە یەك تاقە شەو، خومەینی و خەڵخاڵی و پاسداری کوردکوژ بەرگی 'ضد امپریالیست'یان لەبەر کرا و لە ئەنجامیدا سووك و سانا چەکی خەڵك دانرا هیچ، تەحویلی پاسدارەکانیش درا!

___بۆ مەسەلەی خۆخزاندنی ساواك بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و پەیوەندیگرتنیان سەرەتا لەگەڵ ئەندامانی ناسراو بە 'دەفتەری سیاسی' و پاشانیش ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوول، بڕوانە: عیسی پژمان، "کردها و کردستان"، جلد چهارم، انتشارات ژن، پاریس ١٩٩٢ و زۆر سەرچاوەی تر.

[٥٤] بڕوانە هەڤاڵ کوێستانی، "ئەو ڕۆژانەئ نیشتمان هی هەمووان بوو'، بڵاوکەرەوە نووسەر، سلێمانی ٢٠١٧ ل. ١٣٤

[٥٥] . هەمان، لاپەڕەکانی دواتر.

[٥٦] . لایەنگرانی کۆمەڵە مێژووی خەباتی پێشووی چەند کەس لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە وەك بەشێك لە مێژووی خۆیان سەیر دەکەن و دەیبەنە نزیکەی ١٠ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتە.

باڵی شۆڕشگێڕی حزبی توودە بە تێخزانی جاسووسانی ساواك لەگرێژەنە چوو و بە داخەوە چارەنووسی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتیش لە هەموو ئەو سێ ڕێکخراوەیە دڵ تەزێنیتر بوو کە بە گیان بەختکردنی قارەمانانەی نزیك بە هەموو ئەندامەکانی لە ١٩٦٩دا کۆتایی پێهات.

ئاشکرایە، بوونی بنەمایەکی بەهێزی تیۆری کۆمەڵایەتی-سیاسی و دیموکراسیەتی ناوخۆیی لە ناو ئەندام و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوانەدا، دەیتوانی دەرگا لە کارەساتێکی مرۆیی-سیاسیی ئەوتۆ دابخات؛ بەڵام ئەو پسپۆڕایەتی و لێزانییە سیاسییە لە کوێ و لاوانی بێ ئەزموونی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم لەکوێ! هیوادارام لاوانی ئێستا و دواڕۆژی کورد بە چەکی زانیاری و لەبەر شەوقی چرای ئەزموونی تاڵی دوو سێ نەسلی پێش خۆیان، چیتر چەواشە نەبن و ڕێدۆز و ڕێناس، ڕێگای پڕ کەند وکلۆ بەرەو بەختەوەری خەڵك بپێون.

هەموو ئەو حزبانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، یان چەپ بوون و دروشمی کومۆنیست و سوسیالیست بوونیان بە فەرمی هەڵگرتبوو، یان چەپیەتی بەشێك بوو لە بەرنامە و ئەساسنامەیان و لایەنگرەکانیان شان بە شانی حزب و گرووپی چەپ، خۆیان لە بەرەی "دژە ئیمپریالیستی"دا دەدیتەوە و گەلێك لەوانیش زیاتر بە قەڵەمیش نەبوویێت بە قەدەم لەگەڵ ئیرتیجاعی حاکم دەجەنگین. کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا پەناگەیەك بوو بۆ هەڵاتووانی چەپ لە دەست حاکمانی ئەو وڵاتانەی وا کوردی تێدا دەژیان. بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی حزبە چەپەکانی ناوچەکەش بە ئەندام و لایەنگرەوە هەر کورد بوون.[57] کەم خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە سەر شەقامەکانی بەغدا و ئەستەموڵ و تاران بووە کوردی تێدا نەگیرابێت یان نەکووژرابێت.

لە لایەکیترەوە، حزبە چەپەکان و بۆ نموونە حزبی توودەی ئێران و حزبی شیووعیی عیراق زوربەی کات لە چوارچێوەی پاراستنی دۆخی مەوجوود واتە "تمامیت ارضی" وڵاتەکان و مەحکووم کردنی "تجزیە طلبی" دا، لایەنگر و پشتگری خواستە "دیموکراتیك"ەکانی کورد بوون بەڵام هەرکات کورد ویستبێتی کەڵك لە دروشمی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" وەربگرێت، کە هەر ئەوان وەك 'ئەسڵێکی لینینی' هێنایانە ناوچەکەوە، بە ناوی ڕێزگرتن لە Sovereignty وڵاتەکان، بە توندی دژی گەلەکەمان وەستاون و تەنانەت لە هەندێ قۆناغدا بۆ لێدانی کورد بوونەتە هاوسەنگەری سەدام و پەهلەوی و ئایەتوڵڵاکان. مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی وڵات دووڕییانێك بووە کە هەردەم کوردی لە غەیرەکوردی ئێران

[57] نموونەکەی، سەربەدارانی گیانبەختکردووی ڕێکخراوەی پەیکار لە شاری "ئامول"ی مازەندەرانی ئێران، پایزی ساڵی ١٩٨١.

و عیراق و تورکیا جیاکردۆتەوە و بەوەش تەریك کەوتۆتەوە. دۆستە چەپەکان هەرگیز خۆیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرەی نێوان و کورد و غەیرە کورد و نزیك کردنەوەیان لە یەکتر، ماندوو نەکردووە و لە شوێنی هەستیاری کێشەکاندا چوونەتە بەرەی دژ بە خواستە بنەڕەتییەکانی کورد وەك سەربەخۆیی خوازی یان تەنانەت خودموختاری و فیدڕالیزم.

وەك ئاکامێکی ئەو دۆخە نابەرانبەرە، کوردی بندەستی هەرەشە لێکراوی ڕپێنراوی لە چیا وبەندەنان توندکراو، لای کەم لە دوو سەدەی ڕابردوودا، چاوی بۆ هەموو هێزێکی هاوڕێ و هاودەنگ گێڕاوە کە بەدەنگی داواکارییەکانیەوە بێن. ماوەیەك لەگەڵ ئایینییەکان کەوتووە (شێخ مەحموودی حەفید و عوسمانییەکانی لایەنگری ئیسلام؛ ئەحمەدی موفتیزادە و ئایەتوڵڵاکانی ئێران؛ حدك و موجاهیدینی خەلق)، یان دۆستایەتی چەپی کردووە (گرووپی حەوت کەسیی و حزبی توودەی ئێران؛ کۆمەڵە و سەهەند) بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕووبەڕووی دیواری کۆنکریتی دۆگمەکانی ئەوان بۆتەوە و بە سەری شکاوەوە گەڕاوەتە دواوە. زۆر پێشمەرگەی کورد، نیشانی چەکوش و داس بە سەر سینگەوە و کلاشینکۆفی گرووپێکی چەپ بە دەستەوە، چوونەتە مزگەوت و لە نوێژی جەماعەتدا بەشدارییان کردووە. نوخبە و ڕووناکبیرەکانیش وەك ئاپۆرەی خەڵك و زیاتر لەوان، لە دۆست و هاوپەیمان گەڕاون و لەو دنیا پڕ ناتەباییەدا، ڕێگەیان بە شوێن ڕێگەدا تاقی کردۆتەوە و ڕێبازیان لەمەوە بۆ ئەو گۆڕیوە بەڵام تەنیا کاڵەیان دڕاوە و هیچیان پێنەبڕاوە. بڕوانە ئەم نموونانە:

حەسەنی قزڵجی لە سەر دووڕییانی حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی توودەی ئێران وەستا، هێمنی شاعیر و مامە غەنی بە کاناڵی گرووپی حەوت کەسیدا لە حدکاوە بەرەو حزبی توودەی ئێران ئاژوان؛ گۆران و ڕەفیق چالاك و خالید دلێر بە شیووعیەت کوردایەتییان کرد، پ ك ك لە پەروەردە کردنی ئەندامانیدا سنوورێکی دیاریکراوی بۆ ناسیۆنالیزم و کومۆنیزم دانەنا. 'کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران'یش لە پێکهێنانی "جەمعییەتی زەحمەتکێشان" ەوە تا هاوپشتی 'سەهەند' و تووانەوە لە حزبی کومۆنیستی ئێران و سەرهەڵدانەوە و گەڕانەوە سەر واقیعی سیاسەت و پاشانیش دووشەقە بوون، نموونەیەکی کەمی ئەو دۆخەن کە کوردی تێکەوتووە.

سەمەرە نییە کە بەشێك لە سەرۆکایەتی حزبە چەپەکانی ناوچە، خۆیان کورد بوون: عەزیز محەممەد لە عیراق[٥٨]، خالید بەکتاش لە سووریا، کەماڵ جونبەلات و وەلید جونبەلات لە لوبنان. هەروەها تورگوت ئۆزالی سەرەك کۆماری تورکیا، حەیدەر عەلییێڤ سەرەك کۆماری

[٥٨] مامۆستا عەزیز محەممەدیش کوردێکی دیکەی هەڵگری خەلاتی ئاشتی لێنین بوو. ساڵانێك پێش ئەو و حەیدەر عەلییێڤ، لاهووتی کرماشانی یەکەم کوردێك بوو کە ئەو خەلاتەی لە دەست ستالین وەرگرت.

پێشووی کۆماری ئازەربایجان، کە لە کۆتاییەکانی تەمەنی یەکیەتی سۆڤیەتی و سەردەمی گورباچۆفدا، وەك یەکەمین کەسی کۆمارە ئاسیاییەکانی سۆڤیەت، گەیشتە پلەی ئەندامیەتی دەفتەری سیاسی یەکیەتی سۆڤیەتی و 'خەڵاتی ئاشتیی لینینی' پێبەخشرا- خەڵاتێك کە لە سیستەمی سۆڤیەتیدا وەك بەرانبەر بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دانرابوو،[٥٩] کوردبوون بەڵام بەرهەمی کورد لە پلە وپایەی ئەو گەورەپیاوانە چی بووە؟ کەس هەیە شتێکی دیتبێت؟ حیسابی سێ سەرەك کۆماری کوردی عیراقی دوای سەدام حوسەین تا ڕادەیەك لەو کەسانەی سەرەوە جیاوازە.

ئەوە حیکایەتی تاڵی گەلێکە کە بەشوێن ئاوی حەیاتی سەفرازی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا گەڕاوە، لە هەموو دەرگایەکی داوە و گەلێك ڕێبازی تاقی کردۆتەوە، باوەکوو هەندێك جار بە شەوارە کەوتبێت و چەواشە بووبێت، بەڵام ئێستاش هەر زیندووە و دەئاژوێت و بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ڕێبازی نوێتر تاقی دەکاتەوە. کورد لەو بوارەدا ئەگەر دەرەتانێکی لە لایەن وڵاتانی سوسیالیستییەوە بەچاوکردبێت، دەستبەجێ قۆستوویەتەوە، دژایەتی هێزی ئیستیعمار و سەرمایەداریی کردووە و بە شان و باڵی ڕێبەرەکانیدا هەڵگوتوون.[٦٠] ئەگەریش چرایەکی سەوزی لە لایەن بەرەی ڕۆژئاواوە بۆ هەڵکرابێت، هیوای پێ بەستووە و سڵاواتی لە دیداری بەرپرسانی لێداوە،[٦١] جا لایەنەکان واهەیە هاوڕێی ڕاستگۆی ڕاستەقینە بووبێتن یان بە پێچەوانە، ڕەفیقی نیوە ڕێ.

***

مێژووی سیاسیی کورد لە دوو سەدەی ڕابردوودا، یەك ڕاستی دەسەلمێنێت: ئەگەر وڵاتانی سوسیالیستی و حزبە چەپەکانی ڕۆژئاوا لە سەر دووڕیانی گرنگی وەك دیاریکردنی چارەنووس، پشتی کوردیان بەردابێت، بەژنی سەرەکیی چەپی کورد بە ئوسووڵی باوەڕە سیاسییەکەی وەفادار ماوەتەوە، لێی پاشگەز نەبۆتەوە و وەك دۆگمێك لە مێشکیدا پاراستوویەتی بە شێوەیەك کە بۆ درێژەی خەبات لەگەڵ نەتەوەییەکانی گەلی خۆی کەوتۆتە ناتەباییەوە. سەیرێکی چارەنووسی لاهووتی کرماشانی، وەك نموونەیەك بۆ سەدان و هەزاران ڕووناکبیری دیکەی چەپ، دەرسێکی باشمان دەداتێ. ئەو وتارەی ئەو بە ناوی "کورد و کوردستان" لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە مۆسکۆ بڵاوی کردەوە و تێیدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بە دارەدەستی

---

[٥٩] ئیلهام عەلییۆف سەرەك کۆماری ئێستای کۆماری ئازەربایجان کوڕی حەیدەر عەلییۆف، کوردی نەخجەوانە.

[٦٠] *"ئیستالین پێشەوایە، بۆکوردان وەك باب وایە، کوردان هەڵکەن ئاڵایە"* سرووودی 'ئاوی کەوسەرە'ی سەردەمی کۆماری کوردستان.

[٦١] *"جۆرج بوش و تاڵەبانی، دوو برای گیانی گیانی"* دروشمی خۆپیشاندانێك لە سلێمانی، سەردەمی شەڕی کەنداو و دامەزرانی هەرێمی کوردستان لە باشوور.

ئیستیعماری ئینگلیز لە قەڵەم دا، بە گوێرەی دوکتۆر جەبار قادر، *"هەندێ لە وتە و تۆمەتەکانی لەگەڵ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ستالینیدا لەمەڕ ناسیۆنالیزم و بزاڤی نەتەوەیی گەلانی ژێردەستە، یەکیان دەگرتەوە و لە ئەنجامدا بوو بە بنێشتی بن دانی کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتانی تری بەنێو سوسیالیست و تاوەکوو شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەو وڵاتانەدا بە شێوەیەکی زەق بەرچاو دەکەوت... و تەنانەت دەگوترا لێنین دووجاری خوێندبێتەوە."*[٦٢]

ئەو چەواشەکاری و دۆگماتیزمەی هەندێك کەسایەتی ناو بزاڤی چەپ هاوشان لەگەڵ زۆر هۆکاری جیهانی و ناوخۆییدا بوونە هۆی ئەوەی خەبات و لەخۆبووردوویی ڕووناکبیرانی چەپی کورد لەپێناو سەرفرازیی گەل و وڵاتەکەیان بە گوێرەی پێویست بایەخی پێنەدرێت، ناوی هەزاران گیان بەختکردووی ڕیزەکانیان لە تاریکایی ئەو پشتگوێخرانەدا وون بێت و نە لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری و کومۆنیستی جیهان و نە لە مێژووی حزبایەتی کورددا شوێنی پێویستیان پێنەدرێت. ئەو دۆخە بە پێوانەی شەخسی، زوڵمێکی ئاشکرا و لە پەیوەندی گشتیتری وەك مێژووی سیاسی کوردستانیشدا کەمایەسییەکی گەورەیە بە شێوەیەك کە بۆشاییەکی لە مێژووی ڕێکخراوەیی کوردستاندا پێکهێناوە و کاری لێکۆڵینەوە و بنج و بناوان دۆزینەوەی دواتری ڕووداوەکان و دەوری ئەو قارەمانانەی ئەستەم کردووە. کەسێك چۆن دەتوانیت مێژووی هاوچەرخی تورکیا بنووسێتەوە بێ ئەوەی دەست نیشانی کارەکانی هەدەپە و ڕێبەرەکانی بکات کە هەر ئێستا بە تاوانی مافخوازی بۆ گەلە بندەستەکەیان لە زیندانی ئەردۆغاندا ئەسیرن؟ بە هەمان شێوە، چۆن دەکرێ ناوێك لە کار و هەڵسووڕانی سیاسیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ببرێت بەڵام کۆمەڵە و ڕێبەران و ئەندامە مارکسیستەکانی بکات بەژێر لچەوە؟ یا خود نووسینەوەی مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدك و حدکا) جۆن گونجاو دەبێت ئەگەر سەدیقی ئەنجیری و سمایلی شەریفزادە و موعینییەکان و لەخۆبووردوویی شۆڕشگێڕانی دیکەی ساڵانی ٦٩- ١٩٦٨ ی لێ دەربهاوێژرێت؟

بیری چەپ و پێشکەوتنخواز وەك دوانەی حزبایەتیی کوردی، هەر لە سەرەتاکانەوە لەگەڵیدا لەدایك بووە، جا ئەگەر ئێستا یەك لەو دوانە سیندرێلای مێژوونووسان بێت و ئەویتر مراوییە ڕەشە ناحەزەکەی هانس کریستیەن ئاندرسن، ئیتر ئەوە کێشەی مێژووە و ئەنجامی هەرەسی سیستەمی سوسیالیستی لە یەکیەتی سۆڤیەتی و وەرچەرخانی چین بەرەوە سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی.

---

[٦٢] بۆ وتارەکەی دوکتۆر جەبار قادر، بڕوانە ئەنوەر سوڵتانی، "لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد"، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، پاشکۆی دووهەم، لل ١٨٥ تا ٢٥٦.

*****

نامەی دوکتۆرای کاك سمایلی بازیار کە ئێستا لە بیچمی کتێبێکدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەری کورد، هەنگاوێکی بەسوودە بەرەو قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەسارە بەرچاوەی ناو حزبێکی ڕەگ داکوتاوی کورد، کە حزبی دیموکراتی کوردستان (حدك و حدکا) بێت. لێکۆڵینەوەکە بەرهەمی ئەرك و زەحمەتێکی زۆرە لە هەلومەرجێکی نەگونجاوی دوور لە باوەڕی نووسەر و شوێنی ژیانیدا. بۆ ئەو و خەڵکانی دیکەی لە بارودۆخی ئەودا ژیاو، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و بەڵگە هاسان نییە، لە کاتێکدا هەر ئەو دەستاوێژانە گەوهەری سەرەکی لێکۆڵینەوەی زانستیانە پێك دێنن.

من نووسەر لە نزیکەوە ناناسم و تاقە شتێکم لە باسی ئەودا خوێندبێتەوە بیرەوەرییەکانی کاك برایم چووکەڵی یان کەسێکی دیکەی ئەندامی حزبی دیموکرات بووە، کە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی شەڕی گوندی نۆباری لای بۆکاندا، هەواڵی ئازایەتی و ورەی بەرزی ئەوی سەرەڕای برینداربوونەکەی بە خوێنەر داوە. ئەم کتێبەشی پێش بڵاوبوونەوەی، لە لایەن دۆستێکی خۆشەویستی هەردوولامانەوە وەك پی دی ئێفی سەر ئینترنێت بۆ ناردم، منیش بە زەوقەوە خوێندمەوە. ئەم دێڕانەی خوارەوە بەشێکن لەو یادداشتانەی وا لە کاتی خوێندنەوەیدا هەڵمگرتوون:

یەکەم خاڵی بەرچاو لە کتێبەکەدا زانیارییەکی زۆری پشت ئەستوور بە بەڵگەن، کە کەم و زۆر لە هەموو لاپەڕەیەکیدا ئاراستەی خوێنەر کراون و گەلێك لایەنی تاریکی مێژووی هاوچەرخی کوردیان ڕوون کردۆتەوە. یەك لەوانە، پەیوەندیی نێوان حزبی ڕزگاریی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکافە. منیش وەك زۆر کەسی دیکە وامدەزانی کۆمەڵەی ژێکاف لە کۆبوونەوەکەی ساڵی ١٩٤٢ ی باغی مکایلی مەهابادەوە سەریهەڵداوە و بۆشم ڕوون نەدەبووەوە بۆچی هەندێك جار مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨ و سەدەمی ڕەزاشا؟ لە ڕێگەی نووسینەکانی دوکتۆر سمایلەوە تێگەیشتم کەم و زۆر هەر ئەو کەسانەی وا حزبی ئازادی کوردستانیان دامەزراند و یەك لەوان حوسێن فروهەر (زێڕینگەران)، دوای هەڵوەشانەوەی حزبەکە، لە دوخێکی هەموارتری دوای حوکمی ڕەزاشا و تەشەنەی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ ئێران و ناوچەی موکریان، لە ساڵی ١٩٤٢ دا کۆمەڵەی ژێکافیان بنیاد نا، هەر ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی تێبگەم لەم ساڵانەدا کەسانێك، لەبەر هەر هۆکارێك و بەرژەوەندییەك، حزبەکەی عەزیزی زەندییان کردووە بە ژێر لچەوە و مێژووەکەیان داوەتە دەم مێژووی کۆمەڵەی ژێکاف.

خاڵی دووهەم، هەوڵی نووسەرە لە پێناو پاراستنی بێلایەنی، ئەوەش لەو ژینگەیەی وا کتێبەکەی تێدا نووسراوە، واتە باشووری کوردستان و لە بەراورد لەگەڵ ئەو بیرەوەرییانەی وا ئەندامان و بەرپرسانی دیکەی حزبە کوردییەکان لەم ساڵانەدا بڵاویان کردۆتەوە، دیاردەیەکی دەگمەنە. نووسەر، کە ئاشکرایە وەك هەموو کەسێکی دیکە، خاوەن هەڵوێستە و سەبارەت بە ڕووداوەکان بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەیە، بە ووردی و بە دەستەقەسد خۆ لە دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەڵوێستەکانی دەپارێزێت و لە هەموو شوێنێکدا هەڵسەنگاندن و داوەری کردن بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت. بڕوانە شیکردنەوەکەی سەبارەت بە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی 'حدك'ی ساڵی ١٩٧١ کە تێیدا سەرەتا لە زمان کەریمی حیسامییەوە هەواڵێك ڕادەگەیەنێت، ئینجا بە یارمەتی ئەساسنامە و بەرنامەی حدك، هەندێك ڕاستەقینەی زەق دەخاتە بەرچاو. لە ئەنجامدا خوێنەر کە ناتوانێ ئەو ڕاستییانە بداتە دواوە، خواستە و نەخواستە دەگاتە هەمان ئەو ئاکامەی وا نووسەر دەیەوێت، بێ ئەوەی ناوی ئەوی بە سەرەوە بێت!

*"کەریمی حیسامی دەڵێ 'دانان و ئامادە کردنی گەڵاڵە و پرۆگرام بە قاسملوو ئەسپێردرا و لە ڕاستیدا بەرێوەبردنی ئەو ئەرکە هەر لە دەست ئەویش هاتووە'.(١) بەرنامەی نوێی 'حدك' لە سەر چارەکردنی دوو پرسی گرینگ دارێژرا بوو: پرسی نەتەوەیی و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی، 'خودموختاری بۆ کوردستان'(٢) و بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی 'سوسیالیزم' دیاری دەکات.(٣) بەڵام پرسی نەتەوەیی پێ پرسی سەرەکی و بنەڕەتی کوردستانە و چارەسەری ئەم پرسەی پێ لە ئەولەوییەتدایە و ئەمە لە مادەی یەکەمی ئامانجە گشتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە."(٤)*[٦٣]

لە کۆتایی کار و کاتێکیش کە زەمینە بۆ هەڵوێست گرتنی خۆی ئامادە کرا، ئەمجار دێتە پێشەوە و ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە خوێنەر بۆئەوەی بڵێ:

*"بەم جۆرە، بە لای نووسەری بەرنامەکەوە [کە دوکتۆر قاسملوو بێت]، کێشەی چینایەتی لە کوردستان کێشەی بنەڕەتی نییە و پرسی نەتەوایەتی لە کاناڵی خەباتی چینایەتی تێناپەڕێ و ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە بە ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستان دانانرێ."* ل. ١٩٢

ئەوە پلار بێت یان ڕەخنە، یان ڕاگەیاندنی هەواڵ، ڕووی لە دوکتۆر قاسملووە بەڵام لە ژێر پەردەیەکدا دەشاردرێتەوە کە دەبێ خوێنەر خۆی لای بدات و پەی بە ناوەرۆکەکەی ببات.

---

[٦٣] ژمارەکان من داماون بۆ ئەوەی ببنە جێگری ڕیفرەنسەکانی نووسەر بۆ پەراوێزی لاپەڕەکە بن.

ئەگەر لێرە و لەم دەرفەتەدا شایەدی ڕەخنە گرتن یان بۆچوونێکیٚ ڕاستەوخۆی نووسەرین، نابیٚ بە تەما بین لە شوێنەکانی دیکەش ئەو حاڵەتە دووپات بێتەوە لەبەر ئەوەی نووسەر بە گشتی لە هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەدا دەوری ڕاوی یان گێڕەوەیەکی ساکاری هەواڵەکان دەبینیٚ؛ لە سەر کورسییەك دادەنیشیٚ و هانی ئەکتەرەکان دەدات دەورگێڕی شانۆیەك بن کە ئەو ئامادەی کردووە، ناڕاستەوخۆ بەرەو لایەکیشیان ڕکێش دەکات کە خۆی دەخوازێت و ئەو قسانەیان لە زمان دەردەکێشێت کە خۆاستی خۆین. ئەوە بۆ من لە کارێکی سەرکەوتووی مێژوو نووسین دەچێت و ئاکامەکەشی بۆتە کتێبێك کە نووسەر خۆی نووسیویە بەڵام بە قەڵەمی ئەکتەرەکان و لە زمان ئەوانەوە. دڵنیام دەبیٚ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، دووبەرەکی ناو حزبی دیموکرات، هەل ومەرجی ئەمنی و هۆکاری دیکەی هاوچەشن، هەموو بەسەریەکەوە ئەو ڕێبازەیان خستبێتە بەرپێی نووسەر، بەڵام لەژوور هەموو ئەوانەوە کەسایەتی نووسەر خۆیەتی کە ویستوویەتی سەربەخۆ بمێنێتەوە و نەکەوێتە داوی ناتەباییە لایەنی و حزبی و جوغرافیاییەکانەوە- داوێك کە زۆر کەسی دیکەی تێکەوتوون!

خاڵێکی بەهێزی دیکە لە هەڵسەنگاندنەکانی نووسەردا ئەوەیە کاتیٚ باس لە دیاردەیەکی تایبەتی مێژوویی دەکات، هۆکار و دەسپێك و پەیوەندیی و ئەنجامەکانی بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە. بۆنموونە لە مەسەلەی دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستاندا هەواڵی ڕووداوە هاوتەریبەکان لە ئازەربایجانیش ڕادەگەیەنێت و خوێنەر بۆ نموونە دەزانێت حزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٥/٧/١٦ و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٣ دامەزراون؛ یان حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٢ و کۆماری کوردستانیش ٤١ ڕۆژ دواتر لە کۆبوونەوەی گرنگی ٢ ی ڕێبەندانی هەمانساڵدا ڕاگەیەنراوە.[٦٤]

یان لە ئاماژە کردن بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی گەلی ئەرمەندا چ لە زمان خۆی و چ لە زمان سەرچاوەکانەوە لە پەراوێزی لاپەڕەدا دەست نیشانی "اتحادیە رستگاری"ی ئەرمەنییەکان دەکات لە ساڵی ١٨٧٢ ی شاری وان و پاشان ئەنجومەنی 'پەیامهێنەری ئازادی' خوێندکارانی ئەرمەن لە مۆسکۆی ساڵی ١٨٨٣، ئینجا حزبی داشناك لە تفلیسی ساڵی ١٨٨٩. ئەوانە هەموو بۆ کەسانێك کە بیانەوێت شوێنی زنجیرەی ڕووداوە مێژووییەکان هەڵبگرن و لە بنەماکانیان بکۆڵنەوە، گەلێك بەکەڵکن.

---

[٦٤] من ئەو ڕێکەوتانەم لە لاپەڕەی جیاجیای کتێبەکەدا دۆزیوەتەوە.
دیارە بە گوێرەی ڕۆژژمێری زایینی، دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەوێتە ساڵی دواترەوە.

نووسەر لایەنگری سەربەخۆیی فیکریی حزبە سیاسییە کوردییەکان و ئەو حزبە غەیرە کوردییانەیە وا لە پەیوەندی کورددا بوون جا حزبەکەی خۆی بوویێت یا ئەوانیتر، هەڵسەنگاندنی هەمووشیان بەو پێوانەیە بەڕێوە دەبات:

*"لەم چارەنووسەدا کە حزبی توودەی ئێرانی تووش هات (کەوتنە بەر هێرشی کۆماری ئیسلامی)، تەسلیم بوونی حزبی توودە بە ستالینیزم و گوێڕاڵیی تەواو بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی لە نێو کۆمەڵێك هۆکاردا سەرەکیترینیان بوو."* ل. ٢٤

سەرەڕای هەموو هەوڵێکی نووسەر بۆ خۆ پاراستن لە لایەنگری، خوێنەر دەتوانێ بزانێ کە لایەنگرێکی بیری چەپە و هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ نامەی دوکتۆرا و خەملاندن و بەڵگە لەسەر کۆکردنەوەی ڕووداوەکان و زیندوو ڕاگرتنی ناوی هەڵسووڕاوانی چەپی ناو حزبی دیموکرات بە هەڵکەوت و بێ بەرنامە نەبووە:

پێشکەشکردنی کتێبەکە بە *"شۆڕشگێڕانی ئارمانخوازی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤٨-١٣٤٧ (٦٨-١٩٦٧"* مۆرێکی پەسندە کە نووسەر لە ڕاپەڕینەکە و بەشداران و ڕێبەرانی دەدات و لەعەینی کاتدا تەئییدی کاری ئەوانە بۆ جیابوونەوەیان لە حزبی دایك-حزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو ساڵانە. واهەیە بکرێت شوێنی ئەو لایەنگرییە، لە دەگمەن دێڕەکانی کتێبەکەشدا هەڵبگیرتێت، بۆ نموونە، کاتێ هەواڵی بەسترانی کۆنفەرانسی سێهەمی حزبی دیموکرات (١٩٧٦/٩/٢١) بە خوێنەر دەدات، دەنووسێت:

*"لە کۆنفەرانسی سێهەمدا، سەرکەوتنی باڵی چەپ بۆ هەژاریی کەسایەتی و فیکری باڵی ڕاست و بە پێچەوانە کەسایەتی خاوەن ئوتۆریتەی باڵی چەپ دەگەڕێتەوە کە توانییان هەژەمۆنیی فیکریی خۆیان بچەسپێنن". ل. ١٩٠*

هەژاریی فیکری لایەنێك و ئوتۆریتەی لایەنەکەی تر، داوەریکردنێکە پێویست بە ڕوونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەی زیاتر دەکات، کە بەداخەوە لە درێژەی نووسینەکەدا تووشی نایەین.

لە هەندێك دەرفەتدا، کار تەنیا بە داوەری کردن تەواو نابێت و نووسێنەکانی نووسەر شان لە شانی پێشگویی کردنیش دەدەن:

*"دواجار ئەم حزبەش [حزبی توودەی ئێران] کەوتە بەرهێرش [ی کۆماری ئیسلامی]، بەجۆرێك کە داری بەسەر بەردەوە نەما و <u>پێناچێ تازە ڕاست بێتەوە...</u>"* ل.٢٤

ئەو "پێناچێ"یە لە کوێوە هاتووە و بەڵگەی سەلماندنی کامەن؟ ئایا سیستەمی سەرمایەداری و لیبڕالیزمی سیاسیی پشت ئەستوور بە بازاڕی ئازاد دوو دیاردەی ئەبەدین و لە شکان و

فەوتان نایەن؟ ئایا ئەوان دەتوانن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەك گەوهەری سەرەکیی ئایدیۆلۆژیی حزبە کومۆنیست و سوسیالیستەکان لە هەموو جیهاندا دابین بکەن؟ ئەی بە چ پێوانەیەك دەتوانین بڵێین حزبێکی شکست خواردوو ناتوانێ دەرس لە ڕابردوو وەربگرێت و دروشمی یەکسانی و بەرانبەریی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر شان، لە داهاتووی دوور یان نزیکدا ڕێ وشوێنی تازە بگرێتە بەر؟

بەڵام ئەگەر تاك و تەرایەك داوەری و پێشداوەریش لێرەوە لەوێی کتێبەکەدا بەرچاو بکەون، لە هیچ دێڕێکی کتێبەکەدا هێرشکاری و سووکایەتی و جنێو بە هاوبیر و هاوحزبی پێشوو، یان تاکی هاونیشتمانی نابینرێت و ئەوە لایەنێکی گرنگی کاری نووسەر و دەرسێکی مەزنە بۆ ئەو حزبییانەی وا لە دوارۆژدا بیرەوەری ساڵانی کار و خەباتی خۆیان دەنووسن بۆ ئەوەی لە یەکتر پووچاندنەوە و سوکایەتیکردن بە هاوسەنگەرانی پێشوو و شادکردنی سیخوڕان و دوژمنانی گەل خۆ بپارێزن و بەو شێوەیە جیهانی فیکریی کورد لە پەتاپیسەیەك پاك بکەنەوە کە ئێستا داوێنی گرتووە و نووسەرانی بیرەوەرییەکان دوژمن و داگیرکەر لەبیر دەکەن و ڕووی ڕمبی تووڕەیی و دوژمنایەتییان دەکەنە دۆست!

بە بۆچوونی من، کتێبی کاك سمایل دەتوانێ لە باری بێلایەنییەوە خاڵێکی وەرچەرخان بێت لە مێژوو نووسینی ڕێکخراوەیی کوردیدا، وەك چۆن یەکەم هەنگاوی جیددییشە بۆ تۆمار کردنی ڕووداو و زیندوو ڕاگرتنی ناوی شۆڕشگێڕانی چەپ لە ناو حزبێکی نەتەوەیی کوردی.

دیارە کارەکە، وەك یەکەم بەرهەمی نووسەر و یەکەم هەنگاوی ئەو بەرەوە کاری توێژینەوەی مێژوویی، بێ کەم وکووڕیش نییە بە تایبەت کە نامەی دوکتۆراکەیەتی و ئاشکرایە ئەوە خۆی دەبێ بەربەستێکی زۆری لە سەر ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و هەڵوێست گرتنەکانی دانابێت، بەڵام کەسایەتی نووسەر خۆی و هەڵوێستی نەرم و نیانی مرۆڤانەی و ئەو ڕێبازەی وا بۆ توێژینەوەکەی خۆی هەڵیبژاردووە، دەتوانێ هیوای ئەوەمان پێ بدات کە لە دوارۆژدا کەموکووڕییەکانی چارەسەر بکات و کتێبەکە بکاتە سەرچاوەیەکی جێگەی باوەڕ بۆ لێکۆڵەرانی دوارۆژی مێژووی سیاسی-ڕێکخراوەیی کوردستان.

بە بۆچوونی من، نووسەر بەپێی توانا و بە گوێرەی دەرەتان، پێویستە لە بواری تەکمیل و تەواو کردنی کارەکەی خۆیدا، ئەوەندەی بگونجێت، کەڵك لە هەندێك سەرچاوەی بیانی وەك بەڵگەنامەی وڵاتانی وەك ئەمریکا، بریتانیا، ڕووسیا، تورکیا، کۆماری ئازەربایجان، ئەرمەنستان و تەنانەت ئێران وەربگرێت و بابەتەکەی پێ دەوڵەمەند بکات. هەواڵێك کە نوێنەرانی وڵاتان لە ئێرانی ئەو ساڵانەدا بۆ حکوومەتەکانی خۆیان ناردووە، دەتوانێ گەلێك

واقیعیتر وووردتر و بێ هەڵەتر بێت لە بیرەوەری گێڕانەوەی کەسانێکی خۆیی کە ئێستا دوای پەنجا شەست ساڵ لە سەردەمی پێشوو دەدوێن.

هەروەها نووسەر دەتوانێ لە بابەتی پەیوەندیدار بە دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان وەك جێگرەوەی کۆمەڵەی ژێکاف بکۆڵێتەوە و بزانێ ئایا هەڵبژاردنی سیفەتی 'دیموکرات' بۆ ناوی حزبەکە لە لایەن ئازەربایجانی و کوردەوە دەگەڕێتەوە سەرچی؟ گەلۆ دانانی ئەو ناوە تەنیا بە خواستی باقرۆف بووە و ئەگەریش بووە لە سەر چ بنەمایەك؟ بۆ نموونە، بڵێی سۆڤیەتییەکان نەیانویستبێت بۆ ڕەواندنی تەم ومژی جیاوازیخوازی لە ئاسمانی بزاڤی ئازادیخوازیی ئازەربایجانی و کورد، لەم ڕێگایەوە پردێك لە نێوان ئەو دوو حزبە و 'حزبی دیموکراتی ئێران' هەڵبەستن کە سەرەك وەزیرانی ئێران، قوام السلطنە، ماوەیەك پێشتر بنیاتی نابوو؟ بە هەمان شێوە ڕوونی بکاتەوە ناسناوی 'کومیتەی شۆڕشگێڕ' بۆ خەباتکارانی ساڵانی ٦٨-٦٧ لەکوێوە هات و ئەو ناوە کەی و کێ و بە چاولێکەریی چ ڕێکخراوێکی دیکە لەسەر لاوە شۆڕشگێڕەکانی ئەو ساڵانە دانرا؟ ئایا خۆیان ئەو کارەیان کرد و ئەگەر وابێت بۆچی لە هەندێك بیرەوەریی چاپکراوی بەرپرسانی حزبیدا ئەوە ڕەد دەکرێتەوە؟

خاڵێکی دیکەی بەرچاو ڕەنگە ئەوە بێت کە نووسەر بۆ پێشینەی حزبایەتی کردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی دەوڵەمەندی حزبایەتی لە ئێرانی دەست نیشان کردووە و هەر لە 'اجتماعیون عامیون'ەوە هێناویەتی تا گەیاندوویەتە ساڵانی پێش شەڕی دووهەمی جیهانی، هەمووشی وەك سەرەتا بۆ دەسپێکی حزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتێکدا کەمتر ئاوڕی لە چالاکییە سیاسی-ڕێکخراوەییەکانی سنە و کرماشان داوەتەوە و لە باسی باشووریشدا کەم و زۆر، تا کۆدیتای قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ بێدەنگ ماوەتەوە. ئەو ناوچانە پێش دامەزرانی حزبی دیموکرات خاوەنی ڕێکخراوە و حزبی سیاسی بوون، بە تایبەت کرماشان کە پێگەیەکی مەزنی حزبایەتی بوو تەنانەت بە پێوانەی ئێرانیش.

ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی بەشی فەیزوڵلابەگی و ناوچەکانی نیوان میاندواو و مەهابادیش، وەك خەباتێکی جەماوەریی خەڵکی ڕاپەڕیو لە ساڵی ١٩٥٣ دا، دەکرا بایەخی زیاتری پێبدرایە و بۆ نموونە لە دەوری سەرکوتکەرانەی سەرهەنگ مظفر زنگنە ('سەرهەنگ موزەفەریی' کتێبەکە) زیاتر بکۆڵرایەتەوە.

سەرەڕای ئەوانە، کتێبی دوکتۆر سمایلی بازیار نموونەیەکی باشی توێژینەوەی سیاسییە بە پێوانەیەکی کوردستانی و ئەولاتریش.

٢٠٢٠/١/٢٦

ئەم بابەتە پێشتر بڵاونەکراوەتەوە.

# کتێبی "سازمانی ئینقیلابی" و کوردستان، ئامادە کردن و وەرگێڕانی حەسەن قازی

"سازمانی ئینقیلابی و کوردستان"، ئامادە کردن و وەرگێڕانی حەسەن قازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مورتەزەوی، شوێن؟ ٢٠٢٠، ڕووبەرگ کاری هونەرمەند ناسر قازی زادە، ٦٥٥ لاپەڕە، کوردی. ISBN: 978-3-9822262-7-9

لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ دووبەرەکییەکی ئایدیئۆلۆژیك لە وڵاتانی سوسیالیستیدا تەقییەوە کە سەرەتا و بنەماکانی چەند ساڵێك بوو بە چاو دەبینران  و لە ئەنجامدا کۆمەڵگای وڵاتانی سوسیالیستی بەسەر لایەنگرانی یەکیەتی سۆڤیەتی و چین دا دابەشکران. ئەگەر ناتەبایی و دژکارییەکان لەناوخۆی ئەو دوو وڵاتەدا هۆکار و بنەمای ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی هەبوو، لە وڵاتانی جیهانی سێهەم، کە دیکتاتۆری و نەبوونی ئازادی دەرەتانی بە خەڵکەکەی نەدەدا تەنانەت بەشێکی کەمیش لە ئەدەبیاتی سیاسیی چین و یەکیەتی سۆڤیەتی بخوێننەوە و جیهانبینی و ڕوانگەی فەلسەفی-عەقیدەتییان بناسن، حزبە کومونیستە نەریتییەکان بە ماوەیەکی کەم دوو شەققە بوون و ژمارێکی بەرچاو لە لاوانی خوێنگەرم و خوازیاری کردەوەی شۆڕشگێڕانە، ئاڵای مائۆئیسم لەسەر شان، ڕیزی خۆیان لە حزبە نەریتییەکان جیاکردەوە کە بە ڕێڤیزیۆنیست و ڕیفۆرمیست و تەنانەت سوسیال-ئیمپریالیستیان دەزانین. دیارە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا حیسابەکان تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز بوو و کەمتر وابوو کەسێك بە بێ بیرکردنەوە و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن، بە شەوێك ببێت بە مائۆئیست، وەك بە ڕۆژێکیش نەببوو بە کومۆنیست!

حزبی توودەی ئێران و حزبی شیووعیی عیراقیش، بە ئەندام و لایەنگرانی کوردەوە، لەو گۆڕانگارییانە بەدوور نەمانەوە. تەنانەت حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، وەك دوو حزب و دوو بەرەی ناسیۆنالیستی، بە ئەندام و لایەنگرانی چەپ و ڕاستەوە، ئەو دیوارە شکاوەیان بەسەردا ڕووخا و تووشی دووفاقەیی هاتن. ئەگەر بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵانی ١٩٦٨ و ٦٩ ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو دووبەرەکییە و پشتکردنە حزبە نەریتییەکە بزانین، دەتوانین دووبەرەکی نێوان باڵی بارزانی و جەلالی لە ساڵانی ١٩٦٤ تا ٦٦ی تەمەنی شۆڕشی ئەیلول

(١٩٦١)یش وەك دەرەنجامی ناڕاستەوخۆی ئەو دیاردە جیهانییە بگرینە بەرچاو، باوەکوو زۆریش ناڕاستەوخۆ نەبوو!

بەداخەوە لاوازبوونی لایەنی تێئۆریك و خەریك بوون بە شەڕی چەکدارانەوە، بزووتنەوەی چەپ و نەتەوەیی کوردی لە ناوخۆوە ڕزاندبوو و ئامادەی شوێنهەڵگرتن لە تەئسیری ڕاستەوخۆی بیری حزبە چەپەکانی گەلانی باڵادەست لە هەموو پارچەکانی کوردستان کردبوو. هەربۆیەش ڕێبەران و تیئۆریسیەنانی باڵی شۆڕشگێڕ لەناو حزبی توودەی ئێران و حزبی شیوعی عیراقی و حزبی کومۆنیستی تورکیادا توانییان بەیارمەتی وەرگرتن لە "تیئۆریی شۆڕشگێڕانەی"ی باوی ئەو ساڵانە، کە کورد تێیدا کۆڵ و ناتەواو بوو، فەزای فیکریی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن و ئەو ڕەوتە هەر لە دەیەی شەستی سەدەی پێشووەوە بە بەردەوامی مایەوە تا گەیشتە ئەمڕۆ، کە تێیدا بیری "حیکمەتی" نەك هەر لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە باشووریش بەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورددا، زاڵە و خەباتکارانی نەتەوەیی کوردی خستۆتە تەنگژەیەکی ترسناکەوە.

سەرەتای ئەو کارتێکەرییە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەیەی شەستی سەدەی پێشوو کە "سازمان انقلابی" لە ناو بەشێك لە لاوانی ئەندام یان لایەنگری حزبی توودەی ئێراندا سەریهەڵدا و ئەو ئەندامانەی حزب کە لە دەرەوەی ئێران دەژیان و خوازیاری "کار و کردەوەی شۆڕشگێڕانە" لە ناوخۆی ئێران بوون، دەرفەتی هاودەنگی و هاوکاریی لاوانێکی شۆڕشگێڕی کورد وەك نەمران ئیسماعیل شەریفزادە و مەلا ئاوارە و ئەوانیتریان لە ناو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا قۆزتەوە- "کومیتەی شۆڕشگێڕ"ی حدکاش بە هەمان بیر و هزرەوە لە بەژنی حزبەکە جیابووە و دەیویست ببێتە لوکۆمۆتیڤی شۆڕش و قەتاری خەڵکی چەوساوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشوێن خۆیدا بکێشێت- ئەو تیئۆرییەی وا بە کۆتایی ژیانی قارەمانانەی چێ گیوارا لە ئەمریکای لاتینیش تووشی نشوست هات و لە کوردستانیش سەرکەوتوو نەبوو.

هەرچۆنێك بێت، پەیوەندییەکان بەستران و بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ئەودەم ئەندامانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکرات لە عیراق و لە پەراوێزی شۆڕشی ئەیلوولدا دەژیان، "سازمان انقلابی" هاوکات کەوتە پەیوەندیی لەگەڵ باڵی جەلالیی شۆڕشی ئەیلوول و بەشێك لە ئەندامانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕیزەکانی ئەواندا مانەوە و کار و خەبات و خزمەتیان کرد- کار و خزمەتێك کە هاوڕێ بوو لەگەڵ ڕژاندنی بیر وبۆچوونی چەپ بۆ ناو دەمارەکانی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو پەیوەندییانە بوو.

کتێبی "سازمانی ئینقیلابی و کوردستان" لەڕێگەی هەندێك بیرەوەری و هەڤپەیوین و یادداشت و هەڵبژاردەی کتێبەوە، مێژووی کار و هەڵسووڕانی ئەو ڕێکخراوە ئێرانییەی لە ناو بزاڤی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کتێبەکە مامۆستا حەسەنی قازی ئامادەی کردووە. کاك حەسەن، کە لێرەدا وەك ئامادەکارێکی ساکاری کتێبەکە دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا چ وەك لایەنگری بەکردەوەی کومیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی هەڵسووڕاوی کۆنفێدراسیۆنی جیهانیی خوێندکارانی ئێرانی لە ئوروپا، لەجەرگەی گەلێك لەو ڕووداوانەدا بوو کە لە کتێبەکەدا باسیان لێوەکراوە و بەوپێیە، شارەزای ڕەوتی کارەکان و ناسیاوی گەلێك لەو کەسایەتییانەیە وا کتێبەکە پێمانی دەناسێنێت، بەڵام بەشێوەی هەمیشەیی، دەوری خۆی لە ڕووداوەکاندا کەمڕەنگ پیشانداوە و زیاتر وەك کەسێکی لاوەکی، تەنیا بەسەرهاتەکانی بۆ خوێنەر گێڕاوەتەوە. لەئەنجامدا، زانیاریی ناو کتێبەکە تا ڕادەیەکی زۆر دەستی ئەوەڵ و هی ناوخۆی ڕەوتەکەن، هەربۆیەش دەکرێ پشت بە ڕاستی و دروستییان ببەسترێت.

مامۆستا حەسەن سەربازێکی وونی شەڕگەی بەشێکی بەرچاو لە هەموو ئەو کێشە ئایدیۆلۆژیکەیە، وا لە کتێبەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، سەربازێك کە خەباتی هاوسەنگەرەکانی گرنگتر لە کارەکانی خۆی دەبینێت و لە ئەنجامدا خۆی دەخاتە سێبەری ئەوانەوە. خوێنەری کورد کە لە سی چل ساڵی ڕابردوودا دەیان بیرەوەریی ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی بزاڤی نەتەوایەتی کوردی خوێندۆتەوە، لە هەموویاندا "ڕاوی"ی ڕووداوەکان واتە خاوەنی بیرەوەرییەکانی وەك قارەمانێك بینیوە کە لە سەنتەری هەمووکردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا بووە، هەرگیز هەڵەی نەکردووە و تەنیا نەیار و ناحەزەکانی ئەو بوون کە تاوانبار و بەرپرسی شکست و نەهامەتییەکان بوون، دوور نییە پێی سەیربێت ئەگەر ببینێ لێرەدا قارەمانی دیوقڕان نەك "ڕاوی" خۆی، بەڵکوو کەسانی دیکەن! لە عەینی کاتدا، خوێنەری شارەزای بەسەرهاتەکانی ئەو ساڵانە، ئەگەر ناسیاوییەوکی کەم و زۆری لەگەڵ ژیان و کەسایەتی و قەڵەمی مامۆستا حەسەن هەبێت، دەتوانێ بەباشی پەی بە حەقیقەتی ڕووداوەکان بەرێت.

گەلی کورد دوای ئەو هەموو شکست و نشوست و هەرەس و دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆییەی وا لە ماوەی حەفتاساڵی ڕابردوودا تووشی هاتووە، ئێستا دەبێ بگەڕێتەوە سەر بنەما و بنچینەکانی سەرەتایی و چاو بۆ هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خۆی بگێڕێت. کتێبی مامۆستا حەسەن دەکرێ سەرچاوەیەکی جێگەی باوەڕ بۆ ئەو گەڕانەوە و ڕوانین و ئاوڕدانەوەیە بێت. ئەمڕۆ سەردەمی دروشمی قەبە و لافیتەی گەورە نییە و کاتی بەخۆداچوونەوە و بیرکردنەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکانە.

کتێبی مامۆستا حەسەن لە لایەکەوە ڕێزگرتنە لەو ئەندامە ئێرانییانەی "سازمانی ئینقیلابی" کە لە ناو کورد و بزاڤی نەتەوایەتی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کار و خەباتیان کرد،[٦٥] لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حدکا، کۆمەڵەی ڕەنجدەران[٦٦] و بەگشتی، بەشێك لە مێژووی بیری چەپ لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەڵسەنگاندنی کتێبەکە دەرفەت و کاری زیاتری پێویستە و شیکردنەوەی بابەتەکانی دەکەوێتە ئەستۆی کەسانی شارەزای مێژووی ئەو ساڵانە. بەداخەوە من بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشیی کوڕۆناوە تەنیا ئەم چەند دێڕەم پێ نووسرا.

٢٠٢٠/١١/١٨

---

[٦٥] گەرچی هەندێکیان وەك خانبابا تهرانی، دواتر هەڵوێستیان گۆڕی و بە قورس و قایمی لە بەرەی دژایەتی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورددا وەستان.

[٦٦] و تەنانەت لە ڕێگەی ئەوەوە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش.

## گفتوگۆ لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی سەبارەت بە هێندێک لایەنی مێژووی سیاسی لە کوردستانی ئێران

**پرسیار:** بە پێی بەڵگەی مێژوویی تا ئەو جێیەی کە ئێوە لێتان کۆڵیوەتەوە هەوەڵین کاری ڕێکخراوەیی کە لە سەر بنەمای ڕۆژەڤ و داوخوازی هوویەتی کوردی بێ ، ناسێنەی کوردی بێ لە کوردستانی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەنگێ دەست پێ دەکا؟

**وڵام:** تەبعەن پێشینەی حیزبایەتی زیاترە لەوەی کە حیزبێك بە هوویەتخوازی کوردییەوە دامەزرابێ. کە ڕەنگە، شتەکە دیارە بیرۆکەکە ڕۆژئاواییە، کە گەیشتووەتە ئێران و دوایە گەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشینەکەی لەوانەیە بتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەنجومەنەکانی دەورەی مەشرووتییەت. لە سنە، لە کرماشان، لە سەقز، لە مەهاباد بەڵام ئەگەر بەو ڕوانینە تایبەتەوە بۆ هوویەتخوازی کوردی سەیری بکەین ڕەنگە ئەوەی کە پێی دەگوترێ 'کۆمەڵەی جیهاندانی' ، گۆیا لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆ دا دامەزراوە لە خۆی و لە ماکۆ بووە عەبدولڕەزاق خانی دونبوڵی دایناوە .

**پرسیار:** ئەو عەبدوڵڕەزاق خانە هەر عەبدولڕەزاق بەدرخانە، وا نییە؟

**وڵام:** بەڵێ بەڵێ، عەبدولڕەزاق بەدرخانە. من ئەوەم لە کتێبەکەی کاك نەوشیروان ئەمین دا دیوە، هەر وەها 'کۆمەڵەی ئیستیخلاسی کورد' کە ئەویش سەید تەهای شەمزینی دایناوە ئەویش دەڵێ لە ساڵی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی دابووە کە دەکاتە ١٩١٨. پێشینەکە ئەوەندەی من ئاگادار بم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانە. بە شوێن ئەوە دایە ئێدی درەنگترە ماوەیەکی پێ دەچێ کە ' حیزبی ئازادیخوای کورد" ە یا ' حیزبی ئازادیی کورد' یا ' حیزبی ئازادیخوازی کورد' کە عەزیزی زەندی لە مەهاباد دای دەنێ و بە شوێن ئەو دایە کە ئێدی کۆمەڵەی ژێکاف پێك دێ.

**پرسیار:** جا ئێستا لە سەر حیزبی ' ئازادی کوردستان ' یا ' حیزبی ئازادیخوازانی کوردستان ' ڕاوەستین، چونکە لە بەڵگە دا لە ڕاستیدا بە هەر دووك نێو باسی کراوە. لە ساڵی ١٩٧٧

کەسێك بە نێوی ئاغای تەیرانی لە سەر بنەمای بەڵگەکانی ' مرکز اسناد ایران' کتێبێکی دەرخستووە بە نێوی ' اسناد احزاب سیاسی ایران' یانی بەڵگەکانی پارتیە سیاسییەکانی ئێران کە لەوێدا مەڕامنامەی ' حیزبی ئازادیی کوردستان ' یش چاپ بووە لە ٢٨ مادە دا بە سەرەتایەکەوە و ئیدی لەوێ جوان دەردەکەوێ کە ڕەحمەتی عەزیزی زەندی ئەوەی نووسیوە. بە پێی تێخوێندنەوەی ئێوە لەو ٢٨ مادەیە، ئەو مەڕامنامەیە چییە؟ پێتان وا هەیە ئەو مەڕامنامەیە دەو سەروبەندی دا وەکوو بەڵگەیەك پۆلیس دەستی بە سەر دا گرتووە و ئاوا لە ناو ئەسنادی ئێرانیدا ماوەتەوە یا ئەوە بە شێوەیەك چووەتە ناو کۆمەڵ ئەو بەرنامەیە؟

**وڵام:** من ڕەنگدانەوەی ئەو شتەم لە شوێنی دیکە دا نەدیوە جا بۆیە بۆچوونەکە ڕەنگە بە گشتی بۆ ئەلئان، ئەوەندی کە شت بە دەستەوەیە ئەوە بێ کە ئەو شتە شتێکی زۆر مەحدوود بووە لە ناوچەیەکی تایبەت دا ڕەنگە لە مەهاباد، لە میاندواو چونکوو ئەرمەنی و ئاسۆریشی تێکەڵاو بوون ئەمە دیاردەیەکی گرینگە تێیدا کە چۆنە داواکاریەکان هەموو داواکارییە بۆ ئەرمەنی و بۆ ئاسۆڕیش، چۆنە ئەو فکرە هاتۆتە ئەوێ و تا کوێ ڕۆیشتووە، کێی لە پشت بووە؟ لە قەولی مەلا قادری موسەریسی یەوە باس کراوە کە ئارامێکیش لەگەڵ بووە، بەڵام ئەویش بووبێت بەهەر حاڵ ئەمن وای بۆ ناچم کە ئەو شتە بووبێتە دیاردەیەکی گشتی ئەو جۆرەی کە دواتر حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بوو یا کۆمەڵەی ژێکاف بوو،

**پرسیار:** باشە، وەك دەزانین بەرێزیشت حەتمەن ئەو داکومێنتانەت دیوە کە لە هێندێکیان دا باسی ئەوە دەکرێ کە کۆمەڵەی ژیانی کورد یا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ، کۆمەڵەی ژێکاف بڵێین دە ڕاستیدا چالاکییەکانی لە ساڵی ١٩٣٨ دەستی پێ کردووە. دەزانین کە لە ساڵی ١٩٣٧ پەیمانی ' سەعدئاباد' ئیمزا کراوە لە نێوان ئێران، عێڕاق، ئەفغانستان و تورکیا بەسترا گۆیا بە مەبەستی پێشگیری لە دەستدرێژی و دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە هەڵتەزینەوەیەك لە سنوورەکانیان بەڵام جوان دیارە کە مەبەست بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەی کوردە. دوای بە پێی یەکێك لە سەنەدەکان باسی ئەوە دەکرێ کە سەنەدەکەش ئی کۆمەڵەی ژێکافە باسی ئەوە دەکرێ لە دیدارێك دا لە نێوان هەیئەتێکی ئەوان و هەیئەتێك لە باشووری کوردستانی عێڕاق دا یەکێك لەو کەسانە ئەفسەرێکی ئەرتەشی عێڕاق بووە کە ئەو خەبەرەی گەیاندووەتەوە بە حکوومەتی ناوەندی عێڕاق و ئەوانیش بە ئێرانیان گوتووە و ئەوە بووەتە هۆی ئەوە کە ژمارەیەك خەڵك لە ناوچەی سابلاغێ تەبعید بکرێن. وەك دەزانی لە شێعری

'سەیف ' یش دا ئەوە باس کراوە، دوایە لە کتێبی بەڕێز سەید محەمەد سەمەدی ' 'ئاوڕێك لە مێژووی مەهاباد ' دا لیستەیەکی تێدایە لەو کەسانەی کە تەبعید کراون. دە ناو ئەوانەی دا کە زۆر ناسراو بن حوسێنی زێڕینگەران (حوسێن فڕووهەر) هەیە کە زاندراوە ئەندامی ژمارە ١-ی کۆمەڵەی ژێکاف بووە، یا سەید پیرەی نیزامی کە ئەندامی کۆمەڵە بووە، یا حەمەدی مەولوودی. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو جۆری کە ئێوە بۆی دەچن و ڕەنگە لێشتان کۆڵیبێتەوە ئایا ناکرێ کە تاریخی حیزبی ئازادیخوازانی کورد یان حیزبی ئازادیی کوردستان بە بەشێك لە تاریخی ژێکاف دابنێین؟

**وڵام**: بەشێکی زۆری مێژوو فاکت نییە بۆچوونە. زۆر شت هەیە دەگوترێ ئەڵئان پێوەندی کورد لەگەڵ ماد فەرموو بەڵگەی بۆ بێنەوە دوو دانە دێڕ، دوو دانە ووشە وجوودی نییە لە زمانی مادی کە تۆ بێنی تەتابوقی بکەی لەگەڵ کوردی لە ئەنجام دا بۆچوونە. لەوە دا بۆچوون دەتوانێ دوان بێ. دەتوانێ ئەوە بێت کە بەڵێ لە سەر ئەو بنەمایە کە ' حیزبی ئازادیخوازی کورد ' بووە کۆمەڵەی ژێکاف داندراوە و هەر وەها ئەندامەکانی بەشێکیان هەمان ئەندامانی حیزبی ئازادیخوازی کورد بوون کە وابوو دەکرێ وەکوو بەشێك لە مێژووی ژێکاف، ئەویش سەیر بکرێ کە ئەگەر بتوانێ ئەوە بکا بە ناچار دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨ کە ساڵی دامەزرانی حیزبی ئازادیخوازی کورد بێ. بەڵام ئیدی بۆچوونە من خۆم پێم وا نییە وا بێ چونکوو هۆکارەکەی من ئەوەیە ' حیزبی ئازادیخوازی کورد' ئەو پەرەیەی نەسەند لە ناو خەڵك دا، ئەگەر بوو شتێکی زۆر تاکە کەسی لە نێو جەمعێکی زۆر مەحدوود دا بوو، ئەو جەمعە بەربەست کراوە نەیانتوانی بوو بچنە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە، دیارە بەیاننامەکە هەیە ئەڵئان دەبینین بەیاننامەکە گەلێك شتیشی تێدایە کە هاوبەشە لەگەڵ ئەو شتانەی کە داوخوازی کۆمەڵەی ژێکاف و دواتر حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بووە. بەڵام هەر بەو هۆیەی کە مەحفیلێك ، کۆبوونەوەیەکی پچووکی جەمعێك بووە، من خۆم نازانم، نایبەمەوە سەر کۆمەڵەی ژێکاف. ئەوە وەکوو گوتم بۆچوونە. ئەڵئان لە سەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران هەر ئێستا بۆچوون دەتوانی دوان بێ. بۆچونێك ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٥٧ لە وەختی شۆڕشی ئێران داندراوە بۆچوونێکی دیش ئەوەیە کە زۆر پێشتر داندراوە.

**پرسیار**: یانی مەبەستتان ئەوەیە کە ئەگەر فاکتێکی تاریخیش هەبوو بێ لە سەر ئەو فاکتە تاریخیە هەمیشە بۆچوونی جۆراجۆر دەتوانێ هەبێ. بێجگەلە ئەو مەرامنامە ٢٨ مادەییەی حیزبی ئازادیی کوردستان یان حیزبی ئازادیخوازانی کوردستان لە هێندێك سەرچاوە دا باسی ئەوە دەکرێ کە بەیاننامەیەکیشیان دەر کردووە بە بۆنەی هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ ئازەربایجان و هێندێك ناوچە لە باکووری کوردستانی ئێران. سەبارەت بەو مەسەلەیە ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکت هەبێ.

**وڵام**: من خۆم ئەو بەیاننامەیەم نەدیوە. تەنیا بیستوومە کە بەیاننامەیەکی ئاوایان دەر کرد بێ پێشوازییان لێ کرد بێ ئەوەش من نائاسایی نابینم بە هۆی ئەوەی دیکتاتۆرییەتی ڕەزا شایە ڕووخاوە، خەڵك پێشوازی دەکا لە ئەرتەشی سوور، کەسایەتییەکی گەورەی وەکوو سەیف شێعری پێدا هەڵ دەڵێ بە ئەرتەشی سوور دا کە هاتۆتە ناوچەکە و وەکوو ڕزگاریکەرێکی تەماشا دەکا، کە وابوو من دووری نازانم حیزبێکیش کە ئەو دەمە فەعال بوو بێ بەیاننامەیەکی دەر کرد بێت بەڵام وەختێك ئینسان شتەکەی نەدیبێت بڕیار دان لە سەری کەمێك ئەستەمە.

**پرسیار**: ئێستا با بێینە دەوری دووەمی یانی دە ڕاستیدا ئەوەندەی کە بەڵگەمان بە دەستەوەیە ئی کۆمەڵەی ژێکاف هێندێك شت تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە کەنگێ دامەزراوە. زۆربەی هەرە زۆری چاپەمەنی بە زمانی جۆر بە جۆر باسی ئەوە دەکەن کە ڕۆژی دامەزرانی کۆمەلە ٢٥- ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی بووە کە دەکاتە ١٦- ی ئووت یان ١٦- ی ئابی ١٩٤٢ و بە تایبەتی لە چاپەمەنییەکانی کۆمەڵەی ژێکافیش دا واتە لە ڕۆژمێری کۆمەڵە دا دوو ساڵ لە سەر یەك ٢٥-ی گەلاوێژ وەکوو ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە ڕاگەیێندراوە. یانی لەوە دا گومان نامێنێ یانی دەکرێ تەفسیری جیاواز هەبێ لە سەر ئەوەی کە بەرنامەی سیاسی کۆمەڵە چۆن بووە بەڵام لە سەر ئەو مەسەلەیە گومان نامێنێ چونکە هەموو یەك دەنگن جگە لە یەك دوو سەرچاوە نەبێ کە لە جیاتی مانگی ئاگوست بۆ نموونە ڕەحمەتی ئیگلتن دەڵێ مانگی سێپتامبر کە ئەوە دەتوانێ هەڵە بێ. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، پرسیاری ئەساسی ئەوەیە ئەو کۆمەڵەیە لە زەمانێك کە کۆماری کوردستان دامەزراوە و بە تایبەتی لە قسەی پێشەوا قازیی محەمەد کە هەم سەرۆکی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بووە و هەم پێشەوای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بووە و پرێزیدێنت و سەرۆك کۆماری ئەو جمهوورییە بووە لە ژمارەی

١- ی ڕۆژنامەی کوردستان دا کە ئۆرگانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانە و هێندێك لە ڕۆژنامە نووسانی تاران کە هاتوونە تەورێز و لەوێوە هاتوونە مەهاباد قسەیان لەگەڵ کردووە پێش ڕاگەیاندنی کۆمار باسی ئەوە دەکا دەڵێ ئێمە چوار ساڵە خودموختاری داخڵیمان هەیە ئەوە یانی چی یانی ئەو فەعالییەت و چالاکیانەی کە لە ناوچانەی کە ژێر سوڵتە و دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی نەماوە بە تاریخی خۆی یانی بە تاریخی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی دەزانێ. هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو دەمی دا سەرنووسەری ' کوردستان' سەید محەمەدی حەمیدی مەقالەیەکی زۆر دوور و درێژی نووسیوە و لەوێدا دەڵێ خەباتەکەمان پێ دەنێتە پێنجەمین ساڵی دامەزرانی خۆی. ئەوەش یانی چوارساڵەکەی کۆمەڵەشی حیساب کردووە. کە وا بوو بە پاڵپشت و ئیستیناد بەو بەڵگە مێژووییانە ئینسان دەتوانێ بڵێ ئەو تاریخە ٧٠ ساڵە نەك ٦٧ ساڵ هۆی چییە کە لە عەینی حاڵ دا کە حیزبی دێمۆکڕاتری کوردستان ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردووە وەکوو ڕۆژی دامەزرانی خۆی، دیارە لە ساڵی ١٩٤٥ بەو لایەوە بەڵام ئێستا دەڵێ ئەوە ٦٧ ساڵە نەك ٧٠ ساڵ؟

**وڵام**: تەبعەن وڵامی پرسیارەکە حیزب دەبێ خۆی بیداتەوە. هەر دوو باڵی حیزبەکە وڵام بدەنەوە کە بۆچی وایە. بەڵام دیسانەکە لەوەش دا مەسەلەی بۆچوون هەیە. من خۆم پێم وانییە وەختێ کە دەتوانی ڕۆژ و مانگەکەی لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە حیساب بکەی بتوانی ساڵەکەی حیساب نەکەی. هۆکارێك بۆ ئەوە نییە، مەگەر ڕاست لە ٢٥-ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ دا [ ١٦-ی ئوورت ١٩٤٦ ] شتێکی تایبەت ڕووی دابێت کە بڵێن ئەوە بۆتە مەبنا. ئەوەندەی من بزانم لەو ساڵە دا و لەو ڕۆژ و مانگە دا شتێکی تایبەت نییە. یەکەم بەیاننامەی حیزبی ذێمۆکڕاتی کوردستان لە ١-ی ئابان دایە، ١- ی خەزەڵوەر. یانی دوو مانگێك دوای ئەو جەرەیانە.

**پرسیار**: کۆنگرەکەی ، کۆنگرەی یەکەم لەو تاریخە دا گیراوە.

**وڵام**: کە وابوو ئەگەر ئەوە بێت دەبوو ئەو ١- ی خەزەڵوەرە دابندرێت، وەك ڕۆژی پێکهێنانی کۆنگرە ئەو بکرابا بە بنەما بۆ دامەزرانی حیزبیش. بەڵام ئەوە نەکراوە و ئەوەی ژێکاف هەڵبژێردراوە و ئەو قسانەی کە سەید محەمەدی حەمیدی کردوویەتی، تەبعەن سەید محەمەدی حەمیدی سەرنووسەری ڕۆزنامەکە بووە ئەو دەتوانێ هێندێك شتی ئیدێئالیستیشی تێکەڵاوی شتەکە کرد بێ. فاکتێکی تەواو ناتوانێ ببێ بۆ حیزبەکە بەڵام قسەی پێشەوا قسەیە

لەو پەیوەندە دا، کە ئەو باسی چوارساڵی ڕابردوو دەکا ئەو دەڵێ ئێمە خودموختاریمان هەبووە لە چوارساڵی ڕابردوو دا. ئایا ئەوە بە مەعنای ئەوە وەردەگرین کە ئەوە کۆمەڵەی ژێکافیشە فەعالییەت دەکا.

**پرسیار**: ئەخر چالاکی سیاسی ڕێکخراوی بە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف بووە ئیدی.

**ولام**: تەبعەون ئەوە ڕاستە. بەڵام ئەو موشەخەسەن باسی خودموختاری دەکا کە دەتواندرێ بەوە تەفسیر بکرێت حکوومەتی ڕەزا شا نەماوە، شلو شەوێقە دەستگا دەوڵەتییەکان، حکوومەتە ناوچەییەکە یانی حکوومەتیش نەتوانین بڵێین یانی دەسەڵاتی ناوچەیی کورد لەوێدا لەو چوار ساڵە دا خۆی خۆی بەڕێوە بردووە.

**پرسیار**: بەڵام یەك شتی کە فەرمووت لە سەر سەید محەمەدی حەمیدی وەکوو سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان ئەوە قسەی لە سەرە چونکە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە یانی ئیمکانی ئەوەی کە سەرنووسەرەکەی بێنێ نەزەری شەخسی خۆی باس بکا هێندێك مەعقوول نییە.

**ولام**: ئەوە ڕاستە سەر وتارەی ڕۆزنامەکە جاری وابووە هێمن نووسسیوێتی، جاری وابووە هەژار نووسیوێتی ئەوانە بۆچوونی خۆیانە دەیڵێن بە بۆچوونی ڕەسمی ناتوانی تەعبیر بکەی.

**پرسیار**: زۆر باشە، ئەوەندەی کە مەربووت بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بێ دوای ئەو سەفەرەی کە کراوە بۆ سۆڤیەت یانی پاش ئەوەی کە گۆڕانێك بووە لە سیاسەتی شووڕەوی دا بە نیسبەت مەسەلەی کورد هەیئەتێکی وا بزانم هەشت کەسی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازیی محەمەد کە دەعوەت دەکرێن بۆ ئازەربایجانی شووڕەوی و دیدار لەگەڵ خوادالێخۆشبوو میر جەعفەر باقرۆف کە بەرپرسێکی باڵای ئازەربایجانی سۆسیالیستی بووە زۆر سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە سەرانی ئازەربایجان هێندێك شك و گومانیان هەبووە لە کۆمەڵە لەبەر هێندێك هەڵوێستی کە لە چاپەمەنی کۆمەڵەی ژێکاف دا بووە بە نیسبەت ئینگلیستان. وە دوای ئەوە کە هەیئەتەکە هاتووەتەوە مەهاباد بە قسەی یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتەکە ڕەحمەتی مەنافی کەریمی کۆبوونەوەیە هەبووە پێشەوا سەبارەت بە سەفەرەکە ئاگایی داوە بە خەڵك و خەڵکەکە پەسندیان کردووە و دوایەش بە پێچەوانەی ئەوەی کە هێندێکان باس دەکەن و جەنابیشت دەزانی کە بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و داوا هەشت

مادەییەکە زۆر پێشتر لە بەستنی کۆنگرەکە دا تەرح کراوە، یانی لە نێوان مانگی گەلاوێژ تا کوو مانگی خەزەڵوەر کە حیزب ئێعلان کراوە تا ڕاگەیاندنی کۆمار کە چوار مانگێك دوای ئەوە بووە. هێندێکان دەڵێن تا سەروبەندی ژێکاف داوای کوردان داوای پێکهاتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئازاد بووە بەڵام لەو سەروبەندی ڕا کە حیزبی دێمۆکڕات پێك هاتووە ئەو داوایە ئاڵوگۆڕی بەسەر هاتووە هەم لە کوردستانی ئێران و هەم لە کوردستانی عێراق و هەم لە تورکیا کە دیارە لەوێ ئاڵوگۆڕی جیاواز بووە لە سەر داوخوازی پێك هاتنی ناسێنەی کوردی؟ ئێوە ئەو بۆچوونانە چۆن لێك دەدەنەوە؟

**وڵام:** هۆی گۆڕانەکە ڕەنگە ئینسان بتوانێ لە چەند شت دا بۆی بگەڕێت. ئەگەر بشتوانرێ بدۆزرێتەوە. یەکیان ئەوەی کە ئێمە شتێکی وەك ڕێئال پۆلیتیکمان هەیە، تۆ موحیتەکەی خۆت دەناسی، دەوروبەرەکەی دەناسی، بارودۆخەکە دەناسی . ئێمە لە تیژبینی و تێگەیشتوویی ڕێبەرانی کۆمار هیچ گۆنە شکێکمان نییە بە تایبەت پێشەوا. ئەوان دەبێ بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاندبێ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان کە قسە دەکا پێشەوا، دەچێ بۆ تاران لەگەڵ شا قسە دەکا لە هیچ کوێ دا توندرەوییەکی ئەوتۆی تێدا نابینی کە بییەوێ پردی پشت سەر خراپ بکا لە ئەنجام دا بەشێکی شتەکە ڕەنگە ئەوە بێ، بەشێکی ڕەنگە سیاسەتی سۆڤیەت بێ کە لەو پەیوەندە دا ئەمن یەك قسەم هەیە دەمەوێ بیکەم ئەویش ئەوەیە . کۆمەڵەی ژێکاف عەلاڕەغمی ئەوەی کە مامۆستا زەبیحی پێوەندێکی نزیکی بووە لەگەڵ کۆنسوولگەری سۆڤیەت لە تەورێز هێندێك بۆچوون لە گۆواری نیشتمان دا هەیە کە پیشان دەدا عەتفێکیان بەرەو سیاسەتی ئینگلیس هەبووبێ. لە کتێبەکەی دوکتور قاسملوو دا بە لای شتەکە دا ڕۆیشتووە دوکتور قاسملوو دیویەتی پێی دەڵێ کۆمەڵەی ژێکافی سیاسەتی ئینگلیسی بە دۆستی کورد ناو دەبرد و حەتا ئاڵاهەڵگری ئازادی گەلان یەکێکیش لەوان ئەویش گەلی کورد. کە تەبعەن ئەو دەڵێ وا نییە. ئایا ئەوە ئەو سیاسەتەی کە لەو ڕستەیەو دا ڕەنگی داوەتەوە دابنێین لە پەنای هەندێك شتی دیکە. من سوێندخوادنەکەی مامۆستا هەژار کە لە 'چێشتی مجێور' دا هەیە کە وەختێك لە کۆمەڵەی ژێکاف دا دەیەوێ سوێند بخوا دەچێتە ماڵی سەید کاکە نێوێك باس دەکا لە تاریکە شەو دا چۆتە ئەوێ و لە بەر درگا کەسێك ڕاوەستاوە دەست لە سەر دەمانچە و دوایە لە ژوورەکە دا دەیبنە ژوورێکی تاریك و پەردەیەك لا دەبەن و میزێك و قورئانێك و خەتجەرێکی ڕووت بە سەریەوە و شتی ئا لەو چەشنە کە دەڵی من کە سوێندم خوارد دەلەرزیم یانی ترس و لەرزێك دای گرتبووم. ئەو نەوعە فەزایە، ئەو قسانەی دیفاع

لە سیاسەتی ئینگلیس و ئەوەی کە ڕووسەکان داوا لە پێشەوا و لە حەوت کەسەکەی دیکە دەکەن نەك ئەوەی مادەیەك، دوو مادە لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف بگۆڕن بەڵکوو ئەساسەن نێوی حیزبەکە بگۆڕن بیکەنە حیزبی دێمۆکرات. من ئەوانە لە پەیوەندێك دا دەبینم ئەویش بە کورتی ئەوەیە کارتێکەرییەك لە ' فڕاماسۆنری' لە سەر ژێکاف هەیە.

**پرسیار:** بە چ مەعنا یانی بەڵگەت بۆ ئەوە چییە؟

**وڵام:** بەڵگەم بۆ ئەوە ئەو سێ شتە کە ئەلئانەکە باسم کرد هەر وەها هەندێك شتی دیکە کە ئەلئان ئیشارەیان پێ دەکەم ، بەڵام پێش ئەوە ئیشارە بەوان بکەم با ئەوە بڵێم من بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان هیچ یەك لە ڕێبەرانی ژێکاف تاوانبار ناکەم .

**پرسیار:** هیچ گومان لە نیەتی بەڕێزت دا نییە بەڵام ئەوەی کە دەڵێی فڕاماسونری تەئسیری لە سەر هەبووە بە پێی چ بەڵگەیەك ئەوە دەڵێی؟

**وڵام:** یەکیان ئەو شێوە سوێندخواردنەیە کە عەینەن دەگەڵ شتی فڕاماسۆنەکان دێتەوە،

**پرسیار:** نەك فڕاماسۆن مامۆستا، ئەوە لە مەرکەزی غەیبی لە بزووتنەوەی مەشرووتییەت دا ئەوە هەبووە. لە بزووتنەوەی مەشرووتییەت ئەوە بووە لە تەورێز ئەگەر تەماشای کتێبی تاریخی مەشرووتییەت بکەی ئەوە هەیە لە تەورێز کە بە شەو بە تاریکی کابرایان بردووەتە شوێنێك لەوێ بێ ئەوەی بۆخۆی بزانێ شوێنەکە کوێیە لەوێ سوێندی خواردووە، ئەوە چ ڕەبتی بە فراماسۆنانەوە هەیە؟

**وڵام:** پێشینەکەی ئەو، پێشینەکەی مەشرووتییەتیش دەگەڕێتەوە بۆ پێشتری. تۆ ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو بیرۆکەی حیزبایەتی یەکمجار میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە هێناویەتە ئێرانەوە بۆ خۆی فراماسۆن بووە. مالکوم خان بۆ خۆی 'فەرامۆشخانە' ی داناوە ئەوانە ئی سەدەیەك پێش ئەوەن چاکە، بە شوێن ئەو دا نازیمولئیسلامی کرمانی یە، بە شوێن ئەو دا تالیبۆف ە. هەمووی ئەوانە بە شێوەیەك فڕاماسۆن بوون، تەنانەت بۆ نموونە سەید جەماڵەدینی ئەسەدئابادی کە هەڵگری بیری ئیتیحادی ئیسلامە، سەید جەماڵەدینی ئەسەد ئابادی شك نیە لە ئەندامەتی لە گرووپی فراماسۆنەکان.

**پرسیار:** جا ئەوە چۆن گرێ دەدەی لە مەسەلەی ژێکاف؟

**وڵام:** من ئاوای گرێ دەدەم هۆکاری ئەوەی کە سۆڤیەتەکان داوا دەکەن دەڵێن حیزبەکە بگۆڕن ناڵێن مادەیەکی بیرۆکەکەتان، شتێکی ئەوەی بەولایە دا بکەن شتێکی دێمۆکڕاسی تێ بخەن فلان، دەڵێن کولەن حیزبەکە بگۆڕن بە بۆچوونی من ئەو ترسەیە هەیانە . ئەوان وەختێك عەلەنەن دیفاع دەکەن، لە نامەکانیشی دا کە زەبیحی نووسیویەتی بۆ کۆنسوولگەری شووڕەوی لە تەورێز، لەوێدا کۆنسوول وەختێك نامە دەنووسێ بۆ مۆسکۆ پێیان ڕادەگەیێنێ دەڵێ ئەوان لە گۆوارەکەیاندا دیفاعی ئاوایان لە ئینگلیس کردووە .

**پرسیار:** باشە ئەوەش تا حەدێك باس کراوە لە بەر ئەوەی کە کۆمەڵەی ژیانی کورد یا ژیانەوەی کورد پێوەندی هەبووە لەگەڵ حیزبی هیوا و حەتتا لە نیشتمان لە ژمارەی یەکەم یا دووەمی دا لە سەرەوەی بەرگەکەی زۆر بە ئاشکرا نووسیویە بژی سەرۆك، مەبەست لە سەرۆك، ڕەفیق حیلمی یە دە ڕاستیدا لە بەر ئەو پێوەندییە و ئەو مەقالەش کە دەفەرمووی کە ئینگلیستان پشتیوانی نەتەوەی زوڵملێکراوە یانی لەوانەیە ئەوە کاردانەوەیەك بێ لە بەرانبەر ئەوەشدا. یانی ڕووناکبیرێکی وەکوو ڕەفیق حیلمی کە زۆر بە تەجروبە بووە، لە حەڕەکەتی شێخ مەحموود دا زۆر بە چالاکی بەشداری کردووە، سەفەری کردووە بۆ تورکیا، چاوپێکەوتنی هەبووە لەگەڵ ئاتاتورك یانی لە کۆمەڵی کوردەواری دا مومکینە ئەو فکرەش هەبووبێ کە بریتانیا دەتوانێ یارمەتیدەری کورد بێ. جا لە بەر ئەوە ئەو مەسەلەیە ئەوە پاساو نادا ئەوە وەکوو کارنامەیەکی کۆمەڵەی ژێکاف دابندرێ.

**وڵام:** کاك حەسەن هەر ئەوەیکە ئیشارەت کرد، هەر ئەوەیکە لە ژمارەی یەکەمی نیشتمان دا ' بژی سەرۆك و هیوا' ی تێدایە، لە ژمارەکانی دیکەدا نامێنێ ئەوە بۆخۆی پرسیارە. چۆنە لە ژێر کام کارتێکەری دایە کە ئەو شتە نامێنێ؟ کام هێزی کوردی ئەوە لا دەبا. من دڵنیام نە کۆمەڵەی ژێکاف ئەوە لا دەبا، نە هیچ کوردێکی ناوچەکە ئەوە لا دەبەن چونکە ئەوان وەکوو کورد لە پەیوەند دابوون نەك هەر لەگەڵ ئەوان، لەگەڵ خۆیبوون یانی لەگەڵ کوردی باکوور یانی لەگەڵ ئەوان لە پەیوەند دابوون. کە وابوو ئەوان نین کە ئەو دروشمە لادەبەن، بۆچی لە ٧ ژمارەی دواتری نیشتمان دا کە بڵاو دەبێتەوە هیچکامیان ئەو شیعارەی تێدا نییە. دەبێ سیاسەتێکی لاوەکی ئەو شتەی لا بردبێ. ئەوانە هەموو شکن، هەموو گومانێکن کە تۆ لە خوێندنەوە دا، لە دیتنی بەڵگە و سەنەد دا دەیبینی بۆی دەچی، هیچ کامێکیشیان ئەوانە قەتعی و حەتمی نین.

**پرسیار**: کەسێك ئەو پرسیارەی ناردووە لەگەڵ بەڕێزتی بهێنمە گۆڕێ دەڵێ کۆمەڵەی ژێکاف هیچ فڕی بە حیزبی دێمۆکڕاتەوە نییە و سەرچاوەش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە کەم نین. ئێستا ئەمن بۆ خۆم هەمووم بۆ ناچێتەوە سەر یەك کە ئاماژەی پێ بکەم. بە بۆچوونی من ئەو دوانە تەواو دوو ڕەوتی لێك جیاواز بوون ئەو باسە کە چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف دوایە دە کۆمار دا دەوریان هەبووە قانیعم ناکا کە ئەو دوانە یەك بووبن وە یەکیان لە سەر بنەمای ئەویدی دامەزرابێ. بۆچوونی بەڕێزت چییە لەو بارەیەوە؟

ولام: من ئەوە دەڵێم دیسانەکە ئەوە بۆچوونە، بەڵگە، فاکت بۆ هەر دوو لای شتەکە هەیە دەتوانی بڵێی هەر ئەو کەسانەی لە کۆمەڵەی ژێکاف دا بوون وەختێك کە زەبیحی دەگیرێ دەچێ دەبرێتە تاران بە قسەیەك حیزب ڕوئەسای ئیدارات دەگرێ لە مەهاباد بەریان نادا هەتا ئەوان دوای ٨ مانگەکە ئازاد دەکرێن کە دێنەوە شێعریان پێدا هەڵدەکوترێ، جێژنیان بۆ دەگیرێ چراخانیان بۆ دەکرێ. ئەوە نەوعێك پەیوەندی. ئەمما بە لایەکەی دیکەی دا کە تەماشای دەکەی وەکوو بیر و بۆچوون منیش لەگەڵ ئەوەدام کە بیر و بۆچوونی ژێکافی جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئی حیزبی دێمۆکڕات.

**پرسیار**: باشە، بە بۆچوونی بەڕێزت سەبەب چییە لەو تاریخەی دا، نەك لە تاریخی ١٩٤٥، کە ئەوە دوای گەڕانەوەی هەیئەتەکەیە لە باکۆ، بەڵام پێش ئەوە دە ڕێبەرایەتی ژێکاف دا پێشەوا قازیی محەمەد جێی گرتووە. بەڵام ئەو دەمی سەبەب چییە کە ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە بۆ ئەوەی موخالەفەت و دژایەتییەك لەگەڵ ئەو گۆڕینە کرا بێ؟

**ولام**: من خۆم هیچ شتێکم نەدیوە.

**پرسیار**: بەڵام وەکوو مێژووزانێك چۆنی لێك دەدەیەوە؟

**ولام**: سەبەکە بۆ من ئەوەیە کە کۆمەڵەی ژێکاف عەلارەغمی ئەوەی کە ئەلئان هەندێك بۆچوون هەیە کە ژێکاف بیروبڕوایەکی گەلێك جیاوازی بووە ڕەنگە لەوە دا چەپ تەئسیری بێت کە ئەو قسانە دەکرێ بەڵام من بە درێژەدەری سیاسەتەکانی ئەوێی دەزانم چونکوو پێشەوا پێش ئەوەی کە حیزب ئیعلان بکرێ بە لانی کەمەوە ساڵێك پێش ئەوە لە نێو کۆمەڵەی ژێکاف دا بووە. دەی باشە هەمان کەسایەتی، هەمان بیر و بۆچوون ئێستا بە

گۆڕانێك كە چوون بۆ باكۆ نێوەكە گۆڕاوە من پێم وا نییە جیاوازییەكی ئەوتۆ هەبێ لە شتەكە دا.

**پرسیار:** جیاوازی ئەوتۆ یانی لە باری سیاسییەوە مەبەستتە؟

**ولام:** لە باری سیاسییەوە، لە باری بیروبۆچوونەوە، لە باری ئەساسەوە.

**پرسیار:** ئەی بۆ هیچ بەڵگەیەك نییە؟ تەنها شتێكی كە باسی دەكرێ پارچە شێعرێكە، پارچە شێعرێكی یەكێك لە شاعیرانی قوتابخانەی موكریانە، خاڵە مین كە ئەویش گلەیی و گازنێكە، كە ئەو گلەیی و گازنە بە پێویستی ئەوە نییە كە پێوەندی هەبێ لەگەڵ گۆڕانی كۆمەڵە بە حیزب ، یانی ژێكاف بووبێتە حیزبی دێمۆكڕات چونكە باسی هەر دووكیان بەیەكەوە دەكا. یانی بۆ زۆر كەس ئەوە پرسیارە و زۆر جار دووبارە بووەتەوە كە هۆی ئەو هەڵوەشانە چۆن لێك دەدرێتەوە؟

**ولام:** هەڵوەشانەوەكە تەنیا وەكوو باسم كرد پێشتر، با ئەو خاڵە بڵێم ئێمە بیرمەندێكی وامان نەبووە كە بێت حیزب و حیزبایەتیمان بۆ شی كاتەوە و بێت تێئۆریزەی بكات وەكوو مەسەلەن ئێرانییەكان بەختی ئەوەیان هەبووە ئەرمەنییەك، یەكی دیكە وەكوو میرزا فەتحعەلی ئاخوند زادە لە شەكی و شیروان لە دایك بووە هاتووەتەوە ئێران بیری ئورووپایی لەوێوە وەرگرتووە، ئەو دەمانە تفلیس مەركەزی ڕۆشنبیری بووە، مەركەزێكی گەورەی ڕووناكبیری بووە. بەداخەوە كورد كەسێكی لەوێ نەبووە، تەنیا كەسێكی كورد من زانیبێتم لە تفلیس بووبێ سەردار عەلیخانی موكری بووە. سەردار عەلیخان دوای ساڵێك كە لەوێ مایەوە حەمەحوسێن خان وەختێك ئێعدام كرا هاتەوە بۆكان، كە توركەكان لە مەڕاغە حەمەحوسێن خانیان ئێعدام كرد، هاتەوە لە بۆكان دانیشت. كە هاتۆتەوە لەگەڵ خۆی چی هێناوە مەسەلەن كامێرای هێناوە، دوچەرخەی هێناوە یانی بیری نوێ لەوێوە هاتووە بەڵام بۆ ئێمە كەم بووە. ئەو تێئۆریسییەنەی كە حیزبایەتی بۆ خەڵك ڕوون بكاتەوە پێش دانانی حیزبەكە ئێمە نیمانە. ئێمە لەو سەردەمانە دا كە باسی دەكەین . لەو سەری سەر لە جنووب ئایەتوڵا مەردووخ مان هەیە، لەولاتر حاجی بابەشێخمان هەیە لە لای سەقز و بۆكان، ئەملاتر سەیفولقوزات مان هەیە لە مەهاباد و میاندواو. ئەولاتری بڕۆی سەید عەبدوڵا ئەفەندی مان هەیە لای ورمێ. هیچكام لەوانە تێئۆریسیەنێك نەبوون كە بتوانن وڵامێك بدەن، شتێك بنووسن كە ئەلئان وڵام بێ. ئەوانە

بۆچوونێکن کە ئەمڕۆ پەیدا بوون. وەکوو کوتم من ئەگەر لێم بپرسی دەڵێم لە بەرنامە دا دیارە جیاوازی هەبووە دەنا بۆ دەگۆڕا لەوەوە بۆ ئەو؟ ئەمما ئەم درێژەی ئەویدیکەیە.

**پرسیار**: باشە وەك جەنابیشت باست کرد ئەو قسانە ووراژاندنی بابەتە، هیچ شتێك موتڵەق نییە. بەڵام ساخکردنەوەوی ڕووداوی تاریخی چ تەئسیری هەیە لە سەر هەلومەرجی ئێستا؟ بۆ وێنە ئەگەر ئێمە بزانین ئەو تاریخە ٦٧ ساڵ نییە بەڵام ٧٠ ساڵە فەرقی چییە؟

**وڵام**: فەرقەکە بە گشتی دەبێ ئەوە بێ ئێمە دەروای بەرچاوامان ڕوون نییە. ئێمە زۆر شت دەڕۆین دوای ئەوەی کە چووین دەزانین چاکە یان خراپە. ئێمە بۆ ماوەیەکی ٥٠ — ٦٠ ساڵە وەشوێن دروشمی خودموختاری کەوتووین دوایە ئەلئانەکە دەڵێین هەو نییە. ئەلئان وەشوێن فێدراڵی کەوتووین کە دەڵێن چونکوو لە عێراق، لە باشوور داندرا چاك بوو ئێمە بۆیە ئەوەمان هەڵبژاردووە ، حیزبە دێمۆکڕاتەکانی کوردستانی ئێران هەر دوو لایان. دەی باشە فەرموو ئەوە نووری مالکی، ئەوە شەهرستانی بزانە لەوێ گیروگرفت چەندە زۆرە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بتوانین لە ڕابردوو دەرسێکی تەواو وەرگرین، ئەگەر شی بکەینەوە، ئەگەر هەڵەکانی بدۆزینەوە دەبێ بە سەر هەڵەی تازەدا نەکەوین. ئێمە لە ساڵی ١٣٥٧ خۆشت و منیش ئیمە بە باشی لە بیرمانە بەشێك بوون لە جەرەیانەکان دەی ئێمە چیمان دەزانی کە چووین و ئەو خەڵکەش وەشوێنمان کەوتن و بردمانن لەو قوڕەمان هەڵچەقاندن.

**قازی**: زۆر سپاس بەڕێز سوڵتانی بۆ ئەم گفتوگۆیە،

ئەو وتووێژە لە ڕۆژی یەکشەمە ١٩-ی ئووتی ٢٠١٢ ئەنجام دراوە.

سەرچاوە:ڕوانگە

http://ruwange.blogspot.com/2020/06/

# هاوپرسەکی لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی مێژووناس و نووسەر لە سەر هێندێک لایەنی ئەزموونی کۆماری کوردستان

بینەرانی بەڕێز: بەخێر بێنەوە بۆ بەرنامەیەکی دیکەی ڕاوێژ.لە ڕاوێژی ئەمجارە دا باسی ۲-ی ڕێبەندان دەکەین.

وەك دەزانین ڕۆژی پێنجشەمە دووی ڕێبەندانی ۱۳۹۳ ی هەتاوی ٦۹ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕادەبرێ. وەکوو ئێوە ئاگادارن ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی بەنرخی مێژووی سیاسی کوردستانە.بۆ تاو توێ کردنی هێندێك لایەنی ئەو ئەزموونە لە تاریخی کوردی دا لە گەڵ مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی مێژووناس و نووسەر حەول دەدەین لە ڕوانگەیەکی تازەترەوە باسی تەجروبەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بکەین.

مامۆستا زۆر زۆر بە خێر بێیت.

**سوڵتانی** : گەلێك سپاس

**قازی: بەر لە هەموو شتێك بەر لەوەی ئەمن دەست بکەم بە پرسیارەکانم پێم خۆش بوو بە گشتی نرخ، تەئسیر و بەلایەکی دیکەوە کاردانەوەی پێك هاتنی کۆماری کوردستان لە مێژووی ئێستا دا ئەگەر بە کورتی بێ چۆنی دەتوانی گەلاڵە بکەی؟**

**سوڵتانی**: من پێش هەمووشتێك پیرۆزبایی ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەم لە هەموو گەلەکەمان. لام وایە دەستکەوتێکی گەورەی مێژوویی بوو و هەر بەوەندەش کۆتایی نەهات چونکە لە درێژەی خۆیدا ، لە گەڕانەوە دا بارزانییەکان بۆ ئەو دیو پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان دامەزرا، بە شوێن پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان دا حیزبەکانی دیکەی باشوور دامەزراون.لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەر وەها بە هەمان شێوە حیزب دامەزراوە، بە هەمان نێو دامەزراوە و لام وایە ئەزموونێك کە ئەڵئانەکە هەیە لە کوردستان، لە باشووری کوردستان و بەختەوەرانە گەلەکەمان لە باشوور تا ڕادەیەك لە ژێرچەپۆکەی داگیرکەر ڕزگاری بووە ئەویش درێژەی هەمان ئەزموونی کۆمارە و دەرس وەرگرتن بووە

لەو. جا بۆیە من هیچ گومانم لەوە دا نییە کۆمار سەرەڕای تەمەنی کورتی کە هەیبوو شوێندانەری و کارتێکەری گەلێك زۆر و درێژخایەنی بووە لە سەر مێژووی کورد و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە ئەو کارتێکەرییە و نیشانەیەکیشی ئەوەیە کە دوژمن لە نێوەکەشی دەترسێ. یانی ئەلئانەکە لە نێوخۆی ئێراندا ئەگەر بتەوێ کتێبێك شتێك چاپ بکەی ئەگەر نێوی کۆماری کوردستان بێنی حەتمەن سانسۆر دەکرێت. جا بۆیە دەیانەوێ چکۆڵەی بکەنەوە ، دەیانەوێ تەحقیری بکەن و ئەوە نیشانەی گەورەییەتی کە دوژمن وای ڕوانییە شتەکە دیارە پێچەوانەیە!

**قازی: باشە ، مەسەلەیەکی کە هەیە ئێمە دەزانین هەم لە زمانی کوردی، بڵێین کوردیی سۆرانی و هەم بە فارسی و هەم بە ئینگلیسی نووسراوە هەیە و لەو ساڵانەی دواییدا بە تایبەتی دوای پەیدا بوونی تێلێڤیزیۆنی مانگیلە وەکوو تڕادیسیۆنێك کە لە زەمانی مەد تیڤی یەوە دەستی پێکرد ، تێلێڤیزیۆنە کوردییە کان لە دەرەوەی وولات هەموو ساڵێ بووەتە نەریتێك سیمینار دەکرێ ، شت دەکرێ و لە ڕێگای تێلێڤیزیۆنەوە ئەوانە بڵاو دەکرێنەوە. مەبەستم لەو کورتە زانیارییە ئەوە بوو کە بڵێم سەبارەت بە کۆمار هێندێك لە فاکتەکان و شتەکان گوتراوە، باس کراوە، بەڵام ئەگەر تەماشای ئەو سەرچاوانەی کە گوتم بە زمانی جۆر بە جۆر بڵاو کراونەتەوە، ئەگەر سەرچاوە ئینگلیسییەکانیش لە بەرچاو بگرین زۆرجار دەبینین زانیارییەکە یەك لە یەکی وەرگرتووە و ئاوا دووپاتە بووەتەوە و لە بەر نەبوونی داو و دەزگایەك کە لە ڕوانگەی کوردییەوە بابەتەکە ببینێ ، یانی کورد لە تاریخی خۆی بکۆڵێتەوە زۆر جار هەیە کە هالەیەکی تەقەدوس و پیرۆزی بە دەوری ئەو ئەزموونە دا کێشراوە وەك زۆر ئەزموونی مێژوویی دیکە . دیارە ئەوە تایبەتمەندییەکی بزووتنەوەی کوردی نییە، یانی باسی ئەوە دەکرێ کە هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە حەوجێی بە تاریخە. و تاریخ دروست دەکا. بە بۆچوونی ئێوە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئۆبجێکتیڤەوە تەماشای کەمایەسییەکانی ئەزموونی کۆماری کوردستان بکرێ ئایا ئەوە دەتوانێ خزمەت بکا بە پێشخستنی خەبات لە هەلومەرجی ئێستا دا یا ئەوەی کە ئەوە دەتوانێ سەدەمەیەك بەو خەباتە بگەیێنێ؟**

**سوڵتانی:** نا! پێم وایە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی عەینی زیانێك لە هیچ دیاردەیەك نا دا ئەگەر دیاردەکە دیاردەیەکی ڕاستەقینە بێت و هەستاوبێت لە خواستی گەل جا بۆیە هیچ نیشانەیەك من نابینم بۆ ئەوەی کە ئێمە تەئییدی ئەوە بکەین بڵێین بۆچی وابوو باسی ڕاستەقینەکان

نەکەین؟ بۆچی لە لایەنە لاوازەکانی نەکۆڵینەوە زەعفەکانی نەڵێین. من هیچ کام لەوانە بە دروست نازانم. پێم وایە ئەوەندەی کە لێی بکۆڵدرێتەوە ئەو هالەی تەقەدوسەی کە باست کرد زیاتر دەبێ لە دەوری کۆمار چونکوو بار و دۆخێك کە کۆماری تێدا دروست بوو بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ئامادەیی نەبوو بۆ دروست بوونی و ئەگەر دروست بوو هیممەتی ڕێبەرانی و خواستی گەل بوو کە دروست بوو پێچەوانەی ئەوەی کە دەگوترێت لە مەر ئازەربایجان دا کە ئەوە دیاردەیەکی واریداتی بوو سیاسەتی لاوەکی هێنایە نێو ئازەربایجانەوە ، من لام وایە بۆ کوردستان ئەو شتە بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە چونکوو نە سیاسەتی سۆڤیەتی ئەوەی دەویست ، بۆ ئەوانە قسەشم هەیە فاکتم هەیە ، و نە حکوومەتی میللی ئازەربایجان ئەوەی دەویست، نە حکوومەتی ناوەندیی ئێران و نە پشتیوانەکانی حکوومەتی ناوەندی و نە تەنانەت لە نێوخۆی وولاتەکەی خۆیدا کورد، نە هێندێك لە عەشیرەتەکان ئەوەیان دەویست.کە وابوو ئەو شتەی کە لەوێ دروست بوو شتێك بوو من ناڵێم لە حەدی موعجیزە بەڵام کارێکی گەورە بوو. جا بۆیە ڕێبەرەکانی ئەو هالەی تەقەدوسەی ئەتۆ باسی دەکەی کە لە دەوری سەریان بێ جێی خۆیەتی . چۆنیان توانی لە بارودۆخێك دا کە هیچ کەسێك ڕازی نییە بە دامەزرانی حکوومەتەکەی تۆ ، تۆ بتوانی حکوومەتێکی میللی پێك بهێنی؟

**قازی: بەڵێ مەبەستی من لەو قسەیە، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە بەر ئەوەی کورد بە سەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ نییە بەتایبەتی ئەگەر باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین لە بەر ئەو هێرش و هجوومانەی کە لە سەر دەستکەوتەکانی خەباتی گەلی کورد لە ڕابردوو ڕا هەبووە چ لە زەمانی حکوومەتی پادشایەتی لە ئێران و چ لە ساڵی ١٩٧٩ش بەملایەوە مێژووی کوردان دەکرێ بە شێوەیەك لە شێوان نکوولی لێ بکرێ یان چەواشە بکرێ. ئەوانە هەمووی هەیە . مەبەستی من ئەوەیە بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا ئەگەر کورد بۆخۆی لە و ڕوانگەیەی ڕا کە پارێزگاری لە هوویەت و هەبوونی خۆی دەکا بەڵام ڕابردووش ئەو جۆری کە بووە بییەوێ باس بکا گەلۆ ئەوە سەدەمەیەك لە مێژووەکەمان دەدا یان نا ؟ مەبەستی من ئەوە بوو.**

**سوڵتانی:** نا، بە بۆچوونی من هیچ لەتمەیەك بە هیچ شتێك ناگەیێنێ، یارمەتیش دەدا. ئێمە ئەوە کەمایەسییەکی گەورە یە کە هەمانە ئەو چەشنە لێکۆڵینەوانەمان نییە ، ئەو چەشنە دامودەستگایەمان نییە . بە داخەوە ئەگەریش هەیە هێندێك جار – یانی دەبێ لە باشوور هەبێ

خۆ لە شوێنێکی دیکە ئیمکانی نییە - لەویش لە ژێر سیاسەتی حیزبەکان دایە کە ئەویش زیانی پێ دەگەیێنێ. حیزبەکان حیزبی دەستەڵاتدارن وەکوو حکوومەتێکن ، پێوەندییان هەیە لەگەڵ لاوەکییەکان، لەگەڵ حکوومەتەکانی دەرەوە، لە گەڵ دراوسێکان ، لە ئەنجام دا ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان هەیە ..

**قازی: باشە ئێستا باسی ئەوەت کرد دە ڕاستی دا ئەمن زەمینە ئامادە دەکەم بۆ هێنانە گۆڕی پرسیارێکی دیکە. بەڵام هەر ئەوەی کە باسی باشوورتان کرد، بۆ وێنە یەکێك لەو شتانەی کە زۆر زەق و بەرچاوە باسی ئاڵایە. ئەو ئاڵایەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان بە کار دەهێندرێ هێندێك سەرچاوە، هێندێك لایەن دەیانەوێ بڵێن کە ئەوە عەینی ئەو ئاڵایەیە کە لە زەمانی کۆماری کوردستان دا هەبووە تەنانەت ئەگەر لە بیرت بێ هاتن لە مەراسمێك دا ئاڵایەکیان سەرەونخوون نیشان دا و خانمێکیان هێنا و خانمەکە گوتی ئەو ئاڵایە من بە دەستی خۆم دروومە و ئەوانە. یانی ئەوە بۆ؟ بۆ چەواشەکاری ئاوا؟ چونکە هەموو کەس دەزانێ ئەو ئاڵایەی کە ئێستا لەوێ بەکار دەبردرێ و دیارە ئاڵای کوردستانە و خەڵکیش قەبووڵیان کردووە زۆر لایەن و پارتیی سیاسی ، بەڵام ئەوە عەینی هەمان ئاڵا نییە کە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی / یان ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥ لە مەهاباد و بە دووی ئەودا لە بۆکان و لە شنۆ و لە نەغەدە و لە دێهات و لە بالانش و لە جێگای دیکە هەڵ کراوە. ئەو چەواشەکارییە بۆ ؟**

**سوڵتانی:** من هۆکارێك نابینم بۆ ئەوە غەیری هێندێك بەرژەوەندی. چووزانم دەکرێ حیزبێك کەسایەتییەك ئەو شتانە بکا بۆ نەوعێك تەبلیغات بۆ خۆی، بۆ حیزبەکەی بۆ کەسێکی دیکە. چەواشەکاری لە مێژوو دا وا هاسان ناچێتە سەر . هەر شتێك بێت دوایی کەسانێك هەن، ئەلئان ئێمە لە سەردەمێك دا دەژین وەکوو ڕابردوو نییە. نزیك بە ٣٠ تێلێڤیزیۆنی کوردی هەیە، غەیری کوردییەکان هەن هاتوچۆی کوردستان دەکەن شت دەبینن باس دەکەن، کتێب دەنووسرێ، ڕۆژنامە هەیە.لە شەراییتی ئاوا دا تۆ ناتوانی شتی ئاوا نابەجێ بسەلمێنی. دەکرێت بۆ ماوەیەك یان دەکرێت بۆ تاقمێك، دەکرێت خەڵکێکی پێ چەواشە بکەی بەڵام هەموو کەس چەواشە ناکرێ. هیوادارم ئەو شتانە ئیدی نەمێنێ لە کوردستان.ئێمەش ئەوە زۆر گەورە نەکەینەوە ، چونکوو کارێکی هەڵە بوو، شتەکە ئاشکرا بوو وا نییە، لە ئەنجام دا ئەگەر دووپات نەبێتەوە و لێ بگەڕێن شتەکە هەر وەکوو هەیە دەرکەوێ ئەوە لە بەرژەوەندی کوردیش دایە، لە بەرژەوەندی حیزبەکانیش دایە پێویستیش

بە درۆکاری نییە لە مێژووی کورد دا زۆرێك لەو کارانە کراوە هەر قەزییەی ئالاکە نییە. هەزار شتی وایان دروست کردووە نازانم پێستێکمان لە فلانە جێگا دییەوە یانی ئەو درۆیانە کورد بە هیچ کوێیەك ناگەیێنێ ، نادر شای ئەفشار کوردە و یانی زۆر. وەختەکە ئەوە نییە و بابەتەکەش ئەوە نییە دەنا ئەو نەوعە چەواشەکاریانە باس بکەین گەلێك زۆرن. هیوادارم نەمێنێ بە تێگەیشتوویی و بە حیسابی ئەوەی کە ئەلئانەکە پێوەندییەکی گەلێك گەورە و بەربلاو هەیە لە نێو خەڵك دا لە ڕێگای ئەو ساتێلایت و لە ڕێگای بڵێین مێدیای گشتی یەوە . ئەو شتانە ئیدی دووپات نەبێتەوە، مێژووی کورد خۆی ڕووناکی زۆری هەیە، دەتوانی ئەو ڕووناکییانە دەربخەی پێویست ناکا بۆی دروست کەی.

**قازی: زۆر باشە، مامۆستا ئەمن لێرە دا مەبەستم بوو ئێمە باسی دوولایەنی ئەو ئەزموونە درەوشاوەی خەباتی گەلی کورد بکەین، یەکێکیان لایەنێکە کە بۆ نەسلی ئێستاش هەمیشە پرسیارە و بەشێك لەو کتێبانەش کە لە سەر ئەو ئەزموونە نووسراون و لێرە دا دەیانبینین بۆ ئەو مەسەلەیە چوون لە ڕوانگەی جۆر بە جۆرەوە، ئەویش هەڵوەشان و شکان و دەستنەکردنەوەی کۆمارە کە دیارە ئەوە لە ڕوانگەی جۆر بە جۆرەوە باس کراوە. جا ئەمن حەولم داوە دوو ڕوانگە لێرە دا کورت کەمەوە کە یەکێکیان دەتوانین بڵێین ڕوانگەی کوردییە، یانی لە ڕوانگەیەکی کوردی ڕا مەسەلەکە تا و توێ کراوە، یەکێکیشیان ڕوانگەی کەسێکی وەکوو ژەنەڕاڵ ئەرفەع ە کە دەزانین ژەنەڕاڵ ئەرفەع نەك لە زەمانی کۆماری کوردستان دا بەڵام پێشتر یانی لە نێوانساڵی ١٩٤١ تا ١٩٤٦ ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران بوو و زەمانی خۆی زۆر شەڕی کوردی کردووە – ئەوە بە جێگای خۆی - ، بەڵام وەکوو کەسێکی کە لایەنی ئینتێلێکتوێلی هەبووە کتێبێکی لە سەر کورد نووسیوە کە لە ساڵی ١٩٦٦ ئەو کتێبە لە ئینگلیستان بە ئینگلیسی بلاو بووەتەوە و دوایە کراوەتە کوردی، ئەویش بۆچوونێکی هەیە، جا ئەمن هەر دوو بۆچوونەکان باس دەکەم، پێم خۆشە بە جیاواز لە سەر بۆچوونەکان کە گوتراون لێرە دا جەنابت نەزەری خۆت بڵێی. یەکێك لەو کەسانەی کە لەو مەسەلەیەی کۆڵیوەتەوە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووە کە لە یەکێك لە نووسراوەکانی دا دەڵێ : "(یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی ڕووخانی کۆمار)*** ***ڕێبەرایەتی بوو. لە ماوەی ١١ مانگ هەبوونی کۆمار دا مومکین نەبوو کە کادری توانا و فیداکاری سیاسی و نیزامی پێ بگەیێندرێن. و ئەو لاوازییە لە هەموو بوارێك دا خۆی نیشان دا. دیارە هۆکاری دەرەکیش دەورێکی گرینگیان هەبوو. حکوومەتی تاران کە بڕیاری دابوو جووڵانەوە***

*پێشکەوتووەکانی ئازەربایجان و کوردستان سەرکوت بکا کەلکی لە پشتیوانی ئانگلۆ ساکسۆن بە تایبەتی ئەمێریکا وەرگرت. لەوەش دەرچێ حکوومەتی ئێران بە دژوارییەکی کەم توانی سیاسەتی سۆڤیێتی نیوترالیزە (بێ لایەن) بکا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بە لە بەرچاو گرتنی لە شکانهاتوویی سیاسی و نیزامی حکوومەتی تاران و جەماوەریێتی (خۆشەویستی) کۆماری کوردستان، دەیتوانی خۆ ڕاگرییەکی کاریگەر بکا، هەر وەك ئەزموونی بارزانییەکان نیشانی دا و ڕەنگە توانیبای سەرکەوێ."*

بە کورتی ئەوە بۆچوونی نەمر قاسملووە. ئەڕفەع یش لەو بارەیەوە دەڵێ:

*" هۆی ڕووخانی خێرای کۆمار هەر نەمانی یارمەتی دەرەکی نەبوو ، لە بەر ئەو ڕاستییە بوو کە هیچ یەکایەتییەك لە نێوان کوردەکانی ئێران دا نەبوو بۆ شان وەبەردانی شەڕێکی سەخت، تەحەمولی ناخۆشی و فیداکاری لە پێناو سەربەخۆییەکی دڕدۆنگ لە ژێر سوڵتەی کۆمۆنیزمی سۆڤیێتی و ئازەری دا. و هەر وەها لە نێو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانیش دا هیچ هاوکاری و مەبەستێکی یەکگرتوو لە گۆڕێ دا نەبوو. شکاك و سمکۆ لە ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ زۆر باش شەڕیان دەکرد چونکە ئەو دەمی تاقە سەرۆکێکیان هەبوو و تاڵان و بڕۆی دراوسێ ئازەرییەکانیش هاندەرێك بوو بۆیان. لە ساڵی ١٩٤٦ دا هیچ دەرەتانی ئەو جۆرە تاڵانە نەبوو، چونکە ئازەرییەکان، بە نابەدڵیش بێ، هاوپەیمانێك بوون و کوردەکانی [ئەستانی کوردستانیش] هاوپەیمانێکی توانایەکییان بوون. تەنیا بەدیل کووژران یان بریندار بوون لە پێناو ئیدەیەکی نادیار دا بوو لە بەر ڕووسەکان کە کوردەکان قەت لا یان لێ نەدەکردنەوە و ئازەربایجانییەکانیشیان خۆش نەدەویست لە چاو ئێرانییەکان لە تاران و لە جێی دی. کوردەکان ئێرانییەکانیان بە ڕەگەزێکی زۆر نزیك لە خۆیان دەزانی و هەستی دوژمنایەتییان لە ئاست ئەوان تێدا بەدی نەدەکرا لە چاو چەند ڕەگەزی دی کە جیرانیان بوون. دوای ئەزموونی سەرسوان لە کۆنترۆڵی حکوومەتی مەرکەزی لە زەمانی ڕەزا شا دا، ئەوان ئیدی دەیانتوانی لە پێشکەوتنی گشتی وڵات دا بەشدارییان هەبێ و سەرهەڵدانی ئەو جارەیان کەم تا زۆر بە سەر دا سەپا بوو!"* یانی ئەوەی کە لە بەرانبەر حکوومەتی ناوەندی دا ڕاوەستابوون شتێك بوو لە دەرەوە ڕا تەحمیل کرا بوو!

دیارە بۆچوونی دیش هەیە سەبارەت بە شکانی کۆمار بەڵام ئەگەر لایەنی کوردی و لایەنی غەیری کوردی هەر دووك لای لە بەرچاو بگرین دەکرێ لەو دوو بۆچوونە دا کۆ بکرێتەوە. جەنابت ئەو لێکدانەوانە چۆن دەنرخێنی؟

**سوڵتانی:** ئەمن پێم وایە لە هەر دوو قسەکان دا، ئەگەرچی دوو لایەنی دژ بەیەك و ڕووبەڕوی یەکن بێگومان. ئەڕفەع ناوی دەرکردبوو بەوەی کە مۆرەیەکی ئینگلیسی بێ وەکوو زۆربەی ..

**قازی: بێ ئەوەی کە مۆرە بێ مۆرە نەبێ لە سەر قسەکانی بڕۆن باشترە!**

**سوڵتانی:** تەبعەن! مەنزوور دوو بەرەکیەکەی نیشان بدەم کە لایەکی شەهید قاسملووە لایەکی ئەڕفەع. ئەو دوانە خۆ ناتوانن یەك شت بن، بەڵام لە عەینی کات دا لە قسەی هەردووکیان دا ڕاستەقینەی تێدایە. ئەوەی کە هۆکارە دەرەکییەکە بێ ئەوە هەموولایەك دەیزانین وەختی لە سەر نەگیرێ چونکوو سۆڤییەت بوو بەهاتنی ئەوان بۆ ئێران و موتەفیقین ڕەزا شا لە سەر کار لابرا، بە بێ لاچوونی ڕەزا شا ڕەنگێ بوو ئەو دەرفەتە دروست نەبێت و نەدەکرا بۆ دروست بوونی، دەگوترێ لە فاسیلەی بەینی شەهریوەر کە ڕەزا شا ڕۆیی ، ٣ی شەهریوەر نیرووی موتەفیقین هات دە نێو ئێرانەوە.

**قازی: ١٩٤١**

**سوڵتانی:** بەڵێ ١٩٤١، لە ٣ی شەهریوەرەوە تا مانگی ئابان دەکا دوو مانگ، دەگوترێ ١٥٠ حیزب لە ئێران سەری هەڵدا. ئەوە مەعنای بوونی ئازادییەکە کە پێشتر نەبووە.

**قازی: مەبەست دوای سەرکوتی بیست ساڵەی زەمانی ڕەزا شایە ؟**

**سوڵتانی:** تەبعەن. جا بۆیە ئەوەی کە بڵێین دەرەکی تەبعەن لە بنیات نانی حکوومەتی ئازەربایجان دا هێزە دەرەکییەکە دەوری یەکەمی بێگومانی بینیوە ، بەڵام لە دامەزرانی حکوومەتی کوردستانیش دا بێ دەور نەبووە هەر بوونی خۆی لەوێ، بە بێ بوونی ئەو لەوانە بوو ئەو ئەزموونە سەر نەگرێ، بەڵام ئەوە دوایی شتێکی دیکەیە ، ووڵامی ئەم پرسیارە نییە کە ئەگەر ئایا ئەوان ویستیان، ئەوان کۆماری کوردستانیان دەویست ؟ بە گومانی من نا، ئەوان نەیاندەویست بەڵام دامەزرا. ئەوەی کە حکوومەتی تاران بێ، ئەوەی ئەمریکا بێت هەمووی ئەو شتانە ڕاستە، هیچ گومانێکی تێدا نییە ، ئەوە لە قسەکانی ئەڕفەعیش دا باسی عەشیرەتەکان کراوە، باسی یەکنەگرتوویی کورد کراوە، ئەوەش ڕاستی تێدایە بەڵام ئیدی ئەو شتەی کە ئەو باسی دەکا وەکوو تالان و ئەو شتانە، ئەوە ئیدی ئەڕفەعە ئەوە دەڵێ دەنا ئەمن باوەڕ ناکەم کەسێك، تەحلیلگەرێك باسی کۆماری کوردستان بکات هۆکار و ئەوانەی بهێنێتەوە سەر ئەوەی کە کورد تالانی دەویست. بەڵام خۆ عەشیرە نەبووە، هێزی هەبووە، هێزی سوپایی هەبووە، فەرماندەی هەبووە و ڕاهێنانی هەبووە ئەوان تالانیان نە دەکرد، ئەوان

کوشتاریان نه دەکرد، لە هەموو ماوەی قودرەتیان دا خوێن لە لووتی کەسێك نەهات، غەیری یەك دانە تێرۆر کە ئەویش بە ئاشکرا مەئموورانی ناردراوی سۆڤییەت بوون کە هاتن ژمارەیەك تێرۆریان لە ئازەربایجان کرد، یەکێکیشیان لە مەهاباد کرا.

**قازی: مەبەستت کووژرانی غەفووری مەحموودیان ە ؟**

**سوڵتانی:** ئەوە هیچ دەستێکی حکوومەتی کوردی بە هیچ شێوەیەك تێدا نەبوو، دەستی حکوومەتی ئازەربایجانیشی تێدا نەبوو، بەڵام مەئمووره نێردراوەکانی سوڤییەت بوون کە هاتبوون ئەوەیان دەکرد کە پێشتر خۆیان هەر لە نێو خاکی سۆڤییەتیش کرد بوویان.

**قازی: باسێکی ئاوا هەیە، دیارە لە قسەکەمان دوور نەکەوینەوە، قسەکانی خۆشت لە بیر بێ جەنابت چونکە باسی ئەو مەسەلەیەت کرد. ئەویش ئەوەیە کە لە کوردستانیش ڕاوێژکارانی سۆڤییەتی کە لەوێ هەبوون فکری ئەوەیان هەبووە بۆ ئەوەی ئەو حکوومەتە بتوانێ خۆ بگرێ و لێرو لەوێ ئەگەر تاکوتەرا هەبووبن کە ویستبێتیان لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی لە پێوەندی دا بن و ئەو پێوەندییە ببێتە هۆی بنکۆڵ کردن و سست کردنی ئەو دەستکەوتەی کوردان لەوێ باشتر ئەوەیە کە هێندێك لەوانە لە ناو بچن و تەنانەت باسێکی ئاوا دەکرێ یەك لەو کەسانەی کە گیراوە و یەك لە پیاو ماقووڵانی سابلاغێ بووە ؛ میرزا ڕەحمەتی شافیعی کە تەنانەت پێشەوا لە وەسییەتنامەکەشی دا باسی دەکا دەڵێ ئەمن لە کوشتن نەجاتم داوە و داوا دەکا کە گەردنی ئازا بکا و دەڵێ من لە کوشتن نەجاتم داوە و وا بزانم لە بیرەوەرییەك دا هەیە ، ڕەحمەتی مەنافی کەریمی باسی ئەوە دەکا کە چۆن چووە و توانیویەتی لە زیندانی سەرهەنگ ئارام لە میاندواو بە دەستووری پێشەوا میرزا ڕەحمەتی شافیعی ڕزگار کا!**

**سوڵتانی:** ئارام ی ئەرمەنی

**قازی: جا شتی ئاوا هەبووە، فەرموو بەردەوام بە!**

**سوڵتانی:** جا مەنزوورم ئەوەیە بەشێك لەو زانیارییانە ڕاستە. لەگەڵ بەشێکیان دا نیم ئەوەی کە شەهید قاسملوو دەڵێ دەیتوانی خۆڕاگر بێت، دەیتوانی..

**قازی: ڕەنگ بوو سەربکەوێ، مەبەستی ئەوەیە!**

**سوڵتانی:** بە بۆچوونی من دەکرا موقاوەمەت بکرێ وەکوو بارزانییەکان کردیان، دەکرا بۆ ماوەیەك خۆڕاگری بکەی، بەڵام وەختێك پشت جەبهەکەت ڕووخا، وەختێك سوپای سۆڤییەت ڕۆیشتە دەرێ، وەختێك حکوومەتی میللی ئازەربایجان ڕووخا. کوردێك لە مەهاباد لە

ناوچەیەکی مەحدوود بەو هەموو دوژمنە عەشیرەییەوە کە بوویان ئەگەر موقاوەمەتێکیش بکرایە موقاوەمەتێکی ئەوەندە نەدەبوو کە ئێمە نێوی بنێین ڕاگرتنی ئەزموونی کۆمار!

**قازی:** ئەڵبەتە لە بەر ئەوەی کە نەبووە ناتوانین بە قەتعییەتەوە بڵێین ، هەر وەك بۆچوون دەتوانین بڵێین..

**سوڵتانی:** وایە. هیچ شتێك قەتعی نییە.

**قازی: بەڵام ئەوەی کە ڕەحمەتی قاسملوو لێرە باسی دەکا ئەوەیە کە بارزانییەکان توانییان بە شەڕ لە گەڵ سپای ئێران و تەنانەت بەرخورد لەگەڵ عێراقییەکانیش وا بزانم جارێك چوونەوە نێو خاکی وێ، لەگەڵ تورکەکانیش، هەرچۆنێك بێ توانیان بە نێو ئەو ٣ سپایە دا خۆیان بگەیێننە خاکی سۆڤییەت مەبەستی لە ئەزموونەکە ئەوەیە.**

**سوڵتانی:** تەبعەن. ئەو جۆرە موقاوەمەتە ئەمن هیچ شکم نییە دەکرا، ٥٠٠ کەس لەوێ پەڕیونەتەوە، دەکرا ٥٠٠ کەسیش کوردی ناوچەی خۆمان لەگەڵیان بوایە پەڕیبانەوە، بەڵام ئەوە ئەزموونەکەی نە دەپاراست. یانی من قسەکەم هەمووی لەوە دایە شەراییت جۆرێك نەبوو کە تازە بتوانرێ کۆمار بپارێزدرێ. ئێمە پێش بەرنامەش باسی ئەوەمان کرد کە لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا هێمن دا هەیە کە پێشتر بڕیار دراوە موقاوەمەت بکرێ .

**قازی: بۆ موقاوەمەت نەکرا ئێستا دەگەینە وێ دەکرێ زیاتری شی بکەینەوە. بەڵام لەو زەمینەیە دا لە سەر بۆچوونەکانی قاسملوو و ئەڕفەع شتی دی هەیە بیڵێی؟**

**سوڵتانی:** لەو زەمینەیە دا یەك دووشت هەیە کە ئەمن پێم وایە نەگوتراوە. ئەوەش یەکیان کە زۆر گرینگە بۆ من جا نازانم کێ موافەقەتی لەگەڵ دەکا و کێ نایکا ؟ من پێم وایە تەجروبەی خودموختاری لە کوردستانی ئێران و لە ئازەربایجانیش دیاردەیەکی واریداتی بوو. یانی شتێك بوو بە گوێرەی ئەزموون لە نێو حکوومەتێکی سۆڤییەتی دا کە برایەکی گەورە کە بە ئیستیلاح پێی دەڵێن " برادر بزرگ" هەبوو . ١٦ جمهووری دروست کرد بوو، ئەو بە سەریاندا نەزارەتی دەکرد لە شەرایتێکی وا دا ئەو حکوومەتە خودموختارە گونجاو بوو، یا خود لە شەڕاییتێکی دیمۆکڕاتیکی ڕۆژئاوایی دا. ئەوە بە بۆچوونی من لەو بارو دۆخە کە کورد و ئازەربایجانی تێدا بوو لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، حکوومەتێکی ناوەندی کە شایە لە رەئسی دا، قەوامە وە مەسئەلەی نەوت و ئیمتزاتێك کە هەموو لایەنەکان بە تەمای بوون وەریبگرن، لەو شەڕاییتە دا بە کورد و بە ئازەربایجانی خودموختاری نەدەدرا. ئایا ئەوە دروست

بوو ئێمە ئەو دروشمەمان هەڵگرت یان نا؟ و ئایا دوای ئەویش دوای هەرەسی کۆماریش ئێمە ئەو دروشمەمان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە پێدا، شەهیدێکی زۆرمان لە پای دا. ئایا ئەوە دروست بوو یان نا؟ بە بۆچوونی من دروست نەبوو . بە بۆچوونی من درێژەی خودموختاریش مەسەلەی فێدێرالیسمە کە ئەلئانەکە بووەتە دروشمی زۆرێك لە حیزبەکانمان، ئەویش ئەزموونێکی سەرکەوتوو نابێت چونکوو نموونەکەیمان ئەلئان لە باشوور هەیە بە ئیشارەیەکی نووریی مالیکی شتەکە تێك دەچێ، بە هێنانی داعش، داعشێك کە هاتووە ، دروستکراوی دەستی وولاتانی عەرەبی سوننی یە بۆ دژایەتی شیعەی ئێران دروست کراوە و هاتووەتە نێو عێراقەوە سەری هەوسارەکەی سیاسەتێکی لاوەکی کە بە بۆچوونی من غەیری تورکیا نییە وەری دەسوورێنێ و دەیخاتە گیانی کورد. ئەمانە هەموو نیشان دەدەن کە خودموختاری دروشمێکی تەواو نەبوو لەو بارو دۆخە دا. ئەوە یەك لە ناتەواوییەکانە کە ڕەنگە لێرە دا باسی نەکرابێت ، نەك هەر باسی نەکراوە بە بۆچوونی من لاگیریشی کراوە ئەمما من خۆم پێم وایە شوێن کەوتنی ئەو دروشمە هەڵەیەك بوو و هۆکارێك لە هۆکارەکانی ڕووخانیشی هەر ئەوە بوو ئەو شتە سەری نەدەگرت.

**قازی: دیارە ئێوە ئیشارەیەکی کورتتان کرد بە دەرکەوتنی ئەرتەشی سوور لە ئێران. دەزانین کە ئەرتەشی سووری سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٤١ هاتە هێندێك ناوچە کە کوردستانیشی دەگرتەوە تا ڕادەیەك و بۆ ئازەربایجان و دیارە ئینگلیسییەکان و ئەمێریکاییەکانیش لە لای باشوورەوە هاتن. قەراردادێك هەبوو لە نێوان هێزە هاوپەیمانەکان ئەگەر بتوانین ئاوایان ناو بەرین کە ئەویش ئەوە بوو دەبوو لە تاریخێکی موعەیەن دا خاکی ئێران بە جێ بێڵن و هەر وەها بوونی ئەو قەرارداده لە نێوان ئینگلیسییەکان و سۆڤێتیکان دا پێشی بەوە دەگرت کە کوردەکان بتوانن لە خەتی سەقز بەرەو ژوور عەمەلییاتی نیزامی بکەن و بە گوێرەی هێندێك سەنەدان جاری وا هەبووە کە تەرحی ئاوا هەبووە کە ئەو عەمەلییاتە بکەن، بەڵام دواتر ئەو تەرحە جێ بە جێ نەکراوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە دوای چوونی ئەرتەشی سۆڤییەت هەم لە نووسراوەکانی زەمانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان — دیارە جمهووری نەبووە — و هەمیش لە ڕۆژنامەی کوردستان و هێندێك بەیاناتی ڕێبەرانی کورد دا باسی ئەوە دەکرێ کە ئیرتیجاعی ئێران ، کۆنەپەرستی ئێران ( زۆر جار زاراوەی ئیرتیجاع بەکار دەهێنن) ئێمە موتەهەم دەکا کە جووڵانەوەکەمان جووڵانەوەیەکی بەستراوەیە و بە ڕۆیشتنی ئەوان ئێمەش نامێنین، بەڵام ئێمە موقاوەمەت دەکەین. تەنانەت چەند ساڵ لەوە پێش لە بیرەوەرییەکانی**

**مەرحوومی لاهروودی دا کە لەو دواییانە دا وەفاتی کردووە، سەرەخۆشی لە دۆستانی دەکەین کە سکرێتێری گشتی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان بوو ، ئەو لەوێدا نامەیەکی پێشەوا قازیی محەمەدی بڵاو کرد بووەوە کە بۆ ڕێبەرانی ئازەربایجان نووسراوە و لەوێدا گازەندەی ئەوە دەکا یان گلەیی ئەوەیان لێ دەکا ئەوان سەلاحی عیسا زادە؛ سەلاحەدین کازمۆف کە قارەمانی نەتەوەیی سۆڤییەت بووە و ئەفسەرێکی کوردی ئەرتەشی سۆڤییەتی بووە، دەڵێ لەو وەختە دا نەدەبوو ئەو بەرنەوە چونکوو وەختی شەڕە و حەوجێمان پێیەتی. مەبەستی من ئەوەیە کە هەم ئازەربایجان و هەم کوردستان باسی ئەوەیان دەکرد کە لە نەبوونی سۆڤییەت دا ئێمە دەتوانین موقاوەمەت بکەین. یانی دەتوانین خەباتەکەمان بەرەو پێش بەرین بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئەوە بەر لەهەموو شتێك بەڕێگای ئاشتییانە دا جێ بەجێ بکرێ. ئەو جێ بە جێ کردنی داواکان بە ڕێگای نەرم و ئاشتییانە دا هەم لە ڕۆژنامەی آذربایجان و هەم لە کوردستان دا ڕەنگی داوەتەوە. باشە بۆ ئەو موقاوەمەتە نەکرا؟ چونکوو سەنەدی جۆر بە جۆر هەیە ئەوە من لێرە نوسخەی ژمارەیەکی ئازەربایجان م هێناوە ئی ٢٠ی سەرماوەزە یانی بۆ سبەینێکەی ڕا موقاوەمەت نەکراوە لە تەورێزێ . ئەوە ئاخرین ژمارەی ڕۆژنامەی ئازەربایجان ە ، ئی ٢٠ی مانگە یانی پێش ٢١ی ئازەر کە نیرو هاتووەتەوە و تەورێزی گرتووەتەوە ، لە وێدا ئیعلامییەیەك هەیە " آذربایجان دموکرات فرقەسینین مرکزی کمیتەسی ایلە آذربایجان همکارلار اتفاقین مرکزی شوراسی مشترك اعلامیەسی" یانی لەوێدا باسی ئەوە دەکا کە ئێمە موقاوەمەت دەکەین. وەکوو باسیشتان کرد بۆ وێنە هێمن لە بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوە دەکا شەوێ لە دەفتەری حیزب بووە بۆ ئەوەی ئەگەر خەبەرێك هەبوو بە پێشەوای بگەیێنێ یان ئەگەر دەستوورێك هەبوو بۆ خوارەوەتری بنێرێ ، کەسێك پێی دەڵێ ئەوە ڕادیو خەبەری تەسلیم بوونی تەورێز دەخوێنێتەوە تەعەجوب دەکا، دەڵێ دوای ئەوە شووڕای شەڕ دروست دەکرێ. یانی چۆنە کە ئەو شووڕایە دروست دەکرێ، دوایە پێك نایە، دوایە موقاوەمەت ناکرێ یانی بە چی دەبەسترێتەوە ئەو شتانە؟**

**سوڵتانی**: من پێم وایە دیاردەکان زۆر موتڵەق نابێ بگرین. یانی وەختێك باسی ئاشتی دەکەین دەبێ بزانین چ لایەنێك لایەنگرێتی، چ کەسێك و چ کەسانێك لایەنگری نین ، دژین. لە نێو حکوومەتی ئازەربایجان دا لایەنگری ئاشتیش هەبوو ، دژی ئاشتیش هەبوو ، ئی وا هەبوو موقاوەمەتی دەویست ئی وا بوو لایەنگری ئاشتی بوو. لە نێو حکوومەتی کوردیش دا قەتعەن ئەوە بوو و دیشمان بڕیارێك لە پێشدا دەدرێ بۆ موقاوەمەت دوای

کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباس ئاغا بڕیارێکی دیکە دەدرێت. جا بۆیە شتەکان دەبێ، نەك هەر ئەوە هەموو شتێکیان ئی ئەو مەسئەلەیە وەختێك هەڵی دەسەنگێنی دەبێ هەمەلایەنە ببینی. مەسەلەن وەختێك باسی سیاسەتی سۆڤییەتی دەکرێت سیاسەتی سەفارەتی شوورەوی لە تاران هەمیشە جیاواز بووە لە سیاسەتێك کە لە تەوریز و لە ڕێگای باقرۆفەوە بەڕێوە دەچوو یانی جیاوازی بەینی سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی سۆڤییەت لەگەڵ حکوومەتی باقرۆف و مەئموورەکانی باقرۆف کە لە ئازەربایجان بوون و سۆڤێتییەکانیش هەر عەمدەن مەجبووریش بوو ئەو کارە بکەن بۆ ئەوەی نەکوترێ ڕووسێکی زۆریان ڕژاندووەتە ئێرانەوە و بڵێن ئەوانەش هەر ئازەربایجانین. سیاسەتی ئەوان جیاواز بوو. لە ئەنجامدا ئەوەی کە باسی دەکەی ..

**قازی: یانی مەبەستت لە جیاوازی چییە؟ چونکوو بەڕێوەبردنی سیاسەتی سۆڤییەت وەکوو دەوڵەتی سۆڤییەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و لە گەڵ مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان دا لە لایەن کۆماری سۆڤییەتی سوسیالیستی ئازەربایجانەوە بەڕێوەچووە یان جۆرێکی دی بووە؟ لە چ ڕوویەکەوە جیاوازی دەبینی؟**

**سوڵتانی:** لە زۆر ڕووەوە هەبووە چونکوو وەختێك کە دەگاتە حکوومەتی ناوەندی سەفیری شوورەوی لە تارانە ئەو جۆرێك بۆ شتەکە دەچێ و فەرمان جۆرێك بە مەئموورەکانی خۆی دەدا . مەئموورەکانی لە ئازەربایجانەوە هاتوون بەرەو لایەنێکی دیکەی دەبەن. تەزادێکی زۆر لە نێوان ئەواندا هەیە دەبێ ئەو تەزادە ببیندرێت. لە ئەنجام دا تەبیعی یە کە خۆ ناتوانێ باقرۆفێك سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بگۆڕێ ، هەر بەڕێوەبەری ئەوە لە ئەنجام دا و وەختێکیش دەستووری پاشەکشێ دەدرێت . ئەو پاشەکشێکە دەکات گەرچی نەیویستووە، بە هیچ شێوەیەك باقرۆف نەیدەویست پاشە کشێ بکرێت لە ئازەربایجانی ئێران؟

**قازی: یانی باقرۆف؟ چ بەڵگەیەك هەیە بۆ پاڵپشتی ئەو مەسەلەیە؟**

**سوڵتانی:** ئەلئان ئەمن ئامادەیی زەینیم نییە بڵێم لە چ شوێنێك دا هەیە بەڵام زۆرێك شت هەیە لە سەر ئەو بەڵگانەی کە لە ئەسنادی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتیحادی شوورەوین و بەشێکیان تەرجومە کراون.

**قازی : ئەگەر مەبەستت ئەو نامیلکەیە بێ کە وەکوو " فراز و فرود فرقه دمکرات آذربایجان" بە فارسی بڵاو کراوەتەوە ، دیارە ئەوە تەرجومەیەکی تەحریف کراوی نووسینی ئەو تاریخەیە کە لە لایەن کەسێکەوە واتە مێژوونووسێکی ئازەربایجانی بە نێوی جەمیل**

**حەسەنلی نووسراوە وکراوەتە فارسی. بەڵام ئەوە ئێستا دەرکەوتووە کە بەشێك لەو شتانە تەحریف کراوە . تەحریف کراوە بە مانای ئەوەی کە ویستوویانە لەو ڕوانگەیەوە باسی بکەن کە ئەو نێهزەتە، ئەو جووڵانەوەیە بزووتنەوەیەکی دەسکردی سۆڤییەت بووە و بۆ خۆی هیچ زەمینەی مادی نەبووە بۆ ئەوەی پێك بێ. یانی مەبەست لە تەحریفەکە ئەوەیە. فەرموو بەردەوام بە ئەمن پرسیارێکی دیکەشم بۆ هاتە پێشێ!**

**سوڵتانی:** کتێبەکە ڕاستە وایە. کتێبەکە لە بەر ئەوەی " بابك امیر خسروی " دەستی بە سەر دا بردووە و لە ژێر چاوەدێری ئەو دا بڵاو بووەتەوە حەتمەن دەبێ ئەو لایەنە لاوازەی تێدا بێت بەڵام بەڵگەکان..، کاك حەسەن یەکێك لە شتەکانی کە من دەمەویست ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە: بەڵگەیەکی گەلێك زۆر هەیە ، لەوێ هەیە، لە ئەمریکا هەیە ، لە ئینگلیس هەیە. کورد، ڕووناکبیری کورد کەمتەر خەمە، بەلای هیچکامێکیان دا ناچێت . ئێمە تەنیا نەمر ئەفراسیاو هەورامی ، ئەمن نازانم چەندە، سێرییەك ووتاری تەرجومە کرد ، سێرییەك بەڵگەنامە کە یارمەتییەکی زۆری لێکۆڵینەوەکانی داین. ئەوە بۆچی درێژەی نییە. بۆچی کەسێك نییە بیکا؟ ئێمە دەبێ جەمیل حەسەنلی شتمان بۆ بنووسێ!

**قازی: دیارە دەبێ کەسی ئاوا هەبێ کە عەلاقەی هەبێ مەیلی هەبێ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زمان بزانێ. دیارە هەورامیش کاری گەورەی کردووە بەڵام لە عەینی حالیش دا لە زۆر جێگا بۆچوونی خۆشی تێکەڵ کردووە کە ئینسان بۆی لێك ناکرێتەوە کێهە تەرجومەیە و کامە ئی خۆیەتی؟**

**سوڵتانی:** لەوەی جەمیل حەسەنلی ش دا عەینی شتە ، بەڵام هەر چۆنێك بێ بەڵگەیەکە لەوێ داندراوە. من ئەوانەی وەزارەتی ..

**قازی: ئەمن لێرە دا دەمەویست ئەوە بپرسم حەتمەن جەنابیشت دیوتە، چونکوو نامەیەکی ستالین هەیە کە بۆ نەمر پیشەوەری نووسراوە و لەو نامەیە دا جۆرێك پۆلیمیکە باسی ئەوە دەکرێ – دیارە نامەیەکی دیکەی سەرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجانیش هەیە کە بۆ ستالین ناردراوە - و ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێ کە ئێوە هەرچۆنێك بێ دەبێ لەگەڵ قەوام بسازێن و ئەگەر لە گەڵ قەوام نەسازێن ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێرتیجاع و سیاسەتی ئیمپریالیستی ئینگلیس و فلان لە ئێرانێ بەردەوام بێ. بەڵام دە بەرانبەر ئەوە دا پیشەوەری و ئەوانیش نازانم لە چاوپێکەوتنێك دا ، لە جێگایەك دا چەندین مانگ پێش ئەوەی کە مەسئەلەی هەڵوەشانی سەرماوەز بێتە گۆڕێ قسەی خۆیان لە گەڵ سەرانی ئازەربایجانی**

**سۆڤییەت کردووە. یانی جەنابت ئەو مەسەلەی دەستنەکردنەوە لە کوردستان و دەستنەکردنەوە لە ئازەربایجان چەندە وەکوو شتێکی ئۆرگانیك دەبینی یان چۆناوچۆنە؟**

**سوڵتانی:** من پێم وایە بێ ئیرتیبات لەگەڵ یەکتری نین. من پێم وایە حکوومەتی کوردستان بە تاقی تەنیا ئەو هێزەی نەبوو کە بتوانێ موقاوەمەت بکا. پێشەوا ئینسانێکی واقیع بین بوو ، بارو دۆخەکەی چاك دەناسی ، موشکیلەی داخلی خۆی و ناوچەکەی دەزانی . وەختێك کە هێزە لاوەکییەکە، هێزی سۆڤییەت عەقەبنشینی کرد و ڕۆیشتە دەرەوە ستوونی سەرەکی پشتیوانییەکەی ڕووخا ، بە دەلیلی ئەوەی ئەوان بوون کە بەرگرییان دەکرد لە هاتنەوەی هێزی سپای ئێران بۆ ناوچەکە. لە ئەنجام دا دوای ئەو هۆکارێك نەدەما بۆ ئەوەی بۆچی ...

**قازی: دیارە کوردەکان بۆخۆشیان لە جەبهەی سەقز زۆر باش ڕاوەستان، تەلەفاتی زۆر گەورەیان لە ئەرتەشی ئێران دا لەو مەنتەقەیە. مستەفا خۆشناو و هێزەکانی بارزانی لە ژێر فەرماندەیی مستەفا خۆشناو دا!**

**سوڵتانی:** دروستە! لەو پێوەندییە دا شتێکی سەیرم من دی. ئەویش ئەوەی ئەو سەربازانەی کە ئەوان هێنایانە شەڕ واتە هێزەکانی ئێران، هەموویان کورد بوون. یانی هەرچی کووژرا لەوبەریش هەمووی هەر کورد کووژرا. بەڵام ئەوە گرینگ نییە . ئەوەی کە هەیە ئەوەیە. لەو ناوچەیە موافەقەت کرا بوو لە هەر دوو لاوە ، پێشەوا لە گەڵ ڕەزمئارا دانیشتن و لە سەقز قسەیان کرد. موافەقەت کرا بوو کە لەوێ دەرگیری نەبێ. حکوومەتی ناوەندیش بە فەرماندە ناوچەییەکان وەکوو فەزلۆلای هومایوونی و ئەوانەی دەگوت موقاوەمەت مەکەن، نەك موقاوەمەت مەکەن شەڕ مەکەن! لە ئەنجام دا ئەو ناوچەیە چاك پارێزراو بوو ، لە هەر دوو لاوە دەیان پاراست چونکوو خەتێك بوو کە هەر دوو جەمسەرەکەی بەیەکەوە پەیوەندی دەدا. ئەوەی کە لەوێدا ئاسایش و ئارمشێك هەبوو مەعنای تەوافوقی سیاسی بوو. ئەوەش یەکێك لە کارە گەورەکانی کۆمارە کە توانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بە تەوافوقێکی ئاوا بگا دەنا پادگانی سەقز هەبوو هێزی تێدا بوو، دەکرا هێرش بکەن، دەکرا بێنە پێشێ ، بێن لە سەرا لیی بدەن و بە هەر شێوە. ئەولاش دەیتوانی بچێت و لێ بدا، هێزی ئەملا کەمتر نەبوو لە هێزی ئەوان لە سەقز. من بە بۆچوونی خۆم یەك دوو نیشانەش هەیە لە ڕۆژنامەی " کوهستان " دا هەیە کە تێلگراف لە سنەوە دێت داوا دەکەن دەڵێن ئەو شەراییتەی کە لە کوردستان ئەلئانەکە هەیە — مەنزوور مەهابادە - ئێمەش بگریتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەوانیش هاوراهییان دەکرد. ئەگەر نەکرا هەمووی بەشێك بوو لەو تەوافوقە و بەشێك بوو

لەوەی کە پێشتر ئیشارەتان پێ کرد ، ئەوەی کە سۆڤییەت ئیجازەی نەدەدا حکوومەتی کوردستان لە خەتێك بڕواتە پێشەوەتر کە ئەو خەتە خەتی فاریق بوو بەینی ئەوان و ئینگلیزەکان.

**قازی: زۆر باشە. مەسئەلەیەکی دیکەش کە لەو پێوەندییانە دا باس دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە دەزانین لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا تەوافوقێك کرا لە نێوان حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان کە دیارە هەر یەکەیان بە شێوەیەك لە " آذربایجان" دا بە ناوی تەوافوقی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و گەلی کورد هاتووە و لە " کوردستان" یش دا بە ناوی تەوافوقی حکوومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان هاتووە یانی هەر عەینی لەحنی هەیە و بە دوای ئەوەش دا لە عەینی حاڵ دا کە لەوانەیە لێر و لەوێ بە تایبەتی لە مەنتەقەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە کێشە و گرژی هەبووبێ یان نێواناخۆشی هەبووبێ، بەڵام ئەوانە لە ڕۆزنامە و لە ئۆرگانە ڕەسمییەکان دا ڕەنگی نەداوەتەوە و هەر بە موسبەت باسی یەکتریان کردووە. ئەگەر ئەتۆ هەموو ڕۆژنامەی "آذربایجان" تەماشا بکەی بە دەیان شێعری تێدایە لە پەسنی پێشەوا دا بڵاویان کردووەتەوە یان بە شێوەیەکی زۆر پۆزیتیڤ باسی مەسەلەی کورد کراوە. مەبەستم ئەوەیە ئەو مەسەلەیەش ڕوون بێتەوە کە لە دوای ڕۆیشتنی ئەرتەشی سۆڤییەتی لە مانگی ئاوریل و پاشتر تەوافوقێك بووە بەینی ئازەربایجان و کوردستان بۆ مەسئەلەی موقاوەمەت دە موقابیل حکوومەتی مەرکەزی دا کە تەنانەت فەرماندەییەکی موشتەرەکیش داندراوە، کە بۆ وێنە مەلا مستەفای بارزانی وەکوو فەرماندەی موشتەرەکی نیزامی هەر دوو هێزەکە دیاری کراوە و لە بیرەوەرییەکانی ڕەحمەتی ڕەئیس بەکری حەوێزی دا باسی ئەوەی کردووە کە سەرهەنگ عەزیمی ( ژەنەڕاڵ عەزیمی ) کە دواتر ئێعدام کرا، یەکێك لە ئەفسەرانی ئەرتەشی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بووە هاتووەتە مەنتەقەی میاندواو و یارمەتی هێناوە و یارمەتی کردووە. یانی مەبەستم ئەوەیە بپرسم کە ئەو تەوافوقە نیزامییە چۆنە کە بە هیچ نەگەیشتووە؟**

**سوڵتانی**: تەوافوقە نیزامییەکە واقعییەتێکە، ڕاستە. هەبووە و هەیە و لە هەر دوو لاوە یارمەتی یەکتری دراوە. هەر ئەوەش نەبووە لە ئازەربایجانەوە ئەگەر تۆ بزانی و لە بیرت بێ، ئەوەی لە یادداشتەکانی " تفرشیان" و ئەفسەرە فەرارییەکان دا هەیە کە دێن لە خۆراسانەوە دەیاننێرنە ئەوێ، تەنانەت بە تەمای ئەوەن کە فڕۆکەخانە دروست بکەن لەو ناوچەیە. یانی هاوکارییەکە گومانی تێدا نەبووە. ئەوەی کە بۆچی ئەو هاوکارییە سەری نەگرت و نەبوو بە موقاوەمەتێکی

گشتی من هەر ئاوای بۆ دەچم پێم وایە ئەو هالە تەقەدوسەی کە لە هەوەڵ دا باستان کرد ئێمە هێزی کۆماری کوردستان و هێزی حکوومەتی میللی ئازەربایجان زۆر لەوە گەورەتر و زیاتر دەبینین کە لە ڕاستیدا بووە، هەمووی ئەوان دەرگیری خۆیان هەبوو، تەقابولی خۆیان هەبوو لە حکوومەتی ئازەربایجاندا لەگەڵ مالیکین و ئاغا، لەگەڵ کەسانی وەك یەمین لەشکر هەر لە مەنتەقەکەی ئێمە لەولای میاندواوەوە دەرگیری هەبوو، هێزێکی زۆر هەبوو زولفەقارییەکان ڕێکیان خستبوو بۆ شەڕ کردن لەگەڵ حکوومەتی میللی ئازەربایجان. عەینی شت لە کوردستانیش هەبوو لە نێو عەشایر دا. حکوومەتێکی ئەئاوا وەختێك هێزە لاوەکییەکە دەڕواتە دەرێ و پشتیوانییەکەی دەڕوات و نامێنێ ئایا دەکرا ؟ من پێم وایە زیرەکییەکی سیاسەتی ئێران و قەوام ئەوە بوو کە " زەنجان" ی بە سیاسەت گرتەوە. یانی ئەگەر ئەوەی نەکردایە، لە زەنگان بمایەتەوە هێزی حکوومەتی میللی ئازەربایجان...

**قازی: تکایە زەمینەکەشی بڵێ کە چۆناوچۆن بووە؟**

**سوڵتانی**: چۆنێتی ئەوەی کە زەنگانی چۆن گرتەوە؟ تەوافوقێك بوو لە گەڵ حکوومەتی ئازەربایجان کە لە لایەك مەنتەقەی تیکانتەپە و سەردەشت وەربگیرێ لێیان و بدرێ بە حکوومەتی ئازەربایجان کە لە ئەسڵ دا حکوومەتی کوردستان بوو ئەو ناوچەیە ، لە بەرابەر ئەوە دا " زەنجان" بدرێ بە حکوومەتی ناوەندی. ئەوەیان زۆر بە فێڵ کرد، بیرەوەرییەکانی هومایوونی کە هەر خۆت تەرجومەت کردووە بە کوردی بە ئاشکرا دەڵێ، دەڵێ لە تارانەوە پێیان گوتین، کوتیان ئێمە تەوافوقێکی وامان کردووە کوردەکان دێن بۆ لاتان بۆ تەحویل وەرگرتنی تیکانتەپە، تەحویلیان مەدەن ، دوو هەفتە بتوانن مەحتەلیان بکەن ئێمە بتوانین زەنجانیان لێ وەربگرین. کە وا بوو زەنجان بە فێڵ وەرگیراوە. کە زەنجان بە فێڵ وەرگیراوە نیرۆو هات هەتاکوو زەنجان ، ئیدی لە زەنجانەوە هاسانتر بوو لێدانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان هەتاکوو زەمانێك کە لە قەزوێن بوون. وەختێك کە لە قەزوێن بوون و سپای سووریش لەوێ بوو نەیدەهێشت بجووڵێنەوە تەبعەن نەدەکرا ئەو شتە. ئەوان لەوێ ڕۆیشتن، زەنجان گیرا بوو بە دەستیانەوە بوو لە ئەنجامدا ئیدی چوو زانم خۆ موقاوەمەتیش کرا خەڵکیش شەهید بوو لەوێ. لە ئازەربایجان خەڵکێکی زۆر کووژران لە شەڕەکان دا. وەکوو ئێعدام ، ئێعدامییان زۆر نەبوو ، وەك بزانم ژمارەی ئێعدامی ئەوانیش ۱۹ کەس بوو کە حکوومەتی کوردستانیش ۱۹ ئێعدامی هەبوو، ۱۹ شەهیدی هەبوو – ووشەی ئێعدامی ڕەنگە چاك نەبێت - ئەمما لە شەڕ دا خەڵکێکی زۆر کووژران . قسە لە هەزاران کەس دەکرێ من

نیمە ئامارێكی دەقیق. بەڵام تۆ بڵێی موقاوەمەت نەكرا بوو موقاوەمەت كرا ئەمما هێزەكە هەر ئەوەندە بوو ، بە تۆپ و بە تانك و بە تەییارە. هومایوونی دەڵێ شەش تەییارە بە ژوور سەرمانەوە بوون بۆ فەقەت ئەو هێزەی كە لە میاندواوە جووڵا بەرەو مەهاباد ڕویی. دەی ئەوە حكوومەتی میللی ئازەربایجان

یان حكوومەتی كوردستان ئەوەی لە كوێ بوو؟ تفەنگێكی بڕنووی هەبوو وەسەلام

**قازی: مامۆستا بەرنامەكانی "ڕاوێژ: هەمیشە ئاوایە كە بینەرانیش تێیدا بەشدار دەبن جا بە ڕێگای لاپەڕەی فەیس**

**بووكەكەمانەوە شەش حەوت پرسیار هاتووە تا ئەو جێگای كە وەختمان مابێ وا بزانم نزیكەی ١٥ دەقیقەیەكمان ماوە تەرخانی دەكەین بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە . هیوا دارم بە كورتی وەڵام بدەیەوە بۆ ئەوەی بكرێ بەهەموو پرسیارەكان ڕابگەین. كەسێك دەنووسێ:**

وێڕای سڵاو بۆ بەڕێز سوڵتانی ئەم سێ پرسیارانەی لێدەكەم.

- من وەك كەسێك كە لە بەلژیك مێژووی ئەورووپا و ئەو وڵاتەم خوێندوە، هەست ئەكەم ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ هەوڵ ئەدەن لە سەر مێژوو لێكۆڵینەوەی نوێ ئەنجام بدەن بە مەبەستی ئەوەی مێژوو لە قسەی ئەو و بۆچوونی ئەو ڕزگار بكەن و ڕووە ڕاستەقینەكەی نیشانی خەڵك بدەن، بۆ ئەوەی یەكەمین كار كە ئەیكەن گوێنەدانە بە هەستی خەڵك و سەمبوڵەكانیان. بۆ نمونە پاشا لێرە موقەدەسە بەڵام ئەوان كاتێك باسی لیۆپۆڵدی دووەم دەكەن كە وڵاتی كۆنگۆی داگیركرد و كاولی كرد لات وایە باسی هیتلەر دەكەن. پێتان وانیە پێویستە كورد مێژووی كوردستان بە گشتی و كۆماری كوردستان بەتایبەتی لەو دەستاودەستانێیەی حیزبی ڕزگار بكات؟

پرسیاری دووەم هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هزرەی كە لە پرسیاری یەكەمدا باسمان كردوە، ئایا لۆژیكیە پێشەوا قازی محەمەد چووبێتە بەر پەتی سێدارە كە ئەڵێن گوایە زانیویەتی لەسێدارە دەدرێ؟ ئایا پێش ئەوەی پێشەوا دەستگیر بكەن یان خۆی بداتە دەست، هیچ ئاماژەیەك بۆ گفتوگۆ هەبوە؟

پرسیاری سێیەم تایبەتە بە ئاڵا چەندین ڕاپەڕین و ڕووداوی وەك كۆمار بەر لە كۆماری كوردستان لە مێژوودا تۆماركراون، بەڵام هیچ كامیان بەقەد كۆمار بێ دۆكومێنت نین. ئایا

بۆچوونی جەنابت لەسەر ئالآی کۆمار چیە؟ ڕاستە قازی جگە لە بارزانی خوالێخۆشبوو کەسی دیکەی نەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئالآکەی بۆ بپارێزێ؟

به سپاسەوە: ئارام ڕەسووڵ

**قازی: تکایە بە کورتی وەڵام بدەوە بۆ ئەوەی بگەینە ئەوانیدیکەش.**

**سوڵتانی**: بە سەرچاو ، لە سەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوی نوێ بکرێ لە سەر مێژووی کورد هیچ قسەیەك هەیە؟ کەس دەتوانێ قسەیەکی هەبێ ؛ یا من هەمە؟ من پێشتریش لە قسەکانم دا باسم کرد ئێمە کەمتەرخەمی دەکەین هەموو لایەکمان کە کاری تازە ناکەین. بەڵگەیەکی زۆر هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەکرێ . مەیدانی دەکرێ لەوێش بیکەین. بەڵام هیچ ناکرێ. لە ئەنجام دا من لەوە دا هیچ قسەیەکم نییە. هیوادارم چووزانم ئەگەر گۆڕانکارییەك بێ لە چۆنیەتی بۆچوون و لە فکر کردنەوەی ڕووناکبیرەکانمان کە لە باتی شەڕەدندووکەی یەکتری کردن ، ئەو هەموو سایت و ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و ئەو شتانەی کە پڕە لە شتی بەتاڵ و ئەوانە دوو کاری جیدی بکرێ. لێکۆڵینەوە بکرێ هیوادارم وا بێ. ئەمما ئەوەی کە گوێ نەدەیە هەستی خەڵك من نازانم ئەوە ئەگەر لە بێلژیك دەکرێ ئایا لە کوردستانیش دەکرێ یان نا؟ پێم وایە ئەوە دەبێ بافتی کۆمەڵایەتییەکەی بگیرێتە بەرچاو. ئەمان ڕەنگە نزیکەی چوارسەد پێنج سەد ساڵ بێ بافتی عەشیرەتییان تێدا نەماوە. ئەوان شار نشینن، فەرهەنگی شارییان هەیە. ئێمە ئەلئانیش فەرهەنگەکەمان فەرهەنگی گوندی یە. لەبار و دۆخێکی وا دا ڕەنگە بەو هاسانییە نەبێت کە کەسێك ڕەخنە لە ڕەهبەران بگرێت. هەر ئەو کێشەیەی کە ئەخیرەن یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان ڕەخنەیەکی گرتبوو لە یەکێك لە ڕابەرانی نیزامی یەکێك لە حیزبەکانی کوردستان، ببوورە ئەمن هەر نێوی دێنم ؛ مەحموود سەنگاوی و دوایە مونجەر بوو بەوە.. ئەوە نیشان دەدا کە کۆمەڵگاکە ئامادە نییە ، دەبێ حەکیمانەتر بەرخورد بکرێ . من مەنزوورم لە حەکیمانەتر ئەوە نییە موحافەزەکار بی ڕاستی نەڵێی. ئەمما لە بنی مەنجەڵ دان لێرە دەکرێ، لەوێ ناکرێ. کاك حەسەن با ئیشارەی پێ بکەم لە بەرنامەیەکی کۆمێدی دا کەسێك هەیە لە ئینگلیس شتێك مەکدۆناڵدی پێ دەڵێن خەریك بوو بەرنامەیەکی ستاند ئاپ کۆمێدی بەڕێوە دەبرد بە قەدرایی مانگێك لەوە پێش بوو ، لە کریسمەس ویلیام و ژنەکەی هاتبوون، یانی کچەزای مەلیکە ، هاتبوو لەوێ دانیشتبوو لەگەڵ ژنەکەی ، تەعزیمێکی بۆ کردن و ئیحتڕامێکی بۆ گرتن و بەخێرهاتنی کردن و دوایە بە کەیت ی گوت بیستوومە دووگیانی پێمان ناڵێی باوکی منداڵەکەت کێیە؟ دەی باشە تۆ بێی لە کوردستان ئەوە بە یەکێك

لە ڕێبەرانی کورد بڵێی کە لە ژنەکەی پرسی پێم بڵێ باوکی منداڵەکەت کێیە؟ نابێ. یانی مەنزوورم ئەوەیە زۆریش توندڕەوی نەکەین. دەنا ڕاستی گوتن تەبعەن دەبێ بگوترێ.

**قازی : بڕێك بەخێراتر بۆ ئەوەی بگەینە ئەوانیدیکەش.**

**سوڵتانی** : ئەی بەسەر چاو میسال ناهێنمەوە ئەمجارە. ئەوەی کە پێشەوا بۆچی ئێعدامی قەبووڵ کرد . من نازانم ئەوە وەکوو ئازایەتییەك، لە خۆ بوردووییەك ئەگەر بیگریە بەرچاو کە دەبێ بیگری وەکوو بەڵێنێك کە بە خەڵکەکەی دابوو دەنا دەستەڵاتی بوو بڕوات، لەگەڵ بارزانییەکان دەیتوانی بڕوات. زۆر ڕێگای دیکەشی هەبوو بۆ ڕۆیشتن نەیکرد. من ئەوە بە ئازایەتی و بە وەفاداری بۆ خەڵك دادەنێم نەك بە شتێکی دیکە، مەگەر ئەوە تۆ ئەوە لەو پێوەندییە دا ببینی کە ئەگەر ئەو بڕۆیشتایە دەرێ و ئێعدام نەکرایە، یان ڕێبەران بڕۆیشتانەتە دەرێ لە دەرەوە موقاوەمەتێکیان سازمان بدایە کە ڕەنگ بوو ئەو موقاوەمەتە بە ئەنجامێك بگا. ئەوە دەکرێ باس بکرێ. گفتگۆ من نەمبیستووە. لە سەر ئاڵاکە باسمان کرد با وەخت نەگرین.ئەمما لە سەر گفتوگۆ ئەمن پێم وا نییە شتێك بە ناوی گفتوگۆ هەبووبێت لەو قۆناغە دا چونکوو فەزلولڵای هومایوونی دەڵێ وەختێك کە پێشەوا هات و داوای ئەوەی کرد کە پەیمانی ئاشتی ئیمزا کەین پێم گوت ئێوە ڕەعییەتی ئەو مەملەکەتەن ، ڕەعییەتی شان و پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ڕەعییەت نابەسترێ.

**قازی: زۆر باشە، بینەرێکی دیکە دەپرسێ:**

بەر لەوەی باس لە هۆیەکانی رووخاندنی کۆماری کوردستان بکرێت پێویستە ئەوە ساغ بکرێتەوە کە ئایا کۆماری کوردستان پرۆژەیەکی سیاسی خۆماڵی نەخشەبۆکێشراوبوو یان لاساییکردنەوەی ئەزموونێکی دیکەی هەرێمەکە بوو یان تەنیا پرۆژەیەکی کاتی بوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی لە ناوچەکە و ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵکی ئەو ناوچانەی کە لەژێر قەڵەمڕەوی کۆمار دابوون؟

ئایا هەلومەرجی سیاسی، رێکخراوەیی، نیزامی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی چەندە یارمەتیدەر بوون بۆ ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە؟

ئەو جۆگرافیایەی کە کۆماری تێدا ڕاگەیەندرا چەندە لەبار بوو بۆ پاراستنی خودی کۆمارەکە؟ کاتەکە چەندە گونجاو بوو بۆ راگەیاندنی کۆمار؟

رۆڵی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان و بە تایبەتی رۆڵی نەوت لە رووخاندنی کۆمارەکە چەندە کاریگەر بوو؟

هێز و تەکنۆلۆژیای سەربازی رژێمی ئەوسای ئێران، کۆمارەکەی رووخاند یان ئامادە نەبوون و کەمتەرخەمی، پارێزەزانی کۆمارەکە." تکایە بە کورتی.

**سوڵتانی**: بە سەر چاو. من پێم وایە وولامی زۆرێك لەوانە سەلبی یە، مەنفی یە.چونکوو یانی پرسیارەکان وا داڕێژراون. من پێم وایە پڕکردنەوەیەکی بۆشایی بوو. لە ڕۆیشتنی حکوومەتی ناوەندی و لە ڕۆیشتنی حکوومەتی ناوەندی و ڕۆیشتنی ڕەزا شا هەتاکوو دامەزرانی کۆمار، هەرچی هەیە لەو فاسیلەیە دا بۆشاییەك دروست بووە کە هێزی ئۆردووی سوور لەوێیە کورد لەوە سوودی وەرگرت، ئەمە عەیبێك نییە، ئیرادێك نییە ئیشکالێك نییە وە بوو بەڵام ئایا هەلومەرجەکە لەبار بوو؟ من پێم وایە لە بار نەبوو. هەلومەرجی ئابووری لەبار نەبوو بەلای کەمەوە.هەلومەرجی سیاسی ڕەنگە تا ڕادەیەك ئەمما هەلو مەرجی ئابووری بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو. من خۆم یەکێك لە پرسیارەکانم ئەوەیە کە ئایا ئەگەر حکوومەتی کوردستان دەوامی بکردایە حکوومەتەکە چۆن بەڕێوە دەبرا لە باری ئابوورییەوە؟ لە کامە سەرچاوەی ئابووری کەلك وەردەگیرا؟ ئەگەر دابڕاو بوایە لە کولی ئێران و لە نەوت و داهاتی ئێران دابڕاو بوایە لە کوێی دەهێنا؟ من پێم وایە هەلومەرجەکە لەبار نەبوو. جوغرافیاکە بۆ ئەو شتە و بە هاتنی هێزی سۆڤییەت لەبار بوو جوغڕافیاکە. ئەمما ئەو بەرژەوەندییانەی کە ئەو باسی کردووە نەوت. ئەو کێشەی نەوتە زۆر گرینگە. شتێك لە زۆر کەم جێگا دا دیومە ئیشارەی پێ بکرێ با من بیلێم. پێش ئەوەی کە سۆڤییەت،شوورەوی داوای نەوتی شومالی ئێران بکا ئەمریکا داوای دەکرد کۆمپانییەکی ئەمریکایی بە ناوی " سینگلێر" داوای نەوتی شومالی ئێرانی دەکرد و لە سەر ئەوە کێشەیەك دروست بوو لە بەینی شووڕەوی و ئەواندا و موعاوینی پێم وایە کۆنسوولی ئەمریکا لە تاران لە سەر تەختی نەخۆشخانە کوشتیان لە ئەنجام دا نومایەندەکەی کۆمپانییەکە ڕۆیشتە دەرێ . ئەوە گەلێك گرینگە کە سۆڤییەت بە تەنیا نەبوو کە داوای نەوتی شومالی ئێرانی دەکرد. نەوتی شومالی ئێران بەشێکی لە کوردستانیش بوو. ئەوان تەحقیقیان کرد بوو.

**قازی: پرسیاری بینەریکی دیکەمان بەڕێز ئەحسەن نەخشبەندی**

وێرای سلاوو ریز بۆ بەریز کاك ئەنوەر سۆڵتانی ،

١. چ جیاوازیی لە نێوان چۆنیەتی شۆڕشی پێشەوا قازی و جوانەمەرگ بوونی کۆماری

کوردستان و نەکسەی شۆڕشی بارزانی لە ١٩٧٥ دا هەیە لە حالێکدا ئەو بە بنبەست گەییشتنی یارمەتی لۆجستکی سۆڤیەت تێکشکا و ئەمیش بە بڕیاری رژیمی پالەوی ؟

٢ بێگۆمان سیاسەت و ستراتیژی دەوڵەتی رووس لە هەمبەر بریتانیا و ئەمەریکا نۆچیدا و دوچاری شکست بوو ، ئایا دارمانی سیاسی دەوڵەتی روس بویە هۆکاری شکستی کۆمار یان لاوازی ناوەڕۆکی سیستەمی ئیداری و سیاسی گەییشتبوە دوا قۆناغی نا ئۆمیدی لەئاستی بەردەوامبونی خەبات و بەرخۆدان ؟

٣ وەك لەمێژوو ی کۆماردا تۆمارکراوە لە ڕێکەوتی ٥ دسامبری ١٩٤٦ نەمر پێشەوا دەگەل زۆربەی پەرپرسانی سیاسی و نیزامی بریاری بەرگری و ڕوبەڕوبۆنەیان دژ بە سپای حەمەڕەزاشا پەسەند کرد بەڵام بە گەییشتنی هێزەکانی حکومەت لە شاری تەورێز و هەلاتنی پێشەوەری لە ناکاو بڕیار گۆڕدرا و ڕیگای خۆ ڕادەستکردنیان هەلبژارد ! بەڕای جەنابت هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم ئالوگۆڕە و شپرزەیی لە بڕیاەکاندا چ بوون ، وابەستەیی مۆتلەق بە دەوڵەتی ڕوس یان بێ متمانەیی بە یەکێتی هێزی پێشمەرگە و سەرانی عەشایر ؟

ئەحسەن نەقشبەندی

**قازی : دیارە مەسەلەی هەلاتنی پیشەوەری بە کاوی دڵی خۆی جێی پرسیارە. تکایە بە کورتی چونکە هەر وا دوو سێ دەقیقەیەکمان کات ماوە**

**سوڵتانی:** بە سەرچاو. ئەو قیاسەی کە کراوە لە بەینی حکوومەتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول تەنیا شتێك کە بەیەکیانەوە دەبەستێ و دەتوانێ هاوبەش بێ تێیاندا حزووری نیرووی لاوەکی یە. من خۆم پێم وایە، یەکێك لە پرسیارەکانیشی ئەوەیە، هێزە دەروونییەکە، داخڵییەکە دەوری سەرەکیتر دەبینێ لە لاوەکییەکە. من پێم وایە ئەگەر هێزێك لە دەروونی خۆیدا، لە ناوخۆی خۆیدا نەبێت و نەیەوێ و نەیکا هێزی لاوەکی ناتوانێ پێی بکا بە زۆر. کورد خۆی مێژوویەکی چوارسەد ساڵەی هەبووە بۆ سەرفەرازی، بۆ سەربەخۆیی، بۆ ئیستیقلال. لە ئەنجامدا بەلای کەمەوە ئەگەر بیلێین، بەلای کەمەوە لە شۆڕشی بەدرخانییەکان و با بڵێین شێخ عوبەیدیلاوە ١٥٠ ساڵ درێژەی بووە ئەو خواستە. لە ئەنجامدا ئەوە خواستە دەروونییەکە بووە، داخڵییەکە بووە. لە سەر ئەساسی ئەو خواستە داخڵییە کە هێزی لاوەکیش دەتوانێ یارمەتی

بدات کە من گومانم نییە هێزی لاوەکی یارمەتی دا. ئێمە ئینکاری ئەوە بکەین کە شوورەوی بە هاتنی بۆ ئەویَ نەبووە هۆی دامەزرانی کۆمار ئەمە شتێکی بیَ بەڵگە دەبێت چونکوو ڕاست بە ڕۆیشتنی ڕەزا شا ئەو شتە دامەزرا. ڕەزا شاش وەختێك ڕۆییشت کە هێزی موتەفیقین هاتە ئێرانەوە و هێزی سۆڤییەتیش هاتە ناوچەکەی ئێمە. کە وابوو ئەوان یەکێك لە هۆکارەکانن. ئەمما هۆکاری سەرەکی من لە خەڵك و لە خواستی خەڵك دا دەبینم هەتاکوو هێزە لاوەکییەکە دەنا ئەگەر خواستی سۆڤییەت بوایە سوڤییەت بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان نەیدەویست حکوومەتی کوردستان دامەزریَ چونکوو یەك شت لە بیرم چوو بیڵێم با ئیشارەیەکی پیَ بکەم. تەجروبەیەکی زۆر تاڵی ئی شوورەوی هەبوو پێش ئەم کێشەیەی ئازەربایجان لە گێلان. لە گێلان لە جونبشی جەنگەڵ دا ئەوان عەینی شت هاتن ئەنزەلی یان گرت، ڕەشتیان بۆمباران کرد، هێزیان دابەزاند هەتا ئەردەوێڵیش ڕۆیشتن بەڵام لە ئەسەری تەوافوقێك دا لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی ئێران دا پشتیان چۆل کرد و ڕۆیشتن. لەو دەمەش دا سەیر ئەوەیە کە سەرەکوەزیرانی ئێران ئەودەمیش قەوام بوو. قەوام نوخست وەزیری ئێران بوو، ڕەزا خان وەزیری جەنگی بوو کە ئەو پەیمانە بەسترا یانی قەوام دوو جار کڵاوی کردە سەر سۆڤییەت.

**قازی: زۆر باشە مامۆستا. گەلێك مەمنوون مامۆستا سوڵتانی بۆ بەشداریتان لەو بەرنامەیە دا. بینەرانی خۆشەویست هیوادارم کە ئەو موناقەشەیەی ئەوشۆمان لە سەر هێندێك لایەنی ئەزموونی کۆماری کوردستان فایدە و کەلکی خۆی هەبووبیَ. تکایە ئێوەش لە پێوەندی دابن لە گەڵمان بە ڕێگای لاپەڕەکانمان لە تویتر و فەیس بووك دا. هەر وەها پێنجشەمۆ ئێوارێ، پێنجشەمۆ شەویش ستێرك تیڤی بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە بۆ پیرۆز کردنی یادی دووی ڕێبەندان . تاکوو " ڕاوێژ" یکی دیکە لای ئێوەمان خۆش.**

تێبینی : ئەم هاوپرسەکییەی " ڕاوێژ" لە ئێوارەی یەکشەمە ١٨ی ژانڤیە لە تێلێڤیزیۆنی ستێرك بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ

http://ruwange.blogspot.com/2015/01/blog-post.html

# پێشەکی بۆ بیرەوەرییەکانی نەمر"ڕەئوف مەلا حەسەن"

هەموو کارەکە لە ئیمەیلێکی ڕێزدار ئیسماعیل ئیسماعیل زادەوە دەستی پێکرد. وابزانم کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ بوو کاك ئیسماعیل ئیمەیلێکی بۆ کاك برایمی فەڕشی و کاك نادری فەتحی لەماڵپەڕی "ڕۆژهەڵات- بۆکان" ناردبوو و نووسیبووی: *"مامۆستایەکی بەرگدرووی بەساڵاچوو لە سلێمانی دەژی کە قەدیم خەڵکی بۆکان بووە و گەلێك بیرەوەریی سەردەمی ژیانی بۆکانی هەیە و ئەنوەری سوڵتانیش دەناسێت، لام وایە ئەگەر ئەنوەر نامەیەکی بۆ بنووسێت و تکای تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی لێبکات ئامادەی نووسینەوەیان دەبێت، ناوی مامۆستاش 'ڕەئووفی مەلاحەسەن' ە".*

ئای چی دەبیسم؟ ئەوە خەونە یان ڕاستەقینەیە؟ میرزا حەمەڕەئووفی خەیات - قارەمانی خەباتی چینایەتی دژی ئاغاواتی بۆکان، پێشمەرگەی بەینەتداری شۆڕشی ئەیلوول و ئەویندارى سەربەخۆیی کوردستان ئێستا لە ژیاندایە و دوای زیاد لە نیوسەدە خەبات لە پێناو کوردستان، لە سلێمانی دەژیت بەڵام من لێی بێ هەواڵم! ئای بۆ ئەو نەزانی و بێخەبەرییەم! دوای خەساری لە دەست چوونی دەرفەت بۆ تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی نەمر حاجی قاسمی کەریمی، هاوڕێ و هاوخەباتی مامۆستا ڕەئووف، ئیتر نابێ ئەم هەڵەیە دووپات بێتەوە و ئەم هەلە لە دەست بچێت، هەرچۆنێك هەیە دەبێ شوێنی مەسەلەکە بگرین و نەهێڵین تووشی کارەساتێکی دیکە ببین!

تکام لە کاك برایم کرد دەرفەتی پێوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵ کاك ئیسماعیل پێبدات. هیممەتی ئەم و ڕووخۆشیی ئەو، بووە هۆی گەیشتنی دەنگم بە قارەمانێك کە لە منداڵییەوە ناوی لە تەتەڵەی زەینمدا تۆمار کراوە و وێنەی خەیاڵیی ئەوبە تەنیشت حاجی قاسمی کەریمی، عەبدوڵلا ئێرانی و عەلی میرەبەگ و سەیدکاکەوە، لە دیواری بیرەوەرییەکانم دراوە و تا ئەمڕۆ لەبەرچاوم لانەچووە، دەشزانم هەرگیز لاناچێت.

دووسێ ڕۆژی پێ نەچوو بە هیممەتی کاك ئیسماعیل هەلی پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا بۆ ڕەخسا. بۆم نووسی: *"مامۆستای سەرعێل شیرین کەلامان! چۆنی و لەگەڵ چەرخی زەمانە چ دەکەی؟ چەرمەسەرێی ئەو هەموو ساڵە چی بە سەر هێناوی؟"* ئیرەییم بە کاك ئیسماعیل برد

که دەیتوانی لە نزیکەوە دەستی ماچ بکات و سلاوی نەك هەر من، هی هەموو ئەوانەی بگەیێنێتە خزمەت کە ئاگاداری خەباتی نەپساوەی زیاد لە نیوسەدەی ئەون و دەزانن لە ناو ئەو هەموو گەندەڵی و خۆپەرستییانەی ئێستای وڵاتدا چۆن بە پاکی و ساغی ماوەتەوە و تەبعی بەرزی شان لە لووتکەی هەڵگورد دەسوێت.

دڵسۆزی و ڕۆح سووکی مامۆستا ڕەئووف بووە هۆی ئەوەی کاك ئیسماعیل بتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا بیرەوەرییەکانی بە دوو شێوە تۆمار بکات: بە نووسین واتە بە خەتی مامۆستا خۆی و بە دەنگیش لە سەر سی دی. مامۆستا دوای تەواو بوونی کاری تۆماری بیرەوەرییەکان، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی بە هەردوو شێواز بە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان، کاك ئیسماعیل و من دا و ئێمە خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە بازێکی وا لە سەرمان نیشتووە. بۆ ئاگاداریی ئەوانەی وا لە نزیکەوە کەسایەتی قایم و قورسی مامۆستا ناناسن، ئەوە بڵێم نە ویستوومانە و نە لە ترسی مامۆستا وێراومانە پیتێك و ووشەیەك لە قسەکانی زیاد وکەم بکەین. ئەوەی لێرەدا دەیبینن دەقاو دەق لەبەر دەستخەتی مامۆستاوە نووسراوەتەوە و کەم یا زۆر هیچ شتێکی لێ نەگۆڕاوە. هەروەها بۆ متمانەی زیاتری خوێنەر، هەوڵ دەدەین:

**یەکەم**، کۆپی دەستخەتەکانی مامۆستا بە بێ زیاد وکەم بڵاو بکەینەوە؛

**دووهەم،** ئەگەر ئیمکاناتی تەکنیکی و چاپ ئیجازە بدەن، سی دی دەنگی مامۆستاش هاوپێچی کتێبەکە بکەین بۆ ئەوەی هیچ گومانێك لە ڕەسەنایەتی کارەکە نەمێنێت.

**سێهەم**، ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك، سی دییەکەمان بۆ بڵاو نەبووەوە، هەموو بەشەکانی لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان دابنێین بۆ ئەوەی ئەویندارانی مێژووی ئەو ساڵانە بتوانن گوێ لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا وەك یەك لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ی بۆکان، ئەندامێکی بە ئەمەگی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەیەکی بەینەتداری شۆڕشی ئەیلوول ڕابگرن.

لێرەدا پێویستە چەند خاڵێك بگوترێت و چەند بابەتێك ڕوون بکرێتەوە:

**<u>یەکەم،</u>** بیرەوەرییەکان لەسەر مۆڵەت و مەیلی مامۆستا تۆمار کراون و ئێمە تەنیا هەندێك پرسیارمان ئاراستەی خزمەتی کردووە؛

**<u>دووهەم،</u>** مامۆستا سەرەڕای تەمەن و ڕابردنی ساڵانێکی زۆر بە سەر ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٣ ی بۆکاندا، بیرەوەرییەکانی خۆی - بە تایبەت ناوی کەسایەتییەکانی، گەلێك وورد و بێ هەڵە گێڕاوەتەوە. دیارە هەندێك ڕەقەم و ژمارە- بۆ نموونە، پارەی

کڕین و فرۆشتنی مەکینەی بەرگدروون و ڕادەی بەرتیلێك کە بە ئەفسەرانی سوپای ئێران دراوە، وا هەیە بۆ ئەو سەردەمانە زۆر بنوێنێت و ئەوەش تەنیا بە هۆی دوورمانەوەی شەست ساڵەی مامۆستا لە ئێران و بارودۆخی ئابووریی وڵاتەکەوە هاتۆتە کایە، زیاد و کەم بوونی سیفرێك لەو ژمارانەش هیچ شتێك لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕن؛

**سێهەم**، لە پێش هەمووواندا مامۆستا خۆی و بە هەمان شێوە کاك ئیسماعیل و من، لە تۆمار کردن و بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکان ئامانجێکمان جگە لە ڕوونکردنەوەی قوژبنێك لە مێژووی کوردستانی خۆشەویستی هەموومان نەبووە و هێنانی ناوی هەندێك کەس - لەوانە، ئاغاکانی بۆکان و هەندێك ئەندام و ڕێبەرانی حزبی دیموکرات و لایەنەکانی شۆڕشی ئەیلوول، هەر لەو پەیوەندییەدا بووە نەك زڕاندنی ناوێك و ڕەنجاندنی کەس و کار و وەچەی ئەمڕۆی ئەو کەسانە - کە دەزانین زۆربەیان خەباتکاری سیاسی و هەڵسووڕاوانی حزبە سیاسییەکانن و وەك تاك، ڕێزی زۆرمان بۆ هەموویان هەیە.

بیرەوەرییەکانی مامۆستا تیشکیان خستۆتە سەر مێژوویەکی ڕەش و پڕ شەرمەزاریی سیستەمی ئابووری — کۆمەڵایەتی فیئۆداڵی، کە چیتر نەماوە و دڵنیاشین هیچ هەڵسووڕاوێکی ڕاستەقینەی گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی یا نەتەوایەتی، داکۆکی لەو تاوان و خەیانەتانەی ڕابردوو ناکات، جا باوك و باپیرمان کردبێتیان یا خزم و ناسیاو یا بێگانە و نەناسراو؛ بۆ کەسانی خاوەن بڕوای سیاسی نابێ ئەو پێوەندییە خزمایەتییانە بتوانن حەقیقەت لەبەر چاوی خەڵك بشارنەوە.

بۆ ئاگاداریی خوێنەرانێك کە بە باشی ڕووداوی جێگەی باسی ئەم بیرەوەرییانە ناناسن و نازانن، مامۆستا ڕەئووف لە کوێ و لە چ بارودۆخێکی نالەباردا ئازایەتی و بەجەرگیی نواندووە و ڕێبەرایەتی ڕاپەڕیوانی کردووە، من ئاماژەیەك بەو ڕووداوە سیاسی- کۆمەڵایەتییانە دەکەم کە مامۆستا تێیاندا بەشدار بووە و دەوری بینیوە.

***

مێژووی کۆنی بۆکان گەلێك لێڵ و نادیارە. جگە لە هەندێك زانیاریی بەربڵاو سەبارەت بە سەدە و ساڵانی حکوومەتیماننا و ماد تا ئەشکانی و ساسانی، واتە پێش زایین و چەند سەدە دوای زایین، شتێکی دیکە لە مێژووی کۆنی شارەکە نازانرێت. بە تایبەت مێژووی دوای ئیسلامی بۆکان گەلێك نادیارە و تەنیا هەندێك ڕووناکایی خراوەتە سەر ساڵانی

دەسەڵاتداریەتی مغول کە بۆ ماوەیەکی کەم پێتەختی خۆیان هێنابووە مەراغەی بن گوێی بۆکان.

ئەو تاریکییە باڵی کێشاوەتە سەر مێژووی دواتری شار وناوچەکەش تا ناوەڕاستەکانی حوکمی قاجار لە ئێران ( ١٩٢٥ - ١٧٩٧ ز) و بە تایبەت سەردەمی شایەتی ناسرەددین شا (١٨٩٦ – ١٨٤٨ز) کە دەگوترێ عەزیزخانی سەردار موکری (١٨٧٠– ١٧٩٠ز) گوندی بۆکان و چاوان (دواتر، عەلیاباد) ی لە بنەماڵەی 'خاکی' و 'مەردانبەگی' دەکڕێت یان لێیان زەوت دەکات و لەو ساڵەوە تا کاتێ کە بە بنەماڵەی پەناهی واتە تاجرانی تەوریزی دەفرۆشێت، بە دەست بنەماڵەی سەردار موکرییەکانەوە دەمێنێتەوە (عەزیز خان، سەیفەددین خان، حەمە حوسەین خان و عەلی خانی میر موکری) و ئینجا پەناهییەکان لە ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤ ز) بە بنەماڵەی ئێلخانی زادە و موهتەدی دەفرۆشن.

مێژووی نوێی بۆکان لە ساڵی ١٣٢٣ دا بە دوو شەقڵی گرنگ دیاری دەکرێت: یەکەم، لەو ساڵەدا گوندی بۆکان دەبێت بە شاروچکە، واتە بە شێوەی فەرمی وەك 'بەخش' یان 'قەسبە' دەناسرێت. دووهەم، بنەماڵەیەکی ئاغاواتی دێبوکری بۆکان و هەمان گوندی عەلیاباد لە تاجرە تەوریزییەکە دەکڕن. بنەماڵەکە لە سێ بەرەباب پێك هاتبوون: عەلی ئاغای عەلیار، مەحموودئاغای ئێلخانی زادە و حاجی بایزئاغای ئێلخانی زادە (دواتر، موهتەدی). بەرەی عەلیار خاوەنی چەند پارچە مڵك بوون لە دەوروبەری بۆکان بەڵام شارەکە خۆی ببوو بە مڵکی دوو بنەماڵە ئامۆزاکەی تر. لە سەردەمی کۆماری کوردستان (٢٥-١٣٢٤) دا بۆکان وەك دووهەمین شاری کۆمار، بە دەست ئەو دوو بنەماڵەیەوە بوو.

شەش ساڵ دوای هەرەسی کۆمار واتە لە ساڵانی ١٣٣١ و ١٣٣٢ ی هەتاوی (١٩٥٢ و ٥٣ ی زایینی) دا لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری دوو ڕاپەڕینی مێژوویی هاوکات و هاوتەریب سەریان هەڵدا. ئەوانە، لەڕاستیدا، دوو ڕاپەڕینی جیاواز بوون کە - بە هۆی خەسلەتی هاوبەشی بەربەرەکانیکردنی ئاغا و دەرەبەگەوە، پێوەندیێکی سروشتییان پێکەوە گرت و هەر بەم بۆنەیەشەوە زۆر جار لە نووسراوە و بیرەوەرییەکانی سەبارەت بەو ساڵانەدا، لێك جیا نەکراونەتەوە و بە یەك زانراون. ڕاپەڕینەکان بریتی بوون لە:

١. خەباتی سیاسی خەڵکی بۆکان بۆ سەندنەوەی مافی زەوت کراویان و لەوانە، مافی تاپۆ واتە تۆماری ماڵ و مڵك و باغ و دووکان بە ناوی خۆیان، لە دەست ئاغایانی ئێلخانیزادە و موهتەدی؛ دیارە ئەو خەباتەی خەڵکی بۆکان پێشتر واتە لە ساڵانێکەوە دەستی پێکردبوو کە بۆکان مڵکی تاجرە تەورێزییەکە بوو و کێشەکە لەودەمەوە بە هەڵپەسێرراوی و چارەسەر نەکراوی مابووەوە. تەنانەت کێشەی ئاغا و

ڕەعیەتی بۆکانی دەگەڕێتەوە سەردەمێکی زووتر واتە ئەو ساڵانەی وا بە دەست سەردارەکانی تایفەی بابامیرییەوە بوو. بۆ نموونە لە سەردەمیٚ عەلی خانی سەردار دا چەند بنەماڵەیەکی بازرگانی بۆکانی کە باپیرەی من لە لای دایکەوە یەك لەوان بوو، شار بە جیٚ دێڵن و دەڕۆن، باپیرم دەچێتە مەهاباد و لەویٚ دووکانداری دەکات تا ئەوەی نوێنەری سەردار نامەی دڵنەواییان بۆ دەنووسێت و ئەوانیش دەگەڕێنەوە شارەکەیان.

٢. خەباتی چینایەتی دانیشتووانی گوندەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی بۆکان (ناسراو بە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی)، دژ بە ئاغا وخاوەن مڵکانی ناوچەکە. خەباتێك کە گەلێك زوو پەرەسی سەند و باڵی کێشایە گوندەکانی دەوروبەری میاندواو و ناوچەی شاماتی نێوان میاندواو و مەهابادیش. لەو ماوەیەدا زۆرێك لە ئاغاواتی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە گوندەکان دەرکران و زەوی و مڵك و ماڵیان بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانە لیٚ ئەستێندرا و هەندێکیان گیران یان هەڵاتن بۆ بۆکان کە هاوکات ببووە قەڵای شۆڕش و مۆڵگەی دژە شۆڕش و چاوەڕوانی تەقینەوەیەکی گەورە بوو. ڕاست لەو هەل و مەرجەدا کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ دژ بە دوکتۆر محەممەدی موسەددیق لە تاران قەوما و، ئاغاواتی شار و گوند پشت ئەستوور بە پۆلیس و سوپای کۆنەپەرستی شا، دەسەڵاتیان گرتەوە دەست و زەبر وزەنگ و گرتن و زیندانی کردن و کوشتنی ڕاپەڕیوەکان دەستی پێکرد.

مامۆستا ڕەئووف یەك لە ڕێبەران و کارگێرانی سەرەکی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەی ناوشاری بۆکان و وەك بەرپرسێکی حزبی دیموکراتی کوردستانیش لە پەیوەندی ڕاپەڕیوەکانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیدا بوو.

بابەتی سەرەکی ئەم بیرەوەرییانەی مامۆستا ڕاپەڕینی یەکەم، واتە خەباتی خەڵکی ناوشاری بۆکانە و وەك لە بیرەوەرییەکاندا دەیبینین، لە ئەنجامی کۆدیتادا، ئەو و سەدان کەس لە هاوبیر و هاوکارەکانی کەوتنە بەر زەبر وزەنگی هاوبەشی ئاغاوات و پۆلیس و سوپا، زیندانی شاری مەهاباد لە ڕاپەڕیوان ئاخێنرا و لە ناو شاری بۆکان ماڵ و شوێنی کار وکاسبی ڕێبەڕانی ڕاپەڕینەکە (نەمران حاجی قاسم کەریمی و عەلی میرەبەگ) بە دەست نۆکەر و گزیری ئاغاکانەوە لە بەیانی ڕۆژی جەژی قورباندا سووتێنرا؛ ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی هەردوو ڕاپەڕینی بۆکان و گوندەکان گیران، لە تەویلەی ئاغاکاندا ئەشکەنجە کران و ئەوانەش وا توانییان خۆ لە دەست هێرشی بیٚ بەزەییانەی گزیری ئاغاکان و پۆلیسی شا ڕزگار بکەن،

ئاوارەی شارەکانی دەوروبەر بوون و بەشێکی بەرچاویشیان خۆیان گەیاندە گەرمێن و تا کۆتایی تەمەن لە هەولێر و سلێمانی مانەوە و نەیانتوانی بگەڕێنەوە ماڵ وزێدی خۆیان، هەر لە ئاوارەییشدا سەریان نایەوە. مامۆستا ڕەئووف و حاجی قاسمی کەریمی دووکەس لەو ئاوارانە بوون.

کاتێ باسی دوو راپەڕینی ئەو ساڵانە دەکەم، دەزانم سەردەمی هاوبەش، جوغرافیای هاوبەش، ئامانجی هاوبەش، دوژمنی هاوبەش و بارودۆخی هاوبەش پەیوەندێکی سروشتیی لە نێوانیاندا دەستەبەر کردبوو - ئەوەش بەکردەوە لە ڕێگای هەندێك ئاڵقەی پەیوەندیدەرەوە مسۆگەر دەبوو، کە بریتی بوون لە:

١. لقی حزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان[٦٧] و تاڕادەیەکیش هەڵسووڕاوانی 'جبهه ملی' و حزبی توودەی ئێران.

بەرپرسانی لقی حزبی دیموکراتی کوردستان – سەرەتا، نەمر حسێن فاتیحی و پاشان مامۆستا ڕەئووفی مەلا حەسەن؛

٢. هەندێك کەسایەتی خوێندەوار و بەرپرس بەڵام ناحزبی – وەك مەلا و فەقێ و مامۆستایانی قوتابخانە، بۆ نموونە، مامۆستا مەلا هادی ئەفخەم زادە و مامۆستا مەلا شێخ عیزەددینی حوسەینی کە ئەودەم لە گوندی 'گۆل' و جەنگەی ڕووداوەکاندا مەلایەتی گوندی دەکرد؛

٣. ئەو دانیشتووانەی شار کە پەیوەندیان لەگەڵ گوندەکان هەبوو، بۆ نموونە ، زۆربەی زۆری بەرگدرووەکان وەك حوسەینی مەجیدی و حوسەینی تەهایی و ئاسنگەر و کەوشدروو و تەنەکەسازی وەك سەید تەهای غەفووری، و تەنانەت کووتاڵ فرۆشی وەك حاجی حەسەنبەگی سامبەگی، یان خوێندەوار و ڕووناکبیرانی وەك برایمی ئەفخەمی (فەرمانبەر) و عومەری سوڵتانی (ڕۆژنامە فرۆش)؛

٤. دانیشتووانی گوند، کە پێوەندیان لەگەڵ شار هەبوو، وەك سەید کاکە، عەتری گڵۆڵانیی (محەممەدی نووری دواتر) و محەممەدی ئەفخەمی.

گرنگایەتی دەوری مامۆستا ڕەئووف لە ڕووداوەکانی ئەوسەردەمە، لە ناوەرۆکی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا بە باشی دەردەکەوێت. ژیانی مامۆستا لە بۆکان، حیکایەتی

---

[٦٧] . گەرچی سیاسەتی گشتیی حزب دابەش کردنی زەویوزار بەسەر ئەوانەدا نەبوو کە کاریان لەسەر دەکرد، بەڵام لافاوی بەهێزی راپەڕین ئەوانیشی لەگەڵ خەڵکەکە خستبوو و خواستە و نەخواستە لەگەڵ ڕووداوەکەدا هاودەنگییان دەکرد. بڕوانە بیرەوەرییەکانی نەمران کەریم حیسامی و مامەغەنی بلووریان.

سەردەمێکە کە بە دیاردەی تێکگیرانی سەرمایەداریی تازە سەرهەڵداو لەگەڵ فیئۆدالیزمی ڕەگ داکوتاو دیاری دەکرێت، حیکایەتی هەوڵی سەرنەکەوتووی خەڵکی شارێك بۆ بەختەوەری و دەرچوون لە ژێر باری چەوسانەوە و زۆرداریی خاوەن مڵك و دەرەبەگ. مامۆستا – لەو خەبات و بەربەرەکانییەدا بە تاکەکەسی هەنگاوی هەڵنەهێناوەتەوە، ئەو وەك بەرپرسی لقی حزبی دیموکڕاتی کوردستان لە بۆکان، خەباتی حزبایەتی کردووە باوەکوو کۆمەڵانی گەل لەو قۆناغەی مێژووی ناوچەکەدا لە حزبەکان گەلێك وەپێش کەوتبوون و حزبە سیاسییەکان بە شەلەشەل بە دوایاندا دەڕۆیشتن- چ حزبی دیموکڕاتی کوردستان، چ حزبی توودەی ئێران و چ 'جبهه ملی' دوکتۆر موسەددیق و دوکتۆر سەنجابی.

ڕۆحی خزمەتگوزاریی گەل و خەباتی سیاسی بە شێوەیەك ئاوێتەی وجوودی مامۆستا – ببوو کە دوای چەرمەسەرێ و زیندان و ئاوارەییش، کاتێ گەیشتە پەناگەی بە متمانەی باشووری کوردستان، سرەوتن وحەجمینی نەبوو و سەرەتا لەگەڵ کومیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی ئێران کە پەڕیوەی باشوور ببوون، هاوکاری دەست پێکرد و تا پلەی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی بەرز بووەوە، پاشان دوای کۆنگرەی دووهەمی حزب لەگەڵ باڵی عەبدوڵڵا ئیسحاقی کەوت و بە شەهیدبوونی ئەو و فەوتانی بەکردەوەی ئەو باڵەی حزب، ڕووی لە شۆڕشی ئەیلوول کرد و تا هەرەسی ١٩٧٥ وەك پێشمەرگە و سەرلق، لەخزمەت شۆڕشی گەلدا مایەوە و کوڕێکی شۆڕە لاوی بوو بە قۆچی قوربانی شۆڕش و نیشتمان، سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ڕەنج و بێبەشی و ڕۆڵەکووژراوییە، دوای هەرەسیش وەك دەروێشێکی خالیس و موخلیسی شۆڕش و ڕێبەرەکەی - واتە بارزانی نەمر مایەوە.

واهەیە گرنگایەتی زۆر لە بیرەوەرییەکانی مامۆستادا، بدرێتە سالانی ژیان لە بۆکان و ڕیبەرایەتیکردنی خەبات دژ بە ئاغاواتی شارەکە، ئەویش لە بەر ئەو ڕاستییەی کە بەشی زۆری ڕووداوەکانی ئەو سالانە لە پرۆپێستدا ماوەتەوە و نەك هەر هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی لە سەر نەکراوە، بەڵکوو ڕووداوەکان و قارەمانان و قوربانییەکانیشی لە تەم ومژدا ماونەتەوە و تەنانەت لە لایەن هەندێك قەڵەم بەدەستی سەر بە ئاغاکانەوە هەوڵی شێواندن و چەواشەکارییان دراوە. بە پێچەوانە، سەردەمی خەباتی مامۆستا لە ماوەی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکرات و پاشانیش لەڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە گەلێك سەرچاوەدا ڕەنگیان داوەتەوە و ئەو تازەییەیان نییە کە لە بیرەوەرییەکانی ڕاپەڕینەکەی بۆکاندا هەیە، ڕاپەڕینێك کە دوای تێپەڕبوونی نزیك بە ٦٠ ساڵ هێشتا چاوەڕوانی لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندن و ناساندنە. زۆر کەس، بە تایبەت نەوەی تازە، ئاگاداری کێشەکە، هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵك، ڕێڕەو و ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە، قوربانی وگیراو و ئەشکەنجەکراو و ماڵ سووتاو و ئاوارەبووەکان، یا زاڵم و

زۆردار و ملهوڕەکان ناناسن و بە هەواڵی ئەو کوێرەوەرییانە نازانن کە گەورەپیاوانی وەك حاجی قاسمی کەریمی و عەبدوڵلا ئیرانی و میرزا حەمەڕەئووفی مەلاحەسەن و عەلی میرەبەگ و حوسەینی تەهایی و ئەوانیتر تووشی هاتن. دەستی مامۆستا ڕەئووف خۆش بێت کە پەردەی لەسەر زۆر ڕووداوی ئەوسالانە هەڵماڵی و لای کەم ماتریاڵی خاو بەڵام جێگەی متمانەی خستە بەردەم لێکۆڵەرانێك کە لەمرۆ بەدواوە بیانەوێت لەسەر ئەو خەباتە مەزنەی خەڵکی بۆکان و ناوچەکە توێژینەوە بکەن.

من، بەش بە حاڵی خۆم، سپاسی زۆری مامۆستا دەکەم کە سەرەڕای تەمەن و نەخۆشی و کارو کوێرەوەریی ڕۆژانە، بە شەوقێکی گەنجانەوە بەرەوپیری پێشنیار و تکای ئێمەوە هات و لە ماوەیەکی کەمی چەند مانگەدا هەموو ئەو بابەتانەی تۆمار کرد و نووسی کە لێرەدا بڵاو دەکرێنەوە. دەزانم ئەم کارەی لەبەر چاوی کاڵی ئێمە نەکرد و درکاندن و باس کردنی ئەم ڕاستییانەی وەك قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەپساوەی خۆی زانی و هەوڵی دەرخستنی بەشێك لەو ڕووداوە مێژووییانەی دا کە بەداخەوە ئێستا زیاد لە ٦٠ ساڵە لە تاریکیدا ماونەتەوە و کەس پەردەی لە سەر لانەداون. ئامانجی مامۆستا لەم کارە، ئاگادار کردنەوەی نەوەی نوێی نیشتمانەکەمان بووە لە ڕەوتی هەندێك ڕووداوی سیاسی — چینایەتی و خەباتی سەربازانێکی وون؛ بۆ ئێمەش ئەوپەڕی شادی و شانازی دەبێت ئەگەر بە هەمان ڕۆحەوە ڕایانبگوێزین و بیانخەینە بەردەمی مێژوو- مێژوویەك کە لەگەڵ مامۆستا و هاوسەنگەرەکانی زۆر بێ بەزەیی بوو و بە پێچەوانەوە، دوژمنەکانی ئەوان و نەیارانی گەلەکەمانی بەرزکردەوە وپلە و پایەی پێ بەخشین.

هەروەها سپاسی خۆم ئاراستەی کاك ئیسماعیل ئیسماعیل زادە دەکەم کە هەر لە یەکەم هەنگاوەوە تا دوایین هەنگاو، بە تاکەکەسی ئەرك و کارەکانی بەڕێوە برد و خۆی خوازیاری ڕێك خستنی ئەم چاوپێکەوتنانە لەگەڵ مامۆستا بوو و هەر لە سەردانی ساکاری مامۆستا ڕەئووفەوە تا ڕازی کردنی و تۆمارکردنی دەنگ و تایپ کردنی نووسراوەکان و ناردنیان بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەلات- بۆکان هەموو قۆناغەکانی کارەکەی بە تاکەکەسی گەیاندە ئەنجام.

سپاسی زۆری کاك 'برایمی فەڕشی' و کاك 'نادری فەتحی' دەکەم بۆ هەموو چەشنە هاوفیکری و هاوهەنگاویی کارەکان و کاك نادریش بۆ بڵاوکردنەوەیان.

گەلێك هیوادارم ئەم بیرەوەرییانە کەرەسەیەکی باش بۆ لێکۆلینەوەکانی دواڕۆژ سەبارەت بەو ڕاپەڕینە شکۆدارە پێك بهێنێت و شەوقێك بخاتە بەر پێی ڕێڕەوانی ئەو ڕێبازە گرنگە و نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی ئەو بەشەی نیشتمانەکەمان.

***

لە کۆتاییدا، بە پێویستی دەزانم دەست نیشانی خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندی ئەو کەسانەدا بکەم کە لە بیرەوەرییەکانی مامۆستادا ناویان هاتووە. مامۆستا ڕەئووف ژیانێکی پڕ چەرمەسەرێ و ناخۆشی لە ڕیزەکانی خەبات و کاری سیاسی و حزبایەتیدا بردە سەر. لە هەموو ئەو ماوەیەدا باوەڕی لەبن نەهاتووی بەو ڕێباز و ڕێگایە هەبوو کە لە سەری دەڕۆیشت؛ بە ڕادەیەك کە هیچ دیاردەیەك نەیدەتوانی شلوێی بکات و بیروباوەڕەکەی لە مێشك دەربهێنێت، نە زیندان، نە ئاوارەیی، نە هەژاری و نە مەترسیی گیانی خۆی و بنەماڵەکەی. ئەو باوەڕە قایم و نەگۆڕە، کەسایەتییەکی لێ دروست کردبوو کە تا ڕادەیەکی زۆر یەك بوعدی بوو و جگە لە ڕێبازی جێگەی باوەڕی خۆی و ڕێڕەوانی ئەو ڕێبازە، کەسی دیکەی قەبووڵ نەبوو و نەك هەر ئەوەش، بەڵکوو بە ناحەز و دوژمنی خۆی و گەل و نیشتمانی دەزانین. دونیای مامۆستا دونیایەکی ڕەش و سپی بوو و هیچ شوێنێکی بۆ هیچ ڕەنگێکی دیکە تێدا نەکرابووەوە. ئەوە هەر ئەو دونیایەیە کە پێشمەرگەی ڕاستەقینە هەیانە و گیان لەسەردەست بەرەو ئامنج و دژ بە ناحەزانی ئامانجەکەیان دەئاژوێن. لەو دونیایەی مامۆستادا، ڕاپەڕیوەکانی بۆکان وەك حوسەینی مەجیدی و حوسەینی فاتیحی، دۆست بوون و ئاغاکانی بۆکان، هەروەها ڕژێمی شایەتی و سوپا و پۆلیسی ئێران، نەیار و دوژمن، ئەویان سپی سپی و ئەمیان ڕەشی ڕەش. لە زیهنی مامۆستادا، هیچ هێزێك نەیدەتوانی ئەو دوو بەرەیە لێك نزیك بکاتەوە یا جێگۆڕکێیان پێ بکات. ڕاپەڕیوەکان بۆ هەمیشە لە زیهنی ئەودا خۆشەویست مانەوە و ئاغاکای بۆکان و دەوروبەری و ڕژێمی شا بۆ هەمیشە، نەیار و دوژمن.

ئەو شێوە بۆچوون و هەڵوێست گرتنە، کە ببووە بەشێك لە کەسایەتی و زاتی مامۆستا، بە گۆڕینی جوغرافیا، واتە کۆچکردن بۆ باشووری کوردستانیش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. بۆ ئەو، لە باشووری کوردستان و لە ململانی نێوان نەمران ئەحمەد تەوفیق و دوکتۆر قاسملووشدا، نەك هەر ڕێبازەکان بەڵکوو کەسەکانیش یا ڕەش بوون یا سپی، یا خزمەتکاری گەل بوون یا خائین بە گەل و نیشتمان. لە قۆناغی چوونە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکڕات و شۆڕشی ئەیلوولیشدا، هەمان ڕوانگە سەری هەڵدا و هەمان کەسایەتیی بە هەمان چاویلکە سەیری پەیوەندییەکانی کرد: ڕێبەری شۆڕش چاکی موتڵەق بوو و دەفتەری سیاسی، خراپی ڕەها.

ئاشکرایە نەك هەر ئەو، بەڵکوو زیهنیەتی ڕۆژهەڵاتی لە بەرانبەر خراپ و خراپەکاردا بێ بەزەییە و نەیار و دوژمنی بیروباوەڕ بە شەیتان و خائین ناودەبات. ئەو دیاردەیە لە هەڵوێست گرتنەکانی مامۆستا ڕەئووفیشدا بە زەقی خۆ دەنوێنێت و لەئەنجام دا هەندێك لایەن و کەسایەتی دەکەونە بەر ڕەخنەی توند و بۆ نموونە، نەمر قاسملوو بە خائین ناو دەبرێت یا لە

باسی ئاغاکانی بۆکاندا حەمەدەمین ئاغا بە ماکی خراپە دادەنرێت و بەهەمان شێوە، حزبی ڕزگاری و دەفتەری سیاسی پارتی دیموکرات ڕەخنەی توندیان لێ دەگیرێت و دەخرێنە چاڵاوی نەفرەت و ڕقی شۆڕشگێرانەوە.

کاك ئیسماعیل و من، لە نووسینەوە و ئامادەکردنی بیرەوەرییەکاندا ئەو نیگەرانییانەمان هەبوو کە هاوحزبی و لایەنگر و دۆست و برادەر و کەس وکاری ئەو کەسانەی لە بیرەوەرییەکاندا هێرشێکیان کراوەتە سەر، دڵ ئێش بن و گلەیی بکەن بۆچی بابەتەکان بە بێ دەست تێوەردان بڵاو کراونەتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە ماوەیەکی زۆر بیرمان لە مەسەلەکە کردەوە و لایەنی چاك و خراپیمان هەڵسەنگاند. دوو ڕێبازمان لەبەر بوو، یا هەموو ئەو ناوانەی وا مامۆستا بە نەیار و ناحەزی گەل و نیشتمانی زانیون بکووژێنینەوە و نەیانهێڵین، یا کارەکە وەك خۆی بڵاو بکەینەوە و لێبگەڕێین خوێنەر بە ئەرێ و نەرێ داوەریان لەسەر بکات.

ڕێبازی یەکەم چاکییەکی هەبوو ئەویش ئەوەی گلەیی شەخسی و تاکەکەسی نەدەهاتەوە سەر مامۆستا و ئێمەش؛ بەڵام زیانی ئەوە دەبوو قارەمانان و ڕێبەران و بکەری کردارەکان هەموو دەشاررانەوە و ئەوەی دەکەوتە بەردەستی خوێنەر و نەوەکانی داهاتووی گەل، دەبووە حیکایەتی شێری بێ یاڵ و ورگ و کلك، کە هیچکەس نەیدەتوانی بیناسێتەوە و بزانێ چییە و لەکوێوە هاتووە و چی کردووە و لە کام شەڕەجەنگدا تێك شکاوە و کێ شکاندوویەتی!

لە ئەنجامدا هەردوکمان هاتینە سەر ئەو باوەڕەی کە هەرچۆنێك بێت، بەهۆی ئەو هۆکارە و هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە قەڵەمی مامۆستا و ئەو ئەمانەتەی پێی ئەسپاردبووین، دەستکاریی کارەکانی نەکەین بە تایبەت کە سی دی دەنگەکەشی هەیە و ئەگەر لە نووسینەوەی بابەتەکەدا سەنگ و سووکێکی یادداشتەکان بکرێت، لەگەڵ تۆماری دەنگەکە هیچ ناکرێت و بەو دەست تێوەردانەی ئێمە، ناتەباییەکی زۆر لە نێوان نووسین و تۆماری دەنگەکەدا پێك دێت، ئێمە نەمانویست و نامانەوێت خەیانەت بە ئەمانەتێکی گرنگی وەك ئەم بیرەوەرییانە بکەین و ئاگاداری ئەوە هەین کە مامۆستا بە چ بایەخێکەوە قسەکانی بۆ نەوەی دادێی کوردستان دەگێڕایەوە و چەندە بەتەنگی خەباتی دوارۆژی گەلەکەمان لە پێناو سەربەخۆییدا بوو.

بۆ ئاگاداریی خوێنەر دەبێ بڵێین کە دوای ئەوەی یادداشتەکان و سی دی دەنگی مامۆستا ئامادە کرا، نوسخەیان لە لای خۆی مایەوە و دوای ماوەیەك لە پەیوەندێکی تەلەفونیدا بە منی فەرموو دەست ڕابگرم و جارێ بڵاویان نەکەمەوە. ئەوە کاتێك بوو کە مامۆستا بەهۆی نەخۆشی و پیرییەوە، ئیتر هاتوچۆی دووکانی پێ نەدەکرا و لە ماڵەوە مابووەوە. من زانیم کە نایەوێت بابەتەکان لە ماوەی ژیانی خۆیدا بڵاو ببنەوە و وەك کەسێك کە پێش بینی مەرگی خۆی بکات، داوای لێکردم "جارێ" بڵاوکردنەوەیان ڕابگرم، کە ئێمەش فەرمانمان بەجێ

هێنا دەنا هەر ئەودەم دەکرا تۆماری دەنگەکە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان دا بڵاو بکەینەوە و تەنانەت کاك ئیسماعیل بە ماوەیەکی باش پێش مەرگی مامۆستا، یادداشتەکانیشی تایپ و هەڵەبڕی کردن. هیوادارین خوێنەر بە بارودۆخی مامۆستا و گرفتی ئێمە لەوپەیوەندییەدا، بزانێت.

هەروەها گرنگە خزم و کەس و کاری ئەوانەش وا ناویان لە بیرەوەرییەکانی مامۆستادا هاتووە ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەن کە مامۆستا ڕەئووف خزمەتکارێکی لەخۆبووردووو و ڕاستەقینەی گەل و نیشتمان بوو و لە هەردووبەری سنووری دەستکردی خاکی کورد، بە گیان و دڵ خزمەتی ئامانجە سیاسیەکانی خۆی کرد. ئەو بابەتەکانی لە پەیوەندی بەختەوەریی گەل و سەربەخۆیی کوردستاندا دەدیت نەك لە چوارچێوەیەکی بەرتەنگی دژایەتیکردنی تاکەکەسیدا. بۆ نموونە، دژ وەستانی بەرانبەر بە فلانە ئاغا و دەرەبەگ، دژوەستانیەتی بەرانبەر بە چەمکی فیئۆدالیزم و چەوسانەوە و زوڵم و زۆر، نەك بەرانبەر بەو کەسە و بنەماڵەکەی. با ئەوانیش مەسەلەکە بە تاکە کەسی و بنەماڵەیی وەرنەگرن و بزانن کەسێك کە پێشوازیی لەو هەموو ساڵەی زیندان و ئاوارەیی و هەژاری و پێشمەرگەییە کردووە و کوڕێکی لاوی خۆی کردۆتە قوربانی ئەو ڕێبازە و بۆ ماوەی ساڵیان، بەرهەمی ڕەنجی ڕۆژانەی بەرگدروویەکەی لەجیاتی ژن و منداڵ و بنەماڵەی خۆی، خەرجی هاوسەنگەرەکانی کردووە، مافی ئەوەشی هەیە دۆستان و هاوبیرانی خۆی خۆش بوێت و نەیاران بداتە دواوە و تەنانەت بە پێوانەی کاری حزبایەتی لە کوردستان، هێرشیان بکاتە سەر. تکای کاك ئیسماعیل و منیش ئەوەیە خزم و کەس و کار و هاوحزبییانی ئەو کەسانە بە دڵ فراوانییەوە بڕواننە مەسەلەکە و بابەتەکە سیاسی ببینن نەك تاکە کەسی.

لەندەن، سەرەتای ساڵی ٢٠١٥

ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لێرەدا ىڵاو دەبێتەوە.

# با نەهێڵین بەڵگەنامەکانی ئەنفال‌و هەڵەبجە بکەونەوە دەست ئەنفالچیان‌و هاوبیرانیان

بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٩ ی ماڵپەڕێکی کوردی، "بڕیارە ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەی وا ئەمریکییەکان دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە بنکەی هەواڵگریی عیراقی [ئیستخبارات] هەڵگیانگرتبوون، هاوڕێ لەگەڵ ئاڕشیڤی جووەکانی عیراق، لە ساڵی ٢٠٢١ دا بدرێنە دەست حکوومەتی ناوەندیی عیراق."[١] - هەواڵێکی گرنگ کە بەداخەوە لە میدیای کوردیدا ڕەنگدانەوەی نەبوو و ویدەچێت بایەخی خۆی پێنەدرابێت!

هەواڵەکە لە لایەکەوە خۆشە لەبەر ئەوەی بەڵگەنامەکان لە دوورەدەستی ئەمریکاوە دەگەڕێنەوە 'وڵاتی خاوەنیان' و بە ڕواڵەت، حەق دەدرێتەوە دەست حەقدار؛ بەڵام لەلایەکیترەوە ناخۆشە لەبەر ئەوەی تەعبیری 'وڵاتی خاوەنیان' ئاوی زۆر هەڵدەگرێت و ناکرێ بە بێ ڕوونکردنەوەی تەواو، بازی بەسەردا بدرێت .

'وڵاتی خاوەن بەڵگەنامەکان' بە هەمان ئەو پێکهاتەیە دەگوترێت کە ناوی 'عیراق'ی لەسەرە، لە لایەن دەسەڵاتدارییەکەوە بەڕێوە دەبرێت کە ناوی 'حکوومەتی عیراق'ە، ئەندامی فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئاڵای خۆی هەیە و سنووری جوغرافیاییەکەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بە ڕوونی دیاری کراوە. ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە گوێرەی پەیمانی سیڤەر لە بەژنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا کرایەوە و ماوەی دوو ساڵێك لە ژێر ئینتدابی بەریتانیادا مایەوە، ئینجا بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی شایەتی؛ درەنگتریش لە ساڵی ١٩٥٨ دا فۆڕمی کۆماریی بەخۆیەوە گرت. گەلانی جیاجیای عەرەب و کورد و ئاسۆری و کلدانی و ئەرمەنی و جوولەکە دانیشتووی وڵاتەکەن کە ماوەیەك درەنگتر، دوای کۆدیتای ساڵی ١٩٥٨ لە یاسای بنەڕەتیی عیراقی نوێدا بە 'خاکی عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی تر' ناسێنرا .

لە دامەزرانی 'عیراق'دا خواستی گەلانی غەیرە عەرەب بەتایبەت کورد نەگیرایە بەرچاو و لکانی خاکی کورد بە وڵاتێکی عەرەبەوە بە بێ ڕەزامەندیی کورد بەڕێوەچوو. هەر ئەو پێکەوەلکاندنە بەزۆرەش بوو بە هۆی ئەوەی مافە سیاسی - نەتەوەییەکانی کورد پێشێل بکرێن و هاوکات لەگەڵ دامەزرانی عیراقدا دیاردەیەك بە ناوی 'پرسی کورد' یان 'کێشەی کورد'یش

وەك دوانەی ئەو، لەدایك بێت و هەتا ئەمڕۆش کە تەمەنی گەیشتۆتە نزیکەی سەد ساڵ، لێی جیا نەبێتەوە.

لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، کەمتر وا بووە کورد و بە گشتی هەموو کوردستان لە ئاسایشدا ژیابێتن. بۆمبابارانی ئینگلیزییەکان لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید، شەڕ و بۆمبابارانی سوپای عیراقی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کوشتار و وێرانکاریی هەمەچەشنەی بەعسییەکان بە کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجەی سەددام حوسەینەوە، تەنیا بەشێکن لەو نەهامەتییانەی وا لە "نیشتمانی عەرەب و کورد"دا بەسەر کوردی بەزۆر بە عیراقیکراو هاتوون. ئێستاش وا حەشدی شەعبی لە لایەك و داعش لەلایەکیتر، لە کەرکووك و شەنگاڵ و خانەقی و کەلار، حکوومەت دەکەن و بە بەرچاوی حاکمانی بەغداوە کورد لە خاکی ئابا و ئەجدادیی خۆی وەدەر دەنێن؛ هیچ نیشانەیەکیش نابینرێت کە دەست پەروەردە و جێگرەوەکانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و چەکدارانی موقتەدا سەدر و عەمار حەکیم لە سەددام و عەلی کیمیاوی دڵسۆزتر بن بۆ کورد. ئەزموونی هەڵوێستەکانی نووری مالیکی، عەبادی و ئێستاش عەلاوی هیچ شتێکمان جگە لەوە پیشان نادات .

بە هۆی دژایەتیکردنی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقی دوای ڕووخانی حوکمی بەعس و کەم کاری و کەم تەرخەمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تەنانەت تا ئەمڕۆش تاوانی بە ئاشکرا جینۆسایدی ئەنفال لە ناو کۆمەڵگای جیهانی و لە ناو خودی عیراقیشدا بە 'کۆمەڵکوژی 'نەناسراوە و نەبۆتە خاڵێکی وەرچەرخان لە سیاسەتی بەغدا دەرحەوق بە کورد. جا ئیتر ئەسڵی مەسەلەکە و ئەو زوڵمە مێژووییەی وا سەدساڵێك پێش ئێستا لە کورد کرا و لە ڕیفڕاندۆمی ساڵی ٢٠١٧شدا نوێ کرایەوە، لە شوێنی خۆی بوەستن .

***

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدایە دەبیسینەوە کە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی پێشووی بەغدا لە ئەمریکاوە پێشکەش بە حاکمانی ئێستای هەر ئەو شوێنە دەکرێنەوە. مانای ئەم کارە چییە؟ چلۆن دەبێت هەموو ئەو فایلانەی وا سەبارەت بە تاوانی ئەنفال و چەکی کیمیایی تۆمار کراون بدرێنەوە دەست جێگرەوەی ئەنفالچییە تاوانبارەکان؟ بۆ بەڕێوەبەرانی سەر حوکمی هەر ئەو بەغدایە نەبوون کە چەند هەزار گوندی کوردستانیان خاپوور کرد؟ هەر ئەوان نەبوون ١٨٢ هەزار خەڵکی بێ تاوانیان تەنیا بە تاوانی 'کورد بوون' ئەنفال کرد و پێنج هەزار دانیشتووی هەڵەبجەیان بەو دەردە نامرۆڤانەیە برد کە بردیان؟ ئەی چۆن ئێستا دەکرێت بەڵگەنامەکانی هەمان ئەو تاوانانە بنێررێنەوە بەغدا و بدرێنەدەست جێگرەوانی ئەو کەسانەی وا تاوانەکانیان بەڕێوە برد؟ ئەو کارە بە کامە لۆژیك ڕاستە؟ ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر ئەو بێدادگەرییەدا چ هەڵوێستێکیان گرتووە؟ گرنگتر لەویش ئایا لەم بارەیەوە هەڵوێستی حکوومەتی هەریم چییە و دەبێ چی بێت؟ ئەوانە تەنیا بەشێکن لەو پرسیارە سەرەکییانەی وا لە پەیوەندی ئەو چەواشەکارییەدا سەرهەڵدەدەن.

تاوانێکی هاوشێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ڕوویدا، کە من خۆم ئاگاداری ڕاستەوخۆی بەشێکی بچووکی بووم و لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم بەو هیوایەی خوشك و براکانم لە باشوور، بەتایبەت دام و دەزگای پەیوەندیدار لە حکوومەتی هەرێم، وشیار ببنەوە و تا درەنگ نەبووە بجووڵێنەوە بەڵکوو بە هێزی هاوبەشی هەموومان پێش بە کارەساتێك بگیرێت کە بڕیارە بە بەرچاوی هەموومانەوە تا ساڵێکی دیکە بقەومێت . یەك دوو هەفتە پێش هەرەسی حوکمی شایەتی لە ئێران (١٩٧٩/٢/١١)، ڕێکخراوی ئیستخباراتی ئێرانی (ساواك) بە شێوەی فەرمی و بە فەرمانی شاپووری بەختیار، دواین سەرەکوەزیرانی حوکمی پەهلەوی، هەڵوەشایەوە و بە شوێنیدا کەم و زۆر هەموو فەرمانگەکانی لە تاران و شارەکانی دیکە کەوتنە بەر دەستی خەڵك و سووتێنران یان دەستیان بەسەردا گیرا .

کوردی ڕۆژهەڵات بە سەر چوار پارێزگای ڕۆژئاوای ئێراندا دابەش کراون: پارێزگای ئیلام کە ناوەندەکەی شاری ئیلامە، پارێزگای کرماشان کە ناوەندەکەی شاری کرماشانە، پارێزگای کوردستان کە ناوەندەکەی شاری سنەیە و پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە ناوەندەکەی شاری ورمێیە[٢ .]لە ڕۆژانی کۆتایی ڕژیمی شادا بەڵگەنامەکانی ساواکی شارە بچووکەکان ڕاگوێزران و برانە ناوەندی پارێزگاکان یاخود تاران. لەو ڕۆژە هەستیارانەدا کە دام ودەزگاکانی ڕژێمی شا لە ئێران تەق ولەق بوون یان کۆکرابوونەوە و ڕێکخراوەکانی حکوومەتی نوێش هێشتا دانەمەزرابوون، بە تایبەت لە شارەکانی کوردستاندا بۆشاییەکی دەسەڵات هاتبووە ئاراوە کە هەوڵ دەدرا لە ڕێگەی "شۆڕای ئینقلاب'ەوە پڕ بکرێتەوە. ئەو شۆڕای ئینقلابانە لە نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵکی شارەکان پێکهاتبوون و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی کاروباری ئیداری و ئاسایش و شارەوانی و تەنانەت ئاو و کارەبای شارەکانیش هەر هەمووی کەوتبووە سەر شانی ئەوان. بە گوێرەی ئاگاداریی من، کەم و زۆر لە هەموو شارەکانی کوردستاندا ئەو شۆرایانە دامەزرابوون. بەڵام لە قۆناخی گرنگی هەڵوەشانەوەی ساواکدا، نە ئەندامانی شۆڕا، نە حزبە سیاسییەکانی کورد، نەخەڵکی ئاسایی و نە ڕووناکبیر مشووری ئەوەیان نەخوارد ئەوراق و بەڵگەنامەکانی ئەو دەزگا سەرکوتکەرە بپارێزن و دەستیان بە سەردا بگرن، گەرچی دەگونجا بە پلان و بەرنامەیەکی باش و زەحمەتێکی کەم، کارەکەیان بۆ بلوێت و لە ئەنجامدا ناوی مەئموورە حکوومییەکانی دەزگاکە لەلایەك و جاش و خۆفرۆشە

خۆجێیەکان لە لایەکیتر، هەروەها شێوازی هەواڵگری کردن لە خەڵك و چۆنیەتی پەیوەندیکردنی جاسووسەکان لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگری و زۆرشتی دیکەی هاوچەشن تەنانەت پێش هەرەسی کۆتایی ڕژێمی شایەتیش بۆ خەڵك ڕوون بێتەوە و لەو ڕێگایەوە شێوازی کار لە سیستەمی داپڵۆسێنەری ئیتلاعاتی سەردەمی کۆماری ئیسلامیش کە درێژەپێدەری هەمان ڕێگایە، بناسرێت- دەگوترێت کە بەشێك لە ساواکییەکان هەر لە ساڵانی یەکەمی حکوومەتی ئیسلامیدا چووبێتنە پاڵ ڕژێمە تازەکە و بووبێتن بە مامۆستا و فێرکەری پاسداره بێ ئەزموونەکانی خومەینی .

من بە حوکمی ئەوەی خەڵکی بۆکانم، لێرەدا زیاتر باسی شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەکەم کە چەشنە ئاگادارییەکم لێیان هەیەو شوێنەکانی دیکە دادەنێم بۆ شارەزایانی ئەو ناوچانە. بە داخەوە لە شارە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا پێشبینی کارەکان نەکران و بۆ نموونە هەموو بەڵگەنامەکانی ساواکی مەهاباد و سەردەشت و نەغەدە بە ماوەیەکی کەم پێش ڕووخانی حکوومەتی شا و دەسەڵاتگرتنی شۆڕاکانی ئینقلاب، ڕاگوێزرانە شاری ورمێی ناوەندی پارێزگاکە کە لەوێدا کورد هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو و سەرەپەتی هەموو ئیش وکارێك بە دەست برادەرانی ئازەربایجانییەوە بوو. بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بە شاری بۆکانیش کە فەرمانگەی ساواکی تێدا دانەمەزرابوو و لە لایەن ساواکی مەهابادەوە بەڕێوەدەبرا، لەگەڵ ئەوانەی مەهابادا، برانە شاری ورمێ. دەبێ لە شارەکانی میاندواو و سەڵماس و خۆی و ماکۆش هەمان بارودۆخ حاکم بووبێت.

من لە نزیکەوە ئاگادارم کە یەك دوو مانگ دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، ئەندامانی شۆڕای ئینقلابی شاری سەردەشت بۆ ڕاگەیشتن بە پێشینەی بنەماڵەیەکی تایبەت، ویستیان لە ورمێ سەیری فایلەکانی ساواکی سەردەشت بکەن. دوای نامەنووسین و تەلەفون کردن و پەیوەندی گرتنێکی زۆر، بە زەحمەت ئیجازە بە دوو سێ کەسی ئەندامی شۆڕاکە درا بۆ ماوەیەکی کەمی دوو سێ سەعاتە لە ورمێ بچنە ژووری بەڵگەنامەکان و یادداشت لەو فایلە تایبەتە هەڵبگرن بە مەرجی ئەوەی لە کۆتایی کاردا پشذکنینیان بۆ بکرێت و یەك تاقە پەڕە لە ژوورەکە نەبەنە دەرەوە، ئەوانیش بە ناچاری مەرجەکانیان قەبووڵ کرد. دیارە ئەوە کاتێك بوو کە هێشتا ئاگری ڕاپەڕینی خەڵك دانەمرکابووەوە و دژایەتییەکی ئەوتۆ نەکەوتبووە نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندییەوە. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، شەڕلە کوردستان هەڵگیرسا و ئیتر نوێنەرانی کورد نەك هەر مۆڵەت و دەرەتانی چاوپێکەوتنی بەڵگەنامەیان پێنەدەدرا بەڵکوو لەترسی گیران و زیندان و ئیعدام، هەر نەیاندەتوانی بەلای ورمێ و شارەکانی عەجەمستاندا

بشرۆن، تەنانەت نوێنەرانی هەڵبژێرراو بۆ یەکەم پەرلەمان و یەکەم 'مەجلیسی خیبرەگان' لە کوردستانیش نەیانتوانی بچن بۆ تاران.[٣]

بەو شێوەیە، هەموو ئەوراق و بەڵگەنامە گرنگەکانی ساواکی ئەو شارانەی وا ناویان برا، لە دەست کورد دەرهێنران و کەوتنە دەست حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی ناوچەیی پارێزگاکە، کە کەسانی وەك 'مەلا حەسەنی'ی دژە کورد تێیدا دەسەڵاتدار بوون. بارودۆخ لە شارەکانی ئوستانی کوردستان و ئیلام و کرماشانیش لەوە چاکتر نەبوو. بینایەی فەرمانگەی ساواکی شاری سەقز دوای شۆڕش کەوتە دەست 'جەمعییەتی زەحمەتکێشان' - وەك ڕێکخراوەیەکی سەرپۆش بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ بەڵام بەڵگەنامەکانی ئەوێش لەپێشدا ڕاگوێزرابوونە شوێنێکی نادیار، کە بە ئەگەری زۆر دەبێ تاران بووبێت- شوێنێك کە کورد بە گشتی و بەرپرسانی سیاسیی کورد بە تایبەت، هیچ دەسەڵاتێکیان تێیدا نەبوو و تەنانەت نەیاندەتوانی خۆیانی لێ دەربخەن !

بە کورتی، ڕوانگەی کورت و بیرنەکردنەوە لە دواڕۆژ، کارێکی وای بە کوردی ڕۆژهەڵات کرد کە ئەودەم و دواتریش نەتوانن چاویان بە یەك لاپەڕە لەو ئەوراقە بکەوێت کە دوژمن و شۆفاران لەسەر ئەوانیان نووسیبوو و لە شێوازی ئەو فڕۆفێڵەش تێنەگەن کە دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان بۆ داپڵۆسینی کورد بەکاریان دەهێنا .

ئێستا ئەگەر کوردی باشوور و حکوومەتی هەرێمیش نەجووڵێنەوە و بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی سەبارەت بە کورد هەوڵێك لەگەڵ ئەمریکییەکان نەدەن، هەمان ئەو ئەزموونە تاڵە لەوێش دووپات دەبێتەوە و نەوەکانی دواڕۆژی کورد بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژووی بندەستیی کورد لە عیراق، هیچ بەڵگە و دەستاوێژێکیان بە دەستەوە نابێت و دەبێ بۆ چاوپێکەوتنی لاپەڕەیەك و دوانیش چاولەدەستی کەرەم و مەرحەمەتی هەر ئەو حاکمانەی بەغدا بن وا کارەساتەکەیان بەسەر کورددا هێنا و ئێستاش بە پاڕانەوە و لالانەوە نەبێت مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان نانێرن!

ئێستا، کوردی باشوور و حکوومەتی هەرێم دەوروبەری ساڵێکیان لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن هەموو، یان کانی کەم بەشی پەیوەندیدار بە کوردی ئەو بەڵگەنامانە بدرێنە دەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەر تەنانەت ئەوەش سەرنەگرێت و بە پێی پرۆتوکۆلە فەرمییەکان پێویست بکات هەموویان بدرێنە دەست حکوومەتی ناوەندیی عیراق، با هیچ نەبێ کۆپییەکی سەر کاغەز یان ئەلەکترۆنییان لێ هەڵبگیرێت و بدرێتە نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە ئەمریکا و لەوێوە بنێررێنە کوردستان .

بەڕێز بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێم لەو وڵاتە، بەرپرسی ڕاستەوخۆیە بۆ مسۆگەر کردنی ئەو پێداویستییە گرنگە، کە دەزانم زۆریش ئەستەم نییە و تەنانەت ئەگەر حکوومەتی ئەمریکاش ئامادە نەبێت ئەرك و مەسرەفی کۆپی هەڵگرتنیان بگرێتە ئەستۆ، حکوومەتی هەرێم دەتوانێت بە مەسرەفێکی گەلێك کەمتر لە یەك کۆنفەرانس لەو هەموو کۆنفەرانس و کۆبوونەوە بێ سوود و بێ ئەنجامانەی وا لە کوردستان و دەرەوە بە خەرجی حکوومەتی هەرێم پێکدەهێنرێن، ئەو ئەرکە مێژووییە بەرێوە ببات. ئێستا بەڵگەنامەکان بە دەست حکوومەتی ئەمریکاوەن و حکوومەتی عیراق ناتوانێ بەرگر بێت لە داواکاریی کورد، بە مەرجێك کە کورد ژیرانە و خێرا بجووڵێتەوە و تا درەنگ نەبووە مافی خۆی لەو مەسەلەیەدا مسۆگەر بکات.

بەختەوەرانە ئێمە لەو بوارە تایبەتەدا بێ ئەزموونیش نین و هەر لە سەرەتای کارەکەدا چەند کەسێکمان چوون بۆ ئەمریکا و ماوەیەکی زۆر بە جیاکردنەوەی بەڵگەنامەکان و هەڵسەنگاندن و وەرگێڕانیانەوە خەریك بوون، کە دوکتۆر شۆڕش حاجی یەك لەوان بوو و تەنانەت لەو ساڵانەشدا کتێبێکی لەسەر بابەتەکە بڵاو کردەوە .

***

هەر لەپەیوەندیی ئەو باسەدا ئەزموونێکی دیکەی ڕاستەوخۆتان بۆ دەگێڕمەوە لە ناشارەزایی و لێنەزانیی ئەندامانی شۆڕای ئینقلابی شاری بۆکان بەخۆمەوە، لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێراندا بۆ ئەوەی دەرسی لێ وەربگیرێت و بەڵایەکی هاوشێوە لە باشوور تووشی خەڵك و بەرپرسانی حزبی و حکوومی نەبێت.

شەش مانگێك دوای شۆڕش و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئایەتوڵڵا خومەینی بەگوێرەی فەرمانێك داوای لە خەڵك کرد هەر سکاڵایەکیان لە مەئموورانی ساواکی ڕژێمی شا هەیە و هەر بەڵگەنامەیەکیان دژ بەو مەئموورانە لەبەر دەستدایە، ئاراستەی 'دادگای ئینقلاب'ی بکەن دەنا دوای مانگی حەوت یان هەشت (؟) ی هەمان ساڵ چیتر بە سکاڵاکەیان ڕاناگەن. دیارە هۆکار ئەوە بوو کە خومەینی دەیویست سیستەمی ساواکی شا دەستەمۆ بکات و بیهێنێتە خزمەت حکوومەتە نوێیەکەی خۆیەوە و هەر واش کرا!

ئەودەم من ئەندامێکی 'شۆڕای ئینقلاب'ی شاری بۆکان بووم. لە شارەکەدا فەرمانگەی ساواك بوونی نەبوو بەڵام دوو فەرمانگەی دیکەی حکوومی هەبوون کە گومان دەکرا کەمتاکورتێك بەڵگەی ئاسایش و ئیستخباراتیان تێدا پارێزرابێت :یەکیان پۆلیس (شەهرەبانی) بوو بۆ کاروباری ناو شار و ئەویتر ژاندارمەری بۆ ئیش و کاری گوندەکان. دوای دەست

بەسەرداگیرانی دائیرەی پۆلیس (شەهرەبانی) لە لایەن خەڵکەوە، ناوەندی "شۆڕای ئینقلاب" هەر لەو بینایەدا لە نزیك حەوزەگەورە دامەزرابوو و بەڵگەنامەکانی ژاندارمریش ڕاگوێزرابوونە ئەوێ. لە مانگی سێ یان چواری ساڵی ١٩٧٩ بوو کە شۆڕای ئینقلابی بۆکان دوو ئەندامی خۆی کردە مەئموور بۆ ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان، کە من یەکیان بووم. ئێمە بە یارمەتی دوو کەس لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شار هەموو بەڵگەنامەکانمان بردە ناو یەك لەو قەوتابخانانە و لە دوو کەنتۆردا دامانان؛ کلیلیش بە دەست مودیری قوتابخانەکەوە مایەوە. ئێمە هەرچوارمان لە ڕۆژانی پشووی قوتابخانە و پاشانیش لە پشووی هاوینەدا هەفتەی دوو ڕۆژ دەچووینە سەر بەڵگەنامەکان و بەگوێرەی بابەت و گرنگایەتی سیاسی، لێکمان جیادەکردنەوە.

بەڵگەنامەکان دوو دەستە بابەتی ئاسایشیان تێدا بوو: یەکەم، ناوی ئەو کەسانەی وا لە ڕێگەی پۆلیس (شەهرەبانی)یەوە بانگ کرابوونە ساواکی مەهاباد، کە لەو ڕێگایەوە هیچ شتێك ڕوون نەدەبووەوە لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانە هەمەچەشنە بوون و لیستەی ناوەکانیان کەسایەتییە سیاسی و خۆشناوەکان تا خەڵکانی ئاسایی و دووکانداری بێ پەیوەند بە سیاسەت هەردوکیانی دەگرتەوە.[٤ ]

بابەتێکی سەرنجڕاکێش لە ناو بەڵگەنامەکانی شەهرەبانیدا ئەوە بوو کە یەك لە پاسەوانەکانیان بەرپرس و پەیوەندیکەری ساواك بوو بە خەڵکەوە و بۆ ئەم ئەرکە 'پیرۆزا'ەی مانگی دە تاقە تمەن دەرماڵەی وەردەگرت کە لە یەك دوو ساڵی کۆتایی ڕژێمی شادا ببووە بیست تمەن! لیستەی چەند ساڵەی ئەو دەرماڵەیە بە ناو و ئیمزای هەردوو کەسەکەوە کەوتبووە بەردەستی ئێمە. ئەو مەئموورە تایبەتە سەرەتا کەسێکی خەڵکی مەهاباد بوو و دواتر گۆڕابوو بۆ پاسەوانێکی خەڵکی بۆکان کە هەردوکیان کەسانی هێدی و هێمن و لە ناو شاردا بێ کێشە وهەرا بوون .

خاڵێکی دیکەی کە لەبیرم مابێت ئەوەبوو کە یەك لە ئاغاوەتی دەوروبەری شاری بانە هاتبووە شەهرەبانی بۆکان و گوتبووی من دەمەوێت هەواڵی ناو شاری بانەتان پێ بگەیەنم بەمەرجێك ئێوەش یارمەتی کوڕەکەم بدەن لە زانکۆی ئەفسەری لە تاران وەربگیرێت و ببێتە ئەفسەری سوپا .لێیان پرسیبوو بۆچی ئەو هەواڵانە نادەیتە شەهرەبانی شارەکەی خۆت؟ گوتبووی لەوێ خەڵك دەمناسن و نامەوێت زۆر هاتوچۆی پۆلیسخانەی ئەوێ بکەم! ئەوانیش بە ڕواڵەت لێیان قەبووڵ کردبوو. من هەر زوو بەشێك لە ڕاپۆرتانەی وا ئەو جەنابە ناردبوویە بۆکان، تەسلیمی برادەرێکی بانەیی خۆم کرد کە پێشتر لە تاران پێکەوە خوێندکار بووین و

لەو سەردەمەدا لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرپرسیایەتی هەبوو. ئیتر چی کرا و چییان لێهات ئاگادار نیم .

یەك بەڵگەنامەی دیکەش کە لەبیرم ماوە نامەیەك بوو بەشێك لە تاجر و ناوبەدەرەوەکانی شاری بۆکان دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٩٥٣ و هەرەسی حکوومەتی موسەددیق ئیمزایان کردبوو و ناردبوویان بۆ شەهرەبانی شارەکە؛ لەوێدا داوای سزادانی ڕاپەڕیوانی ساڵی ١٩٥٣ ی بۆکان دژ بە ئاغاوەتی شاریان کردبوو. دیارە نامەکە بە هاندان و گوشاری ئاغاکان نووسرابوو دەنا ئەوەندەی سەیری ناوەکانمان دەکرد، خاوەن ئیمزاکان هیچکامیان کێشەی شەخسییان لەگەڵ ئەو ڕاپەڕیوانە نەبوو. ئەو کەسانەی وا لەوێدا سکاڵایان لەسەر تۆمار کرابوو، ئەوەندەی لەبیرم بێت بریتی بوون لە نەمران حاجی قاسم کەریمی و ڕەئووفی حافزەلقورئان (ڕەئووفی مەلاحەسەن) و عەبدوللا ئێرانی و عەلی میرەبەگ و واهەیە ناوی حوسەینی تەهایی و حوسەینی مەجیدیش لەناویاندا بووبێت بەڵام زۆر دڵنیا نیم. دوو کەسی یەکەم و دووهەم لەمێژبوو لەدەست زوڵم و زۆر هەڵاتبوون و پەڕیوەی هەولێر و سلێمانی ببوون، عەبدوڵڵا ئێرانی و عەلی میرەبەگیش لە ترسی ئاغاکان لە ئاوارەییدا سەریان نابووەوە ئەوانی دیکەش هەرکام زیندانێکیان بۆ بڕابووەوە، یان لەژێر چەقۆی 'دادگای نیزامی'دا بوون. ئێمە بەڵگەنامەکەمان دایە دەست یەك لە کوڕانی نەمر عەبدوڵڵا ئێرانی و ئەوەندەی ئاگادار بم ئەوانیش سکاڵایان لە سەر کەس تۆمار نەکرد لەبەر ئەوەی دەیانزانی کارەکە بە فیتی ئاغاکان کراوە و ئەوانەی نامەکەیان ئیمزا کردووە بێتاوانن.

لە ناو بەڵگەنامەکانی ژاندارمەریشدا، هەندێك ڕاپۆرت بوون کە چەند کەس لە ئاغاوەت و کوێخا سجیل(موختار)ی گوندەکان ناردبوویانە بنکەی ژاندارمەری بۆکان. لە ناو ئەواندا چەند نامەی یەکێك لە ئاغاوەتی دەوروبەری بۆکانم لەبیر ماوە کە ویستبووی خۆی لە ژاندارمەری و دەوڵەت نزیك بکاتەوە و کۆمەڵێك هەواڵی ڕاست و درۆی سەبارەت بەو کوردانەی ڕۆژهەڵات بۆ ناردبوون کە لە باشوور دەژیان و هەڵسووڕاوی سیاسی بوون، مێژووی بەشێك لە هەواڵەکان دەگەڕایەوە بۆ دوای ساڵانی ١٩٦٨ و ٦٩ واتە سەردەمی خەباتی چەکدارانەی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەندێك لەو نامانەشمان لە سەر شەقامی سەرەکیی بۆکان بەدیواردا دان بۆ ئەوەی خەڵك بیانبینن.

کاتێ خومەینی فەرمانی دەرکرد بەڵگەنامە و سکاڵای دژ بە ساواك و مەئموورەکانی بدرێنە دەست دادگاکانی ئینقلاب، بۆکان دادگای ئینقلابی لێ نەبوو. من و دووکەسی دیکە لەو مامۆستایانەی وا بە بەڵگەنامەکان ڕادەگەیشتین، بەشێکیانمان ئامادە کرد کە تێیاندا ڕاپۆرت لەخەڵك درابوو و هەموومان بردنە دادگای ئینقلابی شاری مەهاباد کە سەرپەرشتی کاروباری

بۆکانیش بوو و تەسلیمی ئەوانمان کردن. بەداخەوە هیچ کردەوەیەك لە دادگای ئینقلاب و سەرۆکەکەی نەبینرا و گوتیان دەبێ 'شاکی خوسووسی' هەبن کە سکاڵا لەسەر کەسەکان تۆمار بکەن دەنا هیچ لەدەستی ئێمە نایەت. بەشێك لە خاوەن ئیمزاکان و سکاڵا لێکراوەکان لەمێژ بوو نەمابوون، بەشێکیش لە سکاڵاکارەکان مەئموورانی حکوومیی ئەودەمی شارەکە و خەڵکی شارەکانی عەجەمستان بوون کە بۆ ئێمە نەدەناسرانەوە. ئێمەش لایەنێکی کێشەکە نەبووین کە سکاڵای ڕاستەوخۆیان لەسەر تۆمار بکەین؛ کەوابوو دیزە بەدرخۆنە کرا هیچ، تەنانەت گێچەڵێکیش بۆ من سازکرا، کە لە بیرەوەرییەکانی چەند ساڵ پێش ئێستامدا باسم لێوە کردووە.[٥]

دوو سێ مانگ دواتر و دوای فەرمانی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان، ئەرتەش و سوپای پاسداران ڕژانە ناو شارەکانی کوردستانەوە و لە بۆکانیش چەکداری حزبەکان شاریان بەجێهێشت و شار کەوتە دەست ئەرتەش و سوپای پاسدارانی ئێرانەوە. لە ئەنجامدا، نە ئێمەی بەرپرسی ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان مشووری مەسەلەکەمان خوارد، نە شۆڕای ئینقلاب پێی گوتین چییان لێبکەین، نە هیچ حزبێك لەگەڵ خۆی بردنیە دەرەوەی شار و ئیتر بەڵگەنامەکان هەتیو کەوتنەوە و بە سەردەستی ئەو دوو مامۆستا هەژارەدا مانەوە کە لە قوتابخانەکەدا ڕایانگرتبوون و ترسی گیران و ئیعدام لە بن گوێیاندا بوو؛ بەتایبەت کە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی جەللاد هاتە ناو بۆکان و کەس نەما بتوانێ لە ژیانی ڕۆژی دوایی خۆی دڵنیا بێت. ئەو مامۆستایەش وا بەڵگەنامەکان لە قوتابخانەکەی ئەوا ڕاگیرابوون، دواتر گوتی چیتر نەمدەوێرا لەوێ یان لە ماڵی خۆم بیانپارێزم، چار ناچار بردمنە دەرەوەی شار و لە سەر ڕێگای گوندی 'گۆل' لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان فڕێمدان، ئیتر چییان لێ بەسەر هات و کێ بردنی و مان یان نەمان، هیچم نەبیستەوە.

ئەوانەی گوتران، سەبارەت بە شاری بۆکان بوون کە هیچ فەرمانگەیەکی ساواکی لێ نەبوو؛ بارودۆخ لەو شارانەی کوردستانیش کە ئۆفیس و بینایەی ساواکیان تێدابوو، لەوە چاکتر نەبوو، لەو شارانەشدا هەموو شتێك لەکیس کورد چوو و گەل مایەبەتاڵ مایەوە واتە بە هۆی ساویلکەیی و کەم ئەزموونی ئێمە و ووشیاریی دوژمنەوە، هەمووشتێك لە دەستی ئێمە دەرچوو و پشتی لە دۆست و ڕووی لە دوژمن کرد !

هیوادارم ئەو ئەزموونە تاڵ بەڵام ڕاست و بێ درۆیانەی ئێمە لە ڕۆژهەڵات کەڵکی بۆ باشووریش هەبێت و بتوانێ بەرپرسانی بەڕێزی کارەکە لەوێ وشیار بکاتەوە. ئەگەر وانەبێت، لە کۆتایی کاردا دەستێکی بەتاڵمان پێ دەمێنێت کە دواڕۆژ بە ئەژنۆی خەساریدا بدەین و ئیتر هیچ .تکایە با نەهێڵین وای لێبێت!

[1] https://www.kurdistan24.net/so/news/0949766d-abfc-4cb8-80c2-dd058d19695a

[٢] کوردانی خۆراسان و هەندێك ناوچەی دیکەی ئێران وەك لوڕستان و هەمەدان و... لەم گەرچی ئەوانیش لە چارەنووسەکەدا هاوبەشی کوردانی ئەو حیسابەدا نەگیراونەتە بەرچاو چوار پارێزگایەی سەرەوەن.

[٣]ئایەتوڵڵا خومەینی دواتر لە وتارێکدا گوتی ئێمە چاوەڕوان بووین ئەو کەسانە بێن بۆتاران و لەوێ بە سزای خۆیان بگەیێنین!

[٤] بەرپرسی ڕاگەیاندنی هەواڵەکە بەو کەسانەی وا بانگکرابوون سەرەتا پۆلیسێکی خەڵکی مەهاباد و پاشان پۆلیسێکی بۆکانی بوو.بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەش سەرەتا مانگی ١٠ تمەن و پاشان ٢٠ تمەن دەدرا ئەو کەسانە .

[٥] بڕوانە: ئەنوەر سوڵتانی، "بەڵگەنامە سیاسییەکانی بۆکان چییان لهات؟"، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان، بەشی نووسەران )بابەتی "بۆکان لە مێژوودا")، بەشی ٢٨٧ تا ٢٨٩

ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکراوەتەوە.

.

# کورد و "خەڵاتی لێنین" لە یەکیەتی سۆڤیەتی

مێژوولکەی خەلاتەکە:

ئەو میداڵیا و خەڵاتانەی وا بۆ ڕێزگرتن لە یادی ڤلادیمیر ئیلیانۆڤیچ لێنین (١٨٧٠ – ١٩٢٤)، یەکەم ڕێبەری یەکیەتی سۆڤیەتی دوای شۆڕشی ئوکتۆبری ١٩١٧، لەو یەکیەتی سۆڤیەتی دەدرانە خەڵکانی خزمەتگوزار، بریتی بوون لە:

١. خەلاتی لێنین
٢. خەڵاتی ئاشتی لێنین.

یەکەمیان بۆ ناوخۆی سۆڤیەت بوو و دەدرایە ئەو هاونیشتمانانەی یەکیەتی سۆڤیەتی کە لە بواری زانست، ئەدەب، هونەر، میعماری و تەکنۆلۆجیدا سەرکەوتنێکیان وەدەست هێنابوو؛ بەڵام دۆهەمیان تایبەت بە هاوڵاتیانی ووڵاتانی غەیری یەکیەتی سۆڤیەتی بوو و بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری سیاسەت و ئاشتی جیهانیدا خزمەتی گەورەیان لێ وەشابووەوە.

'خەڵاتی لێنین' یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٥ دانرا؛ بەلام درەنگتر لە ساڵی ١٩٣٤ دا وەستێنرا و 'خەلاتی ستالین' ی لە جێگە دانرا و تا ساڵی ١٩٥٦- واتە ٣ ساڵ دوای مردنی ستالین، بەردەوام مایەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ دا خەلاتی لێنین سەرلەنوێ دامەزرایەوە و تا ساڵی واتە کۆتاییەکانی تەمەنی یەکیەتی سۆڤیەتی١٩٩٠ بەردەوام بوو. (ویکی پیدیا). بەگوێرەی شوێنێکی دیکەی هەمان سەرچاوە، سەرەتای خەڵاتی ستالین لە ساڵی ١٩٤١ دا دانراوە و ئەوە هەندێك گێژوگومی لەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدا پێك دەهێنێت لە بەر ئەوەی لای کەم ٢ کەس لە هەڵگرانی خەڵاتەکە لە ماوەی نێوان ١٩٣٥ و ١٩٤١ دا خەڵاتەکەیان پێگەیشتووە.

'خەڵاتی ئاشتی لێنین' یا بە ناوە تەواوەکەی- 'خەلاتی نێونەتەوەیی لێنین بۆ بەهێزکردنی ئاشتی لەنێوان گەلاندا'، سەرەتا لە ساڵی ١٩٥٦ لە سەردەمی نیکیتا خرۆشۆف (خرۆشچۆف) بناغەی دانرا. لە ساڵی ١٩٨٩ دا ناوی گۆڕا و بوو بە 'خەلاتی نێونەتەوەیی ئاشتی لێنین' و دوو ساڵ دواتر لەگەڵ هەرەسی یەکیەتی سۆڤیەتدا، کۆتایی بە مێژووی ئەم خەڵاتەش هات. خەڵاتی ستالینی نێونەتەوەییش لە ساڵی ١٩٤٩ دا سەری هەڵدا و بوو بە جێگری خەلاتی لێنینی نێونەتەوەیی، بەڵام ئەویش ٣ ساڵ دوای مردنی ستالین وەستێنرا و بخەڵاتی ئاشتی لێنین ی نێونەتەوەیی سەرلەنوێ دامەزرایەوە. (هەمان سەرچاوە)

جگە لە خەڵاتی فەرمی کە لە مۆسکۆ دیاری دەکرا و دەدرایە خەڵکانی ناوبەدەرەوە، هەموو کۆمارە سوسیالیستییەکانی ناو یەکیەتی سۆڤیەتیش خەلاتی لێنینی خۆیان هەبوو و پێشکەشی خزمەتگوزارانی زانست و ئەبەد و هونەری ناوچەی دەسەلاتدارییی خۆیانیان دەکرد.

پێویستە بڵێم بەگشتی گێژوگومییەك سەبارەت بە ساڵی دامەزران و هەڵوەشانەوەی ئەو خەڵاتانە هەیە کە دوور نییە لە بۆچوونەکانی منیشدا شوێنیان دانابێت و لە دەست نیشانکردنی ساڵ و ڕێکەوتەکاندا تووشی هەڵەی کردبێتم.

کوردو خەڵاتەکە

بە گوێرەی زانیاری من، کوردانێك کە خەڵاتی لێنینیان پێ بەخشرابێت بریتی بوون لەم کەسانەی خوارەوە:

١. جەعفەر ئەحمەدۆف کوردی خەڵکی کوردستانی سۆڤیەتی (خەڵاتی لێنین)؛
٢. ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێری کورد (خەڵاتی لێنین)؛
٣. حەیدەر عەلییێف، سەرەك کۆماری ئازەربایجان (خەڵاتی لێنین)؛
٤. کەماڵ جونبەلات، کوردی دەرووزی لوبنان (خەڵاتی ئاشتی لێنین)؛ و
٥. مامۆستا عەزیز محەممەد، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عراق (خەڵاتی ئاشتی لێنین).

لەوانە، جەعفەر ئەحمەدۆف مامۆستایەکی قوتابخانە بوو لە کۆلێجی پەروەردەی شووشای ئازەربایجان دەرسی خوێندبوو و وەك مامۆستا نێررابووە ناوچەی لاچین و کەلبەجاڕ بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری زمانی زگماکیان بکات. بە بۆنەی هەڵسووڕاوی و کارا بوونی لەو ئەرکە گرنگەدا خەڵاتی لێنینی پێ بەخشرا. بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە بەشی کوردی کۆلێجەکە لە ساڵی ١٩٣٢ دا دامەزرا و خەڵاتی لێنینێش لە ساڵی ١٩٣٥ دا هەڵوەشایەوە و جێگەی خۆی دا بە خەڵاتی ستالین، دەبێ جەعفەر ئەحمەدۆف لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٤ یا ١٩٣٥ دا خەڵاتەکەی پێ بەخشرابێت. (١)

ئەبولقاسم لاهووتی (١٨٨٧ - ١٩٥٦)، ئەندامی کارای حزبی سوسیال دیموکراتی ئێران، وەزیری فەرهەنگی کۆماری سوسیالیستی تاجیکستان و بۆ ماوەیەك جێگری ماکسیم گورکی لە ئەرکی سەرۆکایەتی یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەتیدا بوو. لاهووتی نکوولی لە کوردبوونی خۆی نەدەکرد و لانیکەم ٣ پارچە شێعری کوردی کەوتۆتە بەردەستمان (٢)، بەڵام تا کۆتایی تەمەنی ئێرانیچییەکی خەست و دژکارێکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوو و لە

ساڵی ١٩٢٣ دا وتارێکی بە زمانی ڕووسی نووسی کە لە ڕۆژنامەی پراودای سۆڤیەتیدا بڵاوکرایەوە و تێیدا هێرشی کردە سەر جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد و لە بەرژەوەندیی ئەمپریالیستەکان و ڕێبەرەکانی بە دارەدەستی ئەوان دانا. لاهووتی لە ساڵی ١٩٣٥ دا خەڵاتەکەی لە دەستی ستالین وەرگرت. لە هەموو سەرچاوەکانی بەردەستی مندا، واتە سەرەتای دیوانە جۆربەجۆرەکانی شیعری لاهووتی، ئەم خەڵاتە بە خەڵاتی لینین ناوبراوە. بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە خەڵاتی لینین لە ١٩٣٥ دا هەڵوەشایەوە، دوور نییە لاهووتی – کە ئەودەم زۆری بە شان و باڵی ستالیندا هەڵدەگوت و لە لای ستالین تەواو خۆشەویست بوو، یەك لەو یەکەمین کەسانە بووبێت لە میداڵیای ستالینی لە هەمان ساڵی ١٩٣٥ دا وەرگرتبێت. (٣)

حەیدەر عەلییێف (١٩٢٣ – ٢٠٠٣)، کوردێکی ئێزەدی بوو کە لە نەخجەوان لەدایك بوو و هەرلەوێش خوێندی. درەنگتر چووە گۆڕەپانی سیاسەتەوە و تا پلەی سەرۆکی پەرلەمان و سەرەك کۆماری کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی و تەنانەت جێگری سەرۆکی شۆڕای بەڕێوەبەرایەتی یەکیەتی سۆڤیەت، واتە دووهەم کەسی دوای لیئۆنید بریژنێف هەڵکشا. تا ئێستا کەم کەس بەوەی زانیوە کە عەلییێف کورد بووبێت و خۆیشی نەك هەنگاوێکی بۆ کورد هەڵنەهێنایەوە و بە پێچەوانە، یارمەتی سیاسەتی باقرۆف و ڕێبەرانی دوای ئەوی دا لە پێناو ئەسیمیلە کردن و ڕاگواستنی بەزۆری کوردی ئازەربایجان و گورجستان و ئەرمەنستان بۆ کۆمارە سۆڤیەتییەکانی ئاسیای ناوەندی واتە قرقیزستان، قەزاقستان و تورکمەنستان کە هەموویان بە زمان یا ڕەگەز دەچنەوە سەر تورك و بەم پێیە بەشێکی زۆری کوردیان لەو ناوچانەدا تواندەوە. عەلییێف چوار جار خەڵاتی لینین و ئەستێرەی سووری سۆڤیەتی پێ بەخشرا. (٤)

کەماڵ جونبەلات یا جانپۆڵاد (١٩١٧ -١٩٧٧) کوردێکی 'دەرووزی' بوو و خۆی و وەلیدی کوڕی- کە دوای مردنی باوکی بوو بە ڕێبەری دەرووزییەکان، بەرپەرچی کورد بوونی خۆیان نەداوەتەوە و تەنانەت لە هەندێك بڕگەی مێژوویدا هاوهەنگاوییان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە باشوور و باکووری کوردستان کردووە، بەڵام لە گۆڕەپانی سیاسەتدا وەك لوبنانییەك دەرکەوتوون نەك وەك کورد، هەرگیز جەختیشیان لە سەر چارەنووسی سیاسی کورد لە لوبنان یا دەرەوەی لوبنان نەکردووە. خەڵاتی ئاشتی لینین لە ساڵی ١٩٧٠ -١٩٧١ دا دراوەتە کەماڵ جونبەلات.

مامۆستا عەزیز محەممەد (؟ - ....) بە گشتی لە هەموو ئەو سێ کەسەی تر جیاوازە و لە هەموو ماوەی تەمەنی، بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، کوردایەتییەکی بێ خەوشی کردووە و وەك مرۆڤێکی خۆش ناو و خزمەتکاری گەل ناوی دەرچووە. لە ماوەی شەڕی

ناوخۆ و کێشەی نێوان حزبە کوردییەکانیشدا (دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم)، دەوری ناوبژیکەر و دابینکەری ئاشتی بینیوە. خەلاتی ئاشتی لێنین لە سالآنی هەشتای سەدەی بیستەمدا (؟) بە مامۆستا عەزیز محەممەد بەخشراوە.(٥)

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم دوور نییە کەسانێکی کوردی دیکەش لە کۆماری ئەرمەنستان یا گورجستان و ئازەربایجان ئەو خەلاتەیان پێ بەخشرابێت. بۆ نموونە، سەمەند سیامەندۆڤ — کوردی گورجستان و قارەمانی شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٤١ — ١٩٤٥)، کە لەوسالآنەدا لە یەکیەتی سۆڤیەتی ڕێزی زۆری ئازایەتی لێ نرا و لەوانەیە خەلآتی ستالینیشی پێ بەخشرابێت. ناوی سەمەد سیامەندۆڤ لە سەردەمی کۆماری کوردستان (ساڵی ١٩٤٦) یشدا بانگەوازێکی زۆری لە ناو کوردانی ڕۆژهەلآتدا هەبوو. (٦)

---

١. بڕوانە:

Nizameddin Rezayev, @Another Sad Story – [The] Red Kurdistan@, Kurdish Media, Monday June 5th, 2006

بە سپاسی زۆرمەوە بۆ کاك حەسەنی قازی کە ئەو وتارە بەکەڵکەی بۆ ناردم و هەڵەکانمی ڕاست کردەوە. هیوادارم کاك حەسەن خۆی یا کەسێکی دی وتارەکە وەربگێڕنە سەر کوردی و نووسەری بەڕێزی وتارەکەش بەو چەند لاپەڕەیە نەوەستێت و زانیاریی زیاترمان لە سەر ئەو پیلانە گلاوە ڕەگەزپەرستانەیەی وا بە بەرچاوی کوێری ئەم جیهانە بێ بەزەییەوە بەڕێوە چوو وزۆربەی زۆری نزیك بە یەك ملیۆن کوردی سۆڤیەتی تێدا ئەسیمیلە و شاربەدەر کران، بداتێ.

٢. بڕوانە: ئەنوەری سوڵتانی، *"لاهووتی، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد"*، بنکەی ژین، سلێمانی٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٦. من لە کتێبەکەدا ئاماژەم بە 'خەلآتی ستالین' نەکردووە.

٣. ووتارەکەی لاهووتی وەرگەڕاوەتە سەر کوردی کرمانجی ژووروو و خواروو. بەداخەوە وەرگێڕاوی کرمانجی ژوورووم چاو پێنەکەوتووە، ئەوە تایبەتمەندی وەرگێڕاوی کرمانجی خوارووی ووتارەکەیە: ئەبولقاسم لاهووتی، *"کورد وکوردستان"*، دوکتۆر جەبار قادر لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی و تێبینی بۆ نووسیوە، هۆلەندە، ١٩٩٨.

٤. ئەنوەری سوڵتانی، *"میللەت کە نەگبەتی هات، زاوا دەبێ بە بووکێ"*، وتار، ماڵپەڕی ڕۆژهەلآت- بۆکان.

٥. مخابن زانیارییەکی ئەوتۆم لەمەڕ ژیانی مامۆستا عەزیز محەممەد دەست نەکەوت. هیوادارم خوێنەران لەم بوارە ولە سەرجەمی بابەتەکەدا یارمەتیم بدەن و هەڵەکانم ڕاست بکەنەوە.

٦) بۆنموونە، ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕە یەکەمی ژمارە ٦، ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٢١دا وتارێکی هاوڕێ لەگەڵ وێنەیەکی گەورەی سەمەند سیامەندۆڤ بڵاو کردۆتەوە . وتارەکە، نەمر محەممەدی شاپەسەندی نووسیویەتی و تێیدا باسی ژیان و خەباتی دژی فاشیستی سیامەندۆڤ کراوە.

ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکراوەتەوە.

# 'دادگای خەڵک بۆ پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران'

## چەند وانەی گرنگ بۆ گەلی کورد

دادگایەکی غەیرە حکوومی بۆ ڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکانی مانگی ئابان (نڤامبر)ی ۲۰۱۹ی شارەکانی ئێران، ئێستا لە لەندەن پێکهاتووە[٦٨]. خۆپیشاندانەکان جگە لە ۲ ئوستان، لە هەموو ۳۱ ئوستانەکانی ئێراندا بەڕێوەچوون و کوردی ڕۆژهەڵاتیش تێیاندا بەشداریی کرد.

دادگاکە بە هیممەتی ۳ ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ، لە ڕۆژانی ۱۰ تا ۱۵ یا ئەمساڵدا بە بەشداری کردنی شەش داوەری ناونەتەوەیی لە وڵاتانی جیاواز، پێکهات و تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شایەدانی ڕاستەوخۆی ئەو ڕووداوانە باسیان لەو کارەساتە مرۆڤایەتییانە کرد کە لە ئەنجامی توندوتیژی نواندنی مەئموورانی چەکداری کۆماری ئیسلامی و تەقەکردن لە خەڵکێك هاتبووە پێشەوە، کە بە بۆنەی گرانبوونی نرخی بەنزین ڕژابوونە سەر شەقامی شارەکان.

ئەو سێ ڕێکخراوەیە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا، لە ڕاست و چەوتیی 'نزیکەی دوو هەزار و سێسەد ڤیدیۆ'یان کۆڵیوەتەوە کە '۳۱۰ دانەیان پیشاندەری تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانن'. ڤیدیۆکان خەڵکی ئاسایی هەڵیانگرتوون و لە مێدیای مەجازی یا لە هەندێك تەلەڤیزیۆنی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیدا پیشاندراون. بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانەش هاوڕێ لەگەڵ شایەدانی دیکەی ڕووداوەکان، وەك شایەد هاتوونەتە ناو دادگا و وەڵامی پرسیاری داوەران دەدەنەوە. ئامانجی سەرەکی کارەکە ئەوەیە بزانرێت ئایا سەرجەم

---

68 The Iran Atrocities Tribunal
به فارسی: دادگاه بین المللی مردمی آبان

سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەخسی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی و حجة الاسلام ابراهیم ڕەئیسی- سەرەك کۆمار، لەو ڕووداوە تایبەتەدا 'تاوانی دژی مرۆڤایەتی'یان بەڕێوە بردووە یان نا.

دەرگای دادگا بەڕووی هەمووکەسدا کراوەیە و هەرکەس بخوازێت دەتوانێ بە ناونووسینێکی ساکاری ئینترنێتی، لە ژووری دادگاکە دابنیشێت و بینەر و بیسەری وتووێژی دادگاکە بێت بە زمانی ئینگلیزی. قسەی شایەدە ئێرانییەکانیش ئەگەر بە فارسی بن، وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ئینگلیزی.

من لە ڕۆژی هەینی ٢٠٢١/١١/١٢ وەك بینەر لە دادگاکەدا ئامادەبووم و شێوازی بەڕێوەچوونی دادگا و شایەدیدانی هەندێك لە شایەدەکان و پرسیاری داوەرەکانم بینی. ئامانجم لە ئامادەبوونەکە، ڕێزگرتن بوو لە کار و زەحمەتی ئەو ڕێکخراوە و کەسایەتییانەی وا توانیویانە بە خۆبەخشی و بێ یارمەتیی حکوومی، ئەرکێکی وا گرنگ و مێژوویی بەڕێوەبەرن و ببن بە دەنگی ئەو هاوارە لەگەروودا خنکاوەی کەسوکاری کووژراوان و برینداران و گیراوانی ڕووداوەکە. بەڵام لەعەینی کاتدا ویستم بەش بەحاڵی خۆم، هەوڵ بدەم ئەزموونەکە بکەوێتە بەرچاوی گەلی کورد، کە زیاد لە هەموو کەس و کۆمەڵگایەکی دیکە تووشی دڕندەیی حاکمانی ئێران هاتوون و ژمارەی کووژراوان و ئیعدامکراوان و زیندانییەکانیان بە نیسبەت ڕێژەی دانیشتووان، لە هەموو گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران زیاترە.

بە بۆچوونی من، ئەزموونەکە نەك هەر بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەسوودە و دەتوانێ بۆ ڕاگەیشتن بە کارەساتی وەك ئەنفال و هەڵەبجە کە تائێستا دیزەبەدەرخۆنە کراوە، ببێتە نموونە و سەرمەشقی کردەوە و خەبات. هەروەها دەتوانرێ لە باکووری وڵات کەڵکی لێوەربگیرێت کە حکوومەتی ئەردۆغان لەماوەی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا، گەلێك زیاتر لە مستەفا کەماڵ کارەساتی دڵتەزێنی بەسەر گەلەکەمان هێناوە و لە ناوخۆی تورکیا ئەوەی توانیویەتی دژ بە ئێمەی کردووە، لە سووریا و عیراقیش خاکی کوردی داگیرکردووە و پلانی چەپەڵی داگیرکاریی دوارۆژی بۆیان هەیە.

من لێرەدا دەمەوێ هەندێك خاڵی سەرەکی باس بکەم کە لە ڕەوتی بەڕێوەبردن و پرسیار و وەڵامەکانی ناو دادگاکەدا سەرنجیان ڕاکێشام. دیارە من مافناس نیم و لە لایەنی یاسایی مەسەلەکە هیچ نازانم، بەوپێیە، قسەکانیشم نابێ زۆر بە هەند وەربگیرێن. سەد بریا لەو هەموو مافناس و حقووقییەی وا کورد لە ئوروپادا هەیەتی، چەندکەسێکیان لە ماوەی ئەو دادگا مێژووییەدا ئامادە دەبوون و ڕوانگەی خۆیان سەبارەت بەو لایەنانەی وا کورد دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێت، بخستایەتە ڕوو، بەڵکوو لە دوارۆژدا هاندەربوایەن بۆ کارێکی هاوچەشنی ئێمە دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو چوار وڵاتەی وا کوردی تێدا دەژین.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بانگ کرابوو بێتە ناو باسەکانی دادگا و لە دانیشتنەکانیدا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە سکاڵای شایەدان، داکۆکی لە خۆی بکات، بەڵام ئەوان کەسیان نەناردبوو- ئەوەش کارێکی چاوەڕوانکراو بوو لەبەر ئەوەی حکوومەت نەیویستووە دان بە دادگاکەدا بنێت و بە فەرمی بیناسێت بۆ ئەوەی هێزی بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی کەم بکاتەوە.

هەرچۆنێك بێ، خاڵە گرنگە سەرنجڕاکێشەکانی دادگا بۆ من بریتی بوون لەوانەی خوارەوە:

١. سەرەڕای ئەوەی بەشێك لە شایەد و ئامادەکارانی دادگا، مافناس و حقووقی بوون کە ساڵانێکیش لێرە لە ئوروپا ژیاون، هێشتا ئەو ڕاستییە سەرەکییە تێنەگەیشتبوون کە دادگاکانی ئەم وڵاتانە بەشوێن 'فەکت' و 'بەڵگە'دا دەگەڕێن و بە بێ دڵنیابوون لەو دوو دیاردە سەرەکییە، هیچ بڕیارێك دەرناکەن. فەکت دەبێ ڕوون و ئاشکرا و دوور لە گومان لێکردن بێت، دەنا لایەنەکەی دیکەی دادگا (لێرەدا 'کۆماری ئیسلامیی ئێران') و لایەنگرانی، دەیاندەنە دواوە و هەوڵەکان پووچەڵ دەکەنەوە؛ نەك هەر ئەوەش، بەڵکوو دادگای بێلایەن تەنانەت بە ئامادەبوون و نەبوونی داکۆکیکاریش هەر ناتوانێ تاوان لەسەر لایەنێك بسەلمێنێ و مەحکوومی بکات، ئەگەر 'فەکتی ڕوون'ی

بەدەستەوە نەبێت - جا قەراری کۆتایی هێزی بەڕێوەبردنی هەبێت یان نا، مەسەلەیەکی دیکەیە.

٢. نموونەیەکی ئەو خاڵە گرنگەم لە شایەدیدانی 'شادی سەدر' بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی 'دادپەروەری بۆ ئێران'دا بەرچاوکەوت. دوای ئەوەی شادی خانم ژمارەیەکی بەرچاو لە ڤیدیۆکانی ئەو ڕووداوەی پیشانی دادوەران دا و خۆی گەلاڵەی خشتەیەکی ڕێکوپێکی بۆ سیستەمی سیاسیی-بەڕێوەبەرایەتیی ئێران پێشکەش بە دادگاکرد، هەوڵیدا بیسەلمێنێت کە تەقە کردن لە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازی بێ چەکی ئەو ڕۆژانە، 'ناپێویست' و 'ناقانوونی' بووە و ئەوەش بە فەرمانی 'ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران' بەڕێوەچووە کە لە سەر هەموویانەوە 'ئایەتوڵڵا خامنەیی' ڕێبەری کۆمارەکە وەستاوە، کە لەو ڕووداوانەدا، بەرپرسی یەکەمی هەموو سەرپێچییەك لە قانوونی وڵاتەکە بووە.

یەکەم داوەر، بەڕێز زاك یاکوب، یەك لە داوەرانی پێشووی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئەفریقای خواروو، چەند جاران پرسیاری لێکرد بەڵگەت چییە بۆ ئەوەی تەقەکان لەلایەن مەئموورانی کۆماری ئیسلامییەوە بووە یان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە ساکارە و بە ئەزموونێك کە لە سیستەمی سیاسی-سوپایی کۆماری ئیسلامیمان هەیە، گومان لەوە ناکەین کە خەڵك لە شارەکانی ئێران چەکیان بەدەستەوە نەبووە و پاسدار و بەسیجی و ئیتلاعاتییەکان بوون کە تەقەیان لە خەڵکی بێ تاوان کردووە، بەڵام ئەوە بۆ داوەرێکی بێلایەن کە لە ئێران نەبووە و نەژیاوە، وا بەهاسانی قەبووڵ ناکرێت و بەڵگەی دەوێت. بەداخەوە ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو بەشەی کارەکەیان بەباشی نەبینیبوو و دووپاتبوونەوەی پرسیارەکان یارمەتییەکی شایەدەکەی نەدەدا کە خۆی مافناس و خاوەن ئەزموونی مەسەلەکەیە، لە ئەنجامدا داوەری پێ ڕازی نەدەکرا. ئەوەش ناتەواوییەکی بەرچاوی کارەکە بوو. ئەوان زیاد لە دوو

هەزار ڤیدیۆیان سەیر کردبوو و یادداشتیان لەبەر هەڵگرتبوون و پێشکەشی دادگایان کردبوو، بەڵام لەو خاڵە سەرەکییە وورد نەبووبوونەوە و ڕاست لێرەشدا کورتییان دێنا.

٣. پرسیارێکی گەلێك گرنگی ئەو داوەرە و چەندکەسی دیکە لەداوەران لەسەر ئەوە چەقی بەستبوو کە ئەگەر قەبووڵی بکەین تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، لە لایەن مەئمووڕانی حکوومییەوە بووە، ئایا ئەوکارە بە فەرمانی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سەرەك کۆمار ئەنجامدراوە یا مەئمووڕانی خۆجێ یی بە گوێرەی 'تێگەیشتی خۆیان لە بارودۆخەکە' و بۆ داکۆکی کردن لەخۆ، ئەو کارەیان کردووە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گەلێك ئەستەم بوو و پێویستی دەکرد یاسای بنەڕەتیی ئێران و ڕادەی دەسەڵاتی قانوونیی 'ڕێبەر' و شۆڕا جۆربەجۆرەکانی ئێران و سەرەك کۆمار و دەسەڵاتدارییە چەکدارەکان شی بکرێتەوە و فەرمانەکانی خامنەیی بۆ سەرکوت کردنی خەڵکەکە بخرێتە بەرچاو، کە دیارە زوربەیان نهێنی یا 'نا ڕوون' بوون و لە ئەنجامدا داوەرەکان قانع نەدەبوون و هەر وەڵامەکان خۆیان دەبوونە هۆکار بۆ پرسیاری زیاتر. مەلاکانی ئێران هەموو هەوڵێکیان داوە تاوانەکانی خۆیان بشارنەوە و بەڵگە بەدەستەوە نەدەن، ئەوەش کاری شایەدەکانی گەلێك ئەستەم کردبوو. واهەبوو داوەرەکانیش کە فیلمی کارەساتەکانیان بەچاو دەدیت، دڵیان بۆ خەڵك بسووتێ، بەڵام بۆ دەرکردنی قەرار لە دادگایەکی باڵازی ئەوتۆ و بابەتێکی وا گرنگ، دەبوایە لەخەمی داد و دادپەروەری و بێلایەنیی خۆیاندا بن و لاقیان لەسەر زەوییەکی قایم و بە متمانە ڕاوەستێ. ڕێکخراوە ئێرانییەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دابوو چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەن و بە گوێرەی دەرەتان، بیسەلمێنن کە فەرمانەکە لە لای سەرەوە درابوو، دەنا بۆچی دەبوایە مەئمووڕانی دەوڵەت لە چەندەها شار و ناوچە بە یەك شێوە بجووڵێنەوە و تەقە لە لای سەرەوەی جەستەی

خەڵکی خۆپیشاندەر بکەن. ئەوەش ئەزموونێکی دیکە بوو بۆ ئێمە کە لە دادگایەکی بێلایەنی دێموکراتیکدا دەبێ بەزمانی فەکت قسە بکەین نەك بە هەست و گومان، یان بە قیاس و 'استقرای مەنتیقی.

٤. لە کاتی تەقەکران لە خۆپیشاندەرانی 'بەندەری ماهشەهر'ی باشووری ئێراندا، کە خەڵکەکەی عەرەب بوون و ڤیدیۆی پیشاندراو، دەنگی ئەوانی بە زمانی عەرەبی بڵاودەکردەوە کە لە کاتی تەقەکراندا هاواری 'الله اکبر'یان دەکرد. پرسیارێکی دیکەی داوەری بەئەزموون زاك ئیزاك ئەوە بوو کە چۆن و بەچیدا بزانرێت ئەو دەنگە هی خۆپیشاندەرانە و کەوتوونەتە بەر گوللەی مەئموورانی حکوومی، یاخود هی مەئمووره ئێرانییەکانە و کەوتوونەتە بەرگوللەی خەڵك و بەشێوەی باوی ئێران، هاوار لە خودا دەکەن؟ ئەو پرسیارەش بۆ خەڵکی ناوخۆی ئێران ساویلکانە دەنوێنێت کە ئەو هەموو کوشتوبڕەیان لە پاسدار و بەسیجی ئێران بینیوە، بەڵام داوەرێکی بێلایەنی وڵاتێکی دیکە بە شێوەی ئاسایی ئەو پرسیارە دەکات و ڕاستیشە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ ئیدیعای خۆمان بسەلمێنین. چۆنی دەسەلمێنین کاتێ کە هیچ مەعلووم نییە ئەو دەنگە تۆمار کراوە هی کامە لایەنی ئەو تێکگیرانەیە؟

٥. پرسیارێکی دیکەی هەمان داوەر ئەوەبوو خۆپیشاندەرانی بەندەر ماهشەهر بەعەرەبی دەدوێن، تۆی شایەد پێمان بڵێ ئەوانە دەڵێن چی؟ خانمی سەدر داوای لێبووردنی کرد و گوتی من عەرەبی نازانم بەڵام بەڵێنی دا دواتر تەرجەمەیان بکات و پێشکەش بەدادگایان بکات. بۆچی ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو خاڵە گرنگەیان پشتگوێ خستبوو؟ واتە ئەگەر خۆ پیشاندانێك لە کوردستان یان ئازەربایجانیش بوایەت هاوار و قسەی کوردی و تورکیی خەڵکەکە ئاوا بازی بەسەردا دەدرا لەبەر ئەوەی زمانی ڕەسمی لە ئێراندا فارسییە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش ئەوەیان وەك ڕاستییەکی سەلماو وەگرتووە؟ وردبوونەوە لە گەورە و بچووکی لایەنەکان ئەرکی سکاڵاکارە کە دەبێ بۆ داوەری

دادگای ڕوون بکاتەوە و ناتوانێ بڵێ ئەوە بەڵگەی منە بەڵام نازانم چی تێدا گوتراوە.

٦. خاڵێکی دیکەی جێگەی پرسیار ئەوە بوو بسەلمێندرێت شکاندنی شووشەی دووکان و ئوتومبیل، کاری کەسانی 'نفووزی' ی حکوومەت بووە کە تێکەڵ بە خۆپیشاندەران کراون و ئەوان بوون کە بۆ ناحەز کردنی ناوی خەڵك و بە ئاژاوەچی ناساندنیان ئەو کارە قیزەوەنەیان بەڕێوە بردووە. ئەو قسەیەش هەر هاسان نەدەسەلما، بەڵام یارمەتی لە شایەدیدانی کەسانێك وەردەگیرا کە پێشتر لە ناو دامودەزگا ئاسایشییەکانی ئێراندا بوون و دەیانگوت کاری وا کراوە و دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی ئێران بۆ بەدناو کردنی خۆپیشاندەران، کەسانی خۆیان خستۆتە ناویان و کاری نەشیاویان پێکردوون.

٧. خاڵێك کە لە هەموو ڕەوتی دادگاکەدا بەرچاو بوو و داوەرەکان بە تایبەتی لێیان دەکۆڵییەوە ئەو پرسە بوو کە ئایا خۆپیشاندەران دژ بە مەئموورانی حکوومی کەڵکیان لە چەك بە گشتی و چەکی گەرم بەتایبەتی وەرگرتووە یان نا؟ ئەوە لە هەموو ماوەی دانیشتنێکی دادگادا خاڵی وەرچەرخانی باسەکان بوو. ئەو مەسەلەیە بۆ کورد گەلێك گرنگە. لە هەرکوێیەکی ئەم جیهانە و تەنانەت لە دیموکراتترین حکوومەتەکانی سکاندیناویاشدا کاتێ کەس یان ڕێکخراوە و گرووپێك چەك هەڵدەگری و بەرانبەر مەئمووری دەوڵەتێك دەوەستێ، ئەو حەقانییەتە دەداتە مەئموورەکە و دەوڵەتەکە بتوانن بە چەك وەڵامی بدەنەوە و داکۆکی لە خۆی بکات.

ئێمەی کورد بۆ ماوەی زیاد لە سەدەیەك لەو زەلەدا گیرمان خواردووە واتە بە چەك دژ بە حکوومەتەکانی ناوچە وەستاوین و داوامان لە حکوومەت و ڕێکخراوە جیهانییەکان کردووە بەهانای 'کوردی مەزلووم و بندەست'ەوە بێن و هەرگیز نەهاتوون و ناشیەن! تەنانەت لە 'زەوی' و 'ئاسمان'یشمان ویستووە

خەجاڵەتی بکێشن و لەبەر خاتری ئەو مەزڵوومییەتەی کورد نەچەرخێن و بڕووخێن.[٦٩]

کورد جارێك ئەو دەرفەتە زێڕینەی بۆ هەڵکەوت بەڵام بەداخەوە نەیتوانی ڕاست بەهۆی ئەو خاڵە تایبەتەوە کەڵکی لێ وەربگرێت. ئەویش لە موحاکەمەی سەددام حوسەیندا بوو کە تەلەفیزیۆنەکانی هەموو جیهان قسەی سکاڵاکار و داکۆکیکاریان بڵاو دەکردەوە و شیعەکانی عیراق بە باشترین شێوە سوودیان لێ بینی، سەددامیشیان لەسەر کوشتاری قامیشەڵانەکانی باشووری عیراق مەحکووم و ئیعدام کرد. بەڵام کورد خەڵکانی ماڵوێرانی برینداری ئەنفال و هەڵەبجە، بۆ نموونە ئەو پیاوە باڵتە لەسەر شانە هەڵەبجەییەی نەکردە شایەد و نەیهێنا ناو دادگا، کە لە فیلمێکدا هاوار دەکات و دەڵێ "ئێستا ئەگەر لە دەرگای ماڵەکەم بدەم، لە ٣٨ ئەندامی بنەماڵەکەم کەسێکیان نەماون دەرگام لێ بکەنەوە"؛ لەجیاتییان چەند پێشمەرگەمان کردە شایەدی دژ بە سەددام و حزبی بەعس لە دادگا؛ پارێزەرانی سەددام و تاوانبارەکانی دیکەش سووك و سانا لە وەڵامدا گوتیان ئێوە بە چەکەوە دژ بەحکوومەت و مەئموورەکانی وەستاون، بۆچی دەبێ چاوەڕوان بن ئەوان دژ بەئێوە هیچ کارێك نەکەن!

بێئاگایی ئێمە لەو خاڵە سەرەکییە وای کردووە ئێستاش لە بەرانبەر تاوانکارییەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوا و باشوور و باکووری وڵاتدا، هیچ لایەنێکی لاوەکی نییە ئاوڕێکی بەخێر لە کورد بداتەوە و دوژمنیش کە بەو ڕاستییە دەزانێت، ناوی تیرۆریستمان لێدەنێت و ئەسپی هێرشکاریی خۆی بۆ سەرمان تاو دەدات. جا ئەگەر لێرەولەوێ ئەم یا ئەو ڕێکخراوەی بێدەسەڵات بۆڵە بۆڵێکی 'مافی مرتۆڤانە'یان کرد، لێیان ناپەرمویتەوە و بە چەکی داکۆکیکردن لە خۆ وەڵامین دەداتەوە، دەوڵەتانی جیهانیش بەداخەوە لێی وەردەگرن.

[69]. "زەوی ئێستاش لەڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ؟ / نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ // کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوێنێ / کە گەنجی کورد دەخنکێنێ لەخوێنێ..."، شیعری 'ڕەوەز ورد نابێ' ی مامۆستا هێمن.

گەلەکەمان دەبوایە دوای ساڵی ١٩٦١ و ئەو هەموو کارەساتانەی وا لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا بەسەرمان هاتووە دەرس وەربگرێت و ڕێگا چارەیەك بۆ ئەو گرفتە سەرەکییە بدۆزێتەوە.

تاوان و کوشتوبڕی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو ساڵ و مانگەدا، کەوتە بەر پرسیار و وەڵامی دادگا. یەك لەوانە کاتێك بوو کە ئەفسەرێکی پێشووی ئێران باسی فەرمانی تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی شاری مەریوانی کرد و جارێکیش ئەو کاتەی کە کاك کامیار ئەحمەدی هەواڵی گیران و کووژرانی کوڕەپووری خۆی-شەهید ئیڕشاد ڕەحمانیانی ڕاگەیاند و گوتی ماوەیەك دوای ئەوەی گرتیان، جەنازەکەیان لە بەنداوێکی ناوچەکەدا دۆزییەوە. هەروەها گوتی دوابەدوای خۆپیشاندانەکان، بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو، لە شارەکەدا حکوومەتی نیزامی بەڕێوە دەبرا. لە ڕۆژی پێنجەمی دادگاکەدا کاك ئارام مەردۆخی باسی ڕووداوەکانی شاری سنەی کرد لە ماوەی ناڕەزایی دەربڕینەکاندا و گوتی ئەندامانی هێزی نیشانە شکێن لە سەربانی بانکەکان نیشتەجێ کرابوون، سەرهەنگ جەوانمەردی یەك لە فەرماندەرانی هێزی ئینتزامی لەوێ ئامادە بوو و هێزەکە خەڵکی خۆپیشاندەریان دەگرت و لە ئامبۆلانسی وادا ڕایاندەگرتن کە شێوازی قەفەزی پێدرابوو.

لەبەر ڕووناکایی وتووێژەکانی ئەو دادگا مێژووییە و ڕێزگرتن لە ئەرك و زەحمەتی ئامادەکارانی، پێویستە ئێمەی کوردیش سەرنج بدەینە سەر دۆخی خۆمان و بزانین چۆن دەتوانین دۆزی کورد و زوڵم و زۆری حاکمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە مەسەلەی ناوخۆیی حکوومەتەکانەوە بکەینە کێشەیەکی ناونەتەوەیی. بۆ ئەو کارە، پێش هەمووشت دەبێ بزانین خەڵکی دنیا بە چ چاویلکەیەك دەڕواننە ئێمە و چۆن دەتوانین و دەبێ سوود لەو ئەزموونەی ئێرانییەکان وەربگرین بۆ وەدەست هێنانی متمانە و پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵك لە وڵاتانی جیهان. ئاشکرایە ئەگەر هەلومەرجی جیهان نەناسین و خۆمانی لەگەڵدا ڕێك نەخەین، خەڵکانی دنیا دوور لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نادەن و ئەگەر ئەو ڕاستییە زەقە بە چاو نەبینین، دەبێ هەر لە ناو بازنەی ئێستاماندا بخولێینەوە، شانازی بە مێژووی سێ هەزار

ساڵ پێش ئێستای مادەکانەوە بکەین، شیعر بە خۆماندا هەڵبڵێین و بەدەست زۆردارانەوە پرسە بگرین و خۆمان بلاوێنینەوە! ئەوەش وێناچێ بژاردێکی دروست بێت!

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دادگاکە، بڕوانە ئەم سەرچاوە فارسییانە:

https://www.bbc.com/persian/iran-features
59277498
https://www.iranintl.com/20211113311619

٢٠٢١/١١/١٥

ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکراوەتەوە.

# کۆمەڵایەتی / فەرهەنگی

# ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

به بۆنەی یادی ۱۲۲ ساڵەی "ڕۆژنامەی کوردستان" و
بۆڕێزگرتن لە مامۆستای مێژوونووسمان دوکتۆر کەماڵ مەزهەر

لە یادی ۱۱۰ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان، کە بە ئامادەبوونی دوکتۆر کەماڵ مەزهەر و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و ئەدیبانی کورد لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو، منیش بەختی ئەوەم هەبوو لە پەراوێزی قسەکانی مامۆستادا چەند خولەکێك سەبارەت بە دۆخی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدوێم، کە دواتر لە ژمارە ی ۷٤۷ ڕێکەوتی ۲۰۰۸/٦/١٨ ی ڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاو کرایەوە.

باسەکەی من لەسەر دوو تەوەر دەگەڕا:

یەکەم، بۆچوونم سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان کە پێموابوو هەموو ژمارەکانی لە قاهیرە دەرچوون و گۆڕینی ئەدرەس لەوێوە بۆ جنیڤا و لەندەن و فۆلکستن تەنیا بۆ شوێنەگومکێ و ڕزگاربوون لە گوشاری خدیوی میسر و حکوومەتی عوسمانی بووە. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، بەدرخانییەکان ئەو ژمارە تایبەتانەی ڕۆژنامەکەشیان هەر لە قاهیرە چاپ کردووە، بەڵام بە نهێنی و پاشان بردوویانن بۆ ئەو شارانە و لەوێوە بەڕێیان کردوون بۆ ئابوونەکان، بێ ئەوەی شوێنی چاپکردنی ڕۆژنامەکەکەیان گۆڕیبێت!

دووهەم، مێژوولکەیەکی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو لە ورمێ و ناوچەی موکریان کە چاپەمەنییە دەورەییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف و حزبی دیموکراتی کوردستانی هاوڕێ لەگەڵ یەك ڕۆژنامەی چاپی تارانی دەگرتە خۆ بەڵام تێیدا هیچ ئاماژەیەك بە ڕۆژنامەکانی دەرەوەی موکریان نەکرابوو.

لێرەدا دەمەوێت باسێکی تازەتر دابمەزرێنم ئەویش ئەو ڕۆژنامانەن کە کوردانی سنە و کرماشان دەریانکردوون و ژمارەشیان گەلێك زۆرە، بەڵام بە پێی بارودۆخ و نەبوونی ئازادیی نووسین بە زمانی کوردی لە ئێرانی شایی و مەلاییدا، سەرەڕای ئەوەی لە کوردستان دەرچوون و بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازیشیان کورد بوون و هەندێکیان ناوی کوردییان لەسەر دانراوە،

بەڵام بابەتەکانیان بە فارسی نووسیوە. ئەگەر شیعر یان بابەتێکی کوردیشیان چاپ کردبێت، کارێکی پەراوێزکراو بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بە مڵك وماڵی کورد دەژمێررێن و دەبێ لە مێژووی چاپەمەنی کوردستاندا شوێنی تایبەت بە خۆیان بۆ دیاری بکرێت.

واهەیە بۆ خوێنەر جێگەی باوەڕ نەبێت کە تەنیا لە کرماشان لە ماوەی ٧٠ ساڵ تەمەنی ڕۆژنامەگەریدا (١٩٠٩ تا ١٩٧٩)، سەرجەم ٦٧ ڕۆژنامە و گۆڤاری هەفتانە و مانگانە دەرچوون، یان لە شاری سنە لە ماوەی ٦٢ ساڵی نێوان ١٩٠٦تا ١٩٦٨دا ٣٢ ڕۆژنامە چاپ و بڵاوکراونەتەوە! بە داخەوە ئێمەی کورد لەو هەوڵ و خەباتە ڕووناکبیرییانە، کە بوونەتە هۆی گیران و زیندان و شاربەدەرکرانی زۆرێك لە خاوەن ئیمتیاز و نووسەرەکان، ئاگادار نین وەك ئەوەی ئەوکەسانە پەیوەندیان بە کوردەوە نەبووبێت و گەلەکەمان خاوەنایەتی ڕۆژنامەکانی نەکردبێت! من بەش بەحاڵی خۆم خەجاڵەتی ئەو مێژووە پڕ لە شانازییەم کە لەبیرم کردووە و هەوڵی ناساندنیم نەداوە باوەکوو خەڵکانێکی دڵسۆزی گەل و نیشتمان لە ناو ئێراندا و بە زمانی فارسی ئەو ئەرکەیان بەڕێوەبردووە و ناوی ئەو قارەمانانەی گەلەکەمانیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە.

دوکتۆر محەمەدعەلی سوڵتانی لە کۆمەڵە کتێبێکی ١٠ بەرگیدا کە سەبارەت بە مێژووی کرماشانی نووسیوە، فەسڵی ٦ لە بەرگی یەکەمی تایبەت کردووە بە مێژوولکەیەکی چاپەمەمەنییە دەورەییەکان لە شاری کرماشان و لەوێدا زانیارییەکی پوختی سەبارەت بە ٦٧ چاپەمەنی ڕاگەیاندووە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٩ وە هەتا شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران و هاتنە سەرکاری مەلاکان، لە کرماشان چاپ و بڵاو کراونەتەوە. لەوێدا هەندێك ناوی کوردان دەبینرێت کە من لێرەدا ئاماژەیەکیان پێدەکەم:

- ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی، شاعیری ناوداری کورد کە لە ساڵی ١٩١٧ دا پێنجەمین ڕۆژنامەی شارەکەی بە ناوی "بیستون"ەوە بڵاوکردۆتەوە.
- مەهدی فەرەهپووری سنەیی کە ڕۆژنامەنووسێکی کورد بوو و ساڵێك دواتر لە کرماشان درێژەی بە کارەکەی لاهووتی دا.

- عمادالدین دەولەتشاهی لە سالی ١٩٥١ دا ڕۆژنامەی گەنجوری بڵاو کردۆتەوە.[٧٠]
- کاك خوسرەو ئەکبەری ڕۆژنامەی "ڕەهبەری کورد"ی لە هەمان ساڵی ١٩٥١دا چاپ کردووە. کاك ئیبراهیم وەکیلی سەنەندەجی هەر لە ساڵی ١٩٥١ دا ڕۆژنامەی "دیوان بلخ" ی چاپ کردووە.
- کاك ئیسماعیل شاکری لە ساڵی ١٩٥٢ دا ڕۆژنامەی "صدای کورد" ی بڵاو کردۆتەوە.
- دوکتۆر فەرەیدوون موعتەمەدوەزیری لە وەزیرییەکانی شاری سنە و دانیشتووی ئەودەمی کرماشان، وەرزنامەی ڕازی لە زانستگەی ڕازی شاری کرماشان بڵاو کردۆتەوە.
- هەروەها، ڕۆژنامەی "گڕوگاڵ" ی کوردی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران لە کرماشان دەرچووە.
- کاك محەمەد باقرعەیوەزیش گۆڤاری "مانگ هەلات"ی بڵاو کردۆتەوە کە لە پەیوەندی شاخەوانیدا بووە.

ئەوانە تەنیا هەڵبژاردەیەك بوون لە چاپەمەنی دەورەیی شاری کرماشان کە بەداخەوە ئێمە لێیان بێ هەواڵین. ئێستا با سەیرێکی شاری سنەی ئەردەڵان بکەین:

کتێبی "نامداران علم، فەرهەنگ و هنر کردستان" نووسینی سەیید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی ناوی ٣٢ ڕۆژنامەنووسی کوردی لیستە کردووە کە هەرکام خاوەن و بەڕێوەبەری ڕۆژنامە یان گۆڤارێك بوون و لە نێوان ساڵانی ١٩٠٦ تا ١٩٦٧ دا بڵاوکراونەتەوە. بەشێك لەو کەسانە بریتین لە:

- ابوالبقاء مظهر الاسلام، خاوەنی ڕۆژنامەی "تمدن"، ساڵی ١٩٠٧ لە سنە
- مەنسوور ئەردەڵان خاوەنی ڕۆژنامەی "پەیکی کورد" لە ١٩٤١ ی شاری سنە

---

[٧٠] نەمر عمادالدین دەوڵەتشاهی نووسەری کتێبی "چوغرافیای غەربی ئێران" ە کە بەشێك لە ئاڤێستای تەرجەمەی کوردی کردووە و سەلماندوویەتی بە پێچەوانەی بۆچوونی زاڵی ئێستا، زەردەشت لە گۆلی چیچەست (ورمێ)وە بەرەو کوردستان و کرماشان و لوڕستان چووە نەك ڕۆژهەڵاتی ئێران.

- دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان خاوەنی ڕۆژنامەی کوهستان، ساڵی ١٩٤٤ بە فارسی و کوردی، لە تاران
غوڵامعەلیٖ مەلیکی خاوەنی ڕۆژنامەی "پەیکاری کورد"، ساڵی ١٩٥٠، سنە
- کەریم کورد، خاوەنی ڕۆژنامەی کورد و کوردستان، ١٩٥١ ی سنە
- دوکتۆر محەمەدی موکری خاوەنی گۆڤاری بەغستان، ساڵی ١٩٥٢ لە تاران
- عەلی ئەسغەر ئەمیرانی بیجاڕی، خاوەنی گۆڤاری هەرە ناسراوی "خواندنیها" لە تاران
- عەبدولحەمید بدیع الزمانی خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی ١٩٥٩ لە تاران
- محەمەد سەدیق موفتی زادە خاوەنی ڕۆژنامەی ژین ١٩٤٧.لە تاران

لیستەکە ناوی گەلێك خزمەتکاری دیکەی قەڵەم و ڕۆژنامەنووسیی گرتۆتە بەر، کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ دەرچوونی دواتری ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر بە زمانی کوردی کە لە ساڵانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ دا لە سنە چاپ و بڵاوکرانەوە. پێڕاگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو ڕۆژنامانە کارێکی پێویستە و نابیٚ ئیجازە بدرێت ئەو خزمەتکارە بێدرێغانەی گەلەکەمان کە لەژێر تیغی سانسۆر و ئیجازە و مۆڵەتدانی حاکمانی کۆماری ئیسلامیدا ناڵاندوویانە ، فەرامۆش بکرێن.

ئێستاش بە کورتی دەچمەوە سەر باسی وتارەکەی پێشووم. من بۆ چەسپاندنی بۆچوونم سەبارەت بە نەگوێزرانەوەی چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەو شارانەی جیا لە قاهیرە، نامەیەکم ئاراستەی کاونسڵی شاری فۆلکستن کرد لە ناوچەی کێنتی بریتانیا و ئەو ئەدرەس و ناوی جادەیەم بۆ نووسین کە لە ڕۆژنامەکەدا وەك شوێنی چاپی ڕۆژنامەکە ڕاگەیەنراون، تکام لێکردن ئەگەر هیچ تۆمار یا پێشینەیەکیان لە چاپی ڕۆژنامەیەك بە ناوی کوردستان لەو شوێنە و ئەو شارە هەیە ئاگادارم بکەنەوە. ئێستا کە دوو ساڵێك بە سەر نووسینی نامەکەدا تێپەڕ دەبێت هیچ هەواڵێکم لیٚ نەبیستوونەتەوە. لەو چەند سەرچاوەیەشدا کە سەبارەت بە کێنت و فۆلکستن نووسراون، چاوم بە هیچ نیشانەیەك لەو ڕۆژنامەیە نەکەوتووە. بۆچوونم ئەوەیە کە ئەوان و هیچ کەسێکی دیکە بە هەواڵی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لەویٚ یان لە لەندەن و جنێڤا نەزانن لەبەر ئەوەی شتی وا بوونی نەبووە! بەدرخانیەکان سووك و سانا، دوور لە چاوی حاکمانی میسر و عوسمانی، ڕۆژنامەکەیان بە نهێنی لە هەمان شاری قاهیرە چاپ کردووە بەڵام لەویٚ بڵاویان نەکردۆتەوە بەلکوو بردوویانە بۆ ئەو سیٚ شارە و لەوێوە

خستوویانەتە پۆستەوە. ئەو ئەدرەسانەش ئەدرەسی دۆست و برادەر و هاوخەباتی خۆیان بوون لەو شارانە، لەبەر ئەوەی دەزانین بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی دوورخراوەی کورد و تورکی عوسمانی لەو شارانە و لە کانتربری بریتانیا لە بن گوێی فۆلکستندا دەژیان.

لە کۆتاییدا ڕێزلە کەسایەتی و کار و خزمەتەکانی مامۆستای بەڕێز دوکتۆر کەماڵ مەزهەر دەگرم و هیوای چاکبوونەوە و بەردەوام بوون لە خزمەت بە مێژووی کوردی بۆ دەخوازم.
٢٠٢٠/٤/٢٢

***سەرچاوکانی ئەم نووسینە:**

١. محمدعلی سلطانی، "چغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان"، جلد اول، نشر سها، ١٣٧٤ **[١٩٩٥]** صص ٣٣٣ تا ٣٤٧
٢. سید عبدالمید حیرت سجادی، "نامداران علم، فرهنگ و هنر کردستان"، پژوهشگاه سازمان میراث فرهنگی و گردشگری، تهران ١٣٩٢ **[٢٠١٣]**، صص ٣٦٥ تا ٣٦٧.
٣. سید عبدالمید حیرت سجادی، "سنندج قدیم"، انتشارات کردستان، سنندج ١٣٩٥ **[٢٠١٦]**، صص ٦٧٧ تا ٦٧٩.
٤. برهان ایازی، "آئینه سنندج" ، ناشر مولف،چاپ پیام، ؟ ١٣٦٠ **[١٩٨١]**، صص ٧٩٦ تا ٨٠٠

# ئایا بە ڕاستی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە سێ وڵات و چوار شار چاپ کراوە؟

پرسیار: ئایا ڕاستە کە شوێنی چاپکرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" پێنج جار گۆڕاوە؟
وەڵامی من: بە ئەگەری زۆرەوە، نا!
بۆچی؟

وەڵام: یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بە خەباتی نەمر میقداد میدحەت بەگی بەدرخان لە ١٨٩٨/٤/٢٢ دا[٧١] لە شاری قاهیرەی پێتەختی میسر دەرچوو و سەرجەم ٣١ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە کە ڕێکەوتی دواژمارەی ٢٩ی مانگی یازدەی ساڵی١٩٠١ ی زایینییە. بە گوێرەی راگەیاندنەکانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە خۆی، ژمارە ١ تا ٥ ی لە قاهیرە، ٦ تا ١٩ ی لە جنێڤ، ٢٠ تا ٢٣ ی جارێکی تر لە قاهیرە، ٢٤ ی لە لەندەن، ٢٥ تا ٢٩ ی لە فۆلکستن[٧٢]، ٣٠ و ٣١ ی جارێکی تر لە جنێڤ و ژمارە ١ تا ١١ ی دەورەی تازەی جارێکی تر لە قاهیرە دەرچوون.[٧٣]

ئەوەی تا ئێستا زانرابێت و گوترابێت ئەوە بووە کە بەدرخانییەکان کەڵکیان لە دووریی مەسافەی نێوان میسر و عوسمانی وەرگرتووە و توانیویانە دوور لە چاوی سوڵتانی فناتیکی دین پەنا عەبدولحەمیدی دووهەم، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە شاری قاهیرە بڵاو بکەنەوە و مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ خۆیان و فەرهەنگی گەلەکەیان تۆمار بکەن. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم، کە لە ساڵی ١٨٧٦ ەوە تا ١٩٠٩ لە ئەستەموڵ حکوومەتی دەکرد، بە ئاشکرا دژ بە چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە وەستابوو. ڕۆژنامەی کوردستان لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەرچوو و نوسخەکانی تەنیا بە قاچاغی دەگەیشتنەوە کوردستان و تورکیا.

---

٧١ . وابزانم کاك فەرهاد شاکەلی بە بەراوردکاریی ڕۆژژمێرەکان گەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی کە ٢٢ ی مانگ نەبێت و ڕۆژێك زووتر یان درەنگتر بێت، دڵنیا نیم کامیان.

72 . Folkestone

٧٣ . هۆشیار کەریم قەرەداغی، لە یادی تێپەڕبوونی سەدەیەك..."، بڵاوەی "تیشکی ڕۆژنامە"، ژمارە ١، هاوینی ١٩٩٨ ژمارەی تایبەتی سمیناری ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان، لەندەن، لل. ١٠ تا ١١.

نەمر عەبدولڕەحمان بەگی برای میقداد بەگ بە ڕاشکاوی درکاندوویەتی کە دوای دەرچوونی ٥ ژمارەی کوردستان، لە ژێر گوشاری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم و خدیوی میسر و نەیاراندا، کە داواکاری وەستانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بوون، میقداد بەگی سەرنووسەر مەجبوور کرا بگەڕێتەوە ئەستەموڵ و کارەکانی ڕۆژنامەکە دوای ئەو ڕووداوە لە قاهیرە تووشی وەستانێکی کاتی هات بەڵام عەبدولڕەحمان بەدرخان ژمارە ٦ تا ١٩ و ٢٤ تا ٣١ ی لە سێ شاری جیاجیای ئوروپا بڵاو کردەوە. شایانی باسە کە دواتر، دەورەیەکی نوێی کوردستان لە ژمارە ١ تا ١١ ش هەر لە قاهیرە دەرچوو و نووسراوی سەر لاپەڕەکانی ئەو ژمارانەی کوردستان ئەوە دەسەلمێنن.

بەڵام ئایا ئەو ڕاگەیاندنانە هەمووی ڕاستەقینەی مێژوویین و بێ پێچ وپەنا ڕاستن؟ ئایا سیاسەتی ئەو ساڵانەی میسر جادەیەکی سافی بێ گرێ وگۆڵ بوو و خەڵکی وڵاتەکە، بە تایبەت گەلی کورد بە مەیل و خواستی خۆیان چییان دەویست دەیانکرد و دەیانگوت و دەیاننووسی؟ بۆچونی من بە پێچەوانەی ئەوەیە!

سەرەتا چەند خاڵێك لە پێوەندی چاپخانەی جێ چاپی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دەخەمە بەر باس:

١. واتای دوو تێرمی "دەرچوون" و "چاپ" لە یەکتر جیاوازن و لام وایە ئیدارەی دەرکردن و بڵاو کردنەوەی چاپەمەنییەك دەکرێ "ضرورتا" هەمان چاپخانەکەی نەبێت. ئەو دووانە دەتوانن لە دوو شوێنی شارێك و وڵاتێك یان تەنانەت لە دوو وڵاتی جیاوازدا بن؛

٢. ڕاگەیاندنەکانی سە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە خۆی لەم بارەیەوە نابێ پشتی پێ ببەسترێت لە بەر ئەوەی گوشارێکی زۆری سیاسی و پۆلیسی لەسەر بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە بووە و مەجبوور بوون بۆ شوێنە گومکێ و هەڵاتن لە دەست ناسرانەوە و بەرگریکران لە خەباتەکەیان، هەندێك بابەت سەبارەت بە شوێنی دەرچوون و چاپی ڕۆژنامەکە ڕابگەیێنن کە واهەیە ڕاست نەبوویێتن؛

٣. زیاد لەوانە، لە بارودۆخی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەگەر هەندێك کەرەسەی وەك کەل وپەلی چاپ، ئامڕازی پەیوەندی و کەرەسەی ڕاگواستن بگرینە بەرچاو، دەبینین کارێکی ئەستەم و تاڕادەیەك نەگونجاو بووە ڕووناکبیرێکی کورد بە بێ پشتگیریی دارایی حکوومەتێك وتەنانەت لە ژێر گوشار و ڕاونانی هەردوو حکوومەتی عوسمانی و میسر و هاوپەیمانەکانیاندا، پێداویستییەکانی چاپی ڕۆژنامەیەکی نیوە نهێنی وەك پیتی عەرەبی و کەل وپەلی چاپ لە قاهیرەوە بباتە

جنێڤ لە وڵاتی سویسرا، ئینجا لەوێوە بیانپێچێتەوە و بیانباتە لەندەن، پاشان بیانگەیێنێتە شاری فۆلکستن و لە ئەنجامیشدا سەرلەنوێ جنێڤ و ئینجا قاهیرە سەر دەربهێنێت!
ئەوانە زیاتر لە حیکایەتی گوێی ئاگردان دەچن تا ڕاستەقینەی ژیان و سیاسەت.

با چەند خاڵێکیش لەمەڕ سیاسەتی ئەو ساڵانەی عوسمانی و ئوروپا و هەروەها بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری "فۆلکستن" ڕوون بکەمەوە، گەرچی واهەیە هەمووبمان بە بەشێکی زۆریان بزانین :

- سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩ تا ١٨٧٦) سەرەمی یەکەم هەنگاوەکانی ڕووناکبیران و خەڵکانی دانیشتووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو بۆ نوێخوازی و خەبات لە پێناو گۆڕینی قەوارەی سیاسیی حکوومەتێکی کۆنباو و داواکاریی لە پێناو ئازادی و مافە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان و نزیك کردنەوەی شەرع و قەضای ئیسلامی لەگەڵ حقوق و یاسا نوێباوە ئوروپاییەکان.

- بە شوێن ئەودا هەندێك ڕێکخراوەی شێوە ئورووپایی لە ئەستەموڵ بنیات دەنرێت: سەرەتا "یەکیەتی نیشتمان پەرستان" ی نامیق کەماڵ و چەند کەسی دیکەیە کە لە ساڵی ١٨٦٥ دا هاتۆتە کایەوە. ئینجا ڕێکخراوەی "تورکە لاوەکان" و "عوسمانلییە نوییەکان"ن کە خوازیاری دانرانی "یاسای بنەڕەتی" ن و بۆ ڕاگەیاندنی خواستە سیاسییەکانی خۆیان دوو ڕۆژنامەی "موخبیر" و "حورییەت" لە شاری لەندەن بڵاو دەکەنەوە و دەینێرن بۆ ئوپۆزیسیۆنی عوسمانیی دانیشتووی ئوروپا و هەروەها بۆ ناوخۆی عوسمانیش.

- لە درێژەی چالاکییەکانی ڕووناکبیراندا، لە ساڵی ١٨٨٩ ڕێکخراوەی "یەکیەتی و پێشکەوتن" لە ئەستەموڵ دادەمەزرێت کە دوو کەس لە چوار دامەزرێنەرەکانی واتە عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکووتی کوردن. لێرە بەدواوە شوێنی هەڵسووراوانی کورد لە ناو ئوپۆزیسیۆنی عوسمانیدا بە ڕوونی هەڵدەگیرێت.

- لە ساڵی ١٨٩٦ دا ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەوە تاوانبار دەکرێن کە ویستبێتیان کۆدیتایەك دژ بە حکوومەتی عەبدولحەمید بەڕێوە ببەن. "میزان" ڕۆژنامەی ڕێکخراوەکە دەپێچرێتەوە و مراد میزانچی سەرنووسەر هەڵدێت بۆ قاهیرە و هەوڵ دەدات ڕۆژنامەکە لەوێ بڵاو بکاتەوە.

- لە ساڵانی ١٨٩٢ تا ١٩١٤ دا، خدێوی میسر عەبباس حیلمی پاشای کوڕی تۆفیق پاشا بوو. خدیو دژایەتی بریتانیا و نزیکایەتی عوسمانییەکانی دەکرد کە ئەو

پەیوەندە نزیکە لە چارەنووسی میزان و وەك دواتر باسی دەکەین یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیشدا دەوری بینی.

سالآنی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان واتە ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ سالآنی هەڵسووڕانی گەرم وگوڕی ڕێکخراوەی یەکیەتی و پێشکەوتنە کە ڕاست لە ساڵی ١٩٠٢ دا تووشی ئینشیقاق دێت و دووباڵی ناسراو بە ناوی ئەحمەد ڕەزا و سەباحەددینی لێ دروست دەبێت و ڕوانگەی سیاسیی دووهەمیان زیاتر لە ڕوانگەی کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای عوسمانی وەك کورد و ئەرمەن نزیکە. لایەنگرانی یەکیەتی و پێشکەوتن لە ئوروپا دژ بە توندوتیژی نواندن دەوەستن بەڵام زوربەی لایەنگرانی ناوخۆی وڵات لەگەڵ کاری سوپایی و هەڵمەت کردنە سەر دام ودەزگا میرییەکان و لابردنی دەسەڵاتی سوڵتاندان، هەر بۆیەش بە توندی دەکەونە بەر چاوەدێری و گیران و لە زینداندا دەمێننەوە.

وێدەچێت میقداد مەدحەت بەگ و عەبدولڕەحمان بەگی برای لە دەستەی یەکەم بوو‌بێتن، ئەوەش بە دوو نیشانەدا دەردەکەوێت: یەکەم بە نامەی کراوەی مقداد مەدحەت بەگ بە تورکی بۆ"حەزرەتی سوڵتان عەبدولحەمید" کە تێیدا داوای لێ دەکات بەرگری لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لە ناوخۆی وڵات نەکات و عەبدولڕەحمان بەگیش خەڵکانی دەوروبەری سوڵتان بە "خائین و بێ ئەسڵ و نەسەب و نەیاری جوامێری" ناودەبات بەڵام باسێك لە خودی سوڵتان ناکات؛ دووهەمیش بەو ڕاستییەدا کە میقداد بەگ لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٩٨ دا گەڕایەوە ئەستەمووڵ بێ ئەوەی بکەوێتە زیندان و تووشی کێشەیەکی گەورە ببێت.

ڕۆژنامەی کوردستان وەك یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، لەو بارودۆخە سیاسییە و ڕاست لەو شارەدا دەست بە وەشاندن دەکات کە "میزان" یش لەوێ دەردەچوو. قاهیرە ژینگەیەکی لەبار بوو بۆ کاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی تورك و کورد و لە چاو ئەستەمووڵ گوشاری ڕاستەوخۆی حکوومەتی عەبدولحەمیدی کەمتر بەسەرەوە بوو. [٧٤]

ڕۆژنامەکە بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سەر لاپەڕە یەکەمی، دەبوایە هەر دوو هەفتە جارێك دەربچوایە کە لە ماوەی چوارساڵی دەرچوونیدا دەیکردە ١٠٠ ژمارە، بەڵام بە گوێرەی

---

[٧٤] . ڕاست سەد ساڵ پێش دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ڕۆژنامەی شاری قاهیرە بە زمانی فەرەنسی لە یەك لەو دوو چاپخانەیەدا چاپ کرا کە ناپلیۆن دوای داگیرکردنی میسر هێنابوونیە ئەوێ.

زانیارییەکان، سەرجەم ٣١ ژمارەی زیاتر لێ دەرنەچوو و ئەوەش هەل ومەرجی ئەستەمی سیاسی لە عوسمانی و میسر و گرفتەکانی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەردەخات.[٧٥]

کێشەی چاپخانە هەر لە یەکەم ژمارەکانەوە ئاوقای یەخەی میقداد بەگ بووە و تا کۆتاییش لەکۆڵی نەبۆتەوە. ژمارە ١ تا ٣ لە چاپخانەیەك بە ناوی "الهلال" و ژمارەکانی دواتر لە چاپخانەی "جەریدەیا کوردستان" چاپ کراون. دەگوترێت کە چاپخانەی جەریدەیا کوردستانیش هەمان هەر چاپخانەی "الهلال" بوویێت.[٧٦] لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ١٦ دا ئاماژە بەو ناتەواوییە کراوە و گوتراوە کە هۆکاری دواکەوتنی ڕۆژنامەکە، کەمی یان نەبوونی چاپخانە بووە.

ئایا چاپخانەی "جەریدەیا کوردستان" جیاواز بووە لە "مطبعة العلمی کردستان" ی شێخ فەرەجوڵلا زەکی مەریوانی کە لە ساڵی ١٩٠٢ دا لە قاهیرە خەریکی کاری چاپ و بڵاو کردنەوە بوو؟ من ساڵی یەکەمی دامەزرانی چاپخانەکەی فەرەجوڵلا زەکی نازانم و دڵنیا نیم ئایا ساڵی ١٩٠٢ سەرەتای دامەزرانی چاپخانەکە بووە یان پێشتر؟ بەهیە فەرەجوڵلا زەکی-کچی شێخ فەرەجوڵلا، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە ئازایەتی و نەترسیی باوکی دەکات بۆ چاپکردنی کتێبی "الدرر البهائیە" ی میرزا ئەبولفەزل ناوی بەهایی لە ساڵی ١٩٠٠ دا، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە ئایا کتێبەکەی لە هەمان چاپخانەی کوردستاندا چاپ کردووە یان لە شوێنێکی دیکە.[٧٧] دۆزینەوەی پێوەند لە نێوان چاپخانەی "جەریدەیا کوردستان" و "مطبعة العلمی کوردستان" بۆ باسەکەی ئێمە گەلێك گرنگە. من لام وا نییە شتێك بە ناوی "چاپخانەی جەریدەیا کوردستان" بوونی بوویێت هیچ نیشانەیەکیش بە دەستەوە نییە بۆ ئەوەی برایانی

---

[٧٥] . هیچ نیشانەیەکمان بە دەستەوە نییە کە گرفتی دارایی یا نەبوونی بابەت و نووسەر هۆکاری ئەو دواکەوتنانە بوویێتن.

[٧٦] . ڕێبوار فەتاح و کرمانج حەقی، مێدیای جیهانیی کورد، "ڕوانینێك بە ڕۆژنامەی کوردستان"، بڵاوەی "تیشکی ڕۆژنامە"، ژمارە ١، هاوینی ١٩٩٨ ژمارەی تایبەتی سمیناری ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان، لەندەن، ل. ٧ تا ٩.

[٧٧] . شێخ فەرەجوڵلا زەکی دوای ڤلادیمیر زێرنۆفی ڕووسی بۆ جاری دووهەم کتێبی شەرەفنامەی بدلیسی لە هەمان چاپخانەی زانستیی کوردستاندا چاپ کردووە. بە گوێرەی سەرەتای نەمر محەممەد عەلی عەونی کە لە تەرجەمەی شەرەفنامەی نەمر مامۆستا هەژار (لاپەڕە حەفتاوچوار تا هەشتا) دا هاتووە، عەونی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢ دا نوسخەیەکی دەستنووسی لەبەر نوسخەی حەڵەب هەڵگرتووە وهێناویە بۆ میسر و بەم پێیە دەبێ چاپی فارسی وعەرەبی شیخ فەرەجوڵلاش لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ و ١٩٢٦ دا بەڕێوە چووبێت کە پەیوەندێك بە بابەتەکەی ئێمەوە پەیدا ناکەن. شێخ فەرەجوڵلا دوای ئەوەی لە شاری سنەوە دەچێتە بەغدا و قاهیرە و لە زانکۆی ئەزهەر وانە دەخوێنێت، دەچێتە سەر ئایینی بەهایی و بە یارمەتی دارایی بەهائوڵلا ڕێبەری ئایینەکە و یاریدەی بەهائیانی قاهیرە سەرەتا کتێب فرۆشییەك بەناوی "کتێب فرۆشیی پادشایی" و پاشان "چاپخانەی زانستیی کوردستان" لە شارەکەدا دەکاتەوە. شێخ فەرەجوڵلا زەکی لە ساڵانی نێوان ١٩٣٧ – ١٨٦٩دا ژیاوە و لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێش نێژراوە. بڕوانە: بەهیە فەرەجوڵلا زەکی مەریوانی، "کوردستان ئەی خۆشەویستم!"، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، فەسڵی دووهەم.

بەدرخانی خۆیان خاوەنی چاپخانەیەکی سەربەخۆ بووبێتن و جەریدەکەیان لەوێدا چاپ کردبێت. دەربڕینی ڕاشکاوانەی سەر لاپەڕەکانی ژمارە ١٦ ئەوە دەردەخات کە چاپخانەی خۆیان نەبووە، کەوابوو ئەو ناوە بۆ شوێنەگومکێ و گومڕاکردنی مەئموورانی حکوومەتی عوسمانی بووە و هیچیتر. چی لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە سەبارەت بە شوێنی چاپ و ئەدرەسی چاپخانە ڕاگەیێنراوە، ناتوانێ خاوەنی گرنگایەتی بێت ئەویش بە هۆی گوشاری سیاسیی سەر برایانی بەدرخاییەوە. ئەوەی گرنگە ئەو خاڵەیە کە ناوی چاپخانەی جەریدەیا کوردستان لە ڕاستیدا ناوێکی خوازراوەیە.

ئەوانە بۆیە دەڵێم کە پێویستە ڕوون بێتەوە ئایا ڕۆژنامەی کوردستانی میقداد بەگ دوای ژمارە ٥ لە چاپخانەکەی شێخ فەرەجوڵڵا چاپ کراوە یان لە شوێنێکی دیکە؟ دیارە مطبعة العلمی کوردستان تاقە چاپخانەی قاهیرە نەبووە و ئوپۆزیسیۆنی عوسمانی دەبێ شوێنی دیکەشیان بۆ چاپی چاپەمەنییەکانی خۆیان و یەك لەوان ڕۆژنامەی تورکیی میزان هەبووبێت و میقداد بەدرخانیش وەك ئەندامێکی هەڵسووڕاوی ئەو ئوپۆزیسیۆنە، دەستی بەو دەرەتانانە ڕاگەیشتبێت.

ئەوەی ڕۆژنامەکە لە قاهیرە چاپ کرابێت خیلافێکی لەسەر نییە و هەموو نیشانەکان دەریدەخەن کە میقداد مەدحەت بەگ لەو ساڵانەدا لەوێ ژیاوە و ڕۆژنامەکەشی لەوێ چاپ کردووە. ئەوەی جێگەی نیقاش بێت ژمارەی٦ تا ١٩ و ٢٤ تا ٣١ ن کە بە گوێرەی ڕاگەیێنراوی سەر لاپەڕە یەکەمی ڕۆژنامەکە خۆی، گوایە لە چەند شاری ئوروپایی چاپ کراون.[٧٨]. ئامانجیشم لە نووسینی ئەم بابەتە ئەوەیە بڵێم بۆ کەسانێك کە شارەزای نهێنی کاریی سیاسین یا هەڵسووڕی ئەو بوارەن، شتێکی سەیر و سەمەرە نییە ئەگەر سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك بۆ هەڵاتن لە دەست سانسۆر و راونران، شوێنە گومکێ بکات و بۆ نموونە، شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەی خۆی یان هەر بەیان و ڕاگەیاندنێکی سیاسی ڕاستەوخۆ نەخاتە بەر چاوی پۆلیس و مەئموورانی حکوومەت.

بە بۆچوونی من برایانی بەردرخانی ڕاست ئەو کارەیان کردووە و لە عەینی کاتدا کە ڕۆژنامەکەیان لە قاهیرە چاپ کردووە، ناوی سێ شاری ئوروپایان لەسەر نووسیوە و بەو شێوەیە هەوڵیانداوە "پۆلیسی سیاسی" ی حکوومەتی عەبدولحەمید بە لاڕێدا بەرن. بەتایبەت کە گۆڕینی ناوی شارەکان خێرا خێرا و یەك بەدوای یەکدا بووە و ئەوەش گەمەیەکی کتك و مشك بووە کە هەتا دام ودەزگای پۆلیسیی عوسمانی بتوانێ شوێنیان لە یەکەم شار واتە

[٧٨] . لێرەدا حیسابم بۆ دەورەی نوێی کوردستان نەکردۆتەوە کە لە ژمارە ١ تا ١١ی لە لایەن سورەییا بەدرخان بەگەوە بە ناوی ئەحمەد عەزیزی لە ساڵانی ١٩١٦ تا ١٧ لە قاهیرە چاپ و بلاو دەکرایەوە

ڤییەنا هەڵبگرێت ئەوان ئەدرەسێکی تازەیان لەو بەری ئاو واتە لە جزیرەی بریتانیا پێداون و هەتا ئەوان لە لەندەن بەشوێنیاندا بگەڕێن حەواڵەی فۆلکستنیان کردوون و بە هەمان شێوە گەڕاندوویاننەتەوە ڤییەنا و قاهرە! ئەوەش زیرەکی و لێزانیی سیاسی و بڕیاری قورس و قایمی ئەو دوو خەباتکارە مەزنەی کورد و هاوکارەکانیان دەگەیێنێت.

ڕەنگە بۆ بەشێکی زۆر لە ئێمە هەڵبژاردنی گەورەشاری وەك ڤییەنا و لەندەن بۆ نهێنی کارییەکی ئەوتۆ سەیر نەبێت، بەڵام واهەیە نەزانین بۆچی لێرەدا ناوی شاروچکەی فۆلکستنی بریتانیا هاتۆتە گۆڕێ و چی ئەو شارەی کردۆتە یەك لە بژارەکانی عەبدولڕەحمان بەگ. ئەوە هەندێك زانیاری سەبارەت بەو بابەتە:

فۆلکستن شاروچکەیەکە لە باشووری بریتانیا و نزیك شاری "کانتربری"[٧٩]، کەوتۆتە سەر دەریای مانشی نێوان بریتانیا و فەرەنسا. کانتربری، کە لە سەدەی چوارەمی زایینییەوە نیشتەجێی خەڵکانێکی بەڕەگەز ئەڵمانی و ناوەندی سەرەکیی کاروباری ئایینیی ئیماندارانی ئەنگلیکەن[٨٠] وەك لقێکی ئایینزای پڕۆتێستان[٨١] بووە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا بۆتە حەشارگە و پەناگەیەکی گرنگ بۆ پڕۆتێستانە ئاوارەکان و ئەو پڕۆتێستانانەی وا لە ماوەی دوور ودرێژی شەڕ لە نێوان دوو ئایینزای کاثۆلیسیزم[٨٢] و پڕۆتێستانیزمی ئوروپای ناوەندیدا لە بەژنی سەرەکیی قاڕەی ئوروپاوە ڕوویان کردۆتە دوورگەی بریتانیا، لە شاری کانتربری حاوانەتەوە. لە سەردەمی ئەمڕۆشدا کاثیدڕال واتە کلیسەی کانتربری[٨٣] گرنگایەتی خۆی پاراستووە و قەشەی کانتربری[٨٤] بۆ ئیماندارانی ئەنگلیکەنی بریتانیا و ئەمریکا و ئوستralیا وەك پۆپی[٨٥] ڤاتیکانە[٨٦] بۆ کاثۆلیکەکان.

بە بۆنەی ئەو ناوجەرگایەتی و گرنگایەتییەوە، شاری کانتربری لای گەلانی دانیشتووی ئوروپا بە پەناگە ناوی دەرکردووەو هەرواش بووە. تەنانەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێك ڕووناکبیری عیلمانی کە لە ترسی ڕاونانی حکوومەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دەمارگیر و پۆلیسەکەی، خاکی عوسمانییان بەجێ هێشتبوو، بۆئەوەی دەستی ئەویان پێ نەگات هاتبوونە کانتربری و لەوێ حاوابوونەوە.

---

[79] . Canterbury
[80] . Anglican
[81] . Protestantism
[82] Catholicism
[83] . Canterbury Cathedral
[84]. Archbishop of Canterbury
[85] . Pope
[86] . Vatican

ئێستا پرسیاری ئەوە دێتە پێشێ چالاکانی "یەکیەتی و پێشکەوتن" (اتحاد وترقی) بۆچی لەو بڕگە زەمەنییەدا لە شاری "فۆلکستن" کۆبوونەوە؟ شاری فۆلکستن بە کەرەسەی هاتوچۆی ئەمڕۆیی، تەنیا ٢٠ خولەك لە کانتربرییەوە دوورە، ڕاست لە سەر دەریای مانش هەڵکەوتووە، قەتاری ژێر دەریای نێوان فەرەنسا و بریتانیا کە لە شاری "کالە"[87] ی فەرەنسە دەچێتە ناو تونێلی ژێر دەریاوە[88]، لە بەری خاکی بریتانیا لە نزیك شاری فۆلکستن سەر دەردەهێنێت. گەمیی نێوان ئوروپا و بریتانیا لە فەرەنسا و بەلجیکاوە دەگەنە شاروچکەی دۆڤەر[89] کە ئەویش کەمتر لە ٣٠ خولەك لە فۆلکستنەوە دوورە. فۆلکستن شاروچکەیەکە گرنگایەتیی کانتربری نییە ونەیبووە، خەڵکەکەی هەژارترن و ماڵ بۆ کڕین و بەکرێ گرتن، لەوێ هەرزانتر لە کانتربرییە. من کە لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا سەدان جار هاتوچۆی ئەو دوو شارەم کردووە، هەر دوو شار و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژووەکەیان کەمتا کورتێ دەناسم، ئەو زانیارییانە بە متمانەوە رادەگەیێنم.

تاقە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەڵسووڕاوانی یەکیەتی و پێشکەوتن لە فۆلکستن کۆ ببێتنەوە ئەو راستییەیە کە شارەکە لە لایەکەوە هەمان پارێزگاریی لەسەر بووە کە لەسەر کانتربری هەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە قەرەباڵغیی لەوێ کەمتر و هێمنایەتییەکی زیاتری تێدا بووە کە ئەوەش بۆ کاری سیاسیی لە چەشنی ئەوەی ئەوان دژ بە حکوومەتی عوسمانییان دەکرد، پێویست بووە؛ هەروەها ژیان و نرخی شتوومەك لەوێ هەرزانتر بووە و دوای هەموو ئەوانەش، ئەو گرووپە خەڵکە، ئیمانداری مەسیحی نەبوون کە بە کاتیدڕاڵ واتە کلیسەی کانتربرییەوە بەسترابێتنەوە و دەکرا چوار هەنگاو لەولاتر لە شوێنێکی هێمنی وەك فۆلکستن دابمەزرێن.

ئایا بەڕاستی عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخان لە بارودۆخی ئەو ساڵانەدا گەیشتۆتە فۆلکستن و ماوەیەك لەوێ ژیاوە؟ ئایا پێش فۆلکستن لە لەندەن بووە و پێش لەندەن لە شاری جنێڤ ژیاوە؟ ئیش و کاری چی بووە و ژیانی خۆی چۆن دابین کردووە؟ بەڵگە بۆ ئەو هاتوچۆیانە چییە؟ ئایا کەسێك لە ئێمە ئارشیوی پۆلیس و سنوورەوانیی ئەو ولاتانەی پشکنیوە بزانێ نیشانەیەك لەو هاتوچۆیانە بەدەستەوەیە؟ ئەگەر ڕاگواستنی ڕۆژنامەکە لە قاهیرەوە بۆ جنێڤ لەژێر گوشاری پۆلیسی عەبدولحەمید دا بووبێت، هۆکاری ڕۆیشتن لە جنێڤەوە بۆ لەندەن چییە؟ مەگەر سویسراش لە ژێر ڕکێفی پۆلیسی عوسمانیدا بووە؟ لە هەمووان سەیرتر، خۆ لەندەن و فۆلکستن لە یەك وڵاتدان، ئەی ئەو ڕاگوێزرانە لە لەندەنەوە بۆ فۆلکستن بۆچی و

---

[87]. Calais

[88]. تونێلەکە، درەنگتر و لە ساڵی ١٩٩٤ دا لێدرا.

[89]. Dover

لەبەر چی؟ باشە بۆچی دوای فۆلکستن هەمیسان چووتەوە سەر حوللەی مەرەسێ و گەڕاوەتەوە جنێڤ؟

بۆچی مەگەر چاپخانە و کەل وپەلی چاپی ئەو سەردەمە وەك ئێستا بووە کە کەمپیوتەرێکی لەپ تۆپ و پرینتەرێکی دوو کیلۆیی بێت؟ ئەو سەفەر و ڤیزە وئیجازە وەرگرتنی دەوڵەتانە و ئەو ڕاگواستنی کەل وپەلانە چۆن لەو ماوە کەمەی نێوان دەرچوونی ژمارەکاندا گونجاو بووە؟ ئەدرەسی ڕۆژنامەکە لەو چوار شارە چۆن بە خوێنەرانی ناوخۆ ڕاگەیێنراوە و ئەوان چۆن هەواڵ و بابەتیان بۆ ئەدرەسە تازەکە ناردووە؟

ئایا کەسێك لە ئێمە جیاوازیی نێوان پیتەکانی ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەکەی ئیمتیحان کردووە؟ ئایا جنسی کاغەزی ژمارەکان و کەیفییەتی چاپیان لێك جیاوازن؟ ئایا دەکرێت کاغەزی چاپی ڕۆژنامەکە لە قاهیرە و جنێڤ و لەندەن و فۆلکستن وەك یەکتر بن؟

کۆتایی قسە، شتێکی نەگونجاوە ڕۆژنامەی کوردستان لەو ماوە کەمەدا لەو چوار شوێنە دەرچووبێت!

واتە، بە بڕوای من هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە هەمان شاری قاهیرە دەرچوون (ژمارە ١ تا ٥ لە چاپخانەی الهلال و لە ٥ بەدواوە تا کۆتایی، لە "مطبعة العلمی کردستان" ی شێخ فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی یان چاپخانەیەکی تر)؛ بەڵام دوای ژمارە ٥ و لە ژێر گوشاری خدیو و لە ترسی مەئموورانی سوڵتان، ناوی قاهیرە و چاپخانەکەیان لەسەر نەنووسراوە و بۆ شوێنەگومکێ و تەنیا بۆ شوێنە گومکێ ناوی جنێڤ و لەندەن و فۆلکستن ڕاگەیێنراوە.

ئەوە کێشەی چاپخانە بوو، ئێستا بزانین شێوازی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە چۆن بووە:

بە بۆچوونی من، پاش چاپ کرانی ڕۆژنامەکە لە قاهیرە، بەشێك لە نوسخەکانی بە دەست براون یان بە جوملە نێرراون بۆ هاوبیران و ئەندامانی ئوپۆزیسیۆنی عوسمانی لەو شارە تایبەتانە (جنێڤا، لەندەن و فۆلکستن) و ئەوان لەوێوە خستوویاننە پۆستەوە و بۆ خەڵك و خوێنەریان ناردوون. ئەو کارانەش بۆیە کراون کە سەر لە پۆلیسی عەبدولحەمید بشێوێنن و نەتوانن شوێنیان لەو وڵاتێکی تایبەت هەڵبگرن.

***

دیارە بۆ ڕوون بوونەوەی یەکجاری و یەکالابوونەوەی کێشەکە بە تەواوی، دەبێ ئەم توێژینەوانەی خوارەوە بەڕێوە ببرێن دەنا بۆچوونی من و هەموو بۆچوونێکی دیکە سەبارەت بەم مەسەلەیە وەك بۆچوونی تاکەکەسی دەمێننەوە و ناسەلمێنرێن:

١. ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە سەیر بکرێن بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا هەمان دەستەی نووسەران و هەمان بابەتەکانی سەردەمی قاهیرە لە ژمارەکانی تاراوگەشدا بەردەوامن یان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە؛ بۆ نموونە، نامەی خوێنەران وەك جاران گەیشتۆتە دەستیان یان نا و ئایا نامەنووس و هەواڵنێرەکان هەمان ئەوانەی پێشوون یان کەسانێکن کە دەکرێ بڵێین پەیوەندیان بە شوێنە تازەکانەوە هەیە؛

٢. توێژینەوەیەکی تەکنیکی لە سەر ژمارەکانی چاپی قاهیرە و ئەو چەند ژمارە تایبەتەی وا بە ناوی ڤییەنا و لەندەن و ڤۆلکستنەوە چاپ کراون بەڕێوە ببرێت بۆنموونە:

- شێوازی نووسینی ژمارەکان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێت؛ لەم پەیوەندییەدا سەرچاوەیەك گوتوویەتی: *"بەگشتی، کوردستان لە یەك شێوە نووسینی ستاندارد کەڵك وەردەگرێت... لە ژمارە شەشەمەوە شێوازی یەکەم ژمارەی کوردستان کەمێك دەگۆڕێ و ئەندازەی هێڵەکەی ژێرەوەی دەرچوونی کوردستان لە ١ پۆینتەوە دەبێ بە ٢ پۆینتی جووت هێڵ، هەروەها هێڵەکانی سەرووی لاپەڕەکان لە ١ پۆینتی جووتە هێڵەوە دەبن بە ٢ پۆینت."* [٩٠] *"ئەندازەی فۆنتەکان تا ژمارە ٦، چاردەی "ثلاثه" ی عەرەبە و دوای ئەمە ئەندازەکان نزیکەی دوو پۆینت چووکە[تر] دەبن [ەوە]، تەنیا [بابەتی سەبارەت بە] مەم و زین بە ئەندازەی خۆی بە ١٤ پۆینتی دەمێنێتەوە. جگە لە ژمارەکانی ٢٠ تا ٢٢ کە سێ ستوونی بوون، هەموو ژمارەکانی تری کوردستان بە شێوەی دوو ستوونی داڕێژراون..."* [٩١]
- بەراوردی پیتی بەکارهاتووی ئەو چەند ژمارەیە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ژمارەکانی قاهیرە بکرێت؛
- جنسی کاغەزی ئەو چەند ژمارەیە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئەو ژمارانەی وا ناوی قاهیرەیان بەسەرەوەیە بەراورد بکرێت؛
- مەرەکەبی بەکارهاتوو بۆ چاپی ئەو ژمارانە و ژمارەکانی دیکە لە گەڵ یەکتردا بەراورد بکرێت؛

٣. هەوڵێك بدرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو ئەدرەسانەی وا لە جنێڤ، لەندەن و فۆلکستن کەڵکیان لێ وەرگیراوە ڕاستەقینەن یان نا و ئەگەر هەن،ماڵن یان ئۆفیس و ئایا سەر بە کێ و کامە باڵی ئۆپۆزیسیۆنی عوسمانین؛

---

[٩٠] . بڕوانە پێشتر، پەراوێزی ژمارە ٣

[٩١] . هەمان

٤. بە شێوەی ئێرانی و عەرەبەکان کە دەگەڕێن و شوێنی ژیانی ئەو کەسایەتییە مێژووییانەی خۆیان لە شارەکانی ئوروپادا دەدۆزنەوە کە چەند سەد ساڵ پێش ئێستا لەوێ ژیاون، هەوڵ بدرێت هەویە و پێشینەی بەدرخانییەکان و خودی ڕۆژنامەکە لە فایلی سنوورەوانی، شارەوانی، کاونسل، پۆستەخانە و تەنانەت پۆلیسی ئەو شار و وڵاتانەدا بدۆزرێتەوە و دەربخرێت ئایا بە ڕاستی لەوێ ژیاون و ڕۆژنامەکەیان لەوێ دەرکردووە یان نا؟ دەرکردنی ڕۆژنامەیەك لەو شارانەدا ناکرێ پێشینە و تۆماری نەبێت؛ بەڵام ئەوە ئەرك و کار و شوێن کەوتنی دەوێت و من دڵنیا نیم لە بارودۆخی ئێستا ژیانمدا بتوانم شان بدەمە بەر ئەرکێکی وا قورس و درێژخایەن. بەڵام گەلێك هیوادارم ئێستا، کە پەنابەر و کۆچبەرێکی زۆری کورد لە ئوروپا دەژین و نەك هەر لە لەندەن و ڤییەنا بەڵکوو ڕاست لە شاری فۆلکستن و کانتربری و دۆڤەر و ئاشفرد دەوروبەری چەند سەد پەنابەری کورد نیشتەجێن، کەس یان کەسانێك پەیدا بن ئەو ئەرکانە بەڕێوە بەرن و بابەتەکە یەکلا بکەنەوە.

تا ڕۆژێك کە ئەو مەسەلانە لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی مەیدانی و عەینییەوە ڕوون نەبنەوە بڕیاردان لەسەر ئەرێ یی و نەرێ یی بۆچوونەکەی من ئەستەمە و من خۆم یەك لەو کەسانەم کە بە گومانەوە سەیری سوغرا و کوبرا مەنتیقییەکەی خۆم دەکەم بەڵام لام وایە پرسیارەکەم سەبارەت بەو مەتەڵۆکە ئاڵۆزە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە تا ئەو ڕۆژەی وەڵامێکی کۆنکرێت وەردەگرێتەوە. هیواداریشم ئەو ڕۆژە زۆر دوور نەبێت.

با ئەوەش بڵێم کە ئەو بۆچوونەم سێ چوار ساڵێك پێش ئێستا لە ڕێ و ڕەسمی ساڵوەگەڕی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە کۆڕێکدا دەربڕی کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کوردی دانیشتووی بریتانیا تێیدا بەشدار بوون و مامۆستای بەڕێز دوکتۆر کەماڵ مەزهەر وتاری سەرەکی کۆڕەکەی پێشکەش کرد. لەوێدا، برای بەڕێزم کاك سەربەست کەرکووکی دژ بە بۆچوونەکەی من وەستا و گوتی لەو سەردەمەدا نەك هەر عەبدولڕەحمان بەگ بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی عوسمانی لە شاری فۆلکستن دەژیان واتە فۆلکستن ناوەندی چالاکییان بوو. بۆچوونی کاك سەربەست لە شوێنی خۆیدایە و گومانی تێدا نییە، بەڵام ئەو گردبوونەوەیەی ئۆپۆزیسیۆن ناتوانێ هۆکارێك بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەموو نیشانانەی وا لە سەرەوە باسم کردن. عەبدولڕەحمان بەگی نەمر دەبێ کەڵکی لەو گردبوونەوەیەی ئۆپۆزیسیۆن وەرگرتبێت و وەریشی گرتووە، بەڵام ئەوە بە واتای ڕاگواستنی چاپخانە یان کەرەسەی چاپ لە قاهیرەوە بۆ جنێڤ و لەندەن و ئینجا فۆلکستن و دیسان جنێڤ و قاهیرە نییە و نابێت.

هەر چۆنێك بێت، لە قاهیرە یان لە شارەکانی دیکە و لە هەرشوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا، یادی مەزن پیاوانی نەمر میقداد بەگ و عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخانی و بنەماڵە خەباتکارەکەیان بەخێر بێت کە ئێمەیان قەرزداری ڕچەشکێنییە بێ وێنەکەی خۆیان کرد.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا وێنەی لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ١، ٦، ٢٠، ٢٤، ٢٥ و ٣٠ دەهێنم کە بە گوێرەی ڕاگەیێنراوی سەر ڕۆژنامەکە لە قاهیرە (دوو جار)، جنێڤ (دوو جار)، لەندەن و فۆلکستن دەرچوون و بە پێی ناوەڕۆکی ئەم وتارە، ناوی هەموویان جگە لە قاهیرە بۆ شوێنە گومکێ نووسراون. کۆپییەکان لە بەر چاپی سێهەمی کۆپیی ڕۆژنامەکە کاك حەمید ئەبوبەکر لە سەر ئەساسی چاپی دوکتۆر کەمال فوئاد و کاك حەسەن یاسین لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە تاران بەڕێوە براوە. سپاسی برای بەڕێزم کاك عەتا موفتی دەکەم بۆ دەستەبەر کردنی نوسخەی ئەو چاپە. دیارە ئەم چاپی دووهەم وسێهەمە دەرەتانی ئەوەمان پێنادەن بتوانین سەرنجی کاغەز و جەوهەری بەکارهێنراوی ژمارەکان بدەین و لەگەڵ یەکتردا بەراوردیان بکەین بەڵام واهەیە بکرێت شێوازی نووسین و ڕاگەیاندن و چەشنایەتی فۆنتەکانیان لە بەرانبەر یەك دابنێین.

دوا وێنە، کۆپی ڕووبەرگی بڵاوەیەکی کوردییە بە ناوی "تیشکی ڕۆژنامە" کە کاك مەجید حەقی لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە لەندەن بلاوی کردەوە و سەرچاوەی بەشێك لەو زانیارییانە بووە کە من لەم وتارەدا نووسیومن. سپاسی ڕێزدار مەجید حەقی دەکەم. وەك دەبینن نووسراوی سەر ڕووپەڕی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان لەوێدا کراوەتە کرمانجیی خواروو.

٢٠١٤/٣/٢٤

لەندەن

# پاشکۆکان

*ژمارە ١، قاهیرە*

ژوپرا ١ سالا عوٚلي عدد ١

کردستان

١٣١٥

ئجچي كاغذك ڤي ريكه
دڤي ريكێ مصرى سر
ناڤ خوٚيي ڤي جريدەيي
لاو بدرخان پاشا
مقداد مدحت بگى
هر جار دوهزار جريدەيا
بي پێرە آزيسے ريكم
كردستانى دەبدن خلكى
پازدە روژا جاركي تيت
نڤيساندن

عنوان
مصردە «كردستان» غزتەسي
صاحب ومحرري بدرخان
پاشا زادە
❊ مقداد مدحت ❊
مرطبندە ... ٢٠٠٠ نسخە كردستان
ولاتعظامنە ارسال ووسائط ار يلە
قراوقصباتە نشر وتعميم اولنەجقدر

كردستان خارجندە هر بر
ايجون سنەلك ابوە بدلي
٨٠ غروشدر
كردستان داخلندە خصوصي
استهبارە مجانا كوندرلور

❊ كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعە تشويق ايچون شمدبلك ❊

❊ اون بش گوندە بر نشر اولنور كردجە غزتەدر ❊

❊ روژا پنجشيدە ٣٠ ذوالقعدە سنە ١٣١٥ پنجشنبە في ٩ نيسان سنە ١٣١٤ ❊

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژ خدى تعالى رە آم مسلمان خلق كرن. وظائينا علم ومعرفتيرە هش وزكا دامە . در حقا علماندنا علم ومعرفتيرە گالك آيتين جليلە واحاديث شريفە هنن دنيايدە چقاس مسلمان هبن گوند وبازيرين تمياده مكتب ومدرسە وجريدە هنن دنيايدە چە دبە چە نابە جريدە دنڤيسن . حيفامن تيت ژ كردارە كرد ژ گلك قوما زيدەتر خوي هش وزكانە جاميرن دبين خوەدە راست وقوينە خورتن وديسا وكە قومين دي نە خوندانە نەدولندن دنيايدە چە دبە جيران وان موسقوف چاوەيە وى چە بكە نظانن لوما ريا خديدە من آڤ جريدە ياها نڤيسي باذنا خدى تعالى پاش نەو هر پازدە روژادە جاركي آزي جريدەكي بنڤيسم . ناڤ ڤي من كريە ( كردستان ) ڤى جريدەيدە آزى بحثا فنجيا علم ومعرفتا بكم لكوردري مروف دعلمە لكوردرى مدرسە ومكتبن قنج هنە آزي نيشا كردا بكم لكوردري چە شر دبە دولتين مظن چە دكن چاوە شر دكن تجارت چاوە دبە ازي حميا حكات بكم حتى نەو كسي جريدەكي هولي ننڤيسييە آڤ جريدەيا مناها يا عوٚلييە لوما وي گلك كيمايي هبن . ازهيڤي دكم كيمايا جريدەيي ژمنرە بنڤيسن حمي تشت وكي نو چە دبن ركين پاشي هنكي دچە دكوە ريدە آڤە ايدي آزي دست مقصدى بكم . ( ومن الله التوفيق )

---

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتييە «العلماء ورثة الانبياء» آنكو علما وارثين انبيانە ژ طرف خديدە مامورن وعظ ونصيحتى بدن خلكى ريا قنج نيشا وان بكن لوما گلي علمايين كردا چاوە اون وعظ ونصيحتا نميژى ددن ولى دڤي اون مير وآغا وكرمانجين دناسن وان تشويقا ظائينا علم ومعرفتى بكن ريا قنج نيشا وان بكن هكي اون وي نكن گنهى حميا سطوى وميە

*ژماره ٦، جنێڤ*


عدد ٢ — سالا عوّلى — دور ١

# کردستان ١٣١٥

( پازده روژاده جارکی تیت نفیساندن جریدەیا کردی‌یه )

کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیه‌یی حاوی

( اون بش کونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در )

غزته‌نك مسلکنه موافق عربجه ترکجه فارسیجه مکتوبلر کردجه‌یه بالترجمه نشر اولنور

عنوان

جنوەده ( کردستان ) غزته‌سی

صاحب و محرری بدرخان

پاشازاده عبدالرحمن

هر طبعده ٢٠٠٠ نسخه کردستان ولات عظامنه ارسال و ساطنلریله قرا و قصباته نشر وتعمیم اولنه‌جقدر

کردستان خارجنده هر بر ایچون

سنه‌لك آبونه بدلی

٨٠ غروشدر

کردستان داخلنده خصوصی

استیانلره مجاناً کوندریلور

...جیچی فی کاغدکی دیکه

...زمنژه دفی بتر کاغذی

...وها بنفیسه :

...و نجل المرحوم بدرخان

پاشا عبدالرحمن بك

...هرجار دوهزار جریده‌یا

ازی ریکم کردستانی

ده‌بلاش بدن خلکی

روژا یکشمبده ٢٦ جماذی الاول ١٣١٦ پازارایرتسی فی ٢٨ ایلول سنه ١٣١٤


شوکتلو عظمتلو سلطان عبد الحمید خان ثانی حضرتلرینه

عرضحال عبیدانه‌مدر

...پادشاهم !

...بتلا اولدیغی علت صدریه دن طولایی اطبانك کوستردکاری لزوم اوزرینه
...مات طلب و استرحام ایتدیکی رخصته نائل اوله‌مدیغندن بلا مأذونیت
...قیش مصره عزیمت و موسم صیفك حلولیله درسعادته عودت ایدن
...زم مدحت قوللرینك کیفیت عزیمتی بر معتاد ایسندیکی شکل و صورته
...رق ذات همایونلرینه قارشو اختیار کذب ودروغ وشو صورتله تأمین
...، ومنفعت اتمکی اعتیاد ایدن ابو الهدی افندینك جملهٔ تدابیر مفسدتکارانه‌
...ن اولمق ( ولا تذر .... ) آیت جایله‌سی خلافنده اوله‌رق زید ایچون
...ر مسئول ایدلمك قبیلندن اولمق و بو وسیله ایله دخی ذات همایونلری
...ده‌کی افکار ملتی اخلال اتمك اوزره استانبولده بولنان برادرلرمك
...قیله مدحت بکك جلبی ممکن اوله‌بیله‌جکنه دائر مرقوم ابو الضلالك
...لهٔ اجرای شناعتی اولان عثمان پاشایه امین بکك تضییقی حقنده بر زورنال
...یریلوب بونك اوزرینه باشکاتب تحسین بك قوللری طرفندن ( تضییق )
...ی حقنده عثمان پاشادن ایضاحات طلب اولنمسیله عثمان پاشا جواباً
...ندمن فرمان بیورورلر ایسه مدحت بکك بوراده بولنان برادرلرینی

ضرب وقتل ایله تخویف ایدرم انلرده بشو اذیتدن قورتلمق اوزره مدحت بکی کیرو چاغیررلر » دیو دناءتکارانه ویردیکی جوابه مقام خلافت عظمانك باشکاتبی تحسین بك افندی‌ده « افندمن بونی سزه رسماً امر ایده‌مزلر » دیو جواب ویرمرك شناعت معروضه‌نك اجراسنه صورت غیر رسمیه‌ده مساعدهٔ شاهانه‌لری شایان بیورلدیغنی ضمناً تبلیغ ایتدیکی کبی یاور خصوصی محمد پاشا دخی بو صورتله حرکت موافق شان صداقت اوله‌جغنی علاوةً اظهار اتمسیله شناعت و دناءت مذکوره‌نك باشکاتب بك طرفندن امین بکك مابین همایونه چاغرلدیغی بر کونده اجراسی قرارلشدیریله‌رق تا بشکطاشدن قاضی کویه قدر بر طاقم حشرات طرفلرندن تعقیب ایتدیرلدی . جریان ایدن تحقیقاته وأثنای وقعه‌ده علی ملاء الناس متجاسرلر طرفندن وقوعبولان افاداته نظراً حشرات مرقومه عثمان پاشا طرفندن ترتیب ایدلدکلرینی وامین بکك ضربی حقنده ارادهٔ سنیه‌لرینك صادر اولدیغنی تبلیغ ایتدیکی ثابت اولمسیله عثمان پاشا حقنده‌دخی لازمهٔ عدالتك اجراسی عمومیز طرفندن عتبهٔ علیای خلافتپناهیلرندن بالدفعات استرحام اولندیغی حالده ثمره‌سی کورلمك شویله طورسون ابو الضلالك تأثیر نفوذیله استرحاماتمز دخی خاکپای همایونلرنجه تأثیرسز قالدیغی کبی استفسار خاطر ضمننده سائقهٔ شفقت وحمیتله درسعادته کلوب طوغریجه مابین همایون ملوکانه‌لرینه مراجعت ایلمش اولان برادرم علی بك قوللری‌دخی درت

*ژمارە ٢٠، قاهیرە (جاری دووهەم)*


عدد ٢٠ — سنه سالادونی — دور ١

چیی کاغدی دیکە
ژمارە دقی سرکاغذی
وها بنفیسە :
نجل المرحوم بدرخان
پاشا عبد الرحمن بك
صندوق البوسته (٦٧٩)
بمصر القاهره

هرجار دو صد جریدە یا
ازی دیکم کردستانی
دە بلاش بدن خلکی

# کردستان
١٣١٥

( پازده روژاده جارك ئیت نفیساندن جریده یا کردی یه )
کرد لری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر اصایع وادبیات کردیه یی حاوی
(اون بش کونده بر نشر اولنور کردجه غزته در)

KURDISTAN

Adresse; Boite spéciale, N° 679 CAIRE (Egypte)

عنوان
مصرده (کردستان) غزته سی
صاحبی بدرخان
پاشازاده عبد الرحمن
صندوق البوسته (٦٧٩)
بمصر القاهره
هر طبعده ٢٠٠ نسخه کردستان
ولات مظانه ارسال وبنامطلریه
قرا وقصبانه نشر وتعمیم اولنه جقدر

کردستان خارجنده هرییر ایچون
آلتی آیلغی
٥٠ سنه لك آبونه بدلی
٨٠ غروشدر
کردستان داخلنده خصوصی
استیانلره مجاناً کوندریلور

غزته نك مسلکنه موافق عربجه، ترکجه، فارسیجه، مکتوبلر کردجه یه بالترجمه نشر اولنور

روز پنجشنبه ٢٥ شعبان المعظم سنه ١٣١٧ في كانون اول ١٦ سنة ١٣١٥


## آچیق مکتوب سلطان حمید خان ثانی
## (حضرتلرینه)

پادشاها.

بوکره مع التأسف خبر الدیغم برحال حیرت اشتمال شو جریدهم معرفتیله انظار شاهانه لرینه عرض وبندکانکزله اجرا ایوردیغکز معاملات غیر لایقه‌دن حاصل اولان شو تأثیراتی نظرهایونلرنده اثبات ایله تکرارندن اجتنابی رجاویو وسیله ایله‌ده ملت معصومه مزی جریان حالدن خبردار ایدرم؛

شویله که: معلوم شاهانه لری اولدیغی وجهله ترانسوال محاربه سنده انکلیزلرك (لدی سمیث) جوارنده اوغرادقلری هزیمت حسبیله منتحلو قرالیچه حضرتلرینه بیان تعزیت حاوی طرف شاهانه لرندن بر تلغرافنامه کشیده بیورلمش ایدی

دولت عثمانیه ایله انکلتره دولتی اراسنده من القدیم جاری اولان حقوق ومنافع مشترکه ایله معاملهٔ دوستانه عثمانلی قوم نجیبنده بر حس غیرت ازیاندر مسیله برادروم خالد سیف الله بك، اولا قنواخانه‌دن استفتا وبعده استانبول وجوارنده طوبلهیه بیله جکی درت بش بیك کرد ایله کوکلی صورتیله ترانسوال محاربه سنه عزیمت ایچون انکلتره دولت فخیمه سنك در سعادنده بولنان سفیرینه مراجعت ایتمسیله معتمد مقتدرلری، ارقونوته تابلة بیان ممنونیته... [illegible]

اولمدیغندن شو تکلیفدن استفاده ایده میه جکنی تبلیغ ایتدیکی کبی، صرف استانبوللیلردن مرکب بر جمعیت دخی ترانسواله کیتمك ایچون مراجعت ایتمش و انلره‌ده اویولده جواب ویرلمشدر، معاملات معروضه طرف شاهانه لرندن چکیلان تلغرافنامه یه موافق ودولتین بیننده‌کی مناسباتی مؤکد وبناء علیه بو یولده مراجعته بولنان ارباب حمیت شایان تقدیر وتحسین بولندقلری حالده، هر معامله‌دن ذات شاهانه کز علیهنه بر حصه چیقارمق منافع رذیله لری ایجابندن اولان واصدقای بندکان شاهانه نامی آلتنده ملتك، شو زواللی ملتك شو مظلوم معذور ملت معظمه نك قاتی امه امه یشامنی اعتیاد ایدن بر طاقم جانورلر بو معاملهٔ غیر پرورانه‌یی دخی منفعت شخصیه لری ایچون ذات شوکتمآبکز علیهنده تفسیر وبیك تأویلات ایله اعظام ایدرك جمله سنك حبس وتوقیفلری حقنده ارادهٔ سنیهٔ عادلانه لرینی تصدیر ایتدیره رك شو اصحاب حمیت سکز اون کون حبس وتوقیف اولنمشدر

قبلاً مابین همایونکزاه ا بکرمی درت سنه دنبری یغیه بخه مظلوملرك فریادینی رنك زردینی کوز یاشلرینی ایشیدوب کورمکدن او صاحبان او مابین همایونکزده وقتیا دخی قصاب دکانی جلاد یتاقی امیرینه سزاوار اولان اشکلاشده‌کی حسن پاشا ... [illegible] مدت توقیف اولرقده...

موقوفین مظلومه اك بیوك جانیلرکبی اقربا واحباسیله اختلاطدن و اوقریوب یازمقدن منع ایدلدکلری کبی بعضیسی شو ظلم وعدم اختلاطدن حاصل اولان تحملکداز جان صقنتیسنه تحمل ایده بیلمك ایچون رد ایدلمزامنیه‌سیله قرائت کلام الله مراجعت ایتمك ایستمشلر ایسه‌ده وقوع بولان رجا واسترحاملك هیسیده تأثیر سز قاله رق الرینه قرآن ویرمکین دخی استنکاف اولنمشدر

ایاخلیفه یم ظل الهم دیان ذات شو معامله حکومات اسلامیه نك دکل حتی اجنبی دولتلره تابع جانی بر مسلمانه‌ده اجرا ایدلمامشدر

ملتی بتوردك عوایدك اندن بروك قالدی فقط الهك غضبندن پیغمبرك استفاماندنده می قورقمزسك ا شو اجرا ایتدیکك ظلمدن طولایی بو طاقمهٔ اسرانك بری که بحریه لی دوقتور حسنی پاشا نك عقدومیدر نحین ایتدی وبر دیکریده ایشه براحتبر حالده اخر صورتده مملول قالدی

نهایت شو معاملهٔ مستبده انکلتره سفیری اساتلو سیر اقرنور حضرتلرینك حمیت وعدالتنی تحریك ایتدی قرآنی اوقومقدن منع ایتدیکك بیچاره لری انکلیز حمایه ایتمکه باشلدی سفیر مشار الیه ایشه مداخله یه وحق کوردیکی مناسبتسزلکلر اوزرینه قطع مناسبانه وهمان درسعادتی ترکه قیام ایلمسیله بیچاره مظلوملری غرابت ایتدی غرابت اوراق اوزره موقوفیته

## ژمارە ٢٤، لەندەن


رد ٢٤ آذینه دویر ١

ڤی کاغذکی ریکه
ەدفی سرکاغذی
ها بفیسه :
ل المرحوم بدرخان
عبد الرحمن بك

دو هزار جریده یا
ریکم کردستانی
لاش بدن خلقکی

# کردستان

١٣١٥

بازده روژاده جارکی تیت نیساندن جریده یا کردی یه
کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیه بی حاوی
( آیده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در )
غزته‌نك مسلکنه موافق عربجه ترکجه فارسیجه مکتوبلر کردجه یه بالترجمه نشر اولنور

Address :
ABDULRAHMAN BEDRIKHAN
75, Prince Square
Bagswater W.
LONDON

هر طبعده ٢٠٠٠ نسخه کردستانه
ولایت عظامنه ارسال و وساطتریله
قرا وقصباته نشر وتعمیم اولنه جقدر

کردستان خارجنده هر یرایچون
سنه‌لك آبونه بدلی
٨٠ غروشدر
کردستان داخلنده خصوصی
استیانلره مجاناً کوندریلور

روژا دوشمبیده ٦ جمادی الاول سنه ١٣١٨ فی ١٩ اغستوس سنة ١٣١٦


### اعلان

ەمن ژجنوره بی نقل لوندره بی کرلو مامن نکاری جریدا خوه نشر ژ نهو پیڤه امید وکم کو هر هیڤ جارکی منتظماً جریدا خوه نشر بکم.

### وقعة مدحت پاشا

( استطراد - ما بعد )

بد تخصیصاتا خوه به قانعا ندستاند وزیری دوی مدحت پاشازی دکو هکر خوه اعتبار له قانعا نکت کلك خرابه لوا مانع دبی . دزی مدحت پاشا لیه بی غالب پاشا تخصیصاتا ختکار به زبر ریدکر . مدحت پاشا اف بهیست یقی جم ختکار عزلا غالب پاشا و اعادا تخصیصاتی طلب کر . اف طلبا پاشا اسعاف نه‌بی لکن صدر أعظم چو مالا خوه استعفا خوه طلب کر . وزائز مالا خوه در نکت . فی زمانی ده کلك جلبا ختکار زیره خبر

دیکر دابچه سر شغلی خوه لکن مدحت پاشا حمی ردکر . پاسن دو روژا ختکار خبر ر مدحت پاشاره شاند کو مطایین وی قبول کریه بلا بچه ما ینی . مدحت پاشا باوز کر چو لکن دیت کو اف دافك بی . زیرا وقتا کو چو ماینی کت منزلکی ده یاورك چونك مهر اسدارتی ژی خوست . وی هنکی اوی زانی ختکار چه حیله لی کر . دریحست مهر دا وپاسن دوساعتا له وابور سوار کرن و ژ استانبولی دریخستن . ختکار ژ نفیا مدحت پاشا کلك دترسا لوما کلك اعتنا دکر وقتا کو ختکار دیت ملت دنك نا که کلك دل خوسن بی . ومدحت پاشا ژی ریکر ناف انکلیز . مدحت پاشا له ناف اوروپا بی ژی مظهر تقدیر بی لوما هر ختکار ژی دترسا حق حق سکوت ژبره احسان ریکر لکن اوی ندستاندرد دکر . عبد الحمید ژفی حالی یکجار عاجز دبی . عبد الحمید نهایت خوه هو کرد بانی مدحت پاشا کر اوی ژی اجابت کر چو کریدی سا کن بی . مدحت پاشا وی دری ژی خدمت ژ وطنی خوره دکر خلقین ویده ری کلك ژ مدحت پاشا ممنون بین مسلمان وفله حمی دوست ومشفق بین . پاسن دو هیفا مدحت پاشا تلغرافك ختکار ستاند کو بیه صدر اعظم پاسن دوساعتا دینا تلغرافك ستاند کو بیه والی ی شامی : نهایت چو شامی . —

*ژمارە ٢٥، فۆلکستن*



نمره ٢٥ سالاسیس دور ١

Address:
Year Bay Crescent
5 East Cliff
FOLKSTONE
Angleterre

هر طبعده ٢٠٠٠ نسخه کردستان ولاب عظامنه ارسال اولنور

کردستان خارجنده هر یرایچون سنه‌لك آبونه بدلی ٨٠ غروشدر

کردستان داخلنده خصوصی استیانلره مجاناً کوندریلور

کردستان ١٣١٥

هیفی جارکی دردکفه جریده یا کردی یه

کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیه یی حاوی

(آیده بر نشر اولنور کردجه وترکجه غزته‌در)

KURDISTAN

غزته‌نك مسالکنه موافق عربجه ترکجه فارسجه مکتوبلر کردجه‌یه بالترجمه ویاعیناً نشر اولنور

...احب ومحرری
...رخان پاشا
...لی عبد الرحمن
...اولنمیان اوراق
اعاده اولنمز

...دو صد جریده یا
...ریکم کردستانی
...بلاش بدن خلکی

روژا دوشمبیده ٦ جمادی الآخر سنه ١٣١٨ فی ١٨ ایلول سنة ١٣١٦

وقعهٔ مدحت پاشا

(استطراد — ما بعد)

...ی ژی مدحت پاشا به همت وغیرتا خوه له خلقی حیا دا حرنی کرن
...خنکار دیسا ژفی حالی رحت بی لوما دوجارا دا زهر کرن لکن مدحت پاشا
...وجارا ژی خلاص بی . خنکار ابدی نکاری وی له شامی بهیله تعیین
...ی کر باش چند هیفکی خنکار حلمی پاشا و هنك یاور ریکر ازمیری دا
...پاشا و ژن وزاروین وی بده کرتن . نهایت شفکی ساعت شش حلمی پاشا
...عسکر و یاوراره خانی بی مدحت پاشا محاصره کر مدحت پاشا درکی پشت
...ره درکت چو سفارتا فرانسه بی . وقتا کو حلمی پاشا بهیست کو مدحت پاشا نه
...امر دا عسکری حمی کتن خانیده تاف ژن وزارویا . حلمی پاشا شیر
...د سر ژنا مدحت پاشا ژ شیری حلمی پاشا نترسا اوی یه فرمانی خوه
...پاشا تحقیر کر . حاصل وی شفی او خانی ژ محشری نمونه یك بی . وقتا کو
...ق بهیست مدحت پاشا له سفارتا فرانسه یی ده یه حکومتی ژ فرانسه یی
...ز . خنکار کلك وعدین خوش ژ فرانسه یره کردا مدحت پاشا تسلیم
...ایت مدحت پاشا هات تسلیم کرن . مدحت پاشا جند روژکی له قشلا ازمیری
...ن ما پاشی ریکرن له استانبولی . وبده ری خنکار ربه قتلا سلطان عبد العزیز

اتهام کر . محکمه تشکیل کر او محاکمه کر . هریکیره ده هزار زیر دا دوشاهدین
دروکر پیدا کر اوان هردو شاهدا له محکمه یی یه علمما یری عبد الحمید دروسوکند
خوار . به فی صورتی محکما عبد الحمید یی جاسوس و ارازلین دروخوه تشکیل
کری مدحت پاشا به اعدامی محکوم کر . پاشی عبد الحمید خبر ژیره ریکر کو بلا بی
دستی من ماچ بکه ژ من عفو بخوازه ازی وی عفو بکم وحتی دیسا بکم صدر اعظم .
لکن مدحت پاشا تنزل نه کر دستی خنکار که هولی دنی ماچ بکه . لکن خنکار
نکاري وی له استانبولیده اعدام بکه ژ اختلالی دترسا لوما نفی طائفی کر
وبده ری ساله کي حبس ما . وی زمانیده رئیس عشیرتك عربی هبی تافی وی
ابن الرشید . اوی جوانی دیا پاشایی دزانی ود وستی وی بی لوما روژکی هنك
غلامین خوه فه جو قلعه یا مدحت پاشا له نیده موقوب محاصره کر . دقیا وی
خلاص بکه . لکن قلعه بیده کلك کلك عسکر هبي معینا وی کفایت نکر
لکن وقتا کو اوی مدحت پاشا ژ پنجره یی دیدری کازی کر داخوه ژ پنجره یی
بافیره داوی خلاص بکه لکن مدحت پاشا ژدنی دستی خوه شوشتی بی لوما
اف تکلیفا ابن الرشید قبول نه کر . حرکتا ابن الرشید کلك خنکار ترساند
لوما صفوت پاشا ژ و الیتیا حجازی عزل کر عثمان پاشا ریکر شوناوي وقطعي
امر دابی کو زو روژکي مدحت پاشا بده کرتن . اوی ژی پاسن بیله کی
او معصوم یه امری خنکار وبه مروفین عبد الحمید ژی استانبولی ریکری تاف
جه ده داختقادن .

ژماره ٣٠، جنێف بۆ جاری دووهەم

عدد ٣٠ —سالا چهاری— دور ١

# کردستان

صاحب و محرری
بدرخان پاشا
اوغلی
عبدالرحمن

درج اولنمیان اوراق
اعاده اولنمز

١٣١٥

هیفی جارکی دردکفه جریدەیا کردی یه
کردلری تحصیل علوم وفنونه تشویق ایدر نصایح و ادبیات کردیه‌یی حاوی
(آیده بر نشر اولنور کردجه وترکجه غزته‌در)
KURDISTAN
غزته‌نك مسلکنه موافق عربجه فارسی مکتوبلر عیناً درج اولنور

Adresse :
« KURDISTAN »
GENÈVE
(Suisse)

کردستان خارجنده هر برایچون
سنه‌لك آبونه بدلی
٨٠ غروشدر

کردستان داخلنده خصوصی
استه‌ینلره مجاناً کوندریلور.

این ٤ ذی الحجه سنه ١٣١٩ — ١ مارت سنه ١٣١٨

## کردستانیده اساسا نفاقی

اف معلومه کو راهبین زەزویتا سر فساد و نفاقا نشر و تعمیم دکن ژ هی مملکتین اوروپایی نفی و تبعید بین افه زمانکه مستولی شرقی بینه.

خرابیا وان مروا له ولاتی مەدەزی کلك زیدەیه لکن اولا دا از فنج ماهیتا وان تعیین بکم. ازی هنك ژ فسادا وانا له جیی اجرا کری بحث بکم.

افه هانه دو ساله جیی کلك قتال و یغما ایقاع بین ... ظلم و غدر له خلق جیی کرن. هی وقعه نویسا و خسیا (بارون بازنقور) ناف اثرا خومیا سرفی شری طبع و نشر کری تماماً اعتراف دکه کو سبیا فلاکتا جیی دو دونه یك ژی انکلیزه کو سر منفعتا خوه یا مادی هر پیلەکی وی. مملکتی دیده بر طوپ و تفنکا سیبا دبژی او راهبن کو به حمایا فرانسه‌یی هنده احوالین خلاف عدل و انسانیت له وی ولاتی اجرا دکن.

هنکا عسکری دولتن متفق غلبه له جینیا کر بری هی کسا راهبا دست یغما ی کر. وقتا کو عسکری دیط کو راهب جینیا تالان دکن اوان ژی دست پی کر.

میسیونر ژ بری فه له ویده رینه لوما اوان دزانی کو مالی زیده له کودرا فشار نیه. به دلالت وقوتا عسکرین خوه و به وان عسکرین جیی کو به تلقیناتین خوه کربین فله پاش شری کتن ناو بازیر. عسکرا اموال تالان دکر و راهبا ره تانی اوان وه اعتقاد دکر کو عملك خیر دکرن.

ناف عسکرین فرانسزین جوی جیی ده یك ریده مر. اشیابین وی تفتیش کرن چکك شیست هزار زیر له سر هرتن. اف مقداو بدلا اشیای مسروقه بی. حاصلی کلك امثال و احوالین دی کفش کز کو میسیونر فان وقوعات مؤلمه ده سببك مستقل بین.

او تفصیلات تعیین دکه کو اف مسیونرین ها مقصدا ... اصل اوه کو منفعتا خوه دکرن و دولتین اوروپایی ژی مقصدین خوەیی نامشروعی وان دکن الخ.

کلك وقوعاتین دی اثبات دکه کو معاملاتین مسیونرا تماماً به مساعد وزرایین وان دبه. احتلافا ناف حکومتا مه و فرانسایده تحدث کری با صورتك وه نتیجه پاذیر بی کو او پنج شرائطان له مه داین قبول کرن پاشا یکا حالی کردستانیده کالك مضره. او پنج شرائط ژی افن :

١ — قبول کرنا هی مکتبی فرنسزین له ملکیمه موجود و معافیت وان ژ باجی.

٢ — قبول کرنا هی مبانئ الدین و خسه خانەیین موجود و معافیتا وان ژ کمرکی.

٣ — تعمیرا هی مکتب خسته خانه واماکن سائرەیین له سالین ١٨٩٤، ٩٥، ٩٦ بده وقعا ارمنیا تخریب وان ضرر دیده بوین.

٤ — هر جاز وکی حکومتا فرانسه‌یی دست کر نبانی انشا و ان بکه موجود تعمیر و ان توسیع بکه هکر حق شش هیفا حکومتا مه نو اعتراض تبلیغ نکر ابدی. او حق اعتراض ژ مه ره نامینه.

٥ — وك فرانسه‌یی دفی تصدیقا انتخابا امانوئل راهبیا کلدانیاره.

ژ فان هر پنج مادا کفش دبه کو او مسلکا فرانسه له کردستانی تعقیب دکه استقبالیده کردستانیده وی کالك مدهشتر بیه و مسیونرین ویده ری یکجار به فان شرائط مطلق العنان دبن. فرانسزا مسیونر ژ ولاتین خوه در کرن لکن او مفسد نهو چون له ملکی مه ویدەری بحمایا فرانسزا ده نه بناء علیه فرانسزا نو فنجی انسانیق ره نه‌کر. او بلا ریکرن سر جانی معصومین اناطولی یی و فرانسه یی به قوة البحرا خوه حوقاس امتیاز دا مسیونرا کو پاش نهو قتالین کلك خونریز ظهور بکن چقاس مسلمانین فرانسه یی ولاتی به هنه هی دست مسیونرا ده نه اوژی یاوی خلقین جاهل یفن سردیی خوه و ان ین فەبین سر دیی و ان وی به انفساد و

ڕووبەرگی بڵاوەی "تیشکی ڕۆژنامە" چاپی لەندەن، هاوینی ١٩٩٨



دُوپر ۱ — سالا عوَّلي — عدد ۱

تحچي کاغذك ڤي ربکه دڤي ربکِت مصري مَز ناف خويي ڤي جريده يي لاوِ بدرخان پاشا مقداد مدحت بکي هر جار دُوهزار جريده يا بي پره آزے ربکم کردستانی ده بِدِن خاکی پاژده روژا جارکي تيت نڤيساندن

# کردستان

۱۳۱۵

عنوان مصرده «کردستان» غزته‌سي صاحب ومحرري بدرخان پاشا زاده ❊ مقداد مدحت ❊ هر طبعنده ۲۰۰۰ نسخه کردستان ولات عظامنه ارسال ووسائط اريله قراوقصبانه نشر وتعميم اولنه جقدر

کردستان خارجنده هر بر ابجون سنه‌لك ابونه بدلي ۸۰ غروشدر کردستان داخلنده خصوصي امنيالاره مجانا کوندر يلور

❊ کردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه اشويق ايچون شمدبلك ❊

❊ اون بش گونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در ❊

۱۳۱۵

لە پێناو هاندانی کوردەکان بۆ خوێندن و زانست

ڕۆژی پێنج شەممۆ ۳۰ ذوالعقدە ساڵی ۱۳۱۵[کۆچی مانگی]، پێنج شەممۆ ٤ی نیسانی ۱۳۱٤ [ی ڕۆمی]

[بەرنبەر بە ۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸]

هەر نامەیەک کە دەنێردرێ، دەبێ بۆ میسر بنێردرێ بە ناوی خاوەنی ئەم جەریدەیەوە [کوردستان] «کوڕی بەدرخان پاشا» «مقداد مدحت بەگی»، هەرجارێ ۲۰۰۰ نوسخەی بە بەلاش بۆ کوردستان دەنێرم، کە بدرێبە خەڵک بیخوێننەوە.

پازدە ڕۆژ جارێک دەردەچێ

نرخی بەشداری بۆ دەرەوەی کوردستان ۸۰ قروشە بۆ کوردستان بە بەلاش دەنێردرێ

بسم اللهالرحمن و الرحیم

سەد هەزار سوپاس بۆ خوای میهرەبان کە ئێمەی موسوڵمانانی خەڵق کرد و زانینی زانست، مەعریفەت، هۆش و ژیری پێ بەخشیون. دەرهەق بە زانست و فێربوون گەلێک ئایەتی جوان و حەدیسی شەریف هەن. لە جیهانەدا چەند موسوڵمان هەبن، هەموان لە گوند و شارەکانی خۆیاندا خاوەنی فێرگە و قوتابخانە و ڕۆژنامەیّ خۆیانن، هەرچی لەم جیهانە روو بدا دەینووسن. داخەکەم کورد کە لە زۆر لە میللەتانی دیکە خاوەن هۆشتر، ژیرتر، جامێرتر، دڵپاکتر و بەهێزترە، بەڵام وەک قەومەکانی دیکە خوێندەوار و دەوڵەمەند نییە. [کوردەکان] ئاگایان لەوە نییە کە لە جیهاندا چی روودەدا و لە مۆسکۆ کە هاوسێیانە چی دەبێ و چی رووی دەدا. بۆیە من، کە ئەم جەریدەیەم نووسی[دەرکرد]، بە هیوای خوا لەمەوبەدوا هەر پازدە ڕۆژ جارێک جەریدەیەک دەنووسم [بڵاودەکەمەوە].
ناوی «کوردستان»م لێ ناوە. لەم جەریدەکەدا من باسی چاکی خوێندن و زانست دەکەم. لە هەر کوێیەک فێرگە و قوتابخانەی چاک هەبێ من نیشانی کوردەکان دەدەم [بۆیان باس دەکەم]. هەر شەڕێک روویدا، دەوڵەتانی مەزن چ دەکەن، چۆن دەجەنگن، چۆن بازرگانی دەکەن، من باسیان دەکەم.
تا ئێستا هیچ کەسێک جەریدەیەکی وای [بە زمانی کوردی] دەرنەکردووە، ئەم جەریدەیەی من یەکەم جەریدە [ی کوردی]یە بۆیە پڕە لە کەموکوڕی. جا هیوادارم کەم وکوڕیەکانی ڕۆژنامەکەم بۆ بنووسن. هەر شتێک کە تازە ساز دەبێ کەم و کوڕیی هەیە، بەڵام دوای ئەمە ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر. (و من الله النوفیق).

دەقی وەرگێردراوی لە کورمانجی سەرووە بۆ کورمانجی خواروو سەروتاری یەکەم ژمارەی کوردستان

ئەم وتارە لە ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی "تیشکی ڕۆژنامە" بە سەرنووسەریی کاك مەجید حەقی چاپی لەندەن و ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکراوەتەوە.

# ئایا "کوێر ئۆغڵی" کورد بووە؟

*ئامانج لە نووسینی ئەم وتارە، نە دابەشکردنی بەشەماڵی کورد و غەیرە کوردە، نە سەندنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی لە کەسایەتییەکی مێژوویی وەك کوێرئۆغڵی. من بە باشی شارەزای جێگە و پێگەی کوێرئۆغڵی لە لای گەلی برای ئازەربایجانی هەم و دەزانم چەندەیان خۆش دەوێت و چۆنی ڕێز لێدەگرن. ئەوەی من دەیکەم، پشکنینی وردی مێژووی کەسایەتییەکە، کە بوون و نەبوونی وەك کاوە و ڕۆستەم و گەلێك قارەمانی دیکەی ئوستوورەیی گەلانیتر لە تەمتوومانی ئەفسانە و مێژوودا وونە و تەنانەت ئەگەر ئیجماعێك لە سەر بوونی هەبێت، دیسان ناتوانرێت شوێن و کاتی ژیانی بە ڕوونی دیاری بکرێت. کوێرئۆغلی وەك قارەمانی گەلی ئازەربایجانە، قارەمانی گەلانی دیکەی ناوچەکەش هەیە هەر لە تورکی تورکیاوە تا کورد و تورکمان و ئۆزبەك و تاجیك و هتد.*

لەم ڕۆژانەدا کتێبێکم سەبارەت بە *'کوێرئۆغڵو'*— قارەمانی مێژوویی/ ئەفسانەیی گەلی ئازەربایجان خوێندەوە: *"کوراوغلو در افسانه و تاریخ"*[٩٢].

کتێبەکە، نووسەری ناوداری ئازەربایجانی - 'ڕەحیم ڕەئیس نیا' بە فارسی نووسیویە و دەیان سەرچاوەی ئازەری و تورکی و تورکمەنی و ئوزبەکی و ئەرمەنی و تەنانەت کوردی[٩٣] و زمانە ئوروپاییەکانی پشکنیوە و خۆی گوتەنی، ویستوویەتی ئەو قارەمانە مەزنەی ئازەربایجان و گەلانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست "لە بەر ئاوێنەی مێژوو و ئەفسانە دا" سەیر بکات. ناوی کتێبەکەش هەر ئەو ڕاستییە دەگەیێنێت، واتە گەڕان بە دوای حەقیقەتێکی مێژووییدا کە

---

[٩٢] . رئیس نیا، رحیم؛ "کوراوغلو در افسانه و تاریخ"؛ چاپ سوم؛ انتشارات دنیا؛ تهران' زمستان ١٣٧٧[١٩٩٩]، ISBN 964-464-007-1

[٩٣] . نووسەر، کتێبێك بەناوی "دەقی کوردی وئەرمەنی 'حماسه کویراوغلی"' دەناسێنێت کە ساڵی ١٩٥٣ بە سەرەتای ڕووسییەوە لە ئێرەڤانی ئەرمەنستان چاپ کراوە (ل. ٣١٢)، بەڵام دەقە کوردییەکە ڕاناگوێزێت لە کاتێکدا بەشی هەڵبژاردەی دەقی ئەرمەنی و گورجی و ئوزبەکی و تورکمەنی و تاجیکی لە هەمان ئەو لاپەڕانەدا دەهێنێتەوە یاخود باسی ناوەرۆکیان دەکات. من سەبارەت بە کتێبە کوردییەکە لە ڕێزدار د. جەلیلی جەلیلم پرسیار کرد، بەداخەوە نوسخەی کتێبەکەی بەدەستەوە نەبوو و وەك باسی دەکرد، دەبێ نەمر ئۆردوخانی جەلیل - براگەورەی خۆی، لەو بوارەدا هەندێك بابەتی نووسیبێت.

تێکەڵاوی ئەفسانە بووە، یا ئەفسانەیەکی شیرین کە بەهۆی خۆشەویستیی خەڵکەوە شێوازی مێژووی بەخۆیەوە گرتووە.[٩٤] پابەندبوونی نووسەر بە ئەسڵی بێ لایەنیی لە لێکۆڵینەوەکەیدا، کارێکی وای کردووە واقیع و ناواقیع یاخود ئەفسانەیی یان مێژوویی بوونی کوێرئۆغڵی لە پرۆپێستدا بمێنێتەوە و دوایین بڕیار لەم بارەیەوە بۆ خوێنەر و بۆ دەسکەوتەکانی دوارۆژ بەجێ بهێڵرێت.

ئەوە خۆی ڕادەی زۆری پابەند بوونی نووسەر بە ئەمانەتداریی زانستی دەگەیێنێت؛ دەنا خوێنەر دەتوانێت هەست بکات کە نووسەر ئازەربایجانییە و وا هەیە لەگەڵ ئەوەدابێت کە "چەنلی بێل" وەك شوێنی ڕاپەڕینی کوێرئۆغڵو و 'قاچاغ' ەکانی تر، لە ناوچەی 'قوتوور' دابنێت، کە کەوتۆتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە و بەم پێیە، کوێرئۆغڵوش بە خەڵکی هەمان ناوچە لە قەڵەم بدات.[٩٥] بەڵام ئەمانەتداریی زانستیی نووسەر بە شێوەیەکە، کە خۆ لەو بۆچوونە یەك لایەنانە دەگرێت و وەك مرۆڤێکی بەرپرس، تەنیا بە ڕوون کردنەوەی ڕێگاوە خەریك دەبێت و گەیشتن بە ئاکام بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت. ئەو دیاردەیە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە هەستی نەتەوایەتی لە ناو گەلی ئازەربایجاندا گەیشتۆتە ڕادەیەکی بەرز و کەم نین ئەوانەی وا کەوتوونەتە شوێن دروشمی کەماڵیستەکانی تورکیا و دەستیان بە نیشانەی گورگی بۆر بەرز دەکەنەوە، غەنیمەتێکی گەورەی عیلمی و لە عەینی کاتدا سیاسیشە.

خوێنەر هاوڕێ لەگەڵ نووسەری کتێبەکە، سەر بە دەیان کون و کاژێری نادیاری مێژوو و ئەفسانەدا دەکات و لە دەیان سەرچاوە دەکۆڵێتەوە بۆئەوەی بزانێت ئایا کوێرئۆغڵی کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بووە یان نا و ئەگەر بووە، کەی و لە کوێ ژیاوە، واتە ئەو 'چەنلی بێل' ەی وا لە داستانەکەدا وەك شوێنی ژیانی ئەو و هاوڕێکانی ناو براوە، لە کوێ هەڵکەوتووە و ئایا هەر بە ڕاستی ملە و چیایەك بەو ناوە هەبووە وهەیە یان نا؟ نووسەر سەبارەت بە بوونی کوێرئۆغڵی و هەڵکەوتنی شوێنی ژیانی لە ئازەربایجان هەڵوێستی نەرێ یی یا ئینکار و ڕەدکردنەوەی نەگرتووە و ئامانجی لە نووسینی کتێبەکەش بەرپەرچ دانەوەی ئەو بۆچوونانە نەبووە کە کوێرئۆغلی بە ئازەربایجانی دەزانن. بەپێچەوانە، لە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆوە دەیەوێت هەمان ئەو هەواڵانە بە ڕاست بقەبڵێنێت و بیانگەیێنێتە گوێی خوێنەر کە کوێرئۆغڵی

---

[٩٤] . ئەم دیاردەیە لەناو گەلانی دیکەی جیهانیشدا بێ وێنە نییە و بۆ نموونە، 'کاوە' و هەروەها 'ڕۆستەم' ێ ئەفسانەیی شانامەی فیردەوسی، بۆ کوردیش وەك ئێرانییەکان قارەمانی مێژوویین و شانازییان پێوەدەکرێت یا نەقڵێکی بێ بنەمای وەك زوحاك وماری سەرشان ولاوانی ڕزگاربووی ناو چێشتخانەکەی، تەنانەت ئەمڕۆ لە سەدەی بیست ویەکەمیشدا لە ناو هەندێك کورد و غەیرەکوردەوە بە ڕاستەقینەی مێژوویی وەردەگیرێت و بەداخەوە کەم نین ئەو خەڵکە ناشارەزایانەی کە ئەو درۆ و هەڵبەستەیە وەك سەرەتای مێژووی گەلی کورد سەیر دەکەن!

[٩٥] . بۆ نموونە، بڕوانە لاپەڕە ١٠٦ و ١٩٣ و شوێنی تری کتێبەکە.

ئازەربایجانییە نەك تورکی تورکیا، هەر ئەو شێوازە ناڕاستەوخۆیەش بایەخێکی زیاتر بە کارەکەی دەبەخشێت و بۆ نموونە، دووری دەخاتەوە لە هەڵوێست گرتنی ئەوانەی وا بە زۆرەملێ دەیانەوێت کوێرئۆغڵی بکەنە ماڵی لایەنێك و لە لایەنەکانی دیکەی دابڕن یا وەك سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەڵگە و سەنەد دروست بکەن کە کەسێك بە ناوی کوێرئۆغڵی فلانە ساڵ لە فلانە گوندی شاری 'بولو'[٩٦] ی تورکیا ژیاوە و تۆمارە فەرمییەکانی ژیانی لە ناوچەکە پارێزراون و گەیشتوونەتە سەردەمی ئێمەش.

**بەڵام ئامانجی من لە نووسینی ئام بابەتە؟**

دوای هەموو وردەکاری و پشکنینێك کە ڕەئیس نیا کردوویەتی، ئەوەی بەڕوونی دەربڕیوە کە کوێرئۆغڵی لە هۆزی "جەلالی" یە. ئەو هۆزە باوەکوو ئێستا بەشێك و لقێکی بە تورکی قسەدەکەن، بەڵام ئەگەر مەزندەی ٤٠٠ ساڵێك پێش ئێستا بۆ سەردەمی ژیانی کوێرئۆغڵی بە ڕاست وەربگرین (بڕوانە دواتر)، ئەوانیش وەك دونبولییەکانی شار وناوچەی 'خۆی'، بە تەواوەتی کورد بوون و بە کوردی دواون و فڕیان بەسەر تورك و ئازەربایجانییەوە نەبووە.

لە لایەکی دیکەوە، کوێرئۆغڵی بە شایەدیی چیرۆکی "عاشق" ەکانی ئازەربایجان، "قاچاغ" بووە واتە لەدەست زوڵم وزۆر داویەتە چیا. قاچاغ بوون و چوونە چیاش بۆکورد دیاردەیەکی نامۆ نییە ونەك هەر لە کۆندا بەڵکوو تا ئەم سەردەمەی ئێستاش کوردی ئاوارەی دەستی بێدادی دەرەبەگ و خان و شا و سوڵتان پشتیان بە چیا بەستووە و بە تاکەکەسی وەك حەمەتاڵ و خولەپیزە، لە شێوازی سیاسی و حیزبیشدا وەك پێشمەرگە و خەباتگێڕ بۆ درێژەی خەبات داویانەتە چیا و لە حکوومەت قاچاغ بوون.

کوێرئۆغڵی و هاوڕێکانی جگە لە چیا، دۆستێکیان نەبووە، ئەوەش دیاردەیەکی ناسیاوی مێژووی کوردە و بۆ نموونە، لە قەڵای دمدمی سەردەمی سەفەوییەکان خەڵکانی گەمارۆدراوی سوپای شاعەبباس تا دواکەس و دوا چەك، بەرگری لە زێدەکەیان دەکەن. یان لە چیای قەندیلی ئەمڕۆدا هێزی باوەڕ بەسەر تانگ و تۆپ و تەیارەی تورکیا و سەتەلایتی ئەمریکییەکاندا سەرکەوتووە. بەسەرهاتی کوێرئۆغڵی چ لە زمان عاشقەکانەوە و چ لە چیرۆکی

---

[٩٦] . نەمتوانی بزانم ئایا ئەوەی لێرەدا بە 'بولو' نووسراوە هەمان 'پالوو' ە یان نا. ئەگەر ئەو دوانە یەك بن، لە ڕاستیدا پالوو ئەمیرنشینێکی کورد بووە کە لە شەرەفنامەدا ناوی هاتووە و پاشکۆ [ذیل] ێکی نووسراوی شەرەفنامەش باس لە حاکمانی ئەگیل و ۆپالوو دەکات. پالوو ٩٥ کیلۆمەتر لە ئامێد (دیاربەکر) ەوە دوورە. بڕوانە: "دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی"، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥

"ئەفسانەی کوێرئۆغڵی" نووسینی یاشار کەماڵ دا،[٩٧] کاتێ بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو گریلایانەی وا هەرئێستا لە قەندیل و شنگاڵ بەرانبەر هێزی دوژمن داکۆکی لە نەتەوەی خۆیان دەکەن، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەبێ درێژەدەری نەریتێکی کۆن بن – هەر ئەو نەریتە لەم ساڵانەی دواییشدا جارێکی تر لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی ساڵی ٧٥ ی باشووری وڵاتەکەمان و خەباتی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ نموونە، لە کۆبانێی قارەمان سەری هەڵداوەتەوە.

هەروەها کوێرئۆغڵی لە ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی تایبەتی هەیە و کوردانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و کوردی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت هۆگری کوێرئۆغڵین و ئەو قارەمانە مەزنە لە شێعر و ڕۆمان و گۆرانی کوردیی کرمانجی ژووروودا شوێنێکی بەرچاوی هەیە[٩٨]. ئەوانە بە سەریەکەوە، گەرای بیرێك دەخەنە مێشکی خوێنەر و بیسەرەوە و 'ئەگەر' ی کورد بوون یا لای کەم، پەیوەندی ئەو قارەمانەر مەزنە لەگەڵ کورد، وەك دیاردەیەکی جیددی دەخاتە بەرچاو – دیاردەیەك کە خوازیاری لێکۆڵینەوەی بێ لایەنانەیە.

من نامەوێت بێ مەنتیق و دەمارگیر بم، هیچیش نامەوێت مافێك لە گەلی برای ئازەربایجانی بفەوتێنم، هیچ بەڵگەیەکی سەلماویشم بۆ بۆچوونەکەم نییە، تەنیا چەکێکی بەدەستمەوە بێت ئەو ئیستیدلالەیە کە: کاتێ سەروبەری بابەتەکە وێك دەهێنرێتەوە و سەرەتاکان لای یەك دادەنرێن، بە ناچاری ئاکامی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە لە نێو تەمتوومانی مێژوو و ئەفسانەدا و لە ئەگەری حەقیقی بوون و نەبوونی کەسایەتییەك بەناوی کوێرئۆغڵی و ئەگەری ئێرەیی و ئەوێ یی بوون و ئەم سەدە و ئەو سەدەیی بوونیدا، ئەگەرێکی دیکەش هەیە کە ئەگەری کوردبوونی ئەو جەلالییە قاچاغەیە.

جەلالی بوون لە لایەك، ژیان لە ناوچەی "قوتوور" ی ناوجەرگەی هۆزی جەلالی لە لایەکی تر و ئازایی و قاچاغ بوون و ڕێگری و جوانمێرییەکەشی لەولاتر- هیچکام لەو تایبەتمەندییانە لە کورد دوور نین، هەر بۆیەش هیچکەس بە تێگەیشتنێکی بێ لایەنەوە،

[٩٧] . یەشار کەمال، "ئەفسانەی کوێرئۆغڵی"، شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠ ئەم کتێبەی یەشار کەماڵ لە لایەن کاك ڕەحیم ڕەئیس نیاوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فارسی و بە ناوی "ظهور کوراوغلو" لە لاپەڕە ٣٣٥ تا ٤٤٠ ی هەر ئەم کتێبەی جێگەی باسی مندا بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١

[٩٨] . گوێ بگرە لە گۆرانی هونەرمەندانی لەدەستچووی کورد 'مریەم خان' و 'ئایشێ شان' بەناوی "بابۆ کوێرئۆغڵی" لە سەر ماڵپەڕی یوتیووب و ساوند کلاود. بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعرەکانی گۆرانی 'بابۆ کوێر ئۆغلی' بە دەنگی ئایشێ شان، بڕوانە پاشکۆی ئەم وتارە.

ناتوانێت خۆ لەوە بدزێتەوە کە بۆی هەیە کۆیرئۆغلی کورد بووبێت یان خۆی و پاڵەوانە قاچاغەکانی دەوروبەری کورد بووبێتن.

سەرەتا هەڵبژاردەیەك لە کتێبی ڕێزدار ڕەحیم ڕەئیس نیا دەهێنمەوە کە لە سەرچاوەی جیاوازی وەرگرتوون و ئاماژەی بە ناوی نووسەرەکانیشی کردوون، ئینجا دەگەڕێمەوە سەر باسەکە:

"...کۆیرئۆغلۆ قارەمانێکە لە نێو خەڵك هەستاوە و پاسەوانی بەرژەوەندیی خەڵکە؛ عاشقێکە ئازایەتی و جوامێری بە گۆرانی دەڵێت، خاوەن زێڕ و زۆران بە چەتەی دادەنێن بەڵام خەڵك بە ڕزگارکەری خۆیانی دەزانن (ل.١٠٢)... بەربلاویی ناوچەی بلاوبوونەوەی ڕازەکە [واتە داستانی کۆیرئۆغلی] و هەندێك بابەتی تر، بوونەتە هۆی ئەوەی لێکۆلەری جیاجیا، پێشینەی مێژوویی ئەو و سازدانی چیرۆکەکەی بگەیێننەوە سەردەمی پێش ئیسلام ... بۆ نموونە وەك بیرەوەریی شەڕی "گوك تورك" ەکان لەگەڵ ساسانیان .... یا شەڕی نێوان تورکانی ئۆغوز لەگەڵ سنوورەوانەکانی ئێران ... (١٠٣) 'ئاغایان' ی ئەرمەنی ڕەگەزی کۆیرئۆغلۆ دەگەیێنێتەوە سەر ئەرمەنییەکان و 'بەڕبەڕیان' لە پەیوەندی شەڕی ئەرمەنی و ساسانی و سەردەمی ئارشاکی دووهەمیدا دەیبینێت... 'دومزیلی' فەڕەنسی پێشینەی ئەو ڕازەی کە زاڵمێك چاوی باوکی قارەمانێکی دەرهێنابێت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین." (١٠٤) ....'خودزکۆ'، کۆیرئۆغلۆ بە تورکمەنێکی تایفەی تەکە دادەنێت کە لە سەردەمی شاعەبباسی سەفەوی (١٦٦٦-١٦٤٢ز) دا ژیاوە وچۆتە قەلایەکەوە بە ناوی "چەملی بێل" لە دۆڵی سەڵماس، و لەسەر ڕێگای [شاری] خۆی بۆ ئەرزڕۆم چەتەیی کردوە.... هەموو ئەو بابەتانە سەبارەت بە کۆیرئۆغلوویەکن، کە بۆی هەیە وەك کەسایەتییەکی مێژوویی، بوونی بووبێت... ئەگەر مەسەلەی کۆچ کردنی کۆیرئۆغلۆی مێژوویی لە خۆراسانەوە بۆ ئازەربایجان ڕاست بێت، ئەوا دوور نییە یەك لەو 'تەکەلوو' انە بووبێت کە پێشتر لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت لە ئازەربایجانەوە کۆچیان کردبێت بۆ خۆراسان... لە ئەنسیکلۆپیدیای ئازەربایجاندا نووسراوە: *"تاقمێك لە جەلالییەکان وا لە ئازەربایجاندا سەرەتا دژ بە داگیرکەرانی عوسمانی و پاشانیش دژ بە سەفەوییەکان و فیئۆداڵە خۆجێ ییەکان دەجەنگین، کۆیرئۆغلۆ ڕێبەرایەتی دەکردن..."* (١٠٦ تا ١٠٩)

ڕەئیس نیا لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێت:

"... 'عەلی ئەوسەت قولییێف' دوای هێنانە گۆڕێ مەسەلەی شەڕی ئێران و عوسمانی و داگیرکاریی خاکی ئازەربایجان لەلایەن عوسمانییەکانەوە و ڕاپەڕینە

وەرزێرییەکانی جەلالی لە تورکیا و پەرەسەندنی بۆ نەخجەوان، دەڵێ: *"یەك لەو تاقمانەی وا دژ بە داگیرکەرانی تورك دەجەنگین، کوێرئۆغڵو قارەمانی گەل ڕێبەرایەتی دەکرد."*... زوربەی نووسەرانی تورك بە خەڵکی ئەناتۆلییان زانیوە، بۆنموونە 'کیرزی ئۆغلو' بە قەرەقۆیونلووی پەروەدەکراوی لای ژووری ڕووباری ئاراس و ویلایەتی قارس لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیای زانیوە... 'ئومید کافتانجی ئۆغڵو' دەڵێ: *"لە ئاقچاکوێی، بەشی ڕیفاهیە ی ئەرزەنجان لەدایك بووە و دواتر چۆتە شوێنێك بەناوی چاملی بێل لە ڕۆژئاوای سیواس."* 'فاروق سومەر' پشتی بە دەفتەری گرنگی ئارشیوی سەرەك وەزیرایەتی ئەستەمووڵ بەستووە و دەڵێ: *"کوێرئۆغڵو لە گوندی ساییق لە ئەیالەتی بولو[99] لەدایك بووە؛ لەوێدا گوتراوە کەسێك بەناوی کوێرئۆغڵو لەو گوندەدا ماڵی خەڵکی تالان کردووە و دووکەسی بریندار کردووە... وخەڵك لەدەستی هاتوونەتە ئامان، ئیتر گرتوویانە."*... کوێرئۆغڵوو درەنگتر چۆتە چیاکانی چەملی بێل کە کەوتوونەتە نێوان سیواس و توقات... لە ئەنسیکلۆپێدیای ئازەربایجاندا هاتووە: *"عەبباسقوڵی ئاغا باکیخانۆف دەری خستووە کە جەعفەرقوڵی خانی دونبەڵی، حاکمی خۆی، [دوای ئەوەی لە سوپای عەبباس میرزای کوڕی فەتحعەلی شا تێك شکا]، ماوەیەك لە چەنلی بێلی کوێرئۆغڵوو لە نزیك نەخجەوان ژیاوە"* ... هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕینی هۆزەکانی کوردی دونبەڵی لە خۆی و سەڵماس، زیادبوونی گوشاری ماڵیات بوو... ئەوەی کە زوربەی لێکۆڵەران دژایەتییان لەگەڵیدا نییە، بەشداری کردنی کوێرئۆغڵییە لە ڕاپەڕینەکانی جەلالیدا. ئەو ڕاپەڕینە وەرزێرییانەی وا بە درێژایی سەدەی شازدە و حەڤدە، بەپچڕان و خواروژوور کردنەوە درێژەیان بوە....کورد حەیدەر و جان فولاد لە سەردەستەکانی جەلالی بوون... شاعەبباس لە سەر ڕێگای چوون بۆ تەورێز چاوی بە هەندێك لە سەرانی جەلالی وەك ...قوڵی بەگی کورد و کوردعەلی کەوت...شاعەبباس هەموو جەلالیانی کۆچ دا بۆ کوردستان ... دوای هەڵاتن و پەنابەریەتی جەلالیان لە ئێران، مراد پاشا هەموو ئەوکەسانەی وا لە وڵاتی ڕۆم دا ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسیاوییەکیان لەگەڵ ئەو تایفەیە پەیداکردبوو، ناردە دیاری نەبوون و ناوی جەلالی لە سەر ئەو وڵاتە پاك کردەوە... دەوروبەری ٦٥ هەزار کەسی لێ کوشتن... (١٠٩ تا ١٢٩)

---

[99] نەمتوانی بزانم ئایا ئەوەی لێرەدا بە 'بولو' نووسراوە هەمان 'پالو' ە یان نا. ئەگەر ئەودوانە یەك بن، لە ڕاستیدا پالو ئەمیرنشینێکی کورد بووە کە لە شەرەفنامەدا ناوی هاتووە و پاشکۆ [ذیل] ێکی نووسراوی شەرەفنامەش باس لە حاکمانی ئەگیل و ۆپالو دەکات. پالو ٩٥ کیلۆمەتر لە ئامێد (دیاربەکر) ەوە دووره. بڕوانە: "دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی"، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥

بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەو بژارەی سەرەوەی کتێبەکە،

١. ئەگەری ئەوە هەیە کە قارەمانێکی خەباتکاری لایەنگری خەڵك و دژبەری زۆرداران بە ناوی کوێرئۆغڵی کەسایەتییەکی حەقیقی بووبێت و لە دەوروبەری سەدەی ١٥ و ١٦ ی زایێنیدا ژیابێت، گەرچی بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەمڕۆی ئێمە، مەسەلەکە لە بوومەلێڵی مێژوو و ئەفسانەدایە؛

٢. هۆزی جەلالی هۆزێکی چەوساوەی دەستی عوسمانی و ئێرانی سەفەوی و حکوومەتەکانی دوای ئەوان بوون و بەهۆی پێشینەی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕینەکانی هۆزەکەوە بە تایبەت دژ بە عوسمانییەکان، زاراوەی 'جەلالی بوون' لە خاکی عوسمانی و ناو کۆمەڵانی خەڵکدا واتای ڕاپەڕیو و سەربزێوی بووە؛

٣. ئەندامانێکی زۆری هۆزی جەلالی داویانەتە چیا و لەوێوە لەگەڵ حاکمانی خۆجێیی و بەگشتی لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی جەنگیون، لەوانە، کوردعەلی، کوردحەیدەر، جان فولاد و قوڵی بەگی کوردن (بڕوانە سەرەوەتر)؛

٤. جەعفەرقوڵی خانی [کوردی] دونبەڵی- حاکمی خۆی، دوای تێك شکانی سوپاکەی لە شاعەبباسی سەفەوی، ماوەیەك لە چەنلی بێلی کوێرئۆغڵی لە نزیك نەخجەوان ژیاوە (سەرەوەتر)؛

٥. ئەگەر ئێمە، بوونی کەسایەتییەك بە ناوی کوێرئۆغڵی بەڕاست بزانین، دەبێ یەك لە ئەندامانی هۆزی جەلالی بووبێت یا خود 'بووبێتە جەلالی' لەبەر ئەوەی ناوی کوێرئۆغڵی و جەلالی لە سەرچاوەی زۆردا، ئاوێتەی یەکترن؛

٦. گەرچی شوێنی لەدایکبوونی کوێرئۆغڵی و ئەو چیایەی و لەوێوە ڕێبەرایەتی خەباتی کردووە واتە "چەنلی بێل" یا "چەملی بێل" (بە واتای ملەی تەماویی[100])، بەڕوونی دیار نییە، بەڵام زوربەی لێکۆڵەران ناوی ئەم ناوچانە وەك شوێنی ژیان و خەباتی کوێرئۆغڵی دەبەن: " نزیك سیواس، ویلایەتی قارس لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەناتۆلی ڕۆژهەلات، 'نزیك نەخجەوان' و دۆڵی سەڵماس لە سەر ڕێگای شاری خۆی بۆ ئەرزڕووم؛ <u>هەموو ئەوشوێنانە، ئەودەمیش و ئێستاش شوێنی ژیانی کوردبوون و هەن؛</u>

[100]. هەر ئەو تەماویی بوونی ملەی کوێستانەش خۆی جێگەی وردبوونەوەیە و تەماویی بوونی ڕووداوەکان زیاتر دەکات!

٧. هۆزی جەلالی لە دەیان سەرچاوە و کتێبی مێژووییدا وەك "هۆزی کوردی جەلالی" ناسراون.[١٠١]

***

نووسەر لە درێژەی باسەکە و لەژێر سەردێڕی "بزووتنەوە وەرزێرییە شێوە جەلالییەکان لە ئازەربایجان" دا لە هەندێك ڕاپەڕینی وەرزێریی ناوچەکە دەدوێت ولەگەڵ ئەوەدا کە ناوی گەلانی ئازەربایجانی و ئەرمەنی دەهێنێت، ئاماژەیەك بە کورد ناکات، بە بۆچوونی من، ئەوە سەرچاوەکانی بەردەستی ئەون ئەو خەتایە دەکەن نەك خۆی:

*"بە گوێرەی کتێبی مێژووی ئازەربایجان نووسینی حوسەینۆف و ...'لە ناو دەستە جەلالییەکاندا وەرزێرانی ئەرمەنی وئازەربایجانی شان بە شانی ئەو ڕاپەڕیوانەی وا لە تورکیاوە هاتبوون، بەشدارییان دەکرد.... سەرکەوتنی شاعەبباس لەسەر بنەمای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی دژی عوسمانیی خەڵك ...بوو. ڕاپەڕینی دژی عوسمانی ناوێکی ئەوتۆی دەرکرد کە داستانی حیماسی وقارەمانانەی شێوە ئەفسانە لە لایەن خەڵکەوە کەوتە سەر زمان، یەك لەوانە، داستانی ئازەریی کوێرئۆغڵییە.'* (١٣٧تا ١٣٩)

ئایا *'ئەو ڕاپەڕیوانەی وا لە تورکیاوە هاتبوون'*، لەو ناوچە تایبەتەدا دەژیان، لەژێر گوشار و کوشت وبڕی مرادپاشادا بوون و هاوخەباتی ئەرمەنی و ئازەربایجانی بوون، جگە لە کورد کێی دیکەن؟ ئایا هەر ئەو مرادپاشایە نەبوو ئێزەدییە کوردەکانی قەتڵی عام کرد؟ ئایا حەماسەی 'قەڵای دمدم' ی کوردان هەر لەو سەردەمە و لە ماوەی شەڕی نێوان عوسمانی و ئێراندا نەخوڵقاوە؟ بە دڵنیایی، با! تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ئەوی دواییان ڕووی لە شاعەبباسە، کە دەچووە شەڕی عوسمانییەکان. ئایا نووسەرانی مێژووی ئازەربایجان ئەو ڕاستییانە نازانن یان بە دەستەقەسد دەیانخەنە پشت گوێ؟

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ لە بۆچوونەکانی ڕەئیس نیا بکەم کە دەڵێت:

*"ئەو کوێرئۆغڵییەی وا لە چوکوراوا باسی لێ دەکرێت، لەباری زمان، پێکهاتە [ی لۆغەوی]، بینا [ی ڕێزمانەوانی] و جیهان بینییەوە، لەگەڵ کوێرئۆغڵییەك کە لە قارس لە سەر زمانی خەڵکە، جیاوازی هەیە؛ کوێرئۆغڵوی ئازەربایجانیش کوێرئۆغلویەکی دیکەیە..."* (ل. ٤٩)

---

[١٠١] . بۆ نموونە، بڕوانە: آ حسرتیان، "وضعیت کردهای ایران در سالهای دهه ١٩٣٠ میلادی"، تاریخ کردستان، ڕداکتۆرها: م. س. لازاریف و ش. م. محۆی؛ نووسینی م. س. لازاریف و ... وەگێڕانی کامران ئەمین ئاوە و مەنسوور صدقی، انتشارات فروغ، ئاڵمانیا ١٩٩٩، فەسڵی پێنجەم.

ئەو بۆچوونە دەكرێ بمانگەیێنێتە ئەنجامی ئەوەی كە دوور نییە لە بیر وباوەڕی خەڵكی گوند و شارە كوردنشینەكانی هەمان ناوچەی قارسیشدا كوێرئۆغڵییەك بوویێت و هۆگریی كورد بەو كار وكردەوەی عەداڵەتخوازانەی، لەو سەرچاوەیەوە سەری هەڵدابێت. هەر بەگشتی، گەلانی جیهان هەموویان بۆ مسۆگەربوون و جێگر كردنی بەرانبەریی و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، كەوتوونە شوێن قارەمانێك یان تەنانەت لە زیهنیاندا خوڵقاندوویانە. هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە قارەمانێك بەناوی ڕۆبین هوود لە ناوچەی نۆتینگهام و مانسفیڵدی بریتانیا ژیابێت و تەنانەت بوونی بوویێت، بەڵام خەڵكەكە ئەمڕۆش لایان وایە بووە و سەدان كتێبیان لەسەر نووسیوە و دەیان فیلم و شانۆیان لەسەر چێ كردووە. بە هەمان شێوە، دەكرێ كوردی ناوچەی قارسیش لە زیهنی خۆیاندا كوێرئۆغڵوویەكیان لە پەیوەندی كورددا ئەفراندبێت.

***

گەرچی كوردبوونی هۆزی جەلالی جێگەی گومان نییە، بەڵام من بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە سەبارەت بەوان، سەیری ئینترنێتم كرد و لەوێدا تووشی وتارێك هاتم كە كەسێك بەناوی هاشم فەرهادی نووسیویە، كە وێدەچێت خۆی لە كوردانی خۆراسان بێت. لە وتارەكەدا كوێرئۆغڵیی بە "كوردی جەلالی فیروزە" ناودێر كراوە.[١٠٢]

هەروەها گۆرانییەكی دوو هونەرمەندی مەزنی كورد نەمران "مریەم خان" و "ئایشێ شان"م دۆزییەوە كە ناوی "بابۆ كۆرئۆغڵی" یە و پەسنی ژیان و خەباتی ئەو دەدات.[١٠٣]

بە كورتی، پەیوەندی كەسایەتی كوێرئۆغڵی و ناوچەی ژیانی لەگەڵ كورد و كوردستان جێگەی سەرنج و ڕامانە و بۆ ئەوە دەبێت دوور لە هەموو دەمارگیری و دژبەرایەتییەكی زمانی و نەتەوەیی، بە هەمان ئەو سینگ فراوانییەوە كە كاك ڕەحیم ڕەئیس نیا بۆ مەسەلەكە چووە، توێژینەوەی لە سەر بكرێت. ئەم وتارەی من تەنیا دەتوانێ سەرەتایەك بێت بۆ كار و ئەركێكی زانستییانەی ئەوتۆ نەك شەڕەچەقە و من من و تۆ تۆی فەیسبووكی!

### چەند سەرچاوەیەك سەبارەت بە 'كوردبوونی جەلالییەكان'

كەم و زۆر لە هەموو كتێبە مێژووییەكانی كورددا، هۆزی جەلالی دانیشتووی ناوچەی ماكۆ و بەری ئەودیوی سنوور لە كوردستانی باكوور، بە كورد ناسراون و وەك هۆزێكی گرنگی كورد ناوبردە كراون، هەر لە مێژووی كورد و كوردستانی ئەمین زەكی بەگەوە (ب.١، ل.٣٥٢) تا مێژووی مەردوخ (ب. ١، ل.٨٦) و دەیان كتێبی دیكەی كە مێژوونووسانی

---

١٠٢. بڕوانە بەشی سەرچاوەكان لە كۆتایی وتارەكە.

١٠٣. لە هەمان بەشی سەرچاوەكاندا گوێی بۆ ڕابگرە.

کورد له ساڵانی دواتردا نووسیویانن. ژمارەی ئەو ویبلۆگە کوردی و فارسیيانەی وا نووسەرەکانیان کوردن و ئاماژە بە کورد بوونی جەلالییەکان دەکەن، گەلێك زۆرن.

بەکورتی، ئەوەی وا پەیوەندیی بە کورد و نووسەرانی کوردەوە هەیە ڕوونە و کەس نییە جەلالی بە کورد نەزانێت. ئەوە لایەنی کورد، بەڵام با بزانین غەیرە کورد چونیان ڕوانیوەتە ئەو پەیوەندییەی نێوان کورد و جەلالی و لە ڕاستیدا چۆن کورد بوونی 'جەلالی' لە لایەن مێژوونووس و خەڵکانی بیانی شارەزای ناوچەکەوە پشتڕاست کراوەتەوە. ئەوە چەند سەرچاوەی بیانی:

١. لە کتێبی 'مروج الذهب' ی مەسعوودی دا کە لە سەدەی سێزدەهەمی کۆچی نووسراوە (ب. ٣، ل. ٥٣) لیستەیەك لە ناوی ١٦ هۆزی کورد پێك هاتووە کە 'جەلالی' ژمارە دەهەمیەتی.[١٠٤]
٢. ئەسکەندەربەگی تورکمان لە کتێبی "عالم آرای عباسی" دا ناوی هەندێك لە گەورەپیاوانی جەلالی دەبات وەك 'جان فولاد' و 'کورد حەیدەر' کە ئەمیان هەزار کەسی [شەڕکەر] ی هەبووە، هەروەها قوڵی بەگی کورد بە سەد و چل کەس و کوردعەلی بە سێسەد کەسەوە (ب. ٢. لل. ٧٦٩، ٧٧٤ و ٧٩١).
٣. م. ئا حەسرەتیان دەنووسێت: *"جەلالییەکان لە بەشدارانی هەمیشەیی ڕاپەڕینی کوردان لە تورکیا بوون."*[١٠٥]

---

١٠٤. زانیاری سەبارەت بە مروج الذهب لە وتارێکی مینۆرسکی بە ناوی 'گۆران' وەرگرتووە کە هەر خۆم وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی و لەم سەرچاوەیەدا بڵاو بۆتەوە. بڕوانە: ڤلادیمیر مینۆرسکی، "مینۆرسکی و کورد - کۆمەڵەی ٦ وتار"، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپی دووهەم، دەزگای تۆێژینەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل. ١٥٥.

١٠٥. "... جلالی‌ها که عمدتا در دامنه شرقی آرارات زندگی می‌کردند از شرکت کنندگان همیشگی قیام کردها در ترکیه بودند و منطقه زیست آنها در خاك ایران برای نیروهای نظامی ترکیه نیز غیرقابل دسترس بود. دستجات سرکوب شده کرد در جنگ به این منطقه عقب نشینی کرده، سپس از طریق راه‌های کوهستانی در امتداد مرز ترکیه و ایران به زادگاه خود برمی گشتند. به همین دلیل حکومت ترکیه پس از قیام کردها در سال‌های ١٩٢٩-١٩٣٢م، به واگذار کردن دامنه‌های آرارات ایران به ترکیه و تبعید جلالی‌ها از آنجا به عمق خاك ایران اصرار می‌ورزید. در سال ١٩٣٦م، جلالی‌ها در قزوین و اصفهان اسکان داده شدند. ٤٠درصد از افراد این عشیره در نتیجه کوچ داده شدن کشته شدند و بقیه، دام‌ها و تمام دارایی خود را از دست داده، سال‌ها در نهایت تنگدستی و نکبت و نیمه گرسنگی به‌سر بردند. به این عشیره فقط پس از آنکه رضا شاه در سال ١٩٤١م، تخت سلطنت را ترك کرد اجاره بازگشت داده شد. آنها در سرزمین‌های سابق خود ساکنین جدیدی یافتند که زمین‌های مصادره شده‌شان به آنان واگذار شده بود....با زندانی شدن رهبران کردها، به تدریج تمام قدرت حکومتی به دست مامورین ایرانی افتاد. نه تنها سخن گفتن به زبان کردی، بلکه پوشیدن لباس محلی نیز چون یك حرکت غیر میهن‌پرستانه تلقی می شد. ...." م. س. لازاریف، ش. خ. محوّی، ی. ای. واسیلییەوا، م. آ. حسرتیان، او. ای. ژیگالینا؛ "تاریخ کردستان"؛ مترجمان کامران امین آوه، منصور صدقی؛ انتشارات فروغ، آلمان، ١٩٩٩، فصل پنجم، صص.

٤. ویلیام ئیگڵتن لە کتێبی "کۆماری کوردستانی ١٩٤٦" و دەوری هۆزە کوردەکان لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا دەنووسێت: " لە لای باکووری ڕۆژئاواوە کوردانی جەلالی هێرشیان بردە سەر سنوورەکانی لای خاکی یەکیەتی سۆڤیەتی و..."[١٠٦]

٥. ئارچی ڕۆزوێڵت لە وتاری "کۆماری مەهاباد" دا کاتێ باس لە 'هۆزە کوردەکانی کوێستانەکانی ڕۆژئاوای ڕەزائیە [ورمێ]' دەکات و دەڵێ بە نەبوونی دەسەلاتی حکوومەتی ئێران لە ناوچەکە، سۆڤیەتییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە هۆزەکانەوە دەگرت و دەڵێ ئەو هۆزانە بریتی بوون لە جەلالی لە باکوور، شکاك لە چیاکانی ڕۆژئاوای شاپور و هەرکی لە ڕۆژئاوای ورمێ..."[١٠٧]

٦. دەیڤید مەکداول لە کتێبی "مێژوویەکی هاوچەرخی کورد" دا (فەسڵی ١٢)، کاتێ باس لە بارودۆخی کوردی ئێران لە ساڵانی دەوروبەری کۆدیتای گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣ز) دەکات دەڵێ: "... لە ڕوانگەی ئینگلیزەکانەوە کوردانی جەلالی لە باکوور [ی ئێران] لایەنگرییان لە دەست درێژیی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ سەر ئێران دەکرد..."[١٠٨]

٧. ئەنسیکلۆپیدیای 'ایرانیکا' کە بە زمانی فارسی لە ئەمریکا دەردەچێت، لە ژێر ناوی 'جەلالی' دا بابەتێکی دوو لاپەڕەیی نووسیوە کە ئەوە عینوانەکەیەتی: "جەلالی – هۆزێکی کوردی ئەناتۆلیی ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژئاوای ئێران". نووسەری وتارەکە، 'پیەر ئۆبرلینگ' لە زمان 'باسیل نیکی تین' ەوە دەنووسێت "جەلالییەکان ئەرمەنیی بە کورد کراون".[١٠٩]

٨. ویکی پیدیای فارسی (دانشنامە آزاد) لە سەر ئینترنێت دەنووسێت: *"جەلالی" ناوی یەك لە عێلە کوردەکانی ئێرانە لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و شاری ماکۆ، چاڵدران و خۆی. زمانی قسەکردنی عێلەکە کوردی کرمانجییە...."*

من لەوە زیاتر پێویست بە بەڵگە هێنانەوە لەمەڕ پەیوەندی جەلالی و کورد نابینم، گەرچی گەلێك سەرچاوەی بێگانەی دیکەش هەن و دەکرێ پشتیان لێرەدا ڕابگوێزرێن. بەڵام هەر لە باسی کوێرئۆغلی و کوردبوونیدا بابەتێکی فارسیم لە سەر وێبلۆگی 'کرمانجستان' ی ئینترنێت

---

[١٠٦] . ویلیام ایگلتون جونیر، "جمهوری ١٩٤٦ کردستان"، ترجمه سید محمد صمدی، ناشر؟، سال؟ محل؟، ص. ٣٦

[١٠٧] . آرچی روزولت (پسر)، "جمهوری مهاباد"، ضمیمه کتاب درك کینان، "کردها و کردستان"، ترجمه ابراهیم یونست، موسسه انتشاراتی نگاه، تهران، ١٣٧٢، ص. ١٧٦.

[108] . David McDowall, “A Modern History of The Kurds”, I B Tauris, London, 1996, P. 252

[109] . Jalali, in Encyclopaedia Iranica,

بینی کە تێیدا "روشن جلالی ناسراو بە کوێرئۆغلی (کوراوغلو) بە کوردی جەلالی فیروزە" ناسێنرا بوو. وێدەچێت کوردانی خۆراسان کە چوار سەدەیەك پێش ئێستا لە هەمان ناوچەکانی ژیانی جەلالییەکان لە عوسمانییەوە هاتوونەتە ئێران و بە لوتفی شاهانی سەفەوی تا قاجار شاربەدەری خۆراسان کراون، بایەخی زۆر بە کوێرئۆغلی بدەن و بە هی خۆیانی بزانن.[١١٠]

بە داخەوە من کتێبی جێگەی باسی ئەو وتارەم نەتوانی بدۆزمەوە؛ ئەو وتارە کورتەش کە سەبارەت بە کوێرئۆغڵی نووسراوە تەنیا ئەوەندەی گوتووە کە کوێرئۆغلی لە کوردانی جەلالی فیروزە بووە بەڵام شیعرەکانی بە تورکی هێناوەتەوە.

لە ماڵپەڕێکی دیکەی فارسیدا هەندێك کتێبی سەبارەت بە کوێرئۆغڵی ناسێنراون کە وێنە و پێچ و کڵاوی کوێرئۆغڵی لەوێدا کوردییە. هەر لەوێشدا ئاماژە بە کتێبێك کراوە کە عینوانەکەی بریتییە لە 'کوێرئۆغڵی لە ئەدەبیاتی گەلاندا'. وێدەچێت زانیارییەکان لە لایەن کوردانی خۆراسانەوە گردوکۆ کرابێتن[١١١].

## کوێرئۆغلی لە مۆسیقای کوردیدا

نەمران مریەم خان (١٩٤٩ – ١٩٠٤) و ئایشێ شان (١٩٩٦ – ١٩٣٨) بەندی 'بابۆ کوێرئۆغلی' یا 'باڤێ کوێرئۆغڵی' یان بە دەنگی خۆشی خۆیان تۆمار کردووە. ئەوە گۆرانیی 'بابۆ کوێرئۆغلی' یە بە دەنگی نەمر'مریەم خان' و عوودی نەمر 'محەممەد عارف جزیری' لە سەر یوتیووب هەیە.[١١٢]

هەمان بەند لە سەر ساوند کڵاود:

Babo Kwer-ughli.ram

نەمر ئایشێ شانیش هەمان بەندی مریەم خانی گوتۆتەوە.

---

[١١٠] http://www.ellahmezar.ir/?p=2569#more-2569

[111] http://www.adinehbook.com/gp/search/406-1394051-3572685?search-alias=books&chooser-sort=relevancerank&fieldkeywords=%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%A7%D9%88%D8%BA%D9%84%D9%88&Go.x=0&Go.y=0

[١١٢] https://www.youtube.com/watch?v=dYI5f1uf1as

برای بەڕێزم کاکشار، لە سەر تکای من، شیعری گۆرانییەکەی ئایشێ شانی نووسیوەتەوە و بۆی ناردووم کە لە خوارەوەدا دەیخەمە بەرچاوتان و سپاسی گەلێك زۆری کاکشاریش دەکەم:

Le hêêê…
Eezê bi diyarî Mûşa şewitî ketim lê nêvî(nava) dara
Wezê bi diyarî Mûşa şewitî ketim nêvî dara
De bejna bavê Koroxlî fena darçinara
Yadê rebenê vê sibekê telxirafek hatî
Ji Bavê Koroxlî nizanim çima?
Minê xeberkê girtî Bavê Şûkrî ji li kozika bilind
Bi sê gulê darê Modelî ye birîndar e
Ax de wey babo, wey babo, wey babo....
Tu gula mala Emer î, tu beranê mala Temer î
Tu dewleta ber destkê Alî Osmanî(3)
Wey de bavo, ay de bavo, ay de bavo

Le hêêê...
Perîxanê bi sê denga dikir gazî, digo:
Xwekê korê, serê min û te bi qûr(kur) bî
De wexta şerê li Babê Koroxlî diqewimî
Fena siwarê Motka(4) li ser darê têlê bi xwe disekinî
Wey bavo(babo), ay de bavo, ay de bavo

١٠/٠٢/ ٢٠١٥

ئەم بابەتە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوکراوەتەوە.

# سەرەتا بۆ کتێبی چوار کەسایەتی بە ڕەچەڵەک کورد

لە مێژوودا، کەم نین خەڵکی ئەو وڵاتانەی وا شانازی بە قارەمانێکی نەتەوەیی خۆیانەوە دەکەن لەکاتێکدا خەڵکی وڵاتانی دراوسێ هەمان ئەو کەسە بە تاڵانکەر و مرۆڤکوژ دەناسن. چەنگیزخان سەرداری مەغول لە سەدەکانی ١٢ و ١٣دا، دەتوانێ نموونەیەکی باشی ئەو دیاردە جیهانییە بێت. لەکاتێکدا هەموو میللەتانی ناوچەی ئێمە سوپای مەغول و چەنگیزی سەرداریان بە داگیرکەر و وێرانکەر و خوێنڕێژ دەناسن، ڕاست بە پێچەوانە، لە وڵاتی مەغولستاندا دەیان پەیکەری شانازیی بۆ چێ کراوە و خەڵکەکەی تا ئەمڕۆش بەوپەڕی ڕێزەوە سەیری مێژووی سەردەمی ئەو و کەسایەتییەکەی خۆی وەك قارەمانێکی کەم وێنەی نەتەوەیی دەکەن. سوڵتان مەحموودی غەزنەوی کە لە سەدەی یازدەهەمدا شای ئێران بوو، لای ئێرانییەکان شایەکی ئێراندۆستی بەجەربەزە، بەڵام لای هیندییەکان تاوانبار و تاڵانکەرێکی کەم وێنەیە– مەحموود لە ماوەی دەوروبەری ٢٧ ساڵ شاهیەتی خۆیدا ١٦ جار لەشکری کێشایە سەر هیندوستان و هەرچی گەنج و جەواهیری ناو پەرستگاکان بوو، بە تاڵان هێنایە ئێران بە شێوەیەك کە خۆی و دەست وپێوەندەکانی تا بینەقاقا لە ئاڵتووندا نقوم بوون؛ تەنانەت 'عەسجودی'[113] و 'عونسوری'، دوو شاعیری دەربارەکەی کە سڵاواتیان لە دیداری لێدەدا، عەسجودی کاتێ لە ماڵ دەهاتە دەرەوە ٤٠ غوڵامی پشتێن زێڕین، دەست لەسەر سینگ و خەنجێر لەبەر کەمەر، بەدوایدا دەڕۆیشتن و عونسوری کەرەسەی مۆبەقی ماڵەکەشی لە ئاڵتوونی هیندییەکان دروست کردبوو[114].

بەردنووسی بێستوون لە باکووری کرماشان، وەك گەورەترین بەردنووسی ناسراوی جیهان، دەتوانێت پیشانگەیەکی باش بێت بۆ کۆبوونەوەی هەردوك ئەو بۆچوونانە لە یەك شوێن.

---

[113] عەسجودی مەروەزی، (سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی)، شاعیری دەرباری سوڵتان مەحموود و مەسعوودی غەزنەوی.

[114] "بە دە بیت، صد بدرە و بردە یافت    ز یك فتح هندوستان عنصری
شنیدم کە از نقرە زد دیگدان    ز زر ساخت آلات خوان عنصری..." (خاقانی شروانی)
تەنیا بەگوتنی فەردێك شیعر سەبارەت بە یەك 'فەتح!'ی [شا] لە هیندوستان، سەد کیسە ئاڵتوون و سەد کۆیلە خەڵاتی عونسوری دەکرا و تەنانەت بیستوومە قاپ و قاچاغی ماڵەکەی لە زێو و کەرەسەی سفرەی خوانەکەی لە ئاڵتوون دروست دەکرد! عونسوری بەڵخیش لەهەمان دوو سەدەدا ژیاوە.

لەکاتێکدا نەتەوەییە ئێرانییەکان بە پشت بەستن بەو بەردنووسە، شانازییەکی بێ سنوور بە داریوشی یەکەم، شای هەخامەنیشی (سەدەی پێنجەمی پێش زایین) و کردەوەکانی لە پێناو داگیر کردنی وڵاتانێکی زۆر و پەرەپێدانی ئیمپراتۆریەتی ئێران دەکەن و سیفەتی 'مەزن'ی پێدەدەن، کەم نین ئەو کەسانەی کە بەردنووسەکە وەك بەڵگەیەکی تاوان و دەستدرێژیی ئەو شایە بۆ سەر خەڵکی ماد و عیلام و بابیل و ئاشوور و سەکا و ئەرمەن و یۆنان و بەڵخ و خوارەزم و ٢٢ وڵاتی دیکە سەیر دەکەن و دەڵێن لە زوربەی فتووحاتیدا، داری بە سەر بەردی وڵاتانەوە نەهێشتووە و لە بەردنووسەکەی بێستوونیشدا بە شانازییەوە گوتوویەتی "پێستی حاکم و دەسەڵاتدارانی ئەوانی لەبەر داماڵیون".[١١٥]

بەڵام مێژوو پێچەوانەی ئەو حاڵەتەی گەلێك زیاتر تۆمار کردووە. هەر لە پاڵەوان و کەسایەتی ئوستوورەیی و ئەفسانەیی و شاهانەوە تا هونەرمەند و شاعیری جێگەی رێز و تەنانەت خودا و پێغەمبەر و رێبەری ئایینیش زۆرێك هەن کە بوونەتە نەزەرگە و جێگەی شانازیی و وەخۆگرتنی هاوبەشی چەندەها کۆمەڵگا و خەڵك و نەتەوەی جیاواز لە پانتاییەکی جوغرافیایی بەریندا: خودایانی وەك میترا و ئاناهیتا لە هیندەوە تا ئێران و کوردستان و نێوچۆمان و ئاسیای بچووك و بەشێك لە ئوروپا پەیڕەو و لایەنگر و پەرستێنەریان هەبوو و بە ناوی جیاوازەوە دەیانپەرستن. زەردەشت تەنیا پێغەمبەری دانیشتوانی سەر گۆلی ورمێ نەبوو بەڵکوو لە ئاسیای ناوەندییەوە تا نێوچۆمان خەڵکی جیاجیا کەتبوونە شوێن بانگەوازەکانی کە وەڵامێکی تازەی بۆ پرسیارە هەمیشەییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ژیان و مەرگ و چارەنووسی دوارۆژی ئینسان پێبوو. هەموو ئەو خەڵکانە میترا و ئاناهیتا و زەردەشتیان بە هی خۆیان زانیوە و بۆ نموونە کەس نەیگوتووە لەبەر ئەوەی منی کورد میترایی یان زەردەشتیم، نابێ قەومییەتەکانی دیکە خۆیان بە پەیڕەو و لایەنگری ئەو ڕوخسارە ئایینیانە بزانن.

نموونەی گەلێك بەرچاوتر لە ئوستووورە یۆنانییەکاندایە کە بە ناوی خۆجێ ییەوە کەم و زۆر لە ناو ئەفسانە و ئایین و ئوستوورەی زۆرێك لە قەومییەت و خەڵکانی جیهانی کۆندا ڕەنگیان داوەتەوە و تایبەتمەندی و ناوی شوێنی جیاجیایان پێدراوە، بێ ئەوەی باسێك لە بنەما یۆنانییەکەیان بێتە گۆڕێ. لە ئوستوورەی یۆنانیدا، پرۆمتە[١١٦] مرۆڤی لە گڵە سوورە دروست کرد، ئینجا زێئوس[١١٧] ژیانی پێ بەخشی و بە پرۆمتەی گوت شتی پێویستیان فێر بکە، ئەویش

[١١٥] بڕوانە وەرگێڕاوی ئینگلیزی و فارسیی بەردنووسەکە، کە بۆ تۆمارکردنی فتووحاتی ئەو و بە فەرمانی ئەو نووسراوە.

[116] Prometheus

[117] Zeus

قسە کردن و ناوی شتەکان و خوێندن و نووسینی فێری مرۆڤ کرد.[118] ئێستا با سەیرێکی باوەڕی مووسایی و ئیسلامی بکەین کە تێیدا، 'الله' بۆتە جێگری پرۆمتە و کەسێکە جیهان و مرۆڤی لە قوڕ (واتە خاك و ئاو) خوڵقاندوە[119] و "علمه البيان"[120] و "علم آدم الاسماء كلها"[121] واتە [خودا] قسەکردن و ناوی هەموو شتەکانی فێری ئادەم [مرۆڤ] کرد.

گەلێك ئەفسانە و ڕیوایەتی ئیماندارانی سێ ئایینی یەهوود و عیسایی و ئیسلامی بە جیاوازیی یەکجار کەمەوە لە ئوستوورەکانی یۆنانی وەرگیراون، بێ ئەوەی کەسێکی یۆنانی پێی ناخۆش بێت، دژیان بوەستێت و ڕەخنەیان لێبگرێت، ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش، بێ ئەوەی تەنانەت ئاماژەیەك بە سەرچاوەی یۆنانی ئەو باوەڕ و ئوسوولە بکەن، هەموویان داوەتە پاڵ 'الله' و پێغەمبەرەکانی خۆیان.

بەهەشت و جەهەننەم و ئەشکەنجەکانی ناو دۆزەخ، ئەفسانەی ئاوی حەیات و مار لە ناو ئوستوورە یۆنانییەکاندا بە زەقی دەبینرێن، شەیتانی مەخلووقی خودا کۆپییەکی پاندۆرایە[122] و گەمیی نووح هەمان تایبەتمەندیی گەمیی دیئوکالیۆن[123]ی ئەوانی هەیە، قوربانیکردنی بەران لەجیاتی ئیسماعیلی مووسایی و موسوڵمانەکان لە ئاتاماس[124] و نێفێلە[125]ی یۆنانییەکان وەرگیراوە و تەنانەت سێ "ملائك مقرب" واتە جبرەئیل و میکائیل و عیزرائیلی موسوڵمانان هاوشێوەی سێ خوشکی سەردەمی' ئاپۆلۆن'[126]ن کە ڕیسی تەمەنی خەڵکیان دەڕست. زوربەی ئەوانە، بە ئەگەری زۆر، دوای دروستبوونی کۆلۆنیی ئەسکەندەرییەی خوارووی میسر لە لایەن یۆنانییەکانەوە، هاوڕێ لەگەڵ فەلسەفە و عەقلانییەتی ڕۆژئاوایی گەیشتۆتە ناوچەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

هاوشێوەبوونی باوەڕەکان تەنیا لە بواری ئاییندا نییە. وێچوویەکی زۆر لە نێوان ئوستوورە یۆنانییەکان و ئەفسانەی پاڵەوانییەکانی گەلانی ناوچەی ئێمەدا هەیە. زۆرێك لە قارەمانی و ئازایەتییەکانی ڕۆستەم و حەوت خوان و کوشتنی دێوی سپی و جەنگەڵی مازەندەران هەمان

---

118 Rojer Lancaelyn Green, “Tales of the Greek Heroes”, Puffin Publications, UK 2010.

زوربەی زۆری ئەو ناوە یۆنانیانە لە کتێبی سەرەوە وەرگیراون.

١١٩ ولقد خلقنا الإنسان من سلالة من طين (قورئان، سوورەی المو‌ءمنوون)

١٢٠ سورة الرحمن

١٢١ سورة البقرة

122 Pandora
123 Deucalion
124 Athamas
125 Nephele
126 Apolon

ئەو هەوالانەن وا پێشتر یۆنانییەکان سەبارەت بە هێرکول[١٢٧] و خوداکانی دیکەیان گێڕاویانەتەوە. 'زەحاك' و دوو ماری سەرشانی لە ناو شانامە و ئەفسانەی جەژنی نەورۆزی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا، وێچووی مینوتۆر[١٢٨]ی نیوە مرۆڤ و نیوە کەڵی یۆنانییەکانە، کە ساڵی حەوت کور و حەوت کچی عازەبیان بە دیاری بۆ دەنارد بۆئەوەی بیانخوات. کڵاوی نەسیمی عەییاری ناو کتێبی ئەسکەندەرنامەی فارسی، کە کراوەتە کوردیش و بەهۆی کڵاوی سەریەوە باس لە خۆ لەبەرچاو وون کردنی نەسیم دەکات، هاوشێوەی کڵاوی هەیدس[١٢٩]ی ئوستوورەیی یۆنانە، کە لە پێستی سەگ دروستکرابوو و هەرکەس بیکردایەتە سەری لەبەرچاوی خەڵك وون دەبوو!

هاوشێوەیی ئوستووره یۆنانییەکان لە گەلێك بەیت وباو و ئەفسانە و حیکایەتی گوێی ئاگردانی کوردیشدا دەبینرێت و تەنیا سەرنجی وورد و بەراوردکارییان پێویستە بۆ ئەوەی بزانین هیراکلیوس سێ کوڕی خۆی بە دەستی خۆی دەکووژێت و لە ئەنجامدا تووشی خەمۆکی دەبێت، کە ئەگەر ئەوە لای بەیتی سەیدەوان و نێچیروان و مەلکەوانی کوردی دابنێین و وێچوویی حاڵەتی دەروونیی عەبدولعەزیزی داسنی دوای کوشتنی منداڵەکانی هەست پێدەکەین. تەنانەت هێرمس[١٣٠] ی ناو ئوستووره یۆنانییەکان بۆ ئەوەی دریۆپە[١٣١] ڕازی بکات ببێت بە هاوسەری، دەچێت و بەرگی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە شوان؛ ئێمە لە حیکایەتی تیتل و بیبلی کوردیشدا هەمانە کە گورگ دەچێت و بەرگی خۆی دەگۆڕێت (لێرەدا، ڕەنگی دەکات) بۆ ئەوەی تیتل و بیبل لە نەبوونی بزنۆکەدا، دەرگای ماڵی خۆیانی لێ بکەنەوە.

ئەگەر کەسێك لە حیکایەتی شەڕی ترۆوا[١٣٢]وەك بەشێك لە ئوستوورەی یۆنان وورد بێتەوە، ڕووبەڕووی چەند ڕووداو یان کەسایەتی هاوشێوەی داستانە قارەمانییەکانی ناوچەی ئێمە دەبێتەوە: هێراکلسی پاڵەوان هاوسەرەکەی ناوی دایە نایره بوو[١٣٣] ئەو سیفەتی "دایە"یە بۆ ژنانی ڕێبەر لە ئایینی یارساندا گەلێك سەرنجڕاکێشە و گەرچی دەکرێ واتای دایکی هەبێت؛ بەڵام دەشکرێ ڕاستەوخۆ هاوشێوەی ئەفسانە یونانییەکە، بەشێك بێت لە ناوەکەیان: دایە ڕێزوار، دایە خەزانی، دایە تەوریزی هەورامی و....

---

[127] Hercules

[128] Minotaur

[129] Hades

[130] Hermes

**[131]** Dryope

[132] Troy, Trojan

داستانی ئەو شەڕە لە کتێبی ئیلیادی هومێر دا هاتووە. هومێر لە سەدەی نۆهەمی پێش زاییندا ژیاوە.

[133] Deianira

لە هەمان چیرۆکدا، بەرانبەر بە خزمەتێك کە هێراکلس بە لاومەدۆن شا[١٣٤]ی کردبوو، دەبوایە دوو ئەسپی جادوویی بە خەڵات بدرێتێ کە وەك با دەفڕین و لە دەشت و دەریا تێپەڕ دەبوون، بەڵام شا بە قەولی خۆی وەفای نەکرد و دوو ئەسپی ئاسایی بۆ نارد. ئەو ئەسپە جادووییانە هاتوونەتە ناو گەلێك داستان و ئەفسانەی ئایینی و پاڵەوانیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە، کە دوڵدوڵی پێغەمبەری ئیسلام، ڕەخشی ڕۆستەم و "قیرئات"ی کوێرئۆغلی تەنیا سێ نموونەین. هەر لەو چیرۆکە حەماسییەی شەڕی تڕۆوادا هاوسەری تێلامن[١٣٥] لە سالامیس[١٣٦] کوڕێکی بوو کە ناویان نا ئەیاس (ئاژاکس[١٣٧]). ئەو ناوە گەلێك هاوشێوەی 'هەیاسی خاس'ی ناو چیرۆکە کوردییەکان و 'ئەیاز'ی خۆشەویستی سوڵتان مەحموود و 'ئەیوەز'ی زڕکوڕی 'کوێر ئۆغلی'یە[١٣٨]

بە گشتی، هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانە، هەرچەندە خەڵکەکەی لەخۆبایی و ڕەگەزپەرستیش بن، لە خەڵکی وڵاتانی دەوروبەری خۆیان بێ نیاز و دابڕاو نین. سنووری جوگرافیایی وەك چیا و ڕووبار، دیاردەی سروشتین و واهەیە لە ماوەی تەمەنی نەسلێك و دواندا گۆڕانی بەرچاویان بەسەردا نەیەت. بەڵام سنووری سیاسی دەسکردی مرۆڤ و سیاسەتوانانی وڵاتانی جیهانە و لە بارودۆخی سیاسی و جوگرافیایی جیاوازدا دەگۆڕێت؛ وڵاتێك گەورە دەبێتەوە و یەکی دیکە دەپووچێتەوە. هەربۆیەش، گۆڕانی هەڵوێست و خواست و ئیرادەی مرۆڤ لەسەر بنەمای گۆڕانکاریی سیاسەتی ئەم یان ئەو سیاسەتوان، کارێکی عاقڵانە نییە. سیاسەت دەتوانێ شەڕی ڤیەتنام، شەڕی سی ساڵە و سەدساڵەی ئورووپاییەکان لەگەڵ یەکتر، شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، یاخود شەڕی ئێران و عیراق لە نێوان کەسانێکدا پێك بهێنێت کە بە شێوەی سروشتی دۆست و هاو سنوور و هاو چارەنووسی یەکترن؛ بە پێچەوانە، دەشکرێ خەڵکی هەردووبەری سنوورەکان لە ئاشتی و دۆستایەتیدا بژین، بە یەك ڕادە چێژ لە ژیانیان وەربگرن و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبێت- وەك ئەوەی کە ئێستا لە یەکیەتی ئورووپادا دەبینین. ئەمڕۆ نزیکترین پەیوەندی لە نێوان ئاڵمانیای داگیرکەر و فەڕانسای داکۆکیکاری شەست ساڵ پێش ئێستادا هەیە؛ یا ئەو سەربازە عیراقییانەی وا لە سەردەمی بەعسدا دەچوونە شەڕەجەنگی سپای پاسداران و بەسیجی ئێرانی، ئەمڕۆ لە ڕیزەکانی 'حەشدی شەعبی' و 'کتائب اهل الحق'دا

---

[134] King Laomedon
[135] Telamon
[136] Salamis
[137] Ajax
[١٣٨] "ئەیوەز گەلیپ، چاتمیونجا یاتمارام"، هەتا ئەیوەز نەیەت و نەگاتە ئێرە ناخەوم- بەشێك لە چیرۆکی تورکی ئازەربایجانی کوێرئۆغلی.

سڵاوات لە دیداری خامنەیی لێدەدەن! ئەمڕۆ چیتر ئەمریکا بۆ سیاسەتوانانی چین ئەو "بەبری کاغەزی'یەی سەردەمی مائۆ نەماوە بەڵام بە 'هواوی' و 'تیك تۆك' و 'ڤی چات'، و بێ تەقاندنی گولـلەیەك، چۆکیان بە ترامپ داداوە!

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە هەواڵ و زانیاری لە دەیان ڕێگای جیاوازەوە دەگاتە دەست مرۆڤ، دەبێ عەقڵانییەت و مرۆڤدۆستی و یاساکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و سروشت پێوەری هەڵسەنگاندنی هەواڵەکان بن نەك دەمارگیریی تایفی، حزبی، ئایینی و قەومی یان نەتەوەیی کە کەرەسەن بۆ جیایی خستنە ناو کۆمەڵگاکانی مرۆڤ. دیواری سەر سنووری ئەمریکا لەگەڵ مەکزیك و دیواری سەر سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا و ئێران لە خزمەت بەرژەوەندییەکی بەرتەسکی ڕەگەزپەرستانەدان و هەرگیز ناتوانن سەرکەوتووبن- وەك دیواری چین نەیتوانی بەرگر بێت لە گەلی مەغولی دراوسێیان و تەنیا گیانی هەزاران مرۆڤ و بودجەیەکی زەبەلاحی ولاتەکەی تێدا بەفیڕۆچوو.

ناوچەی ژیانی ئێمە ئێستا بە بارودۆخێکی نالەباردا تێپەڕ دەبێت. ئاگری شەڕ و دوژمنایەتی گەلان و ئێتنیکەکان لە پەرەسەندندایە. شەڕ لە سووریا بێداد دەرکات، حکوومەت لە لوبناندا لە گرێژەنە چووە، ئێران دووگیانە بە زۆر ڕووداوی دواڕۆژ، تورکیا پلان و بەرنامەی زۆری بۆ دوای ساڵی ٢٠٢٣ داناوە کە سەدساڵەی پەیمانی لۆزان کۆتایی دێت. هێمنایەتی هەرێم و بەگشتی باشووری کوردستان لە مەترسیدایە و هەرسێ گورگەکە لمۆزیان لێ هێناوەتە پێشەوە. شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان سەریهەڵداوەتەوە، لە ئازەربایجانی ئێران گرژی کەوتۆتە پەیوەندییەکانی نێوان دوو گەلی کورد و ئازەربایجانییەوە و هاوخەباتی و هاوسەنگەرییەکەی ساڵانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان شوێنی خۆی داوە بەوەی ئازەرییەکان دروشمی "مردن بۆ کورد" بەرزبکەنەوە و و هەندێك دەستی چەپەڵیش لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوور هەوڵی خۆشکردنی ئاگری دوژمنایەتی نێوانیان دەدەن. ئەو بارودۆخە پڕمەترسییە خوازیاری عەقڵانییەتێکی قووڵی سیاسی و دووربینی لەهەردوولاوەیە؛ کێشەی تورکیا و سووریا هێنانە ناو ئێرانەوە لە بەرژەوەندیی ئەو دوو دراوسێ مێژووییەدا نییە، کە ماوەی سەدە و ساڵانێکی زۆرە نەك هەر لە شارەکان، بەڵکوو لە زۆر گوندی ناوچەکەشدا دراوسێ و هاوماڵ و هاوبەرژەوەندیی یەکترن. ئێستا چەند ئێزگەی تەلەفیزیۆنی و سایتی ئینترنێتی و حزبی بێ مەسئولیەت لە دەرەوەی ولاتەوە خەریکن دۆستایەتی و هاوماڵییەکە تێکدەدەن و دەیکەن بە ناتەبایی و دژایەتی و شەڕ و خوێنڕشتنیش زۆر دوور نابینرێت.

نە، گۆڕینی ناوی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ ئوستانی ورمێ و نە دروستکردنی نەخشەی جوغرافیایی بەو ئامانجە لە لایەن بەشێك لە کوردەوە کارێکی دروستە و نە ناوهێنانی

کورد بە تیرۆریست و میوان لە لایەن هەندێك لایەنی ئازەربایجانییەوە لەجێی خۆیدایە. کورد لە تورکیای کەماڵی بە ئەشقیا ناوی لێدەبرا و ئێستا لە سیاسەتی ئەردۆغانیدا لەفزی ئەشقیا جێی خۆی داوە بە واژەی 'تیرۆریست' و کەس نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چلۆن دەبێ گەلێك کە نزیك بە سەدا بیستی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن هەموویان تیرۆریست بن و بەو سیفەتەوە ناو ببرێن. ئەگەر سیفەتەکە لەوێ بێنەما و بێ مەنتیق بێت، هێنانی دروشمەکە بۆ ناو ئێران و دووپات کردنەوەی لە تەورێز و ورمێ دەرحەق بە کوردی ئێران، لەکاتێکدا نە شەڕێك لە نێوانیاندا ڕوویداوە و نە هەرایەك لە شوێنێك سەریهەڵداوە، چ مەنتیقێکی تێدابێت و چ ناوێکی لێ دەنرێت!

کورد و تورکی ئازەربایجانی لە ناوچەکە مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە؛ نەك هەر لە سەردەمی مادی بچووکەوە بەڵکوو پێش ئەوانیش لە سەردەمیماننا و ئورارتووە- کە گردی حەسەنلوو و ئیزیرتوی قەڵایچی دوو نموونەی ئەو هاوماڵییەن. جا ئەگەر دۆستی و دراوسێیەتی لە هەندێ بڕگەی وەك سەردەمی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی و سمایل ئاغای سمکۆ و شەڕی نەغەدە و کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان و سەوزی و سەرچناری چۆمی مەجیدخانیش تووشی نسکۆ هاتبێت، ئەسڵی دراوسێیەتی و هاوبەشایەتییەکە وەك خۆی ماوەتەوە و لە زەمینی واقیعدا ئەندامانی هەردوو گەلەکە لەگەڵ یەکدا دەژین، لە کاری کشتوکاڵ و بازرگانیدا هاوبەشی یەکتر و لە شار و گوندەکانی نەك هەر ئوستانی ئازەربایجان بەڵکوو ئوستانی کوردستان، کرماشان، هەمەدان و خۆراسانیش ئەگەر هاوماڵ نەبن هاوسێ و هاوکار و هاوبەشی یەکترن، ژنخوازییان لەنێودایە و خزم و کەسوکاری یەکترین.

دیارە لە مێژوویەکی چەندهەزارساڵەی پێکەو ژیاندا هەموو شتێك بە ئاشتی و هێمنایەتی نەچۆتە سەر و هەردوو گەلەکەمان لە هەندێك بڕگەدا کاری نەشیاویان دژ بە یەکتر کردووە و دەکرێ کەس و لایەنی شەڕخواز لەهەردوو بەرەوە دەست بنێنە سەر هەندێك خاڵی ناتەبایی وەك کۆچی ملیۆنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە بۆ ناوچەی ئاناتۆلی و و ئاسیمیلە بوونی کوردی قەرەباغ لە کۆماری ئازەربایجان، یان شەڕی میاندواو و بناوی سەردەمی شیخ عوبەیدیللا و شەڕێك کە لە کەرکووك دژ بە تورکمانەکان هەڵایسا. بەڵام ئەوانە دەتوانن قەترەیەك بن لە دەریای سەدەوساڵانی پێکەوە ژیانی میللەتەکانمان و لە بەرژەوەندیی نەوەکانی داهاتووی هەردوولادا دەبێ جێی خۆیان بدەن بە بیرەوەیی شیرینی هاوکاری و هاوخەباتیی ڕابردوو.

ئێمە لە زۆر وێستگەی مێژوویدا دەگەینەوە یەکتر: 'نیزامی گەنجەیی' دەکرێ جێگەی شانازیی کوردیش بێت (کە دایکی کورد بووە)، ئازەربایجانیش (کە خەڵکی شاری گەنجەی

ئازەربایجان بووە) و فارسیش (کە بە فارسی شیعری گوتووە)، تەنانەت دەتوانێ جێگەی شانازی بێت بۆ هەموو خەڵکی جیهانیش وەك چۆن لە یونسکۆدا بە میراتی فەرهەنگی جیهانی ناسراوە. شانازیکردنی گەلی تورکی ئازەربایجان بە 'بابەکی خورڕەمدین'یش بە هەمان شێوە دەکرێ نماد و سیمبولێك بێت بۆ "هوییەت خوازی" لە ئازەربایجان و لە عەینی کاتدا شانازییەك بێت بۆ کورد و هەموو گەلانی فلاتی ئێران کە وەك قارەمانێکی ڕزگاریخواز و خەباتکارێکی دژی داگیرکەر سەیری دەکەن.

کاتێ کە هەستی خەلك لە ناوچەیەکی جوغرافیاییدا بەرانبەر بە چەوساندنەوە و چەوسێنەر، هاوشێوە و هاوتەریب و هاوکاتە، دەکرێ ئەفسانە و داستان و ڕیوایەتیش سەبارەت بە ڕووداوەکان هاوشێوە بن. ئەودەمەی وا نەمر سەمەدی بیهرەنگی لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ ی هەتاوی (١٩٦٨ و ٦٩ ی زایینی)دا حیکایەتێکی گوێی ئاگردانی ئازەربایجانی تەرجەمەی فارسی کرد و بە سەردێڕی 'بی نام' واتە 'بێ ناو'، لە یەك لە ژمارەکانی گۆڤاری 'خوشە'ی ئەحمەدی شاملوودا بڵاوی کردەوە، من گەلێکم پێ سەیر بوو لەبەر ئەوەی هەمان چیرۆك بە هەمان ڕووداوەکانیەوەم پێشتر لە سەردەمی منداڵیدا بە کوردی و بە ناوی 'حیکایەتی کەشکەك' دەیان جار لە زمانی دایکم بیستبوو و ببوومە ئۆگری. چیرۆکەکە باس لە وریایی و ژیری ژنێك و ساویلکەیی مێردەکەی دەکات و ئەو ڕووداوانەی وا لە درێژەیدا بەسەر پیاوەکە دێت. ئەوانە بۆ کۆمەڵگای نەریتیی دیاردەیەکی نامۆیە لەبەر ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەمیشە پیاو بووە فێڵ و تەڵەکەی لە ژن کردووە و پێچەوانەکەی کەمتر بینراوە، هەربۆیەش بۆ بیسەر سەرنجڕاکێشە، جا ئەو بیسەرە کورد بێت یان ئازەربایجانی یاخود ئێرانی و عەرەب و... گێڕانەوەشی بە هەرزمانێك بێت، هەر شیرینە- دیارە وەك هەموو فۆلکلۆرێکی دیکەش نە دانەرەکەی دەزانرێ کێ بووە و نە سەردەمەکەی و نە جوغرافیاکەی دەتوانرێ دەست نیشان بکرێت، نە دەشزانرێت سەرەتا هی چ قەومێك و نەتەوەیەك بووە، گرنگ ئەوەیە بیسەر لە زمان دایکی خۆیەوە و بە زمانی نەتەوەیی خۆی دەیبیسێت، جا 'توارد'[١٣٩] بێت یان 'اقتباس' بۆ خوێنەر و بیسەر جیاوازیی نابێت، هیچ دیواری چینێك لە نێوان بیر و هزری مرۆڤدا نەکێشراوە! دیاردە و ڕووداوی هاوبەشی نێوان میللەتان ڕەنگدانەوەی هاوبەشی دەبێت و من هیچ بەدووری نازانم چیرۆکێکی هاوشێوەی بێ ناو و کەشکەك لە ناو عەرەب و ئێرانی و تەنانەت گەلانی ئوروپاییشدا هەبێت؛ ئەوە ڕازاوەیی نەقڵ و حیکایەتەکان و سەرکەوتوویی

---

[١٣٩] تەوارود بریتییە لە بیر و بۆچوونێکی هاوبەش یان هاوشێوە کە بە زەینی دوو هونەرمەند دا دێت، بێ ئەوەی یەکتر بناسن و لە یەکتری وەربگرن و بیدزن، توارد لە 'سرقات' ادبی جیاوازە..

ویژەر و دانەرەکانیان؛ چیرۆك و ڕۆمانی ئەمڕۆش لە ڕاستیدا ڕۆژەڤکراوی هەر ئەو حیکایەتە خەیاڵاوییانەن کە مێشکی نووسەرانی هونەرمەند دەیانخوڵقێنن.

بە گشتی، کاتێ دوو گەلی دراوسێ و هاوچارەنووس پێکەوە لە جوغرافیایەکدا دەژین و بە یەك شێوە لە لایەن حکوومەتەکانیانەوە دەچەوسێنەوە، کاتێ کە هەردوولایان لەژێر زوڵم وزۆری هاوبەشی ئاغا ودەرەبەگدا دەناڵێنن، ئاشکرایە سەبارەت بە هەل ومەرجی ژیانیش ڕەنگدانەوەی هاوشێوەیان دەبێت و شیعر و چیرۆك و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ دەخوڵقێنن کە پیشاندەری بارودۆخەکەی ژیانیان بێت و زۆرجاریش هاوشێوەی یەکتر یاخود لەیەکتر وەرگیراو بن. قارەمانانی چیرۆك و ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاریی ئەو خەڵکانەش دیارە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی هەردوو کۆمەڵگاوە ڕێزیان لێ دەگیرێت. ڕۆستەم قارەمانی گەلانێکی زۆری فلاتی ئێران و دەوروبەریەتی، هەر لە گەلانی ئاسیای ناوەندییەوە تا ئاسیای بچووك، جا سەمەرە نییە ئەگەر قارەمانانی وەك 'کوێرئۆغلی' بچنە ناو ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاری چەند گەل و قەومیەتی جیاجیاوە هەر لە ئاسیای ناوەندییەوە تا قەفقاز و ئاسیای بچووك و کوردستان؛ یان 'کاکە نەبی'ی کوردان و 'قاچاغ نەبی' ی ئازەربایجانییەکان بخوڵقێن کە هەردوولا شانازییان پێوە دەکەن.

سێ لە چوار بابەتی ئەم کتێبە بەرهەمی زەحمەتی مامۆستا لەتیف مەمەد لێکۆڵەرێکی خاوەن ئەزموون لە کوردانی دانیشتووی ڕووسیەیە کە زمانی ڕووسی نووسیونی: کوێرئۆغلی، قاچاغ نەبی و فزوولی؛ بابەتی چوارم واتە 'قەرە فاتمە، نووسەرێکی نادیاری ڕۆژنامەی "پاڵ ماڵ" چاپی لەندەن نووسیویەتی. لە خوێندنەوەی بابەتەکاندا دەبینرێت مامۆستا مەمەد گەلێك سەرچاوەی پشکنیوە و زۆر مووقەڵێشیی کردووە بۆ ئەوەی بگاتە بنج و بناوانی هەندێك لە پەیوەندە مێژووییەکان کە بە هۆی نەبوونی کەیانی سەربەخۆی کوردییەوە لەجیاتی ئەوەی لە ئارشیڤی نەتەوەیی خۆماندا ڕابگیرێن، دەبوو لە ئارشیوی ئەو وولاتانەی دەربهێنێت کە لەگەڵ کورددا زۆر میهرەبان نین! نووسەر هەوڵیداوە بە یارمەتی هەندێك نیشانەی جوغرافیایی و مەنتیقی پەیوەندە هۆزایەتییەکان و ڕیوایەتی جیاجیا و کۆمەڵناسیی کورد، بتوانێ بۆ نموونە، بڵێت 'کوێرئۆغڵی' قارەمانێکی هۆزی جەلالی بووە، زوربەی زۆری ئەو هۆزەش چ لە ئێران و چ لە عوسمانی، کورد بوون و هەن؛ قاچاغ بوون و چوونە چیاشی لەگەڵ خوو و خەسلەتەکانی کورد لە ڕابردوو و ئێستادا یەك دەگرێتەوە، کەوابوو، زۆر سەیر و سەمەرە نییە ئەگەر بە کورد بزانرێت؛ دیارە ئەوەش بەرگر نییە لەوەی گەلی ئازەربایجان بۆ هەمیشە کوێرئۆغڵی بە قارەمانی نەتەوەیی خۆیانی بزانن و ڕێزی لێ بگرن و 'عاشیق'ەکانی ئەو وڵاتەش بە ئازایەتی و جوامێرییەکەیدا هەڵبڵێن. دیارە مامۆستا مەمەد نە یەکەم کەس و نە دواکەسە

کە پەیوەندی کوێرئۆغلوی بە کوردانەوە دابێت. یاخود کاتێ کە 'نەبی' قارەمانێکی هاوشێوەی کوێرئۆغلی، لە بەیتی کۆنی کوردیدا هەیە و بەیت ویژەکانمان سالانێکی گەلێك زۆرە بەیتی 'کانەبی'مان بەگوێدا دەخوێنن، و بە ئازایەتی و نەبەزییەکەیدا هەڵدەڵێن، کارێکی نا ئاسایی نییە داکۆکی لە بیرۆکەی یەکبوونی ئەو کەسایەتییە مێژوویی- ئەفسانەییە لەگەڵ 'قاچاغ نەبی'ی ئازەربایجانییەکان لە مێشکیدا بگوروێت و بۆ سەلماندنی یەکبوونی ئەو دوو قارەمانە، بەشوێن بەڵگە و دەستاوێژ دا بگەڕێت. بە هەمان شێوە، کاتێ ئێمە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی مامۆستای شوێنەوارناسی کورد 'عبدالرقیب یۆسف'ەوە دەزانین ماڵی محەمەد فزوولی شاعیری ناوداری گەلی ئازەربایجان لە قۆناغێکی ژیانیدا لە سەر قەڵای کەرکووك بووە[١٤٠]، بۆ کەسێك کە زۆر وکەم شارەزای هۆزی گەورەی تورکی 'بەیات' و لق وپۆپە تورکمانی و کوردەکانی بێت، گەڕان بەدوای ڕەچەڵەکی کوردیی فزوولی، سەرەڕای ئەوەی شیعرەکانی بە تورکی و فارسی گوتبێت، نابێ شتێکی غەریب و نامۆ بنوێنێت؛ بۆ مەگەر شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی شرۆڤە نووسی مەسنەوی مەولەوی ڕۆمییش، لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کەرکووك نەژیاوە و سەرجەم شیعرەکانیشی بە فارسی و تورکی نەگوتوون؟ ئەوە تایبەتمەندیی ژیان لەناوچەیەکە وا گەلانی هەمەچەشنەی ئێمەی تێدا نیشتەجێن و ئەگەر سیاسەت و بەرژەوەندیخوازی لێبگەڕێت هۆکارێك بۆ جوانی و ڕازاوەییەکەی و دۆستیی نێوان گەلەکانیەتی.

وتارەکان دۆستی خۆشەویستم دوکتۆر کامران ئەمین ئاوە لە ڕووسی و ئینگلیزییەوە وەریگێڕاونەتە سەر کوردی. وەرگێڕ، لە لایەن دایکەوە کورد، لەلایەن باوکەوە ئازەربایجانی و وەك کەسایەتیش، مرۆڤێکی بەرپرس و دوور لە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی قەومییە، کە لە ڕێگەی نووسین و وەرگێڕانی کتێب و وتاری زانستی و پیشەییەوە، خزمەتێکی زۆری زمانی نەتەوایەتیمانی کردووە. من لە ماوەی وەگێڕانی ئەم وتارانەدا پەیوەندی نزیکم بە کارەکانیەوە بووە و دەزانم هیچ ئامانجێکی جگە لە خستنە بەرچاوی هەندێك بابەتی شاراوە و باس نەکراوی مێژووی گەلی کورد، نەبووە و کەم تا زۆر نەیویستووە مافی گەلی برای ئازەربایجانیمان زەوت بکات. ئیتر قەبووڵ و ڕەدی بۆچوونەکانی نووسەر دەکەوێتە سەرشانی خوێنەران. ٢٠٢٠/٩/٢٤

ئەم وتارە بۆ سەرەتای کتێبی "چوار کەسایەتیی بەرەچەڵەك کورد" وەرگێڕانی د. کامران ئەمین ئاوە نووسراوە و دواتر کراوەتە فارسی و لە ژمارەی بەهاری ساڵی ٢٠٢٢ ی گۆڤاری بەیان چاپی مەهاباد دا بڵاوکراوەتەوە.

---

[١٤٠] عبدالرقیب یۆسف، "وێران کردنی قەڵای کەرکووك و هەوڵدانم بۆ ڕزگار کردنی-گرنگی قەڵات لە بواری کەلەپوورییەوە"، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەرێمی کوردستان، هەولێر ٢٠١٠، لاپەڕە ٦٢.

# مستەفا بەگی کوردی و میرزا حوسەینعەلی نووری (بهاءالله)

لە ڕێگەی لوتفی هونەرمەندی بەڕێز هۆمەر دزەییەوە، لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠١ دا، ناسیاویم لەگەڵ نەمر "بەهیە فەرەجوڵڵا زەکی"- تاقە منداڵی نەمر فەرەجوڵڵا زەکی کوردیی مەریوانی پەیدا کرد. میرزا فەرەجوڵڵا خزمەتگوزارێکی ڕاستەقینەی فەرهەنگ و مێژووی گەلی کورد بوو. بەهیە خانمی کچی میرزا فەرەجوڵڵا دوای ئەوەی ببوو بە هاوسەری میستر گیولیك، پیاوێکی ئەمریکی، بە ناسناوی "بەهیە گیولیك" ەوە دەناسرا. دوای ئەو ناسیاو بوونەم، تا سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥ گەلێك جار بە تەلەفون و یەك دوو جاریش بە نامە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبوو.

بەهیە خانم لەو ساڵانەدا خەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆی بوو لەمەر باوکی و ئەو خزمەتانەی وا لە ماوەی ژیانیدا لە قاهیرە و خاوەنایەتی "المطبعة العلمی کردستان" بە ئایینی بەهایی کردبوون. ئەو خزمەتانە گەیشتبوونە ڕادەیەك کە بەهائوڵڵا "لەوح" ێکی تایبەتی بۆ شێخ فەرەجوڵڵا نازڵ کرد و ڕێزی لێ گرت؛ لەوحەکانی بەهائوڵڵا لای ئیماندارانی بەهایی وەك ئایەی قورئانی موسوڵمانان سەیر دەکرێن و بەم پێیە، شێخ فەرەجوڵڵا وەك قیددیس و پیاوچاکێکی هەمیشەیی ئایینی بەهایی لە هەموو جیهاندا ناسرا.

بەهیە خانم یادداشتەکانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسین لەبەر ئەوەی تەنیا عەرەبی و ئینگلیزی دەزانی و جگە لە چەند وشەیەکی کوردی کە لە باوکی فێر بوو و چەند ڕستەی فارسیش کە دایکی فێری کردبوو، هیچکام لەو دوو زمانەی نەدەزانی.[١٤١] هەندێك پرسیارم نووسی و بە پۆستەدا بۆم نارد بە هیوای ئەوەی زانیاری سەبارەت بە چارەنووسی چاپخانە و کتێبفرۆشییەکەی باوکی و نووسراوەی بەجێماو و چاپ نەکراوی بخاتە بەر باس وبەگشتی ژیانی باوکی تەنیا لە چوارچێوەی باوەڕی ئایینیدا نەهێڵێتەوە و گرنگایەتی بدات بەڕوانگەی نەتەوەیی شێخ فەرەجوڵڵاش.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا تەلەفونەکانم بێ وەڵام مانەوە و بە گوێرەی ئەوەی تەمەنی بەهیەخانم لە ژوور هەشتا ساڵانەوە بوو و گەلێك جاریش لە دەست نەخۆشی دەیناڵاند، هەستم کرد

[١٤١] . دایکی بەهیەخانم، کچە مەلایەکی بە ئەسڵ شیرازی بوو بەڵام لە قاهیرە لە دایك ببوو.

شتێکی ناخۆش ڕووی دابێت، لە ڕاستیشدا هەر وابوو: بەداخەوە بەهیەخانمی تاقە بەجێماوی ئەو مەزن پیاوە، کۆچی دوایی کردبوو. ئیتر نەمدەزانی تکا و ڕجای من بۆ ئاوڕدانەوەی زیاتر لە لایەنی نەتەوایەتیی ژیانی باوکی گەیشتۆتە ئەنجامێك یان نا و ئایا بیرەوەرییەکانی توانیویانە کەسایەتی نەتەوەپەروەری شێخ فەرەجوڵلا دەربخەن[١٤٢] یان کارەکە لە بازنەی ئاییندا قەتیس ماوەتەوە. هیچ دەرەتانێکم بۆ شوێن هەڵگرتنی یادداشتەکان بۆ نەما و کارەکەم لای قەزا وقەدەر بەجێ هێشت.

چەندساڵ دواتر میوانێکی بەهایی ئێرانی لە وڵاتی دوبەیەوە هاتەماڵمان. باسەکەم لەگەڵ ئەو دامەزراند و داوای یارمەتیم لێکرد. ڕێگای باشی پێشاندام و هاوکارییەکی تەواوی کردم، بردمیە کۆبوونەوەی ساڵانەی بەهاییان لە لەندەن و چەندکەس و یەك لەوان ژنێکی میهرەبانی خەڵکی شاری بروجردی پێ ناساندم و ئەویش بردمیە لای بەرپرسێکی "بیت العدل" ی بەهائیان، کە لە حەیفاوە هاتبووە کۆبوونەوەکە. هەر ئەو ژنە، بەرگێك کتێبی فارسی "عنقای بقا در قاف وفا" نووسینی "امیر هوشنگ ایمانی" بە ئەمانەت پێدام کە تێیدا لە ژیانی ساڵانی ١٨٥٤ تا ٥٦ ی بەهائوڵلا لە سلێمانی و هەورامان و ئەشکەوتی سەرگەڵوو دوابوو و وێنەیەکی بەهیەخانمیشی بە بەرگی کوردییەوە تێدا بوو. لە بەشی ژیننامەی بەهیەخانمی کتێبەکەدا نووسرابوو ناوبراو "کتێبێکیشی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە کە تێیدا باسی ژیانی خۆی و باوکی و بنەماڵەکەیانی کردووە و "مەقاماتی ئەمری" [واتە بەرپرسانی بیت العدل] چاپ کردنەکەیان بۆ دواڕۆژ داناوە." ئەو یەك دوو ڕستەیە بوو بە یارمەتیدەرێکی باش و من لە نامە نووسین بۆ بیت العدل دا پشتم پێ بەستن و داوای دەرخستن و چاپ کردنی یادداشتەکانی بەهیەخانمم لێکردن. دڵنیا نیم بە بێ ئەو یەك دوو دێڕەی کتێبی ئیمانی و شوێن گرتنەکانی من، یادداشتەکانی بەهیە خانم ڕووی ڕووناکییان دەدیت یان نا.

بە کورتی، کەوتمە نامە نووسین بۆ "بیت العدل" و لە ئەنجامدا یادداشتەکان دۆزرانەوە و نێرران بۆ مەحفیلی بەهائیانی عیراق و ئەوانیش بردیانە لای بنکەی ژین لە سلێمانی بۆ ئەوەی وەرگێڕێکیان بۆ بدۆزنەوە لە ئینگلیزییەوە بیکاتە کوردی؛ لەوێ، کاك ڕەفیق ساڵح وسدیق ساڵح منیان پێ ناساندبوون و لە ئەنجامدا یادداشتەکانی بەهیەخانم دوای ئەو بەسەرهاتە دوور ودرێژەی چوونی لە ئەمریکاوە بۆ حەیفا و لەوێوە بۆ بەغدا و سلێمانی، تەواو بە هەڵکەوت نێررایە لای خۆم بۆ تەرجەمە! منیش کردمە کوردی و بۆم ناردنەوە، دوای ماوەیەکیش بە ناوی "کوردستان ئەی خۆشەویستم" لە لای بنکەی ئاراس لە هەولێر چاپیان کرد.

---

١٤٢ . شێخ فەرەجوڵلا دوای زێرنۆفی رووسی، دووهەم کەس بوو کە شەرەفنامەی بەدلیسی لە قاهیرە و لە هەمان چاپخانەی عیلمی کوردستاندا چاپ کرد. گوایە خەرج و مەسرەفی چاپخانەکە بەهائوڵلا دابینی کردبوو.

***

حیکایەتی یادداشتەکان لێرەدا کۆتایی هات بەڵام داستانێکی دیکە دەست پێدەکات! ئەو کتێبە ٦٠٠ لاپەڕەییەی ئەمیر هوشەنگی ئیمانی کە بە قەرز پێیاندام و درەنگتر نوسخەیەکی دیکەیم لە ڕێزدار عەلی کەریمیش بە ئەمانەت وەرگرت، زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە شاری سلێمانی و هاتوچۆی دانیشتووانی بۆ لای بەهائوڵڵای تێدایە کە ئەودەم بە ناوی خوازراوەی "دەروێش محەممەدی ئێرانی" یەوە لە سلێمانی و لە ئەشکەوتی سەرگەڵوو دەژیا.

کتێبەکە مۆرکی هەندێك دەمارگیریی ئایینی بەهایی پێوە دیارە و تەنیا کەسایەتی بەهائوڵڵای تێدا گەورە کراوەتەوە، هەموو ئەو کەسانەش وا لە "قافی بەقا" واتە لە کوردستان هاتوچۆی ئەویان کردووە بە دەروێش و مورید و موخلیسی بەهائوڵڵا، یا وەك کەسانێك پیشان دراون کە کارتێکەریی ئەویان لەسەر بووە، واتە خشتی بینای بۆچوونەکان زۆر لە شوێنی خۆیان دانەنراون. زوربەی ئەوانەش وا وەك میوانێك ڕێزیان لە بەهائوڵڵا گرتووە و میوانداریيان کردووە بە خەڵکانێك ناوبراون کە بوونەتە شوێنهەڵگر و موریدی ئەو و باوەڕیان بە حەقانیەتی ئایینەکەی هێناوە. من وەك خوێنەرێکی بێ لایەن پێم خۆش بوو لە چۆنیەتی و ڕادەی ئەو کارتێکەرییە بکۆڵمەوە و بزانم کارەکە چۆن دەستی پێکردووە و تا چ ڕادەیەك چۆتە پێشەوە، بەڵام وێدەچێت بۆچوونەکانی نووسەر تەنیا بۆ ئیماندارانی بەهایی نووسرابن و هەر لە لایەن ئەوانەوە وەربگیرێن دەنا بنەمایەکی بەهێزی مەنتیقی، یان بەڵگەییان نییە کە یەکی وەك من باوەڕ بەوە بکات خەڵکانێکی موسوڵمانی سوننە لە خانەقای بیارە یان لە سلێمانی و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو بوویێتنە بەهایی و کەوتبێتنە شوێن دەعوەت و بانگەوازی بەهائوڵڵا.

هەرچۆنێك بێت، یەك لە بابەتەکانی کتێبی ئاغای ئیمانی لە پەیوەندی شاعیری بەناوبانگی کورد "مستەفا بەگی کوردی"(١٨٠٩- ١٨٥٠) دایە، کە بە گوێرەی نووسەر، دەبێ بە ڕادەیەك ئیخلاس و ئیرادەتی بە نیسبەت بەهائوڵڵاوە بووبێت کە شیعری پێدا هەڵگوتبێت و ڕێچکەی بەهایی هەڵگرتبێت.

ئایینی بەهایی درێژەی ئایین بابی بوو کە میرزا عەلیمحەممەدی بابی شیرازیی (١٨٥٠ — ١٨١٩) بانگدەری بوو و خۆی بە باب یان دەروازەی ئیمامی زەمان دەناساند. دوای ئیعدامی باب، ئایینەکە بوو بە دوو لقەوە: ئەزەلی و بەهایی و بەهاییەکان لە سەر ڕێچکەی میرزا حوسەینعەلی بەهائوڵڵا ڕۆیشتن. هەموو ئەو ڕووداوانە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەردەمی شاهیەتی ناسرەددینشای قاجار دا (١٨٩٦ — ١٨٣١) ڕوویاندابوو. سەرەڕای کوشت وبڕی نامرۆڤانەو ئازاری زۆری بەهاییان لە ئێران و ڕووخاندنی مەحفیل و شوێنی عیبادەتیان

له لایەن مەلا و ئاپۆرەی دەورووپشتیانەوە، ئایینەکە بە هۆی باوەڕ بە یەکسانی و برایەتی گەلانەوە، ئێستا لە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە و لە زۆر وڵاتدا لایەنگر و ئیمانداری هەیە.

بەهۆی هەمان ئەو هەڵوێستەوە، ئایینەکە لایەنگری لە نێو موسوڵمان و غەیری موسوڵمانیشدا هەیە و گەرچی بنەماکانی لەسەر باوەڕ بە ئیمامەتی شیعی دانراون، بەڵام دوورنییە موسوڵمانی سوننەش بووبێتنە لایەنگری. ئەوە ئەگەر ڕاستیش بێت، بە دڵنیایی ژمارەی ئەو چەشنە لایەنگرانە ئێگجار کەمە و لەچاو ئەو خەڵکە شیعەیەی وا بوونەتە بەهایی، نزیك بە سیفرە. هەر بۆیەش بۆ من زۆر ئاسایی نانوێنێت کە مستەفابەگی کوردی بووبێتە بەهایی. بەڵام ئەوە تەنیا بۆچوونە و واهەیە ڕاست نەبێت و مستەفا بەگ جگە لە پەیوەندی کوردستانی، لە سەفەری تارانیدا لە بەهاییەکان نزیك بووبێتەوە و ڕێبازی بەهائوڵڵای قەبووڵ کردبێت.

لە ڕێزدار ئەسعەدی سیراجەددینیم بیست کە لەو ماوەیەدا وا بەهائوڵڵا لە بیارە بووە، حەزرەتی شێخ حیسامەددین [یا شێخێکی تر کە ناویم لە بیر نەماوە؟] مەنعی ئەوەی کردبوو جگە لە دووکەس کە یەکیان خەلیفەی لێزان و شارەزای شێخ بوو، هیچ کەسێکی دیکە ببێتە هاوسوحبەتی بەهائوڵڵا و ئەوەش لەبەر هێزی ئیستیدلالی ناوبراو و نیگەران بوون لەوەی کە خەڵکەکە بکەونە شوێن باوەڕەکانی.

لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بەهائوڵڵا کاریگەرییەکی فیکریی لە سەر مستەفا بەگیش بووبێت زیاتر لەو ڕووەوە بووە کە لە کوردستان وەك دەروێشێکی قەلەندەر هەڵس وکەوتی کردووە نەك ڕێبەری ئایینێکی نوێ. لەو سەردەمەدا واتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کۆمەڵگای کوردەواری (لە بەشی سوننە نشینیدا) گەلێك تێکەڵاوی دیاردەی شێخایەتی و موریدایەتی (قادری یان نەقشی) بووە، کەمتر شار وگوندێکیش بووە خەلیفە و سۆفیی یەك لەو ڕێچکانەی لێ نەبووبێت، کەمتر کەسێکیش بووە سەرسپاردەی شێخێك و خانەقایەك نەبێت. هەندێك لەو شێخانە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان بە "دەروێشێکی هیندی" یەوە هەبووە، بۆ نموونە شێخ عەبدولڕەحمانی خالیس باوکی شێخ ڕەزای تالەبانی لە لایەن دەروێشێکی هیندییەوە بەشارەتی شێخایەتی پێدراوە. مزگەوتی شادەروێشی مەهاباد بە ناوی دەروێشێکی هیندییەوە کراوە و تەنانەت لە سەردەمێکدا کە عەلیمحەممەدی باب لە قەڵای چاری (چەهریق) زیندانی بووە[١٤٣]، دەروێشێکی هیندی هاتۆتە چاوپێکەوتنی و ئیخلاسی خۆی بەو و بە حەققانیەتی ئایینەکەی دەربڕیوە.[١٤٤]

---

[١٤٣] . ئەو قەڵایەی وا سالانێك دواتر بوو بە پێگەی سمایل ئاغای سمکۆ.

[١٤٤] . من بە تەمام بابەتێکی سەربەخۆ لە سەرهاتوچۆی پڕ لە ڕەمز و ڕازی ئەو دەروێشە هیندییانە بۆ کوردستان بنووسم. لەم داوییانەدا گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە برەوی شێخایەتی لە کوردستان و سەرهەڵدانی ئایینی باب و بەهایی لە

بەم پێیە دووری نازانم مستەفا بەگیش کەوتبێتە شوێن دەروێشێکی ئێرانی بێ ئەوەی بزانێ ئەو دەروێشە بەهائوڵڵا و ڕێبەری ئایینی بەهاییە! هیچکام لەو کەسانەی لەو سەردەمەدا کەوتوونەتە پێوەندی بەهائوڵڵاوە ناوێکیان لە بەهایی بوون و بەهائوڵڵا بوونی ئەو نەهێناوە و ویدەچێت بەهائوڵڵا تا دوا ڕۆژی بەجێ هێشتنی ناوچەکەش هەویەی خۆی لە خەڵك ئاشکرا نەکردبێت، خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، موریدایەتی مستەفا بەگ، موریدایەتی دەروێشێکی زانا و زمان پاراوی ئێرانی بووە، نەك پەیڕەوی کردنی ڕێبەری ئایینێکی سەربەخۆ لە ئیسلام واتە بەهایی.

کتێبی ئیمانی هەروەها دەقی هەموو حەوت بەندە ناسراوەکەی مستەفابەگی بە خەتێکی ڕازاوە تێدا چاپ کراوە کە بەسەر یەکەوە تەرجیع بەندێك پێك دەهێنن و ئەوە فەردی یەکەمیەتی:

"ای زشیپور تو جهان پر شور / وز نوای تو عالمی مسرور...."

نووسەر سەرەتایەك و هەندێك پەراوێز و ڕوونکردنەوەشی لەگەڵ شیعرەکە خستووە کە لێرەدا دەیانهێنم بەو هیوایەی ڕووناکییەکی کەمیش بێت بخەنە سەر ژیانی فەرهەنگیی کورد و نموونەیەکیش بن لە میوانداریەتی کوردان و قەبووڵی بیر وبۆچوونی خەڵکانی جیاواز بە بێ دەمارگیری. ئێمە ئەو دڵفراوانییە، ئێستاش دەبینین و دەزانین لایەنگرانی گەلێك ئایینی غەیرە ئیسلامی کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران و عیراق و تورکیا ڕادەکەن، لە کوردستان دەحاوێنەوە- دیارە ئەگەر فیتی مەلاکانی قوم و قاعیدەی سعوودیا و داعشی تورکیا لێبگەڕێت!

سەبارەت بە بۆچوونەکانی ڕێزدار ئەمیر هوشەنگ ئیمانی لە کتێبی عنقای بقا... دا پێویستە ئەم خاڵانە ڕوون بکەمەوە:

١. مستەفا بەگی کوردی لە ساڵانی نێوان ١٨٠٩ و ١٨٥٠ دا ژیاوە و ئەو ساڵانە دوور نین لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی باب (١٨٥٠ – ١٨١٩) و پاشانیش بەهایی دوابەدوای ئیعدامی باب؛

٢. کوردی، لە سلێمانی لە دایك بووە بەڵام بە ڕەچەڵەك دەگەڕێتەوە بۆ سەر شاری سنە و هاتوچۆی سنەی کردووە. هەروەها موسوڵمانێکی سوننە بووە. لەو ساڵانەدا لە ناو شاری سنە هەروەها لە قوروە و بیجاڕی پەنادەستی سنەدا ئیمانداری بەهایی کەم نەبوون تەنانەت ئێستاش دوای ئەو هەموو زەبروزەنگەی وا لە کۆمەڵگای بەهاییەکانی

---

ئێران و ئایینی سیك لە هیندوستان هەمووی هی سەردەمی حوزووری فیزیکیی ئینگلیزییەکان لە هیندوستان و حوزووری سیاسییان لە ئێران و سەرجەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین بووە و ئەو پەیوەندییانە شایانی لێکۆڵینەوەی جیددین.

سنه و ئوستانی کوردستان دراوه و بۆ نموونه گۆڕستانەکەیان سێ جار خاپوور کراوه و کێلی قەبرەکانیان شکێنراوه، هێشتا ژمارەی بەهایی لەوێ کەم نین؛

٣. بەم پێیە، مستەفا بەگی کوردی کە هاتوچۆی تارانیشی کردووە و لەگەڵ شاعیران و ئەدیبانی ئێرانیی سەدەمی خۆی وەکوو "قائانی" دا پەیوەندی هەبووە، دەکرێ ئاگاداری باوەڕ و بیر وبۆچوونی بەهاییان بووبێت و دووریش نییە بەرەو ئەوان کشابێت؛

٤. کوردی دەبێ زۆر لە قەیدی نەریت و باوی کۆمەڵگادا نەبووبێت و کاری وای کردبێت کە لە کۆمەڵگای بەستراوی ئەودەمدا بە باش نەزانرابێت، وەك کەوتنە شوێن ئەوینی "قادر" ناوێك[١٤٥]:

عەبەس کوردی! مەلائیك دێن دەپرسن مەزهەب و دینت
کە قادر خۆی دەزانێ من لە سەر کام مەزهەب و دینم[١٤٦]
یا:
گەر موخەییەر بم لە مابەینی بەهەشت و وەسڵی یار،
وەسڵی تۆ بۆ من، جەهەننەم پڕ لە جەننەت، نامەوێ!

٥. بەڵام بە ڕای من ئەو پەیوەندییانەی کوردی لەگەڵ غەیرە کورد و غەیرە موسوڵمان هەرگیز نەگەیشتونەتە شوێنێك کە بووبێتە بەهایی و لەبەر ئەوەی زەمینە و پێشینەی بیروباوەڕی هی موسوڵمانێکی سوننە بوون، ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە ببێتە بەهایی. ئەو تەرجیع بەندەشی بە ئەگەری زۆر لە پەسنی دەروێش محەممەدی ئێرانیدا هۆندۆتەوە نەك بەهائوڵڵای بەهایی — باوەکوو هەردوکیان یەك کەس بووبێتن! لەبەر ئەوەی دەروێش محەممەد ناوی خوازراوەی بەهائوڵڵا بووە، کە لە کوردستان لە بیچمی دەروێشێکدا دەرکەوتووە نەك وەك ڕێبەرێکی ئایینی بەهایی.

٦. دیارە بەهایی بوون یا نەبوونی مستەفا بەگ شتێك لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت و ئەو چ موسوڵمان و چ غەیرە موسوڵمان، وەك شاعیرێکی ڕێزلێگیراوی کورد دەمێنێتەوە. بەڵام وەك بابەتێکی توێژینەوە، باش وایە سەیری تەرجیع بەندەکە بکرێت و بزانرێت شیعرەکان تا چ ڕادەیەك پەسندی بۆچوونی ئیمانی و بەهاییەکانی تر دەکەن.

---

[١٤٥] . بڕوانەمێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەددین سەجادی، لل. ٢٩٦ تا ٣٠٨

[١٤٦] . شیعرەکە ئیهانی تێدایە بۆ قادر واتە خوداوەند و هەروەها بۆ قادرە خۆشەویستەکەی.

٧. شیعرەکە بێگومان ڕووی لە کەسایەتییەکی ئایینی و جێگەی ڕێزی شاعیرەکەیەتی کە بە "شمس الهدی" و "نور الحق" و "مورد واردات جبریلی" واتە وەرگری وەحی ناودەبرێت و قسەکانی بە دوایین قسەی حەق دادەنرێن کە وەك نەفخی ئیسرافیل کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ لە سەرزەوی دەهێنێت. کەسەکە، هەروەها بە "شاهد معنوی" دەشوبهێنرێت و دەگوترێت وەك جبرەئیل پەیام و وەحی خۆی ڕاگەیاند ئینجا بیچمی عیسای بەخۆیەوە گرت. ئەو روح القدس و عیسا بوونە و لە یەکیانەوە بوون بە ئەویتر، دوو قۆڵ لە سێ قۆڵی "تثلیث" ی مەسیحییەکان پێك دەهێنێت و لە دوو فەرد دواتر دا بە وشەی "ارنی" کە لە قورئان وەرگیراوە، قۆڵی سێهەمیشی دێتە ناو شیعرەکەوە واتە ئەو کەسەی وا ڕووی شیعرەکە لەوە، هەم جبرەئیلە و هەم عیسا و کاتێکیش کە بە مووسا دەڵێت "ارنی!" (بمبینە!)، ئیتر دەبێتە خوداش. هەروەها لە شیعرەکەدا ناوی محەممەد و بیلالی حەبەشی دێن کە ئاشکرایە ڤۆکابیولەریی ئیسلامین.

٨. بە گشتی، ئەو تایبەتمەندییانە هەموویان لە تەسەووفی ئیسلامیدا ناسراون و هەزاران جار لە شیعر و کەلامی سۆفیاندا هاتوون بەڵام هیچکامیان لەگەڵ دەرس و فێرکردنەکانی ئایینی بەهاییدا یەك ناگرنەوە، واتە شیعرەکە سۆفیایەتییەکی بێ خەوشی لێ دەبارێت و زاراوەکانی بۆ ئەدەبیاتی تەسەووف نامۆ نین. بە بۆچوونی من <u>ئەگەر مستەفا بەگی کوردی ئەم تەرجیع بەندەی بۆ دەروێش محەممەدی ئێرانی گوتبێت کە ناوی سێبەری بەهائوڵڵا بووە، وەك دەروێشێك یان پیرێکی دەستگیر ڕووی تێکردووە نەك ڕێبەر و داهێنەری ئایین بەهایی کە ئەگەری زۆر هەیە ئەویش و زوربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی وا لەو ساڵانەدا کەوتوونەتە پەیوەندی بەهائوڵڵاوە، لەو کەسایەتییە دووهەمەی و ڕێبەرایەتیی ئایینی بەهایی هەر ئاگاداریش نەبوویێتن.</u>

٩. کورتی بکەمەوە، من هۆکارێکم بەدەستەوە نییە بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی ئەمیر هوشەنگی ئیمانی بدەمەوە کە تەرجیع بەندە فارسییەکەی مستەفا بەگی کوردی ساحیبقڕان، بۆ ئەو کەسە گوتراوە؛ بەڵام لە سەر ئەو باوەڕەم کە بەهائوڵڵا لە کوردستان هەم "دۆکتۆر جەکیل بووە و هەم مستر هاید! واتە کەسایەتییەکی دووانەی هەبووە. مستەفا بەگیش شیعرەکەی بۆ دەروێش محەممەدی ئێرانی گوتووە کە ناوی خوازراوەی بەهائوڵڵا بووە لە کوردستان نەك بۆ بەهائوڵڵا و لەوەش گرنگتر، نەك هەر بۆ ناوە خوازراوەکە بەڵکوو بۆ کەسایەتییە خوازراوەکەی بەهائوڵڵای گوتووە.

دیاره ئەوە بۆچوونی منە دوای سەنگ وسووك کردنی بابەتەکە و هیچ پێداگرییەکیشم نییە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خۆم لە مەسەلەکە بە ڕاست و تەواو بزانم، ئەگەر کەسانێك دژ بەو بۆچوونەی من دەوەستن بتوانن بە بەڵگە پێمی بسەلمێنن کە هەڵە دەکەم، ئەوا دەچمە سەر قسەیان.

لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە من سەرجەم حەوت بەندی تەرجیع بەندەکەم لەبەر دەقی کتێبی "عنقای بقا در قاف وفا" ی امیر هوشنگ ایمانی بە خەتی خۆم نووسیوەتەوە و لێرەدا دەیخەمە بەر چاوی خوێنەر. داوای لێبووردنیش دەکەم بۆ ئەوەی کاتی ئەوەم نییە جارێکی دیکە لە سەر کەمپیوتەر بیاننووسمەوە. تکایە ئاگادار بن کە دەقەکە بێ هەڵە نییە و خوێنەر دەکرێ بۆ دەقی پاگژتری شیعرەکان سەردانی دیوانی کوردی بکات کە بە داخەوە لێرە لە بەر دەستی مندا نییە، یان سەیری لاپەڕە ٣٨٠ تا ٣٨٦ ی "تاریخ مشاهیر کرد" نووسینی نەمر بابامردوخ روحانی بکات کە هەر حەوت بەندەکەی تێدا هاتووە بێ ئەوەی ئاماژەیەك بە پەیوەندی شاعیرەکەی لەگەڵ بەهائوڵلا بکات. هەندێك جیاوازی لە نێوان دەقی بابامەردوخ و ئیمانیدا هەیە کە پێویستیان بە بەراوردکارییە. لای کەم لە بەندی دووهەمدا دەقی ئیمانی چوار فەردی زیاتر لە دەقی مەردۆخی تۆمار کردووە، لە بەندی سێهەمدا یەك فەردی کەمترە، وەك لە بەندی جوارەمیشدا دوو فەردی کەمترە، لە بەندی پێنجەمدا سێ فەردی زیاترە، لە بەندی شەشەمدا یەك فەری زیاترە و تەنیا بەندی حەوتەمە کە هەردوکیان نۆ فەردیان تۆمار کردووە. بە داخەوە مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا سەجادی شیعرەکەی تۆمار نەکردووە و ئاماژەشی پێ نەداوە ئەوەندە نەبێت کە گوتوویەتی: "لە نێو ئەو شیعرانەدا کە لە ئێران وتوویەتی، غەزەلیاتێکی زۆری فارسی هەیە." (مێژوو، ل. ٣٠٨)

هیوادارم خەڵکانی شارەزا زیاتر لە بابەتەکە بدوێن بۆ ئەوەی مافی خۆی بدرێتە شاعیر و شیعرەکەی. من دوور لە هەرچەشنە بڕوایەکی ئایینی ئەم دێڕانەم نووسیوە و نە ویستوومە مافێك بفەوتێنم، نە خواستوومە ناحەقێك بکەم بە حەق، جا هەڵوێستم ڕاست بێت یان ناڕاست ئەوە دەبێ خوێنەری شارەزا بزانێت.

ئەوەش دەقی هەر حەوت بەندەکەی تەرجیع بەندی فارسی مستەفا بەگی کوردی ساحیبقڕان لە بەر کتێبی "عنقای بقا در قاف وفا" نووسینی امیر هوشنگ ایمانی بە دەستخەتی خۆم. شیعرەکانم بۆیە نووسینەوە و لەبەر دەقی بابامەردۆخ کۆپیم نەکردن، کە جیاوازییەکان دەربکەون و دەرفەتی هەڵسەنگاندن بۆ کەسانێك بخوڵقێت کە لە دوارۆژدا بیانەوێت لە بابەتەکە بکۆڵنەوە:

**سەرچاوەکانی کاری من:**

١. ایمانی، امیر هوشنگ، "عنقای بقا در قاف وفا- هجرت حضرت بهاء الله به سلیمانیه و کوه سرگلو، وقایع دوران بغداد و کردستان"، نشر دوم، سال ٢٠٠٧ (؟)، ناشر:؟، جا: ؟

٢. روحانی، بابا مردوخ، "تاریخ مشاهیر کرد – عرفا، علما، ادبا، شعرا"، جلد اول، انتشارات سروش، تهران ١٣٦٤ [١٩٨٥]، صص ٣٨٠ تا ٣٨٧

٣. سجادی، علاءالدین، "مێژووی ئەدەبی کوردی"، چاپخانه معارف، بەغدا ١٩٥٢، بەشی مستەفا بەگی کوردی، لل ٢٩٦ تا ٣٠٨

*من ئەم وتارەم لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ دا نووسی و ناردم بۆ گۆڤارێکی خوێندکاریی لە ئێران بەڵام گۆڤارەکە کەوتە بەر مەرحەمەتی حکوومەتی مەلاکان و داخرا. دواتر دووجاران پێیدا چوومەوە و بە هەندێك دەست تێوەردانەوە سەرلەنوێ نووسیمەوە. یەکیان لە ٢٠١٤/٣/٢ و ئەویتر ئەمڕۆ ٢٠١٦/١٢/٢٠.*

(۱)

بند اوّل تا هفتم ترجیع بند

ای ز شیپور تو جهان پرشور — وز نوای تو عالمی مسرور
ای چو دُرّ در زمین تن پنهان — وی چو خور در سپهر جان مشهور
از وصال تو ملک جان آباد — وز خیال تو شهر دل معمور
در هوای تو عاشقان دلشاد — به ولای تو دوستان مسرور
گمرهان طریق حیرت را — سایه‌ات نخل وادی طور
نغمه‌ات رشک لحن داوودی — هم لبت گنج راز را گنجور
مهر از مشعل رُخت روشن — ماه از نور جبهه‌ات پرنور
مظهر پرتو جمال تو شد — آنکه در کائنات کرده ظهور
جُز صفاتت نگوید الّا گنگ — غیر ذاتت نجوید الّا کور
ای خوش آندم که سوی مقتل خویش — یابم از بارگاه تو دستور
پای کوبان ز شوق و دست افشان — فاش گویم به نالهٔ شیپور

کای دمت نفخهٔ سرافیلی
مورد واردات جبریلی
انت شمس الهدیٰ و نور الحق
اظهر الحق یا ظهور الحق!

آن گدایان که نام را ننگند — پادشاهان عرش اورنگند
چون خزانه، نهان به ویرانه — همچو گوهر نهفته در سنگند
فلوتی پشت کاخ شاهد ماست — وندران جمعی هماهنگند
همه پیل افکنان آهووش — ملک اخلاق و آدمی رنگند
گاه در کنج دلبری مبسوط — گه ز طول زمانه در تنگند
طائر وهم، مُسرع افکار — در بیابان وصفشان لنگند

(۲)

هم در اقلیم دل چو سلطانند
هم بر افواج جان چو سرهنگند

دل ز کف دادگان شوریده
شوخ و شیرین و شاهد و شنگند

انبیائی که در مدارس غیب
کشف کشّاف فنّ فرهنگند

با دد و انس و جان به صدق و صفا
لیک با دیو نفس در جنگند

جان و دل را ز پرتو نظری
کحل ابصار و صیقل زنگند

غافل از خویش و بیهش از مستی
واقف از روم و آگه از زنگند

گوش سوی سروش و دف برکف
نای بر نای، چنگ در چنگند

از سرافیل عشق در یکدم
تا دم صور والیسین دنگند

مطربان خموش نغمه سرای
با خروشی چنین در آهنگند

کای دمت نفخهٔ سرافیلی
مورد واردات جبریلی
انت شمس الهدی و نور الحق
اظهر الحق یا ظهور الحق

باز از آئینه عکس پیدا شد
شاهد معنوی هویدا شد

باز آن پرده دار پرده نشین
چهره بنمود و عقل شیدا شد

گه بدنبال ناقه، چون مجنون
گه به محمل نشست و لیلی شد

باز از آن نوشخند شیرینش
عالمی پر ز شور و غوغا شد

باز آن شمع بزم خلوت غیب
مجلس افروز و محفل آرا شد

همچو روح القدس پیام از خویش
داد و آنگه بشکل عیسی شد

جلوه گر شد بصورت وامق
برقع افکند و عین عذرا شد

ارنی گو به طور عشق آمد
گاه در جسم لات عزّا شد

شش جهت چار بام یک جوهر
سه موالید و هفت آبا شد

(۳) طوطی نطقم از خموشی رست — باز شکر شکست و گویا شد
ساقی بزم و میر مجلس شد — باز چون باده سوی مینا شد
گاه چون شمع و گاه پروانه — گاه خورشید و گاه حربا شد
مدّتی در رکاب بندهٔ خویش — قنبری کرد و باز مولا شد
بر سر شاخ سدره از دم روح — این سخن بر زبانم القا شد

کای دمت نفخهٔ سرافیلی
مورد واردات جبریلی
انت شمس الهدی و نور الحق
اظهر الحق یا ظهور الحق

خیز جانا نوای دیگر زن — خرمنم را شرار نو در زن
دفع سودای فاسد غم را — برگ جان ز غمزه نشتر زن
موسی آسا به زعم سحّاران — یک عصائی بنفس اژدر زن
ضربت از تو، تن از تو، جان از تو — خواه شمشیر و خواه خنجر زن
گوشهٔ تخت ما عرفناکی — خیمه از ممکنات برتر زن
شاهباز نشیمن قدسی — تا سر اوج لامکان پر زن
ایکه داری هوای دلبر ما — نقش مهرش به هر دلی بر زن
کیمیای سعادت ار خواهی — بر درش رخ چو سکّه زر زن
دست کوتاه کن ز دق الباب — قامت حلقه ساز و بر در زن
گر در آن آستانه ره یابی — پشت پائی به قصر قیصر زن
ور نهندت به جبهه داغ قبول — داغ غم بر دل سکندر زن
سر به پای سگان کویش نه — دست رد بر سریر سنجر زن
از سر افکن خیال افسر و زر — سنگ درگاه دولت بر سر زن
قلم رد به پنج مصحف کش — گزلک حک به چار دفتر زن
جرعه‌ای در بکش با این آهنگ — شور و غوغا جر اهل محشر زن

(٤)

کای دمت نفخهٔ اسرافیلی
مورد واردات جبریلی
انت شمس الهدی و نور الحق
اظهر الحق یا ظهور الحق

وقت قرب و وصال می‌بینم — عشق را در کمال می‌بینم
آنکه در کارگاه نقش صور — ذره‌ای زان جمال می‌بینم
آنکه در کائنات کرده ظهور — مظهر لایزال می‌بینم
پرتو مهر طلعت جانان — بی کسوف و زوال می‌بینم
با ندیمان به خلوت شیرین — خسرو با جلال می‌بینم
رازداران خاص آن خلوت — همه عیسی خصال می‌بینم
صف ارواح را در آن منزل — جا به صف نعال می‌بینم
نکته و حرف اهل آن مجلس — همه رمز و مثال می‌بینم
درس و بحث و بیان آن مکتب — عاری از قیل و قال می‌بینم
حل اشکال و رمز این استاد — بی جواب و سؤال می‌بینم
طوطی نطق را در آن محفل — پشت آئینه، لال می‌بینم
طائر وهم را در آن مجلس — خسته، بی پر و بال می‌بینم
بختی عقل را در آن هامون — بر دو زانو عقال می‌بینم
تشنه را زیر پای خضر نبی — چشمه‌ای بس زلال می‌بینم
در رکاب مهدی، خود را — هندوی چون [illegible] بلال می‌بینم
قطع این راه جز به لطف دلیل — رهروان را محال می‌بینم
قدسیان بر فراز علیین — ذکرشان این مقال می‌بینم

کای دمت نفخهٔ اسرافیلی
مورد واردات جبریلی
انت شمس الهدی و نور الحق
اظهر الحق یا ظهور الحق

(۵)

وقت عشق است صبح عیسی پی — خیز جانا بیار بربط و نی
وز خراباتیان مست طلب — جام جمشید و تخت و افسر کی
ترک تاتار و بادهٔ خلّار — رو سیم گرد هم بملکت ری
نخوری بر زنخل آزادی — نبری تا نهال کام ازلی
ندهندت به بزم مستان جای — تا چو ماران نغلطی اندر قی
نکنی طوف محمل لیلی — نکشی تا هزار لطمه زحیّ
پی کن اسب خیال رجعت را — تا بری سوی منزل او پی
پی ما گمرهان اگر گیری — پی بری سوی راه رشد ز غی
ای پسر! تا کی از پدر گوئی؟ — جود حاتم چه سکند به عدی
مستی و خواب و بیخودی تا چند؟ — هستی و عجب و سرکشی تا کی؟
بشنو این پند من بسمع قبول — گر زبان دیدی الفمّان علیّ
شو ظهور الحق از دو عالم دان — نایب فخر خاندان لوی
شد بساط عطاش چون مبسوط — گشت فرشش عطای طائی طی
ای خوشا وقت آنکه حاصل کرد — دوستی با سگان درگه وی
چند نقش نهان بدل دارم — سوختم صبر و عاشقی تا کی!
خواهم این قصّه بر سر بازار — فاش گویم بنالهٔ دف و نی

کای دمت نفخهٔ سرافیلی
مورد واردات جبریلی
انت شمس الهدی و نور الحق
اظهر الحقّ یا ظهور الحق

ما، پناه جهان بی پنهیم — راه گم کرده رهروان رهیم
بی کلاهان بوریا مسند — زیور تخت و زینت کلهیم
گر چه خورشید چرخ توحیدیم — ذرّهٔ مهر و مظهر الهیم
دیده بربسته از لقای دو کون — بره دولت طالب نگهیم

(٦)

هم برسته از نعیم و جحیم — فارغ از هر صواب و هر گنهیم

اوست مهر سپهر این گیتی — گر از او کسب نور کنیم، مهیم

هر شب و روز این سخن همه جا — فاش گویم که تا ز غم برهیم

کی دمت نفخهٔ سرافیلی

مورد واردات جبریلی

انت شمس الهدی و نور الحق

اظهر الحق یا ظهور الحق.

# موفتی پێنجوینی پێشڕەوی 'نوێ کردنەوە'* لە کۆمەڵگای کوردستان

**یەکەم، نوێکردنەوە**

**سەرەتا**

مرۆڤ ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی. لە دەرەوەی زەمەن و شوێن هیچ دیاردەیەك واتای مەنتیقی نابێت. نوێباوی و کۆنباویش هەر لە پێوەندی زەمەندا واتا پەیدا دەکەن. هەزار ساڵ پێش ئێستا کەس نەیدەتوانی قسە لە ئینتەرنێت و فەیسبووك و مانگی دەسکرد بکات، ئەوانە دوابەدوای شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانی کارەبا و لە پێوەندی تەلەفیزیۆن و تەلەفوندا هاتنە کایەوە و ئاشکرایە مرۆڤی زەمەنی پێش ئەوان تەنیا دەیتوانی لە خەون و خەیاڵدا بیانبینێت. هەر باوەڕێك لە دەرەوەی ئەو جوغزە مەنتیقییە، لە لایەن هەرکەسێك و هەر دەزگایەکی فیکرییەوە بێت، فێڵکردن لە خەڵك یان لای کەم، خۆ ماندوو کردنێکی بێ سوودە.

نوێباوی و مۆدێرنیزم قسەی کۆتایی نین. ئەوەی ئەمڕۆ نوێباوە، سبەی کۆنباوێکە ئاو ناپاڵێوێت و چۆتە پاڵ دیاردە کۆنەکان. هەڵسەنگاندن و دەرخستنی نوێباوی و کۆنباویی تەنیا بە پێوانەی زەمەن دێتە گونجان. لێکۆڵەری کۆمەڵناس دەبێ هەڵیسەنگێنێت و تێبگات ئەو کەسایەتی یان کۆمەڵگایەی وا لێی دەکۆڵێتەوە چەندە لە ڕۆحی زەمان نزیکن و فیکر و کردەوەیان چەندە یارمەتی بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەدەن، یان چەندە کۆسپ و بەرگر لە سەر ڕێگەی ئەو پێشکەوتنە دادەنێن، گرنگ نییە کەسەکە کێ بێت، یان کۆمەڵگا کامە بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەس و کۆمەڵانە لە بەرچاوی خەڵك، پیرۆز و جێگەی ڕێزیش بن.

لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و بێ بەربەستدا، بیری ئەندامان کراوە دەبێت، دەرفەتی ئینکشاف پەیدا دەکات و پیرۆزایەتی و ئەبەدییەتی دیاردەکان واتایان نامێنێت. کۆمەڵگای داخراو ئەو کۆمەڵگایەیە کە بۆ نموونە، دەرەتان ناداتە گالیلەکان بۆ ئەوەی بڵێن زەوی هەسارەیەکی وەستاو نییە و ئەستێرەیەکە بە دەوری خۆی و هەتاودا دەگەڕێت؛ لە ئەنجامدا بە سەدان دەرفەتی داهێنان و دەسکەوتی نوێی خەڵك و کۆمەڵگا دەفەوتێنێت و مەجالی سەرهەڵدانیان پێ نادات.

خەبات لەپێناو ئازادیی بیر و دەربڕین، هاوڕێ لەگەڵ پێشکەوتی ژیان و داهێنانی کەرەسە و ئامێری نوێ بۆ باشتر کردنی بژیوی مرۆڤ، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە ڕاستیدا لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە مرۆڤ توانیویەتی لە هاوڕەگەزە شامپانزەکانی خۆی جیابێتەوە، لە دار و درەخت بێتە خوارەوە، لەسەر پاشوو بوەستێت و دەستی خۆی بۆ دروست کردنی کەرەسە ئازاد بکات. بە ئازاد بوونی دەست و جیابوونەوەی پەنجە گەورە لە چوار پەنجەکەی تر، هەوڵی مرۆڤ بۆ خولقاندنی کەرەسە دەستی پێکرد و ئامێری نوێ یەك بەدوای یەکدا هاتن- لە بەردەوە بوو بە مەفرەغ و ئاسن و لەوێوە تا ئەمڕۆی سەردەمی دیجیتاڵ و کەمپیوتەر و فەیسبووك، هەتا دوارۆژێکی لە ئێمە نادیار کە مرۆڤ لە ئەستێرە و هەسارەکان تێدەپەڕێت و دەگاتە قووڵایی کاکەشان و چاڵە ڕەشەکانی بۆ ئێستای ئێمە نادیار و دوورەدەست.

ئەوانە هەموو لە ڕێگەی بیری تیژی 'مرۆڤی ئازاد' و هەوڵدانی بۆ نوێ کردنەوەی کۆن، بەرهەم هاتووە. لە ڕاستیدا، نوێخوازی و ئەوەی پێی دەگوترێ نوێکردنەوە، هەر لە ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤەوە دەستی پێکردووە و کاروانی بەرەوپێش چوون و نوێکردنەوە هەمیشە لە ئاژواندا بووە، جگە لەو سەردەمە تاریکانەی کە دەسەڵاتی دۆگمی هەندێك دەزگای بەسەر کۆمەڵگادا زاڵبوو وەك کلیسەی سەدەکانی ناوەڕاست و هاوشێوەکانی لێرە و لەوێ، توانیویانە بۆ ماوەیەك ڕەوتەکە بوەستێنن، یان باوی هەنگاوی مرۆڤ بۆ پێشکەوت و نوێ کردنەوە و نوێخوازی خاو بکەنەوە.

**سەردەمی نوێ کردنەوە**

داهێنانی نوێ گەوهەرێك لە گەوهەرە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤە و لە هەموو ماوەی مێژووی مرۆڤدا بوونی بووە و دەبێت، بەڵام ئەوەی وا لە ڕۆژئاوای جیهان پێیدەگوترێت سەردەمی نوێکردنەوە یان "مۆدێرنیزەیشن"، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی زاڵی کلیسە واتە دوای سەدەکانی ناوەڕاست و بە سەرهەڵدانی ڕێنێسانس و بزووتنەوەی فەرهەنگی- ڕووناکبیریی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ١٥ و بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە سەدەی شازدەهەم و شۆڕشی پیشەسازییەوە لە شوێنی جیاجیای ئەوروپا وەك ئیتالیا، ئاڵمانیا و فڕەنسا و بەریتانیا سەری هەڵدا و پاشان لە چوار قوژبنی جیهاندا پەرەی سەند. 'مۆدێرنیتی' بە هی ئەو سەردەمانە و بە گشتی، هی دوای شۆڕشی مەزنی فڕەنسا و کەشفی ئەمەریکا دادەنرێت. لەو قۆناغە بەدواوە، مرۆڤی ئازاد توانیویەتی لەمپەرە کۆمەڵایەتی- ئایینییەکان لە سەر ڕێگەی خۆی لابەرێت و زانست بە یارمەتی بیری تیژی هەندێك زانای پێشڕەوی ڕچەشکێن، وەك داروین، فرۆید و ئەنیشتاین، بەسەر خەرافە و پڕوپووچدا زاڵ بکات.

ئەوەی وا مۆدێڕنیزمی سەرخست و مرۆڤی گەیاندە ئەو شوێنەی کە لە سەر گۆی بچووکی زەوییەوە دەست بگەیێنێتە مڕیخ و هەسارەی دوورتریش، سەرەتا بە ئازادیی بیر وباوەڕ دەستی پێکرد. دەگوترێت ئەوەی وا تەنانەت پێش شۆڕشی پیشەسازی و زیاد لەویش، وڵاتانی ئەورووپی لەپاشماوەی جیهان خستە پێشەوەتر، 'مەنشووری مەزن' یان پەیمانی 'ماگناکارتا' بوو-پەیمانێك کە لە ساڵی ١٢١٥ دا بەسترا و 'جۆن'- شای ئینگلتەرەی مەجبوور کرد هەندێك مافی دیاریکراوی وەك ئازادی و دادپەروەری، کە تا ئەودەم لە ژێر نقێمی ئەنگوستیلەی شاهان و دەسەڵاتداران دا زەوت کرابوو، بە مافی سروشتیی 'خەڵکانی ئازاد'ی وڵاتەکەی بناسێت. لە ئەنجامی ئەو پەیمانە و لە درێژەی خەباتی خەڵکدا، دەسەڵاتی بێ سنووری شا و کلیسە، لە زۆر بواری وەك 'سیستەمی قضا' دا، بەربەست کرا و درایە دەست خاوەنە سروشتییەکەی واتە دانیشتووانی وڵاتەکە. دێموکراسیی پەرلەمانی پەرەی سەند و بوار بۆ گۆڕان و نوێکردنەوە خۆش کرا.

دوابەدوای 'ماگنا کارتا' و شۆڕشی پیشە سازی و شۆڕشی مەزنی فڕەنسا، سەردەمێك لە مێژووی مرۆڤایەتی دەستی پێکرد کە بە 'سەردەمی مۆدێڕنیزم' دەناسرێت. ئامانج لە مۆدێڕنیزم و ئەوەی وا بە مۆدێڕنیتی یان نوێباو دەناسرێت، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و خۆ ڕێکخستن لەگەڵ تەئسیراتی بە سەنعەتی بوون و شارنشینی و دێموکراسیی سیاسی ناو کۆمەڵگاکان لە شارەگەورەکاندا بوو.

## 'نوێکردنەوە' لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوین

ماڵئاوایی لە جیهانی کۆن و بەخێرهێنانی دنیای نوێ، دیاردەیەکی ئەورووپی بوو کە بیرمەند و کۆمەڵناسان لە ئاڵمان، فڕەنسا، ئینگلتەرا و ئیتالیا هێنایانە ئاراوە بەڵام بیرۆکەکەی لە چوارچێوەی کیشوەری ئەورووپادا قەتیس نەمایە و بە ماوەیەکی کەم لەوپەڕی جیهانیش گەیشتە وڵاتانێك کە لای کەم بەشێك لە خەڵکەکەیان تامەزرۆی گۆڕانکاریی و فڕێدانی نەریتی کۆن بوون. وڵاتی وەك ژاپۆن کە گیرۆدەی دەستی نەریتە کۆنە مێژووییەکان بوو، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا لە خەوی دوور ودرێژی ناو کەهفی سەدەکانی ڕابردوو ڕابوو و چووە پێشوازی مۆدێڕنیتی و لە درێژەی ئەو ڕابوون و بەرهەڵستکارییەدا بوو بەو نموونەیەکی بەرچاو لە پیشەسازیی سەردەم، بە شێوەیەك کە ئەمڕۆ لە پلەی سێهەمین ئابووریی گەورەی جیهان وەستاوە.

ئاشکرایە خەڵك لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوین، کە لە بن گوێی ئەورووپا و لە پێوەندی نزیکی ئەودا دەژیان، دەبوایە گەلێك زوو هەست بە بەرامەی خۆشی ئەو گۆڕانکارییە زانستی-

کۆمەڵایەتی- هونەرییانە بکەن کە لە ئەوروپادا هاتبوونە کایەوە. یەك لەو دیاردانەی وا ڕۆژهەڵات لە ئەوروپای وەرگرت، سێکیولاریزم یان عیلمانییەت بە واتای ئازادیی بیر وباوەڕی ئایینی و فڕێدانی جەزمییەت و موتڵەق بینی بوو و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، گوێزرایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی جیهانیش.

سەمەرە نییە کە خەڵکی یەکەم وڵاتانی ناوچە، کە بەرەوپیری گۆڕان و نوێکردنەوەی دیاردەی کۆن چوون، گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (٣٠٧ تا ١٩٢٤) بووبێتن. گەورەترین دەسەڵاتداریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك، واتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەو سەردەمانە ڕاست لەگەڵ ئەوروپادا شەڕی دەسەڵاتی دەکرد و لە ڕێگەی شەڕ و ململانییەوە خەونی پەرەپێدانی خاکەکەی لە ناو ئەوروپادا دەبینی- هەر لە یۆنانەوە بگرە تا بولگاریا و سربیا و ئیسپانیا و نەمسا.

شەڕی سەردەمی فێئۆدالی لە شەڕی سەردەمی ئێمە زیاتر گوشاری دەخستە سەر ئابووریی خەڵك و ژمارەی ئەو شەڕکەرانەی کە بە زەبری دەسەڵات دەبرانە بەرەکانی شەڕ و دەکووژران، لە چاو ژمارەی دانیشتووان، گەلێك زۆر بوو و ئەو دوو هۆکارە سەرەکییە وای کردبوو کە کۆمەڵانی خەڵك بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان دژ بە شەڕ و ئەو دەسەڵاتدارییانە بن کە هەڵگیرسێنەری ئاگری شەڕەکان بوون.

شەڕ، خواستی دەسەڵاتداریی عوسمانی بوو، بەڵام خەڵکانی دانیشتووی ئیمپراتۆریەکە بە ئاقارێکی جیاوازدا دەڕۆیشتن و دژ بەو شەڕ و خوێنڕشتنانە دەوەستان. ئەوان پەیامی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵگا نوێیەکانی ئەوروپایان وەرگرتبوو و دەیانویست کۆمەڵگای ئەوانیش ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو ڕێگایە ببڕێت و بەو ئاسایش و بەختەوەرییە بگات کە لای کەم بۆ بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵکی ئەوروپا مسۆگەر ببوو.

یەکەم ڕەنگدانەوەی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرانبەر بە مۆدێرنیتی و بزووتنەوەی مۆدێرنیزمی ئەوروپی، لە تاقمێك ڕووناکبیری عوسمانی بینرا، کە دانیشتووی شاری پاریس، وەك یەکێك لە سەرەکیترین ناوەندەکانی نوێخوازیی ئەوروپا، بوون: مەدحەت عەلی پاشا (١٨٢٢-١٨٨٤)، محەمەد فوئاد پاشا (١٨١٥-١٨٩٦) و محەمەد ئەمین عەلی پاشا (١٨١٥-١٨٧١)، بە پێشڕەوی نوێخوازی لە ناو ئیمپراتۆریەتە نەخۆشەکە ناسراون، بەڵام ئەوان تەنیا نەبوون و کۆمەڵانێکی بەرینی خەڵك بەتایبەت ڕووناکبیرانی ناوخۆی وڵاتیشیان لەگەڵ هاودەنگ بوو.

هەر بۆیەش قەتاری نوێخوازیی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە وێستگەی پاریسدا نەوەستا و گەیشتە ناوخۆی وڵات. کۆمەڵانی خەڵك و ڕووناکبیرانی عوسمانی بوون بە

سوپایەکی بەهێز و لە پشت نوێخوازان وەستان. دەسەڵاتی کۆنباو نەیتوانی ببێتە لەمپەر و لە بەرانبەریاندا بوەستێت. ڕاگەیاندنی 'نیزامی جەدید' واتە تەنزیمات لە ساڵی **١٧٩٣** لە سەردەمی عەبدولمەجیدی دووهەمدا، مل دانەواندنی دەسەڵات بوو لە بەرانبەر لافاوی بەگوڕی نوێخوازی و نوێکردنەوە. ئاڵاهەڵگری ئەو ڕیفۆڕمەش لە ناوخۆ، مستەفا ڕەشید پاشا (١٨٠٠-١٨٥٨) بوو کە بە ئیلهام بەخشی 'تەنزیمات' دەناسرێت.

تەنزیمات هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دوو 'مەڕسووم'ی ساڵانی **١٨٣٩** و **١٨٥٦** ی بەشوێن خۆیدا هێنا و بەوانە، جاڕی سەردەمێکی نوێ درا و "مافی خاوەنداریەتی تایبەتی و یەکسانی بۆ هەموان" وەك مافێکی سروشتیی خەڵك، لای کەم لە سەر کاغەز، مسۆگەر بوو و کۆمەڵانی خەڵك بە ڕووناکبیر و ئاپۆرەوە هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. پەروەردەی عیلمانی دەرەوەی حوجرەی مزگەوتەکان و دادپەروەریی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی مەلاکان و سوپای غەیرە فێئۆداڵی و ڕێك و پێکی شێوە ئەوروپی، بەشێك بوون لە بەروبووی تەنزیمات. بە گشتی ئەو گۆڕەپانانەی کە تا ئەودەم تایبەت بە خەلیفە و دام و دەزگا ئایینییەکان بوو، بەرەبەرە کەوتنە بەر دەستی خەڵك و دامەزرانی یەك لە دوای یەکی ڕێکخراوە سیاسی- کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییەکانیش دەرئەنجامی سروشتیی ئەو هاتنە مەیدانەی کۆمەڵانی خەڵك بوو.

باوەکوو چاکسازی لە کۆشك و نووسینگە وەزارییەکانەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام ڕووناکبیرانی وڵاتەکەش دەستەوەستان نەبوون و لە هەوای ئازادتری دوای تەنزیماتدا گەلێك چالاکیی هونەری و فەرهەنگی وەك ڕۆژنامەوانی، ڕۆماننووسی و شانۆگەرییان پەرەپێدا.

## نوێخوازی و 'ماسۆنی' لە عوسمانی

لە ناو مۆدێڕنیستەکانی عوسمانیدا، هەر لە سوڵتانەوە بگرە تا وەزیر و کاربەدەست، ئەو بڕوایە پێك هاتبوو کە نوێخوازی و نوێکردنەوەی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی 'مۆدێلێکی ئەوروپی' لە ڕێگەی ڕێکخراوە نهێنییەکانی 'فراماسۆن'ەوە گونجاوتر و خێراتر بەڕێوەدەچێت. هەر بۆیەش ئەو سوڵتانانەی عوسمانی کە بۆ یەکەم جار هاتوچۆی ئەوروپایان کرد و لەوانە، سوڵتان مورادی پێنجەم (١٨٤٠-١٩٠٤)، بوون بە ئەندامی یەك لە "لۆژ" یان ڕێکخراوەیەکی ماسۆنیش و بە هەمان شێوە سەرەك وەزیران و پاشا و گەورەپیاوانی وەك مستەفا ڕەشید پاشا(١٨٠٠-١٨٥٨) کە ماوەیەك باڵیۆزی عوسمانی لە وڵاتە ئەوروپییەکان بوو، ئەندامیەتی لۆژە ماسۆنییەکانیان وەرگرت.

## جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی عوسمانی

یەك لە بەروبووەکانی تەنزیمات، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسراو بە 'تورکە گەنجەکان' بوو، کە لە ساڵی ١٨٨٩ دا دەستی پێکرد و لە درێژەیدا، لە ناوخۆ و دەروەوەی وڵات چەند کۆمەڵە و جەمعییەت و گرنگترینیان 'جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی عوسمانی' (١٩٠٦) هاتنە دروست بوون. بناغەدانەر و شوێنگری بەشێکی زۆر لەو جەمعییەتانە، ڕووناکبیرانی سەر بە گەلانی غەیرە تورکی ناو ئیمپراتۆریەتەکە وەك کورد و ئەرمەنی و ئاڵبانی و عەرەب و چەرکەس بوون کە 'ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی' تورکیان دژ بە بەرژەوەندیی گەلانی خۆیان دەبینی و هەستیان بە پەراوێزخرانی ئەو گەلانە لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەکرد، لە ئەنجامدا گۆڕانکاری و بە ئەورووپی کردنەکانیان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا دەدیت. لەو چوارکەسەی وا جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقییان بنیات نا، دوویان (عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی) کورد بوون، یەکیان(ئیبراهیم تیمۆ) بە ڕەگەز ئاڵبانی و ئەویتریان (محەممەد ڕەشید) خەڵکی قاوقاز بوو.

### مەشرووتەی عوسمانی

لە ژێر گوشاری ئازادیخوازاندا، عەبدولحەمیدی دووهەم، کە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦ و ١٩٠٩دا سوڵتانی عوسمانی بوو، فەرمانی مەشرووتیەتی وڵاتەکەی لە ساڵی ١٨٧٦ دا ئیمزاکرد بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزم بڕواتە پێشەوە و داخوازییەکانی ئازادیخوازان بەجێ بگەیێنێت. لە ئەنجامدا، چاکسازییەکانی وەستاند و مەشرووتیەتی هەڵپەسارد. دەورەی دووهەمی مەشرووتە، دوای ٣٠ ساڵ وچان، لە ساڵی ١٩٠٨ دا دەستی پێکردەوە و یاسای بنەڕەتیی عوسمانیی نوێ بە هەوڵ و کۆششی نوێخوازانی وەك میدحەت پاشا، نووسرا. ئەحمەد شەفیق میدحەت پاشا (١٨٢٢-١٨٨٣) بە 'میعمار'ی مەشرووتەی یەکەم و دانەری یاسای بنەڕەتیی عوسمانی ناسراوە و کاتێ کە عەبدولحەمیدی دووهەم ئەنجومەنی هەڵوەشاندەوە، ئەویشی خستە زیندانەوە و هەر لەوێشدا مرد، یان کووژرا. مەشرووتییەتی عوسمانی لێرەبەدواوە تا ساڵی ١٩٢٤ و ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە لایەن مستەفا کەماڵ (ئەتاتورك)ەوە، درێژەی کێشا.

### بارودۆخی ئێران

بە ماوەیەکی کەم دوای عوسمانییەکان، ئێرانی قاجاری (١٧٨٥ تا ١٩٢٥)ش لە خەوی سەدە و ساڵان ڕاپەڕی و بە شەلەشەل کەوتە شوێن کاروانی زانست و پێشکەوت و خۆ ڕێکخستن لەگەڵ ئەوروپا. باوەکوو یەکەم ڕۆژنامەی فارسی (کاغذ اخبار) ماوەیەك پێش

حکوومەتی ناسرەدینشای قاجار(١٨٣١-١٨٩٦)بڵاو کرابووەوە، بەڵام هەنگاوی جیددی و بەردەوام لە پێناو بەڕۆژکردنی سیستەمی حکوومەتداری، لە سەردەمی ئەودا هەڵێنرایەوە.

لە ئێرانیش وەك عوسمانی، ناسرەدین شا، دووجار سەردانی فەرەنگستانی کرد و لە لەندەن و پاریس پێشکەوتە سیاسی- زانستی- ئابوورییەکانی ئەو وولاتانەی بە چاو بینی. کابینە بە وەزیر و سەرەك وەزیرانەوە پێکهێنرا و بە هیممەتی 'میرزاتەقی خانی ئەمیرکەبیر'ی سەرەك وەزیران، (١٨٠٧ — ١٨٥٢)، "مدرسە دارالفنون" لە تاران کرایەوە و مامۆستای لە ئەورووپاوە بۆ هێنرا، تاقمێك لە لاوان بۆ خوێندن و فێربوونی زانستی نوێ نێررانە ئەورووپا و ئەستەمووڵ و تفلیسی گورجستان وەك دوو ناوەندی سەرەکیی نوێخوازیی لە ناوچەکە. دەزگای 'عەدڵیە' دانرا، چاپخانەی چاکتر هێنرایە ناو ئێران، ڕۆژنامەی 'وقایع اتفاقیە' چاپ کرا، یەکەم ڕێگای ئاسن و هێڵی تێلگەراف و کارەبا کێشرا، سوپا بە شێوازی ڕۆژئاوایی ڕاهێنرا و بەگشتی، پەنجەرەی داخراوی وولاتێکی تاریك بەرەو ڕووناکایی ڕۆژئاوا کرایەوە. دەگوترێ سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی ئێران لە زۆر کار و کردەوەیاندا لاسایی 'میدحەت پاشا'ی عوسمانییان کردبێتەوە کە بە میعماری دەستوورخوازی دەناسرا.

### بابییەکان

ئەو گۆڕانکارییانە، تەنانەت لە دەزگای قورس و قایم و نەگۆڕی ئایینی شیعەشدا خۆیان نواند و "بابی"یەکان، وەك بانگدەرانی گۆڕان و نوێکردنەوەی ئایین و سیاسەت، لە شاری شیرازەوە سەریان هەڵدا و بزاڤەکەیان بە ماوەیەکی کەم هەموو ئێرانی تەنییەوە. هەردوو دەزگای حکوومەت و مزگەوت بە توندی دژی بابییەکان وەستان و و بە کافر و بێدین و 'مهدور الدم'یان ناساندن و 'بابی کوژی' دەستی پێکرد. بەڵام ئەوان لەو کوشتار و لێدانە نەسڵەمینەوە و بیری نوێیان بڵاوکردەوە. "طاهره قرة العین"- شاعیرە و زمان پاراوی قەزوێنی (١٨١٥ — ١٨٥٢)[١٤٧]، یەکەم ژنی ئێرانی بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی جەماوەریدا حیجابی فڕێدا و بانگی ئازادیی ژنان لە بەند و بەستی داسەپاوی کۆمەڵگای کۆنی بە گوێی خەڵکدا دا، گەرچی ئەویش وەك پێشەواکەی خۆی- 'عەلی موحەممەدی باب' (١٨١٠-١٨٥٠)، سەری لەو ڕێگەیە دانا. هێزی کۆنباو تەنیا بە زەبر وزەنگ دەیتوانی پێش بە لافاوی نوێخوازی بگرێت.

---

[١٤٧] بەهۆی گۆڕینی ڕێکەوتی بەشێك لە ساڵ و مانگەکان لە کۆچییەوە بۆ زایینی، واهەیە جیاوازییەکی یەك ساڵە لە نێوان ڕێکەوتی ڕاستەقینە و ئەو تەئریخانەدا هەبێت کە لە هەموو ئەم وتارەدا دەکەونە بەرچاو.

**لاسایی کردنەوەی عوسمانی و ئەورووپییەکان**

ئێرانییەکان لە گەلێك بواری سیاسی-کۆمەڵایەتیدا پێیان دەنایە جێ پێی عوسمانییەکانیان و وەك ئەوان و هاوڕێ لەگەڵ ئەوان، لاسایی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت فرەنسایان دەکردەوە.

دەستوور یان یاسای بنەڕەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٦ دا پەسند کرا، کۆپیی یاساکانی فڕەنسا بوو. یاسای بنەڕەتی ئێران کە ٤٠ ساڵ دوای عوسمانی هاتە کایەوە، لەبەر یاساکانی بەلجیکا و فڕەنسا کۆپی کرابوو، بەڵام لە هەندێك بواری گرنگدا نەدەگەیشتە یاسای عوسمانییەکان بە تایبەت ئەو ئازادییە سیاسییانەی وا بە گوێرەی دەستوور بە هەموو گەلانی ناو ئیمپراتۆرییەکە درابوو، یان ئازادی ئایینی بۆ هەموو ئیمانداریێك، بە سوننە و شیعە و موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەوە، لە یاساکەی ئێراندا نەگیرابوونە بەرچاو. ئازادی ئایینی لە ئێران تەنیا تایبەت بە موسوڵمان و خاوەن کتێبان واتە عیسایی مووسایی و زەردەشتی کرابوو. ساڵێك دواتر، کاتێ "متمم قانون اساسی" ئێران پەسند کرا (١٩٠٧)، گەلێك ڕەوتی پێشکەوت بەرەو دواوە گەڕانەوە. بە گوێرەی ئەو "متمم"ە کە لەژێر گوشاری ئاخوندە کۆنەپەرستەکاندا، بۆ "هەموو سەردەمێك لە سەردەمەکان" پەسند کرا بوو، هیچکام لەو یاسایانەی وا لە مەجلیسی شۆڕای میللی ئێراندا هەموار دەکران، نەدەبووایە لەگەڵ یاساکانی ئیسلامدا دژایەتییان هەبێت و دەبووایە لای کەم پێنج موجتەهید و فەقیهی شیعە پەسندیان بکەن. بەم پێیە، ئەستەم بوو لە ئێران کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە شێوازی وڵاتانی ئەورووپی جێگر بێت، کە نەشبوو و ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٧٩ کۆتایی بە هەموو دیموکراسیەت و ئازادی و بەرانبەرییەك هێنا.

کاری لاسایی کردنەوەی ئەورووپا لە هەردوو وڵاتی عوسمانی و ئێراندا بە دامەزرانی سیستەمی سیاسیی مەشروتە و دانانی یاسا ی بنەڕەتی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کرانەوەی قوتابخانەی نوێ تەواو نەبوو. خەڵك تینووی ئازادی بوون و دەیانویست دیوارە سیاسییەکانی دەوری خۆیان بڕووخێنن و سنووری دانراو ببەزێنن. ئەوان، دووراودووریش بێت، ئاگایان لە پێشکەوتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دواکەوتووییەکانی خۆیان بوو، بۆ گەیشتن بەوان پەلیان بۆ هەموو شتێك دەهاویشت و هەندێك جار کاری سەیر و سەمەرەیان دەکرد. لویی شازدەهەم، شای فڕەنسا، لە ماوەی شۆڕشی مەزنی وڵاتەکەدا (١٧٨٩ تا ١٧٩٩) ئیعدام کرابوو. پازدە ساڵ دواتر، لە ئەستەمووڵ، مستەفای چوارەم ئیعدام کرا (١٨٠٨) و عەبدولعەزیزی یەکەم لە عەڕش هێنرایە خوارەوە و پێنج ڕۆژ دواتر تەرمەکەی لە زیندان هێنرایە دەرەوە. لە ئێرانیش، ناسرەدینشای قاجار لە ساڵی ١٨٩٦ دا لە نزیك تاران تیرۆر کرا و کووژرا. چارەنووسی لویی شازدەهەم ببووە سەرمەشق و شاکوژی ببووە مۆدەی سەردەم!

## جیاوازییەکانی مۆدێرنیزمی ئەوروپا لەگەڵ ناوچەکەی ئێمە

کێشەی سەرەکی و ناتەواویی گەورەی وڵاتانی ناوچەی ئێمە لە ڕەوتی نوێکردنەوەدا ئەوە بوو 'دیکارت'ێکمان نەبوو بڵێ "من بیر دەکەمەوە کەوابوو، هەم!" ئێمە بیرمەندی وەك کانت و مۆنتسکیو و ژان ژاك ڕۆسۆ و لووتەر و دەیڤید هیووم و نیچەمان نەبوو کە ئەزموون کردن، ناسینی زانستییانە، شەککاکیەتی فەلسەفی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی وەك چەمك، وەك بیر، وەك باوەڕ و وەك فەرهەنگ ببەنە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە و تێکەڵاوی هەڵوێست و خوو وخدە و خوێن و ژیانی خەڵکی بکەن و بیگەیێننە نەوەکانی دواتر. ئەوروپییەکان بۆ سەقامگیر کردنی ئەو دیاردە نوێیانە، سەرەتا ژێرخانێکی قورس وقایمی سیاسی- کۆمەڵایەتییان بنیات نابوو، دەسەڵاتی کلیسەیان بەربەست کردبوو و ڕاسیۆنالیزم (تعقل) یان کردبووە جێگرەوەی دۆگمای ئایینی.

بەڵام بۆ ئێمە، نوێخوازی دیاردەیەکی لاوەکیی هاوردە بوو کە هێنرابووە ناو کۆمەڵگاکەمانەوە و هەموومان، بە تورك و ئێرانی و کورد و عەرەبی ناوچەکەوە، لاساییکەرەوەی ساکاری ئەو چەمکانە بووین کە خەڵکانی تر لە جوغرافیایەکی تر و بە فەرهەنگ و بیر وبۆچوونێکی ترەوە دایانمەزراندبوو و هێنابوویانە ناو ئێمەش. ئێمە بێ ئەوەی ڕیشەی باوەڕە کۆنەکان دەربهێنین، بیری ئازادی ئەوروپیمان لەسەر خەرافە و بۆچوونی نازانستی مۆنتاج کرد و مەعجوون و مەڵغەمەیەکمان لێ پێك هێنا کە ئێستاش و لە داهاتووشدا بە دەستییەوە دەناڵێنین. بە کورتی، ئێمە کۆستەیەکی گاڵتەجاڕمان لە نوێخوازی و عیلمانییەت و دیموکراسی و ئازادی دروست کرد، کە ڕیشی پانی هەبوو؛ ئەو بوونەوەرە سەیر و سەمەرەیە نەیدەتوانی لە جیهانی واقیعدا بوونی هەبێت و دیتمان بە سەرهەڵدانی کەسێکی وەك خومەینی، هەموو ڕیسێك بووەوە پەمۆ و هەموو ناوچەکە، سووك و سانا، گەڕایەوە سەردەمی جمجمە سوڵتان!

ئەوە خاڵێکی گرنگە بگوترێت کە بە پێچەوانەی ئەوروپا، کە بیرمەند و کۆمەڵناس و هونەرمەندان پێشڕەوی نوێخوازی بوون، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، سەرەتا حکوومەتەکان بوون کە بەرەوپێری نوێخوازی دەچوون! هۆکاری زۆرێك لە ناتەواوییەکانی پرۆسەی مۆدێرنیزم لە وولاتانی ئێمەش هەر ئەوەیە. سەفەری سوڵتان و شاهان و حاکمانی عوسمانی و ئێران بۆ فەرەنگستان و ناردنی منداڵانیان بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئەوروپا، نموونەیەکی ئەو هەوڵانەیە لە لایەن دەسەڵاتداریەتییەکانی ناوچەی ئێمەوە. بە کورتی، خەباتێك کە بیرمەندان و فەیلەسووفان و کۆمەڵناسان لە ئەوروپا دەیانکرد، بەشێکی بەرچاوی لەپێناو بەربەست کردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئایینی و زاڵکردنی دیموکراسیدا بوو، لە کاتێکدا لای

ئێمە حکوومەتەکان و بوروکراتەکان بوون کە خۆیان لەگەڵ سەردەمدا ڕێك دەخست، بە چەکی زانست و تەکنۆلۆجی نوێ چەکدار دەبوون و هەر بەو چەکانەشەوە دەچوونە شەڕەجەنگی خەڵکەکەیان و هەموو هەوڵ و کار و خەباتێك بۆ گۆڕانکاری و نوێخوازیی کۆمەڵانی گەلیان سەرکوت دەکرد!

ئەوە کارەساتی هەرە گەورەی وولاتانی ئێمە بوو لەو سەردەمە، کە تا ئێستاش درێژەی کێشاوە.

## مۆدێرنیزم لە کوردستان

'کورد' لە هەردوو ولاتی جێگەی باسی ئێمە، واتە عوسمانی و ئێراندا، بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی پێکدەهێنا.

لە ناو کوردیش وەك گەلانی دیکەی ناوچەکە، پەیامهێنەرانی نوێخوازی و دیموکراسی و یەکسانی، بیرمەند و فەیلەسووفی خۆیی نەبوون بەڵکوو تەنیا شاعیر و نووسەران و سیاسەتکارانی ناو دام و دەزگا حکوومییەکان بوون کە جاڕی نوێکردنەوەی کۆمەڵگای کۆنیان دەدا. نەخوێندەواریی کۆمەلانی خەڵك، نەبوونی شارنشینی، شێوازی ژیانی خێڵەکی، بەهێزبوونی نەریتە کۆنەکان و بەتایبەت نەبوونی حکوومەت و دەسەلاتداریەتی نەتەوەیی و دابەشبوونی خاك بەسەر دوو داگیرکەر، واتە دوو ئیمپڕاتۆریەتی بەهێز، تەنیا چەند هۆکارێك بوون لەو کۆمەڵە هۆکارانەی وا کوردیان دوور لە پێشکەوت و پێگەیشتن و تێگەیشتنی ژیانی سەردەمانە ڕادەگرت، لە کاتێکدا داگیرکەرانی خاکی کورد بە یارمەتی دەسەلات دەیانتوانی گەلێك دەسکەوت و پێشکەوت بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، هیچکام لەوانە بۆ کورد نەگونجا.

هەرچۆنێك بێت، بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە ناسیاویی خەڵکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ چەمکی نوێخوازی و مۆدێڕنیتی ماوەیەك پێش گەلانی دانیشتووی ناو ئێران دەستی پێکرد، دەکرێ ئەو مەسەلەیە لە قیاسی کوردانی ناو دوو حکوومەتەکەشدا ڕاست بێت و چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە نوێنەران و هەڵبژاردەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، زووتر لە هەمان توێژ و چینی کۆمەلایەتیی کورد لە ئێران، ناسیاوی مۆدێڕنیزمی ئەورووپی و خوازیاری نوێخوازیی کۆمەڵگای خۆیان بووەبێتن؛ لە ڕاستیشدا هەروا بوو.[١٤٨]

[١٤٨] ڕاستە شەرەفنامەی مێژووی کوردان لە ئێران نووسراوە، بەلام پاشخانی شەرەفخانی نووسەرەکەی لە بدلیسی باکووری کوردستان بوو و بنەماڵەیان لە سەردەمی شەڕی ئێران و عوسمانیدا، لە بدلیسەوە پەرەوازەی قوم و قەزوێن و ئیسفەهان ببوون.

یەکەم بزاڤی خۆناسین و مافی خۆ خواستنی کورد لە سەردەمی نوێدا لە باکووری کوردستان و لە ڕاستیدا لە شاری ئەستەموڵەوە سەری هەڵدا و یەکەم نیشانەکانی خۆ ڕێکخستنی کورد لەگەڵ سەردەمیش، هەر لە بەشی کوردستانی عوسمانیدا دەرکەوت.

"کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد"ی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨ واتە لە جەنگەی مەشرووتەدا لە ئەستەموڵ بە ئەندامیەتی و سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان دامەزرا. بەڕێوەبەرانی جەمعییەت بایەخی زۆریان بە لایەنی ڕووناکبیری و پەروەردە و خوێندنی کۆمەڵانی گەلی کورد دەدا. 'پیرەمێرد'ی سلێمانی، کە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی بۆ هەمووان ڕوونە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی جەمعییەتەکە بوو. جەمعییەت، ڕۆژنامەیەکی دیکەش بە ناوی 'کوردستان' و چەند کتێبی وەك "هداية الحميدية فى اللغة الكردية"ی یۆسف زیائەدین و "سەرف و نەحو بە کوردی" و "ئەلفبای کرمانجیی" خەلیل خەیاڵی و "دیوانی مەولانا خالید"یشی چاپ کرد. گەلێك جەمعییەت و ڕێکخراوەی دیکەش بەشوێن جەمعییەتی تەعاوندا هاتن، کە 'جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیتیحادییەی کورد' و 'جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد' دوو لەوان بوون.

هەموو ئەو دیاردانە، لە دامەزرانی جەمعییەت و حزبەوە تا چاپی ڕۆژنامە و کتێب، دیاردەی ڕۆژئاوایی بوون و بە چاولێکەری لەوان پێك دەهاتن. تەنانەت نەك هەر فۆڕم و قاڵب، بەڵکوو ناوەرۆکی هەمووان 'فەرهەنگی' واتە ئەورووپی بوو. دروشمی سەرەکی حزب و ڕێکخراوەکان و بە هەمان شێوە بابەتی سەرەکی نووسراوەی ڕۆژنامە و کتێبەکان، ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و عیلمانییەت بوو کە دروشمی شۆڕشی مەزنی فەرەنساش بوون. کۆمەڵانی گەڵ و ڕووناکبیرانی پێشڕەوی کورد لە دروشمی 'ئازادی'دا بەربەست کردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران و لە 'دادپەروەری'دا زاڵبوونی یاسا بەسەر دام و دەزگا نەریتییەکانی هێزی "قضا" و لە 'عیلمانییەت' یان سێکیولاریزمدا گەڕانەوەی مەلا و موجتەهید بۆ ناو مزگەوت و حوجرەی دەرس، واتە جودایی دین و دەوڵەتیان دەبینی.

کاتێ بە مێژووی ژیانی کوردانی پێشڕەوی مۆدێرنیزمدا دەچینەوە، دەبینین جیا لە ئەندامانی خەباتکاری بنەماڵەی بەدرخانی وەك عەبدولرەزاق بەگ، میقداد مدحەت بەگ،ئەمیر سورەییا بەگ، ئەمیر جەلادەت بەگ، عەبدولرەحمان بەگ، ئەمین عالی بەگ، دوکتۆر کامران بەگ و ئەوانیتر، کە یەك لە دوای یەك و بێ پسانەوە، بۆ ماوەی دوو سەدە لە شانۆی خەبات و شۆڕشی سیاسی و فەرهەنگیی کورددا بوون، ئێمە مەلا خدری نالی (١٨٠٠-١٨٥٦)، عەبدولڕەحمان بەگی سالم (١٨٠٠ - ١٨٦٦)، مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩-١٨٥٠) و حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧)مان هەن کە ڕۆڵەی سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩-١٨٧٨)ن و

سەرەڕای جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتییان، لەژێر یەئسیری ئەو فەزای تەنزیماتەدا، کەوتوونەتە دژایەتیکردنی دیاردەی کۆن و دام و دەزگا نەریتییەکان بە کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، هەر ئەو نوێخوازییانەش بوونەتە ناوەرۆك و بابەتی بەشێك لە شیعر و نووسراوەکانیان.

ڕەوتی نوێخوازیی کورد لە قۆناغی تەنزیماتدا ناوەستێت و درێژە بە ڕێگا دەدات. ماوەیەك دواتر، جڤاتا ولاتێ کوردان (خۆیبوون) وەك یەکەمین حزبی سیاسیی کورد دادەمەزرێت (١٩٢٧) و بیرمەندانی وەك جەمیل سیدقی زەهاوی (١٨٦٣-١٩٣١)، حاجی تەوفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، عەبدوڵلا جەودەت (١٨٦٩ — ١٩٣٢) و مەلای گەورەی کۆیە (١٨٧٦-١٩٤٣) مەشخەڵی بیری نوێ هەڵدەگرن و دوای خۆیان بۆ درێژەی ڕێگا دەیدەنە دەست نەوەی نوێ کە بریتی بن لە ناودارانی وەك زیهنی پاشای بابان (١٨٥٣- ١٩٢٦) و پێشڕەوانی وەك ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨ — ١٩٦٠) و قانعی شاعیر (١٨٩٨-١٩٦٥) و موفتی پێنجوینی (١٨٨١-١٩٥٢).

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕەوڕەوەی نوێخوازی نەوەستاوە. لاهووتی کرماشانی (١٨٨٧-١٩٥٧)، مستەفا شەوقی (١٨٦٥ -١٩٣٧) و قازی لەتیفی قازی (لە ١٩٢١ دا کووژراوە)، هەرسێ لە ئەستەمووڵ ژیاون یان هاتوچۆی ئەوێیان کردووە. سەیفولقوزاتی قازی (١٨٧٦ - ١٩٤٥)، شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی (١٨٨٦-١٩٧٥)، عەلی بەگی حەیدەری ١٨٧٣-١٩٥٤) و براکەی واتە مصباح الدیوان ادب (١٨٩٨- ١٩٢٥)، مەلا محەمەدی تورجانی زادە (١٨٩٥-١٩٦٣)، دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان(١٩١٠-١٩٨٨)، مەلا قادری مودەڕڕیسی (١٩٩٠-١٩٩٢)، سەید محەمەدی حەمیدی (١٩٠٣-١٩٧٩)، عەبدولڕەحمانی زەبیحی (١٩١٨-١٩٨١)، حەسەنی قزڵجی (١٩١٥-١٩٨٤) و پێشڕەوانی ڕۆژنامەنووسی لە کرماشان و سنە و قوتابیانی قوتابخانەی شیعریی موکریان: هەژار (١٩٢١-١٩٩٠)، هێمن (١٩٢١- ١٩٨٦)، ئاوات (١٩٠٣-١٩٨٩)، هێدی(١٩٢٧-٢٠١٦)، حەقیقی (١٩٠٢-١٩٩٦) و نووری (١٩٢٦-٢٠٠٩) تەنیا ژمارەیەکی کەمن لەو خەباتکارانەی وا ڕێخۆشکەری ئازادی و دیمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

موفتی پێنجوینیش لەو سەردەمانەدا ژیاوە و بەشێك بووە لەو ڕەوتەی نوێخوازی و نوێکردنەوە واتە بە قەڵەم و قەدەم لە پێناو نوێکردنەوەی کۆمەڵگاکەی لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات دا خەباتی کردووە.

*************

**دووهەم، موفتی پێنجوینی، وەك کەسایەتییەکی نوێخوازی ڕچەشکێن**

لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی- ئەدەبیی کوردستانی ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئێمە سێ جار و لە سێ بواردا ڕووبەڕووی کەسایەتی مەلا عەبدوڵڵای مەلاکەریم ناسراو بە موفتی پێنجوێنی (١٨٨١-١٩٥٢) دەبینەوە.

لە باری سیاسییەوە کوردستانییەکی بێ خەوش دەبینین کە تێکەڵاوی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە باشووری کوردستان و عیراقی تازە دامەزراوە، بەڵام لە عەینی کاتدا، بە سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی، هاوڕێ لەگەڵ هاوبیر و هاودەردی خۆی قانعی شاعیر، بە پێیان لە پێنجوینەوە ڕێگەی مەهاباد دەبڕێت و لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەییدا دەچێتە ژێر سێبەری ئاڵاکە و سروودی نەتەوایەتی دەخوێنێت. دواتریش تا کۆتایی ژیان لە سەر ئەو پێودانە دەڕوات و لە ڕێبازی کوردایەتی و ئاواتی بەختەوەریی گەلەکەی لانادات.

لەباری کۆمەڵایەتییەوە، باوەکوو مەلایەکی دوازدە عیلمە و دەتوانێ ببێتە پێش نوێژ و نووشتە نووس و وەك قائیدی کۆمەڵگا لە مزگەوتی گەڕەکی شارێك، لای ژوورەوەی هەمووان دابنیشێت و لەو ڕێگەیەوە، جگە لە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی، ژیانێکی ئابووریی باشتر بۆ خۆی و بنەماڵەکەی مسۆگەر بکات. بەڵام خۆ خواستە، ئەو دەرفەت و دەرەتانە بەجێ دەهێڵێت و لە پێنجوین دووکانێکی بچووکی توتن و جگەرە فرۆشتن دەکاتەوە و بۆ بەخێوکردنی ٩ ئەندامی بنەماڵەکەی، لە پشت دەزگایەکی ساکاری جگەرە دروستکردن دادەنیشێت. موفتی بە پێچەوانەی داب و نەریتی سەردەم، لە شاروچکەیەکی وەك پێنجوینی ئەو ساڵانەدا، وەك ڕچە شکێنێك، کچی خۆی لە سەر دووکانەکە دادەنێت و بەو کارەی دەکەوێتە بەر ڕق و کینەی کۆنسێرڤاتیوە نەریتخوازەکان و هەر ئەوان ناوونیتکەی 'بابی'بوونی دەخەنە شوێن کە لەو سەردەمانەدا دەخرایە دووی هەموو پێشکەوتنخواز وڕچەشکێنێك.

لە باری فەرهەنگییەوە، شاعیرێکە زیاتر لە زوربەی شاعیرانی بەرپرسی کورد، دەردی کۆمەڵایەتی گەلەکەی دەبینی و لە شیعرەکانیدا دەریدەخات. مەسەلەی نەخوێندەواریی و دواکەوتوویی خەڵك، نەبوونی قوتابخانەی عیلمانی و نەخۆشخانە و زانست و سنعەتی نوێ لە کۆمەڵگاکە و بێ مافیی ژن، کە هەندێك شاعیری خاوەن ناومان بەسەریدا تێپەڕیون، بۆ موفتی، کێشەیەکی وەها گەورەیە کە ناتوانێ لێیان بێ خەم بێت و لە ژیانی ڕۆژانە و لە شیعرەکانیدا ئاماژەیان پێنەکات. هەربۆیەش کەمتر شیعرێکی موفتی هەن کە یەك یان چەند بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییان تێدا نەگونجابێت.

**موفتی پێنجوینی وەك بیرمەندێك**

پێداچوونەوەی شیعرەکانی موفتی گەیاندوومیەتە ئەو بۆچوونەی کە ئەگەر "شیعر" هونەری یەکەمی کۆمەڵگای کورد نەبوایە و لەجیاتی شیعر، پەخشان و ڕۆمان نووسین دابی باوی ناو خوێندەوارانی کورد بوایەت، ئەودەم کەسانی وەك موفتی پێنجوینی و مەلای گەورەی کۆیە و حاجی قادری کۆیی و قانعی شاعیر دەیانتوانی بۆچوون و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی- سیاسی خۆیان ڕوونتر و بە تەفسیلاتێکی زیاتر، بە پەخشان ڕابگەیێنن و لە جیاتی بیری تێپەڕی ناو چوارینە وغەزەل، بۆچوون و پێشنیارەکانیان لەمەڕ گۆڕانکاریی و پێشکەوتی کۆمەڵگا و پێگەیشتنی ئەندامەکانی، لە بەرگێك کتێبدا تیۆریزە بکەن. ئەودەم ئێمەی کورد دەمانتوانی لەجیاتی ئەو هەموو دیوانە شیعرەی کە هەمانە و ئەو هەموو بیرە بەربڵاوەی ناویان، ڕچەشکێنێکی وەك مۆنتسکیۆ و ژان ژاك ڕوسۆمان لە مێژووی ناودارانماندا هەبێت و کتێبی وەك 'ڕۆحی یاساکان' و 'ئێمیل'مان لە دوو بواری گرنگی یاسا و پەروەردە دا بخەینە ناو کتێبخانەکانی جیهانەوە. بەڵام داخێکی گرانە کە شیعربەو دەرەتانە بەرتەنگەوە وا عەرووزی کلاسیك بۆ کێش و سەروای داناوە، توانای ئەوەی نەبووە و نییە لە ٢ فەردی چوارینە، یان ١٤ فەردی غەزەل و ٦٠ - ٧٠ فەردی قەسیدەدا فەلسەفەی کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکات و بیری قووڵی نوێخواز و ڕچەشکێن بە خەڵك ڕابگەیێنێت و ڕوونی بکاتەوە.

خەسارێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێمەیە کە خاوەن بیرانی ڕابردوومان هەموو بابەتێکی ئەندێشە و فیکر (وەك مێژوو، چیرۆك، شانۆگەری و تەنانەت تێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتد)یان لە قاڵبی بەرتەنگی شیعری کلاسیکدا ڕاگەیاندووە و وەك دەرئەنجامێك، تەنیا توانیویانە بیرۆکەیەکی ناتەواوی پچڕ پچڕ و شێواو بگەیێننە گوێی کۆمەڵانی خەڵك و نەیانتوانیوە ببنە مامۆستای فیکر و فەلسەفە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا. لە ئەنجامدا ئەو ئەرکە گرنگەیان بۆ ڕۆژئاواییەکان بەجێ هێشتووە و خۆیان بوونەتە لاساییکەرەوەیەکی ساکاری ئەوان. دیارە پەخشان نووسین بەتەنیایی نەیدەتوانی ئێمە بگەیێنێتە ڕیزی ئەورووپییەکان و دەبوایە سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی زانستی لەپشتەسەرمان بێت بۆ ئەوەی بەو ڕۆژە ڕووناکە بگەین، بەڵام داخەکەم ئەو سەرمایەیەش بە شیعر و لەڕێگەی هەڵبەستی عەرووزییەوە دەستەبەر نەدەبووا!

<u>من دڵنیام ئەگەر گەوهەری بیر وبۆچوونی موفتی لە ڕاگەیاندنی پچڕ پچڕی ناو شیعرەکانی دەربهێنین و گردوکۆ و پوختەیان بکەینەوە و لە قاڵبێکی غەیرە شیعریدا دایانبڕێژینەوە، ئەودەم دەستەیەك تێز و پێشنیار و ڕێنموونی و ڕا و بۆچوونی پێشکەوتنخوازیان لێ بەرهەم دێت کە</u>

جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ بیر وبۆچوونی پێشڕەوانی مۆدێرنیزمی ئەورووپای سەردەمی ژیانی ئەودا نابێت.

موفتی پێنجوینی لە ماوەی ژیانیدا چەند جار و لە چەند بواردا سنووری نەریتە کۆن و پەرپووتەکانی بەزاند و بیری تیژ و داهاتووبینی لە مەسەلەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و وەرگرتنی بیری نوێدا گەیشتە لووتکەیەکی بەرز لە باوەڕی مۆدێرنیستی، نەك هەر لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو ناوچەکەدا.

کێشەی سەرەکیی موفتی پێنجوێنی لە شیعرەکانیدا ڕاست لەو خاڵەدایە کە پێوەندگرتنی لەگەڵ بەرگۆی قسەکانی بە شیعر بووە ئەویش لە زوربەی حاڵەتدا بە غەزەل، کە پێوەندی ناو فەردەکانی ستوونی نین و بابەتی هەر فەردێك دەتوانێ لە فەردەکانی تر جیاواز بێت. ئەوەی کە دەگوترێ شیعری موفتی ساکار و شەعبین،[149] هەر لێرەوە ئاو دەخوات. موفتی قسەی زۆری هەبوو بیکات و پەیامی گرنگی پێبوو ڕایبگەیێنێت، بەڵام چ کەردەن، قاڵبی شێعر ئەویش لە شێوەی عەرووزی عەرەبدا لەوە زیاتر دەرەتانی نەدەدایە و مەیدانی تەراتێنی بۆ ئامادە نەدەکرد.

موفتی کە بە زمانی شیعر لەگەڵ بەرگۆکانیدا قسەی دەکرد، لەو چوارچێوە بەرتەنگەی شیعردا دەبوایە هەڵبژاردنی هەبێت و لە ناوەرۆك و قاڵب، یەکیان بکاتە فیدای ئەویتر. گەورەیی ئەو لەوەدایە کاکڵ و ناوەرۆکی هەڵبژارد و گوێ نەدایە پێست و قاڵب:

*زمانم کۆڵە، ڕێی تەحریر و تەقریرم نەما، چبکەم*
*وەئیللا فیکری من ئەرزی خەیاڵی بیکری کێڵاوە* (شێعری 'ڕیابازی')

مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧ – ١٢٧٣)ش هەمان ئەو گلەییەی لێ دەکرا و تەنانەت هەبوون کۆنەپەرستانێك کە دەیانگوت مەولەوی هەر شاعیر نییە، چونکو دەیگوت *"بیر لە سەروا دەکەمەوە بەڵام خۆشەویستەکەم پێمدەڵێت بیر لە هیچ شتێك مەکەوە جگە لە دیداری من"*.[150] خۆشەویستەکەی مەولەوی فیکر و پەیامە نوێکەی بوو![151] موفتی پێنجوینیش خۆشەویستی خۆی هەبوو:

[149] گەرچی موفتی لە ڕوتبەیی شیعرا نەیگەیاندۆتە شاعیری دێرین،
غایەتی، چونکە باشە مەوزووعی لای هەموو بۆتە مەزهەری تەحسین (زێوەر)

[150] قافیە اندیشم و دلدار من گویدم مندیش جز دیدار من

[151] عەبدولکەریمی سرووش، نوێخوازی ئایینیی لە ئێران دەڵێ مەولەوی ڕۆمی جارێ ئایینێکی نوێی داوە کە تا ڕادەیەك لە چوارچێوەی ئیسلام بەو شێوەیەی وا ئێمە دەیناسین چۆتە دەرەوە وعەینی ئەو نەبووە.

*بۆ کەسێکی عاشقی خاکی وەتەن گەر بێتە لام*
*گەر کەبابی مەڕ نەبێ، جەرگ و دڵم بریان ئەکەم* (شیعری 'بۆ نیشتمان')

ئەوینی خاك و نیشتمان بەشێکی زۆری دیوانی شیعرەکانی موفتی داگرتووە و هیچ گومانێك لای خوێنەر ناهێڵێتەوە کە موفتی پان کوردستانییەکی بێ خەوشە:

*پێنجوین بە بێ تۆ نزیکە مەرگم*
*لوبنان شکێن بووی، داخی بەجەرگم* (شیعری 'شیوەنێك بۆ پێنجوین')
و:
قیبلەکەی ژینم ئەڵێم ساباڵخە، من ڕووی تێ ئەکەم
*حەوزەکەی بۆکانە، لای من تازە ئاوی زەمزەمم* (شیعری 'بۆ کۆماری مەهاباد')
و:
*ناحەق نییە گەر شادی مەرگ بم لە سروورا*
*ئەمڕۆکە کە دیم شێوەیی ئەم تازە 'هەڵاڵە'* (شیعری 'بۆ گۆڤاری هەڵاڵە'ی چاپی بۆکان ١٩٤٦)

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێ کە سیاسەتی دوو بەرەی دژبەیەکی ئاڵمانیا و بەریتانیا (و هاوپەیمانەکانیان) لە عوسمانیدا ڕووبەڕووی یەك وەستان، ناسیۆنالیزمی کوردییش گەشەی زۆری بە خۆیەوە بینی. لەو قۆناغەدایە کە حزبی ناسیۆنالیستیی کوردی بنیات دەنرێت، کتێب و ڕۆژنامەی کوردی بڵاو دەبێتەوە کە تێیاندا جاڕی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدرێت و زوربەی هەرەزۆری شیعری ناسیۆنالیستیی کوردی دەگوترێت و کۆمەڵانی گەلی کورد خۆیان دەناسن و بەخۆیاندا دێنەوە.
موفتی پێنجوینی کارتێکەریی زۆری ڕەوتی سیاسیی ئەو سەردەمەی لەسەرە و شیعرە ناسیۆنالیستییەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی باوەڕی سیاسیی ئەو و هەل ومەرجی ناوچەکە لەو سەردەمەن.

**موفتی پێنجوینی وەك ڕیفۆرمیستێکی ئایینی**

ئەگەری بەهێز ئەوەیە موفتی ئیماندارێکی موسوڵمان بووبێت بەڵام ئەویش وەك قانعی هاوڕێی، ویشکە سۆفییەکی چاوقووچاوی تەهلیلەکەر یان دەروێشێکی تەوەزەلی زەرگ

وەشێن نەبووە. ئەو ڕۆڵەی سەردەمی عیلمانیەت بووە و لە فەزای کراوەی ئەو ساڵانەدا هەناسەی هەڵکێشاوە.

لە لایەکیترەوە، موفتی بە تەمەن، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ 'جەمیل سیدقی زەهاوی' کوڕی موفتی زەهاوی نەبووە. زەهاوی کە لە بەغدا دەژیا، هەر لە ساڵانی ژیانی خۆی و موفتیدا بە ڕاشکاوی لە شیعرێکی فارسیدا بێ باوەڕیی ئایینی و عیلمانییەتی خۆی ڕادەگەیێنێت:

*"بەخدا نیست اعتقاد مرا*
*مادر از ... خر نزاد مرا*
*من بە حکم طبیعتم جنبان*
*میبرد پیش گردباد مرا...*
*یا خرد ڕاست گفت، ایزد نیست،*
*یاکە ایزد خرد نداد مرا..."*

باوەکوو دەکرێ لە سەر ئەو باوەڕەبین کە موفتیش هەڵوێستێکی هاوشێوەی بووبێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بۆ کوڕی موفتی زەهاوی کە لە بەغدا دەژیا و لە هاتووچۆی ئەستەمووڵ و تارانیشدا بوو، گونجاوتر بوو بیری وا دەربڕێت بەڵام ئەو شتە، بۆ موفتی و قانعی شاعیر لە شوێنێکی وەك پێنجوین و مەریوان ئەستەم بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هیچ سێ ودوویەکیان لەوە نەدەکرد کە ناڕاستەوخۆ ئەو کارە بکەن و بۆ نموونە، بەگژ هەندێك ئەنستیتووتی ئایینی یان بەستراوە بە ئایین وەك تەکیە و خانەقا و شێخایەتی، یان مزگەوت و مەلادا بچن و ترۆیان بکەن:

**<u>موفتی:</u>**

دەس هەڵئەبڕی دەفعی نەبووتی بە دۆعاکەی!
و:
بە دۆعا نەمدی فلسێ یان قرووشی
وەیا فەوری لەجێ هەستێ نەخۆشێ!
و:
چاکتر لە دووسەد خەڵوەکەشیی تەکیەیە مەعلووم

یەك لوقمە بە دەس بێنی بە ڕەنج و بە کەسابەت

**قانع:**

بە ڕەنجی شان و باڵ و فیکری خۆت چاری وەتەن ئەکرێ
لە تەکیە و خانەقا هیچیان دەوای دەردی وەتەن ناکەن
و:
ووڵاتت چاوەڕوانی سنعەتە تا پرچ و زەرگ و ڕیش
خەرافات و درۆ لابە ئەگەر تۆ ئەهلی ئیمانی!

بە باوەڕی من، موفتی نەك ئاتەئیست و بێ خودا، بەڵکوو ئیماندارێکی پێشکەتنخواز بووە کە دواکەوتوویەکانی کۆمەڵ لە لایەك و خەرافە ئایینییەکانی لەلایەکی تر بینیوە و لەژێر کارتێکەرتیی باوەڕی ئازاد و ڕۆحی ڕیفۆرمیستیی ئەورووپا و ئەستەموول و بەغدای ئەو ساڵانەدا خوازیاری ڕیفۆڕم و ئیسلاح بووە لە ئاییندا.

**باوەڕی چینایەتی**

موفتی لە عەینی کاتدا، ڕوانگە و بیری چینایەتی هەبووە و تەنانەت ڕوانگەکەی لەو ڕیفۆرمە ئایینییەدا دەردەخات و هەموو دژایەتییەك لەگەڵ خەرافە و کۆنەپەرستی تێکەڵاوی مەسەلەی چەوسانەوەی خەڵکی هەژار لە لایەن شێخ و مەلای نووشتەنووس دەکات. موفتی ئەو دوو دیاردەیە پەیوەست بە یەکتر دەبینێت و لێکیان جیا ناکاتەوە:

مەلایی و خوێندەواری خوو و ڕەوشتی خۆم و باوامە
کەچی من ئارەزووی نان و ژیانی وەك مەلا ناکەم
و:
بۆ برینی دەستی بێچارە و فەقیر و هیچ نەزان
چەندە وەستای پرچ و ڕیش و ڕشتنی چاوانە کورد

تا ئەوەی دەگاتە باوەڕێکی قووڵی چینایەتی:

زەخیرە و گەنمەکەی پێراری ئاغا و بەگ لە چالایە
هەمووی ئەسپێ سەری تێکرد و من مردم بە بێ نانی
و:
چنگاڵی چنگی تیژی خستۆتە جەرگی مەردم
کێشی ئەکا بە جارێ، ئەیکاتە موڵك و پارە

## موفتی پێنجوینی وەك لایەنگرێکی بەتاو وتینی مافی ژنان

لایەنێکی گەلێك بەرچاو لە ژیان و شیعرەکانی موفتی پێنجوینیدا، گرنگیدانیەتی بە مافی ژنان تا ئەو ڕادەیەی کە لای نەریتخوازانی دواکەوتوو، بەدناو بووە و ترۆ کراوە.

سەرەڕای ئەوەی هەندێك بینەر بەتایبەت گەڕۆکانی ڕۆژئاوا باسیان لە ئازادبوونی ژنی کورد لە قیاس لەگەڵ ژنانی عەرەب وتورك و ئێرانی کردووە و ژنی کوردیان لە ناو ڕەشماڵ و خێوەتی ناو چیاکاندا بینیوە کە خواردن و چاییان لەبەردەم داناون، بەڵام لە سەر ئەرزی واقیع ژنی کورد هیچ مافێکی زیاتر لەوانی نەبووە، نە میرات وبەشەماڵی لەوان زیاتر پێ براوە، نە دادگاکان بە زیاد لە نیوەی مرۆڤ وەریگرتووە، نە لە شەریکات و دەوائیردا توانیویەتی ئیش بکات و نە تەنانەت مۆڵەتی پێدراوە بە بێ پیاو سەفەری ئەم شار و ئەو شار بکات و بەگشتی، وەك ئەوان و تەنانەت زیاد لەوانیش لە مافی ئینسانی بێ بەش بووە.

بیری موفتی لە پێش زەمانی خۆیەوە بووە، هەر بۆیەش ئەوانەی بە ڕوونی بینیوە و بە داب و نەریتێکی قیزەوەنی زانیون. گرنگایەتییەکی کارەکەشی لەوەدا بووە چاوی لە بێعەداڵەتی دەرحەق بە ژنان نەپۆشیوە و بە قەڵەم و بە قەدەم دژایەتی کردووە.

دیارە موفتی تاقە کەسێك نەبووە دژ بەو نیزامە فیکرییە وەستابێت کە ژن لە کۆیلەیی پیاودا ڕابگرێت. هەر ئەو 'جەمیل سیدقی زەهاوی'یەی وا لە سەرەوەتر باسمان کرد، قەسیدەیەکی بەهێزی عەرەبی هەیە کە تیدا دژ بە حیجابی ژن دەوەستێت و دەڵێ:

*"... اسفرك فالسفور للناس صبح*
*ظاهرو ا الحجاب ليل يهم..."*

*پەچەت لادە، کە بێ حیجابی ڕۆژی ڕوونە و حیجاب شەوی تاریکە.*

*"... زعموا ان فی الحجاب حفاظا"*

*کذبوا فهو فی الحقیقه شوم..."*

*لایان وابوو له حیجابدا ئاسایشێك هەیە، بەلام درۆیان کرد لە بەرئەوەی حیجاب چارەڕەشییە.*

دایکی زەهاوی لە کوردانی فەیلی بوو و بنەچەکی دەگەڕایەوە بۆ ناوچەی کرماشان. کرماشانییەکی دیکەش هەبوو کە بەو حەماسەتە و بە توند وتیژییەکی زیاترەوە باسی لە مەسەلەی بێ مافیی ژن دەکرد: لاهووتی کرماشانی دەیان شێعری فارسیی هەن کە ناوەرۆکیان هاودەردی لەگەڵ ژنان و هاندانیانە بەرەو مافخوازی و خۆی گوتەنی "بەجێ هێشتنی کۆیلەیی پیاو". ئەوە نموونەیەك لە شیعرەکانیەتی:

*"پس کی تو این نقاب زرخ دور میکنی؟*
*کی ترك این اسارت منفور میکنی؟*
*بامرد همسری تۆ، کی این حق خویش را*
*ثابت به آن ستمگر مغرور میکنی؟"*

*تا کەنگێ ئەو نیقابە لە ڕووی خۆت لانادەی؟ کەنگێ ئەو کۆیلایەتییە قیزەوەنە بە جێ دەهێڵی؟ تۆ لەگەڵ پیاودا هاوسەنگی، ئەی کەنگێ دەتەوێت ئەو ڕاستییە بەو زاڵمە لەخۆباییە بسەلمێنی؟*

بە هەمان شێوە، مەلای گەورەی کۆیە و حاجی قادر و قانع و کەسانێکی دیکەش لە ناوخۆماندا دژ بەو بێعەداڵەتییەی کۆمەڵگاکەمان دەرحەق بە ژنی کورد وەستاون و خەباتیان کردووە. کەوابوو، بارودۆخی سەردەم، لەو ساڵانەدا، دەرەتانی بە کەسانی وەك موفتی دابوو دژ بەو داب و ڕەسمە چەپەڵە کۆنباوە دەنگ هەڵبڕن، گەرچی بەداخەوە ئێستا سەد ساڵێك دوای ئەو سەردەمانەش، خەریکە کارەکان بەرئاوەژوو دەبنەوە و ئەگەر کارێك نەکەین، دواکەوتوویی هاوردەی دراوسێکانمان جارێکی دیکە بەسەر کۆمەڵگاکەماندا زاڵ دەبێتەوە و پێش هەمووشت داوێنی مافەکانی ژن دەگرێت. بەرە لەلای تەنکییەوە دەدرێت!

**شیعری موفتی پێنجوینی**

من نامەوێ شیعری موفتی بەسەر بابەتدا دابەش بکەم. ئەوکارە لەمێژە کراوە و دیوانە چاپکراوەکەی نموونەی باشی ئەو دابەشکردنە بابەتییانەیە. بەڵام سەبارەت بە ئوسلووب و ناوەرۆکی شیعری موفتی بۆچوونێکی خۆم هەیە کە لێرەدا دەیخەمە بەرچاو.

<u>من موفتی بە یەك لە قوتابییانی 'قوتابخانەی ئەدەبیی موکریان' دەزانم کە دوای سەیفولقوزاتی قازی(١٨٧٦ - ١٩٤٥) و لەژێر کارتێکەریی شیعری ئەودا بنیات نرا.</u> سەیف

خۆی کارتێکەریی شیعری سەردەمی مەشرووتەی ئێران (١٩٠٦) و ناڕاستەوخۆ، شیعری سەردەمی تەنزیمات و مەشرووتەی عوسمانی و تاڕادەیەکیش شیعری ئازەربایجانی سۆڤیەتی لەسەر بوو و لەو فەزا ئازادەدا توانی شیعری کوردیی لە عەرشی بابەتە سواوە کلاسیکەکان بێنێتە خوارەوە و لە سەر زەویی ڕەقەنی کۆمەڵگای دابنێت. فۆڕم و زمانی شیعریی سەیفیش ساکار بوون بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی ئەوتۆ لەگەڵ فەزای گشتیی ژیان و سیاسەت و شێعری فارسیی ئەو سەردەمەی ئێران هاودەنگ و هاوڕا بوو و وەڵامی سەردەمیانەی بە پرسە نەتەوایەتی - کۆمەڵایەتییەکان دەدایەوە، خوێنەرانی شیعرەکەی گوێیان نەدایە جیاوازییەکانی لەگەڵ شیعری کلاسیکی وەفایی و مەلامارفی کۆکەیی و ئەحمەدی کۆر و بە پێخۆشییەوە لێیان وەرگرت، نەك هەر ئەوەش، بەڵکووخێرایەك بوو بە سەرمەشق بۆ لاوانی وەك هەژار و هێمن و ئاوات و خاڵەمین و حەقیقی و نووری و لەگەڵ شیعری ئەواندا بوو بە شێوازی پەسندکراو و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵك. هۆکاری قەبووڵی شیعری سەیف لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، ڕوونە: سەیف ڕۆڵەی سەردەمی خۆی بوو! قوتابییەکانیشی ڕێچکەی ئەویان هەڵگرت و بوون بە ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان.

**موفتی پێنجوینی و قانعیش لە ڕیزی قوتابیانی سەیفدا بوون.**

هەموو تایبەتمەندییەکانی 'شیعری موکریان'ی ساڵانی دەوروبەری کۆماری کوردستان، (بە کۆمەڵەی ژێکافیشەوە)، لە شیعری موفتی پێنجوینی و قانعدا دەردەکەون: زمانی ساکاری شەعبی، ناوەرۆکی پڕ واتای نزیك لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، ڕەنگدانەوەی ئاواتە سیاسییەکانی کۆمەڵانی گەل، عیلمانی بوون، دژایەتی کردنی خەرافە و بایەخدان بە عەقڵ و هەڵسەنگاندن لەجیاتی ڕیوایەت و نەقڵ و گێڕانەوەی بێ بەڵگەی قسەی ئەم و ئەو، بەربەرەکانی کردنی چینی چەوسێنەر و زاڵم و زۆردار، دژایەتیکردنی شێخ و مەلای نووشتەنووس و فێڵباز، زمانی تەنز و تەوس دژ بە داگیرکەرانی خاك و دارەدەستەکانی ناوخۆییان و گەلێك بابەتی دیکەی هاوشێوە.[١٥٢]

موفتی وەك شاعیرانی دیکەی سەردەمی ژێکاف و کۆمار، دەنگی شیعری بەرپرس هەڵدەبڕێت و دژ بە شیعری عاشقانە و باسی زولف و شانە دەوەستێت،[١٥٣] وەك ئەوان لە

---

[١٥٢] ژیانی هەردوو ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە مەهاباد و بۆکان و مەریوانی ئەو ساڵانە و پەیوەندیگرتنیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی شار و گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆچوونمان سەبارەت بە مەسەلەکە بەهێزتر دەکات. بڕوانە ئەو شیعرە زۆرانەی وا موفتی و قانع بۆ کۆمار و ئاڵای کوردستانیان گوتوون.

[١٥٣] عەیبە شاعیر لەم زەمانەر یاری زوڵف و شانە بێ

جیاوازیی چینایەتی سکاڵا دەکات و یەکسانی دەخوازێت،[154] وەك ئەوان تانە و توانج لە واعز و نووشتەنووس و مەلایانی دەرەوەی ئاڵقەی کوردایەتی دەدات،[155] بانگەوازی جێ هێشتنی داب و نەریتی کۆن و خوێندنی ناو حوجرەی مزگەوتەکان و ڕووکردنە خوێندنی ناو مەکتەب و فێربوونی سەنعەت دەگەیێنێتە گوێی ڕۆڵەکانی گەل.[156] ئەوانە هەموو، نیشانەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری و بەجێ هێشتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵگای کۆنی نەریتیدان.[157] تەنانەت موفتی وەك شاعیرانی دیکەی قوتابخانەی موکریان بە شان و باڵی سۆڤیەت و شەخسی ستالیندا هەڵدەڵێت[158] و وەك بەشێك لەوان عیلمانییەکی پڕبەپێستی سەردەمی خۆیەتی[159] دەشزانین عیلمانییەت یەك لە ئامانجە سەرەکییەکانی مۆدێڕنیتی لە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا بووە. بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو سێکیولار بوونەی موفتی ئەگەر هەندێك بیرەوەریی ئەندامانی بنەماڵەکەی بگرینە بەرچاو، دەبینین موفتی لە بڕگەیەکی زەمەنیدا تەنانەت تەرکی نوێژ و ڕۆژووشی کردووە.[160]

زۆر واهەیە سیفەتی 'بابی' بوون، کە نەیاران داویانەتە پاڵ موفتی، هەر لەوێوە هاتبێت لەبەر ئەوەی بابییەکانی سەردەمی قاجاری ئێران خەڵکانێکی پێشکەوتنخوازی لایەنگری ئازادی و دادپەروەیی کۆمەڵایەتی و دوژمنی مەلا- وەك واسیتەی نێوان خودا ومرۆڤ بوون و ئاخوندەکانی ئێرانیش لەبەرانبەردا دژی ئەوان دەوەستان و دەیانبوغزاندن هیچ، تەنانەت سیفەتی

---

[154] بەڵام منداڵی تۆ تێر نان ودۆیە لەماڵی ئێمە، حەڵوا نانی جۆیە؛ یان
فەرقی نامێنێ بەگ و شێخ و مەلا و ئەربابی دین
[155] لەگەڵ ئاغا و بەگ و خاندا هەتاهەم تێکەڵی ناکەم
[156] لەسایەی مەکتەب و تەحسیلی سەنعەت ولاتی ئەورووپا خۆی کردە جەننەت
[157] مەشرووتەی ئێران (١٩٠٦) بە سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئێران و بڕگەی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف (١٩٣٨ تا ٤٢) بە سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دادەنرێت.
[158] لە دیوانە چاپکراوەکەی ساڵی ١٩٩٠ ی موفتیدا چەند خاڵ لە شوێنی ناوی ستالین دانراوە بەڵام من ناوەکەم وەك خۆی نووسیوەتەوە:
سێبەری شاهی ستالینە نەجات و مەرهەمم؛ یان:
ستالینە پەنا وپشتی فەقیری عالەمی دنیا؛ یان:
هەر ستالینە دەوا بۆ جەرگی هەڵقرچاوی کورد
[159] بە ئوممێدی دۆعا تۆ دامەنیشە! یان
دەزگای جگەرەی ناو دووکانەکەم ڕزگاری کردم لە ڕاتبە کردن؛ یان:
دەس هەڵئەبڕی دەفعی نەبوونی بە دۆعا کەی! یان:
بزن بەخێوکەی لە دەشت وسەحرا چاترە لە سەر بۆ دین و دنیا
[160] بڕوانە: سەردار حەمەڕەش؛ "کەناڵی سپێدە مێژووی مەلاکافر دەشێوێنێت"، ماڵپەڕی کوردستانپۆست، ٢٠١٦/٣/٢١
http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=80501

بابی بوونیان دەدایە پاڵ هەموو بیرمەندێکی پێشکەوتنخوازی سەردەم و بەو شێوەیە، نەیارەکانی خۆیان ترۆ دەکرد.

جێگەی پرسیارە، ئەو سیفەتی بابی بوونە کە تایبەت بە ئایینی شیعە و درێژەی مەسەلەی ئیمامەت و غەیبەتی ئیمامی زەمانە، چۆن و بە چ حیسابێك هاتۆتە ناو کوردی سوننەی غەیرە ئیمامییەوە، ئەویش لە باشووری کوردستان؟ بۆ نموونە، بۆچی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرێکی فارسیدا، هەجوی بابییەکانی کردووە: "در جهان هرکه میشود بابی..." خۆ کۆمەڵگای ئێمە خەڵکانی بابیی تێدا نەبووە تا شێخ ڕەزا یان کەسێکی دیکەی وەك ئەو ناخۆشیان ویستبێتن و هەجویان کردبێتن! شوێنکەوتنی سیاسەتی عەجەم و شوێن هەڵگرتن لێیان، کوردی ڕووبەڕووی گەلێك کارەساتی مێژوویی کردۆتەوەو بەداخەوە ئەو شوێن کەوتنە لە سەردەمی موفتیشدا هەر باو بووە، دەنا موفتیی هەژار لەکوێ و بابییەکانی شیراز و قەزوێن لەکوێ، کوجا بەر کوجا!

ڕاستییەکەی ئەوەیە موفتی بە هەموو پێوانەیەکی چەمکی نوێخوازی، کەسایەتییەکی مۆدێرنیست و دژبەری کۆمەڵگای کۆن بووە، هەر ئەو بیرە نوێخوازەشی ڕووبەڕووی ناحەز و دژبەر و کۆنەپەرستی ناوکۆمەڵگای کردۆتەوە. فەرموون، ئەم شیعرانە لای کەم ٧٠-٨٠ ساڵ پێش ئێستا گوتراون. تەنانەت ئەمڕۆش لە هەڵەبجە و سلێمانی ئەستەمە کەسێك بتوانێ هاوشێوەیان بڵێت و بەکرێگیراوی مەلاکانی ئێران لێیان وەجواب نەیەن:

*دیانەت کەی لە جێگەی سنعەت و کەسب و فەلاحەت بوو!* (شیعری 'ڕیابازی')

موفتی بەختەوەریی مرۆڤی کوردی لەوەدا دەبینی کە باوەڕە کۆنە نەریتییەکان وەلابنێت و بەرەوپیری جیهانی نوێ بچێت:

*لە سایەی مەکتەب و تەحسیلی سنعەت*
*وولاتی ئەورووپا خۆی کرد بە جەننەت* (شیعری 'مەکتەب')

ئەو بە بیری تیژ و زەکای بەهێزی خۆی جیهانی نوێی ئەورووپای دەبینی و کاتێ قیاسی خەڵکەکەی ئەوێی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگاکەی خۆی دەکرد، نەیدەتوانی ئەو کەلەبەرە مەزنە ببینێت و متەق لەخۆی ببڕێت. ئیتر ئەوە موفتییە و ئارەزوو و ئاواتەکانی لە قاڵبی بەرتەنگی شیعردا بۆ هەڵبەستنی پرد و کرانەوەی جادەی قیرتاو و نەخۆشخانە و فڕۆکەخانە و مەکتەب و ئاشە مەکینە وکێشرانی هێڵی کارەبا و هەڵبوونی چرای فەرهەنگی لە پێنجوێن [و

دیاره لە هەموو کوردستان]، بۆ ئەوەی شارێکی کوردستان کە پێنجوینە، لە لوبنان و بەغدا جوانتر و ڕازاوەتر بێت و ڕێگای هاتوچۆی بۆ مەریوان بکرێتەوە.

هەر ئەو خاڵەی کۆتایی، بەتەنیا، نیشانەیەکی ڕوونە بۆ 'کوردستانی بوون'ی موفتی، دەنا بۆچی ناوی مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەهێنێت؛ مەگەر بۆی نەدەکرا بڵێ ڕێگا بۆ سلێمانی یان بۆ هەولێر و هەڵەبجە و بەغدا بکرێتەوە؟

موفتی پێنجوینی ڕیفۆرمیستێك و مودێرنیستێکی ڕچەشکێنی کوردی سەردەمێکی کوردستانە کە تان و پۆی وولاتەکە بە دەمارگیریی ئایینی و خەرافەی کۆمەلایەتی و شێخایەتی و نووشتەنووسی تەنرا بوو. ئێمە، وەك نەوەی دواتری ئەو و کەسانی دیکەی گۆڕەپانی نوێخوازی، قەرزدار و منەتباری ئەو ڕچە شکێنییانەین کە دەرەتانیان پێ بەخشین لە فەزایەکی کراوەتر و جیهانێکی فیکریی پێشکەوتووتردا بژین، بیر بکەینەوە و هەڵبژاردنمان هەبێت. بە بێ ئەوان، هیچ دوور نەبوو ئێمە ئێستاکەش زەرگمان بوەشاندایە و ئاگرمان قووت بدایە!

هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی شیعری موفتی پێنجوێنی و پێوەندیدانیان بە ژیانی ڕۆژانە و سەردەمی ژیانی شاعیرەوە کاری زۆر و ووردبوونەوەی زۆری دەوێت. من دەزانم ئەو چەند لایەنەی کەسایەتییەکەی وا لێرەدا لێیاندواوم تەنیا هەشتێکن لە مشتێك. بۆ نموونە، دژایەتی کردنی چەك و شەڕ، پەسنی کار و زەحمەت و نان پەیداکردن بە بێ منەتی خاوەن پارە و دەسەلاتداران و دەیان بابەتی تر هەن کە من بەلایاندا نەچووم. هەروەها دەزانم هەڵە وپەڵەی زۆر کەوتۆتە ناو دیوانی شیعرەکانی موفتییەوە و لێرەدا باسم لێنەکردوون. بەو هیوایەی کەسانی شارەزای شێعر فریایان بکەون و بیرمەندانی ووردبین لە شیکردنەوەی ژیان و ساغکردنەوەی شیعرەکانی غافڵ نەبن.

. یادی موفتی پێنجوینیی نوێخوازی ڕچەشکێنی کورد بۆهەمیشە زیندوو بێت!

لەندەن

٢٠١٨/٨/١

---

سەرچاوە:

لە ئامادە کردنی ئەم وتارەدا، کەڵك لە هەندێك سەرچاوە وەرگیراوە کە ئەوانەی خوارەوە بەشی سەرەکییانن:


١. بۆ چەمکی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتی:

Heller, Agnes; A Theory of Modernity, Blackwell Publishers, USA 1999.

Hall, Stuart and Gieben, Bram; “Formation of Modernity”, Polity Press in association with The Open University, UK 1992

Hall, Stuart; Held, David and McGrew, Tony; “Modernity and its Futures”, Polity Press in association with The Open University, UK 2001

پهلوان، چنگیز؛ "تجدد و ڕوشنفکری"، نشر قطره، تهران ١٣٨٩ [٢٠١٠]، فارسی

پالمر، پرفسور رابرت روزول؛ "عصر انقلاب امکراتیك- ١ دعوت به مبارزه"، ترجمه دکتر حسین فرهودی، انتشارات امیرکبیر، تهران ١٩٥٨، فارسی

٢. بۆ بابەتی تەنزیمات و جەمعییەتە کوردییەکان:

دۆمۆن، پۆل؛ "سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩-١٨٧٨"، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٨.

بۆزئەرسەلان، حەمید؛ "مێژووی تورکیای هاوچەرخ"، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠١٢.

مالمیسانژ، "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد- ڕۆژنامەکەی"، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.

ماڵمیسانژ، "پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوەکانی کورددا"، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.

گوێڵداش، ئیسماعیل؛ "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان"، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١.

٣. بۆ مێژووی ڕووداوەکان و کەسایەتییە کوردەکان:

سەرچاوەی جیاجیا وەك مێژووی ناودارانی کورد و ئینترنێت.

٤. بۆ شیعر و ژیانی موفتی پێنجوینی:

مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، "دیوانی موفتی ۆپێنجوینی"، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئومێد ئاشنا و عبدالکریم مفتی، پێداچوونەوەی عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم چاپخانەی الشرکة العراقیة للطباعة و النشر، ی‌ەغدا ١٩٩٠

دیوانی شیعری مامۆستا قانع و لاهووتی کرماشانی و چەند وتاری سەر ئینتەرنێت و بەرنامەی سەر یوتیووب.

**پێزانین:**

بەشێك لەو کتێب و زانیارییانەی وا سەرچاوەی کارەکەی من بوون، لە لایەن چەند دۆست و برادەری خۆشەویستەوە گەیشتنە دەستم. سپاسی زۆری هەمووولایەکیان دەکەم.

ئەم وتارە بۆ کۆڕی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی موفتی پێنجوینی لە سلێمانی نووسرا و بڕیار بوو لە چاپەمەنییەکی زانکۆی ئەدەبی سلێمانیدا بلاو بکرێتەوە. ئێستا کە دوو سێ ساڵێك بەسەر مەسەلەکەدا تێپەڕ بووە، بەباشم زانی لێرەدا بلاوی بکەمەوە.

# چۆن مەلایەکی دوازدە عیلم بوو بە نەتەوەییەکی دڵسۆز و کومۆنیستێکی خاوەن بڕوا

*"ئەم وتارە لە کۆڕیادی ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢٦ی نەمر مامۆستا حەسەنی قزڵجی لە شاری کۆڵنی ئاڵمان، بە بێ نووسراوە، پێشکەش کرا و ئێستا هەوڵ دەدەم بیهێنمە سەر کاغەز. واهەیە دوو بابەتەکە دەقاودەق وەك یەك دەرنەیەن، بەڵام گەوهەرێکی هاوبەشیان هەیە و هەردوکیان دەربڕی یەك ڕوانگە و بۆچوونن. با لەپێشدا ئەو خاڵەش روون بکەمەوە: بەداخەوە کەم واهەیە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکاندا بتوانرێت یاسایەکی گشتی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان و تەنانەت لە یەك پارچەشیدا، بۆ هەموو بەشەکانی بگیرێتە بەرچاو. بۆ نموونە، هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی لە کرماشان گوزەراوە، گەلێك جار جیاواز بووە لە ڕووداوەکانی ئەردەڵان یان موکریان، یان باکوورتر لە ناوچەی ژیانی کوردی هەرکی و شکاك و جەلالییەکانی ماکۆ. لەم وتارەدا تەرکیز لە سەر موکریان دەکرێت."*

نەسلی ئێمە (ئەوانەی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتووینەتە جیهان)، نەسلێکی بەختەوەر بوو. یەك دوو نەسل پێشتر، بۆ ڕزگاری لە داو و بەندی نەریتی کۆن و ژیانی ناو کۆمەڵگای فیئۆداڵی، خەباتێکی بێوچان کرا و ڕەنجی زۆر کێشرا. نەسلی دوای ئێمەش وەك دەبینین، تووشی شێرپەنجەی داعشی شیعە (کۆماری ئیسلامیی ئێران) و داعشی سوننە (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام) بووە و ئەو مافانەش کە بۆی دەستەبەر ببوون، لێی زەوت کراونەتەوە.

ئێمە، وەك نەسلی نێوان ئەو دووە، بێ ئەوەی قەدری بزانین، گەلێك خێروبێرمان هاتبووە سەر ڕێ و کەڵکمان لێ بینیبوون: دەرس و مەدرەسەی دەرەوەی حوجرەی مزگەوت، زانستی نوێی مێژوو (جیا لە ئەفسانەی سێ کوڕەکەی نووح پێغەمبەر)، جوغرافیا (جیا لە ئەفسانەی زەوینی تەخت و کێوی قاف و بەحری قولزوم)، فیزیك و شیمی و بایۆلۆژی،

چوون بۆ زانکۆ، خوێندن لە دەرەوەی وڵات، ئازادیی هەڵبژاردنی ئیش وکار[١٦١]، ئازادیی لەبەر کردنی جل و بەرگی ئەمڕۆیی، کتێب، ڕۆژنامە، حزبی سیاسی، بیری چەپی پێشکەوتنخواز و گەلێك دیاردەی دیکەمان ئامادە لەبەردەست دانرابوو کە بە ماوەیەکی کەم پێش ئێمە، هیچکامیان بوونیان نەبوو و ئێستاش، ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدات بەراوەژوویان بکاتەوە و خورافاتی هەزاران ساڵەیان لە شوێن دابنێت. ئەو دەسکەوتانە بەرهەمی گەلێك ڕووداو و پێشهات و خەبات لە ناوچەکەدا بوون کە دەبێ وەك لیستەش بێت ئاماژەیان پێ بکەم:

- هاتنی ئوروپاییەکان بۆ ناوچەکە؛
- سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات (میرزا جەوادی قازی و ...)؛
- دابین‌بوونی کەرەسەی هاتوچۆ بۆ شارەکانی تر و کرانەوەی ڕێگای ئەو هاتوچۆیانە؛[١٦٢]
- چوونی کورد بۆ دوو شاری گەورەی فەرهەنگیی لە ناوچەکە، ئەستەموڵ (مەلا سەعیدی بەدیعولزەمان) و تفلیسی گورجستان (عەلی‌خانی سەردار موکری)[١٦٣] و دەرس‌خوێندن لەو فەزا ئازادانەدا؛
- شۆڕشی مەشرووتە و بەشداری‌کردنی خەڵکی ناوچەکە لە خەبات دژ بە ئیستیبداد؛[١٦٤]

---

[١٦١]. پێش ئێمە هەموو کەس بە بێ هەڵبژاردن، دەچووە سەر ئیش و کاری باوك و باپیری و لە زوربەی حاڵەتەکاندا بە زەوییەوە بەسترابووەوە.

[١٦٢]. هەروا نەسلێك پێش ئێمە، تاجرێکی سەقزی سەبارەت بە سەفەری خۆی لە سەقزەوە بۆ تەورێز لە پشت لۆرییەکی بارهەڵگر سەفەرنامەیەکی نووسی و بەشێوەی کتێبێکی سەرنجڕاکێش بڵاوی کردەوە: مصطفی تیمورزادە، "وحشت سقز-١٢٩٣-١٣٠٢ شمسی"، بە کوشش شهباز محسنی، نشر شیرازە، ١٣٨٠.

[١٦٣] . پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، تفلیس بە 'پاریسی ڕۆژهەڵات ناو دەبرا و گەلێك ڕووناکبیری ئێرانی لەوێ خوێندبوویان وەك 'میرزا فەتحعەلی نئاخوندزادە' و 'دەروێش خان'ی مۆسیقار. 'عەلی خانی سەردار'یش بە لاویەتی نێررابووە ئەوێ بەڵام کاتێ تورکی عوسمانی حەمە حوسەین خانی باوکیان لە ساڵی ١٩١٤ دا لە مەراغە ئیعدام کرد، گەڕایەوە بۆکان و لەگەڵ خۆیدا کامێرایەکی وێنەگرتن و دووچەرخە (پاسکیل)ێکی هێنا، کە ناوی 'کەر-ماشێن'یان لێنابوو.

[١٦٤] . بەپێچەوانەی نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی و ناظم الاسلام کرمانی، کورد لە خەبات بۆ مەشرووتە و دژایەتی کردنی ئیستیبدا دا، بەشدار بوو. لە کرماشان و سنە و سەقز و مەهاباد ئەنجومەنی پشتگیری لە مەشرووتە پێکهات، لقی 'فیدائیان' بە چاولێکەری لە ئازەربایجان لە سەقز پێکهات، ٢٧ کەس فیدائی لە سەقزەوە چوون بۆ تەورێز و تەنانەت

- کرانەوەی لقی 'ئازادیستان'ی شێخ محەممەدی خیابانی لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی نەمر سەیفولقوزاتی قازی؛
- هاتنی هێزەکانی 'متفقین' بۆ کرماشان و سنە و لە کەیسی ئێمەدا هاتنی سوپای سۆڤیەتی بۆ موکریان؛
- ڕووخانی حکوومەتی ئیستیبدادیی ڕەزاشای پەهلەوی و گەڕانی خوێنی ئازادی بە ڕەگی ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خەڵکدا لە ئێران بە کوردستانەوە؛
- چوونی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ (دوو جار)؛
- دامەزرانی حزبی خۆیبوون لە باکوور و هیوا لە باشووری کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد و موکریان؛
- هاتنی چاپەمەنی کوردی لە باکوور و باشوورەوە بۆ موکریان؛
- دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان لە تەورێز؛
- دەرچوونی ڕۆژنامەی کوهستان لە تاران[١٦٥]؛
- دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد؛
- سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد؛
- دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان لە مەهاباد[١٦٦] و گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆکان[١٦٧]؛

---

چەند کەسیان بوون بە نیگەهبانی سەتتار خان و لەگەڵ باقرخاندا بۆ شەڕی دژ بە ئیستیبدا چوون بۆ ئەردەوێل، لە گەڕانەوەی کوردستان، کاتێ بە کۆڵانەکانی تەورێزدا تێپەڕ دەبوون، خەڵك لە ماڵانەوە نوقڵیان بەسەردا دەباراندن. بڕوانە کتێبی: "زنده باد مشروطه، پاینده باد قانون- خاطرات مرحوم حاج شریف نیلوفری"، به اهتمان عمر فاروقی، نشر گوتار، سقز ١٣٨٨.

[١٦٥] . باوەکوو ڕۆژنامەکە وەك بەشێك لە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بۆ چەواشەکردنی خەباتی سەربەخۆییخوازیی کۆمەڵەی ژێکاف بڵاو دەکرایەوە، بەڵام خەمخۆریی و دڵسۆزیی سەرنووسەرەکەی، نەمر ئیسماعیل ئەردەڵان (کەتەنانەت دەگوترێ ئەندامی ژێکافیش بوویێت)، ڕیسی دەوڵەتی کردەوە خوری و ئیتر ئەوانیش دوای دوو ساڵ، مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی زیاتریان پێ نەدا. لەو ماوەی دوو ساڵەدا گەلێك کەسایەتی سیاسیی کورد بابەتیان تێدا نووسی و لەوانە، مەلاحەسەن و مەلا محەممەد سادق قزلجی، هەژار، عەلی بەگی حەیدەری و سەعیدی هومایون.

[١٦٦] .بە سەرنووسەریی نەمر سەیدمحەممەدی حەمیدی

[١٦٧] . بە سەرنووسەریی نەمر حەسەنی قزلجی

- نوێ بوونەوەی شیعری کوردی لە ناوچەی موکریان بە هیممەتی سەیفولقوزاتی قازی، کە 'نیوەنووزە'ی ناو شیعری نالی و وەفایی کردە بانگەوازی مافخوازیی قانع و هەژار و هێمن و هێدی و خاڵەمین و حەقیقی و نووری؛ و ....

هیچکام لەو دەسکەوتانە سووك و سانا دەستەبەر نەبوون و بە هاسانیش نەگەیشتنە ناو کۆمەڵانی خەڵك. لەپێناو هەر دەسکەوتێکدا خەبات کرا و زەحمەت کێشرا و تەنانەت خوێن ڕژا. پێشڕەوانێك هەبوون کە دەستیان لە خۆشییەکانی ژیان هەڵگرت بۆ ئەوەی ببن بە دەنگی زەمانی خۆیان و لە ڕابردووی کۆن دوور بکەونەوە.

***

قزڵجی یەك لەو کەسانە بوو کە ئەرکی بەشێك لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای خستە سەر شانی خۆی و لە پێناویدا زەحمەتی کێشا. ئەو بەشێك بوو لە پەیامهێنەرانی مۆدێرنیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کوڕی مەلایەکی گەورەی وەك مەلا عەلی قزڵجی، نەوەی مەلا محەممەد حەسەن و نەتیجەی عەللامەی قزڵجی، هەموو کەرەسەیەکی بۆ ئامادە بوو کە دوای باوك و باپیری ببێتە گەورە مەلا و ئیمام جومعەی شاری بۆکان، ڕۆژانی هەینی بچێتە ناو میحراب و باسی گۆڕەوشار و پردی سیرات و مالیکی دۆزەخ و ڕووباری شیر و هەنگوین بۆ خەڵك بکات. بەڵام چی ڕووی دابوو کە ڕێبازی گۆڕی و شێوازێکی دیکەی ژیانی گرتە بەر، واتە لەو ئاسمانە خەیاڵاوییەوە هاتە سەر زەویی ڕەقەنی واقیع؟ چۆن بوو دەستی لە ملی حۆرییە حەفتا گەزییەکانی بەهەشت کردەوە و خۆی خستە خزمەت گەلێکی چەوساوەی بێ بەش و خەڵکێکی هەژاری چارە ڕەش؟ چۆن بوو بە نووسەری وتارێکی نەتەوەیی کە پێشەوا قازی محەممەد لە پەسندیدا بڵێت 'بریا زۆری وامان هەبان'[١٦٨] و چۆن بانگی سوسیالیزم و یەکسانیی بەگوێی خەڵکدا دا؟ ئەو ڕێگا دوور و درێژە چۆن بڕا؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵام دەبێ چاوێك بە کەسایەتی خۆی و ژینگەی دەوروبەریدا بخشێنین:

یەکەم، ئەو موکریان و کوردستان و ئێرانەی ئەوی تێدا دەژیا، ئەوە نەبوو کە مەلاعەلیی باوکی و مەلا محەممەد حەسەنی باپیری بینیبوویان. حوکمی ڕەزاشا هەڵوەشابووەوە، هەستی نەتەوایەتی کورد دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای نەهری و سمکۆ و شێخ سەعید و شێخ مەحموود و بارزان گەیشتبووە ئەوپەڕی هێز.

[١٦٨] مامۆستا هێمن، سەرەتا بۆ چاپی 'پێکەنینی گەدا'

دووهەم، بیری سوسیالیستی لەو ساڵانەدا باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشا بوو و بەتایبەت لە وڵاتانی هەژار و ژێر ئیستیعمار و چەوسانەوەدا وەك تاقە ڕێگای ڕزگاری خۆی دەنواند و گەلێك وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنابوو، یان لە پێناویدا خەباتیان دەکرد.

سێهەم، سوپای سوڤیەتی لە ناوچەکەدا بوو. یەکیەتی سوڤیەتی هەڵگر یان نوێنەری بیرێکی سیاسی بوو کە تێیدا یەکسانی ماف بۆ هەموو زەحمەتکێشان و گەلانی بێ بەش، دروشمێکی سەرەکی بوو. پێشڕەو و مامۆستایەکی وەك سەیفی قازی[١٦٩] و قانع و هەژار[١٧٠] وهێمن و زەبیحی بە شان وباڵی سوپاکە و سیستمەکە و ڕێبەری حکوومەتەکەیاندا هەڵگوتبوو.

چوارەم، قزڵجی خۆی، وەك نووسەری وتار و سەرنووسەری گۆڤار، لە پەسندی ئەو نیشتمانپەرستی و بەرانبەریی مافەدا بابەتی نووسیبوو[١٧١] و هەوڵی چەسپاندنی بیر و بۆچوونی یەکسانیی لەناو خەڵکدا دابوو. لە کەسایەتی قزڵجیدا بیری نەتەوەیی وەها ئاوێتەی بیری سوسیالیستی ببوو کە لێك جیاکردنەوەیان ئەستەمی دەنواند.

پێنجەم، قزڵجی لە سەردەمی ئاوارەیی دوای هەرەسی کۆمار، لە 'سیتەك' و سلێمانی، کەوتبووە پەیوەندێکی دوولایەنەی ناسیۆنالیستەکانی باشوور و لایەنگرە کوردەکانی حزبی شیووعی عیراقەوە، کە ئەودەم ژمارەیان شانی لە شانی ژمارەی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدا.

شەشەم، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە چوو بۆ بولغاریا[١٧٢] و لەوێ لە پێوەندی حزبی توودەی ئێراندا، بوو بە یەك لە بەرپرسە سەرەکییەکانی ڕادیۆی پەیکی ئێران (بەشی کوردی)، کە لە سەردەمی تاریکی مێژووی سیاسیی ئێران، بە تایبەت دوای کۆدیتای **٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢**، تاقە بڵیندگۆی ئازادیخوازی و خەبات و خۆڕاگری دژ بە حکوومەتی پەهلەوی بوو.

---

[١٦٩] ڕووسوورە هەرکەسێ کە "قزڵ ئوردوو'ە پەنای / بۆ مە ئەوە بەسە، کە پەنای دیکەمان نییە... قوربانی پێشەوایەکی وا بۆ نەبێ حەسەن؟،،،، تا ڕووس بمێنێ، کاکە، لە تاریخی عالەما / بەیداغیشی کە سوورە، بە خوێنی ڕژاوییە (دیوانی سەیف).

[١٧٠] . بژی ئیستالین، خۆش بێ چەکچوداس / لەژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس (کۆمەڵە شیعری ئاڵەکۆك، هەژار)

[١٧١] . شادبێ لێنین و بژی ئیستالین بۆ ئوردوویەکی ئازا و بەجەرگی وەك هێزی سووریان ڕەنێو هێناوە (ژمارە ٢ ی گۆڤاری هەڵاڵە).

[١٧٢] چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار.

حەوتەم و واهەیە لە هەمووان گرنگتر ئەوەی، کە خۆی، لە زاتی خۆیدا، گەوهەری وەرگرتنی ئەو بیرۆکە نەتەوەیی و یەکسانی خوازەی هەبوو و ئەوەش لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بە باشی دەردەکەوێت. ئەوە نموونەکانیەتی:

وتاری ناو ڕۆژنامەی کوهستان (ژمارە ٢١) و کوردستان (ژمارە ٣٣ تا ٤٠) و هەڵاڵە (هەر چوار ژمارەکەی) و نووسراوەکانی باشووری کوردستانی (گۆڤاری هیوا، ڕۆژی کوردستان، بیری نوێ، ڕۆشنبیری نوێ، ...) و بابەتەکانی دەرەوەی وڵاتی (چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا-کە نموونەی باشی شێوازی ڕیئالیزمی سوسیالیستین؛ و وتارەکانی سەر ڕادیۆی پەیکی ئێران؛ و وەرگێڕاوی کارەکانی ماکسیم گورکی و چیخۆف و...)، و سەرئەنجام، سەرنووسەریی ڕۆژنامەی کوردیی 'نامە مردم' ی حزبی توودەی ئێران، کە من لام وایە دەرچوونەکەی، زیاتر خواستی ئەو بوویێت تا سیاسەتەکانی حزب لە کوردستان، دەنا بۆچی نامەی مەردوم بە زمانی گەلانی دیکەی ئێرانیش بڵاو نەدەکرایەوە؟

بە بۆچوونی من مامۆستا قزڵجی لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژە و ژیانی ٨٦ ساڵەیدا، سەرەڕای وەرچەرخانی زۆری سەردەم و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە، وەك کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری کوردستان مایەوە و ئەوەش هیچ جیاوازی یان دژایەتییەکی لەگەڵ بیرۆکەی چەپی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە نەبوو، کە لە زاتی خۆیدا دەبوایە هەستی خۆشەویستیی کۆمەڵانی گەل و نیشتمان ناوەرۆکی سەرەکیی بوایەت.

***

نەسلی ئێمە قەرزداری خەباتی زۆر کەسانە، کە قزڵجیش یەکیانە. ئەوان ڕێ خۆشکەر و ڕچە شکێنی ڕێگایەك بوون کە ئێمەی بەختەوەر پێدا ڕۆیشتین، جا ئەگەر نەگەیشتینەجێ، پرسیارێکە وەڵامدانەوەی لە دەست من نایەت. یادی مامۆستای دڵسۆز و خەمخۆری گەل و نیشتمان حەسەنی قزڵجی هەمیشە زیندوو بێت و سپاسی ئەو دۆست و برادەرە بەڕێزانە دەکەم کە ئەرك وەرگێڕانی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدایان بۆ سەر زمانی فارسی کێشاوە و زەحمەتی بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕەیان بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای نەمر گرتۆتە ئەستۆ.

سەرکەوتوو بن

# ئەمیری حەسەنپوور – کەسایەتییەکی 'پۆلی هیستۆر'

هەندێك کەسایەتی هەن کە ناساندن و باس لێکردنیان کارێکی هاسانە. فلانە کەس شاعیرە، فیسارەکەس ڕۆژنامەنووسە، ئەویتر سیاسەتوانە، مێژوونووسە، مۆسیقارە، گۆرانی بێژە و... بەڵام کاتێ دەتەوێ کەسایەتییەکی وەك 'لێئۆناردۆ داڤینجی' بناسێنی، تێدەمێنی بڵێی وێنەکێش بووە، زانای هەندەسە بووە، میعمار بووە یان چی؟ یۆنانییەکان لە کۆنەوە وشەی polyhistor یان بۆ ئەو کەسانە هەبووە و چەند سەدەیەکیشە ئوروپاییەکان وشەی polymath یان داناوە کە هەردوکیان، بە سووکە جیاوازییەکەوە، ئەو بیرمەندە دەگرنەوە وا پسپۆڕایەتی و لێزانییەکانی هاوکات چەند بواری جیاوازی هونەر و زانست دەگرنەوە.

کاك ئەمیر، بێ زێدەڕۆیی، یەك لەو کەسانە بوو کە ناساندنی بە تاقە وشە و سیفەتێکی ئاسایی گونجاو نابێت، زمانەوان؟ کۆمەڵناس؟ نووسەر؟ لێکۆڵەر؟ ڕۆژنامە نووس؟ وتارنووس؟ سیاسەتوان؟ مامۆستای بواری میدیا؟ پرۆفیسۆری زانکۆ؟ لایەنگری مافەکانی مرۆڤ؟ داکۆکیکاری مافی ژنان؟ کوردی ناسیۆنالیست؟ مارکسیستی شۆڕشگێڕ؟ فێمینیست؟ هەموو ئەوانە و زۆرشتی تری وەك سەرنووسەری گۆڤار و وتارنووسی ئینسیکلۆپێدیا و وتاربێژی کۆنفەڕانس و کۆبوونەوە زانستییەکان هاوکات لە وجوودی تاکێکی هێمن و لەسەرخۆی بڵیمەت و "پۆلی هیستۆر" دا کۆببوونەوە، کە هەستت دەکرد لە ژیانی ئاساییدا ئازاری بە مێروولەیەکیش ناگات، بەڵام کاتێ دەهاتە سەر هەڵوێست گرتن سەبارەت بە بنەماکانی باوەڕەکەی، قەڵەم و قەدەم و قسەی هەرکام دەبوون بە تیغێکی تیژ کە سەرمایەداری چەوسێنەر، دەرەبەگی زاڵم، کۆمەڵگای داگیرکەری مافی ژنان و تاکی بێ پرەنسیبی دەدایە بەر هێرشی بێ ئەمان.

ئەوانە پێداهەڵگوتنی بێ بنەما و شینگێڕیی دوای مردوو نین، بەڵکوو تەنیا بەشێکن لەو شتانەی کە دەگونجێت سەبارەت بە کەسایەتییەکی وا هەمەلایەنە بگوترێت و بنووسرێت. من کاتێ کە دوای مەرگی ناوەختی کاك ئەمیر زانیم تەمەنی تاقە یەك ساڵ لە من زیاتر بووە، گەلێکم پێ سەیر بوو؛ ئەو بۆ من هەمیشە پیرێکی دەستگیر و ڕێ پیشاندەر بوو و بەگوێرەی ئەزموون و لێزانییەکەی، هەستم دەکرد لای کەم چل پەنجا ساڵێك خوێندەواری و ئەزموونی

لەپێش منەوە بووبێت، بەڵام کوا ئەو چەشنە هەڵسەنگاندنانە بە چەندایەتی و ژمارە دەکرێن؟ مەگەر پێوانە "چۆن بژی" نییە؟

من ئاگاداری ژیانی کاک ئەمیر بەتایبەت لە سەردەمی منداڵی و لاویەتی ئەودا، نیم. بەڵام لە ڕێگەی شوێن و ساڵی لەدایکبوونیەوە دەتوانم بزانم وەك ڕۆڵەیەکی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە مەهاباد لەدایك بووە. لە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستاندا وەك منداڵێکی سێ چوار ساڵان، ئەزموونی ڕاستەوخۆی لێ وەرنەگرتووە بەڵام درنگتر ئاسەواری زەقی هەرەس هێنانی کۆمارەکەی، وەك فەزای قورسی سیاسی ناوچەکە، دۆخی خراپی ئابووریی شار و هەل ومەرجی بێ سامانی بنەماڵەی ئیعدامکراوان و گیراوانی شاری مەهاباد (و واهەیە سەقز و بۆکان)ی بەچاو بینیوە، هەستی پێکردووە و کەوتۆتە ژێر کارتێکەریی ئەنجامەکانیەوە.

لە ساڵانی پێش کۆدیتای ١٩٥٣ و ڕووخانی حکوومەتی میللی موسەددیق دا کاك ئەمیر مێرمنداڵێکی فێرگەی ناوەندی بووە و بە گوێرەی هەل ومەرجی سیاسیی ناو شاری مەهاباد هەروەها ئەو ئازادییە ڕێژەییەی کە بۆ چاپی کتێب و ڕۆژنامەکانی ئێرانی ئەو ساڵانە بەرهەم هاتبوو، ئاساییە کە لەگەڵ بیری چەپدا ناسیاوی پەیدا کردبێت. مەهاباد لەو ساڵانە و ساڵانی دواتریشدا جەنگەی خەباتی نەتەوایەتی بوو بەڵام تەنانەت تاقە حزبە سیاسییە نەتەوەییەکەش، حزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵگری بیری چەپ بوو و یەکسانی و سوسیالیزم، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانیدا ڕەنگیان دەدایەوە.

لە فەزایەکی ئەوتۆ و لە جەرگەی زوڵم و بێدادی حکوومەتی شای دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ لە کوردستان، سەرەتا لە ڕێی حکوومەتی نیزامی بەختیار و ئینجا لە ڕێگەی ساواکەوە، گەلێك ئاسایی بوو کە گەرای بیری نەتەوەیی و لایەنگریی چەوساوان، هاوکات پێکەوە لە مێشکی کوڕەلاوێکی خوێندەواری وەك کاك ئەمیر دا بگوورێن، هەر ئەو گەرایەش لە ساڵانی دواتر و سەردەمی خوێندکاریی زانستگەی تاراندا چەقەرەبکات، بپشکوێت و گوڵی کەسایەتییەکی شۆڕشگێر بەرهەم بێنێت. هەر بۆیەشە کە ئێمە لە پشکنینی ڕووداوەکانی ژیانیدا، هەواڵی خوێندکاریی زانکۆی تارانی، هاوڕێ لەگەڵ هەواڵی کار و خەباتی سیاسییەکەی، پێکەوە دەبیسین.

سەردەمی لاویەتی و خوێندکاریی کاك ئەمیر شەقڵی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان، چوونی لاوانی خەباتکار بۆ ناو شۆڕشەکە، کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکرات، دامەزرانی حزبی ڕزگاری، سەرهەڵدان و تێکشکانی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ ی لێدراوە. لە فەزایەکی وەك زانکۆی تاران و لە ناو جەرگەی کۆمەڵێکی زۆر لە لاوانی

کوردی شۆڕشگێڕی دانیشتووی ئەوشارەدا، گەلێك ئاساییە کەسێکی هەستیار و بەرپرس وەك کاك ئەمیر لەگەڵ لافاوی شۆڕش و خەباتدا بڕوات، کە ڕۆیشت و چالاکانەش ڕۆیشت.

درەنگتر، کاتێ کە بۆ درێژەی خوێندن چوو بۆ بەشی ڕۆژئاوای جیهان، ڕۆح و هەستی بەرپرسانەی کاك ئەمیر لە بەرانبەر کۆمەڵگای بندەست و بەرهێرشی کوردستاندا هەرگیز لە کەمیی نەدا هیچ، بەهێزتریش بوو و نەك هەر لە خەباتی خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات، بەڵکوو لە ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەڕەنسەی دەیەی شەستیشدا بەشداریی کرد و لە بەرەی چەپی پێشکەوتنخوازدا دژ بە سیستەمی سەرمایەداری وەستا- وەستانێك کە تا دوایین ڕۆژەکانی ژیان، دانیشتن و کۆڵنەدانی بەشوێندا نەهات.

مانەوەی دەرەوەی وڵات، بە پێچەوانەی زۆر خەڵکی دیکە، گەل و نیشتمانی لەبیری کاك ئەمیر نەبردەوە و هەرئەوەندەی دەنگی شۆڕش لە ئێرانی ساڵی ١٣٥٧دا بەرز بووەوە، ڕووی کردەوە وڵات و لە مەهاباد و مەریوان و سنە بوو بە هاوهەنگاوی کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی خەڵك.

کاتێکیش کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرێژەنە چوو و ئایەتوڵلاکان دەستیان بەسەردا گرت، کاك ئەمیر هاتەوە دەرەوەی وڵات و لە کەنادا گیرسایەوە، شوێنێك کە تا کۆتایی تەمەن لێی مایەوە، بێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆی وڵات بپچڕێت[١٧٣].

تایبەتمەندیی کەسایەتیی شامیلی کاك ئەمیر گەلێك زۆرن. واهەیە پێداگیریی قورس وقایم لەسەر باوەڕی سیاسی-کۆمەڵایەتی و دڵسۆزیی گەل و نیشتمان، دوو دیاردەی هەرە بەرچاو بن کە هاوڕێ لەگەڵ خووی نەرم و تەوازوع و بەرپرسیایەتی و یاریدەدەریی خەڵك، کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزیان پێك هێنابوو کە تەنانەت نەیار و دوژمنەکانی (چەوسێنەرانی سەرمایەدار و دەرەبەگ)یش نەیاندەتوانی ڕێز لەو خەسلەتە ئینسانییانەی نەگرن.

لایەنێکی هەرە گرنگی کەسایەتی کاك ئەمیر باوەڕێکی بنچینەیی بە مافە فەوتاوەکانی ژن، بە تایبەت ژنی کورد بوو. لەم بوارەدا من بە کەسێکی پێشڕەوی ئەوتۆی دەناسم کە تا ئەمڕۆ هیچ کوردێکی ناسراوی تر بە تۆزی ڕێگاشی نەگەیشتووە. ئەو فێمینیستێکی خاوەن بڕوا بوو و ئەو هەڵوێستە لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. کاك ئەمیر هەرگیز نەکەوتە شوێن قسەی ئەو گەڕۆکە ئوروپاییانەی وا ژنی کوردیان لە چاو ژنانی دیکەی گەلانی دراوسێ، بە 'ئازاد' ناو دەبرد.

---

[١٧٣] . بۆ نموونە لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیبووم کە بۆ کاری لێکۆڵینەوە لە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان *"ئەمن نزیکەی ٣٠ وتوووێژم لەگەل وەرزێر و مەلا و فەقێ و ئاغاکان هەیە"* (ئیمەیلی مانگی مەی ٢٠١٦).

ئەو ئاگای لە قووڵایی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کورد بوو و دەیزانی کێشەی بێ مافیی ژن لە کوردەواریدا بە بوون یان لاچوونی چارشێو و دەسماڵ چارەسەر ناکرێت و سەرچاوەی مەسەلەکە لە قووڵایی ئایین و ئەو نەریتانەدایە کە لەسەر بنەمای ئایین و دابی عەشیرەتی دانراون. دەزانم کاک ئەمیر خەباتێکی زۆری لە پێناو مەحکووم کردنی سوننەتە عەشیرەییە دواکەوتووکان کرد، بەڵام دڵنیا نیم ئایا بە هەم شێوە لەگەڵ ئایینی زاڵی کۆمەڵگاش ڕووبەڕوو بووەوە و تێکەوت یان نا؟

*****

چەند ئەزموون و بیرەوەری شەخسی بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی کاک ئەمیر:

دڵنیا نیم کاک ئەمیرم کەی و لە کوێوە ناسیوە. لەو بابەتەوەی وا لە سەرەتای لاویەتیدا بۆ ناساندنی شاری مەهابادی نووسیبوو و شارەداریی شارەکە بڵاوی کردەوە؟ یان لەو ژمارە تایبەتەی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تارانەوە کە بۆ کۆچی دوایی مامۆستا گۆرانی شاعیر دەرچوو و کاک ئەمیر لەگەڵ کاک سوار و کاک عەلی حەسەنیانی و کاک فاتیح بابەتەکانیان نووسیبوو؟ یا خود هەر لە زمانی خەڵکەوە، کە وەك خوێندکارێکی لێهاتوو و خەباتکاری کورد لە تاران ناویان دەبرد؟ هەرچۆنێك بێت لەو یەکەم ڕۆژانەوە کە دارەدارەی خوێندن و نووسینی کوردیم کردووە، دووراودوور کاک ئەمیرم لە گۆڕەپانی نووسین و لێکۆڵینەوەدا حازر و نازر بینیوە- وەك هاوڕێیەکی نەدیتوو بەڵام ڕێ پیشاندەر و دڵسۆز.

کاتێ کە لە ساڵی ١٩٩٨ دا کتێبی "کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی"م ئامادە دەکرد، نوسخەی پێش چاپکردنیم بۆ نارد و تکام لێکرد پێشەکییەك بۆ بەشی ئینگلیزیی کتێبەکە بنووسێت. کاک ئەمیر، بە شێوەی هەمیشەیی خۆی، کە بۆ ئەرك و کاری ئەوتۆ دەستی بەڕووی کەسەوە نەدەنا، منیشی بێ هیوا نەکرد و ١٥ لاپەڕەی نووسی کە یەك لە تەوەرەکانی باسەکەی بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی پرۆفیسۆر مەکەنزی بوو لە مەسەلەی پەیوەندی زمانی کوردی و مادی، منیش سەرەتا کۆپییەکی وتارەکەم نارد بۆ دوکتۆر مەکەنزی، ئینجا لاپەڕەکانی کتێبەکەم پێ ڕازاندەوە.

کاتێ کە بابەتێکم سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی نووسی و لە گۆڤاری گزینگدا بڵاوم کردەوە (وا بزانم ساڵی ٢٠٠٧ بوو)، کەسێك تۆمەتی ئەوەی لێدام کە گوایە بە ڕوانگەی 'توودەیی'وە ڕاستییەکانم سەبارەت بە زوڵم و زۆری ئاغاوات شێواندبێت. کاک ئەمیر لە بەرانبەر ئەو هێرشکارییە بێ بنەمایەدا هەڵوێستی گرت لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیم: *"ئەو بەشەی نووسراوەی کاك ... کە باسی تۆ دەکا دەبو سەرنووسەری گزینگ بڵاوی نەکردباوە چونکە ئەویش "مەغڵەتەی روو بە ئینسانە"، بەڵام لە کولتووری رۆشنبیری*

*و چاپەمەنی کوردی و فارسی و ... دا هێشتا جیاوازی داناندرێ لە نیوان مەغلەتە و ئیستیدلالی زانستی"* و تەنانەت گوتی ئەگەر کاتم هەبێت وەڵامێك بۆ ئەو کەسە دەنووسمەوە.

لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠دا، جارێکیان هاتە لەندەن. ئەودەم دایکیشم چەند مانگێك بوو بە سەردان لە لەندەن دەژیا. کاك ئەمیر سەبارەت بە بارودۆخی بۆکان لە ساڵانی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی و دۆخی ژنان وتوویژێکی بە دەنگ لێ تۆمار کرد، دواتر بە پۆستەدا نوسخەیەکی شریتی دەنگەکەی دایکمی بۆ ناردم کە ئێستاش لای من ماوە.

لە ساڵی ٢٠١١ دا بابەتێکی بۆ ناردم کە بە ئینگلیزی سەبارەت بە 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان' نووسیبووی و داوای لێکردبووم بیخوێنمەوە و بۆچوون و ڕەخنەکانی خۆمی بۆ بنووسمەوە بۆ ئەوەی پاکردەی بابەتەکە بنێرێت بۆچاپ لە گۆڤارێکی ئینگلیزیدا. دیارە من دەست بەجێ کارەکەم ڕاپەڕاند و بۆم ناردەوە، بەڵام وتارەکە، لەبەر هەر هۆکارێك، بڵاو نەکرایەوە.

لایەنێکی گرنگی کاری کاك ئەمیر لە نووسین و لێکۆڵینەوەدا پرۆفیشنالیزم بوو. ئەو بە سینگێکی ئاواڵەوە ڕەخنەی خەڵکی وەردەگرت. من لەسەر ئەوەی ڕاپەڕینی ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکانی بە 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان' ناودێر کردبوو ڕەخنەم هەبوو و ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەم کە بەداخەوە ڕاپەڕینەکە پێش ئەوەی هەموو ناوچەکانی موکریان بگرێتەوە و بکرێت ناوی 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان' ی لێ بنرێت، هەر لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان گەمارۆ درا و تێك شکێنرا. تەنانەت لام وایە کاتێ مامۆستای نەمر هێمن لە سەرەتای تاریك و ڕووندا سیفەتی وەرزێرانی 'موکریان' بە ڕاپەڕینەکە داوە، لەبەر ئەوە بووە کە کتێبەکە لە باشووری کوردستان و تا ڕادەیەکی زۆر بۆ جەماوەری ئەوێ بڵاو کرابووەوە و لەوێ باس کردن لە دیاردەیەکی گشتی وەك موکریان هاسانتر بوو لە ناساندنی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بە خەڵکەکە، دەنا مامۆستا هێمن گوند و ژیانی گوندنشینان و مێژوو و شوێنایەتی ڕاپەڕینەکەی گەلێك چاکتر لە ڕووناکبیرانی شارنشین دەناسی و دەزانی و بەردەوام لە پەیوەندی ڕۆژانەی گوندیشدا بوو.

هەموو بەڵگەکانی بەردەست دەریدەخەن کە ئەو بزووتنەوەیە سەرەتا لە ناو شاری بۆکان سەری هەڵدا و لەڕێگەی هەندێك لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەی بۆکانەوە باڵی کێشایە سەر ناوچەی فەیزوڵلابەگی. دیارە درەنگتر، لە چەند شوێنی وەك سەر چۆمی مەجیدخان و مەحاڵ و شاروێرانیش ڕاپەڕین دەستی پێکرد، بەڵام ئەوانە هەمووی پریشکەی ئاگرێکی شۆڕشگێڕانە بوون کە سکڵەکەی لە ئالبۆغ و یەکشەوە و بەردەزەری فەیزوڵلابەگیدا مایەوە و هێرشی

ئەرتەشی شا و بەربەرەکانی کردنی ژن و پیاوانی ناوچەکەش لەگەڵ ئەرتەشی ئێران هەر لەوێ بەرِێوە چوو، هەر لەوێش ئاگرەکە خامۆش کرا.

ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە خۆوە نەبوە جەرگەی خەبات. لەوێ هەندێك تایبەتمەندی هەبوون کە بۆ نموونە لە بەشی ڕۆژئاوای چۆمی بۆکان و پاشماوەی موکریاندا نەدەبینران. پەیوەندی عەشیرەتی لەمێژبوو نەمابوو و ئاغاکان کە هیچ پەیوەندێکی خوێنییان لەگەڵ ڕەعیەت نەبوو، نەیاندەتوانی ئەو توندوتیژی و بگرە و بکوژەیەی ئاغاوات و مەزن و سەرەك عەشیرەتەکانی موکریانیان هەبێت. حەوت کەس لە باوك و برای هەر ئەو ئاغاواتە دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان ئیعدام کرابوون و وەك زۆرێك لە سەرەك عەشیرە و ئاغاکانی ناوچە، پشتیان بە ڕژیمی ئێران گەرم نەبوو و لەچاو ئاغاواتی دەماغ بەرزی دێبوکری، زیاتر لە ڕەعیەتەکانیان نزیك بوون تا حکوومەت. هەروەها کەسانی شارنشین و ڕووناکبیر و شاعیر و هونەرمەندیان تێدا هەڵکەوتبوو، تەنانەت یەکیان لەسەر خواستی خۆی، زەوییەکانی بەسەر گوندییەکاندا دا دابەش کردبوو و یەکێتریان هاوهەنگاو لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان دژ بە چەوسانەوە و زوڵم هەستابووە سەرپێ و دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ ئاغاکانی خزمی خۆی بۆ تۆڵە لێ سەندنەوە، قەسدی گیانیان کردبوو. ئەو دیاردانە لە شوێنەکانی دیکەی موکریان نەدەبینران و بە شێوەی سروشتی، زەمینەی ڕاپەڕین لەوێ ئامادەتر بوو و هەربۆیەش لەوێ سەریهەڵدا.[١٧٤]

کاك ئەمیر ئەو بۆچوونانەی منی بیستەوە، بەڵام لەسەر هەڵوێستی خۆی مایەوە، بێ ئەوەی کێشەیەك بکەوێتە نێوانمان. تەنانەت لەبیرمە بۆی نووسیبووم کە دوابڕیاری ئەوەیە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێران بە زمانی فارسی بڵاو بکاتەوە؛ من ئەوەشم پێ سەیر بوو کە بۆچی بە کوردی نایاننووسێت؟ ئەو ڕەخنەیەشی بە سینگێکی فراوانەوە گوێدایە بەڵام بۆ بارودۆخی ئەم دواییانەی ئەو و پێشوەچوونی نەخۆشییەکەی نەدەبوو

---

[١٧٤] . پەسندێکی دیکە بۆ بۆچوونەکەی من، ڕووداوی ساڵانی ١٣٥٧ تا ٥٩ ی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانە. لەو ساڵانەدا لقی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق لە بۆکان بانگەوازی دابەشکرانی زەوی وزاری گوندەکانی بەگوێی خەڵکدا دەدا. تاقە شوێنێکی ناوچە، کە بە دەنگی بانگەوازەکەوە هات، هەمان ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوو. من کە ئەودەم ئەندامی ڕێکخراوەکە و یەك لە بەرپرسانی بووم، بەچاوی خۆم ئەو جیاوازییە زۆرەم بینی و تەنانەت لەبیرمە بۆ پڕوپاگەندەی هەر ئەو دابەشکردنی زەوییە، نێرامە گوندی عەزیزکەند لەبەشی دێبوکری کە ماوەیەك بوو ببووە مڵکی خاڵی خۆم. بەڵام نە لە هەوڵی من و نە هەوڵی هاوڕێیانی ترم هیچ هەڵنەوەرا و لە عەینی کات کە بۆ نموونە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا وەرزێرەکانی گوندی 'حەسار'ی سەر بە فەیزوڵڵابەگی، حاسڵی گەنمیان لە سەر زەوییە دابەشکراوەکانی ئاغا هەڵگرت، لە بەشی دێبوکری هیچ شتێك ڕووی نەدا و مەسەلەکە لە چوارچێوەی قسە و دروشمدا مایەوە. فەیزوڵڵابەگی جیاواز بوو.

سەرلەنوێ زمانی سەرجەم کتێبەکە بگۆڕێت؛ دیارە ڕێزی منیش بۆ خۆی و کارەکەی، هەرگیز لە کەمیی نەدا و نەگۆڕ مایەوە.

لە ساڵی ٢٠١٢ دا هەواڵی تۆمارکرانی بیرەوەرییەکانی نەمر مامۆستا ڕەئووفی خەیات (ڕەئووف مەلاحەسەن) وەك یەکێك لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣١ و ٣٢ ی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاواتم پێدا کە ڕێزدار ئیسماعیل ئیسماعیل زادە بە ماوەیەکی کەم پێش وەفاتی مامۆستا ڕەئووف بەڕێوەی بردبوو. کاك ئەمیر دەست بەجێ داوای نوسخە و زانیاری سەبارەت بە مەسەکە لێکردم، منیش ئیمەیل ئەدرێسی کاك ئیسماعیلم بۆ نارد و دەزانم کەوتنە پەیوەندیی یەکترەوە بەڵام ئاگادار نیم ئایا تا کوێ لە ناوەرۆکی قسەکانی مامۆستا ڕەئووف ئاگادار کرایەوە و چی لە بابەتەکە دەست کەوت.

لە ماوەی ساڵانی نێوان ٢٠١٢ و ٢٠١٧ دا گەلێك ئیمەیلمان گۆڕییەوە کە زوربەی هەرە زۆریان سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان بوو. لەو ماوەیەدا کەسێك بە ناحەق تاوانباری کردبووم کە گوایە کتێبی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"ی کاك ڕەحمانی محەممەدیان من نووسیبێتم. کاك ئەمیر لە ئیمەیلێکدا کە بۆی ناردم، ناڕەزایی خۆی لەو چەشنە هەڵوێست گرتنە دەربڕی و لە وتارێکیشدا کە سەبارەت بە هەمان بابەت نووسیبووی ئاماژەی بە مەسەلەکە کرد.

دوایین ئیمەیلی کاك ئەمیر لە ٢٠١٧/٤/١٣ دا گەیشتە دەستم  کە ناساندنی کتێبێکی ئینگلیزی بوو سەبارەت بە کەمایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین- کەیسی کورد، و وتارێکی ئینگلیزی کەسێکی تر سەبارەت بە 'دەوری نوسخەنووسان لە ڕاگواستنی دەستنووسدا- کەیسی شەرەفنامەی بەدلیسی'. ئەوە تەنیا من نەبووم کە ئەو لوتفەم دەرحەق دەکرا، بەڵکوو بەشێك بوو لە خوو وخدەی کاك ئەمیر کە زانیاری بڵاو دەکردەوە و هەر بابەتێکی کەوتبایەتە دەست کە بایەخی خوێندنەوەی هەبوایە، خەڵکانی پەیوەندیداری لێ بێ بەش نەدەکرد.

بە داخەوە لە ماوەی سێ مانگی نێوان ئەو ئیمەیلەی دوایی و هەواڵی دڵتەزێنی وەفاتی، چیتر هەواڵێکم لێی نەبیستەوە.

ئەوانە بەشێك بوون لە بیرەوەریی من لەگەڵ کاك ئەمیر. دیارە من کەسێکی وا نەبووم خۆم بە هاوشان و هاوڕێ و دۆستی نزیکی ئەو لە قەڵەم بدەم. پەیوەندی ئێمە گەلێك ساکار بوو و لە هەموو ئەو ساڵانە و هاتوچۆی لەندەنیدا کاك ئەمیر تەنیا جارێك هاتەماڵمان و منیش لە کانادا جارێك میوانیان بووم. بەڵام وەك لەگەڵ خەڵکانی دیکەش میهرەبان و یارمەتیدەر بوو، لە زۆر کاری نووسین و لێکۆڵینەوەدا یارمەتی منیشی دا و منەتباری ئەو یارمەتییانەی هێشتمەوە.

یادی بۆ هەمیشە زیندوو بمێنێت!

٢٠١٧/٦/٣٠

ئەم بابەتەم بۆ بڵاوکراوەیەکی کوردیی زانکۆی شاری ئێکستێری بریتانیا نووسی و لەوێ یا لەگۆڤاری بیر و هزری چاپی سنەدا بڵاوکرایەوە، پاشن لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان دانرا.

# مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەک سەبارەت بە ڕاپەڕینێکی مێژوویی[١٧٥]

بە داخەوە، چەند مانگێکە مامۆستا ئەمیری حەسەنپوورمان لە ناودا نەماوە و ئەوەی بۆمان مابێتەوە، تەنیا یادی شیرینی کەسایەتییەکەی و یادگاری بەنرخی کارەکانییەتی.

لە دەستچوونی کاك ئەمیر بۆشاییەکی گەورەی لە بواری لێکۆڵینەوە لە مێژوو، زمانەوانی، کۆمەڵناسی و سیاسەتی کوردستان پێك هێنا. دەبێ لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات خەڵکانێکی زۆر هەبن لە کاری توێژینەوەی مێژوو و زمان و سیاسەتی کوردستاندا هەست بە لەدەستچوونی مامۆستایەك، ڕاوێژکارێك و دڵسۆزێك بکەن کە هەرکات پێویستیان بوایە، کەڵکیان لە هاوکاری و ڕێنمایی پسپۆڕانەی ئەو بلیمەتە وەردەگرت.

کاك ئەمیر لە کارکردن لەگەڵ خەڵکدا وەك مامۆستایەکی پرۆفیشناڵ دەجووڵایەوە و نە خۆی لەو ڕێبازە لایدەدا و نە دەرەتانی دەدایە لایەنەکەی تر لاڕێ بڕوات. هەربۆیەش پەیوەندییە حیرفەییەکانی چەق بەستوو لە سەر ناوەرۆکێکی دیاریکراو بوون و پرسیاری بکردایە یان وەڵامی پرسیارێکی بدایەتەوە بە وردی خاڵەکەی دەپێکا و ڕیوایەتی بێ پەیوەندی تێکەڵاو کارەکە نەدەکرد.

من وەك تاکێك لە سەدان و ڕەنگە هەزارانی وەك خۆم، گەلێك یارمەتیم لە پسپۆڕایەتی کاك ئەمیر وەرگرت و بۆ بەشێك لە کاری وەرگێڕانی بەڵگەنامە، خۆم بە قەرزداری ڕێنومایییەکانی ئەو دەزانم.

لێرەدا دەمەوێ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی مێژوویی بخەمە بەرچاو کە ئەو وەك ڕچەشکێن ساڵانێك بوو خۆی پێوە ماندوو کردبوو و منیش وەك تازەکارێکی کەمزان، دەمەویست بچمە گۆڕەپانەکەوە و خۆ بخەمە گۆمێکەوە کە ئەو مەلەوانی لەمێژینی بوو.

---

[١٧٥] ئەم وتارە پێشتر لە ژمارە ٢، ئاپریلی ٢٠١٨ ی گۆڤاری "دەروازە" چاپی ئەستەموڵ دا بڵاو بۆتەوە

www.derwaze.net

بابەتی جێی باس، ڕاپەڕینێکی وەرزێریی مەزن بووو کە لە ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی هەتاوی (١٩٥٣ز) لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و هەندێك شوێنی دیکەی کوردستان ڕوویدا و بە داخەوە کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ هەرەسی پێهێنان.

منیش وەك کاك ئەمیر لە ساڵی ڕووداوەکاندا مێرمنداڵێك بووم و ڕاستەوخۆ لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداریم نەبوو، بەڵام کارتێکەریی ئەنجامەکانیم لە دەستبەسەرکرانی خەباتکاران و ئاوارەیی و ماڵوێرانیی ڕاپەڕیوان و زاڵبوونەوەی ئاغاوات بەسەر چارەنووسی خەڵکدا بەچاو بینیبوو یان لە بەشداربووانی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکەم بیستبووەوە. واهەیە ئەو کارتێکەرییانە لە مندا تا ڕادەیەکیش زیاتر بووبێت لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی ڕووداوەکان لە ناو شاری بۆکان و گوندەکانی لادەستی ڕوویاندا، ئەویش کاتێ کە تەمەنم ١٠-١٢ ساڵان بوو و کەمتاکورتێك لە مەسەلەی کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەت لە ناوچەکە تێدەگەیشتم.

بۆ نموونە، من خۆم هێرشی گۆپاڵ بەدەستانی ئاغاواتی دێبوکری و ترس و لەرزی خەڵکم بە چاو بینی کە ئێوارەی ڕۆژی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ٣٢ ڕژانە ناو بازاڕ و کۆڵانەکانی شاری بۆکانەوە و دەرگەی دووکان و ماڵانیان شکاند و ڕاوی ڕاپەڕیوانیان دەکرد. هەرووەها من گڕە مەشخەڵی ئاگری سەر مالی حاجی قاسمی کەریمی و کاك حوسەینی برای ئەو (و مامۆستای خۆم) و نەمر عەلی میرەبەگم بە چاوی سەر بینی، کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی قوربانی دوای کۆدیتادا نۆکەرانی ئاغاکان، بە فەرمانی ئەوان، لە ناوەڕاستی بۆکان ئاگریان تێبەردان و سیپاڵی ژن و منداڵی حاجی قاسم و عەلی میرەبەگی ڕاپەڕیویان فڕێدایە کۆڵان و ئاوارەیان کردن.

ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر، زۆرێك لە ڕاپەڕیوان و دژبەرانی ئاغاکان گیران و لە تەویلەی ماڵی ئەوان قایم کران، یان بە یارمەتی پۆلیس و ئەرتەشی شا، نێردرانە زیندانی شاری مەهاباد- نموونەی هەرە نزیك لە ژیانی خۆم، گیرانی کاکم، عومەری سوڵتانی، وەك یەك لەو دەیان کەسانە بوو کە دوای هەرەسی ڕاپەڕینەکەی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر، لە لایەن شەهرەبانیی ژێر دەسەڵات ئاغاکانەوە گیرا و ئەو ڕۆژەی وا هاوڕێ لەگەڵ دوو ئاژان دەیاننارده زیندانی مەهاباد، لەگەڵ باوکم لە گاراژی شار بەڕێمان کرد.[١٧٦] من ئەگەر وێرابێتم دەست بدەمە کاری نووسین سەبارەت بەو ڕاپەڕینەی بۆکان و گوندەکانی نزیکی، بەهۆی ئەو زانیارییە ڕاستەوخۆیانە و هاندانی کاك ئەمیرەوە بوو.

---

[١٧٦] بیرەوەریی سەبارەت بە گیران و لە تەویلە و زیندان خرانی خەباتکاران، لە یادداشتەکانی نەمر میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات (حافظ القرآن) دا ڕەنگێکی زۆری داوەتەوە. بەداخەوە ئەو بیرەوەرییە بەنرخانە هێشتا چاپ نەکراون.

بۆ ئاگاداری لە دەسپێك و هۆكارەكانی ڕاپەڕینی شار و ناوچەی بۆكان، سەرەتا چەند خاڵی سەرەكی ڕوون دەكەمەوە ئینجا دەچمە سەر بۆچوونی هاوبەش یان جیاوازی كاك ئەمیر و خۆم:

**ڕاپەڕینی دژە فیئۆداڵیی ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی شاری بۆكان چۆن سەری هەڵدا؟**

بۆكان لەو ساڵانەدا شارەدێیەكی كوردنشین بوو سەر بە ئوستانی ئازەربایجان، بە ژمارەی دانیشتوانێكەوە كە خۆی لە ١٠ هەزاركەس[١٧٧] دەدا. ئەو شارەدێیە، پێش ئەوەی لە دەوروبەری ساڵی ١٣١٨ دا ببێتە ناوەندی 'بەخش'ێكی سەر بە شاری مەهاباد، گوندێكی گەورە بوو كە وەك هەموو گوندەكانی ناوچە، ئاغاوەت خاوەنداریەتییان دەكرد و بە شێوەی هەموو گوندێكی دیكە، دەكڕا و دەفرۆشرا. بۆكان بە ماوەی سێ چوار ساڵێك پێش ئەوەی ببێت بە 'بەخش' و ئیداراتی دەوڵەتی وەك بەخشداری و شەهرداری و كەلانتەری لێ دابمەزرێت، موڵكی حەبیبوڵڵا پەناهی- تاجرێكی تەورێزی و دوو ئەندامی دیكەی بنەماڵەكەی ئەو بوو. پەناهییەكان دواتر لە ساڵی ١٣٢٣ دا بۆكانیان بە ئاغاواتی دێبوكری فرۆشت.[١٧٨] خاوەنە تازەكانی بۆكان، بەرەی دوو برابوون (حاجی بایزئاغا و مەحموود ئاغا) كە سەرەتا شوهرەتی هەردوولایان ئێلخانی زادە بوو بەڵام لە ساڵانی نێوان ١٣٣٠ و ١٣٤٠ دا، بەرەی ماڵی حاجی بایزئاغا (جگە لە ئەحمەد ئاغای باوكی كاك سوارەی شاعیر)، شوهرەتیان گۆڕی و كردیانە موهتەدی.

كێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەتی ناوشار پێشینەی هەبوو و مێژووی دەگەڕایەوە سەردەمی مڵكایەتی تاجرە تەورێزییەكە و تەنانەت پێش ئەویش واتە سەردەمی سەردارەكان كە لەماوەی نێوان ١٢٢٩ تا دەوروبەری ساڵی ١٣١٥ ی هەتاوی (١٨٤٠ تا ١٩٣٦ ی زایینی)دا خاوەنایەتی بۆكانیان كردبوو. كێشەی بنەڕەتی خەڵكی بۆكان لە گەڵ ئاغاكان ئەو ڕاستییە بوو كە خەڵكەكە داوای تاپۆ كردن واتە "سەبتی عەرسە و ئەعیانی"ی ماڵ و دووكان و باغاتی خۆیان دەكرد، بە ڵام ئاغاوات ئەو مافەیان پێنەدەدان و وەك هەموو گوندێكی دیكەی ناوچە، ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی مڵك و ماڵی كەسێك زەوت بكەن، شڕەی بخەنە كۆڵان و و لە شار وەدەری نێن، بێ ئەوەی كەسەكە لە دام و دەزگەی دەوڵەتیدا هیچی پێبكرێت، لەبەر ئەوەی 'خاوەن عەرسە' بە پێی قانوون، ئاغاكان بوون نەك خەڵك.

---

[١٧٧] ڕەحمان محەممەدیان، *بۆكان لە سەدەی بیستەم دا* ، ب. ١ (نامەی هاشمی و كەریمی بۆ كاشانی (تهران: كوله پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠)، ١١٣.

[١٧٨] ڕەحمان محەممەدیان، *بۆكان لە سەدەی بیستەم دا*، هەمان، لاپەڕە ٨٢.

ئەو کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەتە، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ تەقینەوەی ساڵی ١٣٣١ کە ڕاپەڕینی زستانی ئەو ساڵە و بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٣٢ ی ناو شاری لێ کەوتەوە و باڵی کێشایە سەر گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی شاریش کە ملکی ئاغاواتی فەیزوڵلابەگی بوو، بەڵام لە دێهاتی بەشی ڕۆژئاوای شاردا، کە ملکی ئاغاواتی دێبوکری و لەژێر دەسەڵاتی توندوتیژی هەمان تایفەی ئاغاواتی شاردا بوو، ڕەنگدانەوەی گەلێك کەمتری لێ بەرهەم هات.

چاکسازیی دەوڵەتی موسەددیق

لە ساڵانی نێوان ١٣٢٠ تا ١٣٣٢دا، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران ئاڵۆز و ناسەقامگیر بوو، دیکتاتۆریەتی ڕەزا شا ڕووخابوو، ئازادییەکی ڕێژەیی سیاسی لە ئارادا بوو و حزبی سیاسی زۆر، ڕاست و چەپ سەریان هەڵدابوو. حزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٣٢٠، و لە کوردستانیش سەرەتا کۆمەڵەی ژێکاف لە ١٣٢٢ئینجا حزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٣٢٥دا دامەزرابوون.

لە ساڵانی دوای ١٣٢٧دا کێشەی نێوان شا و لایەنگرەکانی لەگەڵ جبهەی میللی بە ڕێبەرایەتی دوکتۆر محەممەدی موسەددیق، زەق ببووەوە و دەوڵەت بە شوێن دەوڵەتدا پێکدەهات بێ ئەوەی بتوانن دۆخەکە هێور بکەنەوە. دەست تێوەردانی وڵاتانی دەرەوە بە تەیبەت بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەتی، ببووە هۆی ئەوەی بارستایی هێز هەرجارەی بە لایەکدا بکەوێت؛ بۆ نموونە، کابینەی حوسەینی عەلا ٤٢ ڕۆژ و کابینەیەکی قەوام تەنیا ٤ ڕۆژ دەوامیان هێنا و دوکتۆر محەممەدی موسەددیقیش دوو جار بوو بە سەرەك وەزیران و کابینەی پێك هێنا.[179]

خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتی داوای مافی سیاسی و ئابووریی خۆیان دەکرد و شەقامی شارەکان ڕۆژانە پڕ بوو لە خەڵکی لایەنگری مافی کرێکار و وەرزێران. لە پایزی ساڵی ١٣٣١ دا دەوڵەتی دوکتۆر موسەددیق دوو لایحە (Bill)ی پێشکەش بە مەجلیسی شۆڕای میللی کرد[180] و لە ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا هەردوکیان 'تەسویب' کران و بوون بە قانوون (Act). بە گوێرەی ئەو قانوونە،

179 . مسعود بهنود، *از سید ضیاء تا بختیار-دولتهای ایران از اسفند ١٢٩٩ تا بهمن ١٣٥٧*. چاپ سوم. تهران: انتشارات جاویدان، ١٣٦٩ ٣٢٣ - ٣٥٧

180 . لایحەی یەکەم: ١٣٣١/٧/١٤ (٦ی ئوکتۆبری ١٩٥٢ زایینی): "لایحە ازدیاد سهم کشاورزان و سازمان عمران کشاورزی" کە بە قانوونی ٢٠٪ دەناسرا و چۆنیەتی پێکهێنانی شۆڕای دێهات.

لایحەی دووهەم: ١٣٣١/٨/٣٠ (٢٢ی دیسامبری ١٩٥٢ی زایینی)" "لایحە الغای عوارض و سوروسات در دهات.

**یەكەم،** دەبوایە لە هەموو گوندێك 'شۆڕای دێ' لە نوێنەرانی ئاغا و ڕەعیەت پێك بێن؛

**دووهەم،** لەو بەشە حاسڵەی وا ساڵانە وەرزێر دەیدایە ئاغا و ئەویش بەگشتی سەتا بیست (دەو دوو) بوو، دەبوایە دەیەكی ئەو دەو دووە (دوو لە سەد)، بدرێتەوە دەست ڕەعیەت بۆ ئاوەدانی ناو ماڵی خۆی و دە یەكی دیكەشی بدرێتە شۆڕای دێ بۆ ئاوەدانی ناو گوند (سەرجەم ٢٠٪ ی ئەو ٢٠٪ ە دەیكردە ٤٪ی بەشی ساڵانەی ئاغا لە كشتوكاڵی وەرزێر)؛

**سێهەم،** خاوەن مڵك جگە لەو ڕادەیەی وا ڕەعیەت دەیدایە، مافی هیچ چەشنە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەیەكی نەبوو واتە نەیدەتوانی مریشكانە و هێلكانە و تەپاڵانە و... لە ڕەعیەت بستێنێت؛ چوارەم، ئاغا مافی ئەوەی نەما بێگاری واتە كاری بێ حەقدەست بە ڕەعیەت بكات.

ئەو قانوونە، باوەكوو چەوسانەوەی وەرزێرانی لە لایەن خاوەن مڵكەوە بنەبڕ نەدەكرد و زەوی هەر وەك مڵك بۆ ئاغا دەمایەوە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە گەلێك پێشكەوتوو بوو بە تایبەت كە دەسەڵاتی موتڵەقی ئاغاواتی بە سەر ژیان و داهاتی ڕەعیەتدا بەربەست دەكرد و بەشێك لە بڕیاری سەبارەت بە دۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی ناوگوندی دەدایە شۆڕایەك كە ڕەعیەتیش بەشێك بوون لە پێكهاتەكەی؛ ئەوە هەنگاوێكی بوێرانە و بەردێك بوو كە دەخرایە ناو گۆمی مەندی پەیوەندیی نابەرانبەری چەند هەزارساڵەی دوای پێكهاتنی سیستەمی فیئۆداڵی لە نێوان ئاغا و ڕەعیەت لە ئێران، بە ڕۆژهەڵاتی كوردستانیشەوە.

### كارتێكەریی قانوونەكە لە سەر خەڵكی بۆكان

لەو سەروحەددەدا بەشێك لە خەڵكی بۆكان كە پێشتریش لەگەڵ ئاغاكاندا كەوتبوونە بەربەرەكانیی مافخوازییەوە، دەرفەتی ئەو قانوونەیان قۆستەوە و دووجار نوێنەریان هەڵبژارد و ناردیانە مەهاباد و تاران بۆ سكاڵا لە ئاغاكان لە پێناو بەربەست كردنی دەسەڵاتیان و نەهێشتی زوڵم و چەوسانەو لەسەر كۆمەڵانی خەڵك. یەك لە داواكارییەكانیان ئەوە بوو لقی 'اداره ثبت اسناد و املاك' لە بۆكانیش بكرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵكی ئاسایی بتوانن كێشەی مڵك و ماڵیان لەوێ چارەسەر بكەن و ناچار نەبن بۆ هەموو كارێكی گەورە و بچووك بچنە مەهاباد، كە لە

---

پەسند واتە تەسویبی هەردوو لایحە پێكەوە لە مەجلیسی شۆڕای میللی ئێراندا: ٢٢ موردادی ١٣٣٢ (١٣ ئووتی ١٩٥٣ی زایێنی). ئەم زانیارییانە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: ئەمیر حەسەنپوور، ***دەروازە- كۆڤارا كوردییا زانستێن جڤاكی و مرۆڤی***، ژمارە ١، گوڵان ٢٠١٧، ئەستەموڵ، لل. ٩٨ و ٩٩.

بارودۆخی ئەو ساڵانەدا بۆ خەڵکی دەست تەنگ و هەژار کارێکی هاسان نەبوو، یان لانیکەم دەبوو بە خەرج و مەسرەفێ بۆیان.

حاجی قاسمی کەریمی، بەرگدروو و خاوەنی کارگەیەکی قەند لە بۆکان، هەروەها سەید محەممەد ئەمینی هاشمی[١٨١] بۆ ڕاگەیاندنی سکاڵای خەڵك لە ئاغاکان، لە بەهار/هاوینی **١٣٣٢**دا چوون بۆ تاران. لەوێ دوکتۆر محەممەدی موکری کوردی کرماشانی کە ئەو ساڵە کاندیدی هەڵبژاردنی ئەندامیەتی مەجلیسی شۆڕای میللی لە شاری مەهاباد و دەوروبەری (بە بۆکانەوە) بوو و خاوەن بیروبڕوایەکی پێشکەوتنخوازانەش بوو، یارمەتیدان بچنە لای دوکتۆر کەریمی سەنجابی (کوردی کرماشانی) کە ئەندامێکی دامەزرێنەری "حزب ایران" وەك بەشێك لە پێکهاتەی 'جبهه ملی' و بۆ ماوەیەك وەزیری فەرهەنگی کابینەی دوکتۆر موسەددیق و لەو کاتەدا ئەندامی مەجلیسی شۆڕای ئێران بوو. سەنجابی ڕێگەی بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی بتوانن نامەی عەرزوحاڵیان بگەیێننە دەفتەری دوکتۆر موسەددیقی سەرەك وەزیران و ئایەتوڵلا کاشانی سەرۆکی مەجلیسی شۆڕا. موسەددیق عەینی نامەکەیانی نارد بۆ وەزیری ناوخۆی ئێران (کە ئەودەم دەبێ دوکتۆر غلامحسین صدیقی بووبێت). لە نامەی نێرراو بۆ کاشانیدا، حاجی قاسم باسی زوڵم و زۆری ئاغاکان لە خەڵکی بۆکانی کردبوو و بە ناو، ناوی هەندێك لە ئاغاکانی هێنابوو.[١٨٢]

دوکتۆر موکری و دوکتۆر سەنجابی دەرەتانیان بۆ حاجی قاسمی کەریمی پێك هێنا بۆ ئەوەی لە سەر ڕادیۆ تاران پەیامێکی هاوخەباتی لەگەڵ خەڵکی بۆکان و ناوچەکە و دژ بە ئاغا و دەرەبەگان بنێرێت و پێیان ڕابگەیێنێت کە چیدی نابێ ئیجازە بە خاوەن مڵکەکان بدەن بیانچەوسێنێتەوە. هەروەها، حاجی قاسم پەیامێکی هاوشێوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی 'جبهه آزادی' ئۆرگانی حزبی ئێرانەوە بۆ خەڵکی بۆکان نارد، ئەویش لە دوو توێی چاوپێکەوتنێکدا کە ڕۆژنامەکە لەگەڵی ڕێکخستبوو و هاوڕێ لەگەڵ وێنەیەکیدا بە جل وبەرگی کوردییەوە، لە لاپەڕە یەکەمی ژمارە **١٨٣** ی ساڵی سێهەم (**١٣٣٢/٢/٣**ی هەتاوی و **١٩٥٣** ی زایینی) بڵاوی کردبووەوە.[١٨٣] نوسخەی ڕۆژنامەکە گەیشتە بۆکانیش.

ئەو کار و خەباتانە، بۆ ڕەعیەتێك و خەڵکێك کە تا ئەودەم لە هیچ کوێ ناویان نەبوو و دەورێکیان لە بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێنەدەدرا، هیچی لە شۆڕشێکی مەزن کەمتر نەبوو. خەڵك لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر بە شادی و خۆشییەکی بێ وێنەوە شوێنی

[١٨١] برا گەورەی سەید عەبدولقادری هاشمی (سەیدی بەننا). سەیدی بەننا کەسایەتییەکی ناسراوی کۆمەڵایەتی لە ناو شار بوو، کە پێشتر وەك نوێنەری پەناهییەکان لە بۆکان، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەوان بوو.

[١٨٢] . ڕەحمان محەممەدیان، هەمان، ١١٣ - ١١٥

[١٨٣] . ڕەحمان محەممەدیان، هەمان، ٨٩ - ١٦٣

هەواڵەکانیان دەگرت. پەیامی حاجی قاسم ترسی لە دڵی خەڵکدا نەهێشت و ئاگری ڕاپەڕین لە ناو شاری بۆکان هەڵگیرسا. ئاغاکان لە ناوماڵیان خزان و لە ترسی قسەی خەڵك کەمتر لە ماڵ دەهاتنە دەر. بۆ پشتیوانی موسەددیق و یاسا پێشکەوتووەکانی، خۆپیشاندان دەکرا و خەریك بوو ترسی ساڵ و سەدە لە ئاغاوات بە تەواوەتی دەڕژا. حاجی قاسم لە ناوەڕاستەکانی مانگی گەلاوێژ، لە تارانەوە هاتبووەوە تەورێز و خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆکان ئامادە دەکرد، دانیشتوانی شاریش بە گەورە و بچووکەوە ئامادە دەبوون پێشوازی لە ڕۆڵە قارەمانەکەیان بکەن.

لەو دۆخە هەستیارەدا بوو کە کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ڕوویدا، هەموو ڕیسەکانی خەڵکی کردەوە خوری و حکوومەتی شای دوای کۆدیتا سەرلەنوێ ئاغاواتی بە سەر چارەنووسی خەڵکدا زاڵ کردەوە. حاجی قاسم نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆکان و هەرلەوێوە ئاوارەی باشووری کوردستان بوو، شوێنێك کە تا سەردەمی مەرگ لێی مایەوە. ئاغاکان کە دەستیان بە حاجی قاسم ڕانەدەگەیشت، ماڵی خۆی و براکەیان[١٨٤] ئاگر تێبەردا.عەبدوڵڵا ئێرانی و میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات و عەلی میرەبەگ و حوسەینی تەهایی و برایمی ئەفخەمی و برایمی تەننازی و برایمی حەریری و عەبدوڵڵای سامبەگی و مەحموودی ڕەزایی و عومەری سوڵتانی و دەیان کەسی دیکە کەوتنە زیندان یان تەویلەی ئاغاکانەوە و نوێنەرانی ئاغاواتی دێبوکری بۆ عەرزی پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆدیتا، چوون بۆ تاران و قاسم ئاغای موهتەدی خیتابەیەکی بە تاووتینی لەمەڕ وەفاداریی خۆیان بە تاج وتەخت و سەرکەوتن بە سەر 'خراپەکاران'دا، پێشکەش بە شا کرد.[١٨٥] دەسەڵاتی بێ سنووری ئاغاوات لە ئێران گەڕایەوە دۆخی هەزاران ساڵەی خۆی و هەندێکیش ئەولاتر!

شارەکانی دەوروبەری بۆکان وەك مەهاباد و سەقز و سەردەشت و میاندواو هیچکامیان هەل و مەرجی بۆکانیان نەبوو و بە گشتی هیچکام لەوانە ملکی ئاغاوات نەبوون؛ هەر بۆیەش لە ماوەی هەموو ئەو ڕاپەڕین و خەباتەدا کە خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاوات کردیان، هەواڵی هاوچەشن لەو شارانەوە نەبیسترا لەبەر ئەوەی ناتەباییەك بەو ناوەرۆکەوە لەواندا نەبوو و ئاشکرایە زەمینەیەکی عەینی بۆ ڕاپەڕینی ئەوتۆش، بوونی نەدەبوو. لەو شارانەدا ناتەباییەکان بەگشتی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا بوو و خەباتی سیاسی و حزبیی خەڵکی شارەکان بە گەرموگوڕی بەڕێوە دەچوو؛ حزبە نەتەوەییەکە واتە حزبی دیموکراتی کوردستان و تاقە

---

[١٨٤] . برای بچووکی نەمر حاجی قاسم- کاك حوسەینی کەریمی، لە قوتابخانەی بۆکان، یەکەم مامۆستای من بوو کاتی کە لە پۆلی "تەهییە"ی پێش پۆلی یەکەمدا دەستم بەخوێندن کرد. دواتر لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا پۆلی 'تەهییە' ناوی 'ئامادەگی' لێ نرا.

[١٨٥] . ڕۆژنامەی کەیهان، ٥ ی مانگی میهری ١٣٣٢و ٢٧ ی سپتامبری ١٩٥٣

حزبی چەپ کە حزبی توودەی ئێران بێت، هەروەها جبهە میللی و حزبەکانی پێکهێنەری، گۆڕەپانی سیاسەتیان داگرتبوو. بەڵام حیسابەکان لە بۆکان تا ڕادەیەك جیاواز بوو- خەڵکی بۆکان لەگەڵ دوژمنێکی خۆجێ ییش تێکەوتبوون: خاوەن ملکەکان.

## ڕاپەڕین لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان

بەشێکی زۆر لە ڕاپەڕیوەکانی بۆکان، خۆیان لە بنەڕەتدا گوندیی بوون یان کەس و کاریان لە گوندەکانی دەوروبەری شار دەژیان. هەروەها زوربەی دووکاندارەکان بژیوی خۆیان لە ڕێگەی سات وسەودا لەگەڵ گوندییەکانەوە دابین دەکرد. گوندییەکانیش بە هەمان ئازارەوە دەیانناڵاند کە خەڵکی بۆکان: چەوسانەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوات ئەو دیاردە هاوبەشە بوو کە هەردوو لایانی لێکگرێدەدا. خەباتی خەڵکی ناو شاری بۆکان گەلێك زوو باڵی کێشایە سەر گوندەکان.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت: گوندەکانی بەری ڕۆژئاوای بۆکان کە ملکی ئاغاواتی دێبوکری و خزمی ئاغاکانی بۆکان بوون، تاك و تەرا نەبێت بە دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی شارەوە نەهاتن و بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی وەرزێری لەو شوێنانەدا سەری نەگرت. ئاغاواتی دێبوکری خاوەنی شاری بۆکان و زۆرێك لە گوندەکانی ڕۆژئاوای شار بوون و دەرەتانی ئەوەیان بە ڕەعیەت نەدەدا لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی شاردا یەك بگرن هیچ، تەنانەت گرووپی گۆپاڵ بەدەستیان لێ پێك هێنابوون کە دژ بە ڕاپەڕیوانی شار کەڵکیان لێ وەردەگرتن. لەکاتێکدا بەری ڕۆژهەڵاتی شار، واتە بەشی ناسراو بە فەیزوڵڵابەگی[١٨٦] نەك هەر بە گەرم وگوڕی پێشوازییان لە ڕاپەڕینی خەڵکی شار کرد، بەڵکوو بە هۆی پێداگری لە سەر مافەکانیان و داواکاریی گەلێك ڕادیکاڵتر لەوان و لە گوندنشینەکانی دیکەی ناوچە و تەنانەت ئێران، بوون بە پێشەنگی خەبات لە پێناو دابەشکردنی زەویی ئاغاکان بە سەر ڕەشایی و جووت بەندەدا. ئەوە تەنانەت چەند هەنگاوێکیش پێشتر بوو لە داواکاریی خەڵکی شار و حزبە سیاسییەکان بە حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی توودەی ئێران و جبهەی میللییەوە.

هەوڵدان لە پێناو دۆزینەوەی هۆکاری ئەو جیاوازییەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لەگەڵ ناوچەی دێبوکریو ناوچەکانی دیکەی شارەکانی دەوروبەر، ئەرکێکی گرنگە. بە بۆچوونی

---

١٨٦ . شوێنایەتی ئەو ناوچەیە لە باری جوغرافیاییەوە بریتییە لە چۆمی جەغەتوو لە ڕۆژهەڵات، شاری بۆکان لە بەری ڕۆژئاوا، گوندەکانی نزیك شاری سەقز لە باشوور و گوندەکانی نزیك شاری میاندواو لە باکوور. ناوەندی سەرەکی ڕاپەڕینیش لە گوندی یەکشەوە، ئاڵبلاغ، بەردەزەرد، جامەرد، تیکانتەپە و گوندەکانی دەوروبەریان بوو.

من، لەوێدا پرۆسەیتێپەڕبوون لە قۆناغی ئابووری-کۆمەڵایەتی سەردەمی عەشیرەتییەوە بۆ قۆناغی فیئۆدالی، کە لە دووهەمیاندا چەوسانەوەی وەرزێر لە لایەن خاوەن ملکەوە زەق و بەرچاوە، لەمێژ بوو کۆتایی پێهاتبوو و پەیوەندی خوێنی لە نێوان سەرۆك عەشیرە و ئەندامانی عەشیرەتەکە، نەمابوو لەبەر ئەوەی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی تەنیا بریتی بوو لە ئاغاکان و ڕەعیەت بەشێك لەو فۆرماسیۆنە نەبوو. هەروەها بەشێك لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی خەڵکانی شارنشین و ڕووناکبیر و نووسەر و هونەرمەند

بوون و تەنانەت یەکیان هەر خۆی زەوییەکانی بە سەر گوندنشینەکاندا دابەش کردبوو. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەو ڕاستییە بوو کە هەندێك لە ئاغاکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی ئێران کەوتبوونە دژایەتییەوە لەبەر ئەوەی تەنیا ٦ ساڵێك پێشتر واتە دوای هەرەسی کۆماری کوردستان، حەوت کەسیانی لە سەقز و بۆکان ئیعدام کردبوو، ئەو شتە لە ناو ئاغاکانی دێبوکری ڕووی نەدابوو و بە پێچەوانە، ببوونە پێشەنگی سۆپای ئێران لە گرتنەوەی شاری بۆکان و مەهابادی سەردەمی هەرەسی کۆماری کوردستاندا.[187]

ئەو خاڵانە بە سەریەکەوە، ناوچەی فەیزوڵڵابەگیان کردبووە شوێنێك کە گەلێك لە ناوچەی دێبوکریجیاواز بوو.[188] لە لای دێبوکرییەکان و لە ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد و سەردەشت و سەقز، جووڵانەوەیەکیئەوتۆ بوونی نەبوو، یان ئەگەر بوو، هەمەگیر نەبوو. لە گوندەکانی فەیزوڵڵابەگیدا، ئاغاوەت ڕاونران،ماڵ و زەوییان لێ زەوت کرا، هەندێکیان موحاکەمەی شۆڕشگێڕانە کران تەنانەت لە گوندی بەردەزەرد پەنجەرەی ماڵیشیان دەرهێنرا. هێزی ئەرتەش بە فەرماندەیی سەرهەنگ موزەففەر زەنگەنە ڕاست هێرشی کردە سەر گوندی یەکشەوە و ئاڵبلاغ، ژمارەیەك لە ڕاپەڕیوانیگرت و کۆمەڵانی خەڵکی هەر ئەوێش بوو کە بە دەستی بەتاڵ بەرەنگاری هێزی ئەرتەش بوونەوە؛تەنیا لەوێش بوو کە ژنان بەشداریی ڕاپەڕینەکەیان کرد و بە بەرد و دار و تەپاڵە، بە گژ چەکداریئەرتەشی هێرشکاریی شادا چوونەوە.

---

[187] . هەژار، عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی، **چێشتی مجێور**. چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ٨٣ - ٨٨

[188] لە ساڵی ١٣٥٨ و ٥٩شدا (١٩٨٠ی زایینی) کە ڕێکخراوی فیدائیانی خەلقی ئێران لە ناوچەی بۆکان بانگەوازی دابەشکردنی زەویی گوندەکانی دا، مێژوو دووپات بووەوە: تاقە شوێنێك کە بە دەنگی بانگەوازەکەوە هات، هەمان ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوو کە نەریتێکی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو. گوندنشینانی چەند گوند، بۆ نموونە گوندی "حەسار"، کە ملکی یەك لە بنەماڵەکانی ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی بوو، زەوییەکانی ئاغایان بە سەر خۆیاندا دابەش کرد و حاسڵیشیان هەڵگرت. "کومیتەی وەرزێریی" ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ هاوکاری وەرزێرانیان دەکرد و منیش لە ڕێگەی هەڤاڵانمەوە ئاگاداری کارەکان بووم.

## ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینەکان لە بیرەوەریی خەباتکارانی کورددا

پڕیشکەی ئاگری ڕاپەڕین لە ناوچەی فەیزوڵلابەگییەوە گەیشتە هەندێك شوێنی دیکەی ناوچەکە واتە ناوچەی موکریان. مامۆستای نەمر هێمن باس لە "جووتیارەکانی کوردستانی ئێران" دەکات کە لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین"[١٨٩]. بەڵام نەمر مامۆستا کەریمی حیسامی،[١٩٠] بەڕێز مەلا عومەری عەسری[١٩١] و نەمر مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور،[١٩٢] ڕاپەڕینەکەیان بە دیاردەیەکی "موکریانی" ناو بردووە.[١٩٣] لە لایەکی ترەوە، نەمر مامە غەنی بلووریان لە دوو بەرگ بیرەوەری خۆی کە بەرهەمی وتووێژیەتی لەگەڵ کاك حامید گەوهەری و کاك برایم فەڕشین، تەنیا دیاردە بە "ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان"[١٩٤] و "جووڵانەوەی جووتیارانی ناوچەی بۆکان و خەباتی جەماوەری شاری بۆکان"[١٩٥] دەکات.

موکریان جوغرافیایەکی بەرینە لە شنۆ و نەغەدە و پیرانشارەوە تا میاندواو و ساینقەڵا و سەقز و بانە درێژەی هەیە و ناوچەی فەیزوڵلابەگی نێوان بۆکان و سەقزیش بەشێك لە موکریانە. دیارە لەجوغرافیای تاریخیدا ئەو ناوچەیە گەورەتر یان بچووکتر بۆتەوە و لە هەندێك قۆناغدا تەنانەت مەراغەش بەشێك بووە لە موکریان. دیارە ئەو دابەش کردنە موتڵەق نییە، بۆ نموونە، لە نەخشەیەکداکە کاك سولەیمان چووکەڵی ئامادەی کردووە ناوچەی بانە و بەشێك لە سەقز لە دەرەوەی موکریان دانراون[١٩٦] لە کاتێکدا مامۆستا حەبیبوڵلا تابانی ناوچەی بانەی هێناوەتە ناو موکریانەوە بەڵام نەغەدە و میاندواوی بە بەشێك لە موکریان نەزانیوە.[١٩٧]

---

[١٨٩] . هێمن، سید محمدامین شیخ السلامی. ***تاریك و ڕوون.*** بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣، سەرەتا، ٣٨.

[١٩٠] . کەریم حیسامی، ***لە بیرەوەرییەکانم***، بەرگی١، ٢٠٦ - ٢١٨

[١٩١] . مەلا عومەری عەسری. ***گۆڤاری گزینگ،*** ژ ٣٧، ٣٤- ٣٦

[١٩٢] . ئەمیر حەسەنپوور. ***گۆڤاری دەروازە،*** پێشتر ***و زیاد لە ١٢ نامە و ١٠ ئیمەیلێك*** *کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مندا ئاڵ وگۆڕی کردووە.*

[١٩٣] دیارە وتارەکەی کاك ئەمیر، خۆی گوتەنی، تەنیا "گوزارش"ێك بووە بۆ ناساندنی کارە سەرەکییەکەی خۆی لە سەر هەمان بابەت، کە تا ئێستا چاپ نەکراوە و هیوادارم بە زوویی چاوی هەموومانی پێ ڕووناك بێتەوە.

[١٩٤] . ***ئاڵە کۆك،*** پێشتر، ***١١٩- ١٢٤***

[١٩٥] **سەدەی کارەسات، *٩٧- ١٠٦***

[١٩٦] بڕوانە "نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافیکی موکریانی کوردستان".

[١٩٧] بڕوانە "بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونە کردستان مکری" (١٣٣٨). جێگەی سەرنجە کتێبەکە وەك پایان نامەی زانکۆی نووسەر بۆ زانستگەی تەورێز نووسرا و لە تەورێزیش چاپ کرا. دوور نییە ئەو هەڵاواردنە ئاکامی گوشاری ئەوان بووبێت.

هەرچۆنێك بێت، من دڵنیام ئەگەر مۆتەكەی كۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی وڵاتە ڕۆژئاواییەكان و دارەدەستە گوێ لەمستە ناوخۆیی و خۆجێییەكانیان وا زوو سواری سەری ڕاپەڕینەكانی بۆكان وفەیزوڵڵابەگی نەبوایە و پێش ئەوەی هاوزنجیرەكانیان لە موكریان و ناوچەكانی دەوروبەر بەرەوپیری خەباتێكی هاوبەش بێن، تێكیان نەشكاندایە، ڕاپەڕینەكە نەك هەر پەرەی دەسەند و دەبووبە موكریانی، بەڵكوو بە ماوەیەكی كەم سەرانسەری كوردستان و تەنانەت ئازەربایجانیشی دەتەنیەوە. بەڵام بە داخەوە لە ماوەی كورتی تەمەنی ڕاپەڕینەكەدا، ئەو شتە ڕووی نەدا و ڕاپەڕین لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و هەندێك گوندی بەربڵاوی دیكەی موكریاندا قەتیس مایەوە.

**جیاوازیی بۆچوونەكان**

من بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕووداوەكانی ئەو ڕاپەڕینە هەر لە ساڵانی سەرەتای ١٩٩٠ بەدواوە پەیوەندیم بە هەندێك كەسەوە گرت كە یەكیان نەمر كاك ئەمیر بوو. مامۆستا ئەمیر، بەگوێرەی نەریتی خۆی بۆ یارمەتیدانی بێدرێغی خەڵك، گەلێك یارمەتی منیشی دا و ڕێنومایی كردم. پەیوەندییەكان سەرەتا بە نامە بوون و دواتر بە ئیمەیل. لە ناو نامەكانی ئەو ساڵانەدا یەكیانم هەڵبژاردووە كە لێرەدا كۆپی دەكەم و دەیخەمە بەر چاو.

ئەو، كە هەندێك بەڵگەی لەسەر ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەكە، بۆ نموونە، شاماتی نێوان میاندواو و مەهاباد كۆكردبووەوە، لە سەر ئەوە سوور بوو كە ڕاپەڕینەكە دیاردەیەكی موكریانی بووە.، بەڵام كەسێكی وەك من كە پەیوەندی ڕاپەڕینی گوندەكانی لەگەڵ شاری بۆكان بە كردەوە بینیبوو و قارەمانانی وەك عەلی میرەبەگ و میرزا ڕەئووفی خەیاتی ناسیبوو، كە وەك پێشڕەوانی خەباتی ناوشاری بۆكان لە پەیوەندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیشدابوون، بۆم ئەستەم بوو باوەڕ بكەم كەسانێك بە هەڵە، یان بە حیسابی كەم دیققەتی، ئەو ڕاپەڕینە بە 'موكریانی' ناوببەن.

دیارە من كە ئەم دێڕانە دەنووسم ئاگاداری ئەوەش هەم كە وەرزێرانی كوردی هەندێك شوێنی وەك شامات و مەحاڵی نێوان میاندواو و مەهابادیش لەو سەروحەدەدا ڕاپەڕین و نەمر كاك ئەمیر بیرەوەریی چەندكەس لەوانی تۆمار كردووە، بەڵام لام وایە ئەوانیش درێژەی ڕاپەڕینەكەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوون- ناوچەیەك كە گوندەكانی لە میاندواوەوە دوور نین؛ هەربۆیە، ئێستاش هەر ناتوانم ڕاپەڕینەكە بە دیاردەیەكی "پان موكریانی" بناسم. بە بۆچوونی من ناسناوی 'موكریانی' دان بە ڕووداوێك كە لە چوارچێوەی بۆكان و گوندەكانی

بەری ڕۆژهەڵاتیدا قەتیس مایەوە و هەر لەو مەودایەشدا سەرکوت کرا، قەلب کردنی مێژوو، دەمارگیریی ناوچەیی و لە ئەنجامدا چەواشەکاری نەبێت هیچ نییە!

من لە بەهاری ساڵی ٢٠١٦ دا ئەو بۆچوونەی سەرەوەم بە پاراستنی ڕێز و حورمەتی کاک ئەمیرەوە، پێ ڕاگەیاند و گەورەیی ڕۆحی ئەو لەوەدا دەرکەوت کە بەو قسە توندەی من نەشڵەژا، لێم تووڕە نەبوو و تەنیا لەوەڵامدا بۆی نووسیم کە،

*"ڕەنگە پێویست نەبێ ئەوەی بڵێم کە ئەمن خۆم لە تەعەسوبی ناوچەگەری دەپارێزم و پێم وایە لە مێژە توانیومە تەواو خۆمی لێ ڕزگار بکەم. هیچ شتێك لەو دنیایەدا نییە کە پێم بسەلمێنێ یان بەرەو ئەو باوەڕەم بەرێ کە ناوچەی **X** یان وەرزیرەکانی لە ناوچەی فەیزوڵابەگی و وەرزێرەکانی باشترن."*[198]

من دەست بەجێ لە وەڵامدا بۆم نووسییەوە:

*"سپاسی زۆر کاك ئەمیر گیان. منیش دڵنیاتان دەکەم تەعەسسوبی ناوچەگەریم کەم تا زۆر نییە و ئەوەی لەسەر بۆکان دەینووسم لەبەر ئەوەیە شارەزای ناوچەکەم و بۆ نموونە، شارەزاییم لە سەقز یان میاندواو و مەهاباد و شارەکانی دیکە نییە. من کە دەڵێم فەیزوڵلابەگی، لەبەر ئەوەیە ڕاپەڕینی ئەوێ پشت ئەستوور بوو بە ڕاپەڕینی خەڵکی شاری بۆکان و ئەو تایبەتمەندییەی لە بۆکاندا بوو و شارەکەی کردبووە کانگەی خەبات دژ بە ئاغاکان، بۆ نموونە خاوەن مڵك بوونی ئاغا لە شار، لە شوێنی دیکەی وەك مەهاباد و سەقزدا نەبوو. ئەو دوو ڕاپەڕینە لە پەیوەندێکی ئۆرگانیکدا بوون و لێك جیا ناکرێنەوە، ئەوەش لە شوێنەکانی دیکەی وەك شامات و گەورکایەتیدا نەبوو باوەکوو لەوانەشدا ئاگری خەبات بڵێسەی سەند و بەداخەوە سەرکوت کرا. موزەففەریش بە هەڵکەوت نەبوو خۆی و هێزی ئەرتەش چوون بۆ ناوچەی فەیزوڵلابەگی؛ هەروەها هێرشی ژنان بۆ سەر ماشێنەکەی و بە بەرد و تەپاڵە پێدادانی، ئەوە نەبوو کە لە شوێنەکانی تر ڕوویاندابێت. دیارە من ڕێزی زۆرم بۆ بۆچوون و ئەزموونی جەنابتان هەیە بەڵام ئێستاش بەهەڵەیەکی گەورە و چەواشەکردنی خوێنەری دەزانم ئەگەر ڕاپەڕینەکە بە ڕاپەڕینی هەموو موکریان بێتە ناساندن. دەشزانم مافی تەواوی کاك ئەمیرە ئەگەر بە پێچەوانەی من بابەتەکە ببینێت".*[199]

---

[198]. ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٥ی کاك ئەمیر بۆ من.

[199]. ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٥ ی من بۆ کاك ئەمیر.

دوای ئەو وتووێژەش، چەندجار ئیمەیلمان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە بێ ئەوەی نیشانەیەك لە دڵگیری بە سەر نووسینەکانی کاك ئەمیرەوە دیار بێت، تەنیا نووسیبووی لە سەر قسەی خۆی سوورە و داکۆکی لە هەڵوێستی خۆی دەکات. لە وەڵامدا بۆم نووسی:

*"هیوادارم لە بۆچوونەکانی من دڵگیر نەبووبێتن. من شتەکان وا دەبینم بەڵام دیارە مافی مامۆستایی و پسپۆڕایەتیش بۆ کاك ئەمیر دەپارێزم"*[٢٠٠]

یەك ڕۆژ دواتر، ئیمەیلی کاك ئەمیرم گەیشتە دەست کە نووسیبووی:

*"ئەمن بە راستی دەڵێم رەخنەم زۆر پێ خۆشە، بە بێ رەخنە گرتن راستی باش دەرناکەوێ. پێویستە زانیاری باش و تیۆری باش و رەخنەی بێ وچانمان هەبی، و باشترە "رەخنەی بێ بەزەییانە" هەبی (ruthless criticism یەعنی ئەوەی کە نیگەرانی سەرەنجامەکەی نەبێ و نیگەرانی وەی نەبی کە دەسەڵاتداران پێیان ناخۆش دەبێ)."*[٢٠١] لە ئەنجامی ئەو پلیمیکە دۆستانەیە لەگەڵ کاك ئەمیردا، من گەیشتمە ئەم ئەنجامەی خوارەوە سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە:

هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵلابەگی، یان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوان، لە هەندێك شوێنی دیکەی موکریان و تەنانەت شاری سنەشدا، گوندنشینانی ژێر ستەمی فێئۆداڵەکان لە خاوەن موڵکی خۆیان راپەڕیون و هەر ئەوەش وایکردووە کاك ئەمیر یان کەسانیتر ڕووداوەکە بە موکریانی ناوببەن. باوەکوو ئێستاش لەسەر ئەوە سوورم کە ناوەند و کانوونی خەبات شاری بۆکان بوو و گوندنشینەکان چ لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی و چ لە گوندەکانیتر، لە درێژەی خەباتی ئەواندا، لە ملهوڕان ڕاپەڕین. جا بەو تەعبیرە، هەرچەند کەم دیقەت و ناتەواویش بێت، سیفەتی موکریانی یان کوردستانی دان بە ڕاپەڕینەکە، بۆ کەسانێك کە لە دەرەوەی بۆکان سەیری مەسەلەکە دەکەن، بە هەڵە نازانم.

ئەو ئاڵوگۆڕی بۆچوونەم وەك نموونەیەك هێنایەوە کە بڵێم ئەو ڕۆحە گەورەیە بەو هەموو زانیاری و پسپۆڕایەتییەوە کە بووی، چۆن لەگەڵ تازەکارێکی وەك مندا بە نەرم و نیانی دوا و تەنانەت ئەگەر لاقیشم لە بەڕەی خۆم درێژتر دەکرد و ڕەخنەی توندم لێدەگرت، لێم تووڕە نەدەبوو هیچ، بەڵکوو خەجاڵەتی دەکردمەوە و بە میهرەبانی لەگەڵم قسەی دەکرد. کێ دەتوانێ کاك ئەمیر بێت؟ مەنتیقی سالم بە بێ ئەخلاقی سالم و ڕێبازی زانستی، ئەستەمە هەبێت.

---

[٢٠٠] . ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٧ ی من بۆ کاك ئەمیر.

[٢٠١] . ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٨ ی کاك ئەمیر بۆ من.

با سینگ فرەوانیی و ڕێزگرتن لە بۆچوونی دژبەرانمان لە مامۆستا ئەمیر فێر بین. با وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە ئێمە لە جیهانی نیسبییەتدا دەژین و بۆمان نییە دۆگم و موتڵەق بینیی سەدەکانی کۆن بهێنینە ئەمڕۆ و زیندووی بکەینەوە.

بۆ ناسینی ڕاستەوخۆی هەڵوێست و بۆچوونی زانستیانەی کاك ئەمیر لە خوارەوەدا کۆپیی دوو لاپەڕە لە نامەی ڕۆژی ١٩٩٥/٤/٢٨ی بڵاو دەکەمەوە کە هەر لە پەیوەندی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەدا بۆی ناردبووم.

یادی مامۆستای کەم وێنە- دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، زیندوو بمێنێت!

## <u>سەرچاوەکان:</u>


- بلووریان، غەنی. *ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم.* کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری. ستۆکهۆلم، ١٩٩٧.
- بلووریان، غەنی. *سەدەی کارەسات- مێژووی زیندوو*، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان. ئامادە کردنی برایم فەڕشی. سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٨.
- بهنود، مسعود. *از سید ضیاء تا بختیار-دولتهای ایران از اسفند ١٢٩٩ تا بهمن ١٣٥٧.* چاپ سوم. تهران: انتشارات جاویدان، ١٣٦٩.
- تابانی، حبیب الله. *بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونه کردستان مکری.* چاپ دوم. انتشارات سیدیان، ١٣٣٨، ص٥٣.
- چووکەڵی، سولەیمان. (ساڵ ؟). *نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافیکی موکریانی کوردستان.* بە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی.
- حیسامی، کەریم، *لە بیرەوەرییەکانم*، بەرگی یەکەم، وەشانێن ژینا نوێ، ئۆپسالا، سوئێد، ١٩٨٦.
- عەسری، مەلا عومەر. *گۆڤاری گزینگ*، ژمارە ٣٧.
- محەممەدیان، ڕەحمان. *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا- کۆی ٨١ بەڵگەنامە.* بەرگی یەکەم. تاران، کۆڵەپشتی، ١٣٨٩.
- هەژار، عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی. چێشتی مجێور. چاپی یەکەم. پاریس، ١٩٩٧.
- هێمن، سید محمدامین شیخ السلامی. *تاریك و ڕوون.* بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣.


ئەم وتارە لە گۆڤاری دەروازە (ژمارە ٢، ساڵی ٢٠١٨) دا بڵاوبووە.

١٩٩٥/٤/٢٨

کاک ئەنوەری خۆشەویست

دوای سڵاوێکی گەرم وگوڕ، دوا نامەت کە ١٩٩٥/١/٢ بوو کە باسی ناساندنی دەستنووسەکانی کتێبخانەی بریتانیات کردبوو لەگەڵ پرسیارێک سەبارەت بە کوردی و هەورامی (گۆرانی). ئەمن هەر ئەو وەختە وەڵامی ئەو نامەیەم دا و هیوادارم ئێستە گەیشتبێتە دەستت. ئێستەش سەبارەت بە باسی راپەڕینی وەرزێرانی ٣٢-١٣٣١ و دەستنووسەکانی مێژووی موکریانی کە لە نامەی ٩٤/١٥/٦ دا نووسیبووت و ئەو وەختە دەرفەتی وەڵام دانەوەم نەبوو ئەو چەند دێڕەت بۆ دەنووسم:

سەبارەت بە راپەڕینی جووتیاران لە پێشدا هێندێ وتارێکی کە لە ساڵی ١٩٨٩ بەولاوە ئامادەم کردوو لە کۆنفەرانسێک پێشکێشم کرد بۆت ناردبووی. ئەگەر ئەو نووسراوە بخوێنیەوە تا رادەیەک بۆت دەردەکەوێ چیم کردووە و چۆنی بۆ چووم. بەڵام ئەو نووسراوە زۆر کۆنە و لەو دەمێوە تائێستا شتی زۆرم کۆکردۆتەوە کە بە کورتی ئەوانەن:

١- وتووێژ:

هەرکەسێ ببینم وخەڵکی ناوچە بێ و ساڵی ١٣٣١/١٣٣٢ ی لە بیر بێ پرسیاری لێ دەکەم، بەشێک لەو وتووێژانەی بە شریت تۆمار کراون:

١- مەلا عومەری عەبدی (٢ جار) ٢- مامۆستا شێخ جەلالەدین
٣- مەلا رەحیمی عەباسی ٤- دوو ئاغا
٥- کاک جەلیلی گادانی ٦- کاک محەمەدەمینی (ئێستە لە سالالای نوسیوە)
٧- کاک سەلاحی موهتەدی

٢- ئارشیو

نزیکەی ٥٠ لاپەرە راپۆرتی کونسوڵی ئەمریکا لە تەورێز

٣- رۆژنامەکان

بەداخەوە تائێستە شتێکی وام دەست نەکەوتووە. یەک دوو ژمارەی رۆژنامەی اطلاعات ی رۆژنامەکانی تاران یان ئەو رۆژنامانەی لە سنە دەردەچوو (راپەڕینەکە تەنیا لە موکریان نەبوو - لە زۆر جێی کوردستانی ئێران جووتیاران دەنگیان هەڵبڕیبوو).

٤- شتی تر

- کورتە نووسراوەی کاک حەمەی (بەرەقای تاریک و روون)
- نووسراوەی رۆژنامەی کوردستان (١٣٥٢ - بیرەوەری بیست ساڵەی راپەڕین)
- نووسراوەکانی کاک کەریمی حیسامی

ئەو شتانەی نووسیومن یەکجار گرینگن و بەکەڵکن. هیوادارم وەختە وەختی و عەلاقەی دەت هەبێ لەو لێکۆڵینەوەدا یارمەتیم بدەی و لە تۆمارکردنی بیرەوەری و زانیاری بەهەرەوە ها لە لێکدانەوەدا هاوکاریم لەگەڵ بکەی. ئەزموونی ساڵانی ١٣٥٧-١٣٥٠ ش یەکجار گرینگە و دەبێ تۆمار بکرێ. ئەوەی کە سەبارەت بە شۆڕشگێڕتر بوونی جووتیارانی ناوچەی فەیزوڵابەگی لە جووتیارانی رۆژئاوای بۆکان (ملکی شیلی ئازادەکان) نووسیوتە باسێکی گرینگە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە هەیە. هەروەک لەبەرەوەوە پێشکەشم کرد نووسراوەکەی ١٩٨٩ ی من زۆر کاڵ و کرچ و سەرەتاییە. کە باسی جووتیارانی موکریان (دەکا) ناوچەی فەیزوڵابەگیش هەر بەشێک لە موکریان حیساب دەکەم. هەروەها لە سەرووبەشیش هەرەکەتێکی گرینگ هەبوو. لەوێش فەیضی الدین بەگی دا لە هاوینی ١٣٣١ لە گوندەکانی سنە شەڕی دژی ئاغاکان دەستی پێکردبوو. بەڵام ئەو باسە زۆر گرینگە بکرێ: بۆچی لە بەرەی ناوچەیەک فەزایەکی توندوتیژتر بوو و لە بەرەی چەند ناوچەیەک نوێتر ئەهوەنتر بوو یان هەر نەبوو؟

١- سەبارەت بەو سەرچاوانەی کە لە نووسراوەکەدا کەڵکم لێ وەرگرتوە قسەکانت راستە. مامۆستا هێمن و کاک سەلاح هەروەک نووسیوتە: "هەردووکیان ئاغان یا خود ئاغا بوون". بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەیێکی زانستکارانە پێویستە

بیرەوەری و هەڵوێستی هەموو لایەنێک تۆمار بکرێ و لێک بدرێتەوە ـ دیارە بەو شێوەیەی کە وەک خۆت روونت کردۆتەوە (پێکهاتەی چینایەتی و ئیدەئۆلۆژی هەر کامیان روون بکرێتەوە و بزانین هەر کەسەی لە چ روانگەیێک چاو لە رووداوەکان دەکا. بۆ وێنە ئەمن لە یەکێک لە ئاغاییەکانی نزیک سەقزم بیست کە دەیگێڕاوە جووتیارەکان بۆ مادەی شەشی مالکی نەیان هێشتوە هیچ کام لە ئاغاکان لە گوند وەدەر بکەون. ئەوە ئاکتێکی گرینگە کە ئاغایێک باسی دەکا. برایم لە ولات بانێ و جوانیلە ئەوەی گێڕایەوە و لەگەڵ هەڵکی ئەوێش باسمان کردبا.

۲- کە لێکۆڵینەوەکەم لەوێرە پێدا وە متنێکی ئادەم نووسی دیارە دەبێ باسی ئاغاکانی فەیزوڵڵابەگی و ئیلخانی و مولکەکانیان و پێوەندیان بکەم و جوغرافیای مولکەکانیان و جوغرافیای شۆڕشەکە ساغ بکەمەوە. هەروەها بنەڕەتی مەلاکان وەدەوری شێخەکان (تائیستە هیچم سەبارەت بە مەوقعیی شێخەکان وەدەست نەکەوتوە).

۳ـ ئەوەی ماموستا هێمن سەبارەت بە دەوری حیزب نووسیویە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دیارە راپەرینەکە تا رادەیێکی زۆر خۆڕسکی بوە بەلام کە دەستی پێکرد حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات هەردووکیان هەوڵیان دا سواری بن. سەرباتی ئەوەی لە سالێکی کومیتە وکوبوونەوەی حیزبی دێموکرات بۆ یارمەتی دان بە شۆڕشەکە پێک هاتوو (قەی کاک جەلیل) یان لە سنووری حیزب یارمەتی دان (قەی کەریمی حیسامی)، و دیارە حیزب دەورێکی وای نەگێڕاوە

٤- حاجی قاسم و دیارە کوتویەتی ئەندامی "حیزبی ئیران" ە نەک "جبهەملی". حیزبی ئیران رابەرەکەی کەریمی سنجابی یە. هەروەها ئەوەندەی ئەمن بۆم ساغ بوەتەوە، حاجی قاسم پێش هێرشی ارتش ـ ژاندارمەری ئاغاکان بۆکانی بەجێ هێشتوە و هەلاتە مەهاباد و لەوێرا رۆیشتە ئەودیو. و دیارە رۆیشتنی وی دەورێکی گرینگی بوە لە تێکشکانی یان بێ پشتوپەنا بوونی وەرزێرەکاندا. حاجی قاسم ئێستە لە هەولێرە هەولم داوە ـ بەیەک دوو کەسم راسپاردوە ـ قسەی لەگەڵ بکەن بەلام تائیستە هیچم دەست نەکەوتوە. عەبدوڵڵا ئێزدپەنایش کە لە فەقێیەوە چوو. ئەودانەی کە مادی و نادری چەند کەسێکیان نووسیوە زۆر پێویستە دەستوویان لەگەڵ بکرێ.

ئەو باسەی سەبارەت بە خەباتەکانی ئاوشگرد فەیاتەکانی بۆکان و دەوریان لە راپەرین دا نووسیوتە زۆر گرینگە. لە کوردستانی دەورەی فیئۆدالی و سەرەبەندی پەیدا بوونی سەرمایەداریشدا هەروا بوە؛ ئاژاوەگێڕانەکان و دووکاندارە قەسەبەکان هاوڕێی و هاوکاری ڕێبەری بزووتنەوەی جووتیاران بوون. بەداخەوە مێژووی کۆمەڵایەتی بۆکان یان هیچ شارێکی دیکەمان نیە کە کەسێکی لێ دەربگرێ. بەلام سالی ۱۳۳۲ هێشتا زۆر کۆن نەبوە و ئەمنیش وەکوو تۆ ۱۰ سالم تەمەن بوو و دەکرێ بە وت‌وێژی زۆر کەلێن و کەلەبەران دیکە بکەینەوە. دەبێ بزانین لە بۆکانی سالی ۱۳۳۲ چەند کاسبکار هەبوون، چ چەشنە دووکان و چەند ئاسنگەر و... شتی وا هەبوون، چەند مال هەبوون؟ چەند مالە ئاغای لێ بوو؟ کام ئاغاکان؟ و هەزار پرسیاری دیکە

ئەمن پێوی زۆر لەو کەسانەی کە بۆکان و یارمەتی جووتیارەکانیان دەدا لە مەلا عومەر و کاک [illegible] وەبێ ئەوانە بلێمە سەرکاغەز و بزانم کەی وکەسریان چیە.

لە بابەت سەرچاوە نووسراوەکاندا، هەروەک عەرزم کردی رۆژنامەکانی حیزبی تودەم هێشتا وەدەست نەکەوتوە. ئەگەر رۆژنامەی حیزبی پێشەوایش وەدەست بکەوێ دەنگە شتی زۆر تێدابێ. بەلام کتێبی چهل سال پیکار خستگی ناپذیر در راه سازماندهی و رهایی دهقانان ایران (انتشارات حزب توده ایران، ۱۳۵۹، ۱۵۲ صفحه) هەر باسی ئەو راپەرینە ناکا. عەلی کەلاوێژیش پێم وابێ ئاگاداری چاپ کردنی هەر ئەوانەن کە بە تورکی لە باکۆیە بلاو کراونەتەوە. بیبلیوگرافی ئەو نووسراوانەم هەیە بەلام هیچ کامیانم وەدەست نەکەوتوە. نووسراوەیەکی بە فارسی بلاو بوەتەوە کە تائیستە نەم توانیوە پەیدای بکەم:

علی کلاوێژ، «مبارزات ارضی در کردستان (ژوردوشی [illegible])»، انتشارات روز به، ۱۳۶۱

ئەگەر هەیە یان دەیگرێ دەکرێ زۆر ممنوونت دەبم فوتوکپییەکم بۆ بنێری.

را دیارە کتێبێک سەبارەت بە فەیزوڵڵابەگیان بلاو بوەتەوە کە هێشتا وەدەستم نەکەوتوە.

# وەفایەک بۆ کاک جەلیلی خۆشەویست

ناو و بانگەوازی کاك جەلیلم یەکەمجار کاتێ ژنەفت کە لە زیندانی شادا بوو و دەگوترا بە هۆی ئازایەتی و کۆڵنەدەرییەوە لەگەڵ نەمران عەزیزی یۆسفی و مامەغەنی بلووریان و حوسەینی فرۆهەر لە زیندانی قەسری تارانەوە دووریان خستوونەتەوە و ناردوویاننە زیندانی 'بورازجان' لە باشووری ئێران، کە گەرمای ٤٠-٥٠ پلەیی هیچ، تەنانەت ئاوی خواردنەوەی ئاساییشی لێ دەست نەدەکەوت؛ بەڵام ئەوان هەموو، ئەو مەنفا-زیندانەیەیان بە سەربەرزییەوە تێپەڕاند و ملیان بۆ ڕوکنی دوو و ساواکی شا دانەنواند. کتێبێکیشم بینی کە لە زینداندا لە فەرەنسییەوە تەرجەمەی کردبووە سەر فارسی وەك تاقە زمانی مۆڵەت پێدراوی ئێران.

درەنگتر، دوای ئازادبوونی لە زیندان، بەختی ئەوەم پەیدا کرد لە تاران چاوم پێی بکەوێت و هاتوچۆی ماڵیشیان بکەم. لە ساڵانی کۆتایی ڕژیمی شادا، کە زیندانییە سیاسییەکان یەك یەك ئازاد دەکران، جارێکیش بۆ بەخێرهێنانەوەی کاك عەزیزی یۆسفی، کە لە زیندان ئازاد کرابوو و لە ماڵی ئەو دابەزیبوو، هاوڕێ لەگەڵ دوو برادەری خۆشەویستم چوومە خزمەت هەردوولایان.

ساڵی ١٩٧٦ بوو، کە من خۆم لە زیندانی ئێڤینی تاران ئازاد کرام. بەپێی یاسای ئەودەم، کەسانێك کە بە قەراری دادگا حوکم درابێتن و کەوتبنە زیندانەوە، دوای ئازادبوون نەیاندەتوانی ئیش و کاری دەوڵەتی وەربگرن، منیش نەکرا بچمەوە سەر کاری مامۆستاییەکەم و چوومەوە بۆکان. چەند مانگێك بێکار بووم و لە دووکانی کاکمدا لەبەر دەستی ئەو کارم دەکرد، کە زۆریش لەگەڵم میهرەبان بوو و گەلێك خاتری دەگرتم. لە بۆکان ئیش و کارێکی سەربەخۆی وا دەست نەدەکەوت بەکەڵکی من بێت و شارەزای دووکانداری و کاری بازرگانیش نەبووم دەنا کەس وکارەکەم

هەموویان دووکاندار و بازرگان بوون. بیرم لەوە دەکردەوە بەڵکوو بچمە شارەکانی عەجەمستان و لەوێ لە شەریکەیەك، شوێنێك دابمەزرێم.

ڕۆژێکیان کاکم گوتی لێرە نەبووی، کاك حەسەنی ئەیپووبزادە (مامۆستا گۆرانی دواتر)، لە تارانەوە تەلەفونی کردووە و گوتوویەتی کاك جەلیلی گادانی دەڵێ با ئەنوەر بێتە تاران لای من، لێرە لە شەریکەی "انبارهای عمومی ایران" کە خۆم ئیشی تێدا دەکەم، دەتوانم دایبمەزرێنم. ئای، گوتم، چی لەوە چاتر! هەستام و چوومە تاران. کاك جەلیل پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و گوتی لە لقەکانی شەریکەکە لە ئابادان و تەورێز و جوڵفا کامیانت پێخۆشە، هەر ئێستا حوکمەکەیت بۆ بنووسم و بتنێرم، بەڵام لە تاران شوێنمان نییە، گوتم تەورێز باشە لە کوردستان نزیکترە. هەر ئەو ڕۆژە حوکمی دامەزرانی بۆ نووسیم و ڕەوانەی تەورێزی کردم.

شەریکەکە، گەلێك گەورە و زەبەلاح بوو، سەرمایەکەی ١٦ بانك و شەریکەیماڵیی پێکەوەیان نابوو و بە هەزاران کرێکار و عەمباردار و کادیری دیکەوە وەك کەرتی تایبەت، ئەرکی قۆنتەراتچی هەموو گومرکی ئێرانی بەڕێوەدەبرد. مودیرەکەی ناوی دوکتۆر بیهزادی، خەڵکی شاری ئاستارا و برای یەك لە ڕێبەرانی حزبی توودەی ئێران بوو، هەر بۆیەش بە گشتی هەندێك جار چاویان لە هەڵوێستی سیاسیی فەرمانبەرەکان دەقووچاند و بەسەر خۆیان نەدەهێنا کێ کێیە و چکارەیە، کاك جەلیلیش لە دەفتەری تارانیاندا ڕەئیسی 'کارگزینی' و بەرپرسی دامەزراندنی فەرمانبەر بوو.

هەرچۆنێك بێت، من ماوەی ٣ ساڵ زیاتر لەوێدا لەسەر ئیشەکە مامەوە و پلەم چووە سەرێ تا ئەوەی بووم بە مودیری ئیداریی لقی ئازەربایجان لە تەورێز و گەلێکم دەست دەڕۆیشت، مووچەیەکی باشیشم وەردەگرت. بەڵام هەر ئەوەندەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ ی گەلانی ئێران سەرکەوت و ڕژیمی پەهلەوی ڕووخا، حکوومەتی کاتیی موهەندیس بازرگان مۆڵەتی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی دا بگەڕێنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان. منیش دوو مانگێك دوای ڕاپەڕین چوومەوە سەر کاری مامۆستاییەکەم و دوای یەك ڕۆژ کارکردن لە تاران، داوام کرد بمنێرنەوە بۆکان. سەردەمی شۆڕش بوو و ئاڵۆزی کەتبووە کوردستانەوە. ڕژیمی نگریسی مەلاکان سەرەتا بە شەڕی سنە و ئیعدامەکانی خەڵخاڵی دەستی بە دژایەتی گەلەکەمان کرد و وردە وردە هەموو ناوچەکانی دیکەشی

لەشەڕ ئالاَند. شەڕ و ئیعدام و ویرانییەك كە تەنانەت ئیستا ٣٠ ساڵ دوای چوونەدەرەوەی حزبە چەكدارەكان لە ئێرانیش، هەر بەسەر گەلەكەماندا سەپاوە و دڵنیام تا ڕۆژێكیش كە كۆماری ئیسلامی لە دەسەلاَتدا بێت، هەر درێژەی پەیدا دەكات و پاسدار و ئیتلاعاتی ئەگەر ڕۆڵەی كورد بە ناوی پێشمەرگە و ئەندامی حزبی چەكدارەوە نەكووژن، هیچ نەبێ وەك كۆڵبەر دەیانكووژن و وەك 'زارا'ی مامۆستای زمانی كوردی لە زیندانیان توند دەكەن. ئیتر من لەو كارەی وا كاك جەلیل بە میهرەبانییەوە بۆی دۆزیبوومەوە و ژیانمی بە باشی پێ بەڕێوەدەبرا، هاتمە دەرەوە و بوومەوە مامۆستاكەی جاران! بەلاَم ڕێز و پێزانیم بۆ ئەو و دڵە میهرەبانەكەی تا ئەمڕۆ هەرماوە و تا كۆتایی تەمەنیشم هەر دەمێنێت.

هەروا هەفتەیەك پێش سەركەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩شدا، كاتێ كە ڕێكخراوەی 'چریكە فیدائیەكانی گەلی ئێران' لە زانستگەی تەورێز كۆنفەرانسێكی گەورەی بە ناوی "هفته همبستگی با خلق كرد" بەڕیوە دەبرد، لەگەڵ ڕێزدار دوكتۆر كەریمی سەلامی هەوڵی ئەوەمان دا خەڵكانێكی باش كۆبكەینەوە بۆ ئەوەی لە كۆنفەرانسەكەدا نوێنەرایەتی گەلی كورد بكەن و وتار بدەن. من چووم بۆ تاران و ڕاست چوومە ماڵی كاك جەلیل. دەست بەجێ بانگهێشتنەكەی لێ قەبووڵ كردم و هاتە تەورێز و تەنیا یەك ڕۆژ پێش سەركەوتنی ڕاپەڕینەكە، وتارێكی بەڕێ وجێ و كاریگەری لەسەر پێشینەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی كورد پێشكەش بە سەدان خوێندكاری ئازەربایجانی ناو هۆڵەكە كرد.[٢٠٢]

لە سالاَنی ژیانی كاك جەلیل لە باشووریش دووراودوور ئاگام لە كار و خەبات و هەڵوێستەكانی بوو و باوەكوو بۆ مەسەلەی كەرت بوونی حزبی دیموكرات و دوو جار جیابوونەوە لە بەژنی سەرەكیی حزب، لەگەڵیدا هاودەنگ نەبووم و ڕەخنەم لە ناوەرۆكی هەندێك لە بیرەوەری نووسینەكانیشی دەگرت، بەلاَم كاك جەلیل بە دڵئاوایییەوە جار وبارە هەر تەلەفونی بۆ دەكردم و تەنانەت نوسخەیەك لە كتێبی "با نەبێتە

---

[٢٠٢] . من خۆیشم دوو ڕۆژ پێشتر، وتاری كرانەوەی كۆنفەرانسەكەم سەبارەت بە گرنگایەتی هاوخەبات بوون لەگەڵ گەلی كورد و حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران پێشكەش كردبوو.

درۆی پاش مردوو"ی بە دیاری بۆ ناردم. دڵپاکی و گەورەیی ڕۆحی کاك جەلیل لەوانەش زیاتر و دەکرێ بگوترێ کەم وێنە بوو.

ڕێبازی نەتەوەیی کورد، کە ئەویش ڕێبوارێکی بە تاو وتینی بوو، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپ و بەرز و نزمێك، ڕۆژێك دەگاتە ئەنجامی خوازراوی گەل و "ئەوی ڕۆژی واڵا"، کە "شەنگەبێری دەشەکێنن ئاڵا"[٢٠٣]، ڕێز لە ناو و یادی مامۆستا جەلیلی گادانی و هەموو گیان بەختکردووانی ئەو ڕێبازە دەگیرێت.

هیوایە ئەو ڕۆژە دوور نەبێت!

٢٠٢٠/٨/٧

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوبۆتەوە.

---

[٢٠٣] . لە شیعرێکی کاک موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) وەرگیراوە.

# دنیای تەماوی و خەماویی حەسەن زیرەک

لە تورکی ئازەربایجانیدا مەتەڵێك هەیە دەڵێ: *"ئینەك خەلقی بەزەر، ئوێزی لووت گەزەر!"* واتە دەرزی، خەڵك بەجل و بەرگی دووروواو دەرازێنێتەوە بەڵام خۆی بە ڕووتی دەگەڕێت. زۆرکەس لەم جیهانەدا، دەرزین! بەتایبەت هونەرمەندی مۆسیقار و گۆرانی بێژ. ئەو مایکڵ جاکسنەی میوانی ماڵی خەڵکی هەموو جیهان بوو، جان لێنۆنی بیتڵ، سەید عەلی ئەسغەر وتایەر تەوفیق و محەممەد عارف ونەسرین شیروان و فەتتانەی وەلیدی و ماملێ و سەید محەممەدی سەفایی و عەلی خەندانی خۆمان، کە خەندەیان دەهێنایە سەرلێوی بیسەر و بینەر، نەك هەر خۆیان شاد نەبوون بەڵکوو تا قوولایی ئێسقان دەردەدار بوون، جا دەردی خەڵك یا دەردێکی تاکەکەسی و شەخسی. حەسەن زیرەك، بەپێچەوانەی ڕواڵەت و هەندێك ئاکار و کردەوەی و عارەق خواردن و لێرەولەوێ ژن هێنانی، لە ژیانی خۆیدا تا ئەوپەڕی ناشادی و دڵ کەیلی ڕۆیشتبوو. هیچ شتێك حەسەن زیرەکی خۆشحاڵ نەدەکرد. من لە دوو دەرفەتدا بینیبووم و دواندبووم. کەمتر کەسم دیوە پەردەیەکی وا ئەستووری خەفەت بەسەر دڵیەوە بێت و بەهیچ هێز وئیرادە و دەسەڵاتێك لانەچێت. سەیرێکی ئەم شیعرانە بکەن کە لە گۆرانییە شاد و بن بزۆکەکانی سەر شایی حەسەن زیرەك ڕاگوێزراون:

*"بۆچ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم*
*سەعاتێ لەدەست میحنەت ڕەها نیم"*
(گۆرانی سەوزەڵێ)

*"شل شل بمکوتن با بۆخۆم بمرم*
*خەم و میحنەت و دەرد تاکەی ڕابگرم؟"*
(جوانی لای بانە)

*"عالەم سووتا لەناڵەی من"*
(هەی نار، هەی نار)

*"یار خوداحافیز بەدڵێکی غەمگین"*
(باران بارانە)

*"وا ئێستا ڕەنج بەبادم"*
(هەی ئێران، خۆشە گەرمێن)

*"خوێناو دێ لەبرینم...*
*غەم خۆر و پڕ حەسرەتم"*
(غەمخۆری نازەنینم)

هەروا برۆ و سەدان نموونەی دیکە لەو خەمە قووڵ و بێ بنەی حەسەن زیرەك لەگۆرانییەکانیدا ببینەوە، ئینجا برۆ سۆراغی ژیانی پڕ چەرمەسەرێی و پێکیان بگرە، بزانە یەکیان دوو قامك لەویتریان کورتی دێنێت؟ بێگومان نا!

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوبۆتەوە.

# کۆڕی یادی نەمر حەسەن زیرەک لە تاران

هاوینی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجاو دوو بوو. من لە تاران دەژیام. خوالێخۆش بوو 'حەسەن حەڵەبی (دیاکۆ)'ش بە ژن و منداڵەوە لە تاران بوو. من هات وچۆیماڵیانم دەکرد و لە گەڵیدا گەلێك دۆست بووم. حەسەن هاوسەری 'زینەب خانم'ی کچی 'مینەزیرەك' براگەورەی حەسەن زیرەك بوو و دەبووە برازای ئەو.

لە گەڵ حەسەندا باسی ئەوەمان دەکرد رادیۆ وتەلەفیزیۆنی ئێران و بەتایبەت رادیۆی کوردی تاران(جێگری رادیۆ کرماشان)، دوای ئەو هەموو ساڵەی وا حەسەن زیرەك هاوکاریی کردن و پرۆگرامەکانی رازاندنەوە، چۆن بوو لە ماوەی نەخۆشی و لە خەستەخانە کەوتنیدا، سەرێکیان لێ هەڵنەهێنایەوە و تەنانەت بۆ ڕێ و ڕەسمی ناشتن و سەرەخۆشیەکەی کامێرایەکیان نەنارد فیلمێك هەڵبگرن. پاشان گوتمان ئەوە ئاکامی دۆستایەتی کردنی عەجەمە! و باشتر وایە خۆمان دەست بەکار بین

دوای هەندێ باس و خواس وامان بە باش زانی بە بۆنەی چلەی کۆچی دوایی حەسەن زیرەکەوە کۆبوونەوەیەك رێك بخەین و ئیعلانیش بڵاوبکەینەوە با کوردی دانیشتووی تاران بزانن و هەموو پێکەوە کۆڕێکی رێزگرتن لە کەسایەتی هونەریی ئەو هونەرمەندە مەزنە ببەستین.

هیچکاممان لە گەڵ ئەوەدا نەبووین کۆڕەکە لە مزگەوت ببەستین و بە دابی مردنی عادەتی، فاتیحەی بۆ بخوێنین و شریتی 'عبدالباسط' بڵاوبکەینەوە، حەسەن زیرەك و هونەرەکەی گەلێك لەو داب ورەسمانە دوور بوون، کراسێکی ئەوتۆ بە بەری هونەری زیرەك تەنگ دە بوو.

نیگەرانی گەورەمان ئەوە بوو ساواك و پۆلیس کۆبوونەوەیەکی کوردانەی وا، بەکردەوەیەکی سیاسی لە قەڵەم بدەن و سەر و گوێلاکیان پەیدا بێت. هەردوکمان لە خۆمان دەترساین. من ئەو دەم لە کوردستان شاربەدەر کرابووم و دوای 'مەنفا'ی ئەراك، ماوەیەك بوو هاتبوومە تاران، حەسەنیش هەر لە خۆی دەترسا. بۆ دور خستنەوەی شەڕی ساواك وامان بە باش زانی کۆڕەکە لە زانستگە و هۆڵی گەورەی ئەوتۆ نەبەستین و لە ماڵی کوردێکی خۆماندا بەرێوەی بەرین. ماڵی هیچکام لە ئێمە بە کەڵکی ئەوە نەدەهات. حەسەن لە گەڵ کاك حوسێنی

مەدەنی کە ئەودەم ماڵی لە شەقامی 'سەلسەبیل'ی تاران بوو، قسەی کرد و ئەویش ئیجازەی پێ داین کۆڕەکە لە ماڵی ئەو ببەسنین. کاك فەتاحی کاویان'یش لە قاتی سەرەوەی هەمان ماڵدا دەژیا وئەویش ئیجازەی دا ئەگەر خەڵکەکە زۆر بوو، بەشێك لە ڕێ و ڕەسمەکە بەرینە قاتی سەرەوە و ماڵی ئەوان. .

ئیعلانێکمان بە زمانی فارسی نووسی و رۆژو سات وشوێن وبۆنەی کۆڕەکەمان تێدا راگەیاند و بردمان بۆ چاپخانە. هەر چاپخانەیەك چووین گوتیان ناتوانین چاپی بکەین بە بێ ئیجازەی وەزارەتی اطلاعات. دەبوایە بمانبردایە بۆ وەزارەتی اطلاعات و نەك هەرنیگەرانی ئەوەبووین ئیجازەی چاپی پێ نەدەن، بەڵکوو دڵەتەپەپێی ئەوەشمان هەبووو بڵێن ئێوە کێن وئەم کارە بۆچی دەکەن؟

لێرەدا بوو کەوتینە بیری بەشی کوردی رادیۆ تاران کە ئەویش بەشێك بوو لە وەزارەتی اطلاعات و ئیدارەکەی لە گەڵ ئەودا لە یەك شوێن بوو. گوتمان هەر چۆنێك بێت، لەوێ هەندێ کوردی دڵسوزی لێ کۆبۆتەوە و دەکرێ هەم کارەکەمان بۆ راپەرێنن و هەم بەشداریی کۆڕەکە بکەن.

هەرواش بوو. پێکەوە چووین بۆ وەزارەتی اطلاعات و بەشی کوردی لە ژێرزەمینی بیناکەدا، لە بیرم نییە لە گەڵ کێدا قسەمان کرد بەڵام لە بیرمە سێ چوار کەسی لێ بوو، هەموویان بە پێشوازیی کارەکەوە هاتن و بەڵێنی بەشدارییان دا. یەکێ لەو برادەرانە گوتی ئیعلانەکەش بۆ مۆرکردن و ئیجازە مەبەن، من دەیبەم، هاسانتر و زووتر بۆتان تەواو دەکەم. ماڵی ئاوەدان بێت رۆیشت و دوای چەند دەقیقەیەك بە کاغەزی مۆرکراوەوە گەڕایەوە!

ئیعلانمان پێکەوە بەو ماڵانەدا وا دەمانناسین بڵاوکردەوە، بردمانە 'خوابگاه' واتە شوێنی حەوانەوەی خوێندکارە کوردەکانی زانستگەی تارانیش. مێزوکورسی وکەرەسەی چایی و میوەشمان بەکرێ گرت و خۆمان بۆ ئامادە کرد.

ژمارەیەك شریتی ئەم دواییانەی حەسەن زیرەك وەك 'پایزە لە من'، 'هەوری لار'، 'خاڵەی ریبوار' و 'بارانە' واتە هەوای خاو وهێدیمان هەڵبژارد وبە دەنگێکی نەرم لە ژوورەکەدا بڵاومان دەکردەوە. دوو برادەریشمان دیاری کرد لە بەر دەرگای دەرێ راوەستن ولە گەڵ ڕێنمونی کردنی میوانەکاندا، پێیان راگەینن ئەوە مەجلیسی سەرەخۆشی و فاتیحەخوێندن نییە و تەنیا بۆ ریزگرتن لە یادی هونەرمەندێکە و هیچی تر. وابزانم یەکیان نەمر ئەنوەری ئێران زادە بوو کە دواتر بوو بە داوەری دادگا..

لە بیرمە خەڵکەکە کە دەهاتنە ژووری و هەموو بەرووی خۆش و شادەوە دادەنیشتن تەنیا کاك 'مطلب باخچەیی' مامۆستای قوتابخانە هات و فاتیحەی دادا، وادیار بوو برادەران لە بەر دەرگا پێیان نەگوتبوو!

خەڵکێکی باش کۆبوونەوە، دەوروبەری پەنجا کەسێك دەبوون، یەك لەوان کاك خانە (عەزیز)ی ماملێ بوو. لە ئیدارەی رادیۆوە یادیان بەخێر بێت دوکتور محمەد سەدیق موفتی زادە و کاك سوارەی ئیلخانی زادە هەروەها زانای بە ناوبانگ مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و چەند کەسی دیکەش هاتبوون کە من مخابن ناویانم لە بیر نییە. هەرسێ ئەو کەسانە قسەیان کرد. دوکتور موفتی زادە سەبارەت بە حەسەن زیرەك و ماموستا جەمیل و کاك سوار لە سەر مۆسیقای کوردی دوان. یەکەمیان ئەوەندەی لە بیرم بێت باسی هۆرەی جافی کردو پەیوەندیی داوە بە 'ئەهورامەزدا'ی زەردەشتیەوە.

شریتی دەنگی هەرسێ کەسەکە تا رۆژێك کە بەداخەوە کاك حەسەن دیاکۆ(حەلەبی) لە دەوروبەری ئیلام بە تەسادفی ماشێن لە دەست چوو، واتە چوار پێنجساڵێك دوای ئەو ساڵە، هەر لای ئەو مابوو و پاشان دەزانم کەوەتە دەست زێنەب خانمی هاوسەری، ئیتر نازانم ئەو پاراستوویەتی یان نا. بیستوومە کچێکی زێنەب خانم و کاك حەسەن لە کەنەدا دەژی، هیوادارم ئەو هەواڵێکی شریتەکەی هەبێت یان بتوانێ شوێنی هەڵبگرێت.

دوای رۆیشتنی میوانەکانی رادیۆ، کۆڕەکەمان بوو بە خۆمانە. ئەوی مابوونەوە جحێڵ بوون وهەمووشمان ناسراوی یەکتر بووین. ئینجا لاوەکان هەندێ شریتی کرژتری حەسەن زیرەکیان بڵاوکردەوە و وردە وردە دەستی شایی گیرا! هەڵپەرکێیەکی خۆشی کوردانەمان ساز کرد و بە یادی ئەو گەورە پیاوەی هونەری کوردی کاتێکی خۆشمان رابوارد.

جگە لەو مەراسمە، هەروەها لە بیرمە بۆ حەوتەمین رۆژی مردنی حەسەن زیرەك لە بۆکانیش مەراسمێکی خۆش گیرا. دوای نیوەرۆی جومعەیەك بوو خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و لە تەلەڤیزیونی مەهابادیشەوە تاقمێك هاتبوون فیلمیان هەڵدەگرت. ووت و ویژێکیشیان لە گەڵ کاکم - عومەری سوڵتانی (وەفا) دا بەڕێوەبرد و لە گەڵ هەندێ خەڵکی دیکەشدا. کاکم دۆستی حەسەن زیرەك بوو وە دەبێ بیرەوەری زۆری لێی هەبێت، تەنانەت شەوی پێش کۆچی دوایی حەسەن زیرەك لە نەخۆشخانەی بۆکان سەردانی کردبوو. دوور نییە شریتی ئەو ڕۆژە لە تەلەفیزیۆنی مەهابادیش مابێت.

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات — بۆکان بڵاوبۆتەوە. ١٩٩٦/٩/٢٠

# کریستۆفر هیچنز ناودارترین دژبەری ئایین کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی ١٥ ی دیسەمبری ئەمساڵ، واتە هەفتەیەك پێش ئێستا، کریستۆفر ئێریك هیچنز[٢٠٤] ( ٢٠١١- ١٩٤٩) نووسەر و ڕووناکبیری ناوداری بریتانیایی لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

هیچنز ڕۆژنامەنووس بوو، لە باری سیاسییەوە چەندجاران هەڵوێست و ڕێبازی گۆڕی، دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڤیەتنام و ئەفغانستان و عیراق وەستا، بەڵام لە دواییدا پەسندی سیاسەتەکانی بوشی کردا لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی وەك کەسایەتییەکی دژی ئایین مایەوە و ژینی خۆی لە پێناو دژایەتی کردنی باوەڕی ئایینیدا بردە سەر. هیچنز لەو ڕێبازەدا بە ڕادەیەك خۆڕاگر و پێداگر بوو، کە ڕۆژئاواییەکان دیاردەی 'بێ دینی' یان لەگەڵ ناوی ئەودا پێکەوە دەهێنا و تەنانەت کاتێ کە ١٨ مانگێك پێش مردنی، تووشی شێرپەنجەی گەروو هات، شێرپەنجەیان وەك سزایەك دادەنا کە خودا ئاوقای هیچنزی کردبێت. لە وەڵامدا هیچنز دەیگوت من نووسەرم، ئەگەر خودایەك هەبێت و بیەوێت تۆڵەم لێبکاتەوە، چی لە گەرووم داوە، دەبێ دەستی قەڵەمگرم گۆج بکات نەك گەرووم!

لە مانگی ئوکتۆبری ئەمساڵدا بەرنامەیەکی پرسیار و وەڵام لە لەندەن ڕێکخرابوو و لایەنگر و دژبەری هیچنز لە هۆڵێکی 'ساوث بانك سێنتر'ی لەندەن[٢٠٥] دانیشتن و لە ڕێگای پەیوەندی ڤیدیۆییەوە قسەیان لەگەڵ کرد و ئەو لە ئەمریکاوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە. بە چەند سەعاتێك دوای ڕاگەیاندنی بەرنامەکە، بلیتی ئەو هۆڵە گەورەیە فرۆشرا و ئاواتی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی هیچنز لە دڵی زۆر کەس- یەك لەوان لە دڵی منیشدا مایەوە.

من هیچنزم درەنگ ناسی. زانیاریم لە سەر ئەو، تەنیا لە ڕێگەی کتێبێکیەوە بوو، کە بەهاری ڕابردوو کوڕەکەم پێیدام و داوای کرد بیخوێنمەوە. خوێندمەوە و هەندێك یادداشتم لەبەر هەڵگرت. ئەوە ناودارترین کتێبی هیچنزە، عینوانەکەی ئەوەیە: *"خوا گەورە نییە"* و عینوانی دووهەمیشی بەم شێوەیەیە: *"چۆن ئایین هەمووشتێك ژەهراوی دەکات."*[٢٠٦] ئێستا کە

---

[204] Christopher Eric Hitchens

[205] Southbank Centre

[206] god is not Great – How Religion Poisons Everything; Twelve Publications, 2008 New York, 377 pages.

شێوازی نووسینی عینوانەکە بە ئینگلیزی و کەڵك وەرنەگرتن لە پیتی کاپیتاڵ، جێگەی سەرنجە!

هێچنز لەناوماندا نەماوە، بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتی خەباتکار، پێشڕەو، و نەترسی ئەو، لێرەدا هەڵبژاردەیەکی کەم لەو یادداشتانە دەهێنم کە لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا لەبەریم هەڵگرتوون. بە هەموو پێوانەیەك هێچنز کەسایەتییەکی ڕووناکبیر بوو و بە دڵفراوانییەوە لەگەڵ ناحەزانی بیروباوەڕی خۆی دادەنیشت و ئاڵ وگۆڕی بیروبۆچوونی دەکرد، با ئێمەش لەو فێربین وتێبگەین کە ئەم جیهانە هی هەمووکەس و خاوەنی هەموو بڕوایەکە.

فەسڵی یەکەمی کتێبەکە، ناوی *"دامەزراندنی هێمنانەی باسەکە"* ی لەسەرە و تێیدا داروینیسم و گرنگایەتی زانست لە بەرانبەر ئایین کەوتۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هێچنز دەڵی: *" خودا مرۆڤی نەخوڵقاندووە بەڵکوو ئەوە مرۆڤە کە خودای ئەفراندووە... ئایین دەسکردی مرۆڤ خۆیەتی؛ ژیانی ئەخلاقی بۆ مرۆڤ بە بێ ئایینیش گونجاوە ومرۆڤ پێویستی بە مەلا و قەشە و مالم نییە؛ بەڵام ئایین تا کاتێ کە مرۆڤ خۆ لە ترسی مردن ڕزگار نەکات، هەر دەمێنێت..."* (لل. ١ تا ١٥)

فەسڵی دووهەم ناوی "ئایین دەکووژێت" ی لەسەر دانراوە. هێچنز لەم بەشەدا لەو شەڕانە دەدوێت کە مرۆڤ بە ناوی ئایینەوە وەڕێی خستوون یا وەڕێیان دەخات و دەڵێ: مرۆڤی ئیماندار کوشتنی مرۆڤێك کە لە سەر ئایینێکی دیکەبێت، بە ڕەوا دەزانێت.وەك نموونەش، ڕابردووی شاری بەیرووت، بەغدا، بێلگراد، بۆمبای و ... و ڕادەی دڵفراوانی خەڵکی ئەو شارانە دەخاتە بەرباس، ئینجا دەڵێ شەڕی ئایینی هۆکار بوو بۆ جیاوازی و دووبەرەکی کەوتنە ناو خەڵکی ئەو شارانە، کە گەیشتە ئەنجامی وێرانی شارەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی دانیشتوانیان لەگەڵ یەکتر، هەمووشی بە ناوی ئایینەوە.

لەم فەسڵەدا هێچنز سێ جار ناوی کورد و کوردستان دەهێنێت و باسی بێ مافیی گەلی کورد لە لوبنان دەکات- وڵاتێك کە دابەشکرانی پۆستە سەرەکییە سیاسییەکان تێیدا لەسەر بنەمای ئایین بەڕێوە دەچێت و لە ئەنجامی ئەو شێوە دابەشکردنەدا کورد پەراوێز دەکرێت و هیچ مافێکی پێ نادرێت.هەروەها کێشەی عیراق و سەددام حوسەین و ئەو عەمەلیاتە دەخاتە بەرچاو کە بە ناوی سووڕەی 'ئەنفال' ی قورئانەوە سەدان هەزار کوردی تێدا بە کوشت دەدرێن. نووسەر ناوی بەغدا وەك گەورەترین ناوەندی زانستی جیهانی کۆن دەبات کە دوای ئەوەی دەکەوێتە بەردەستی سەددام حوسەین، و لە سەردەمی ئەو و دوای ئەودا بەهۆی دووبەرەکی ئایینییەوە دەگاتە ڕۆژی ئەمڕۆی. هێچنز دەڵێ بەحوکمی شەڕ لەگەڵ ئێران، سەددام گەورەترین مزگەوت لە سوودان بنیات دەنێت و ناوی "ام المعارك" (دایکی شەڕەکان) ی لەسەر دادەنێت، ووشەی "الله اکبر" لە ئاڵای وڵاتەکە زیاد دەکات و ڕاست یا درۆ، بە

خوێنی خۆی قورئان دەنووسێتەوە، هەرهەمووشی بۆ شەڕ لەگەڵ لایەنێکی ئەودیوی سنوور، کە ئەوانیش موسوڵمانن! (لل. ١٧ تا ٤٢)

فەسڵی ٧ و ٨ و ٩ باسی سێ ئایینی مووسا، عیسا و محەممەدە. نووسەر لەپێشدا ناتەواوی و بێ مەنتیقی و هەڵەی زانستی ناو تەوڕات بۆخوێنەر دەردەخات، پاشان ئینجیل لە شێواوی و بێ سەرەوبەرەییدا بە کتێبێك دەناسێنێت کە لە تەوڕاتیش فەرهوودترە، ئینجا دەڵێ قورئان لە ئوستوورە و ئەفسانەی تەوڕات و ئینجیل پێك هاتووە و هەڵگری هەمان گێرە وکێشە و ناتەواوییە، کە ئەوانی پێشوو هەیانە.

هیچنز تەوڕات بە کابووسێك دادەنێت کە تێیدا تاوانی باوك کردوو، لە سەر کوڕ و کوڕەزا دەکەوێت و سزای بێ بەزەییانەی چاو لە بەرانبەر چاو و ددان لە بەرانبەر ددان بە سەر مرۆڤدا دەسەپێنرێت. پاشان لەو "دە فەرمان" ەی خودا دەدوێت کە گوایە بە مووسا دراون و دەڵێ سێ فەرمانی یەکەمی هەر یەك بابەتن؛ هەڵاتنی جوولەکە لە میسر بە درۆییەك دادەنێت کە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی، بۆنموونە لە ڕۆژژمێری میسری کۆندا، ئاماژەی پێ نەکراوە. بە تەوسەوە ئاماژە بە پیرۆزایەتی ڕۆژی شەممە دەکات کە بە گوێرەی ئایینی مووسا، خودا دوای شەش ڕۆژ خەریك بوون بە خولْقاندنی جیهانەوە، لەو ڕۆژەدا ئیسترِاحەتی کردووە و پشووی بەخۆی داوە. (لل. ١١٥ تا ١٢٧)

لە مەسەلەی ئایینی عیسادا، ئەسڵی 'سێیەتی' (تثلیث) هەروەها لەدایکبوونی عیسا لە مەریەمی 'باکرە' دەباتە ژێر پرسیار؛ ناتەبایی نێوان چوار ئینجیل وەك بەڵگەیەك بۆ ڕاست نەبوونی ئەساسی ئایینەکە دەهێنێتەوە و پێ دەنێتە جێ پێی برِتراندرِاسڵ کە لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی مەسیحییەتەوە دەگاتە قۆناغی ڕەت کردنەوەی ئایین بەگشتی. هەروەها گەلێك لایەنی دژی زانستی ئینجیل و تەوڕات وەك باوەڕبوون بە وەستاویی زەوی و گەڕانی هەتاو دەخاتە ڕوو. (لل. ١٢٩ تا ١٤٥)

سەبارەت بەئیسلام، نووسەر هاتنی 'وەحی' لە لایەن جیبرەئیلەوە بۆ مرۆڤێکی نەخوێندەوار دەهێنێتە گۆڕێ و دەڵێ دەبێ خودا کەسێکی "چەند زمانە" بێت کە بە عیبری لەگەڵ موسا دوابێت، پەیوەندی لەگەڵ مریەم و عیسا بە زمانی ئارامی بووبێت، ئینجا لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا قورئانی بە عەرەبی ناردبێت. بابەتی سەرەکی لەم فەسڵەدا قەرز وەرگرتنی ئیسلامە لە هەردوو ئایینی مووسا و عیسا و مەسەلەی ماڵی کەعبە کە بەگوێرەی مووساییەکان 'ئیبرِاهیم' دروستی کردووە بەڵام بۆتە ڕووگەی موسوڵمانان. هیچنز هۆکارێکی سەرهەڵدانی ئیسلام بەوە دەزانێت کە عەرەب شادمان نەبوون بەوەی خودا بە زمانی عیبری و ئارامی لەگەڵ مووسایی و عیسایی قسەی کردبێت و سەری عەرەب بێ کڵاو مابێتەوە. جا دوای دەرخستنی هاوشێوەیی

ئیسلام لەگەڵ دوو ئایینەکەیتر ئەو پرسیارە دادەمەزرێنێت گەلۆ ئایینێکی سەربەخۆ بەناوی ئیسلام بوونی هەیە؟ مەسەلەی نووسرانەوەی قورئان لە سەردەمی عوسمانی عەففان و بوونی ١٠ هەزار 'حەدیث' ی جیاواز وناتەبا لەگەڵ یەکتر وهەندێك بابەتی دیکەی وەك بوونی وشەگەلی سوریانی و ئارامی لە قورئاندا و زۆرێك زانیاری و پرسیاری زانستیانەی تر، ئەم فەسڵەی دەوڵەمەند کردووە. (لل. ١٤٧ تا ١٦٤)

ڕوونکردنەوە و پرسیارەکانی هیچنز تەنیا ئەو سێ ئایینەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناگرنە بەر. هەڵوێست گرتنی ئەو دژ بە هەموو ئایینێکە و لەوانە، ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەك شیوا و بوودایی.

ناسینی کریستۆفر هیچنز و بۆچوونەکانی بۆ جیهانی دابەشکراوی ئەمڕۆ پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، خوێنەری ئەم کتێبەش، چ ئیمانداریکی ئایینی بێت وچ بێ ئیمانی لائیك، دەتوانێت کەڵك لەچۆنیەتی دامەزراندنی باسەکان و شێوازی ئیستیدلال کردنی دوور لە هێرش و سووکایەتی کە تایبەتمەند بە هیچنزە، وەربگرێت. ئەو پرسیارە سەرەکییانەی وا هیچنز سەبارەت بە ئایین و مێژووی ژیانی ڕێبەرانی پلەی یەکەمی ئایینی دایاندەمەزرێنێت، لە ڕابردووشدا هەر بوون و تاکاتێك کە ئایین هەبێت، هەر دەمێنن. بەرچاوتەنگی و توندوتیژی نواندنی هەر لایەنێکی ئەو باسە لەمێژینەیە، دژ بە لایەنەکەیتر، جێگەی پەسندی مرۆڤی ڕووناکبیر نییە.

با ڕاستەقینەیەك لەبیر نەکەین: دوو بەرەی نەیار و ناتەبای ئیماندار و لائیك لەجیهانی ئەمڕۆدا هیچ چارێکیان جگە لە پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن لە بۆچوونی یەکتر نییە. نە زەبری ستالین توانی ئایین لەناو ببات و نە ئیعدامەکانی مەلایانی ئێران و هەڕەشە وگوڕەشەی مەلاکانی هەولێر دەتوانن ئاتەئیسم بفەوتێنن. ئێمە دەبێ بە دڵفراوانییەوە بڕوانینە بۆچوونی ئەویتر.

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوبۆتەوە.

٢٠١٢/١٢/٢٢

# مەرگی ناسری

## بۆ یادی پێشەوا قازی محەممەد

١. "مرگ ناصری" شیعرێکی ئەحمەد شاملوو شاعیری پێشکەوتنخوازی ئێرانییە. 'ناصری'، هەمان عیسای مەسیحە کە لە 'بیت اللحم' ی ناوچەی 'ناصریە' لە دایك بوو؛ بەو بۆنەیەوە هەندێك جاربە ناصری ناو دەبرێت و شاملووش لەو شیعرەدا هەروای خیتاب دەکات. ناصری، بە گوێرەی تەسویری شیعرەکە، خاچێکی درێژی دارین بە کۆڵەوە، لە گردی 'جولجوتا' دەچێتە سەر بۆ ئەوەی بە حوکمی حاکمی شار، لەوێ بە هەمان خاچەوە بزمارکوت بکرێت.

٢. ماوەی چەند ساڵێکە لێرە ولەوێ دەگوترێت بۆچی پێشەوا قازی محەممەد دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و پێش گەڕانەوەی سوپای ئێران، شاری مەهابادی بەجێ نەهێشت و نەچووە شاخی، یان بۆچی لەگەڵ بارزانییەکان نەکەوت و نەپەڕیەوە بەری خاکی سۆڤیەت؟ یان ئەو، کە دەیزانی دوژمن بە سەریەوە ناچێت و چارەنووسی ڕێبەرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجانی دیتبوو، بۆچی لە مەهاباد مایەوە و خۆی بەدەستەوە دا؟

٣. هەودایەك کە ئەو دوو کەسایەتییە جیاوازە، واتە عیسای ناسری و قازی محەممەدی مەهابادی، بە یەکەوە پەیوەندی بدات، چارەنووسێکە وا تووشی هەردوولایان هات.

من شیعرەکەی شاملووم پێشتر زیاد لە جارێك خوێندبووەوە، بەڵام کاتێ ئەمڕۆ خوێندمەوە، بێ ئیختیار کەوتمە بیری چارەنووسێکی خۆکردی هاوشیوە کە لە هەردوو کەسایەتیدا بەدی دەکرێت.[٢٠٧] دەڵێم خۆکرد لەبەر ئەو بەشەی شیعرەکە، کە لە زمان ئەلعازرەوە دەگوترێت:

---

[٢٠٧]. بۆی هەیە هۆکارەکەی، سەرهەڵدانی پرسیارەکە لە مێشکمدا ئەوە بێت کە مامۆستا حەسەنی قازی لە بەرنامەی ڕاوێژی چەند هەفتە پێش ئێستادا سەبارەت بە نەڕۆیشتنی پێشەوا و خۆ بەدەستەوە دانی، پرسیاری لێکردم و ویستی بۆچوونی من لەوبارەیەوە بزانێت.

*"مگر خود نمی خواست، وگرنه میتوانست".* ئەوە گیان و ڕۆح و بە تەعبیری کلاسیکەکان، 'شاە بەیت'ی شیعرەکەی شاملووە و ڕوخسارێکە کە شاعیرە ئێرانییەکە لە 'ناصری' دەکێشێتەوە کاتێ کە دەڵێ: *"دیارە خۆی نەیدەویست، دەنا دەیتوانی [لە دەست مردن دەرچێت]".*

بەشی گەلێك سەرکەوتووی شیعرەکە ئەو کاتەیە وا شاملوو 'ئەلعازر' دەکاتە بینەری ئەو شانۆیەی وا ناصری بەرەو ئیعدام دەبرێت. ئەلعازر یان 'لازار'، هەمان ئەو کەسەیە کە عیسا، بە گوێرەی ئەفسانە ئایینییەکان، زیندووی کردەوە و گەڕاندیەوە سەر ژیان. ئەو، کەسێکە کە بۆ زیندوو بوون و هەناسە کێشانی ئاساییش، قەرزداری عیسایە. پرسیارێك کە دوای خوێندنەوەی ئەمجارەی شیعرەکەی شاملوو هاتە مێشکی منەوە، ئەوەبوو کە ئەگەر ناوی 'ناسری' لە سەر شیعرەکەی شاملوو هەڵبگرین و ناوی 'پێشەوا'ی لێ دابنێین، ئایا ناوەرۆکی شیعرەکە دەگۆڕێت و دژایەتییەك لەگەڵ ڕووداوی عیسا و جولجوتا و حاکمی مووسایی شارەکە، جا ئەفسانە بێت یان واقیع، دێتە ئاراوە؟ بە بۆچوونی من، کاتێ ئوستوورە ئایینییەکانی مەسیحیەت و گێڕانەوە مێژووییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەپشکنین، وەڵامی پرسیارەکەمان 'نا' دەبێت!

خاڵی پەیوەندیدەری ئەو دوو چارەنووسە، دڵنیاییانە لە ئەنجامی ئەو ڕێچکەیەی وا گرتوویانەتە بەر و ئەو خەباتەی وا بەڕێوەیان بردووە. دیارە چارەنووسی ئەوان، بە پێوانەی ژیانی ئاسایی مرۆڤی سەرگۆی زەوی، تراژیك بوو، بەڵام هەر ئەو تراژێدی بوونە بوو کە ناویانی کردە 'هەمیشەیی'. <u>گەوهەر و ناوکی ئەو هەمیشەیی بوونە ئەوەیە دەیانتوانی و دەرەتانیان هەبوو لە دەستی هەڵێن، بەڵام هەڵنەهاتن.</u> هەرکام لەو دوو کەسە لە ڕوانگەی تایبەت و بە گوێرەی هەڵوێستی تایبەت، خۆیان ئەسپاردە دەست چارەنووس و لەبەر دەست دوژمندا مانەوە، بەکورتی <u>مەرگ هەڵبژاردنی خۆیان بوو،</u> وەك هەڵبژاردنی 'سوقرات' ی یۆنانیش بوو.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ: ئەگەر ئەوان مردنی ئاساییان بدایەتە دواوە و ملیان بۆ خواستی بکوژەکانیان دابنەواندایە، چ دەبوو؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئەستەم نەبێت: عیسا دەبووە پێغەمبەرێکی ئاسایی لەو ٢٤ هەزارەی کە بە گوێرەی ڕیوایەتە ئیسلامییەکان، بۆ ئیرشادی خەڵك نێرراونەتە سەر زەوی و پێشەواش دەبووە مرۆڤێکی ئاسایی، کە بە شنەی بایەك هەڵوێستی گۆڕیبوو و جگە لە خۆی، بیری لە کەسیتر نەکردبووەوە!

بە کورتی، هۆکاری ئەوەی عیسا بوو بە کوڕی خودا و پێشەوا بووە سەرووەری شەهیدانی گەلی کورد، دەبێ لە شتێکدا بدۆزرێتەوە کە ئەو شتە، لە دەرەوەی پێوانە ئاساییەکانی ژیانی

مرۆڤدایە: ئەوان هێزێکیان لە دەروونودا دەجۆشا کە لە هەموو کەسدا نییە و نابێت، هێزی باوەڕ! شاملوو ئەو هێزەی بە باشترین شێوە و لە کورتترین ڕستەدا لە زمان ئەلعازرەوە دەربڕیوە: *"دیارە خۆی نەیدەویست، دەنا دەیتوانی!"* لە یەك قسەدا، ئەوان بۆ پاراستنی گیان، دەبوایە پشت بکەنە ئەو بەڵێنانەی وا لە سەردەمی دەستڕۆیشتوویدا بە خەڵکیان دابوو و گاڵتە بەوئامانجانە بکەن وا خەباتیان بۆ کردبوو. ڕەمزی پێشوازی لە مەرگ کردنی ئەوانیش دەبێ ڕاست لەو خاڵە گرنگە و لەو "نا" گوتنەدا بدۆزرێتەوە.

شاملوو بە دەستەقەسد ئەلعازری هێناوەتە ناو شیعرەکەیەوە. ئەلعازر بە ئاشکرا 'دەین' و قەرزی عیسای لە سەرە. ناسپاس و سپڵەش نییە، هەر بۆیە ڕیزی خۆی لە ڕیزی ئاپۆرەی هەرچی پەرچی جیا دەکاتەوە کە هاتوونەتە سەیری ئەو ڕەنجەی وا عیسا دەیکێشێت و دەیانەوێ بینەری ئەو هەیکەلە لاوازەوە بن کە خاچەکەی خۆی ڕادەکێشێت و دەیباتە سەر گردی جولجوتا بۆئەوەی لەوێ بە هەمان خاچەوە هەڵاوەسرێت. بۆیەشە کە شاملوو لە شیعرەکەیدا ئەلعازر نایاتە سەیری ئەو مەنزەرە تراژیکە و لە ئاپۆرەی جیا دەکاتەوە: *"گامزنان راه خود گرفت، دستها در پس مشت بەهم در افکندە..."* هەنگاوی هەڵێنا و دەستی بە مست کردوو لە پشتەوە، ڕێگای خۆی گرتەبەر...

ئەو دوو دەستە لێك گرێ دراوە، نیشانەی بێدەسەڵاتیی حەقیقەتە لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناحەق، نیشانەی هەڵوێستی تاکی پاکە بەرانبەر بە سیستەمی گەندەڵ. ئەلعازری عیسا تاکێکی پاك بوو بەڵام ئەلعازری پێشەوا سەرجەمی نەتەوەیەکە- هەر لە ماکۆوە تا کۆبانێ. لە مەرگی پێشەواشدا ئاپۆرە هەبوون، 'یەهوودای ئیسخەریۆتی'ش هەبوو، ئەو کەسانەی وا بە فیتی دەسەڵات ئیمزایان دژ بەو و هاوڕێکانی کۆکردەوە هەمان یەهوودای ئیسخەریۆتی بوون؛ بەڵام کۆمەڵانی خەڵك ڕیزی خۆیان لەوان جیاکردبووەوە. خەڵکی مەهاباد کاتێ لە بەیانیی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٧ دا لە خەو هەستان و باڵای بەرزی پێشەوایان بە مێزەرە سپییەکەیەوە بە سێدارەوە بینی، هەمان ئەلعازری شیعرەکەی شاملوو بوون کە ڕێگای خۆیان گرتە بەر و چوارچرایان بەجێ هێشت. ڕۆیشتن تا هەوری دڵتەنگی برەوێنن، نەفەس تازە بکەنەوە و ڕێگای پێشەوای لەدەستچوو درێژە پێبدەن. کوردێك کە ئەمڕۆ لە ئامەد و کۆبانێ شەڕ دەکات و دوێنێ لە سەردەشت و سلێمانی بەگژ دوژمندا دەچووەوە، هەمان ئەلعازری پێشەوایە! جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەلعازری عیسا ئەوەیە دەست لە سەر دەست دانانێت و بە دەستەوەستانی تەسلیمی بارودۆخ نابێت.

واهەیە خوێنەر بپرسێت باشە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی — ئایینی دوو هەزارە پێش ئێستا بۆچی لەگەڵ کەسایەتییەکی سیاسی - مێژوویی سەردەمی نوێدا بەراورد دەکرێت؟ یەکەمیان،

بە گوێرەی ڕیوایەت و ئەفسانەکانی بەردەستی ئێمە، ژیانی ڕاستەقینەی سەر گۆی زەوی دەکردە خەون و خەیاڵێکی ئایینی و خەڵکی لە واقیعی ژیان دوور دەخستەوە، تەنانەت ئەگەر دوژمن زلـلەیەکی لێبدایە، لای دیکەی ڕوومەتی ڕادەگرت بۆئەوەی زلـلەی دیکەی لێبدرێت. بەڵام دووهەمیان، بەپێی بەڵگە و نیشانە مێژووییەکان، خەڵکی خۆی لە ئاسمانی خەیاڵاویی ئایینەوە دەگەڕاندەوە سەر زەوینی واقیع، جل و بەرگی مەلایەتی لەبەر خۆی دادەکەند و بە بەرگی سوپایی و لەشکری پێشمەرگەوە بەگژ دوژمن و داگیرکەردا دەچووەوە.

ڕاستەقینە ئەوەیە ئەو دوو مرۆڤە وەك هەموو مرۆڤێکی دیکەی سەر زەوی لێك جیاواز بوون بەڵام لەگەڵ ئەو جیاواز بوونەشدا هەندێك خاڵی هاوبەش لە کەسایەتییاندا هەبوو کە من پەنجەم ناوەتە سەر ئەو خاڵە هاوبەشانە و بە تایبەت مەرگی تراژیکی هاوشێوەیانم خستۆتە ژێر زەڕڕەبین. ئەو سەرنجدانە و ئەو زەق کردنەوەی یەك بڕگە لە ژیانی دوو کەسەکە، واتای یەکبوون یان هاوشێوەبوونی سەرجەمی کەسایەتییەکەیان ناگەیێنێت، بەڵکوو هەردوکیان لە هەڵبژاردنی نێوان مەرگی سەرفرازانە و ژیانی سەرنەوییانەدا کارێکی هاوبەشیان کرد، هەر ئەوەش ناوەرۆکی ئەم وتارەبوو. لە کۆتاییدا لەبیرمان نەچێت کە لەم وتارەدا مێژوو نەنووسراوەتەوە و بۆچوونەکانیش لە دۆخی شیعرێکی خەیاڵاوی نەچوونەتە دەرەوە.

***

با سەرەتا شیعرەکەی شاملوو بە فارسی بخوێنینەوە، ئینجا وەرگێڕاوە کوردییەی. بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە هەرگیز وەرگێڕێکی باشی شیعر نەبووم، ڕەنگە ئەمانەتدار بوویێتم و زیاد وکەمم نەکردبێتن، بەڵام لە ڕاگواستنی هەستی شاعیر و شیعرییەتی شیعرەکەدا کورتیم هێناوە. بریا کەسێکی شارەزای خۆش زەوق لە جیاتی من ئەو تەرجەمەیەی بکردایە!

**مرگ ناصری**

با آوازی یکدست
یکدست
دنبالەی چوبین بار
در قفایش
خطی سنگین و مرتعش برخاك میکشید
"- تاج خاری بر سرش بگذارید!"
و آواز دراز دنبالە بار
در هذیان دردش

یکدست
رشته‌یی آتشین
می رشت.
"- شتاب کن ناصری، شتاب کن!"
از رحمی که در جان خویش یافت
سبك شد
و چونان قویی مغرور
در زلالی خویشتن نگریست
"- تازیانه‌اش بزنید!"
رشته چرم باف
فرود آمد
و ریسمان بی انتهای سرخ
در طول خویش
از گرهی بزرگ
برگذشت
"- شتاب کن ناصری، شتاب کن!"
از صف غوغای تماشاچیان
العازر
گام زنان راه خود گرفت
دستها در پس پشت
به هم درافکنده
و جانش را
از آزار گران دینی گزنده
آزاد یافت
"- مگر خود نمیخواست، وگرنه میتوانست!"
آسمان کوتاه
به سنگینی
بر آواز رو در خاموشی رحم
فرو افتاد

سوگواران
به خاك پشته
برشدند
و خورشید و ماه
بەهم
برآمد.

<u>وەرگێڕاوی کوردی</u>

**مەرگی ناسری**

بە ئاوازێکی هاوشێواز
هاوشێواز،
کلکەی دارینەی بار
لە دوایەوە
هێڵێکی قورس و لەرزۆکی
لە سەر خاك دەکێشا
"- تاجێکی دڕووی لەسەر بنێن!"
هەرامە، ئاوازی بەرزی کلکەی بار
لە وڕێنەی ئازاریدا
هاوشێواز
ڕیسێکی ئاگرینی
دەڕست
"- خێرابە ناسری، خێرابە!"
لە بەزەییەك، کە لە گیانی خۆیدا دۆزییەوە،
سووك بوو و
وەك قوویەکی لەخۆبایی
ڕوانییە زەڵاڵییەتی خۆی

"- قەمچی لێدەن!"
ڕیسی لە چەرم چنراو
شۆڕبووەوە و
پەتی بێ بڕانەوەی سوور
لە درێژایی خۆیدا
گرێیەکی گەورەی
تێپەڕ کرد
"- خێرابە ناسری، خێرابە!"
لە ڕیزی ئاپۆرەی بینەرانەوە،
ئەلعازر
هەنگاوی هەڵێنا و ڕێگای خۆی گرتە بەر
دەستان
لە پشتەوە
لێکدراو،
گیانی خۆی
لە ئازاری قورسی قەرزێکی گەزۆك
ئازاد دیتەوە:
"- دیارە خۆی نەیدەویست، دەنا دەیتوانی!"
ئاسمانی کورت
بە قورسی
کەوتە سەر
ئاوازی ڕوو لە خەمۆشیی بەزەیی
ئازیەتباران
بە گردە خاکینەکەدا هەڵگەڕان و
هەتاو و مانگ
لێك
هەڵئەنگووتن.

ئەنوەر سوڵتانی
٢٠١٥/٣/٢٠

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوبۆتەوە.

# بەیتی کۆبانێ



***"ئەی دمدمی بەردی دە لان!***
***جێگەی خان و خان ێ ەودەڵان!***
***ئێستە بووی بە مەسکەنی خەرتەلان!..."***
**(بەیتی دمدم)**

خەرتەل[۲۰۸] هاتن بە یەك و دوو / تا سەر سینگیان هەر ڕیشە و موو

خەرتەل هاتن سیان و چوارێ / لە چاوانیان خوێن دەبارێ

خەرتەل هاتن بە پۆل پۆلە / یەکەم مەنزڵ ئەستەمولە

خەرتەڵ هاتن بە هەزاران / لە ئەنقەرە دایانمەزران

خەرتەڵ بە ئەژماران زۆرن / سپین، ڕەشن، مۆرن، بۆرن

۲۰۸. داڵاش، لاشخور

ناویان داعیشە، دەوڵەتە / 'دەوڵەتی ئیسلامی'یەتە
ئەمیان خەرتەڵی چیچانە / فەرماندەیە، زل و پانە
ئەویان لە ئەورووپاوە هات / دوو سێ 'سەر' بە دیاری ببات
ئەوە خەرتەڵی عارەبە / دوای زیارەتی ماڵی کابە
بە سلاوات، بە تەزبێحات / هاتوە ڕێگای بەهەشت خۆش کات
ورگی زلە، شانی پانە / دوور لە گیانی، زۆر نەزانە
ئەوەش خەرتەڵی ئێرانە / لە مام ئەردۆغان میوانە
خەرتەڵی تورك بە لێشاوە / جبەخانەی ڕاکێشاوە
ئەوانەش خەرتەڵی کوردن / وەتەن فرۆش و دڵ بەردن
*"وەتەن فرۆش گوێ ڕاگرە! / گوێ ڕاگرتنت چاترە!*
*ئەوە دەنگی نیشتمانە / لە بێ هەستیت پەرێشانە*
*زاماری تێغێکی تیژە / تێغی دەستی ڕۆڵەکەیە*
*ئەو ڕۆڵە پەست و بێ ڕەگە / کە هاوڕێی دوژمنی سەگە"*[٢٠٩]

خەرتەڵ دەندووکیان ئاسنە / گەروویان دۆشکا و هاوەنە
خەرتەڵ چاویان زەق و زۆپە / دارەدەستیان تانك و تۆپە
بەباڵی دەرعان دەفڕن / بە ئاواتی بەهەشت دەمرن
هەرچی خەرتەڵی ڕیشنە / لە کورد بوونەتە گای بنە
چییە؟ چ بووە؟ چ قەوماوە؟ / سیناریۆکە کێ دایناوە؟
گورگە بۆرەکان بەفێڵن / هاتوون تۆوی کورد نەهێڵن
لە سەرەوە دۆستی کوردن / لە ژێرەوە دەستوبردن
شەڕە، تەقەیە، هەرایە / سوپای دوژمن بنەی نایە
قۆشەنێکیان کەوتۆتە ڕێ / دەیەوێ کوردستان بگرێ
*"داگیر بکات کوردستانە / کۆبانێ بکا وێرانە"*

---

٢٠٩. ئەم چوار فەردەم لە ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵانی ١٩٦٠ دا خوێندۆتەوە و ئێستاش لەبیرم ماون. بە داخەوە ناوی شاعیرم لەبیر نەماوە.

کام کۆبانیێ؟ ویێ قارەمان / جێگەی شانازیی کوردستان

کۆبانێم بەردی مەیدانیێ / وا لێی دەدەن بە تۆپخانیێ
کۆبانێم بەردی حەساریێ / هەر گولـلەیە و بۆی دەباریێ
کۆبانێم بەردێکی ڕەقە / ڕێگای بەرخۆدان بەرحەقە
کۆبانێم بەردێکی سوورە / ڕێگای خەبات بەرەوژوورە
کۆبانیێ بۆتە 'گۆرنیکا' / 'پیکاسۆ' کوانیێ وێنەی کا؟[٢١٠]
کۆبانێم بەردی خارایە / لە سمینی داعش نایە
ژن و پیاویان خۆڕاگرن / لە ڕێی وەتەندا دەمرن
هیچکەس هەدا نادا لەویێ / نە ڕۆژ دەناسیێ نە شەویێ
کیژ و کوڕ فەرقیان بۆ نییە / جیاوازی دانانیان چییە؟

یادی بەخێر 'جەیلان'[٢١١] یێ شێر/ کچە گریلاکەی دلێر
بانگی دەکرد لە مەیدانیێ: / وەرنە سەیری پڵێنگانیێ!
*"غوڵامی ڕەوی شێرانم / کوردستانە جیێ و مەکانم*
*خەڵك ببیێ پشتیوانم / قاتڵی جەردە وچەتانم!"*
ئەوەش 'نارین' فەرماندەیە/ دوژمنی چەتە و جەردەیە
هۆ نارینیێ، قارەمانیێ! / ڕۆڵەی 'عەفرین' و کۆبانیێ!
شێرەژنی نێو مەیدانیێ! / ڕێناسی ڕێگەی ژیانیێ!
دەردت لە گیانی من کەویێ / ئاڵا لە دەستت نەنەویێ!
ئەوە هەر ئاڵای تۆ نییە / هیوای هەموومان بە وییە
ئێوە تەنیا کۆبانیێ نین / نوێنەری چەوساوەی زەوین
دنیایەك چاوی لێتانە / هیوای دوارۆژی پێتانە

---

٢١٠ . گیئۆرنیکا ناوی گوندێکی ناوچەی باسکی ئیسپانیایە بە بۆمبای إڕۆکەی ئاڵمانی و ئیتالیای سەردەمی هیتلێر و مۆسۆلینی وێران کرا و پابلۆ پیکاسۆ بە وێنەیەکی مێژوویی بیرەوەرییەکەی زیندوو ڕاگرت.
٢١١ . جەیلان، فەرماندەیەکی شەڕوانانی یەپەگە بوو دوای شەڕێکی قارەمانانە، بە دوایین گولـلەی تفەنگەکەی خۆی کوشت بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی.

ئێوە هاواری ژنانن / دیلی دەستی ناپیاوانن
بانگی عیلمانیەت دەدەن / ڕێی دیموکراسی خۆش دەکەن
خەڵکی جیهان هاوڕێتانن / پەرۆشی بارودۆختانن
ئێوە بوونە مامۆستایان / فێرگەتان بۆ هەموان دانان
وانەی خەباتتان فێر کردن / داکۆکی و هێرش بردن
بەرانبەر هەموو زۆرداران / لە پانتایی هەموو جیهان
ئێوە دوژمنتان بەزاند / سەری ڕۆمیتان دانەواند
ڕۆمی نەیزانی و دۆڕاندی / ئەردۆغان وەك گا بۆڕاندی
ئەی ئەردۆغان، ئەی گای بنە! / ئەی حۆقەبازەی دوژمنە!
هەرچی کێشەیە و هەرایە / لەژێر سەرینی تۆدایە
ئەردۆغانی ماکی گزی / ئەی مامۆستای شەڕئەنگێزی!
فەرمووت کۆبانێ دەکەوێت / ئاڵای کوردانیش دەنەوێت
شەکرت شکاند، پووچت فەرمووا! / هەیت وهووتت بەدرۆ دەرچوو
ئاڵای کوردان هەر دەشەکێت / قەڵای کۆبانێش ناشکێت
ئەوی دەشکێ دوژمنانن / نەیارانی وەتەنمانن
وا پێشمەرگەش هاتە لاتان / هاتە یاریدە و هاناتان
سنووری دوژمنیان بەزاند / شۆرەی داگیرکەریان ڕماند
کورد بە یەکتر شاد بوونەوە / دوای ٥٠٠ ساڵ پێك گەینەوە
ڕۆژئاوا شاد بوو بە باشوور / ڕۆژهەڵاتیش دەچنە باکوور
برا دەستیان لە دەست یەك بێت / ئاڵای سەرشانیان نانەوێت

هۆ کۆبانێی بەردی دە لان!

قەڵای 'ڕەیحان'، 'پیرۆز'[٢١٢]، 'جەیلان'

---

[٢١٢] . جەیلان و پیرۆز دوو کچە شەڕڤانی قەڵای کۆبانێن.



**ڕێحانەی دلێ**



**جەیلانی نەمر**



**نارینی فەرماندە**

ئەم شیعرەی من دواتر بە دەنگی هوەنەرمەندێکی دەنگخۆش لە سەر هەوای بەیتی دمدم گوترا و لە سەر یووتیووب دانرا، دواتر یووتیووب لایبد و لەژێریدا نووسی بە هۆی پێشێلکلردنی ڕیساکانی سایەکە لابرا. وەبزانم بۆ ئەو مەسەلەیە دەستی خەڵکانی سەر بە حکوومەتی تورکیا لەکاردابوو. شیعرەکە ئێستا لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان دەست دەکەوێ.

# حەشدی شەعبی و تێڵابەدەستانی وەرەزیل!

١. حەشدی شەعبی ئەو هێزە میلیشیاییەیە کە دەسەڵاتداریەتی شیعە لە عیراق بە یارمەتی ڕاستەوخۆی ئێران پێکی هێناوە و لە ڕاستیدا نموونەی دەقاودەقی 'بەسیج' ی ئێرانە لەعیراق.

٢. 'چوب بدستهای ورزیل' یان 'تێڵابەدەستانی [گوندی] وەرەزیل' ئەو شانۆنامەیەیە کە غوڵام حوسەین ساعیدی (١٩٨٥ – ١٩٣٦) بە زمانی فارسی نووسیویەتی و یەکەم جار لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ ز) دا چاپ کراوە، ئینجا بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، لە تاران چۆتە سەر شانۆی 'تئاتر شهر'.[٢١٣]

واهەیە بپرسرێت ئەم دوو دیاردە سەیر و سەمەرەیە چ پەیوەندێکیان بە یەکەوە هەیە و کوجا مەرحەبا! بەڵام لە ڕاستیدا وێچوویەکی گەلێك زۆر لە نێوان خەیاڵی هونەرمەندانەی ساعیدی و ئەو ڕووداوانەدا هەیە وا ئێستا ٥٠ ساڵ دوای چاپی کتێبەکە، لە ناوچە و بەتایبەت لە عیراق و باشووری کوردستان ڕادەبرێن.

دوو سێ هەفتە پێش ئێستا ڕێکخراوەی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ (هیومەن ڕایتس واچ) لە ڕاپۆرتێکدا باسی ئەو وێرانییانەی کردبوو کە لە سەر دەستی میلیشیای شیعە دوای ئازادکرانی شاروچکەی ئامرلی هاتوونەتە ئاراوە.[٢١٤] بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی و چەند پسپۆڕی دیکەی شارەزای سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاماژەیان بە "مەترسیی حەشدی شەعبی بۆ پێکهاتەکانی عیراق" کردبوو. کاك عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لە دیمانەی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ لە گەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنەدا، گوتبووی "حەشدی شەعبی بە ڕادەی داعش جێی مەترسییە"[٢١٥]

هەندێك ئەدیب و نووسەری بلیمەت هەن کە دەتوانن یاسایەکی گشتی لە ڕووداوە بچووکەکان دەربکێشن و پێش بینیی هەندێك پێشهات و ڕووداوی داهاتوو بکەن. کەسێك کە شانۆنامەی فارسیی "چوب بدستهای ورزیل" نووسینی غوڵام حوسەین ساعیدی (گوهر

---

٢١٣. من کتێبەکەم سێ جار خوێندۆتەوە و شانۆگەرییەکەشیم هەر ئەودەم لە تاران بینیوە.

214 .http://features.hrw.org/features/HRW_2015_reports/Iraq_Amerli/index.html

٢١٥. ئاوێنە نیوز، لە ٢٠١٥/٣/١٢ دا بینراوە. بڕوانە:http://www.awene.com/article/2015/03/10/39534

مراد)ی[٢١٦] خوێندبێتەوە، هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوان چارەنووسی خەڵکی گوندی وەرەزیل لە شانۆنامەی ساعیدی و هێنانە کەرکووکی سوپای بەدر و حەشدی شەعبیدا دەبینێت!

لەم نووسینەدا، من بارودۆخی ئێستای عیراقم لە ئاوێنەی شانۆنامەکەی ساعیدیدا بینیوە، بەڵام با سەرەتا کەسەکانی شانۆنامەکە بناسین:

کتێبی ساعیدی باس لە خەڵکی گوندی خەیاڵیی 'وەرەزیل' دەکات کە دەکرێت نموونەکەی لە ئێران یان هەر وڵاتێکی هاوچەشنی ناوچەکەدا بێت. ساڵێکیان، کە ئەویش دەکرێ ئەمڕۆ بێت یان دوێنێ، یان سبەینێ، ڕەوەبەرازێك بە مەزرای گوندی وەرەزیلدا وەردەبن، زەوییە کشتوکاڵییەکان هەڵدەگێڕنەوە و بەروبووی دەخۆن و خەڵکەکەی ماڵ وێران و کەلاوەنشین دەکەن. لەو کارەساتەدا سەرنج ڕاکێش ئەوەیە مەزرای هەرکەسێك دەکەوێتە بەر هێرشی بەراز، خەڵکەکەی دیکە گاڵتەی پێدەکەن و شوکربژێرن کە مەزرای ئەوان نەبووە وای لێ بەسەر هاتبێت! بەڵام هەر ئەوەندەی شەوێك دواتر مەزرای خۆشیان کەوتە بەر هێرشی بەرازان، لای ماڵ وێرانەکانی پێشوو دادەنیشن و تەنیا ئەو دەم بە دەردی خۆیان دەزانن!

بۆچارەسەری کێشەی بەراز، چەندکەس لە خەڵکی گوند پەنا دەبەنە بەر بنکەی ژاندرمە، کە سیمبولی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندییە لە وڵاتی خۆیاندا. لەوێ گوێیان نادەنێ و هیچیان بۆناکەن و تەنیا دەیاننێرنە لای 'موسێۆ'، کە مەسیحییەکی گۆشت بەراز خۆرە و سیمبولی حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان یان هێزە چەوسێنەر و ئیستیعمارییەکانە. بەشێکی زۆر لە خەڵکی گوند لەگەڵ ئەوەدا نین کە موسێۆ یارمەتییان بدات بەڵام ناچار لەژێر گوشاری خەڵکەکەی دیکەدا تەسلیم دەبن و هیچ ناڵێن. ئەو خەڵکە دابەش بووە لە بارودۆخی ئێستادا دەکرێ سیمبۆلی ئەندامانی حزبە سیاسییەکان بن کە هەرکام ڕوانین و بەرنامە و ئاجێندای خۆیان هەیە و دژ بە حزبەکانی دیکەن، تەنانەت هەندێکیان پشت بە بێگانە دەبەستن بەڵام لەگەڵ هاووڵاتییە خۆییەکاندا یەك ناگرن!

خەڵك داوا لە موسێۆ دەکەن چارەسەری مەسەلەکەیان بۆ بکات. موسێۆ بیرێك دەکاتەوە و دەڵێ دوو ڕاوچی تفەنگ بەدەستتان بۆ دەنێرم بێن و هەرچی بەرازە بکووژن، منیش بەرازەکان دەبەم بۆخۆم و دەیانفرۆشم؛ بەڵام دەبێ شوێنی ئیستیراحەت و خواردنی سێ ژەمەی ئەو ڕاوچییانە خۆتان دابینی بکەن و چاکتان ئاگا لێیان بێت. ڕاوچی تفەنگ بەدەستیش دیارە دەبێ هێزی سوپایی وڵاتانی ڕۆژئاوا یان دارەدەستە ناوخۆییەکانیان بن. هەرۆنێك بێت، ڕاوچی دێن و دادەمەزرێن. چەندکەسی خەڵکی گوند تەرخانی خزمەت کردنیان دەبن، ئەوانیش بەرازەکان دەکووژن و چیتر مەترسیی بەراز لە گوندەکەدا نامێنێ، بەڵام مەترسییەکی

[٢١٦]. گوهر مراد، "چوب بدستهای ورزیل"- نمایشنامه، چاپ دوم، انتشارات مروارید، تهران ١٣٥٠ (چاپ اول ١٣٤٤).

گەورەتر سەرهەڵدەدات. ڕاوچییەکان ئەوەندە چاوچنۆك و تێرنەخۆرن کە خەڵکی هەژار هەرچی هەیانە دەرخواردیان دەدەن و هەر زیاتریان دەوێت. خەڵکەکە دوای ماوەیەك دەست بەتاڵ و بێ پێخۆر دەمێننەوە بەڵام ڕاوچییەکان ناڕۆن و دەست هەڵناگرن، لە ڕاستیدا دەبنە بوونەوەرێکی لە بەراز خراپتر!

خەڵك لەبەر ناچاری سەرلەنوێ پەنا دەبەنەوە بەر موسیۆ و دەڵێن خۆ چیدی بەراز لەمەزراکاندا نەماوە و ڕاوچییەکانیش ئەرکێکیان نییە بەرێوەی بەرن، کەوابوو، وەرە و لەگەڵ خۆت بیانبەوە با ڕزگاریمان لە دەستیان بێت. موسیۆ دەڵێ بەڵام ئەوان زۆردارن و من توانای ئەوەم نییە دەریانبکەم، تاقە ڕێگە چارەیەك هەبێت ئەوەیە دوو ڕاوچی لەوان بەهێزتر بێنم و لە گوندەکەدا دایانمەزرێنم بەڵکوو ئەوان لەگەڵیاندا بە شەڕ بێن و بتوانن دەریان بکەن! خەڵك بە ناعیلاجی ڕازی دەبن و موسیۆ دوو ڕاوچی زەلامی فیلەتەنی تازە نەفەسیان بۆ دێنێت هەرکام بەقەدرایی لادیوارێك؛ ئەم ڕاوچییانەش لە ماڵێکی ڕووبەڕووی ماڵی ئەوانی دیکەدا نیشتەجێ دەبن. ئێستا خەڵك دەبێ ئەوانیش وەك دوانەکەی پێشوو بەخێوبکەن و کار وپیشەیان دەبێتە ئەوەی بە دەستی بەتاڵ و کاسەی خاڵیی میوانداریی دوو تاقمی یەك لەیەك برسیتر و چاوچنۆکتر بکەن، کە نە تێر دەخۆن، نە دژایەتی یەکتر دەکەن، نە بەراز دەکووژن و نە لە گوندەکەش دەڕۆنە دەرەوە!

لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، خەڵکی گوندی وەرەزیل دەبینرێن، کە هیچ داهات و سامانێکیان بۆ نەماوە و کورد گوتەنی 'لەسەر ساجی عەلی دانیشتوون'، تاقە چەکی دەستیان تێلایەکە، کە هەرکام ناویانەتە سەر نەڕەی شانیان و هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی ناوەڕاستی گوند بۆ بەربەرەکانی ڕاوچییەکان. هەموو چاوەڕوانن تاقمی دووهەم، بکەونە گیانی تاقمی یەکەم و دەستی دوو مڵۆزمەکەیان لە یەخە بکەنەوە. لە ناکاو تاقمی دووهەم لوولەی تفەنگەکانیان لە پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە دێننە دەرەوە، ڕووی لە پەنجەرەی تاقمی یەکەم دەکەن؛ خەڵکەکە شاد و بەکەیف، گوێ هەڵدەخەن بەڵکوو تەقەی تفەنگەکان بژنەون. لەناکاو، تاقمی یەکەمیش تفەنگەکانیان لە پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە دێننە دەرێ و ڕووی دەکەنە تاقمی دووهەم. ئێستا خەڵکەکە هەموو خولەکێك چاوەڕوانن لایەنێکی ئەو چەوسێنەرانە لایەنەکەی دیکە لەناوبەرێت، جا هەرکامیان بێت، گرنگ نییە! بەڵام سەریان سووڕ دەمێنێت و ترس دایاندەگرێت کاتێ دەبینن وردە وردە لوولەی تفەنگی هەردوولا وەردەسووڕێت و ڕووی لە خۆیان واتە خەڵکی گوندەکە دەکرێت! بەو شیوەیە، شانۆگەرییەکە کۆتایی پێ دێت ولەکاتێکدا کە پەردە دادەدرێتەوە، تەقەی تفەنگی هەردوو تاقم لە خەڵکی بێ تاوانی گوند لە پشت پەردەوە بەرز دەبێتەوە.

***

ئەوە عەینوبیللا حیکایەتی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام (داعش) و جەیشی شەعبییە لە بارودۆخی ئەمڕۆی عیراق وکوردستاندا:

- گوندی وەرەزیل، باشووری کوردستانە؛
- داعش، بەرازەکەیە، کە لە مەزرای کوردستانی داوە؛
- بنکەی ژاندارمەری، حکوومەتی ناوەندیی عیراقە، کە دەستی لەسەر دەست داناوە و هیچ ناکات؛
- موسیۆ، حکوومەتە ڕۆژئاواییەکانن کە کورد پەنای بۆ بردوون و داوای یارمەتی لێکردوون؛
- ئێران تاقمی یەکەمی ڕاوچییەکانە کە بە درۆ هاتووە و دەڵێ داعش لە ناو دەبەم بەڵام ئامانج و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە؛
- حەشدی شەعبی تاقمی دووهەمی ڕاوچییەکانە، کە هاتۆتە سەر سنوورەکانی کوردستان و بەڕواڵەت هێزێکی ناوخۆییە بۆ ئەوە پێك هاتووە بەرگر بێت لە دەست تێوەردانی لاوەکی لە کاروباری عیراق و بە خەیاڵ یارمەتی خەڵکە ماڵ وێرانەکە دەدات، بەڵام کلکی لەگەڵ تاقمی یەکەم واتە ئێران تێکەڵە و کاتێ کە پەردەی سیاسەت دابدرێتەوە، بۆی هەیە لەگەڵ ئەواندا هاوشان و هاوسەنگەر، هێرش بکاتە سەر کوردستان. ئیتر ئەودەم تەنیا داعش نییە، بەڵکوو حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێرانن کە پێکەوە هەڵدەکوتنە سەر کوردستان.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە، ئەو بەشەی خەڵکەکەش وا لە چیرۆکەکەی ساعیدیدا داوای یارمەتی لە بێگانە دەکەن، ڕاست لەگەڵ بارودۆخی هەندێك لە لایەنە کوردییەکاندا یەك دەگرنەوە. لێرەشدا ئەو حزب و تاقمانەن کە دەبنە کەوا سووری بەر لەشکر و سوپای بێگانە دەهێننە ناو وڵات! تەنانەت لە دیالۆگی ناو خەڵکی گوندەکەشدا هەمان ئەو بەربڵاویی بۆچوونە زاڵە، کە ئێستا لە ناو حزبە کوردییەکاندا بۆتە گوتاری سەرەکی و هەرکام سڵاوات لە دیداری بێگانەیەك لێدەدەن.[٢١٧]

---

[٢١٧]. برادەرێکی خۆشەویستم کە پێش بڵاوبوونەوە بەم بابەتەدا چۆتەوە، چیرۆکێکی کورتی بۆ ناردووم کە ئەویش پڕ بەپێستی ئەم گوتارە سیاسییەیە کە بریتی بێت لە پرسی سەربەخۆ بوون یان بە بێگانەوە بەستران. ناوی نووسەری چیرۆکەکە "منوچهر احترامی" یە بەڵام نازانم هەر خۆی نووسیویەتی یان لە کتێبی 'کلیل و دمنە' ی وەرگرتووە. ئەوە چیرۆکەکەیە و من لە فارسییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی.:

"**مار و بۆق و حاجی لەقلەق**: مار هاتبوون بۆقیان دەخوارد. بۆق سکاڵایان بردە لای لەقلەق. لەقلەق هاتن ماریان خوارد و بۆق پێی کەیف خۆش بوون. ئینجا لەقلەق برسی مانەوە و بەربوونە بۆق خواردن! جەماعەتی بۆق تووشی دووبەرەکی

یادی غولام حوسەین ساعیدی بەخێر بێت بۆ ئەو پێش بینییە ڕوونەی وا ٥٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ کوردستانی ئەمڕۆی کردووە!
٢٠١٥/٤/٢٦

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەلات – بۆکان بلاوبۆتەوە.

هاتن: هەندێکیان لایەنی لەقلەقیان گرت و هەندێکی دیکەیان خوازیاری ئەوە بوون مارەکان بگەڕێننەوە! لە ئەنجامدا مار هاتنەوە و دەستیان کرد بە بۆق خواردن. ئێستا ئیدی بۆق هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەگەزی بۆق بۆ خوران و قووتدران دێتە سەر ڕووی زەوی! تاقە یەك گرفت مابوو چارەسەری بکەن ئەویش ئەوەبوو نەیاندەزانی ئایا دۆست دەیانخوات یان دوژمن!"

# گیانەڵڵای مۆسیقای کوردی

مۆسیقای ئەمڕۆی کوردی لەقوڕ چەقیوە و لە جووڵە و هەرەکە کەوتووە، ئەگەر نیوە نووزەیەکیشی تێدا مابێت هی دەوڵەومەندیی فۆلکلۆرەکەیەتی کە هەرکەس هەڵدەستێت دەتوانێ لاوێچێکی لێ هەڵگوێزێت و ببێتە حەسەن زیرەك و تایەر تەوفیقی دووهەم و سێهەم و دەیەم و سەدەم، خۆ ئەگەر ئەوە نەبێت، گەلی کورد وەك تاقە نەتەوەی کەڕ ولاڵی جیهان، کە مۆسیقای نییە و دەنگی لێوە نایەت، دەچێتە کتێبی ڕیکۆردی گینیسەوە!

وا دەگەینە کۆتایی ساڵی **٢٠١٦** –ساڵێك کە تێیدا سێ کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی لە لەندەن بەڕێوە چوون. کۆنسێرتی سێ ئایکۆن واتە سێ ئەڵماسی سەر تاجی مۆسیقای کوردی، مامۆستایان ناسر ڕەزازی، شەهرام نازری و کامکارەکان. من بەختی ئەوەم هەبوو کە گوێگری هەرسێکیان بم. نازانم کامیەك لەو کەسانەی وا ئەم بابەتە دەخوێننەوە لەو کۆنسێرتانەدا ئامادە بوون بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ کوردێکی خەمخۆری هونەری نەتەوایەتی بە ڕەزامەندییەوە لە هۆڵی هیچکام لەو سێ کۆنسێرتە هاتبێتە دەرەوە.

***

**یەکەم،** کۆنسێرتی کاك ناسری ڕەزازی، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سەر مێدیای مەجازی، دەبوایە ڕێ ورەسمێك بێت بۆ ڕێزگرتن لە خزمەتی ساڵانی زۆری مامۆستا بە مۆسیقای کوردی. چۆنایەتی و هۆکاری ڕێ و ڕەسمەکە بە تەواوەتی دیاری نەکرا بوو و بە ڕوونی نەدەزانرا چییە. ئەوەندەی دەگوترا، ئەوە بوو گوایە بۆ ڕێزگرتن لە خزمەتی هونەریی کاك ناسر، لە هۆڵی زانکۆی سواسی لەندەن بەڕێوە دەچێت. لە ڕاگەیاندنێکی سەر فەیسبووکیشدا دەگوترا گوایە سەرۆکی زانکۆی سواس خەڵاتێك پێشکەش بە کاك ناسر دەکات کە نامۆی دەنواند و بۆ باوەڕ کردن نەدەبوو لەبەر ئەوەی پەیوەندێکی مەنتیقی لەنێوان مۆسیقای کوردی و کاك ناسر لە لایەك و سواس و سەرۆکەکەی لەلایەکیتر، نەدەبینرا. دڵنیام هونەرمەند خۆی نە ئاگاداری ئەو هەواڵە بوو، نە دەستی لەو ڕاگەیاندنەدا بوو، تەنیا بەڕێوەبەرانی کۆنسێرت بوون کە بۆ فرۆشتنی بلیتی زیاتر ئەم کارە نابەجێیەیان کرد.

لە ڕۆژی کۆنسێرتدا هیچ هەواڵێك لەو شتانە نەبوو! مەقام بێژێکی فارسی هاتە سەر شانۆ و نزیکەی سەعاتێك گۆرانی فارسی گوت. ئینجا کاك ناسر دەرکەوت و لەگەڵ هەمان ئۆرکێسترای ئێرانیدا چەند گۆرانیی کوردی پێشکەش کرد. بەشێك لە گۆرانییەکان هی خۆی بوون و ناسیاوی گوێی ئامادە بووان، بەڵام بەشێکی دیکەیان نە کاری ئەو بوون، نە ستایل و شێوازیان لە کاری ئەو دەچوو. بە گومانی من کاك ناسر دەبێ تەنیا لەبەر ناچاری قەبووڵی کردبێت هەندێك گۆرانی کۆن کە پێویستی زۆریان بە پرۆوە کردن نەبووبێت، لەگەڵ ئۆرکێسترێکدا بڵێتەوە کە نە کوردییە و نە ئەندامانی (جگە لە کەمانژەنێکی ئازەربایجانی)، شارەزای مۆسیقای کوردین! دیارە مۆسیقارەکان دەبێ لە ناو گۆرانییە کوردییەکاندا هەر ئەو چەند دانەیان زانیبێت، بۆ نموونە 'ئەسمەر یارم جوانە'، کە ئیتر وەك سروودی نەتەوایەتی کوردی لێ هاتووە و بێگانە و خۆیی دەیزانن!

بە کورتی، کۆنسێرتەکە بریتی بوو لە کارێکی تێکەڵ و پێکەڵ، ناپوخت و لە دوو وشەدا، چێشتی مجێور؛ کارەساتێك بوو نەك هەر بۆ بیسەر و بینەر بەڵکوو دڵنیام بۆ کاك ناسریش، کە وەسواسێکی هونەریی هەیە و پێشتر نەبینراوە لە کاری وا نیوە و نیوەچڵدا بەشداری بکات.

دوای تەواو بوونی گۆرانییەکان، هەمان گۆرانی بێژی ئێرانی بە زمانی فارسی باسێکی سەبارەت بە کەسایەتی کاك ناسر پێشکەش کرد و مامۆستا خۆیشی بە کوردی سپاسی ڕێکخراوەکەی کرد بۆ پێشکەش کردنی ئەو خەڵاتە و وەك گلەیی کردنێکیش گوتی ئەوکارە دەبوایە کورد بیانکردایە نەك ئەمان. ئینجا خانمێکی ئێرانی لە لایەن هەمان ڕێکخراوەوە خەڵاتێکی پێشکەش بە مامۆستا کرد و لەوێدا بوو دەرکەوت کە هەیت وهووتەکە هیچی هەو نەبووە و تەنیا کەسانێك لەو ڕێکخراوەیەوە ویستوویانە خەڵاتێك پێشکەش بە کاك ناسر بکەن و کۆنسێرتە ناتەواوەکەش- چاك یان خراپ، بیانوویەك بووە بۆ بەڕێوەچوونی ئەو بەرنامەیە!

ئەوەی لە کۆنسێرتەکەدا بەرچاو بوو، چەند خاڵ بوون:

١. ڕاستەقینەی کارەکە بە خەڵك نەگوترا و ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەم دەبێ بڵێم فێڵ لە خەڵك کرا، دەنا ناوی کاك ناسر بەس بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك ڕاکێشی ناو سالۆنەکە بکات.

٢. فێڵ لە کاك ناسریش کرابوو و بە ناوی خەڵات پێدانەوە هێنابوویانە سەر شانۆی کۆنسێرتێك کە نە ئۆرکێسترایەکی شایانی هونەرەکەی ئەوی تێدا ئامادە بوو، نە پرۆڤەی پێویستی لەگەڵدا کرابوو و نە تەنانەت یەك تاقە گۆرانیی تازەیان پێشکەش

بە خەڵکەکە کرد. گۆرانییەکان هەر ئەوانە بوون کە سەدان جار بیسترا بوون بەڵام هاورێ لەگەڵ ئۆرکێسترایەکی ناتەواوی دەستەوەستان!

٣. خەڵاتی هونەری، تەنانەت ئەگەر بە قوتابییەکی تازە پێگەیشتووش بدرێت، دەبێ لەلایەن کەسێکی بەرپرس و پەیوەندیدار بە کارەکەوە بێت، نەك فەرمانبەرێکی پلە سێ و چواری ڕێکخراوەیەك کە کەس نایناسێت و نازانێ کێیە. ئەوە بۆ شانی کاك ناسر گەلێك کەم بوو.

٤. ئەو ڕێکخراوەیە، ڕێکخراوێکی ئێرانی و تاڕادەیەکیش دەمارگیری فارسە و لە سێ چوار ساڵی ڕابردوودا هەر بەرنامەیەکی دانابێت، لە پەیوەندی "ئێرانی عەزیز" و "ڕابردووی پڕشکۆی ایران زمین"دا بووە، هیچکاتێك بەرنامەیەکی هونەریی بە زمانی ئازەربایجانی، کوردی یان گەلانی دیکەی ناو ئێران دانەناوە. ئەوان و کاك ناسر، چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە بەیەکتر گویشتوون، پرسیارێکە من وەڵامم بۆی نییە.

٥. کێ ئەو بەرنامەیەی ڕێکخستبوو؟ ئەگەر ئەو ڕێکخراوەیە ڕێکی بخستایە کە خەڵاتەکەی پێشکەش بە کاك ناسر کرد، بە عادەت لە هەمان ئەو هۆڵە دەبوو کە بەرنامەکانی دیکەیان تێدا بەڕێوە بردووە واتە "لۆگان هۆڵ" نەك هۆڵی بچووکی زانکۆی سواس کە تایبەتە بە وتاردان و سمینار و بۆ مۆسیقای جیددی نابێت.

٦. من ڕەنگدانەوەی کاك ناسرم سەبارەت بەو بەرنامەیە نەبیستۆتەوە بەڵام دڵنیام ئەویش دەبێ بە ڕادەی ئامادەبووان لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان ناڕازی و ناڕەحەت بێت. ئێمە هەشت کەس بووین و واهەیە دوای کۆنسێرتەکە چاوم بە دوو هەشت کەسیی دیکەش کەوتبێت یان بە تەلەفون قسەم لەگەڵ کردبێتن. لە ناو هەموو ئەو کەسانەدا، تاقە یەکیانم نەبینی بیرەوەرییەکی خۆشی لە کۆنسێرتەکە بووبێت.

٧. سەد حەیف بۆ مامۆستا ناسر کە بەشداریی بەرنامەیەکی ئەوتۆی کرد و سەد مخابن بۆ ئێمە کە ڕێز لە هونەرمەندە نەتەوایەتییەکانمان ناگرین و دەبێ چاو لەدەستی بێگانان بین بەو شێوە ناتەواوە خەڵاتیان بدەنێ.

***

**بەرنامەی دووهەم**، کۆنسێرتی مامۆستا شەهرام نازری بوو لە "باربیکەن هۆڵ"ی لەندەن. وەك هەموو کۆنسێرتەکانی دیکەی نازری، ئەمیشیان بەسەر دوو بەشدا دابەش کرابوو: بەشی یەکەم فارسی و بەشی دووهەم کوردی. مۆسیقای کلاسیکی فارسی یان وەك قسەی باو، مۆسیقای سوننەتی، بریتییە لە مەقامات و ئەویش دووپات بوونەوەی هەمان ئەو دەستگایانەیە

کە شەوق و زەوقی کەمیان تێدایە و زیاتر خەفەت هێنەرن. بەڵام مامۆستا شەهرام بە هێنانی شیعری فیردەوسی و مەولانای ڕۆمی بۆ ناو ئەو مەقاماتە جووڵەیەکی بەرچاوی خستۆتە مۆسیقای چەند سەدساڵەی مەقامیی ئێرانییەکانەوە. هونەری گەورەی دیکەی نازری، لایکەم لە ڕوانگەی ئێمەی کوردەوە، نوێکردنەوەی مۆسیقای مەقامیی ئەهلی حەق و هۆرەی جافییە کە نەك هەر بەکوردی چڕیونی، بەڵکوو بەشێوەیەك بردوونیەتە ناو مۆسیقای فارسیشەوە.

ئەوانە، گەورەیی کاری شەهرام نازری دەگەیێنن، بەڵام لە کۆنسێرتی لەندەندا بەداخەوە هەواڵێك لەو گەورەییانە نەبوو. ئەویش ویدەچوو بە پەلە کۆنسێرتەکەی بۆ ڕێکخرابێت و تەنانەت تاقە یەك هەوا و ئاهەنگی تازە، نە لە بەشی فارسیدا بوو و نە لە کوردییەکەدا!

کارم بە بەشە فارسییەکەی نەداوە، کە ئێرانییەکان دەبێ قوڕاو بخۆنەوە مامۆستایەکی وەك ئەو خزمەتی هونەرەکەیان بکات و خوێنی تازە بخاتە دەماری مۆسیقای مردووی سوننەتیانەوە. بەڵام بەشی کوردی دووبارە گوتنەوەی هەمان ئەو گۆرانییە کۆنانە بوو کە لە ئەسڵیشدا هیچکامیان هی ئەو نین و هەمووی فۆلکلۆریکن. نازری، کە لە مۆسیقای مەقامیی فارسیدا نوێخوازە، کاری بەرچاوی لە بواری مۆسیقای کوردیدا ئەگەر کردبێت، تەنیا گوتنەوەی مەقاماتی یارییە، کە بە ئۆرکێسترایەکی ڕیك و پێك، ڕۆژینی کردوون، دەنا ئەوانیتر هەمان مۆسیقا فۆلکلۆرییەکانن بە شیعری سەدان جار دووپات کراوەی وەك "شەماڵ داویە لێت زولفت شێویاگە / ئەر درۆ نەیژم ماچت کریاگە" کە مامۆستا شەهرام لای کەم لە چوار گۆرانیدا هەر ئەو شیعرەی گوتۆتەوە و هەمووی لە سەر یوتیووب هەن، وەك ئەوەی کورد هیچ شیعرێکی دیکە نەبێت و نەگونجێت هونەرمەندێکی پایەبەرز وەك ئەو، کە دەتوانێ شانامەی فیردەوسی لەبەر بکات، قاتی دوو فەرد شیعری مەلا پەرێشان یان خانا و بێسارانی بێت لەگەڵ گۆرانییەکەیدا بیڵێتەوە!

لە شەوی کۆنسێرتەکەدا مامۆستا شەهرام بەشی مۆسیقا فارسییەکانی بە هاوکاری ئۆرکێسترایەکی ئێرانی بەڕێوە برد بەڵام لە بەشی دووهەم واتە مۆسیقا کوردییەکەدا، بە تاکی تەنیا خۆی هاتەوە سەر شانۆ و بە "سێ تار"ێك کە خۆی دەیژەند، هاوڕێ یی گۆرانییە کوردییەکانی خۆی کرد. یەك لە گۆرانییەکانیش چی بێت باشە؟ ئەسمەر یارم جوانەی گۆرین! ئێمە ئەگەر ئەو ئەسمەرە جوانەمان نەبوایە، چ قوڕێکمان بە سەر خۆماندا دەکرد و گۆرانی بێژەکانمان دەبوایە بەرنامەکانیان بە چی پڕ بکەنەوە!

ناتەواویی بەرچاوی ئەم کۆنسێرتەش ئەوە بوو کە تەنانەت یەك پارچە مۆسیقای تازە و نەبیستراوی تێدا پێشکەش نەکرا، وەك ئەوەی هونەرمەند لە ماوەی دوو یان سێ ساڵی نێوان ئەم کۆنسێرتە و کۆنسێرتەکەی پێشووی خۆی لە لەندەن، هیچ کارێکی تازەی ئامادە

نەکردبێت. ئەوەش لای کەم بۆ بەشی مۆسیقای کوردی، جێگەی داخێکی گەورەیە. وێدەچێت مۆسیقای کوردی وەها لە قوڕی فۆلکلۆر چەقیبێت، کە کەس توانای هاتنە دەرەوەی لێی نەبێت. کورد ئەگەر بیرێك بۆ داهاتووی مۆسیقای خۆی نەکاتەوە و بیەوێت بە بێ نوێخوازی جیددی، لە سەر شێوازی پێشینیان بڕوات و هەموو مۆسیقاکەی لە فۆلکلۆردا خۆلاسە بکاتەوە، دەبێ لێبگەڕێت گەنج و لاوەکانی هۆڵی کۆنسێرتە ئێرانی و عەرەبی و تورکییەکان پڕ بکەن (وەك هەر ئێستاش دەیکەن) لەبەر ئەوەی مۆسیقا فۆلکلۆرییەکە ڕۆژین نەکراوە و وەڵامدەری نیازی نەوەی ئەمڕۆی ئێمە نییە. ئێمە کەسێکی پێشڕەومان دەوێت قوڵی هیممەت هەڵماڵێ و لە بەندی فۆلکلۆر ڕزگارمان بکات.

***

**کۆنسێرتی سێهەم**، هی ڕێزدار کامکارەکان بوو (شەش برا و خوشکێك) بە هاوکاریی سیمفۆنیای داکلەندی لەندەن و گرووپی کۆڕی "دەنگە هاوچەرخەکانی لەندەن"، کە ئەویش هەر لە "باربیکەن هۆڵ" بەڕێوەچوو- شوێنێکی خاوەن ئیعتیبار بۆ پێشکەش کردنی مۆسیقا.

سەرەتا بڵێم کاری کامکارەکان سەروگەردنێك لە دوو کارەکەی پێشوو باشتر و سەرکەوتووتر بوو، ئەویش دەتوانم بڵێم بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە دوو سێ کەس لە ئەندامانی تیپی کامکار، وەك کاك هوشەنگ و کاك ئەردەشیر، تێگەیشتوون لە ڕێگای فۆلکلۆرەوە بە هیچ کوێ ناگەن و هەوڵ دەدەن مۆسیقاکەیان ڕۆژین بکەنەوە.

بەشی یەکەمی کۆنسێرتەکە ڕەنگێکی ئەمڕۆیی پێوە دیار بوو ئەویش بەهۆی چەند سیمفۆنی وەك "ئەنفال" و ئاشتی و ئەوین و بەهارانی ئابیدەرەوە بە هاوکاریکردنی میهران ڕۆحانی کۆنداکتەری ئێرانیی و هانی خانمی کچی (سوپرانۆ) و دەڤید باسسۆ (تێنر). ئەم بەشەی کۆنسێرتەکە، ڕەنگی فۆلکلۆریکی کوردیی پێوە دیار نەبوو و واهەیە هۆکاری سەرکەوتوو بوونیشی هەر ئەوە بووبێت کە لەو جوغزە دیاریکراو و سەدان جار دووپات کراوەیە چووبووە دەرێ و لە ڕیزی مۆسیقای جیهانیدا وەستابوو.

بەڵام بەشی دوهەمی بەرنامەکە، گەڕانەوە بوو بۆ سەر خوانی فۆلکلۆر و جگە لە یەك گۆرانی تازە (نە شەرت، نە پەیمان)، ئەوانیتر دووپات کراوەی گۆرانییە کۆنەکان بوون وەك هەنار هەنار یان لانکۆڵەکەی دار هەنارە و ... ئەم بەشە بە بەشداریی شەش برا (بیژەن، ئەردەشیر، ئەرژەنگ، هوشەنگ، ئەرسەلان و ئەردەوانی کامکار) و سەبا خانمی کامکار بەڕێوە چوو. بەختەوەرانە ئەوانیش مەجبوور نەبوون شوێنی بەتاڵی بەرنامە بە ئەسمەر یارم جوانە پڕ بکەرنەوە، بەڵام دەرگای بەشی کوردیی کۆنسێرتەکەش لە سەر هەمان پاژنەی

فۆلکۆریی دەسوورا و هەوڵی ئەوان بۆ ڕۆژین کردنەوەی نەیدەتوانی بەتەواوەتی سەرکەوتوو بێت.

با ئەوەش بڵێم داهاتی کۆنسێرتی کامکارەکان بۆ یارمەتیدانی "مناڵانی شەڕ" لە سووریا و شوێنەکانی تر، تەرخان کرابوو و ئەوە گەورەیی ڕۆح و بەرپرسیایەتی کۆمەڵایەتی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە دەگەیێنێت. پێشتریش کاری هاوچەشنیان کردووە؛ دەستیان خۆش بێت.

*******

بەداخەوە ئەوەی سەبارەت بە مۆسیقای کوردی گوترا، دەکرێ باڵ بکێشێتە سەر هەڵپەڕکێی کوردیش. ئەمڕۆ کورد لە قوڕەسوورەی بە دەوری خۆدا خولانەوە چەقیوە و لە سەدان شێوازی سەما و دانسی ئەمڕۆیی گەلانی جیهان دوور کەوتۆتەوە، وەك ئەوەی سوێندی خواردبێت دەنگ لە هەموو خەڵکی جیهان دابگۆڕێت و وەك دەروشی چاك دەست لەو ئاڵقەبەستن و دەستی یەکتر گرتنە هەڵنەگرێت. ئێمە دەڵێی ئەرکی سەرشانمانە مۆڵەت بە کوڕ و کچانی گەنجمان نەدەین بتوانن وەك تاك سەما بکەن و مەجبووریان دەکەین هەڵنەپەڕن مەگەر دەستی یەکتر بگرن!

هەموو گەلانی جیهانیش هەڵپەڕکێی فۆلکلۆرییان هەیە بەڵام سەماش دەکەن و بەو کارە، قیبلەی هونەریان کەج نەبووە. هەڵپەڕکێی کوردیش، وەك مۆسیقاکەی، ئەگەر بێت و نوێ نەکرێتەوە دەمرێت و هەر ئێستاش مردووە. نوێ کردنەوەش بەوە ناکرێت کە ئەمڕۆ لە هەڵپەڕکێی مەریوانیدا دەیبینین؛ پاڵ بەیەکترەوە نان و شەق هاویشتن و لاق بەرزکردنەوە بۆ سەر لووتی کەسەکەی تر نابێتە نوێخوازی، ئەوە کارێکی ناشیرین و دوور لەعەقڵ و جێگەی داخە. تاقە ڕێگای ڕزگار بوون لەو قوڕەی تێی چەقیوین ئەوەیە بە تەنیشت هەڵپەڕکێی ئێستامانەوە سەمای ئاسایی گەلانی دیکە و مۆسیقای پەیوەندیدار بەو چەشنە سەمایەمان هەبێت.

هەرچەند درەنگتر بەرەو ئەو گۆڕانکارییانە بڕۆین، زیاتر لە گەلانی دیکەی جیهان دوا دەکەوین، ئەوەش تاوانێکە نەوەکانی دواڕۆژمان چاوی لێ ناپۆشن هیچ، هەر ئێستاش نیوەی لاوەکانمان لێمان دوور کەوتوونەتەوە و لەگەڵ بێگانە کەوتوون. مۆسیقا و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆریی کوردی، وەڵامی نیازەکانی لاوانی ئەم سەردەمە نادەنەوە، والسلام!

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات — بۆکان بڵاو بۆتەوە.

# ئیجباری لە کوردستان و گۆرانییەکی نەمر محەممەدی ماملێ

**"ڕەبیی ڕەزا شا جووت کوڕت بمرێ**
***قەت بووە ئیجباری لە کوردی دەگرێ!"***

هۆکاری نووسینی ئەم یادداشتە، گوێ گرتن بوو لە گۆرانییەکی نەمر محەممەدی ماملێ، کە برادەرێکی خۆشەویست بە دیاری بۆی ناردبووم. گۆرانییەکە لە سەر هەوای "ئای شل"ی فۆلکلۆریك دانراوە کە پێشتر حەسەن زیرەك و هەندێ گۆرانی بێژی دیکە گوتوویانەتەوە. سەربەندی 'ئەرێ شل...." هەموو جارێك دوای چوار فەرد شیعری سەبارەت بە ئیجباری گرتنەکە، دووپات دەبێتەوە.

بردنی لاوان بۆ سەربازی، دیاردەیەکی نوێ بوو کە لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی (١٨٧٧ - ١٩٤٤) دا بوو بە یاسا و ڕەچاو کرا.

ناوچەی ژیانی کورد کەوتۆتە سەر سنووری ئێران و دراوسێ دەسەڵاتدارەکانی بەری ڕۆژئاوای وڵاتەکە. لەو ناوچەیەدا شەڕ و ناکۆکی مێژوویەکی نزیك بە پێنج هەزار ساڵەی هەیە. هەموو ئەو حکوومەت و دەوڵەتانەی وا لە بەری ڕۆژئاوای ئێران دامەزراون، لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی ئێراندا سەرەتا خاکی کوردیان پێشێل کردووە ئینجا گەیشتوونەتە ناوخۆی ئێران و سەر بەش و قەومییەتەکانی دیکەی دانیشتووی ئەو فلاتە؛ بە پێچەوانەش کاتێ ئێرانییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر دراوسێ ڕۆژئاواییەکانیان، سوپایان بە خاکی کورددا تێپەڕ بووە و لەم تێپەڕبوونەدا هەم خەڵکەکەیان بە سۆغرە گرتووە و بە زۆر بردوویانن بۆ شەڕی نەخوازراو، هەم ئابووری شار و گوندەکانی سەر ڕێگەیان لەناو بردووە. ئەو حوکمە بە گشتی هەموو ئەو دەسەڵاتداریەتییانە دەگرێتەوە کە لە ناوچەکەدا پێك هاتوون، هەر لە سومەرەوە تا ئاشوور و یۆنان و ڕۆم و عەرەب و عوسمانی و لەم دواییانەشدا عیراق.

ئەو هێرشبەرانەی وا لە لای ڕۆژهەڵاتەوە هاتبنە شوێنی ئێستای بە کوردستان ناسراو، زۆر نین و دەکرێ لە دوو مەقوولەدا کورت بکرێنەوە: یەکەم ئارياييەکان و دووهەم، بە هەندێك جیاوازیی قەومییەوە، تورك و مغول. پاشماوەی هێرشەکان هەمووی هەر لە لای ڕۆژئاواوە بووە.

هێزی شەڕڤانی کورد لە ماوەی هەموو ئەو شەڕ وگەڕانەدا، بریتی بوون لە هێزی سوپایی پێکهاتوو لە خەڵکی ئاسایی واتە سوپای ڕانەهێنراوی فێئۆداڵی و عەشیرەیی، کە بە بێ خواستی کۆمەڵانی خەڵك و بە زۆرەملێی حاکمان و شاهان بەشداریی ئەو شەڕانەیان کردووە بێ ئەوەی بەرژەوەندی یان خواست و ئیرادەی ئەوانی تێدا بەرچاو گیرابێت.

سەرەهەودای یەکەم سوپای ڕێك و پێك و ڕاهێنراوی کورد لەو لەشکرەدا دەدۆزرێتەوە کە خوسرەوخانی گەورە کوڕی ئەحمەدخانی موهاجیری ئەردەڵان پێکی هێنا ئەویش لە نێوان ساڵانی ١١٦٨ ی کۆچی (١٧٥٤ز) و ١٢٠٤ ی کۆچی (٩٠/١٧٨٩ ز) دا، کە بە پچڕانێکی سێ ساڵەوە، حکوومەتی ئەردەڵانی دەکرد. خوسرەو خان یەکەم حاکمی ئەردەڵان و تەنانەت یەك لە یەکەم حاکمانی هەموو ئێران بوو کە سوپای نوێی ڕێك و پێکی کردە جێگری چەکداری ڕەمەکیی فێئۆداڵی (سیر الاکراد، ل ٥٣ و تحفه ناصری، ل ١٦٧). ئەو ڕەوتە دوای خوسرەوخان تەریك کەوتەوە و شوێنەوارێکی وای لە مێژووە نووسراوەکاندا بۆ نادۆزرێتەوە.

بەڵام لە ئێرانی ساڵانی ١٣٠٠ تا ١٣٠٥(١٩٢١ تا ٢٦) دا هەوڵێکی زۆر لە پێناو هێنانە گۆڕی یاسایەك بۆ مەجبوور کردنی لاوان بە کاری سوپایی درا و مەجلیسی شۆڕای ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٠٤ ی هەتاوی (١٩٢٦ز) دا بۆ یەکەم جار قانوونی خزمەتی ئیجباری بۆ کوڕانی هاوڵاتی ئێران، دوای تەمەنی ١٨ ساڵان پەسند کرد و لە ئەنجامدا ئیجباری چوون بوو بە کارێکی ئیجباری!

حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەوی (نێوان ١٣٠٤ تا ١٣٢٠هەتاوی/ ١٩٢٥ تا ١٩٤١ز) بەو کارە و هەروەها بە هەندێك هەوڵی دیکەی لە پێناو هاوچەشن کردنی جل و بەرگ و کڵاو و گۆڕینی ڕۆژژمێری مانگی بۆ هەتاوی و مەنعی حیجاب، کە ئەوانیش چاك یان خراپ، بە زۆرەملێ و بە پێچەوانەی خواستی کۆمەڵانی خەڵك بەڕێوەبران، کەوتە ناحەزی نواندن و دژبەرایەتی خەڵکەوە و کەم و زۆر، بۆ یەکەم جار کۆمەڵانی گەلیش دژ بە "اولی الامر"ێکی تاجدار وەستان کە پێشتر، بۆ ماوەی سەدان سەدە و ساڵ ئیتاعەت کردنیان بە واجیب زانیبوو! ئەو ڕووبەڕوو وەستانە، بە تایبەت لە کوردستان و لە ناو مەلای سوننە و هەندێك شێخ و مەشایەخ (نەك هەموویان)، هەروەها لە ناو "بەرگدروو"ی شارەکاندا زیاتر هەستی پێ دەکرا کە فەرمانی مەنعی لەبەر کردنی جل وبەرگی کوردی بژیوی ڕۆژانەیانی خستبووە مەترسییەوە.

ئەو دژایەتییە درێژەی کێشا و خەڵك تەنانەت لە سەردەمی کوڕەکەشیدا (١٣٢٠ تا ١٣٥٧هەتاوی/ ١٩٤١ تا ١٩٧٩ز) لەگەڵ سیاسەتەکەیان ئاشت نەبوونەوە و بەربەرەکانیان کرد. سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژێکاف و حزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣١ و ٣٢ ی خەڵك لە چەند ناوچەی کوردستان، خەباتی

چەکدارانەی ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ دەرەنجامی ئەو بەربەرەکانییە بوون کە سەرەئەنجام گەیشتنە ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی بە تەواوەتی.

شیعری گۆرانییەکەی ماملێ، بابەتێکی فۆلکلۆری و هەڵقولاوی خواست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵك لای کەم لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. شیعرەکە پیشاندەری هەستی خەبات و بەربەرەکانی کردنی خەڵکە لە بەرانبەر سیاسەتەکانی دەوڵەت و بە تایبەت لە بەندی یەکەمیدا ناچاری و ناعیلاجی خەڵك بەرانبەر سیاسەتێك کە بە ناعادڵانەی دەناسن و لە بەندی چوارەمدا تووڕەیی و هەروەها سەرسووڕمانی خەڵك دەبارێت. با سەرەتا شیعرەکان بخوێنینەوە:

"کوڕم گەورە کرد بە قەندی شاری / ڕەزاشا بردی بۆ لای ئیجباری

مانگێ حەوت قڕان، ڕۆژێ چوار شایی / چ بدەم بە قەند و چ بدەم بە چایی!

بەرگی ئیجباری بە بەرم تەنگە / لەکن 'یاوەر'ی زمانم لەنگە!

ڕەبی ڕەزاشا جووت کوڕت بمرێ / قەت بووە ئیجباری لە کوردی دەگرێ!"

ئەوەش سەربەندی گۆرانییەکە:

ئەرێ شل وەی شل، شل و شێواوی / یان ماندووی ڕێگای دەنا هەتاو لێداوی

***

شیکردنەوەیەکی وشەکانی شیعرەکە:

**قەند:** شەکری بە کلۆکراو

**قەندی شاری:** پێشتر لە کوردستان و شوێنەکانی تر لە ناو ئێران زۆر کەس لە ناوماڵی خۆی قەندی دروست دەکرد واتە شەکریان لە ئاودا دەکوڵاند و دەیانکردە قاڵبەوە و کاتێ دەمەیی و ڕەق هەڵدەگەڕا لەتیان دەکرد و لەگەڵ چایی دەیانخوارد. من لە سەردەمی منداڵیی خۆمدا لە ماڵی خۆمان لە بۆکان بینیومە دایکم قەندی دروست کردووە و لەبەر تاوی داناوە تا خۆی بگرێت و بمەیێت.

بەڵام ئەو قەندەی وا لە شارەکان زیاتر دەخورا و لە شارەوە دەبرایە گوند، بەشێکیان شکڵی کەلـلەقەند (مخروط)ی هەبوو و زیاتریش پەسند دەکرا لەبەر ئەوەی درەنگتر لەدەمدا دەتوایەوە و زۆرتری بەرگە دەگرت. ئەوەی کە پێی دەگوترا 'قەندی شاری'، یان لە کارخانە (بۆ نموونە، لە کارخانەی قەندی میاندواو) دروست دەکرا کە لە ساڵی ١٣١٢ واتە سەردەمی ڕەزاشادا بنیات نرابوو، یان لە کارگەی بچووك. قەندی کارگەکان کەلـلەیی نەبوون و شکڵی 'هەشت گۆشە'یان هەبو، بە قەبارە لە کەلـلە قەند بچووکتر بوون و قەندی کلۆیان پێدەگوترا، نرخیشیان کەمتر بوو لە نرخی قەندی کەلـلە. منداڵ بە قەندی شاری گەورە کردن واتە خەرج و مەسرەفی زۆر بۆ کردن.

**ڕەزاشا:** یەکەم شای زنجیرەی پەهلەوییەکان کە دوای ئەحمەدشا (دوایین شای قاجار) لە ئێرانی نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا پادشایی کرد و لەر سەردەمی ئەودا 'خزمەتی سەربازی' کرایە ئیجباری. بڕوانە سەرەوەتر.

**مانگێ حەوت قڕان...:** مواجبی مانگانەی سەربازی بە ئیجباری گیراو لە ئێران زۆر کەم بوو. ئەو حەوت قڕانە تەنانەت کەمتر لە یەك تاقە تمەنیش بوو. وابزانم تا ساڵانی دوای ١٣٣٢ش ئەو پارەیەی وا دەدرایە سەرباز هەر وا کەم بوو.

**قڕان:** ڕیاڵ، دەیەکی تمەنێك.

**شایی:** بیست یەکی قڕانێکە. قڕان بیست شایی بوو لە قڕان کەمتریش هەبوو کە پێیان دەگوت دە شایی و لە هەندێك بەشی کوردستان بۆ نموونە لە موکریان "پەنابات"یان پێدەگوت. "پەناباد" لە وشەیەکی ڕووسی دەچێت و ئەو ناوە لە ئێرانیشدا هەبووە، بۆ نموونە لە شیعرێکی فۆلکلۆری فارسیدا کە باسی یەکەمین هێڵی ڕێگائاسنی نێوان تاران و شەهرڕەی (شاە عبدالعظیم)دەکات کە یەك لە وێستگەکانی لە گوندی "دەوڵەت ئاباد"ی نێوان ئەو دوو شارە بوو، ئاوا گوتراوە: "ترن آمد دولت آباد / قران دادم جای پناباد" (لە کتێبی "از صبا تا نیما"م وەرگرتووە). پێشتر 'شایی'ش هەبوو کە بیست یەکی قڕان بوو بەڵام بۆ نموونە، لە سەردەمی منداڵیی مندا چیتر لەبازاڕدا نەمابوو.

ئەو شیعرە بە گشتی باری ئابووریی و ژیانی ناخۆشی سەربازمان بۆ دەگێڕێتەوە و دیارە دڵی کەس وکاری سەربازەکەی سووتاندووە کە منداڵە نازدارەکەیان لە سەربازی چی بەسەر دێن و چۆن لە نەداری و هەژاریدا دەژی.

**بەرگی ئیجباری...:** جل و بەرگی ئیجباری بە بەژنی کەسەکە نەدەبڕا و زوربەی کات گەورەتر یان بچووکتر دەردەچوو. گەورە بوونەکەی خراپ نەبوو بەڵام ئەگەر بە بەری کەسەکە تەنگ بوایە، کێشەی دڕان و هەڵوەشانەوەی لێ پەیدا دەبوو و سەرباز مەجبوور بوو خۆی بە دەرزی و دەزوو بیدروێتەوە. ئەوەش بۆ کوڕەلاوی دەست و پێ سپیلکە کارێکی ناخۆش بوو. کوڕی تەمەن ١٨ و ١٩ ساڵان لەو کۆمەڵگایەدا عادەتی بە خزمەتەکانی دایك و خوشك گرتبوو و زۆربەی کات، یەکەم جار بوو لەماڵی خۆی هاتبووە دەرێ بێ ئەوەی هیچ شتێك لە کاری ناوماڵ بزانێت.

منداڵ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گەلێك باشتر ڕادەهێنرێن و بەهۆی نەبوون (یان کەم بوونی) جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچەوە، لە ماڵ و قوتابخانە فێری ئەوە دەکرێن هەندێك کاروباریان خۆیان بەرێوەی بەرن. بەڵام منداڵی نێرینەی لای ئێمە وەك باوکەکەیان، کەڵك لە خزمەتی ئەندامانی مێینەی ناو ماڵ وەردەگرێت هەر لە ئامادەکردنی خواردنەوە تا جل وبەرگ شتن و

تەنانەت جێگەوبان ڕاخستن و هەڵگرتنەوەی و گەسك لێدان و قاپ و قاچاخ شۆردن دەخاتە ئەستۆی دایك و خوشکەکەی. ئەو جیاوازیی پەروەردەیە ئێستاش کاتێ لاوانی کورد بە پەنابەری دێنە ئوروپا، بە باشی دەردەکەوێت. لە کاتێکدا منداڵانی ئوروپایی ئەو تەمەنی تین ئەیجرییە، بە کچ و کوڕەوە، لای کەم دەزانن چۆن هەندێك خواردن ئامادە بکەن و جل و بەرگی خۆیان لە جلشۆری کارەباییدا بشۆن، لاوانی کەم تەمەنی کورد بە تایبەت لە باشووری کوردستانەوە کاتێ دەگەنە ئێرە، دەڵێن جگە لە هێلکە ورۆن هیچ خواردنێك ناتوانین ئامادە بکەین و ئیش کردن بە جلشۆری کارەباییش نازانین، جل و بەرگیشمان هەمیشە دایکمان بۆی شۆردووین و گەسکی کارەباییشمان نەبووە بزانین چۆن ئیشی پێدەکرێت!

**یاوەر:** مێجەر، سەرگورد، پلەیەکی سوپایی لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشا بەدواوە.

بەگوێرەی پەسندی "فرهنگستان ایران" لە ساڵی ١٣٠٠، دەرەجەی 'یاوەری' بوو بە بەشێك لە دەرەجاتی ئەرتەش. بەڵام لە ساڵی ١٣١٤ دا هەمان فەرهەنگستان ناسناوەکانی سوپای سەرلەنوێ گۆڕی و هەموویانی کردە 'فارسی'، کە یەکیشیان یاوەر بوو و کرایە 'سەرگورد'.

**جووت کوڕی ڕەزا شا:** ڕەزاشا سەرجەم لە چوار هاوسەری خۆی ٧ کوڕ و چوار کچی بوون. سێ منداڵی یەکەمیان کچ و شەش منداڵی دواتر کوڕ بوون ئینجا کچێك و کوڕێکی دیکەشی بووە. دوو کوڕی یەکەمی ڕەزاشا بریتی بوون لە محەممەد ڕەزا و عەلی ڕەزا. محەممەدڕەزا دواتر بوو بە جێگری باوکی و شای ئێران، عەلی ڕەزا دووهەم کوڕی ڕەزاشا و برای دایك و باوکی محەممەدڕەزا بوو لە تاج الملوکی ئایرەملوو هاوسەری دووهەمی باوکی.[٢١٨]

هەندێك حیسابات سەبارەت بە مێژووی گوترانی شیعرەکان:

کاتێ کە لە شیعرەکەدا گوتراوە "ڕەببی ڕەزاشا جووت کوڕت بمرێ..."، بە ئەگەری زۆر سەردەمێك بووە کە ڕەزاشا تەنیا ئەو دوو کوڕەی بووە و بەو حیسابە، ڕێکەوتی لە دایکبوونی کوڕی دووهەم گرنگایەتی پەیدا دەکات. بە گوێرەی سایتی ویکی پێدیای فارسی، عەلیڕەزا ی کوڕی ڕەزاشا، دووهەم کوڕ و پێنجەم منداڵی بووە و لە ١٣٠١/١/١٢ ی هەتاوی (سەرەتای مانگی ٤ی ١٩٢٢) لە دایك بووە. ئێستا دەبێ بزانین منداڵی دوای ئەو (سێهەم منداڵ)، کێ بووە و کەی لە دایك بووە. منداڵی دوای عەلی ڕەزا بریتی بووە لە غوڵام ڕەزا، کە ١٣ مانگ و ١٢ ڕۆژ دوای لە دایك بوونی ئەو هاتۆتە جیهان.

---

[٢١٨] عەلیڕەزا لە ساڵی ١٣٣٣ (١٩٥٤) لە فڕۆکە کەوتە خوارەوە و مرد. هەندێك کەس گومانیان لە شێوەی مردنەکەی کرد و لایان وابوو بە فیتی برا گەورەی خۆی (محەممەد ڕەزاشا) کووژرابێت کە ترسی ئەوەی هەبوو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بیکەنە جێگری ئەو. بەڵام ئەوە واهەیە ڕاستیش نەبێت.

که وابوو، ئەو شیعره له نێوان ڕێکەوتی لەدایکبوونی کوڕی دووهەم و سێهەمی ڕەزاشادا گوتراوه و ئەویش دەبێته نێوان ١٣٠١/١/١٢ و ١٣٠٢/٢/٢٤ ی هەتاوی (بەهاری ساڵی ١٩٢١ و ٢٣ ی زایینی).

دیاره ئەگەرێکی دیکەش ئەوە دەبێت که وێژەری شیعرەکه بۆ ڕێك خستنی کێش گوتبێتی 'جووت کوڕ' و لەو سەردەمەدا ڕەزاشا زیاتر له دوو کوڕی بووبێت، که ئەوەش نەگونجاو نییه و ئەگەر بچینه سەر ئەو باوەڕە، ئەودەم دەبێ بڵێین شیعرەکه دوای ١٣٠١/١/١٢ (١٩٢٢ز) ی له دایکبوونی کوڕی دووهەم و ١٣١١ /٤/١٣ (١٩٣٢)گوتراوه که ڕۆژی له دایکبوونی حەمید ڕەزا وەك دوایین کوڕی ڕەزاشایه. بەڵام چ ساڵێك لەو بەینەدا؟ ئەوە نازانرێت و له شیعرەکەش دەرناکەوێت.

سەبارەت به شوێنی گوترانی شیعرەکان پێویسته یەك خاڵ بگوترێت. ئەو شیعرانه یەکدەست و یەك چەشن نین و نابێ وەك قەتعە، یان غەزەلێکی ستانداردی کلاسیك چاویان لێ بکرێت. ئەوانه چوار فەرد شیعری لێك جیاوازن سەبارەت به یەك بابەتی دیاریکراو که نەمر محەممەدی ماملێ لێرەو ولەوێ کۆی کردوونەتەوە و به شوێن یەکدا هێناونی، وەك زوربەی هەره زۆری گۆرانییه کوردییەکانی دیکەش هەر وان. بۆ نموونه، فەردی دووهەم هیچ پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی به ڕەزاشاوه نییه جگه لەوەی سەربازی بیدعەتێکی نوێی سەردەمی ئەو بووە. من ئەو شیعرەم له سەردەمی منداڵیی خۆمەوە سەدان جار بیستووه بەڵام ئەوانیترم گوێ لێ نەبوون. بەم پێیه شوێنی گوترانیشیان واهەیه جیاواز بێت بەڵام بەگشتی و به حیسابی شێوه زمان و زاراوە، دەبێ هی ناوچەی موکریانی نێوان شنۆ له باکوور هەتا بۆکان له باشوور بێت، گەرچی واهەیه بکرێت جوغرافیاکەی تا ڕادەیەکیش بەرینتر بکرێتەوە و بگاته هەوشار و سەقز و بانەش. به حیسابی زاراوە، لام وانییه بتوانین لەوە باشوورتر بڕۆین. یەك خاڵ له فەردی سێهەمدا هەیه که پەیوەندیی زیاتری به ناوچەی مەهاباد و سەردەشت تا شنۆوه دەدات ئەویش کاتێکه که دەڵێ "لەکن یاوەری...". ئەو /ی/یەی دوای یاوەر له بۆکان و سەقز و بانه ناگوترێت و تایبەتمەندی مەهاباد و دەوروبەریەتی.

یادی ماملێ و وێژەرانی نەناسراوی ئەو شیعره فۆلکلۆرییانه بەخێر بێت!

کۆتایی هاوینی ٢٠١٧

# فستیڤاڵی ئەمساڵی "ناتینگ هیل گەیت"ی لەندەن

ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ ی ئۆگوست، لە دوایین پشووی سێ ڕۆژەی ئەمساڵی بریتانیادا، کارناڤاڵی دووڕۆژەی ناتینگ هیڵ گەیت[٢١٩] بەڕێوە چوو. دەگوترێت ئەو ڕووداوە هونەرییە گەورەترین کارناڤاڵی ساڵانەی سەر شەقام بێت لە ئوروپا.

من لە ماوەی ٣٣ ساڵی ژیانی لەندەنمدا، جگە لە ٢ ساڵی بە سەفەر چوونە دەرەوەی وڵاتم، هەموو ساڵێك چوومەتە سەیری ئەو ڕووداوە خۆشە.

گەلێك خەڵکم بینیوە دژ بە فێستیڤاڵەکە دەوەستن و هۆکارەکەی لە چەند دیاردەی وەك قەرەباڵغی، ڕووت وقووتیی ژنان و پیاوان، دەنگ و سەدای زۆر، خواردنەوە و سەرخۆش بوونی هەندێك کەس، حەشیش کێشانی هەندێکی دیکە و نەبوونی هێمنایەتی و ئاسایشدا کورت دەکەنەوە. بە داخەوە زوربەی ئەو خەڵکانە تەنانەت جارێکیش نەچوونەتە سەیری کارناڤاڵەکە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان تاقی بکەنەوە، بەرگرییان لە چوونی ئەندامانی بنەماڵەکەشیان کردووە ئەزموونی بکەن.

ئەوە وەستاوەتە سەر هەڵوێست و گۆشەنیگای کەسەکان و بۆ نموونە ئەگەر پرسیاری هەڵوێست لە ئایەتوڵڵا خامنەیی و مەلا کرێکار و بێچوەکانیان لە کوردستان بکرێت، بێگومان وەڵامیان نەرێنی دەبێت. بەڵام گەلی کورد کە سەدان و هەزاران ساڵە بە ڕەشبەڵەك و شایی ڕاهاتووە بۆچی دەبێ وابێت؟ ئەی بە ناو ڕووناکبیرە پێشکەوتنخوازەکانمان چی؟ خۆ هەڵوێستی ئەوان لە مەلا کەڵەك باشتر نییە!

بۆچوونی من سەبارەت بە مەسەلەکە گەلێك لەو هەڵوێستە چوارچێوەدارە دوورە کە بە داخەوە بەشێك لە ڕاست و چەپی کۆمەڵگای کوردی نیشتەجێی بریتانیا تێیدا هاوبەش و هاوبیرن. من کارناڤاڵەکە بە شێوەیەکی دیکە دەبینم:

- زیاد لە ١٠ سەعات مۆسیقا و هەڵپەڕکێی تازە،
- جل و بەرگی ڕازاوەی هەرکام لە گرووپەکان،

---

219 Notting Hill Gate Street Carnival

- سەیر و تەماشای بێ تێچوو لە هەوایەکی خۆشی هاوینەدا،
- ئازادیی گەڕان و سەیران بە دەیان کیلۆمەتر ڕێڕەوی گرووپە مۆسیقایی و هەڵپەڕکێکاندا،
- مافی تێکەڵ بوون لەگەڵ گرووپەکان و هەڵپەڕین و گۆرانی گوتن و بە شەقامدا ڕۆیشتن لەگەڵیان،
- ئازادیی وێنە و فیلم گرتن،
- تاقی کردنەوەی خواردەمەنی هەمەچەشنەی گەلانی جیاجیای جیهان،
- و لە هەمووان گرنگتر تێکەڵاویی ڕەگەزی و نەتەوەیی و چینایەتی، بە شێوەیەك کە ڕەشی ئەفریقی و کارائیبی و سپی بریتانی و ئورووپی و بۆری هیند و پاکستانی و عەرەب و ئێرانی و چاوبادامیی چینی و ژاپۆنی، هەژار و دەوڵەمەند بە بێ جیاوازیی چین و توێژی کۆمەڵایەتی، لە قاڵبی باند و گرووپی هونەریی ناوچە و گەڕەکی جیاجیای شارەکەدا دەتوانن شادی و پێکەنین و دڵخۆشی بکەنە میوانی خەڵك و خەفەتی ژیانی ڕۆژانە و کار و ماندوویی و ڕووگرژی و خەمی گرانی و کەم داهاتیی زۆرێك لە بینەران بۆ ماوەی دوو ڕۆژیش بێت، بەبادا بدەن- ئەویش لە بارودۆخی تایبەتی ئەمساڵدا کە چارەنووسی "برێگزیت"ەکەی بۆریس جانسن و حزبی کۆنسێرڤاتیڤ نادیارە و دوور نییە لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی بریتانیا لە دراوسێکانیان دابڕێن و بۆ هاتووچۆی ئاسایی لە وڵاتانی ئوروپاییدا پێویستیان بە ڤیزا و ئیجازە هەبێت، کە ئەوانە و ڕوون نەبوونی داهاتووی ئابووریی وڵات بەشێکی زۆری خەڵکەکەی لە دڵەتەپێدا ڕاگرتووە.
- لە لایەکی دیکەوە، کارناڤاڵەکە بە درێژایی تەمەنی، خاوەن هەڵوێستی کۆمەڵایەتی- سیاسی بووە و بۆ نموونە پشتگیری ئەو خەڵکانەی کردووە کە ماوەی نزیك بە ٩٠ ساڵە لە ئەفریقا و کارائیبەوە هاتوونەتە بریتانیا بەڵام هێشتا مافی هاوڵاتیبوونیان پێ نەدراوە.
- ئەمساڵ کارناڤاڵ یادی ئەو ٧٢ کەسەی کردەوە کە شەوی ٢٠١٧/٦/١٤ لە ئاگرکەوتنەوەی بورجی "گرینفێڵ"ی لەندەندا گیانیان لە دەست دا. سەعات ٣ ی دوای نیوەڕۆ، بە پێی ڕاگەیاندنی پێشوەخت، هەموو باندە مۆسیقا و هەڵپەڕکێیەکان بۆ ماوەی ٧٢ چرکە بە بێدەنگی وەستان و من خۆم لەوێ بووم کە هەموو ئەوانەی وا لە دەوروبەری من بوون، ڕەچاوی بێدەنگییەکەیان کرد. ئەو بێدەنگی و ڕێز لێگرتنە، لە ڕاستیدا هەڵوێست گرتن بوو بەرانبەر بە هەندێك دەسەڵاتداریەتی کە

هەوڵ دەدەن بەرپرسیایەتی خۆیان لە مەرگی بێ تاوانی ٧٢ قوربانیدا لە سەر شان دابماڵن.

لای من، ئەو کارەی بەڕێوەبەرانی کارناڤاڵەکە گەلێك سیاسی و بە پێوانەی کار و خەباتی کۆمەڵانی خەڵك لەم شوێنەی جیهاندا، بوێرانەیە. بەڵام ڕەنگە ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەو زۆری دیکەی هاوشێوەی ئەویش بۆ هەندێك بیری کۆن بەس نەبن تا جووڵە بە خۆیان بدەن و هەنگاوێك لە دۆگماتیسمی عادەت پێکراو دوور کەونەوە و ژیان و جیهان بە چاوی واقیع سەیر بکەن نەك بە چاویلکەی تەمگرتووی ئێستایان.

نیازی من لە نووسینی ئەم دێڕانە، ئەوەیە بڵێم خۆ لادانی هەندێك لە ئێمە و نەچوونە تەماشای ئەو هەموو جوانییە بە بیانووی نابەجێ، کارێکی هەڵە و مەترسیدارە. مەشرووب خواردنەوە و دەرمانخواردنی هەندێك کەس بۆچی دەبێ سەرجەم ڕووداوە مەزنە هونەرییەکە بخاتە بەر سێبەری خۆی؟ مەشرووب و مادەی سڕکەر بۆ شاری لەندەن بێگانە نین و لە ڕۆژانی دیکەی ساڵ و لە ژیانی ئاساییشدا هەر هەن و پەیوەندیکیان بە فێستیڤاڵەکەوە نییە. جل وبەرگی هاوینەی ژن و پیاوی ئاسایی لە ناو شاردا کەم و زۆر هەر ئەوانەن وا لە فێستڤاڵەکەشدا دەبینرێن بە هەندێك هەڵکشان و داکشان و گەشی و جوانی ڕەنگەکانیانەوە؛ ئیتر ئەوە چ ترسێکە داوێنی بەشێك لە خەڵکی ئێمەی گرتووە و بەرگرە لەو سەیر و سەیاحەتە خۆشەیان؟

واهەیە هۆکارەکەی لەو ڕاستییەدا بدۆزرێتەوە کە کۆمەڵگای ئێمە، بە تایبەت لە هەندێك بەشی کوردستاندا موحافیز و لەبەرانبەر شێوازی نوێی هونەریدا خۆ ڕاگرە. ڕژیمە داگیرکەرەکان بە درێژایی ٧٠ - ٨٠ ساڵی ڕابردوو هەوڵیانداوە ئێمە لە گێژاوی فۆلکلۆردا بخنکێنن و نەهێڵن بیر لە نوێخوازی بکەینەوە. ئەوان کارێکی وایان کردووە کە گەلەکەمان فۆلکلۆر و بابەتی کۆن و پەرپووت نەبێ دیاردەی نوێ قەبووڵ نەکات، هەر بۆیە ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە، هەر کاوێس ئاغا و سەید عەلی ئەسغەر و عەلی مەردان و حەسەن زیرەك دووپات دەکەینەوە و سەدان کۆپیی بەدەڵیی ئەو هونەرمەندانەمان دروست کردووە کە کاوێژی گۆرانییە کۆنەکان دەکەن و بە ناوی ئەوانەوە دەژین، بێ ئەوەی هونەرەکەمان هەنگاوێك لە هی سەردەمی ئەوان ببەنە پێشەوە. گرنگایەتی ئەو پێشڕەوانەی مۆسیقای کوردی لەوەدا بووە کاتی خۆی دیاردەی نوێیان هێناوەتە ناو هونەری کوردییەوە و لاسایی کەسیان نەکردۆتەوە؛ بەڵام ئەو کۆپییە بەدەڵییانە جگە لە لاسایی کردنەوە هیچیان نییە بیدەنە خەڵك و لاسایی کردنەوەش فڕی بەسەر داهێنان ونوێخوازی و پێشخستنی هونەرەوە نییە.

ئێمە تەنانەت نەمانتوانیوە گۆڕانێك بە سەر هەڵپەڕکێ نەریتییەکەماندا بێنین و لە بەند و زنجیرە کۆنەکانی ڕزگار بکەین جگە لەوەی لە ژێر گوشاری مەلای ئێراندا ڕەشبەڵەکی نەریتیمان کردۆتە پیاوانە و ژنانە! دڵنیاشم ئەگەر مێشکی بێزار لە نوێخوازیی ئێمە هەر وا کە ئێستا هەیە بمێنێت، چەندساڵی دیکە و دوای پەرەسەندنی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و داعش، باشووری کوردستانیش وەك ڕۆژهەڵاتی لێ دەقەومێت و دەبێ لەجیاتی هەڵپەڕکی لە سینگی خۆیان بدەن!

جیا لەو خاڵە گشتییانەی فێستڤاڵەکە، پرسیارێکی تایبەت بە کوردیش هەیە: بۆچی گرووپێکی هەڵپەڕکێی کوردی بەشداریی ئەو کارناڤاڵە ناکات؟ بۆچی ١٠-١٥ کچ و کوڕی کورد بە مۆسیقای کوردی و جل و بەرگی نەتەوەییەوە هاوڕێ لەگەڵ گرووپەکانی تر، بە شەقامەکانی لەندەندا تێپەڕ نابن تا هونەری کوردی پیشانی سەدان هەزار بینەری ئەو ڕووداوە گەورە هونەرییە بدەن؟ خۆ ئەوە لە هەموو کارێکی تەبلیغاتی سەر تەلەڤیزیۆنەکانمان بەهێزتر و پڕ بینەرترە. تەلەفیزیۆنە کوردییەکان تەنیا خۆمان دەیانبینین بەڵام ئەوە بۆ بێگانەیە و لە ڕێگەیەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بە زمانی گۆرانی و دەفە و شمشاڵ و هەڵپەڕکێ، پێیان دەڵێین گەلی ئێمە دۆست و هاوڕێی ئێوەین، ئێوەش دۆستمان بن. تێیاندەگەیێنین کە کورد تەنیا بە کۆڵەوەژی سەر شانیەوە مەناسن، ئێمە جگە لە کوشتن و کووژران کاری دیکەش دەزانین، مۆسیقای بن بزۆکە و هەڵپەڕکێی جوان و جل و بەرگی ڕازاوەشمان هەیە. جل و بەرگی ژنانی کورد، جیا لە قەبارەکەی، گەلێك تایبەتمەندیی ئەو جل وبەرگانەی هەیە وا لە کارناڤاڵەکەدا نمایش دەکرێن.

لەبیرمە، چەند ساڵێك پێش ئێستا گرووپێکی کوردی بەشداریی فێستیڤالەکەی کرد بەڵام بەداخەوە دواتر وەستا و بەردەوام نەبوو. بێ ئەوەی ئەو کەسانە بناسم و شتێکم بیستبێت، هەست دەکەم یەك لە هۆکارەکانی ئەو وەستانە، هەڵوێستی ناحەزان و کوردانی سوننەت پەرست بووە کە تاوانباریان کردوون بۆچی بەشداریی کارناڤاڵێکی ئەوتۆیان کردووە.

بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە هونەری مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کوردی بتوانێ لە زەلکاوی فۆلکلۆر بێتە دەرێ و لە قووڵایی سەدە و ساڵانەوە پێ بنێتە ئەمڕۆ!

ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوبۆتەوە.

٢٠١٩/٨/٢٧

# بابەتی تەرجومەکراو

# مێژوویی/سیاسی/کۆمەڵایەتی

# جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ

وەگێڕان لە ئینگلیسییەوە

**بەندی ١**

هەموو مرۆڤێك بە ئازادی لە دایك دەبن و لە نرخ ومافدا یەكسانن، عەقڵ و تێگەیشتنیان خەلات كراوە و دەبێ بە گیانێكی برایانە لە گەڵ یەكتردا هەڵسوكەوت بكەن.

**بەندی ٢**

هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە لە تەواوی ئەو ماف و ئازادیانەی كە لەم جاڕنامەیەدا هاتووە سوود وەربگرێت بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەك، وەك رەگەز، رەنگ، جنس، زمان، ئایین، بڕوای سیاسی، یان هەر بیروڕایەكی دیكە، یان بنەچەكی نیشتمانی وكۆمەلایەتی، یان ملْك و ماڵ و لەدایكبوون وهەر دۆخێكی تر. هەروەها، نابێ دۆخی سیاسی یان نێو نەتەوەیی ئەو ولاتە، یان ئەو ناوچەیەی كە مرۆڤەكەی لێوەدێت بكرێتە بناغەی هیچ جۆرە جیاوازیدانانێك، جا ولاتە كە سەربەخۆ یان لە ژێر چاودێریدا بێت یان خاوەنی دەستەلاتی خۆیی نەبێت یان سەروەرییەكە ی گرێدراوی مەرج وبەند بێت.

**بەندی ٣**

هەموو كەسێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی تاكە كە سی هەیە.

**بەندی ٤**

نابێت هیچ کەسێك بکرێت بە کۆیلە و بە نۆکەر بگیرێت؛ هەموو چەشنە بازرگانییەکی کۆیلە قەدەغەیە.

**بەندی ٥**

هیچ مرۆڤێك نابێ بکەوێتە بەر ئەشکەنجە، و سووکایەتی یا هەڵس و کەوتی بێ بەزەییانە و نامرۆڤانەی لە گەڵدا بکرێت یاخود بەو شێوازانە سزا بدرێت.

**بەندی ٦**

هەر کەسێك لە هەر شوێنێك بێت، مافی ئەوەی هەیە دان بە کەسایەتی یاساییدا بنرێت .

**بەندی ٧**

هەمووان لە بەردەم یاسادا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە یاسا بە بێ جیاوازی بە شێوەیەکی یەکسان بیانپارێزێت. هەروەها هەمووانیش مافی پاراستنی یەکسانیان دژ بە هەر جیاوازییەك هەیە کە بە پێچەوانەی ئەم بانگەوازەو بێت یا دژ بە هاندان و ئاژاوەنانەوەیەك بۆ جیاوازیدانانێکی ئەوتۆ.

**بەندی ٨**

هەموو کەسێك لە پێناوی پاراستنی ئەو مافە بنەڕەتیانەی وا قانوون یا یاسای بنەڕەتی وڵات پێیان بەخشیوە، مافی پەنابردنە بەر دادگای لێهاتووی نەتەوایەتی خۆی هەیە بۆ داوەریکردن و پاراستنی مافەکانی لە دەست درێژی.

**بەندی ٩**

نابێ هیچ مرۆڤێك بە شێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت، دەست بەسەر بکرێت، یاخود دوور بخرێتەوە.

**بەندی ١٠**

هەموو مرۆڤێك بۆ بڕیاردان لە سەر ماف و ئەرکەکانی و هەرچەشنە تاوانێك کە دەدرێتە پاڵی، مافی ئەوەی هەیە بە یەکسانییەکی تەواو کێشەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا بخرێتە بەردەم دادگایەکی سەربەخۆی بێ لایەن.

**بەندی ١١**

١. هەرکەس تۆمەتی تاوانێکی سزاداری درابێتە پاڵ، مافی ئەوەی هەیە تا کاتێ کە بە گوێرەی یاسا و لە دادگایەکی ئاشکرادا بە تاوانبار دەناسرێت، بە بێ تاوان دابنرێت و لە دادگا کە شدا دەبێ هەموو زامنێکی پێویستی بۆ داکۆکی کردن لە خۆی پێ بدرێت.

٢. هیچ کەسێك بە تاوانبار ناناسرێت بۆ کردن یا نەکردنی تاوانێکی سزادار، کە لە کاتی ئەنجامدانی بە گوێرەی یاسای نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی بە تاوانی سزادار دانەنرابێت. هەروەها سزایەکی قورستر لەو سزایە نادرێت کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانی سزادار دا، دە یدرایە.

**بەندی ١٢**

نابێت بە شێوەیەکی ڕەمەکی دەست لە ژیانی تایبەتی، خێزانی، ماڵ، یاخود نامەگۆڕینەوەی هیچ کەسێك بدرێت و نرخ و ناوبانگی بکەوێتە بەر پەلامار. هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە گوێرەی یاسا لەو دەست تێوەردان و پەلامارانە پارێزراوبێت.

## بەندی ١٣

١. هەموو کەس ئازادی هاتووچۆ و نیشتەجێ بوونی لە ناو سنووری هە ر دەوڵەتێکدا هەیە.
٢. هەموو کەس مافی بەجێ هێشتنی هەموو ولاتێکی، بە ولاتی خۆیەوە، هەیە و هەروەهایە مافی گەڕانەوە ی بۆ ئەو ولاتە.

## بەندی ١٤

هەر کەسێك کەوتبێتە بەر راونران، مافی پەنابردنە بەر ولاتی دیکە وژیان لەوێی هەیە.
ئەم مافە واهەیە نەدرێتە کەسێك کە بە شێوەیەکی راستەقینە لە تاوانی ناسیاسی یا کردەوەی دژ بە ئامانجەکانی بنەڕەتی نەتەوە یەکگرتوە کان وەشابێتەوە.

## بەندی ١٥

هەموو کەسێك مافی هاونیشتمانیبوونێکی هەیە.
نابێ مافی هاونیشتمانیەتی بە زۆر لە کەسێك بستێنرێتەوە هەروەها نابێ بەرگری لە گۆڕینی مافی هاونیشتمانیەتی کەسێك بکرێت.

## بەندی ١٦

پیاو وژنی پێگەیشتوو، بە بێ هەرچەشنە بەربەستێکی رەگەزی، نەتەوەیی، یان ئایینی، مافی هاوسەرگرتن و پێك هێنانی بنەماڵەیان هەیە. هەروەها خاوەنی هەمان مافی یەکسانن لە ماوەی ژیانی هاوبەش و لێك دابڕانیاندا.
هاوسەرگرتن دەبێ تەنیا لە رێگەی سەربەستی و خواستی تەواوی هاوسەرە کەوە بێت.
خێزان یەکەیەکی سروشتی و بنەڕەتی کۆمەڵگایە و خاوەنی ئەو مافەیە کە لە لایەن کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە بپارێزرێت.

**بەندی ١٧**

هەمووکەسێك بە تەنیا یا بە هاوبەشی لە گەڵ خەڵكانی دیكەدا، مافی موڵكداری هەیە.
هیچ كەسێك نابێ بە شێوەی رەمەكی مڵك وماڵی لێ بستێنرێت.

**بەندی ١٨**

هەموو كەسێك بە ئازادی مافی بیر، باوەڕ، وئایینی خۆی هەیە، ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئایین یا بیروبڕواش دەگرێتەوە،
هەروەها ئازادیی دەربڕین، فێركردن، پەیڕەوكردن، ئەنجامدان و چاوەدێری كردنی ئایین و بڕوای خۆی هەیە بە تەنیایی یا لە ناو كۆمەڵگا و لە گەڵ خەڵكانی دیكە، بە شێوەی خسووسی یا لە بەردەم كۆمەڵگادا.

**بەندی ١٩**

هەموو كەسێك مافی ئە وە ی هەیە بە ئازادیی خاوەنی بیروڕایەك بێت و دەریببڕێت؛ ئەم مافە، ئازادیی هەبوونی بیروڕا بە بێ دەست تێوەردانی كەسانی دیكەش دەگرێتەوە، هەروەها خواستن، وەرگرتن و بڵاوكردنەوەی زانیاری و بیروباوەڕ لە رێگەی هەموو مێدیاكان بە بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافیش دەگرێتە بەر.

**بەندی ٢٠**

هەموو كەسێك مافی ئە وە ی هەیە بە ئازادیی، كۆبوونەوە و ئەنجومەنی ئاشتی خوازانە بكات.
هیچ كەسێك نابێ ناچار بكرێت بچێتە ناو ئەنجومەنێكەوە.

**بەندی ٢١**

هەموو کەسێك، ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرەکانیەوە، مافی بەشداربوون لە حکوومەتی وڵاتەکەی خۆی هەیە.
هەموو کەسێك مافی دەست ڕاگەیشتنی یەکسان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وڵاتی خۆی هەیە.
خواستی خەڵك دەبێ بنەمای دەسەڵاتی حکوومی بێت؛ ئەم خواستە دەبێ لە شێوەی هەڵبژاردنی دەورەیی و ڕاستەقینەدا خۆبنوێنێت و دەنگدانەکەش دەبێ بە شێوازێکی جیهانی و یەکسان و نهێنی یاخود بە هۆی ڕەوتی دەنگدانی ئازادەوە بەڕێوە بچێت.

**بەندی ٢٢**

هەموو کەسێك، وەك ئەندامی کۆمەڵگا، مافی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە و دەتوانێ لە ڕێگەی هەوڵی نەتەوایەتی و هاوکاری نێونەتەوەییەوە، بە گوێرەی ڕێکخستن وهەروەها داهاتی دەوڵەتەکە لەومافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی کە بۆ پارێزگاری لە شانازی و پێشکەوتی ئازادی کەسایەتی خۆی پێویستی پێیانە، کەڵك وەربگرێت.

**بەندی ٢٣**

هەموو کەسێك مافی کارکردنی هەیە لە بوارێکدا کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، ڕاست بەو بارودۆخەی ئیش و کار کە خۆی دەیەوێت و بە مافی پارێزران لە بێکارییەوە.
هەموو کەس، بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك، مافی وەرگرتنی مووچەی یەکسانی هەیە بۆ کاری یەکسان.
هەرکەسێك کە کاردەکات مافی وەرگرتنی مووچەی داد پەروەرانە و جێگەی پەسندی هەیە کە بایە خی مرۆڤانەی شیاو بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات و ئەگەر پێویست بێت، شێوازی دیکەی پارێزگاریی کۆمەڵایەتی تەواوکەری بن.

هەموو کەسێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی مافی پێك هێنان و ئەندامیەتی یەکیەتی و سەندیکای هەیە.

**بەندی ٢٤**

هەموو کەسێك مافی ووچاندان و خۆشگوزەرانی هەیە و لەوانە، ماوەی بەرێ وجێی سەعاتی کارکردن و پشووی دەورەیین بە مووچەوە.

**بەندی ٢٥**

هەموو کەسێك مافی رادەیەکی ئەوتۆی ژیانی هەیە کە بەشی تەندروستی و سەلامەتی خۆی و کەس و کاری بکات و ئەوە، خواردن، جل و بەرگ، خانووبەرە، چاوەدێری پزیشکی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیە پێویستەکان، هەروەها مافی ئاسایش لە کاتی بێکاربوون، نەخۆشی، کەمئەندامی، بێوەژنی، بێوەپیاوی، تەمەنی زۆر، یاخود کەم بوونەوەی هەڵسووڕاویی لە بارودۆخی دوور لە دەسەڵاتی خۆی دەگرێتەوە.

دایك و منداڵ خاوەنی مافی ئەوە ن دەستیان بە چاوەدێری و یارمەتی تایبەت رابگات. هەموو منداڵێك، چ لە رێگەی ژن و مێردایەتییەوە لە دایك بووبێت و چ لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە، دەبێ پارێزگاریی یەکسانی کۆمەڵایەتی بیگرێتەوە.

**بەندی ٢٦**

هەموو کەسێك مافی خوێندن و پەروەردەی هەیە. پەروەردە دەبێ بە خۆڕایی بێت، لای کەم لە پلەی سەرەتایی و بنەرەتیدا. خوێندنی سەرەتایی دەبێ بە مەجبووری بێت. دەبێ خوێندنی تەکنیکی و حیرفەیی بە گشتی لە بەر دەستی خەڵکدا بێت و خوێندنی باڵاش بە یەکسانی بە گوێرەی لێهاتوویی کەسەکان لە بەر دەستی هەمواندابێت.

ئامانجی پەروەردە دەبێ پێگەیاندنی پتەوی کەسایەتی مرۆڤ و بەهێزکردنی رێزی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان بێت. پەروەردە دەبێ گەشە بدات بە لە

یەکتر تێگەیشتن، تەحەممولی یەکتر کردن و دۆستایەتی نێوان گەلان و کۆمەڵە رەگەزیی و ئایینەکان و دەبێ چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی دابین بکات.
دایك و باوکان مافی یەکەمیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی چەشنی پەروەردەی منداڵەکانیان.

**<u>بەندی ٢٧</u>**

هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی لە ژیانی کۆمەڵگادا بەشداربێت و چێژ لە هونەر وەربگرێت و لە پێشکەوتی زانست و سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانیدا بەشداربێت.
هەموو کەسێك مافی پارێزگاری کردن لەو بەرژەوەندییە ئەخلاقی و ماددییانە هەیە کە ئەنجامی بەرهەمێکی زانستی، خوێندەواری یا هونەرین وا خۆی پێکی هێناوە.

**<u>بەندی ٢٨</u>**

هەموو کەسێك شایانی نێزامێکی کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییە کە تێیدا ئەو ماف و ئازادییانەی لەم بانگەوازەداهاتوون بە تەواوەتی هاتبنە دی.

**<u>بەندی ٢٩</u>**

هەموو کەسێك بەرامبەر بەو کۆمەڵگایە بەرپرسە کە تەنیا لەوێدایە دەرەتان بۆ گەشەسەندنی تەواوی کەسایەتی ئەو، گونجاو دەبێت.
لە بەڕێوەبردنی ماف و ئازادییەکاندا هەموو کەسێك دەبێ تەنیا بکەوێتە ژێر ئەو بەربەستانەی وا یاسا تەنیا بە ئامانجی دابین کردنی دانپێدانان و رێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکانی دی و بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی پێویست بۆ داب و نەریت و نەزمی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی لە کۆمەڵگایەکی دیموکرات دایاندەنێت.
ئەو ماف و ئازادییانە بە هیچ شێوەیەك نابێ دژ بە ئامانج و ئوسووڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکار بهێنرێن.

**بەندی ٣٠**

هیچ بابەتێکی ناو ئەم بانگەوازە نابێ بە شێوەیەك لێك بدرێتەوە کە رێگە بە دەوڵەت، کۆمەڵەخەڵك، یا تاکە کەسێك بدات بەشداریی چالاکی یا کاروکردەوەیەك بکەن کە ئەنجامیان لەناوبردنی هەرکام لە وماف و ئازادییانە بێت وا لێرەدا راگەیێنراون.

ئەم وتارە لە سەرەتای ساڵانی دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دەزگایەکی حکوومی وەرگێڕدرایە سەر کوردی.

# تراجیدیای کوردان

## فەسڵێك لە کتێبی بیرەوەرییەکانی هێنری کیسنجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

<u>بەشی یەکەم</u>

ساڵی ١٩٩٩هێنری کیسنجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بیرەوەرییەکانی خۆی لە سێ بەرگی چڕدا بڵاوکردۆتەوە، بەرگی سێهەمی کتێبەکە، ناوی 'ساڵانی نوێکردنەوە' بوو.

فەسڵی ١٩ ، لاپەڕەی ٥٧٦ تا ٥٩٦ ی ئەم بەرگەی تەرخانی "تراجیدیای کوردان" کرابوو و تێیدا کیسنجر پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٥دا خستبووە بەرباس.

دەوری کیسینجر و بەگشتی حکوومەتی ئەمریکا لە هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی کورد و ئەو کارەساتەی دوای پەیمانی جەزائیر بە سەر کورد و شۆڕشەکەی هات گەلێك جار قسەی لە سەر کراوە و بەڵگەی زۆریشی لە سەر بڵاوکراوەتەوە. لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، کیسینجر داکۆکی لە خۆی دەکات و تاوانی هەرەسی ٧٥ دەداتە پاڵ مێژوو و جوغرافیای کورد و ئوروپاییەکان و قارەمانیەتی بارزانی کە دەڵێ "انعطاف" ی سیاسی نەبوو، هەروەها شای ئێران کە کوردی کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و کۆنگرێسی ئەمریکی کە لە کوردستان و هیندۆچینی ئەو ساڵانە خەمی هاوپەیمانەکانی خۆی نەدەخوارد و داکۆکی لێ نەکردن. لە بەرانبەردا خۆی بە کەسێکی واقیع بین دادەنێت کە هەرچییەکی کردوویەتی بە گوێرەی بارودۆخی جیهانی و دەرەتانە گونجاوەکانی ناوخۆیی ئەمریکاوە بووە.

من هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی کیسنجر بۆ خوێنەر دادەنێم و تەنیا دەڵێم دەرسێك کە واهەیە لە قسەکانی ئەو وەربگیرێت ئەوەیە: وڵاتانی جیهان- تەنانەت دۆستەکانی کوردیش تا

ڕادەیەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو هاوڕێی کورد دەکەن. پشت بەستنی هەمیشەیی بە هیچ دۆستێك لە بەرژەوەندی کورددا نییە مەگەر تاکتیکی و کاتی بێت. ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەنیا کەڵك لە "کارتی کورد" وەردەگرن و ئەگەر کورد بەو ڕاستییە نەزانێت و کەڵك لە کارتی ئەوان وەرنەگرێت،هەڵەی گەورەی کردووە. کێسنجر بە ڕاشکاوی دەڵێ دام و دەزگای فۆرد، نیکسن، بووش یاکلینتن نەیانویستووە کورد سەربەخۆیی هەبێت و لەو وڵاتانەی تێیدا دەژی جیابێتەوە.

لە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان و هەرەسی مانگی ڕابردووی سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێم لەمەڕ سەربەخۆیی، بابەتی ناو ئەم وتارەی کیسنجر، وەك گەورە ستراتیجیستی سیاسەتی ئەمریکا، گرنگایەتییەکی زۆر پەیدا دەکات بە تایبەت کە دەڵێ *"هیچکام لە دامودەزگاکانی نیکسن، فۆرد، بووش یا کلینتن هەرگیز پشتگیریی سەربەخۆبوونی کوردی عێراق و لەویش کەمتر، هی کوردی وڵاتانی دراوسێی عێراقیان نەکردووە"* و دەزانین کە سیاسەتی ئۆباماش لەو بارەیەوە لەوان باشتر نەبوو، ئەی چۆن بوو ئێمە لامان وابوو دام و دەزگای وەزارەتی دەرەوەی ترامپ ١٨٠ پلە لەوان جیاوازە و وەزیری دەرەوەیان، کە سەرۆکی پێشووی یەك لە گەورەترین کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهانە، نازانێت عیراق دوای سعوودیا، خاوەنی گەورەترین پاشەکەوتی نەوتی جیهانە و ئەوان ئەو گەنجینەیە بە کورد نابەخشن؟

کیسنجر لەم و تارەدا ناوێك لە "کوردستان" ناهێنێت و تەنیا بە "ناوچەی کوردنشین" ناوی دەبات.

سەرجەم نووسینەکانی کیسنجر لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر. من بابەتەکەم لە ساڵی ٢٠٠١ دا وەرگێڕایە سەر کوردی و بە دووبەشی جیاواز لە ژمارە ٣١ ی گۆڤاری گزینگ چاپی بەهاری ساڵی ٢٠٠١ی سوێد دا بڵاوم کردەوە. یادی بەخێر بێت کاك سولەیمان چیرە (هێرش) هەموو بابەتە دەستنووسەکەی منی تایپ کرد و بڵاوی کردەوە. ئەوە بەشی یەکەمی تەرجەمەکەیە.

بابەتەکە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە کە لەبەر هۆکاری تکنیکی بە ئینگلیزی نایئنووسم:

هێنری کیسنجر، "ساڵانی نوێ کردنەوە"، بەرگی سێهەم، چاپی سایمن ئەند شۆستر، نیویۆرك، ١٩٩٩ فەسڵی ١٩، لاپەڕە ٥٧٦ تا ٥٩٦.

**بنەماکانی بەرنامە**

لە بەهاری ١٩٧٥دا، خوداکان پێکەنینیان نەهێنایە سەر لێوی دۆستانی ئەمریکا. ڕاست لەوکاتەدا کە کۆنگرە ]ی ئەمریکی[ لێگەرا گەلانی هیندۆچین بکەونە ژێر کەڵەوەی کۆمۆنیزمەوە، شای ئێرانیش کوردی عێراقی لە بەرانبەر ڕژێمی ڕادیکاڵی بەغدا دا، بێ دیفاع هێشتەوە- ئەو ڕژێمەی کە تەنانەت ئەودەم، بە ڕسمیش نەبوایە هەر لەلایەن سەددام حوسێنەوە کۆنترۆڵ دەکرا.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٢ەوە یارمەتی کوردانی دەدا، گەرچی لە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی وا لە هیندۆچین دەماندا، تێکەڵاویمان لەگەڵ ئەمیان هیچی وانەبوو. بەڵام لە کاتێکدا کە- لایکەم لە ماوەی ساڵی ١٩٧٥دا، هاوپەیمانەکانمان هەموو هۆیەکان بۆ چاوەڕوان بوون لە ئێمە هەبوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەرەپێدانی یارمەتییەوە نەهێڵن هیندۆچین لە دەست بچێت، پارێزگاری کردنی کوردان پێویستی بە کردنەوەی پەڕەیەکی نوێ لەو چیا سەرکێشانە دەکرد کە کەوتبوونە نزیك سنووری سۆڤیەتەوە.

لە کاتێکدا کە هیندۆچین لە گریژنە دەچوو، پەیوندی ڕۆژهەلات-ڕۆژئاوا بەرەو لاوازی دەڕۆیشت و وتووێژی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بێ ئەنجامیدا وەستابوو، دەبوایە [لەوێ] بەرپرسایەتییەکی ئاشکرا بۆ ئەنجامێکی گەلێك گرنگی چاوەڕواننەکراو بگیرێتە ئەستۆ.

هەرچۆنێك بێت، دەبوایە لە ماوەی چەند مانگێکدا چارەنووسی کورد ببێتە شانۆیەکی تر لە خۆبەزاندن و تێیدا خۆپەرستی حەفتاکان تاوانی گەشبینی لەڕادەبەدەری سەرەتای شەستەکان بداتەوە. کۆمیتەکانی کۆنگرێس هێرشیان کردە سەر دەزگای بەڕێوەبەرایەتی "نیکسن" بۆ ئەو دەورەی وا دەیویست لەمەڕ یارمەتیدانی کوردان لە پێناوی گەیشتنیان بە خۆدموختاریدا ببینێت، هەروەها هێرشیان کردە سەر بەڕێوەبەرایەتی "فۆرد" بۆ ئەوەی بەرگری لە شای ئێران نەکردبوو ئەم هەوڵە هاوبەشە بوەستێنێ. ئەوەش مەسەلەیەك بوو، کە هەندێ لەوانەی وا زیاترین بەرپرسایەتییان لە تەسلیم کردنی هیندۆچیندا هەبوو، ویژدانی خۆیان پێ تیمار دەکرد.

تراجیدیای کورد زیاتر بە هۆی مێژوو و جوغرافیاوە سەری هەڵدا، بەڵام دابەشبوونی ئێمەش پرۆسەکەی خێراتر کرد. گەلی کورد کە ئێستا ژمارەیان دەگاتە ٣٥ ملیۆن، بوونەتە قوربانی هەندێ ڕووداو، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا. کورد لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، خۆی بە دابەشکراوی لە نێوان ئێران، عێراق، سووریا، تورکیا و سۆڤیەتی

پێشوودا بینییەوە، بەڵێنی وڵاتێکی سەربەخۆیان پێدرا. بەڵام کاتێ نەتەوە ئەوروپییەکان دوای شەڕ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییان دیاری کرد، ئیتر داواکاریی ئەوان لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خرایە پشت گوێ.

لەو کاتەوە تا ئێستا تاوانی خەباتی نەتەوایەتی کوردان کەوتۆتە بەر دژایەتی نواندنی هاودەنگ لە لایەن وڵاتانی خانەخوێیانەوە کە گونجاوترین پەیوەندییان لە گەل وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە. هەندێکیان وەك تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکان و هەندێکیان وەك عێراق، مەیلیان بە دوژمنایەتی هەیە. ئێران لە چەندین دەرفەتی جیاوازدا، هەردووکیان بووە. سووریاش خۆی بە لایەن دانانێت نەتەوەکانی تر- وەك ئیسرائیل و ئوردەنیش- بە هۆی هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکەوە یاخود بە ئامانجی لاوازکردنی دوژمنیان- بەگشتی عێراق، جارەوبارە دەکەونە نێوانەوە (بڕوانە نەقشەکە).

تێکەڵاویی ئەمریکا لە دوو ڕوانگەی ئیدیۆلۆجیك و ستراتیجیکەوە بوو. "نەریتی ویلسن" بەرەو ئاقاری پشتگیری کردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوایەتیمان دەبات، بەڵام لە عەینی کاتدا دەبێتە هۆی وەدیهاتنی کێشەی دایمی سیاسەتی ئەمریکا کە ئەویش بریتی یە لە دۆزینەوەی ڕادەیەك بۆ ئیجباری ئەخلاقیی ئەمریکا لە ناوچەیەکی گەلێك دوری دەست پێنەگەیشتوو وەك شۆێنی شاخاویی کورد کە کەوتۆتە نێوان وڵاتانێکەوە هەر هەموویان شۆێن لە سەر بەرژەوەندیی نەتەوایەتی ئەمریکا دادەنێن. چۆن دەکرێ خاڵێکی بە ڕێ و جێ بۆ وەستان لە نێوان پشتگیری کردنی هەمەلایەنەی ئاواتی کوردان لەلایەك و بەجێهێشتنیان لە ناوچەیەکدا بدۆزرێتەوە کە پیشانگەی پەیوەندییەکی ستراتیجیکە لە هیلالی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەلیجی فارسی پڕ لە نەوتدا؟

فاکتەری ئاڵۆز ئەوە بوو یارمەتی ئەمریکا تەنیا دەکرا لە ڕێگەی وڵاتانێکەوە ئاراستە بکرێت کە هاوپەیمانی ئەمریکا بن- وەك ئێرانی سەردەمی "فورد" یا تورکیای سەردەمی "کلینتن" بەڵام ئەو وڵاتانە تەنیا تا ڕادەیەکی دیاریکراو هاوبەشیی ڕوانگەی ئەمریکایان لە سیاسەتێکدا دەکرد کە دژ بەوە دەوەستا ناوچە کوردنشینەکان بکەونە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیست و سوورەکانەوە.

نە ئێرانی حەفتاکان و نە تورکیای نەوەدەکان کەمترین بەرژەوەندییان لەوەدا نەدەبینی کە ناسیۆنالیسمی کورد بگاتە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە هەڵچوون، کە کوردی خۆشیان بگرێتەوە، وەك

چۆن ئامادە نەدەبوون کەمایەتییە [کورد] ەکەی خۆیان بگەیینە ڕادەی دەوڵەتێکی کوردی. لە عەینی کاتدا، هەر دوو وڵاتەکە وەك ناوەندێك بۆ سیاسەتی گشتی ئەمریکا سەیر دەکران.

دەوڵەتانی دراوسێ وەك تورکیا و ئێران یارمەتی کوردانیان بۆیە دەدا، کە گوشاری عێراق لە سەر خۆیان چەواشە بکەن بەڵام هیچ لایەکیان لە هیچ بارودۆخێکدا ئامادە نەبوون باوەش بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بکەنەوە. بە هەمان شێوە، هیچکام لە دامودەزگاکانی نیکسن، فۆرد، بووش یا کلینتن هەرگیز پشتگیریی سەربەخۆبوونی کوردی عێراق و لەویش کەمتر، هی کوردی وڵاتانی دراوسێی عێراقیان نەکردووە. ئەوەی دەخوازرا، تەنیا بریتی بوو لەوەی خودموختاریی کورد لەگەل پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا لێك گرێ بدرێن لە ترسی ئەوەی کە پارچەپارچەبوونی عێراق دەبووە هۆی سەرهەڵدانی دەیان سال ئاژاوە و دراوسێکانی عێراق لە سەر پارچەکانی ئەو وڵاتە بەردەبوونە گیانی یەکتر- بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئێران لە ژێر حوکمی ئایەتوڵڵا خومەینی دا، وەرچەرخایە سەر دەوڵەتێکی دژبەری فاندەمنتالیست ئێتر یەکپارچەیی خاکی عێراق وەك تای تەرازوو بۆ پارسەنگی بەرزەفڕیی ئێرانییەکان سەیردەکرا.

کارتێکەرییەکانی ئەم دیاردە ئاڵۆزانە لە سەر یەکتر، دەشبوایە دڵساردی و تەنانەت تراجیدیا بۆ کورد بخوڵقێنن، ئەوە ڕاست ئەو شتە بوو کە لە مانگی مارچی ١٩٧٥دا قەوما، کاتێ کە ئێران و عێراق گەیشتنە پێکهاتنێك و بە گوێرەی ئەو، بەرژەوەندیی نەتەوایەتی ئەو دوو وڵاتە، خودموختاریی کوردی پێ شێل کرد.

مەسەلەکە، لە ساڵی ١٩٩٦یشدا کاتێ دووپات بووەوە کە ئەو خودموختارییەی کورد وا دوای شەڕی ساڵی ١٩٩١ی خەلیج لە ژێر سەیتەرەی ئەمریکادا هاتبوە دی، لەلایەن سەددام حوسێنەوە ڕادەی بە تەواوەتی نزم بووەوە و گەیشتە ئەوەی تاقمێکی کورد بۆ تێکشکاندنی دژبەرە کوردەکەی خۆی وا لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرا، لایەنی ئەو [واتە سەددام]ی گرت.

بەڕێوەبەرایەتی "فۆرد" زەمینەیەکی باشتر لە "کلینتن"ی هەبوو بۆ ئەوەی بەرپرسیایەتی خۆی پەرە پێ بدات. بەڵام هەردوو دەرەتانەکە بەرتەنگ بوون و ڕوون نەبوونی بەرژەوەندییەکانی ئێمەی لە خاکی دوورەدەستی کورداندا دەخستەبەرچاو.

بەپێچەوانەی ئەوەی وا باوە و دەگوترێت، بەڕێوەبەرایەتی "نیکسن" و "فۆرد" هەرگیز پشتیوانیی دەرەوەییان بۆ ئاواتی خودموختاری کورد دروست نەکرد، بەڵام ئەوانە یەکەم بوون

لەوەدا کە یارمەتی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کوردان بکەن. خۆی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئێمە پشتگیریی کەمایەتییەکی نەتەوەییمان دژ بە دەوڵەتی قانوونییان دەکرد و لە بەرئەوەی وڵاتانی دیکەش بەتایبەت ئێران و ئیسرائیل تێکەڵاوی مەسەلەکە بوون، عەمەلیاتەکە دەبوایە لە نوقتەیەکی خۆڵەمێش ڕەنگی نێوان هێزی ئاشکرا و سیاسەتدا، بە "نهێنی" بمێنێتەوە.

بنەڕەتی تێکەڵاویی ڕاستەوخۆی ئێمە لەگەل کوردان. دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی "نیکسن" لە شا، لە تاران لە مانگی مایسی ١٩٧٢ و دوای ئەوەی لە وتوویژ لەگەل "بریژنیف" لە مۆسکۆ دەگەڕاینەوە، هەفتەیەك میوانداریی "کرێملین" بۆ ڕێزگرتن لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی. نیکسن لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی نێوان دوو وڵاتدا هەرگیز خواستی خۆی لەمەڕ دەرەتانی زیاتری مانۆر کردن لە کێ بەرکێی سیاسەتی جیهانی لەگەل یەکیەتی سۆڤیەت لە بیرنەبردەوە.

یەك لەو کێ بەرکێیانە، لە عێراق و لە ئاستی دەرگای شای ئێراندا هاتە کایەوە. کێشەی داهاتوو، ڕوو لە کاملا کردنی سیاسیی وڵاتێك بوو کە زەخیرەی نەوتی دوای عەرەبستانی سعوودی، لە جیهاندا دووهەمە و لەم ڕووەوە دەرەتانی هەڕەشەکردن بۆ تێکدانی هاوسەنگی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت خەلیجی بۆ هەیە. لە ساڵی ١٩٦٨دا، حیزبی بەعس کە لە ناوخۆی وڵاتدا بەرپرسیایەتی بەرنامەیەکی ڕادیکاڵی سۆسیالیستی گرتبوە ئەستۆ و بڕیاری دژایەتی کردنی سوپایی لەگەل ڕۆژئاوای دابوو، لە بەغدا هاتەوە سەر حوکم. جێگەی سەرسووڕمان نەبوو کە عێراقی ژێر حوکمی سەددام حوسێن بەرەو ئەوە دەچوو کە لە یەکیەتی سۆڤیەتی نزیك ببێتەوە، ئەویش ڕاست لەو کاتەدا کە ١٥ هەزار سوپای سۆڤیێتی لە میسر بوون و مەترسی ئەوە لە بن گوێدا بوو کە دوورنەبێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر نفووزی ستراتیجی سۆڤیەتەوە. جا سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزی لە هەر بارودۆخێکدا بوایە، کەمکردنەوەی نفووزی سۆڤیێت یەك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ستراتیجی ئێمە بوو. لە ڕاستیدا ئێمە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیمان وا سەیر دەکرد کە ببێتە کەرەسەی لەناوبردنی مەترسی لە سەر ئەو ستراتیجییە.

وڵاتانێك کە زیاتر خۆیان لە ژێر مەترسی ئەم لایەنگرییەی عێراقدا دەدیت بریتی بوون لە ئوردەن و ئێران کە هەرددوکیان سنووری دوور و درێژیان لە گەڵیدا هەبوو. هەروەها ئیسرائیلیش کە بەردەوام نیگەرانی ڕژیمێکی نوێی ڕادیکاڵی عەرەب بوو وا چەکی سۆڤیەتی پارێزگاریی لێ بکات. هەر سێ ئەم وڵاتانە دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون، هەرسێش

دریژەیان بە یارمەتیدانی نهێنی کوردان دەدا و هەوڵی کوردانیان بۆ خودموختاری لە ناوچە ئەستەم و شاخاوییەکانی باکووری عێراق وەك کارتێك گرتبوە دەست کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەرەتان و توانای ڕژێمی بەعسی عێراق لە سنووری خۆیان دووربخەنەوە.

ئێمە، گەرچی لە ڕاستیدا بەشداریی ئەو هەوڵە نهێنییانەمان نەدەکرد، بەڵام دەزگا جاسووسییەکانمان، کە بە هۆی هاوکارەکانیانەوە لە هەرکام لەو وڵاتانە تێکەڵاوی مەسەلەکە بوون، لە ڕووداوەکان ئاگادار دەکرانەوە. هەروەها دیارە هەریەك لەو وڵاتانەش یارمەتی ئابووری و سوپاییان لە وڵاتە یەکگرتووەکان وەردەگرت.

بۆ ماوەیەکی کورت، وا دەردەکەوت کە وا وێ بچێت عێراق و کوردان جیاوازییەکانی نێوان خۆیان چارەسەردەکەن. لە ١١ی مارچی ١٩٧٠دا، بەغدا و ڕێبەری کوردان مستەفا بارزانی گەیشتنە پێکهاتنێك. حکوومەتی بەعس ڕەزامەند بوو بەوەی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی چەند ڕەگەزیی کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد پێك بێت، یارمەتیدەری سەروك کۆمار کورد بێت، کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی ونوێنەرانی کورد بەشداریی لە پەرلەمانی نوێی عێراقدا بکەن. وەك عادەت، هەرکاتێ دەسەڵات لە نێوان دوو تاقمی ڕەگەزیی دژ بە یەکدا دابەش بکرێت مەسەلەی ئەوتۆ دێتە گۆڕێ. لە مانگەکانی دواتردا ئەم پەیمانە بە هۆی کێشەی واتاکردنەوەی "خودموختاری" یەوە هاتە لاواز بوون. خودموختاری بۆ بارزانی ئاماژەیەك بوو بۆ سەربەخۆیی بە کردەوە، لە کاتێکدا سەددام حوسەین پێکهاتنەکەی وەك هەنگاوێکی تاکتیکی لەپێناو بەدیهێنانی ئاواتەکانی بەعس بۆ دەوڵەتێکی یەکپارچە سەیردەکرد .

تا پایزی ١٩٧١، پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا گەیشتە قۆناغی پچڕان، کورد تاوانی مەسەلەکەی خستە ئەستۆی سەددام حوسێن کە هەوڵی کوشتنی بارزانی داوە و ئەوەش نیشاندەری گومانیان بوو لە وەی عێراق بەرەو حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی بە بەشداریی کردنی حیزبی شیوعی دەئاژوێت. ئەوە خۆی، کوردی خستە قوژبنەوە و شەڕی چریکییان دەست پێکردەوە کە ئیسرائیل و ئێران پشتگیرییان دەکردن، لە مانگی نومبری ١٩٧١ و جارێکیش لە مارچی ١٩٧٢دا، شای ئێران داوای لە نیکسن کرد لە مەسەلەی یارمەتیدانی بارزانیدا هاوکاریی بکات. لە ٢٨ی مارچدا مەلیك حوسێنی ئوردەن ئەرکی مەسڵەتکاری بەڕێوەبرد و داواکاریی ڕاستەوخۆی بارزانی ئاراستەی نیکسن کرد. ئیسرائیل گەرچی هەرگیز ڕاستەوخۆ یارمەتی دارایی لێ نەخواستین، بەڵام نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە ڕێبازێك کە

عێراق گرتبوویەبەر، هەروەها بەرژەوەندییەکانی خۆی لە مەسەلەی خودموختاریی ناوچەکوردییەکان بە ئێمە ڕاگەیاند.

ئێمە داواکاریی یارمەتی ڕاستەوخۆمان دایە دواوە لەبەر ئەوەی نەماندەویست ببێتە هۆی دابارینی زیاتری چەکی سۆڤیەتی و لە زیاددانی نفووزەکەی. "جۆزێف فەیرلەند" باڵوێزی ئەمریکا لە ئێران چاوەترسێی ئەوەی کردین کە ئەگەر عەمەلیاتێکی نهێنی کورد [لە لایەن ئەمریکاوە] بەڕێوەببرێت، مەترسی ئاشکرابوونی لێ دەکرێت، خۆ ئەگەریش بوەستێنرێت ئەوا ڕێگە بە "تەفسیرێکی هەڵەی جێگەی داخ" دەدات.

سەفەری سەرەك وەزیری سۆڤیەتی ئەلێکسی گاسێگین بۆ بەغدا لە مانگی ئەپریلی ١٩٧٢دا، بووە هۆی ئەوەی ئێمە بە "سیاسەتی دەستکێشانەوەی خۆماندا بچینەوە". لە ڕۆژی ٩ی ئاپریل، ناوبراو بەیمانێکی دۆستانەی لەگەڵ عێراقدا مۆرکرد، کە تەنانەت بە بێ دست تێوەردانی ئەمریکا بە قازانجی کوردیش، ئامادەیی بۆ ناردنی ڕادەیەکی بەرچاوی چەکی سۆڤیەتی [بۆ عێراق] دەگرتەبەر. لەوە بەدواوە، عێراق خۆی دەخستە کێشەیەکی جیۆپۆلیتیکەوە و بە ڕێگای ئەوەوە دەبوو کە ببێتە هاوپەیمانی سەرەکی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا. هێزی سوپایی عێراق کە بە چەکی زێدە تەیارکرابوون، هێرشیان بۆ سەر کورد پەرەپێدا و لەو ڕادەیە دەرچوو کە بکرێت هاوسەنگییەکەی بە هۆی یارمەتی نهێنی ئێران و ئیسرائیلەوە ڕابگیرێت. پێکدادانی هێزەکانی عێراق و ئێران لە سەر سنوورە گشتییەکانیشی بە شوێندا هات.

ئەوە، ئەو بارودۆخەبوو کە تێیدا نیکسن لە ڕۆژانی ٣٠ و ٣١ی مایسی ١٩٧٢دا چووە چاوپێکەوتنی شا لە تاران، ئێمە بە هۆی هەردوو لایەنی ئیحساسی و فیزیکی دەنگدانەوەی سەرکەوتنی نیکسن لە وتووێژەکانی مۆسکۆدا حەپەسابووبن کە سەرەڕای بۆمباردمان و ئابلۆقەی ڤیەتنامی باکووریی هاوپەیمانی سۆڤیەت لە ماوەی دوو حەوتوو پێش بەرنامەی دارڕژاوی چاوپێکەوتنەکەی نیکسن و شەش مانگ پێش مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرەك کۆمار [ی ئەمریکا] دا، هاتبوە دەست.

میوندارییەتی هەمەلایەنەی ئێرانییەکان ناڕەحەتی کاروان و هەروەها تاقمی ڕۆژنامەنووسانی هاوڕێی دەرخست، یەك لە پێشهاتەکانی ئەو ناڕەحەتییە، سەرلێشێوانی نیکسن بوو لە کاتی نانی شێوی بەخێرهاتنی شادا، کە بەوپەڕی ڕازاوەییەوە ئامادەکرابوو. چرای [فیلم هەڵگرانی] تەلەڤیزیۆنی لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ئامادەکراوی سەرەك کۆماردا شەوقی زۆریان هەبوو، بە تایبەت کە نیکسن پێی خۆش نەبوو لە سەر تەلەڤیزیۆن بە عەینەکی چاویەوە ببینرێت، لە

بەر ئەم هۆیە بڕیاری دا وتارێك لە بەر ئاراستە بكات و ئەم كارەی بە تواناوە گەیاندە ئەنجام، تەنیا ئەوە نەبێت کە وا دەردەکەوت ڕادەی کورت و درێژیی وتارەکەی نەگرتبێتە بەرچاو. چەند جارێك بە دەوری بابەتەکەدا هات ئینجا گەیشتە خاڵێکی گرنگ، ڕاستەوخۆ چاوی بڕیە شا و ئەو بۆچوونەی پرێزیدێنت "ئایزینهاوێر" ی وەبیر شای شاهان هێنایەوە کە گوتبووی "هەموو ئەو سیناتۆرانەی دەیانناسم ژنی باڵاتر لە خۆیان هیناوە". بەم ورەیەوە نیکسن سەرکەوتووانە کۆتایی بە قسەکانی هێنا و گوتی با بیخۆینەوە بە سلامەتی ئەعلاحەزرەت و عولیا حەزرەتی پەنادەستی! چەپڵەی لایەنی ئێرانییەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

هەرچۆنیك بێت، کاتێ نیکسن و شا دەستیان بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێونەتەوەیی کرد، ئیتر هیچ سەرلێشێواوییەك نەما، نیکسن، کە لەگەل لایەنەکەی تردا لە کریملین خواردنەوەی زۆریان بە سەلامەتی یەکتر خواردبووەوە و بەوە گەشابووەوە، نیشانی دا کە سەرەك کۆماری ئەمریکا کەمتر وا هەیە بە هۆی پەیوەندی شەخسی لەگەل ڕێبەری زلهێزی کۆمۆنیستەوە ڕێگە چەواشە بکات. لە وتاری کاتی گەرانەوەی وتووێژەکاندا، جارێکی تر ڕوونی کردەوە کە دەیەوێت شان بەشانی دۆستانی ئەمریکا بوەستێت و بەرگری لە کردەوەی توندوتیژی سۆڤیەت لە ڕوّژهەلاتی ناوەراست بکات. گەرچی ئێمە دەمانویست پێش بە هەڵچوونی تەنگوچەڵەمە ناوچەییەکان بگرین و ئیجازە نەدەین ببنە ڕووبەڕبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی، لە عەینی کاتدا نەماندەهێشت هاوسەنگی هێزی جیهانی یاخود هاوسەنگی هێزەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست تووشی گۆران ببن .

لە ڕاستیدا ئێمە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەوڵی ئەوەمان بوو هاوسەنگییەکە بە قازانجی خۆمان بپارێزین بەوەی کە پیشانی بدەین نە ڕادیکالیسمی عەڕەبی و نە چەکی سۆڤیەتی هیچکامیان عەرەب ناگەیێننە ئامانجەکانی. من چوومە ناو قسەکانەوە و گوتم ئێمە "هەڵبژاردەیەك" لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئالۆزی قەبوڵ ناکەین کە بۆ من واتای ئەوە بوو "هەندێ مەسەلە لەگەل هەندێ دوژمندا چارەسەربکەین بۆ ئەوەی هەندێ دوژمنی تر بخەینە قوژبنەوە، ئەم مەسەلەیەمان بە گوێی سۆڤیەتییەکانیشدا دا". ساڵێك دواتر، لە مانگی جولای ١٩٧٣یشدا، کاتێ شا بۆ وەلامی سەردانەکە هاتەوە واشەنگتن، جەوهەری تەرح و بەرنامەی دارڕژاوی خۆمانم بەم شێوەیە پێ ڕاگەیاند:

ئێمە دەمانەوەێ نفوزی سۆڤیەت لە هەر کوێیەك سەرهەڵبدات، کرِی بکەین و لە هەر توندوتیژی نواندنێکدا کە ئەوان هاندەری بن بێ هیوایان بکەین. ئێمە دەمانەوێ لە هەیئەتی

سیاسی [سۆڤیەتی] دا تێگەیشتنێك بهێنینەدی کە چالاکی نواندنی پڕخەرجیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بێ ئەنجام دەبێت.

هەر بۆیەش بوو کە شا، نیکسنی وەك کەسێك هاتە پێش چاو کە گوێگرێکی باشە و باسی ئەوەی بۆ کرد کە "سوڤیەتییەکان وا خەریکی پێکهێنانی هاوکارییەکن لە نێوان کورد و بەعسی و شیوعییەکاندا و مەسەلەی کورد لە جیاتی ئەوەی ببێتە دڕکێك و بە گەروویاندا بچێت، واهەیە ببێتە یاریدەدەری کۆمۆنیستەکان."

وەك ئاکامی وتوویژ لەگەل شا، نیکسن دوو بڕیاری دەرکرد بۆ بەربەرەکانی کردنی مامەڵەی چەکی کاسیگین- سەددام، پەسندی فرۆشتنی ئەو فڕۆکە پێشکەوتووانەی کرد کە شا داوای کڕینیانی کردبوو بەلام بەهۆی چەلەحانێی بۆرۆکراتیکی نێو وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە وەستێنرابوو. ئەوان لەوە دەدوان کە ئایا فڕۆکەی ئێف ١٥ی هێزی هەوایی پێ بفرۆشن یا ئێف ١٤ی هێزی دەریایی؟ نیکسن مەسەلەکەی بەم شێوەیە چارەسەرکرد کە ئیجازەی فرۆشتنی هەردوو فڕۆکەکانی دا و گوتی دوابڕیار لەمەڕ هەلبژاردنی ئەوەی کامیان بکڕێت، بدرێتە شا (ئەوە بنەمای ئەو چاو و ڕاوە بوو کە گوایە پێنتاگۆن هەرچییەك شا بیەوێت بیداتێ؛ لە کاتێکدا فەرمانەکە تەنیا ئەوەی تێدا بوو ئیجازەی پێ بدرێت لە نێوان فڕۆکەیئێف ١٤ و ئێف ١٥ دا، یەکیان هەڵبژێرێت).

لە عەینی کاتدا نیکسن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕاپەڕینی ئەودەمی کوردان دژ بە حکوومەتی بەغدا، بە بێ پشتگیریکردنی ئەمریکا تێکدەشکێت و بۆ پاراستنی ورەی هاوپەیمانانی وەك ئێران و ئوردەن پێویست بوو ئەمریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشداریی مەسەلەکە بکات. ئەم بەشداریکردنە هەم بۆ ئەو دوو ولاتە وئامانجەکانیان و هەم بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا، گەلێك جیددی بوو. نیازمان ئەوەبوو مەسرەفی عێراق بۆ ڕاگرتنی ڕژێمەکەی زیاد بکەین، وزەی کورد لە وتوویژی سەندنی دەسەلاتدا بەرینە سەرەوە و لەو ڕێگایەوە بەغدا مەجبور بکەین سیاسەتێك بەڕێوەبەرێت کە ڕێزی زیاتر لە ئاسایشی دراوسێکانی عێراق هەروەها خودموختاریی کەمایەتی کورد بگرێت.

وا دەردەکەوت کە بەشداریکردنەکە دەبوە هۆی پەیوەندیدانی هەندێ ئامانجی ئالۆزی ئەو ولاتانەی وا یارمەتی دارابیان [بە کورد] دەدا و هەر ئەو ولاتانە لە عەینی کاتدا گرنگایەتی زۆریان بە پەیوەندییەکانیان لە گەل ئەمریکا دەدا. هەروەها دەبوە هۆی ئەوەی کە بەرگریی

لەوە بکەین ئەو ولاتانە پشتی کورد بەربدەن- داوەرییەك کە، وەك دواتر دەبینن، دەرکەوت زۆر گەشبینانە بوویێت.

## گێرە و کێشەی ناوخۆیی

لەو کاتەوە کە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکانی کۆمیتەی Church and Pike لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆن و فیلم و چاپەمەنییەوە، مەسەلەکەی کردە بابەتێکی دڵخوازی خەڵك، وێنەی دەزگا جاسووسییەکانی ئەمریکا وەك دەزگای دواکەوتووی سەردەمی شەڕی سارد کێشراوەتەوە کە لە بەرانبەر کۆنترۆڵی سیاسیدا وەڵامدەر نین و زیاتر دەیانەوێت دارایی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام بخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بەرنامە و پرۆژەی شێتانەی خۆیان بەڕێوەبەرن. ئەگەر "سیا"یەکی ئەوتۆ بوونی بوویێت، ئەوا لە سەردەمی فۆرد و نیکسن دا شاراوە بووە. فەرمانی هەموو عەمەلیاتێکی مەزنی سەردەم- وەك شیلی، کوردان و ئەنگۆلا، لە لایەن کاخی سپییەوە دەرچوو و بە شێوەی نهێنی بەڕێوەبران لەبەر ئەو هۆ سەرەکییەی کە هیچ بۆنەیەکی سیاسی ئاشکرا و بە ڕێ و جێیان نەبوو.

ڕاپەڕینی کوردان لە خاکی ژێردەسەلاتی حکوومەتێکی بە ڕەسمی ناسراودا هاتە کایەوە کە هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو و لە ماوەیەك پێشترەوە چەند دەوڵەتێك یارمەتی نهێنییان پێدەدا کە هەموویان هاوپەیمانی ولاتەبەکگرتووەکان بوون و ئێمە لەباری داراییەوە پشتگیریمان دەکردن. مەترسی هەڵچوون لە ئارادا بوو، بەلام یەك لەو شتانەی وا ئیجازەی بە سەددام دەدا بتوانێت حوکمی خۆی پێ قایمتر بکات ئەوەبوو لە ناوچە کوردنشینەکانی ولاتانی دراوسێی خۆی لەوسەردەمەدا، ئەم گێرەشێوێنییە، کە بە هۆی چەکداری زۆر زوو پەرەسەندووی عێراقەوە پشتگیری دەکرا، دەیتوانی ببێتە چەکێك دژ بە دەوڵەتانی خەلیج و ئێران تەنانەت تورکیاش.

لە پێداچوونەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردوودا، لایەنی چاك و خراپی بریارمان لەمەڕ پشتگیری کردنی ڕاپەڕینی کوردان زیاتر هاوسەنگ دەنوێنێت وا هەیە پێویست بوویێت ئەنگیزەی بەهێزی هاوپەیمانانی دژ بەعێراقمان تاوتوێ بکردایە و ئەنجامی خۆکشانەوەی یەك لە لایەنەکانمان بگرتایەتە بەرچاو و لە ژوور هەموو ئەوانەشەوە ئەوەمان بزانیایە کە کوردان وا هەیە لە هاوپەیمانییەکەدا گێرەشێوێنی بکەن و ئەستەم بتوانن لە ستراتیجی گشتیدا بگونجێن، دان پێدانی ڕێبەرەکانیان هەرچی بوایە، ئاسۆی ئامانجی سەرەکییان سەربەخۆبوون یان بەلای

کەمەوە خودموختاریەکی تەواو بوو و بەردەوام دژ بەو هەنگاوانە دەوەستان کە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان لە پەیوەندیی چەمکی هاوسەنگیی جیۆپۆلیتیکی هێزەکانی دەرەوەییدا بەربەست تر بکەن. ئێمە تێگەیشتین کە گەلێك خۆشترە بابەت لە سەر قارەمانان بخوێنیەوە تا ئەوەی هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکەی، هەر ئەو توانایەی کە دەبێتە ئیلهامدەری ئازایەتییان، شنە و "انعطاف"یشیان لەناو دەبات.

تەنانەت لەوەش زیاتر، سوودی تێگەیشتنی ڕووداوەکان خستبوونیە "بارودۆخی هۆبسن" ]واتە مەجبووری[یەوە، کە لە چارەکە سەدەیەکی ڕابردووشدا نەگۆراوە لەبەر ئەوەی ئەگەر هیچمان هەر نەکردایە، بۆی هەبوو یەکگرتوویە مەوجودەکەی دژی عێراق لەبەر یەك بترازایە، کوردان بکەوتاینەتە بەر دەستی بەزەیی سەددام حوسێن و ورەی [حکوومەتەکانی] خەلیج لەناوبچوایە، لە کاتێکدا بەڕێوەبردنی ئەرك و کاریش وا هەبوو تووشی هەمان موشکیلەی پڕ ئازارمان بکات ئەگەر بگەیشتایەتە ئەنجامی ئەوەی سۆڤیەتەکان ناردنی چەکیان لە ڕادەی ئەودەم زیتر بکردایە. لە هەڵبژاردنی نێوان مەترسییەکی دڵنیا و مەترسییەکی گوماناویدا، خۆ لەو مەترسییە هاویشتن کە دوورتری دەنواند، سەرنج ڕاکیشر تر بوو. هەر ئەوەش بوو بە دوابڕیاری ئێمە لە ساڵی ١٩٧٢دا.

ڕۆژی ١ی مانگی هەشتی ١٩٧٢، نیکسن بە ئیمزاکردنی فەرمانێك حوکمی بەڕێوەچوونی "بەرنامەی نهێنی" Covert Prgramo ی دەرکرد.[٢٢٠]

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی دارایی ١٩٧٢دا، مانگانە ٢٥٠هەزار دۆلاری بۆ پشتگیری ڕاستەوخۆی کوردان تەرخان کرد و دوو ملیۆن دۆلاریش بۆ تەقەمەنی، کە سەرجەم دەبووە دەوروبەری ساڵانە پێنج میلیون دۆلار. شای ئێران بڕێکی زیاتری تەرخان کردبوو. یارمەتی کوردان لە لایەن ئێمە و ئیسرائیل و بریتانیا و ئیرانەوە دەگەیشتە نزیکەی مانگانە یەك ملیۆن دۆلار. ئەم بڕە پارەیە، بە پێی پێوانەکانی سەردەمی شەڕی سارد، ڕادەیەکی زۆر نەبوو.

---

[٢٢٠] چاوچێکەوتنی ڕەسمیی ٤٠ ئەندامی کۆمیتە لە ئارادا نەبوو. لەبەر هۆی ئاسایشی، فەرمانێك بەدەست برا بۆ ڕوسەکان و بۆ یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، یاریدەدەری وەزیری بەرگری و هەر دوو سەرۆکی ستادی سوپا و جگە لەوانە، بۆ بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی "سیا". هەرکام لەو کەسانە دەرفەتی ئەوەیان هەبوو ناحەزیی خۆیان لە پەیوەندیی بەرنامەکەدا دەرببڕن بەلام هیچیان ئەو کارەیان نەکرد. کۆمیتەی Pike دەیویست لەو مەسەلەیەی کە دانیشتنی ڕەسمی لە ئارادا نەبووە سوودی زۆر وەربگرێت گەرچی (دانیشتنەکە) ئەنجامێکی جیاوازی نەدەبوو.

له کاتێکدا ئێمه بیرمان له بەشداریی کردنی عاقڵانەی ئەمریکا دەکردەوە، هێزەکانی سۆڤیەت و ڕاویژکارەکانیان له مانگی جولای ١٩٧٢دا له میسر دەرکران. ئەم مەسەلەیە گرنگایەتی عێراقی بۆ سیاسەتی سۆڤیەتی له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر کرد و بوو بە هاندەرێك بۆ مۆسکۆ کە پەیوەندەکانی لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا پتەوتر بکات، له کۆتاییەکانی مانگی ئۆگۆستدا میخائیل سۆسلۆڤ ئەندامی دەفتەری سیاسی، گوشاری خستە سەر بارزانی بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئەو حکوومەتە هاوبەشەوە کە سەددام حوسێن پێشنیاری دەکرد. بە گوێرەی قسەی بارزانی، سۆسلۆف پێی ڕاگەیاندبوو کە یەکیەتی سۆڤیەت دوای دەرکران لە میسر، گرنگایەتییەکی تەنانەت زیاتر لە جاران بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەدات و یارمەتی خۆی بۆ حکوومەت زێدە دەکات. کێبەرکێ بە ئاشکرا سەری هەڵدابوو، لە بەشی سەر بە ئێمەدا، شا و مەلیك حوسێن لە ٣١ی جولای هەتا ٢ی ئۆگوستی ١٩٧٢، لە کاخی شا لە لێواری دەریای قەزوێن چاویان بە یەکتر کەوت و بەخێرهاتنی یارمەتییەکانی ئەمریکایان کرد. هەروەها لەلایەن ئەوانەوە پێشنیار کرا کە هەندێك یاسای گشتی بۆ کاری هاوبەشی هەموولایەك دابنرێت و زیاتر لە سەر بەهێزکردنی دەرەتانی دیفاعی کوردان پێیان داگرت بۆ ئەوەی کوردان بتوانن ڕادەیەکی زیاتری خودموختاری وەدەست بهێنن.

بە درێژایی ساڵی ١٩٧٣، شەڕ لە توندیی دا و بە هەمان نیسبەت، ڕادەی داواکاریی دارایی کوردان چووە سەرێ. من لە ٢٩ی مانگی مارچی ١٩٧٢دا پشتگیری داواکارییەکی "سیا"م بۆ یارمەتی زیاتر کرد کە "جیم چلێزینگر" لە ماوەی کورتی بەرپرسایەتی خۆی لە "سیا"دا ئیمزای کردبوو و نیکسنیش دەست بە جێ پەسەندی کرد.

من لە یادداشتێکدا باسی ئەوەم کرد کە عێراق کڕیاری سەرەکی [کالای] سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و حکوومەتی بەعسی عێراق بە ڕێبەرایەتی سەددام حوسێن درێژە بە یارمەتیدانی دارایی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان هەتا پاکستانیش دەدات. هەروەها عێراق هێزیکی ئەسڵییە لە "بەرەی رەفز" و دەیەوێت بەر بە دەستپیشخەری لە مەسەلەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیلیش بگرێت لە بەر هەموو ئەم هۆیانە، من پێشنیارم کرد یارمەتی داراییمان لە رادەی ساڵانە ٥میلیۆن تێپەر بکات. شا ڕادەیەکی گەلێك مەزنتری لە یارمەتییە داراییەکانی خۆی زیادکرد کە لە ڕادەی ٣٠ میلیۆن دۆلار نزیك دەبووەوە، سەرباقی ئەوەش درێژەی دەدا بە یارمەتیدانی لۆجستیك و تۆپخانە، کە تۆپبارانی دوورەمەودا لە نێو خاکی ئێرانەوەشی

دەگرتەبەر. هاوکات، من مەترسی ئەوەشم خستە بەرچاوی نیکسن کە وای لێ بێت کوردان لە ڕادەی بەرگری تێپەڕ بکەن:

وا هەیە بمانەوێت خۆ لەو هەستە[ی کوردان] دووربخەینەوە کە ڕادەی ئیلتیزاممان بۆ ماوەی درێژخایەن ڕوو لە زیادبوون دەبێت، ئەوەش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی بارزانییەوە دەبێت کە ئێمە ئەم زێدە یارمەتییە داراییە تەنیا بۆ ئەمساڵ و لە سەر بنەمای مانگانە ئاراستە دەکەین.

بەشی دووهەم:

بەڵام لە هەموو حاڵەتێکیشدا جەختمان لەسەر ئەوەیە هەمان ڕوانگەی شامان لەمەڕ دابینکردنی حاڵەتی بەرگری کوردان هەبێت. لە ماوەی ساڵی یەکەمدا وا دەردەکەوت کە هەوڵی نهێنی[ئێمە لەمەڕ] کوردان گەیشتبێتە ئامانج. لە ٥ی مانگی ئوکتۆبری ١٩٧٢ دا، من ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەری "سیا" "ڕیچارد هێلمز"م گەیاندە نیکسن، هێلمز کە دواتر بوو بە باڵوێزی [ئەمریکا لە] ئێران، ئاگاداری کردینەوە کە کوردان دوو بەش لە سێ بەشی سوپای بەعسیان بە خۆوە خەریک کردووە.

"وەزعی ڕژیمی بەعسی باش نییە ... بارزانی کە شوێنی پتەو و قایمی گرتووە، درێژە دەدات بەوەی دوو بەش لە سێ بەشی سوپای عێراقی بە خۆیەوە خەریک بکات و ئیجازە نادات بەعسییەکان بنە خاوەنی پێگەیەکی دڵنیا و لەوێوە کاری وێرانکاری و کوشت و بڕ لە ئێراندا بەڕێوە بەرن".

شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست [مصر و ئیسرائیل]، کە لە ساڵی ١٩٧٣ دا دەستی پێکرد، هەندێك تەنگ و چەڵەمەی نوێی بۆ ئێمە هێنایە کایەوە. ئەوە بووە هۆی بیرکردنەوەمان لەوەی ئایا پێویست بێت کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرین و بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژیمی سەددام هانی هێرشی کورد بۆ سەر ناوچەکانی بەردەستی عێراق بدەین؟ ئێمە پێشنیاری ئەفسەرێکی ئاسایشی ئیسرائیلمان لەم بارەیەوە دایە دواوە - ئەم بڕیارە، لە ساڵەکانی دواتردا بوە هۆی مشت و مڕی زۆر.

ئەو ڕەخنەیەی لێمان دەگیرا، نموونەی کلاسیکی قارەمانیەتی ساڵانی زوو بوو. کاتێ کە شەڕی عەڕەب و ئیسرائیل ڕووی دا، تەمەنی "بەرنامەی نهێنی" هەندێك لە یەك ساڵ زیاتر بوو. کوردان داوای ژمارەیەکی کەم لە چەکی قورسیان دەکرد. ئەو تۆپخانەیەی کە

ئێرانییەكانی لەسەر بوو، هەرگیز ریسكی ئەوەی پێ نەدەكرا كە لە سنوورەكانی ئێران دوور بكەویتەوە. كوردان توانایی ئەوەیان هەبوو داكۆكی لە ولاتە شاخاوییەكەی خۆیان بكەن و تانك و تەیارەكانی عێراق ئەستەم بوو بتوانن لەو شوێنانە بكەونە عەمەلیات كردن، بەلام هێزی چەكداری سووكی كورد لە ناوچە دەشتاییەكانی ئەولاتری خاكی خۆیاندا دژ بە سوپای گەورەی عێراقی كە بە چەكی قورسی پێشكەوتووی سوڤیەتی چەكدار كرابوون و سەدان تانكیان لەگەڵدا بوو، هیچ بەختێكیان نەدەبوو. هێرش بردنیان بۆ ئەوپەڕی پێگەكانی خۆیان، لەناوچوونی هەموو هێزە سوپاییەكەی كوردی زامن دەكرد.

مەسەلەكە بە تایبەت بۆیە وای لێ هاتبوو كە بە پێچەوانەی نەریتی پێشوو، عێراقییەكان هێزێكی بەرچاویان تەرخانی یارمەتیدانی لایەنی عەرەب لە شەڕی رۆژهەلاتی ناوەڕاست نەكردبوو. وەك "هێلمز" ساڵێك پێشتر ئاگاداری كردبووینەوە، ئێستاش كوردان بە بەردەوامی دوو بەش لە سێ بەشی سوپای عێراق بە خۆیانەوە خەریك دەكەن. جا سەمەرە نەبوو دوای ئەوەی نێوانی عێراق لەگەڵ سووریا تێكچوو، "تەنیا بریگادێكی سوپای عێراق بە حیسابی جوغرافیایی نێررایە شەڕی ئیسرائیل." شەڕیش وشەیەكە لە ڕووی "تواضع"و ئەدەبەوە دەگوترێ، دەنا بریگادە عێراقییەكە بە خێراییەكی ئەوتۆ نەنێرران كە بتوانن بگەنە بەرەی شەڕ، وا دیار بوو دە ڕۆژی پێ چووبێ بۆ ئەوەی بگەنە دەوروبەری ناوچەی پێكدادانەكە و تەنانەت دوای ئەویش بە تەواوەتی لە بەرەی شەڕ دوور ڕاگیرابوون. تاقە زیانێكیش كە لە شەڕدا لێیان كەوت لە تەقەكردنێكدا بوو، كە لەگەڵ "بریگادێكی سعوودی بۆیان هاتبووە پێشێ - ئەوانیش بە هەمان شێوە، دە ڕۆژی پێچووبوو بۆ ئەوەی بگەنە ناوچەیەك كە گوێیان لە تەقەی شەڕ بێت. ئەم دوو شەڕكەرە ناشەڕانییە لە دوا ڕۆژی شەڕی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تێك ئالان. هەر دوو یەكەی عەرەب كە ئاگایان لە بوونی ئەویتر نەبوو، بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو ڕووبەڕووی هێزەكانی ئیسرائیل بوونەوە و دەستیان بە تەقەكردن [لەیەكتر] كرد.

بیرۆكەی ئەوەی شەڕی چریكی بەڕێوە ببرێت، درەنگ هاتە گۆڕێ، ئەویش لە كاتێكدا كە شەپۆلی شەڕ لە بەرەی میسر - ئیسرائیل دا گەڕابوە دواوە. لە ١٥ی ئۆكتۆبر واتە نۆهەمین ڕۆژی شەڕ، ڕاست لەو ڕۆژەدا كە ئیسرائیل لە سەحرای سینا هێزێكی میسری بە توندی گەڕاندبۆوە دواوە، ئێمە پەیامێكی خێرای بارزانیمان پێگەییشت كە تێیدا ڕای ئێمەی خواستبوو بۆ ئەوەی ئایا نەسیحەتی ئەفسەرێكی ئاسایشی ئیسرائیلی وەربگرێ كە پێشنیاری پێكردبوو هێرش بكاتە سەر دەشتاییەكانی خاكی عێراق یان نا. ئەوە ڕاست لەو چەشنە پێشنیارانە بوو

کە ئەو ئەفسەرە ئاسایشیانە دەیکەن وا دەیانەوێت ئیعتباری خۆیان لە وڵاتەکەیاندا بەرنە سەرەوە، ئێمە هەرگیز داخوازییەکی ئەوتۆمان لە 'تەلئەڤیف'ەوە پێ نەگەیشت.

پەیامەکە، بە شێوەی ئاسایی لە ڕێگای "سیا"وە گەیشت و "ویلیام کۆلبی" - بەڕێوەبەری نوێی "سیا" کاتی بەفیرۆ نەدابوو و دەست بە جێ دژ بە هەر چەشنە پەرەپێدانێکی شەڕ وەستابوو. کاتێ ئێمە ڕاوێژمان لەگەڵ شادا کرد کە زیاترین کەرەسە و ڕاوێژکاری ئاراستەی کورد دەکرد، ئەویش ڕوانگەی "کۆلبی" پەسند کرد و گوتی کورد بۆ ئەوە چەکدار نەکراوە عەمەلیاتی هێرشکارانە بەڕێوە ببات ئەویش لە دەشتاییەکاندا. پێشنیاری ئیسرائیل وا هەبوو "کارتی کورد" بە تەواوی لە ناو ببات.

منیش پەسەندی مەسەلەکەم کرد. هەروەها بیرم لەوە دەکردەوە کە عاقڵانە نەبێت کورد زۆر بە زەقی بە سەلاحیەتی تاکتیکیی ئیسرائیلەوە ببەسترێت و لەو ڕێگەیەوە ڕق و کینەی وڵاتانی عەرەب بخرێتە گیانی کورد کە هەر ئەو دەمیش ئابلۆقە درابوو. هەربۆیەش، لەسەر پەسەندی نیکسن، من ئەم پەیامەم لە ڕۆژی ١٦ ی ئوکتۆبردا، بۆ بارزانی نارد: "ئێمە لامان وا نییە - دووپاتی دەکەمەوە، لامان وا نییە لە بەرژەوەندیی ئێوە دابێت ئەو هێرشە عەسکەرییەی ئیسرائیلییەکان پێیان پێشنیار کردوون بەڕێوەبەرن."

هەر بڕیارێکی جیا لەوە، دەبوە هۆی لە ناوچوونی کوردان بە بێ ئەوەی یارمەتیەکی ئیسرائیلیش بدات. بارزانی پەیامی منی هەر ئەو ڕۆژە پێ گەیشت کە جەنەڕاڵ "ئەریان شارۆن" بە هێزە چەکدارەکەیەوە کاناڵی سوێزی تێپەڕ کرد. شەش ڕۆژ دواتر ئاگر بەس باڵی بەسەر شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشا.

## کۆتایی خودموختاری کورد

وەك ئاکامێکی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ڕاست بەو ڕادەیەی وا ئەنوەر سادات زیاتر لە وڵاتە یەکگرتووەکان [ی ئەمریکا] نزیك دەبووەوە، پێداگرتنی سۆڤیەت لەسەر عیراقیش بە هەمان ڕادە زیاتر دەبوو. بۆ یەکەم جار، سۆڤیەت دەستی بە ناردنی تۆپخانەی قورس بۆ سەددام حوسەین کرد، کە ئەویش لە بنەڕەتدا ستراتیجی عیراقی دژ بە کوردان دەگۆڕی. هەتا ساڵی ١٩٧٣ سوپای عیراقی تەنیا لە هاویندا عەمەلیاتی لە چیاکان بەڕێوە دەبرد و لە سەرەتای زستاندا دەگەڕانەوە پێدەشتەکان.

له زستانی ساڵی ١٩٧٤ دا بۆ یەکەم جار سوپای عیراقی لەو شوێنانەدا مانەوە کە بە هێرشی هاوینە گرتبوویانن و قایمکارییان تێدا کردبوو؛ ئەوەش واتای ئەوەی هەبوو کە شەڕی هاوینی دادێ لە قووڵایی ناوچە کوردنشینەکانەوە دەست پێدەکات. بەڕوونی دیار بوو عیراق دەیویست شوێنی قایمی کوردەکان تێك بشکێنێت. ئەم ستراتیجییە بوو بە هۆی نیگەرانیی زۆر لەبەر ئەوەی تۆپخانەی قورسی سۆڤیەتی توانای بە سوپای عیراقی دەبەخشی بتوانێت دەوری ئەو شوێنە قایمەی کوردان بدات کە تا ئەودەم لە گیران نەدەهاتن.

عیراقییەکان لە ١١ ی مارچی ١٩٧٤، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە چوارساڵ پێشتر خودموختارییەکەیان پێشنیار کردبوو، پلانی نوێی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان ڕاگەیاند. لە پلانەکەدا، گەرچی بە شان و باڵی خودموختاریدا هەڵدەگوترا، بەڵام لە ڕاستیدا پێشنیاری چاوەدێری زیاتری سیاسی عیراق [بە سەر ناوچەکە] دەکرا و پێشنیارەکەی بەغداش لە هەڕەشە دەچوو.

کاتێ کە هەڵسووڕانی سوپایی دەستی پێکردەوە، هەموو وتووێژەکانی پێشوو سەبارەت بە سیاسەتی کوردی لە واشەنتۆنیش سەری هەڵدایەوە. شا، ئینزاری ئەوەی دەکرد کە تێکشکانی کورد تای تەرازووی هاوسەنگیی هێز لە عیراق تێکدەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی لایەنە ڕادیکاڵ و سەر بە سۆڤیەتەکان لە ناوچە لە زیادی بدات. شا، هەروەها مەترسیی مەسەلەکەی بۆ سەر خەلیج و ئێران دەخستە بەرچاو.

*ئیسرائیلیش داواکاریی خۆی بۆ یارمەتیدانی زیاتری کوردان ئاراستە کرد. لە ماوەی هاتوچۆی مانگی مەی ١٩٧٤ مدا، کە گەیشتە ئەنجامی بەرگری لە شەڕ لە بەرزاییەکانی گۆلان [ی سووریا]، 'گۆڵدا مایەر' بە تایبەت بابەتەکەی چەند جار لەگەڵمدا باس کرد.

*بارزانیش گەلێك ئامادەی شەڕ بوو. تێکچوونی وتووێژ لەگەڵ بەغدا دەرەتانێکی بۆ خوڵقاندبووکە بتوانێت ئەو بەند وبەستانەی وا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە بۆی دانرابوو، شل بکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەك دابمەزرێنێ کە گەرچی خۆی بە خودموختاریی دادەنا بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەربەخۆییدا نەبوو.

ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٦ بارزانی دوو بژاردەی لەمەڕ ستراتیجیە پێشنیارکراوەکانی خۆی خستە بەر دەستمان: [ساڵانە[ ١٨٠ ملیۆن دۆلار [یارمەتی] بۆ خودموختاریی تەواو، یان ٣٦٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو شتەی وا خۆی بە 'ژێرخانی پێویست بۆ سەربەخۆیی' ناوی دەبرد.

بارزانی یەکلابینی یەکی هەبوو کە بێ ئەو، نەیدەتوانی چەند جار خەبات لە پێناو سەربەخۆییدا بەڕێوە ببات. ئەو خەباتانە لە بنەڕەتدا دژ بە هێزە دەسەڵاتدارەکان بەڕێوە چووبوو و بە هۆی بڕوایەکی بەهێز و چەشنە گوێنەدانێکی حیساباتی ئاسایی لەمەڕ هاوسەنگیی هێزەکانەوە، تا ئەودەمیش هەر درێژەی کێشا بوو. بۆی هەیە ورەی بەرز زۆرجاران بتوانێت ببێتە جێگری هۆگەلی ماددی، بەڵام ڕادەیەکی دیاریکراوی عەینییەت لەو دیاردانەدا هەیە کە هیچ خۆ بەختکردنێك ناتوانێ بیانگۆڕێت.

تەفسیری بارزانی لە خودموختاری هەرگیز لە لایەن شا (یان لە لایەن تورکیاوە بۆ ئەو مەبەستە)، پەسند نەکرابوو. وڵاتە یەکگرتووەکانیش لە سەر ئەو هەڵوێستە نەبوو کە خۆی بە تەنیا هەموو ئەو پارەیەی وا بارزانی داوای دەکرد، ئاراستەی بکات. تەنانەت بڕێك کە ئەو داخوازی دەکرد لەو ڕادەیە تێپەڕیبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان گرتبوویە ئەستۆ. گۆنگرێسی ئەمریکیش، کە لەساڵی ١٩٧٤ و لە لووتکەی کارەساتی واترگەیتدا بە شێوەیەکی سیستماتیك یارمەتییەکانی هیندوچینی وەستاندبوو، بێگومان هەرچەشنە داواکارییەکی لەمەڕ زیادکردنی یارمەتیی دارایی بەربڵاو بۆ شەڕێکی چریکی لە چیاکانی عێراق و نزیك سنوورەکانی سۆڤیەتی دەدایە دواوە. هەروەها کارێکی بەجێ نەدەبوو ئەگەر شا مەجبوور بکرایە بە ڕادەیەکی زۆر، دەست لە کاروباری وڵاتێك وەربدات کە هاوپەیمانی نزیکی سۆڤیەت بوو- لەکاتێکدا وڵاتەکەی خۆی سنوورێکی دوورودرێژی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو.

داواکاریی بارزانی بووە هۆی دابارینی ڕێژنەی نامەی "کۆڵبی" کە چاوترسێنی هەرچەشنە زیادکردنێکی یارمەتی ئەمریکای دەکرد. ئەو دژایەتییەی کۆڵبیش ڕاست بە ڕادەی داواکارییە توند وتیژەکەی بارزانی دوور لەو واقیع بوو. هەموو چاوەدێرەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئەگەر ستراتیجی نوێی عێراق بگیرێتە بەرچاو، ئەوا پرۆگرامە مەوجوودەکەی ئەودەم — تەنانەت ئەگەر بە ئامانجی بەرگریش بوایە، هەر هەڵە بوو. من وەك ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، هەوڵی زیادکردنی یارمەتییەکەی کوردانم دا و داوام لە "دیك هێڵمز" و "برێنت سکۆگرافت" کرد پێشنیارێك بخەنە بەرچاو.

هێڵمز و سکۆگرافت لە سەرەتاکانی مانگی چواری ١٩٧٤ دا بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە زیادکردنی یارمەتییەکان تاڕادەی نزیك بە دووقات. یارمەتی شاراوەی ئەمریکا لە ساڵانە ٥ ملیۆنەوە گەیشتە ٨ ملیۆن دۆڵار و ملیۆنێکیش بۆ یارمەتیدانی پەنابەران.

شا موافەقەی کرد کە یارمەتییەکانی خۆی لە ساڵی ٣٠ ملیۆنەوە بگەیێنێتە ٧٥ ملیۆن دۆلار. بریتانیا و ئیسرائیلیش یارمەتییەکانی خۆیان لە هەمان ڕادەی پێشوودا هێشتەوە.

بۆئەوەی ستراتیجییەکی یەکگرتوو- ئەگەر نەکرێت "خواستی هاوبەش"ی پێ بگوترێت، بەرەوپێش ببەین، داوام لە هێلمز کرد بە شا و بارزانی ڕابگەیێنێت کە،

"وەك دەبینن، بەرژەوەندیی ئەمریکا لەوەدایە کە، (ئا) توانایەك بە کورد بدات بۆ ئەوەی لە وتوویژی ناسرانی مافەکانیان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە، بنەمایەکی مەعقوولیان هەبێت؛ (ب) دەست وباڵی حکوومەتی عێراق ببەسترێتەوە، بەڵام (پ) نەك ئەوەی عێراق بە شێوەیەکی هەمیشەیی دابەش بکرێت لەبەر ئەوەی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی لەباری ئابوورییەوە ژیانی نابێت و ئەمریکا و ئێران سوودیان لەوەدا نییە دەروازەی پێوەندیی باش لەگەڵ ڕێبەرایەتییەکی مەعقوولی عێراق ببەستن.

### ڕێگاوشوێنێکی هاوچەشنیش بە 'کۆلبی' درا.

گەرچی وا دەردەکەوت کە هەمووکەس لەگەڵ ئامانجەکاندا هاودەنگ نەبێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ دا هەندێ لەو کەسانەی وا دەوریان لە مەسەلەکەدا هەبو، بۆچوونی جیاوازیان بوو. ڕێکخراوەی سیا، کە لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەبەری ئیش وکارەکان بوو،کەوتە دۆخی بەرنامەیەکی نوێوە. شا لە کیش و ماتیی بەرگریکردندا قەتیس مایەوە و بارزانی لە ڕێگەی ئەو یارمەتییانەوە کە ئاراستەی دەکرا و ئەویش لە ڕاستیدا هەر بەشی داکۆکیکردن لە خۆی دەکرد، کەوتبووە شوێن ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

گرفتی پڕۆگرامی کۆلبی ئەوە بوو کە زیاتر بۆ بەرگری لە چەرمە سەرێ خولقاندنی کۆنگرێس دانرابوو نەك بەرگریکردنی سەر زەوی. <u>گرفتی ستراتیجیکی بارزانیش ئەوە بوو کە تەنیا لە ڕێگەی شەڕی ئاسایی (سوپایی)یەوە دەکرا بگاتە ئامانج نەك لە ڕێگەی شەڕی چریکییەوە.</u> گرفتی ستراتیجیکی کۆشکی سپی و ئێرانییەکانیش لەوەدا بوو کە خودموختاریی کورد پێویستی بە چارەسەر کردنی خێرا و دایمی هەبوو، چارەسەر کردنێکی ئەوتۆش ئەستەم بوو لە ڕێگەی دەرەتانی عەمەلیاتی نهێنی پەسند نەکراوەوە، دژ بە ویستی دژبەرێکی خاوەن ئیرادە، بەرهەم بێت.

بەگشتی، بەڕێوەبردنی ئیش وکار لە لایەن کوردانەوە شێوازێکی ئەوتۆی هەبوو کە ئەستەم دەتوانرا نیازە ڕاستەقینەکانیان بهێنرێتە دی. هەندێك جار تەواو بە داماوی دەهاتنە بەرچاو و

گەلێ جاریش سەرکەوتوو و کەیف خۆش بوون. بۆ نموونە، شا لە ١٩٩٤/٧/٢٧ دا داواکارییەکی بە پەلەی بارزانی بۆ یارمەتی پێشکەش کردین و چاوەترسێی خۆیشی سەبارەت بە ئەنجامی مەترسیداری تێکشکانی بەربەرەکانیی کورد- لە ئێران و سەرانسەری خەلیجدا، خستە سەر.

چەند حەوتووی پێنەچوو کە لە سەرەتای مانگی ٩ دا بارزانی پێشنیاری هێرشکردنە سەر ناوچە نەوتییەکانی کەرکووکی پێکردین. ئێمە لە ٩/١٨ دا پێشنیارەکەمان دایە دواوە لەبەر ئەوەی نەماندەویست زنجیرەیەکی تر لە توندوتیژی نواندن لە دامەزراوە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بخولقێنین وبیکەینە سەرباری ئەو قەیرانە ئەستەمەی نەوت کە ئەودەم لەئارادا بوو. بەڵام گوشاری ناوبەناوی بارزانی بۆ هێرشکردنی کوردان، ڕوانگەی ئەو لایەنانەی بەهێزتر دەکرد کە دژ بە یارمەتیدانی زیاتر دەوەستان و مۆڵەتی پێدەدان بڵێن ئەگەر کورد داوای چەکی زیاتر بۆ هێرشی مەزن دەکات، دەبێ دەرەتانی بەڕێ و جێی بۆ داکۆکیکردن لە شوێنەکانی خۆی هەبێت.

لە باری تیئۆرییەوە، هاوینی ساڵی ١٩٧٤ کاتێکی بەڕێ و جێ بوو بۆ پێداچوونەوەی بارودۆخەکە. هەرچۆنێك بێت، دوو کۆسپ لە سەر ڕێگەمان بوو و تەنیا ئەوانەی وا لە دەرەوەی مەسەلەیەك وەستا بن دەتوانن بەرانبەر بەو ڕووداوانەی وا لە کاتی ناچاریدا ڕوودەدەن، ڕەنگدانەوە بنوێنن.

هاوینی ساڵی ١٩٧٤ دارماڵی قەیران بوو. زۆرێك لەو قەیرانانە بانگی سەرنجی ئێمەیان دەکرد: لە مانگی مەیدا، هاتوچووی [من بۆ] سووریا؛ لە مانگی جووندا، سەفەری سەرەك کۆمار بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و یەکیەتی سۆڤیەتی؛ لە مانگی جوولایدا، قەیرانی قبرس؛ لە مانگی ئۆگوستدا، هەڵسەنگاندنی سەرەك کۆماریی نیکسن؛ دواتریش، ڕاگواستن، قبرس، ڕەواندنەوەی ئاڵۆزیی، هەرەسی لایحەی بازرگانی، سیاسەتێکی بەبرەو لەمەڕ هێورکردنەوەی بارودۆخ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و، لە کۆتاییشدا سەرهەڵدانی تراجێدیای هیندوچین. کاتێکی کەم هەبوو بۆ ئەوەی ڕێبازمان لەمەڕ ناوچەی دوورەدەستی کورد بە شێوەیەکی سیستماتیك دیراسە بکەین.

لەوەش زیاتر، ئەگەر تەنانەت سیاسەتمەداران ڕووبەڕووی هیچ دژایەتییەکی دیکەش نەبوونایەتەوە، گومانم هەیە بیانتوانیایە بگەنە شتێکی باشتر لە بەرنامەکەی ئێمە. ئەگەر ئێمە لە ساڵی ١٩٧٢ دا 'بەرنامەی نهێنی'مان بەڕێوە نەبردایە، کورد بەخێرایی تێکدەشکێنران.

دەست تێوەردانی دوو دەیە دەرفەتی پێدابووین کە لە گەڵ شێوازی کارەکانی سەددام حوسەیندا ناسیاوی پەیدا بکەین و ئەوەش گومانی کەمی بۆ دەهێشتینەوە کە کورد لە ڕێگەی تەسلیم بوونەوە کارهاسانی بۆ ئامانجەکانی خۆیان بکەن. تا هاوینی ١٩٧٤ بژاردەکانی ئێمە لە زیادییان نەدا. ئەگەر ڕێنومایییەکانی 'سیا'مان ڕەچاو بکردایە و یارمەتی زیاتری داراییمان بۆ دەستەبەر نەکردایەن، کورد بە دڵنیاییەوە دەشکا. ئێمە ئەو بژاردەیەمان نەبوو کە پشتگیرییەکی زۆر لە شەڕێك بکەین کە لە باری مەنتیقییەوە ئەستەم و دوورەدەست و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئەمریکاش دوور لە تێگەیشتن بوو. چونکوو سەرکەوتنی جێگەی داخوازی بارزانی پێویستی بە دەست تێوەردانی زۆری ئێران و پشتگیرییەکی زیاتر لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان [ی ئەمریکا]وە دەکرد. بەڵام لەو کەش وهەوایەدا کە ڤیەتنام لەرزۆك ببوو، ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناسەقامگیر بوو، و سیاسەتی لابردنی ئاڵۆزی کەوتبووە بەر هێرش، کردنەوەی بەرەیەکی نوێ، چارەنووسی هاوپەیمانێکی دیکەمانی بێ بەزەییانە دەخستە مەترسییەوە و بێگومان لە لایەن کۆنگرێسیشەوە دەدرایە دواوە.

کاتێ من لە ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٢٦ دا کورتەیەکی عەمەلیاتی کوردیم بە سەرەك کۆماری نوێ ڕاگەیاند، ئاگادارم کردەوە کە شا نیازی ئەوەی هەیە هێزی سوپایی بنێرێت [ە کوردستان] (شا، پێشتریش یارمەتیدەرانێکی بە جل وبەرگی کوردییەوە ناردبووە ئەوێ)، ئینزاری ئەوەشم کرد کە سەرەڕای ڕواڵەتێکی هاندەر، ئەم کارە گەلێك بێ پایان و جێگەی مەترسییە. ئەگەر 'فۆرد' فەرمانێکی پێچەوانەی پێنەدایەم، ئەوا مەیلی خۆم ئەوە بوو مەسەلەکە بدەمە دواوە. بەڵام سەرەك کۆماریش پەسندی [پێشنیارەکەی شای] نەکرد.

من لەسەر ناوڕێیانێك مابوومەوە و گەیشتبوومە سەر دوو چارەسەری ناگوزیر. ئێمە یارمەتییەکی زۆر و بەردەواممان ئاراستەی کوردانی پەنابەر کرد. لە ٢٦ ی ئۆگوستیشدا فۆرد پەسندی ئەو گەڵاڵەیەی کرد کە باڵوێزی ئیسرائیل 'سیمشا دینیتز' و من چەند هەفتەیەك بوو بە ئامادە کردنیەوە خەریك بووین. گەڵاڵەکە بریتی بوو لەوەی ئەو چەکە ڕووسییانەی وا ئیسرائیل لە شەڕی ساڵی ١٩٧٣ دا کەوتبووە دەستی، بدات بە کورد و ئێمەش لە بری ئەو، چەك و کەرەسەی ئەمریکی بدەینە ئیسرائیل (ئەوەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەحەتییەکی زۆر کە پێویستی بە چەند مانگ وتوویژی نێوان دائیرەکانی حکوومەت دەکرد). لە کۆتاییشدا نزیکەی ٢٨ ملیۆن [دۆلار] کەرەسەی سۆڤیەتی ڕاگوێزرا، تا ئەو جێیەی کە کۆتایی بە هەموو ئەو چەکە سۆڤیەتییانەی لای ئیسرائیل هات کە شیاوی شەڕ لە ناوچە کوردییەکان بوون.

پایزی ساڵی ١٩٧٤ بوو. هێرشی عێراق بۆ سەر کورد لە زیادیی دابوو، ئێمە داواکاریی زیاتری کوردانمان لەمەڕ یارمەتیی زێدەتر پێدەگەیشت کە بەزۆری لە لایەن شای ئێرانەوە ئاراستە دەکرا. سیا دژ بە هەموو ئەو داواکارییانە دەوەستا؛ بۆ نموونە، لە ئۆکتۆبری ١٩٧٤ دا 'کۆڵبی' ڕاپۆرتی ئەوەی ڕاگەیاند کە باشترین هێڵی پێوەندیی بارزانی بۆ یارمەتی وەرگرتن لە ئێران و شوێنی سەرەکیی ئیدارەکەی کەوتۆتە مەترسییەوە. هەرچۆنێك بێت، پێی گوترا کە، "ڕادەی پشتگیری کردنی ئێمە بەرزتر نابێتەوە" لەبەر ئەوەی بۆی هەبوو نهێنیکاریمان لێ بشێوێنێت و ئەو نهێنیکارییەش گەلێك گرنگتر بوو لە داواکارییەکانی کورد:"سەرجەم دەسگرۆییەکانی ئێمە لە بارزانی لە ماوەی ساڵانی دارایی ١٩٧٣ و ٧٤ و ٧٥ دا دەگاتە ٢٠ ملیۆن دۆلار کە زیاد لە ١٢٥٠ تەن کەرەسەش دەگرێتە بەر... ئێرانییەکان دەتوانن هەموو چەشنە یارمەتییەك کە کورد پێویستی پێی بێت، ئاراستەیان بکەن و سیا وا بە باشتر دەزانی کە یارمەتیدانی کوردان بۆ ئێران بە جێ بهێڵرێت."

بەڵام ئەگەر شا یارمەتی خۆی لە ڕادەی ٧٥ ملیۆن دۆلار تێپەڕاندبێت کە تا ئەودەم ئاراستەی کوردانی کردبوو، ئەوا تووشی هەمان گرفت دەبێت کە ئیسرائیل تووشی هات. جا ئەگەر بێت و ئێمە چەکی جێگری بۆ نەنێرین، ئەوا ئەویش خۆی لاواز کردووە و ئەگەریش بینێرین، دەکەوینە شەڕێکی بێ ئەنجامەوە لەگەڵ کۆنگرێس.

<u>بەشی سێهەم</u>

ئا لەم شوێنەدا بوو کە عێراق لەسەرخۆ، بەڵام بە قورس و قایمی دەهاتە پێشەوە و شا، بە بێ ڕاگەیاندن و بە کوتوپڕی، تۆپی ناو دەستی خۆی فڕێدا. ئەو، دەسەڵاتی ئیدارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی بینیبوو، کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەرەو لاوازی چووبوو. شا، هیچ کاتێ دژ بە بڕیارەکانی ئێمە لەمەڕ یارمەتیدانی کوردان نەوەستا بوو، جا هۆکاری ئەو بڕیارەی شا واهەیە ئەوە بووبێت کە گومان کردنی لە ئیرادەی بەهێزی ئێمە شوێن لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دابنێت و ئەوەش لە کاتێکدا کە هەموو بەرنامەی ئاسایشی وڵاتەکەی خۆی لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندییانە دانابوو. بەڵام بڕینی یارمەتیی داراییمان بۆ هیندوچین ڕاست لەو کاتەدا، هیچ پاڵی بە شاوە نەدەنا ئێران بخاتە شەڕێکی ئاشکرای دژ بە عیراقەوە کە ئەوەش تاقە ڕێگایەك بوو لەبەردەمی مابووەوە یاخود گوێ نەداتە سنووری دوور ودرێژی [وڵاتەکەی] لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی بە بێ زامنکردنێکی پتەو لە لایەن وڵاتە

یەکگرتووەکانەوە، لە کاتێکدا ئێمەش لە هەل ومەرجی ئەوەدا نەبووین [ئەو زامنەی] بۆ دابین بکەین.

هەر بۆیە بوو کە شا بڕیاری دا بە نهێنییەکی سیاسەتمەدارانەوە، پاشەکشە بکات. لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی ١٨ ی فێبریوەری ١٩٧٥ لە زوریخ لە کاتی کۆتایی هاتنی سەفەری "دەرخستن"ی کێشەی ڕۆژهەلاتی ناڤیندا، شا بە بێ هیچ ڕاگەیاندنێکی پێشتری مەسەلەکە، پێی گوتم کە خەریکی پێکهێنانی وتووێژێکە لەگەڵ سەددام حوسەین؛ منیش ڕاپۆرتی مەسەلەکەم بەم شێوەیە بە فۆرد ڕاگەیاند:

"شا، لە وەلامی پێشنیاری ئاشتی کردن لەگەڵ عیراقدا، خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ چاوپێکەوتنی پیاوی بەهێز واتە سەددام حوسەین. شا گوتی ناتوانێ قەبووڵی حکوومەتێکی خودموختاری کورد بکات کە لەژێر دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندیی کومۆنیستی عێراقدا بێت. ئەو دڵنیا نییە لەوەی عێراقییەکان هەندێ ڕووداو لە سەر سنووری ئێران و عێراق بخوڵقێنن کە ببێتە هۆی بە نێونەتەوەیی بوونی کێشەی کورد؛ مەسەلەکە بە شۆڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕاگەیێنراوە- کە بە بۆچوونی ئەو، لەوپەڕی بێ کەڵکیدایە. بە کورتی، وا دەردەکەوێت کە ناوبراو لە مەسەلەی کورددا، بەرەو تێگەیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ عیراق بڕوات، بەلام نازانرێت تاچ ڕادەیەك بۆی دەلوێت. لە عەینی کاتدا، شا دەیەوێت درێژە بە یارمەتیدانی کورد بدات."

من ئەو مەترسییانەم وەبیری شا هێنایەوە کە خۆی سەبارەت بە تێکشکانی کورد دەیخستە بەرچاو و دەیگوت ناوچەکە تووشی ئالۆزی دەکات. هەروەها گوتم ئەو زامنەی وا سەددام لەمەڕ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان دەیدات، بێبایەخن لەبەر ئەو ڕاستییەی کە سۆڤییەتییەکان پاشەکشە کردنی ئێران بە لاوازیی زیاتری ڕۆژئاوا دادەنێن، دوور نییە کاری شێتانەیان تەنانەت لە بەرەکانی شەڕیشدا لە زیادی بدات. ڕەخنەکانی من وێدەچوو زانایانە بووبێتن.

لەبەر ئەوەی کوردان چیتر لەڕێگەی 'بەرنامەی نهێنی' ئێمەوە نەدەپارێزران، درێژەی خەباتیشیان پێویستی بە خۆ تێهەڵقوتانی زۆری ئێرانییەکان دەکرد. بۆ ئەو کارەش، کەم یان زۆر، پێویست بە دوو لەشکری ئێرانی و بودجەیەکی سالانە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری هەبوو. هەروەها ئێرانییەکان دەبوایە سەیری مێدیاکانی ئێمە بکەن و بزانن چۆن لەمەڕ هیندوچین دەدوێن بۆ ئەوەی تێبگەن کە لەوێش هیچ پشتگیرییەك بۆ ئەم سیاسەتە لە ئارادا نییە.

له ٢٢ ی فیبریوەری- ماوەیەکی کەم دوای چاوپێکەوتنم لەگەڵ شادا، 'دینیتز'[٢٢١]م ئاگادار کردەوە:

"ئەو [شا]، لەوە دەترسێ کورد ئیتر کاری تەواو بوو بێت. ئەو لە بەرانبەر"ڤیتۆ"یەکدا کە بۆ خستنە دەری بارزانی [لە کێشەکە] بیدرێتێ، دوور نییە دەست بە وتووێژێك لەگەڵ عیراقییەکان بکات ئەگەر لە ئۆپێك چاویان بە یەکتر بکەوێت. من دژ بەوە ئینزاری توندی ئەوم کرد."

لە ڕۆژی ٩ ی مارچ و دوای پێکهاتنی شا و سەددام ڕاگەیێنرا، ئەم شتانەم بە وردی بە 'ڕابین'[٢٢٢] ڕاگەیاند:

"ئەو [شا] لە زوریخ بە ڕیاکارییەوە پێی گوتم 'ئەگەر لە جەزائیر چاوم بە سەددام حوسەین بکەوێت..." ئینجا هەموو ئەو بابەتانەی وا ئێستا لە پێکهاتنەکەدا هاتووە، هەمووی وەك بیرۆکەی خۆی ڕاگەیاند- بەتایبەت ئەوەی کە عێراقییەکان زامنی ئەوە بکەن هیچ کومۆنیستێك [لە ناوچەی خودموختاری کورد] دانەنێن."

شا ئەوەی نەگوت کە سات وسەوداکەی بەڕێگەوەیە یا خود داوای کۆنترۆڵی تەواو وکەماڵی عێراق بە سەر ناوچە کوردنشینەکاندا دەکات. وەك ئەنجامێکی ئەوەش، من هەر درێژەم دا بە هاندانی بارزانی و لە ٢٠ ی فیبریوەریدا وەڵامی نامەیەکم دایەوە کە داوای چاوپێکەوتنی منی کردبوو:

"من گەلێك بە وەرگرتنی نامەی ٢٠ ی جانیوەریتان خۆشحاڵ بووم. دەمەوێت ئاگاداری ڕێزی خۆمتان بکەمەوە بەرانبەر بە خۆتان، گەلەکەتان و هەوڵی ئازایانەتان لە پێناو ئەو تەنگوچەڵەمە گەلێك دژوارانەی وا ڕووبەڕووتان بۆتەوە. ڕێزی هەڵسەنگاندنتان لەمەڕ بارودۆخی نیزامی و سیاسی دەگرم کە خوێندمەوە. دەتوانن دڵنیا بن کە پەیامەکەتان لە بەرزترین پلەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا سەرنجی جیدی دەدرێتێ و ئەوەش بە هۆی گرنگییەکەوەیە کە ئێمە پێی دەدەین. ئەگەر بتانەوێت نوێنەرێکی باوەڕپێکراوی خۆتان بنێرنە واشەنتن و زانیاری زیاتر لە مەڕ بارودۆخەکە بدەنە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوا ئێمە شانازی و پێخۆشیمان بۆ میوانداری کردنی دەبێت."

[٢٢١] سیمکا دینیتز، باڵوێزی ئیسرائیل لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣ تا ٧٩دا.

[٢٢٢] ئیسحەق ڕابین سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ و ٧٩ دا.

زیاد له دوو هەفتە دوای ئەوە، و کاتێ کە لە ٦ ی مارچدا خەریك بووم خۆم بۆ سەفەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئامادە دەکرد، شا بە ڕاگەیاندنی هەواڵێ ئەوەی لەگەڵ سەددام حوسەیندا گەیشتۆتە پێکهاتنێك و بە گوێرەی ئەو ئیتر کوردی بەجێهێشتووە، گێژی کردین. لە بەرانبەر دانپێدانانی عێراق بە سەر ڕووباری شط العرب دا- کە ڕووبارێکە سنووری ئێران و عیراق دیاری دەکات، شا سنوورەکانی خۆی [بە سەر کورددا] داخست و هەموو چەشنە یارمەتییەکی کوردانی وەستاند.

کردەوەی شا لە باری مرۆڤایەتییەوە بێبەزەییانە بوو و جێگەی هیچ داکۆکیکردنێك نییە؛ بەڵام لە لایەنی هەڵسەنگاندنی سەربەخۆیانەی ئاسایشی ئێرانەوە، بڕیارەکەی بۆ ئەوە دەبێ لێی تێبگەیت- هەرچەندە بە ئێش و ئازاریشەوە بێت. ئێستا ئیتر تەنیا دەست تێوەردانی بەربڵاوی ئێران دەیتوانی کوردان ڕزگار بکات؛ پیتاکی کارەکەش لە ڕادەی ئەو ٣٦٠ ملیۆنە تێپەڕیبوو کە بارزانی لە ساڵی ١٩٧٤ دا داوای دەکرد.

وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە توانەوەی هیندوچیندا خنکا بوو، نەیدەتوانی تەنانەت بیریش لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێی سوپایی بکاتەوە و خۆ ئەگەر شێوازی کاری کۆنگرێس بگیرێتە بەرچاو، تەنانەت پشتگیریکردنی سیاسیش هەر دژوار دەبوو. من گوێم نەدایە کاری شا و لەوەش کەمتر گوێمدایە شێوازە فێڵبازانەکەی. لە١٠ ی مارچدا تێلگەرافێکی سارد وسڕم بۆ نارد؛ لە تێلگەرافەکەدا پشتگیرییەکی ئەوتۆی بە کردەوەم لێنەکرد و گوتم گومانم هەیە سوودی بۆ خۆیشی هەبێت:

"سەبارەت بە مەسەلەی کورد من هیچی وام نییە لەو قسانەی زیاد بکەم وا لە چاوپێکەوتنی ئەم دواییانەماندا گوتم. <u>ئاشکرایە خاوەن شکۆتان دەتوانێ لەسەر قازانجی گەلەکەی بڕیار بدات. سیاسەتی ئێمە ئەوە دەبێت کە وەك هەمیشە پشتگیریی ئێران وەك دۆستی نزیك و وەفاداری وڵاتە یەکگرتووەکان بکەین</u>. دیارە من بە گرنگایەتی زۆرەوە سەرنج دەدەمە سەر گۆڕانکارییەکانی پێوەندیی نێوان عێراق و ئێران و سیاسەتی عیراق لە ناوچەکەتان بە گشتی و بە نیسبەت یەکیەتی سۆڤیەتیشەوە بە تایبەتی."

کاتێ هەمووشتێك تەواو بوو، قارەمانانی بەربەرەکانیی دواکەوتوو، بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی بەڕێوەبەرایەتی فۆرد و بە تایبەت من- بە ناوی ئەوەی "کوردم بەجێ هێشتووە". بەڵام <u>ئەوە شا بوو کە بڕیاری دا و ئێمە نە پێکهاتنێکی ئەوتۆمان کرد، نە ستراتیجییەك کە پێشی کارەکەی پێ بگرین</u>. ئەو چارەسەرەش کە هەندێ لە ڕەخنەگرانمان پێشنیاریان دەکرد- کە

دەبوایە بە هۆی وەستاندنی یارمەتییەوە هەڕەشەمان لە شا بکردایە- هیچ واتایەکی نەبوو. ئێمە چۆنمان دەتوانی گوشار بخەینە سەر هاوپەیمانێکی سەرەکیمان بۆ ئەوەی خۆی بە تەنیایی عەمەلیاتێکی سوپایی بەڕێوە ببات و- ئەوەش تاقە شتێك بوو، کە دەکرا لەجێگەی کارەکەی شا دابنرێت- لە کاتێکدا کۆنگرە یارمەتی ئەو هاوپەیمانانەی دەوەستاند وا چەقۆیان لەسەر مل ڕاگیرابوو.

ڕووداوەکانی دوای ڕووخانی حکوومەتی شا، بایەخی داوەریکردنەکانی ئێمەی دەرخستووە کە ئێرانێکی دۆست لە هاوسەنگیی ناوچەیی و جیهانیدا پێداویستییەکی تەواو بوو. منیش بە هێرشکردنی سیاسی بۆ سەر شا یا خود بڕینی یارمەتیمان لە ئێران، ئەگەر هاوپەیمانێکی سەرەکی خۆمانم لە گرێژەنە ببردایە، دەبوومە کەسێکی بێ خەیاڵ و دوور لە بەرپرسی.

بەرپرسیایەتی ئێمە سەبارەت بە داکۆکیکردن لە ئێران چاکەیەك نەبوو کە ئەگەر پێی خۆشحاڵ نەبوایەیەین وەریبگرینەوە، بەڵکوو دەربڕینی بەرژەوەندیی جیئۆپۆلیتیکاڵی خۆمان بوو. دەنا من دەبوایە ببمە بینەری بەکۆیلەبوونی خەڵکێکی دۆستی دیکەمان و ئاگاداری ئەو ڕاستییەش بووم کە باوەکوو دەکرا کردەوەی شا بکرێتە بیانوویەك و کەڵکی لێ وەربگیرێت؛ بەڵام هۆکاری کێشەکە ئەو قەیرانە ناوخۆییەی خۆمان بوو کە بە تەواوەتی پەکی خستبووین.

کاتێ کە بەربەرەکانیی کورد تێك شکا، مانۆڕکردنی ئاسایی و شێوازپێدراوی واشەنتن بۆ دابەشکردنی سەرکۆنەکانیش دەستی پێکرد. کۆڵبی یەکەم کەس بوو کە دەبوایە قسەی لێ ببیسترایە. ناوبراو لە ١٣ ی مارچدا کەڵکی لە داواکارییەکی بارزانی سەبارەت بە یارمەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا وەرگرت بۆ ئەوەی بڵێ سیا لە سەرجەم مەسەلەکە بەدوور بووە. کۆڵبی نووسی: "لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بوو یارمەتی لە ڕێگەی ئێرانەوە ئاراستە بکات، ئێستا کە بەربەرەکانی کورد تێکشکاوە، ئیتر ناردنی هەر چەشنە یارمەتییەکی ڕاستەوخۆ کەمتر لە ڕابردوو دەتوانێ جێگەی دیفاع لێکردن بێت."

ناوبراو گومانی لەوەدا دەکرد شا- کە کاتی خۆی یارمەتییەکانی بارزانی وەستاندبوو، ئامادە بێت درێژە بە گەیاندنی "سووك و سانا"ی یارمەتییەکانی ئێمە بدات. ئینجا بۆ ئەوەی کاتی پێویستی پێبدرێت، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە داواکاریی کورد [بۆ یارمەتیی خێرا] پێویستە دوای گەڕانەوەی من لە سەفەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین دیراسە بکرێت و دیارە لە ڕێگەی سەرچاوە ئاسایشییەکانی خۆیەوە زۆر بە باشی دەیزانی کە ئەودەم ئیتر گەلێك درەنگ دەبێت!

لەعەینی کاتدا کۆڵبی گوتی لەبەر ئەوەی کوردان گەلێك ئیحساساتی و بێ ئیحتیاتن، با یارمەتی مانگی مارچی "سیا"شیان پێبدرێت- کە ئەوە لەچاو ئەو تراجیدیایەی وا خەریك بوو بە سەر کورد بێت، چارەسەرێکی بچووك و بێ ئیعتیبار بوو. کاتێکیش کە شتەکە ڕوویدا، تەنانەت نوێنەرانی کۆڵبی لە ناوچەکەش نەیاندەتوانی ڕازی بە هەڵسوکەوتێکی وا خەمساردانە بن.

تا ئێرە، ئەوان بە بێ ئیستیسنا، دژ بە زیادکردنی یارمەتیی کوردان بوون و لایکەم ئەو مەسەلەیە لە نامەکانی کۆڵبی بۆ کۆشکی سپی دەردەکەوت. بەڵام هەر ئەوەندەی سەددام حوسەین هێرشی دەرکردنی هەمووانی بەڕێوە برد، نوێنەرانی سیا لە ناوچەکە بەهۆی تراجیدیایەکەوە کە بەبەرچاویانەوە دەقەوما، دەست و پێی خۆیان وون کرد. کاتێ من لە هاتوچۆی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بووم، چەندین داواکاریی ڕێبەرانی کوردیان لەمەڕ یارمەتیی دەستبەجێیان پێ ڕاگەیاندم و کاتێ کە داواکارییەکان بێوەڵام مانەوە، کارەکەی خۆیان بە یادداشتێکی سەرکۆنە کردن کۆتایی پێهێنا.

وەك لە مەسەلەی هیندوچینیشدا هاتە پێشەوە، ناوی یارییەکە بریتی بوو لە تاوان خستنە سەر خەڵکانیتر؛ دائیرەکەی منیش ڕاست ئەو شوێنە بوو کە تۆمەتکاران ڕوویان لێی بوو. بۆ ماوەی ساڵێك هەر یارمەتییەکی زیادیی ئەمریکا بە کورد درابێت، ئەنجامی ئەو گوشارەی من بووە کە بە سەر دژایەتی نواندنی سیادا زاڵ دەبوو؛ ئەوەش کە چیتر وەڵامی داواکاریی یارمەتیی خێرایانم نەدەدایەوە لەبەر ئەوە بوو کە هیچم نەبوو بیڵێم و نووسەران[ی نامەکان] دەیانزانی کاتێ کە سنووری ئێرانمان لەسەر داخرا، ئیتر هیچ یارمەتیدانێکی دەست بەجێ لە گونجان نەدەهات.

قەیرانی کورد گەیشتە ئەنجامێکی تاڵ- وەك لە ماوەی ٢٠ ساڵ دوای ئەیشدا، لەبەر هەندێ هۆکاری کەم بایەختر، بە هەمان شێوە درێژەی کێشا: جوغرافیایەکی یاساخکراو، بوونی هاندەری ناتەبا لە وڵاتانی دراوسێ، و ڕوانگەی نەگونجاوی ناو خودی کۆمەڵگای کورد.

ئەوانەی وا دواتر بە خێرخواییەوە قسەیان لە "بەدگومانی" و "خەیانەت" [ی ئێمە] دەکرد، لێرەدا بێدەنگ مابوونەوە و لەوەش خراپتر، هەرگیز لەمەڕ تراجیدیایەکی مەزنتری وەك ئەوەی وا لە هیندوچین هاتە کایەوە، بەرنامەیەکی جێگری ئەوتۆیان نەخستە بەرچاو کە بمانتوانیایە بەڕێوەی ببەین.

وەك بابەتێك بۆ توێژینەوە، تراجیدیای کورد کەرەسەمان بۆ ئاکام وەرگرتنێکی زۆر دەداتێ: پێداویستیی ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینەکان هەر لە سەرتاوە؛ گرنگایەتی پێوەندیدانی ئەنجامەکان بە دەرەتانی گونجاوەوە؛ پێداویستیی پێداچوونەوەی ماوەبەماوەی عەمەلیات و؛ گرنگایەتی هاوکاری لە نێوان هاوپەیمانەکانماندا. هەموو ئەو نموونانە لە ڕاستیدا جارێك لێرە و جارێك لەوێ- باوەکوو بە ووردییەکی پێویستیشەوە نەبوو‌بێت، کەڵکیان لێ وەرگیراوە، بەڵام کەڵك لێوەرگرتنیان لە بارودۆخی نزیکدا سەلماندوویەتی کە کاتی و تێپەڕن.

بەهۆی چەند هۆکاری جیاوازەوە، ئێمە نەماندەتوانی ئەو یارمەتییەی وا بۆ سەرکەوتن[ی کوردان] پێویست بوو، ئاڕاستە بکەین؛ لەوەش زیاتر، ئێمە نەماندەویست [کورد] ڕووبەڕووی ئەنجامەکانی خۆ کێشانە دواوە بینەوە. هەر بۆیەش هەوڵی ماتکردنی سوپایی و پاشەکشە کردنی وردەوردەی دوژمنمان دەدا. ئەوەی وا لە دەسپێکی پرۆگرامی کورداندا نەدەزانرا ئەوە بوو کە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان دەتوانن دەسەڵاتی مانەوەمان [لە ناوچەکە] بەربەست بکەن. تەنانەت بە ئاوڕدانەوەی دوای دوو دەیە، من جێگری ئەو کارانەم پێ باشترن کە ئەودەم هانی بەڕێوەبردنیانمان دا و تەنانەت لەوە کەمتریش.

ئەگەر ئێمە عەمەلیاتی کوردیمان لە ١٩٧٢ بدایەتە دواوە و لێبگەڕایەین کە هێزەکانی عێراق بە خەلیجەوە خەریك بن، واهەبوو کاروباری دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بگەیشتایەتە ئەنجامێکی تەواو جیاواز، بەتایبەت لە ماوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٣ و دوای ئەویشدا.

دیارە ئەوە قسەیە بۆ گەلی کورد- ئەو قوربانییە هەمیشەییەی مێژوو، هیچ دڵدانەوەیەکی تێدا نییە.

ئەم وتارە لە دوو بەشدا لە گۆڤاری گزینگی نەمر سلێمان چیرە لە سوئێد (ساڵی ٢٠٠١) بڵاوبووەوە.

# کوردستان له ئێراندا

نووسینی: دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو

فەسڵێك لە کتێبی (گەلی بێ وڵات- کورد و کوردستان)
پێك هێنانی ژێرارد شالیان

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

لە ساڵی ١٩٩٤دا چاپی دووهەمی وەرگێڕاوی فارسی کتێبی "گەلی بێ وڵات- کورد و کوردستان"م بە تەرجەمەی بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم یۆنسی، چاوپێکەوت کە بەناوی "کردها" لە تاران بڵاو بووبوەوە. کتێبەکەی شالیار خۆی لە پێنج بەشی سەرەکی پێك هاتبوو کە هەر بەشێکی دەیڕوانییە پارچەیەکی کوردستان (تورکیا، ئێران، عیراق، سووریا و یەکیەتی سۆڤیەتی) بەڵام تەرجەمەی مامۆستا برایم بەشی تایبەت بە ئێرانی لێ هەڵاوێردرا بوو ئەمەش بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئێران زۆر سەمەرە نەبوو، بیرم دەکردەوە کە ئەگەر هەمان کتێب لە تورکیا یا عیراقو سووریا تەرجەمە بکرێت دەبێ بەشی تایبەت بەو وڵاتانەی لێ وەلابنرێت و لە ئەنجامدا کتێبێك لەسەر کورد دەبێتە چوار کتێب کە هەرکام لەوی تریان جیاواز! ئەوەش دۆخی دیموکراسیەتە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و چارەنووسی کوردە لەو وڵاتانە.

ویستم بەشە تەرجەمە نەکراوەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەربگێڕمە سەر فارسی بەڵام ئەودەم بڕیارم دابوو ئەوەندەی بکرێت بە زمانی داگیرکەران نەنووسم و هەر بۆیەش وەرم گێڕایە سەر کوردی.

ڕەشنووسی وەرگێڕاوەکە هەر لای من مایەوە و هەلی بڵاوبوونەوەیم بۆ نەڕەخسا و پرسیار ئەوەبوو ئایا لەماوەی ئەو ١٢ ساڵەی وا بەسەر تەرجەمەکەی مندا تێپەڕ دەبوو، کەسێکی

تر بەوئەرکە هەڵنەستاوە و لەپێش هەمووانەوە ئایا حزبی دیموکرات هەوڵی تەرجەمەو بڵاوکردنەوەی وتارەکەی نەداوە؟

تکام لە برای بەڕێزم کاك هاشمی کەریمی کرد پرسیاری مەسەلەکەم بۆ بکاتو ئەویش دوای پرس‌وجۆ لە برادەرانی حزب ئاگاداری کردمەوە کە بەدڵنیاییی وتاری گۆڕین وەرنەگەڕاوەتە سەر کوردی. بۆ ئەم هاوکارییە لێرەدا سوپاسی کاك هاشم و برادەرانی دیکەی حزب دەکەم.

خوێنەری کورد پێویستە لەو ڕاستیە ئاگادار بێت کە ئەم بابەتە زیاد لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا و لە بارودۆخی تایبەتی ئەودەمی حکوومەتی شا لە ئێراندا نووسراوە. گەرچی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر ئابووری و پیشەسازی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەهاتوە بەڵام ئامار و ژمارەکان بەگشتی گۆڕاون و زانیارییەکانی ناو وتارەکە تەنیا دەکرێ وەك دیاردەیەکی مێژوویی و لەپێوەندی ئەو ساڵانەدا چاو لێبکرێت؛ کتێبەکەش ڕووی لەهەر ئەو ڕاستیانە بووە کە ڕایگەیاندوە: (ئەم فەسڵە، پێش تووڕ هەڵدرانی شا لە ئێران نووسراوە. بۆ گۆڕانکارییەکانی کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩[ی ئێران]، بڕوانە پاشبەندی ژێرارد شالیان لەسەر ئەم کتێبە .(

هەروەها پێویستە دەست بۆ ڕاستیەکی دیکە لە پێوەندی ئەم وتارەدا ڕابدێرم. خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا گەلێك کەندو کڵۆی هاتۆتە سەر ڕێ کە توانیوەتی بەسەر بەشێکیاندا زاڵا بێت و لە هەندێ دەرەتانیشدا تووشی هەرەس و شکان هاتووە. شەڕی براکوژی و بەرانبەر وەستانی کوردو کورد دیاردەیەکی نگریسە کە چەندەهاجار داری لە کوولەکەی ڕۆحی خەباتی سیاسی کورد داوە.

دوابەدوای هەرەسی ١٩٧٥ و پەنابەریەتی شۆڕشگێڕانی ئەیلوول لە ئێران، هەندێ تەنگو چەڵەمە لەنێوان خەباتکارانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتە ئاراوە، کە داگیرکەرانی کوردستان ڕێگەیان بۆ خۆش کرد .

ئەم وتارەی شەهید قاسملو لە بارودۆخی ئەو ساڵانەی نێوان ناخۆشی حزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا نووسراوە لە هەندێ شوێندا ڕەخنەو تەنانەت هێرشکاریی بۆسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرەکانی گرتۆتەبەر.

من وەك وەرگێڕی وتارەکە ڕەخنەگرتنی ڕێبەری حزبێك لە سیاسەتی حزبێکی دیکەی کوردی بە هەڵە نازانم، بەڵام لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کە گەلی کورد زیاد لە هەر سەردەمێکی تر پێویستی بە برایەتی و هاوپشتی هەیە، لاموایە بۆچوونەکانی نووسەر تەنیا دەبێ وەك بابەتێکی مێژوویی سەیر بکرێت کە کاتی تێپەڕ بووە و ئێستا ٣٠ ساڵ دوای ئەو کرژیو توندییانە،

پێوه‌ندی ڕێکخراوه‌ کوردییه‌کان له‌گه‌ڵا یه‌کتردا گه‌لێك برایانه‌ترو نزیکتره‌و مه‌ترسی ئه‌وه‌ نییه‌ که‌ ڕه‌خنه‌ی یه‌ك لایه‌ن ببێته‌ هۆی ناڕه‌زایی و هرووژانی لایه‌نه‌که‌ی دیکه‌.

به‌ش به‌حاڵی خۆم هیچ نیازێکی ناپاکیشم نه‌بووه‌ له‌وه‌ی له‌م بارودۆخه‌ی ئه‌مڕۆدا وتاره‌که‌ بڵاو ده‌که‌مه‌وه‌، ئه‌و وتاره‌ به‌چه‌ندین زمانی دنیا ته‌رجه‌مه‌کراوه‌و له‌کاتی نووسرانیه‌وه‌ تا ئێستا له‌به‌ر ده‌ستی خه‌ڵکدا بووه‌. بۆ منیش هه‌لێك هه‌ڵنه‌که‌وتبوو که‌ پێشتر بڵاوی بکه‌مه‌وه‌. ئه‌وانه‌ بۆیه‌ ده‌ڵێم نه‌کا بیر له‌وه‌ بکرێته‌وه‌ که‌ ویستوومه‌ به‌ده‌سته‌قه‌سد کای کۆن به‌ با بکه‌م و لایه‌نێکی تایبه‌تی پێ بریندار بکه‌م.

به‌هاری ساڵی ٢٠٠٤

## کوردی ئێران ڕوانینێکی گشتی:

کوردستان له‌ ئێران ناوچه‌یه‌کی نزیك به‌ ١٢٥ هه‌زار کیلۆمه‌تری چوارگۆشه‌ ده‌گرێته‌ به‌ر، له‌ چیای ئارارات له‌ باکووره‌وه‌ تا به‌ری ئه‌ودیوی چیاکانی زاگرۆس. سنووری لای ڕۆژئاوای له‌ که‌وشه‌نی عیراق- ئێران و تورکیا- ئێران و هێڵی لای ڕۆژهه‌ڵاتی له‌ گۆلی ورمێ (ره‌زائیه‌) ده‌گه‌ڕێته‌وه‌. له‌م ناوچه‌ شاخاوییه‌دا، ته‌نانه‌ت شاره‌کانیشی که‌وتوونه‌ته‌ به‌رزایی زیاد له‌ ١٠٠٠ مه‌تره‌وه‌ .

که‌ش‌و هه‌واکه‌ی (قاڕه‌یی)یه‌ و بارانی ساڵانه‌ی له‌ ٤٠٠٠ میلیمه‌تر تێده‌په‌ڕێت؛ گه‌رچی له‌ دۆڵا و ده‌ره‌ی پڕ خێروبێری خوارووتردا ده‌گاته‌ ٢٠٠٠، ٣٠٠٠ میلیمه‌تر. چه‌شنایه‌تی پله‌ی گه‌رما له‌نێوان گه‌رمای هاوین و سه‌رمای زستاندا، نزیکه‌ی ٧٠-٨٠ پله‌ی سانتیگراده‌. له‌ سه‌قز، جاری وا هه‌یه‌ پله‌ی سه‌رمای زستان ده‌که‌وێته‌ خوار -٣٠ پله‌ی سانتیگراد و گه‌رمای هاوینی کرماشان تاڕاده‌ی +٤٥ پله‌ هه‌ڵده‌کشێت.

که‌م بوونی ئاو له‌ کوردستان قه‌یرانێکی ئه‌وتۆ نییه‌ وه‌ك له‌زۆربه‌ی به‌شه‌کانی دیکه‌ ئێران هه‌یه‌تی. گه‌لێك ڕووباری وه‌ك قزل ئوزه‌ن (سفیدروود)، زێی بچووك (لقێکی دیجله‌)، جه‌غه‌توو، و ته‌ته‌هووی تێدا هه‌ڵکه‌وتوون. گۆلی ورمێ به‌ شه‌ش هه‌زار کیلۆمه‌تری چوار گۆشه‌ و گۆلی زرێبار، گه‌وره‌ترین ئه‌ندامانی ئاوی ئه‌م به‌شه‌ی کوردستان پێك ده‌هێنن.

چیاکان به‌ دارودره‌خت داپۆشراون. له‌ گۆلی ورمێوه‌ تا لوڕستان، زیاد له‌ چوار ملیۆن هێکتار دارستان هه‌یه‌ که‌ زۆربه‌یان داربه‌ڕوون و له‌و داره‌، ١٤ چه‌شنه‌ به‌روبووم دێته‌ به‌رهه‌م؛ به‌ڵام دارستانه‌کان چڕ نین، ئه‌ویش له‌به‌ر ئه‌و هۆیه‌ی که‌ خه‌ڵکی ناوچه‌ شاخاوییه‌کان هیچ

سەرچاوەیەکی دیکەی سووتەمەنییان نییەو داریکی زۆر بەکار دەهێنن و سەرچاوەیەك لەناودەبەن، کە جێگەی پڕ نابێتەوە .

سەبارەت بە کانی ژێر زەوی دەرنەهێنراو، کوردستانی ئێران لەباری کانی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە. لە ناوچەی کرماشان نەوت هەڵدێنجرێت ئەو شوێنەی وا حکوومەت و [کۆمپانیا] بەناو نەتەوەییەکانی دامو دەزگایان لێ دامەزراندووە بەڵام بەرهەمەکەی نزیك دەبێتەوە لە وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی ناوچە و ساڵانە لە یەك ملیۆن تەنی مەترێك تێپەڕ ناکات .

حکوومەتی ئێران کوردستانی ئێرانی بەسەر سێ بەشی ئیداریدا دابەش کردوە بەڵام بەشێوەی فەرمی تەنیا ناوچە ناوەندییەکەی واتە سنە (سنەندەج) ناوی کوردستانی بەسەرەوەیە، بەشی باکووری بە ئازەربایجانی ڕۆژئاواو بەشی باشووریش بە کرماشان [وئیلام] ناودەبرێت، لەباری ڕەگەزەوە دەکرێ لوڕستانیش بە ناوەندەکەی- واتە (خورڕەماباد)ەوە بگرێتەوە.

**دانیشتوان**

کاتێ کە شۆڤینیزمی ئەو حکوومەتانەی وا ناوچە کوردنشینەکانیان بەڕێوە بردوە دێینە ناو حیسابی خۆمانەوە، بەهیچ شێوەیەك ڕوون نابێتەوە کە ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی کورد بێتە دەست. حکوومەتی ئێران هەمیشە گوتوویەتی کە کورد (ئێرانی خالیس)ن و هەمیشەش بە وردی خۆی لەوە دوورخستۆتەوە کە هیچ چەشنە جیاوازییەك لەنێوان [تیتری] ئێرانی و فارسدا دابنێت و هیچ ئامارێکی لە پێکهاتەی نەتەوایەتی دانیشتوان ئاراستە نەکردووە، بەڵام ئاشکرایە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران، کوردن، ئەم ژمارانەی خوارەوە هەندێ زانیاری لەسەر گرنگایەتی باسەکە دەخەینە بەردەست :

**خشتەی یەکەم**

دانیشتوانی کورد لە ئێران

| ساڵ | ئێران (سەرجەم) | کوردستان لە ئێران | کورد لە ئێران | ٪ی کورد لە دانیشتوانی ئێران |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٠ | ٢٨٢٥٨٨٠٠ | ٤٨٠٣٨٦٠ | ٤٥٢١٢٨٠ | ١٦ |
| ١٩٧٥ | ٣٢٤٤٠٠٠٠ | ٥٥١٤٨٠٠ | ٥١٩٠٤٠٠ | ١٦ |

سەرچاوەکان: ئاماری نەتەوایەتی دانیشتوان و شوێنی نیشتەجێ، نوامبری ١٩٦٦، تاران؛ بۆڵتەنی مانگانەی ئامار، نوامبری ١٩٧١ی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرك

لەناو ئەو دانیشتوانەی وا لە کوردستانی ئێراندا دەژین، ١٢٫٨٪ ی ئازەربایجانین (٤٧٠٫٠٠٠) و فارسیش (٢٣٥٫٠٠٠) کەس. لەلایەکیترەوە دانیشتوانێکی کەمی ٤٠٠٠٠٠کەسیی کورد لە ئوستانی خۆراسان و بەزۆری لە قوچان و دەرەگەز دەژین.(٢)

چڕی دانیشتوان لە کوردستانی ئێران دوو قاتی پاشماوەی خاکی ئێرانە. وەك خشتەی ژمارە ٢ دەری دەخات، کوردستانی ئێران ٧٫٦٪ ی خاکی ئێرانی داگرتوە و ماڵی ١٧٪ دانیشتوانی ئێرانە.

**خشتەی ژمارە ٢**

چڕی دانیشتوان لە کوردستانی ئێران

| | پانتایی بە کیلۆمەتری چوارگۆشە | پانتایی (٪) | دانیشتوان بەکیلۆمەتری چوارگۆشە ساڵی ١٩٧٠ | دانیشتوان بەکیلۆمەتری چوارگۆشە ساڵی ١٩٧٥ |
|---|---|---|---|---|
| ئێران | ١٫٦٤٠٫٠٠٠ | ١٠٠ | ١٧ | ٢٠ |
| کوردستان لە ئێران | ١٢٥.٠٠٠ | ٧،٦ | ٣٨ | ٤٤ |

**خشتەی ژمارە ٣**

دابەشبوونی دانیشتوان لە چوار شاری کوردستانی ئێران، ١٩٦٦

| ناوچە | شارنشین (٪) | گوندنشین(٪) |
|---|---|---|
| مەهاباد | ٢٥ | ٧٥ |
| سەقز | ١٩ | ٨١ |
| سنە | ٢٧ | ٧٣ |
| کرماشان | ٤٩ | ٥١ |
| کوردستانی ئێران | ٣٠ | ٧٠ |
| ئێران* | ٥٠ | ٥٠ |

* ١٩٧٥ بە مەزندە

سەرچاوەکان: ئاماری نەتەوایەتی دانیشتوان و شوێنی نیشتەجێ، نوامبری ١٩٦٦، تاران؛ بۆڵتەنی مانگانەی ئامار، نوامبری ١٩٧١، نەتەوە یەکگرتوەکان، نیویۆرك.

هاتنی گوندنشینەکان بۆ شار بەتوندی لە برەودایە. ژمارەکان لە خشتەی ٤ دا بۆ چوار شاری سەرەکین:

**خشتەی ژمارە ٤**

| شار | ١٩٥٦ | ١٩٦٦ | ١٩٧٦* | ٪ گەشە سەندن (١٩٥٦ – ٧٦) |
|---|---|---|---|---|
| مەهاباد | ٢٠٣٣٢ | ٢٨٦١٠ | ٤٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| سەقز | ١٢٧٢٥ | ١٧٨٣٤ | ٢٦٠٠٠ | ٢٠٤ |
| سنە | ٤٠٦٤١ | ٥٤٥٨٧ | ٧٦٠٠٠ | ١٨٧ |
| کرماشان | ١٢٥٤٣٩ | ١٨٧٩٣٠ | ٣٠٠٠٠٠ | ٢٣٩ |

*مەزندەی نووسەر

دیارە پێوەندییە هۆزایەتییەکان تا ئێستا هەرماون و بۆ ماوەیەکیش هەر درێژە بە مانەوە دەدەن، بەڵام ستراکتۆری کۆنی عەشیرەیی کە تێیدا دەسەڵات بەدەست میروبەگ یا ئاغاوەبوو و پێوەندییە هیرارشییەکان پێکەوەی بەستوون، لە ڕووخان و نەماندایە.

ئەگەر نەکرێت کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێراندا وەك کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی سەیر بکەین. ئاشکرایە زەمینە بۆ باس کردن لە کۆمەڵگای هۆزە ڕەشماڵا نشینەکان هەر نامێنێت، لەبەر ئەوەی هۆزێ هەوارچی لە کوردستاندا هەر نەماون- گەرچی ڕێژەیەکی کەمی هۆزی کۆچەر هەن کە ئێستاش لەماوەی زستاندا لەناو گوندەکان بەسەر دەبەن و لە بەهاردا بۆ لەوەڕاندنی ماڵاتیان بەرەو هەواری سەرچیا دەچن.

**ئایین:**

سەدا نەوەدو هەشتی دانیشتوانی کوردستانی ئێران موسڵمانن. سەدا دووەکەی تری لە ئەرمەنی و ئاسۆری مەسیحی و هەندێ جوو پێك هاتووە[لە حیسابی نووسەردا، دانیشتوانی ئێزەدی و ئەهلی حەق نەهاتوونەتە ئاماژە پێکران. ئەنوەر]. زۆربەی موسڵمانەکان (٧٥٪) سونین. شیعەکان زۆریان لە کرماشان و لوڕستان کۆبوونەتەوە.

شێخ – واتە کەسایەتی جێگەی ڕێزی سوننە مەزهەبەکان ئێستاش کارتێکەریی زۆریان لە کوردستانی ئێراندا هەیە. دوو تەریقەتی سەرەکی بریتین لە قادری و نەقشبەندی. لایەنگرانی شێخ بە مورید، دەروێش و سۆفی ناوئەبرێن. هەموو موریدێك ساڵی یەکجار دەبێ شێخی خۆی چاو پێبکەوێت، دیاری بۆ ببات و دۆعاو بەرەکەتی ئەوی پێ بگات.

جیا لەوانەی وا باسمان لێوە کردن، لەناو کوردانی سوننی دا هیچ شێوەیەکی دیکە لە هیرارشی ئایینی نییە. مەلای گەنجی کورد ئیجازەی خۆی لە کەسایەتییەکی پایە بەرزو ناوداری ئایینی وەردەگرێت و پاشان دەنێررێتە گوندێك کە داهاتی لەوێ بەستراوەتەوە بە پێشکەشی دوای نوێژەکانیەوە. لەبەرئەوەی زۆربەی وەرزێران هەژارن، مەلای گەنج دەبێ بەشداریی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکات ژیانی هاوپەیوەند و نزیك لەگەڵ گوندنشینەکان و ئاگاداربوونی تەواو لە هەژاری و هەلومەرجی ژیانی پڕ مەینەتی ئەوان، ئەم ڕووناکبیرە گەنجانە- کە زۆرجار تاقە خوێندەواری گوندەکانن وا لێ دەکات کە ببنە بەشداری چالاکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی.

لە ئەنجامی ئەم حاڵەتەدا، بەڕێوەبەرانی حوکوومی لەم ساڵانەی دواییدا، هەوڵی ئەوەیان داوە کە هیرارشی سوننە سەرلەنوێ ڕێك بخەنەوە، ئەویش لە ڕێگەی بڕینەوەی مانگانە بۆ مەلاکان، بەو هیوایەی کە بەرەو خزمەتکردنی دەوڵەتیان ڕابکێشن.

**زمان و ئەدەب:**

کوردی زمانێکی هیندو ئەورووپییە لە چەشنە ئێرانییەکەی. سەرەڕای نزیکایەتی و دەستی باڵای زمانی فارسی کە تەنیا زمانێکە لە ئێراندا دەرس خوێندنی پێ ئیجازە دراوە، زمان و ئەدەبی کوردی ڕەسەنایەتی خۆی پاراستوەو پێشکەوتووە، یارمەتی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتیشی داوە. ئەم پێشکەوتە تایبەت لە ژیانی کورتی کوردستانی سەربەخۆ لە کۆماری مەهابادی ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦ دا بەخێرایی بەڕێوەچوو. زمانی کوردی لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەی دواییدا لە ئێران بەربەست کراوە. لەم ماوەیەدا کوردی ئێران بەرەو چاپەمەنی کوردی عێراق کشاون کە لەوێدا زمان و ئەدەبی کوردی دوای شۆڕشی ١٤ی جولای ١٩٥٨ بە ڕادەیەکی زۆر وەپێش کەوتوە.

بەداخەوە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕی ئەدەبی لەنێوان کوردی تورکیا و ئێراندا نەکراوەو ئەوەش بەهۆی جیاوازیی نێوان ئەلف‌و بێی دوو وڵاتەکەوە. لە ئێران هەموو دەرس خوێندنێك بە فارسییە، کە بە ئەلف‌وبێی عەرەبی دەنووسرێت، لە تورکیا دەرس خوێندن بە تورکییە و ئەلف‌وبێی لاتینی بەکار دەهێنن. زۆربەی زۆری کوردی تورکیا و بەدڵنیایی دەبێ بڵێین هیچکام لە گەنجەکان ئەلف‌وبێی عەرەبی نازانن و ناتوانن دەقی چاپکراوی کوردیی ئێران و عێراق بخوێننەوە. نزیك بە هەمان شت، کەمایەسییەکی کەم لە کوردی ئێران کە گەیشتوونەتە پلەی قوتابخانەی ناوەندی و خوێندنی باڵا، دەتوانن دەقی کوردی بە ئەلف‌وبێی لاتینی بخوێننەوە.

بەڵام بارودۆخەکە جیاوازە، کاتێ دەچینە سەر باسی ئاڵوگۆڕکردنی چاپەمەنی لەنێوان کوردی ئێران و عیراقدا. هەردوو وڵاتەکە بە ئەلف‌وبێی عەرەبی دەخوێنن‌و زیاد لەوە، زۆربەی کوردانی ئێران و عیراق بە (سۆرانی) قسە دەکەن کە زاراوەی باشووری کوردستانە.

لەم ساڵانەی دواییدا، کتێب و نامیلکە و چاپەمەنی دەورەیی کوردی بە قاچاخی لە کوردستانی ئێران چاپ دەبن. ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندیی زمان کە لەم دەقانەدا خۆدەنوێنن، لە چاپەمەنییەکانی کوردی عیراقدا کەمتر دەردەکەوێت، سەرەڕای ژمارەیەکی بەرچاوی کتێب و چاپەمەنی دەورەیی کوردی کە لەوێ چاپ دەبن.

هۆکارێکی دیکەش هەیە کە شوێن دادەنێتە سەر پێشکەوتی زمان و ئەدەبی کوردی لە ئێران: گەرچی زمانی کوردی بەشێوەی فەرمی بەربەست کراوەو لە هەموو وڵاتدا تاقە قوتابخانەیەکی کوردیش نییە، بەڵام گەلێك ئێستگەی ڕادیۆیی بەرنامەی کوردییان هەیە، کە گرنگترینیان ئێستگەی کرماشانە. دەوری ئەم بەرنامە کوردییانەی ئێستگە ئێرانییەکان کەم و زۆر نادیارە. حکوومەتی ئێران بۆ ئەم کارە دوو ئامانجی هەیە: لەلایەکەوە، ئێستگەکان کە لە تورکیا و لە عیراقیش دەبیسرێن و خزمەتی پڕوپاگەندەی ڕژێمی شا دەکەن؛ لەلایەکی دیکەشەوە بە شێواز و ئوسلوبی دەستنیشان کراو، ڕەسەنایەتی زمانی کوردی دێننە خوارەوەو وەك زاراوەیەکی زمانی فارسی دەیخەنە بەرچاو. بەهەرحاڵ خوێندنەوەی شیعری کوردی و گۆرانی گوتن خۆی لەخۆیدا یارمەتییەك نادات ئەگەر بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەدەبی کوردی و تێگەیشتنی نەتەوایەتی لەگەڵدا نەبێت.

بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە زمانی کوردی بەربەست کراوەو فارسی تاقە زمانی فەرمی وڵاتە، زۆرێك لە ڕووناکبیرانی کورد بە فارسی دەنووسن و نووسراوەکانیان چاپ دەکەن. ڕۆمانێك کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاترین پێشوازی لێ کراوە، واتە (مێردی ئاسکۆڵە خانم)، کوردێکی کرماشانی کە بە تۆمەتی سیاسی زیندانی کرابوو، نووسیویەتی. ڕووداوی ناو کتێبەکە هەمووی لە کوردستان دەقەومێن و داستانەکەشی هەمووی باسی کۆمەڵگای کوردە لەپێش شەڕی جیهانیدا.

هەڵبەستی گەلێك هونەری گەنج بەنهێنی دەنووسرێت و چاپ دەکرێت، بەڵام گەورەترین شاعیری کورد بەبێ گومان (هێمن)ـە کە (تاریك‌و ڕوون)ـەکەی لە ساڵی ١٩٧٤دا چاپ کراو وەك سەرکەوتنێکی گەورە سەیر کراوە.

بەخشانی نوێی کوردیش هەروەها لە پێشکەوتندایە و ئێستا لە ژوور هەمووانەوە بریتییە لە ئەدەبی سیاسی ژێرزەمینی و بەشێوەی سەرەکی، ڕۆژنامەو گۆڤار. لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە لە کوردستان ژمارەیەکی کەمی کتێب و نامیلکە لەمەڕ گرنگترین لایەنە سیاسییەکانی سیاسی

بەشێوەی قاچاخی چاپ دەبن، بەڵام بڵاوبوونەوە ی ئەم دەقە کوردییانە، دەبنە هۆی زەبروزەنگ نواندن بەگوێرەی سیاسەتی دەمکوتکەرانی ڕژێم. ساواك (پۆلیسی نهێنی) زۆرکەس ئەشکەنجە و زیندانی کردوە تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەنی تاقە یەك چاپەمەنی کوردی بوون.

**خوێندن**

لەبەرئەوەی هەموو خوێندنێك بە زمانی کوردی یاساخ کراوە، منداڵە قوتابییە کوردەکان مەجبوور دەکرێن بە فارسی دەرس بخوێنن- ئەو زمانەی کە دەبێ لە قوتابخانە فێری ببن. قوتابخانەکان بچووکن و ژمارەشیان کەمترە لە ڕادەی پێویست. ژمارەی مام ناوەندی قوتابیانی هەر پۆلێك لە ژوور ٤٠ کەسەوەیە. لە زۆر گونددا تەنیا مامۆستایەکی لێیە کە دەبێ کاروباری ٢٥٠ تا ٣٠٠ منداڵ هەڵسووڕێنێت. لە گەلێك شارو بەتایبەت لە ئاواییەکان دەیان هەزار منداڵ لە تەمەنی قوتابخانەدا هەرگیز چاویان بەناو قوتابخانەیەك نەکەوتووە.

خشتەی ژمارە ٥، ناوسەدی خوێندەوارەکان پیشان دەدات. لە ساڵی ١٩٧٥دا زیاد لە سەدا حەفتای سەرجەمی دانیشتوان و زیاد لە سەدا هەشتای ژنان نەخوێندەوار بوون. لەوەش زیاتر، دوو لە پێنج کچ‌و چواریەکی کوڕانی نێوان تەمەنی حەوت و پازدە ساڵان لەو ساڵەدا پێیان ناوەتە قوتابخانە. خشتەی ژمارە ٥ بەڕوونی بەراوەژووبوونی سەرنج ڕاکێشی دروشمەکانی شا دەردەخات . ئایا ئەوەیە ئەو (شارستانیەتی مەزن) وە (ئازاد کردنی ژنان)ە کە (ماس مێدیا)ی ڕژێم شەوو ڕۆژ لافی لێ دەدەن.

**خشتەی ژمارە ٥**

ناوسەد (٪)ی نەخوێندەواران لە تەمەنی ١٠ ساڵان بەرەوژوور، ١٩٦٦

| ناوچە | پارێزگاکە بەگشتی | | دانیشتووانی شار | | دانیشتوانی دێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرجەم | ژنان | سەرجەم | ژنان | سەرجەم | ژنان |
| مەهاباد | ٨٥،٦ | ٩٤،٥ | ٦٢،٥ | ٨١،٦ | ٩٤ | ٩٩،١ |
| سەقز | ٨٦،٩ | ٩٥،٣ | ٦٢،١ | ٨١،٤ | ٩٣،١ | ٩٨،٧ |
| سنە | ٨٢،٤ | ٩٠،٥ | ٥٥،٧ | ٦٩،١ | ٩٢،٩ | ٩٨،٨ |
| کرماشان | ٧٠،٧ | ٨١،١ | ٥٣،٢ | ٦٦ | ٨٩،٢ | ٩٨،٣ |
| کورد لە ئێران(ساڵی١٩٧٥ بە مەزندە) | ٧٥ | ٨٠ | ٤٠ | ٦٠ | ٨٥ | ٩٥ |

سەرچاوە: [بڵاوەی] ئاماری نەتەوایەتی دانیشتوان و شوێنی نیشتەجێ، نوامبری ١٩٦٦، تاران

**ساغیەتی**

پارێزگاری کردنی پزیشکی لە شارەکاندا ناتەواوە و لە گوندەکاندا هەر نییە. لە ساڵی ١٩٦٦دا، بۆ هەر ٤٨٠٠ کەس دانیشتوان تەنیا یەك دوکتۆر هەبووەو لە زۆر شوێن بە دانیشتوانی زیاد لە ٢٠ هەزار کەسیشەوە تاقە دوکتۆرێکیش نەبووە (لە ئەورپا ئەم ژمارەیە بریتییە لە دوکتۆرێك بۆ ٥٠٠ کەس).

لەو کاتەوە تا ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی کەم ڕوویداوە و سەرەڕای کەش‌و هەوای لەبارو ئاوی خواردەنەوەی نیسبەتەن باش، تەڕاخوم [چاوئێشە] و مەلاڕیا و ئازارە باریکە لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بڵاوە.

**بارودۆخی ئابووری**

گەرچی پێوەندی سەرمایەداریی بەرهەم هێنان لە سەردەمی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا، دیار کەوتووەو لە دەساڵی ڕابردوودا زیاترو زیاتر پەرەی سەندوە، کوردستانی ئێران ئێستاش هەر ناوچەیەکی کشتوکاڵییەو بەشی زیاتر لە دانیشتوانی کارامەی، خەریکی کشتوکاڵن، کە وەك گرنگترین سەرچاوەی داهات ماوەتەوە.

**خشتەی ژمارە ٦**

دابەش بوونی دانیشتوانی بەکردەوە بەسەر بەشە ئابوورییەکاندا، ١٩٦٦، (٪)

| ناوچە | کشتوکاڵ و کان | پیشەسازی‌و بیناسازی | خزمەتگوزاری |
|---|---|---|---|
| مەهاباد | ٦٧،٨ | ١٠.٧ | ٢١،٥ |
| سەقز | ٧٠،٥ | ٨،٨ | ٢٠،٧ |
| سنە | ٦٣،١ | ١١،٤ | ٢٥،٥ |
| کرماشان | ٤٦،٩ | ١٦،٩ | ٣٦،٢ |
| کوردستانی ئێران (١٩٧٥ بە مەزەندە) | ٧٠-٦٥ | ٢٠ | ٢٠،٢٥ |

ئەم ژمارانە ڕووناکییەکی کەم دەخەنە سەر بابەتەکە. جگە لە پیشەسازیی نەوت لە کرماشان بەتایبەت هیچ کارخانەیەکی دەرهێنان لە کوردستانی ئێراندا نییە. لە ژوور ئەوەشەوە، ئیشی بیناسازی بەشێکی زۆر لەم ژمارانە بەناوی (پیشەسازی و بیناسازی)یەوە دەخەنە بەرچاو. پیشەسازی نوێ کەمتر لە پێنجی دانیشتوانی کارامەی بە خۆیەوە خەریك کردوە .

داهاتی کشتوکاڵ ٨٠٪ی داهاتی نەتەوایەتی پێك دەهێنێت، کە ٤٥٪ لە بەشی ئاژاڵداری و بەرهەمی شیر و ٣٥٪ لە چاندنی دانەوێڵە پێك دێت، داهاتی سەرانەی ساڵانە لە کوردستانی ئێراندا، لە ساڵی ١٩٦٠، ٨٠ دۆلاری ئەمریکی و لە ساڵی ١٩٧٥دا ١٥٠ دۆلاری ئەمریکی بووە. بە گوێرەی سەرچاوە فەرمییەکان، داهاتی سەرانە بۆ ساڵی ١٩٧٥ی ئێران بەگشتی ٣٤٠ دۆلاری ئەمریکی بووە.

زۆربەی ئەو هەڵدانەی داهاتی نەتەوایەتی لە ئێراندا، بەهۆی پەرەسندنی خێرای بەرهەمە نەوتییەکان و لە ماوەی دە ساڵی ڕابردودا بەهۆی زیادبوونی زۆری نرخی نەوت. بەشی کوردستانی ئێران لە داهاتی ملیاردها دۆلار پارەی هەڵڕێژراوی نەوت، گەلێك کەمە.

لەو هەموو پیشەسازییە گەورەیەی ئێران، هیچکامیان لە کوردستان دانەمەزراون. جیا لە ڕێگە ئاسنە ستراتێژیکەی وا ئێران بە تورکیاوە دەبەستێتەوە، تەنانەت نە تاقە کیلۆمەترێکی ڕێگای ئاسن لە کوردستاندا کشاوە و نە حکوومەت بەرنامەیەکیشی بۆ کێشانی ڕێگای ئاسن هەیە. تاقە ڕێگەی ئاسفاڵت کراویش- بە ئامانجی ستراتیژیکی [ی سوپایی] لە درێژایی سنووری عیراقدا، باشوور و باکووری کوردستانی بەیەکەوە بەستۆتە.

ستانداردی ژیان لە کوردستان هەروا لە خوارەوە ماوەتەوە. بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٦، زیاد ٥٠٪ خێزانەکان (ژمارەی مام ناونجی بۆ ئەندامانی خێزان، پێنج یا شەش کەسە) لە تەنیا یەك ژووردا دەژین (٣). سەدا هەشتای ماڵەکان لە خشت‌وکلۆ دروست کراون زۆربەشیان ئاوی لوولە یاخود کارەبایان نییە. ژمارەی مام ناوەنجی سەعاتی ئیش لە شارەکاندا، حەوتووی ٥٤ سەعاتە.

وەك سەرمایەداری لە ئێراندا ڕەوتی بەرەوپێش [ سەدەیەی بیستەم] بە ئابووری ئێرانەوە بەستراوەتەوە، لە دە ساڵی ڕابوردوودا بۆتە بەشێکی یەکگرتوو لە ئابووری ئێران. ئەگەر ئێران وەك وڵاتێکی دواکەوتوو بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕە زۆرەی وا هاتۆتە دی، کوردستان لە ئێراندا بێ‌شك یەکێکە لە ناوچە هەرە دواکەوتوەکان لە هەموو دەوربەری خۆیدا.

### هۆزە کوردەکان و پەرەسەندنیان:

گەرچی ئەمڕۆ هۆزایەتی چ لەباری کۆمەڵایەتی و چ لەلایەنی ئابوورییەوە، بەرەو لەناوچوون دەڕوات، بایەخی ئەوەی هەیە ئاوڕێك لە ڕابوردووی پێشڕەوتی هۆزە کوردەکان بدەینەوە. کۆمەڵگای گوندنشین ئێستاش بە ڕادەیەکی زۆر، شەقڵی پێوەندە هۆزایەتییەکانی بەسەرەوەیە. لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا، هۆزە کۆچکەرەکان سێ‌یەکی ژمارەی دانیشتوانی

کوردستانیان پێك دەهێنا و بە کۆمەڵ خاوەنی ئەو زەوییانە بوون کە لە شایان وەرگرتبوو و لەژێر پارێزگاریی ئەویشدا بوون.

عەشیرە لە کوردستان لە تایفەو تیرە پێك هاتبوو، کە ئەوان خۆشیان بەسەر هۆز، خێڵ یا بنەماڵەدا دابەش دەبوون. بەگ (سەرەك عەشیرە) و ئاغا (سەرۆکی هۆز)، سەرجەمی هێزی بەڕێوەبەرایەتی حقووقی یان بەدەستەوە بوو. قسەی بەگ لە هەموو کارێکدا، دوابڕیار بوو. بەڵام عەشەوینەکان (؟) کە ڕیش سپییان پێ دەگوترا، لەسەر بڕیارەکان شوێنی زۆریان دادەنا .

کاتێ کە بەگ بمردایە، کوڕە گەورەی جێی دەگرتەوە یا ئەگەر هیچ نێرینەیەکی لەپاش بەجێ نەمایە، ڕیش سپییەکان ڕێبەری تازەیان هەڵدەبژارد. بە هەڵکەوتیش ڕووی دەدا کە ژنێك بیتوانیایە ببێتە سەرۆکی عەشیرەت. سەرۆك هەموو کێشەیەکی نێوان خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد، ئیجازەی مارەیی دەداو... هتد. گەرچی سەرۆك خۆی نە خاوەنی زەوی‌و زاری عەشیرەکە بوو، نە خاوەنی مێرگ و لەوەڕگە، بەڵام هەمیشە کەسایەتییەکی پلە یەکەم بوو لەناو خەڵکانی هاومافدا و هەندێ ئیمتیازیان پێ ڕەوا دەبینرا و وەرزێرەکان بەردەوام بەرهەمی کشت‌وکاڵی و خورییان بەشێوەی پێشکەشی دەدایە.

لەناو هەر عەشیرەتێکدا دەتوانین سێ تاقمی جیاواز لەیەك بناسینەوە: یەکەم، سەرەك عەشیرە و بنەماڵەکەی، کە ئەندامی دەسەڵاتداری عەشیرەکە بوون؛ دووهەم، خزمەتکارەکان (خولام)، کە چەند ئەرکی جۆربەجۆریان لەسەرشان بوو. لە دواییشدا، ئەندامانی ئاسایی عەشیرە. هەموو عەشیرەتێك پیاوی ئایینی خۆی هەبوو کە پێك هاتبوو لە: شێخ (نوێنەرانی بەشی جۆربەجۆر)، پێش نوێژ (مەلا) و سەید (نەوەی پێغەمبەر)، مەلاش خۆی هەندێ دەسەڵاتی تایبەتی هەبوو.

هەندێ جیاوازیی ئابووری بەرچاو لەنێوان ئەندامانی عەشیرەتدا دەبینرا، کە لەسەر بناغەی خاوەنایەتی یەکگرتووی ئاژەڵ دانرابوو. تەنانەت لەو حاڵەتانەدا کە ملکی شەخسی نەبوو، ئەم جیاوازییانە دەورێکی گرنگیان دەگێڕا. هەندێ لە ئەندامانی عەشیرەت تا چەند هەزار سەر مەڕیان هەبوو، لەکاتێکدا سەرەك عەشیرە و گەورە پیاوانی تر، ژمارەیەکی زۆری مەڕو بزنیان هەبوو.

ئاڵوگۆڕی نێوان عەشیرەتی کۆچەر و نیوە کۆچەر، پێشڕەوتی کردو گەیشتە شوێنێکی گرنگ، ئەویش لەبەرئەوەی عەشیرەتە خاوەن ئاژەڵەکان پێست و خوری مەرەزەیان بۆ گۆڕینەوەو سات‌و سەودا هەبوو لەگەڵ شیرو بەرهەمی لەشیر دروست کراو و گۆشت .

لەنێوان عەشیرەتەکاندا بازرگانی جۆربەجۆر وەك دارتاشی، کاری کانزا، چنینی قاڵی و چادر و جلوبەرگ پێشڕەوتی کردبوو. گۆڕینەوەو سات‌وسەودا توانای ئەوەی دەدایە

عەشیرەت کە هەوارگەی هاوین و زستان بۆ خۆیان دابین بکەن. بەدرێژایی ڕێگای هەوار، عەشیرە دەیتوانی بەرهەمەکانی خۆی بفرۆشێت و لە ڕێگای بازرگانییەوە پێداویستییەکانی خۆی پێك بهێنێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەکارهێنانی پارە لەناو کورداندا پەرەی سەندو هەڵسەنگاندنی دارایی سەرەك عەشیرەتەکان بەپێی ئەو ئاڵتوون و پارەیە بوو کە خاوەنی بوون و هەروەها بەگوێرەی مەڕو ماڵاتیان.

لەگەڵ نیشتەجێ بوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی عەشیرەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، پێشکەوت لە پێوەندی ئاڵوگۆڕ کردنی پارەو لەدەست چوونی گرنگایەتی لەوەڕگاکانیش وردە وردە خۆیان نیشان دا.

لەنێوان دوو شەڕی جیهانیدا، حکوومەتی ئێران بۆ نیشتەجێ کردنی کورد هێزی سوپایی بەکارهێنا کە ئاکامێکی ماڵ وێرانکەری هەبوو، گەلێك جار سەرجەمی عەشیرەتەکە بە یەکجاری لەناوبران. لە دە هەزار ئەندامی عەشیرەتی جەلالی- کە لەسەر سنووری نێوان ئێران و تورکیا و یەکیەتی سۆڤیەت دەژیان، تەنیا چەند سەد کەسیان ڕزگاریان بوو، ئەویش بە شاربەدەرکردنیان بۆ ناوەندنی ئێران و گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدو ماڵ لە ساڵی ١٩٤١دا.

جەنەڕاڵ ئەحمەد ئاغا خان [ەمیر تەهماسبی] ناوی بەشێوەیەك لە تواندنەوەی لوڕەکاندا بەخراپ دەرچوو، کە ناسناوی (قەسسابی لوڕستان)یان پێدا. هەمان کردەوە بۆ ئەندامانی عەشیرەتی (گەڵباخی)ش ڕەچاو کرا: ئەوانیان گواستەوە بۆ هەمەدان و ئیسفەهان و تورك زمانەکانیان لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ کرد. بە درێژایی ماوەی ڕاگواستن، گوشار و زوڵمو زۆرێکی ئەوتۆیان خرایە سەر، کە گەلێکیان چوونە چیاو بۆ ماوەی چەند مانگ وەك خەباتکار، شەڕی حکوومەتیان کرد (٥)

ئەم ڕاگواستنە، لەگەڵ سوودی بورجوازی ئێران کە پێویستیان بە خەڵکی نیشتەجێ و دامەزراندنی بازاڕێکی بەستراوەی مومتاز بوو، یەکی دەگرتەوە.

یاساخ کردنی بازرگانی لە نێوان دوو دیوی سنوور و بەرنامەی دەوڵەت بۆ بەهێزکردنی حوکمی ناوەندی، گوشاری خستەر سەر عەشیرەتەکان بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا پێك بهێنن .

نیشتەجێ کردن، سوودێکی زۆری بۆ خاوەن زەوییە کورد و ئێرانییەکان تێدا بوو، کە دەیانتوانی وەرزێرەکان بچەوسێننەوە و زەوییەکانیان لێ بکرن. هەروەها بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتیش کاری باج سەندن هاسان دبوەوە بەوەی کە دەچوونە ناو گوندەکان و پێویستی نەدەکرد بکەونە شوێن عەشیرەتی سەر چیاکان لە کوردستان.

ئێستاکە کۆچی عەشیرەتەکان بەربەست کرابوو، کاری نیشتەجێ کردن و هەروەها یاساخ کردنی بازرگانی سەرسنوور و چاوەدێریی زیاتری مالّی قاچاخ، داهاتی حکوومەتی زیاتر دەکرد. هەروەها ناونووسینی لاوەکان بۆ خزمەتی نوێباوی سەربازی لەناو خەلّکی نیشتەجێکراودا هاسانتر بەڕێوە دەچوو.

دوای دابەشبوونی کوردستان، سنووره تازەکان بەتایبەت لەنێوان تورکیا و ئێراندا، بەرگریی لە کۆچی سوننەتی هاوین و زستانی عەشیرەتەکان دەکرد. خەلّکانی نیوە چادرنشین، مافی تێپەڕکردنی سنووریان لێ ئەستێنرا. لە هەندێ حالّەتدا، هێلّی جیاکەرەوەی سنوور، عەشیرەتەکانی کرد بە دوو یا سێ بەشەوە وەك لە عەشیرەتی شکاك قەوما (کە لە نێوان ئێران و تورکیادا دابەش کران)، یا عەشیرەتی هەرکی (کە کەوتنە بەر ئێران و عیراق و تورکیا).

هۆگەلێکی دیاریکراو کاری نیشتەجێ کردنی دەوار نشینەکانە کوردەکانی وەدواخست. کەش‌وهەوا، لەوەڕگاکان باش بوون، زەوی‌وزاری بەراو کەم بوو و هەوارچییان ژیانی سەربەست و دوور لە دەسەلاّتی دەولّەتیان پێ باشتر بوو. بەلاّم وردە وردە لەگەلاّ پتەوبوونی سیاسەتی مەرکەزی کردن، هەوارچییان دەسەلاّتیان بۆ نەما. ئەمڕۆ بەتایبەت هیچ دەوارنشینێك نەماوە. وەك خشتەی ژمارە ٧ دەری دەخات، ژمارەی گوندو دانیشتوانی گوندەکان لە ماوەی سەد سالّی ڕابردوودا بەخێرایی ڕووی لە زیادیی ناوە.

**خشتەی ژمارە ٧**

ژمارەی گوند و ڕادەی دانیشتوانیان

| ناوچە | ژمارەی گوند | | | ڕادەی دانیشتوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٨٥١ | ١٩٥١ | ١٩٦٧ | ١٨٥١ | ١٩٥١ | ١٩٦٧ |
| بانە | ٨ | ١٦١ | ٢٠٣ | ١١٢٥ | ١٥٠٠٠ | ٢٨٠٨٠ |
| مەریوان | ١٤ | ١١١ | ٢٩٠ | ١،٠٤٠ | ١٧،٨٠٠ | ٨٤،١٧٧ |
| هەورامان | ٩ | (١٢١ | | ٦٠٥ | ٢٩،٥٠٠ | |

ئێستا زیاد لە ٧٥٠٠ گوند لە کوردستانی ئێراندا هەن، زۆرێکیان گەلێك بچووکن بە ٥ تا ١٠ خێزانەوە؛ ئەوانیتر زۆر گەورەترن بە ١٠٠٠ تا ١٢٠٠ خێزانەوە. گوندەکان بەشێوەی مام ناوەنجی لە ٥٠ تا ١٠٠ خێزان پێك هاتوون. ژمارە تازەکان دەری دەخەن کە سەدا ٩٠ی دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان ئێستا نیشتەجێ بوون.

لە دووهەم چارەکی سەدەی ئێستا [سەدەی بیستەم]، سەرەك عەشیرەتەکان هەم لەوەڕگەو هەم زەوی‌وزاری داچنراویان هەموو خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو بەم چەشنە بوون بە فیئۆداڵا. ئەو زەوییەی وا خۆی لەلایەن شاوە درابووە عەشیرەتەکان (بڕوانە: مێر الاخبار)، وردە وردە بوو بە موڵکی تایبەتی سەرەك عەشیرە.

دوای ریفۆرمی زەوی، کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە چوە، فیئۆدالیزم چیتر نەماوەو ئێستا سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد باڵیان بەسەر کۆمەڵگای کوردەواری لە ئێراندا کێشاوەو ستراکتۆری سوننەتی کۆمەڵایەتی جێگەی خۆی داوە بە شێوەیەکی نوێ، کە لە زۆر ڕێگەوە کۆمەڵگاکەی تووشی گۆڕانکاریی کردووە. هەرچۆنێك بێت، گەرچی ژێرخانی ئابووری لە ماوەیەکی کورتدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی تێدا بەدی هاتووە، بەڵام نەریت و عەقڵیەتی خەڵکەکە زۆر نەگۆڕاوە.

## ستراکتۆری کۆمەڵایەتی

کارتێکەریی ریفۆرمی زەوی‌وزاری لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵگای گوندنشینانی کورد لە خشتەی ژمارە ٨دا دەبینرێت؛ گەرچی دەبێ لەبیرمان نەچێت کە ئاماری ساڵی ١٩٧٥ بە مەزندەیە، ئەویش بەهۆی کەمبوونی ژمارەو ئاماری سەبارەت بە ئاکامی ڕیفۆرمی زەوی‌وزارەوە، بەڵام هێشتا دۆخە سەرەکییەکەی بەڕوونی دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە ٨**

ستراکتۆری کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی شارە کوردنشینەکان:

| | ٪ی دانیشتوانی گوند(بە مەزندە) | | خاوەنییەتی زەویوزار (بە هیکتار) |
|---|---|---|---|
| | ١٩٦٠ | ١٩٧٥ | |
| خاوەن زەوی گەورە | ٠،٣ | ----- | زیاتر لە ٣٠٠ |
| خاوەن زەوی مام ناونجی | ٦ | ٠،٨ | ٣٠ تا ٥٠ |
| خاوەن زەوی بچووك | ١،٥ | ٢،٥ | ٥ تا ٢٠ |
| وەرزێری مام ناوەنجی | ٣ | ٣٢ | ١ تا ٣ |
| خۆش نشین (ڕەشایی) | ٧٢ | ٢٦-٢٤ | - |
| کرێکاری کشتوکاڵی | ١٠ | ٢٦-٢٣ | - |
| هیتر | ١٢،٦ | ١٤،٧ | - |

ژمارەکان بە مەزندەن لەبەر ئەوەی کەمایەسیی ئامار سەبارەت بە ئەنجامەکانی ئیسلاحاتی تەویوزار وای کردووە ڕووی گشتیی دیاردەکان بە ڕوونی دەربکەون. خاوەن زەوییە گەورەکان کە پێشتر زیاد لە ٦٠٪ی زەوییەکانیان بەدەستەوە بوو، ئێستا لە شانۆ چوونەتە دەرەوە بەڵام خاوەن زەوییە مام ناوەنجییەکان- بەهۆی خۆ دوورخستنەوە لە یاسای ڕیفۆرمی زەوییەوە، توانیویانە زەوییەکانیان بپارێزن؛ دەوڵەتیش، لەبەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان، گوشاری زۆریان ناخاتە سەر بەڵام دابەشکردنی زەوییە گەورەکان ڕیزی خاوەن زەوییە بچووکەکان و لەوان زیاتریش هی وەرزێرە مام ناوەنجییەکانی پتەوتر کردوە کە ئێستا گەورەترین تاقمی ناو دانیشتوانی گوند پێك دەهێنن. لەبەر ئەوەی لە ناوچەکەدا سەرمایەی گەورە نەخراوەتەگەڕ، پرۆلیتاری پیشەسازی لە کوردستاندا ڕەونەقی ئەوتۆی نییە. بە پێچەوانە، ڕادەی زۆرو دوور لە چاوەڕوانیی بێکاران لە شارە کوردنشینەکاندا بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و بەهۆی کۆچی گوندنشینانەوە [بەرەوشار]، بەردەوام لەزیادی دەدات. تەوژمی زۆری سەنعەتی کردن لە زۆربەی بەشەکانی ئێراندا بەرچاوە، گەلێك بە زەحمەت خۆی لە کوردستان داوە. بەم بۆنەیەوە، بوژروازی پیشەسازیی کورد زۆر لاوازو بەڵام هاوکات لەگەڵ گەورەبوونەوەی شارەکاندا، چینی مام ناوەنجی کورد بە هاوکاریی دائیرە خۆجێییەکان یاخود بەشی بەپەلە پەرەسەندووی خزمەتگوزاریی، خەریکن دەبن بە هێزێکی گەورەی سیاسی- ئابووری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا.

## ڕوانینێکی مێژوویی

١. لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی

سوپای سوڵتان سەلیم [ی عوسمانی] لە ٢٣ی ئۆگوستی ١٥١٤ دا، بە یارمەتی کوردەکان، هێزەکانی شا سمایلی سەفەوی لە چاڵدێران- باکووری ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ، تێك شکاند. ئەم تەئریخە، یەکەمین دابەشکردنی خاکی کورد لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دیاری دەکات.

دوای شەڕی چاڵدێران، بە درێژایی هەموو سەدەی شازدە، هەردوو وڵاتەکە بەرەو ئەوە ئەچوون کە دەوڵەتی ناوەندییان بەهێز بکەن، ئەم ڕووکردنە سیاسەتی بە مەرکەزی کردنە، دژایەتی میرنشینە کوردەکانی بەشوێندا هات. لە ساڵی ١٦٠٨ ڕاپەڕینی قارەمانانەی ئەمیرخانی برادۆستی لەناو قەڵای دمدمدا- کە ئێستا بۆتە ئەفسانەیەك، لەلایەن هێزەکانی شا عەبباسی سەفەوییەوە تێك شکا. سوپای قزڵباش دەستی بە کوشتنی دانیشتوانی کوردی ڕۆژئاوای ورمێ کرد. لە ساڵی ١٥٦٣دا، شا عەبباس پەیمانێکی لەگەڵ سوڵتان موراد[ی

عوسمانی]دا مۆر کرد، کە دابەشبوونی کوردستانی کردە دیاردەیەکی فەرمی، لەوکاتەوە تا ئێستا سنوورەکانی ئەم بەشەی کوردستان گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتوە .

لە ماوەی ٤٦٠ ساڵی دوای شەڕی چاڵدێراندا، کوردی ئێران بەبێ پسانەوە دژ بە دەسەڵاتداریەتی ئیسفەهان (پێتەختی کۆنی ئێران) و تاران وەستاون. میرنشینە کوردەکانی ئەردەڵان لە ناوچەی سنە دواترین میرنشینی کورد بوو کە لەناو چوو لەکاتێکدا خودموختارییەکەی خۆی تا ساڵی ١٨٦٥ پاراستبوو.

یەك لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەدەی ١٩دا، لە ساڵی ١٨٨٠ بەرپابوو، ئەم ڕاپەڕینە بە ڕێبەرایەتی شێخ عوبەیدللا[ی شەمزینی هەموو ناوچەی نێوان گۆلی ورمێ و (وان)ی ئازاد کرد، ئەوە یەکەمین بزووتنەوەی کوردی بوو، کە یەکگرتنەوەو] سەربەخۆیی هەموو کوردستانی کردبووە ئامانج. بزووتنەوەکە، بەهێزی هاوبەشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران تێك شکا.

بەدرێژایی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستان لە ئێراندا بووە گۆڕەپانێك بۆ هێزەکانی تورك و ڕووس. تورکەکان، بۆ لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی کوردی، ئاگری دوژمنایەتی ئایینیان دژ بە غەیرە موسڵمانەکان و لەپێش هەموانەوە ئەرمەنی، خۆش کرد. دابەشبوونی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە هۆی پەرەسەندنی خەباتی کوردەکانی تورکیا لەپێناو سەربەخۆیی و بەفەرمی ناسین .

لە ئێران، کاردانەوەی پەیمانی ١٩٢٠ی سیڤر، ڕاپەڕینی کوردی عیراق بوو بە هاندەری کوردەکانی بەشی باکوور بەرەو ڕاپەڕین. لە نێوان ساڵانی ١٨٢٠ و ١٩٢٥دا سمکۆ (سمایل ئاغا) سەرەك هۆزی شکاك، توانی سەرتاسەری ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ بخاتە ژێر ڕكێف و داوای سەربەخۆیی هەموو کوردان بکات. لە ١٩٢٣دا سمکۆ چوو بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی لەگەڵا شێخ مەحموددا باسی یەکخستنی هەردوو بزووتنەوەکە بکات. مەئموورانی ئینگلیزی نێران بۆ ئەوەی بە بەڵێنی درۆ سمکۆ فریو بدەن و ئەویش بە کوشتنی مارشیمون- ڕێبەری ئاسوورییەکان، تووشی هەڵەیەکی دڵتەزێن هات. وەك ئاکامێکی کارەکە، بارودۆخ خراپ بوو. لەساڵی ١٩٢٥دا ڕەزا خان- دواتر ڕەزا شا، لەڕێگەی کۆدێتایەکەوە کە ئینگلیزەکانی لەپشت بوو لەتاران هاتە سەر کار هەوڵی پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوەندی دا. لە ٢٠ مانگی جوونی ١٩٣٠دا، سمکۆ بۆ وتووێژ لەگەڵ سوپای ئێران بانگ کرایە شنۆو هەر لەوێش کوژرا. چەند ساڵێك دواتر، لە ساڵی ١٩٣١دا ڕاپەڕینێکی دیکە سەری هەڵداو ئەمجار لەباشوری کوردستانی ئێرانو لەژێر ڕێبەرایەتی جافر سوڵتانی[ هەورامی]دا .

**کۆماری کوردستان له مه‌هاباد :**

له‌۲۰ی ئۆگۆستی ۱۹٤۱دا، هێزی هاوپه‌یمانی سۆڤیه‌ت و ئینگلیز و ئه‌مریکا چوونه ناو ئێرانه‌وه. حوکمێکی لاواز له تاران دامه‌زراو بوو به‌جێگری دیکتاتۆریه‌تی ره‌زا شا، که هیچ ده‌سه‌لاتێکی به‌سه‌ر باشووری ولاته‌وه نه‌بوو وا له ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیز و ئه‌مریکییه‌کاندا بوو. له باکوور]ی ئێران[یش یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌تی هێزی دامه‌زراندبوو. گه‌لێك مافی دیموکراتی به‌و حیزبه سیاسییانه‌ی ولات درابوو، که ژماره‌یان به‌رده‌وام له‌زیادبووندا بوو .

ناوچه‌ی مه‌هاباد نه له‌لایه‌ن ئینگلیزو ئه‌مریکا و نه له‌لایه‌ن یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ته‌وه داگیر نه‌کرابوو، مه‌ڵبه‌ندێك بوو به‌نه‌ریتی مێژینه‌ی ناسیۆنالیسمی کوردییه‌وه. له مانگی سێپته‌مبه‌ری ۱۹٤۲دا کوردی مه‌هاباد هه‌لێکی زۆر گونجاویان قۆسته‌وه‌و یه‌که‌مین ڕێکخراوی سیاسی- واته کۆمه‌ڵه‌ی ژ.ك (ژیانی کوردستان، به‌واتای ژیانه‌وه‌ی کوردستان)یان پێك هێنا .

کۆمه‌ڵه‌ی یه‌کجار ناسیۆنالیست – که ڕووناکبیری توێژه مام ناوه‌نجییه‌کانی شار ڕێبه‌رایه‌تییان ده‌کرد، گه‌لێك زوو پشتگیرییه‌کی به‌ربلاوی لێکراو سه‌ره‌ڕای هه‌لومه‌رجی نیوه ئازاد، نه پرۆگرامێکی سیاسی‌و به‌وردی دیاریکراو و نه‌هیچ چوارچێوه‌یه‌کی قایمی ڕێکخراوه‌یی هه‌بوو، له‌ساڵی ۱۹٤۳دا ڕێبه‌رایه‌تییه‌کی نوێی بۆ هه‌ڵبژێررا.

بزووتنه‌وه‌ی دیموکراتییانه‌ی کوردستان زۆر زوو ستراکتۆری کۆمه‌ڵه‌ی به‌رزکرده‌وه و ئیتر بۆ ئه‌و کادیرانه‌ی وا ڕوانگه‌یه‌کی سیاسی به‌رینتریان هه‌بوو پێویست به په‌یڕه‌و به‌رنامه هه‌بوو، هه‌روه‌ها پرۆگرامێکی سیاسی ئه‌وتۆ که وه‌لامێکی سه‌رده‌م بداته‌وه- ڕیکخراوێك که‌توانای ڕێبه‌رایه‌تی کردنی ده‌یان هه‌زار ئه‌ندامی خۆی هه‌بێت.

له‌ساڵی ۱۹٤٥دا ڕێکخراوێکی سیاسی نوێ- حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامه‌زراو هه‌موو ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه له‌جه‌رگه‌یدا کۆبوونه‌وه. ڕووناکبیرێکی لێهاتوو رووخسارێکی به‌رپرسی سیاسی ئایینی- قازی محه‌مه‌د، ده‌ورێکی گرنگی له‌دامه‌زراندنیدا بینی. (حدك) به‌رنامه‌یه‌کی پێشکه‌ش کرد که هه‌شت خاڵی سه‌ره‌کی گرتبووه به‌ر :

١. پێویسته گه‌لی کورد له‌ئێران کاروباری ناوچه‌یی خۆیان بگرنه ده‌ست، له‌ناو سنووره‌کانی ئێراندا خودموختارییان هه‌بێت؛

٢. ئیجازه‌یان پێبدرێت به‌زمانی زگماکیان بخوێنن. زمانی فه‌رمی ئیداری له‌ناوچه کورد نشینه‌کانیان کوردی بێت"

۳. پێویسته یاسای بنه‌ڕه‌تی ولات زامنی ئه‌وه بکات که‌شوورایه‌کی ناوچه‌یی بۆ کوردستان هه‌ڵبژێرێت، که‌ئه‌و شوورایه هه‌موو کێشه‌یه‌کی کۆمه‌لایه‌تی (ناوچه‌که) له‌ژێر ده‌سه‌لاتدا بێت "

٤. کاربه‌ده‌ستانی ئیداری ده‌بێت له‌خه‌ڵکی خۆجێیی هه‌ڵبژێرێن "
٥. یاسایه‌کی گشتی ده‌بێت زه‌مینه‌ بۆ پێکهێنانی نێوان وه‌رزێرو خاوه‌ن زه‌وی به‌شێوه‌یه‌ك خۆش بکه‌ن که‌داهاتووی هه‌ردوولای تێدابگیرێته‌ به‌ر چاو"
٦. حدك بۆ برایه‌تیو یه‌کێتی له‌گه‌ڵ گه‌لی ئازه‌ر بایجانو که‌مایه‌سییه‌کانی ناو ئازه‌ربایجان (ئاسووری، ئه‌رمه‌نی..) خه‌بات ده‌کات.
٧. حدك هه‌وڵی په‌ره‌پێدانی کشتوکاڵو بازرگانی ده‌دات بۆ ئامانجی پێشکه‌وتووی فێرکردنو ساخیه‌تیو به‌رزکردنه‌وه‌ی پله‌ی ماددی و رۆحی گه‌لی کوردو باشترین شێوه‌ی به‌کارهێنانی سه‌رچاوه‌کان له‌کوردستان."

حدك خوازیاری ئازادی چالاکییه‌ سیاسیه‌کانه‌ بۆ هه‌موو گه‌لی ئێران به‌شێوه‌یه‌ك که‌سه‌رانسه‌ری ولات بۆ پێشکه‌وتن که‌ڵکی لێوه‌ وه‌ربگیرێت.

به‌هۆی ئه‌و راستییه‌وه‌ که‌پرۆگرامه‌که‌ ره‌نگده‌ره‌وه‌ی ئاواته‌کانی گه‌لی کورد بوو، ده‌ستبه‌جێ پشتیوانی زۆربه‌ی خه‌ڵکی بۆ خۆی راکێشا .

هه‌لومه‌رجی تایبه‌تی سه‌رده‌م له‌کوردستانو ئێراندا به‌گشتی پاڵی به‌هێزه‌ دیموکراته‌کانه‌وه‌ ده‌نا بۆ ئه‌وه‌ی هه‌نگاوێك به‌ره‌و پێشه‌وه‌ هه‌ڵبهێننه‌وه‌.

له‌ ٢٤ی جانیوه‌ری ١٩٤٦ له‌کۆبوونه‌وه‌یه‌کی گشتی نوێنه‌رانی شاره‌کاندا، یه‌که‌مین کۆماری کورد هاته‌ ڕاگه‌یاندن و قازی محه‌مه‌د ڕێبه‌ری حدك به‌ سه‌رۆکایه‌تی هه‌ڵبژێررا.

ته‌مه‌نی کۆمار له‌ ساڵێك که‌متر نه‌بوو، به‌ڵام جووڵانه‌وه‌یه‌کی به‌رچاوی هێنایه‌ ئارا و توانی ده‌ست به‌ زۆرێك له‌ ئامانجه‌کانی ڕاگه‌یێنراوی حدك ڕابگه‌یێنێت: زمانی کوردی بوو به‌ زمانی فه‌رمی و هه‌روه‌ها زمانی قوتابخانه‌کان؛ چه‌ندین چاپه‌مه‌نی ده‌وره‌یی کوردی بلاوبوونه‌وه‌ که‌ گرنگترینیان "کوردستان" ئۆرگانی حدك، هه‌لاڵه‌- گۆڤاری ژنانو گڕوگاڵی منداڵان- گۆڤاری زارۆکان بوو؛ یه‌که‌مین شانۆی کوردی دامه‌زرا، ژنانی کورد بۆ یه‌که‌مین جار له‌ کاروباری کۆمه‌ڵایه‌تی سیاسیدا- چالاکییان نواندو به‌هۆی پێشکه‌وتی پێوه‌ندی بازرگانی ڕاسته‌وخۆوه‌ له‌گه‌ڵا ڕووسیا، ئابووری ڕووی له‌ گه‌شه‌کردن نا. زه‌وی ئه‌و خاوه‌ن زه‌وییانه‌ی وا کوردستانیان به‌جێ هێشتبوو وچوو بوونه‌ خزمه‌ت حکوومه‌تی تاران، به‌سه‌ر وه‌رزێرانی کوردو ئه‌و بنه‌ماڵه‌ بارزانیانه‌دا دابه‌ش کرا که‌ مه‌هابادیان کردبوه‌ په‌ناگه‌ی خۆیان له‌ده‌ست ڕاونانی حکومه‌تی عیراق.

بەڵام بەهەرحاڵا هیچ ڕیفۆرمێکی زەوی‌وزاری بەو شێوەیەی وا لە ئازەربایجانی ئێران دا هاتبوە کایە، لێرەدا بەڕێوەنەچوو و وەك بەرنامەی حدك دەری دەخات، بەڕێوەبەرانی کۆمار هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو لایەن واتە وەرزێرو خاوەن زەوییان دەدا.

لە ئیش‌وکاری بەڕێوەبەرایەتیدا، پلەو مەقامەکانی سەرەوە کە تا ئەوکاتە تەنیا بەدەست فارس‌و ئازەربایجانییانەوە بوو، درایە کوردان. هێزی سوپا و پۆلیسی شای ئێران هەڵوەشانەوە و جێگەی خۆیان دایە سوپای گەل‌و هێزی پێشمەرگە. ئاڵای سوور و سپی و سەوزی کۆمار بە وێنەیەکی ڕۆژ ڕازابوەوە و گوڵە گەنم بە دەوریەوە و پەڕێك[ی باڵندە] لە ناوەڕاستیدا بوو. ڕۆژ بە نیشانەی ڕزگاری و هێمای ڕاگەیاندنی گرنگایەتی خوێندەواری بوو. ئاوازێکی ناسراوی کوردی کرایە سروودی نەتەوایەتی:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان....
کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان.

کابینە لە سێزدە وەزیر پێك هاتبوو کە وەزیری جەنگ و کاروباری دەرەوەشیان لەناودا بوو. بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە پەرلەمان هێشتا هەڵا نەبژێررا بوو مەجلیسی یاسادانان لە ئارادا نەبوو، حوکمی سەرەك کۆمار، قانوون بوو؛ بەڵام هەموو کاروباری قەزا لەلایەن دیوانی عالی و وەزارەتی دادپەروەرییەوە بەڕێوە دەبرا. کاربەدەستان دەستیان کرد بە دامەزراندنی دام‌و دەزگایەکی ئیداری بۆ کۆمار .

چەندو چۆنی حکوومەتی نوێ هێشتا بەوردی دیاری نەکرابوو: ئایا حکوومەتێکی خودموختار یاخود، کۆمارێکی سەربەخۆ؟ دروشمی فەرمی بۆ حکوومەتی نوێ بریتی بوو لە (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) بەڵام بە (حکوومەتی میللی کوردستان)یش دەناسرا .

حکوومەتی کوردی لە مەهاباد، وەك ئازەربایجان، هێشتا ئامانجەکانی خۆی دەست نیشان نەکردبوو.

لە ڕۆژی ٢٣ی ئاپرلی ١٩٤٦دا حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان پەیمانێکی دۆستانەیان پێکەوە مۆر کرد کە لە ٧ بەند پێك هاتبوو:

١. نوێنەرانی هەردوو حکوومەت لەکاتی پێویست لە خاکی لایەنەکەی دیکەدا بە ڕەسمی دەناسرێن؛
٢. لەو شوێنانەی خاکی ئازەربایجان کە زۆربەی خەڵکەکەی کوردن، حکوومەتی کوردی دێتە دامەزراندن و بەهەمان شێوە لەلایەکی دیکە؛

٣. هەردوو حکوومەت لیژنەیەك [ی هاوبەش] بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری دیاری دەکەن و ئەو لیژنەیە بەرانبەر بە ڕێبەرانی هەردوو حکوومەتەکە بەرپرس دەبێت؛
٤. هەرکاتێ پێویست بکات، ئازەربایجان و کوردستان سوپایەکی یەکگرتوو بۆ پشتگیری کردنی هەردوولا، پێك دەهێنن،
٥. هەرچەشنە وتوێژێك لەگەڵ تاران، دەبێ بە ئیجازەی هەردوو حکوومەت بێت؛
٦. حکوومەتی ئازەربایجان بۆ پەرەپێدانی زمان و کولتووری کوردی لەناو ئەو کوردانەدا کە لە ئازەربایجان دەژین، هەنگاو هەڵدێنێتەوەو کوردستانیش بە هەمان شێوە؛
٧. هەر کەسێ هەوڵی لەناوبردنی ئەو دۆستایەتیە مێژووییە، دیموکراتیك و یەکگرتوویی نێوان ئەو دوو گەلە بدات، لەلایەن هەردوو حکوومەتەوە سزا دەدرێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا کە گوترا، ڕاستیەك لە جێگەی خۆی دەمێنێتەوە، کە هەردوو حکوومەتەکە بۆچوونی جیاوازیان بۆ کاروباری ناوخۆیی هەبوو. لە ئازەربایجان کاربەدەستان داواکاریی وەرزیر و کرێکارانیان خستە بەرچاو و پڕۆگرامێکی ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەست پێ‌کرد، لەکاتێکدا لە کوردستان بەرنامەی ڕۆژ بریتی بوو لە پاراستنی یەکیەتی نەتەوایەتی بەبێ جیاواز دانانن بەرژەوەندیی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا.

بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە کۆمەڵگای کورد لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە [لە ئازەربایجان] دواکەوتووتر بوو، ئامانجە دیاریکراوەکانیشی مام ناونجیتر بوون. هێشتا مەسەلەی سنووردانانی نێوان دوو حکوومەتەکە چارەسەر نەکرابوو و وتووێژێکی دوورو درێژ بۆ دیاریکردنی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ بەتایبەت شارەکانی (خۆی)، سەڵماس (شاپوور)، ورمێ (ڕەزائیە) و میاندواو پێویست بوو.

لە بەهاری ١٩٤٦دا ئەم جیاوازییانە گرنگایەتی پلە دووهەمیان پەیدا کرد. ئەرکی سەرەکی داکۆکی کردنی لە مانەوەی هەردوو کۆمارەکە بوو کە کەوتبووە بەر هەڕەشەی حکوومەتی تاران و ئەمریکا و ئینگلیزیشی لەپشت بوو. پەیمانی نێوان کوردو ئازەربایجانی واتایەکی زۆری بۆ هەردوو گەلەکە هەبوو و جێگەی سەرسووڕمانیش نەبوو کە لە تاران بەشێوەیەکی زۆر خراپ چاوی لێ کرا.

حدك یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بەرەیەك وا حزبی توودە و حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی لەگەڵ سێ حزبی پێشکەوتنخوازی دیکە[ی ئێران]ی دەگرتە بەر. کوردستان بووبوە پێگەیەك بۆ هەموو هێزە دیموکراتەکانی ئێران.

کۆماری کوردستان هەروەها ناوەندێك بوو بۆ هاوکاری و پشتگیری بەشە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. حزبە کوردییەکان بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکرا. مەهاباد لە دڵەوە پێشوازی لە هەزاران بارزانی و نوێنەرانی کوردی تورکیا، عیراق و سووریا کرد. هەموو نەتەوەی کورد کۆماری مەهابادی وەك ڕەمزێکی هیواو ئاواتی خۆیو جەرگەی خەبات بۆ ڕزگار کردنی هەموو کوردستان دەبینی.

هەرچۆنێك بێت، لەوکاتەدا بارودۆخی سیاسی ئێران بەتایبەت (هەلومەرجی مەوجوود) بەهۆی حوزوری ئینگلیز و ئەمریکییەکان لە ناوچەی باشووری سەقزدا، بەرگری لەوە دەکرد کە کۆمار دەست بە سەر سەقز و سنە و کرماشاندا بگرێت. خاکی کۆمار لە سەقزەوە بەرەو کۆمار دەکشاو هەموو (بەشەکانی دیکەی) کوردستانی ئێرانی بە ژمارەیەکی یەك ملیۆن خەڵکەوە دەگرتە بەر .

شەش مانگ دوای کۆتایی هاتن بە شەڕ[ی دووهەمی جیهانی]، دەوڵەتانی هاوپەیمان لەگەڵا تاران پێك هاتن و دەستیان کرد بەوەی خاکی ئێران بەجێبهێڵن. حکوومەتی سۆڤیەتی چەند مانگێك دوای ڕۆیشتنی سوپای سۆڤیەت پەیمانێکی مۆر کرد کە ئیجازەی بە سۆڤیەت دەدا نەوتی باکووری ئێران دەربهێنێت. تا کۆتاییەکانی مانگی مایسی ١٩٤٦ سەرجەمی سوپای سۆڤیەت خاکی ئێرانی چۆڵا کرد .

لە پایزی ١٩٤٦دا حکوومەتی ئێران دەستی بە هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی لە هەموو ئێران کرد. ئەم هەڵبژاردنە وا هەبوو پێویستی بە ئامادەبوونی سوپای ئێرانی لە کوردستان و ئازەربایجان هەبێت بۆ ئەوەی چاوەدێریی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بکات. لە مانگی دیسەمبردا سوپای شا ڕووی کردە ئازەربایجان. بزووتنەوەی ئازەربایجان بە مەزندە بڵێین، بەبێ هیچ بەربەرەکانییەك، ڕووخا و ڕێبەرەکانی پەنایان بردە بەر سۆڤیەت.

حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ١٧ی دیسەمبری ١٩٤٦دا هەرەسی هێناو بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، هێزەکانی ئێران گەیشتنە مەهاباد لێرەش سوپای ئێران تووشی بەربەرەکانی نەهات بەڵام ڕێبەرەکانی کۆمار بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد، لەوێ مانەوەو تەنیا بارزانیەکان بەرەو شنۆو نەغەدە کشانەوە،

لە ئازەربایجان هەزاران دیموکرات بەدەستی میلیشیای چەکدار کوژران و جەنەڕاڵەکانی شا چاویان لێ قووچاند. بەڵام لە کوردستان، سوپای شا ویستی کات بگوزەرێنێت لەمەڕ بارزانییەکانیش سوپا هەر چاوەڕوانی ئاکامی ئەو وتووێژە بوو کە لەنێوان تاران و وەڤدێك بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بەڕێوە دەچوو. هەرچۆنێك بێت، ئەم هێورکردنەوانە زۆری نەخایاند، لە کۆتاییەکانی دیسەمبەردا قازی و زۆرێك لە ڕێبەرانی کۆمار گیران.

وتووێژی مستەفا بارزانی نەگەیشتە ئاکام و لە ٢٢ی فێبرەوەری ١٩٤٧دا سوپای ئێران ڕووی کردە نەغەدە، بارزانییەکان بەرەو سنووری ئێران و عیراق کشانەوەو هێرشی سوپای شایان سەرکەوتوانە دایە دواوەو تووشی کووژراو برینداریکی زۆریان کردن؛ زۆربەی سەربازو ئەفسەری سوپای شا بەدیل گیران. لە ١٣ی ئاپریلدا بارزانییەکان چوونە ناو خاکی عیراقەوە.

لە عەینی کاتدا، هێزەکانی ئێران لایەنگرانی کۆمار [ی کوردستان]یان چەك کردو تەنیا ئەو هۆزانەی وا هاوکاریی حکوومەتی تارانیان کردبوو و لەگەڵا بارزانیەکاندا کەوتبوونە شەڕەوە ئیجازەیان پێدرا چەکەکانیان بپارێزن. دوای دادگایی کردنی فەرمی لە دادگاییەکی سوپایی، قازی محەمەد، سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای بە مەرگ مەحکووم کران. لەبەرئەوەی خەڵك قازییەکانیان خۆش دەویست، حکوومەت بۆ ماوەیەك بەڕێوەبردنی حوکمەکەی ڕاگرت بەڵام عاقیبەت لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ ی مارچی ١٩٤٧دا، قازی و دوو هاوڕێکەی لەلایەن هێزەکانی سوپای ئێرانەوە، برانە گۆڕەپانی چوارچرای مەهابادو لەوێ لەدار دران. بەشوێنیدا ئیعدامێکی زیاتر لە شارەکانی دیکەی کوردستان هات.

زۆربەی بارزانییەکان، بەتایبەت ژنو منداڵا، بە ڕێبەرایەتی شێخ ئەحمەد، سەرۆکی ئاینییان چوونە عیراق بەڵام مستەفا بارزانی کە هیوایەکی زۆری بە حکوومەتی بەغدا نەبوو، لە ٢٧ی مایسدا بە ڕێبەرایەتی ٥٠٠ کەس، لە سەر سنووری تورکیاوە کەوتە ڕێگاو دوو ڕۆژ دواتر هاتەوە خاکی ئێران. دە هەزار سوپای ئێرانییان نێررایە سەر. شەڕ، سێ حەوتووی درێژە کێشا، تا ئەوەی لە ١٨ی مانگی جوونی ١٩٤٧دا دوای بڕینی ٣٠٠ کیلۆمەتر ڕێگا، هێزەکانی بارزانی چۆمی ئاراسیان تێپەڕ کرد و چوونە ناو خاکی سۆڤیەتەوە.

شیکردنەوەی پتەوی هۆکارەکانی هەرەسی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کورد لە وزەی ئەم وتارەدا نیە، بەڵام دەتوانین هەندێ لاوازیی گشتی بەتایبەت لە ڕێبەرایەتیدا بخەینە بەرچاو.

شتێکی نەگونجاو بووە ژمارەی پێویستی کادیری سیاسی و سوپایی بەتواناو فیداکار لە یازدە مانگ تەمەنی کورتی کۆماردا پێك بێت و ئەو ناتەواوییە، خۆی لە هەموو شوێنێکدا دەردەخات. هەرچۆنێك بێت، هۆکاری دەرەکیش دەوری گرنگیان لەم پێوەندییەدا بینی. حکوومەتی تاران کە بڕیاری تێك شکاندنی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی ئازەربایجان و کوردستانی دابوو، پشتگیریی هێزەکانی ئانگلۆساکسۆن بەتایبەت ئەمریکای قۆستەوە. سەرەڕای ئەوە ڕژێمی تاران لە کاری بێئەسەر کردنی سیاسەتی سۆڤیەت لە ئێراندا تووشی گیروگرفتی کەم هات .

بە هەرحاڵا، کاتێ کە ناسك بوونی باری سوپایی و سیاسی حکوومەتی تاران و خۆشەویستی کۆماری کوردستان [لەناو خەڵکدا] دەگرینە بەرچاو، دەبینین کە هێزی کورد

دەیتوانی بەربەرەکانیی کاریگەر سازبدات و وەك ئەزموونی بارزانییەکان دەریخست، واهەبوو بەباشیش سەربکەوێت .

**بەرزو نزمی بیست ساڵ مێژوو:**

بەشوێن هەرەسی کۆماردا، سەردەمێکی گوشاری سیاسی هەمەلایەنە دەستی پێ‌کرد. زۆربەی پێشمەرگەی (حدك) و کادیرەکانی کۆمار یا کووژران یا زیندانی کران، بەڵام لاوەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ نەمانەوە. ڕاست لە ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوەی چاپکراوی نهێنی لە ناوچەی مەهاباددا بڵاو کرایەوە. لە چوارەمی فیبرەوەری ١٩٤٩دا لە زانستگەی تاران چالاکییەك دژ بە شا نوێنرا. حکوومەت بەهاندانی کۆمپانیای نەوتی ئێران بە کوردستانی ئێرانەوە، کەڵکی لە دەرفەتی ئەو ڕووداوە وەرگرت و سەدان کەس لە میلیشیاو لایەنگرانی حدك گیران و چەندین ساڵا زیندانیان پێ‌درا .

هەرچۆنێك بێت، کاتێ دوکتۆر موسەددیق لە تاران هاتە سەرکار، چالاکی حزبە سیاسییە پێشکەوتنخوازە نهێنیەکان تا ڕادەیەکی زۆر ژیایەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٢ شەش ساڵا دوای هەرەسی کۆمار، کاندیدای حدك لەنێوان ٨٠ تا ٩٩ لەسەدی دەنگی شاری مەهاباد و دەوروبەری هێنایەوە، وەك ئاکامێکی ئەم کارە، هەڵبژاردنەکە هەڵوەشایەوە و دەوڵەت، پیاوێکی ئاینیی خەڵکی تارانی کردە نوێنەری شاری مەهاباد.

بەدرێژایی هەمان ساڵا، وەرزێرانی بۆکان دژ بە ملهوڕی فیئوداڵەکان و پۆلیس ڕاپەڕین. حدك بزووتنەوەکەی ڕێبەرایەتی دەکرد، کە بە خێرایی لە ناوچەی نێوان بۆکان و مەهاباددا پەرەی سەند، بەڵام بە دەستووری شا، سوپای ئێرانی بۆ یارمەتی فیئۆداڵەکان و سەرکوت کردنی وەرزێرە ڕاپەڕیوەکان خرایە ڕێ.

لە سەردەمی حوکمی موسەددیق و خەبات لەپێناوی میللی کردنی سەنعەتی نەوت کە هێشتا بەدەست کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز و ئەمریکاوە بوو، کوردستانی ئێران بەتەواوەتی لەپشت موسەددیق وەستابوو و دوای میللی کردنی نەوتیش هەروا مایەوە. لە ڕیفراندۆمی نەتەوایەتی ١٣ی ئۆگوستی ١٩٥٣دا، گەلی کورد هاودەنگ، ڕەئی بۆ بەربەست کردنی دەسەڵاتی شادا. لە مەهاباد، لە ٥ هەزار دەنگ، شایەتی تەنیا دوو دەنگی هێنایەوە. چەند ڕۆژێك دواتر لە ١٩ی ئۆگوستی ١٩٥٣دا کۆدیتایەك کە لەلایەن "سیا"وە ڕێکخرابوو، حوکمی موسەددیقی هەڵوەشاندەوە.

دوودڵی حکوومەتی موسەددیق، کۆنسێرڤاتیسم، سستی و هەڵەکاریی هێزە دیموکراتە سەرەکییەکانی ئێران، حزبی توودە و بێ کردەوەیی کەسایەتییە نەتەوایەتییەکان لە ڕۆژی

کۆدیتادا، سەرکەوتێکی هاسانی بۆ پیلانگێڕەکان مسۆگەر کرد، کاتێ کە پۆلیس ڕێکخراوەی نهێنی ئەفسەرە توودەییەکانی ئاشکرا کرد، هێزە میللی و دیموکراتیەکان یەك بەدوای یەکدا شکان. ئەم کۆدیتا دژی شۆڕشە، "سیا" بە ئامانجی دامەزراندنەوەی ڕژێمێکی دواکەوتنخواز و لایەنگری ئەمپریالیزم لە ئێران ڕێکی خستو بەڕێوەی برد.

میللی کردنی نەوت کە بووبوە ڕەمزی خەباتی درێژخایەنی گەلانی ئێران، هەڵوەشایەوە؛ هەموو ڕێکخراوە میللی و دیموکراتەکان بەربەست کران؛ هەزاران کەسی دیموکرات و نەتەوەیی خرانە زیندانەوە؛ سەدان میلیشیا — کە نوێنەرایەتی هەموو توێژەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییان دەکرد، ئیعدام کران و دیکتاتۆرییەت و میلیتیاریزم لەوکاتە بەدواوە بەسەر ئێراندا زاڵ بوو.

لە ٢٣ی فیبرەوەری ١٩٥٥، ئێران، عیراق، تورکیا و پاکستان پەیمانی بەغدایان مۆر کرد. بریتانیا خێرایەك لە ٤ی ئاپریلدا لەگەڵیان کەوت، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گەرچی ئەندامی پەیمانەکە نەبوو، بەڵام بە بەردەوامی لە کاروکردەوەی زۆرێك لە کۆمیتەکاندا بەشداریی دەکرد. لەناو کاروباری دیکەدا ئەم پەیمانەش —وەك پەیمانی سەعد ئاباد، دژ بە بزووتنەوەی کورد ڕێکخرابوو .

تەنانەت لە سەردەمی دوای کۆدێتای ١٩ی ئوگوست[ی ١٩٥٣]شدا، هۆزی کوردی جوانڕۆ — کە لە باکووری کرماشان و نزیك سنووری عیراق نیشتەجێن، توانییان چەشنە دەسەڵاتێکی خودموختار لە ناوچەکەدا بۆ خۆیان پێك بهێنن و شوێنە ئەستەمە شاخاوییەکان دەرەتانی داکۆکی کردن لە زێدەکەیانی پێ‌دەدان .

لە ٤ی فیبرەوەری ١٩٥٦دا، ڕژێمی شا بە دڵنیایی لە هێڵی بزووتنەوەی دیموکرات و بە متمانەی پشتگیری کردنی ئەندامانی دیکەی پەیمانی بەغدا، هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئەو دوا قەڵایەی کورد لە ئێران. هەزاران سەرباز، تانك و فڕۆکە نێررانە سەر گوندەکانی کورد. حکوومەتی نووری سەعید دەستبەجێ هاتە یارمەتیدانی سوپای شا. جوانڕۆ قارەمانانە ڕاوەستا، بەڵام شەڕەکە نابەرانبەر بوو، [خەباتگێڕان] کەوتنە ئابڵوقەوە و دەبوایە گوندەکانیان بەجێ‌بهێڵن و پەناببەنە بەر چیاکان. قەڵای بەناوبانگی جوانڕۆ کە ڕەمزی ئازادی بوو، کەوتە بەر بۆمباردمان و بوو بە خاكوخۆڵا .

لە ١٤ی جولای ١٩٥٨دا، شۆڕشی عیراق یەك لە پێگە هەرە قایمەکانی ئەمپیریالیزمی لەناوبرد. ئەم شۆڕشە، هەروەها، ڕێگەی بۆ چالاکی هێزە دیموکرات و ڕێکخراوە کوردییەکان کردەوە. شۆڕش، لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەیەکی گەلێك جیدی هەبوو. بزووتنەوەی کورد سەرلەنوێ دەستی بە گەشانەوە کرد.

لەولاشەوە حکوومەتی تاران لە پاییزی ١٩٥٩دا لەترسی پەرەسەندنی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کورد، کەوتە لێدانی خەباتکاران، لە شارو گوندەکاندا سەدان کرێکارو وەرزێر و مامۆستا و کەسایەتییە ئاینییەکان کەوتنە بەندیخانەوە. چوار پێشمەرگە — کە سیانیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدك بوون، حوکمی ئیعدامیان درا. بە شوکرانەی پشتیوانی کردنی بیروڕای گشتی ئەوروپا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەت عیراق، شا مەجبوور کرا قەرارەکەیان تا ڕادەی زیندانی دایم بێنێتە خوارەوە .

**خەباتی چەکدارانەی ٨-١٩٦٧**

لە سپتەمبری ١٩٦١دا ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لە کوردستانی عیراق هەڵگیرسا و گەرچی بزووتنەوەکە بەرنامەیەکی داڕژاوی نەبوو، لەگەڵا ئەوەشدا پشتگیریی کوردی عیراق و هاودڵی کوردانی ئێرانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. دەربڕینی کۆنکرێتی ئەم هاودڵییە، لە شێوەی یارمەتیدانی زۆر لە ڕێگەی ناردنی کەلوپەلەوە خۆی دەرخست. شتومەك، پارە، جلوبەرگ و تەقەمەنی لە ئەفسەرە ئێرانییەکان کڕاو نێررایە کوردستانی عیراق. تا ساڵی ١٩٦٦ ئەم یارمەتییانە — کە لەلایەن حدکەوە لە ئێران ڕێك دەخرا، یارمەتییەکی زۆری پارێزرانی بزووتنەوەکەی دا، کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی دەکرد .

زۆری پێ نەچوو کە، شا بە هیوای لاوازکردنی حکوومەتی بەغدا کە ڕووخاندنی ڕژێمی هاشمی لەلایەن ئەوانەوە هەرگیز لەبیر نەدەکرد، بە ئامانجی دەست تێکەڵا کردن و خۆخزاندنی ڕاستەوخۆ بۆ ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ئاراستە دەکرد. ئامانج ئەوەبوو کە بزووتنەوەکەی بارزانی بەو یارمەتییانە ببەسترێتەوە و بە گوێرەی پەرەسندنی بزووتنەوەکە ڕادەی ئەم یارمەتییانە بچێتە سەرەوە تا لە ئاکامدا سەرکەوتن و ڕزگاریی بزووتنەوەی کوردی پێوە ببەسترێتەوە .

حکوومەتی تاران وای حیساب بۆ کردبوو، کە بە یارمەتیدانی بارزانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران کارتێکەریی بۆ نەمێنێت یا تەنانەت هاوپشتی نێوان کوردی ئێران و عیراق لەناو ببات. کاتێ کە شا یارمەتییەکانی خۆی پەرەپێدا، داوای لە بارزانی کرد بۆ بەرگریکردنی چالاکییەکانی کوردی ئێران، هاوکاریی دەسەلاتداریەتی ئێران بکات. ئاکامی کارەکە، بوو بە "تێز"ێکی ناسراو — کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد و داوا لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش کرا کە هەموو چالاکییەکانی خۆی بوەستێنێت، بە گوێرەی "تێز"ەکە، تاقە شێوەی ڕاست بۆ ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەبوو بێدەنگ بمێننەوە و هیچ کارێك نەکەن کە ببێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی حکوومەتی

تاران و بڕینی یارمەتیەکانی بارزانی. هەر پێشمەرگەیەکی "حدك"یش تێزەکەی بدایەتە دواوە، لە کوردستانی عیراقدا دەبوو بە کەسێکی نەخوازراو و هەموو هەنگاوێکی جیددی پێشمەرگەی حدك دژ بە ڕژێمی شا، وەك کردەوەیەکی دوژمنانە بە نیسبەت "شۆڕشی کورد"ەوە سەیر دەکرا. ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە سەدان میلیشیای کوردی ئێرانی چووبوونە سەفی پێشمەرگەوە بۆ ئەوەی دژ بە حوکمی بەغدا بجەنگن .

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٧دا، زۆرێك لە ڕێبەران و میلیشیای حدکی ئێران کە گەیشتبوونە ئاکامی ئەوەی کە لەوە زیاتر ناتوانن پشتگیری سیاسەتی هاوبەشی نێوان بارزانی و حکوومەتی تاران بکەن، عیراقیان بەجێ‌هێشت و گەڕانەوە بۆ ئێران. تەنانەت پێش گەڕانەوەشیان پێکدادانی زۆر لەنێوان وەرزێری کورد و پۆلیسی شا لە ئێران ڕووی دابوو. دەستبەجێ لە ناوچەی نێوان مەهاباد و سەردەشت و بانەدا زنجیرەیەك ڕاپەڕین هاتە کایەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حدك بڕیاری دا بزووتنەوەکان ڕێبەری بکات. خەباتی چریکی زستانی ساڵی ١٩٦٧ی بە شوێندا هات. ڕێبەرانی گەنجو کەم‌ئەزموونی خەبات، کاتێ لەنێوان هێزەکانی ئێران و بارزانییەکاندا گیریان خواردو خۆیان زۆر بێ هاوپشت هەستپێکرد، ئازایانە جەنگین بەڵام لە ئەنجامدا تێك شکان. شەریف زادە- موهەندیسی کارەبا، عەبدوڵڵا موعینی -خوێندکار، و مەلا ئاوارە —مەلا و ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەموو لە شەڕی سوپایی ئێرانیدا کوژران.

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨دا، کاتێ سلێمانی موعینی —براگەورەی عەبدوڵڵا هەوڵی پەڕینەوەی سنووری بەرەو ئێران دەدا، بە فەرمانی بارزانی گیراو کووژرا. جەنازەکەی درایە کاربەدەستانی ئێرانی کە ئەوانیش لە زۆر شاری کوردستانی ئێراندا نواندیان. بزووتنەوەکە، بەهۆی لەدەستدانی ڕێبەرەکانیەوە تێك شکا. هەندێ میلیشیا هەڵاتنە عیراق و دەبوایە لەوێ خۆبشارنەوە و لەژێر چاوەدێریی پێشمەرگەکانی بارزانی دەرباز بن. زیاد لە ٤٠ میلیشیای حدکی ئێران یا کوژران یا گیران یا لەلایەن پیاوانی بارزانییەوە دەست بەسەرکران و درانەوە بەکاربەدەستانی ئێرانی.

## کوردستان لە ئێران و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە عیراق(١٩٦١-٧٥)

ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە عیراق، لە ساڵی ١٩٦٦ەوە تا سەردەمی پێکهاتنەکەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لەگەڵ عیراق — کە خودموختاری بۆ کوردستانی عیراق بە ڕەسمیەت ناسی، درێژەی دا بە سیاسەتی بەرگریکردن لە بزووتنەوەی کوردی کوردستانی ئێران. دوای ئەو، بەهەرحاڵ، ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق پێشوازییەکی زۆر گەرمتریان لە میلیشیای حدکی ئێران کرد. پێوەندی دوو حزبەکە لە چوار ساڵی دواییدا، باشتر بوو، بەڵام هێشتا باسێك لەوە نەدەکرا کە کوردی ئێران هیچ هەنگاوێکی گەورەی سیاسی لە کوردستانی

ئێران هەلبهێنێتەوە، و لەوەش کەمتر، ئیجازەی ڕێکخستنی شەڕی چریکییان دەدا. پارتی دیموکرات لە عیراق لەسەر ئەو بۆچوونە مایەوە کە ڕژێمی شا گەورەترین دوژمنی کوردی ئێران، وەك هاوکاری نزیکی خۆی دابنێت .

ڕژێمی شا درێژەی دا بە ناردنی پێداویستیەکانی شەڕو خواردەمەنی بۆ کوردی عیراق، بەڵام هەموو داوخوازی یاخود چالاکییەکی کوردی ئێرانی لەناوخۆدا سەرکوت دەکرد. سەدان ئەندامی حدکی ئێران لە زیندانەکانی شادا دەڕزان، دوو ڕێبەری حدك هەرکام ٢٧ ساڵیان لە زینداندا بردەسەر و تەنانەت تا ساڵی ١٩٧٨یش هەر لە زینداندا مانەوە .

لە ١٩ی دیسەمبری ١٩٧٢ پێنج نیشتمانپەرستی کورد لە سنە ئیعدام کران لە ٢٢ی مارسدا، قادر وەردی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حدکی ئێران، کاتێ لە دانیشتنێکی حزبی لە بانە دەهاتەدەر، بە ڕۆژی ڕۆشن لەلایەن پۆلیسی شاوە کووژرا، دوو ئەندامی حدکی ئێران لە سنە کوژران .

لە مایسی ١٩٧٢دا لە هەمان شار، کۆڕێکی ١٧ ساڵان بە تاوانی کاری سیاسی ئیعدام کرا. ئەنجامی خەفەتباری ئەو بزووتنەوەیەی کە بارزانی لە عیراقدا ڕێبەرایەتی دەکرد، دەریدەخات کە چەندە کارێکی مەترسیدار و تەنانەت دڵتەزێنە کە ماکیاوێلیسم وەك پرەنسیبی سیاسی وەربگیرێت و هەموو باوەڕێکی بنچینەیی ئازادکردنی نەتەوە، بۆ سوودی تاکتیکی و کاتی فیدا بکرێت .

## کوردستانی ئێران ئەمڕۆ و سبەی

### سیاسەتی شا لە کوردستانی ئێران

ئێران بە درێژایی سێ لە چوار بەشی سەدەی ئێستا تووشی گۆڕانکاری ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی هاتوە. ئەو پەرەسەندنە خێرایەی ئابووری، کە زۆرجار وتەبێژانی ڕژێم[ی شا] خۆیان پێ‌هەڵکێشاوە، تەنیا لە بەرژەوەندی چینی حاکم بە تایبەت بورجوازی پەرەگری بەسەرمایەی دەرەوە بەستراو و هەروەها بنەماڵەی پەهلەوی بوو، کە بەشی کلیلی ئابووری نەتەوایەتییان بەدەست بوو.

کۆمەڵانی گەل و بەتایبەت کرێکارانی شارو دێ، هەروا لە هەژاریدا دەژین. بەشێکی زۆری دانیشتوان هێشتا نەخوێندەوارن و دەستیان بە هیچ چەشنە دەرەتانێکی دەرمانی ڕاناگات. هەموو فەلسەفەی "شۆڕشی سپی" شا، کە هێمای لە ئەمریکییەکان وەرگرتبوو، کردنەوەی ڕێگا بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری لە شارو گوند بوو بە ئامانجی کردنەوەی دەرگای بازاڕی

ناوخۆ و دامەزراندنی بنەڕەتێکی قایم بۆ ڕژێم لە ڕێگەی خولقاندنی وردە بورژوازییەکی بەربەرین بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان. ئەم چەشنە پەرەسندنە لە وڵاتێکدا کە پێش ڕیفۆرمی زەوی، زۆربەی زۆری وەرزێرەکان خاوەن زەوی نەبوون، مەترسی تەقینەوەی کۆمەڵی کەمتر دەکردەوە .

پەرەسەندنی خێرای دەسمایەداری ناتەباییەکی زۆری لە کۆمەڵگای ئێراندا خولقاند. پێشکەوتی ئەو بەناو بورژوازییە نەتەوایەتییە بەهۆی ئەو مەزنایەتییەوە کە شا بە سەرمایەداری بێگانەی دابوو، بەربەست دەکرا. لە ساڵانی دواییدا، بە تەنیا داهاتی نەوت دەگەیشتە ساڵی ٢٠ ملیار دۆلار. لەبەر ئەوەی کە ئێران لە گازی سروشتی و مس و .. هتد دەوڵەمەندە، وڵاتەکە زۆر زەحمەتە تووشی کەموکەسریی سەرچاوەو کانگاکان بێت. بەهەرحاڵ بودجەی ساڵی ١٩٧٧-٧٨ لانیکەم یەك ملیار دۆلار کەسری هێنا .

ڕیفۆرمی زەویوزار، بێئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی ناو گوندەکان چارەسەر بکات، تەنگژەی تازەتری ئابووری خولقاند. بیستوپێنج ساڵ پێش ئێستا، ئێران بەرهەمێکی زۆری کشتوکاڵی بۆ دەرەوە دەنارد. بەڵام کشتوکاڵی ئێران تووشی کەسادییەکی گەورە هاتوە. ئێستا پەرەسندنی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ڕادەوستانداردی ژیانی بەشێك لە توێژە مام ناوەنجییەکان و بەهۆی داهاتی نەوتەوە، ڕادەی مەسرەفی خواردەمەنی بردۆتە سەرێ و [لە ئەنجامدا] ئێران خواردەمەنی لە دەرەوەی وڵات دەهێنێت .

لەبەر یەکچوونی کۆمەڵگای گوندەکان و میکانیزەبوونی زیاتری کاری کشتوکاڵ لە زۆر ناوچەی وڵات، بۆتە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری وەرزێران بۆ ناوشارەکان. ڕادەی بێکاری لە شاردا بە خێرایی بەرزبۆتەوە و ژیانی ناوشار چ لە باری کۆمەڵایەتی و چ لە باری ئابوورییەوە ئەستەم و ئەستەمتر دەبێت. سەرەڕای سەرهەڵدانی ئەو هەموو تەنگوچەڵەمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، ئاڵوگۆڕی سیاسی پێویست وەدی نەهاتوە. بورجوازی و چینی مام ناونجی داواکاری دەسەڵاتی زیاتری ئابوورین و پەرەیان بە بنەمای کۆمەڵایەتی خۆیان داوە. هەروەها، چینی کرێکاریش —بە یەك ملیۆن کرێکاری پیشەسازییەوە، بۆتە هێزێك کە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێت .

لەگەڵا ئەوانەشدا، شا درێژە دەدات بە گرتنی زیاتری دەسەڵات لە دەستی خۆی. یاساو دادوپەروەری و هێزی نوێنەران [پەرلەمان] بە توندی لەدەستی ئەودایە، هەر ئەویشە کە سێ هێزی سەرەکی زاڵی سەر وڵات —واتە سوپا، پۆلیس و ساواك و کۆنترۆڵا دەکات .

ڕژێمی شا، ڕۆژ لەگەڵا ڕۆژ، دەوری خۆی وەك جەندرمەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی – ناوەڕاست زیاتر دەگێڕێت، وەك لە هێرشی سوپای ئێرانی بۆ سەر "زوفار" لەوپەڕی باشووری "شبە جزیرە"ی عەرەبدا هاتە پیشاندانی .

ئێران، بەهۆی پەیمانێکی دوولایەنەی سوپایی هەروەها لە ڕێگەی پەیمانی "سەنتۆ"وە بە ئەمریکاوە بەستراوەتەوە، هەزاران ڕاوێژکاری ئەمریکی نێرراونە ئێران بۆ ئەوەی سوپاو پۆلیس و پۆلیسی ئاسایش بعاملێنن. شا، خەریکی ئەوەیە بەهێزترین سوپای ڕۆژئاوای ئاسیا پێك بهێنێت. ئێران بۆتە کڕیاری سەرەکی چەکەمەنی ئەمریکا. بە گوێرەی ڕاپۆرتێك کە لە ساڵی ١٩٧٦دا پێشکەش بە مەجلیسی سەنای ئەمریکا کراوە، ئێران لە پێنج ساڵی نێوان ١٩٧٤ و ١٩٧٦دا، ٢٠ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلاری داوەتە ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕێژەیەکی نێوان ١٥ تا ١٦ هەزار ڕاوێژکاری سوپایی ئەمریکا لە ئێران بوون و ژمارەیان لە ساڵی ١٩٧٧دا گەیشتۆتە ٢٤ هەزارکەس لە ئەمریکییەان لایان وایە ئەو ژمارەیە لە ساڵی ١٩٨٠دا بە مەزندە بگاتە ٥٠ تا ٦٠ هەزار کەس(٨) .

لە هەمان ڕاپۆرتدا، پسپۆڕانی ئەمریکی سێ هۆکار بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئێراندا دەخەنە ڕوو: یەکەم شوێنی جیئۆپۆلیتیکی وڵاتەکە، دووهەم توانای ئێران بۆ دڵنیا کردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەردەمیی ڕۆیشتنی نەوت لە خەلیجی فارسەوە، و سێهەم پەرەپێدانی دەرەتانی سەرمایە دانان لە ئێران و ڕادەی بەرچاوی بازرگانی ئێران لەگەڵا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا .

دیکتاتۆریەتی شا ئێستا لەوپەڕی ڕادەی خۆیدایە. هیچ نیشانەیەك لە دیموکراسی و ئازادی نەماوە؛ هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی، سەندیکای کرێکاری، یا کۆڕ وکۆمەڵی پیشەیی و تەنانەت ئایینی پاوان کراون. ئازادی چاپەمەنییەکان مۆتڵەق نەماوە، ئەندامانی پەرلەمان و مەجلیسی سەنا لەلایەن شا –خۆیەوە دەست- نیشان دەکرێن. هەموو ئەرکو کارێکی حکومی لەژێر فەرمانی ئەودایەو تەنیا هەر ئەویشە بتوانێ دەسەڵاتی بێ‌سنووری ساواك کەم یا زۆر بکاتەوە.

ئەو کارەساتانە هەموو، بەگشتی لە ئێران ڕوودەدەن و کوردستانیش دەگرنەوە کە هەل‌ومەرجی لە زۆر لایەنەوە خراپتر [لە شوێنەکانی تر]ە. کوردستان، بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران، میلیتا ڕیزە کراوە. سوپاو پۆلیس و بە تایبەت دەسەڵاتی تەواویان لە وڵاتدا هەیە. هەموو چەشنە جموجوڵێکی خەڵکەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە، هەر وەرزێرێکی گوند بیەوێ بچێتە گوندێکی تر، پێویستە کوێخا [موختار]ی هەردوو گوندەکە ئاگادار بکاتەوە و ئەویش مەجبوورە مەسەلەکە بە پۆلیسی نهێنی ڕابگەیێنێت. دوای ئەو پەیمانەی وا

ئێران و عیراق لە ڕۆژی ٦ی مایسی ١٩٧٥دا لە جەزائیر مۆریان کردبوو بەهۆی هەرەس هێنانی بزووتنەوەی بارزانی، سنوورەکانی ئێران کە شوێنی ژیانی کوردن ئەوەندەی لە کردن بێت چاوەدێری دەکرێن .

گوشاری سەر خەڵك لە کوردستانی ئێران قورسایيەکی زیاتری هەیە، ڕژێمی شا مۆتڵەق حاشا لە بوونی گەلی کوردی غەیرە فارس دەکات کە نەتەوەکەی دەگاتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و تەنانەت کەمترین داوخوازیی مافی نەتەوەیی بەتوندی دادەپڵۆسرێت. سیاسەتی تواندنەوە، کە ڕەزا شا سەرەتای دامەزراند، ئێستاش بە تەواوەتی بەردەوامە. سیاسەتی گوشاری نەتەوایەتی بە ڕادەیەکی زیاتر یا کەمتر، لەو ناوچانەش بەڕێوە دەبرێت کە عەرەب و بەلووچ و ئازەریشی تێدا نیشتەجێن .

گەرچی ژمارەی ئێرانییە غەیرە فارسەکان لە نیوەی دانیشتوانی ئێران زیاترە، ڕژێمی شا هیچ مافێکی نەتەوایەتییان بۆ ناناسێت. بەڵام کێشەی نەتەوایەتی ناتوانرێت بەو شێوەیە چارەسەر بکرێ کە خۆت لە مەسەلەکە نەیار بکەی .

**هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ئێران لە بەرانبەر مەسەلەی کورد**

کوردستانی تورکیا دواکەوتووترین ناوچەی وڵاتەکەیە. کوردستانی عیراق، جاران بەهۆی هەلومەرجی سروشتی و پیشەسازیی نەوتەوە، وەك پێشکەوتووین بەشی خاکی عیراق سەیر دەکرا. بەڵام وێرانییەکانی شەڕ و بێنەزم و نیزامیی بە میرات بەجێماو، بوونەتە هۆی ئەوەی ئەمڕۆ کوردستانی ئێران پڕ جمووجوڵترین بەشی کوردستان بێت .

دارمانی فیئودالیزم، سەرهەڵدانی پێوەندەکاپیتالیستیەکان لەبەرهەم هێناندا، هەروەها گۆڕانکاریی لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی، لەبەر یەکچوونی کۆمەڵگای سوننەتی، لە ئەسڵدا وەستانی بەداواهاتوە. ئابووری کوردستان ئێتر لە ڕادەی ئابووری ئێراندا نییە و ئێستا بە تەواوەتی لەبەریەکچوە. لەناوچوونی ستراکتۆری کۆمەڵگای سوننەتی گۆڕانکاریی توندی بەدوادا هاتۆتەدی. گەرچی کوردستان ئێستا دواکەوتووترین بەشی ئێرانە، بەڵام پێشکەوتووترین بەشی کوردستانیش دەژمێردرێت .

لە تورکیا و عیراقدا کورد تەنیا نەتەوەی ژێر ستەمە، لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکە چەندین نەتەوەی تێدا نیشتەجێن: بەلووچ، عەرەب، ئازەربایجانی، لەگەڵا کورد و فارس. لەباری ژمارەوە، کورد دوای ئازەربایجانی کە ژمارەیان دەگاتە ١٠ ملیۆن کەس، گەورەترین نەتەوەی ژێرستەمە .

هەرچۆنێك بێت، بورجوازی ئازەربایجانی بۆتە بەشێك لە دەزگای دەوڵەتی ناوەندی و هەستی نەتەوایەتی کوردان – کە لەلایەن شاوە وەك مەترسیدارترین نەتەوە چاویان لێ دەکرێت، لە بەرزترین لووتکەی خۆیدایە .

گەرچی رێژەی دانیشتوانی کوردستان و بەربلاویی خاکیان لە ئێراندا، لەچاو عیراق و تورکیا، کەمترە بەڵام ئەو ڕاستیەی کە نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران زیاد لە نیوەی خەڵکی وڵات پێك دەهێنن، ئەوە دەگەیێنێت کە کێشەی نەتەوایەتی بۆ دادیی ئێران گرنگایەتی گەلێك زۆری هەیە. هەر لەم پێوەندییەشدا دەبێ شێوەی ڕوانینی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئوپوزیسیۆنی ئێران بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی بەگشتی و مەسەلەی کورد بەتایبەت سەیر بکرێت .

**هەڵوێستی حزبی توودە:**

حزبی توودەی لایەنگری مارکسیزم لە ساڵی ١٩٤١دا بەو ئامانجە دامەزرا کە ببێتە حزبێکی گەورەی ئەوتۆ، کە نوێنەرایەتی هەموو لایەنێکی کۆمەڵ بکات، بەڵام هیچ کاتێ دەرێکی ڕوونی لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا نەبوە. ئەوە ڕاستە کە لە ساڵی ٦-١٩٤٥دا پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی ئازەربایجان و کوردستان کرد، بەڵام لەوکاتە بەدواوە، [حزبی] توودە بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی فەرمی، کە خۆی بە حزبێکی مارکسیست لینینیست ڕادەگەیێنێت، زیاتر موحافیزەکار بووە .

بەرنامەی نوێی حزب کە لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپ کراوە، تەنیا دوو پەرەگرافی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی تێدا تەرخان کراوە. لە کۆتایی ئەو بەشەدا کە باسی سیاسەتی چینی حاکم دەکات، دەڵێ:

"ستەمی نەتەوایەتی دژ بەو گەلانەی وا لە ئێراندا دەژین، ڕوخسارێکی دیکەی چینی نادیموکراتی سەر حوکمە. ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەییە گەلێك پێوەند ئەو خەڵکانە بەیەکەوە دەبەستێت کە لە ئێراندا دەژین. ئەو خەڵکانە، بە درێژایی چەندەها سەدە چارەنووسی هاوبەشیان هەبوەو پێکەوە هاوکارییان کردوە بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی هاوبەش بخوڵقێنن. شانبەشان، لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا قوربانییان داوە. بەرژەوەندی سەرەکی گەلانی ئێران لە دژایەتی ئەمپریالیسم و کۆنەپەرستاندایە .

هەرچۆنێك بێت، بەهۆی ستەمی نەتەوایەتییەوە، هەندێ لەو گەلانە مافی ڕەوای خۆیان پێ نەدراوە. ستەمی نەتەوایەتی بۆتە کۆسپێك لەسەر ڕێگەی تێگەیشتنی یەکیەتی ڕەگاژۆ کردوو لەنێوان ئەو گەلانەدا و هەروەها بۆتە بەرهەڵستێك بۆ پێشکەوتی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی وڵات."

لێرەدا هیچ ئاماژەیەك بەوە نەکراوە کە گەلی فارس ئەو ستەمەیان لەسەر نییە، بۆی هەیە وا دابنرێت کە فارسەکانیش لە کێشەی مافە نەتەوایەتییەکاندا، خۆیان لە هەمان شوێندا دەبینن کە بەلووچ یا کورد. بەرنامەکە دیعایەی ئەوە دەکات کە خەڵکی ئێران چارەنووسی هاوبەشیان هەیە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو چارەنووسە ئایا لەلایەن گەلانی ژێر ستەمی ئێرانەوە هەڵبژێرراوە یا بە زۆر بەسەریاندا سەپاوە؟ سنوورەکانی ئێستای ئێران ئاکامی خەباتێکی زۆرن. ئایا ئەو سنوورانە دەکرێ وەك سنووری نەتەوایەتی سەیر بکرێن لە کاتێکدا کە وجوودی نەتەوایەتی ئازەربایجانی، کورد، بەلووچ و عەرەب [لە پاشماوەی نەتەوەکانیان لە دەرەوەی ئێران]دادەبڕێت .

لە کۆتاییشدا، ئێمە باسی فەرهەنگی کێ دەکەین؟ فەرهەنگ —بەو شێوەیەی وا ئەمڕۆ لە ئێراندا دەناسرێت، فەرهەنگی گەلی غالب- واتە فەرهەنگی فارسەکانە. ئەوەش نەك هەر هی کوردو گەلانی تر نییە، بەڵکوو فەرهەنگە نەتەوایەتییەکەی ئەوان پێشێل دەبێت، مێژوویان بە چەواشە دەنووسرێت و کەلەپووریان دەدرێتە پاڵ فارسەکان .

لە پەرەگرافی دووهەمدا، حزبی توودە شێوازی تایبەت بە خۆی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەخاتە بەرچاو:

"حکوومەتی کۆماری میللی و دیموکراتیکی ئێران داواکاری دامەزرانی یەکیەتی خۆ ویستانەی گەلانی ئێرانە و هەست دەکات کە بۆ پێك هێنانی یەکیەتی ڕاستەقینە لەنێوان گەلانی ئێراندا و لەسەر بناغەی بەرانبەری و دۆستی، پێویستە ستەمی نەتەوایەتی نەمێنێت. هەر بۆیەش ئەو حکوومەتە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیدا ئەم بنەمایانەی خوارەوە بەکار دەهێنێت :

ئـ هەموو گەلانی ئێران دەبێ مافی خۆیان بۆ خودموختاری هەبێت؛

ب. مافەکانی کەمایەسییە نەتەوایەتییەکان دەبێ بە شێوەیەك کە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان پێبدرێت، بە ڕەسمی بناسرێت"

لە بەراورد لەگەڵ بەڵگە و بەیانەکانی دیکەی حزبی توودە لەمەڕ مەسەلەی میللی، ئەم پرۆگرامە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە بەوەی کە داوای مافی خودموختاری کردنیشی گرتۆتەبەر. هەرچۆنێك بێت، لە هیچ شوێنێکی بەرنامەکەدا باسێك لە 'نەتەوە ستەم لێکراوەکان'ی ئێران نەکراوە. چەمکی ناڕاستەوخۆی ئەم کارە وا دەگەیێنێ کە ئەو خەڵکە ستەملێکراوانە هێشتا نەبوون بە نەتەوە. بەرنامەکە، باسی مافی دابین کردنی چارەنووس دەکات نە مافی جیاوازی خواستن .

بەرنامەکە بە شێوەیەکی نادیار مافی دابین کردنی چارەنووس دەخاتە پەرەگرافێکەوەکە تێیدا باسی پتەوکردنی هێزی نەتەوایەتی دەکات و یەکەم ئەرك، بە گوێرەی هەڵوێستی حزبی توودە، ئەوەیە کە "یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزرێت و پتەوبوونی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری وڵات بسەلمێندرێت."

کەسێك چۆن دەتوانێ باسی تێگەیشتنی خۆی لە مافی دابینکردنی چارەنووس بکات لە حاڵێکدا لە عەینی کات خەبات بۆ پاراستنی یەکیەتی ئێران دەکات. هەڵوێستی [حزبی] توودە چ دەبێ ئەگەر یەکێ لە گەلانی ژێر ستەم کەڵك لە مافی خۆی بۆ دابینکردنی چارەنووس وەربگرێت و لە ئێران جیا ببێتەوە؟ ئەوکاتە [حزبی]توودە چ خاڵێکی پرۆگرامەکەی وەلا دەنێت؟

**جەبهەی میللی**

لە ساڵی ١٩٥٠دا دوکتۆر [محەمەد] موسەددیق بناغەکەی دانا. توێژە مام ناونجیەکانی ئێران پشتگیری ئەم حزبە دەکەن. هیچکام لە سێ لقی جەبهەی میللی لە دەرەوەی وڵات (موحافیزین لە ئەمریکا، مام ناونجییەکان لە ئەوروپا، و ڕادیکاڵ و مەیلەومارکسییەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، هەرگیز دانیان بە بوونی مەسەلەی میللی لە ئێراندا نەناوە .

لە بەرنامەی نوێی چاپکراوی ساڵی ١٩٧٢یاندا، جەبهەی میللی کەموزۆر، هیچ باسێك لە ستەمی نەتەوایەتی ناکات. لەکاتی ئێستادا تاکە جیاوازییەك گە ڕوانینی ئەوان بۆ مەسەلەی میللی لەگەڵ ڕوانینی شادا هەیبێت: لە پڕوپاگەندەی ڕەسمی حکوومیدا لە 'میللەتی ئێران' دەدوێن و پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرن کە لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەك هەیە، بەڵام لە چاپەمەنییەکانی جەبهەی میللیدا باس لە 'گەلانی ئێران)' دەکەن .

**موجاهیدینی خەلق**

ڕێکخراوەکەیان لە ساڵی ١٩٧٠ بنیات نراوەو لەوکاتە بەدواوە لە شارە گەورەکانی ئێران، بە تایبەت تاران، کردەوەی چریکییان هەبوە. گەرچی لەسەرەتادا ڕێکخراوەیەکی ئیسلامی بوون، بەڵام تووشی گۆڕانکارییەك هاتن کە تێیدا موسوڵمان و مارکسییەکان شانبەشانی یەکتر دەجەنگن و لەئەنجامیشدا بوون بە دوو ڕێکخراوە: یەکیان موسوڵمان و ئەوی تریان مارکسیست. لەم دواییانەدا، ڕێکخراوە مارکسییەکە چالاکی زیاتری لەخۆی نیشان داوەو گەلێك توێژینەوەی لەسەر لایەنی جۆربەجۆری سیاسی ئێران کردوە .

ئەم ڕێکخراوەیە، کە خەباتی چەکدارانەی هەڵبژاردووە، بە شێوەیەکی سروشتی سەرنجی داوەتە سەرگەلانی ستەملێکراوی ئێران بەتایبەت کورد- کە تایبەتمەندیی و هەلومەرجی نەتەوەیی و جوغرافییەکەی نوێنەرایەتی هێزێکی زاتی گرنگ لە خەباتی چەکدارانەی دژ بە ڕژێم دەکات، هەر بۆیەشە کە موجاهیدین لایەنگریی بزووتنەوەی گەلانی ستەملێکراوی ئێران دەکەن، گەرچی تا ئێستا بەرنامەیەکی ڕوون و وردیان نەداوەتە دەرێ .

## ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی خەلقی ئێران

لە فیبریوەری ساڵی ١٩٧١دا خەباتێکی چەکدارانە لە ناوچەی 'سیاهکەل'ی باکووری ئێران بەڕێوە برا. کاتێ خەباتەکە لە گوندەکان تووشی شکان هات، چریکە مارکسیستەکان لە شارەکاندا ڕێك کەوتنەوەو ڕێکخراوەی فیدائیانیان دروست کرد. هەر لە سەرەتاوە ڕێبەران و تیئۆریسییەنەکانی ئەم ڕێکخراوەیە سەرنجی زۆریان دایە مەسەلەی نەتەوایەتی .

لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "ئەوەی وا پێویستە شۆڕشگێڕێك بیانزانێ"، کە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٠دا چاپکراوە، ئـس. فەراهانی-یەك لە بناغەدانەرانی ڕێکخراوەی فیدائیان، دەڵێ: "پێویستە ڕاستەوخۆ ڕوو بکرێتەوە مەسەلەی نەتەوایەتی" و ئەوەش کە "کوردستان شێواز و شەقڵی تایبەت بەخۆی هەیە و کورد دەبێ بتوانن لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکەوە بگەنە خودموختاری."

ژمارە ٢ی گۆڤاری یەکجار گرنگی تیئۆرێك بە ناوی '١٩ی بەهمەن' تایبەت بەو مەسەلەیە کراوە کە "چۆن پشتگیری خەڵك لە خەباتی چەکدارانە مسۆگەر دەکرێت" و هەولاّ دراوە ستەمی نەتەوایەتی تێدا شیبکرێتەوە، لە نووسراوەیەکدا سەبارەت بە خەباتی چەکدارانە و گەلی ستەم لێکراو و لەسەر ("بارودۆخی گەلی کورد"دا، نووسەر ڕوانگەی خۆی دەخاتە ڕوو — کە بە شێوەیەکی ڕادیکال بۆ ئەدەبی مارکسیستی ئێران، تازەبوو :

"سنوورەکان، کورد و گەلانی ستەملێکراوی دیکەی ئێرانیان لێك جیاکردۆتەوە، بزووتنەوەکانیان بە جووڵانەوەی سەرسنوورەکانی ئێرانەوە بەستراوەتەوە. ئەو گەلە، بە درێژایی دەیەی ڕابوردوو چەند جاران دژ بە حکوومەتی ناوەندی ڕاپەڕیوە. گرنگایەتی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی گەلانی ژێر ستەم — بە تایبەت گەلی کورد، بۆ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران لە چەند خاڵێکدا خۆدەنوێنێت :

١. ئەم بزووتنەوانە، ڕووبەڕووی ڕژێمی بە ئەمپریالیسمەوە بەستراو بوونەتەوە و هەر بۆیەش، لە خۆیاندا دژی ئەمپریالیزمن. لە ڕێگەی بەهێزکردنی کاراکتەری پێشکەوتنخوازانە و هەروەها بەهۆی ڕاکێشان و لکاندنیانەوە بە بەرەیەکی دژی ڕژێمەوە، دەکرێ کۆمەڵانی ژێر ستەم بکێشرێنەوە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەوە .

٢. ئەو بزووتنەوانە، پشتگیریی کۆمەڵانی ژێرستەمی (ناوچەکەیان) دەستەبەردەکەن و لەو ڕێگایەوە هێزێکی گرنگ بۆ خەباتی دژی ڕژێم پێك بهێنن .

٣. ئەم بزووتنەوانە بەهۆی کاراکتەری گەورە و ئەو پشتگیرییانەوە کە بەشەکانی دیکەی خەڵکەکانیان بە درێژایی سنوورەکان لێیان دەکەن، زۆر ئەستەمە لەناوببرێن. لەم تەنگ وچەڵەمانەدا گەلێك زوو ناتەباییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان سەرهەڵدەدەن و دەتوانن ڕەهەندی بەرینتریان پێبدەن بە شێوەیەك کە بۆی هەیە هەموو هێزەکانی ڕێژیمیش بگریتەبەر.

٤. نەمای ئەو یەکیەتییە و پشتگیریی خەڵکانی ئێران لە داواکارییەکانیان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکرات، خەباتە بۆ یەکگرتوویی خەڵك دژ بە دوژمنی هاوبەش، سەرەڕای هەموو کەم مێشکییەکانی بورژوازی و بورژوازیی بچووك سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی. بەو پێیە، بزاڤی شۆڕشگێڕ ئەرکی بەرەوپێش بردنی ئەو یەکیەتییەی هەیە .

ئەو میلیشیایەی وا لەپەیوەندیی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ژێرستەمدایە، دەبێ بنیاتنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی وەك یەکەمین ئەرکی خۆیان بگرنە بەرچاو بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە یەکگرتوویی هەموو بزاڤە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران. ئەو میلیشیایە دەتوانێ دەورێکی گەلێك بەکەڵکی لە ناو خەڵکی خۆیدا هەبێت لەودەورەی وا لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی هەیەتی (....). پەرەسەندنی بیری پێشکەوتنخواز لەناو کورددا فاکتەرێکی گرنگە لە پەیوەندیدانی بزووتنەوەی چەکدارانەی نەتەوەیی و بزاڤی نەتەوەیی گەلی کورد دا. بزووتنەوەی چەکدارانەی شۆڕشگێڕ وەك هێزێکی بەتوانا سەیری بزاڤی چەکدارانەی نەتەوەیی گەلی کورد و گەلانی ژێرستەمی دیکە دەکات و دەورێکی بەرچاوی ئەوتۆ لە دیاریکردنی دواڕۆژی وڵاتەکەماندا دەگێڕێت کە ناکرێ دانی پێدا نەنرێت.

ڕێکخراوەی فیدائیان لە وڵاتدا بە باشی ڕەگی داکوتاوە و ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی نادیاری گرتۆتە بەر. بزاڤی نەتەوەیی و دیموکراتیخوازی گەلی کورد لە داهاتوودا دەتوانێ لەگەڵیاندا هاوکاری بکات. دەبێ ئاماژەش بەو هەڵوێستە بکرێت کە کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی هەیەتی. ڕێکخراوەکە کە لە لایەن ڕێژیمی شاوە یاساخ کراوە و باوەکوو گرفت و ئینشقاقی زۆری تێدا بووە، هێشتا چەشنایەتی لایەنی سیاسیی لە ناو ڕێکخراوەکەدا سەرنجڕاکێشە. کۆنفێدراسیۆن بوونی ستەمی نەتەوەیی و ستەمی نەتەوایەتی دەسەلمێنێت و ڕایگەیاندووە بۆ لەناوبردنیان بجەنگێت .

## حزبی دیموکراتی کوردستان

'حدك'ی ئێران لە ١٦ی ئۆگوستی ١٩٤٥ لە مەهاباد دامەزرا. ساڵێك دواتر، ڕووناکبیرە کوردە'حدك'ی عیراقیان دامەزراند. کاتێ کۆمار هەرەسی هێنا، هیچ هۆیەك بۆ ئەوەی ڕێکخراوە عیراقیەکە وەك لقی حدکی ئێران بمێنێتەوە، نەدەبینرا. هەردوولا ناوی خۆیان هێشتەوە و ئێستا هەردوو حزبەکە ناوێکی هاوبەشیان هەیە —بێ‌ئەوەی پرۆگرامی هاوبەش یاخود ڕێکخراوەیەکی یەکگرتوویان هەبێت .

هەرچۆنێك بێت، بە درێژایی ساڵانی دوای پەیمانی ١١ی مارسی ١٩٧٠، حدکی ئێران ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی بۆ ئەوەی ببێتە حزبێکی نەتەوایەتی، وەلانا و خۆی خستە ژێر دەسەڵاتی بارزانییەوە. لەو ماوەیەدا، چالاکیەکانی حزب لە ئێران وەستێنرا، کۆمیتەی ناوەندی، چاپەمەنییەکی کەم نەبێ، هیچی لەسەر مەسەلەکانی کوردستانی عیراق بلاو نەدەکردەوە و هیچ گوێی نەدایە تەنگ و چەڵەمەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئێران بەگشتی. کۆنگرەی دووهەمی حزب لە ساڵی ١٩٦٤دا، لەو قەرارە بەرتەسکە بەولاوەتر نەچوو. لە ڕاستیدا، زۆرێك لە نوێنەران بەشداربوونیان لە کۆنگرەیەکدا کە بە هاوکاریی بارزانی پێك هاتبوو، دایەدواوە.

دوای مارچی ١٩٧٠ گەلێك شت هاتە گۆڕان. لە مانگی جوونی ١٩٧١دا کۆنگرەی سێهەم کۆمیتە ناوەندییەکی نوێی هەڵبژارد و بەرنامە و پەیڕەوێکی نوێی هێنایە ئاراوە. کۆنگرەی چوارەم لە سپتەمبری ١٩٧٣دا خاڵێکی وەرچەرخانی لە مێژووی ((حدك))ی ئێراندا دیاریکرد. دوای هێنانی چەند گۆڕانکارییەك، کۆنگرە، بەرنامە پەیڕەوی کۆنفەرانسی پێشووی پەسند کرد. چل‌ونۆ نوێنەر —کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی حزبیان لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات دەکرد، لە ئیش‌وکاری کۆنگرەدا بەشدار بوون. بەشدارەکان لە بناغەدانەرانی حزبەوە تا ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و لاوی ولاتیان دەگرتەبەر .

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی —کە لە قۆناغی جۆراوجۆری چالاکیی حزبی کۆڵیبوەوە و هێڵە سەرەکییەکانی ڕوانگەی خۆی بۆ داهاتوو کێشابووەوە، لە کۆنگرەدا باسی لێوە کراو یەکدەنگ پەسند کرا. لە کۆتاییدا، دەنگی نهێنی درا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و ئەندامانی جێگیری کۆمیتەکە. حدکی ئێران لەڕاستیدا تاقە ڕێکخراوێکی سیاسی ئۆپوزیسیۆن بوو کە چالاکییەکەی لە کوردستانی ئێران بەردەوام بوو و لەم دواییانەدا سەرلەنوێ پشتگیری بەرفراوانی خەڵکی ئاسایی کوردستانی وەدەست هێنابوو .

حزب، بە پێشینەیەکی زیاد لە سی ساڵەوە، لەلایەن هەموو ڕێکخراوە چەپەکانی ئێرانەوە، ڕێزی لێ دەگیراو هەر بۆیەش سەیر نەبوو کە جەنابی هوەیدا وەك حزبێك کە "لە دەرەوە ڕێك خراوە" ناوی لێ دەبات .

ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەی بەرنامەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن :

"حزبی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە. هاوشان لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، حدك دژ بە ئەمپریالیزم و ڕژێمی شاهی کۆنەپەرست خەبات دەکات. شەڕی ئێمە بۆ ئازادی هەموو خەڵکی ئێران و مافی دابین کردنی چارەنووسی گەلی کوردە .

ئامانجی ستراتیجیکی حدك ئەوەیە خودموختاری کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا زامن بکات. حکوومەتی ئێران هەموو خاکی کوردستانی ئێران بەڕێوە دەبات؛ سنوورەکانی کوردستان لە ئێران، بە گوێرەی مێژوو، جوغرافیا و فاکتەرە ئابوورییەکان و بەپێی خواستی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەکە دابین دەکرێت. هەموو بڕیارێك لەسەر مەسەلەی سیاسەتی دەرەوە، بەرگری و بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری کە ئێران بەگشتی بگرێتە بەر، لە دەستی حکوومەتی ئێراندا دەمێنێت و لە هەموو مەسەلەیەکی دیکەدا حکوومەتی خودموختاری میللی کوردستان بە تەواوەتی بەرپرس دەبێت. نوێنەرانی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان لە پێك هێنانی دەوڵەتی مەرکەزیدا بەشدار دەبن. زمانی ڕەسمی حکوومەتی نەتەوایەتی خودموختاری کوردستان، کوردی دەبێت. دەرس لە هەموو قۆناغێکدا بە کوردی دەگوترێتەوە، و وەك هەموو ناوچەکانی دیکە، زمانی فارسیش لە حکوومەتی نەتەوایەتی خودموختاری کوردستاندا، وەك زمانی ڕەسمی سەیر دەکرێت و لە قۆناغی ناوەندیدا لەگەڵ کوردی دەخوێنرێت و لە پۆلی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەست پێدەکرێت .

کەمایەسییە نەتەوایەتییەکانی دانیشتووی کوردستان مافی بەرانبەریان لەگەڵ هاووڵاتیانی کورد دەبێت، مافی فەرهەنگی خۆیان دەبێت و منداڵیان زمانی ڕێزلێگیراوی خۆیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەخوێنن. کەمایەسییەکان هەموو، مافی دەرکردنی گۆڤارو کتێبیان بە زمانە ڕێزلێگیراوەکەی خۆیانیان دەبێت، ئایین و حکوومەت لە یەکتر جیا ڕادەگیرێن، ئازادی بڕوا بۆ هەموو ئایینێك زامن دەکرێت و جیاوازی دانان لە ئایین و ڕەگەز بە غەیرە قانوونی دادەنرێت .

### پێش شەرتی سەرکەوتن

کورد، وا هەیە، تەنیا گەلێك بێت کە بە ١٥ ملیۆن کەسەوە تا ئەمڕۆ بە بوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی نەگەیشتوون. گەلێك جار لە سەرکەوتن نزیك بوونەتەوە، بەڵام هەموو جارێك تووشی شکست هاتوون. هەندێك لەو هۆکارانە هێشتا هەر لە ئارادان:

- کورد دەستی بە دەریا ڕاناگات و لە سەدە ناونجییەکانەوە تا ئێستا لە چیاکاندا ماونەتەوەو گەلانی تر دەوریان داون؛
- تێکەڵاوییەکی کەمیان لەگەڵ بەرهەمەکانی شارسانیەت هەبوە؛
- بە بەراوردکردن لەگەڵ گەلانی دراوسێ، کۆمەڵگای کورد ئێستاش هەر بەرەودوا دەگەڕێتەوە، بەهۆی دابەشبوون لەنێوان دوو زلهێزی ئێران و تورکیا و دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش لەنێوان چوار دەوڵەتی جیاوازدا، هەموو ناوچەی کوردستان بە دەرەجە دوویی و دواکەوتوویی ماوەتەوە .
- گەلێکی بچووکی دابەشکراو چۆن دەتوانێ هاوکات لەگەڵ چەند حکوومەتدا لە شەڕدا بێت. مەگەر ژمارەی زۆری ڕاپەڕینەکانی کورد بەهۆی عەمەلیاتی هاوبەشی ئەو حکوومەتانەوە تووشی شکان نەهاتوون؟

کۆبوونەوەو کەوتنە سەریەکی یەکبەدواییەکی ئەو شکستانە بۆتە هۆی خولقانی پەندێك کە دەڵێ کورد دۆستی نییە. ڕاستەقینە ئەوەیە کورد دۆستی زۆری هەیە بەڵام پێویستە بیاندۆزێتەوە بەتایبەت لەناو ئەو وڵاتانەدا کە تێیاندا دەژی. لە هەموو بەشێکی کوردستان و بە تایبەت لە کوردستانی ئێراندا ئەزموونی مێژوویی کورد دەریدەخات کە خەباتی گەلی کورد ناتوانێ سەربکەوێت ئەگەر لە پاشماوەی گەلانی دیکەی وڵاتەکە دابڕێت. لەبەر ئەوەی کوردی ئێران لەسەر زەمینەیەکی سیاسی ئێرانی ئیش دەکەن، خەباتیشیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەستراوەتەوە بە گەلانی دیکەی ئێرانەوە. ئەگەر ڕژێمی شا نەڕووخێت، نە کورد خودموختاریی دەبێت و نە دیموکراسیش باڵا بەسەر ئێراندا دەکێشێت .

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە خەباتی دژی ڕژێمی شادا هێزە دیموکراتەکانی ئێران زۆر بەکەڵکتر و جێگەی متمانەترن لە هاوکارانی کورد لە عیراق و تورکیادا .

دوژمنی هاوبەش ئەو هێزانەی لە بەرەیەکدا یەکخستوە. ئەوەش ڕاستە کە چەپی ئێران (ڕاست وەك چەپی عیراق و تورکیا)، لەسەر هەموو لایەنێکی مەسەلەی نەتەوایەتی ڕوانگەی هاوبەشی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردا نییە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە بزووتنەوەی پێشکەوتنخواز بە ئاشکرا هیچ هاوکارێکی دیکەی لە ئێراندا نییە، نابێ ئەو دیاردەیە وەك کۆسپێکی سەر ڕێگای هاوکاری و کاری هاوبەش وەربگیرێت و ئەوە سەبارەت بە تورکیا و عیراق و سووریاش هەر ڕاستە. گەلانی فارس و تورك و عەرەب دۆستی گەلی کوردن نەك دوژمنی .

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوای هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانە، خەباتی چەکدارانەی وەك تاقە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی هەڵبژارد. ئەم شێوەیەی خەبات

لەلایەن ڕژێمی شاوە بەسەرماندا سەپێنراوە. هیچ شێوەیەکی دیکە ناتوانێ ئاڵاوگۆڕی شۆڕشگێڕانە پێك بهێنێت و لەژێر حوکمی شادا هیچ دەرەتانێك بۆ دیموکراسی یان بۆ مافی نەتەوایەتی گەلانی ستەملێکراو نییە. بۆ یەکگرتنیش پێویستە بەرنامەیەکی "حداقل"ی هەبێت. 'حدك'ی ئێران ئەم خاڵانەی خوارەوە وەك سەرەتایەك پێشنیار دەکات :

١. ڕووخانی حوکمی دیکتاتۆری لایەنگری ئەمپریالیزم؛
٢. دامەزرانی حکومەتێکی دیموکراتیك و نیشتمانی؛
٣. زامن کردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان بۆ هەموو گەلانی ئێران؛
٤. ناسینی مافی دابینکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بۆ گەلانی ستەملێکراو؛
٥. پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی و مافی هەموو گەلان بۆ دابینکردنی مافی چارەنووس بە دەستی خۆیان؛
٦. بنیات نانی حکوومەتێکی دیموکراتیك و نیشتمانی لەسەر بنەڕەتی ڕێزگرتنی دوولایەنە و ناسینی سنووری نەتەوایەتی و دەستتێوەرنەدان لە ئیش‌وکاری ناوخۆییدا .

ئەمانە دەتوانن پێوەندییەکی نزیك و دۆستانە لەگەڵا حکوومەتە سوسیالیست و دژی ئەمپریالیستەکان پێك بهێنن. هەموو دیموکراتەکان، هەموو ئەوانەی وا داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن، دۆستی ئێمەن. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی و وڵاتانی ڕزگاربووی جیهانی سێهەم و وڵاتانی سوسیالیستی و بیروڕای گشتی جیهانی، پشتگیری کردن لە مافی دابینکردنی چارەنووسی گەلی کورد بە ئەرکی خۆیان دەزانن .

**پەراوێزەکان**

١. گومان دەکرێت کە لە ساڵی ١٩٧٥دا، پەرەسەندنی ژمارەی دانیشتوان گەیشتبێتە ڕادەی ٢٨ لەسەد. ژمارەی ١٦ لەرسەد ئاکامی ژمارەکردنی ساڵی ١٩٦٦ی حکومەتی ئێران و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان وەرگیراوە. ئەم 'لەسەد'ە بە هیچ شێوەیەك ژمارەی دانیشتوانی کوردی زیاد لەوەی هەیە نەداوەتە قەڵەم. بە پێچەوانە، بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە گەلی کورد ڕێژەیەکی نزمی لە مەسەلەی شارنشین بووندا هەیە (٣٠٪ بە بەراورد لەگەڵا ٥٠٪ی دانیشتوانی ئێران بەگشتی)، ئەوا ڕادەی مام ناونجی ڕێژەکە لە کوردستاندا وا هەیە لە ٢٨٪ زیاتر بێت .

٢. ئەمو تاقمانە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا لەلایەن شا عەبباسی سەفەوییەوە نیشتەجێ کران بۆ ئەوەی سنوورەکانی ئێران لە دژی هۆزە باکوورییەکان بپارێزن .

٣. هانری بایندر – گەڕۆکێکی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٨٧دا نووسیویەتی: من دوو ژووریانم پێوا، قەبارەی یەکیان بریتی بوو لە ٣.٥ مەتر درێژایی، ٣ مەتر پانایی و ٢ مەتر بەرزایی کە تێیدا پیاوێك، دوو ژن و دوو گوێدرێژ دەژیان. ئەوی دیکەیان ٥ مەتر درێژایی، ٣ مەتر پانایی و ٢ مەتر بەرزایی هەبوو و پیاوێك، ژنەکەی، کچەکەی، زاواکەی، دوو منداڵ، دوو گامێش، دوو گوێدرێژ و چوار سەر مەڕی تێدا دەژیان. بڕوانە :

٤. H. Binder, An Kurdistan, en Mesopotanue et en Perse, Paris, 1887, P.351.

٥. بۆ نموونە، عادیلە خانم- کە هۆزی گرنگی جافی لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕێبەرایەتی دەکرد.

٦. A. Lambton, Landlord and Peasants in Persia, London 1953, P. 285.

٧. لە مەهاباد بوو کە وشەی "پێشمەرگە" بۆ یەکەم جار لەجیاتی سەرباز بەرکاهێنرا .

٨. US Military Sales to Iran: A Staff Report to the US Senate, July 1976, P.7.

٩. هەمان.

١٠. بەرنامەی حزبی توودەی ئێران، ١٩٧٥، ل١٨.

١١. ساواك ئیعدام کرانی ئەوی لە ١٥ی مارچی ١٩٧١دا ڕاگەیاند .

١٢. ١١. ١٩بهمن- گۆڤاری تیئۆریك، جانیوەری ١٩٧٥، ل٩٧-١٠٧

# کورد و لوڕ، له یەک بنەچەکن

نووسینی: ئەحمەد کەسرەوی[٢٢٣]

هەموو ئەو هۆزانەی وا لە چیاکانی ڕۆژئاوای ئێران — لە سنووری ئاسیای بچووکەوە تا خاکی [ئوستانی] فارس نیشتەجێ بوون و بە کورد و لوڕ و بەختیاری و (بەهمەیی) [؟] ناوبردە کراون. لە سەرەتای ئیسلامدا هیچ ناوێکیان غەیری 'کورد' نەبوە.[٢٢٤]

هەموو ئەو هۆزانەی وا لە چیاکانی ڕۆژئاوای ئێران — لە سنووری ئاسیای بچووکەوە تا خاکی[ئوستانی] فارس نیشتەجێ بوون و کوردو لۆڕ و بەختیاریو (بەهمەیی)[؟] ناوبردە کراون. لە سەرەتای ئیسلامدا هیچ ناوێکیان غەیری کورد نەبوە.

ئەوەندەی ئێمە بزانین. ناوی 'لوڕ' سەرەتا لە کتێبەکانی "اصطخری" [٢٢٥] و "مەسعودی"[٢٢٦]دا، دەرکەوتووە. مەسعودی 'اللوریە'ی بە "تاقمێك لە کورد" ناسیووە و اصطخریش باسی "بلاد اللور" دەکات[٢٢٧].

---

[٢٢٣] ئەحمەد کەسروی تبریزی، زانا، مێژوونووس، زمانەوان و ریفۆرمیستی ئێرانی لە ساڵی ١٨٩٠دا لە تەورێز لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٤٦دا، بە دەستی دەمارگرەکانی "فدانیان اسلام" کوژراوە. کەسرەوی دوژمنی سۆڤیایەتی و لایەنگری پاککردنەوەی زمانی فارسی لە وشەی عەرەبی بوو. "تاریخ مشروگە" و "تاریخ ١٨ ساڵەی ئازەربایجان" و تەرجەمەی "تاریخ بلۆتارخ" نموونەیەکن لە کارە نایابەکانی ئەو گەورە پیاوە. ئەم وتارە کورتە، بەشێکە لە وتارێك بەناوی "جوغرافیای تاریخی" کە تیایا بەرپەرچی هەندێ بۆچوونی (لسترنج)ی داوەتەوە. کەسرەوی لە زۆرێك لە نووسراوەکانیداباسی کوردی کردووە. بۆ ئەم وتارەی ئێستا بڕوانە:

-کارنامەی کەسرەوی —مجموعە ٧٨ رسالە کفتار از کسروی، بە کوشش یحیی ژکا، اتشارات حبیبی، تهران، ١٣٥٢ (١٩٧٣)، ص٦-٢٤٢.

[٢٢٤] ئوستان یان (محافقە)ی فارس، لە باشووری ئێران، مەرکەزەکەی، شاری (شیراز)ەو لە ڕابوردووی کۆندا، بەشێك بووە لە "جبال."

[٢٢٥] ابو اسحاق ابراهیم کوڕی محەمەد فارسی، خاوەنی (مسالك و الممالك) لە ساڵی ٣٤٦ی کۆچیدا مردووە .

[٢٢٦] ابو الحسن علی کوڕی حسین، مێژوونووسی گەورە ی سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی و خاوەنی (مروج الزهب) و (التنبیە والاشراف) .

[٢٢٧] بڕوانە: معجم البلدان، چاپی مصر، بەرگی ٧، ل٣٤٢

لەو سەردەمانەدا، شارێك بە ناوی 'لوڕ'ەوە لە دوو فرسەخی "دیزفول ئاباد"[٢٢٨] هەبووە و دەکرێ بڵێین یەکەم هۆزی کورد لەو شارە یا لە دەوروبەری ئەوێ ژیاون و بە "لوڕییە" یا 'لوڕ' ناسراون. پاشان ئەم ناوە باڵی کێشاوەتە سەر هۆزەکانی دیکە و هەموو ئەو شاخانەی وا زێدی هۆزەکە بووە بە "لوڕستان" یا نیشتمانی لوڕ ناوبراوە .

وا هەیە هەندێ لە خوێنەران سەرسووڕ بمێنن لەوەی گوتمان "لوڕ" سەرەتا ناوی تاقە هۆزێك بووە و پاشان هۆزەکانی دیکەش هەمان ناویان پێ دراوە. ئەم شێوە مەسەلەیە، چەند جاران هەر لەو چیایانە دوو پات بۆتەوە. "سترابۆ"ی یۆنانی لەسەردەمی خۆیدا دانیشتوانی ئەو چیایانەی بەناوی جۆربەجۆر ناوبردە کردووە و تەنیا یەك هۆزی لە باکوور و نزیك ئەرمەنستان بە "کورد Gordyaei "ناوهێناوە[٢٢٩] ، بەڵام لە سەرەتای ئیسلامدا، ئێمە هەموو ئەو هۆزانە بە ناوی "کورد"ەوە دەناسین .

سەبارەت بە ناوی "لوڕ"یش، گوتمان لە سەدەکانی دووهەم و سێهەمی کۆچیدا، ناوی تەنیا یەك هۆز بوو بەڵام زۆری پێنەچوو هەر لە باشووری "شا رێگە"ی مێژوویی بەغدا-هەمەدانەوە تا خاکی [ئوستانی] فارس، هەموو هۆزە چیانشینەکان بە ناوی (لوڕ)ەوە دەناسران .

"بەختیاری"یش، بە گوێرەی نووسینی [شەرەفخانی] بەدلیسی لە سەرەتادا، ناوی تاقە هۆزێکی لوڕ بووە، بەڵام ئێستا وەك هەموومان دەزانین، هۆزگەلێکی زۆر بەناوی "بەختیاری"یەوە دەناسرێن.

هەرچۆنێك بێت، گومان لەوەدا نییە کورد و لوڕ، لە یەك بنەچەك و یەك رەگەزن، لە سەرەتای ئیسلامیشدا، هەموویان بە ناوی "کورد"ەوە دەناسران .

هەر چۆنێك بێت، گومان لەوەدا نییە کورد و لوڕ، لە یەك بنەچەك و یەك رەگەزن، لە سەرەتای ئیسلامیشدا، هەموویان بە ناوی "کورد"ەوە دەناسران .

بەڵام نووسەری ئینگلیزی[٢٣٠] وا دیارە ئەم مەسەلەیەی لەبیرچووبێتەوە کە دەڵێ :

لوڕەکان هەر لە سەدەی چوارەمدا. بیابانەکانی رۆژهەڵات و باکووری "دیزفول" و "شووشتەر"یان، کە بە زێدی خەڵکی "لوڕ" دەناسران، بەجێهێشتبوو، چونکە "ابن حوقل" لەو

---

- التنبیه والاشراف، چاپی لینن، ل٨٩

[٢٢٨] بڕوانە: مقدسی، چاپی لەندەن، ل٤٠٦-٤١٨. ابن حوقل، چاپی لیندن. ل ١٧٠، ١٧١، ٢٥٩.

[٢٢٩] بڕوانە: سترابۆ، تەرجەمەی ئینگلیزی، بەرگی ٢، ل ٢٧١، ٢٧٤. بەرگی ٣، ل١٤٢، ١٥٤.

[٢٣٠] لسترنج

سەدەیەدا، ئەو بیابانانەی بە نیشتمانی کورد ناو بردووە و لوڕستانی بە وڵاتێکی سەوزەڵانی ناساندووە و گوتوویەتی "گەلێك ناهەموار و کوێستانیە."

ئێمە لە ڕێگەی قسەکانی "ابن حوقل"ەوە ناتوانین بگەینە ئەنجامێکی ئەوتۆ، چۆن وەك پێشتر گوتمان لەو سەردەمانەدا، هێشتا لوڕیان بە "کورد" ناودەبرد. هەروەها کۆچکردنی لوڕ لەو بیابانانەوە بەرەو چیاکانی لوڕستان بە شێوەیەك کە نووسەری ئینگلیزی دەڵێت: قسەیەکی پووچ و بێ بناغەیە، چونکە ناوبردنی ئەو خەڵکە بە "لوڕ" و ناوبرانی زێدەکەیان بە "لوڕستان"تەنیا بەهۆی پەرەسەندنی ناوەکەیانەوە بووە و هیچی تر.

وتارەکە لە مانگانەی مەڵبەند چاپی لەندەندا بڵاو کرایەوە.

# بینەرێکی سەردەمی ئینتیدابی بریتانیا لە عیراق

شێری لەیزر

*"ئەم وتارە کورتە سەبارەت بە ژیانی هاوسەری ئەفسەرێکی بریتانی نووسراوە، کە لە ماوەی ساڵانی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا لە باشووری کوردستان ژیاوە و لە ساڵی نووسرانی وتارەکە (١٩٩٨) دا هێشتا هەر لە ژیاندا بوو و لە لەندەن دەژیا. نووسەری وتارەکە، خاتوو شێری لەیزەریش[٢٣١] کە ئەودەم وەك بەڕێوەبەری کۆڕی زانیاری کورد لە باشووری لەندەن ئیشی دەکرد، ڕاستەوخۆ سەردانی ماڵی ژنە ئەفسەرەکەی کردبوو و ئەم یادداشتانەی خوارەوە ئەنجامی ئەو سەردان و چاوپێکەوتنەن. من هەمان ساڵ وتارەکەم وەرگێڕایە سەر کوردی و لە ژمارە ١٤ ی ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٨ ی ڕۆژنامەی پەیام چاپی لەندەن دا بە ناوی "ئالان سوڵتان"یەوە بڵاوم کردەوە."*

"ڤێرۆنیکا بەمفیلد"[٢٣٢]، ژنی ئەفسەرێکی "تفەنگچییانی پادشاهی وێلش"[٢٣٣] بوو، کە لە ساڵانی ١٩٢٩ تا ١٩٣٢و کۆتایی سەردەمی "ئینتیداب"[٢٣٤] دا، لە لیڤی بریتانیا لە عیراق[235] ئیشی دەکرد "تیچ بەمفلید"[٢٣٦]، مێردی کۆچ کردووی ڤێرۆنیکا، بەرپرسی تاقمی لیڤی ئاسوورییەکان بوو.

فێرکردن و ڕاهێنانی تاقمە خۆجێییەکانی عەرەب و کورد و ئاسووری، دەستبەجێ دوای ئەوەی مێزۆپۆتامیا بوو بە عیراق، دەستی پێکرد. ئەفسەرانی لیوای سوپایی بریتانیا

---

231 Sheri Laizer
232 Veronoica Bamfield
233 Royal Welch Fusiliers
234 Mandate
235 Levies
ئەو سوپا خۆجێیە بوو کە بریتانیاییەکان بۆ شەڕ لەگەڵ تورك لە مێزۆپۆتامیا دروستیان کردبوو و بە گشتی لە کورد و ئاسۆری و ئەرمەنی پێك دەهات
236 Tich Bamfield

دەیانزانی ئەگەر لە عەینی ئەوەی ئیش لە هێزی پادشاهی ئاسمانیدا دەکەن بچنە ناو لیڤییەکانەوە، سوودێکی زیاتری بۆیان هەیە، چونکە راتبە لە هەردوولا وەردەگرن. سەربازەکان هەموویان خەڵکی ناوچەکە بوون و بەگوێرەی ڕەگەز لەیەکتر جیاکرابوونەوە. واتە بەهۆی سیاسەتی ئاڵۆزی حوکمی نوێی عیراقی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە، کورد لە عەرەب و ئاسووری لە کورد جیادەکرانەوە، ئەفسەرە ئینگلیزەکانیان تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لە تیپی ئاسایی عیراق و کوردستاندا ئیشیان دەکرد.

"تیچ بەمفیلد"، پێشتر لە لیڤی بریتانی و ئاسووریدا لە دیانای کوردستان مابووەوەو زۆر جار چووبووە شەڕی کوردی ناوچەکە بێ ئەوەی باسی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ژنەکەیدا بکات. تەنانەت لە هەموو ماوەی دوو ساڵی پێش گواستنەوەی ژنەکەیدا کاتێ لەبارزانەوە نامەی بۆ دەنووسی، باسی ئەم شتانەی بۆ نەدەکرد.

ئەودەم، وا نەبوو، کە ژنی ئەفسەرەکان هاتووچۆی کوردستان بکەن، بەڵام وێرونیکا یەك لەو چەند کەسە بوو کە ویستیان بچن[٢٣٧] و بەبێ ئەوەی گرفتێکیان بۆ بێتە پێش، سەردانی کوردستانیان کرد. ژنە ئەفسەرەکان لەو ڕووداوانەی کە لەناوچەکە دەهاتنە پێشەوە، ئاگادار نەدەکرانەوەو زانیارییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ سروشتی ڕاستەقینەی کارو کردەوەی مێردەکانیان پێ نەدەدرا.

لە سەفەرێکدا لە بەغداوە بۆ کوردستان، بە مفیلدەکان بە ترومبێلێکی دوو کەسی، ڕێگای هامیلتۆنیان بڕی کە تازە دروست کرابوو وە ترومبێلی ئەوان یەکەم ترومبێل بوو بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت. (هامیلتۆن خۆیشی لە دوای گەڕانەوە بۆ بریتانیا، لەگەڵیاندا بوو بە دۆستێکی هەمیشەیی).

لەماوەی گەشتەکەیدا، وێرونیکا چاوی بە "ئیسماعیل بەگ" کەوت کە دیوەخانەکەی لە بینایەکی گەورەی سپیدا لە ڕەواندوز بوو. وێرونیکا لە بیری ماوە کە تیچ کاتێ نەیدەتوانی بە تەنیایی چاوی بە ژنێکی کورد بکەوێت و تەنانەت کاتێ سەردانی ماڵی پیاوماقوڵانی کوردیشی دەکرد، هەمیشە پیاوان لەگەلیاندا دادەنیشتن. "من هەروەها ئاگاداری ئەو ڕاستییە بووم کە بەگ موسڵمان بوو و میش ژن. زۆر دەترسام لەوەی بەهۆی شکاندنی "تابۆ"ی ئاینییەوە، خەڵك لە خۆم برەنجێنم." بەڵام وێرونیکا دوای ئەوەی ئیسماعیل بەگیان بە برینداریی هێنابووە خەستەخانەیەکی بەغدا، توانی لەماوەیەکدا کە "تیچ" لە ماڵ نەبوو، بە تەنیا بچێتە سەردانی، گەرچی پیاوە کوردە چەکدارەکانی بەگ، هەر لە نێو سەیارەکەوە تا سەرجێگاو بانی نەخۆش لە ژوورە تاقە کەسییەکەیدا، بەجێیان نەهێشت، بەڵام پێشوازییەکی باشی لێکرا.

---

٢٣٧ یەك لەوان "لینیت سۆن" ی هاوسەری مێجەر ئی بی سۆن بوو.

یەك لە ناودارانی دیکەی شاری ڕەواندوز کە شوێنێکی زۆری لەسەرزەینی ویرونیکا دانا، سەیید حسێن ئەفەندی[٢٣٨]، پسپۆری گژوگیا بوو کە بە نامە، پەیوەندیی لەگەڵ "باخچەی گژوگیاناسی" لە کێوگاردن[٢٣٩]ی لەندەندا بەستبوو. مەزنایەتی دەشت و کێوی کوردستان شوێنی زۆری لەسەر ویرونیکا دانا بوو، کەلە زۆر یادداشتی چاپنەکراوی ئەو کاتانەیدا باسی لێوەکردوون، گەرچی ویرونیکا تەنیا سێ جار بۆ ماوەی کەم چۆتە سەردانی کوردستان، بەڵام هەر ئەو سەفەرانە بۆ هەمیشە لەزەینیدا زیندوو ماونەتەوە.

درەنگتر، ویرونیکا بوو بە ویژەرێکی بێلایەن و زۆرجاران پرۆگرامی "سەعاتی ژنان"ی پێشکەش دەکردو لە پرۆگرامەکانی "ڕووداوی ڕۆژانە"ی بی بی سی لقی بیرمینگهامدا بەشدار دەبوو. هەروەها کتێبێکی لەسر ژیانی هاوسەرانی ئەفسەرە سوپاییەکان نووسی و تێیدا بارودۆخی ساڵانی نێوان ١٩٣٩و ١٩٤٥ی بردەبەر ئەزموونکاری. ویرونیکا دەنووسێ. "دەوری ژنان لە سوپادا، لەماوەی شەر [ی دووەمی جیهانی]دا، تووشی گۆرانێکی زۆر هات و منیش لەوێ ڕاوەستام."[٢٤٠]

باوك و باپیر و مێردی ویرونیکا، هەموویان ئەفسەری سوپای بریتانیا بوون و هەر بۆیەش باش لە واتای ژیانی عەسکەریی تێگەیشتبوو. ویرونیکا ماوەی سێ ساڵی سەردەمی منداڵی خۆی لە هیندستان مابووەوە [ساڵانی ١٣-١٩١٠]. ئێستاش کە هاوسەرەکەی دوای سەفەرەکانی لە ساڵی ١٩٧٦دا، کۆچی دوایی کردووە، لە ماوەی ٢٢ ساڵی ڕابووردوودا[٢٤١] بە بێوەژنی ماوەتەوە و لە هەموو ئەو ماوەیەدا خەریکی نووسین و سەفەری دەرەوەی وڵات بووە. پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ هەردوو کۆمەڵگای کوردو ئاسووریدا، پاراستووە کە سەردەمێك وەك بووکێکی ٢٣ ساڵەی گەنج لەگەڵیاندا ناسیاوی پەیدا کردبوو. لە عیراق، ویرونیکا وەك زۆر بنەماڵەی سوپایی بریتانیا لە یانەی "ئەلوەیر"[٢٤٢] دەژیاو لەوێ ببووە برادەری نووسەری ناسراوی بریتانیایی (فرێیاستارك)[٢٤٣]. برادەرێکی دیکەی واتە "ئەلیزا ڕەمزەی کوربێت

---

[٢٣٨] دەبێ نەمر حوسەین حوزنی موکریانی بێت کە ئەودەم لە ڕەواندز چاپخانەی 'زاری کرمانجی' هەبوو.

239 Kew Garden

[٢٤٠] بەشێك لە وتووێژی ڤێرۆنیکا لەگەڵ من لە ماڵی خۆی

[٢٤١] واتە ٢٢ ساڵ پێش نووسرانی ئەم وتارە لە ١٩٩٨ دا.، کە دەبێتە ساڵی ١٩٧٦.

242 Al Weir Club

243 Freya Stark

ویندر"[٢٤٤]- کچی بەڕێوەبەری پێشووی ڕێگای ئاسنی عیراقە کە ئەم وێنانەی لێرەدا بۆ یەکەم جار چاپ دەکرێن، کاری ئەون[245].

"ئەلیزا"ش ژیانی ئەو سەردەمانەی خۆی لە کوردستان بە لووتکەی خۆشی دادەنێت، بەڵام ژیانی ئەویش وەك هەموو ژنێکی بریتانیایی لە عیراق، دەبێ بە ڕۆژانی پێکەوە رابواردن و چوونە ڕاوو ماسیگرتن یاخود سەیرانی بناری چیاکان لەقەڵەم بدرێت. ئەوان سەرەڕای گرنگایەتی ڕووداوە مێژووەکان، بە بێ ئاگاییەوە فەرمانێکیان بەڕێوە دەبرد کە بوو بە هۆی پچرپچربوونێکی مێژوویی خاکی کوردستان.


14 Issue: 8 July 1998
ژمارە ٨ یووشیەر ١٩٩٨

# بینەرێکی سەردەمی ئینتیدابی بریتانیا لە عێراق

شێری لەیزەر ـ لەندەن
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:
ئالان بۆکانی

ڕۆژانی پێکەوە رابواردن و چوونە ڕاو و ماسیگرتن، یاخود سەیرانی بناری چیاکان لە قەڵەم بدرێت. ئەوان لە گرنگایەتی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەودەم بێ ئاگا بوون و سێبەرەکانیشیان بە بێئاگاییەوە فەرمانێکیان بەڕێوە دەبرد کە بووە هۆی پچرپچربوونی مێژووی خاکی کوردستان

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی پەیام چاپی لەندەندا بڵاوکرایەوە.

---

[244] Alisa Ramsey-Cobett Winder

[245] دوو وێنە لە ڕۆژنامەکەدا چاپ کراوە یەکەمیان وێنەی خۆی و ئەلیزا ڕەمزییە لە ساڵی ١٩٣٠ دا و دووهەمیان وێنەی ڕەشبەڵەکی ناوچەی شێخانە لە هەمان ساڵدا کە بە کامێرای ئەولیزا ڕەمزی هەڵگیراوە. بۆ ئەوەی وێنەکان بکەونە بەرچاوی خوێنەر، کۆپییەکی ئەو لاپەڕە تایبەتەی ڕۆژنامەی پەیام دەکەمە پاشکۆی وتارەکە.

# کارەکتەری کوردان لەبەر ڕووناکایی مەتەڵ و پەندی پێشینیانی خۆیان

**مێجەر ئێدوارد نۆئێل**

سەرەتای وەرگێڕ

*ئەم وتارەی "مێجەر نۆئێل" لە گۆڤاری قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقاییەکانی زانستگەی لەندەن، ساڵی ١٩٢٠دا بڵاوکراوەتەوە[††] و من لەبەر هەمان ئەودەقە وەرمگێڕاوە.*

*نۆئێل لەم وتارەدا هەندێ بۆچوونی خۆی لەمەڕ خووو ڕەوشت و ئاکاری کورد دەربڕیوە کە خوێنەری کورد واهەیە پەسندیان نەکات. وەرگێرانی وتارەکە بۆ وەرگێڕ واتای سەلماندن یا بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی نییەو تەنیا بەو ئامانجە بەڕێوەچووە مەتەڵ و پەندەکۆنەکانی ناوچەی هەکاری کە نووسەر کۆی کردوونەتەوە لەناو نەچن و بکەونەوە دەستی خاوەنەکەیان کە گەلی کوردە. جا ئەگەر هەندێ "قسەی حەق و ڕەق"یش ڕووبەڕوومان بووەوە با بیریان لێ بکەینەوەو بە خۆماندا بچینەوە. لە بیرمان نەچێت کە "نۆئێل" لەنێو داموەزگای ئینگلیزی سەردەمی "ئینتداب"ی عیراقدا ئەگەر تاکەکەس نەبووبێت، لەو ئینگلیزییانە بوو کە چەشنە هاودەنگییەکیان لەگەڵ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستاندا هەبووە.*

*سپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کە بە وەرگێرانەکەدا چوونەتەوەو هەڵەی منیان بەتایبەت لە نووسینەوەی دەقی کرمانجی مەتەڵەکاندا ڕاست کردۆتەوە. دەقەکان هەڵەی زۆری نووسین و هەروەها هەڵەی چاپیان تێدابوو و دڵنیام هێشتا بەشێك لەو هەڵەو پەڵانە لە دەقی پاگژکراوی مندا ماون. وتارەکە، بۆتە سەرچاوەیەکی لێکۆلینەوە لەمەڕ کەسایەتی کوردو هەندێ زانای وەك "درایڤەر" لە بۆچوونەکانیاندا لەمەڕ کورد، کەڵکیان لێ بینیوە.*

---

[††] Major Edward Noel “The Character of the Kurds as Illustrated by their Proverbs and Popular Sayings”, Bullitin of School of Oriental and African Studies, Vol. 1, pt IV, London. 1920. pp.79-90.

***تێبینی:*** *لە هەندێك شوێندا، نۆئێل وەرگێڕانێکی پڕاوپڕی مەتەڵەکانی بەدەستەوە نەداوە یان تەفسیری پەندێکی لە ڕوانگەی خۆیەوە کردووە کە دەقاودەق لەگەڵ کوردییەکەیدا یەك ناگرێتەوە. بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە هەڵە و پەڵەکان بۆ خوێنەری کورد ئاشکران، هەروەها وەك وەفادارمانەوە بە دەق، لە کاتی تەرجەمەدا بە پێویستم نەزانی بۆ هەموو شوێنێك و هەموو خاڵێکی پەراوێز بنووسم یا خود دەست لە ڕوونکردنەوەکانی بدەم.*

*ئەم بابەتە سەرەتا لە ژمارە ٢٦ زستانی ساڵی ٢٠٠٠ ی گۆڤاری گزینگ چاپ سوئێد دا بڵاو کرایەوە، کە نەمر سولەیمانی چیرە (هێرش) سەرنووسەری زەحمەتکێشی بوو و تەنانەت، وەك زوربەی بابەتەکانی دیکە، هەر خۆیشی تایپی کرد. لەم چاپە تازەیەدا بە یارمەتی برای بەڕێزم کاك نادر فەتحی (شوانە)، فۆنتە کۆنەکە نوێ کراوەتەوە و سووکە دەستکارییەکی هەندێك ڕستەش کراوە، بەڵام چوارچێوەی سەرەکیی کارەکە وەك خۆی ماوەتەوە.*

*ئەوەش سەرجەم وتارەکەی نۆئێل:*

## *"کورد[ی]، لە ئەسڵی خۆیدا بریتییە لە [شێوەزمانی]هەکاری"*

نووسەر

سەبارەت بەو باسەی کە کاراکتەری نەتەوایەتی، خۆی لە پەندی پێشینان و مەتەڵدا دەنوێنێ، دەتوانرێ گەلێك قسەبکرێ. ئەو قسەیەش ناکرێ پشت گوێ بخرێت کە مەتەڵ هەندێ جارمەیلی لە زێدەڕۆییە. هەرچۆنێك بێت، ئاشکرایە، مەتەڵ گەلێك جارو بە باشترین شێوە، خۆی لە بارێکی ناسکدا دەنوێنێ.

ئەم گوڵبژێرەی خوارەوە لە پەندی ناسراوی کوردی بەو مەبەستە پێکهاتووە کە کاراکتەری کورد بخاتە بەرچاو. وەك پاکانە بۆ ناتەواوبوونی وتارەکەش بادەست بخرێتەسەر کەم وکوڕیی ئەدەبیاتی کوردی و زۆربوونی زاراوەکانی، کە بە گشتی کۆکردنەوەی زانیارییەکی کارا لەمەڕ زمانەکە بۆ بێگانە ئەستەم دەکات.

کورد، ڕەگەزێکی شاخاوییە بە هەموو تایبەتمەندییەکی خەڵکی چیانشینەوە— وەك ئەویندارییەتی سەربەخۆیی. مەیل بە توندوتیژی نواندن و هەستێکی خێڵەکی لەمەڕ شانازیی. ئەم تایبەتمەندییە سەرەتاییانە دەبنە هۆی ئامادەکردنی کورد بۆ ئەوەی لە توڕەییەکی بچووکدا دەست بداتە چەك و بە گەرمی بکەوێتە دوژمنایەتییەکی خوێناوییەوە:

١. "مرۆڤ خوێندار بیت، قەرزدار ئەبێت". واتە کەسێك خوێن بە دەستیەوە بیت باشترە لەوەی قەرزدار بێت.

٢. "جانە مرۆڤ دکەوێت، ناڤە مرۆڤ نەدکەوێت". ژیانی مرۆڤ لە دەست بچێت باشترە لەوەی شانازییەکەی لە دەست بچێت.

٣. "ڤەکی دی، مرۆڤ رەزیل بێت بلا ماڵی مرۆڤ رەزیل بێت". ماڵ و ملکی کەسێك لە دەستی بچێت باشترە لەوەی شانازییەکەی بفەوتێت.

دوژمنایەتی و ڕقەبەری بەگشتی لەو سروشتانەن کە جێگیریان بۆ دانانرێ و مەسلەتیشیان لە سەرناکرێت. کورد، ڕقەبەرێکی باشە:

٤. "دوژمنا بابێ نابیتە دۆستە کوڕ". دوژمنی باب هەرگیز نابێتە دوستی کوڕەکەی.

٥. "ڕای دەبیە بهوست، دوژمن نابنە دۆست". وا هەیە ڕێگا کورت بێتەوە بەڵام دوژمن بە دۆست نابێ.

٦. "شەو ڕادەزین، دوژمن نەرازین". خەڵك بەشەو دەخەون، دوژمنان ناخەون.

٧. "ئەگەر دۆست کەمن، دوژمن زۆرە". هەزار دۆست کەمن، دوژمنێك زۆرە.

٨. "تۆڵا خوە ل سەر دژمنا خوە نەهێلە". حیسابت لەگەڵ دوژمنت بەپاك نەکراوی مەهێڵەوە.

٩. "خالۆن خوارزا ڕاکرن، مام برازا چاڵ کرن" خاڵ ئامادەیە یارمەتی خوشکەزای بدات، مام برازای خۆی دەنێژێت.

ئەوە ئاماژەیە بە ڕاستییەك کە دوژمنایەتی بە زۆری لە نێوان برادا سەرهەڵدەدات لە کاتێکدا ژنخوازیی واتایەکی لەباری بۆ هێمن کردنەوەی نێوان ناخۆشی هەیە. بووك وا هەیە لە جیاتی خوێنبایی وەربگیرێت.

١٠. "تە ئەز ناوەیم چاوەکی، من تە ناوەی هەردو چاوان". ئەگەر تۆ منت ناخۆش دەوێ [بە کینایە، بە قەدرایی چاوێك]. من تۆم زوۆر ناخۆش دەوێ [بە کینایە، بە قەدرایی دوو چاوان].

١١. "دژمنا دانا چاێتر لە دۆستا نادان". دوژمنێکی تێگەیشتوو لە دۆستێکی نەفام باشترە .

لەگەڵ ئەو ئەویندارییەدا کە کوردان بۆ شەڕوگەڕ هەیانە، شتێکی ئاساییە ئەگەر گرنگی بە ئازایەتی بدرێت.

١٢. "مەیرینی بێریا ژ پووینی". ئازایەتی بەسەر ژومارەدا زال دەبێت.

١٣. "مەردیی بی زەوالیە". ئازایەتی، نەبوونی عەیبە.

١٤. "چەکە مێریان نیڤ کارە". چەك تەنیا نیوەی شەڕە [واتە ئازایەتیش پێویستە].

١٥. "خودێ به مرۆڤ یار بێت، شیری مرۆڤ بلا داربێت" ئەگەر خواستی خودا لەگەڵ کەسێك بێت، گرنگ نییە شمشێرەکەی لە داریش بێت.

ئازایەتی کۆمەڵگایەکی کێوی و سەرەتاییدا[!]، لەگەڵ بیروڕای پیرۆزایەتی ژیانی مرۆڤ یەك ناگرێتەوە.

١٦. "بەرخی نێر ژکەیرێ ڕایە". بەرخی نێر بو چەقۆیە.

١٧. "مرن میوانی هەمی کەسێیە". مردن میوانی هەموو کەسێکە.

١٨. "مرن هەبی، کال بوون نەبی". مردن هەبێ، پیربوون نەبێ.

١٩. "مرن، مرنە خێرە خێر چییە؟". مردن، مردنە ئەی بۆ دەبێ لە دەنگەکەی بترسی؟

زۆرێك لە گەرۆکان سەرنجیان داوەتە تایبەتمەندی بێوەفایی- کە هەندێ جار خۆی لە کاراکتەری کورددا نیشان دەدات. لە نامێلکەی "میزوپۆتامیا، بەرگی یەکەمدا گوتراوە: "کورد، هەمیشە لەسەندنی گیانی مرۆڤدا بێ بەزەیی و نەترسن و هەندێ جاری واهەیە بەو پەڕی دڵڕەقییەوە کارەکانیان دەبەنە پێشەوە. گوێ نەدان بە یاسای شەڕ، مێژوولکەیەکی گەلێك خراپی لە فێڵبازی بۆ دروست کردوون. ئەوەی بە فێڵبازی دادەنرێ، لە ڕاستیدا ئاکامی هەلومەرجێکی ئەستەمی فیزیکییە، کە کوردی تێدا دەژی. دوژمنایەتی بەردەوام و تاڵ لە نێو عەشیرەتەکان و ئەو ڕاستییەی کە وڵاتەکەیان بۆ ماوەی چەندین سەدە، ژێر دەست و بەرهێرشی بێگانانێك بووە کە هیچ کاتێ کەمترین هاودەردییان لەگەڵ ڕەگەزە ژێردەستەکەی خۆیاندا نەنواندووە و لایەنیان نەگرتوون.

وەك ئاکامێك، کورد تەنیا باڵ و ڕژدە و وەهم و خەیاڵێکی کەمی لەمەڕ بەرهەمی دڵنەرمی مرۆڤ هەیە و لەم مەسەلەیەدا [واتە دڵنەرمی]، بێ ئەزموونە. کورد زەحمەت لەگەڵ ئەو قسەیەدا بێت کە "میوەی چارەڕەشی شیرینە."

٢٠. "ڕاکە بەنانا خوە، بەردە جانا خوە". بەنانی خۆت گەورە بە، لەگەڵ ژیانی خوتدا خودا حافیزی بکە.

٢١. "دکۆشی ڕوونی ریهان وا ڕوو". لە ماڵی خۆتدا نازو نیاز بکەو ڕیشت بقەڵەشێنە [؟].

٢٢. "بیانی بدێ گۆشتی جانی، عاقیبەت پەشیمانی". خوێنی خۆت بدەی بە بێگانە، لە کۆتاییدا پەشێمان دەبیەوە.

٢٣. "سەیا مە لەبەر دەرا مە نەڕوات، لە دەرێ خەڵوی دەڕوات". سەگی من پاسەوانی دەرگای من ناکات، بەڵام پاسەوانی ماڵی دراوسێ دەکات

٢٤. "ژ ئاوامەند مەترسە، ژ ئاوا گوڕ بترسە". لە ئاوی مەند مەترسە، لە ئاوی خوڕ بترسە.

وێڕای ئەو ڕاستییەی کە کورد تا ڕادەیەك بە سەختی و گومانەوە دەڕوانێتە ژیان، ئێمە ڕوو بەڕووی شێوە بیرکردنەوەیەك دەبینەوە کە بۆ مێشکی ڕۆژئاواییەکان نیشاندەری دڵڕەقییەکی زۆرەو هەندی جار شەقڵی بێ بەزەیی بوونی لێ دەدرێت:

٢٥. "سلاو ل رێهان نینە، سلاو ل مێهانە". بۆ ئەوە سلاوم لێناکەن کە مووم سپی بووە، بۆیەم سلاو لێ دەکەن لە مەڕومالم زۆرە.

٢٦. "هەر پێغەمبەرەکی دوعا لە ژیناخوە کریە". هەموو پێغەمبەرێك سەرەتا دوعا بۆ روحی خۆی دەکات.

٢٧. "وەکی هرچ پیر دبت کوتەیلە پەیدەکەنن". کاتێ ورچ پیر بوو، بێچووەکانی پێی پێدەکەنن.

٢٨. "سنگ ناچت، میرگوت دەبەت". ئەگەر سنگێك [بە زەویدا] نەچێتە خوارەوە، چەکووش لێدانی باش دەیباتە خوارەوە.

٢٩. "هەقی بزنا کوڵ ژبۆ بزنا شاخ نامێنێت". بزنی شاخدار لە بزنی بێ ئازاری ڕەقیبی خۆی نامێنێتەوە. [دیارە وەرگێڕاوەکەی نۆئێل تەواو نییە.

٣٠. "تۆ عەلی شێر بە سەرسەرا کەڤر بە: کەڤر ژتەڕا، تالان ژ مەڕا". بەڵێ عەلی شێر! لەسەر گاشەبەردەکەت دانیشە! گاشەبەرد بۆ تۆ، تالان بۆ من!

ئاماژەیە بە علی شێر ناوێك کە رووتاندوویانەتەوە ئینجا چۆتە سەر تاشەبەردێ و داوای لە چەتەکان کردووە بەشێکی ماڵ و ملکەکەی بدەنەوە.

٣١. "هەرچی کەرێك هەی، کوڕێك هەی". هەرکەس کەرێکی هەبێ، کورێکیشی هەیە.

سەختی و ڕەقیی کاراکتەری کورد. ئەو راستییەی کە بۆ ماوەی چەند سەدە لە بەرانبەر کۆیلایەتی داگیرکەراندا وەستاوە، سەربەخۆیی و دووره پەرێزییەکی زۆری بە کاراکتەری کورد بەخشیوە.

٣٢. "مالی خواستی ناگەهیتە هاستی" شتی خوازراوە ناگاتە سەر [واتە بۆ هەمیشە سوود نابەخشێ].

٣٣. "تو دەرێ کەسێ نەکوتی، کەس دەرێ تە نەکوتێ". لە دەرگای کەس مەدە، کەسیش لە دەرگای تۆ نادات.

٣٤. "نان هویرکه، ناڤێ منەتا خەڵقێ پاوە" نان بە ئاوەوە بخۆی باشترە لەوەی منەتی خەڵك بکێشی.

٣٥. "مرۆڤ، دیکێ ڕۆژەکی بت بلا مریشکە سالەکی نەبت". سەعاتێك ژیانی بە شانازی، تەمەنێکی بێ ناو دەهێنێ (کینایە: ڕۆژێ کەڵەشێر بێ باشترە لەوەی ساڵێك مریشك بێ).

ئەزموونی دوورودرێژی ژیان بۆ ڕەگەزێکی بندەست لەژێر کەڵەوەی حکوومەتی بوودەڵە و زۆرداریی بێگانان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو هەستەی کە باشترە نەغد بگرێ تا لە دوورەوە گوێت لە دەنگی دەهۆڵ بێت:

٣٦. "ماڵێ نەخواری بە زاڵمایە". ئەوەی نەیخۆی دەبێتە بەشی زاڵمان.

٣٧. "ماڵێ ئەوەشاندی، خەڵقێ گەرمیشاندی". ئەوەی بە خاوخێزانی خۆتی ڕەوا ئەبینی، خەڵك لەناوی دەبەن .

هەستیارییەك کە بەم شێوەیە دەردەبڕدریت، دواتر بە هۆی مەیلی سروشتی هەموو چیانشینێکەوە کە بەخشندە و میواندارن، بەهێزتر دەبێت و بەم پێیە دەبیسین کە:

٣٨. "جامێر دەچن ئاڤان دەهێڵن، کوپوور دەچن یاران دەهێڵن". شەڕکەران دەڕۆن و ناوی خۆیان بە جێ دەهێڵن."*[جوامێران دەڕۆن و ناویان دەمێنێت، لەچەران دەڕۆن و دۆستانیاسن بەجێ دەهێڵن. ئەنوەر]*.

٣٩. "ماڵی کوپوڕی ناچتە گۆڕێ". دەوڵەت و ماڵی لەچەر لە گەڵیدا ناچێتە گۆڕەوە.

نیشتمانپەروەری، بە واتای ڕۆژئاوایی ئەم وشەیە، گیایەکی کەم پشتە، کە لەناو کۆمەلانی خەڵکدا بەهۆی ئەویندارییەکی گەرم و گوڕی زێدی بچووکی هۆزەکەیانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. ئەو بەرزاییە سەوزەلانەی وا مەڕی لێ دەڕوێنن. ئەو کانیاوە ساردانەی وا لەسەر ڕێگای گەرمێن و کوێستانیانەو ئەو مووچەو مەزرایانەی لە پێدەشتەکاندا دەیانکێڵن. هەرچۆنێك بێت، ئەوەندەی زیاتر کورد دەناسی زیاتر تێدەگەی کە ئەو هەستە، وا هەیە بە خێراییەکی سەرسوورهێنەر جێگەی خۆی بدات بە چەمکێکی بەرینتری نیشتمانپەروەری واتە هەستی نەتەوایەتی:

٤٠. "بولبول دانان قەفەسا زێڕ، گازی: ئاخ وڵات! ئاخ وڵات!". بولبول لە قەفەسێکی زێڕیندا تەنیا دەڵێ: وڵاتەکەم، وڵاتەکەم!

٤١. "شام بە شەکەرە، وڵات شیرینتەرە". واهەیە دیمەشق شیرین بێت، بەلام وڵات لەو شیرینترە.

ئەم سترانە ناسراوانە (ستران، کۆمەڵێك شیعرە بە مۆسیقاو بە کێشی گورجستانی دەیچرن) بە ئاشکرا چۆنیەتی ئەوینی کورد بۆ زێدەکەی نیشان دەدەن.

٤٢. "ولاتا من نینە نیزاما قانونا ولاتا ژێرینە کەسەرا دلا من ولاتا ژوورینە". لێرە یاسا و رەسمی ولاتی خوارەوەمان هەیە، بەڵام دڵی من لە ناوچە بەرزەکانە. هەستی زگماکی تەنیایی کە لەو دێرانەی سەرەوەدا هەناسە دەکێشێ، لەم دوو مەتەڵەی خوارووەشدا زیاتر دەردەکەوێ:

٤٣. "بیانی بدێ گۆشتی جانی، عاقیبەت پەشێمانی". گیانی خۆت بدەی بە بێگانە، لە کۆتاییدا پەشێمان دەبیەوە. [بڕوانە، مەتەڵی ژمارە ٢٢].

٤٤. "خویانی مرۆڤ بکوژت، هێسکی مرۆڤ وەدەشیرێت". ئەگەر مرۆڤ خۆییەك بکوژێت، کەسێك دەبێ ئێسکەکەی بشارێتەوە. ئەوە، ئاماژەیە بەو راستیەی کە دەبێ لەشی بێگانە فڕێ بدرێت تا کاتی کە دەرزێت.

کورد، لە ئەسڵدا بە پاکی دەژی. گوناهی ناسروشتی و بێ ئەخلاقی لەناویاندا نەناسراوە. "موخەددەر"اتی وەك تریاك، کە لە ئێراندا بە بەربڵاوی دەکێشرێت و ئەلکۆڵی وەك "راکی" بابی دڵی تورکان، لەناویاندا تاپۆیە (واتە دەستی بۆ ناچێت) زێدەڕۆیی لە یاری و گەمەی سەرمێزیشدا، بە سووکی سەیر دەکرێ. لە ئاکامدا، کورد — جگە لە ژمارەیەکی کەم، خۆڕاگرو بە تاقەتن.

٤٥. "هەمی تشت ژ زراوی دبزدت، ئینسان لە ئەستووریدا" هەموو شتێك لە تەنکیدا دەپچرێت، مرۆڤ لە ئەستووریدا.

٤٦. "کەم بخۆە، هەر گاڤ بخوە" کەم بخۆو هەمیشە بخۆ.

٤٧. "لوقما قنج بە دل، سفرێك زێدە ناقنج" پاروویەکی باش لە سفرە [مێز]ێکی پر باشترە.

٤٨. "خەو، غەم، خوارن، هەرسێ دژمنێت غەدارن لە چوو کەسی نەبارن"(؟) [خەوتن، خەم و خواردن] هەرسێ دوژمنی غەددارن، کە بۆئ هەیە بەسەر کەسێکدا نەبارێن.

## ژنخوازی

مەفهومی کوردانەی ژن و ژنخوازی لەچاو موسوڵمانانی دیکەی وەك تورك و ئێرانی و عەرەب، لە ئاستێکی فرە بەرزتردایە. ژن لە کوردستان کەم تا کورتێ ئازادترە. ژنخوازی وەك

بەرھەمی ئەویندارییەتی دێتەپێشێ و لە ئاکامی بەیەك گەیشتنیشدا، ژن بە ھیچ شێوەیەك دەوری پلە دووھەمی پێنادرێت"

٤٩. "ژن ستوونا ماڵییە". ژن ئەستووندەکی ماڵە.

٥٠. "ژن بێنا بە لاویتی، دا کوڕ بە تەرا بگەھەن". زوو ژن بخوازە، با پێش ئەوەی پیربێ، چێژ لە ھاوڕێیەتی منداڵانت بەرێ.

٥١. "ژن و مێر، تاڤیرو بەیر". تەنیا قوڵینگ و پێمەڕە (بۆ ھەڵکەندنی گۆڕ) دەتوانن پیاو لە ژنەکەی جیا بکەنەوە.

٥٢. "مێرێ من لاو بە، کراسێ من جاو بە". ئەگەر مێردەکەم لاو و قۆز بێت، بلا کراسم لە کووتاڵی ئاقابیل بێت.

٥٣. "مالا زارۆك تەیدا، شەیتان نایە تەیدا" شەیتان ناچێتە ماڵێکەوە منداڵی تێدا بێت.

٥٤. "زارۆك فەیکھیت مالانن". منداڵ، میوەی ماڵن.

پێویستە بگوترێ ڕوحی گشتی لەو مەتەڵانەدا کە گوتران، "روحی تاکەژنی"یەو ئەم روحە لە خوارەوەتردا، بەھێزتر خۆی دەنوێنێ:

٥٥. "مێردی دوو ژنان دەرکەوانە". مێردی دووژنە، کات لە دەرەوەی ماڵ دەباتەسەر. ئەم دەربڕینەی سەرەوە، لایەنی ئارەزوومەندانی ژنخوازی، زیاتر دەردەخات. ھەرچۆنێك بێت، بۆ کورد کە زۆر پراکتیکاڵە، بۆچوونی بە کردەوە خاوەنی گرنگایەتییە:

٥٦. "مالا زەیران خەراب دەبت، مالا کوڕان خەراب نابت". بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند واھەیە تێدا بچێت، بەڵام بە ھۆی کوڕانەوە ڕزگاری دێت.

٥٧. "مێر چەمە، ژن گۆلە". پیاو ڕووبارە، ژن ئەو گۆڵەیە وا ئاوەکە کۆ دەکاتەوە.

٥٨. "لە ژنا نەگەڕە، لە خزما بگەڕە". ئەوەندە بۆ ژن مەگەڕێ کە بۆ کەسێکی خاوەن کەس و کار دەگەڕێی.

**ژنان**

ئەخلاقی ژنانی کورد گەلێك بە ناوبانگە، کەم و زۆر لەناو ھەموو ھۆزێکدا تاوانی داوێن پیسی، کوژرانە:

٥٩. "ژنا شەرمی بە شەھرێکە، مێری شەرمی بە کارێکە". ژنی بەحەیاو شەرم شارێك دێنێ. پیاوێکی واھیچ ناھێنێ (بە کینایە: گیسکێك دێنێ).

٦٠. "ژن قەڵایە، پیاو فالیە". ژن قەڵایە و پیاو ئابلوقەدەری قەڵایە.

٦١. "عەقڵی ژنان دکۆشی دانە، وەکی ڕادەبت بڵاو دەبت". ژن عەقڵی لە کۆشیدایە (کاتێ لە ماڵەوە دانیشتووە لە باشترین دۆخی خۆیدایە، ئەوەندەی هەستایە سەرپێ (وهاتووچۆی ئێرەو ئەوێی کرد). عەقلی پەرێشان دەبێت.

٦٢. "هەندێ ژنن، هەندێ ژانن، هەندێ مەلهەمی دلانن، هەندێ خانما کوورانن". هەندێکیان ژنن، هەندێکیان ژانن، هەندێك مەڵحەمی دلانن، هەندێ دوژمنی سندوقەنان (واتە بیر لە خواردن نەبێ لە هیچ ناکەنەوە).

## پێوەندیی نێوان جینس [ نێرو مێ]

دەکرێ بە مەزەندە بگوترێ لە ناو کورداندا خۆفرۆشی هەر نەناسراوە. بۆ باسکردن لە پیاوێکی بەهێزی خوشباو ئەم دەربڕینەیان هەیە: "ڕەبەنە" (واتە: بێ ژنە). لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەك بۆ قەحبە نییە. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتییەکان (ی کوردستان)دا، دەربڕینێکی بە ئەدەبیان بۆی هەیەو بە "ئێرانی"ناویان دەبەن. لە باکوور بە ڕووسی و لە باشوور بە "عەرەب"، لە ڕۆژئاواش بە "تورك". کورد وەك مرۆڤێکی ساکاری شوانکارە، کە ژیانی دەرەوە (ی ماڵ)ی هەیە. خۆشی و لەززەت بردنەکەی ساکارە.

٦٣. "بخوە گۆشت، سواربە گۆشت و لەیدە گۆشت" خۆشی هەموو کەس بە گۆشتە: دەیخۆی، سواری دەبی و لەگەڵیدا دەخەوی .

کورد شایی زۆری بە ئەسپەکەیەتی. ئەم مەتەڵەی خوارەوە دەبێ بێگومان ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ڕێبەرێکی سوارچاك بێت:

٦٤. "لێی سواربە تەتاربە، ژێی پیابە مەهتەربە". کاتێ سواری بووی چاوپۆشی لێ مەکە، ئینجا کە دابەزی غولامی بە.

## ئایین

کورد زۆرجاران موسوڵمانێکی لێبوردوو و ئەهوەنە. مەتەڵ و قسەیان کەمتر ئاماژە بە ئایین دەکات، کە هات و ئەو کارەشیان کرد بە زۆریی شێوازی لە خۆبایی بوونی هەیە یا تەوس و گاڵتەی تێدایە:

٦٥. "سەرێ هاتە برینێ، نایەتە کڕینێ". سەرێ کە دەبێ ببڕدرێت، ناتوانێ بیکڕیەوە. ئەوەش نیشانەیەکی تایبەتە بۆ ناتەبایی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باوەڕی ئیسلامدا، کە دەڵێ دەتوانی ژیان بە هۆی نەزرو نیازەوە درێژ بکەیتەوە.

٦٦. "من دەڤەی تە، تە دەڤەی تە، مەلاچ وەیتە وەیتە؟". من تۆم دەویٚ، توش منت دەویٚ، مەلا بۆچی بانگ کراوە؟ (واتە مارەبڕینی ناویٚ). ئەوە لەلایەن کچێکەوە بە دەسگیرانەکەی گوتراوە یان ئەمیان بەوی گوتووە:

٦٧. "ژ سۆفییان نەکە باوەڕ ئەگەر شاشك ژ نووری بیت". باوەڕت بە پیاوی ئایینیی نەبیٚ تەنانەت ئەگەر مێزەرەکەیان راستەوخۆ لە بەهەشتەوە هاتبێت. مەلا وەك خەڵکانی چاوچنۆك و مفتەخۆر دەناسرێن

٦٨. "گوتنە مەلا: کەریٚ من کەریٚ تە کوشت. گۆت: کەریٚ کەر جارەمایە. گۆتن نەخێر کەریٚ تە کەریٚ مە کوشت. گۆت: کەر بەی زارەبەی ئاسمان"(؟). بە مەلایان گوت کەرەکەمان کەری تۆی کوشت، وەڵامی داوە: کەرێك بە کەرێك. گوتیان نا بە پێچەوانە، کەرەکەی تۆ کەری ئێمەی کوشت. گوتی کەر حەیوانێکی هیچ و پووچە و ناتوانیٚ بەرپەرس بێت!

ئەقلێکی دیکەش هەیە بە هەمان تەوسەوە دەگوتریٚ. مەلایەك کەوتە چۆمێکەوە. پیاوێك لەویٚ ڕاوەستابوو، گوتی دەستت بدە من. بینەرێك پێی گوت مەلا بەوە ڕانەهاتووە شتێك بدات، ئەگەر دەتەویٚ دەستت بگریٚ بڵیٚ شتێکت دەدەمیٚ!.

## ماڵ وسامان:

بۆچوونی کورد لەمەڕ دەوڵەت و ماڵ هەندێك ئاڵۆزە. لەلایەکەوە رێزگرتنێکی وریایانە لە کاروباری پراکتیکی، بایەخی [ماڵ و سامانی] بۆ دەردەخات؛ لەلایەکی دیکەوە ڕۆژەرەشی گەلێك داوی بۆ ناوەتەوە:

٦٩. "رەیا پینەدرۆزیٚ بەر دەریٚ سولکاری دکەوت". ڕێگای پینەچی دەکەوێتە بەر دەرگای پێڵاو دروو (واتە کار بەدەست سەرمایەدارەوەیە).

٧٠. "ماڵیٚ دەوڵەمەندی چەنا فەقیری شل دکەت". ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند بە تەنیا بەشی ئەوە دەکات چەنەی پیاوی هەژار ماندوو بکات (واتە هەژار هەمیشە ئێرەیی بە دەوڵەمەند دەبات و لەو کارانە دەدوێت کە باش وایە دەوڵەمەند بیکات).

٧١. "نەیاری وی، د جەهاڵی ئاری". بەگشتی دوژمنایەتی لە جەواڵی ئاردەوە سەرهەڵدەدات (واتە هۆی سەرەکی گەلێك شەروهەرا، ماڵ و دەوڵەتە).

## میوانداریتی

وەك هەموو کۆمەڵگایەکی چیایی و عەشیرەیی، یاسای میوانداریی گەلێك ناسراوە و دەبێ ڕەچاو بکرێت:

٧٢. "میوان میوانی خودێنە". میوان میوانی خودایە.

٧٣. "رزقێت میوانان ل سەر خودێیە". خودا ئاگای لێیە میوان خواردنی بدرێتێ

لەلایەکی دیکەوە کورد بە ڕاشکاوییەکی تایبەت بە خۆیەوە، پێی خۆش نییە میوانێك کە زۆر مابێتەوە بە ڕێی بکا

٧٤. "پشتە پشتە بەلەکی، میوان خوەشەن ڕۆژەکی". ڕاکە ڕاکە پشیلە بەڵەك! میوان تەنیا ڕۆژێك خۆشە.

٧٥. "میوان ژمیوان عاجزە، خانوو خوە ژهەر دوو جوونە". واهەیە میوان خۆشی لە میوانەکەی تر نەیەت بەڵام خانەخوێ هیچیانی خۆش ناوێت!

نموونەیەکی دیکەی قسەلەڕوویی کورد لێرەدا دەردەکەوێ:

٧٦. "میوانێ درەنگ، شێفت لەسەرە خوەیە". میوانی درەنگ وەخت بۆ خۆی دەبێ شێو بۆ خۆی پەیدا بکات.

قسە لە ڕوویی کورد تایبەتمەندیی پراکتیکاڵ و هەروەها سەختبوونی کاراکتەرەکەی لە مەسەلەی میوانداریەتیدا، پێش بە وەرگرتنی ئەو بیرۆکەیە دەگرێ کە لەباری هەستونەستەوە نەرم ونیان بێت و چاوەڕوانی حاتەمی تایی بکات:

٧٧. "خدمەتی بکە ژپیرانرا، وەکی پیردەبێ خدمەتی ببینی". ئاگات لە پیران بێت بۆ ئەوەی لە پیریدا ئاگایان لێت بێت.

٧٨. "نان میوان سەر میوانکارە". میوانداریەتی دەبێتە قەرزێك لەسەر خاوەن ماڵ.

٧٩. "نان میوان سەر میوانکارە". میوانداریەتی دەبێتە قەرزێك لەسەر میوان.

بارستاییەکی کەم (بە قەدرایی خورمایەك) بدە بە دیاری، ئینجا لەبەرانبەردا سەد دیاری (بۆ نموونە، ئەسپ) وەربگرە.

### ئەمەکداری و ڕێزگرتن لە دەسەڵات

بەهۆی سیستەمی خێڵایەتی و باوکسالارییەوە، ڕێزگرتن و وەفاداربوون بە سەرەك هۆزو بنەماڵەی دەسەڵاتدار، لەو دیاردانەیە وا کورد حەزی لێ دەکات.

ئەو مەسەلەیە بەتایبەت لە ناوچەی "بۆتان" لە ئارادایە:

٨٠. "بوهتی بە میرەخوە، شیرڤی بە شیرە خوە، هەکاری بە ڕای و تەگبیرە خوە". بوهتی [بۆتانی] بڕوا بە میری خۆی دەکات، شیروانی بە شمشێری خۆی و هەکاری بە ڕێبازی بە کردەوەی خۆی[!] [بە ڕا و تەگبیری خۆی].

٨١. "مەزن بنە پر، دەوێت مرۆڤ نەداتەسەر". کاتێ گەورە پیاوان پیر دەبن (واتە بە مەزندە دەبن بە پردێك کە خەڵك بە سەریاندا دەپەڕنەوە)، ئەودەم پێویستە بە بوارانددا بڕۆی.

٨٢. "چەرمێ دەوار سەربارێ کەرییە". کەوڵی وشتر دەکرێتە باری کەر (واتە وشتری لە کەر گەورەتر، کاتێ مرد، کەوڵەکەی دەخرێتە سەرپێستی لە خۆی بچووکتر).

٨٣. "نە پەڵەنگ دەشێت خاڵێ خوە بگوڕێت نە عەبدی ڕەش". ئایا حەبەشی دەتوانێ پێستی خۆی و پڵینگیش دەتوانێ خاڵەکانی خۆی بگۆڕێ؟

٨٤. "بەرێ خواڕاستی بێروخ دەکرێت". خلۆرکە بەرد قەوزەی لەسەر شین نابێت.

٨٥. "کەنگێ پشیك لەماڵ نییە. مشك بە کەیفا خوەیە". کاتێ گورپە لەماڵەوە نەبێ، مشك تەراتێنیەتی.

٨٦. "مووش تەگبیرکردن گوتن زەنگڵەك بکەنە ئەستۆی پشیکا". زەنگۆڵە لەملی پشیلە کردن .

٨٧. "سوورگوڵ بەی ئستری نابت". گوڵەسوورە بێ دڕوو نییە.

٨٨. "من داریەك دایە ناڤ چەرخا وی". من دارێکم خستە نێو چەرخی ئەوەوە.

## کورد و دراوسێکانی

سەرەڕای هرووژمی بێگانە، کورد هەمیشە هەستێکی بەهێزی نەتەوایەتی و سووکایەتی کردنێکی ژیرانەی دراوسێکانی تێدا بەدی دەکرێت، لەو هەستەی وا لە ئۆرووپای ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری لەندن بۆ جوولەکەیان هەیە:

٨٩. گەردی هەبوویا مە پادشاهەك
لایق بدیا خودێ کولاهەك
[تەعیین ببویا ژ بۆ وی تاجەك]
ئەلبەتتە دبوو مەژی ڕەواجەك
ڕۆم وعەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژمەڕا دکر غولامی ‡‡

ئەگەر ئێمە پادشاهێکمان هەبووایە، تاجێکی لەسەر دەبوو (دەوڵەتێکی دەبوو)

ئینجا ئێمەش لەبەختی ئەودا بەشدار دەبووین و تورك و ئێرانی وعەرەب هەمووان غولامییان دەکردین.

بۆچوون لەمەڕ تورکان

کورد، هیچ هەستێکی زیاد لە قووڵترین و تاڵترین ناتەبایی لەگەڵ تورکان و ڕێگاو شوێنیان نییە:

٩٠. "وەکی خەبەرا ڕۆمیان". وەك قسەی تورکان، [بێ بنەمایە].

٩١. "خودێ چ کەسێ ئەیخە بەندا ڕۆمیان". خودا لە دیلایەتی تورکانمان بپارێزێ!

٩٢. "وەکی دراڤی ڕۆمی". گرنگ وەك باجی تورك.

هەستیان لەمەڕ ئێرانییەکانیش بریتییە لە سووکایەتی پێکردنێکی لەسەرخۆ و ڕق لێبوونەوە لە فێڵبازییەکەیان:

٩٣. "وەکی شیرە عەجەمانە". وەك شمشێری ئێرانی (واتە دوو دەم و ئامادە بۆ دۆست و دوژمن)

٩٤. "وەکی عەسکەرا عەجەمانە". وەك سوپای ئێران بێ دەسەڵاتە.

٩٥. "وەکی عەجەم قەڵەوە". قەڵەو وەك ئێرانی.

خۆشەویستی عەرەب لەلایەن کوردەوە هەمان خۆشەویستی پۆلیەن بۆ پاتریسیەنە [پۆلیەن لە یۆنانی کۆندا، کۆمەڵانی خەڵك و پاتریسیەنیش چینی ئەشراف بوون]:

٩٦. "نەبێژن بۆ عەرەب مەرحەبا، ئەو دەڕینە سەر دەنکی عەبا". بێهودە مەرحەبایی عەرەبان مەکە، دەنا لەسەر لێواری عەباکەت کاری ناحەز دەکەن!

٩٧. "عەرەب وەکی مێش، هەندێ پیش دەکەن تێنە پێش". عەرەب وەك مێش وایە، هەرچەند زیاتری دەرکەی، زیاتر جەختی هاتنە پێشەوە دەکات.

هەست بە نیسبەت ئەرمەنیانەوە گەلێك نزیکە لەو هەستەی وا لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری لەندەن بۆ جوولەکەیان هەیە:

٩٨. "نینۆك فەللە". نینۆکی وەك هی ئەرمەنییانە (لەباسی کەسێکی شل و شەوێق و پیسدا دەگوترێ).

‡‡ ئەم فەردانە لەبەر دەقی مەم و زینی خانی ساغ کراوەتەوە. وەرگێڕی کوردی

٩٩. "هەسپێ کۆڵلا، سەیێ توڵلە، میرێ فەلـلە، لەی ما بە ئەولا". بەڕووی پووچەڵ، سەگی توڵە، مرۆڤی دوڕەگە و ئەرمەنی، باوەڕ بە هیچیان مەکە!

کورد، نەستووری بە کورد دەزانن:

١٠٠. "ناڤبەینە مەوان موویەکە، ناڤبەینە مەوا فەلـلە چیایەکە". نێوانی ئێمە و نەستووریان موویەکە، نێوانی ئێمە و فەلـلە کێویکە.

١٠١. "حاجەتە سەرگینان دەچنە گوندا مەخینان". وەك ئەو بیانووەی کە کەسێك سووتەمەنی هەڵبگرێ و بچێتە چاوپێکەوتنی گوندی نەستووریان (بۆ بینینی کچێك).

کورد، وەك سوونەی ئۆرپودوکس، بۆی نییە ژنی مەسیحی مارە بکات، بەڵام بە هۆی ئەو راستیەوە کە کوردو نەستووری لە باری رەگەز وخوو خدەی گشتیەوە زۆر لە یەکتر نزیکن. حەزلێکەریی لە ناویاندا باوە.

ئەم واترە لە گۆڤاری گزینگ چاپی سوئێددا بڵاو کرایەوە.

# فیرقەی ئەهلی حەق (علی اللهی)

نووسینی سەعیدخان [دکتۆر سەعیدخانی کوردستانی]

لە ماوەیەکدا کە خەریکی ساغکردنەوەی کەشکۆڵە شیعرەکەی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی بووم[٢٤٨]، بۆم دەرکەوت کە کەشکۆڵەکە "میرزا سەعید" ناوێك لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە کتێبخانەی بریتانیای فرۆشتووە. پاشان کەوتمە شوێن ئەم ناوە و زانیم "میرزا سەعید" هەمان سەعیدخان و ئەویش هەمان دکتۆر سەعیدخانی کوردستانییە کە بەگوێرەی مێژووی مەردۆخ فەقێیەکی خەڵکی مەریوان بووە و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شاری سنە لەبەردەستی شێخ عەبدولموئمنی باپیرەی ئایەتوڵڵا مەردۆخدا دەرسی خوێندووە (مێژووی مەردخ، بەرگی ٢، لاپەڕە ١٩).

لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی (١٨٨٧-١٨٨٨ز)دا، تاقمێك موژدەدەری مەسیحی بۆ تەبلیغی مەسیحیەت لە شاری ورمێوە هاتوونەتە سنە. 'فەقێ سەعید' لەگەڵیان کەوتووە، چۆتە سەر ئایینی ئەوان و سەری لە هەمەدان و تاران دەرهێناوە. لە ساڵی ١٨٩٣دا چووەتە سوێد و پاشان بریتانیا. لە لەندەن دوو ساڵ و پاشان لە ١٩٠٢شدا ساڵێکی تر، دەرسی پزیشکی خوێندووە و سەرئەنجام لە ئوروپاوە گەڕاوەتەوە تاران و بە ناوی "دکتۆر سەعیدخان"، تا کۆتایی تەمەنی، کە دەگوترێ ساڵی ١٩٤٢ بووبێت[٢٤٩]، یەکێ لە پزیشکە ناودارەکانی ئێران بووە.

دکتۆر سەعیدخان، جگە لە کاروباری پزیشکی، تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ ئایین و ئەدەب هەبووە. خاوەنی هەستێکی کوردپەروەرانەی بەهێز بووە و بەگشتی، ئامێتەیەك لە ئیمانداریێتی ئایینی، کوردپەروەری و ئەدەب دۆستی بووە. مینۆرسکی و زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکانی سەردەمی خۆی، کەڵکیان لە زانیارییەکانی وەرگرتووە و

---

[٢٤٨] شێخ عەبدولموئمنی مەردۆخی، "کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی"، ساغکردنەوەی ئەنوەر سوڵتانی، تڕەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن ١٩٩٨.

[٢٤٩] بڕوانە، ج. رسولی و دکتر کیدی آلن؛ "طبیب محبوب-شرح زندگی دکتر سعیدخان کردستانی"، مترجم فارسی ؟؛ تاران، ساڵ؟ [ساڵی چاپی یەکەمی کتێبەکە بە ئینگلیزی ١٩٥٧].

لەڕاستیدا بەشێك لە وتاری "گۆران"ی مینۆرسکی بەو زانیارییانە نووسراوە کە سەعیدخان پێی ڕاگەیاندووە- ئەوەش لە دەقی وتارەکەی مینۆرسکیدا ئاماژەی پێکراوە.

دەگوترێ سەعید خان، نووسراوە و ئاسەوارێکی زۆری لێ بەجێ مابێت، کە لێرەو لەوێ لەناوچووبێتن. ئەوەی من بە بوونی بزانم، ئینجیلێکی دەستنووسی خۆیەتی بە پەراوێزی زۆرەوە کە ئێستا لە کلێسەیەکی شەقامی "قەوامولسەڵتەنە"ی تاران پارێزراوە و ٣٥ ساڵێك پێش ئێستا چاوم پێی کەوتووە، کاك "ئەحمەدی شەریفی"یش ٢٠ ساڵ پێش ئێستا لە هەمان شوێن بینیویە.[٢٥٠]

بەڵام گرنگترین ئاسەواری سەعیدخان دەبێ ئەو کتێبە شیعرە بێت کە چەند ساڵێك پێش کۆچی دوییەکەی لە کرماشان چاپکراوە و بە "نزانی" ناوی دەرکردووە لە کاتێکدا ناوی تەواوی کتێبەکە، "نزانی؟ مزگانی!" یە[٢٥١]. "نزانی؟ مزگانی" بە شێوەی شیعری برگەیی

[٢٥٠] بڕوانە، ئەحمەد شەریفی، گۆڤاری گزینگ، چاپی سوید، ژمارە ٧، بەهاری ١٩٩٥. لەوێدا کاك ئەحمەد لە زمان مێدیاخانمی زەندییەوە دەنووسێت ئەو ئینجیلە وەرگێڕاوی نەمر عەزیز زەندی باوکی مێدیا خانم بێت. دیارە لە گەلێك سەرچاوەی دیکەشدا باس لە تەرجەمەی کوردیی ئینجیل لە لایەن عەزیز زەندییەوە کراوە بەڵام ئەو نوسخە تایبەتەی وا من لەو تاران بینیم، دەستخەتی دوکتۆر سەعیدخان بوو و بەرپرسی شوێنەکە ئەوەی بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند. لێرەدا تەنیا دوو ڕێگامان بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لەبەر دەستدایە، یەکەمیان ئەوەیە کەسێك بچێتە شوێنەکە و بە وردی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە؛ دووهەم ئەوەی بزانین تەرجەمەکە بە زاراوەی سۆرانی کراوە یان گۆرانی. ئەگەر سۆرانی بێت، هی عەزیز زەندییە دەنا گۆرانییەکە بێگومان هی دوکتۆر سەعیدخانە. عەزیز زەندی لە گوندی قالوێی گەورکایەتی هاتۆتە دنیا و لە مەهاباد گەورە بووە، تەرجەمەکەی ئەو بە زاراوەی موکریانی بووە.

[٢٥١] بۆ ئاگادار بوون لە گرنگایەتی کتێبەکە، لێرەدا پارچەیەك شیعری کوردی خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا مەردۆخ دێنمەوە کە لە وەڵامی ناردنی نوسخەی کتێبی "نزانی؟ مزگانی"ی دکتۆر سەعید خاندا بۆی نووسیوە. ئایەتوڵڵای پێش نوێژی مزگەوتی دارولئیحسان لە مێژووەکەی خۆی و لەم شیعرەشدا بە شێوەیەك ڕێز لە سەعیدخان دەگرێت کە لەوە زیاتر ڕێز لە ئیماندارێکی موسوڵمانیش ناگرێت. ئایەتوڵڵا مەردۆخ، خزمەتی سەعیدخان بە زمان و ئەدەب و کولتووری گەلەکەمانی ئەوەندە لەلا گرنگ بووە کە جیاوازیی ئایینی نەیتوانیوە هەستی بە نیسبەت کەسایەتی مەزنی ئەوەوە بگۆڕێت. ئەوە دەقی شیعرەکەی ئایەتوڵڵا مەردۆخە:

ئارام دڵەی پڕ جەخارەکەم! دەرمان دەروون پڕ ئازارەکەم!
نامەێ "نزانی"ت وەلای من یاوا بۆسام و نە ڕووی دیدەی وێم ساوا
یاوا وەسەردەم کوشتەکەی تیرت مەڵهەم دا نە زام خەسەی زنجیرت
ویرەی گوڵ شیرین شەکەر وێژەکەت واژەي گوڵ قەشەنگ عەبیر بێژەکەت
نە دڵێ، سەد دڵ فریفتەش مەبۆ هەژارێ وەك من شیفتەش مەبۆ
کوڵەی دڵەکەت جۆش ئاوەردە بی کزەی دووریەکەت قسە کەردە بی
من خۆ، کەم زووخاو چەپگەردم وەردەن ئەمجار ئەم کزە سامانساش کەردەن!
دێوناتۆ دۆدی کوورەی دەروونم کۆڵناتۆ زامان دڵەی پڕ هوونم
من جە دووری تۆ دڵم پڕ دەردەن ویرە و وەژارەم جە هەردوو هەردەن
هەرسا دیم وە چەم نۆهاڵ باڵات کارەبام یاوا وە لاڵ ئاڵات
دیسان دیمەوە گۆنا زەردەکەت، بۆسام دوڕدانەی قەتران وەردەکەت،
ئانە ڕۆژ جەژن شادمانیمەن ئانە نەووەهار زیندەگانیمەن
وەرنە ئیسە من هوون دڵ وەردە گیانم سەنگین بار، تەن خەزان کەردە
جەرگم وە مەودای ژانا بیەن ڕێش بەی دەردەو ئازیز "نزانی"م پەی چێش!
من وە یاد تۆ هەمیشە شادم سارا و سەر زەوی نمەیۆ یادم

(مەردۆخ، مێژوو، بەرگی ٢، ل ١٨ و ١٩)

و بە زمانی کوردیی (زاراوەی گۆرانی) نووسراوە. ناوەڕۆکەکەی بانگەشەکردنە بۆ ئایینی عیسایی بەڵام لەباری "دەستەوشە"ی کوردیی "گۆرانی"یەوە گەلێك دەوڵەمەندە و جێگەی خۆیەتی لەبنکە چاپەمەنییە کوردییەکانی ناوخۆ یان دەرەوەی وڵاتدا سەرلەنوێ چاپ بکرێتەوە.

من لە ڕێگەی ژیننامەی سەعیدخانەوە کە بەناوی "دکتۆر سەعیدی ئێرانی" لەساڵی ١٩٥٧ لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە[٢٥٢]، بە سۆراغی ئەم وتارەم زانی.

وتارەکە بە ناوی "فیرقەی ئەهلی حەق (علی اللهی)"یەوە، لە ژمارەی ساڵی ١٩٢٧ی گۆڤاری **"Moslem World"** ی چاپی بریتانیادا بڵاوبۆتەوە و نووسەرەکەی بە "سەعیدخان" ناسێنراوە، کە ئێستا تەرجەمە کوردییەکەی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر. لە ڕێگەی ئەم وتارە و ڕاگەیاندنی نووسەر خۆیەوە دەزانین کە دکتۆر سەعیدخان کتێبی "نزانی؟ مزگانی!"ی بۆ پروپاگەندەی مەسیحیەت لە نێو پەیرەوانی ئەهلی حەقی ناوچەکانی دەوروبەری کرماشاندا نووسیوە- ئەویش لەسەر ئەساسی ئەو بۆچوونەی خۆی کە دەڵێ، هەندێ دیاردەی هاوبەش لە نێوان باوەڕی ئەهلی حەق و ئوسووڵی ئایینی مەسیحدا هەیە، هەروەها ئەوەی کە پەیڕەوانی ئەهلی حەق جەزرەبەو ئازارێکی زۆریان بەدەست موسوڵمانانی دراوسێوە بینیوە و لای وابووە کە ئەو دوو دیاردەیە دەتوانن بنەمایەك بن بۆ ئەوەی تەبلیغاتی مەسیحییەت لە ناویاندا بتوانێت بەرەو ئەو ئایینەیان ڕابکێشێت و بەشێکیان بکات بە عیسایی.

دکتۆر سەعیدخان، بۆ هەر ئامانجێك ئەم کارەی کردبێت، خۆی و ژیانی و کتێبەکەی بەشێکن لە کەلەپووری گەلێك بەنرخی گەلەکەمان و دەبێ ڕێزی زۆر لەوە زیاتریان لێ بگیرێت کە تا ئێستا گیراوە.

لە پەیوەندی ئەم وتارەدا پێویستە بڵێم مامۆستا "عەلائەددین سەجادی"[٢٥٣]، ساڵی ١٩٢٥ی وەك ڕێکەوتی مردنی ئەو کەسایەتییە مەزنەی گەلەکەمان ڕاگەیاندوە، بەڵام لە لایەکەوە وتارەکەی سەعیدخان خۆی، دوو ساڵ دوای ئەوە لە ١٩٢٧ لە گۆڤاری **Moslem World**دا بڵاوکراوەتەوە بێ ئەوەی مردنی نووسەرەکەی ڕابگەیێنرێت؛ لە لایەکیتریشەوە، دوو سەرچاوەی باوەڕپێکراو ساڵی ١٣٦١ ی کۆچی مانگی (١٩٤٢ ی زایینی) بە ساڵی مردنی دادەنێن: یەکەم نووسەرانی ژیننامەی سەعیدخان[٢٥٤] و دووهەم 'تاریخ مشاهیر کرد'ی بابا مەردۆخ ڕۆحانی.[٢٥٥]

---

[٢٥٢] سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ٢

[٢٥٣] عەلائەدین سەجادی، "مێژووی ئەدەبی کوردی"؛ بەغدا ١٩٥٢، بەشی باغچەی شاعیران، لاپەڕە ٥٤٩

[٢٥٤] سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ٢، ل ٩٨

[٢٥٥] بڕوانە، بابەشێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)؛ "مێژووی ناودارانی کورد-عارفان، زانایان، وێژەوانان، شاعیران"؛ بەرگی دووهەم؛ وەرگێڕان بۆ سەر کوردی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی؛ چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٠؛ لل ٦٩٧ تا ٧٠٠.

من ئەم وتارەم لە ساڵی١٩٩٨دا وەرگێڕایە سەر کوردی و لە ژمارە ٢٥ی گۆڤاری گزینگ چاپی سوئێد (پایزی ١٩٩٩) دا بڵاوم کردەوە. بە داخەوە، لە سەرەتایەکی کورتدا بۆ چاپی وتارەکە، دوو هەڵەم کردبوو: یەکەم بە حیسابی ڕاگەیاندنەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، ساڵی مردنی سەعیدخانم بە ١٩٢٥ نووسیبوو و دووهەم، گوتبووم سەعیدخان منداڵی نەبووە! دیارە دەبێ ئەودەم هێشتا چاوم بە کتێبی "طبیب محبوب" نەکەوتبێت کە لەوێدا ساڵی مردنەکەی وەك ١٩٤٢ دیاری کراوە و لە چەند شوێنیشدا باس لە دوو کوڕ و کچێکی کراوە. یادی بەخێر بێت نەمر کاك ئەحمەدی شەریفی لە نامەیەکدا کە هەر ئەودەم بۆی ناردم، هەردوو هەڵەکەی بۆ ڕاست کردمەوە و لە وتارێکی پڕ ناوەرۆکیشدا کە بۆ گۆڤاری گزینگی ناردبوو، زانیاریی زۆری سەبارەت بە ژیان و کەس وکار و بەرهەمەکانی دوکتۆر سەعیدخان بە خوێنەر دابوو.[٢٥٦] لێرەداهەردوو هەڵەکە بە یارمەتی نامەی کاك ئەحمەد و کتێبی ژینئامەی دوکتۆر سەعیدخان، ساغ کراونەتەوە.

بۆ ئاگاداری، عینوان واتە تایتڵی وتارەکە من دامنەناوە و لە وتارە ئینگلیزییەکەشدا هەر وەها نووسراوە. دڵنیام ئیماندارانی ئەهلی حەق (بە کاکەیی و حەقە و بەکتاشییەوە) بەوە ڕازی نین کە سیفەتی عەلی اللهییان پێ بدرێت، بەڵام ئەوە ئەرکی وەرگێڕ نییە دەستکاریی دەقەکە بکات.

یادی نەمر دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی، وەك کەسایەتییەکی ڕووناکبیر و دڵسۆزی زمان و فەرهەنگی گەلەکەمان، بەخێر بێت!

٢٠١٧/١١/٣٠

---

هەروەها، بڕوانە دەقی فارسی کتێبەکە؛ بەرگی دووهەم، لل ٢٥٢ تا ٢٥٥ کە لەوێدا ڕێکەوتی ١٣٢٢ی هەتاوی و ١٣٦٢ ی مانگی بۆ ساڵی مردنەکەی ڕاگەیێنراوە و جیاوازییەکی لەگەڵ تەرجەمە کوردییەکەدا نییە.

[٢٥٦] بڕوانە، ئەحمەد شەریفی، "ژیان و بەسەرهاتی دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی و ناساندنی کتێبی نزانی، مزگانی"، گۆڤاری گزینگ، چاپی سوئێد، ژمارە ٢٧، بەهاری ساڵی ٢٠٠٠، لل ٤٨ تا ٥٤.

# فیرقەی ئەهلی حەق (علی اللهی)

لەسەردەمێکی زووی سەدەی چواردەهەمدا، لە ئێران، مەسیحی و مووسایی بەسەر موسوڵماناندا حکوومەتیان دەکرد. لە دوایین دەساڵی سەدەی سێزدەهەمدا، جوولەکەیەك سەرەك وەزیر بوو و تەنانەت کەوتبووە بیری لەناوبردنی مەککە. وڵات (بەگوێرەی داوەریکردنی نووسەرانی هاوچەرخی ئێمە) پڕ بوو لە کلێسا، کە ئاکاری خراپ و هەڵەیان هەبوو و "خاچ" تەنیا وەك ڕازاوەیەکی ڕواڵەتی شانازی پێوەدەکرا. عیبادەت کردنیش گەیشتبوە ڕادەی داب و نەریتێکی مردوو. ئەوەش سەردەمێك بوو کە دەسەڵاتی تەیموور [ی گورەکان] ئەو کارانەی بە ئەنجام گەیاند کە "شاپوور"[ی ساسانی] لە پێش ئیسلامدا و هەروەها موسوڵمان و مەغولەکانی دوای ئەو دەستیان پێکردبوو.

دەگوترێ تەیموور ٩ ملیۆن مەسیحی ئێران و مێزۆپۆتامیای لەناوبرد، سوڵتان سەلیم ٢٠٠ هەزاری لێکوشتن و نادر [شای ئەفشار] ١٠٠ هەزار مەسیحیی خەڵکی ورمێی لە "میانە" کوشت. واهەیە ئەم کردەوانە هەموو لە ڕۆژهەڵاتێکدا کە بناغەی بەچاکە دانەنرابوو، لەسەر بنەمای ناسروشتی بوون، دادپەروەرانە بنوێنن بەڵام هەر هەموویان ئیشارەت بوون بە خواردنەوەو فرۆشتنی شەراب و هەروەها بە عیبادەتێك کە زۆروکەم بە کافریتی دادەنرا.

چیاکانی هەورامان، لەو سەردەمەدا، زیاتر دەستیان پێ ڕاگەیشت و پەیوەندیگرتن لەگەڵ عێراقی ئێستادا، بە تەواوەتی گونجاو بوو، ئەو کات هەر لە موسڵەوە تا بەغدا، وڵاتەکە بە کلێسەو دەیری ڕەبەنان داپۆشرابوو، و تەنیا دوو ڕۆژەڕێ، مرۆڤی لەهەورامانەوە دەگایاندە "ساراتوو" (سلێمانی ئێستا)، شوێنێك کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی زایینیدا، ٨٠٠ خێزانی مەسیحی تێدا دەژیان.

لەسەردەمێکی پر ڕەمزو ڕازی ئەوتۆدا، کوردێك لەوچیایانە دەرکەوت، کە ناوی ئیسحاق بوو و بە "پیرسەهاك" دەناسرا، ئەم ئیسحاق یا سەهاکە بە هۆی شێوازی ژیان و لەخواترسییەوە —دیاردەیەك کە نەبووە هۆی ئێرەیی پێبردنێکی کەم لەلایەن شێخەکانی هاوچەرخیەوە! گەلێك زوو موریدی فرەی بە دەورەوە کۆبوونەوەو واهەیە ئەمڕۆش شتێکی وا لە نێو ئەو کوردانەدا کە باوەڕی ئاینییان هەیە بکەوێتە بەرچاو؛ بەو شێوەیەی کە پێویست بکات هەر هەموویان پیر یا ڕێبەرێکی ڕووحییان هەبێت. هەروەها ڕەنگە بارودۆخێکی نزیك بە ڕۆژگاری "ئێکیشا"(٢)بە تەواویەتی لەو چیایانەدا بەرچاو بکەوێ.

بێگومان، بەشێك لە موریدەکاندا سەهاك بڕوایان بە "حلوول" هەیە. ئەو بوو بە شوێن هەڵگرو جێگری باوکی خۆی– شێخ عیسا، بەڵام لەبەری دایکیەوە- کە ناوی "دایەرەك" بوو، دەچووەوە سەر شێخانی ناوداری بەرزنجی.

سەهاك لەنێو موریدانیدا چوار یاری بۆخۆی هەڵبژارد: پیر بنیامین، پیر موسا (خۆیان وەك "مووسیی" حونجەی دەکەن)، پیرداودو پیر رەبەر، کە ئەمەیان ژن بوو. بەهۆی ئەو چوار کەسەو هەروەها "حەوتەوانە" واتە حەوت یارو "چل تەن" و "حەفتاودوو تەن"ەوە، بانگەوازو ناوی سەهاك لە دەرەوەدا، دەنگی دایەوەو کوردێکی زۆر لە شوێنی دوورو دەرەوە ڕاهاتن بۆ ئەوەی پیری تازە دەرسیان دابدات و متفەرکیان بکات.

بۆ نموونە، سەهاك "خاتوو بەشیر" کچی "میرخوسرەو"ی لە هۆزی خێڵەکیی جاف مارەکرد. حەوت کوڕی بوو، کە پێیان دەگوتن "هەفت تەن" واتە حەوت لەش. بەگوێرەی نەریت، دوای دامەزراندنی ڕێوشوێن و سەلماندنی بیروباوەڕی خۆی و دوای ئەوەی پیرەکانی بۆ بەجێهێشتن، سەهاك خۆی کوتوپڕ لە چاوان ون بوو و سەری لە ئاسیای بچووك دەرهێناو لەوێ ناوی "حاجی بەکتاش"ی لەخۆی نا (لەلای باوکەوە ئەویش وەك بەکتاش، دەگەیشتەوە ئیمام ڕەزا). هەر لەوێوە تەریقەتی دەروێشی بەکتاشی دامەزرا. شای حاکم، ئیمانی بە بۆچوونەکانی هێناو نزیکەی ۹۰۰ "دەیر"ی بە ناو و شانازی ئەوەوە لەسەرانسەری ئیمبراتۆری عوسمانیدا، بنیات نا، کە تائەمڕۆش هەرماون.

دەگوترێ سەهاك تەمەنێکی درێژی ۲۱۰ ساڵانی هەبووەو دوای ئەوەی نێوانی لەگەڵ براکانی تێکچوو، ناوچەی "هەجیج"ی بەجێهێشت و چوو بۆ مەڕەنوو. ئینجا لە پەردیوەر نیشتەجێ بوو. بیروڕای سەهاك بەهۆی هەندێ شیعری کوردییەوە گەیشتۆتە دەستی ئێمە. شێوەی شیعرەکان ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە دوای شەشسەد ساڵ شیعرو زمانی کوردی لەو چیایانەدا، گۆڕانکاری کەمی بەسەردا هاتووە. دۆست ویارانی سەهاك دەرسیان لێوەرگرت و بەهەمان شێوە پەیرەویان کرد. ئەم نووسراوانە. کە "کەلام"یان "وتە"یان پێ دەگوترێ و وەك ئیلهامێکی بەرز سەیر دەکرێن، ناویان "سەرنجام"ە، سەرئەنجام، بریتیە لە کتێبێك کە پێی دەگوترێ "کەلامی حەقیقەت" هەمووی بە قەڵەمی پیر بنیامین نووسراوەو لە "پەردیوەر" ئاشکرا کراوە. درەنگتر، کاتێ ژمارەی ئیماندااران ڕووی لەزیادی نا، ژمارەیەك تورکی بەغدا بە تایبەت "قوشچی ئۆغلی" هاتن و بابەتیان لەسەر کەلامی حەقیقەت نووسی. ئەو قسەو نووسراوانە دواتر پێیان دەگوترا "کەلامی ئەربابی زەوق" یا قسەی خەڵکانی خۆشراوێژ و ناوی "دەفتەر"یان لەسەر دانرا.

هەندێ لە وتە و دەربڕینەکان، بەڕاستی ڕازاوەن و بەو شێوەیەی سوڵتان بەڵێنی داوە، کاتێ "دەورە"کان کۆتاییان هات، واتە ئەگەر هەموو ڕوحێك هەزار جار حلوولی کرد (هەر حلوولەی نزیکەی ٥٠ ساڵ دەخایەنێ)، سەرلەنوێ ئاشکرا دەبێتەوە، ئەو کەسانەش وا باوەڕیان پێهێناوە، بەڵام زەمان ناناسن، هەموو ڕۆژێك چاوڕوانی دەرکەوتنی دەکەن.

بەم پێیە هەندێ مورید بە هۆی شەوق و مەیلی زۆریانەوە بۆ دەرکەوتنی "خونکار" یا "خوداوەندکار" ئەم شیعرانە دەخوێننەوە:

*"چاوەڕوانیی بۆ هاتنی شا*
*ئەو، کۆیلەیەکی ڕاستەقینەیە، کە چاوەڕوانی هاتنی شایە*
*بەکردەوە پاك، بە بیر پاك و بە ڕوانین پاك*
*لانەدەر لە ڕێگەی حەقیقەت و ئەرك.*
*هۆ برادەرە خۆشەویستەکانم! ئەوا شا دەردەکەوێت*
*بادەستمان لە خزمەت و چاومان لە چاوەڕوانیی هاتنی ئەودا بێت"!*

ئەم قسانە، دەبێ هەندێ لایەنگری دەرکەوتنی دووبارەی عیسا شەرمەزار بکات کە ئیش و کاریان بەجێهێشت و بەگوێرەی پەیڤی "ڕاوەستن تا دێم" چاوەڕوانی هاتنی عیسا بوون.

یاخود، یەکی دیکەیان دەڵێ:
*"بابچینە دەرەوە و چاومان پێی بکەوێت؛*
*بەڵێ وەرن بچینە دەرەوە،*
*بچینە دەرەوە چاومان پێی بکەوێت!"*

واهەیە شیعرەکە بمانخاتە بیری نووسراوەی "خاتوو هەیورگال"(٣) وکەسانیتر، کەلە هەوای عاتیفەیەکی زاوایانەدا، ئەم شیعرانەیان بە گۆرانی دەگوت:

*"تو نایەی ئەی ڕزگاری بەخشی من،*
*تۆ نایەی ئەی شای من"!*

ئەوانی دیکەش دەڵێن:

*"هۆ دۆستان! خۆتان برازێننەوە، شامان دێت*
*هۆ دۆستان! خۆ برازێننەوە*
*ئەو، خزمەتکارێکە وا چاوەڕوان و ئاواتەخوازی هاتنی شایە."*

ئەوانەی واهاوڕێی "یاران"ن و خۆلە تەخت دوور دەخەنەوە (واتە لاوەکییەکان)، هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی دەرکەوتنن.

کوڕی شاە نیعمەتوڵلا، واتە نوور عەلیشا، لە جەیحوون ئابادی ناوچەی دینەوەر دەژی، کە زۆر لە سەحنەوە دوور نییە. باوکی ئەو خۆی بە پێغەمبەر دەزانێ و کتێبێکی هەندێ قەبارەداری لەسەر ئەو زەمینەیە نووسیوە کە فەرمانی پێدراوە هەموو شتێك لەسەر حەقیقەت ڕوون بکاتەوە و ڕاستیی شاراوە ئاشکرا بکات. بە بڕوای ئەو دەرکەوتنی گەورە، لەسەردەمی ژیانی ئەودا دەبێت.

فەرمان بە "ئێڤات"(٤) دەدرێ لەقەبرەکەی خۆی —لە دۆڵی قەزوین(٥) بێتەدەرێ. فوو بە "نەفخ"ەکەیدا بکات. ئینجا هەموو مردوویەك زیندوو دەبێتەوەو بە قسەی "قۆشچی ئۆغڵی" بە تورکی "زەوی هەموو دەبێتە باخێکی گوڵاڵە سوورە و کاتێ کە بەردی سەرگۆرەکەی لەخۆیەوە هەڵگەڕایەوە، ئیتر دەرکەوتنی خوا نزیك دەبێ. ئێستا هەندێ مرۆڤی تاوانبار هەن، کە زۆر جاران لێرەولەوێ بە دۆستانیان دەڵێن: "بەردەکە، هەڵگەراوەتەوەو دەرکەوتن بەخێرایی نزیك دەبێتەوە. کەوابوو سوودی کۆکردنەوەی دەوڵەت وماڵ چییە؟ با سەرفی هەژارانی بکەین".

شاە نیعمەتووڵلا چەندی لە ڕاستەقینەی مەسیحیەت زانیوە؟ ئێمە نازانین. بەڵام دەبێ چاوی بە ئینجیل کەوتبێ یاخود گوێبیستی بووبێت، چۆنکوو هەندێ لەقسەکانی ئەمانەن: عیسا، کە ئینجیل تۆریەتی، یا کاتێك کە باسی بنیامین و بانگ کردنی داود دەکات، دەڵێ:

*"داود، ڕاستە*
*ڕاستەقینە، بریتییە لە ئاینێك کە بنیامینی بەسە*
*یاساکانی ئەو ڕاستن و عەهد و پەیمانی لە شوێنی خۆیاندان*
*ئەی دۆستان ! (بۆ نموونە موریدەکانی خۆی)، لە ڕێگەی یاسای عیساوە*
*دەتوانن پەی بە حەقیقەت بەرن.*

*بنیامین عیسایە، عیسا بنیامینە*
*یاساکانی ڕاستن و عەهدو پەیمانی تەواون."*

ئینجا داود دەست پێ دەکات و سەر ڕشتەی قسە دەگرێت بە دەستەوە:

*"دوای عیسا*
*وەرن بابکەوینە دوای عیسا*
*دۆستێك کە زانای حەقیقەتەو لەقسەکردندا زمان پاراوە*
*ئەو کەسەی وا ئۆسوولی بێ خەوش و پاکن (واتە باوەڕەکانی)ساغن."*

کاتێ ئێمە ئەو پەسندە سەرنج ڕاکێشانەمان لەبەر دەست دابن، ئەگەر خوا بیەوێت، موژدەدەر چی ناتوانێ بکات ؟

"دون"، لەنێو ئەو خەڵکە [ئەهلی حەقە] دا، زۆر بەکار دەهێنرێت –ئەویش وەك "دەور" یاخود کەسایەتییەك کە "زوهوور"ی تەواو یا ناتەواو، گەلێك خوشحالە بەوەی لەودا خۆی بنوێنێ. بۆ نموونە گوتراوە: "کاتێ خودا لە دونی عیسادا بوو" یا "عیسا دونی بنیامین بوو."

قۆشچی ئۆغلی دەڵێ:

"بە نەفەسی ڕووحولقودوس، گەلێك مردوو زیندووبوونەوە.

چۆن لە موڵکی حەقیقەتدا، عیسای کوڕی مریەم، خۆیەتی [واتە خودایە]، پێش ئەوەی هیچ شتێك هەبێت، یەکەم زات لە دونی "یاە" یا "جاە" دابوو. ئەو لە نێو مرواریيەکەدا دەژیا: جیا لەوجوودی خۆی، نوێنەرایەتی بنیامنیشی دەکرد، کە زاتی خوایە. "بن" واتای کوڕی "جاە" و "ئەمین" یش مانای بڕواپێکراوی هەیە، کەوابوو، بنیامین، واتە کوڕی بڕواپێکراوی جاە. خودا، هەموو شتێکی خوڵقاند و بۆ ئەو بوو هەموو شتێکی خوڵقاند. هەموو شتێك بەوەوە بەستراوەتەوە و هەموو "زوهوور"ێکی دیکە، تابیع و ژێردەستی ئەوە.

بە کورتی، ئەوەی ئینجیل سەبارەت بە "جیهانی ناوەوەی دەڵی، ئەوان دەیدەنە پاڵ بنیامین – کە بە زمانی قانوون و بۆ نموونە، یاسای ئیسلامی "جبرائیل"ی پێدەڵێن. دەرکەوتن لە عیساو عەلی و بنیامین دا هەریەك شتە. لە گەورەترین دەرکەوتندا، کە زوهووری سوڵتان سەهاك بێت، بنیامین بەتەواوەتی دەرکەوتووە، بەڵام دەرکەوتن لە سەردەمەکانی دیکەدا، ناتەواوە یاخود بنیامین

خۆی وەك میوانێك نواندووە.

زاتی گەورە، تەنیا سێ دەرکەوتنی دەبێت: یەکەم لە "جاە"دا، کە بیچمی پیاوێکی هەیە بە جلوبەرگی نوورانییەوە، دووهەم لە "سوڵتان سەهاك"دا، کە بۆ خەڵك دەبینرێت و سێهەم واتە دوایین دەرکەوتن، دوای تەواوبوونی دەوری کامیلی ٥٠ هەزار ساڵە ڕوو دەدات و بە ڕۆژی قیامەت کۆتایی دێت.

ناوی "زاتی گەورە" لە دوا دەرکەوتنەکەیدا، هێشتا نازانرێت و لە ڕەمزو ڕازدا پێچراوەتەوە، بە هۆی نووسراوەکانی "ئەهلی حەق"ەوە، وا دەردەکەوێ کە زاتی خودا لە شاراوەییدا بووە، مرواری زاتی ڕاستەقینەی بنیامین بوو.

بەنیسبەت ئیسلامەوە، بناغەدانەری ئەهلی حەق بە ئاشکرا، ڕێزێکی کەمی لە "محەمەد"و لایەنگران و فەرمانەکانی ئەو گرتووە. جارێکیان، بە موسوڵمانێك کە ئازاری پێگەیاندوە و پاشان چووتە سەر ئایینی ئەهلی حەق، دەڵێ: باشتر بوو بچیتە حەجی مەککە بۆ ئەوەی ئەزموونی وەفاداریەتی خوت بکەی. "عابدین" دەڵێ: ئەگەر وەك جوولەکەیەکی بێدین بەردەباران بکرێم عیبادەتی دیاردەیەکی مردوو ناکەم و لەبەری نانووشتێمەوە. هەرچۆنێك بێت، هەمان کەس، دوای ئیمان هێنان بە سوڵتان سەهاك، ئەو قورئانەی وا دەیخوێندەوە، فڕێی دایە نێوئاو و کەوتە شوێن ئەو.

ئەو بە تەوسەوە ئەم قسانەی دەکرد: بێت و ئێوە لەگەڵ "یاران" لەوپەڕی دۆستایەتیدا نەبن، ڕەنگە وەك ئوممەتی محەمەدتان لێ بێت کە ڕۆژێ پێنج جاریان نوێژ پێدەکرێ". دەگوترێ یەکێ لە "جیلوە"کان، حەوت مەلای بە موعجیزە کرد بە سەگ! بەڵام "عەلی"، وەك دەرکەوتنێکی گەورە چاوی لێدەکرێ و ئەوە دوازدە "ئیمامی"یش دەگرێتەوە. ئەوەی تا چ ڕادەیەك شوێنی نفووزی دەوروبەر لەسەر ئەو [باوەڕ]انەیە، بەهۆی نەبوونی خوێندەواری و نووسین و هەروەها فێڵبازیی ئایینییەوە، کەس وەڵامی نازانێ. گۆڕەپانێکی بەرینی توێژینەوەمان لەبەردەست دایە، لە نووسراوە تورکییەکاندا هاتووە: محەمەد بە شوێنی خودای نەدەزانی". هەرچییەك بێت، محەمەد بۆ ئەوان، تەنیا یاسادانەرێك بوو، کە لە بەراوردکردن لەگەڵ "حەقیقەت"دا هیچ بایەخێکی نییەو تەنیا بە کەڵکی بێگانان دێت.

سوڵتان سەهاك، باوەڕی بە سیستەمی "حلوولی"ی فیساغۆرسی هەیە. گەلێك نەقڵ و حیکایەتی نابەجێیان لە نێودا باوە و پێویستە تەنیا لەگەڵیاندا ناسیاویی پەیدا بکەی تا ئەم نەقڵانە، نابەجێ بوونی خۆیانت پێ بنوێنن. بەڵام پێویستە ئێمە ئینجیلی خودایان لە شێوەی ساکاری خۆیدا و بە توانای بەرزیەوە بۆ بخوێنینەوە. ئەوانیش وەك ئێمە مرۆڤن. ئەگەر ئەو وتانەیان بە گوێدا بخوێنین کە: "تۆ، وەهابووی بەڵام تۆ شۆراوەی، تۆ پاکی" ئیتر هاندەدرێن و ئێمەیش

درێژە بە کارمان دەدەین. وا هەیە کەسانێك، بەرپەرچی باوەڕەکانیان بدەنەوە و پێیان بڵێن بۆ خودایەکی پیرۆز چ ئاشایست دەبێ ئەگەر جیلوەیەکی ناشایست هەڵبژێری. بەڵام دەرفەتی کەم بۆتە کۆسپێك کە نەتوانم نموونەی بۆ بێنمەوە.

ئەهلی حەق، شوێنێکی تایبەت دەدەن بە "جەم" (کۆبوونەوە یا ئەنجومەنی ئیمانداران). ئەگەر لە کاتی کۆبوونەوەدا، شاهێکیش بێتە ژوورەوە دەبێ بەسەر پێوە بوەستێ و بەنیشانەی بچووکایەتی، دەستی بنێتەسەر سینگی. "چۆن خودا لەوێیە". لە "جەم"دا هیچ کەس لەوی دیکە گەورەتر نییە. جارێکیان ئیسحاق، چاوی بە چەند گوڵاڵە سوورەی جوان کەوت کە هەندێکیان لەوانی دیکە بەرزتر بوون. بە قامیشێك لەسەری گوڵاڵە بەرزەکانیداو، گوتی: "لەنێو ئەوانەی ئیمانیان بە من هێناوە، کەس لە کەسی دیکە گەورەتر نییە. هەموو ئیماندارن لەگەڵ یەکدا بەرانبەرن نوێژکردنی ئێوە لە "جەم" جێگەی پەسندە. کوڕی "شا ئیبراهیم" لەگەڵ ئیماندارێکی خۆیدا زۆرانی دەگرت. ئەمیان هاواری لەباوکی خۆی کرد، بەڵام ئەوی دیکە کە هانای بردە بەر مەزنایەتی جەم بە سەریدا زاڵ بوو. کوڕە گەنجەکە چووە لای باوکی و ناڕەزایی خۆی دەربڕی، سوڵتان، وەڵامی دایەوە ئەم کارە بە تەواوەتی لە جێگەی خۆیدایە، چۆن باڵی ڕاستی من هەمیشە لەگەڵ "جەم"ە.

کاتێ داود، داوای یارمەتییەکی تایبەتی کرد، سوڵتان ئیسحاق گوتی ناتوانێ یارمەتی بدات. چۆن ئەم کارە بۆ گوناهباران گونجاو نییە (لە ڕاستیدا پێیگوت: تۆ گوناهباری)، با بێگوناهێك بێت و داوام لێ بکات. داود، بە شێوەیەکی ئیعجازی بە جیهاندا گەڕا، بەڵام هیچ بێ گوناهێکی چاو پێنەکەوت (بۆ موژدەدەرێکی مەسیحی چەند گرینگە ئەوە بزانێ!) کەسێك کە ئامادەیی خۆی بۆ قوربانی دەربڕیبوو، هەستایە سەرپێو لە حاڵەتی "پەڵوەژ"دانی بە گوناهی خۆیدا نا (ئیعترافی کرد). کابرا، لەلایەن "جەم" و نوێژکەرانەوە ئازاد کراو بەبێ گوناهی ناسرا. تۆش برۆ ئەزموونی شتێکی وابکە!

گەرچی لەم بارەیەوە ڕاگەیاندنی چەند خاڵێکی زۆریش پێویستە، بەڵام دەرفەتی شەرح و بەیانی چۆنیەتی ئیعتراف واتە "پەڵوەژە" نییە. پێویستە ساڵی ١٧ جار "جەم" ببەسترێ. گەرچی کۆبوونەوەکە دەکرێ بۆ نوێژەبارانە و نوێژ بۆ ئاوو هەوای تایبەتیش بێت. کۆبوونەوەی جەم پێك نایەت ئەگەر ژمارەی پیاوان لە پێنج کەس کەمتر بێت. ئەوەش جیاوازە لەو قسەیەی [ئینجیل؟] کە دەڵێ: "دوو یاسێ کەس بە ناوی منەوە کۆبوونەوە."

سەبارەت بە قوربانی"دەبێ بگوترێ گرنگترین و پیرۆزترین [دیاردە]یە. ئیجازە نادرێت کەسێکی بێ ئیمان چاوی پێی بکەوێت. جومگەی لەشی لێك جیادەکرێتەوە، بەڵام ئێسکیان ناشکێندرێ. بەوە [دوعای] "قوربانی پیرۆزە"ی ئینجیل مان وەبیردێتەوە، کە دەڵێ: "هەموو

ئێسکەکانم لە جومگە دەرهاتوون" یا "ئەو هەموو ئێسکەکانی خۆی پاراست و تاقەیەکێکیان نەدەبوایە بشکێت."

بەگوێرەی ڕادەی ڕێزگرتن، یاخود بە پێی توانای کەسەکە، هەر لە گامێشێکەوە تا کەڵەشێرێك دەکرێتە قوربانی. زمانی قوربانیکەرەکە هەرچیەك بێت، دوعای قوربانی دەبێ بە کوردی بکرێ – وەك بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە ئیسلامدا. کاری قوربانیکردن، خاوەنی گرنگایەتییەکی زۆرە و پێش ئەوەی بناغەی زەوی لە جیهانی ڕوحانیدا دابمەزرێت –ئەو کاتەی کە سوڵتان [ی سەردەم] "جاهجاه" بوو، بنیامین (کوڕی بەینەتداری جاه)، لە جەوهەری جاه، "حەوت تەن"ی لە کەڵەشێری ڕەمزیی خولقاند و فەرمانی پێدان قوربانی بکەن، ئینجا هەرکامیان قوربانیەکی [ڕوحانی] پێشکەش کرد. (ئەم باسە تا چە ڕادەیەك لەسەر بناغەی "فیقهی" شێواوی "ئیلهام" فەسڵی ١٣، ئایەی ٨ و٧ دامەزراوە، نازانین). لەو چاردە قوربانیە، حەوتیان خوێناوی و حەوتی دیکەیان بێ خوێن بوون. ئەمانەش بەڕاستی زیادکراون. "نەچە مووچە" شوێنێکە وا کوتە گۆشتێکی قوربانییەکە لە نان دەپێچرێت و هەرکام لە ئامادەبووان بابۆڵەیەکی پێ دەدرێ. ئەم کارە لە ڕابوردوودا ئەگەر بارودۆخێکی ڕوحانی هەبووە، ئێستا تەنیا بەگوتنی فیزیکی بەڕێوەدەچێ. هەموو ئەم کارانەش لە "ساجی نار" واتە ساجی ئاگریندا ڕوویدا، (ساجی نار، ناوێکی گرنگە و دەبێ لە پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەوان [ئەهلی حەق]دا، لەبیر نەکرێت). لێرەدا بوو، کە شۆڕایەك بۆ خولقاندنی زەوی بەسترا.

سەدەقە و پیشکەشییەکانی تر بریتین لە: "نیاز" واتە دیارییەکی پێشکەشکراو. شکاندنی گوێز لەسەر پارە و دراوی "حەوێزە" گەلێك گرنگە. ئەم کارە دوای قوربانی و نوێژ و لەو کاتەدا بەرێوەدەچێت کە کەسێك بێتەسەر ئایینی ئەهلی حەق. هاتنە جیهانی مرۆڤ، لەگەڵ بەرخێك یا ئاژەڵێکی گەورەتردا دەبێت. هەژاران دەبێ لە بری "لە دایکبوونی منداڵ"، لانیکەم کەڵەشێرێك بدەن.

یەکەم میوە و یەکەم هێلکەی مریشك، پیرۆزە و پێویستە بۆ مەسرەفی "جەم" تەرخان بکرێن. دەبێ ئەم پێشکەشییانە هاوڕێ لەگەڵ دیاری و نیازی دڵخوازانەی خەڵك، هەروەها لەگەڵ دیاریی ئەو کەسانەدا پێشکەش بکرێن کە بۆیە ئاراستەی جەمی دەکەن تا بۆیان بپارێتەوە و گیروگرفتیان چارەسەر بکرێ.

هەموو ژن و پیاوێك، ساڵانە شتێك پێشکەش دەکات. دەشایی، قڕانێك یا زیاتر(٨). ئەوەش شتێکی تەواو ئیجبارییە. واهەیە ئێمە بکەوینە بیری "شێکێل" لە فەسڵی هیجرەت، ئایەی ٣٠دا. هەموو ژنێك، جگە لە پارە، دەبێ بەشە ڕۆنێکی کەم بدات تا نانی "جەم" پێ دروست بکرێ.

نوێژێکیان بۆ بەیانی و یەکیشیان بۆ ئێوارە پێش شێوی شەو هەیە. "ئەذان" یان بانگدانیان بە کوردییە. قیبلەیان پەڕدیوەرە (بە کوردی، ئەوبەری پردێك کە لە لقی دارمێو دروست کراوە و بەسەرڕووباری سیرواندا هەڵبەستراوە). ئەم شوێنە، لە هەورامان بەباشی دەناسرێ و وادەزانرێ کە سوڵتان [سەهاك] و هاوڕێکانی لەوێ نێژراون. خەڵکی ناوچەکە، بە "خار" واتە دڕوو دەناسرێن. ئەم خەڵکە، ئازاری پیاوانی ئایینی دەدەن و سوڵتان تووکی لێکردوون و بەم بۆنەیەوە، بەگوێرەی شەرع، وەك کوێر دەناسرێن. هەرلەسەر ئەم ڕووبارە بوو، سوڵتان بە هۆی موعجیزەوە، بەسەر پیر میکاییلی بەدناو دا زاڵ بوو.

مەسەلەی بوونی "پیر" یا ڕێنوێن، خاوەنی گرنگایەتی زۆرە، بەچەشنێك کە بۆ نموونە، سوڵتان [سەهاك]یش کاتێ لەلایەن خوداوە داوای لێکرا، "جۆن"(٩)ی تەعمیدەدەر تەعمیدی بکات، سەری بە پیربنیامین ئەسپارد. کەسێك کە پیری نەبێ، پێی دەڵێن بێ پیرو ئیقباڵێکی بەرز دەبێت ئەگەر بەرەو پیرێکی بێ وێنە و هاوتا بچن- [پیرێك] کە هەمیشە زیندوو بێت و شەفاعەتکارو ڕزگاریدەریش بێت. زۆر جار، ئیماندارانی ئازەربایجان و عێراق دێنە [ناوچەکە] بۆ ئەوەی وەچەی پیری باوو باپیرانی خۆیان بدۆزنەوەو سەری خۆیانی پێ بسپێرن.

لە نێو کات و وەرزەکاندا، ڕۆژی یەکشەممە بە باشترین ڕۆژ دەناسرێ چۆن ڕۆژی ئەو [واتە ڕۆژی خودا[یە و دەهەندەیی "خوندکار" یا "خودا"ی تێدا دەنوێندرێت – واهەیە ئەوە بمانخاتە بیری ڕۆژی "کۆریاکی" واتە ڕۆژی خودا لە یۆنان. چوارشەممە دوای بنیامین نێونراوە.

لە مانگی جەلال (واتە یەکەم مانگی قەمەری دوای "جدی"و سەرەتای دەستپێکرانی زستانی ڕاستەقینە)دا، سێ ڕۆژی فەرمی ڕۆژوگرتن هەن کە زۆر گرنگن. لە ڕۆژانی ١٥ تا ١٧ی مانگدا کاتێ نەزر و قوربانی کردن تەواو بوو، سێ ڕۆژی دواتری ڕۆژوو دەگرن. هەموو ڕۆژێك کۆبوونەوەی "جەم" هەیە. بۆ کوردە ئیمانداره‌کان، [ڕۆژو] لە دوازدەهەمی ئەو مانگەوە دەست پێ دەکات.

کاتێ جەم بەسترا دەبێ هەموو کەس دانیشێ و سەردانەوێنێ. ئینجا "خوێنەر" قسەی سوڵتان بۆ کوردان یا قسەی قۆشچی ئۆغلی (کە دەهەمین دەرکەوتنی بنیامین بوو). بە تورکی دەخوێنێتەوە و بە شوێن هەر چوارینەیەکدا، پاشماوەی خەڵکەکە، ڕستەیەکی کورتی دیاریکراو دووپات دەکەنەوە. هەست و زەوق [ی خەڵکەکە]، بەهۆی لێدانی تەنبورەوە دێتە هەژین و هەندێ کەس جەزم دەبن و دەگەنە حاڵی بێخودیی. دەگوترێ خەڵکەکە، لەو حاڵەتەدا بێ ئەوەی ئازاریان پێ بگات، دەچنە ناو ئاگرەوە و خۆیان لایان وایە ئەم خۆڕاگرییە، موعجیزەی ئایینەکەیانە.

ژنان، ئیجازەی چوونەناو "جەم"یان نییە، بەڵام ژنانی هەرە نزیك لەو پیاوانەی وا قوربانییان کردووە دەتوانن پێکەوە لە ژوورێکی جیاوازدا کۆببنەوە. "سەیید"ەکان —واتە نەوەو نەتیجەی سوڵتان [سەهاك]، شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە کۆبوونەوەکاندا ڕێزی زیاتریان لێ دەگیرێ. نەزم و نیزامێکی تایبەت بۆ ئەو تۆبەکارانە دانراوە، کە پێ لە گوناهی خۆیان دەنێن.

ئەهلی حەق، بەسەر ١٨ فیرقەدا دابەشکراوە. شاە ئیبراهیمی و ئاتەشبەگی لە هەموویان زیاترن. ئەوی دواتریان زیاتر لە ئازەربایجان و بە تایبەت لە "ورمێ" هەن "کە ڕۆژوویان نییە". ئینجا "حەوتەوانە"ن کە ناوەندی گەورەیان کرەند، دینەوەر، سەحنە، هەمەدان و گوندەکانی دەوروبەری قەزوێنە. زۆرێك لەوانە کۆچەرن و وەرزی هاوینان دەچن بۆ گێلان. هەروەها لە تاران و هەندێ گوندی دەوروبەریشی دەژین. بڕێکیان لە ئاوایی تاك و تەرای خەمسە (١٠)و زۆریشیان لە مازەندەران دەژین. هەزاران بنەماڵەیان لە لوڕستان و ناو تورکمانەکان و لە موسڵن. خۆیان دەڵێن لە هیندوستانیش هەن. لای کەم، قۆشچی ئۆغلی، دەڵێ: "سوڵتان، گورز و هیندوستانی بە حاجی باقۆس دا، کە یەکێ لە کوڕانی سوڵتان بوو [بەو پێیە دەبێ یەکێ لە حەوتەوانانیش بووبێت]. هیچ کەس ناتوانێ ژمارەی بە مەزندەی لایەنگرانی ئەم ئایینە بدا بەدەستەوە. بەڵام لە ئێراندا واهەیە ژمارەیان لە ملیۆنێك زیاتر بێت.

من هەوڵم داوە لە زمانی سوڵتان و پیرەوە، هەروەها لە شێوەی دەفتەرەکانی دواتر و تۆمارەکانیاندا، پەیامێکیان بگەیێنمێ. ئەوەی من کردوومە، بە شیعرێکی نزیك بە [زاراوەی] خۆیان گوتراوە و ئەفسوونێکی تایبەت لە نووسینەکەیدایە. پیاوانی خوێندەواریانم چاو پێکەوتووە کە خوێندوویانەتەوە و هەوڵیان داوە بکەونە شوێن قسەی سوڵتان و ئینجیل بخوێننەوە تا شوێنی عیسا هەڵبگرن و ئیتاعەتی سوڵتانیشیان کردبێت کە گوتوویەتی:

"دۆستان! لە ڕێگای یاسای عیساوە دەتوانن حەقیقەت بناسن- ئەو کەسەی وا،
یاساکانی ڕاستن و عەهدو پەیمانی تەواون".

ئەگەر وابێ و دەبێ سوڵتان ڕاستیش بێت، ئەوا گەلێك شتی نەفامانە- کە هاتوونەتە ناو تۆمارەکانیانەوە، لەلایەن دەستانی دیکەوە تێکەڵاو بووە، وەك هەندێ کەسی دەسەڵاتداری باش لە ناوخۆیاندا ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن. کاتێ کتێبی عیسا، دەڵێ: دزەکە هەمان ڕۆژ چوو بۆ بەهەشت، لازار ڕاستەوخۆ چووە بەردەمی ئیبراهیم و پیاوە دەوڵەمەندەکە چاوی خۆی لە جەهەننەمدا کردەوە. کاتێ گوتراوە: " لە لەشت دەرکەوە و بچۆرە خزمەت خودا" ئەم ڕاگوێزانە چۆن دێتە گونجان؟

لێرەدا من سەرنجیانم بەرەو نەزرو نیازێك ڕاکێشاوە کە ئێمە بە هۆی ئەوەوە دەبینە "بێ خەوشی ئەبەدی". هەروەها بەرەو گرنگایەتی کۆبوونەوەکانی عیسا- واتە "جەم" کە کلیسا

بێت و بەرەو ئەو ڕاستیەش کە موژدەدەرێکی وەفادار، موژدەی دابوو "بەزوویی دێت" و ئەوەی "با بڕۆین و چاومان پێی بکەوێت"- هەمووش هەر بە شیعری خۆیان.

دەزانم کتێبەکەم (جیا لەو شیعرەی بەتایبەت بۆ ئەوانم گوتووە)، بۆ کورد و لوڕ نووسراوە و لەلایەن ئەوانیشەوە، پیشوازیی لێ دەکرێت؛ هەروەها یارمەتیدەرێك دەبێت و بۆ موژدەدەرانیش. کاتێ ئەو خەڵکە بەرەو خوێندەوەی ئینجیل هان بدرێن و بەرەو ئەو لایە پاڵیان پێوە بنرێت، چ ئاکامێکی سەمەرەی ناتوانرێ لێ چاوەڕوان بکرێت! پێشتر لەمەسەلەی "عەلی ئەشرەف خان"دا کە بە تەواوەتی ڕوون بۆتەوە نەك هەر ئینجیلی خوێندۆتەوە بەڵکوو زۆربەی ژیانی عیسای خوداوەندیشی بە شیعری تورکی هۆندۆتەوە. ئەو زاتە، قوتابی و لایەنگری نزیك و بڕواپێکراوی خۆی لە ڕاستەقینەیەکی سەرسوڕهێنەری ئەوتۆ ئاگادار کردۆتەوە کە مرۆڤ حەز دەکات هەموو "واعیز"و موژدەدەرێکی مەسیحی گوێی لێبوایە و جێژی لێ بدیتایە- وەك ئەوان چێژیاسن لێبرد. هەروەها نیعمەتوڵڵا، ئینجیلێکی هەبوو گەلێك سروودی لێ وەرگێڕایە سەر کوردی، بەڵام تەفسیر و پاشکۆی خۆی لێ زیاد کرد.

خەڵکەکە ئەم ڕاستیانە گەلێك بە پیرۆزی و بە نهێنی دەپارێزن و هەر کەسێك یەکێ لەو ڕازە نهێنیانە ئاشکرا بکات، ڕووبەرووی مەترسی سزادران لەلایەن "جەم" دەبێتەوە. نیعمەتوڵڵا، بەهۆی کتێبەکەی و هەوڵێکی کەم بۆ دەرخستنی مەسەلەکانەوە ڕێزی زۆری لێ دەگیرێ.

زانیارییەکانی ناوبراو ئەنجامی زەحمەت و ئەرکی زۆر و دەرمان و عیلاجکردنی بێ چاوەڕوانیی نەخۆشان لە ماوەی چل ساڵی ڕابوردوودایە.

من [ئەم زانیارییانە] دەخەمە بەردەستی ئەو برادەرانەم کە بڕوایان بە زاتی خودایە، هەمووی بەو هیوایەی هانیان بدەم لەم دەروازە ئاواڵەیەوە بچنە ژوورەوە و بگەنە ئەو خەڵکەی وا لەو پەڕی میهرەبانی دان و پێگەیشتنیان کارێکی گونجاوە. من جارجار هەندێ لە شیعرەکانی خۆم بۆ کەسانێك خوێندۆتەوە کە بە توندیی هەژاندوونی و وەك منداڵێك گریاندوونی. هەر ئەوەندەی کەسێك دوای ناسیاوییەکی ئاسایی، دۆستایەتی ڕاستەقینەیان پێ بنوێنێت، کاتێ هەندێ لەو ڕەمزو ڕازانە دەکرێنەوە، لەگەڵ ئەو کەسەدا دڵ ئاواڵە دەبن و تەنانەت ژنانیان ڕووبەندی بۆ هەڵدەگرن.

پیاوەکان، بەهاسانی و بەهۆی سمێڵی هەڵنەپاچراویانەوە، کە وەقفی پیر میکاییل کراوە دەناسرێنەوە، خەڵکێکی میواندار و میهرەبانن و سەرەڕای جیاوازیی ئایین، بەنیسبەت خەڵکانی دیکەوە گەلێك خێرومەندن. ئەو موسوڵمانانەی وا لە گوندەکاندا ئاغایەتییان دەکەن، لەوان گەلێك ڕازیترن تا وەرزێرە موسوڵمانەکان، بەڵام لە هەندێ خراپەکاریدا کە هەندێکیانم دیتووە، تەنانەت لە موسوڵمانانیش نزمترن.

دەگوترێ سوڵتان [سوهاك] لە "بایەباز" [واتە یاسا و پەیمان]دا، ئینجازەی مارەکردنی چەند ژن هەروەها تەڵاقی نەداوە. بەڵام بەداخەوە لەم بارەوە، نەریتی موسوڵمانانی دەوروبەریان ڕەچاوکردووە. بەهۆی ئازارو جەزرەبەدەرانی پێشوویانەوە، فێڵی "تەقیە" لەناویاندا برەوی هەیە. نموونەکەی گۆڕینی کاتی ڕۆژوگرتنە لە هاویندا. کە خستوویانەتە زستان —بەحیسابی ئەوەی موسوڵمانی "چقڵ" واتە بێگانان چاویان پێیان نەکەوێ. جا دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە، بەهۆی ئەم ترسە ئاینییەوە، چەندەها ڕوانگەی ئیسلامی و ڕێزگرتن لە ئیمامان و ...هتد، چۆتە ناو ئاینینەکەیانەوە.

لەم وتارەدا، من لە دۆزینەوەی سەرەهەودای گەلێك دیاردەی ناوقسەی ڕاستەقینەی سوڵتان و پیرەکانی دوای ئەودا سەرکەوتوو نەبووم. هەروەها پیرۆزایەتی نووسین و داخوازی بۆ تۆمارکردن، ڕەنگە بووبێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێ دیاردەی ناڕەسەن کە درەنگتر وەك بەشێك لە "کەلام"ی ڕاستەقینە لە نەسلێکی ژێر گوشارەوە گەیشتبێتە تۆرەمەیەکی نوێ. پاشان جیلی نوێ وەك بابەتێکی ڕەسەن و بێ خەوش خستبێتیانە نێو دەفتەرەکانەوە.

دەبینم "م. مینۆرسکی" لە مۆنوگرافە فەرەنسییەکەیدا، بە میهرەبانییەوە، هەواڵی ئەو یارمەتییە کەمەی ڕاگەیاندووە کە من پێم دابوو. من کتێبە گەورەکەی نیعمەتوڵڵام دابوویەو ئەویش بە تەمایە، زەمانێك چاپی بکات. با ئاواتەخوازی سەرکەوتنی بین تا بتوانێ زانیارییەکی تەواو لە سەر ئەو فیرقە سەرنجراکێشەی ڕەمزوڕازی خۆی تا ئێستا بۆ هیچ کەس نەکردۆتەوە، بە جیهانی پێشکەوتوو بگەیێنێت.

سەعیدخان

تاران، ئێران

ئەم واترە لە گۆڤاری گزینگ چاپی سوئێددا بڵاو کرایەوە.

# کتێبی پیرۆزی ئێزدیان

ئا. مینگنە[257]

ئەم وتارە سێ لاپەڕەییەم لە گۆڤاری ئەنجومەنی ئاسیایی پادشاهی بریتانیا و ئیرلەندە ی ساڵی ١٩٢١ دا چاوپێکەوت و وەرمگێڕایە سەر کوردی. گۆڤارەکە ئێستاش هەر هەیە و بە زمانی ئیبنگلیزی لە لەندەن دەردەچێت، تایبەت کراوە بە بە وڵاتانی ئاسیایی. ناوەندی ئەنجومەنەکە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندیشی هەیە کە نوسخەیەکی شەرەفنامەی بدلیسی تێدا پارێزراوە و من کە کتێبی "٣٥ دەستنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهاندا"[٢٥٨] باسم لێوە کردووە. دەگوترێت ئەوە یەکەمین نوسخەی شەرەفنامە بێت کە گەیشتۆتە ئوروپا و سێر جۆن مالکوم یەکەمین باڵوێزی بریتانیا لە ئێران لە ساڵانی دوای ١٨١٠ دا بردبێتیە لەندەن. نوسخەکە هی عەبباس میرزای وەلیعەهدی فەتحعەلیشای قاجار بووە و شای ئێران بە دیاری ناردوویەتی بۆ ئەمانوڵلاخانی گەورە- والی ئەردەڵان، ئەویش دوای ئەوەی پاشکۆیەکی لە لایەن مەلا ئیبراهیم ئەردەڵانییەوە لێ زیادکراوە، بە دیاری داویەتی بە مالکۆلم. ئەو پاشکۆیەش وەك شەرەفنامە خۆی، بە فارسی نووسراوە و باسی مێژووی ئەردەڵان دوای شەرەخانە هەتا ساڵی ١٨١٠ و من بە هاوکاری "خاتوو نەسرین برنا"، هاوڕێ لەگەڵ تەرجەمەی کوردیدا سەرەتا لە ساڵی ١٩٩٧ لە چاپەمەنی نەورۆز لە سوئێد، پاشان بە ناوی "دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی"وە، پێکەوە لەگەڵ ذەیلی ئەگیل و پاڵوو بڵاوم کردەوە.[٢٥٩]

هەرچۆنێك بێت، وتارەکەی مینگەنەلە بەشی "نامەی هەمە چەشنە"ی گۆڤارەکەدا چاپ کراوە و وێدەچێ نامەیەك بووبێت کە بۆ ساغکردنەوەی بۆچوونی پێشووی خۆی لەمەڕ ناڕاست بوونی کتێبی پیرۆزی ئێزدی، ناردبێتی بۆ گۆڤارەکە.

مینگەنە لە زانستگەکانی بریتانیای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پسپۆڕێکی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بووە و پێنج ساڵ پێش نووسینی ئەم وتارە، وتارێکی لە هەمان گۆڤاردا بڵاو

[257] A. Mingana, “Scared books of the Yezidis”, Journal of the Royal Asiatic Society, London 1921, PP. 117-119.

[٢٥٨] چاپی کتێبی ئەرزان، سوئێد، ١٩٩٧

[٢٥٩] چاپی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥

کردۆتەوە کە تێیدا لە کتێبە پیرۆزەکانی ئێزدیان دواوە و من هیوادارم وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی. هاندەری من بۆ وەرگێڕانی ئەم وتارەش دانپێدانانی نووسەرە لە هەڵەی پێشووی خۆی کە کتێبی پیرۆزی ئێزدیان واتە "مسحەفا ڕەش" ی بە شتێکی تەزویرکراو و دەسکرد ناوبردبوو بەڵام ئێستا لێرەدا پێ لەهەڵەی خۆی دەنێت.

ئێزدایەتی ئایینی دێرینی کوردە و بنج و بناوانی لە خاکی کورد و ناو کۆمەڵگای کورد داکوتاوە. سەرنجدانە سەر ئەو ئایینە و لێکۆڵینەوەی بنەماکانی، ئەرکی ڕووناکبیرانی کوردە. ئەوە وەرگێڕاوی یادداشتەکانی مینگەنەیە.

**وەرگێڕ**

مانگی جوولای ساڵی ١٩١٦ هەر لەم گۆڤارە [واتە گۆڤاری ئەنجومەنی پادشاهی ئاسیایی] لاپەڕە ٥٠٥ تا ٥٢٦ دا، وتارێکم لەسەر ئێزدیان و کتێبە پیرۆزەکانیان نووسی و تێیدا هەوڵمدا هۆی ئەو بۆچوونەی خۆم ڕابگەیەنم کە بنەمای ئەو کتێبە ئێزدییانەی وا لەم دواییانەدا دەرکەوتوون، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ کاری هەندێك تەزویرکاری زیرەك. ئەوەی وا لەو کاتە بەدواوە هیچ شتێکی نوێ دەرنەکەوتووە، پاڵم پێوەدەنێ ڕوانگەی خۆم سەبارەت بە مەسەلەکە بگۆڕم و بە پێچەوانە گەلێك شت ڕوون بوونەتەوە کە پەسندی [ڕاستبوونی] ئەوان دەکەن.

کاپتەن ها. پ.و. هوستن[٢٦٠] ئەندامی پایەبەرزی هێزی سوپایی نێردەی ئێمە بۆ میزۆپوتامیا، کە دەرفەتێکی کەم وێنەی بۆ توێژینەوە لە نەریت و داب و ڕەسمی کۆمەڵگای ئێزدی، یان شەیتانپەرستان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیاندا بۆ هەڵکەوتبوو، بەختی ئەوەشی هەبوو دەستنووسێك بخاتە دەست کە کتێبە پیرۆزەکانی ئێزدیانی بە زمانە ئەسڵییەکەیان تێدا نووسرابووەوە.

ناوبراو کە بڕوای وابوو دەقەکان بە زمانی کوردی نووسراون، دەستی کرد بە نامەنووسین بۆ هەموو ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی وا بە تێگەیشتنی خۆی دەیانتوانی کوردی بخوێننەوە و لە ئەنجامدا دەستنووسەکە بۆ ئەزموون کردن نێردرایە لای من. کە هەر زوو تێگەیشتم جگە لە هەندێ دۆعا و پاڕانەوەی کورت بە کوردی، دەقێکی عەرەبییە و لەو کتێبانەی دیکەی ئێزدیان دەچێت کە من پێشتر بە دووورودرێژی خۆم پێوە خەریك کردبوون.

پەیوەست بە دەستنووسەکە پاشکۆیەکە، کە بۆ مەسەلەی ڕوانینی ڕەخنەگرانە بە کتێبە ئێزدییەکاندا خاوەنی گرنگایەتییە و من دەمەوێ لێرەدا هەموو پاشکۆکە چاپ بکەم:-

---

[260] Captain H P W Hutson

*"سنة ٢٢٠٠ سنة اليونانية سنة ١٨٨٩ سنة المسيحية سنة ١٣٠٥ سنة الهجرية الداعى الديانة اليزيدية بكل وقت امير شيخ اسمعيل بن امير عبدى من ذرية شيخ آدى و هذا الكتاب تاريخ يازيدية سنة ٢١٦٠ كان ضاع و سنة ١٨٨٩ مسيحية جلبه بطرك بطرس على ملة السريان من الهند و وجده و جلبه و وضعه بدير الزعفران و ثانى بتاريخ سنة ١٩١٤ مسيحية انا المذكور تواجهت مع مطران الياس الموصلى و قال لى لنا كتاب بدير الزعفران و حالا سافرت لماردين مع عائلتى و ابنى و حصلت امر المحافظين للدرب من والى الموصل و وصلت لماردين و بعده بكم يوم رحت لدير بعزة و اكرام و جلبنا هذا الكتاب معنا."*

واته "ساڵی ٢٢٠٠ ی یۆنانی که بریتییه له ساڵی ١٨٨٩ ی زایینی و ١٣٠٥ ی کۆچی[٢٦١]، [ئەم دێڕانه له لایەن کەسێکەوه دەنووسرێت که] باوەڕی هەمیشەیی به دیانەتی ئێزدی هەیه، ئەویش ئەمیر شێخ ئیسماعیل کوڕی ئەمیر عەبدی له تۆرەمەی شێخ عەدی یه:

ئەم کتێبه، که باسی مێژووی ئێزدییانه، له ساڵی ٢١٦٠ [١٨٤٩ ی زایینی] دا وون بوو و پترۆس، قەشەی کۆمەڵگای سریان له هیندستان دۆزیبوویەوه و له کلیسەی زەعفەران له نزیك ماردین دایнабوو.

من که ناوم پێشتر گوترا، له ساڵی ١٩١٤ ی زایینیدا لەگەڵ قەشه ئەلیاسی مووسڵی وتووێژم دەکرد. ناوبراو پێی گوتم که ئێمه کتێبێکی ئەوتۆمان له کلیسەی زەعفەران هەیه. دەست به جێ لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکەمدا چووم بۆ ماردین و له لایەن والی مووسڵەوه هەندێ پاسەوانمان لەگەڵ کەوتن بۆ ئەوەی له ڕێگا ئاگایان لێمان بێت. چەند ڕۆژێك دوای ئەوەی گەیشتمه ماردین و له کلیسەکەدا ئیستراحەتم کرد به ڕێز و ئیحترامەوه، کتێبەکەمان لەگەڵ خۆماندا هێنا."

لەم پاشکۆیەدا واهەیه چەند خاڵی بچووك بەڵام به سوود هەبێت:

ئا) پاشکۆکه بێگومان به هەمان دەستخەت نووسراوەتەوه که دەستنووسەکه خۆیشی پێ نووسراوه.

ب) تێیدا ڕوخساری شێخێکی ئێزدی دەبینین که سەبارەت به بوونی کتێبێکی ئایینی خۆیان له ناو کۆمەڵگاکەیاندا هیچ هەواڵێکی نییه و قەشەیەکی دیان له ساڵی ١٩١٤ ی زایینیدا کتێبەکەی بۆ ئاشکرا دەکات.

پ) ئەم کتێبه ئایینیانه له ساڵی ١٩٤٩ دا به شێوەیەکی نەزانراو له چیای شنگاڵ بێ سەر وشوێن چوون و بەختەوەرییەکی نا ئاسایی بووه هۆی ئەوەی له ساڵی ١٨٨٩ دا له هیند بدۆزرێنەوه. بۆ کوێ براون، چۆن و کەی؟ کەس نازانێ.

---

[٢٦١] به بەراوردی من، ساڵی ١٣٠٥ ی کۆچی بەرانبەر دەبێت لەگەڵ ١٨٨٧ ی زایینی (وەرگێر)

بۆ ئەو کەسانەی وا حەزیان لە ئایینی ئێزدی و کتێبە ئایینییەکانیانە، واهەیە کارێکی بەجێ بێت کە بڵێین دوای ڕێکەوتی نووسرانی وتارەکە [ی پێشوو] ی من لەم گۆڤارەدا، سێ نووسراوەی گرنگ سەبارەت بە مەسەلەی ئێزدیان بڵاو بۆتەوە:

1. A. Dirr, Einiges Uber die Jaziden (Anthrops, 1918, 558 – 74);
2. Isya Joseph, Devil Worship, pp.200, (Boston, 1919); and
3. F. Nau, Recueil de tarries sur les yezidis (Rev. de lor. Chret, 1917, pp. 142-200, 225-227).`

ئەم واترە لە ژمارە ١٨٩ ی گۆڤاری سروە چاپی ورمێدا بڵاو کرایەوە.

بەڕێز کاك مەعروف کەعبی، وەڵامی چەند پرسیار:

## خانەقا و پەروەردە

ئەوەی پێی دەگوترێ خوێندنی ئایینی لە کوردستان و بە گشتی لە بەرانبەر پەروەردەی فەرمی واتە دەولەتیدا دادەنرێت، دیاردەیەکی کۆنە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەدە و ساڵانێکی زۆر. سەرەتا و دەسپێکی بۆ من ڕوون نییە بەڵام بێگومان لەپەیوەندی ئایینی ئیسلامدایە و بە شێوەیەکی سروشتی، دەبێ پێشتریش پەروەردەی زەردەشتی و ئایینە کۆنەکانیتر لە نوێژگە ئایینییەکان یا بە تەنیشت ئاورگەکانیانەوە، بوونی بووبێت.

بەم سەرەتایە، دەمەوێ بڵێم من فێرگە و مەکتەب و حوجرەی فەقێیان لە پەیوەندی مزگەوتدا دەبینم نەك خانەقا. تەکیە و خانەقا وەك دەزگایەکی برەوپێدەری تەریقەت، ئەرکی تایبەتی خۆی هەبووە کە بێ ئەوەی لە ئیسلام و ئیسلامەتی جیاواز بێت، سەربەخۆییەکی لە مزگەوت هەبووە واتە پەرژاوەتە سەر ئەو شتەی کە ئێمە بە تەسەووفی دەناسین و زەوق و حاڵ و زیکر و سەماع و پەنابردن بۆ پیری دەستگیر و "عیشق" ی خودا و خۆش ویستنی مەخلووق- وەك ئیشراقی زاتی خودا، و بڕوا بە "وحدت وجود" و لە ئەنجامدا، فنافی الله بوون وفەوتاندنی هەر نیشانەیەك لە "خود" و یەکگرتنەوە لەگەڵ "ئەو" کە خودا بێت. من نەمزانیوە و نەمبیستووە بۆ دیاردەی تەریقەت لە ناوچەی ئێمەدا خوێندنگە و فێرگە هەبووبێت واتە تەریقەت بە دەرس گوترابێتەوە و دەرس بێژی بووبێت گەرچی وەك وانەیەك لە وانەکانی فەقێیانی حوجرە و مزگەوت و بەشێك لە کەلام و فەلسەفە، باس لەو شتانە دەکرا و گەلێك مەلای مزگەوت دژی دەوەستان و لە هەندێك شوێن دەگوترێ کە ئیجازەی هاتنی ئەهلی تەریقەتیان بۆ مزگەوتەکانیش نەدەدا.

بە پێچەوانە، خوێندن، خوێندنی "ئایینی" و لە پەیوەندی مزگەوتدا بووە. "حوجرە"، ژوورێك یا چەند ژووری بەمزگەوتەوە لکاو بووە کە دەرسی تێدا خوێنراوە. "فەقێ"، خوێندکاری مزگەوتان بووە ومەلای دەرس بێژیش مەلای مزگەوتەکە یا یەك لەمەلایانی سەر بەمزگەوتەکە بوون. تەنانەت ئەگەر شێخی خانەقایەك ویستبێتی لە خانەقاکەیدا، بۆنموونە لە خانەقای بورهان یا زەمبیلی دەوروبەری بۆکان، فەقێ ڕابگرێت، بە دەگمەن وابووە هەر خۆی دەرس بێژیی بکات بەڵکوو بۆ ئەم کارە "مەلا" و دەرس بێژی ڕاگرتووە. واتە تەنانەت لە

خانەقاشدا حوجرەی فەقێ و دەرس و خوێندنی سەربەخۆ بووە لە ئەرك و كاری ئیرشادی شێخەكە خۆی. هێمنیش نەمبیستووە لەلای شێخ یۆسف شەمسەددین دەرسی خوێندبێت بەڵكوو لە خانەقای ئەودا لە لای فەوزی و كەسانیتر دەرسی خوێندووە. من كاتی پێداچوونەوەی سەرەتای تاریك وڕوونم نییە بەڵام تكادەكەم خۆت ئەم كارە بكەی و ئەگەر غەیری ئەوە بوو كە گوتم، منیش ئاگادار بكەیتەوە.

خانەقاكان دوای هاتنی ڕەزاشا و سیاسەتی دژی ئایینی ئەو گلۆڵەیان هەندێك كەوتە لێژی و جێیان پێ لێژ بوو، بەڵام هەر مان و دانەخران. ڕەزاشا و كوڕەكەی، وەك حاكمانی عیراق و تەنانەیت ئینگلیزییەكان لە عیراق، خاتری شێخەكانیان دەگرت وپەیوەندێكیان لەگەڵیان هەبوو. حاجی بابەشێخی برای سەیدی زەمبیل لە سەردەمی ڕەزاشادا جێگەی ڕێزی مەئمووڕانی حكوومەتی بوو. ئەدمۆندز تەنانەت باسی حقووق بگیریی شێخ بەهائەددینی نەقشبەندی لە ئینگلیزەكان دەكات، شێخ عوسمانی نەقشبەندی دوای بەرنامەی دابەشكردنی زەوی لەعیراقی سەردەمی قاسمدا، هاتە دیوی ئێران و ڕێزی لێگیرا و مڵك وماڵی درایە. سەفەری شێخ عوسمان لە سنەوە تا شنۆ و ورمێ لە ساڵانی كۆتایی ڕژیمی محەممەد ڕەزا شادا، وەك سەفەری وەزیر و سەرەك وەزیرێك دەچوو، كە هەموو ئیدارە دەوڵەتییەكان لە شارەكانی سەر ڕێگەیدا كارهاسانییان بۆ كرد. شێخ هادی لە شاری قوروە، بۆ داكۆكی كردن لە ڕژیمی شا لە برگەی ساڵی ١٣٥٩ دا تاقمی "چۆماقدار" ی دروست كردبوو.

بەڵام خانەقا خۆی لەژێر كارتێكەریی گۆڕانكارییە سیاسییەكانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ناوچەكە، بۆ نموونە هاتنی هێزە ئورووپاییەكان بۆ ناوچە، دامەزران و هەرەسی كۆماری كوردستان، دەسەڵات سەندنی "حكوومەتی میللی" موسەددیق، ئیسلاحاتی ئەرزیی سەردەمی شا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەپ و پێشكەوتنخواز، دەرچوونی ڕۆژنامە وگۆڤار و دامەزرانی ئیزگە ڕادیۆییەكان و درەنگتر تەلەفیزیۆن و لەم دواییەشدا ئینتەرنێت، خۆی پێ ڕانەگیراوە ولاواز بووە، تەنانەت هەندێك هەوڵی ڕژیم بۆ زیندوو ڕاگرتن و خولقاندنی خورافەی ئایینیش یارمەتییەكی ئەوتۆی بە درێژ كردنەوەی تەمەنی خانەقا نەداوە. هەندێك كۆڕ و ئەنجومەنی "مەولەوی خوانی" لە تەورێز و تاران پەیوەندیان بە شێخەكانی كوردستان بۆ نموونە شێخی زەمبیلەوە گرتووە بەڵام ئەوانەش نەیانتوانیوە خوێنی تازە بخەنە ڕەگی پیرێكەوە كە تەنانەت هیپی گەری و "ڕومی" خوازیی هەندێك لە ڕۆژئاواییەكان نەیتوانیوە "ڕۆژین" واتە "بەڕۆژ" ی بكاتەوە.

سیستەمی پەروەردەی سوننەتی نێو حوجرەی مزگەوت بێگومان بەهۆی پەروەردەی فەرمی دوای ڕەزاشاوە زیانی لێکەوت و هەندێك لایەنی باشی ئەو پەروەردەیەش لە ناوچوون. نموونە لەو لایەنە ئەرێ ییانەی پەروەردەی ناو حوجرە بریتین لە:

- سیستەمی دەرس خوێندنی یەك بەیەك،
- "بەڵێ بابە!" گوتن و چۆك بەچۆکەوەنانی مامۆستا و شاگرد،
- هەڵبژاردنی مامۆستا بە کەیفی فەقێ لەم شار و لەو گوند،
- لەم یا ئەو پارچەی کوردستانەوە چوون بۆ ئەوی تر،
- تاڕادەیەك "بەخۆڕایی" بوون و دابین کرانی ژیان و مەعاشی فەقێ لەلایەن حوجرە و بەڕێوەبەری حوجرەکەوە (کە ئاغا و ڕەعیەتی گوندەکان بوون)،
- شێوازی "ئیجازە" وەرگرتن، واتە "فارغ التحصیلی" موستەعیدەکان،
- هەروەها ئەو ڕاستییەی کە زوربەی هەرەزۆری فەقێکان لە بنەماڵەی هەژار و دەست تەنگ بوون، تەنیا بەشێکن لە لایەنە باش و ئەرێیەکانی خوێندنی نەریتی.

لایەنی سەلبی ئەو چەشن خوێندنە:

- یەکەم ماددە دەرسییەکان واتە بابەتی خوێندنیان بوو کە لە ماوەی چەند سەدەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە سەردا نەهاتبوو و مەلا و زانا و تەنانەت بلێمەتە کوردەکانیش وەك قزلجییەکان تەنیا "حاشیە" یان لەسەر کتێبە کۆنەکان دەنووسی و پێکهاتەی گشتی بابەتەکانیان وەك خۆیان دەهێشتەوە و دەستیان لێ نەدەدان. بۆ نموونە، لە دەرسی هەندەسەیاندا هەندەسەی ئوقلیدۆسی دەگوترایەوە کە بەگوێرەی ئەو، زەوی بریتی بوو لە دەشتاییەکی ساف کە کێوی قاف دەوری تەنیوە و دوای کێوی قافیش بەحری قولزم هەیە کە کەس نەیدیوە و ناشتوانێ بیگاتێ.
- لایەنی نەرێی دیکەی کارەکە ئەوە بوو وانەی فارسی و عەرەبی تێدا دەگوترایەوە بەڵام هیچ دەرسێکی کوردی تێدا نەبوو، گەرچی زمانی تەعلیم زیاتر کوردی بوو و لە قۆنەغەکانی سەرەوەدا عەرەبیشی تێکەڵاو دەبوو.
- لایەنێکی دیکەی نەرێ یی، چاولەدەستیی فەقێ بووکە بۆ ژیانی ڕۆژانە دەبوایە "دەقنە" لە ماڵان بێنن و خواردنی سێ ژەمەیەن لە ڕێگای ئەو خێر وخێراتەوە دابین بکەن کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سواڵ کردن نەبوو. "ڕاتبە" و "مووچە" و "بەرات" ی سالانەیفەقێش چ دەوڵەمند و حاجی ناودێ بیاندایە، چ ئاغای دێ — کە بەگشتی ئەوی دووهەمیان بوو، پێویست بە دەم لار کردنەوە و پاڕانەوە هەبوو و هەندێك جارڕادەی هەژاری و موحتاج و ئاتاجیی فەقێ شێوازێکیی ئەوتۆی

بەخۆیەوە دەگرت کە لە گوتن و نووسین نایەت. ژیانی ئابووری فەقێ لە کوردستان هەرگیز باش نەبووە.   من خۆم هاتوچۆی حوجرەی گوندی سەرا و باغڵووجە و بوغدەکەندیی دەوروبەری بۆکانم کردووە و چەرمەسەریی ژیانی فەقێم بینیوە.

بە بۆچوونی من خوێندن لە حوجرەی فەقێ و لە قوتابخانەی فەرمی دەوڵەتیدا دوو دیاردەی جیاوازن و ئەوە بیرێکی بەڕێ وجێ نییە لامان وابێت دەبێ بە هاتنی پەروەردەی فەرمی پەروەردەی مزگەوت لەناو بچێ. ئەوەی پەروەردەی مزگەوت و حوجرەی لەناو برد، لە ڕاستیدا فەوتانی فیئودالیزم بوو دوای ئیسلاحاتی ئەرزی چلەکان (شەستەکانی زائینی). پشگیر و دابینکەری سەرەکی ژیانی فەقێ و مەسرەف و خەرجەکانی ئاغاوات بوون و بە نەمانی ئەوان ئەمیش بەرەو لاواز بوون و نەمان ڕۆیشت.

ئەو پرسیارەش کە بۆچی لە گوندێکی وەك تورجان مەدرەسەی ئایینی هەبووە و بۆنموونە لە گوندێکی تر نەبووە هەر لەم ڕێگەیەوە وەڵام دەدرێتەوە. ئەوە ئاغاکان بوون کە ئیجازەی کرانەوەی حوجرەیان دەدا و خەرجی فەقێیان دابین دەکرد. دەبوایە ئاغا یا خاوەن مڵك کەسێك بوایە کە بایەخی بە کاری پەروەردە بدایە، ئینجا مەلا و دەرس بێژی باش بە مووچەی باش ڕابگرێت، شوێنی حاوانەوەی فەقێ و خەرج و مەخاریجی دابین بکات — کارێك کە هەموو ئاغایەك نەیدەکرد و بۆنموونە لە تورجان "وەقف" هەبووە بۆ مزگەوت و حوجرە و بەشێك لە داهاتی ساڵانەی گوندەکە دەبوایە تەرخانی ئەو دوو ئەنستیتوتە بکرێت. ماڵی حەمەدئاغای عەبباسی خەرجی حوجرەی مزگەوتی سەرا و بوغدەکەندییان دەدا کە هەردوکیان مڵکی خۆیان بوون. ئاغاکانی بۆکان واتە بنەماڵەی ئێلخانی زادە و موهتەدیش بۆ ئەم کارە باش بوون و لە بۆکان و حەمامیان مەلا و مزگەوت و حوجرەی فەقێیان بەڕێوە دەبرد، نازانم لە گوندەکانی دیکەیانیش ئەو شتانە هەبوون یان نا.

پرسیاری ئەوەت کردبوو بۆچی گوندەکانی دیکەی دەوروبەری تورجان مەدرەسە و دەرمانگایان نەبوو؟ ئەگەر نیازت لە دەرمانگای دەوڵەتی بێت، کە ئەوە کاری حکوومەت بووە و جگە لە بۆکان نەمبیستووە لە شوێنی دیکە دەرمانگا بووبێت. ئەگەر مەدرەسەی دەوڵەتیشت نیاز بێت دەبێ بڵێم تا کاتی ئیسلاحاتی ئەرزی ١٣٤٢ ئیجازەی کرانەوەی قوتابخانەی دەوڵەتی لەگوندەکانیش بە دەست ئاغا و خاوەن مڵکی گوندەکە بوو و بە بێ ئیجازەی ئەوان ئیدارەی فەرهەنگ (دواتر آموزش وپرورش)، نەیدەتوانی مەدرەسە لە هیچ گوندێك دابنێت. ئەو یاسایە لە ناوچەی ئێمە واتە لە کوردستان هەبوو ئیتر ئاگام لە شوێنەکانیتری ئێران نییە. بۆ نموونە، کاتی من دەرسی "دانشسرای مقدماتی رضائیه" م تەواو کرد لە پایزی ١٣٤١ دا دەبوو ببم بە مامۆستای گوندێکی بۆکان. باوکم کە بەرگدرووی

ماڵی ئاغاکانی بۆکان بوو تکای لە حاجی ئەبوبەکر ئاغای موهتەدی کرد ئیجازە بدات لە گوندی کولتەپە ی نزیك بۆکان (کە ئێستا بەشێك لە شارەکەیە)، قوتابخانە بکرێتەوە و من ببم بە مامۆستای. حاجی ئەبوبەکر ئاغا کە مرۆڤێکی گەلێك باش و جێگەی ڕێزیش بوو، موافەقەی نەکرد بەڵام ساڵی دواتر ئیجازەی دا و ئیدارەی آموزش و پرورش یش قوتابخانەی تێدا کردەوە و خاڵۆزایەکی من بوو بە یەکەم مامۆستای گوندەکە. هەروەها دوای ئەوەی دیهستانی تورجان لە هاوینی ساڵی ١٣٤١ دا کەوتە سەر شاری سەقز و لە بۆکان جیابووەوە، منیش کە مامۆستای گوندی باغڵوجە بووم کەوتمە سەر سەقز. پوورزایەکم کە تاجرێکی سەقزی بوو قسەی لەگەڵ سمایل ئاغای کوڕی حەمەدئاغای عەبباسی کرد و ئەوانیش ڕازی بوون بۆ ئەوەی لە گوندی "سەرا" ی مڵکی ئەوان ببمە مامۆستا. چەند مانگێك لەوێ و لە دیوەخانی ئەواندا مامەوە، بەڵام بارودۆخی ژیان لە ژێر چاوەدێریی ئەوان و گوشاری ساواك وای کرد کە ویستم لەوێ بڕۆم، جا شوێنی خۆم لەگەڵ کەسێکی تر گۆڕییەوە و چووم بۆ گوندی بوغدەکەندی کە مڵکی حەمەدئاغا بوو بەڵام ماڵ و دیوەخانی ئەوانی لێ نەبوو و بۆ یەکەمجار لە زستانی ١٣٤٢ دا لەوێ قوتابخانەم کردەوە. کە دەڵێم قوتابخانەم کردەوە، لەڕاستیدا ئەوە ئاغاکان بوون کە ئیجازەیان بە ئیدارەی آموزش و پرورش دەدا قوتابخانە لە گوندەکەیان بکرێتەوە و زەوییان دەدانێ بۆ قوتابخانە، دەنا بە بێ ئەو مۆڵەتەی ئەوان کاری وا نەدەکرا.

- ئەگەر نیازتان لە جێگیرکردنی زۆرەملێی عەشایر هەر نیشتەجێ کردن واتە "تختەقاپو" بێت، دڵنیام دەبێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زیادبوونی ژمارەی گوندەکان یا ژمارەی ماڵی ناوگوندەکان بووبێت. بەڵام ناوچەی بۆکان عەشایری گەڕۆکی لێ نەبوو یا لای کەم لە تەمەنی مندا ئەو عەشایرە گەڕۆکە نەمابوون و هەموویان نیشتەجێ ببوون. نەمبیستووە دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی گەرمێن و کوێستانیان کردبێت مەگەر زۆر پێش من.

چەند پرسیار ووەڵامی دۆستانە. بەهۆی گشتی بوونی ناوەرۆك هەستم کرد باش وابێ بڵاو بکرێتەوە بەڵکوو سوودێکی بۆ لێکۆڵەران و خوێنەرانیش هەبێت.

٢٠١١/٠٨/١٨

# نیکیتا خرۆشۆڤ و ئەو دەورەی لە کێشەی دژی ستالینی و لەناو بردنی سۆسیالیزمدا بینی

نووسینی کەثی مەجید

**پێشەکی وەرگێڕ**

ئەم وتارە خاتوو "کەثی مەجید" لە کۆبوونەوەیەکی مانگی جوونی ۱۹۹۳ی "ئەنجومەنی ستالین" ی لەندەن، پێشکەشی کردووە[262].

من، بەداخەوە نووسەری بابەتەکە و ئەنجومەنەکە هیچکامیان ناناسم. دۆستێکی خۆشەویستی خۆم، کە ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی و دۆستی بنەماڵەیی نووسەری وتارەکە بوو، لە هەمان ساڵی ۱۹۹۳ دا، پێشنیاری وەرگێڕانی نامیلکەکەی بۆ سەر زمانی کوردی پێکردم. منیش لەماوەی هەفتەیەکدا ئەرکی دۆستایەتیم بەجێ هێنا و وەرگێڕاوە کوردییەکەم ناردە خزمەتی. ئەوەندەی بزانم دۆستەکەی من و نووسەری بەڕێزی وتارەکە، بە هۆی هەڵوێست گرتنێکی من دژ بە سیاسەتەکانی ستالین لە پەراوێزی یەکدوو لاپەڕەدا، بڕیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوە کوردییەکەیان نەدا و بابەتەکە زۆر و کەم لەبیرکرا. سەبارەت بە نووسەر هەر ئەوەندە دەزانم کە خانمێکی بەڕێزی ئینگلیز و هاوسەری برادەرێکی کوردی ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی بوو .

ئەمساڵ کە ئەو بابەتە لەبیرکراوەم لە ناو یادداشتەکانی خۆمدا دۆزییەوە، هەستم کرد سەرەڕای ئەوەی لایەنگرانە و لە فەزای سیاسیی ئاڵۆزی دوای هەرەسی سیستەمی سۆڤیەتیدا نووسراوە کە تەپ وتۆزی ڕووداوەکان بەرچاوی زۆرکەسی گرتبوو و داوەری کردن لەسەر ڕاست وچەوتیی هەڵوێست سەبارەت بە هوردوگای دابەشکراوی سوسیالیزمی دەیەی پەنجا و شەستی سەدەی بیستەم کارێکی سانا نەبوو. بەڵام ئێستا کە گەلێك لە پەردەکان لادراون و

---

[262] Cathie Majid “N. Khroshchev – His Role in the Anti-Stalin Campaign and in the Destruction of Socialism.”A paper presented to a meeting of the Stalin Society in London in June 1993.

بەرچاو تاڕادەیەکی زۆر ڕوون بۆتەوە. ئیتر ئەرکی خوێنەر بۆ لێك جیاکردنەوەی کاڵ و کوڵیو هاسانتر بۆتەوە و بڕیار لەسەر چۆنیەتی هەڵوێستی لایەنەکان دەکرێ بە بەڵگەی ڕوونەوە بدرێت.

ئاشکرایە بەشێك لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە و کێشەی سیاسی - ئایدیۆلۆجیکی یەکیەتی سۆڤیەتی لەگەڵ چین و ئالبانیا، کە ناوەرۆکی سەرەکی ئەم وتارەیە، شوێنیان داناوەتە سەر گەلانی ڕۆژهەلاتی ناقین بە کوردستانەوە. کەرت بوونی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو، سەرهەڵدانی باڵی ناسراو بە "شۆڕشگێڕ" لەناو هەردوو بزاڤی چەپ و نەتەوەیی کورد و دووبەرەکی نێوان شیوعی و مائۆئیستە کوردەکان، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو ناکۆکییانە بوون کە دوابەدوای مەرگی ستالین و سەرهەڵدانی خرۆشۆڤ لە نێوان دوو قوتبی سەرەکیی هوردوگای سوسیالیزم واتە چین و یەکیەتی سۆڤیەتیدا سەری هەڵدابوو و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کوردیشی تێوەتلابوو. ڕەنگە نموونەی باشی لە دەرکەوتنی "باڵی شۆڕشگێڕ"ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٦٨ و ٦٩ دا بدۆزرێتەوە کە جیا لە بەژنی سەرەکیی حزبەکە، لە باشوورەوە گەڕانەوە ڕۆژهەلات و ئەو چارەنووسە دڵتەزێنەیان تووش هات کە هەمووان لێی ئاگادارین.

ئەم وتارە، زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە ڕووداو و کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسەتی هەردوو بەرەی سوسیالیستی لە نێوان دەیەی ٤٠ تا ٩٠ ی سەدەی بیستەم تێدا کۆکراوەتەوە، کە ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٢٧ ساڵێك بەسەر نووسینیدا، دەکرێ بە یارمەتی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، لە بەرانبەر هەموو یان بەشێکیانا هەڵوێست بگیرێت. ئاشکرایە لەعەینی ئەوەدا کەسانێك هەبن پەسندی هەڵوێستەکانی نووسەر بکەن، زۆرینەیەکی گەلێك زۆریش هەن کە لە بەر ڕووناکایی ڕووداوەکان، دژی دەوەستن و داوەرییەکانی نووسەر ڕەد دەکەنەوە.

خاتوو کەثی مەجید بە گشتی وتارەکەی تەرخانی سیاسەتە ئوروپاییەکانی ستالین و خرۆشۆڤ کردووە و جگە لە ئاماژە کردنێك بە چارەنووسی حزبی شیوعی عیراقی، ئاوڕی لە ناوچەی ئێمە نەداوەتەوە، بەڵام واهەیە بکرێت وەك زیادکراوێکی دەقەکە، ئاماژە بە سیاسەتەکانی ستالین دەرحەق بە کورد بکرێت و لەوانە، هەڵوەشاندنەوەی کۆماری خودموختاری کورد (کۆماری سوور) لە لاچینی قەرەباغ (١٩٢٩) و شاربەدەرکردنی کوردی ئەو ناوچەیە بۆ کازاخستان و کۆمارەکانی دیکەی ئاسیای ناوندی، هەروەها پشتکردنە کۆماری

کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد... هتد. بەڵام وەرگێڕ لە عەینی ئەوەدا هەڵوێست و بۆچوونی خۆی هەیە، لە تەرجەمەی دەقەکەدا بێلایەن ماوەتەوە و بڕیاری بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە.

سپاسی زۆر بۆ ئەو برادەرە بەڕێزانەی وا پێش بڵاوبوونەوە، بە وتارەکەدا چوونەتەوە و ئەو بەڕێزانەش کە بەشی زۆری وتارەکەیان تایپ کرد.

تەرجەمە کوردییەکە پێشکەش بە یادی ئەو گیان بەختکردووە کوردانە دەکرێت کە بۆ داکۆکی لە بیروباوەڕی پتەویان بە خەڵك و دواڕۆژی گەشی هەژاران و چەوساوان، بوونە قوربانیی دووبەرەکی و دژایەتی و شەڕی ناوخۆی هوردووگای سوسیالیزم لەو ساڵانە و دوای ئەودا و بەشێکی زۆریان لە زیندان و بەرەی شەڕدا گیانیان لە دەستدا .

بۆ ئەوانەی وا دەیانەوێت دەقی ئینگلیزی وتارەکە بخوێننەوە یان بەراوردی ڕاست و دروستیی تەرجەمە کوردییەکە بکەن، کۆپیی نامیلکە ئینگلیزییەکەش لە کۆتاییدا دەکەوێتە بەرچاو. بە داخەوە  کەیفییەتی نوسخە ئینگلیزییەکە زۆر باش نییە.

٢٠١٩/ ١٠/٨

**سەرەتای نووسەر**

پاش مردنی ستالین لە پێنجەمی مارسی ساڵی ١٩٥٣ دا، زۆرێك لە کومۆنیستەکان چاوەڕوان بوون مۆلۆتۆف- نزیکترین هاوکاری ستالین کە لەنێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتو دەرەوەدا ناسراو بوو، ببێتە سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی حزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی. دیارە جێگری شیمانەیی دیکە، مالینکۆف بوو کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٢ دا ڕاپۆڕتی کۆنگرەی نۆزدەهەمی حیزبی خوێندبووەوە.

مالینکۆف لە ڕاستیدا تەنیا بۆ ئەوەی "لەسەر داخوازی خۆی" بەرپرسایەتی ئەوتۆی لەسەر شان لابچێت، پلەی سکرتێرییەتی کۆمیتەی ناوەندیی لە حەوتەمی مارسی ١٩٥٣ دا گرتبووە دەست.

لەم قۆناغەدا ناوی نیکیتا خرۆشۆف لە لیستەی ناوی ئەو کەسانە دابوو کە سکرتارییەتیی نوێیان پێکهێنا. مالینکۆڤیش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە سەرۆکایەتیی شۆڕای وەزیرانی بۆ پارێزراو بوو، وا دەردەکەوت هێشتا ڕێبەری سەرەکی بێت. هەر چۆنێك بێت وردەوردە دەرکەوت کە شەڕی دەسەڵات لەنێو ڕێبەرایەتیدا دەستی پێکردوە و خرۆشۆف کە لە سێپتەمبری ساڵی ١٩٥٣ دا خۆی کردبووە سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی، دەبێ دەورێکی سەرەکی لەو شەڕەدا ببینێت.

## دەسەڵات سەندنی خرۆشۆف

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ بەربەرەکانی کردنی ئیمپڕیالیزم بە تایبەت ئیمپڕیالیزمی ئەمریکا، کە خۆی لە بارودۆخی زاڵیەتی ئابووری و سوپاییدا دەبینی و خۆی و هاودەستەکانی ئەرکی بەڕێوەبردنی هێرشێکیان بۆ سەر هوردووگای سۆسیالیزم گرتبووە ئەستۆ، پێویستی بە ڕێبەرایەتیی کردن لە لایەن مارکسیست- لێنیستە لەخۆ بووردووەکان هەبوو. ئیمپڕیالیستەکان هاوڕێ لەگەڵ بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی سیستەمی زیان لێکەوتووی سەرمایەداریی ئەورووپای ڕۆژاوا لە ڕێگەی "پلانی مارشاڵ" و UNRRA و "ناتۆ"وە لەبەرەی ئەیدیۆلۆژیکیشدا هەرایەکی گەورەی پڕوپاگەندەییان دژ بە شۆڕش و سۆسیالیزم خستە ڕێ و لەم بوارەدا کەڵکیان لە ئابووریناسە بۆرژواییەکانو نووسەرە مێژوونووسەکان وەرگرت.

ڕێڤیزیۆنیزمی نوێ وەك درێژەی تیئۆرییە دژی مارکسیستییەکانی ئینترناسیۆناڵی دووهەم و سۆسیاڵ دێموکڕاسی ئەورووپا، [لێرەدا] دەوری چەپەڵی خەیانەتکارانەی بینی. تراژیدیای سەردەمی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەوەدابوو لەجیاتی مرۆڤی وەك لێنین و ستالین، نیکیتا خرۆشۆڤی هەبوو کە ڕێبەرایەتی یەکیەتی سۆڤیەتی و بزووتنەوەی ناونەتەوەیی کومۆنیستی دەکرد .

خرۆشۆف کە لەساڵی ١٨٩٤ دا لە بنەماڵەیەکی هەژاری وەرزێڕ لە "کالینۆڤکا"ی ئەیالەتی "کورسك" لەدایك ببوو، لە ١٩٠٨دا، لەگەڵ دایكو باوکی چوون بۆ ناوچەی کانگاکانی "دونباس" شوێنێك کە وەك شاگرد فیتەر ئیشی تێدا دەکرد .

خرۆشۆف لە ساڵی ١٩١٤ دا، توانی خۆی لە خزمەتی سەربازی بدزێتەوەو درەنگتر لە ساڵی ١٩١٥ و ١٩١٦ دا، یارمەتی بەڕێوەچوونی مانگرتنێکی کرێکارانی کانگای دا، بەڵام وەك "مارك فرانکلەند" دەنووسێت: "وا دەردەکەوێ لەم کارەدا لە جیهانی ئیشو کاری خۆی بەولاوەتر نەچوویێت". گەرچی ڕێکخراوی ناوچەیی " یوزۆڤکابۆڵشڤیك" تا ئۆکتۆبەری ١٩١٧، نزیکەی ٢٠٠٠ ئەندامی بەخۆیەوە بینیبوو، خرۆشۆف لە ساڵی ١٩١٧ شدا هێشتا نەبووبووە "بۆڵشویك" و باوەکوو تا ئەوساڵە گەیشتبووە تەمەنی ٢٣ ساڵان، بە ڕوونی نەیدەزانی دەبێ چ بکات(بە پێچەوانەی ئەو، "گاگانۆڤیچ" لە ساڵی ١٩١١ و لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لەگەڵ بۆڵشویکەکان کەوتبوو).

ئاکام وەرگرتنی "فرانکلەند"ئەوەیە لە ساڵە ١٩١٧ و دواتریشیدا، تەنیا بۆچوونی پراکتیکاڵ بوو کە خرۆشۆڤی دەبزواند. هۆی بابەتەکەش ئەوەبوو دەرەتانێکی یەکجار کەم و سروشتێکی لاوازی بۆ توانای ڕووناکبیرانە هەبوو. لە کاتێکدا هەموو ئۆکرایین بەدەست ئاڵمان و هاودەستە

ناسیۆنالیستەکانیانەوە بوو و ملّك‌و ماڵی خاوەن زەوییەکانی ناوچە بەسەر وەرزێڕاندا دابەش کرابوو، بنەماڵەی خرۆشۆف گەڕانەوە نێو گوندەکەی خۆیان. ئەو خۆی لە ساڵی ١٩١٨ دا چووە ناو حیزبی بۆڵشویکەوە و لە پاییزی هەمان ساڵدا نێردرایە بەشی سیاسی سوپای نۆهەم و ئیشەکەی ئەوێی بریتی بوو لە شەڕی دژ بە "دێنیکێن" جەنەڕالی دژی بۆڵشویك لە باکووری "دونباس"، بەم پێیە دەوری خرۆشۆف لە شەڕی ناوخۆییدا تاریك دەمێنێتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٢ دا بوو بە سکرتێری حیزب لە کۆلێجی تەکنیکاڵی "دۆن" لە "یوزۆڤکا"- ئەو شوێنەی وا بۆ یەکەمجار لەگەڵ مارکسیزمدا ناسیاویی پەیداکرد، گەرچی "وەرگرتنی ڕووناکبیرانەی لە مارکسیم، هەمیشە هەر سەرەتایی مایەوە"(فرانکلەند) .

ئاپریلی ساڵی ١٩٢٥ کە "لازار گاگانۆڤیچ" کرایە سەرۆکی حزبی ئۆکڕایین، ئەویش بوو بە سکرتێری ناوچەیی حزب‌و لە کۆنفرانسی ١٩٢٩دا دژ بە بوخارینیستەکان‌و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست، وتاری داو دژ بە کۆتایی پێهێنانی [پلانی]"نێپ" وەستا .

هەڵدانی خرۆشۆف دوای ئەوەی لە پاییزی ساڵی ١٩٢٩ دا چووە ئاکادیمیای پیشەسازی مۆسکۆ، گەلێك بەرچاو بوو. لە ساڵی ١٩٣٩ لە حزبی[کومۆنیستی] شاری مۆسکۆ دا، کرایە دووهەم کەسی دوای "لازار گاگانۆڤیچ"، ئینجا لە ساڵی ١٩٣٤ و لە کۆنگرەی حەڤدەهەمی حزبدا، بە ئەندامییەتی کۆمیتەی ناوەندیی حزب هەڵبژێردرا. لە مانگی مارسی ١٩٣٥ دا، بوو بە جێگری "لازار گاگانۆڤیچ" واتە بەڕێوەبەری حیزب لە هەموو ناوچەی مۆسکۆدا.

پێنج ساڵ دواتر، خرۆشۆف لە ناوێکی وونەوە هەڵیدا و گەیشتە ڕێبەرایەتی مەزنترین ڕێکخراوەی حزب لە وڵاتدا.

لە جانیوەری ١٩٣٨ و دوابەدوای پاك کردنەوەیەکی حزبی لە ئۆکڕاین، خرۆشۆف وەك جێگری سکرتێری یەکەمی حزب نێردرایە شوێنەکە.

ئۆکڕاین بە هۆی پەرەسەندنی کاری نازییەکانەوە، ناوچەیەکی هەستیار بوو. بە کردەوە خرۆشۆف لە ئۆکڕاین بەرپرسی بە کۆڵلێکتیو کردنی زیاتری کاری کشتوکاڵ بوو، بەڵام دەرکەوت بە هۆی سیاسەتی گرژی بە رووسی کردن‌و یەك لەوان، خوێندنی بە مەجبووری زمانی رووسی لە هەموو فێرگەکانی ئۆکراینددا، نەك هەر گیروگرفتی کەم نەکردەوە، بەڵکوو بوو بە هۆی خولّقانی تەنگ و چەوڵەمەی زیاتر .

هێرشی ئاڵمان لە ٢٢ ی مانگی جوونی ١٩٤١دا دەستی پێکردو هەموو ئۆکراینی ڕاماڵی. سوپای سۆڤیەتی تەنیا دوای [شەڕی] ستالینگراد توانی خارکۆڤ و لە ساڵی ١٩٤٣ شدا، "کییەڤ" ئازاد بکات، ئینجا بە ئازاد بوونی "لڤۆڤ"، هەموو ئۆکراین لە دەستی نازییەکان هاتەدەرێ. ئەودەم خرۆشۆف وەك ڕێبەری حزب و سەرەك وەزیرانی ئۆکڕاین، بەرپرسی

ئەرکی بنیاتنانەوە بوو. هەر چۆنێك بێت لە ساڵی ١٩٤٦دا وا دەر دەکەوت کە ئاسۆی کار و چالاکی خرۆشۆف زۆر ڕوون نەبێت؛ مۆسکۆ بە توندی ڕەخنەی لێدەگرت کە بۆ مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی پروپاگەندەی ناسیۆنالیستیو دژی سۆسیالیستی ناوچەکە هیچی نەکردووە. هەروەها لە سالی ١٩٤٧دا بەهۆی شکست لە مەسەلەی پێشکەوتی کشتوکاڵەوە سەرکۆنە کرا و لەسەر ئیشو کار لابرا، ئینجا گاگانۆڤیچ لە جێگەی دانرا. هەرچۆنێك بێت وا دەردەکەوێت کە بە هۆی فێڵبازیو ماستاو کردنەوە، خرۆشۆف توانیبێتی هەموو هەڵەکان بخاتە ئەستۆی خەڵکانی دیکە و بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات .

بەهۆی بەرەوپێش چوونێکی هێدی و لەسەرخۆوە کە چۆنیەتییەکەی ڕوون نییە، لە دیسەمبەری ١٩٤٢ دا وەك سکرتێری یەکەمی حزبی مۆسکۆ گەڕایەوە شارەکە. واهەیە بتوانین بڵێین هەڵدانی سەرلەنوێی خرۆشۆف بۆ دەسەڵاتداریی، لە ڕێگەی فێڵبازیو دووڕوویی تێکەڵ لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی زەق بوە، ئەویش کەم بوونەوەی جێگەی داخی ژمارەی کادیرە باشەکان بووە لە ئەنجامی کوژرانی زۆرێکیان لەلایەن نازییەکانەوە .

دوابەدوای کوژرانی "ژدانۆف" (ڕێبەری سەردەمی شەڕی لینینگڕاد) لە ساڵی ١٩٤٠و لابرانی بەرپرسان لەسەر ئیشو کار، خرۆشۆف لە شوێنێکی بەتاڵی کۆمیتەی ناوەندی دانرا و گەیشتە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە، کە دوای مردنی ستالین دەیتوانی بۆ هێنانی دۆستو برادەرانی خۆی بۆ ناو حیزبو سوپا و لابردنی ناحەزان لەسەر ئیشو کار کەڵکی لێ وەربگرێت. شتێکی گونجاوە هەموو ئەو پیلانانەی خرۆشۆف بۆ دەسەڵات سەندنی زیاتری خۆی دایڕشتن، لە ژێر ناو و دروشمی "ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ"دا دەدران، گەرچی ئەو لە ڕاستیدا بە هێمنی بەڵام بە دڵڕەقییەوە بەرەو دەسەڵاتی تاکە کەسی دەئاژوا.

یەکەم هەنگاوی خرۆشۆف ، گەڕاندنەوەی "ژوکۆف" بوو بۆ سەرحوکم. ژوکۆف سەردەمێك مارشاڵی سۆڤیەتی لەشەڕی دووهەمی جیهانیدا و برادەری ئەیزەنهاوێر بوو کە ستالین لە ساڵی ١٩٤٩دا لەسەر کاری وەلا نابوو. خرۆشۆف کردی بە وەزیری بەرگریو جێگری بۆلگانین. هەنگاوی دواتری خرۆشۆف دژ بە "بێریا" هەڵێنرایەوە- مارکسیست لینینیستێکی بێ خەوشو وەزیری ناوخۆو سەرۆکی ئاسایشی دەوڵەت. بێریا دوای ڕاپەڕینی دژی شۆڕشی بەرلین لە مانگی جوونی ١٩٥٣دا تۆمەتبار کرابوو کە لە کۆماری دێموکڕاتیکی ئاڵمانیا، سیاسەتی "لیبڕالی" پەیڕەو کردووە. ئەوەبوو گیرا و لە ١٧ ی جوولایدا پڕاودا ڕایگەیاند پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، بێریای بە "کردەوەی جینایەتکارانە دژ بە دەوڵەت" و لەبەر چاو نەگرتنی یاسای سۆسیالیستیو کارکردن بۆ دەزگای جاسووسی بریتانیا و... و... بە

تاوانبار زانیوە. بۆلگانین و ژوکۆف بە توندی پشتگیریی هەموو ئەو تاوانانەیان دەکرد کە دەدرایە پاڵی.

گەرچی هەندێ سەرچاوە گووتوویانە "بێریا" لە دیسەمبەری ١٩٥٣ دا دادگایی کراو کوژرا، بەڵام گرنگە لێرەدا دەقی قسەکانی خرۆشۆف بخەینە بەرچاو، کە لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسیدا کردیو گوتی :

"ئێمە گەیشتینە بڕیارێکی بەتێکڕا کە تاقە ڕێبازی ڕاست بۆ داکۆکی کردن لە شۆڕش ئەوەیە دەست بەجێ بێریا بکوژین. بڕیارەکەمان وا درا و هەر لەجێدا بەڕێوەبرا. بەڵام کاتێ کە ماوەیەك دوای حوکمەکە نیشانەی ئەوتۆی هەڵەکانیمان بۆ دەرکەوت کە بۆ ئەوە نەدەبوو بدرێنە دواوە، ئیتر هەستمان بە بارسووکییەکی زیاتر کرد ."

ئەو دەقە لە کتێبێك هەڵگیراوە بە ناوی " خرۆشۆف و مێردەزمەی ستالین"، کە "بێرترام د. وۆلف" نووسیویەتی و "مارك فرانکلەند" لە نووسینی ژیاننامەی خرۆشۆڤدا کەڵکی زۆری لێوەرگرتووە.

دەمەتەقێ لەسەر مردنی بێریا هەرچی بێت، گرنگایەتییەکەی لەوەدایە خرۆشۆف توانی تاقمە دەستچینەکانی خۆی لەسەر ئیشو کاری سەرەکی بەشی ئاسایش دابمەزرێنێت.

هەنگاوی دواتری خرۆشۆف ، سووکایەتی کردن بە مۆلۆتۆف و مالینکۆف بوو. لە ساڵی ١٩٥٤ دا "ئاباکۆمۆف" – دۆستی نزیکی مالینکۆفو مارکسیست- لێنینیستێکی ڕاسەقینە (هاوڕێ لەگەڵ کەسانی تردا)، بە تاوانی "بەڕێوەبردنی کوشتاری شێوە بێریایی" و "خۆڵقاندنی مەسەلەی شێوە لینینگرادی"، دادگایی کراو کوژرا. (ئەو مەسەلەی لینینگرادە ئاماژەیە بە مردنی ژدانۆف لە بارودۆخێکی گومان لێکراوی ساڵی ١٩٤٨دا و لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتیی ئاباکۆمۆف لە کێشەکە) .

هەروەها لە ساڵی ١٩٥٤ دا بۆلگانین، میکۆیانو کەسانێکی تر لەگەڵ خرۆشۆف کەوتن بۆ سەردانی چینو بەشداریی کردن لە جەژنی پێنجەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری گەل لە چین. سووکایەوتی کردن بە "مۆلۆتۆف" بەم شێوەیە بوو، کە لەکاتێکدا وەزیری کاروباری دەرەوەش بوو، ناوی لە لیستەی ناودارانی ئەو سەردانەدا - نەبرا. ئەم کارە، ناوی خرۆشۆڤی لە مەسەلەی دەستوەردان لە کارو باری سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتدا، زڕاند.

لە هەشتەمی فێبریوەری ١٩٥٥دا کۆبوونەوەی دەسەڵاتداریەتیی بەرزی سۆڤیەتی، بۆلگانینی لە جیاتی مالینکۆف دانا. تەنیا ڕاگەیاندنێك لە زمانی ئەوەوە خوێندرایەوە کە تێیدا هۆکاری کشانەوەی خۆی "بێ ئەزموونی لە بەڕێوەبەرایەتی" دەناساند و بەرپرسایەتی "دۆخی نالەباری کشتوکاڵی دەگرتە ئەستۆ."

ئەوانە تەنیا چەند نموونەی هەڵسوکەوتی بێ بەزەییانەی خرۆشۆڤ دژ بەو کەسانە بوو کە دژ بە ڕێبازی ئەو دەوەستان: ڕێبازی خۆ بەدەستەوەدان بە ئیمپریالیزم .

## سەردانی خرۆشۆڤ لە یوگوسلاڤیا

دەرکرانی یوگوسلاڤیا لە هوردوگای سۆسیالیزم لە ساڵی ١٩٤٨، دوای پەسندی کۆمینفۆرم و وتووێژی دوورودرێژ لەسەر بنەمای ڕاستەقینەی هاورازیو دۆستایەتی "[ژۆزێف] تیتۆ" و یەکیەتی کۆمۆنیستەکانی یوگوسلاڤیا لەگەڵ ئیمپریالیستەکان هاتە ئەنجام، کە بۆ دژایەتی کردنی وڵاتانی سۆسیالیستی، "بیلگراد"یان کردبووە ناوەندێکی جاسووسی.

پێشتر لە ساڵی ١٩٤٣ دا، "بی‌بی‌سی" دەستی لە پشتگیری کردنی شای پێشوو[ی یوگوسلاڤیا] هەڵگرتبوو و بە سوودی تیتۆ هاتبوە کایەوە. ناوەندێکی سوپایی بریتانی لە دەفتەری تیتۆ دامەزرابوو و چرچیل "ڕاندۆڵف"ی کوڕی خۆی وەك وەڤدی تایبەت ناردبووە ناوەندەکە. تاقمی تیتۆ- ڕانکۆڤیچ کاریان گەیشتبووە ئەوەی نهێنییەکانی پارتیزانە یوگوسلاڤەکان لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بدرکێنن و چالاکی حزبە کۆمۆنیستەکانی مەقدوونییە و یۆنان لە قاو بدەن.

لە دادگای "راجك" لە سپتەمبری ١٩٤٩ی بوداپێستدا، تاقمی تیتۆ وەك سێخوڕ و بەکرێگیراوی لەمێژین و هەڵخەڵەتێنەری بزووتنەوەی چینی کرێکار ناسێنران. بەکرێگیراوەکان پارەیان لە ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەمریکا وەردەگرت بۆ ئەوەی "دێموکڕاسییەکانی گەل" لە ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوروپا بێ بایەخ بکەن. دەرکرانیشیان لە بلۆکی وڵاتانی سۆسیالیست مافی تەواوی خۆیان بوو .

ئەو مەسەلەیە چەندە ڕاستییەکانی دەخستەڕو، کە خرۆشۆڤ دوای لەناو بردن و تێکشکاندنی ناحەزانی خۆی لە ناوخۆی وڵات، خێراترین کاری بوو بەوە کە بە فڕۆکە بچێت بۆ بیلگراد و لەگەڵ تیتۆدا دۆستایەتی پێك بێنێ. خرۆشۆڤ کە مۆلۆتۆفی دابووە دواوە، لە مانگی مەی ١٩٥٥ دا هاوڕێ لەگەڵ بۆلگانین، میکۆیان، شپیلۆڤو گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوەدا گەیشتە بیلگڕاد. لەوێ، سەبارەت بە ڕابردوو داوای لێبووردنی کرد و بەڵێنیدا هەموو ئەو کۆسپانە لاببات وا بێریا و ئاباکۆمۆڤ و دوژمنانی دیکەی گەل و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم کە ئێستا پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵرابوو خستبوویانە سەر ڕێگا- "ئەو بەکرێگیراوانەی ئیمپریالیزم، کە زەمینەی هێرش کردنە سەر ڕێبەرانی یوگوسلاڤیایان خۆش دەکرد."

ڕاگەیێنراوی بیلگڕاد کە بۆلگانین ئیمزای کردبوو، ڕایدەگەیاند کە وڵاتانی جیاواز مافی ئەوەیان هەیە "بە ڕێبازی جیاوازدا بەرەو سۆسیالیزم بئاژوێن ."

خرۆشۆف راستەوخۆ نەگەڕایەوە مۆسکۆ، بەڵکوو سەردانی بوخارێستو سۆفیای کرد و لەو شوێنانە لە کۆبوونەوەی نهێنیدا خراپەی ستالینی گوت و هەموو ساڵانی بنیاتنانی سیستەمی سۆسیالیستی خستە پشت گوێ. ئەو، بەهۆی پەسندی "تیتۆئیزم"ەوە حوکمی مردنی سۆسیالیزمی مۆر کرد و تا ئاپریلی ١٩٥٦ بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی ئاشتیخوازانە بە تیتۆ، کۆمینفۆرم هەڵوەشایەوە .

وەك پەراوێزێك بۆ بۆچوونەکانی سەرەوە و بە مەبەستی تێگەیشتن لە مەسەلەکە دەتوانین ڕادەی خەیانەتی خرۆشۆف لە مەسەلەی یوگوسلاڤیادا، لە نامیلکەیەکی بایەخدار دا بدۆزینەوە کە مانگی سپتەمبەری ١٩٦٣ لە لایەن دەستەی نووسەرانی "رێمین ڕیباو" (ڕۆژنامەی گەل) و "هۆنگ کی" (ئاڵای سوور)ی پەکینەوە بڵاو کرایەوەو تێیدا ئەو پرسیارە دامەزرا کە ئایا یوگوسلاڤیا وڵاتێکی سۆسیالیستییە؟ هاوڕێیانی چینی دوای چەندین لاپەرە شیکردنەوەی ئابووریی یوگوسلاڤیا، کە دارماڵی ژمارە و ڕەقەم لەمەڕ کشتوکاڵ و پیشەسازیی وڵاتەکە بوو، بۆشایەتی ئەو گوایە "حکوومەتی کرێکاران"ەیان خستۆتە پێش چاو و دەریان خستووە چۆن یوگوسلاڤیا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو و ببووە کلکی ئیمپریالیزم بە تایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا. نووسەرانی نامیلکەی ناوبراو لە لاپەڕە ٣٢، ٣١،٣٠ دا دەگەنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

"تاقمی تیتۆ لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا بە ئامانجی دەست تێوەردانی شۆڕشی جیهانی، بۆتە کلکی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی نموونەی سەرمایەداری لە یوگوسلاڤیاوە یارمەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەدات بۆئەوەی سیاسەتی "شۆڕشکردن لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە" بخزێنێتە نێو وڵاتانی سۆسیالیستی. تاقمی تیتۆ لە ژێر سەرپۆشی وڵاتانی نامتعهدمانەوەدا، هەوڵ دەدات بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکا تێك بشکێنێ و خزمەتی ئیستیعماری نوێی ئەمریکا بکات. ئەم تاقمە بە بیانووی دژایەتیی کردنی "ستالینیزم"ەوە، لە هەموو شوێنێکدا بوونەتە چەرچی ڕیڤیزیۆنیزم و لە هەموو کاتێکدا دژایەتی شۆڕشی گەل دەکەن. تاقمی تیتۆ لە ڕووداوەکانی ١٠-١٥ساڵی ڕابردووی جیهاندا دەوری نۆکەرێك دەبینن بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بۆ نموونە:

١) شۆڕش لە یۆنان :

لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٩دا تیتۆ سنووری نێوان یوگوسلاڤیاو یۆنانی لەسەر گریلاکانی گەلی یۆنان داخستو لە هەمان کاتدا ئیجازەی بە تاقمی شاخوازی فاشیست دا خاکی یوگوسلاڤیا تێپەڕ بکەنو لە پشتەوە هێرش بەرنە سەر چریکەکان. لەم بوارەدا تاقمی تیتۆ یارمەتی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو بریتانیایان دا بۆ ئەوەی شۆڕشی گەلی یۆنان تێك بشکێنن.

٢ )شەڕی کۆریا :

"ئیدوارد کاردەلج" کە ئەودەم وەزیری کاروباری دەرەوەی یوگوسلاڤیا بوو لە شەشەمی سێپتەمبەری ١٩٥٠دا بەوپەڕی بێشەرمییەوە، شەڕی ڕەوای داکۆکی کردنی گەلی کۆریا دژ بە هێرشی ئەمریکای تاوانبارکردو پشتگیریی خۆی لە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەربڕی. لە سەرەتای مانگی دیسەمبەری [ساڵی ١٩٤٥] دا، نوێنەری تاقمی تیتۆ لە وتارێکدا کە ئاراستەی شۆڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد، "بۆ دەستتێوەردانی چالاکانەی شەڕی کۆریا" چینی بە تاوانبار ناساند. تاقمی تیتۆ هەروەها لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگی بۆ ئابلۆقە دانان لەسەر چین‌و کۆریا، دا .

٣ )شەڕی ڕزگاریخوازیی گەلی ڤیەتنام:

ئێوارەی ڕۆژی پێش کۆنفڕانسی جنێڤا لەسەر هیندوچین (ئاپریلی ١٩٤٥) تاقمی تیتۆ تاوانی دایە پاڵ خەباتی ڕەوای گەلی ڤیەتنام‌و گوتی ڤیەتنامییەکان لە شەڕی ساردی دوای شەڕ[ی دووهەمی جیهانی]دا وەك کارتی یاری لە لایەن مۆسکۆ و پەکینەوە بەکارهێنراون.

ئەم تاقمە سەبارەت بە شەڕی قارەمانانەی گەلی ڤیەتنام لە "دیەن بیەن فو" گوتیان: "ئەم شەڕە نیشانەی نییەتباشی پێوە دیار نییە."

٤)کاری تێکدەرانە لە ئەڵبانیا:

تاقمی تیتۆ بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، کردەوەی وێرانگەرانە و هەڕەشەی چەکدارانەی دژ بە ئاڵبانیای سوسیالیست درێژە پێدا و لە ساڵانی ١٩٤٤ و ٤٨ و ٥٦ و ٦٠ دا چوار خەیانەتی گەورەی دەرحەق بەوان کرد. لە ساڵانی نێوان ١٩٤٨ و ١٩٥٨ دا ژمارەی هەڕەشە چەکدارییەکان لە سەر سنووری نێوان یوگوسلاویا و ئاڵبانیا گەیشتە ٤٧٠ جار. لە ساڵی ١٩٦٠ دا تاقمی تیتۆ و کۆنەپەرستەکانی یۆنان بە هاوکاریی هێزی دەریایی شەشەمی ئەمریکا لە دەریای ناوەڕاست، پلانی هێرشێکی چەکدارانەیان بۆ سەر ئاڵبانیا داڕشت. ئاشکرایە کاتێ خرۆشۆف سەردانی بێلگەرادی کرد، دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو ووداوانەی سەرەوە بووبێت کە بەگشتی پێش مانگی مایسی ١٩٥٥ ڕوویاندابوو و نەك هەر خۆی پەسندی کردبوون، بەلکوو خوازیاری ئەوەش بوو لە سات و سەودای دوولایەنەی دواتریشدادژ بە شۆڕش [ی سوسیالیستی]، هاوکاریی چڕوپڕی سیخوڕانی تیتۆ بکرێت.

## کۆنگرەی بیستەمی حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی

دوای مەسەلەی ئابڕووبەخشینەوە بە تیتۆ، هەوڵی سەرەکی خرۆشۆف لە بواری ئامادەبوون بۆ کۆنگرەی بیستەم بریتی بوو لە داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە یەکیەتی سۆڤیەتیدابە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی ئەو ناحەزانەی خۆی لە کۆنگرەدا .

پێش بەسترانی کۆنگرە، لە هەموو ڕادەکانی حزبدا پاککردنەوەیەکی بەرین بەرێوە برا بۆ ئەوەی بورژوا و دەستنێژەکانی خۆی و هەلپەرستان، شوێنی مارکسیست — لێنینیستەکان بگرنەوە. بۆ نموونە، لە ئوکراین ٩٠٠ و لە گورجستان ٢٥٠ سکرتێری پارتی لە سەر کارەکانیان وەلانران و سکرتێری نوێیان لە شوێن دانرا. ئەم گۆڕانکارییانە گەیشتنە ڕادەکانی سەرەوە و "پۆناماریۆ"ی هاوڕێی مالینکۆف کە سکرتێری یەکەمی [حزب لە] کازاخستان بوو، شوێنی خۆی دا بە بڕێژنێفی دەستەمۆی خرۆشۆڤ و شتی دیکەی لەم چەشنە .

لە عەینی کاتدا، بە ڕاستی هەر لە پێش مردنی ستالینەوە ستراتیجییەتی درێژخایەنی خرۆشۆڤ بریتی بوو لە کۆنترۆڵ کردنی بزووتنەوەی جیهانیی کومۆنیستی. خرۆشۆڤ بە پێی بارودۆخ، کەلکی لە بەرتیل، ماستاوکردن، ڕەخنە یا خود هەڕەشە وەردەگرت و بەم شێوەیە دەیتوانی خەلکانی مارکسیست — لێنینیستی نێو دێموکراسییەکانی گەل لە شوێنە سەرەکییەکان دووربخاتەوە؛ هەروەها هەندێ لە ڕێبەرانی مارکسیست - لێنینیستی بەهۆی پیلان گێڕان یان کوشتنی ڕاستەوخۆیانەوە لەناو برد.

لە ساڵی ١٩٥٣ دا، هاوڕێ "گوتواڵد"ی مارکسیستی چیکوسلۆڤاك، بە هۆی سەرمابوونێکەوە کە دەگوترا لە مۆسکۆ و لە ڕێ و ڕەسمی ناشتنی ستالیندا تووشی هاتبوو، کۆچی دوایی کرد. دواتر، لە ساڵی ١٩٥٦ دا هاوڕێ "بیەڕوت" سکرتێری یەکەمی حزبی کومۆنیستی پۆڵەندا بە هەمان شێوە کۆچی دوایی کرد و پێشتریش لە ساڵی ١٩٤٩ دا مردنێکی ناوەخت یەخەی "گیۆرکی دیمیتریۆڤ"ی گرتبوو .

وەك ئەنوەر خۆجە گوتی، "چ هەلکەوتێکی هاوچەشن! هەرسێ کەسیان لە مۆسکۆ و هەر هەمووشیان دۆستانی نزیکی ستالینی مەزن"!

لە چیکۆسلۆڤاکیا "نۆڤۆتنی" جێگەی گوتواڵدی گرتەوە. لە پۆلەندا یەکەم جار "ئوچاب" ئینجا دوای وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی چەند جارە،"گومولکا" لە شوێنی "بیەڕووت" دانیشت. دوای مەرگی دیمیترۆڤیش، خرۆشۆف بە هۆی داسەپاندنی "دورژیکۆڤ'ی بوودەڵەوە، دەستدرێژی کردە سەر وەفادارییی کومۆنیستە بولگارییەکان بە ستالین و یەکیەتی سۆڤیەتی.

دوابەدوای کەمکردنەوەی دەسەلاتی ناحەزان، خرۆشۆف لە کۆبوونەوەیەکی ئاواڵە ئینجا لە دانیشتنێکی نهێنی ڕۆژی ٢٥ ی فیبرەوەری ١٩٥٦ ی کۆنگرەی بیستەمی حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتدا، دەستی بە لێدوان کرد .

ئەنجامەکانی کۆنگرەی بیستەم

بنەما و ناوەرۆکی وتاری خرۆشۆڤ [لە کۆنگرەی بیستەمدا] بریتی بوو لە هێرش بردنە سەر مارکسیسم – لێنینیسم لە بەرگێکی خوازراوەی هێرشکاری بۆ سەر ستالیندا. دەقی وتارەکە پێش ئەوەی پێشکەش بە حزبی کومۆنیستی سۆڤیەتی بکرێت، بە گوێرەی داب و ڕەسم! "گەیشتبووە دەستی" سیا.

"خوێندکارێکی بواری کاروباری سۆڤیەت" کاتێ لە ژمارەی مانگی جوونی ١٩٥٦ ی [ڕۆژنامەی] "مانچستەر گاردیەن" دا باسی بڵاوبوونەوەی وتارەکەی خرۆشۆڤ دەکات، دەنووسێ: "وەزارەتی دەرەوە لە سەر ئەو بڕوایەیە کە وتارەکەی لە ڕێگەی سیخوڕەکانی خۆیەوە لە یەك لە وڵاتانی کومۆنیستی ئوروپای ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتۆتە دەست".

دەقی ڕاپۆرتەکە خۆی، تەزویری مێژووی سۆڤیەتی لە نیوان ساڵانی ١٩١٧ و ١٩٥٢ و زڕاندنی بێشەرمانەی ناوی ستالین بوو، کە بنیاتنانی سوسیالیزمی ڕێبەرایەتی کرد و بۆ ماوەی دەیان ساڵ دەوڵەتی سۆڤیەتی لە هێرشی بەردەوام و دەست تێوەردانی ئیمپرپالیزم و بەکرێگیراوەکانی پاراست. ڕاپۆرتەکە هەروەها تەزویری کارە مەزنە سەرەکییەکان بوو لە بواری کاراکتەری سەردەم و ڕێبازی ڕاگوێزران بەرەو سوسیالیزم و هاوژینیی ئاشتیخوازانە و شەڕ و ئاشتی، ...هتد. دەقی ڕاپۆرتەکە خۆنواندنێك بوو بە ئیمپرپالیزم و وەرچەرخاندنی ئەو گۆڕانکارییانەی وا لە یەکیەتی سۆڤیەتیدا هاتبوونە گۆڕێ.

دەرکەوتەکانی کۆنگرەی بیستەم گەلێك زوو هەوای تاریك کرد. لە کاتێکدا ئیمپرپالیزم و تیتۆئیزم بە ئاشکرا ئاگاداری هەموو پلانە گڵاوەکان بوون، لەم بابەتەوە خۆشحاڵییان دەنواند کە کومۆنیستە بێ خەوشەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەتیدا بەهۆی هێرشکاری بۆ سەر ستالین، تووشی بێزاری و شەوارە بوون.

هەندێ نموونەی کاردانەوەی مەسەلەکە زۆر زوو لە لایەن ڕێبەرانی ڕێڤیزیۆنیستی حزبە کومۆنیستەکانی ڕۆژئاواوە دەرکەوت. "پالمیرۆ تولیاتی" سکرتێری گشتی حزبی کومۆنیستی ئیتالیا لە مانگی مارچی ١٩٥٦ دا – مانگێك دوای کۆنگرەی بیستەم، ڕایگەیاند: "ئێمە هەمیشە وامان بە باش زانیوە ڕێبازی تایبەت بە خۆمان هەبێت- ڕێبازی ئیتالی بۆ ڕۆیشتن بەرەو سوسیالیزم." ناوبراو بە کراوەییەکی تەواوەوە بایەخی ناونەتەوەیی ڕێگای شۆڕشی ئوکتۆبری بە سوودی "ڕێگای ئیتالی" خستە لاوە و بە قسەیەکی تر، ڕێگای شۆڕشی بەجێ هێشت و خۆی و حزبەکەی چوونە ڕیزی تیتۆئیزم و خرۆشۆڤیزمەوە.

بە هەمان شێوە، هاوبەشییەك لە حزبی [کومۆنیستی] وڵاتانی دیموکراسیی گەلدا هاتە پێشێ و کەسانی ڕێڤیزیۆنیست کە لە سەردەمی ستالیندا کلکیان خستبووە ناو گەلۆزیانەوە، بە ئاشکرا هاتنە پشتگیری کردنی تیتۆئیست و خرۆشۆڤیستەکان .

لە کۆنگرەی بیستەمدا، خرۆشۆف خۆی گیف دا وگوتی زیاد لە حەوت هەزار کەس لەوانەی وا لە یەکیەتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالیندا مەحکووم کرابوون، ئێستا لە زیندان ئازاد کراون و ڕەوتی ئیعتیبار پێ بەخشینەوەیان درێژەی هەیە. لە عەینی کاتدا خرۆشۆف و میکۆیان، بە ناوی "تاقمی دژ بە حزب"ەوە، دەستیان کرد بە تواندنەوەی سەرۆکایەتی کومیتەی ناوەندیی [حزب]. دوای ئەوەی کە پلە و پایەی "مالینکۆف"یان هەر زوو لە فیبرەوەری ١٩٥٥ دا هێنایە خوارەوە، ئێستا نۆبەی "مۆلۆتۆف" گەیشتبوو. لە دووهەمی مانگی جوونی ١٩٥٦ دا "پڕاودا" وێنەیەکی گەورەی تیتۆی لەگەڵ دروشمێکدا چاپ کردبوو کە تێیدا بەخێرهاتنی تاقمی بیلگەرادی بۆ مۆسکۆ دەکرد. لاپەڕە چوارەمی هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکە "هەواڵ"ی لابرانی مۆلۆتۆڤی لە ئەرکی وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی تێدا بڵاو کرابووەوە. ڕاپۆرتەکە دەیگوت مۆلۆتۆف لەسەر داخوازی خۆی وەلانراوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەرکرابوو، لەبەر ئەوەی ئەوە مەرجێك بوو لە لایەن تیتۆوە بۆ هاتنی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی دانرابوو، ئەویش دوای ئەوەی پێوەندییەکانی خۆی لە ساڵانی ١٩٤٨ و ٤٩ دا لەگەڵ سۆڤیەت بڕیبوو. خرۆشۆف و شەریکەکانی دەست بەجێ ئەو مەرجەی بیلگەرادیان بۆ ڕەزامەندیی تیتۆ بەجێ هێنا. مۆلۆتۆف ئەو کەسە بوو کە لەگەڵ ستالیندا نامەی ڕێبەرایەتی یەکیەتی سۆڤیەتیان مۆر کردبوو و بۆ ڕێبەرانی یوگوسلاوییان ناردبوو .

لە ١٤ ی مانگی جوونی ١٩٥٧ دا تەنگ وچەڵەمەی نێو ڕێبەرایەتیەتی گەیشتە لووتکەی خۆی و مالینکۆف و مۆلۆتۆف و گاگانۆڤیچ و ڤۆڕشیلۆف و کەسانیتر بڕیاریان دا بەرانبەر بە پیلانی خرۆشۆف بوەستن. گوشاری سەرەکیی سەر خرۆشۆف ئەوە بوو کە لە زڕاندنی ناوی ستالیندا گەلێك چووبووە پێشێ و دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتی لە ناو بزووتنەوەی جیهانیی کومۆنیستیدا- وەك بزووتنەوەکە خۆی، لەناو بردبوو.

ڕێبەرایەتی بڕیاری دا خرۆشۆف لە سکرتاریەتی یەکەم وەلابنێت، بەڵام درەنگ ببوو، لایەنگرانی خرۆشۆف بە تانگ و سەربازەوە ئابڵووقەی کرێملینیان دا، ئەندامانی پلێنۆمی کومیتەی ناوەندی، کە ئەوان تێیدا زۆرایەتییان هەبوو، بە فڕۆکە گەیەنرانە مۆسکۆ. ترساندن و مانۆڕکردنێکی کەمی دەویست بۆ ئەوەی خرۆشۆف بگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتەکەی. هەموو ئەو کەسانە لە ڕێبەرایەتی و پلە و پایەی دەوڵەتی دوورخرانەوە، مۆلۆتۆف وەك باڵوێز نێررایە مغولستان، مالینکۆف کرایە مودیری بنکەیەکی هێزی کار لە کازاخستان و گاگانۆڤیچ نێررایە ئۆراڵ بۆ ئەوەی بنکەیەکی هاوچەشن بەڕێوە ببات.

باوەکوو ڕێبەرانی ڕاستەقینە و کارامەش هەرمابوون، بەڵام هەموویان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرتیل و هەڵفریواندنی خەیانەتکارە هەلپەرستەکاندا، هەستیاری و شۆڕشگێڕیی خۆیان دۆڕاند.

**کارتێکەریی ڕیڤیزیۆنیزمی خرۆشۆڤ لە پێوەندیی نێوان حزبە کومۆنیستەکانی دیکەدا**

جگە لە سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی دیاردە ڕیڤیزیۆنیستییەکان لە زۆر حزبی کومۆنیستی سەرانسەری جیهاندا کە لە ئەنجامی کۆنگرەی بیستەم و تاکتیکی زەبروزەنگی خرۆشۆڤ لە ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتیدا هاتبووە گۆڕێ، نموونەیەکی زۆر لە دەست تێوەردانی دڵڕەقانە لە کاروباری کومۆنیستانی سەر حوکم و حزبە کرێکارییەکان بەدەستەوەیە- کارێك کە دەستبەجێ [دوای کۆنگرەی بیستەم] دەستی پێکرد، لە کۆماری دیموکراتیکی گەلی کۆریادا ڕوویدا- وڵاتێك کە خەریك بوو دوای وێرانییەکانی شەڕی داسەپاوی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥٣ ی ئیمپریالیزمی ئەمریکا سەری هەڵدەدا. لە ساڵی ١٩٥٦ تاقمێکی ڕیڤیزیۆنیست لە ناو ڕێبەرایەتی حزبی کرێکارانی کۆریا، کە لە لایەن تاقمی خرۆشۆڤ و بە گوێرەی هەندێ زانیاری لە لایەن هەندێك توخمی ڕیڤیزیۆنیستی  ناو حزب [ی کومۆنیست]ی چینیشەوە پشتگیری دەکران، هەوڵیان دا بە کۆدیتایەك دەسەڵات لە ڕێبەرایەتی " کیم ئیل سونگ" بستێنن. پیلانەکە بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حزبی کرێکارانی کۆریا، لە ئوگۆستی ١٩٥٦ دا ئاشکرا و سەرکوت کرا.

پێشتر باسی تاکتیکی مرۆڤکوژانەی خرۆشۆڤ لەمەڕ لابردنی ڕێبەرانی مارکسیست- لێنینیست لە دیموکراسییە گەلییەکان وەك مەسەلەی هەڤاڵان "دیمیترۆڤ" و "گوتواڵد" و "بیەڕووت" کراوە.  بە بوونی هەلپەرستانی وەك "دیج" لە ڕۆمانیا و "ئولبریخت" لە کۆماری دیموکراتیکی ئاڵمانیا، تاقە گرفتێك کە بۆ خرۆشۆڤ مابووەوە، هۆنگاریا [مەجارستان] بوو کە تێیدا "ڕاکوسی" ی مارکسیست- لێنینیست، ئەوکەسەی وا ئەغڵەب وەك لایەنگرێکی ستالین ناوی لێ دەبرا، هێشتا هەر لە ڕێبەرایەتییەکەیدا مابووەوە.

تەنانەت پێش کۆنگرەی بیستەمیش دەست تێوەردانی خرۆشۆڤ لە کاروباری هونگاریا ئاشکرا بوو. لە ساڵی ١٩٥٥ دا، خرۆشۆڤ بە بێشەرمییەوە ڕایگەیاندکە دادگایی کردنی "ڕاجك" لە ئوکتۆبری ١٩٤٩ کارێکی بێ بناغە و بێ ئیعتبار بووە و گەرچی لە مانگی مایسی ١٩٥٦ دا، "ڕاکوسی" مەجبوور کرد سەرەك وەزیریی بۆ "ئیمیرەناگی" بەجێ بهێڵێت و هۆنگاریا بووە گۆڕەپانی پیلان گێڕانی خرۆشۆڤ - تیتۆ دژ بە شۆڕشی هونگاریا(ئیمپریالیزمی ئەمریکاش لە پشتیان وەستابوو).

مانۆر کردنی دژی ستالینیی ڕیڤیزیۆنیستەکانی سۆڤیەت، حزبی کومۆنیستی هونگاریان بە تەواوەتی لە گرێژەنە برد. لە ١٨ ی مانگی جولای ١٩٥٦ دا "ڕاکوسی" دەستی لە کار کێشایەوە و ئەم کارەش لە ماوەی سەردانێکی کورتی میکۆیان دا هاتە ئەنجام. دوای خۆکێشانەوەی "ڕاکوسی" ئیجازە درا هەموو خەیانەتکارەکانی پێشوو لە زیندان ئازاد بکرێن و ئیش وکاری "جێگەی ڕێز و ئیعتیبار"یان پێدرا. لەولاوە، پلەی سوپایی "فارکاس" – وەزیری بەرگری و سەرۆکی پۆلیسی نهێنی هێنرایە خوارەوە و لە ٢٢ ی مانگی جوولایدا لە حزب دەرکرا.

ناوی "فارکاس"یش وەك "ڕاسی" لەو لیستەیەدا بوو، کە "ڕاجك" بۆ دەرکردن ئامادەی کردبوو و ئێستا تەرمی ئەو "ڕاجك"ەی وا لە ١٥ ی ئوکتۆبری ١٩٤٩ دا، وەك سیخوڕێکی تیتۆئیزم و ئیمپڕیالیزم لەدار درابوو، لە خاك دەرهێنرابەوە و بە ڕێز و شانازییەکی سوپایی تەواوەوە، سەرلەنوێ بە خاك ئەسپێررا .

وڵات تووشی سەرلێشێاوی هاتبوو، حزب دابەش ببوو، ئەوەش ڕاست ئەو شتانە بوون کە خرۆشۆڤ و تیتۆ پلانیان بۆ داڕشتبوو. بە بێ "فارکاس" ی مارکسیستی ڕاستەقینە، ئیتر دەتوانرا پۆلیسی نهێنی ببێتە کەرەسەیەك بۆ داڕشتنی ئەو ڕاپەڕینەی وا لە ٢٣ ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦دا بەڕێوە چوو. خوێندکاران بە دروشمی "بڕوا بە ئیمێرە ناگی دەکەین"ەوە لە خۆپێشاندانەکاندا دەردەکەوتن. ئیمپریالیزم وڵاتی پڕ کرد لە سیخوڕ. چەك لە نەمسا [ئوتریش]ەوە ڕژایە نێو وڵات. ڕادیۆی "ئەورووپای ئازاد" لە دژی شۆڕشیان دەخواست داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سۆسیالیستی بکەن. لە هەمان کاتدا "ناگی" لە کۆنترۆڵی خرۆشۆڤدا نەما، پەیمانی "وەرشەو"ی دایە دواوەو داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد پارێزگاریی هۆنگاریا و بێلایەنییەکەی بکات. ئەوە زیاتر بوو لەوەی خرۆشۆڤ دەیویست لە مەزاتخانە وەچنگی بێنێ .

لە ٤ ی نۆامبەردا یەکە سۆڤیەتییەکانی هۆنگاریا هاتنە کایەوە، شەڕ بۆ ماوەی هەفتەیەك درێژەی کێشا. زیاد لە ٢٠هەزار کەس کوژرانو ١٥هەزار کەس وڵاتیان بەجێهێشت. ئەوە نموونەیەکی بە کردەوەی ئەو سیاسەتە خەیانەتکارانەی ئیتر بوو، کە لەسەر خەڵکی هۆنگاریا بە گران کەوت .

دژایەتی ستالینو بڕیارەکانی کۆنگرەی بیستەم پێشتر دیاربوو سەرپۆشێك بۆ دژایەتیکردنی کومۆنیزم نەبێت هیچ نییە. ئیمێرە ناگیی دژی شۆڕش، دوای شکانەکەی پەنای بردە بەر باڵوێزخانەی یوگوسلاڤیا و بۆ ماوەی چەند مانگ کێشەی نێوان خرۆشۆڤ و تیتۆ ئەوە بوو چی لە ناگی بکەن، ئینجا گەیشتنە سەر ئەو پێکهاتنەی کە "یانوس کادار" لە هۆنگاریا بێتەسەر حوکم.

کادار بەهۆی کردەوەی دژی حیزبییەوە ماوەی سێ ساڵ کەوتبووە زیندانەوە بەڵام خرۆشۆف نەیدەویست ئەم مەسەلەیە وەك خاڵێکی نەرێ یی سەیر بکات. کادار خەیانەتی بە ناگی کرد و داوای لێکرد خۆ بدات بەدەستەوە و زامنی سلامەتی کرد، بەڵام دواتر بە بێ موحاکەمە تیرەباران کرا. ئاشکرایە خرۆشۆف و کادار و تیتۆ هیچکامیان نەیاندەویست "ناگی" دادگایی بکرێت چونکوو دەیتوانی هەموو ئەو دارەدەستانە لەقاو بدات کە سەرەپەتی پیلانی دژە شۆڕشیان بەدەستەوە بوو. هۆنگاریا ئەودەم بە نرخێکی گران لەو مەترسییە ڕزگاری هاتبوو کە بکەوێتە داوێنی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمەوە. ئەو مەترسییەی وا لە لایەن کردەوەی بێ ئوسووڵانە و ناز و عیشوەی خرۆشۆف و بەکرێگیراوانی تیتۆ بۆ ئیمپریالیسم، ئیتر بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو.

ڕووداوەکانی هۆنگاریا هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکانی پۆڵەندا هاتنە گۆڕ،ی کە دوابەدوای کۆنگرەی بیستەم‌و بە دروشمی 'دێموکڕاتیزە و لیبڕالیزە کردن'ەوە سەریان هەڵدابوو. لێرەشدا بە هەمان شێوە، لایەنگرانی خرۆشۆف دەوری دژی شۆڕشیان بینی.

دوای ئەوەی 'شۆڕای مارکسیست ـ لینینیست'ی پۆڵەندی لە ساڵی ١٩٥٦ و لە سەردەمی کۆنگرەی بیستەمدا، بە هۆی مانۆڕەکانی خرۆشۆڤەوە هەڵوەشایەوە، ڕێگا بۆ "گۆمۆلکا"ی هەلپەرست خۆش بوو بۆ ئەوەی بێت‌و دەسەڵات بگرێتە دەست. گۆمۆلکا بۆچوونی تایبەت بە خۆی لەمەڕ داهاتووی پۆڵەندا هەبوو و مۆرەیەکی قایمی ئەوتۆ بوو کە خرۆشۆف بە هاسانی بۆی تێك نەدەشکا.

گۆمۆلکا کۆنەپەرستێکی تەواو بوو و ئاشکرایە دژ بە یەکیەتیی سۆڤییەتی سەردەمی ستالینیش هەڵوێستی دەگرت، بەڵام بە هەمان ڕادەش نەیدەویست بکەوێتە بەر کەڵەوەی خرۆشۆف. ڕاگەیاندنی گۆمۆلکا لەمەڕ لایەنگریی کردنی دۆستایەتی پۆڵەندا و سۆڤییەت، بۆ ڕق لەدڵانی پۆلەندا، کە هیچ کاتێ سنووری "ئۆدێر ـ نەیس"یان قەبوول نەکردبوو، مەترسی نەدەخوڵقاند .

کاتێ گۆمۆلگا بوو بە سکرتێری یەکەم، لە وتارێکدا هێرشی کردە سەر سیستەمی کۆئۆپڕاتیف و شۆڕا دەوڵەتییەکان و گوتی ئەم سیستەمە ڕێك‌و پێك نییە، ئینجا شۆڕای "کرێکاران"و کۆئۆپڕاتیڤی خودموختاری لەسەر نموونەی یوگوسلاڤیا دروست کردو بازرگانی ئازادی پەرەپێدا، لە قوتابخانەکاندا وانەی ئایینی دانا و دەروازەی وڵاتی بۆ پروپاگەندەی دەرەوە والاکرد- ئەویش وەك یوگوسلاڤیا و ئیتالییەکان، کەوتە شوێن "ڕێبازی نەتەوەیی" بەرەو سۆسیالیزم.

سیاسەتەکانی خرۆشۆف بەتایبەت دوای کارەساتی کۆنگرەی بیستەم لە پۆڵەندا و بولگاریا و دۆستایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم (وەك سەردانی مانگی ئاپریلی ١٩٥٦ ی لەندەن) بە بیانووی ئەوەی ئەم کارانە بەشێکن لە "سیاسەتی لینینی هاوکاریی ئاشتیخوازانە"، لە ناو وڵاتانی سۆسیالیستی و حزبە کومۆنیستەکانی وڵاتانی دیکەدا، زەنگی مەترسی لێدا. 'حزبی کار'ی ئەڵبانیا بە ماوەیەکی زۆر پێش مردنی ستالینیش لە هەڵسوکەوتی خرۆشۆف و هاودەستەکانی هەروەها درەنگتر لە ڕووداوەکانی پۆڵەندا و هۆنگاریا نیگەران بوو.

تا ساڵی ١٩٥٧، لایەنگرانی خرۆشۆف نەك هەر لەگەڵ ئەڵبانیا، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵڕۆژ، لەگەڵ چینو وڵاتو حزبەکانی دیکەشدا، تووشی نایەبابیەکی زۆر هاتبوون. کۆبوونەوەی مانگی نۆڤەمبری ١٩٥٧ بۆ ئەوە پێکهات کە، بەڕواڵەتیش بێت، یەکیەتی کامپی سۆسیالیست و بزووتنەوەی کوۆمۆنیستی بپارێزێت.

لایەنگرانی تیتۆ بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکرد لەبەر ئەوەی نەیاندەویست هیچ بەیانێك مۆر بکەن کە تێیدا ڕیڤیزیۆنیزمو ئیمپریالیزم سەرکۆنە کرابێت؛ گەرچی لەڕاستیدا ڕێبازی ئەوان بە فراوانی لەلایەن گۆمۆلکاو تولیاتیو ئەوانی دیکەوە نوێنەرایەتی دەکرا. بەیانەکە، سیاسەتێکی گشتی داناو ئیمپریالیزمی وەك "سەرچاوەی شەڕ" هەڵسەنگاند و لەسەر ئەوە پێی داگرت کە "ژیانی هاوبەشی ئاشتیخوازانە" باڵی نەکێشاوەتە سەر پێوەندیی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە و داوای هاوپشتیی هەموو هێزە دژی ئیمپریالیستیەکانو یەکگرتنی پرۆلیتاریای جیهانی دەکرد. هەروەها بەیانەکە دژ بە تێزە هەڵەکانو عەوامانە کردنی مارکسیزم لە کۆنگرەی بیستەمدا، وەستا.

بەیانەکە لەلایەن ٦٣ حزبەوە مۆر کرا و پێویست بە گوتن ناکات کە خرۆشۆف و هاوبیرەکانی، زمانئ خۆیان گرێدا و متەقیان لێوە نەهات.

بە ماوەیەکی کەمی پێش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٨ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، تیئۆرییەکانی خرۆشۆف لەمەڕ چەکداماڵین کە هاوکاری و پەرەسەندنی ئیمپریالیزمی لەپشت بوو، دەرەتانێکی نوێی بۆ وڵاتانی دواکەوتوو خولقاند. شۆڕش لە عێراق و لەسەر کار لاچوونی ڕێژیمی نووری سەعید- هاشمی، ترسی خستە دڵی ئیمپریالیستەکانەوە. ڕۆژهەڵاتی ناڤینی پڕ لەنەوت، شوێنێك بوو کە ئەوان دەیانتوانی نەوتی لێ دەربهێننو سوودی لێ بەرن.

ئەمریکییەکان هێزی دەریایی خۆیان لە لوبنان دابەزاند و ئینگلیزەکان بۆ داکۆکی کردن لە شا حوسێن هێزی خۆیان ناردە ئەردەن. ئیمپریالیستەکان بە باشی دەیانزانی کە حزبی شیوعی عێراق تا سالی ١٩٥٨ ببوە حزبێك کە گۆڤاری "ئیکۆنۆمیست"ی چاپی لەندەن بە گەورەترینو ڕێكوپێکترین حزبی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دانابوو. ڕۆژی یەکی ئەیاری ساڵی ١٩٥٩، و دوای

بەرگری کردنی شیوعییەکان لە هەنگاوێکی بەعس و ناسرییەکان بۆ کۆدیتا، لە شاری موسڵی باکووری عیراق، یەك ملیۆن کەس لە بەغدا خۆپیشاندانیان کردو دروشمی حزبی شیوعی عێراقی لەمەڕ بەشداری کردنی کۆمۆنیستەکان لە حکوومەتیان بەرز کردەوە .

بەڵام "حشع" لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی هەبوو، لەجیاتی ئەوەی بەرەوپێش بچێت، کشایەدواوە. لە بەغدا ئەوە شتێکی شاراوە نەبوو کە حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی گوشاری خستبووە سەر "حشع" بۆ ئەوەی بکشێتە دواوە، لە کاتێکدا دەگوترا حزبی کومۆنیستی چین پێچەوانەی ئەوەی پیشان دابوون. لایەنگرانی خرۆشۆڤ کە سیاسەتی مل دانەواندنی خائینانەی خۆیان درێژە پێدا، داکۆکییان لە حشع کرد بۆ ئەوەی ئەرکی شۆڕش کردن بوەستێنن- ئەرکێك کە حزبەکە هەر بۆ ئەوە دەمەزرا بوو .

ڕێگادانی حشع بۆ ئەوەی خرۆشۆڤ حوکمیان بەسەردا بکات و ڕێبازی ئوسوولییان پێ بگۆڕێت، زۆری لەسەر کەوت و لە مانگی فێبریوەری ١٩٦٣دا، کودێتایەکی خوێناویی دژی شۆڕش لە عێراق هاتە ئەنجام .

خرۆشۆڤ لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٥٩ دا، لەگەڵ سەرکردەی ئیمپریالیستە ئەمریکییەکان "ئەیزەنهاوێر" لە "کەمپ دەیڤید" وتووێژێکی نهێنی کرد. هیچ گومانی تێدانییە لە چاوپێکەوتنەکەدا بۆ ئەو خزمەتانەی وا بە ئیمپریالیزمی کرد و یەك لەوان "نەسیحەتی ژیرانەی حشع" بوو، پیرۆزبایی لێکرا. لێرە بەدواوە ڕۆحی کەمپ دەیڤیدو چەك داماڵین بە ئاشکرا بە سەر سیاسەتی سۆڤیەتیدا زاڵ بوو و دەبوایە خەباتی ڕزگاریخوازابەی نەتەوایەتی ڕابگیرێت لەبەر ئەوەی سیاسەتی "چەکداماڵین" بە گوێرەی بۆچوونی خرۆشۆڤ کۆتایی بە ئیستیعمار و ئیستعماری نوێ دەهێنا .

دژایەتی کردنی ڕێبازی ئوسولی ستالین ناتوانرێ لەوەو زیاتر ڕابگەیەنرێت. لە کاتێکدا ستالین پارێزگاری لە سیاسەتی لینینی "هاوکاریی ئاشتیخوازانە" دەکرد، بە توندی دژ بەو سیاسەتە بوو کە پشتی شۆڕشی گەلانی دیکە بەر بدرێت‌و بەم شێوەیە خاتری ئیمپریالیزم بگیرێت. ستالین توانی بە گوشارێکی زۆر، دوو ڕێبازی دژ بەیەك لە سیاسەتی دەرەوەدا دابمەزرێنێت کە تەنیا دەکرا یەکیان ڕەچاو بکرێت:

یەکەمیان ئەوەبوو کە "ئێمە درێژە بە سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانە دەدەین کە پرۆلیتاریا و چەوساوەکانی زەوی لە دەوری چینی کرێکاری یەکیەتیی سۆڤیەتی کۆبکاتەوە. لەو حاڵەتەدا، سەرمایەداری نێو نەتەوەیی هەموو هەوڵێك دەدا بۆ ئەوەی بەرگری لە پێشوەچوونمان بکات ".

ــسیاسەتی دووهەم ئەوەبوو کە "ئێمە ئینکاری سیاسەتی شۆڕشگێڕانە دەکەین و ئامادەین چەندین ئیمتیازی ئوسوولی بە سەرمایەداری ناو نەتەوەیی بدەین. لێرەدا سەرمایەداری

ناونەتەوەیی لەگەڵ یارمەتیدانی ئێمەدا دژایەتی ناکات و هەوڵی ئەوە دەدات وڵاتە سۆسیالیستییەکان بکات بە کۆماری بۆرژوایی"(ستالین، آثار، PLPH،مۆسکۆ، بەرگی ٢، ل ٥٨ تا ٦٠.)

ستالین ئەو یارمەتیيانەی دایە دواوە، بەڵام گومانی تێدانییە کە سیاسەتەکانی خرۆشۆف و جێگرانی، تەنیا بە ڕێبازی تەسلیم بوونێکی ئەوتۆدا ڕۆیشت. مێژوو پیشانی دا چۆن سەرمایەی ناو نەتەوەیی بە یارمەتی هەر ئەو سیاسەتانە، یەکەمین دەوڵاتی سۆسیالیستی بکات بە "کۆمارێکی بۆرژوایی باش."

لە مەسەلەی زاڵبوونی خرۆشۆڤیستەکان بەسەر حزبە برادەرەکاندا، کارێکی بە جێیە ئەگەر نموونەی هیندستان بخەینە پێش چاو، کە تاقمی "دانگە" لەویٚ وەك غوڵام کەوتبوونە دوای سیاسەتی خرۆشۆف .

لە ١٤ ی نڤامبەری ١٩٦٢و هەڵکەوتی جێژنی لەدایکبوونی "[جەواهیر لەعل] نەهرۆ"دا، "دانگە"ی ڕێبەری حزبی کومۆنیستی هیندستان ئاواتی تەمەنی درێژی بۆ "نەهرۆ" خواست بۆ ئەوەی ئامانجەکانی "دروستکردنی هیندێکی سەرکەوتوی سۆسیالیست" تێبگات: لە نڤامبری ١٩٦٢دا نیشانەیەکی بچووك نەبێت، لە سۆسیالیزمی هیند دەر نەکەوتبوو و ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوایی لەویٚ خەریکی ڕاووڕووتی خەڵك بوون و نفوزیان لە مەزراکان و ئابووری و سیاسەت سوپادا بەڕێوە دەچوو. دوای چاوپێکەوتنێکی نەهرۆ و دانگە، پۆلیس بە هێرشی ناکاوی بەرەبەیان ئەندامانی حزبی کومۆنیستی دەستبەسەر کرد، کە "مانەوەیان بەو ژمارە زۆرە دەبووە هۆی زیان گەیشتن بە ئاسایشی کۆمەڵ و پارێزگاریی لە هیندستان". حکوومەتی نەهرۆ نزیکەی هەزار ئەندامی [حزبی] لە سەرانسەری هیندستاندا دەست بەسەر کرد. لە ڕاستیدا حکوومەتی نەهرۆ (کە هیوای هەبوو لەم بوارەدا چەند دۆلارێکی وەچەنگ بکەوێت)، بارودۆخێکی پڕ ئاژاوەی بەسەر سنوورەکانی چین دا خولقاند. لەولاشەوە تاقمی دانگە کاتیان بە فیرۆ نەدا و ئەو بۆشاییەی وا بەهۆی گیرانی هەڤاڵەکانیانەوە لە کۆمیتەی حزبدا هاتبووە دی، بە لایەنگرانی خرۆشۆف پڕیان کردەوە.

## ڕیڤیزیۆنیسمی خرۆشۆڤو دژایەتی کردنی لەگەڵ شەڕی ڕزگاری خوازانەی گەلاندا

خرۆشۆڤیستەکان "تیئۆری"یەکیان هەبوو دەیانگوت "تەنانەت پریشکەیەکی بچوکیش دەتوانیٚ ئاگرێکی جیهانی هەڵبگیرسێنێت" ئەوان دەیانگوت ئیش بۆئەوە دەکەن کە ئەو پریشکانە بخولقێنن کە بۆی هەیە ئاگرەکە هەڵگیرسێنن. ڕیڤیزیۆنیستەکان لە دەوری ئەو گوایە

دروشمی "خەبات بۆ ئاشتی کردن"ە کۆببوونەوەو هاواریان دەکرد: "بە هۆی بۆمبای ئەتۆمییەوە هەڕەشەمان لێدەکرێت. لێمان گەڕێن با هەبوونی مرۆڤایەتی زامن بکەین."

بە واتایەکی تر، گەلانی چەوساوە کە زۆرێکیان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا بە هۆی هەموو چەشنە برسیەتیو نەخۆشییەوە دەمردن- ئەو برسیەتیو نەخۆشییەی وا کەرەسەی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێی هێزە ئیمپریالیستەکان بوو و ئێستا نەك هەر کەوتبوونە ژێر هەڕەشەی ئەتۆمی ئیمپریالیزم، بەڵکوو سیاسەتی هاودەنگە ریڤیزیۆنیستەکانی مارکسیزم - لێنینیزم کە ئیتر جیاوازیی نێوان دادگەری و بێدادیان لەبیر چووبۆوە. ئەو خائینانە لە دوای مردنی ستالین و بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شۆڕش، هاوکاریی ئیمپریالیستەکانیان دەکرد و یارمەتییان دەدان.

لە مەسەلەی شەڕی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی گەلی جەزائیر دا ڕێبەرایەتی حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت نەك هەر بۆ ماوەیەکی زۆر پشتگیری لێنەکردن، بەڵکوو لە ڕاستیدا لایەنی ئیمپریالیزمی فەرەنسیی گرت. خرۆشۆف لە سێهەمی مانگی ئوکتۆبری ١٩٩٥دا، لە کێشەی جەزائیر دوا و خەباتی نەتەوایەتی جەزائیرییەکانی بۆ سەربەخۆیی، وەك "کاروباری نێوخۆ"ی فەڕەنسا لەقەڵەمدا و مۆسکۆ هەتا سەرکەوتنی شەڕی ڕزگاریخوازانەی جەزائیریش ڕێبازێکی ڕوونی لەمەڕ سیاسەتی جەزائیر نەبوو و بە حیسابی ئەوان دەبوایە فەڕانسە دان بە سەربەخۆیی جەزئیردا بنێت و لەو دەمەدا ئیتر ڕێبەرانی حزبی کومۆنیستی سۆڤیەت بە پەلەپەل، سەربەخۆیی جەزائیریان سەلماند، بەڵام تەنانەت ئەو کاتیش، بە بێ شەرمییەوە سەرکەوتنێك کە ئەنجامی خوێنی خەڵك بوو، بە بەرووبووی "ژیانی هاوبەشی بە ئاشتی" یان دانا. لە عەینی کاتدا ئەو سیاسەتەی وا لەمەڕ خەباتی گەلی جەزائیر و حزبی کومۆنیستی فەڕەنسەیان دیاری کرد، بریتی بوو لە خەیانەت کردن. بە هاوپشتیو هاوکاریی کومۆنیستی لەگەڵ خەڵکانی ژێر حوکمی ئیستعمار، وەك چۆن پێشتریش هەر وایان کردبوو. "توریز"و ئەوانی تر، پەسەندی درووشمی "جەزائیری فەرەنسە"یان کرد- ئەو دروشمەی وا لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانی فەڕەنسەوە هەڵگیرابوو و بەم شێوەیە کەوتنە نێو شۆڤینیزمێکی چەپەڵەوە .

نموونەیەکی خراپی دیکە لە سیاسەتەکانی ڕێبەرایەتی حزبی کومۆنیستی سۆڤیەت لەمەڕ خەباتی نەتەوایەتیی ڕزگاریخوازانە لە کۆنگۆ دا دەرکەوت. لە ڕۆژی ١٣ی جوولای ١٩٦٠و لە کاتی دەنگدانی شۆڕای ئاسایش بۆ بڕیاردان لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی یووئێن و گوشار خستنە سەر کۆنگۆدا، یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا کەوت؛ بە واتایەکی تر بانگهێشتنی ئەمریکای کرد بۆئەوەی لە هێرش کردنە سەر وڵاتەکەدا کەڵك لە ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرن. لە تەلەگرافێکدا بۆ پاتریس لۆمۆمبا، خرۆشۆف سپاسی کردەوەی شۆڕای ئاسایشی کرد کە "یارمەتیی کۆماری کۆنگۆی داوە داکۆکی لە خاکی خۆی بکات"و

هانی گیزنگا و لۆمۆمبای دا لە ڕێگەی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە، بەرەو "چارەسەرێكی ئاشتیخوازانە" بئاژوێن.

لە ڕاستیدا تا ساڵی ١٩٦١ بارودۆخەكە بە زیانی گەلانی كۆماری كۆنگۆ بەرەو خراپبوون چوو. ئیمپریالیستەكان حكوومەتێكی دارەدەستی خۆیان لەوێ دامەزراند و سەربازانی بەكرێگیراوی كۆنگۆیان بە سەرۆكایەتی مۆبۆتۆ بەكارهێنا بۆ ئەوەی لۆمۆمبا بڕفێنێت و بیكوژێت. خوێنی لۆمۆمبا بوو بە پەڵەی سەر دەستی نیكیتا خرۆشۆڤ و لەویش زیاتر، سەر دەستی یەكیەتیی سۆڤیەت كە سەردەمێك لەبەر چاوی خەڵكانی ئەفریقاو گەلانی شۆڕشگێڕی جیهان ناوێكی پڕ لە شانازی بوو.

## پۆلیمیكی نێوان حزبی كومۆنیستی یەكیەتی سۆڤیەتی لە لایەك و حزبە كومۆنیستەكانی چین و ئەڵبانیا لە لایەكیتر

شەوێك پێش دەستپێكردنی وتووێژی "كەمپ دێڤید" لە سپتامبەری ١٩٥٩دا، خرۆشۆڤ لە مەڕ ڕووداوی سەر سنووری چین‌و هیندستان، بەیانێكی دەركرد و نەك هەر هەڕەشەی چەكدارانەی هیندستانی مەحكووم نەكرد، بەڵكوو خەفەتی خۆی دەربڕی و لە ڕاستیدا سەركۆنەی هەڵوێستی چینی كرد.

لە هەمان كاتدا، داوای لە "ثۆرۆز" ی فەڕەنسا و "تۆلیالی" ئیتالیا كرد پشتگیری ئەو بكەن. "ئۆمانیتە" ئۆرگانی حزبی كۆمۆنیستی فەڕەنسی نووسی: "لە نێوان واشنتن و مۆسكۆدا زمانێكی هاوبەش درووست بووە و ئەویش 'ژیانی هاوبەشی بە ئاشتی'یە، ئەمریكا وەرچەرخاوە".

لە بارودۆخێكی ئەوتۆ و لە مانگی ئاپریلی ١٩٦٠ دا بە بۆنەی ٩٠ مین ساڵی لەدایكبوونی لێنینەوە حزبی كۆمۆنیستی چین سێ وتاری چاپ كرد:

ــبژی لێنینیسم!

ــبەرەو پێشەوە، لەسەر ڕێگای لێنین!

ــلە ژێر درووشمی شۆڕشگێڕانەی لێنیندا، یەك بگرین!

لەو وتارانەدا، هەڤاڵانی چینی جارێكی دیكە لەسەر پێداویستی وەفادار مانەوە بە بەیانی مانگی نۆامبری١٩٥٧ی مۆسكۆ پێداگرییان كرد، كە تێیدا گوترابوو "ڕیڤیزیۆنیزمی نوێ دەیەوێت دەرسە مەزنەكانی ماركسیزم- لێنینیزم پەڵەدار بكات" و "وەك دیاردەیەكی بێكەڵكی بناسێنێ" و "پێداویستیی مێژوویی ماركسیزم- لینینیزم لە مەڕ شۆڕشی كرێكاری و دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە سەردەمی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سوسیالیزم بخاتە پشت

گوێ". هەروەها "دەوری ڕێبەرایەتی حزبی مارکسیست لێنینیست و ئوسوولی ئینتەر ناسیۆنالیزمی پرۆلیتێری دەداتە دواوە."....

ثۆرێزو ئەوانی تر ڕایانگەیاند کە چاپ بوونی ئەم سێ وتارە جیاوازییەکانی نێو بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کومۆنیزمی خستۆتە ڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا پێش ئەو مەسەلەیەش- واتە دوای ڕووداوی فرۆکەی جاسووسی **U-2** ی ئەمریکی لە مایسی ساڵی١٩٦٠دا کۆبوونەوەیەکی "فیدراسیۆنی جیهانی سیندیکاکان" لەشاری پیکەن هێرشی کردبووە سەر چین بۆ ئەو پێداگرییەی وا هاوڕییانی چینی لەسەر قسە گوتن بە ئایزەنهاوێر کردبوویان.

گرفتەکە لە کۆنگرەی حزبی کرێکاری ڕۆمانیا لە بوخارێست (مانگی جوونی ١٩٦٠) دا گەیشتە لووتکەی خۆی، کاتێ کە خرۆشۆف خۆی بۆ هێرشێکی کراوە بۆ سەر چین و پێکهێنانی "دەستەیەك" بۆ سەرکۆنە کردنی چین و پشتگیری کردن لە خەیانەتەکانی خۆی دەرحەق بە تیئۆری مارکسیزم- لێنینیزم ئامادە دەکرد.

نوێنەرانی ئاڵبانیا نەیانویست لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا بین و "هیسنی کاپو" بە نوێنەرایەتی لە لایەن حزبی کاری ئاڵبانیاوە، لەسەر هەڵوێستی دژی مارکسیستی و شێوازە پیلانگێڕییەکانی خرۆشۆف و ئەوانیتر داکۆکی لە حزبی کومۆنیستی چین کرد. هێڵی شەڕ کێشرایە کۆبوونەوەیەکی حزبی لە مۆسکۆ بۆ وتووێژ لەسەر جیاوازییەکان لە مانگی نڤامبری ١٩٦٠ دا .

تاوانبار کردنی چین بە نووسین، بریتی بوو لە نووسراوەیەك کە لایەنگرانی خرۆشۆف لە هەمان نڤامبری ١٩٦٠ دا بڵاویان کردەوە و لە ڕاستیدا بەڵگەنامەیەکی دژی مارکسیستی بوو بە ئامانجی شۆردنەوەی مێشکی نوێنەرانی حزبەکانی دیکە و ترساندنی چین. خرۆشۆف لە وتاری خۆیدا هێرشی کردە سەرحزبی کومۆنیستی چین و حزبی کاری ئاڵبانیا و لەعەینی کاتدا لە پشت پەردەوە گوشار خرایە سەرئاڵبانیا و هەڕەشەیان لێکرا کە پەیمانی ئابووری [نێوان سۆڤیەت و ئاڵبانیا] کە تازە دەستی پێکردبوو، دەوەستێنرێت.

وتاری ئەنوەر خوجە لە کۆبوونەوەی ٨١ حزبیدا خرۆشۆڤی لەرزاند. ئەو بە خەیاڵی خۆی وای دانابوو گەلێکی بچووکی وەك ئاڵبانیا دەتوانرێ بە هاسانی لێی بدرێت، کە ئەوەش کۆتایی بە خۆڕاگریی حزبی کاری ئاڵبانیا دەهێنا لەو مەسەلانەی وا خۆی تێکەڵ کردبوون و هەروەها بە سەبر و خۆڕاگریی لە بەرانبەر دیعایە و تەبلیغاتی خرۆشۆف و باڵوێزخانەکەی ئەو لە "تیرانا."

ئەنوەر خوجە دەستی کرد بە هێرش بردنە سەر مەسەلەی دەست تێوەردانی هەڵەی خرۆشۆف لە سیاسەتی "ژیانی هاوبەشی ئاشتیخوازانە" و قسەی کۆزلۆڤی گێڕایەوە کە

گوتبووی "ئاڵبانیا دوو ڕێگای لەبەرە: یا هاوکاری کردن بەو شێوازەی ئەو دەیەویست، یان بۆمبایەکی ئەتۆمی لە لایەن ئیمپڕیالیستەکانەوە کە هەموو ئاڵبانیای دەکردە خۆڵەمێش و هیچ ئاڵبانییەکی زیندوو نەدەهێشتەوە ".

وەك خۆجە گوتی، "تا ئەو کاتە، هیچ نوێنەرێکی ئیمپڕیالیزمی ئەمریکی هەڕەشەی ئەوتۆی لە خەڵکی ئاڵبانیا نەکردبوو و ئەو شتە لە لایەن ئەندامێکی سەرکردایەتی کومیتەی ناوەندی یەکیەتی سۆڤیەتیەوە هاتە گۆڕێ." ناوبراو سەرکۆنەی ڕێبازی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی مانگی جوونی بوخارێستی کرد کە تێیدا بێ ئەوەی پێشتر بە حزبی کاری ئاڵبانیا ڕابگەیەنرێت، تاوان درایە پاڵ حزبی کومۆنیستی چین.

جگە لە حزبی کاری ئاڵبانیا، حزبی کرێکارانی کۆریا و حزبی کرێکارانی ڤیەتنام، پاشماوەی حزبەکانی دیکەی هوردووگا [ی سوسیالیستی] ئاگادار کرانەوە کە کۆنفەرانسێك بۆ مەحکووم کردنی چین دەبەسترێت. خۆجە ڕایگەیاند کە ئامانجی کارەکە ئەوەیە حزبی کومۆنیستی چین لە لایەن بزووتنەوەی نێودەوڵەتیی کومۆنیستییەوە بە تاوانی هەڵە و خەتایەك کە لە بنەرەتدا نەیکردووە تاوانبار بکرێت. وەك ئەو گوتی، هاوڕێیانی چینی دوای کۆنگرەی بیستەمی "حکیس"، جیاوازییە بنەڕەتییەکانی خۆیانیان لەگەڵ ئەوان، ڕاگەیاند. هۆی ئەو ڕاستییە کە هەندێك لە کێشەکان پێوەندیان بە سەرکۆنە کردنی ستالین، هەروەها دژایەتیکردنی شۆڕش لە لایەن [حزبی کومۆنیستی] هۆنگاریا و چۆنیەتی گەیشتنە دەسەڵاتیانەوە هەبوو، دەبوایە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا قسەیان لەسەر بکرێت، نەك پەردەیان بەسەردا بکێشرێت.

حزبی کاری ئاڵبانیا بەڕاستی لەوە بەگومان بوو کە کاتێ بە ناوی تاوانباربوون بە دۆگماتیزم ئاکارێکی نامارکسیستی دژ بە حزبێکی برای وەك حزبی کومۆنیستی چین بەڕێوەدەبات، مانای ئەوە دەداتەوە کە هێرشکاییەکی دژ بە مارکسیزم- لێنینیزمی بەڕێوە بردووە.

ئەنوەر خۆجە هەروەها ناڕەزایی ئوسووڵیی خۆی دژ بە هەڵوێستی نێوبژیکارانەی ڕێبەرانی سۆڤیەتی و هەندێك حزبی کومۆنیستی و کرێکاری لە بەرانبەر ڕێڤیزیۆنیستەکانی یوگوسلاڤیا ڕاگەیاند کە تاقمی تیتۆ دژ بە ئاڵبانیا درێژەی بە هەڵخلاندن و خراپەکاری و پیلانی چەکدارانە دەدا.

ناوبراو ئاشکرای کرد کە دوای کۆنگرەی بیستەمی حکیس، بەکرێگیراوانی یوگوسلاڤیا بیریان لەوە دەکردەوە کە کاتی هاتبێت "ڕێبەرانی ستالینیست و کەللە ڕەق" ی ئاڵبانیا لەسەر کار وەلابنرێن. ئینجا پیلانێکیان ڕێکخست کە لە کۆنفەرانسێکی مانگی ئاپریلی ١٩٥٦ ی حزبیدا لە تیرانا، ئاشکرا کرا و تێك شکێنرا و هەر هەموو بەکرێگیراوانی یوگوسلاڤیا کە کاری دژ بە شۆڕشیان ڕێکخستبوو، ناسران و دادگایی کران و کووژران.

خرۆشۆڤ بە ئاشکرا دژ بە ئاڵبانییەکان و بۆ داکۆکیکردن لە موحاکەمەکراوان و جاسووسان هەڵوێستی گرت. لە مانگی ئاپریلی ١٩٥٧ دا، کاتێ ئاڵبانییەکان پێداگرییان لە سەر ئاشکرا کردنی تیتۆییەکان دەکرد، خرۆشۆڤ کەوتە هەڕەشە کردنی ئەوەی وتووێژەکان ڕادەگرێت و گوتی، "ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئێوەدا بگەینە هیچ ئەنجامێك. ئێوە دەتانەوێ بەرەوە ڕێبازی ستالینیمان بگەڕێننەوە".

سەرەڕای هەڵسوکەوتی خرۆشۆڤ سەبارەت بە پێداگریی نوێنەرانی چین و ئاڵبانیا، گەلێك "تەحریف"ی تیۆرییە مارکسیستی – لێنینیستیەکان لەمەڕ سروشتی ئیمپریالیزم، شۆڕش، ژیانی هاوبەشی ئاشتیخوازانە و ... تاد لە ڕاگەیاندنی کۆتایی [کۆنفەرانسەکە] دا بژار کرا و بەڵگەنامەیەکی ڕوون لەمەڕ ڕیڤیزیۆنیستەکانی یوگوسلاڤیا و کردەوەی خراپەکاریی دژ بە هوردووگای سوسیالیستی و بزووتنەوەی جیهانیی کومۆنیستی ئامادە کرا. ٨١ حزب بەیاننامەی مۆسکۆیان مۆرکرد، بەڵام خرۆشۆڤ بە کردەوە بەیاننامەکەی دڕاند، وەك ڕایگەیاند، "بەڵگەنامەکە پێکهاتەیە و پێکهاتەش تەمەنی درێژ نابێت." ئینجا درێژەیدا بە مۆدێلەکانی جارانی خۆی و لە دادێدا لەوەش خراپتر قەوما.

دوای کۆبوونەوەی مۆسکۆ لە نۆڤامبری ١٩٦٠ دا کاتێ ئاڵبانییەکان بە ئاشکرا بەرانبەر بە سیاسەتەکانی خرۆشۆڤ وەستان، ئەویش هەوڵەکانی خۆی دژ بە ئاڵبانیا خێراتر کرد و گەیاندییە پۆپەیەکی تازە بۆ ئەوەی سزایان بدات. لە جانیوەری ١٩٦١ داهەموو ئەو یارمەتییانەی وەستاند کە بڕیار بوو بە پلانی پێنج ساڵەی سێهەم (٥-١٩٦١) بۆ پێشخستنی ئابووری ئاڵبانیا بکرێن. ئەوەش بە ئاشکرا بەو ئامانجە دەکرا کە بەرگری لە بیناکردنی سوسیالیزم لە ئاڵبانیا بکات. پسپۆڕانی سۆڤیەتی [لە ئاڵبانیا] بانگ کرانەوە و خوێندکارانی ئاڵبانیایی بە تاوانی نابەجێ لە یەکیەتی سۆڤیەتی دەرکران. خرۆشۆڤ پەیمانی سوپایی [سۆڤیەت و ئاڵبانیا]ی خستە ژێر پێ و ئابلۆوقەیەکی ئابووری- سیاسی-سوپایی بە سەر کۆماری گەلی ئاڵبانیادا سەپاند بەو تاوانەی کە بە ئوسوولی مارکسیزم- لێنینیزم وەفادار مابوونەوە و دژایەتی ئەو تێلایەشیان دەکرد کە خرۆشۆڤ بۆ ترساندنی ئاڵبانیا نابوویە سەر شانی. لە مانگی ئوکتۆبری ١٩٦١ دا ئاڵبانیا بانگهێشتنی کۆنگرەی ح ك ی س نەکرا و لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەکەش کەڵك وەرگیرا بۆ ئەوەی بە ئاشکرا ناوی پارتی کرێکاری ئاڵبانیا ببرێت و هێرشی بکرێتە سەر. خرۆشۆڤ پێشینەیەکی گلاوی بۆ دروست کردن و هەوڵی دژ بە ئاڵبانیای خۆی بە هەڵبڕانی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا گەیاندە دوایین قۆناغ (دیسەمبری ١٩٦١) .

## کۆنگرەی ٢٢ ی حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی و پرۆگرامی کومۆنیزمە تەزویر کراوەکەی خرۆشۆڤ

رۆژێك پێش بەسترانی کۆنگرەی ٢٢ لە ئوکتۆبری ١٩٦١ دا، تاقمی رێڤیزیۆنیستی خرۆشۆڤ بە بیانووی "تازە کردنەوەی کارت" ەوە، "سەدا ٤٥ ی ئەندامانی حزب و کۆمیتەی ناوەندیی کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیەت و کۆمیتەکانی حزب لە ناوچە و مەڵبەندەکان، هەروەها سەدا ٤٠ ی ئەندامانی کۆمیتەکانی حزب لە ناو شارەوانییەکانی لەسەر ئیش وکاریان وەلا نا ".

ئەو فێڵبازییانە بە ئامانجی ئەوە دەکران کە هەرکەسێك جێگەی متمانەی رێڤیزیۆنیستەکان نەبێت لەسەر ئیش وکار نەمێنێت و کەسانی دەستەمۆی ئەوان لە شوێنە سەرەکییەکان دابمەزرێن. جیا لە هێرشکردنە سەر حزبی کاری ئاڵبانیا، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، پێش کۆنگرە و دوای ئەویش دەبێ فێڵبازیی دیکە بەرێوەبرابێت. بۆ نموونە، خرۆشۆڤ ئەو ئاڵقە گوڵانەی فرێدا دەرەوە کە "چۆئێن لای" لە سەر گۆڕی لێنین و ستالینی دانا و ئاشکرایە کە ئەم هەڵەکارییە دەبوو ڕاگوێزرانی تەرمی ستالین بۆ بن دیواری کرێملینی بە شوێندا بهاتایە.

جگە لە ستالین کە لەم دەرفەتەدا دەبوایە بە کوشتنی کیرۆف لە ساڵی ١٩٣٤ دا تۆمەتبار بکرایە، قوربانییەکی دیکەی دەستی خرۆشۆڤ، "ڤۆرشیلۆڤ" ی پیر، قارەمانی شۆڕشی ئوکتۆبری ناوخۆ بوو، کە سووکایەتی ئاشکرای پێکرا و تاوانباریان کرد کە ئەندامی تاقمی گوایە "دژە حزب" بووە. بەربینگ گرتنی وا درەنگ بە مارشاڵ ڤۆرشیلۆڤ لە لایەن خرۆشۆڤەوە نیشانەی ئەوە بوو کە ئەم هێرشە نوێیە بە ئامانجێکی گەلێك نوێ و تازەتر لە قەیرانی ساڵی ١٩٥٧ ی حزب بڕیاری لەسەر دراوە. ئەم کارە، لە ڕاستیدا دژ بە دەستەیەك لە ئوپۆزیسیۆنی ناو حزب کەوتبووە ڕێ.

"مژاڤاندزە"ی سکرتێری یەکەمی حزب لە گورجستان کاتێ لە بەردەمی دەیان کەسدا قسەی دەکرد، ڕاستییەکەی درکاند و گوتی "پێویستە ئێمە دژ بە دۆگماتیستەکان و ڕێڤیزیۆنیستەکان و هەموو ئەوانەی وا دەیانەوێ یەکیەتی ڕیزەکانی حزبمان تێکبدەن، وشیار ببینەوە." کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی "دۆگماتیستەکان" پیشاندەری ئەو ڕاستییە بوو کە زۆر ئەندامی حزب ڕوانگەیان وەك ڕوانگەی هاوڕێیانی چین و ئاڵبانیا دەچوو، کە لە لایەن خرۆشۆڤەوە شەقڵی "دۆگماتیست"یان لێدرابوو، واتە لەوێ [لە سۆڤیەت]یش دژایەتی هێڵی فیکریی خرۆشۆڤ دەکرا. شێوازی دروستی ئەو بیرۆکەیە کاتێ دەردەکەوێت کە هیچ نەبێ لاپەڕەی یەکەمی ئەو بەڵگەنامەیە بخوێنیەوە، کە لە سەرەتای شەستەکاندا لە ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتیدا بڵاو کرایەوە .

بەڵگەنامەکە بریتییە لە "پرۆگرام و ئوسووڵی شۆڕشی کومۆنیستانی یەکیەتی سۆڤیەتی (بۆلشویك)" و تێیدا گوتراوە :

"سیاسەتی هەلپەرستانەی نێو ڕێبەرانی ئێستای یەکیەتی سۆڤیەتی دەبێ پیشاندەری خواستی کۆمەلانی خەلکی سۆڤیەت بێت... بەڵام زوربەی هەرە زۆری خەلکی سۆڤیەت و ئەندامانی حزبی کومۆنیستی سۆڤیەتی بە لێبڕاوییەوە دژ بەوانە دەوەستن".

...."هاوڕێیانی چینی و ئاڵبانیایی هەلپەرستییە نوێیەکەیان لەقاو دەدا و پەسندی پرەنسیبە شۆڕشگێڕانەکان و لەخۆبووردوویی و فیداکارییان دەکرد. بەڵگەنامەکانی حزبی کومۆنیستی چین و حزبی کاری ئاڵبانیا پیشاندەری ڕێبازی هاوکاریی چینایەتی و دەرخستنی سوودی شۆڕشی سوسیالیستی بوون کە ڕێبەرانی حکیس دوای مردنی ستالین لەوێوە وەڕی کەوتن".

"بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕەنگەی وا گۆڕییان بۆ ئەوەی بتوانن ڕێبازی کۆنەپەرستانەی خۆیان داپۆشن، ڕاستەقینەی زەقی ژیان لە یەکیەتی سۆڤیەتی هەروەها سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕێبەرایەتی هەلپەرستی حکیس نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ڕێبەرایەتی ڕیڤیزیۆنیست بە زۆرەملێ دەسەلاتی گرتە دەست و بە هەمان شێوەش ڕێبازی دژ بە خەلکی گرتەبەر".

ئەو "ڕاستەقینەیەی ژیانی یەکیەتی سۆڤیەتی" کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، بە ڕوونی هەڵسەنگاندنەکانی کومۆنیستانی چین لەمەڕ چاپکراوەکانی سۆڤیەتی نێوان سالانی ١٩٦٠، ١٩٦١، ١٩٦٢ و ١٩٦٣ دەردەخەن، کە باسی لە گەندەڵیی لە ڕادەبەدەر لە بەشی مەزرا هاوبەشەکان و کار خانەکانیان کردوە. سەرنجڕاکێشە کە ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە و سەیری ڕاپۆرتی مالینکۆڤ بۆ کۆنگرەی نۆزدەهەمی حزب لە ئوکتۆبری ساڵی ١٩٥٢ واتە دەساڵ پێشتر بکەین، دەبینین مالینکۆڤ ڕەخنە لەو کردەوانە دەگرێت هەرچەندە لە بیچمێکی سەرەتاییشدابن .

ئەو دەڵێ،

"هەندێ کاربەدەستی حزب و دەوڵەت یاخود کاربەدەستانی بەشی کشتوکاڵ لەجیاتی پتەوکردنی کشتوکاڵە گشتییەکان لە ناو مەزرای گشتیدا، خەریکی دزینی مڵك ومالی ئەو مەزرا هاوبەشانەن ".

مالینکۆڤ ڕەخنەیەکی توند لە ڕێبەرایەتی پڕ هەڵە و پەڵە لە پێوانەیەکی زۆردا دەگرێت و نموونە لە کاری بیناسازی دێنێتەوە.

ستالین خۆی لە "تەنگ وچەڵەمەکانی ئابووریی سوسیالیستی" چاپی ساڵی ١٩٥٢ دا دەریدەخات کە ئاگاداری هەڵەی ڕیڤیزیۆنیستەکان وتیئۆرییە ئابوورییەکانیانە. هەربۆیەش مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣ دا بۆ پیلانەکانی لایەنگرانی خرۆشۆڤ مردنێکی بەجێ بوو، کە

دەستبەجێ دوای ئەو چرای سەوزیان بە توخمە وردەبورژواییەکان پیشان دا کە پێشتر لە ناو کاربەدەستانی حکوومەت و حزب و تەنانەت لە ڕیزەکانی چینی کرێکاردا سەریان هەڵدابوو .

هەربۆیەش بوو کە خرۆشۆڤ حکیسی لە هەموو ڕیز و ڕادەیەکدا لە مارکسیست- لێنینیستە گەورەکان خاڵی کرد و دەوری خۆی بە یاری غار و وردەبورژواکان تەنی... پاشان کە هەستی بە توانای خۆی کرد، لە ئوکتۆبری ١٩٦١ لە کۆنگرەی ٢٢ دا بە ئاشکرا دروشمی دژایەتیکردن لەگەڵ "دیکتاتۆریی پڕۆلێتاریا" ی بەرز کردەوە و ویستی "دەوڵەتی هەموو گەل"ی لەشوێن دابنێت.

هەمووکەس بە کەمترین زانیاریی مارکسیستی- لێنینیستیەوە دەزانێت کە دەوڵەت چەکی خەباتی چینایەتییە و مەکینەیەکە بە هۆی ئەوەوە چینێك گوشار دەخاتە سەر چینێکیتر. تا کاتێکیش دەوڵەت هەبێت، ناگونجێت هی هەموو گەل واتە لە لای ژوورەوەی چینی کۆمەڵایەتییەوە بێت .

ئەو ڕاستییەی کە خرۆشۆڤ کۆتایی [ئەسڵی] دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریای لە یەکیەتی سۆڤیەتیدا ڕاگەیاند و تێزی "دەوڵەتی هەموو خەڵك" ی هێنایە دەرێ، پیشاندەری ئەوەیە کە ویستی درۆ ودەلەسەی بورژوایی بکاتە جێگری مارکسیزم- لێنینیزم. ئەو گوایە "دەوڵەتی هەموو خەڵك"ەی خرۆشۆڤ لە راستیدا پەردەیەك بوو بۆ داپۆشانی دیکتاتۆریەتی تاقمێکی بچووکی ڕیڤیزیۆنیست بە سەر کۆمەڵانی کرێکار، وەرزێر و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕدا. هەر بۆ نموونە، لە جارێك زیاتر، مانگرتنی کرێکارانیان دژ بە زیادبوونی مەسرەف، تێکەڵ بەخوێن کرد و ئەوانەی وا بەربەرەکانی سیاسەتەکانی ئەوانیان دەکرد بە کەسانێك ناساند کە "مێشکیان تێکچووە" و... هتد.

خرۆشۆڤیستەکان دژ بە دیکتاتۆریەتی پڕۆلێتاریا دەوەستان بەڵام لە عەینی کاتدا، بە توندی دەستیان بە سەر دەسەڵاتی دەووڵەتیدا گرتبوو، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە مەکینەی دەوڵەت بوو تا بتوانن گوشار بخەنە سەر کرێکارانی سۆڤیەت و مارکسیست – لێنینیستەکان و ڕێگا بۆ گەرانەوەی سەرمایەداری خۆش بکەن. خرۆشۆڤ کە بەو دەوڵەتە هەموو خەڵکییەی خۆیشی ڕازی نەبوو، لە کۆنگرەی ٢٢ دا "حزبی هەموو خەڵك"ی ڕاگەیاند. لێرەشدا هەر مارکسیزم – لێنینیزم پێماندەڵێت کە حزبی سیاسیش وەکوو دەوڵەت، کەرەسەی خەباتی چینایەتییە و هەر حزبێکی سیاسی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی چینێکی تایبەت دەکات. حزبی کرێکاران دەقاودەق بۆ تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی- لێنیسیستی دروست کراوە و بۆ پێشڕەوایەتی کرێکاران ڕێك خراوە، نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی کرێکارانیش دەکات. لە هەمان کاتدا تاقە حزبێکیشە کە نوێنەرایەتی زوربەی زۆری خەڵك لە ئەستۆیەتی.

خرۆشۆڤ ئەم چەمکە ڕوون و کریستاڵانەی وەك "فۆڕمولی کلیشەیی" دایە دواوە و دیعایەی ئەوەی کرد کە "هەمووکەس" لە کۆمەڵگای سۆڤیەتیدا ڕوانگەی مارکسیستی – لێنینیستی قەبووڵ کردووە. لە ساڵی ١٩٦١ دا کاتێ کە هەموو توخمە بورژوابیەکان بە توندی لایەنی ئەویان گرتبوو، ئامانجی ڕاستەقینەی ئەوە بوو کاراکتەری پڕۆلیتاریایی حکیس بگۆڕی و بیکاتە حزبێکی ڕیڤیزیونیستی.

تیئۆرییە تەزویرکراوەکانی خرۆشۆڤ و بە هەمان شێوە دروشمە هەڵەکانی لەمەڕ "بنیاتنانی کۆمەڵگای سوسیالیستی لە ماوەی ٢٠ ساڵدا"، مارکسیزم – لێنینیزمی کردە گاڵتەجاڕ. "کومۆنیزمە چێشتی مجێور"ەکەی خرۆشۆڤ نموونەی ئەمریکای کردە سەرمەشقی خۆی و لاساییکردنەوەی شێوەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاپیتالیستیی ئەمریکا و ڕێبازی بورژوایی ژیان لە لایەن خرۆشۆڤەوە گەیشتە ڕادەی سیاسەتی دەوڵەتی. زوربەی حزبە کومۆنیستەکانی جیهان ملهوڕییان لێکرا یا خود بەرتیلیان پێدرا بۆ ئەوەی بە بێدەنگی تێزەکانی کۆنگرەی ٢٠ و ٢٢ ی حکیس وەربگرن و لە بەرانبەر تیلا و هەڕەشەی خرۆشۆڤدا بنووشتێنەوە کە دەیگوت سیخوڕەکانی ئیمپریالیزم لە یوگوسلاڤیا خەریکی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستین و ئەوەش کە بێ بەزەییانە لەگەڵ ئالبانیا بجوولێنەوە و کۆماری گەلی چین بە بازرگانی شەڕ بناسین.

ئەوانە، ئەو ڕووداوە سەرسووڕهێنەرانە بوون کە تەنیا سوودیان بە ئیمپریالیستەکان دەگەیشت. کومۆنیستەکان پێویستە بە ئاواڵەیی لەسەر ڕووداوەکانی سەردەمی خرۆشۆڤ قسە بکەن نەك ئەوەی تەسلیمی پیلانی بێدەنگی هێنان بن. بۆ خاتری بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کومۆنیستی نابێ ئەو تەسلیم بوونە کوێرانەیە بە ڕیڤیزیۆنیزم و هەلپەرستی هیچ کاتێ سەرهەڵبداتەوە .

**حزبی کومۆنیستی بریتانیا و بەکارهێنانی سیاسەتی دژی مارکسیستی لە بریتانیا**

حزبە کومۆنیستییەکانی ئوروپای ڕۆژئاوا سەلماندیان کە توانایان نەبوو کەڵك لە بارودۆخی لەباری دوای شەڕی دووهەمی جیهانی وەربگرن کە سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا خولقاندبووی. بە پێچەوانە، بەهۆی دەسەلات سەندنی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ڕێگەی "تەرحی مارشاڵ (UNRRA) "و ناتۆوە، هەل ومەرجێك لە ئوروپای ڕۆژئاوای دوای شەڕ هاتە گۆڕێ کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕوانگەی هەلپەرستانە لە ڕێبەرایەتی حزبە کومۆنیستەکانی فەڕانسە، ئیتالیا و ئیسپانیادا- ئەگەرچی پێشتریش ئەو ڕوانگەیە هەر هەبوو، بەڵام ئەودەمە ئیتر یەکیان گرت .

ئەو مەسەلەیە لە بریتانیا تەنانەت زیاتریش دەرکەوت کە تێیدا بورژواکان، پسپۆڕی وەدیهێنانی ڕیفۆرمی فریودەر لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری و لە ڕێگەی سیندیکاکان و کەمایەتیی وەفادار بە شاژن لە ناو پەرلەماندا بوون. حزبی کومۆنیستی بریتانیا لە ڕێگەی بەیاننامەی "جۆن گوللان" بە ناوی "سی ساڵ خەبات"ەوە، لە مانگی ئۆگوستی ١٩٥٠دا خۆی بە ٤٠ هەزار ئەندامی حزب و دەسکەوتی مەزنی یەکیەتی سۆڤیەتی و کۆماری مەزنی چین و هاتنی پۆلەندا (لەهیستان) و چیکۆسلۆڤاکیا، هۆنگاریا، ڕۆمانیا، بولگاریا و ئەڵمانیای دیموکراتیك بۆ ناو ڕیزەکانی وڵاتانی سوسیالیستی هەڵدەکێشا، کە هەر هەموویان "ڕێبازی سوسیالیزم و ئازادییان گرتۆتەبەر". وشەکان پڕ بوون لە شانازی، بەڵام حزبی جۆن گوللان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، دەستیکرد بە باللۆرە لێدانێکی تر.

ساڵانی نێوان ١٩٤١ و ١٩٥٣، بەتایبەت ١٩٥٠ کە ئیمپریالیستەکان دەستیان کرد بە هێرشکاریی بۆ سەر کۆریا، لووتکەی شەڕی سارد بوو. گەرچی لە ناوخۆی کۆریادا بوو بە شەڕێکی گەرم، لە ماوەی ئەو شەڕەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چین و یەکیەتی سۆڤیەتی لە چەکی ئەتۆمی دەترساند و کۆنەپەرستان لە هەموولایەك چەپڵەیان بۆ لێدەدا.

ئێستا، وەرە و حزبی کومۆنیستی بریتانیا ببینە کە لە ساڵی ١٩٥١ دا "ڕێبازی بریتانیا بەرەو سوسیالیزم" چاپ دەکات و تێیدا دیعایەی ئەوە دەکات کە "ئێستا بۆ چینی کرێکار کارێکی گونجاوەلە ڕێگەی یاسای بنەڕەتی وڵاتەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرمایەداری بریتانیا بگرێتە دەست ئینجا ئەم دەوڵەتە سەرمایەدارییە بکات بەو دەوڵەتەی کە بتوانێ پێداویستییەکانی چینی کرێکار دابین بکات ".

ئاشکرایە ئەم چەلەحانەیە بەڕواڵەت ڕازاوەیە، ماوەیەکی زۆر پێش ئەو، لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"، هەروەها لە "شۆڕشی کرێکاری و کائۆتێسکی لادەر" دا ڕەد کرابووەوە. بەم پێیە، حزبی کومۆنیستی بریتانیا لە باری ئایدیۆلۆجییەوە تەنانەت پێش مردنی ستالین و پێش هاتنە سەر شانۆی خرۆشۆڤیش هەنگاوی گەورەی بەرەو دواوە هەڵدێنایەوەو چەند مارکسیست-لێنینیستێکی ناو حزب کە چەمکی "ڕێگای بریتانیایی" تێدەگەیشتن، لە حزب هاتنە دەرەوە و ناڕەزاییان دەربڕی؛ ئینجا ڕێبازی دوورودرێژی خەبات دژ بە بەراوەژووکردنی تیۆرییە مارکسیستی- لێنینیستییەکانیان دەستپێکرد.

هەندێ ڕووداوی وەك هێرشکاریی خرۆشۆف بۆ سەر ستالین لە کۆنگرەی بیستەمدا، کووژرانی بێریا، کارەساتەکانی دژی شۆڕش لە پۆلەندا و هۆنگاریا، بوونە هۆی لەدەستچوونی هەزاران ئەندامی حزبی کومۆنیستی بریتانیا. تا ئەودەمە، ئیتر خرۆشۆف لەگەڵ تیتۆدا ببوە دۆست و پلەی مالینکۆف و مۆلۆتۆف و گاگانۆڤیچی هێنابووە خوارێ، پەیوەندە

سەرەتاییەکانی حزب و پاشان پێوەندی دیپلۆماتیك لەگەڵ ئالبانیای هەڵبڕیبوو و پڕوپاگەندەیەکی زۆری دژ بە چین خستبووە ڕێ. ئیتر ئەندامیەتی حزب ڕێك وپێکییەکەی جارانی نەمابوو .

لە ساڵی ١٩٦٢ دا مارکسیست – لێنینیستەکانی ناو حزبی کومۆنیستی بریتانیا دەستیان کرد بە ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بە سیاسەتە پڕ کارەساتەکانی خرۆشۆڤ و لە کووبا و بە سوسیالیستی ناسینی یوگوسلاڤیا و شەڕ وهەرای بێشەرمانە دژ بە چین و ئەوەی وا خرۆشۆڤیستەکان لە جیاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، گەلی چینیان بە شەڕهەڵگیرسێن دەناساند .

ڕۆژنامەی "دەیلی وورکر" ی حەوتەمی ئاپریلی ١٩٦٤ باسی وتارێکی سوسلۆڤ دەکات کە گوتبووی "سەبارەت بە پرسیاری شەڕ یان ئاشتی دەبێ بگوترێ چین ... سەرلەنوێ وەك هێزێکی دژ بە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی دەرەوەی وڵاتە سوسیالیستییەکان لە گۆڕەپانی جیهانیدا وەستا." ڕۆژنامەی "سۆڤیەت ویکلی" نۆهەمی ئاپریلی ١٩٦٤ لەوە زیاتریش چووە پێشەوە و گوتی، "ئێستا ئەو فناتیکانەی وا بۆ پشتگیری کردنی ئایدیۆلۆجیای خۆیان کەڵك لە شەڕی ئەتۆمی وەردەگرن، گەورەترین مەترسین. بەداخەوە ئەم چەشنە کەسانە لە ناو ڕێبەرایەتی چیندا زۆرن".

تا ئەو کاتە، بە فەرمانی خرۆشۆڤیستەکان، "پاککردنەوە" لە هەموو ڕادەیەکی حکیس دا بەڕێوە چووبوو بۆ ئەوەی ئەو مارکسیست- لێنینیستانەی وا دژ بە ڕیڤیزیۆنیزمی نێو حزب وەستابوون، لەکۆڵی خۆیان بکەنەوە. هەمان "سیاسەتی پاك کردنەوە" لە ناو حزبەکانی دیکەدا بووە هۆی دابڕانی زۆر و لە ئوسترالیا و بولگاریا و برازیل و سیلان حزبێکی مارکسیست – لێنینیستیان لە دەرەوەی حزبە ڕیڤیزیۆنیستە کۆنەکاندا پێکهێنا. هەندێك لەوە حزبانە ئەوەندە گەورە بووبوونەوە کە دەیانتوانی بە گژ ڕێبەرایەتی ڕیڤیزیۆنیستەکاندا بچنەوە، بەڵام لە بریتانیا حزب و گرووپە مارکسیست – لێنینیستەکان هەروا تاك و بچووك مانەوە و یەکتریان نەگرت واتە بە سەر یەکەوە نەیانتوانی شوێن لەسەر ڕێبەییە وردە بورژوا و ڕیڤیزیۆنیستەکانی حزبی کومۆنیستی بریتانیا دابنێن- حزبێك کە دوای وەلانانی مارکسیزم- لێنینیزم ئیتر هیچ هۆکارێك بۆ مانەوەی نەمابوو.

گاڵتەجاڕی ناو حزبی کومۆنیستی بریتانیا لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٦٤ دا ئەوە بوو لە کاتێکدا لە ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتی لایەنگرانی برێژنێف چەند مانگێك بوو هەوڵی ئەوەیان دەدا خرۆشۆڤ بە سزا بگەیێنن و لەسەر کاری وەلا بنێن، ڕیڤیزیۆنیستەکانی بریتانیا هەموو کاتی خۆیان تەرخانی ئەوە کردبوو کە هەرچی کومۆنیست هەیە بەتاوانی دژایەتیکردنی سیاسەتی ڕیڤیزیۆنیستەکان لە حزب دەربکەن. سەبارەت بە سیاسەتی "سانتڕالیزمی

دیموکراتیك" و "ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن" یش، حزبی کومۆنیستی بریتانیا هیچکامیانی نەدەویست .

ئەو حزبانەی وا درەنگتر لە حزبی کومۆنیستی بریتانیا جیا بوونەوە- حزبی کومۆنیستی نوێ و حزبی کومۆنیستی بریتانیا، بە درێژایی سالان نەیانتوانی ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی لەو سیاسەتە کۆنانەدا کە حزبەکەی پێشوو بە میرات بۆی بەجێ هێشتبوون، پێك بێنن .

ڕێبەرایەتی هەردوو حزبەکە تاوانبارن کە ڕاستەقینەی ئەو فاکتانەیان لە ئەندامانی خۆیان شاردۆتەوە کە لە بەلگەنامەکاندا هاتبوون، ئەویش ئەو ڕاستیەیە وا لەمەڕ دژی شۆڕشی نیکیتا خرۆشۆڤ و ئەو زیانەی وا تووشی شۆڕشی سوسیالیستی کرد، ئەوان نەیانتوانی بە خەلك بلێن کۆنگرەی بیستەمی حکیس لە سالی ١٩٥٦ تاقە هۆکار بوو بۆ دووبەرەکیی پڕ کارەساتی ناو بزووتنەوەی جیهانی کومۆنیستی سەرەتای شەستەکان [ی سەدەی بیستەم]، نەك ئەوەی کە هەندێ کەس بە "چەپئاژۆیی" حزبی کومۆنیستی چینی دەزانن و وریای ئەوەشن کە هیچ ڕێکەوتێکی بۆ دانەنێن.

ئەوان، تەنانەت کاتێ کە توورەن و بۆ ئەو هەلە و پەلەیانەی وا بە کەوتنە دوای خرۆشۆڤ کردبوویان، ڕەخنە لە خۆیان دەگرن، شایانی بڕواپێکردن نین. واهەیە ئەوان لە هەمان کاتدا پرسیاری ئەوە لە خۆیان نەکەن کە بۆچی ناڕەزایانی ئەمڕۆ لە مۆسکۆ و شوێنەکانی دیکەی یەکیەتی سۆڤیەتی بە پلاکاردی واوە دەرناکەون کە برێژنێف یان خرۆشۆڤ پیشان بدات و تەنیا وێنەی لێنین و هاوڕێی نزیکی ئەو واتە ستالین بەرز دەکەنەوە.

### ئاکام

لە ١٥ ی ئوکتۆبری سالی ١٩٦١ بە هۆی کۆدیتایەکەوە کە گەلالەکەی زۆر وریایانە داڕێژرابوو، برێژنێف جێگای خرۆشۆڤی وەك سکرتێری یەکەم [ی حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی] گرتەوە و ڕۆژێك دواتر کاسێگین پلەی سەرەك وەزیرانی لە دەست خرۆشۆڤ دەرهێنا، خرۆشۆڤ خانەنشین کرا و کەسیش نەبوو بە پەرۆشیەوە بێت .

دەمدەمی بوون، دووپاتکردنەوەی سیاسەتی پڕ هەلەی دەرەوە، ناڕەزایی ناوخۆی ولات و چالاکیی دژی ستالینی، هەموو بەسەر یەکەوە بوونە هۆی ئەوەی لەسەر کار لاببرێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوکەسانەی وا بە ساویلکەیی دیعایەی ئەوە دەکەن کە گوایە دەرکەوتنی برێژنێف لە گۆڕەپانی سیاسەت بە واتای گەڕانەوە بۆ سیاسەتی مارکسیست – لێنینیستەکان بوو، هەم خۆیان، هەم خەلك فریو دەدەن. دوای چەندین جار "پاك کردنەوە"ی خرۆشۆڤ لە

ناو ڕیزەکانی حزبدا، دەبێ هەندێك لە موعجیزە کەمتر بێت ئەگەر مارکسیست – لێنینیستێك لە ڕێبەرایەتی یان تەنانەت لە هیچ ڕادەیەکی دیکەدا مابێتەوە. خرۆشۆف حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی وەك حزبێکی مارکسیست – لێنینیست لەناو برد .

سالانی حوکمی برێژنێڤ هەمان سالانی خرۆشۆف بوون بە بێ گالتەجاڕەکانی خرۆشۆف! بۆ نموونە، لە بڕیاری خرۆشۆف بۆ بەستنی ئیزگەکانی ئوتومبیل و تراکتۆر و مەجبوور کردنی وەرزێرانی مەزرا هاوبەشەکان بە کڕینی دەزگا و مەکینەکاندا [برێژنێڤ] هیچ گۆڕانێکی وەدی نەهێنا. ئەم سیاسەتانە، وێرانگەریی دەستەقەسد بوون لە کاری هەرەوەزی سوسیالیستیدا و وردە وردە هەموو سیستەمەکەی لەناو برد. هەروەها لە سیاسەتی سەبارەت بە کرێکارانی کاربەدەستانی کارخانە دەولەتییەکان، کە بۆ نموونە لە ڕێگەی دروستکردنی "کارگەی ژێرزەمینی" و بەرهەم هێنان و "فرۆشتنی خسووسی"یەوە داهاتێکی زۆریان پێکەوەنابوو، هیچ وەرچەرخانێك پێك نەهات .

ئەو گەندەلی و خراپەکارییانە دەبووە هۆی چەوساندنەوەی کاری خەلکانی دیکەش، لە ئەنجامدا ئابووریی دەولەتییان دەکردە ئابووریی سەرمایەداری و ئەو گەندەلییە لە هەموو سالانی حوکمی برێژنێڤیشدا بەرەو زیادبوون ڕۆیشت.

ئەنجامی سیاسەتەکانی خرۆشۆف ، کە لەژێر حوکمی برێژنێڤدا درێژەی کێشا، بریتی بوو لە پەرپێدانی توێژێکی خاوەن ئیمتیاز کە لە توخمی گەندەلی کادیری ڕێبەرایەتی حزب و ڕێکخراوە دەولەتییەکان و بەشی ئابووری و مەزراکان هەروەها لە ڕووناکبیرانی بورژوا پێکهاتبوو. توێژە خاون ئیمتیازەکەی سۆڤیەت لە بەرانبەریکردن لەگەل خەلکی سۆڤیەتدا، پەرەی سەند - ئەو خەلکەی وا ٪۹۰ ی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. دواتر، وردەوردە ئەم توێژە ڕژیمێکی دیکتاتۆری بروکرات و کاپیتالیستیان دروست کرد کە هیچ خالێکی هاوبەشی لەگەل سوسیالیزمدا نەبوو.

خرۆشۆف بە تەنیا نەبوو، بەلکوو کەرەسەی دەستی بورژوا گەندەلەکان بوو کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی ئەوانی دەکرد و بۆ هەمیشە ناوی لەگەل بەدناو کردنی ستالین، لەناوبردنی مارکسیزم – لێنینیزم، پەرەپێدانی بەرژەوەندیی شەخسی، خەیانەت بە شۆڕشی سوسیالیستی لە یەکیەتی سۆڤیەتی و کۆمارە دیموکراتیکەکانی ڕۆژهەلاتی ئورووپا و خەیانەت کردن بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی چەوساوە لە ڕێگەی ئەژنۆدادان بۆ ئیمپریالیزم دەبرێت.

سەردەمی خرۆشۆف بۆ هەمیشە وەك سەردەمی زیان گەیشتن بە مێژووی کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیەتی دەمێنێتەوە لە کاتێکدا شان و شەوکەتی ستالین بەرەو زیاد بوون

دەچێت. لە ساڵانی ڕەشی سییەکان [ی سەدەی بیستەم] لە ماوەی پەرەسەندنی بێ وچانی فاشیزمدا، ناوی ستالین بۆ گەلانی چەوساوە نیشانەی هیوا بوو .

لە ئوروپای داگیرکراوی ئەو سەردەمە، ئەو خەڵکانەی وا لە ژێر کەڵەوەی نازییەکاندا دەیاننالاند دەیانزانی سوپای سوور ڕزگاریان دەکات. پارتیزانە سۆڤیەتییەکان کە لە پشتەوەی بەرەری دوژمندا دەجەنگین، پارتیزانەکانی ئاڵبانیا و ئەوانیتر کە دژ بە فاشیستەکانی ئیتالیا و ئاڵمانیا دەجەنگین، لە سەرەمەرگدا ناوی ستالین و سوسیالیزمیان لە سەر لێو بوو؛ لەبەر ئەوەی ئەو دوو ناوە لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ببوونە هاوجووتی یەکتر.

بورژوازیی خاوەن دەسمایە ملیۆنەها پارەی بە نووسەرە بەکرێگیراوە بێ ئوسوولەکان دەبەخشی بۆئەوەی ئەو ڕاستییە بگۆڕن و ستالین بکەنە مێردەزمەیەك. بەڵام هێرش کردن بۆ سەر ستالین، هێرشکارییەکی بێ پێچ وپەنایە بۆ سەر مارکسیزم – لێنینیزم و شۆڕشی سوسیالیستی؛ جا ئەگەر هەندێ کەس لایان وایە ئەمڕۆ ئیتر بەرزکردنەوەی ئاڵای ستالین کات کوشتن و ئەزموونێکی کۆن و لادانە لەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان بگرنە ئەستۆ، بێگومان لە هەڵەدان چ لە ڕووی ئاگاییەوە بێت و چ نائاگایانە. ئەو کەسانە بە پێوانەی جیهانی، لە سەردەمێکی گەلێك گرنگدا تێکشکانێکی زیاتر بۆ بزووتنەوە [کومۆنیستی]یەکە دروست دەکەن .

ئێستا کە ڕیڤیزیۆنیستەکانی لایەنگری خرۆشۆف و برێژنێف بە تەواوەتی بێ ئیعتیبار بوون، بێگومان کارێکی بێ واتایە ئەگەر لە ڕێگەی درێژەدان بە شاردنەوە و خۆدزینەوە لە ڕاستییە مێژووییەکانەوە ڕیڤیزیونیزمێکی نوێ لە سەر کەلەوای ئەوی کۆن دروست بکەین.

سوسیالیزم لە سییەکان [ی سەدەی بیستەم] دا بە سەرکەوتوویی بنتیات نرا؛ تەنیا توانای سوسیالیزم بوو فاشیستە نازییەکانی تێکشکاند؛ لە ١٩٥٣ بەدواوە خرۆشۆف و برێژنێف و گارباچۆف هەموو بە یەك رادە، هەوڵی ڕووخاندنی یەکیەتی سۆڤیەتییان دا و بەو کارە، ئیمپریالیزمیان شادمان کرد.

## بیبلیۆگرافی


- ت. گونەوەردەنە، "خرۆشۆڤیزم"، کولۆمبۆ ١٩٦٣
- م. فرانکلەند، "خرۆشۆف"، کتێبی پلیکان، بریتانیا ١٩٦٦
- و. شاو؛ د. پریس، "ئەنسیکلۆپێدیای یەکیەتی سۆڤیەت لە لێنینەوە تا گارباچۆف"، لەندەن ١٩٩٠

- ك. مالینکۆف، "ڕاپۆرت بۆ کۆنگرەی نۆزدەهەم سەبارەت بە کار کردن لە کومیتەی ناوەندی و حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی"، کۆپی، مۆسکۆ ١٩٥٢
- گرووپی بۆڵشویك، "پڕۆگرام و ئوسووڵی کومۆنیستە شۆڕشگێڕەکانی سۆڤیەت"، یەکیەتی سۆڤیەتی، ١٩٦٠ تا ١٩٧٤ (؟)
- ئا. خۆجە، "هەڵبژاردەی نووسراوەکان، بەرگی ٣، تیرانا ١٩٨٠
- -------- ، "خرۆشۆڤیستەکان"، تیرانا، ١٩٨٠
- -------- ، "کومۆنیزمی ئوروپی دژی کومۆنیزمە"، تیران ١٩٨٠
- ب. بلاند، "مەسەلەی دوکتۆر و مردنی ستالین" – ڕاپۆرتێك کە پێشکەش بە ئەنجومەنی ستالین لە لەندەن کراوە ١٩٩١
- ڕێمین ڕیباو (ڕۆژنامەی گەل) + هۆنگ ڤی (ئالآی سوور)، "ئایا یوگوسلاڤیا ولاتێکی سوسیالیستییە؟"، پەکین ١٩٦٤
- --------، "سەبارەت بە کومۆنیزمی تەزویرکراوی خرۆشۆڤ و دەرسەکانی بۆ جیهان"، پەکین ١٩٦٤
- ت. پێتران، "کۆدیتای عیراق و سووریا"، [گۆڤاری] پێداچوونەوەی مانگانە، نیویۆرك، مایسی ١٩٦٣
- م. مەك کریری، "لەناوبردنی کۆن بۆ بۆ بنیاتنانی نویێ"، DRCU لەندەن ١٩٦٣.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشتر بە زمانی کوردی بلاو نەبۆتەوە

# کوشتنە نامووسییەکان و یاسا لە پاکستان

سوهەیل ئەکبەر واریچ

بۆ چەندین سەدە و سەرەڕای بۆچوونی هەمە چەشنەی حکوومەت، تاوانە نامووسییەکان بەشێك بوون لە مێژووی کۆمەڵایەتی و یاسایی پاکستان. هەرچۆنێك بێت، ساڵی ١٩٩٠ لە روانگەی یاساییەوە شوێنێکی بەرچاوی هەیە. لەو ساڵەدا کورسی دادپرسی بۆ پێداچوونەوەی شەریعەت لە دادگای بەرز، داوەریی لە سەر کێشەی"*گوڵ حەسەن*" کرد(١)

یاسای *قەساس* و *دیە*(٢) هاتە گۆڕێ و لەوەش گرنگتر، بە هۆی هێنانەوە کایەی مەرجەکانی خاوکەرەوەی سزا لەو دۆخەدا کە کووژران ئەنجامی ورووژانی گرژ وکوت و پڕ بوویێت، مەرجەکانی پەیڕەوی سزای کوشتن و ئازارِی جەستە یی، بە ئیسلامی کران.

جگە لە پشت گوێ خستن و گرنگی نەدان بە"تاوانە نامووسییەکان"، یاسا نوێیەکان خۆیان بەرهەڵستێکیان لە بەرانبەر دادپەروەریی بۆ قوربانییەکان پێك هێنا. بەرچاوتر لە هەمووان، بە هۆی داواکاریی لە دادگا بۆ ڕەچاوکردنی فەرمانەکانی ئیسلام و بەڕێوەبردنی قەساس و دیەوە، یارمەتی مشت و مڕێکی دواکەتوانە سەبارەت بە کێشەی"تاوانە نامووسییەکان" و پەیوەندی نێوان ژێندەر[نێرومێ] لە ناوبنەماڵەدا، درا.

هەڵسەنگاندنی ئەم یاسا نوێیانە لە لایەن دادگاکانەوە، بە هۆی لێکدانەوەی ئاڵۆزکاوی کەیسی "*گوڵ حەسەن*" و هێنانەوە کایەی سەرلەنوێی بیانووی"*ورووژان*"ەوە، بارودۆخەکەی خراپتر بوو. ئەم بەشە، هەوڵی واتاکردنەوەی "تاوانە نامووسییەکان" نادات، ئەوەش زیاتر لە بەر ئەو راستیەی کە تێگەیشتنی خۆجێ یی لە واتای وشەکە، هەمە چەشنەیە و بەستراوەتەوە بەو پرسەوە کە کێ، کێ دەکووژێت و هەروەها بەوەی کە هەرەس هێنانی رامان بە پێوانە کۆمەڵایەتیەکاندا، دەگاتە ئەنجامی کوشتنێکی لە لایەن کۆمەڵگاوە هاندراو. هەرچۆنێك بێت لێرەدا تێرمی" تاوانە نامووسییەکان" کەڵکی لێ وەردەگیرێت، نەك "کوشتن"، لە بەر ئەوەی وەڵامدانەوە بە هەرەس هێنانی هاندراو یا واگوتراوی"شەرەف"، نابێ بگاتە ئەنجامی چارناچاری مرۆڤکوژی.

بەشی یەکەمی ئەم بەشە، لە بنچینە کۆمەڵایەتی – یاسایەکانی "تاوانە ناموسییەکان" لە پاکستان ورد دەبێتەوە، کە سەرنج دانە سەر پاڵپشتی کردنی هێزی کۆلۆنیاڵی بریتانیا لە بایەخی باوکسالارانەی هۆزایەتی لە قانوونی سزای ساڵی ١٨٦٠ و هەروەها لێکدانەوەی یاسایی ئەو مەرجانە هەتا دەرکەوتنەوەیان لە ساڵی ١٩٩٠ یش دەگرێتە بەر. لە بەشی دووهەمدا، باس لە مەرجە ئیستاییەکانی "یاسای سزای پاکستان" (یسپ) و یاسای رەوتی تاوان (پرت) ی ١٨٩٨دەکرێت، کە لە گەڵ کێشەی"تاوانە ناموسییەکان" یشدا یەك دەگرێتەوە. هەروەها باسی تەنگژەکانی شوێن گرتنی یاسایی ئەو کێشانە دەکرێت کە بە هۆی بەربەست بوونی یاساکانی سزادان و بڕیارە قانوونییەکانەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم بەشە راستە وخۆ بە یاسا نەریتیەکانی "زینا"وە خەریك نابێت، بەڵام پێویستە بزانرێت کە هێنانە کایەی سزای قورس بۆ کاری سێکس کردنی دەرەوەی ژنومێردایەتی، بێگومان شوێنی داناوەتە سەر کەشی گشتی و وەڵامدانەوەی توند وتیژی بە و ژنانە گونجاو کردوە کە کردەوەی سێکسی یان کردەو یاخود تۆمەتی ئەنجامدانی کاری سێکسیان لە سەرە. ئەم بەشە، تەنگژەکانی لێکۆڵینەوە و شوێن گرتنی "تاوانە ناموسییەکان" زەق دەکاتەوە و هەروەها شکستی دەسەڵات لە کێشەی رێ خۆشکردنی چالاکانە لە پێناو ئامادەکاریی بۆ یاسایەکی نوێی بەرگریکردن لە تاوانە ناموسییەکان دەخاتە روو. دوایین بەش، روانینێکی هەمەلایەنەیە بەو وەڵامانەی وا لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، بە پرسی "تاوانە ناموسییەکان" دەدرێنەوە و قسەی بۆشی دەوڵەت و یەکالا نەبوونی بەردەوامی دەزگای بەرزی دادپەروەری لە کێشەی" تاوانە ناموسییەکان" دەخاتە بەر باس.

"کوشتنی ناموسی" لە هەر چوار ویلایەتی پاکستان و شوینە عەشیرەییەکانی سەر سنووری ئەفغانستان روو دەدات. کارەکە، ناوی جیاجیای هەیە: لە باشووری پونجاب پێی دەگوترێت *"کالاکالی"* ، لە سیند *"کاروکاری"*، لە بەلووچستان *"سیاکاری"* ، و لە ویلایەتی سنووری باکووری رۆژئاوا (NWFP) پێی دەگوترێت *"تاورتوورا"*. بە شێوەیەکی نەریتی، کارەکە سوود لە پشتگیریی کۆمەڵایەتی دەبینێت، کە بنەمای لە رەوتی کۆمەڵایەتی تۆمەتبارکردن و سزادانی تاکەکەس بۆ کردەوەی سیکسی لە دەرەوەی مارەییدایە. جیا لەو دۆخانەی وا دووکەس لە کاتی تاوانی بێ رەوشتیاندا بگیرێن، یا ژنێك ببێتە نموونە بۆ بەناو "بەرهەڵستی کردنی کۆمەڵگا و رەوشت"، کێشەی ئەوتۆ بە گشتی لە رێگەی سیستەمێکی نافەرمی دادوەریی خۆجێ ییەوە بەڕێوە دەبرێت.(٣) بە شێوەی نەریتی، "کوشتنی ناموسی" کاتێ بەڕێوەبراوە یاخود دەگوترێت بەڕێوەچوە، کە دەرکەوتبێت ژنێکی ئەندامی بنەماڵە لە دەرەوەی زیواج سێکسی کردبێت، بەڵام بە درێژایی ساڵیان ئەوەی کە پێی دەگوترێت

دادوەری، بەرفراوان بۆتەوە بۆ ئەوەی دەربڕینی سەربەستی ژن، بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنی هاوسەر، یاخود بڕیاری داواکاریی جیابوونەوە بگرێتەوە (لێبووردنی نێونەتەوەیی، ١٩٩٩). زیاد لەوانە، تۆمەتی دەست تێکەڵاویی لە کردەوە/ یا هەڵس وکەوتی "بێشەرمانە" ش دەبنە کەرەسەی دراو لێ سەندنی بە زۆر(٤)، یا مەسڵەتکردن لە سە رکێشەی بنەماڵەیی، یا تۆڵەسەندنەوە لە نەتەویست (شیرکەت گاە، ٢٠٠٢).

شی کردنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی"تاوانە ناموسییەکان" دەری دەخات کە سنووری چینایەتییان بەزاندوە و لە رێگەی بونیانە فیئۆدالییەکانەوە هەوڵی هێشتنەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان بە سەر کۆمەڵگا خۆجی ییەکاندا داوە (عەلی، ٢٠٠١). گەرچی بەکارهێنانی بەربڵاوتری لایەنی کۆمەڵایەتی"تاوانە ناموسییەکان" لە دەرەوەی تێڕوانینی ئەم بەشەدایە، گرنگە سەرنج بدرێتە ئەو راستییەی کە کارتێکەرییان دەگاتە ئەوپەڕی کێشەی ژنە کووژراوەکە، و کەشێکی هەڕەشەئامێزی بەردەوام، چاوەدێری کردنی بەرتەنگ، وترس دەئافرێنن(٥).

رادەی زۆری "تاوانە ناموسییەکان" و بوونیان بە کێشەی نەتەوایەتی، لەوەدا رەنگی داوەتەوە کە وەزیری فێدڕاڵی کاروباری ناوخۆ لە مانگی جولای ٢٠٠٤ دا ئەم ئامارە نەتەوایەتیەی پێشکەش بە "سەنات" — واتە مەجلیسی باڵای پاکستان کرد (خشتەی ژمارە ٤.١).

**خشتەی ژمارە ٤.١** ئاماری"کوشتنە ناموسییەکان" لە ساڵانی ٢٠٠٣- ١٩٩٨ دا، بەو پێیەی کە وەزیری ناوخۆ لە ٩ ی جوولای ٢٠٠٤ دا پێشکەش بە **[**مەجلیسی**]** سەناتی **[**پاکستانی**]** کردووە:

| سەرجەم ئەو کەسانەی وا کوشتنیان ڕاگەیێنراوە | قوربانیانی پیاو | قوربانیانی ژن | کەیستی تۆمارکراو | مەسڵەت کراو | لە دادگا |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤١٠١ | ١٣٢٧ | ٢٧٧٤ | ٣٤٥١ | ٢٠٢٨ | ١٢٦٢ |

سەرچاوە:[چاپەمەنی] The News هەواڵی رۆژی ١٠ ی جولای ٢٠٠٤ . ئەم ژمارانە لە چوار رۆژنامەی سەرانسەری پاکستان بە زمانی ئینگلیزی بڵاووبوونەتەوە، گەرچی هەندێ جیاوازیی لە ژمارەکانیاندا هەیە.

هیچ شێوازێکی متمانه پێکراو بۆ دیاریکردنی [ژمارەی] ڕووداوی "کوشتنە نامووسییەکان" بە دەستەوە نییە. گەلێك کەیس ڕاناگەیێنرێت، ئەوانیتر تەنیا بە ئامانجی شاراوەی سوود وەرگرتن لە سزای کەمتر، ڕادەگەیێنرێت. هەرچۆنێك بێت لە پشت گونجاو بوونی ڕاگەیاندنی ڕوو لە زیادبووندا، سەرچاوەی جۆربەجۆر ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە ئەو چەشنە کوشتنانە ڕوو لە پەرەسەندنن، و بە گوێرەی ئاماری وەزێر، دەرچوونی بڕیاری مەحکوومیەت لەو کەیسانەدا، گەلێك کەمن(٦).

## بارودۆخی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و یاسایی

هیچ واتاکردنەوەیەکی ڕوونی خۆجێ یی بۆ بنەماکانی "کوشتنی نامووسی" بەدەستەوە نییە. هەندێك کەس لایان وایە بنەمای کارەکە لە چەند هۆزێکی بەلووچ لە بەلووچستانەوە کەوتۆتەوە وئینجا لە ناو ئەوکۆمەڵگایانە ی دیکەی وڵاتیشدا بڵاوبۆتەوە کە ئەوانی چوونەتێ. "پاتانە کان" لە ویلایەتی سنووری باکووری ڕۆژئاوا(NWFP) و بەلووچستان بنەمای جیاواز بۆ کارەکە دەست نیشان دەکەن(شیرکەت گاە، ٢٠٠٢ ، عەلی، ٢٠٠١) و تۆمارە کۆلۆنیالییەکان سەبارەت بە بەلووچستانی ئەو سەردەمە(٧) بە ڕوونی دەست بۆ"نەریت" ی کوشتنە نامووسییەکان ڕادەدێرن (٨). ئەوان، یاسا ی هۆزایەتی ناو بەلوچ و پاتان شی دەکەنەوە(٩) و وردەکارییەکانی ئەو کارە دەردەخەن کە چۆن کەسێك دەتوانێ تۆمەت بداتە پاڵ ژنێك، هەروەها پێداویستیەکانی سەلماندنی ئەو تۆمەتە و هەڵس وکەوت لە گەڵ کەیسی "جووت بوون"ی سەلماو یا گومانلێکراو ڕوون دەکەنەوە. لە کوشتنەکاندا شێوازی دیاریکراو بەرچاو دەکەون: تەنیا لەو دۆخەدا کە پیاوێك و ژنێك لە کاتی کردەوەکەدا بگیرایەن هەر دوو لایان شایانی کووژران بوون، کاتێکیش تەنیا یەکیان، بە تایبەت نێر، هەڵبهاتایە، هەڵس و کەوتەکان بە گوێرەی ئەم یا ئەو هۆز هەندێك دەگۆڕا. تۆمارە کۆلۆنیالییەکان دەڵێن لە هەندێك ناوچە، باوەکوو ژنی "ناپاکی" کردووی لە کاتی کردەوەدا گیراو شایانی کوشتن بوە، بەلام بە کردەوە گەلێك جار کێشەکە لە ڕێگەی قەرەبووی نەغدی یا خود مارەکرانی ژنێك لە خزمانی پیاوی تۆمەتبارەوە مەسلەتی پێ کراوە. ئەگەر پیاو و ژن هەردوکیان بکووژرایەن، غەرامە لە سەر هیچکامیان نەدەکەوت. ئەگەر هەردوکیشیان هەڵاتبایەن، ئەوا مێردی ژنەکە، ژنەی جیابوونەوە دەدا. مامەڵەی دیکەش تۆمار کراوە لە ژنێك کە گومانی "ناپاکی" ی لێ کرابێت یاخود کێشەکەی لە سەر سەلما بێت، کە لێرەدا بە گشتی بەرگری لەوە کراوە ژنەکە مێرد بە پیاوە تۆماتبارەکە بکات.

جێگەی سەرنجە کە یاسا هۆزەکان بە خوو تەنیا باس لە رەوتی سزادانی جووت بوونی *ژنی بەمێرد* دەکەن(١٠) لە دۆخێکدا ئێستا، بە پێچەوانە، هەموو ژنێك، بە بێ پەیوەندی مێردایەتیش، واهەیە ببێتە قوربانی"کوشتنی ناموسی". ئاماری دوای ساڵی ١٩٩٩ دەری دەخەن کە رۆژنامەکان هەواڵی"کووژران"ی ٣٠٣ ژن، و ٤٥ کچی کەم تەمەنیان راگەیاندووە، کە دوو لە سەر سێی ئەو کچانە هێشتا مێردیان نەکردووە (دەستەی مافی مرۆڤی پاکستان، ١٩٩٩).

## لە بە چەمك کردنی یاسایی سێکچوالیتی ژنان

پاکستان لە ساڵی سەربەخۆیی خۆی، واتە ساڵی ١٩٤٧دا، بوو بە میراتگری ئەو سیستەمە یاساییەی وا داوەرانی کۆلۆنیالی بریتانیا دایانمەزراندبوو(وەرگرتنی یاساکان، قانوونی ساڵی ١٩٤٩). لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا، یاسای دۆخی تاکەکەس لە سەر یاسای تاکەکەسی حزبەکان یاخود لە سەر بنەمای ئەو نەریتانە دانرابوو کە لە گەڵ ئەواندا یەکیان دەگرتەوە (١١). سیستەمی دادپەروەریی تاوانباریی دوابەدوای شەڕی سەربەخۆیی ساڵی ١٨٧٥ی هیندستان هاتە کایەوە، کە ئەویش لە سەر بنەمای سیستەمی ئینگلیزی دانرابوو.

یاسای سزای ساڵی ١٨٦٠ ی بریتانیا بیرۆکەی"شەرم و رووسووری"ی لە چەمکی پەیوندیدار بە "داوێن پاکی"، "هەڵفریواندن" ، و " هەڵگرتن"دا، وەك بەشێك لە چوارچێوەی گشتی "شەرەف" هێنایە کایەوە. جیا لە پاراستنی ئەو مافانەی وا شوێنیان لە سەر ژنی تاك داناوە، یاساکە مافی بۆ لایەنی سێهەمیش هێشتەوە، جا ئەو لایەنی سێهەمە دەوڵەت بێت، کۆمەڵگا، یاخود ئەندامانی پلە یەکەمی بنەماڵە. وەك ئەنجامی کارەکە، لە کێشەی دادوەریی یاساییدا ژنان بوونە کەسێکی سووکی بێ کردەوە کە سێکچوالیەتیان دەبێ لە ژێر چاوەدێریدا بێت. داوێن پاکی ژن و شەرم و رووسوورییەکەی دە بوایە لە بەرانبەر توندوتیژیی هەموو نێرینە یە ك لە دەرەوەی پەیوندی بایەخداری یاسایی و زەواجی لە باری کۆمەڵایەتیەوە پەسندکراو بپارێزرێت، ئەویش لە سەر گریمانەی مەزلووم بوونی ژنان و پێداویستیان بە پارێزران لە دەست پیاو. پارێزگارییەکی ئەوتۆ، تەنیا کاتێك بەڕێوە دەچوو کە ژنان بخرێنە بەر چاوەدێری یاخود دەست بە سەر بمێننەوە یا باوك، مێرد، یا سەرپەرشتێکی یاسایی دیکە سەرپەرشتیان بکات — کە ئەو کەسەش هەمیشە پیاو بوو. ژنان وەك تاکە کەس سەیر نە دەکران — و هەموو تاوانێکی ناو یاسای سزا لە پەیوەند لە گەڵ پارێزگار یا سەرپەرشتی یاسایی ئەواندا سەرنج دەدرا. بۆ نموونە، بە گوێرەی بەشی ٤٩٨ (ی یاسای سزا)، هەڵفریوان، هی ژنی بەمێرد بوو، لە کاتێکدا بە گوێرەی بەشی ٣٦١ ی رفاندن و هەڵگرتن، *پارێزگاری یاسایی* دەگرتەوە. بەم پێیە، راگواستنی ژن/ یا کچ بە زەبری زۆر یا بە هەر شێوازێکی تری،

لە لایەن هەر نێرینە یە کی دیکەوە بە تاوان دادەنا. ئەوەش، مافی ژنانی بۆ ئازادی تاکەکەسی و سەربەخۆیی جووڵانەوە کەم دەکردەوە. لە بەر ئەوەی هەموو چەشنە پەیوەندیێکی ژنی بە پیاوەوە لە دەرەوەی ئەو رادە مۆڵەت پێدراوەدا، بۆی هەبوو وەك رفاندن و بارمتەگرتن سەیر بکرێت و ببێتە هۆی راونان لە ئەنجامدا ژن دەردرایەوە بە پیاوی خاوەنی، کە سەرپەرشتی و پارێزگارییەکەی بە هۆی ئەو کارەوە زیانی پێ گەیشتبوو(١٢). سروشتی تاوانەکە، بەهۆی دوو هۆکارەوە بڕیاری لە سەر دەدرا: یەکەم، سروشتی ئەو کەسەی وا ژنەکە لە ژێر سەرپەرشتی ئەو دەرخرابوو و دووهەم، شێوازی کەڵك لێ وەرگیراوی کارەکە و ئەوەی بە زۆرە ملی بوویێت یا بە فێڵ و ساختە، گەرچی ئازار پێ گەیشتنی ژنەکە خۆشی لە تۆمەتبارییە یاساییەکە زیاد دەکرا بەڵام دڵنیگەرانی سەرەکی سەبارەت بە زیان پێگەیشتنی مافەکانی کەسی سێهەم بوو.

بە پێچەوانەی ماددەکانی پێش بینی کراوی یاسای سەبارەت بە داوێن پیسی (کە بە گوێرەی ئەو، دەوڵەت ناتوانێ ژنان راوبنێت)، یاسای سزا، لە رێگەی جیاوازی دانان بۆ دۆخی وروژانی گرژ و کوت وپڕ، کە تییدا مێردێك هاوسەرە داوێن پیسەکەی خۆی بکووژێت، لایەنی نەرمتر پێك دەهێنێت(١٣) و ئەو لایەنە نەرمە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی رادەی تۆمەتباریی لە کوشتنەوە بۆ کوشتنی نا دەستە قەسد. کەیسی سەبارەت بە کوشتنە ناموسییەکان بە گوێرەی ئەم جیاوازیدانانە هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکرێت و تەنانەت راڤەی یاسایی بۆ مۆڵەت پێدانی کوشتنەکان پێك دەهێنرێت. ئەم مافە تەنیا بە مێرد دراوە بەڵام باڵی کێشاوەتە سەر ئەندامانی دیکەی بنەماڵەش (بڕوانە ئەم بابەتەی خوارەوە).

## کەیسی یاسایی پێش دابەش بوون[ی هیندوپاکستان]

کەیسی ناو دادگای جۆربەجۆری هیندستان(پێش سەردەمی دابەش بوون) بە روونی دەری دەخەن کە شێوازێکی تەواو پەسندکراو بوە ئەگەر مێردێك لە سەر حیسابی دەرکەوتنی داوێن پیسی هاوسەرەکەی، ئەو یا ئەوەی پێی دەگوترێت کەڵەگاکەی، بکووژێت و لە بیانووی جیاوازبوون(استثناء) بە هۆی " وروژانی گرژوکوت و پڕ" یش سوود وە ربگرێت (١٤). ئەگەر بارودوخەکە بە شێوەیەك بێت کە داکۆکیکار مێردی ژنەکە نەبوویێت، ئەوا بڕیاری دادگا هەندێ جیاواز دەبێت. لە کەیسێکی ساڵی ١٩٣٠ دادگای باڵای شاری کەڵکەتەدا، دادگا خۆی لەوە گرت کە مافی داکۆکی بداتە تۆمەتبارێك کە نە مێردی ژنە بەرتۆمەتەکە بوو و نە دەکرا وەك هاوڕێی بێ مارەبڕی ژنەکە سەیر بکرێت (١٥). لە لایەکی دیکەوە، لە

داواکاریی پێداچوونەوەی کێشەیەکی کوشتن لە ساڵی ١٩٣٢ ی دادگای بەرزی مەدرەس دا، ئەم بڕیارە دەرچوو:

هیچ کەس ناتوانێ کێشەیەکی بە تەواوەتی سایکۆلۆجیك وەك ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دابنێت. پرسیار ئەوە نییە کە داواکاری پێداچوونەوە دەبوایە کۆنترۆڵی خۆی لە دەستدابوایە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو کەسە کۆنترۆڵی خۆی لە دەست داوە یان نا. کاتێك کە پیاوێك چاوی بە ژنێك دەکەوێت و ژنەکە، هاوسەر یا هاوڕییەتی و لە باوەش پیاوێکی دیکەدایە، ئیتر راناوەستێت بزانێ ئایا مافی ئەوەی هەیە پێ لە سەر خاوەنیەتی تایبەتی ژنەکە دابگرێت یان نا، ئەو پیاوە، کەیسەکە وەك داوەرێکی دادگا سەیر ناکات. ئەو ژنە، ژنی کەسێکە کە دەیەوێت ژنەکەی تایبەتمەند بەو بێت و ئەوەش ئێستا لەم دەقیقەیەدا بۆ ئەو بەسە، واتە بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە (١٦) .

لە قۆناغەکانی دواتردا دادگاکان بۆیان بووبە کردەوەیەکی ئاسایی، کە لە سەر بنەمای ماددەی "وروژانی گرژوکوت و پڕ" بڕیاری سزای کەمتر [بۆ پیاوانی ژنکوژ] دەربکەن (١٧).

### کەیسی یاسایی دوای سەربەخۆیی

دوابەدوای سەربەخۆیی[پاکستان]، وت وویژی زۆر سەبارەت بە شێواز و ناوەڕۆکی یاسای بنەڕەتی و یەکگرتنی لە گەڵ ئیسلام کرا. ئەنجومەنی یاسای بنەڕەتی سەرەتا یاسایەکی تایبەتی پەسند کرد و تاقمێك ڕێنومایی و ئامۆژگاری خستە بەر دەم ئەو لێژنەیە ی وا ڕەشنووسی یاسای دەنووسی (١٨). تا ئێستاش، ئامانج وکارامەیی ئەو پەسندانە لە وتو ویژی نێوان پەرلەمان و دادگای بەرزدا جێگەی مشت و مڕن، بە زۆری لە بەر ئەو هۆیەی کە پرسیاری ئەوە دادەمەزرێنن ئایا کامە یاسا لە پاکستان لە ژوور هەموانەوەیە. ئەو مشت و مڕە لەم دواییانە دا پەیوەندی بە کێشەی "بە ئیسلامی کردن" یشەوە دراوە و لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٧٠ەوە هۆکار بوە بۆ گەلێك گۆڕانکاری لە یاساکانی پاکستاندا و یەك لەوانە، گۆڕینی یاسای تاوان بوو لە ساڵی ١٩٩٠ و لە ئەنجامی ئەویشدا، چۆنیەتی شوێن گرتنی "تاوانە نامووسییەکان".

یاسای تاوانی پاکستان نەگۆڕمایەوە تا ئەو دەمەی کە زیائولحەق لە ساڵی ١٩٧٧ دا یاسای سوپایی هێنایە کایەوە و دەستی کرد بە ڕەوتی"بە ئیسلامی کردن" ی سیاسییانە (١٩) وگۆڕانکاریی لە سەر بنەمای یاسای کەسی زۆرینەی موسڵمانان، هەموو هاولاتیەکی گرتەوە. لە ژێر سایەی رژیمی زیائولحەقدا، یاسا بە فەرمان و بڕیاری سەرەك کۆمار تووشی گۆڕانکاریی هات، کە دواتر بە هۆی هەشت مادەی ناسراوەوە، هەر ئەو گۆڕانکارییانە برانە ناو یاسای بنەڕەتیەوە (٢٠). ئێستا یاسا تایبەتەکان لە بیچمی مادەی ٢-A دا بوونە تە بەشی

سەرەکی هەموو یاسایەك و بەم شێوەیە، شتێکی بێدادگەرانە بوە بە لایەنی گرنگی یاسای ١٩٧٣. لەوە زیاتر، دادگای فیدراڵی شەریعەت بە گوێرەی مادە (١)٢٠٣C ی یاسا، و بە دەسەڵاتی تایبەتەوە، بنیات نرا بۆ ئەوەی سەرنجی یاساکان[ی پاکستان] بدات و بزانێ ئایا لە گەڵ فەرمانەکانی ئیسلامدا دەگونجێن یان نا.

دادگاکانی دوای سەربەخۆیی بەردەوام هاسانکەرەوەی بڕیاری دادگاکان لە سەر ئەو تاوانکارانە بوون کە تۆمەتی "کوشتاری نامووسی" یان لە سەر بوە، و دەقی روون و ئاشکرای یاسایان پشت گوێ خستوە، و مۆڵەتی تەواویان داوەتە ئەندامانی نێرینەی بنەماڵە بۆ ئەوەی ژنەکانیان بە بیانووی"شەرەف"ەوە بکووژن. یاسمین حەسەن(١٩٩٥). باس لەو کەیسانە دەکات کە تێیدا سوودوەرگرتن لە دۆخی "وروروژان" پەرەی پێدراوە نەك هەر بۆ کوشتنی راوێژ لێکراو بەڵکوو بۆ ئەو کەیسانەش کە پیاوان بە شیوەیەکی کاریگەرانە، مۆڵەتی چاوەدێریکردنی هەموو بزووتنەوەیەکی ژنانیان پێ دەدرێت و بە هەمان شێوە، مۆڵەتی کوشتنیشیان، ئەگەر دژ بە "نەزم" ی کۆمەڵایەتی بوەستن. لە یەك لەو کەیسانەدا، دادگا رایگەیاند:

ئەوەی کە داواکاری پێداچوونەوە، ژنی خۆی لە سەر بە جێ هێشتنی دۆستەکەی خۆی سزاداوە مەترسی بارودۆخ یاخود وروژانی مۆڵەت پێدراوی کەم نەکردۆتەوە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا تەنانەت ئەگەر هاوسەرەکەی داوای لێبووردن یا بەزەیی پێداهاتنیش بکات دیسانەکە ئەگەر بیکوژێت، دەبێ کارەکەی لە سەر خاوبکرێتەوە و بۆ ئەو کوشتنە بەتاوانبار نەزانرێت.(٢١)

لە کەیسێکی دیکەدا، دادگای باڵا بڕیاری لە سەر پیاوێك دەرکرد کە بە شوێن خوشکەکەیدا گەڕابوو و گومانی ئەوەی لێکردبوو کە دەچێتە چاوپێکەوتنی پیاوێك و لە ئەنجامدا کوشتبووی، بەڵام لە سەر بنەمای ئەوەی لە شوێنێکی وەك گوند و گەلێك شوێنی کۆمەڵایەتی دیکەدا، مافی پیاوان بۆ کۆنترۆڵ کردنی کرداری"ژنەکانیان بە تایبەت پەیوەندی جنسیان، بە تەواوەتی دانی پێدادەنرێت، و بەهێزەوە دەپارێزرێت، مافی داواکردنی پێداچوونەوەی پێ درا (٢٢).

### دوای ١٩٩٠: یاسایەکی نوێ بەڵام کێشەکان قووڵ دەبنەوە.

### کەیسی گوڵ حەسەن

دوای دامەزرانی دادگای فیدراڵی شەریعەت لە ساڵی ١٩٨٠، گەلێك یاسا لە سەر ئەو بنەمایە هاتنە گۆڕان کە لە گەڵ قورئان و سوننەدا یەك بگرنەوە و لەوانە، هەندێك بەشی

یاسای سزابوو کە بە کێشەی کوشتن و ئازاری جەستەیی رادەگەیشتن. گۆڕانی وردەوردەی یاسای سزا کە بەو هەڵەیانە رادەگەن، بە گشتی بە ناوی یاسای *قەساس* و *دیەوە* دەناسرێن (٢٣) کە لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ سەری هەڵدا و ئەویش بە شوێن دەرچوونی بڕیاری کورسی پێداچوونەوەی "دادگای بەرزی شەریعەت لە فیدڕاسیۆنی پاکستان" دژ بە گوڵ حەسەن لە ١٩٨٩ و پێشکەش کرانی بە حکوومەتی فیدڕاڵ بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە لە گەڵ ئیسلامدا بە ناکۆکیان زانیبوو.

داوەری لە سەر کەیسی گوڵ حەسەن ئەو بەشانەی یاسای سزای پاکستان (و بەشی پەیوندیداری یاسای سزای تاوان) بۆ کوشتنی دەستە قەسد (*کوشتنی عەمد*) و ئازاری دەستەقەسد ی، دژ بە ئیسلام راگەیاند لە بەر ئەوەی:

١. هیچ بەندێکی سەبارەت بە مافی قەساسی تێدانەبوو.
٢. هیچ بەندێکی سەبارەت بە دیەی تێدا نەبوو.
٣. هیچ بەندێکی سەبارەت بە کێشەی مەسڵەت لە نێوان لایەنی زیان پێگەیشتوو و تۆمەتبار بە ئامانجی دانی پارەی قەرەبووی جێ پەسندی هەردوولا لە لایەن تۆمەتبارەوە بە لایەنی زیان پێ گەیشتوو تێدا نەبوو.
٤. هیچ بەندێکی سەبارەت بە وە تێدا نەبوو کە قوربانیان یاخود کەس و کاری کووژراوەکە، کابرای تاوانبار ببوورن لە کاتێکدا کە حکوومەت دەتوانێ بە بێ مۆڵەتی قوربانی یا کەس و کاری کووژراو، لە تاوانبار ببوورێت.
٥. بەندەکانی یاسا، تاوانبارانی نابالغ یا شێت لە سزای کوشتن بەدەرناکەن.
٦. بەندەکانی یاسا جیاوازیی نێوان چەشنایەتی کوشتن و بریندارکردن، هەروەها سزای ئەو کارانە، بە شێوەیەك دیاری ناکەن کە لە قورئانی پیرۆزو سوننە[تی پێغەمبەر]دا هاتوە.

بە هەمان شێوە، دادگا رایگەیاند کە یاسای سزای پاکستان(بەشی ١٠٩) و یاسای تاوانی پاکستان(بەشی ٥٤) لەو شوێنەدا کە هاندەرێکیش بۆی هەیە هەمان سزای پێ بدرێت کە تاوانبارە سەرەکییەکە پێی دەدرێت و لەوەشدا کە دەکرێت سزای دانراو لە لایەن حکوومەتەوە کەم بکرێتەوە، لە گەڵ ئیسلامدا نەگونجاون .

رەخنەی دادگا جیاوازیی بەرچاوی چەمکەکان لە نێوان سیستەمی سزای موسوڵمانی و یاسای گشتی بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ کێشەی کوشتن و ئازاری جەستەیی زەق کردەوە. یەکەم، یاسای سزای پاکستان و یاسای تاوانی پاکستان لە کێشەی سەرەکی بەرپرسیایەتی تاوان لە یاسا ئیسلامیەکاندا دژ بە یەك دەوەستان، دووهەم، ئەوان هەموو کوشتار و ئازارێکیان

وەك تاوانی دژبە دەوڵەت لە قەڵەم دەدا نەك دژ بە قوربانییەکەو کەس و کارەکەی. بەپێچەوانە، بە گوێرەی قورئان و سوننەت، کوشتن وئازار(بە هەرشێوەیەك بێت)، وەك شێواندنی مافی تاکە کەس و کەس وکاری لێ بەجێماوی سەیر دەکرێت و تەنیا دوای ئەوان، وەك کێشەیەکی یاسایی و رێکخستن و تاوانی دژ بە دەوڵەت دەبینرێت.

بەم پێیە، دادوەرییەکە گەیشتە بڕیاری ئەوەی کە بە گوێرەی یاسای ئیسلامی، مافی ئەو کەسە ی کە توندوتیژی لێ کراوە و هەروەها مافی کەس وکارەکەی دەبێت، کە داوای *قەساس* بکەن، جا لە دوای ئەوان و بە پلەی دووهەم، مافی داواکاری گشتی دەبێت. هەرچۆنێك بێت، دادگا ئەوەشی لێ زیاد کرد کە ئیسلام و دەوڵەت کاتێ کە نەزم و نیزامی کۆمەڵایەتی تێك بدرێت، دەتوانن بەندی پەیوەندیدار بە *تەعزیر* بەکار بهێنن.(٢٥)، هیچ سنوورێکیش بۆ ئەو سزادانە لە گۆترەیە دانەنرا. وەك کەیسی یاسایی خوارەوە دەری دەخات، دەوڵەت کەمتر وابوە هەوڵ بدات ئەو بەرپرسیایەتیە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

### ئەو گۆڕانکارییانەی وا بە گوێرەی یاسای قەساس و دیە تووشی گۆڕان هاتن

هەر لە سەرەتاوە چۆنیەتی دانرانی یاسای نوێ بوو بە هۆی گێژوگومی سەبارەت بە بەندەکانی. بە گوێرەی[کەیسی] *گوڵ حەسەن*، دەبوایە بەندی یاسایی پەیوەندیدار بە کوشتن و ئازار لە ٢٣ ی مارچی ١٩٩٠دا وەلا بنرێن. حکوومەتی فیدراڵ کەیسی پێداچوونەوەیەکی تۆمار کرد کە دادگای باڵا(٢٦) لە ٢٩ ی ئۆگوستی ١٩٩٠دا دەری کردبوو بۆ ئەوەی دڵنیایی بدات کە دادئەستێن بەزوویی یاسایەکی ناوخۆیی دێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی شوێن دابنێتە سەر دادوەری کردن سەبارەت بە کەیسی گوڵ حەسەن. هەرچۆنێك بێت، لە نێوان مانگی ئۆگوست و ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠دا، سێ یاسای ناوخۆیی هێنرانە ئاراوە، کە هەر کام ئەوی دیکەیان چاك دەکردەوە وهەندێك جار تەنانەت دەکەوتنە پێش ئەوی سەرەکیشەوە. تا ئەمڕۆ، دیاریکردنی ئەو رۆژەی کە بۆ یەکەمجار ئەم بەندە نوێیانەی یاسا هاتنە بەڕێوەبران، بە تەواوەتی دیار نییە. گێژوگومییەکە بە هۆی بەشیH ‐٣٣٨ ی یاسای سزای پاکستانەوە زیاتر بوو کە باسی ئەوەی دەکرد بەشی ٣٠٩ و ٣١٠(لە کێشەی چاوپۆشی کردن یا بەیەکەوەلکاندنی لە گەڵ *قەساس* دا)، هەروەها بەشی E‐٣٣٨ ی (پەیوەندیدار بە خواستی دادگا لە مەر دەرکردنی بڕیاری مەحکوومیەت تەنانەت ئەگەر تاوانەکە بە [قەساسەوە] لکێنرابێت) ، بتوانرێت بۆ ئەو کەیسانەش بەکار بهێنرێت کە هێشتا بڕیاریان لە سەر نەدراوە، باوەکوو چەمکی *قەساس* لە ناو کەیسەکەدا نەبووبێت.

یاسای نوێ گەلێك گۆڕانکاریی گرنگی هێنایە کایەوە. یەکەم، چەمکی کوشتن بە تەواوەتی گۆڕا: ئیتر هەر مردنێکی ناسروشتی کەسێك بە دەست کەسێکی تر، وەك کوشتن سەیر دەکرا و هەموو مەقوولەیەکی دیکەی وەك کوشتنی دەستەقەسد و کوشتنی تاوانکارانە نەدەبوونە کوشتن. چوار مەقوولەی نوێ بۆ کوشتن دانرا، کە تەنیا یەك لەوانە، واتە *کوشتنی عەمد*_(کوشتنی بە ئانقەست) پەیوەندی بەم بەشەوە پەیدا دەکرد.

دووهەم، بڕیاری جیاواز بۆ کوشتن دانرا. ئەویش نەك بە گوێرەی تاوانەکە، بەڵکوو زیاتر لە بەر شێوازی سەلماندنی کوشتن و پەیوەندیی تاوانبار لە گەڵ مردووەکە. ئەم کارە بە زۆری شوێنی دانایە سەر مامەڵەکردن لە گەڵ"کوشتنی نامووسی"، کە تێیدا، کەسی تاوانکار پەیوەندی بە قوربانییەکەوە هەیە و بە خوو هیچ شایەدێکیش لە ئارادا نییە. کوشتن شایانی قەساسە(واتە تۆڵە، وەك بڕیاری کوشتنەوەی کەسەکە) بە مەرجێك کە تۆمەتبار بە شێوەیەکی جێگەی ڕەزامەندیی داداگا، دان بە کارەکەدا بنێت، یاخود ژمارەیەك شایەدی جێگەی بڕوا شایەدی لە سەر بدەن (٢٧). ئەگەر سەلماندنی کارەکە لە رادەی پێویست نەبێت، ئەودەم کوشتنەکە سزای *تەعزیری* پێ دەدرێت- ئەویش زیندانی هەمیشەییە یاخود کوشتنەوە بە گوێرەی بەندی(b) ٣٠٢ لە یاسای سزای پاکستان. هەرچۆنێك بێت، بەندی(b) ٣٠٦و (c)٣٠٦ ی یاسای سزای پاکستان (بە گوێرەی بەندی(b) ٣٠٢) و بە شێوەیەکی ئۆتوماتیك هەندێ خزمی وەك دایك و باوك یا باپیرە و نەنك کە منداڵ/ یاخود نەوەی خۆیان دەکووژن، یاخود کە سێك کە هاوسەری خۆی دەکووژێت و منداڵیشی لێی هەیە، لەو یاسایە جیاواز دادەنێت. ئەو چەشنە تاوانکارانە تەنیا *دیە* یان لە سەر دەکەوێت، گەرچی دادگا ئەو هەڵبژاردنەی لە بەر دەستدایە کە بە گوێرەی بەڵگەو هەروەها چۆنیەتی کەیسەکە، زیاترین سزا — کە چواردە ساڵ زیندانە، بداتە کەسەکە. کاریگەری قووڵی ئەم یاسایە لە سەر"کوشتنی نامووسی" لەو ژمارانەی ساڵی ١٩٩٩دەردەکەوێت کە نیشان دەدات لەو ٣٠٣ ژنەی وا بە گوێرەی هەواڵی چاپەمەنییە ڕۆژانەکان کووژراون، ٢٦٩یان بۆ بکوژەکانیان ناسراو بوون، لەوانەش زۆربەیان(واتە ١٩٨ لە ٣٠٣) بە دەست برا، باوك، یا کوڕی خۆیان کووژراون(لێژنەی مافی مرۆڤی پاکستان، ١٩٩٩).

سێهەم، بە گوێرەی بەندی ٣٠٧ لە یاسای سزای پاکستان هەندێ هەل و مەرج هەن کە تێیاندا نابێ قەساس بەڕێوە ببرێت(٢٨) و وەك دەگوترێ،"بە گوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام، سزای قەساس نایانگرێتەوە(بەندی(C) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان). گرنگ ئەوەیە ئەم پەیڕەوەی دوایی، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیادەی تێدا نییە و ئیتر راڤەی"فەرمانەکانی ئیسلام" بۆ دادگا دادەنێت. لەوەش زیاتر، لە پەیڕەوەکەدا هیچ رادەیەك بۆ کەمترین سزا دانەنراوە. ئەوەش خاڵی سەرەکی دەبێت بۆ راڤەکردنەوەی چۆنیەتی یەکگرتنەوەی یاسا نۆییەکان لە

گەڵ کەیسی "تاوانی نامووسی"دا. زۆربەی "تاوانە نامووسییەکان" بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت و تەنیا بڕیاری سووکیان بۆ دەردەچێت.

سەرئەنجام، بەندی ٣٠٩ و ٣١٠ ی یاسای سزای پاکستان هاوڕێ لە گەڵ بەندی ٣٤٦ ی یاسای تاوانی پاکستان، مافی "لێبووردن"ی تۆمەتبار یاخود پێکهاتن لە سەر قەرەبووی زیان، کە پێی دەگوترێت "مەسڵەت"ی تاوان، دەداتە بەجێماوانی کەسە کووژراوەکە یاخود قوربانیانی هەرچەشنە ئازارێکی جەستەیی (٢٩). ئەگەر کەیسەکە بە گوێرەی *قەساس* راگەیێنرابێت یا بە گوێرەی قەساس قە راری بۆ دەرچووبێت، هەر کام لە بەجێماوان دەتوانن لە مافی *قەساس* ی خۆیان دەست هەڵبگرن یاخود لە سەری پێك بێن. دادگاکانیش ناچارن ئەو دەست هەڵگرتن و پێك هاتنە پەسند بکەن، تەنانەت ئەگەر لە لایەن یەك تاکە کەسی بە جێماویشەوە بووبێت و ئیتر کەسی تۆمەتبار ئازاد دەکرێت مەگەر دادگا بە گوێرەی بەندی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان (کە لە خوارەوە باسی لێوە دەکرێت)، سوود لە مافی "خیار"ی خۆی ببینێت. ئەگەر کەیسەکە بە گوێرەی *تەعزیر* سەیر بکرێت، بە گوێرەی بەشی(٢)٣٤٢ ی یاسای تاوانی پاکستان بۆ ئەوەی دادگا مەسڵەت کردنەکە بسەلمێنێت، پێویستە هەموو بەجێماوانی کەسی مردوو بەشداری مەسڵەتەکە بن و ئەوەش بە گوێرەی مۆڵەتی دادگا دەبێت، و مەسڵەتێکی ئەوتۆ دەگاتە ئەنجامی ئازادبوونی تۆمەتبار. لە بەر ئەوەی یاسا شکێنی ژن کوژ یا"تاوانباری نامووسی" زۆربەی جار هەر خزمی نزیکی ژنەکەیە، شتێکی گونجاوە کە بەجێماوانی قوربانی لە گەڵ بکوژەکە مەسڵەت بکەن، و تاوانەکە بە بێ سزا بمێنێتەوە(بڕوانە خشتەی ژمارە ٤.١)

ئەستەمە بڕیار بدرێت بە گوێرەی بەندی ٣٠٩ و ٣١٠ ی یاسای سزای پاکستان کامە کەیس بۆ ئەوە دەبێت مەسڵەتی لە سەر بکرێت، بە تایبەت لەو کەیسانەدا کە بەشێك لە بەجێماوان لە گەڵ بکوژەکاندا پێك هاتبن، ئەوەش لە "کوشتنی نامووسی"دا ئاساییە. گەرچی پەیڕەوە یاساییەکان ئاماژە بە وەلانان یا مەسڵەت کردن لە *قەساس* دا دەکەن، دادگاش و دادخوازانیش دەیانە وێت سەرنج بدەنە سەر گونجاوبوون یا بەکارهێنانی بڕیاری مردن، بێ ئەوەی بزانن ئایا کوشتنەکە بە گوێرەی قەساس کوشتنە کە بە گوێرەی قەساس و بەندی ٣٠٢(a) دەبێت یا خود بە گوێرەی تەعزیر و بەندی(b)٣٠٢. دادوەری کردن لەو شوێنەدا تووشی ئاڵۆزی دەبێت کە ئایا یەك تاکە کە سی بەجێماو دەتوانێت کەیسێك یاخود مەسڵەت کردن لە سەر کەیسێك کە شیاوی *تەعزیر* بێت هەڵوەشێنیتەوە. ئەوکێشەیە ش هەر لە گێژوگومیدا دەمێنێتەوە کە ئایا کاتێ کە هەموو بەجێماوان لێبووردنیان بە تۆمەتبار نەدابێت (٣٠)، کام پەیڕەو دەبێ ڕەچاو بکرێت. لە ساڵی ١٩٩٧دا ئەندامانی دادگای باڵا کە لەو

کێشەیەدا بیرورای جیاوازیان هەبوو، دەست نیشانی راوێژکارانی بێ لایەنەنیان کرد و ئەوان گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی کە بەندی ٣٠٩ و ٣١٠ ی یاسای سزای پاکستان تەنیا کاتێك دەتوانرێت بێنە کایەوە، کە تۆمەتبار بە گوێرەی *قەساس* بڕیاری بۆ دەرچوویێت، هەروەها ئەوەی کە بە بێ گوێدانە رادەی بڕیار بە گوێرەی بەندی (٢) ٣٤٥ ی یاسای تاوانی پاکستان، لە هەموو کەیسێکی تردا تەنیا سەرجەمی بەجێماوانی مردووەکە دەتوانن مەسڵەت لە سەر کێشەکە بکەن (٣١). کەوابوو، ئەگەر تەنیا یەك کەس لە بەجێماوان بە مەسڵەت کردن رەزامەند نەبوو، تاوانکەر قورس ترین سزای پێ دەدرێت. ئەم بڕیارە، بەکردەوە، کێشەکەی چارەسەر نەکرد، لە بەر ئەوەی دادوەرییەکە خۆی بە شێوەی جیاواز راڤە دەکرایەوە تا سەرئەنجام، لە ساڵی ١٩٩٧ دا دادگای باڵا لە سەر دوو کەیسی دیکە بڕیاری دەرکرد (٣٢).

ئەم پەیڕەوە نوێیانە لە ماوەی دادخوازیی دووردودرێژی ناو دادگاکاندا بیدادوەریی زۆریان لێ کەوتەوە. هێشتا سەبارەت بە شێوازی بەکارهێنانی بەندی ٣٠٩ و ٣١٠ ی یاسای سزای پاکستان و ئەوەی کە ئایا سزا دەبێ بە گوێرەی *قەساس* بدرێت یا تەعزیر، چەواشەکاری هەرماوە. لەوەش زیاتر، دادگاکان هەندێك جار بە بێ هەڵسەنگاندنی پێویست بەڵگەنامەی مەسڵەتیان پەسەند کردوە ، لە کاتێکدا تەنیا بەجێماوانی مردوو ئیمزایان کردوە و نەیانتوانیوە لە ناتەبایی نێوان پەسەندی تۆمەت کردنی تۆمەتبار و مەسڵەت کردنەکە بکۆڵنەوە (٣٣).

لە هەل و مەرجی دیاریکراودا، بە بێ گوێدانە ئەوەی ئایا کێشەکە تەنیا دەست لە سکاڵا هەڵگرتنە یا مەسڵەت کردن، بەندی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان مۆڵەت بە دادگاکان دەدات بە گوێرەی چەمکی *" فساد فی الارض"* _(تێکدانی نەزمی کۆمەڵایەتی)، بڕیاری زیندانی تا ١٤ ساڵ دەربکەن. بەهەمان شێوە، بەندی (E) ٣٣٦ لە یاسای سزای پاکستان دەسەڵاتی بەربلاو دەداتە دادگاکان، بۆ ئەوەی گوێ بۆ هەر چەشنە پێك هاتنێك رابگرن، چ بۆ ئازادی بوویێت ، چ بە حیسابی"راستەقینە و هەل ومەرجی کەیسەکە"، بۆ ئەوەی"بە گوێرەی سروشتی تاوان، کەسەکە *تەعزیر* بکرێت. جێگەی سەرنجە، کە لە بەشەکانی دواتردا لە هەر کوێ ناوی *تەعزیر* هاتبێت، رێنومایی بەربەست کردنیشی لە گەڵدا هاتوە، بەڵام بە گوێرەی بەشی E ٣٣٨ یاسای سزای پاکستان، ئەو بەربەستیانە دانانرێن. هەرچۆنێك بێت، ئەم پەیڕەوانە لە بەر لایەنی تەکنیکیان یاخود بە هۆی کەم بوونی داوانامەی دادوەری، بە کردەوە گەلێك کەم کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەوە ش، روونکەرەوی بنیچینە کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسییەکانی پاکستانە، کە تێیدا پەیڕەوی پێشکەوتووی یاسا نوێیەکان بە بەردەوامی خراونەتە پشت گوێ و بە سەریاندا تێپەڕیون.

**داوەریی کردنی*"گوڵ حەسەن"* و"تاوانە ناموسییەکان"**

"تاوانە ناموسییەکان" لە داوە ری کردنی" *گوڵ حەسەن"* دا دەرنەکەوتن، و بە هەمان شێوە، سەرنجیش نەدرایە ئەو داواکارییانەی وا لە دژایەتی پەیڕەوە کۆنەکاندا هاتبوونە ئاراوە. بەڵام، ئەوە گرنگ بوو، کە لە رەوتی وتوویژەکان سەبارەت بەوەی ئیسلام چی بە کوشتن دەزانێت، دادگا سەرنجی زۆری دایە "ورووژان" و نموونەی *"زینا"* — واتە پەیوەندی جنسی دەرەوەی هاوسەرایەتی وەك بنچینە و داکۆکی سەرەکی لە "تاوانە ناموسییەکان" دا، وەرگرت (٣٤).

دادگا رایگەیاند کە " بە گوێرەی فەرمانی ئیسلام، ورووژان یا هەڵخلان، گرنگ نییە چەندە گرژ یا کوت و پڕ بووبێت، لە قورسایی تاوانی کوشتن کەم ناکاتەوە"(٣٥). بەم پێیە، "لە روانگەیەکی ئیسلامییەوە"، بکوژێك تەنیا لە یەك یا دوو دۆخدا دەتوانێ *قەساس* نەکرێت. ئەویش لە دۆخێکدا کە مردووەکە کارێکی کردبێت وا سزاکەی بە گوێرەی ئیسلام کوشتنەوە بووبێت، یا کاتێك کە بکوژەکە لە دۆخی داکۆکیکردن لە خۆدا بووبێت. دادگا ئەم بۆچوونەی پەسند بوە و تەنیا گوتوویەتی کە ئیسلام مۆڵەت نادات کە *"مسوم الدم"* (واتە کەسێك کە ژیانی پیرۆزە یا خوێنی پارێزراوە) بکووژێت — بە بێ ئەوەی روونی بکاتەوە کە ئەو مەقوولە پارێزراوە چییە (٣٦).

دادگا نموونەی پیاوێکی هێناوەتەوە کە دوای ئەوەی ژنەکەی*"زینا"*ی کردوە، تووشی کوشتن بووە و گوتوویەتی بەرزترین سزا بۆ *"زینا"*، کوشتنە بەڵام ئەو مەرجانەی کە پێشکەشی کردوون و سەلماندنی وێچوویی کارەکەی لە گەڵ ستانداردە خوازراوەکانی ئیسلام، لە سز

ای کوشتنەوەی بە گوێرەی *"قەساس"* جیاوازی را دەگرێت (٣٧). لەوەش زیاتر، دادگا رایگەیاندوە کە کابرای تاوانبار یاسای گرتۆتە دەستی خۆی، و لەم رێگەیەوە تاوانی دژ بە دەوڵەت کردوە، کەوابوو دەبێ بە گوێرەی *"تەعزیر"* سزا بدرێت. داوەرییەکانی دواتری سەبارەت بە "کوشتنی ناموسی" گەلێك جار مەرجەکانی جیاوازیدانان لە *"قەساس"* وگونجاوبوونی سزا بە گوێرەی"تەعزیر"یان نەگرتۆتەبەرچاو، و تەنیا جەختیان لە سەر خاڵی یەکەم کردوە کە بە گوێرەی ئەو، مێردێك کە دوای ئاگاداربوونەوە لە "زینا"ی ژنەکەی، کوشتبێتی، نابێ "قەساس" بکرێت و بکووژرێتەوە. ئەوەش شوێنی زۆری داناوەتەسەر کاری راگەیشتن بە"تاوانە ناموسییەکان"

سەرئەنجام، دادگا سەرنجی دایە ئەوەی کە "قەساس" لە کەیسی داکۆکی لەخۆکردندا کەڵکی لێ وەرناگرێت، بەڵام دیاریی نەکرد گەلۆ "داکۆکیکردن لەخۆ" بەچی دەزانرێت کە کابرا بەو ناوەوە مۆڵەتی کوشتنی پێ دەرێت، و لە کام هەل و مەرجدا دەکرێ بەڕێوەببرێت.

ئەو کەیسە یاساییەی لە خوارەوە باسی لێ دەکرێت، نیشاندەری کاردانەوەی ئەوەیە کە چۆن راڤەکردنی دادگا دادگا لە داکۆکی کردن لەخۆ"بە ئاویتە کردنی[یاسای] ئیسلامی" پیاوی ناو بنەماڵەکە دەکاتە دەسەڵاتداری ژن و دەرەتان دەداتە تاوانکارانی "کوشتنی نامووسی" کە کەمترین سزا ببینن.

## کەیسی یاسایی دوای ١٩٩٠: هێنانەوە کایەی " وروژانی گرژ و کوت و پڕ"

ئەم بەشە، ئەزموونی کەیسە یاساییەکانی دوای ساڵی ١٩٩٠ لە مەڕ هەندێك "تاوانی نامووسی" دەکات، بە تایبەت ئەوانەی کە تیایاندا "وروژان" ی راگەیێنراوجێگەی مشت و مڕ بووە و، گەرچی پەیڕەوێکی ئەوتۆ چیتر لە یاسادا نەماوە بەڵام وەك خاوکەرەوەیەك لە کەسەکان وەرگیراوە. دەبێ بزانرێت کە زۆربەی ئەو کەیسە یاساییانەی وا لە پەیوەندی"کوشتنە نامووسییەکان"دا راگەیێنراون، کوشتنی پیاون بەدەست پیاو، گەرچی ژنان بە شێوەیەکی گشتی تر قوربانی ئەو چەشنە کوشتنانەن، و ئەوەش ???????????(P.88) لەو ژمارانە دەردەکەوێت کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا پێشکەش بە مەجلیسی سەنات کراون و لە خشتەی ژمارە ٤٠٢ یشدا نیشان دراوە کە ژمارەی ژنان زۆر لە سەرەوەیە. وا هەیە هۆکاری کێشەکەش ئەوە بێت کە بکوژانی ژنان زۆرتر دەتوانن مەسڵەت بکەن و کەمتر واهەیە بگەنە دادگای باڵا و بەم بۆنەیەوە رابگەیێنرێن.

### *پرسیاری چارەسەرنەکراوی "مسوم الدم" کێیە"*

لە [کەیسی]"عەبدولوەحید"دا (٣٨)، دادگای باڵای پێداچوونەوە (٣٩)، کێشەی "وروژان" ی لە بەر رووناکایی کەیسی *گوڵ حەسەن* خستە بەر سەرنج. هەردوو لایەنی داواکاری گشتی و داکۆکی، پشتیان بە لایەنی جیاوازی بڕیارە کان لە سەر کێشەی گوڵ حەسەن بەستبوو و دەریان دەخست کە [بڕیارەکان] چەندە شێواوو ناروون بوون. تۆمەتبار مەحکووم کراوە و (بە گوێرەی بەندی (C) ٣٠٢ یاسای سزای پاکستان — *کوشتن لە دۆخێکدا کە قەساس نایگرێتەوە*) و لە سەر بنەمای دان پێدانانی ئەو راستیەی کە مرۆڤکوژەکە کاتێ چاوی بە خوشکی کەوتوە لە گەڵ پیاوەکەدا داوێن پیسی کردوە، تەقەی لە خوشکی خۆی کردوە، ئیتر کابرا وەبەر کەوتوە و کووژراوە، بڕیاری حەوت ساڵ "کاری ئەستەم" ی بۆ دەرچوە. کەیسی داواکاری گشتی سەرنەکەوت لە بەر ئەوەی هیچ شایەدێکی بایەخدار بۆ کارەکە نەبوو و تاقە بەڵگە ئەو دان پێدانانە بوو، کە کابرا کردبووی. دادگا گەڕایەوە سەر کەیسی *گوڵ حەسەن* و حیسابەکانی تۆمەتباری پەسەند کرد و بڕیاری دا کە کابرا"مسووم الدم" نییە.

له دادگای پێداچوونەوەدا (کە دەوڵەت دەیویست تۆمەتبار بە گوێرەی قەساس و لە سەر بنەمای بەندی (a) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان بکوژرێت)، داوەر "نەسیم حەسەن شاه" رەچاوی لایەنی مەرجداری جیاوازیدانانی کەیسی *گوڵ حەسەن* ی لە *قەساس* کرد گەرچی لە کەیسی *گوڵ حەسەن* دا هەموو پێداویستییەکانی بەڵگەنامەیی رەچاو نەکرابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش داوەر شاه ئاماژەی بە بەشی ١٢١ ی *"قانوونی شەهادەت"*دا (٤٠)، و ئەوەی خستە بەر چاو کە کاتێ تۆمە تبار دەیەوێت سوود لە جیاوازیدانان یاخود پەیڕەوی تایبەت وەربگرێت ئەرکی سەلماندنیشی لە سەر شانی دە بێت. لەوەش زیاتر، بەڵگەی پێویست هەر ئەوانە بوون کە لە کەیسی *زینا* بە گوێرەی *حەدد* دا هە یە: وئەویش چوارشایەدی موسوڵمانی نێرینەیە. لەم کەیسەدا هیچ بەڵگەیەك جگە لە قسە و بۆچوونی تۆمەتبار بەدەستەوە نەبوو. دادگا هەروەها ئاماژەی دا بە کێشەی*"موحیب عەلی" لە گەڵ "دەوڵەت"*، کە تێیدا دادگای باڵا ئەم سەرنجانەی گرتبوە بەرچاو. *"تۆمەتی بەدرەوشتی بە بێ بەڵگەی سەلماو ناتوانرێت بە پەیڕەوێکی گرژ وکوت و پڕ دابنرێت. ئەگەر وەئەستۆگرتنێکی ئەوتۆ، بە بێ بەڵگە لە کەسەکە پەسەند بکرێت، ئیترمۆڵەت بە خەڵك دەدرێت بچن کەسانی بێ تاوان بکووژن"*(٤١). بە گوێرەی بەشی(a) ٣٠٢ لە یاسای سزای پاکستان بڕیارە کە *بەرزکرایەوە* و بوو بە *کوشتن لە سەر بنەمای قەساس.*

هەرچۆنێك بێت، لێکۆڵینەوەیەك لە کێشە یاساییەکان دەری دەخات کە لە زۆر کێشەی هاوسروشتی دواتردا، کاتێ کە بە هۆی رەتکرانەوەی بەڵگەکانی داواکاریی گشتی یاخود تەنگ و چەڵمەی یاساییەوە،دان پێدانانی تۆمەتبار و وەئەستۆ گرتنی ورووژان تاقە بنەمای بڕیار بووبێت، راڤەی ئەرێ یی دادگا لە کێشەی *عەبدولوەحید* رەچاو نەکراوە. سێ مانگ دوای کێشەکەی *عەبدولوەحید*، کورسییەکی دیکەی دادگای بەرز کە بە شێوەیەکی جیاواز رێك خرابوو، هەمان کێشەکانی خستەوە بەر سەرنج و گەرچی بڕیارەکانی کێشەی *گوڵ حەسەن* ی هێنایە وە کایە، بەلام گەیشتە ئاکامێکی تەواو جیاواز- بە سەر سووڕمانی تەواوەوە هەردوو داوەر واتە نەسیم شاه (کە داوەری کێشەی *عەبدولواحید* بوو) هەروەها شافیور رەحمان (کە بڕیارێکی دژ بەو بڕیارەی دەرکرد)، هەردووکیان داوەری کێشەی *گوڵ حەسەن* یش بوون.

لە کێشەی *محەممەد حەنیف* دا (٤٢)، تۆمەتبار"ورووژان" ی راگەیاند. ناوبراو تۆمەتی کوشتنی براکەی لە سەر بوو، کە ژنەکەی ئەوی لە ماڵ دەرکردبوو و سووکایەتی پێ کردبوو. دادگا بە گوێرەی بەشی(C) ٣٠٢ لە یاسای سزای پاکستان (کوشتن نابێتە هۆی کووژرانەوە بە قەساس)، دە ساڵ زیندانی بە کاری ئەستەمەوە دایە حەنیف هەروەها بڕیاری دا پارەی

غەرامەیەکیش بدرێتە کەس وکاری بە جێماوی مردوو. دەوڵەت داوای پێداچوونەوەی کرد و گوتی کابرا دەبێ بە گوێرەی *قەساس* محاکەمە بکرێت.

لە دادگای پێداچوونەوەدا، داوەر شافیور رەحمان ناتەواویی کێشە و بڕیاری گوڵ حەسەنی زەق کردەوە و گوتی بە تەواوەتی کێشەی"مسووم الدم" ناگرێتەوە، بە تایبەت ئەگەر نیازی لە کەسێك بووبێت کە تەواو بێ تاوانە، یاخود کەسێك کە کردەوەکەی بۆ سزای کوشتن نابێت. دادگا لە گەڵ راڤەکردنەوەی یەکەمدا بوو، و هەموو ئەوانەی جیاوازدانا کە بۆ هەرتاوانێك(وەك چوونە ناو ماڵی خەڵکەوە)، بۆی هەبوو یاسا بکەوێتە شوێنیان و وەك ئەنجامێك مۆڵەتی دایە مرۆڤکوژانی دوارۆژ کە قوربانییەکانی خۆیان بە "مسوم الدم" نەزانن و بڕیاری کەمتریان بۆ دەربچێت. زیاد لەوە، کێشەی"*محمد حەنیف*" لە بەرپرسایەتییە بنەڕەتیەکانی سەلماندندا، دژ بە کێشەی "عەبدولواحید" وەستا. ئەم پێوانە تۆکمانەی بەڵگە و نیشانە، کە لە کێشەی "عەبدالواحید"دا دەست نیشان کران، هەرگیز نەیانتوانی هاوکێشەییەکە بە سوودی دادپەروەری بۆ قوربانیانی "کوشتنی نامووسی" بگۆڕن.

ئەم کەیسە رەنگدانەوەی شێوازێکی ئاسایی کەیسی جینایی [وڵاتانی] باشووری ئاسیایە، کە سەرجەمی بەڵگەو نیشانەکانی داواکاریی گشتی(ئەغلەب بە هۆی ئامادەکاریی خراپەوە) دەدرێتە دواوە و ئیفادەی تۆمەتبار سەبارەت بە کردەوەی قوربانی و ئەنگیزەی کوشتنەکە، بە سەر هەموو کێشەیەکی"کوشتنی نامووسی"دا زاڵ دەبن. بە گوێرەی پەیڕەوی نویی *دیە* و *قەساس* و بە لە بەرچاوگرتنی کاروباری واتاکردنەوە کە پەیوەستن بە "مسوم الدم"ەوە، کرداری قوربانی راستە وخۆ پەیوەند بە چۆنیەتی سزا بڕینەوە پەیدا دەکات. ئەم فاکتەرانە، هەمیشە کەیس تێك دەدەن و بەلای ئەوانەدا دەیشکێننەوە کە ژن و پیاو دەکوژن و" ئەنگیزەی نامووسی" بۆ ڕادەگەیێنن.

## چ تاوانێك کراوە؟

پرسیاری هاوتەریب کە سەرهەڵدەدات ئەوەیە لە دۆخێکدا کە *قەساس* رەچاو نەکرێت، ئایا لە سەر بنەمای غیرەت(کە بە گشتی بە "نامووس" واتا دەکرێتەوە)، دەتوانرێت کەیسە کە بخرێتە چوارچێوەی بەشی (b) ٣٠٢ یاسای سزای پاکستانەوە(کە بە گوێرەی ئەو، کاتێ قەساس لە سەر تۆمەتبار ناسەلمێت، لە سەر بنەمای تەعزیر سزای مەرگ یا زیندانی هەمیشەیی بۆ دەردەچێت) یاخود بە گوێرەی بەشی (C) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان، زیاترین بڕیاری بۆ دەردەچێت کە بیست و پێنج ساڵ زیندان بێت، لە بەر ئەوەی بە گوێڕەی فەرمانەکانی ئیسلام، سزای *قەساس* نایگرێتەوە. یاسای نوێ بە تەواوەتی ئەو بارودۆخە روون ناکاتەوە کە

تێیدا ناتەواوبوونی روونکردۆنەوە نووسراوەکان بە هۆی پێکەوەلکان لە گەڵ بەشی 338-F ی یاسای چاککراوی سزای پاکستان قوولْتر بۆتەوە. یاسای چاککراوی سزای پاکستان رێنموونی دادگاکان دەکات لە کاتێکدا راڤەی پەیڕەوەکانی یاسای *قەساس* و *دیە* دەکەن، فەرمانەکانی ئیسلامیش بگرنە بەرچاو.

لە کەیسی غولاّم یاسین دا (٤٣)، دادگای بەرزی لاهور سەرنجی دایە ئەوەی ئایا کوشتن لە سەر بنەمای غیرەت شایانی هیچ چەشنە سزایەك هە یە. کێشەکە سەبارەت بە کووژرانی پیاوێك و بریندابوونی خوشکێکی شوونەکردوو بوو لە لایەن برا و مامێکەوە، کە دەیانگوت ئەویان لە دۆخی جووت بوون لە گەل کووژراوەکە دا دیتوە. کاتێ هەڵخلێنەری کارەکە سەلما و کێشەکە چوە سەر سروشتی ئەو تاوانەی واکرابوو، دادگا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە" راستە پەیڕ ەوکانی بەشی پەیوەندیدار بە *کوشتن* بە هێچ شێوەیەك مۆڵەت بە کوشتنێك نادەن کە بە گوێرەی غیرەت کرابێت، بەلاّم بە حیسابی بەشی 338 Fی یاسا، دادگاکان ناچارن پەیڕەوەکانی یاسا رەچاو بکەن (٤٤). لە راڤەکردنێکی بە تایبەت کۆنسێرڤاتیو و باوکسالاردا، دادگا ئاماژەی بە چەند "حەدیث"(وتەی پێغەمبەر) کرد(٤٥) و رایگەیاند کە:

*ئاشکرایە راگەیشتن بە کوشتنێك کە لە سەر حیسابی "غیرەت" بەڕێوە برابێت وەك "کوشتنی عەمد" روون و هاسان نییە و کەسانێك کە لە سەر بنەمای غیرەت کەسێکیان کوشتبێت، شایانی چاوپۆشی کردنن و دەبێ ئەوەیان پێ رەوا ببینێت*(٤٦).

دادگا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کوشتن لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ناکەوێتە چوارچێوەی بەشی (a)٣٠٢ لە یاسای سزای پاکستان، و سزاکەی بۆ پێنج ساڵ داشکاند. بە رواڵەت بە گوێرەی چەمکی"کەسێك کە "مسوم الدم" نییە، پارەی قەرەبووش وەلانرا. دادگا رایگەیاند:

*بە لە بەر چاوگرتنی ئەو راستیەی کە مردووەکە ژیانی خۆی لە سەر حیسابی کردەوەی نایاسایی و دوور ئەخلاق لە دەست داوە، ئەم کەیسەی ئێستا کەیسێك نییە کە مەحکووم ناچار بکرێت قەرەبوو بداتە بە جێماوانی کووژراو*(٤٧).

لە گەلێك کەیسی دواتر بە تایبەت لە کەیسی دادگای باڵای لاهوور دا ئاماژە بەم داوەرییە کرا بۆ ئەوەی دادگای پێداچوونەوە سزای کەمتر بداتە تاوانباران.

### *پرسیاری چارەسەرنەکراوی واتاکردنەوەی داکۆکی لە خۆ*

کەیسی *محەممەد حەنیف* یەکەم کەیسێك بوو کە بەکار هێنانی داکۆکیکردن لە خۆی لە سەر بنچینەی وروژاندن و جیاواز دانران لە *"قەساس"* ی بەرزکردەوە. دادگا، راگەیاندنی تۆمەتباری وەرگرت کە دەیگوت کارەکەی وەك بەکارهێنانی مافی داکۆکی لەخۆ بەڕێوە

بردووە، و بۆیەش نابێ قەساس بکرێت. دادگا روونکردنەوەی قورئانی گرتە بەر چاو کە تێیدا پیاو *"قەییم"*ی ژنە (٤٨)، و "قەییم" ی بەم شێوەیە واتاکردەوە کە کەسێکە بەرپرسی بەرێوەبردنی رێك وپێکی کاروباری کەس یا رێکخراوە یاخود سیستەمێکە بۆ پارێزگاری کردن و دابین کردنی و پێداویستییەکانی ژیان (٤٩). کە وابوو، مێرد وەك بەرپرسی پاراستنی هاوسەرەکەی لە شەرمەزاری سەیر دەکرێت. ئەم بەکارهێنانی ئایەی ژمارە ٤:٣٤ ە کۆسپێکی دیکەی خستە بەرپێی راوەدوونانی "تاوانە نامووسی یەکان" و راڤەی بەربڵاوی لە کەیسەکانی دواتردا گونجاوکرد.

سەرئەنجام، کیشەی ئەوەی گەلۆ راگەیاندنی وروژان دەتوانرێت دوای هەڵوەشاندنەوەی یاساییش وەربگیرێت یان نا، لە کەیسی *عەبدولواحید* دژبە *دەوڵەت* دا، کەوتە بەر دەم دادگای باڵا (٥٠). توخمی"شەرەف" لە لایەن داکۆکیکارانی *"حەق"* ەوە هاتە کایەوە. ناوبراو کەسێکی کوشتبوو کە لە ژووری دادگادا هەڕەشەی کردبوو ئەگەر بێت و ئازاد بکرێت، دەستدرێژی دەکاتە سەر هەموو ژنانی هۆزەکەی *"حەق"*. هەرسێ داوەری دادگای باڵا داوایان لە سەرۆکی دادپرسان کرد کە حەوت داوەر بۆ بڕیاردان لە سەر ئەو پرسە"بنەڕەتیە گرنگە" یاساییە تەرخان بکات، و ئەو ئەسڵەشیان وەبیرهێنانەوە کە "ئەسڵێکە لە ماوەی زیاد لە سەد ساڵدا لە "نیوەکیشوەری" ئاسیا[واتە هیندوپاکستان]دا باوبوە"

لە ئەنجامدا دادگایەکی پێداچوونەوەی پێنج کەسی، گوێی بۆ داواکاریی پێداچوونەوە *"حەق"* دژ بە بڕیاری کوشتن(٥١) راگرت، و دوای لێدوانێکی بە وردە ڕیشاڵ سەبارەت بە کەیسی عەبدولواحید و موحەممەد حەنیف، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە ئەگەر کوشتنێك شایانی *قەساس* بێت ئیتر راگەیاندنی هەڵخلان و وروژان نایگرێتەوە. بەڵام، بۆ کوشتنێك کە بە گوێرەی بەشی (**b**)٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستانیی رادەگەن *(تەعزیر)*، دەتوانرێت ئەو راگەیاندنی ورووژانەی وەك خاوکەرەوە یەك تێدا بگیرێتە بەرچاو. ئەم کارە ئەنجامی شێلگیری بۆ کیشەی "کوشتنی نامووسی" ژنان لێ کەوتەوە کە لە زۆربەی کەیسەکان دا چیتر داوای قەساس ناکرێت لە بەر ئەوەی دەکەونە بەر بەشی (**b**) ٣٠٦ و (**c**) ٣٠٦ لە یاسای سزای پاکستان (کەتێیدا *قەساس* لە سەر بنەمای هاوپەیوەندایە تی لە یاسا کە جیاوازدا دەنرێت). کەیسەکانی دیکەش بە گوێرەی چەشنایەتی، دەکەونە بەر بەشی (**b**) ٣٠٢ ( کە بریتی یە لە *تەعزیر*، کاتێ کە بەڵگەی پێویست بۆ ئەوەی *قەساس* بیگرێتەوە بەدەستەوە نەبێت)، یاخود دەکەونە بەر بەشی (**C**)٣٠٢ (کە لە خوارەوەتر باسی لێوە دەکرێت). بەوەی کە مۆڵەتی "بارودۆخی خاوکەرەوە" بۆ کەیسی پەیوەندیدار بە بەشی (**b**) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان

هێنرایەوە کایە، بڕیارەکە بە کردەوە سەپاندنی زیاترین سزای بۆ کوشتنی ژنان نە گونجاو کرد.

ئەم کەیسە، نەخواستنی دادپەروەریی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی راگەیاندنی"وروژان" ئاشکرا کرد، دا وە رێك رایگەیاندکە سەرە ڕای سڕینەوەی جیاوازدانانی هاوپەیوەند[لە گەڵ "وروژانی گرژوکوت وپڕ"] لە یاسای چاك کراوە دا، کێشەکە هێشتا وەك فاکتەرێکی پەیوەندیدار بۆ بڕیاردان لە سەر پرسی سزا دەمێنێتەوە (٥٢).

ئەو کەیسانەی سەرەوە و کێشەی "مسوم الدم" و "قەییم" ، یەك گرتنەوە لە گەڵ وروژاندن، و هەروەها بڕیاری سەبارەت بە "کوشتنی ناموسی"، سەرئەنجام لە کەیسی *عەلی مەهد* دژ بە *عەلی مەهد* دا(٥٣) کەوتنە بەر باسی دادگای باڵا، و داوی باس و خواسی زۆر لە سەر کەیسی *عەبدولواحید* و *محەممەد حەنیف* بڕیاری ئەوە دەرچوو کە ئەگەر کوشتنێك شایانی *قەساس* بێت راگەیاندنی وروژاندنی بۆپەسەند ناکرێت. کەیسەکە سەبارەت بە کووژرانی پیاوێك بوو، کە تۆمەتبار دەیگوت لە "دۆخێکی نەخوازراو"دا لە گەڵ ژنەکەی بینیویەتی(وژنەکەی توانیویەتی دەرباز بێت). دادگا، کە بە ڕواڵەت لە یاسای نوێ بێ ئاگا بوو، بە گوێرەی پەیرەوە کۆنەکانی یاسای سزای پاکستان، بە کەیسەکە راگەیشت و بڕیاری حەوت ساڵ زیندانی بۆ تۆمەتبار دەرکرد. لە کاتێکدا دادگای باڵا کارە کەی بە "قتل بالحق"(واتە کوشتنی بە حەق) ناسی وتۆمەتباری ئازاد کرد (٥٤).

دادگای بەرز بڕیاری دەرکرد کە لە کەیسی *محەممەد حەنیف* دا سەرنج نەدراوەتە کەیسی *عەبدولواحید* و "مافە سەرەکییەکان"ی بە شێوەیەکی سەرنج راکێش پێ شێل کرد، بەوەی رایگەیاند:

مافی سەرەکی بەڕێوەبردنی ئەرکی *"قەییم"* بەو شێوەیەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە،.... دەبێ بە شێوەیەك مسۆگەربکرێت کە زۆرترین سوودی بۆ فراوانترین ژمارەی ئەوانە هەبێت کە مافەکە دەیانگرێتەوە..... نابێ گومان لەوە دا بکرێت کە مافی پیاو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی *قەییمی*، مافێکە کە پارێزگاریی لە شەرەفی ژنەکەی دەکات و لە بەرانبەر شەرمەزاری و بێ ئابڕوویی و سووکایەتیدا دەیپارێزێت (٥٥).

دوای کەیسی *عەبدولحەق*، دادگا گەیشتە ئەو ئاکامەی کە لە بڕیاری سەبارەت بە وروژانی کوت و پڕدا بڕیاری *قەساس* کەسەکە ناگرێتەوە و گوتیان دادگاکان دەبێ بڕیار لە سەر ئەوە بدەن گەلۆ بەشی **(C)** ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان کامەیان دەگرێتەوە(لەو بەشە دا باسی کەمترین رادەی سزا بۆ ئەو بارودۆخە نەکراوە کە بە گوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام، *"قەساس"* نایانگرێتەوە) و کەیسی *گوڵ حەسەن* گومانی لەوەدا نەهێشتەوە کە ئەو

کەیسانەی وا پێشتر بە گوێرەی "وروووژانی کوت وپڕ" پێیان رادەگەیشتن، ناتوانن بکەونە بەر ئەم بەشەی یاسا (٥٦). *عەلی محەممەد* بڕیاری (دوو ساڵ و یەك مانگ) زیندانی بۆ دەرچوو، کە پێشتر کێشابووی، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی مافی داکۆکی لە خۆی تێپەڕ کرد بوو و هێزی زیادیی بەکار هێنابوو.

لە داواکارییە کی کە فالەتدا کە دواتر بۆ مەتبارێکی ٢٠ ساڵە پێشکەش کرا وا خوشکی ١٦ ساڵەی خۆی و پیاوێکی کوشتبوو کە گومانی کردبوو پەیوەندی نایاسایی لە گەڵیدا بوو‌بێت، داوەر *"ئاسیف جان"*_لە دادگای باڵای لاهوور ئاماژەی بە ئایەی ٤:٣٤ ی قورئان دا و گوتی:

چاوەڕوان دەکرێت کە مێرد، و باوك، و برا، ژیان و شەرەفی ئەو ئافرەتانە بپارێزن کە دانیشتووی ماڵەکەن و ئەگەر هەر کام لەوان بزانێت کە تاوانبارێك لە گەڵ ژنێکی بنەماڵەکەی ئەودا زینای کردوە، ئەگەر نەتوانێت خۆڕاگری بکات، نابێتە ئەوەی"کوشتنی عەمد"ی کردبێت و شایانی *قەساس* بێت، لە بەر ئەو هۆیەی کە مردوە کە لە کەیسێکی ئەوتۆدا"مسوم الدم" نییە (٥٧).

بەم پێیە، دەردەکەوێت یەکگرتنەوەی چەمکی داکۆکی لە خۆکردن و قوربانییەك کە "مسوم الدم" نییە، گەیشتبێتە ئەنجامی هێنانەوە کایەی جیاوازیدانان لە سەر بنەمای "وروووژانی گرژ وکوت وپڕ". بەوەش، "تاوانە نامووسییەکان" بە تەواوەتی دەهێنێتروە ناو بازنەی دامەزراندنەوەی سەر لە نوێ نەریتی چەندین سەدەیی کە کەمترین سزا بۆ ئەو کەسانە دەبرێتەوە وا دەڵێن بە هۆی "شەرەف"ەوە کەسەکەیان کوشتوە، بەم کارە، پێیان وایە، توخمی"ئیسلامی"یان هێناوە تە ناو راڤەکەیانەوە.

هەر چۆنێك بێت، وەك لە کەیسی *محەممەد ئیبراهم دژ بە سوفی عەبدول* دا دەردەکەوێت، " گەلێك ناتەواوی وگوم و گێژی" لە شێوازی بەکارهێنانی *تەعزیردا* دەبینرێت، بە تایبەت لەو کەیسانەدا کە"وروووژان" لە سەر بنەمای"شەرەف" دانرابێت (٥٨). ئەم داوەری کردنەی سەرەوە بەوە دەناسرێتەوە کە رەخنەی لەو بارودۆخە گرت وا دوای هاتنە کایەی پەیڕەوی *قەساس* و *دیە* دروست بووە، و ئەوەش کە وەئەستۆی گرتوە و گوتوویەتی "ئێمە خەریکین لە سەر بنەمایێکی ئاسایی ئەزموونی جیاواز دەکەین"، کە بە ڕواڵەت ئاماژەیەکی ناڕاستە وخۆیە بەو کەیسانەی وا لە داوەریی کردنەکانی سەرەوەدا بانگیان بۆ دراوە. کەیسەکە باسی کووژرانی ژنێکە بە دەست مێردەکەی، دوای ئەوەی پیاوەکە زانیویەتی لە گەڵ پیاوێکی دیکە" لە بارودۆخێکی ناپەسندا بووە". کەیسەکە هەندێك نائاسایی بوو لە بەر ئەوەی تۆمەتبار هیچ داکۆکییەکی نەکرد و بە ئاشکرا پێی بە تاوانەکەدا نا. ئەو فەزا گشتی کۆمەڵایەتیەی وا لە

دەوروبەری کەیسی ئەوتۆدا دروست دەبێت و ئەو ناو و ناتۆرەیەی وا کاری "قەییم بوون" دەری کردوە، لەو ئاماژەیەی دادگا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

"ئەو پرسیارە سەرەکیەی کە دەبێ وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە ئەوەیە ئایا بە گوێرەی یاساکانی ئیسلام مافێکی موتڵەق بە مێرد دەدرێت کە دوای ئەوەی ژنەکەی خۆی لە بارودۆخێکی ناپەسنددا بینی، بیکووژێت"(٥٩).

دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئایەت و *حەدیث* کەوتنە بەر باس، دادگا ئاماژەی بە دادوەریی دادگای شەریعەتی فیدراڵی سەبارەت بە زینا دا کە ئەم بڕیارەی دەرکردبوو: " ئەوە یاسایەکی سەرەکی ئیسلامییە کە نابێ گومان کردن ببێتە بنەمای سزادان، بەڵام دەتوانێ زەوینەیەك بۆ لێبووردن پێك بهێنێت(٦٠).

و ئەوەشی زەق کردەوە کە چۆن کابرای تۆمەتبار بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیوە بەڵگە بۆ زینا بهێنێتەوە. کاتی دادگا ناچار بوو مل بۆ بڕیاری دادگای باڵا سەبارەت بە ڕاگەیشتنی کەیسەکە بە گوێرەی بەشی (C)٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان دا بەرێت، سزاکەی لە سێ ساڵ زیندانەوە بۆ پێنج ساڵ بەرز کردەوە.

### گێژوگومی سەبارەت بەو پەیڕەوانەی وا "تاوانە نامووسییەکان" دەگرنەوە

لە کاتێکدا بە گوێرەی یاسای کۆنی سزای پاکستان، تەنیا یەك پەیڕەو سەبارەت بە "کوشتنی نامووسی" هەبوو(نیاز، "وروووژانی گرژ وکوت وپڕ" ە)، دادوەرو دادپەروەرانی پسپۆڕ بە یەك شێوە لە کێشەی چۆنیەتی بەکارهێنانی پەیڕەوە نوێیەکان و چەشنایەتی سزاکان دا تووشی گێژوگومی هاتوون. ئەوەش هاوڕێ بوە لە گەڵ نموونەی ئاڵۆزبوونی داوەری دادگاکان بە دادگای باڵاوە، وەك لە کەیسی *فەقیروڵڵا* دژ بە *خەلیل الزمان* دا دەردەکەوێت(٦١). لەو کەیسەدا، مێردەکە ژنی خۆی کوشتوە و گوتوویەتی براکەی گەوادی بۆ ژنەکە، واتە ژنی کابرای تۆمەتبار کردوە. لە بەر ئەوەی ژنەکە کچێکی کەم تەمەنی هەبوو، بە گوێرەی بەشی(C)٣٠٦ و ٣٠٨ ی یاسای سزای پاکستان، زیاترین سزایەك کە دەکرا بە بکوژەکە بدرایەت، چواردە ساڵ زیندان بوو، بەڵام دادگا بە گوێرەی بەشی (b) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان، بڕیاری کوژرانی بۆ دەرکرد. لە پێداچوونەوەدا، دادگای باڵا هەمان بڕیاری کوژرانی هێشتەوە، بەڵام گۆڕی و بە گوێرەی بەشی (C) ٣٠٦ ی یاسای سزای پاکستان، وەك *قەساس* سەرنجی دایە و کردی بە یەك سال زیندان، بە بێ ئەوەی هۆکارێك بۆ ئەم کارە رابگەیێنێت. تۆمەتبار سکاڵایێکی یاسای بنەڕەتی لە دادگای باڵادا تۆمار کرد، کە

به گوێره‌ی ئه‌و نه‌ده‌بوایه له سه‌ر بنه‌مای قه‌ساس یا ته‌عزیر سزا بدرایه‌ت له به‌ر ئه‌وه‌ی به‌شی (C) ٣٠٦ و ٣٠٨ ی یاسای سزای پاکستان ده‌یگرته‌وه.

دادگای باڵا رایگه‌یاند:

له کاری مه‌حکووم کردنی تۆمه‌تبار/ سکاڵاکاردا، که به گوێره‌ی به‌شی ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان هه‌ڵه‌یه‌ك له لایه‌ن دادگاوه رووی داوه و بڕیاری کووژرانی ئه‌و هێنده جیددییه، که ئه‌گه‌ر له ئه‌نجامیدا کابرای خاوه‌ن سکاڵا هه‌ڵاوه‌سرایه‌ت و بکووژرایه‌ت، به‌داخه‌وه ده‌بووه کوشتنێك له ڕێگه‌ی دادوه‌رییه‌وه. پێویست به گوتن ناکات که راگه‌یاندن به دڵپاکی/ یا بێ فێڵ و درۆ/ یا به هۆی تێنه‌گه‌یشتنی یاساوه/ یا بی توانایی، له که‌یسی ئه‌وتۆدا وه‌رناگیرێت (٦٢).

باوکی مردوه‌که سکاڵای پێداچوونه‌وه‌ی دژ به بڕیاره‌که پێشکه‌ش به دادگای باڵا کرد، که له‌وێ پێنج ئه‌ندامی دادگا، بڕیاری پێشووی سکاڵای یاسای بنه‌ڕه‌تی یان هه‌ڵوه‌شانده‌وه. دادگا ره‌زامه‌ندی پیشان دا به‌وه‌ی که نه‌ده‌توانرا که‌ڵك له *قه‌ساس* وه‌ربگیرێت. به‌لام گوتیان که *ته‌عزیر* ده‌کرێ به‌کاربهێنرێت، و سه‌باره‌ت به ماوه‌ی بڕیاره‌که‌ش گوترا:

له‌و که‌یسانه‌دا که قه‌ساس نایانگرێته‌وه، شه‌ریعه‌ت ده‌سه‌ڵاتی داوه‌ته دادگاکان بۆ ئه‌وه‌ی به حیسابی بارودۆخی که‌یسه‌که سزای شایان بده‌نه تاوانباران. سزای ئه‌وتۆ واهه‌یه به هۆی ته‌عزیره‌وه بگاته زیندانی هه‌میشه‌یی یاخود کوشتن. ئه‌م چه‌شنه سزای کوشتنه له لایه‌ن "ژووری" یانه‌وه به شێوه‌ی جۆراجۆر واتاکراوه‌ته‌وه به‌ڵم پێك هاتنێکی گشتی هه‌یه که به گوێره‌ی شه‌ریعه‌ت و له بارو دۆخی تایبه‌تدا، مۆڵه‌ت پێدراو ده‌بێت.

بڕیاری دادگا بۆ ده‌رکردنی بڕیاری کوشتن به گوێره‌ی *ته‌عزیر*، سه‌ر له نوێ دامه‌زرایه‌وه. دادگا هیچ بیروڕایه‌کی له سه‌ر ئه‌وه ده‌رنه‌بڕی که ئه‌و راده‌یه‌ی وا له به‌شی ٣٠٨ ی یاسای سزای پاکستاندا هاتوه، ده‌بێ بمێنێت یاخود هه‌ڵبگیرێت.

ئه‌م که‌یسه، نموونه‌یه‌کی توندڕۆیانه‌یه له‌و ئاڵۆزییه‌ی وا له‌و یاسا و له‌و په‌یڕه‌وه و ئه‌و گێژوگومییه ده‌وه‌شێته‌وه که بۆ تۆمه‌تباران وهه‌ندێك جاریش بۆ خراپه‌کاران به‌رهه‌م دێت، ئه‌و دووبڕیاره ئاڵۆزه ی دادگای باڵا پێنج ساڵ له یه‌کتر جیابوون(٦٤).

## هه‌ڵوێستی یاسایی و "تاوانه نامووسییه‌کان"

پاش زنجیره‌یه‌ك دادوه‌ری که تێیدا دادگاکان راگه‌یاندنی"وروژان" یان له په‌یوه‌ندی ئه‌و پیاوانه‌دا په‌سه‌ند کرد که "لێپرسراوی ژنان" ن و به‌رپرسیاریه‌تی پارێزگاری کردن له ژنان و کوشتنیان به ده‌ست "ده‌ستدرێژیکه‌ر" یان له ئه‌ستۆیه، دادگای باڵای لاهوور سه‌رئه‌نجام بڕیاری

دا که ئەو چەشنە کوشتنانە، بە تاوان نازانرێن و تۆمەتبارێکی کوشتنی دوو کەسی بە ناوی"شەرەف" ەوە ئازاد کرد. کەسی تۆمەتبار کچەکەی خۆی و هاوڕێکەی ئەوی دوای ئەوەی گوایە لە دۆخێکی ناپەسەند دا بینیبوو، لە مەزرایەکی قامیشی شەکردا کوشتبوو. نیشانە پزیشکییەکان دەریان دەخست کە شوێنەواری تۆماوی پیاوەکە بە سەر کەرەسەی پشکنینی مێینەی کچەکەوە بینراوە ، دادگا رایگەیاند کە:

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، داواکاری پێداچوونەوە واتە باوکی خاتوو **X** ، یەك لە وانەی وا مردوون، شەپۆلی غیرەتی بنەماڵە یی بە سەریدا زاڵ بوە، و هەردوو کەسە کەی لە شوێنی رووداوەکە دا کوشتوە. بە بۆچوونی من، کابرا هیچ تاوانێکی وای نەکردوە کە شایانی سزادان بێت (٦٥).

ئەو هەلوێستە کۆمەڵایەتییە شوێن دادەنێتە سەر یاسا. لە کەیسی *محەممەد ئەیبووب* دا(٦٦)، دەگوترا پیاوێك ژنەکەی خۆی – کە بەچوار مانگ دوو گیان بوو، کوشتبوو و دەیگوت"غیرەت" هۆکاری کێشەکە بوە لە بەر ئەوەی لە دۆخێکی ناپەسندا لە گەڵ پیاوێکی دیکە بینییوە- ئیفادەیەك کە دادگا لێی وەرگرت. گەرچی کابرا بڕیای درا و سزای بیست و پێنج ساڵ زیندان بە کاری ئەستەمەوە ی لە گەڵ پەنجاهەزار رووپیە قەرەبووی خوێن بۆ دەرچوو( کە بیداتەوە بە کەس و کاری بەجێماوی مردوەکە)، دادگای پێداچوونەوە بڕیاری زیندانی کابرای بۆ پێنج ساڵ داشکاند و پارەی قەرەبووشیان لە سەر لابرد. هاودەردی کردنی دادگا لە گەڵ تۆمەتبار جێگەی سەرنجە:

داواکاری پێداچوونەوە، لاوێکی نەخوێندەوار و سەر بە هۆزێکی وایە کە تێیدا هەڵس و کەوتی بەڕەڵڵایی لە ژن وەرناگیرێت و شەرەفی بنەماڵە بە توندی لە ژێر چاوەدێریدایە.... ئەگەر ناوبراو بۆ ماوەیەکی زۆر لە زینداندا بمێنێت، واهەیە وەك تاوانبارێك بێتە دەرەوە، کە ئەوەش شتێکی باش نییە (٦٧).

بڕیارە کە لە لیستەی ئەو بڕیارانە زیادکرا کە دواتر داکۆکیکەرانی کەیسی"کوشتنە نامووسیەکان "، بە بەڵگە دەیانهێناوە.

هەندێك جار داوەران گریمانێکی تەواو ترسناکیان سەبارەت بە کردەوەی ژنە کووژراوەکە و بارودۆخی ئەگەری رووداوەکە، و دەرکردنی بڕیاری سزای کەمتر و بێ توانایی لە پێشکەش کردنی دادپەروەری بە قوربانیانی توندوتیژی هەیە و لە ئەنجامدا سزای کەمتر دەدەنە تاوانبارەکان و دادپەروەری بۆ قوربانیانی توندوتیژی بەرهەم ناهێنن. لە کەیسی "ئەمانۆلا"دا پیاوێك و ژنێك بە گوێرەی *"کەلکالی"* [واتە *"کوشتنی نامووسی"*] کووژران.

تۆمه‌تبار خۆی به بێ تاوان ناساند و داوای دادگایی کردنی خۆی کرد، که بووه هۆی مه‌حکووم بوون و سزایه‌کی ده ساڵه‌ی زیندان به کاری ئه‌سته‌مه‌وه هاوڕێ له گه‌ل قه‌ره‌بووی نه‌غدی بۆی. راپۆرتی پزیشکی ده‌ری خست که تۆماو به سه‌ر که‌ره‌سه‌ی پشکنینی مێینه‌ی ژنه‌که‌وه هه‌بوه، به‌ڵام له دادگاداهیچ به‌راوردکارییه‌کی دوو لایه‌نه‌ی پشکنینه‌که نه‌کرا، وا ده‌رده‌که‌وێت که بوونی تۆماو به ته‌نیایی به‌س بوه بۆ دادگای پێداچوونه‌وه‌که که راده‌ی سزای کابرا که‌م بکاته‌وه. حیساباتی جیاواز سه‌باره‌ت به رووداوه‌که ده‌کران، ته‌رمی مردووه‌کان دوور له یه‌کتر دۆزرابوونه‌وه، و له گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا داوه‌ر ئاماژه‌ی به بارودۆخێك کرد که داواکاری گشتی و داکۆکیکه‌ر هیچکامیان ئاماژه‌یان پێ نه‌دابوو.

کاتێ که سه‌رجه‌می هه‌موو بارودۆخ و نیشانه‌کانی که‌یسه‌که بگرینه به‌ر چاو، من ده‌گه‌مه ئه‌نجامی ئه‌وه‌ی که هه‌ردوو مردووه‌که له شوێنێکی چڕوپڕی باخچه‌ی ماڵدا پێکه‌وه بوون بۆ ئه‌وه‌ی دواتر له گه‌ڵ یه‌کتردا ده‌ست تێکه‌ڵاو بکه‌ن. به شێوه‌یه‌ك له شێوه‌کان، تۆمه‌تباره‌کان له بوونی ئه‌وان له شوێنی کاره‌که ئاگادار بوونه‌وه وبه چه‌کدارییی گه‌یشتنه هه‌مان شوێن و دوو دڵداره‌که‌یان له دۆخێکی ناپه سه ند داچاو پێ که‌وت. ئه‌و که‌سانه‌ی وا داوای پێداچوونه‌وه‌یان کردوه، له دۆخی "ورووژانی گرژ وکوت وپڕ"دا کۆنترۆڵی خۆیان له ده‌ست دا، ئینجا ته‌قه‌یان لێ کردن و کوشتیانن.

سزاکه، که‌م کرایه‌وه، بوو به چوارساڵ و ئه‌و ماوه‌یه‌شیان بۆ هاته حیساب که پێشتر له زینداندا مابوونه‌وه، واته ده‌وروبه‌ری مانگێکی تر له زینداندا مانه‌وه.

هه‌روه‌ها که‌یسی وا هه ن که پشتگیریی کرد نی یاسایی له کرده‌وه و بنه‌ما خۆجێ ییه‌کان ده‌رده‌خه‌ن، بۆ نموونه له که‌یسی *ئیمام به‌خش* دا، که کابرای تۆمه‌تبار ژنه‌که‌ی خۆی(وا گه‌لێك له‌و که‌م ته‌مه‌نتر بوو)، له گه‌ڵ زاواکه‌یان کوشتبوو دوای ئه‌وه‌ی له ماڵێدا له دۆخێکی ناپه‌سنددا بینیبوونی. دادگا ره‌خنه‌ی له‌و کاره نه‌گرت که ژنه‌که شووی به پیاوێکی گه‌لێك له خۆی پیرتر کردوه، به‌ڵام رایگه‌یاند که زۆر شتێکی نائاسایی و دوور له باوه‌ڕنه‌بووه ژنێکی وا، *به هۆی ئه‌و کاره‌وه*، له‌ڕێ لایدابێت (٦٩). هه‌میسان، دادگا له‌وه شدا سه‌رکه‌وتوو نه‌بوو که کرده‌وه‌ی نه‌ریتیانه‌ی بنه‌ماڵه‌ی ژنه‌که سه‌رسامی بکات – ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه‌ی وا به‌شدارییان له هێرش کردنه سه‌ری کردبوو و له ئه‌نجامدا حاشایان له له‌شی کردبوو –له جیاتییان، دادگا ئه‌وه ی وه‌ك "به‌ڵگه" وه‌رگرت که "ژنه‌که، به هۆی کرده‌وه‌ی خۆیه‌وه هه‌موو بنه‌ماڵه‌که‌ی تووشی شه‌رمه‌زاری کردوه".

له که‌یسی *مه‌حه‌ممه‌د ئیسماعیل* دژ به *ده‌وڵه‌ت* دا، کوڕێکی گه‌نج بێ به زه‌ییانه دایکی خۆی کوشتبوو، دوای

ئەوەی گوایە لە دۆخێکی ناپەسنددا لە گەڵ پیاوێکی بینیبوو. لێرەشدا، لاوازیی کاری داواکاری گشتی بوە ئەنجامی ئەوەی کابرای تۆمەتبار لە سەر بنەمای ئیفادەی خۆی قەراری بۆ دەبچێت، گەرچی هیچ بەڵگەیەکی پشتگیری بۆچەسپاندنی بۆچوونەکانی ئەو پێشکەش نەکرا. لە گەڵ ئەوەشدا، دادوەر رایگەیاند:

داواکاری پێداچوونەوە لە کاتی کێشەکەدا ١٨ یا ١٩ساڵی تەمەن بوە، و باوکی"حافظ القرآن" بوە(واتە قورئانی لەبەر بوە)، و لە منداڵیشەوە کوێر بوە. دایکی پێشتر شووی بە کەسێکی تر کردبوو و دوای جیابوونەوە لەو، مێردی بە باوکی داواکاری پێداچوونەوە کردبوو. دایکی کابرا بەو گریمانەوە کە سوودی نابەجێ لە کەمئەندامیەتی مێردەکەی وەربگرێت، گومڕابوە و پەیوەندی یاساخی لە گەڵ کووژراوەکەش‌دا نابێ بەرچاو نەگیرێت. هەروەها شێوازی بریندارکردنەکە دەری دەخات ئەو کارە کەسێك کردوویەتی کە لە بارودۆخێکی شپرزەدابوە. داواکاری پێداچوونەوە هەر لە سەرەتاوە لە بەر دەمی دادگادا دۆخی "ورووژانی گرژ وکوت وپڕ" ی راگەیاند و دووپاتیشی کردەوە. . . . بەم شێوەیە راگەیاندنی دۆخی "ورووژانی گرژ وکوت وپڕی لێ وەردەگیرێت" داواکاری پێداچوونەوە تا ئێستاپێنج ساڵ لە زینداندا ماوەتەوە و بە بۆچوونی من، ئەوەی تا ئێستا کێشاویەتی لە گەڵ کۆتایی داوەرییدا یەکدەگرێتەوە (٧١).

**باوی نوێ: رێڕەوێکی ئەرێ ییتر**

گەرچی دادگاکان درێژە دەدەن بەوەی بایەخ بدەنە راگەیاندنی"ورووژان"، و تێگەیشتنیان لە و چەمکە ی کە پیاو "لێپرسراوی ژنان" و پارێزگاری بە ئیرەیی کردەوەی سیکسی ژنان و هەروەها تێگەیشتنیان لە "زاڵیەتی"شەرەفی بنەماڵەیی" وەك خۆیەتی، لە ساڵی ١٩٩٩ بە دواوە لە هەندێك داوەری کردنیاندا هەڵوێستی جیاوازیان گرتوە. دوو بڕیاری دادگای باڵا بە تایبەت، دڵخۆشکەرن. لە کەیسی *عبدالظهیر* دژ بە *دەوڵەت* دا، دادگای باڵا سەرنجی دایە کەیسی دیکەی کوشتن، کە تێیاندا راگەیاندنی " ورووژان " وەرگیرابوو و راگەیێنرا کە "بەگشتی هەموو کەیسێکی ورووژانی گرژ وکوت وپڕ نابێت بێ سێ و دووکردن بکەونە بەر بەشی(**C**) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان، بە تایبەت کەیسی هاوسەر و خوشك و کەس و کاری مێینەی تر لە *"سیاکاری"* **[**واتە"کوشتنی نامووسی"**]**دا(٧٢). دادگای باڵا بۆ یەکەم جار لە کەیسی *محەممەد ئەکرەم* دژ بە *دەوڵەت* (٧٣) دا، ئاماژەی بە مافە بنەڕەتییەکانی قوربانی لە کێشەی"کوشتنی نامووسی" کرد. دادگا رایگەیاند:

لە باری یاسایی و رەوشتی یەوە، بە گشتی هیچ کەس مافی ئەوەی نییە و مۆڵەتی پێ نەدراوە یاسا بگرێتە دەستی خۆی بۆ ئەوەی بە ناوی"غیرەت"ەوە ژیان لە کەسێك بستێنێت. نە یاسای زەوی و نەهی ئایین مۆڵەتی کوشتنی ناموسی دەدەن کە کوشتن(واتە "کوشتنی عەمد") ە. ئەو کردەوە ناڕەوا و نزمە، بە گوێرەی ماددەی ٩ ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی پاکستان، مافە بنەڕەتییەکانی تاکە کەس دەشکێنێت. ماددەکە دەڵێ هیچ کەسێك نابێ ژیان و ئازادی لێ بستێنرێت بە گوێرەی یاسا نەبێت وهەر داب و نەریتێك کە لەو پەیوەندییەدا بەڕێوە ببرێت، بە پێی ماددەی(I)٨ ی یاسای بنەڕەتی، مۆڵەت پێ نەدراوە.

گرنگ ئەوەیە کە لەو کەیسانەی سەرەوە دا دادگایەکی رێك و پێکیان بۆ بەڕێوەچوە و داکۆکیکارە کان نەیانتوانیوە بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندنی ئەو دیعایە پێشکەش بکەن کە کەسی کووژراو بە هۆی کردەوەی بەدڕەوەشتانەوە کووژراوە. لە بەر ئەو هۆیە، دەبێ چاوەڕوان بین کە دادگا باڵاکان سەبارەت بەو کەیسانەی کە تێیاندا کەسە کووژراوەکە بە بێ مارەبڕین سێکسی کردبێت بڕیاری هاوچەشن دەربکەن.

بەهەمان شێوە، لە پەیوەندی بەڕێوەبردنی بەڕێ وجێی یاسادا(٧٤)، کەیسی *محەممەد سدیق* دژ بە *دەوڵەت* لە دادگای باڵای لاهوور(٧٥)، جێگەی هیوایە. کێشەکە لە پەیوەندی پیاوێکدایە کە کچەکەی خۆی، مێردەکەی، و منداڵەکەیانی کوشتبوو لە سەر ئەوەی کچەکە، خۆی بە هەڵبژاردنی خۆی شووی کردبوو، و پیاوە کە وای رادەگەیاند کە بە هۆی "غیرەت"ەوە کوشتبوونی. دادگا بە شێوەیەکی ئوسووڵی ئەو هێزی هەڵبژاردنەی بەکار هێنا کە بە گوێرەی بەشی **338_E** لە یاسای سزای پاکستان پێی درابوو، و بڕیاری دادگای پێشووتری لە مەڕ کوشتنی کەسەکە پەسە ند کرد(٧٦)، ئەوەش سەرەڕای ئەو راستیەی کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی دادگای باڵادا مەسڵەت[لە نێوان دوولایەنی کێشەکە] کرابوو. لەم کێشەیەدا، بۆ جاری یەکەم، دادگا لە سەر بنەمای بارودۆخێك کە دەکرا ئەو رێبازەی تێدا هەڵبژێررێت، لە کێشەکەی کۆڵییەوە و گەیشتە ئەم ئەنجامە :

کردەوە تاوانکاری ئەوانەن وا لە سەر حیسابی کەسانێك بەڕێوە چوون کە بە هۆی کارەکەوە ئازاری جەستەییان تووش هاتوە یا کووژراون، یا ئەو کردەوانەن کە نیشانە و هێمان بۆ بنەما یا پێشداوەرییەکی تایبەت دژ بە بەشێکی، کۆمەڵگا، یاخود بە ناوی رەسم و رێبازێکەوە وەك دژەکردارێك لە بەرانبەر مافە سەرەکییەکانی قوربانیەکاندا بەڕێوە چوون، یا دژکار بوون بەو کردەوانەی وا وشیارکردنەوەیەکی گشتی و هەژاندنێکیان لە ویژدانی گشتی خەڵکدا پێك هێناوە و کاریان کردۆتە سەر بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی(٧٧).

ئەم داوەرییە بە روونی نیشاندەری باوێکی نوێ لە راگەیشتن بە کێشەی"کوشتنی نامووسی" بوو، کە تێیدا ژنان لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی مافە یاساییەکانی خۆیان لە مەڕ هەڵبژاردنی مێرد، دەکووژرێن. دادگا گەیشتە ئەو شوێنەی کە رایبگەیێنێت ئەو چەشنە تاوانانە پێویستیان بە وەڵامدانەوەی قانوونی هەیە، لە بەر ئەوەی:

کوشتن بە ناوی شەرەفەوە تەنیا لە ناوبردنی پیاو یا ژنێك نییە. ئەو کارە لە باری کۆمەڵایەتی – سیاسییەوە لە ناوبردنی چەمکی کۆمەڵگای ئازاد و زیندوو و یەکسانە. لە زۆربەی زۆری ئەو کەیسانە، لە پشت رواڵەتی کارەکەدا، روانگەیەکی هۆشەکی دیاریکراو هەیە، و داب و نەریتێك کە داواکاری ئەوەیە مافی بەرانبەر ولە ناویاندا، مافی مێردکردن یا جیابوونەوە، لە ژنان بستەنرێتەوە، کە نەك هەر ئایینەکەی ئێمە پشت راستی کردۆتەوە، بەڵکوو یاسا پارێزگارییان لێ دەکات و یاسای بنەڕەتیشمان بە پیرۆزیان دادەنێت (٧٨).

## سەرنەکەوتوویی دەوڵەت لە بە کارهێنانی ئەرێ یی بڕیاری[خیار]

دادوەر شافیور رەحمان لە ماوەی کەیسی *گوڵ حەسەن* دا باسی دەور و بەرپرسیایەتی دەوڵەتی لە کێشەی کوشتن و ئازاری جەستەیی کرد، وگوتی بڕیاری لەمەر راونان و شوێن گرتنی کێشەکە، پێش هەموو کەس بە دەست قوربانی یا کەسانی بە جێماوی ئەوەوەیە، بڕیارێك کە دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێت(٧٩). هەر چۆنێك بێت، دوایین دەقی یاسا، بەرپرسیایەتی دەوڵەتی بۆ راونانی توند و تیژی تاوانباران دژ بە تاکە کەس لێ نەسەندۆتەوە، لە بەر ئەوەی کوشتن و ئازاری جیددی جەستەیی وەك تاوانێك ماونەتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی دادگادان و ئەوانن کە دەوڵەت ناچار دەکەن دەست بخاتە کارەکەوە و راوی کەسەکە بنێت. بە شێوەیەکی هاوچەشن، تەنانەت کاتێ کە کەس و کاری مردوەکە، کابرای تاوانکاریان بەخشیبێت (جا بە گوێرەی بەشی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان قەرەبوویان وەرگرتبێت یان نا)، هێشتا دادگاکان، بە ناوی "فساد فی الارض" (واتە هەڕەشە لە نەزمی کۆمەڵایەتی) وبە گوێرەی *تەعزیر* ە وە خیاری مەحکووم کردنی تاوانبارانیان بۆ ١٤ ساڵ زیندان هەیە. بە هەمان شێوە، بەشی (E) ٣٣٨ یاسای سزای پاکستان. دەسەڵاتی خیارێکی زۆر دەدەنە دادگاکان بۆ ئەوەی سەبارەت بە تاوانی کوشتن و ئازاری جەستەیی، بە گوێرەی سروشتی تاوانەکە و سەرەڕای هەرچەشنە مەسلەت کردن و پێك هاتنێکی لایەنەکان، بڕیاری *تەعزیر*دەربکەن(کە لە یاسادا بەرزترین رادەی بۆ دیاری نەکراوە) .

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ داواکاریی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوەی دادگاکان دەری دەخات کە جیا لە کەیسەکانی سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ وا لە سەرەوەتر

ئاماژەیان پێ کراوە، دەگمەن هاتۆتە پێشێ کە دەوڵەت لە کەیسی کوشتنی ناموسی دا دژ بە بەرەڵڵاکرانی بکوژان یاخود بۆ بەرزکردنەوەی رادەی بڕیارەکەیان داوای پێداچوونەوەی کردبێت. بە هەمان شێوە، لە هەر شوێنێك کە مافی *قەساس* هەڵگیرابێت یا مەسڵەتی لە سەر کرابێت، پارێزگاری ناودادگا (واتە بارستر) ی دەوڵەت، کەم و زۆر هەرگیز گوشاری نەخستۆتە سەر دادگا بۆ ئەوەی لە بڕیار دەرکردن لە مەڕ تۆمەتبار کەڵك لە بەشی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان وەربگیرێت. هەرچۆنێك بێت، بە گوێرەی بەشی ٣١١ی یاسای سزای پاکستان بەڕێوەبردنی خیار بەستراوەتەوە بە ناتەواوبوونی پێك هاتن لە نێوان هەموو کەس و کاری بە جێماو بۆ دەست هەڵگرتن لە مافی *قەساس* یا پێکەوە لکاندنی یاسا لە گەڵ مافی ناوبراو، ئەگەر بە مەرجێك نەزمی کۆمەڵایەتی هەڕەشەی لێکرابێت(فساد فی الارض). بەشی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان دەڵێ پێویستە *فساد الارض* کردەوەی رابردووی تاوانکاریش بگرێتەوە ، جا ئەوانە خەڵکی بە تاوان خووگرتوو بن یا تاوانبارانی پسپۆڕ و خاوەن هەڵس و کەوتی بێ بەزەییانە، کە تاوانەکە بە پێی ئەو هەڵس و کەوتانە، بەڕێوە چووبێت. لە بەر ئەوەی زۆرێك لە تاوانە ناموسییەکان بە تایبەت بێ بەزەییانە ن، وادەردەکەوێت کە ئەم بەشەی یاسای سزا لە زۆر دەرفەتدا خۆی دەربخات. هەر چۆنێك بێت ئەو بەشەی یاسا لە دادگاکان دەخوازێت لە کاتی دەرکردنی بڕیاردا سەرنج بدەنە "فاکت و بارودۆخەکانی کێشەکە"، واتە مۆڵەت دەداتە هەڵس وکەوتە کۆمەڵایەتیەکان کە شوێن دابنێنە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی بڕیار. ئەم پەیڕەوە بە هۆی ئەگەری لابردنی *قەساس* و هەروەها مەسڵەت کردنەوە، ئەوەندەی تر لاواز کراوە، ژمارەیەکی زۆری کەیسەکان هەرگیز ناگەنە قۆناغی ئەوەی دادگا بە فاکت و هەروەها چۆنیەتی بارودۆخەکەیان را بگات، لە بەر ئەوەی لە هەموو قۆناغێکدا تەنانەت لە قۆناغی دادگایی کردنیشدا، دەکرێت *قەساس* لە سەر کەسەکە هەڵبگیرێت یاخود مەسڵەت لە سەر کێشەکە بکرێت.

لەوەش زیاتر، لابردن یاخود پێکەوە لکاندنی *قەساس* هەموو رەوتی دادگا دەوەستێنێت، کە وابوو دادگاکان ئەو بەڵگانە بە رێك و پێکی تۆمارناکەن کە پەیوەندیان بە فاکت و بارودۆخی کوشتنەکانەوە هەیە، وبە گوێرەی پەیڕەوی هەڵبژاردن لە بەشی ٣١١ ی یاسا، کاری پێك هێنانی بنەما بۆ مەحکووم کردنی تۆمەتبار ئەستەم دەکەنەوە. تەنانەت ئەگەر دادگا بڕیاری مەحکووم بوونی کەسە کەش دەربکەن، واهەیە بە هۆی تۆماری نابەجێ ی بارودۆخەکان و لایەنی تەکنیکی دیکەوە، بڕیارەکە لە قۆناغی پێداچوونەوەدا هەڵوەشێتەوە.

**خشتەی ژمارە ٤.٢** ژمارەی "کوشتنە نامووسییەکان" لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆیی فیدراڵ بە مەجلیسی سەنات، ٩ ی جولای ٢٠٠٤

| پارێزگا | سەرجەم | قوربانییانی نێرینە | قوربانییانی مێینە | کەیسی تۆمارکراو | کەیسی لکێنراو | کەیسی درێژەدار لە دادگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پونجاب | ٢٢٥٣ | ٦٧٥ | ١٥٧٨ | ١٨٣٤ | ١٤١٢ | ٤٢٢ |
| سیند | ١٠٩٩ | ٣٤٨ | ٧٥١ | ٩٨٠ | ٢٣١ | ٦٠٩ |
| ئوستانە فیدرالەکانی باکووری ڕۆژئاوا | ٤٤٨ | ١٨٨ | ٢٦٠ | ٣٦١ | ١٨٥ | ١٦٧ |
| بەلووچستان | ٣٠١ | ١١٦ | ١٨٥ | ٢٧٦ | ٤١ | ٢٣ |

(سەرچاوە: [چاپەمەنی] The News)، ١٠ ی جولای ٢٠٠٤

سەرنە کەوتوویی دادگا لە کاری شوێن گرتنی ڕەوتە سەرەتاییەکان لەو چەشنە کەیسانەدا، بە هۆی هێنانەکایەی یاسای سەبارەت بە مەسڵەت کردن لە لایەن دادگای باڵاوە ئەوەندەی ترتێك چوە بۆ نموونە، لە کەیسی *نەزرعەلی* دا(٨٠) تۆمەتبار خۆی بە بێ تاوان ڕاگەیاند و داوای دادگای کرد، بەڵام بە جێماوانی مافی قەساس یان هێناوەتە ناو کێشەکەوە و دادگاش ئەوەی پەسەند کرد، بەڵام بە گوێرەی بەشی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان سزای پاکستان پێنج ساڵ زیندانی دایە تۆمەتبارە کە. لە پێداچوونەوەدا، دادگای باڵای پێشاوەر کابرای تۆمەتباری ئازاد کرد و بڕیاری دادگای پێشووی لە سەر ئەو بنەمایە هەڵوەشاندەوە کە بە گوێرەی بەشی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان، خیاری *تەعزیر* تەنیا لە شوێنێکدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت کە کوشتنە کە (بە پێچەوانەی ئەم کەیسە)، شایانی قەساس بێت، نەك *تەعزیر*. ئەم بڕیارە لە گەڵ خۆشیدا ناتەبابوو، لە بەر ئەوەی: لە کاتێکدا کە کەیسی قەساس بێگومان بەشی ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان بە کار دەهێنێت، ڕوون نییە چۆن دادگا خۆی، مەسڵەت( و ئازادیی کەسەکەی) لە ئەنجامی ئەو مەسڵەتەدا پەسەند کردوە. لە بەر ئەوەی کابرای تۆمەتبار وەئەستۆی نەگرتوە کە تاوانەکەی کردبێت و بەم بۆنەوە نەدەبوایە لایەنێك لە لایەنەکانی مەسڵەت بێت. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئازادبوونی تۆمەتباری" کوشتنی نامووسی" لە شوێنێك کە هەموو بنەماڵەکانی مردووەکە بە تەواوەتی بۆ مەسڵەت کردن ئامادە بوو.

لە "کوشتنە ناموسیەکان" دا، لە بەر ئەو هۆیەی کە بکوژەکان زۆربەی جار خزمی قوربانییەکەن و دەیانەوێت لێیان خۆش بن یا لەگەڵ یەکتر دا بگەنە مەسڵەتێك، مافی قەساس بە شێوەیەك، یا لە سەر کابرا هەڵدەگیرێت یاخود مەسڵەتی لە سەر دەکرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی رێگایەك بۆ مەحکووم کردنی تاوانبارێکی ئەوتۆ نەمێنێت. بەڵام کەیسی واش هەبوون کە لەو رێبازە جیاوازبوون. لە کەیسێکدا(٨١)، دادگا بە تاوانی کوشتنی ژن خوشکەکەی بڕیاری کوشتنی بۆ تۆمەتبارێك دەرکرد. سێ منداڵ و مێردە کە ی(براگەورەی بکوژەکە) و دایك و باوکی ژنەکە ، ژنەکەیان لە مردن رزگار کرد. لە کاتێکدا کە کاری پێداچوونەوە بە دەست بەڕێوەبردنەوە بوو، هەموو بە جێماوانی ژنەکە، جگە لە دایك و باوکی، کابرای تۆمەتباریان لە رێگەی لە سەر لابردنی *قەساس* ەوە، بەخشی. بەڵام دادگا بڕیاری *دیەی* بۆ دایك و باوکەکە دەرکرد و "بدل صلح" (واتە غەرامەی لە بەرانبەر مەسڵەتدا) بۆ مناڵە بچووکەکان دانا، لە کاتێکدا کابرا، بە گوێرەی خیاری *تەعزیر* کە لەبەردەم دادگادا بوو، دە ساڵ زیندانی درایە. ئەم داوەرییە، گەرچی ئەرێ یی بوو، بەڵام گێژ و گومییەکەی هەروا هێشتەوە، لە بەر ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی بەوەنەدا کە کابرای تۆمەتباربە گوێرەی *قەساس* مەحکووم کراوە، وهەر بۆیەش بوو کە تۆمەتبارتوانی لە سەر بنەمای *تەعزیر*داوای پێداچوونەوە بکات.

**خشتەی ژمارە ٤.٣.** ژمارەی بڕیارەکانی دادگا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣، بەو شێوەیەی کە وەزیری فێدڕاڵی ناوخۆیی لە ٩ی جولای ٢٠٠٤ داپێشکەش بە مەجلیسی سەناتی کردوە.

| پاریزگا | کەیسی بڕیار لەسەردراو | بڕیارەکان | کەیسی بە دەست پێداچوونەووە |
|---|---|---|---|
| **پونجاب** | ١٦٠ مەحکووم | ٥٢ بڕیاری ئیعدام<br>٥٩ زیندانی هەمیشەیی<br>٤٩ ی دیکە | ٤٤ لە دادگای باڵا<br>١ لە دادگای بەرز |
| **سیند** | چۆنیەتی ڕانەگەیێنراوە | ١ زیندانی هەمیشەیی<br>١ بیست و پێنج ساڵ زیندان | چۆنیەتی ڕانەگیراوە |
| **پارێزگا فێدراڵەکانی باکووری رۆژئاوا** | ١٥ مەحکووم<br>٣٥٨ تانە لێدراو / یا لە دادگادایە | چۆنیەتیەکەی ڕانەگەیێنراوە | |
| **بەلووچستان** | چۆنییەتی ڕانەگەیێنراوە | ١٢ ئیعدام<br>١٤ زیندانی هەمیشەیی | ١ لە دادگای باڵا |

سەرنج: راپۆرتی بەرداکۆکی، دواراپۆرتی لێکۆڵینەوە یە لە لایەن پۆلیسەوە. راپۆرتێکی "پێش دادگا".

سەرچاوە:[چاپەمەنی] The News، ١٠ ی مانگی جولای ٢٠٠٤

بە سەریەکەوە، سەرکەوتوونەبوونی دەوڵەت لە کاری وەڵام نەدانەوەی بەرێ وجێ ی کێشەی"کوشتنە ناموسییەکان" لە خشتەی ژمارە ٤.٢ دا دەردەکەوێت کە پشت ڕاستی ئەوە دەکاتەوە یەکەم، هەموو ڕووداوێکی"کوشتنە ناموسییەکان" تۆمارناکرێت ودووهەم، بەشێکی بەرچاویان پێش ئەوەی بگەنە قۆتاغی سزا دران مەسڵەتیان لە سەر دەکرێت زوربەی ئەوانیتر، چەندین ساڵی پێ چووە تا بکێشرێتە ناودادگاوە.

وەزیر[ی ناوخۆیی فێدراڵ]، خۆی سەرنجی ئەوەی داوە کە بە هۆی ئاڵۆزییەکی دیاریکراوی یاساییەوە، زوربەی ئەو کەیسانەی وا بە دەست پێڕاگەیشتنەوەن، مەسڵەتیان لە سەر دەکرێت. خشتەی ژمارە ٤٠٣ تەنانەت وێنەیەکی تاریکتریشمان بۆ دەکێشێتەوە، لە سەرجەمی ٢٢٥٣ "کوشتنی ناموسی" دوای ساڵی ١٩٩٨ لە پونجاب، تەنیا ١٦٠ یان گەیشتوونەتە مەحکووم بوونی ناو دادگا. وەك وتووێژی ڕەوتی شوێن گرتنەکان دەری دەخات، دەکرێت بە دڵنیایی وا دابنرێت کە ژمارەیەك لەو کەیسانە واهەیە داشکابن یا لە دادگای پێداچوونەوەدا هەڵگەڕابێتەوە. هەڵسەنگاندنێك لە مەڕ داوەری کردنە ڕاگەیێنراوەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٣ دا دەری دەخات کە تەنیا سێ کەیس کە کووژرانی ژنانیان تێدابوە، بۆ پێداچوونەوە گەیشتوونەتە دادگای باڵای پارێزگای سەند، هەمووشیان لە ساڵانی ٣-٢٠٠٢ دا.

سەرنەکوتوویی دەوڵەت لە کاری شوێن گرتنی چالاکانەی بکوژانی ژنان لە گەڵ کەم بوونی خولیا و حەزی بنەماڵەی ژنەکان لە کەیسی"کوشتنی ناموسی" دا یەکیان گرتۆتەوە. لە کەیسی *محەممەد میتهاڵ* بە ناوی نهێنی *وەحید بوکس* دژ بە *دەوڵەت*دا(٨٢)، دادگای باڵا زیندانی بیست و پێنج ساڵی بۆ بکوژی کەسێکی نێرینە بڕییەوە، بەڵام سەبارەت بە قوربانییە مێینەکە تەنیا چواردە ساڵی پێدا لە بەر ئەوەی نە بنەماڵەکەی و نە دەوڵەتیش داوای سزایان بۆ کوشتنی ژنەکە کردبوو. سەرەڕای داوەرییەکانی ئەم دواییە، کە بێ بەزەییانە بوونی "کوشتنە ناموسییەکان" مەحکوم دەکەن، دادگاکان نەیانویستوە بەرەوپێش بچن ولە کەیسی"کوشتنە ناموسییەکان" دا خۆ لە بە کارهێنانی بەشی (C) ٣٠٢ ی یاسای سزای پاکستان بگرن، هەروەها خۆ لەوە دەپارێزن کە بەرزترین پلەی سزا(واتە کوشتن، کە لە کەیسەکانی دیکەی کوشتن دا دەدرێتە تاوانبار) بدەنە تاوانبارانی ئەم چەشنە کەیسانەش.

## وەڵامەکان

### کۆمەڵگای مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە شاری گەورەو شارۆکەی بچووك و گوندەکانیشدا چەندین و چەند ساڵە ساڵە بەگژ "کوشتنی نامووسی" دا چوونەتەوە، و سەرنجی بەرپرسانی حکوومییان بەرەو کێشەکە ڕاکێشاوە. ڕاپۆرتی ڕوو لە زیادبوونی مێدیا و یەك لەوان، فیلم چێکەرانی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی(٨٣)، زنجیرە تەلەفیزیۆنییەکان(٨٤) و شانۆکاران، هەموو بەشداریی باس و خواس و وت و ویژی گەرم و گوڕ سەبارەت بە کێشەکەیان کردوە.

بە تایبەت، لە مانگی ئاپریلی ١٩٩٩ دا کووژرانی *سامیە سەروەر* لە نووسینگەی *هێنا جیلانی* پارێزەرەکەی خۆیدا، گوایە لە بەر ئەوەی کە بە بێ مۆڵەتی بنەماڵە، داوای جیابوونەوەی کردوە و بنەماڵەی خۆی شەرمەزار کردۆتەوە (٨٥)، ویژدانی گشتی هەژاند و ورووژاند و بوو بە هۆی وەلامدانەوەی ناوخۆیی و ناونەتەوەیی. ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ناوخۆ و لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییشدا(وەك ڕێکخراوەی لێبووردنی ناونەتەوەیی، ١٩٩٩ ئا، ١٩٩٩ ب، دیدەوانی مافی مرۆڤ، ١٩٩٩، لیژنەی مافی مرۆڤی پاکستان، ١٩٩٩، شیرکەت گاە، ٢٠٠٢)، هەواڵدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مەڕ توندوتیژی نواندن دژ بە ژنان، وهەروەها ڕۆژنامە ناوچەییەکان، بە بەردەوامی ئەو کارە نامرۆڤانەیەیان زەق کردەوە و بوونە هۆی کەوتنە بەرچاوی زیاتری"کوشتنە نامووسییە کان". گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە ڕێگەی ڕێك خستنی سمینار و خەباتی ناومێدیاوە هەوڵێکی بە گوڕوتینیان دژ بە"کوشتنە نامووسییەکان" دا، لەوانە "لیژنەی نەتەوەیی لە مەڕ دۆخی ژنان(NCSW)، لە ناوەندی چوار پارێزگای وڵاتدا کۆبوونەوەی ڕێك خست کە تییاندا پسپۆڕانی یاسایی، چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و مافی ژنان، ئەندامانی حزبە سیاسییەکان، و شارەزایانی ئایینی باسی خۆبواردن لە یاسای سەبارەت بە کوشتن و ئازاری جەستەییان کرد، کە لە بەرژەوەندیی تاوانکارانی"کوشتنە نامووسییەکان" دایە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕاویژکردنێکی درێژخایەن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەشنووسی لائیحەیەکی قانوونییان بۆ بەگژداچوونەوەی "کوشتن و تاوانە نامووسییەکان" ئامادە کرد (٨٦). ڕەشنووسی لائیحەکە، داوای گۆڕانکاری لە یاسای سزای پاکستان و یاسای ڕەوتی تاوان دەکات، هەروەها واتاکردنەوەیەکی "کوشتنی نامووسی" لێ زیاد دەکات و ئەوچەشنە کوشتنانە بە تاوانێك دادەنێت کە بۆ ڕێککەوتن نابێت و دەبێ بەشەکانی(**b**)٣٠٦، (**c** )٣٠٦، (**b**) ٣٠٧، ٣٠٩، ٣١٠ و ٣١١ ی یاسای سزای پاکستان نابێ بیانگرێتەوە. لائیحەکە پێشنیاری

زیادکردنی بەشی نوێی (d)۳۰۲ لە یاسای سزای پاکستان دەکات. لە بەشە پێشنارکراوەکەدا ئەگەر بە گوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام، *قەساس* کێشەکە نەگرێتەوە، دەبێ زیاترین سزای کوشتنە ناموسییەکان ٢٥ ساڵ و کەمترینی ١٤ ساڵ زیندان بێت. پێشنارەکە دەڵێ پێویستە بەشی F-۳۳۸ ی یاسای سزای پاکستان هەڵوە شێنرێتەوە و داوای ئەوە دەکات کە بەندە پەیوەندیدارەکان "بە گوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام" راڤە بکرێن. لەوێدا، "کوشتنە ناموسییەکان" بەم شێوەیە واتا کراونەتەوە:

کوشتنی عەمد بە ناوی شەرەفەوە، لە سەربنەما یاخود بە بیانووی *کاروکاری*، *سیاکاری* یا هەر داب و نەریتێکی هاوچەشن، یا بۆ پاك کردنەوەی شەرەف یا *غیرەت*، بە گوێرەی بارودۆخی هاوچەشن، چ لە سەر بنەمای وروژانی گرژ وکوت وپڕ بێت یان نا، پێویستە واتای *کوشتن* بداتەوە و ئەویش بگرێتەوە.

## وتەی بەتاڵی دەوڵەت

دەسەڵاتە میرییەکان کە یەك بە داوی یەکدا هاتوون، هیچکامیان جگە لە قسەی زل، هیچیان بۆ ئەم کارە نەکردوە. بۆ نموونە، سەرەڕای جم و جۆڵی گشتی خەڵك لە مەڕ کووژرانی سامیە سەروەر، هەوڵی ئەوەی کە مەجلیسی سەنات لەو ساڵەدا بڕیارێك بۆ مەحکووم کردنی "تاوانە ناموسییەکان" دەربکات، تەنانەت نەگەیشتە قۆناغی لێدوانیش(سەدیقی،۱۹۹۹). لەم دواییانەدا، گەرچی سەرەك کۆمار پەرویز موشەڕڕەف خواستی بێ پێچ و پەنای خۆی لە مەڕ لەناوبردنی ئەم کارە دەربڕیوە (۸۷)، لە ساڵانی"بڕیاری موتڵەق"ی خۆیدا، جگە لە هەندێ کردەوەی تاك لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەی لەم بارەیەوە هەڵنەهێناوەتەوە (۸۸).

لائیحەیەك کە لەم دواییەدا لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا پێشکەش کراوە، یاسای ساڵی ۲۰۰٤ی پارێزگاری و بەهێزکردنی ژنانە (۸۹)، کە هەوڵی یاساخ کردنی "کوشتنە ناموسییەکان" و توند و تیژیی ناوماڵ دەدات، بەڵام بۆتە هۆی دژکاریی بەربڵاوی هێزە کۆنسێرڤاتیوەکان و ئەوەش زیاتر لە بەر ئەو هۆیەی کە داوای لە ناوچوونی نەریتی"*حدوود*" دەکات (ئەسغەر، ۲۰۰٤). لە هەمان کاتدا، هەوڵی هەندیك لە ئەندامانی پەرلەمانی فێدراڵ لە هەندێ ئەنجومەنی هەرێمی بە هۆی هەڵس و کەوتی دەرەبەگانەی سامانخانەی میری و ئەندامانی ناحەزی پەرلەمانەوە بێ ئەنجام ماوەتەوە. لە مانگی ئۆگوستی ۲۰۰٤ دا راپۆرتی ئەوە گەیشت کە سەرەك وەزیر، سەرنجی تایبەت دەداتە کێشەی رووڵە زیادبوونی کەیسی "*کاروکاری*" ئەوەش دوای چاوپێکەوتنێ بوو لە گەڵ دوو دوکتۆری لاو کە ژیانیان بە هۆی هەڵبژاردنی

هاوسەرگیرییەوە کەوتبوە مەترسی([چاپەمەنی] The News، ١٨ ی ئۆگوستی ٢٠٠٤)، بەڵام لە هەمان حەوتوودا ئەندامانی سامان[ی نەتەوایەتی] بەرگری ئەندامێکی ژنی سامانی ناوبراویان کرد لەوەیدا کە دەیویست پەرلەمان لە پێداویستی پارێزگاری کردنی دەوڵەت لەو دوو ژن و مێردە ئاگادار بکاتەوە. ناکۆکییەکە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکەی دواخست و هەندێك وتاری لە تۆماری پەرلەمان سڕییەوە.([چاپەمەنی] خەبەرەین، ٢٠ ی ئۆگوستی ٢٠٠٤).

لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ دا کاتێ کە ئەندامێکی کورسی "سامان" بڕیارێکی دژ بە "کوشتنە ناموسییەکان" هێنایە ناو بەرنامەی ڕۆژی ئەنجومەنی نەتەوایەتی، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەن مۆڵەتی قسەکردنی پێ نەدا. ناڕەحەتی زیاتر کاتێ پەیدابوو کە بابەتەکە سەرلەنوێ خرایە ناو بەرنامەی کاری دواتری پەرلەمانەوە، بەڵام تەنیا کاتێك مایکرۆفۆنی قسەکردنیان دایە هێنەری بڕیارەکە، کە ئەو بۆ ناڕەزایی دەربڕینی خۆی، لە هۆڵی پەرلەمان چووبوە دەرەوە. دواتر، هاوکارەکانی بەو پیاوە یان گوت بڕیارەکەی وەربگرێتەوە لە بەر ئەوەی کەسانێك کە دژی بڕیارەکەن "پاتان"ە کانن کە مۆڵەت بە هیچ کەسێك نادەن دابی چەندین سەدساڵەیان لێ تێك بدات(حەبیب، ٢٠٠٣، حەیدەر، ٢٠٠٣) هەمان مانگ، بڕیارێکی هاوچەشن لە ئەنجومەنی هەرێمی سەند، چارەنووسی هاوچەشنی پەیداکرد. لائیحەیەکی دواتریش کە بۆ بەڕێوەبردنی یاسایەك لە لایەن ئەندامێکی ژنی ئەنجومەنی هەرێمی سەندەوە ئامادە کرا(٩٠) پشتگیری لێ نەکرا. هەرچۆنێك بوو، هەوڵەکان لە ئەنجومەنی سەند بەردەوام بوون و لائیحەیەك کە لە لایەن ئەندامێکی "بزووتنەوەی مونتە دای قەومی" یەوە پێشکەش کراوە، دە بوایە لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا رابپە ڕپایە، بەڵام تا ئێستاش یاسادانەرانی پارێزگای ناوبراو هیچ یاسایەکیان ڕانەپەراندوە([چاپەمەنی] Dawwn، ٢٢ی جانیوەری ٢٠٠٤). بە پێچەوانە، بە تایبەت لە ڕوانگەی بەربەرەکانی حکوومەتی هەرێمەکەوە، ئەنجومەنی [هەرێمی] بەلووچستان لە مانگی جانیوەری ٢٠٠٤دا بڕیارێکی بۆ مەحکووم کردنی"کوشتنە ناموسییەکان"دەرکرد([چاپەمەنی] The News، ٢٨ ی جانیوەری ٢٠٠٤).

لە ماوەی ساڵی ڕابوردوودا، وەزیران، ئەندامانی پەرلەمان، و دادوەرانی خانەنشینی دادگای بەرز لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەشدارییان کردوە و پێك هاتوون لە سەر ئەوەی هەندێ ڕێوشوێنی جیا جیا بۆ بەرەنگاری کردنی کارەکە بگیرێتە بەر. لە هەندێ دۆخدا وا دەردەکەوێت کە ئەوە وەڵامدانەوەیەك بێت بە گوشاری گرووپە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە بەشداربووانی، بە هۆی پێویست بوونی گۆڕانکارییەوە، ڕەزامەندی دۆخەکە نین. بۆ نموونە یەك لە ئامۆژگارانی میری لە کێشەی پەروەردەدا "نەسیر خوسو" لە

ماوەی وتوویژیکی بە کۆمەڵدا "کوشتنی نامووسی" مەحکووم کرد بەڵام گوتی "لە سەر ئەو بڕوایەم کە پیاوان هەندێ جار گوشاریکی ئەوتۆیان بە بۆنەی ئەو شتەوە دەکەویتە سەر کە بە "لیدرانی شەرەف"ی خۆیانی دادەنین، "کۆنترۆلیان لە دەست دەدەن" و "ناچار" دەبن ژنەکانیان بکووژن" ([چاپەمەنی] *دەیلی تایمز*، (٣ی جانیوەری ٢٠٠٤). لە چەند نموونەی دیکەدا، ئەوانەی وا پشتگیری گۆڕانکاریی لە یاسادا دەکەن، مۆڵەتیان پێ نەدراوە لەو ناوچەی کە خۆیان نوینەرایەتی دەکەن هەنگاویکی بەسوود بۆ کیشەکە هەڵینەوە.

**دادگاکان**

گەرچی داوەرییەکانی ئەم دواییانە، گۆڕانکارییەك کە ئامارەکاندا دەرناخەن، بەڵام نیشاندەری ئەوەن کە سەرنجی روو لە زیادبوون دراوەتە "کوشتنە نامووسییەکان" و بیدادە قانوونییەکانی پەیوەندیدار بە وان. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا سەرۆکی دادپەروەریی پاکستان سەرنجی دایە کیشە ی کووژرانی *شازیە خاسخەڵی* و *حەسەن سلەنگی* ئەو میردەی کە خۆی هەڵی بژارد بوو و هەردوکیان بە فەرمانی "*جەرگە*"*ی* هۆزیك کووژرابوون. سەرۆکی داد پەروەری داوای راپۆرتی لیکۆڵینەوەی لە دادوەری ژیردەست کرد کە لە پەیوەندی کیشەکەدا بوو، و هەروەها راپۆرتیکی پۆلیس. لە ماوەی بەڕیوەچوونی دادگا، سێ ئەندامی کورسییەکانی دادگای بەرز سەرنجیان دایە ئەوەی کە کووژرانی ژنانی گەنج و هاوسەرەکانیان بە ناوی "شەرەف"ەوە تاوانیکی سەرنج راکیشە و ئەو کارە دەبێ لە پاکستان بوەستینریت([چاپەمەنی] Daily Times و Khabarian، ٢٣ ی جانیوەری ٢٠٠٤). کەم و زۆر هاوکات لە گەڵ ئەو، دادگای باڵای لاهوور لە کاری پیداچوونەوەی بڕیاری بەتاوانبارناسینی پیاویك لە کیشەی "کوشتنی نامووسی"دا، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە"تۆمەتباری" کوشتنی نامووسی" ناتوانریت بڕیاری کوشتنی بۆ دەربچیت و کەسە کە شایانی ئەوەیە بڕیارەکەی بۆ بشکیت. ناوبراو ناتوانریت ئازادیش بکریت، بەڵام بڕیاری کوشتن بۆ ئەو کەسە، دادپەروەرانە نییە([چاپەمەنی] *نەوای وەقت* و *پاکستان*، ١٣ ی فیبریوەری ٢٠٠٤).

**ئەنجام**

یاسای *قەساس* و *دیە* هەر لە سەرەتاوە جیگەی مشت ومڕ بووە. وەك ئەو کەیسانەی کە لیرەدا باسیان لیوە کرا دەری دەخەن، تاقمەکانی مافی مرۆڤ بە راست دژ بە "کەسی کردن"ی

"تاوانە ناموسییەکان" وەستاون و دادوەران و ئەو کەسانەی وا لە کاروباری یاساییدان بە شێوەیەکی راست و دروست رەخنەیان لە نائاسایی بوونی سروشتییانەی کارەکە گرتوە.

لەوەتی ساڵی ١٩٩٠ەوە، باس و وتوویژ لە سەر ئەوە چەقی بەستوە کە ئایا ئێستا کوشتن و ئازاری جەستەیی تەنیا ئەو تاوانەن وا دژ بە تاکەکەس دەکرێن، و گەلۆ دەوڵەت لە بارودۆخی وادا هیچ بەرپرسیایەتییەکی لە بەرانبەر قوربانییان و کۆمەڵگاکەدا نییە؟ پرسەکە، راستە وخۆ پەیوەندی بە مافی بنەڕەتی ژیانەوە پەیدا دەکات کە لە ماددەی ٩ی یاسای بنەڕەتی [پاکستان]دا هاتوە(١٩٧٣)، کە لە ئەنجامی ئەودا،"کەسی کردن"ی کوشتن رەت کراوەتەوە. جیا لە هەندێك دادوەری کردنی پێشکەوتنخوازانە، لەم دواییانەدا دەزگای دادوەریی و نوێنەرانی دەزگا کە نەیانتوانیوە ئەم مافانە بپارێزن و نوێنەرەکان لە "تاوان"ی ناموسیدا هیچ هەنگاوێکی روونیان بۆ باس کردنی کردەوەکە یاخود لایەنی پەیوەندیدار بە یاسا هەڵنەهێناوەتەوە. لە کاتێکداکە تاوانکارەکان لە دادگادا مەودایەکی دادوەرانەی بەرچاویان پێ دراوە، زۆرێکی دیکەیان تەنانەت رووبەڕووی هەڕەشەی یاسا نەبوونەتەوە.

لە رێگەی ئەم شێوە راڤەکردنەی یاساوە، لە جیاتی دەست خستنە ناوکارەکە بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی دژ بە مافی ژیان، دادوەران چەق لە سەر کردەوەی قوربانییەکە دەبەستن و لە ژێر کارتێکەری هەڵس و کەوتی نەریتی و وەك رەنگدەرەوەی ئەو نەریتانە، کۆنترۆڵی ژنان و توندوتیژیی دژ بەوان پەسند دەکەن یا چاوی لێ دەپۆشن. تەنانەت لە زوربەی داوەرییە پێشکەوتووەکانیشدا تا ئەمڕۆ، دادگاکان لە کاتی راگەیشتن بە کەیسی"کوشتنە ناموسییەکان"دا، درێژەیان داوە بە چەق بەستن لە سەر کێشەی"ورووژان". گەرچی لە باس و وت و وێژ سەبارەت بە *"مسوم الدم"* و *"قەییم"* دا، ئایین خاڵێك بووە کە هەمیشە گەڕاونەتەوە سەری، یاساکانی موسڵمانان لە مەڕ *شایەد*، بە گوێرەی خواست و ئارەزوو پشت گوێ خراوە و لە بەکارهێنانی ئایین دا لایەنگری کردنێکی گونجاوی پیاوسالارانە خۆی دەرخستوە.

بە بێ گوێدانە مەرجەکانی یاسا، لە دادگاکان و گریمانی گشتی خەڵك هەردووکیاندا وابووە کە دوای مەسڵەت کران ئیترئەرکی دادگا کۆتایی پێ دێت. ئە و رەوتە ناڕەوایە ی دادوەریی دوای مەسڵەت کردن لە کەیسی"کوشتنە ناموسییەکان"، بە هۆی خیاری سزا لە لایەن دادوەرانی بالا لە دادگای پێداچوونەوەدا تێك شکاوە. بەڵام دادوەریی بالا بە تەواوەتی هەموو بەرپرسیایەتییەکی پێ نەبەخشراوە. جیاواز لە کێشەی بەرپرسیایەتی، دادگا و دادگاکانی بالا هەموو، نەیانتوانیوە راڤەیکی روونی پەیڕەوە نوێیەکان بە دەستەوە بدەن، و هەر خۆیانیش داوەریی وایان کردوە کە نەیانتوانیوە دادوەری بۆ قوربانییانی ژن لە "کوشتنە ناموسییەکان"دا

دابین بکەن. ئەوەش ناتەبایە لە گەڵ سروشتی بە گشتی هەستیاری لایەنی ژێندەر لە دادوەرییەکانی دادگای باڵا، بۆ نموونە لە کەیسەکانی یاسای بنەماڵەدا.

پێکهاتەی پەیڕەوەکانی *زینا* لە گەڵ یاسای قەساس و دیە، بیرۆکەی سەبارەت بە کۆنترۆڵی ژن لە لایەن پیاوی بەهێزتر کردوە و دۆخی ژنانی لە ناوبنەماڵەدا کردۆتە دۆخێکی بندەست. ئەوەش لە بنچینەی بنەماڵەی گەورەی کۆمەڵگای پاکستاندا واتای ئەوەی هەیە کە ژنان وەك پێشوو بندەستی ئەندامانی هەمەچەشنەی نێرینەی مال بن، کەوەك"پارێزگار"ی ئەوان و کەسانێك کە کۆنترۆڵیان دەکەن خۆ دەنوێنن. راست لە سەر ئەو خاڵە، کاتێ کە دادوەریی باڵا، ویستی رابەرێکی هەندێك ئەرێ یی بۆ بەکارهێنانی پەیڕەوی *زینا* ئامادە بکات، یاسای *قەساس* و *دیە*هێنراویەوە کایە، و باسی سەربەخۆیی جەستەیی ژنان و مافەکانیان گەڕایەوە سەر خانەی یەکەم.

بە بێ نۆژەن کردنەوەی سەرجەمی پەیڕەوەکانی ئێستا و دارشتنی چوارچێوە بۆ رێنومایی کردنی بەڕێ و جێ سەبارەت بە بەکارهێنانی یاسا، دادپەروەری لە مەڕ قوربانییانی"کوشتنە ناموسییەکان" وەك جاران دەبێتە بابەتی راڤەکردنی تاکەکەسیی دادوەران و بە مەرجی کارتێکەریی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی. دەبێ لە دوا رۆژدا ببینرێت ئایا گوشاری روو لە زیادبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و هەندێك لە دادوەران دەتوانێ پاڵ بە دەسەڵاتدارییەکی بێ مەیلەوە بنێن بۆ ئەوەی هەنگاوی تۆکمە و ئەرێ یی بەرەو چارەسەری بارودۆخەکە هەڵێنێتەوە.

## یادداشتی دوای نووسەران

زوو پێش ئەوەی دەستنووسی ئەم بەشە، لە رۆژی ٢٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ دا پێشکەش بکرێت، ئەنجومەنی نیشتمانی پاکستان گەلاڵەیەکی پەسند کرد کە بە ناو چارەسەری کێشەی"تاوانە ناموسییەکان" بکات. لائیحەکە لە مانگی جانیوەری ٢٠٠٥ دا پەسند کراو بوو بە یاسا. بەڵام، بابەتی ناو یاساکە رەخنەی توندی لێ گیراوە لە بەر ئەوەی بە باشی وەڵامی خواست و پێداویستیی گروپە مافی مرۆڤەکانی نەداوەتەوە. بە تایبەت"دەستەی هاوبەشی مافەکانی گەل" لە رۆژی ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ دا راگەیاندنێکی چاپەمەنی دەرکرد و ئاماژەی بە چاوەڕوانی زۆری خۆی لە لائیحەکە کرد. وەك لە راگەیاندکەدا روون کراوەتەوە، یاسا وەڵامدەرەوەی کێشەی سەرەکی"مافە یاساییەکان"ی ئەندامانی بنەماڵە نییە، کە لە زۆربەی کەیسەکاندا تاوانکاری"تاوانە ناموسییەکان"ن. هەروەها بە بێ سەرنجدانە سەر پەیوەندیی تاوانکاران لە گەڵ قوربانییەکانیان رادەی هەرەنزمی سزا بۆ"کوشتنە ناموسییەکان" لە بەر چاو

ناگرێت. جێگەی نیگەرانیە کە نەك هەر پێکەوە لکانی تاوانەکان[لەم یاسا نوییەدا] وەك خۆی ماوەتەوە، لە کەیسی پێکەوە هێنانەکاندا، هەموو دەرەتانێکی سزاش بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەوە کەم بۆتەوە، کە بە شێوەی خوارەوە راگەیێنراوە: "تاوانێك کە بە ناوی" شەڕەف"ەوە کرابێت، دەکرێت بە هۆی هەندی مەرجەوە کە دادگا دایدەنێت و لایەنەکان پەسندی دەکەن، لە سەر کەسەکە لابچێت، یا[بە یاسای دیکەوە] بلکێنرێت، بەلام دەبێ راستەقینە و هەل و مەرجەکانی کەیسەکەی تێدا بگیرێتە بەرچاو". لێژنەی هاوبەشی کردەوە کان" لە وەڵامی لائیحەکەدا، داوای کرد کە دەوڵەت بە گوێرەی یاسا، بەرپرسیایەتی تەواوی تۆمارکردن، لێکۆڵینەوە، و شوێن گرتنی هەموو کەیسێکی"تاوانە نامووسییەکان" بگرێتە ئەستۆ، واتە لە"تاوانە نامووسییەکان" دا نابێ مۆڵەت بە پێکەوە لکانی تاوانە کان بدرێت، و دەبێ کەمترین سزای مۆڵەتدراو بۆ ئەو تاوانانە لە یاسادا بگونجێنرێت، و هەروەها "مۆڵەتی هیچ خاترگرتنێکی یاسایی" بە ئەندامانی بنەماڵەکە نەدرێت، کە واهەیە بەشی (**b**) ٣٠٦ و (**c**) ٣٠٦ ی یاسای سزا، پێیان بدات، هەروەها دەبێ رادەی کەمترین سزای مۆڵەت پێدراو لە یاسادا بگونجێنرێت(سەیری [چاپەمەنی] Daily Times ی رۆژی ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ یش بکە). یاساکان بە هیچ شێوەیەك نیشاندەری وەڵامی پڕ بە پێستی دەوڵەت بۆ"تاوانە نامووسییەکان" نین و ئەو رەخنانەی وا لەم بەشەدا گیراون، گۆڕانیان بە سەردا نایەت.

## پەراوێزەکان

دەمەوێت سپاسی کاسێندرا باڵچیم، سارا حوسەین، لین وێلچمەن، و بە تایبەت سانچیاهوسالی بکەم بۆ ئەو یارمەتییەی کە لە پێناو ئامادەکرانی ئەم بەشەدا ئاراستەیان کرد. ئەم بەشە، پێش ئەوە ی ئەنجومەنی نیشتمانی لائیحەی سەبارەت بە"تاوانەکانی نامووسی" لە رۆژی ٢٦ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤دا پەسند بکات، خراوەتە بەردەم ئەنجومەن. لەم پێوەندییەدا، تکایە سەیری"یادداشتی دوای نووسەران" بکە.

١. *فێدراسیۆنی پاکستان لە ریگەی وەزیری دادەوە*، دژ بە *گوڵ حەسەن* **[PLD]**ی ١٩٨٩ لە دادگای باڵا، [بەشی] ٦٣٣، کە لێرە بە دواوە بە *گوڵ حەسەن* ناو دەبرێت.

٢. *قەساس* و *دیە* ئەو دەستوورانەی یاسای تاوانی ئیسلامن کە پەیوەندیان بە کوشتنی عەمد و بریندارکردنەوە هەیە، *قەساس* بە واتای "سزای بەرانبەر" ە و *دیە*ش قەرەبووکردنەوەیە بە پارە.

٣. کە بە گوێرەی ئەو، ڕێبەری هۆزی خۆجێ یی و هاورێیانی، لە کۆبوونەوەیەکدا بە ناوی جیاجیای وەك *"پەنچەیات"* یا *"جەرگە"*وە (بە واتای کۆبوونەوە بۆ داوەری کردنی نەریتی بە پێکهاتەیەکی دامەزراوەوە، کە ئێستا دەسەڵاتی فەرمی یاسایی بۆ بڕیاردان لە سەر ئەو کێشانە هەیە)، بڕیار لە سەر کێشەکە دەدەن!

٤. نێرینەیەك کە هاوڕێ لە گەڵ ژنێکدا تۆمەتبار کراوە، لە ئەنجامی بڕیاری بەرپرسانی"دادوەریی" خۆجێ یێدا دەبێ پارە یا شتێکی هاوچەشنی بدات یاخود ژنێکی ناوخێزانەکەی خۆی لە ئەندامێکی بنەماڵەی ژنەکە مارە بکات،(شیرکەت گاە ، ١٩٨٦، شاە،٢٠٠٢، ٢٥).

٥. لە کاتی پێشکەش کردنی لائیحەی یاسای (گۆڕانکاریی کراوی) تاوان بە پەرلەمان، لە مانگی جولای ٢٠٠٤ دا- کە بۆ کێشەی "کوشتنە ناموسییەکان" ئامادەکرا بوو، سیاسەتمەداری ناحەز[ی میری] "ئیهتیزاز ئەحسان" گوتی: "ئێمە پەکی ژنانی خۆمانمان خستوە و لە ترسدا خنکاندوومانن. دەبێ لەو ترسە رزگاریان بکەین" ([چاپەمەنی] Dawn، ٢١ی جولای ٢٠٠٤).

٦. بە گوێرەی راپۆرتێك، لە ماوەی سێ ساڵی رابوردوودا ٩١٠ کەیسی سەرهەڵداو لەو کوشتنانە تۆمار کراون، بەڵام تەنیا ٢٩٣(سەدا ٣٢) کەیسیان گەیشتۆتە ئەنجام، کە تەنیا ٢٥(سەدا ٩)یان بڕیاری مەحکووم بوونیان بۆ دەرچوە و ٢٦٠ (سەدا ٩١)یان ئازاد کراون(حەیدەر، ٢٠٠٣).

٧. بەلووچستانی ئەمڕۆ، ئەو دەم بە سەر دوو بەشدا دابەش کرابوو:"بەلووچستانی بریتانیا" و "یەکیەتی ئەیالەتەکانی بەلووچستان" کە بڕیاری خۆی دەکرد.

٨. لە سەردەمی کۆلۆنیاڵی بریتانی دا، داوەران/ یا دادگەرانی ناوچەیی بڵاونامەی وایان دەردەکرد کە تێیاندا زانیاری سەبارەت بە ناوچەکە، جوغرافیا، مێژوو، کەش و هەوا، دانیشتوان، کردەوەی نەریتی هۆز، و بنەماڵەکانی ناوچە و هتد ئاراستە دەکرا. ئەو هەواڵنامانە بۆ بەڕێوبەرایەتی ئیداری وەك کتێبی ڕێنوما وابوون.

٩. ئەو کردەوانەی وا پێش داگیرکردنی بەریتانییەکان بەڕێوە دەبران و لە ماوەی بڕیاری کۆلۆنیالیشدا درێژە بە کەڵك لێ وەرگرتنیان دەدرا.

١٠. تەنیا لە یاسای ناوچەی"زۆب" دا ئاماژە بە بێوەژنێك کراوە.

١١. بە گوێرەی بەشی ٥ لە یاسای ساڵی ١٨٧٢ ی پونجاب، بڕیار لەسەر کێشەی هاوسەرایەتی، جیابوونەوە، میرات و زۆڵ خستنەوە دەتوانێ هەموو نەریتێك بگرێتەوە، بەڵام یاسای ئیسلامەتی و هیندوو تەنیا ئەو کاتە دەیانگرێتەوە کە لایەنەکان موسوڵمان یا هیندوو بن. پارێزگا یا هەرێمەکانی تریش شێوازی هاوچەشنی یاساییان هەبوو، کە بە کارهێنانی"یاسای نەریتی" و یاسای کەسی بە گوێرەی ئەوان بەڕێوە دەبران، بۆ نموونە، یاساکانی بەنگال، قانوونی ساڵی ١٨٧٦.

١٢. بە گوێرەی بەشی ٥٥٢ لە یاسای تاوانی پاکستان، دادوەرێکی ناوچەیی دەیتوانی بڕیار بدات ژن یا منداڵی کچ کە بە بێ بڕیاری یاسا هەڵگیرابێت یا دەست بەسەر کرابێت بدرێتەوە دەست مێرد، دایك و باوك، پارێزگار، یا هەر کەسێکی دیکە کە دەسەڵاتی یاسایی بە سەریاندا هەبێت.

١٣. بەشی (١) ٣٠٤ لە یاسای سزای پاکستان دەڵێت بۆ بەکارهێنانی ئەم دۆخە جیاوازدانراوە، وروژان دەبێ گرژ وکوت وپڕبووبێت، کە کۆنترۆڵ لە دەستی تۆمەتبار دەر هێنابێت. بۆ ئەو دۆخەی کە تۆمەتبار وروژانی راگەیاندوە، یا وروژانەکە بە دەست خۆی بوە و لە شتێك کەوتۆتەوە کە لە گەڵ یاسادا یەك دەگرێتەوە، یا فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی وەك کردەوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا کردوویەتی، یا کەسێکی تر وەك کردەوەیەکی یاسایی و مافی خۆی بۆ داکۆکیکردنی خۆماڵی بەڕێوەی برد وە، لە هیچکام لەو دۆخانە، داکۆکییەکە وەرناگیرێت.

١٤. *مانگاڵ گاندا* دژ بە *ئیمپراتۆر* **A.I.R**١٩٢٥ ناگپوور؛ ٣٧، *دینی* دژ بە *ئیمپراتۆر* **A.I.R** ١٩٢٦ لاهوور ٤٨٥، م. د. *زەمان* دژ بە *ئیمپراتۆر***A.I.R** ؛ ١٩٣٣ لاهوور ١٦٥.

١٥. *ئیمپراتور* دژ بە *دیناندوو*.**A.I.R** ،١٩٣٠ ، کەلکەتە ١٩٩.

١٦. *پو.تاراجوو* دژ بە *ئیمپراتۆر*.**A.I.R** ١٩٣٢، مەدرەس ٢٥(**I**). هەروەها لاپەڕە ٢٥.

١٧. هەروەها بڕوانە: *ئیمپراتۆر* دژ بە *جەیت ئوراون* .**A.I.R** ١٩٤، پاتنا ٥١٤.

١٨. پاشان بڕوانە وتووێژەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی؛ کە لەم سەرچاوانەدا راگەیێنراون: *حەکیم خان* دژ بە *حکوومەتی پاکستان* **PLD** ١٩٩٢ بەشی ٥٩٥؛ هەروەها *مەلووکە* ١٩٩٥.

١٩. یاسای سزا لە ساڵی ١٩٧٩ لەو کاتەدا گۆڕانکاریی تێدا درا، کە "فەرمانی حدوود" هێنرایە کایەوە، بەڵام یاسای شایەدی و بەڵگە لە ساڵی ١٩٨٤دا تووشی گۆڕانکاریی هات.

٢٠. هەشتەمین گۆڕانکاری بوە هۆی گۆڕانی حەڤدە بەندی یاسای بنەڕەتی و لە سەر شەست و پێنج بەندیش شوێنی دانا. بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە: "خان، ١٩٩٥".

٢١. *محەممەد شەریف* دژ بە *حکوومەت* **PLD** ١٩٨٧ لاهوور ٣١٢، پەرەگرافی ٧، لاپەڕە ٣١٥

٢٢. *محەممەد ساڵح* دژ بە *حکوومەت* **PLD** ١٩٦٥، بەشی ٤٤٦.

٢٣. بەشی ٢٩٩ تا ٣٣٨ ی یاسای سزای پاکستان، و بەشی ٤٥،٣٣٧،٣٤٥ و ٣٨١ ی یاسای تاوانی پاکستان، ١٨٩٨.

٢٤. بڕوانە یادداشتی ژمارە ١ [داوای] پێداچوونەوە لە دادگای فیدڕاڵی شەریعەت بەستراو بە کورسی پێداچوونەوەی شەریعەتی لە دادگای بەرز، دادگای پاکستان. دادگای فێدراڵی شەریعەت بە گوێرەی فەرمانی "حدوود"(١٩٧٩) بە کەیسەکان رادگات و یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە کە دژایەتی هەرچەشنە یاسایەك لە گەڵ پەیڕەوەکانی ئیسلام دەست نیشان بکات. هەموو کێشەکانی دیکە لە دادگای ئاسایی مەدەنی یا جیناییدا پێیان رادەگەن. ئەو کەیسانەی وا بە *گوێرەی قەساس* و *دیە* لە دادگای پێیان رادەگەن و کاری پێداچوونەوەیان بە گشتی دەدرێتە دادگای باڵای پارێزگاکان و داوای ئەویش لە دادگای بەرزی فێدراڵ.

٢٥. *تەعزیر*، سزایەکە جیاواز لە ***قەساس، دیە، ئەرش، یا دەمان*** (ئەمەی دواییان بیچمی جیاوازی قەرەبووی دارایيە). بە گوێرەی پەیڕەوەکانی سزا بەڵام لە بارودۆخی دیکەدا دەکەوێتە بەر خیاری دادگا. ئەوانەش لە خوارەوە باسیان لێوە دەکرێت.

٢٦. *فیدراسیۆنی پاکستان* دژ بە *دەسەڵاتی پارێزگای فیدراڵی باکووری رۆژئاوا* **PLD** ١٩٩٠ بەشی ١١٧٢.

٢٧. هەرچۆنێك بێت، بەشی ٣٠٤ لە یاسای سزای پاکستان و بەندی ١٧ لە یاسای ناسراوبە قانوونی شەریعەت ژمارەی شایەدەکان دیاری ناکەن و تەنیا ئاماژە بە پەیرەوەکانی قورئان و سوننەت دەکەن،کە ئەوانیش راڤە و لێکدانەوە هەڵدەگرن.

٢٨. بۆ نموونە، کاتێ کە یەك لە بە جێماوان بە گوێرەی بەشی ٣٠٩ دەست لە مافی خۆی هەڵدەگرێت یاخود بە گوێرەی بەشی ٣١٠ لە یاسای سزای پاکستان لە گەڵ یاسایەکی دیکەدا یەکدگیر دەبێت.

٢٩. یاسای *قەساس* و *دیە* لە هەندێ لایەنی دیکەشەوە ژنانی قورپەسەر کردوە، کە لە چوارچێوەی باسی ئێرەدا نییە. بۆ نموونە، کاتێك کە مێرد یاخود خزمێکی خوێنی ژنێك دەکووژرێت، پاشماوەی ئەندامانی خێزان یا بنەماڵەی کووژراوەکە گوشاری دەخەنە سەر بۆ ئەوەی مەسڵەتی پێ بکەن. بڕوانە کەیسی *محەممەد ئەرشەد* بە ناوی نهێنی *پایوو* دژ بە *دادوەری کۆبوونەوەی دواتری دادگای لاهوور* **PLD** ٢٠٠٣ بەشی ٥٤٦ و هەروەها کەیسی *محەممەد سەلام* دژ بە *دەوڵەت* **PLD** ٢٠٠٣ بەشی ٥١٢.

٣٠. بۆ نموونە کەیسی محەممەد ئەشرەف دژ بە دەوڵەت **PLD**١٩٩١ لاهوور ٣٤٧، کەیسی نەزەرعەلی دژ بە دەوڵەت **PLD** ١٩٩٢ پێشاوەر ١٧٦؛ کەیسی محەممەد ئیسحاق دژ بە دەوڵەت **PLD** ١٩٩٢ پێشاوەر ١٨٧؛کەیسی نیسار ئەحمەد د دووکەسیتر دژ بە دەوڵەت **PLD** ١٩٩٤ یاسای تاوان**LJ** ؛ کەیسی سەدەف عەلی دژ بە دەوڵەت **PLD** ١٩٩١ بەشی ٢٠٢، کەیسی جەواد مەسیح دژ بە دەوڵەت **SCMR**١٩٩٣ ١٩٧٤.

٣١. کەیسی شێخ محەممەد ئەسلام دژ بە شەوکەت عەلی ئەلیاس شەوکە١٩٩٧**SCMR** ١٣٠٧ لە پەرەگرافی ٢٢ تا ٢٤ لاپەڕە ٣٠/١٣٢٩ دا.

٣٢. کەیسی محەممەد سەلیم دژ بە دەوڵەت **PLD** ٢٠٠٣ بەشی ٥١٢ و کەیسی محەممەد ئەرشەد بە ناوی نهێنی دژ بە **دادوەری دانیشتنی دواتری دادگای** لاهوور **PLD** ٢٠٠٣ بەشی ٥٤٧.

٣٣. کەیسی *نەزەر عەلی* دژ *بە دەوڵەت*.

٣٤. بە گوێرەی جیاوازیدانانی پەیرەوەکانی یاسای سزای پاکستان بەشی ٣٠٠، ئەگەر لە گەڵ بەشی (١) ٥٣٠٤ هەمان یاسادا سەیری بکەی، کەسی تۆمەتبار دەتوانێ پشت بەو دۆخە خاوکەرەوانە ببەستێت بۆ ئەوەی دوای ڕاگەیاندنی"هەڵخلانی مەترسیدار و کوت و پڕ"، سزایەکی کەمتر بدرێت.

٣٥. کەیسی *گوڵ حەسەن* لاپەڕە ٦٧٤، بەو شێوەیەی کە داوەر"تەقی عوسمانی" باسی لێوە کرد.

٣٦. هەمان

٣٧. دادگا تەنیا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بەو بەڵگەونیشانانە دەکات کە بۆ دەرچوونی بڕیاری *زینا* پێویستن.

٣٨. دەوڵەت دژ بە *عەبدولوەحید* بە ناوی نهێنی وەحید و یەکیتر، ١٩٩٢، یاسای تاوان **LJ** ١٩٥٦

٣٩. ئەوە بڕیاری دادگای پێداچوونەوە بوو دژ بە دادگای بە تایبەت دامەزراوی دژی تیرۆریستی و بڕیارەکەش کۆتایی بوو. کەیسەکە کەوتە ئەو لیژنەیەی کە ئێستا نەماوە لە بەر ئەوەی چەکێکی ئۆتۆماتیك بەکار هێنرابوو.

٤٠. بەندی ١٢١ ی *"قانوونی شەهادەت"* [یاسای شایەدیدان]، ١٩٨٤ دەڵێت: "کاتێك تاوانێك دەدرێتە پاڵ کەسێك، بەرپرسیایەتی سەلماندنی بوونی ئەو بارودۆخە، کەیسەکە دەخاتە چوارچێوەی یەك لە جیاوازییە گشتییەکانی یاسای سزای پاکستانەوە یا خود چوارچێوەی هەر جیاوازییەکی تایبەت یا پەیڕەوێك کە لە هەر بەشێکی دیکەی هەمان یاسا یا تەنانەت هەر یاسایەکدا کە تاوانەکە دیاری دەکات لە ئەستۆی ئەو کەسەیە و دادگا دەبێ ئەو گریمانەی هەبێت کە داکۆکیکار لە بارودۆخەکەدا نەبوە.

٤١. کەیسی *موحیب عەلی* دژبە *دەوڵەت*، ١٩٨٥ **SCMR** ٢٠٥٥ لاپەڕە ٢٠٥٩.

٤٢. *دەوڵەت* دژبە *محەممەد حەنیف*، ١٩٩٢، **SCMR** ٢٠٤٧ .

٤٣. *غولام یاسین* دژبە ***دەوڵەت*** **PLD** ١٩٩٤ لاهوور ٣٩٢.

٤٤. هەمان، پەرەگرافی ١٣ لاپەرە ٣٩٦

٤٥. لە داوەرییەکەدا چەندین *حەدیسی* [ی پێغەمبەر] بە زمانی ئوردوو هێنرابووەوە، هەمان پەرەگرافی ١٤، لل ٣٩٦-٧، کە حەدیسێکیان لە *"سەحیحی بوخاری"* یەوەیەو پەیوەندی بە چیرۆکی سەعدی کوڕی ئەبعەدەوە هەیە و بە ڕواڵەت پەسندکردنی "تاوانە ناموسییەکان" لە لایەن پێغەمبەرەوە.

٤٦. هەمان، پەرەگرافی ١٧، ل ٣٩٨

٤٧. هەمان، پەرەگرافی ١٨، ل ٣٩٨

٤٨. قورئان ٣٤، ٤

٤٩. راڤەی ئەم فرمانە لە ناو داوەرانی کلاسیکدا جیاوازە و لە لایەن نوێخوازانی مافی ژنان لە ئیسلامدا و بۆ نموونەکانی، بڕوانە: *ستووەسسەر* ١٩٨٨

٥٠. کەیسی *عەبدولحەق* دژبە *دەوڵەت* ١٩٩٥ **SCMR** ١٥٦٦

٥١. کەیسی *عەبدولحەق* دژبە *دەوڵەت* **PLD**، ١٩٩٦ بەشی ١

٥٢. هەمان، پەرەگرافی ٥٦ لاپەڕە ٣٣ و پەرەگرافی ٨ لاپەڕە ٣٩

٥٣. **PLD** ١٩٩٦ ، بەشی ٢٧٤

٥٤. هەمان، لل ٣٧٩ تا ٨٠ پەرەگرافی ٤

٥٥. هەمان، پەرەگرافی ٢٥، لاپەڕە ٢٨٩

٥٦. هەمان، پەرەگرافی ٢٩، لاپەڕە ٢٩٠

٥٧. *محەمەد فەیسەڵ* دژبە *دەوڵەت* ١٩٩٧ **MLD** ٢٥٢٧ لە پەرەگرافی لاپەرە ٢٥٢٨ دا.
٥٨. کەیسی *محەممەد ئیبراهیم* دژبە *دەوڵەت*، ١٩٩٧ **MLD** ٢٥٢٧ لە پەرەگرافی ٥ لاپەڕە ٢٥٢٨ دا.
٥٩. هەمان، پەرەگرافی ٨ لە لاپەڕە ٢٦٨ دا
٦٠. هەمان، لاپەڕە ٢٧٦
٦١. **SCMR**ی ١٩٩٩، ٢٢٠٣
٦٢. کەیسی *خلیل الزمان* دژبە *دادگای باڵای پێداچوونەوە*، **PLD** ی لاهوور: ١٩٩٤ بەشی ٨٨٥:پەرەگرافی ١٠، ٨٩٣
٦٣. کەیسی *فقیرالله* دژ بە *خلیل الزمان* ١٩٩٩ **SCMR**: ٢٢٠٣ پەرەگرافی ١٩ لاپەڕە ٢٢١٤
٦٤. یەکەم بڕیار لە رۆژی ٣ ی ئۆگوستی ١٩٩٤ و دووهەمیان لە مانگی ١٩٩٩ دابوو.
٦٥. کەیسی *سەردار محەممەد* دژبە *دەوڵەت* ١٩٩٧ : **MLD**٣٠٤٥: پەرەگرافی ١٣، ل ٣٠٤٩
٦٦. کەیسی *محەممەد ئەییووب* دژبە *دەوڵەت* ١٩٩٧ یاسای تاوانی **LJ** ٢٠٥٦
٦٧. هەمان، پەرەگرافی ١٠، لاپەڕە ٢٠٦٠
٦٨. کەیسی *ئەمانوڵلا* دژبە *دەوڵەت* ١٩٩٧ **MLD** ١٤٠٢: پەرەگرافی ١٢، لاپەڕە ١٤٠٦
٦٩. کەیسی *ئیمام بەخش* دژبە *دەوڵەت* ١٩٩٩ **YLR** ١٩: پەرەگرافی( **a** ) ١٩ لاپەڕە ٢٥
٧٠. هەمان، پەرەگرافی (**J**)١٩، لاپەرە ٢٦
٧١. **JL** یاسای تاوانی ٩٩٩، ٤٥٩: پەرەگرافی ٩، لاپەڕە ٥٥٣. هەروەها بڕوانە کەیسی *موختارئەحمەد* دژبە حکوومەت، ٢٠٠٠ **YLR** ٨٦٠[لاهوور]
٧٢. **SCMR** ٢٠٠٠، ٤٠٦ پەرەگرافی ١٩، لاپەڕە ٤١٣، *سیاکاری* وشەیەکی بەلووچییە بۆ هەموو پەیوەندێکی جنسی بێ مارەبڕی.
٧٣. **PLD** ٢٠٠١، ٤٠٦ پەرەگرافی ٣، لاپەڕە ١٠٠، هەروەها بڕوانە کەیسی *محەممەدخان* دژبە *حکوومەت* **PLJ** ٢٠٠١، پەیڕەوی تاوان (کویتە) ٩٧٨.
٧٤. تکایە سەرنج: نووسەر نایەوێت هەوڵی برەوپێدان یا پشتگیریی کردنی بڕیاری کوشتن بدات، لە راستیدا وەك لە قسەکانی دواتر(بەشی سێهەم: وەڵامدانەوەکان) دەردەکەوێت داوای چاککاریی کردنی یاسا لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنییەوە، کێشەی کوشتن ناگرێتە بەر.

٧٥. PLR ٢٠٠٢ لاهوور ٤٤٤. دادگا هەروەها ئاماژەی داوە بە کەیسی *فقیرالله* دژبە *خلیل الزمان* و ئەوانیتر، SCMR١٩٩٩ ٢٢٠٣ لاپەڕە ٢٢١٤

٧٦. دوابەداوی پەیڕەوی بەشی (b) ٣٠٦ لە یاسای سزای پاکستان بڕیاری *قەساس* و *دیە* بە گوێرەی هیچ پەیڕەوێکی تر کێشەی کووژرانی کچ و نەوەی تۆمەتباری ناگرێتەوە، بەڵام ئەو کەسە، بۆ کوشتنی زڕکوڕەکەی، بە گوێرەی پەیڕەوی *تەعزیر*، بڕیاری کوشتنی بۆ دەرچوو.

٧٧. کەیسی *محەممەد سدیق* دژبە *حکوومەت* PLD ٢٠٠٢ لاهوور ٤٤٤، پەرەگرافی ١٥ و ١٦ لاپەڕە ٤٥٤

٧٨. هەمان، پەرەگرافی ٢٤، لاپەڕە ٤٥٧

٧٩. کەیسی *گوڵ حەسەن*، پەرەگرافی ٤، لاپەڕە ٦٨٥

٨٠. کەیسی *نەزەر عەلی* دژبە *حکوومەت*، PLD ١٩٩٢ پێشاوەر ١٧٦

٨١. کەیسی *مورەتەب عەلی* دژبە *حکوومەت* KLAR ١٩٩٤، کەیسەکانی تاوان ٢٥٦.

٨٢. PLD ٢٠٠٣، کراچی ٦٥٥

٨٣. بۆ نموونە، بڕوانە فیلمی دۆکیومەنتی بی بی سی بە ناوی "کوشتن لە پونجاب" (١٩٩٩) و پاشبەندەکەی بە ناوی"مۆڵەتنامە بۆ کوشتن"(٢٠٠٠).

٨٤. هەروەها بۆ نموونە بڕوانە زنجیرەی تە لە فیزیۆنی "تەقواب" (٢٠٠٢) و "غیرەت"(٢٠٠١) لە پاکستان لە سەر تەلەفیزیۆنی پاکستان (PTV)

٨٥. ئێستا نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ کاروباری داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

٨٦. گەڵاڵەی ڕەشنووس لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی ژنان و مافی مرۆڤەوە ئامادەکرا بە هاوکاریی تاکەکەسان و لەوانە ئەندامانی پارێزەرەانی دادگا(بارستەران) و گەلێك دادوەری خانەنشین. گەڵاڵەکە هەندێك گۆڕانکاریی لە یاسای سزای پاکستان و یاسای تاوانی پاکستاندا پێشنیار کرد و بۆ حزبەسیاسییە گەورەکانیش نێرراوە.

٨٧. "حکوومەتی پاکستان بە شێوەیەکی لێڵ و نادیار ئەوەی پێی دەگوترێت "کوشتنی نامووسی" مەحکووم کردوە. ئەم کارە شوێنیان لە ئایین و یاسای ئێمە دانییە. کوشتن بە ناوی شەرەفەوە، کوشتنە و وەك کوشتنیش سەیر دەکرێت."( کۆنگرەی مافی مرۆڤ، ئیسلام ئاباد، ٢٠ ی ئاپریلی ٢٠٠٠). "من دەمەوێت داوا لە هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە دەسەڵاتدان بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە ئێمە کۆمەڵگایەکی سینگ فراوان، خوێندەوار، و پێشکەوتووین و پەسەندی" کوشتنی نامووسی" ناکەین"( بی بی سی، هەواڵی سەر ئینتەرنێت، ١٠ ی فیبریوەری ٢٠٠٤).

٨٨. بۆ نموونە، لە نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا، حکوومەتی ناوچەیی لە "لارکانا"ی سەند(ناوچەیەك کە رووداوی زۆری"کوشتنی نامووسی" تێدا دەبینرێت)، بڕیاری دا بە شێوەیەکی رێك و پێك شوێن کەیسی" *کارو کاری"* بکەون و مۆڵەت نەدەن کەس و کار ئیفادەی خۆیان وەربگرنەوە، ئەفسەری پۆلیسخانە خۆجێ ییەکان وەك سکاڵاکاری ئەو کەیسانە ناوەدبرێن نەك خزمەکانی قوربانی([چاپەمەنی] **Dawn**، ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١).

٨٩. گەلاڵەی ناوبراو لە مانگی مارچی ٢٠٠٤ دا خرایە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی، کاتێ کە گەلاڵەیەکی تاکە کەسی ئەندامان [ی پەرلەمان] لە لایەن سێری رەحمان ئەندامی حزبی گەلی پاکستانەوە ئاڕاستە کرا.

٩٠. خاتوو"حومەیرا ئەلوانی" لە رۆژی ١٢ ی دیسەمبەری ٢٠٠٣ دا پێشنیارێکی خستە بەردەم[ئەنجومەنی نیشتمانی].

ئەم وتارە بەشێك بوو لکە کتێبی "کوشتنی نامووسی" بەزمانی ئینگلیزی کە باس لەو دیاردە چەپەڵە لە چەند وڵاتی جیهان دەکات و من دە دوازدە ساڵ پێش ئێستا بەشی پاکستانیم وەرگێڕایە سەر کوردی. بڕیار بوو وەك کتێب لە کوردستان چاپ بکرێت و هیوادارم چاپیش بووبێت.

# Harvesting a Life

A Collection of articles
in Kurdish and Farsi

by

Anwar Soltani

The subjects of the articles published in this book include history, politics, culture and literature (of Kurdish people) - some articles have already appeared in Kurdish periodicals published in Kurdistan or in European countries whereas others have been shared on Kurdish websites. The remainder appear here for the first time.

Due to my advancing years, I decided to collect a handful of scattered essays into a single book as a final work - its Kurdish name somehow reflects the feeling I have: "Ka Chu, Ma Dani!", The *hay is past and the grain emerged from the threshing floor*.

This expression is taken from a folk saying in the Kurdish language when farmers complete process of separating the grains from the chaff, usually in autumn.

The articles include my weekly diaries on Kurdish political and cultural life; a memoir of the years in the notorious Evin prison in Tehran; translated essays by the learned European orientalist like Professor D.N. McKenzie and politicians like Henry Kiesinger, as well as translations of documents from the British Foreign Office Collections in the National Archives in London, and such like. The last pages of the book bear a long list of the author's previous publications.